المصباح المنير

في تهذيب تفسير

ابن الكثير

للامام: اسماعيل بن عمر ابن الكثير

بەکوردی

تحقيق

جماعة من العلماء

باشراف الشيخ صفي الرحمن مباركفوري

وەرگێڕانی

علي حاجي عبدالله مريمي

بەرگی چوارەم

٢٠١١

بسم الله الرحمن الرحيم

ناسنامه تفسیر

....

- **ناوی تفسیر: تفسیر ابن الكثیر بەكوردی**
- **وەرگێڕانی: علی حاجی عبدالله پریسی**
- **نۆرەی چاپ: یەكەم ٢٠١٢**
- **شوێنی چاپ: تاران**
- **هەڵەچنی و دیزاین: ابراهیم معروف**

بڵاوكار:

ناوەندی رۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

سلێمانی

﴿۞ وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَاۗ لَقَدِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ وَعَتَوۡ
عُتُوّٗا كَبِيرٗا ﴿٢١﴾ يَوۡمَ يَرَوۡنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشۡرَىٰ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُجۡرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجۡرٗا مَّحۡجُورٗا ﴿٢٢﴾ وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ
مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ يَوۡمَئِذٍ خَيۡرٞ مُّسۡتَقَرّٗا وَأَحۡسَنُ مَقِيلٗا ﴿٢٤﴾﴾

باسی لاساری‌و ڕكی خوانەناس

خوای گەورە باسی لاساری‌و نارێكی خوانەناسان دەكات‌و دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ﴾ واتە: ئەوانەی بە هیوای گەیشتن بە دیداری ئێمە نین دەڵێن: بۆچی فریشتەكان نایەنە لای ئێمەش وەك چوونەتە لای پێغەمبەران، وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾[1] واتە: دەڵێن ئێمە هەرگیز باوەڕ ناهێنین هەتا وێنەی ئەوەی بە پێغەمبەرانی خوا دراوە بە ئێمەش نەرێت. لەوانەشە مەبەستیان ئەوەبێت لێرەدا كە ئەڵێن: ﴿لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ﴾ كە فریشتەكان بە چاوی خۆمان ببینین، پێمان بڵێن كە محمد(ﷺ) پێغەمبەری خودایە وەك دەڵێن: ﴿أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا﴾،[2] واتە: یان خواو فریشتەكان بێنی ڕووبەڕوو (بیان بینین). واتە: یان خودا خۆی‌و چەند فریشتەیەك بێنەو ڕووبەڕووی یەكمان بكەرەوە، بۆیە گوتوویانە: ﴿أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَا﴾ واتە: یان خوای خۆمان بابینین؟ خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ وَعَتَوۡ عُتُوّٗا كَبِيرٗا﴾ واتە: بە ڕاستی ئەوانەلەدەروونی خۆیاندا خۆیان بەگەورەدەزانی وە سەركەشیەكی گەورەیان كرد. یانی ئەوەندە لە خۆیان گۆڕاون هەر باس ناكرێت.بۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّنَا نَزَّلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَحَشَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ كُلَّ شَيۡءٖ قُبُلٗا مَّا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ﴾[3]، واتە: وە بێگومان ئەگەر ئێمە فریشتەمان بۆ لای ئەو (بێباوەڕ)انە بناردایەو مردووەكان قسەیان لەگەڵ بكردنایەو هەموو شتێكمان بۆ كۆبكردنایەتەوە ڕووبەڕوو بە پێش چاویانەوە (یان كۆمەڵ كۆمەڵ) بڕوایان نەدەهێنا، مەگەر خوا بیەوێ، بەڵام زۆربەیان نازانن‌و بێئاگان. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يَرَوۡنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشۡرَىٰ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُجۡرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجۡرٗا مَّحۡجُورٗا﴾ ئەوانە لە ڕۆژێكدا چاویان بە فریشتەكان ناكەوێت كە باش‌و

[1] الانعام (١٢٤).

[2] الاسراء (٩٢).

[3] الانعام (١١١).

خێر بێت بۆیان، بەڵكو لەو ڕۆژەداكە فریشتەكان دەبینن هیچ مژدەیەكیان پێ نادرێت، ئەم كارەساتە كاتێك ڕوودەدات كە ئەو كەسانە وان لە گیاندانداو خەریكە گیانیان دەردەچێت لەو كاتەدا فریشتەكان پێیان دەڵێن:بڕۆن ون بنو مژدە بێت ئێوە دەچنە ناو ئاگر لەگەڵ تورەیی خودادا ئەو خودایەی كە بەسەر هەموو شتێكدا زاڵە. فریشتەكان لە كاتی دەرچوونی گیانی خوانەناساندا ئەڵێن: ئەی گیانی پیسی بۆگەن! بڕۆ دەرەوە لەو لاشە پیسە، دەرچۆو بڕۆ بۆ ناو ئاگرە تاودراوەكە كە پڕە لە ئاوی كوڵو سێبەری چڕە دوكەڵ بەسەرتانەوە، نكوڵی دەكەنو نایانەوێ بێنەدەر و بەناو لاشەدا بڵاوە دەكەن، فریشتەكانیش لێیان دەدەنو دەكێشن بە پشتو دەمو چاویاندا وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۙ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾،[1] واتە: وە ئەگەر دەتبینی كاتێ فریشتەكان گیانی بێباوەڕان دەكێشن لە دەمو چاوو پاشیان دەدەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ﴾ ئەگەر ئەبینی كاتێك ستەمكاران لەسەرەمەرگدان و فریشتەكان دەستیان بۆ درێژ دەكەن، واتە لێیان دەدەن ﴿أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ﴾،[2] واتە: (پێیان بڵێ) خۆتان دەرباز بكەن (لەم ناڕەحەتی گیان كێشانە) ئەمڕۆ پاداشتی ڕیسواكەر دەدرێتەوە بەهۆی ئەوەی كە قسەی ناڕاستتان هەڵدەبەست بە دەم خواوەو خۆتان بە گەورە دەزانی لە بەرامبەر ئایەتەكانی خوادا. هەر لەبەر ئەوەیە خودای مەزن لێرەدا و لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ﴾ ڕۆژێك كەفەریشتەكان دەبینن، هیچ مژدەیەكیان پێنییە بۆ ستەمكاران، ئەم ژیانە بە پێچەوانەی ژیانی خاوەن باوەڕانەوەیە كە لە كاتی گیان دەرچوونیاندا فریشتەكان مژدەی ژیانێكی خۆشو چاكیان دەدەنێ كە بە دەست هێنانی ژیانێكی پڕ بەختەوەریو كامەرانیە، كە هەرگیز نابڕێتەوە، وەك خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ﴾[3]، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی وتیان خوا پەروەردگارمانەو لە

[1] الانفال (٥٠).
[2] الانعام (٩٣).
[3] فصلت (٣٠-٣٢).

پاشان ڕاست (لەسەر ئایین) بەردەوام بوون فریشتەکان پۆل پۆل دێنە لایان (کاتیٚ مردن یان زیندووبوونەوە) (پێیان دەڵێن) مەترسن‌و خەفەت مەخۆن وە مژدەبێت لێتان ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پیٚ درابوو. ئێمە لە ژیانی دنیاو ڕۆژی دواییدا دۆستی ئێوەین وە لەو (بەهەشتەدا) هەرچی حەزی لیٚ بکەی بۆتان ئامادەیە وە هەرچی داوا بکەن لەوێدا لە خزمەتتان دایە ڕێزلێنان‌و میوانداریە لە لایەن خوای لێبوردەی میهرەبانەوە. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە بەڕائی کوڕی عازیبەوە (البراء بن عازب) کە فریشتەکان ئەڵێن بە گیانی خاوەن باوەڕ ئەی گیانی پاك لە لاشەی پاکدا، تۆ ئاوەدانت کردووەتەوە، ئەی گیانەکە بێرە دەرەوە بۆ شوێنی حەسانەوەو بەختەوەری‌و بۆ لای پەروەردگارێك کە توڕە نییە[1]. هەندێکیتر وتویانە: بەڵکو مەبەست بەم ئایەتە: ﴿ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمە قسەی موجاهیدو زەحاك‌و کەسانی تریشە، هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەم قسەیەداو ئەوەیشی لە پێشەوە باسمان کرد، چونکە فریشتەکان لەو دوو ڕۆژەدا واتە لە کاتی مردن‌و ڕۆژی قیامەتیشدا خۆیان پیشانی خاوەن باوەڕان‌و خوانەناسان دەدەن، مژدە ئەدەنە خاوەن باوەڕان بە دلۆڤانی‌و ڕەزامەندی خودا لێیان‌و هەواڵیش دەدەنە خوانەناسان بە ڕەنجەڕۆ بوون‌و هەناسە ساردیان چونکە لەو ڕۆژەدا هیچ مژدەیەك نیە بۆ تاوانباران، ﴿وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ واتە: پێیان ئەڵێن: مژدە لە ئێوە حەرامەو، ئەمڕۆ ڕزگاربوونتان نیە، ئەسڵی (الحجر) واتە: ڕیٚ پێنەدان. وەك ئەوەی کە ئەوتریٚ: دادوەر حیجری خستووەتەسەر فلانەکەس، کاتێك کە نەیەڵێت بەسامانەکەی مامەڵەبکات، ئیتر ئەو کەسە موفلیس بووبێت –واتە تێکشکاوە لە کاسپیا– یان سەفیهە واتە: ماڵ و سامان لە دەستیدا ناوەستیٚ و بە فیڕۆی دەدات، یان منداڵە یان هەر شتێکی تر وەك ئەمانە، بەهەمان شێوە شوێنێك لای کەعبەدا ناوبراوە بە (الحجر)، لەبەر ئەوەی نابێت ئەو کەسانەی تەوافی تێدا دەکەن، لەوێوە دەست بکەن بە تەواف کردن، بەڵکو دەبێت لە پشتەوە دەست بە تەوافکردن بکەن، وە هەرلەبەر ئەمەیە کە بە عەقڵ دەگوترێت حیجر چونکە خاوەنەکەی دەگێڕێتەوە لەو شتانەی کە خراپن‌و نابێت بکرێت، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەو زەمیرە (الضمير) لەم ئایەتەدا کە دەفەرمووێت: ﴿وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ بۆ فریشتەکان دەگەڕێتەوە، واتە فریشتەکان دەڵێن: مژدە لە ئێوە حەرامە.... ئەمە قسەی موجاهیدو عیکریمەو حەسەن‌و زەحاك‌و قەتادەو عوتبەی عەوفی‌و عەتای خۆراسانی‌و خوصەیف‌و کەسانی تریشە، ئیبنو جەریریش هەر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.[2] ئیبنو جەریر

---

[1] مسلم (٢٢٠٢/٤).

[2] الطبري (٢٥٦/١٩)، الدر المنثور (٢٠٦/٤).

دەیگێڕێتەوە لە ئیبنو جورەیجەوە کە دەڵێ: ئەمەقسەی موشریکەکانە[1]. ﴿ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ﴾ واتە: خۆ دەپارێزن لە فریشتەکان. لەبەر ئەوە کاتێك عەرەبەکان کارەساتێکیان توش ببوایە یان توشی ناڕەحەتیەك بهاتنایەدەیان گوت: ﴿حِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ ئەم وتەیە هەرچەندە قسەی لەسەرە، بەڵام بەنیسبەتی دەکەقەوە ماناکەی دوورەلێیەوەونایگرێتەوە. ڕای جمهوریش بە پێچەوانەی ئەو ڕایەوەیە. خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴾ واتە: هاتین هەر کردەوەیەکیان کردبوو هەموویمان وەکو تۆزی پەرش‌و بڵاو لێ کرد. یانی: هەر کارێکیان کردووە لە دنیادا لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك کە خوای گەورە موحاسەبەی عەبدەکانی دەکات کە چیان کردووە لە چاکەو لە خراپە، دەردەکەوێت کە ئەو موشریکانە هیچ سوودو بەهرەیەك وەرناگرن لەو کردارانەی کە لە دنیا کردوویانەو وایان زانیوە کە دەبێتە هۆی ڕزگاربوونیان لە قیامەتدا، لەبەر ئەوە ئەو کارانەی ئەوانە کردوویانە پاك‌و بۆ خوا نەبێت‌و شەرع بڕیاری لەسەر نەدات ئەو کارە بەتاڵەو وەرناگیرێت، کارو فەرمانیی خوانەناسانیش لەوە زیاتر نیە، هیچ کردارێکیان لێ وەرناگیرێت لەو ڕۆژەدا، بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴾ سوفیانی سەوری دەڵێ: لە ئەبو ئیسحاقەوە لە حاریسەوە ئەویش لە عەلی یەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەمانای ئەم ئایەتەدا ﴿هَبَآءً مَّنثُورًا﴾ دەڵێ: وەك ئەو ڕۆشنایی‌و تیشکی خۆرەی کە لە کلاوڕۆشنەوە دەچێتە خوارەوە، هەر بەم شێوەیە بە جۆرێکی تر لە عەلیەوە ڕیوایەت کراوە، هەروەك ئەمە لە ئیبنو عەباس‌و موجاهیدو عیکریمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو سەدی‌و زەحاك‌و کەسانی تریشەوە ڕیوایەت کراوە.[2] هەر بەو شێوەیە حەسەنی بەسریش دەڵێ: ئەو تیشك‌و ڕووناکیەیە کە لە کلاوڕۆشنەی یەکێکەوە دەچێتە خوارەوە، خۆ ئەگەر چوو بیگرێت بۆی ناگیرێت،[3] ئەبولئەحوەص لە ئەبو ئیسحاقەوە ئەویش لە عەلیەوە دەڵێ: ﴿هَبَآءً مَّنثُورًا﴾ واتە: تۆزی بابردەی چوارپێ -مەڕو ماڵات- هەر بەم شێوەیە لە ئیبنو عەباس‌و زەحاك‌و عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ڕیوایەت کراوە، قەتادە لەم ئایەتەدا ﴿هَبَآءً مَّنثُورًا﴾ دەڵێ: ئایا گەڵای وشکی درەختت بینیوە کە با دەیبات؟ ﴿هَبَآءً مَّنثُورًا﴾ئەو گەڵایە[4]. لە یەعلای کوڕی عوبەیدەوە دەڵێ: ﴿هَبَآءً﴾ ئەو تۆزەیە کە با دەیبات، ئەنجامی ئەم هەموو

---

[1] الطبري (١٩/٢٥٤).

[2] الطبري (١٩/٢٥٧، ٢٥٨).

[3] الطبري (١٩/٢٥٧).

[4] الطبري (١٩/٢٥٨).

قسەیە ئەوە دەگەیەنێت که کرداری خوانەناس وەك شتێکی بێ نرخ‌و بێ بایەخ وایە که خاوەنەکەی هیچ سودێکی لێ وەرناگرێت وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ ﴾[1] واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون بە پەروەردگاریان نموونەی کردەوەکانیان وەك خۆڵەمێشێك وایە بە توندی با لێی هەڵکردبێت. وە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ﴾[2]، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خێرو بەخشینەکانتان پوچەڵ مەکەنەوە بە منەت نان‌و ئازاردان‌و دڵ ئێشان وەك ئەو کەسەی ماڵ‌و سامانی خۆی بەخت دەکات بۆ ڕووپامایی خەڵك وە باوەڕی نیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی، جا وێنەی ئەو ناپاکە وەك بەردێکی لوس وایە که گڵێکی کەمی بەسەرەوە بێت ئینجا بارانێکی لێزمەی لێ بدات وە بەردەکە بهێڵێتەوە بە ڕووتی، ناتوانن هیچ لەوەی که کردوویانە دەست بخەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَعْمَٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا﴾[3]. واتە: وە ئەوانەی که بێباوەڕن کردەوە (چاکە)کانیان وەك سەرابێك وایە (سەراب تیشکێکە کاتی زۆر گەرما لە بیاباندا وەك ئاو دێتە پێش چاو) لە بیابانێکدا (بریسکە بداتەوە) (کەسێکی) زۆر تینوو بە ئاوی دەزانێ (لە دوورەوە) (بە پەلە دەڕوات بۆی) کاتێك دەگاتە لای هیچ بەدی ناکات.

شوێن‌و جێگەی خەڵکی بەهەشت

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا جێ‌و شوێنی پشودانی بەهەشتیەکان چاکترین شوێنە. وە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَا يَسْتَوِىٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۚ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾[4]، واتە: دۆزەخیان‌و بەهەشتیان وەك یەك نین بەهەشتیان ڕزگارو سەرکەوتوون. چونکە خەڵکی بەهەشت بەرەو پلە بەرزەکان‌و کۆشکە ئارامەکان دەڕۆن، وە لە شوێنێکی زۆر خۆش‌و جوان‌و ڕازاوەدان ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا

[1] ابراهیم (١٨).

[2] البقرة (٢٦٤).

[3] نور (٣٩).

[4] الحشر (٢٠).

﴿وَمُقَامًا﴾[1]، واتە: بێ برانەوە تێیدا دەمێننەوە چەن جێگەو شوێنو مانەوەیەکی جوانو خۆشە. خەڵکی ناو ئاگریش بەرەو قوڵایی ناو ئاگر دەڕۆنو هەر هەناسەی سارد هەڵدەکێشنو هەموو جۆرە جەربەزەو ئازارو سزایەك دەچێژن ﴿إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾،[2] واتە: بە هۆی ئەو کردەوەی کە لێیان وەرگیراوە، ئەو شوێنەیان وەرگرتووەو ڕۆیشتوون بۆی، بە پێچەوانەی خەڵکی ناو ئاگر کە هیچ کردارێکی وایان نیە بەرەو بەهەشت بیانبات، وە ڕزگاریان بکات لە ئاگر، خوای گەورە باسی ژیانی بەختەوەران دەکات بۆ ئەوەی چاکتر لە ژیانی بەدبەختان ئاگادار بین کە چەندە ژیانیان خراپە، سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: خوای گەورە کە لە لێپرسینەوە دەبێتەوە لە نیوەڕۆدا خەڵکی بەهەشت دەچین بۆ پشوودان لە ناو بەهەشتداو خەڵکی ناو ئاگریش بۆ ناو ئاگر، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا﴾ عیکریمە دەڵێ: من ئەو کاتە دەزانم کە خەڵکی بەهەشت دەچنە بەهەشتو خەڵکی ئاگر دەچنە ناو ئاگر، ئەو کاتەیە کە لە دنیادا خۆر زۆر بەرز دەبێتەوە خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆماڵەوەیان بۆ پشوودان، جەهەنەمیەکان دەڕۆن بۆ ناو ئاگرو بەهەشتیەکانیش ڕەوانە دەکرێن بۆ بەهەشت لەوێ دەحەسێنەوەو جگەری نەهەنگیان پێ دەدرێتو هەموو تێر دەخۆن. وەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا﴾.

﴿وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴿٢٦﴾ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾﴾

ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەتو ناهەقکار خۆزگە دەخوازێت کە بە ڕێی پێغەمبەردا (ﷺ) بڕۆیشتایە

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا﴾ خوای گەورە باسی کارەساتو ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت دەکات کە چەندەها بەسەرهاتی گەورەو گرنگ ڕوودەدات تێیدا لەوانە: ئاسمانەکان پارچە پارچە دەبنو وەك کۆمەڵە هەورێکی ڕوون بەرچاو دەکەوێتو فریشتەکانیش بەرەو سەر زەمین بە کۆمەڵ دێنو دەوری ئەو خەڵکە دەدەن لە مەحشەردا — لە

---

[1] الفرقان (٧٦).

[2] الفرقان (٦٦).

گۆڕەپانی قیامەتدا – پاشان خوای گەورە دێتو موحاسەبەیان تەواو دەبێت، موجاهید دەڵێت: هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾[1] واتە: ئایا ئەوانە چاوەڕوانن خوایان بۆ بێت لە ناو چەند پارچە هەورێکی سپیدا هەروەها فریشتەکان (یان بۆ بێت) وە کارەکە کۆتایی پێ بێت، وە هەموو کارێك هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە[2]. خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡحَقُّ لِلرَّحۡمَٰنِ﴾ واتە: لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایەتی تەنها بۆ خوای میهرەبانە. وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ﴾[3]، واتە: (خوا دەفەرمووێت): ئەمڕۆ پادشایەتیو دەسەلات بۆ کێیە (وەلام نادرێتەوە)، (خۆی دەفەرمووێت) هەر بۆ خوای تاكو تەنهایە کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (خوای گەورە بە دەستی ڕاستی ئاسمانەکانی دەپێچێتەوەو بە دەستەکەی تری زەمینیش دەگرێ)، پاشان دەفەرمووێت: (من فەرمانڕەوام، من بەسەر هەموو شتێکدا زاڵم، فەرمانڕەواکانی سەر زەمین لە کوێن؟ ئەوانەی خۆیان بە زاڵ دەزانن لە کوێن؟ ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانن لە کوێن؟)[4]، ﴿وَكَانَ يَوۡمًا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ عَسِيرٗا﴾ واتە: بۆ ئەوانەی کە خوا نەناسن ئەو ڕۆژە زۆر گرانو سەختە، چونکە ڕۆژی دادپەروەریو موحاسەبەو هەلاوێرانە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ٩ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ غَيۡرُ يَسِيرٖ﴾[5]، واتە: ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەختو گرانە، لەسەر کافران سوكو ئاسان نیە. ئەمە حاڵو گوزەرانی خەڵکی بێدینە، بەلام خاوەنباوەڕ خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لَا يَحۡزُنُهُمُ ٱلۡفَزَعُ ٱلۡأَكۡبَرُ﴾[6]، واتە: غەمباریان ناکات ترسە هەرە گەورەکە (لە قیامەتدا). پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَيَوۡمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيۡهِ يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي ٱتَّخَذۡتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلٗا﴾خوای گەورە باسی ستەمکاران دەکات کە چەندە پەشیمانو پەنجەی خۆیان دەگەزن کە بۆچی شوێن ڕێگای پێغەمبەر نەکەوتنو ڕێگای تریان گرتەبەر، لەو ڕێگە ڕاستە ڕوونەی خودا

---

[1] البقرة (٢١٠).

[2] الطبري (١٩/٢٦٠).

[3] غافر (١٦).

[4] فتح الباري (١١/٣٧٩)، مسلم (٤/٢١٤٨).

[5] المدثر (٩–١٠).

[6] الانبياء (١٠٣).

لایاندا، له ڕۆژی قیامەتدا پەشیمانن بەلاّم پەشیمانی هیچ سوودێکی نیه بۆیان، پەنجەی خۆی دەگەزێتو له داخو خەفەتا هەناسه هەڵدەکێشێت، هیچ جیاوازی یەك نییه لەوەدا ئەم ئایەته لەسەر عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت (عقبة بن أبي معيط) هاتبێته خوار یان لەسەر هەر کەسێکی تر لەو بەدبەختانه، ئایەتەکه گشتگیره و هەموو ستەمکارێك دەگرێتەوە، خوای گەوره فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا ٱللَّهَ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠﴾[1]، واته: ڕۆژێ که دەمو چاویان له ئاگری دۆزەخدا ئەم دیوو ئەودیو دەکرێت دەڵێن: خۆزگه گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان بکردایه. هەموو ناهەقی کارێك لەو ڕۆژەدا زۆر پەشیمانەو له داخو خەفەتا پەنجەی خۆی دەبات به دەماو – دەیگەزێ – ئەڵێ: ﴿يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا﴾ ئای تیاچوون بۆ من خۆزگه فلانه کەسم نەکردبا به هاوەڵی خۆم. واته: خۆزگه ئەو کەسەی که منی له ڕێی ڕاست لاداو بەرەو ڕێی پڕوپوچ بردمیو بەدبەختی کردم هەر دۆستو هاوەڵم نەبووایه، ئەمەیش هەر یەکسانه بەوەی ئومەیەی کوڕی خەلەفو ئوبەیی کوڕی خەلەفی برایو کەسانی تریش ﴿لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ﴾ واته: به ڕاستی ئەو له قورئان منی لادا ﴿بَعْدَ إِذْ جَآءَنِي﴾ دوای ئەوەی که قورئانم پێگەیشت. خوای گەورەیش دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا﴾ واته: شەیتان بەردەوام خەڵکی دوور دەخاتەوە له قورئانو بەرەلاّی دەکاو، له شتی پڕوپوچدا بەکاری دەهێنێتو لەبەر چاوی شیرینی دەکات.

﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِي ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴿٣٠﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ ۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ﴿٣١﴾﴾

پێغەمبەر (ﷺ) نارەزایی خۆی دەردەبڕێت لەو کەسانەی که دژایەتی دەکەن

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِي ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا﴾ خوای گەوره باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی محمد (ﷺ) دەکات که دەڵێ: ئەی پەروەردگارم گەلەکەم شوێنی ئەم قورئانه نەکەوتن و گوێیان بۆ نەگرت، چونکه موشریکەکان گوێیان بۆ قورئان نەدەگرتو دەستیان دەکرده قاڵەقاڵ هەتا نەیبیستن وەك خوای گەوره فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ﴾[2] واته: وه بێباوەڕان (به یەکتریان) دەوت گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانەو شتی پڕوپووچی تێکەڵ بکەن. خوانەناسان دەیانگوت گوێ بۆ ئەم قورئانه مەگرنو خۆتان سەرقاڵ بکەنو

[1] الاحزاب (٦٦).

[2] فصلت (٢٦).

قسەی تر بکەن بۆ ئەوەی لێی حاڵی نەبن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نەیاندەویست بڕوای پێ بهێنن‌و لێی دووردەکەوتنەوەوپشتیان تێدەکردو شوێنی نەدەکەوتن‌و فەرمانەکانیان بەجێ نەدەهێنا لە جیاتی ئەوەدا خۆیان خەریك دەکرد بە شیعرو گۆرانی وتن‌و قسەی بێ هودەو پڕوپوچ‌و هەر شتێکی تر بۆ ئەوەی کە گوێ لە قورئان نەگرن، داواکارین لە خودای گەورەو خاوەن بەهرەو کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، لاماندا لەو شتانەی دەبێتە هۆی توڕەبوون‌و ڕەنجانی خۆی بەکارمان بێنێت لەو شتانەی کە خۆی لێی ڕازیەو لە خوێندنی قورئان‌و تێگەیشتن لێی‌و بەجێهێنانی فەرمانەکانی لە شەو ڕۆژدا بەبێوچان بەو شێوەیەی کەخۆی پێی خۆشەو چاکە، چونکە هەر خۆی خاوەن ڕێزو بەخشندەیە.

پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ﴾ واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێك لە پێشەوە دوژمنێکمان لە تاوانباران دانەوە وەك چۆن تۆش دوژمنت بۆ پەیدا بووە لە ناو هۆزەکەتداو پشتیان کردووەتە قورئان، خوای گەورە ئەو نەیارانەی کردووەتە دوژمنی پێغەمبەران‌و خەڵکی بانگ دەکەن‌و هانەهانەی دەدەن بۆ گومڕایی‌و ئەو خوانەناسیەی خۆیان لەسەری بەردەوامن.

وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ﴾[1]، واتە: هەر بەو شێوەیە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان داناوە لە شەیتانەکانی مرۆڤو جنۆکە. بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾ واتە: خوای تۆ بەسە کە ڕێ نیشاندەرو یارمەتی دەر بێت، بۆ ئەو کەسانەی کە شوێنی پێغەمبەر کەوتوون‌و باوەڕیان بە قورئان بووەو شوێنی کەوتوون‌و بە ڕاستیان زانیووە، خودا یارمەتی دەرو ڕێ نیشاندەریانە لە دنیاو لە ڕۆژی دواییدا، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾ چونکە موشریکەکان دەبوونە لەمپەر لە ڕێی خەڵکیدا کە شوێنی قورئان بکەون بۆ ئەوەی خەڵکی ڕێی ڕاست نەگرنەبەرو ڕێبازی خۆیان سەرخەن بەسەر ڕێبازی قورئاندا بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ﴾.

﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ وَلَا
يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾ الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُولَٰئِكَ
شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٣٤﴾﴾

[1] الانعام (١١٢).

حیكمەتی دابەزاندنی قورئان بە جیاجیاو وەڵام دانەوەی خوانەناسانو ڕوون كردنەوەی چارەنووسی خراپیان

خوای گەورە باسی خوانەناسان دەكات كە چەندە ڕەخنە دەگرنو لاساریو قسەی بێڕێ و بێجێ دەكەنو ئەڵێن: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً﴾، واتە: وە ئەوانەی بێباوەڕ بوون دەیانگوت بۆچی (موحەمەد (ﷺ)) هەموو قورئانی بە یەك جار بۆ دانەبەزێنراوە. یانی خۆزگە ئەم قورئانە یەك جار بهاتایە بۆ موحەمەد (ﷺ) وەك كتێبە پێشووەكانی تر كە بە جارێك هەمووی هاتووەتە خوارەوە وەك تەوراتو ئینجیلو زەبوورو كتێبەكانی تری خودا، خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوە كە ئەم قورئانە لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا بە پێی ڕووداوو بەسەرهاتەكان هاتووەتە خوارەوە، بە پێی پێویست بونو جێگیركردنی ئەو فەرمانو ئەركانەی خودا بڕیاری دەدات بۆ خاوەن باوەڕان، تا دڵیان تەواو دابمەزرێتو ئارامی ڕووی تێ بكات، وە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا﴾[1]، واتە قورئانێكە بە جیاجیا ڕەوانەمان كردووە هەتا بە نەرمی بۆ خەڵكی بخوێنیتەوەو بەپێی پێویست ناردوومانە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا﴾، واتە: ئا بەو جۆرە (دامانبەزاندووە) بۆ ئەوەی دڵی تۆ (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بەو قورئانە دامەزراوە بەهێز بكەین وە (بەو بۆنەیەوە) ئایەتانی خۆمم بۆ ناردوون سات دوای سات. قەتادە دەڵێ: یانی چاك ڕوونمان كردووەتەوە، عبدالرحمن ی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم دەڵێ: چاك ماناكەمان تەفسیر كردووە.[2] خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾ واتە: هیچ قسەیەك ناڵێن كە نەیاری هەقی پێ بكەن مەگین ئێمە وەڵاممان داونەتەوە بە نموونەیەكی پڕماناترو ڕوونو ئاشكراو ڕەوانتر لەو قسانەی ئەوان، ئەبو عەبدوڕەحمانی نەسائی ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێ: قورئان ڕەوانە كرایە ئاسمانی دنیا بە تێكڕایی لە شەوی قەدردا پاشان دوای ئەوە لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا هاتە خوارەوە.[3] خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا﴾[4]، واتە: وە قورئانمان بەش بەش بۆت ناردووە بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵكیدا بە لەسەرخۆیی و هێواشی وە ئەم

---

[1] الاسراء (١٠٦).

[2] الطبري (١٩/٢٦٦).

[3] النسائي في الكبرى (١٦/٤٢١).

[4] الاسراء (١٠٦).

(قورئانە)مان بەو شێوەیە دابەزاند. پاشان خوای خاوەن دەسەڵات باسی حاڵی خراپی خوانەناسان دەكات لە ڕۆژی قیامەتداو كۆكردنەوەو ڕاپێچكردنیان بۆ ناو ئاگری جەهەنەم، بە شێوەیەكی زۆر خراپو ناشیرینو ڕیسواكەر، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾، واتە: ئەو كەسانەی بەسەر ڕوخسارياندا دەبرێت بۆ دۆزەخ ئەوانە خراپترین جێگایان بۆ هەیەو ڕێگاشیان ون كردووە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەنەسەوە كە پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوانەناس چۆن لە ڕۆژی قیامەتدا بە دەمو ڕوودا ڕادەكێشرێت –حەشر دەكرێت–؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەو كەسەی كە لەسەر هەردوو قاچی بردوویەتی بەڕێدا هەر ئەو كەسەش توانای هەیە بەسەر دەمو ڕوویدا بیبات –ڕایكێشێت– لە ڕۆژی قیامەتدا)[1].

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَٰرُونَ وَزِيرًا ﴿٣٥﴾ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَدَمَّرْنَٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴿٣٦﴾ وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا۟ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَٰهُمْ وَجَعَلْنَٰهُمْ لِلنَّاسِ ءَايَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٣٧﴾ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا ﴿٣٨﴾ وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ أَتَوْا۟ عَلَى ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِىٓ أُمْطِرَتْ مَطَرَ ٱلسَّوْءِ ۚ أَفَلَمْ يَكُونُوا۟ يَرَوْنَهَا ۚ بَلْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ نُشُورًا ﴿٤٠﴾ ﴾

ترس وەبەرهێنانی بتپەرستانی قوڕەیش

خوای گەورە هەڕەشە دەكات لەو كەسانەی كە بڕوایان نەهێناوە بە پێغەمبەرەكەی كەمحمدە(ﷺ) كە بریتین لە بتپەرستەكانی قوڕەیشو ئەوانەی دژایەتی دەكەن، ئاگاداریان دەكاتەوەو دەیان ترسێنێت لە سزای بە ژانو جەزرەبەی سەختی خۆی كە هێنای بەسەر ئەو گەلانەی پێشوودا كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكان نەدەكرد لە پێغەمبەر موساوە دەست پێدەكاتو دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَٰرُونَ وَزِيرًا ﴾ واتە: بەڕاستی كتێبی دا بە موساو هارونی براشی كردە پشتیوانو یارمەتیدەرو لایەنگیری، بەڵام فیرعەونو لەشكرەكەی بڕوایان پێ نەدەكرد. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَدَمَّرْنَٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴾، واتە: ئینجا وتمان هەردووكتان بڕۆن بۆ سەر ئەو گەلەی باوەڕیان بە ئایەتەكانی ئێمە نیەو بە درۆی دەزانن

[1] احمد (٣/٢٢٩) فەرموودەیەكی سەحیحە.

ئەوسا لەناومان بردن بە لەناوبردنێکی زۆر خراپ. خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا﴾،[1] واتە: خوای گەورە پەرتو بڵاوی کردن هەر خوانەناسێکیش ئاوا بێت هەمان شت چاوەڕوانی دەکاتو ئاوای بەسەردێت، وەك هۆزی نوح کە بڕوایان بە پێغەمبەر نوح نەکرد توشی ئەو بەڵایە بوونو هەموو خنکان ئەوانە نەبێت کە لە ناو کەشتییەکەدا بوون، وە هەر کەسێك بڕوای بە پێغەبەرێك نەبێت وەك ئەوە وایە کە بڕوای بە هەموو پێغەمبەرەکان نەبووبێت، چونکە هیچ جیاوازیەك لە نێوان پێغەمبەرێكو پێغەمبەرێکی تردا نیە، خۆ ئەگەر واش دابنرێت کە خودای مەزن هەموو پێغەمبەرانی ڕەوانە بکردایە هەر بڕوایان پێ نەدەکردنو بە درۆیان دەخستنەوە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ﴾، واتە: گەلی نوحیش کاتێ پێغەمبەرانیان بە درۆ زانی. گەلی نوح جگە لە نوح پێغەمبەر -سەلامی خوای لێ بێت- هیچ پێغەمبەرێکی تریان بۆ نەهاتووە، کە نۆ سەدو پەنجا ساڵ لە ناویاندا ژیاو بانگی دەکردن بۆ سەر ڕێگەی خوداو دەیترساندن لە سزاو تۆڵەی خودا، وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی ژمارەیەکی کەم نەبێت بڕوایان پێ نەهێنا ﴿وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ﴾،[2] واتە: وە خەڵکێکی کەم نەبێت بڕوایان نەهێنا لەگەڵیدا. بۆیە نوقمی ناو ئاوی کردن هیچیان دەرنەچوونو هەموو لەناو چوون، لەسەر زەمیندا تەنها کەسێك لە نەوەی ئادەم نەما جگە لەوانەی لەناو گەمیەکەدا مابوونەوە و ڕزگاریان بوو، وە ﴿أَغْرَقْنَاهُمْ وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ واتە: نوقمی ناو ئاومان کردنو کردماننە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوەی خەڵکی دەرسی لێ وەرگرن وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا الْمَاءُ حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ ﴿١١﴾ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَا أُذُنٌ وَاعِيَةٌ﴾[3]، واتە: بە ڕاستی ئێمە: کاتێك کە ئاو (ی تۆفان) سەرکەوت (باپیرەکانی) ئێوەمان هەڵگرت لە کەشتیدا (ئەی بێبڕوایانی مەککە)، تا ئەم کردەوەیە بکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێوە وە لە گوێی بگرێ گوێگرێکی تێگەیشتوو. واتە: لە شێوەی ئەم کەشتییەمان هێشتەوە کە لەسەری هاتوچۆ بکەن لەناو دەریا پانو بەرینەکاندا بۆ ئەوەی شوکری ئەو بەهرانەی خودا بکەن کە نەجاتی داون لە نقوم بوونو کردوونی بە نەوەی ئەوانەی کە بڕوایان بە نوح پێغەمبەر کردو بە ڕاستیان زانی، پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ

---

[1] محمد (١٠).

[2] هود (٤٠).

[3] الحاقة (١١-١٢).

ذَٰلِكَ كَثِيرًا﴾ واتە: عادو سەمودو خاوەن چاڵەکانیش قڕبوون‌و خەڵکێکی تری زۆریش لەو نێوانەدا هەر بەو شێوەیە لەناوچوون، خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَعَادًا وَثَمُودَا وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ﴾ لە پێشەوە بەسەرهاتەکانیان باس کرا لە سورەتی (الاعراف)و چەند سورەتی تردا پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام ﴿وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ﴾ واتە: خاوەن چاڵەکان –بیرەکان– ئیبنو جورەیج لە ئیبنو عەباسەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: خاوەن چاڵەکان خەڵکی دێیەك بوون لە دێهاتەکاتی سەموود[1]. سوفیانی سەوری دەڵێ: لە ئەبو بەکرەوە، ئەویش لە عیکریمەوە دەڵێ: ﴿ٱلرَّسِّ﴾ چاڵێك –بیرێك– بووە کە پێغەمبەرەکەیان خستووەتە ناوی واتە: لە ناویا دایان پۆشیوە.[2] ﴿وقُرُونَۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا﴾ واتە: زۆرێکیش لە بەرەو چینی تریش لە نێوان عادو سەموودا هەر بەو شێوەیە لەناوچوون، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ﴾ واتە: نموونەمان بۆ هەموویان هێناوەتەوە بەڵگەی تەواومان بۆ ڕوون کردوونەتەوە، وەك قەتادە دەڵێ: هیچ بڕوبیانوویەکمان بۆ نەهێشتوونەتەوە.[3] ﴿وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا﴾ واتە: وە هەموویانمان لەناو برد بە لەناوبردنێکی خراپ، یانی هەموومان ونجڕونجڕ کردن، وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ ٱلْقُرُونِ مِنۢ بَعْدِ نُوحٍ﴾[4]، واتە: وە زۆر (گەل‌و میللەت)مان لەناوبرد لە چەرخەکانی پاش نوح. (القرن) بریتیە لە کۆمەڵێك خەڵکی، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ﴾[5]، واتە: پاشان لە دوای ئەوان بەدیمان هێنا گەل‌و نەوەیەکی تر. هەندێ قەڕنیان (القرن) بە سەدو بیست ساڵ داناوە، هەندێکی تر قەڕنیان بە سەد ساڵ‌و هەندێکیش بە هەشتا ساڵ‌و هەندێکی تریش بە چل ساڵ، بەڵام دیاتر ئەوەیە کە قەڕن –چەرخ– ئەو خەڵکە هاوچەرخەن لە زەمانێکدا لەگەڵ یەکتری دەژین. کاتێك کە ڕۆیشتن بەرەیەکی تر بە دوایاندا دێت‌و جێیان دەگرنەوەو، ئەوانە دەبنە چەرخێکی تر. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (چاکترین چەرخەکان چەرخی منە، پاشان ئەوانەی لە دوای ئەوان

[1] الطبري (١٩/٢٦٩).
[2] البغوي (٣/٣٦٩)، القرطبي (١٣/٣٢).
[3] الطبري (١٩/٢٧٢).
[4] الاسراء (١٧).
[5] مؤمنون (٣١).

دێن و پاشان ئەوانەش دوای ئەوانە دێن)[1]، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ ﴾ واتە: سوێند بە خوا ئەوانە ڕابوردن بەو شارانەی کە ئەو بارانە خراپە بەسەریاندا باری واتە: هۆزی لوت (لوط) کە پێی دەڵێن سەدوم کە قڕکران و زەویەکەیان بەسەردا هەڵگەڕێنرایەوە بە کمۆڵە قوڕی وەك بەرد بەردەباران کران، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنذَرِينَ﴾[2]، واتە: وە بارانێکمان (لە بەرد) بەسەریاندا باراند ئینجا ئای چ خراپ بوو بارانی ترسێنراوەکان. وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾[3]، واتە: بە ڕاستی ئێوە (قوڕەیشیەکان) دەڕۆن بەسەر (شوێنەکان)یاندا بە بەیانیاندا (بە ڕۆژ)و بە شەودا ئایا ئیتر ژیر نابن؟ وە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ﴾[4]، واتە: وە بێگومان ئەو (شارە وێران کراوە) لەسەر ڕێگای سەرەکی (کاروانەکان)دایە. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ﴾[5]، واتە: جا بە ڕاستی ئەم دووانە لەسەر ڕێگایەکی ئاشکران. بۆیە لێرەدا دەفەرموێت ﴿أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا﴾ واتە: ئاخۆ ئەوەیان بە چاوی خۆیان نەدیوە؟ چیان بەسەردا هاتووەو چۆن تووشی ئەو سزا سەختو گرانە بوون بە هۆی ئەو خوانەناسی و بڕوانەهێنانیانەوە بە پێغەمبەرەکەیان و دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی، پەندو ئامۆژگاری لەو کارەساتە وەرناگرن ﴿بَلْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ نُشُورًا﴾ بەڵام ئەوانە چونکە بڕوایان بە زیندووبوونەوە نیە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆیە پەندی لێ وەرناگرن.

﴿ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولًا ﴿٤١﴾ إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا
لَوْلَا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾ أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ
إِلَٰهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾ أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا
كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾ ﴾

---

[1] فتح الباري (٥/٣٠٦)، مسلم (١٩٦٣/٤).

[2] الشعراء (١٧٣).

[3] الصافات (١٣٧-١٣٨).

[4] الحجر (٧٦).

[5] الحجر (٧٩).

گاڵتەکردنی خوانەناسان بە پێغەمبەر (ﷺ)

خوای گەورە باسی خوانەناسان دەکات کە کاتێك چاویان بە پێغەمبەر (ﷺ) بکەوتایە، دەیانکردە گاڵتەجاڕی، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا﴾[1] واتە: وە کاتێ (موحەمەد (ﷺ)) دەبینین ئەوانەی بێباوەڕبوون جگە لە گاڵتەو لاقرتی کردن بە تۆ هیچی تر ناکەن.مەبەستیان تیروتوانج لێدانو بە کەم سەیرکردنی بووە، لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا ﴾، واتە: وە (ئەی موحەمەد (ﷺ)) کاتێك تۆ ببینن بەس گاڵتەت پێ دەکەنو دەڵێن ئا ئەمەیە خوا ناردوویەتی بە پێغەمبەر؟! خوای گەورەیش دڵخۆشی پێغەمبەر دەداتەوە (ﷺ) دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾،[2] واتە: گاڵتەجاڕیش بە پێغەمبەرە پێشووەکانیش کراوە وەك چۆن ئێستا ئەمانە بە تۆی دەکەن، خەم مەخۆو دڵگران مەبە. وەختێ کە تووشی سزا بوون ئەو کاتە دەزانی کێ لەسەر ڕێی ناڕاست بووەو دەفەرمووێت: ﴿ إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ﴾ دەیانگوت خەریك بوو لە عیبادەتی بتەکانمان هەڵمان گێڕێتەوە ئەگەر خۆگریو لێبڕانو جەربەزەیی خۆمان نەبوایە کە هەر کۆڵیمان نەداو بەردەوام بووین لەسەر بتپەرستی، خوای گەورەش هەڕەشەیان لێ دەکات کە بەو زووانە تۆڵەیان لێ دەکاتەوەو خۆی دەزانێ چیان بەسەر دێنێ ﴿وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ﴾ واتە: لە داهاتوودا دەزانن کاتێك سزای خوا دەبینن کێ ڕێگای ون کردووە.

خوانەناسان ئارەزووی خۆیان کردبووە پەرستراوی خۆیانو لە چوارپێ وێڵتر بوون

پاشان خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە هەر کەسێك خودا گومڕاو بەدبەختی کردبێت، هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێی نیشان بدات، غەیری خوا خۆی نەبێت، وە دەفەرمووێت: ﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ واتە: تۆ ئەو کەسەت نەدی کە هەرچی ئارەزوو بکاتو دڵی پێی خۆش بێت ئەوە دەکاتو دەیکاتە ئایینو ڕێچکەی خۆی، وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ﴾[3]، واتە: دەی ئایا کەسێك کردەوەی خراپی خۆی بۆ جوان کراوەو جوانی دەبینێت (وەك

[1] الانبیاء (٣٦).
[2] الرعد (٣٢).
[3] الفاطر (٨).

کەسێکە پێوەری چاکەو خراپەی بریتی بێت لەئایین) وە بە ڕاستی خوا هەر کەسێکی بویَ گومڕای دەکات، وە هەر کەسێکی بویَ ڕێنموونی دەکات دەی کەواتە بە خەفەت خواردن لەبەر (ئیمان نەهێنانی) ئەوان خۆت مەفەوتێنە. بۆیە لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ واتە: ئایا بۆ ئەمەش هەر تۆ زامنیانی؟ ئیبنو عەباس دەڵیّ: لە زەمانی نەفامیدا (جاهیلیەتدا) پیاوی وا هەبوو ماوەیەکی زۆر بەردێکی سپی دەپەرست، ئەگەر بەردێکی جوانتر لەوەی بدیبایە -بە چاکتر بزانیایە- ئەو بەردەی دەپەرستو وازی لە بەردە پێشوەکە دەهێنا.[1] پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ واتە: تۆ وادەزانی ئەوانە زۆربەیان دەبیستنو دەفامنو تێدەگەن، نەخێر ئەوانە لە ئاژەڵێك کە بەڕەڵایەو بەو کێوانەوەیە وێڵترن، چونکە ئەو ئاژەڵانە بە پێی ئەو بەرنامەیەی بۆیان داڕێژراوە هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام ئەمانە بۆ عیبادەتی خودای گەورە دروستکراون کە تەنهایەو هاوەڵی نیە، کەچی دەڕۆن غەیری خودا دەپەرستنو دەیکەنە شەریکی خودا، پاش هێنانەوەی ئەو هەموو بەڵگەیە بۆیان و ڕەوانەکردنی پێغەمبەران بۆیان (سەلامی خۆیان لیّ بێت).

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾﴾

چەند بەڵگە لەسەر بوونی خوداو دەسەڵاتی فراوانی

لێرەدا خوای گەورە دێتە سەر باسو ڕوونکردنەوەی ئەو نیشانانەی کە بەڵگەن لەسەر بوونی خۆیی‌و تواناو دەسەڵاتی لە وەدیهێنانی ئەو هەموو شتانە لە گیانلەبەرو بێگیانو لە یەك جیاوازو دژ بەیەکە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ﴾، واتە: ئایا نابینی پەروەردگارت چۆن سێبەری درێژکردۆتەوە. ئیبنو عەباسو ئیبنو عومەرو ئەبولعالیە و ئەبو مالیك و مەسروق و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیرو نەخەعی‌و زەماكو حەسەنو قەتادەو سودی‌و کەسانی تریش گوتویانە: ﴿مَدَّ الظِّلَّ﴾ مەبەست پێی ئەو ماوەیە کە لە سپێدەی بەرەبەیانەوە دەست پێدەکات هەتا خۆرهەڵدێت.[2] ﴿وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا﴾ واتە: ئەگەر خودا مەیلی لیّ بووایە لە جێی خۆی نەدەجوڵا بەردەوام هەر شەو دەبوو یان هەر ڕۆژ دەبوو. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ

[1] الدر المنثور (٦/٢٦٠).

[2] الطبري (١٩/٢٧٥)، القرطبي (١٣/٣٧).

عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾[١]، واتە: (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ هەواڵم بدەنێ ئەگەر خودا شەوتان بۆ درێژ بکاتەوە (هەر شەو بێت) تا ڕۆژی قیامەت. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾[٢]، واتە بڵێ: ئەوە چۆنە ئەگەر خوا بڕیاری ئەوەبدات کەتا ڕۆژی قیامەت هەر ڕۆژ بێت و شەو نەیەت بەدوایدا؟! پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا﴾ واتە: خۆریشمان کردووەتە نیشانە بۆی، واتە ئەگەر خۆر هەڵنەهاتایە بەسەر شەودا نەدەزانرا شەو چیەو ڕۆژ چیە، چونکە هەموو شتێك بە دژی خۆی دەناسرێتو چاکتر دەردەکەوێت، قەتادەو سودی دەڵێن: نیشانەیەکە بە دوای شەودا دێتو شوێنی دەکەوێت هەتا هەمووی داگیر دەکات[٣]. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَبَضْنَـٰهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا﴾ واتە: پاشان ئەو سێبەرە هێدی هێدیو لەسەرخۆ بەرەو خۆمان دەبەینەوەو کەمە کەمە نایهێڵین، سوری دەڵێ: (قبضاً خفيّاً) واتە: زۆر بە هێواشی هەتا وای لێ دێت هیچ سێبەری نامێنێت مەگەر لە ژێر بانو دارو درەختدا، هەمووی خۆر دەیگرێتەوەو لێی دەدات، ئەیوبی کوڕی موسا دەڵێ: ﴿قَبْضًا يَسِيرًا﴾ واتە: کەمە کەمە.[٤] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾ واتە: هەر خودایە کە شەوی وا لێکردووە دنیای داپۆشیوەو لە خۆی پێچاوە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ﴾[٥]، واتە: سوێند بەو شەوە کاتێك هەمووشت دادەپۆشێت وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلنَّوْمَ سُبَاتًا﴾ واتە: خەویشی کردووەتە هۆی نەجوڵانو حەسانەوەی لاشە چونکە ئەندامەکانی لەش ماندوو دەبن بە هۆی جموجوڵو گەڕانەوە لە ڕۆژدا بۆ بژێوی بە دەست هێنان، کاتێك کە شەو دادێت لاشە لە بزوان دەکەوێتو ئارام دەگرێتو دەحەسێتەوە، ئەو خەوەی بەسەردا دێت کە دەبێتە مایەی حەسانەوەی لاشەو دەروون پێکەوە ﴿وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا﴾ واتە: ڕۆژیشی وا لێکردووە کە خەڵکی هەریەکەو بە لایەکدا دەچنو بە شوێن ڕۆزی خۆیاندا دەگەڕێن بە دەستی بێنن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ

---

[١] القصص (٧١).

[٢] القصص (٧٢).

[٣] الدر المنثور (٦/٢٦٢).

[٤] الدر المنثور (٦/٢٦٢).

[٥] الليل (١).

وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[1]، واتە: لە بەزەیی ئەو (خوایە) کە شەوو ڕۆژی بۆ دروست کردون بۆ ئەوە ئارام بگرن لە (شەو)داو بۆ ئەوەی بگەڕێن بە دوای ڕۆزی‌و بەهرەی خوادا (لە ڕۆژدا) وە بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەن (لەسەر ئەو نیعمەتانەی).

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْـِۧىَ بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَٰمًا وَأَنَاسِىَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ صَرَّفْنَٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾﴾

هەروەها ئەمەیش هەر لە تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەیە کە باکانی ناردووە وەك مزگێنیەك. واتە: بە دوای بادا هەور دێت، بایش چەند جۆری هەیەو بە زۆر شێوە ڕام هێنراوە، نمونە لەو بایانە: بای وا هەیە هەور دەجوڵێنێت یان هەور هەڵدەگرێت‌و دەیبات، بای واش هەیە لەگەڵ هەوردایەو مزگێنی دەرە، هی واش هەیە لە پێش هەوردا دێت زەمین پاك دەكاتەوە، هی واش هەیە هەورەکان دەپیتێنێت تا بارانی لێ ببارێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا﴾، واتە: وە ئەو خوا زاتێكە باكان دەنێرێت بە مژدەدەر پێش ڕەحمەتی خۆی، وە لە ئاسمانەوە باراندوومانە ئاوێکی پاكەوەكەر. یانی ئەو بایە وەك كەرەسەیەك –ئالیەتێك– وایە شتی پێ پاك دەكرێتەوە وەك گسك‌و وزەی گەرمی‌و هاوشێوەی ئەمانە، ئەبو سەعید دەڵێ: گوتویانە: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا دەست نوێژبگرین لە بیری بوزاعە (بُضَاعَة)؟ بیرێکە لایەکی بۆگەن‌و سەگی تۆپیوی تێدایە. فەرمووی: (ئاو پاكۆكەرەوەو هیچ شتێك پیسی ناكات) شافیعی‌و ئەحمەد ڕیوایەتیان کردوەو ئەبو داودو ترمزی بە سەحیحیان داناوەو نەسائیش دەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنە[2]. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِّنُحْـِۧىَ بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا﴾، واتە: تا زەوی مردووی پێ ببوژێنێتەوە. یانی زەمینێك کە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بارانی کردووە زیندوو کەینەوە، کە وشك‌و بێ گیان بووەو هیچ شتێکی تیانەڕواوە، کاتێك گیانی تێیهاتەوەو نەرم بووەوە، دەژیەتەوەو هەموو جۆرە گوڵێکی هەمەڕەنگی تیایدا دەڕوێت، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾[3]، واتە: جا کاتێك بارانمان بەسەردا باراند زەوی

---

[1] القصص (٧٣).

[2] مسند للشافعي (٢١/١)، احمد (٣١/٣)، ابو داود (٥٣/١)، تحفة الاحوزي (٢٠٣/١)، النسائي (١٧٤/١)، فەرموودەیەکی باشە (حسن).

[3] الحج (٥).

(ڕووەکی لێ دەڕوێت) و دەجوڵێ زەوی کیف دەکات(بەرز دەبێت). وە دەفەرمووێت: ﴿وَنُسْقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَـٰمًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا﴾ واتە: بۆ ئەوەی کە هەموو گیانەوەرێك تێر ئاو بکەین لە ئاژەڵو ماڵاتو ئەو مەردمەی کە پێویستیان بە ئاو هەیە بۆ خواردنەوەو کشتوکاڵو بەروبوومیان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟﴾[1]، واتە: وە خوا ئەو زاتەیە کە باران دەبارێنێ لە پاش ئەوەی کە خەڵکی نائومێد بوون. وە فەرموویەتی: ﴿ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَـٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ﴾[2]، واتە: ئینجا سەیری ئاسەواری (پەیدابوون بە) بارانی خوا بکە (وەك کشتوکاڵو گژوگیاو درەخست) چۆن زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردنو وشك بوونی. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَـٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟﴾ واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی ئێمە بە چەند جۆر ئەم نیشانەمان گۆڕی لە نێوانیاندا تا بیر بکەنەوە. یانی بارانمان لەم زەمیندا باراندو لەوی تردا نەمانباراند، وە هەورمان نارد دەڕۆیشت بەسەر زەویەکداو تێدەپەڕی لێی دەچووە سەر زەویەکی ترو بارانێکی باشی لێ دەباریو تێر ئاوی دەکرد، کەچی ئەوەی لە دوایەوە بوو تەنها دڵۆپێکی لە باران بەر نەدەکەوت، هەموو کارێکی خودای گەورە پڕە لە نیشانەی مەزنو لە کارزانی تێرو تەواو، ئیبنو عەباسو ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێن: هیچ ساڵێك بارانی لە ساڵێکی تر زیاتر لێ نابارێت، بەڵام خوای گەورە ئەو بارانە دەگێڕێت بۆ هەر شوێنێکی مەیلی لێ بێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَـٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴾،[3] واتە: هەتا پەندو ئامۆژگاری وەربگرن لەوەی کە خودا ئەو زەمینە وشكو مردووەی زیندوو کردەوە هەر بەو جۆرەش دەتوانێت مردووەکان زیندوو بکاتەوەو ئێسکە ڕزاوەکانو لاشەیان گیان تێ بکاتەوە، یان پەندو ئامۆژگاری وەرگرنو بزانن کە گرتنەوەی باران لێیان هۆکارەکەی تاوانو خراپەکاری خۆیانە، تا واز بێنن لە گوناهو تاوان، ﴿ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴾ واتە: بەڵام زۆری ئەم خەڵکە جگە لە سپڵەیی هیچیان ناوێت، هەر فێرن سەرپێچی فەرمانی خوا بکەن، عیکریمە دەڵێ: دەڵێن: بارانمان بۆ باری بە هۆی فڵانە شتو فڵانە شتەوە.[4] وەك لەو فەرموودەیەدا کە هاتووە لە سەحیحی موسلیمدا لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە ڕۆژێك فەرمووی بە هاوەڵەکانی لەو شەوەدا کە باران لێی دابوون: (ئایا

---

[1] شوری (٢٨).

[2] الروم (٥٠).

[3] الطبري (١٩/٢٨٠).

[4] الطبري (١٩/٢٨٠).

دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟) گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: (فەرموویەتی: هەندێ لە بەندەکانم بەیانی هەڵدەستن بڕوایان بە من هەیەو هەندێکیان بڕوای بە من نیە، ئەو کەسەی دەڵێ: بارانمان بۆ باری بە هۆی فڵانەشتو فڵانە شتەوە، ئەوە ئەو کەسە بڕوای بە من نیە، بڕوای بە ئەستێرەکان هەیە)[١].

﴿وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا ﴿٥١﴾ فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ۞ وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾﴾

گشتگیری پەیامی پێغەمبەرو مانەوەی تادونیادونیایە و باسی بەهرەکانی خوا لەسەر مرۆڤ

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا﴾ واتە: ئەگەر مەیلمان لێ بوایە بۆ هەموو دێهاتێك ڕاسپاردەیەکمان دەنارد بیانترسێنێتو بانگیان بکات بۆ لای خودای مەزن، بەڵام بە تایبەتی تۆمان ڕەوانە کرد ئەی محمد (ﷺ) بۆ هەموو خەڵکی سەر زەمین، فەرمانمان پێ کردی کە قورئانیان پێ بگەیەنی ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ﴾،[٢] واتە: هەتا بەو قورئانە ئاگاداریان بکەم و ئەوانەشی کەپێیان دەگات ئاگادار بکەم. ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الْأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ﴾،[٣] واتە: وە هەرکەس باوەڕی پێی نەبێت لەو کۆمەڵەو تاقمانە (ئەوانەی کۆبوونەوە لەسەردژایەتی ئیسلام) ئەوە ئاگر جێگایەتی.وە دەفەرموێت: ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾[٤]، واتە: هەروەها بۆ ئەوەی دانیشتوانی مەککەو دەوروبەری ئاگادار کەیتەوەو بیانترسێنی. وە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾،[٥] واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە بە ڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ هەمووتان. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەوانە کراوم بۆ سەر سووریش و ڕەشیش) وەدیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە فەرموویەتی: (پێغەمبەران –سەلامی خوایان لێ بێت– ڕەوانە کراون بۆ سەر هۆزەکانی خۆیان بە تایبەتی، من ڕەوان کراوم بۆ گشت خەڵکی)[٦]. بۆیە

[١] مسلم (٨٣/١).
[٢] الانعام (١٩).
[٣] هود (١٧).
[٤] الانعام (٩٢).
[٥] الاعراف (١٥٨).
[٦] مسلم (٣٧٠/١)، فتح الباري (٦٣٤/١).

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ واتە: کەواتە تۆ بە گوێی بێباوەڕان مەکە بە ئەم قورئانە جیهادێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە، ئیبنو عەباس دەڵێ: یانی: بە قورئان(جیهادیان بکەن)[1]. ﴿جِهَادًا كَبِيرًا﴾ واتە: بە هەموو توانایەکەوە بچۆ بە گژیاندا، وەك ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾[2] واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بجەنگە لەگەڵ بێباوەڕانو دووڕوواندا وە توندوتیژ بە لەگەڵیاندا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ واتە: ئەو کەسەی کە دوو ئاوی دروست کردووە، شیرینو سوێر – شۆر – ئاوە شیرینەکە وەك: ئاوی ڕووبارو کانی و بیر کە ئاوێکی سازگارو شیرینو خۆشە، ئەمە قسەی ئیبنو جورەیجەو ئیبنو جەریریش هەر وای وتووە، ئەم مانایە مانایەکی ڕاستە، چونکە هیچ دەریایەکی ماتو وەستاو نیە لە دنیادا ئاوەکەی شیرینو سازگارو خۆش بێت، خوای گەورە بۆیە باسی ئەم دوو ئاوەی کردووە تا بەندەکانی شوکری بکەن لەسەر بەهرەکانی، چونکە ئاوی شیرین ئەو ئاوەیە کە دەڕوات وەك ڕووبارو کانیو بیر لەناو زەوی دێتە دەرەوەو دابەشی کردووە لە نێوان خەڵکیدا لە هەموو سەر زەمیندا بە پێی پێویست بۆ خۆیانو گیانەوەرو ئاودانی کشتوکاڵ، ﴿وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ واتە: ئاوێکی تریان کە تاڵو سوێر –شۆر– ولینجە کە بۆ خواردنەوە ناشێت وەك ئەو دەریایانەی کە لە هەموو دنیادا هەیە لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا، وەك دەریای موحیت (بحر المحيط)و دەریای یەمەنو دەریای قەلزەمو دەریای بەسرەو دەریای فارسو دەریای چینو هیندو دەریای ڕۆمو دەریای خەزەرو چەندەها دەریای تر لەم شێوەو وێنانە کە وەستاونو ناجوڵێن، بەڵام لە زستاندا و لە کاتی ڕەشەبادا شەپۆل دەدەنو بەرز دەبنەوە، هەندێ لەو دەریایانە بەرز دەبنەوەو دادەبەزن – مەدو جەزریان – هەیە، لە سەرەتای هەموو مانگێکدا بەرز دەبینەوە هەڵدەچن، بەڵام لە کاتێکدا مانگ بەرەو کزی و کەمبوونەوە ڕۆیشت ئاوەکە دەگەڕێتەوە شوێنە پێشووەکەی خۆی، کاتێك مانگ دەستی کردەوە بە هەڵهاتن لە یەکەم ڕۆژەوە تا چواردە ڕۆژ ئاوی ئەو دەریایە بەرز دەبێتەوە، پاشان دوای ئەوە کەمە کەمە دادەبەزێت هەتا دەچێتەوە دۆخی جارانی، ئەمەش هەموو دەسەڵاتو توانای خوای گەورە دەردەخات کە بەو شێوەیە دەریاکانی ڕام هێناوە. ئەم هەموو دەریا ماتو وەستاوەی کە خوا دروستی کردووە سوێرو خوێیاویە بۆ ئەوەی هەوا بە هۆی ئەو دەریایانەوە بۆگەن نەبێتو ژیان تێك نەچێتو زەمین پیس نەبێتو هەرچی تێدایە لە

[1] الطبري (١٩/٢٨١).

[2] التحريم (٩).

گیانەوەر بمرێت، بەڵام کە ئاوی دەریاکان سوێر بوو هەواکەش پاكو چاكەو مردووەکەشی پاكو خاوێنەو حەڵاڵەو دەخورێت، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە پرسیاری لێ کرا لە ئاوی دەریا ئایا دەست نوێژی لێ بگرین؟ فەرمووی: (ئاوەکەی پاك کەرەوەیەو مردووەکەشی حەڵاڵە) واتە: خواردنی مردارەوبووەکانی حەڵاڵە. ئیمامی مالیكو شافیعیو زانایانی فەرمووده ڕیوایەتیان کردووە بە سەنەدی حەسەنە[1]. ﴿وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ واتە: لە نێوان ئاوی شیرینو سوێردا لەمپەری زۆر ئەستووری داناوە ﴿بَرْزَخًا﴾ واتە: بەرگر –لەمپەر– لە وشکایی زەمین، ﴿وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ ڕێگرێك کە ڕێگە نادات ئەو دوو ئاوە بە یەکتری بگەن. وەك خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ﴿٢٠﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾[2]، واتە: دوو دەریای بەرەڵا کردووە کە دەگەن بە یەك، لە نێوانیان بەربەستێك هەیە تا دەست درێژی بۆ یەك نەکەن (تێکەڵ نەبن) جا بە کام نیعمەتانەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن. وە فەرموویەتی: ﴿أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾[3]، واتە: ئایا زاتێك کە زەوی کردووەتە جێگای ئارامیو نیشتەجێبوون وە لە ناو (زەوی)یدا چەند ڕووباری بەدیهێناوە وە چەند چیای گەورەی بۆ زەوی داناوە وە لە نێوان دوو ئاودا (شیرینو سوێر) بەربەستی داناوە (بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن) ئایا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا؟ نەخێر نیە، بەڵام زۆربەیان نازانن. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا﴾ هەر خودا خۆیەتی کە لە ئاوێکی لاواز مرۆڤی دروست کرد پاشان ڕێکوپێکی کردو بەژنو باڵایەکی چاکی دایەو بە مەیلی خۆی کردیە نێرو مێ. ﴿فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا﴾ واتە: ئینجا ئەو ئاوەیکردووەتە هۆی ڕەچەڵەكو خزم، یانی: لە یەکەم جارەوە کوڕی دایكو باوکیو پاشان بە ژن هێنان لەناو یەکتریداو بوون بە خزمو کەس‌و کاری یەکتر، هەموو ئەمانە گشتی لەو ئاوە لاوازە وەدی هێناوە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا﴾ واتە: وە پەروەردگارت هەمیشە بە دەسەڵاتو توانایە.

---

[1] الموطأ (٢٢/١)، مسند الشافعي (٢٣/١)، أحمد (٣٦١/٢)، أبو داود (٦٤/١)، تحفة الاحوزي (٢٢٤/١)، النسائي (٥٠/١)، ابن ماجه (١٣٦/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] الرحمن (١٩–٢١).

[3] النمل (٦١).

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا ﴿٥٥﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٥٦﴾ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿٥٧﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱلرَّحْمَٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٩﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُوا۟ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُوا۟ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا ۩ ﴿٦٠﴾ ﴾

بێ عەقڵی و نەزانی بتپەرستان

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ ﴾ خوای گەورە باسی بێ عەقڵیو نەزانی بتپەرستان دەكات كە عیبادەتی غەیری خودا دەكەن وەك ئەو بتانەی كە قازانجیان پێ ناگەیەنن‌و ناتوانن توشی زیانیشیان بكەن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێكیان بە دەستەوە بێت بیكەنە بەڵگەو لەسەری بڕۆن، و دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ)و موسڵمانان دەكەن لەبەر خاتری ئەوان، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا﴾ واتە: بێباوەڕان بەردەوام دژی پەروەردگاریان پشتیوانی یەكترن، یانی بوونەتە دۆستو پشتیوانی ئەوانەی دژی خودان‌و لەسەر ڕێی شەیتان بەرامبەر كۆمەڵی خودا كاردەكەن، بێگومان كۆمەڵی خودا هەمیشەزاڵ‌و سەركەوتوون، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴾[1]، واتە: ئەو شتانەی كە ئەوانە دەیانپەرست هیچ سوودێكیان پێ ناگەیەنن‌و زیانیشیان لێ نادەن، ئەو نەفامانە ئامادەن لە خزمەت ئەو بتانەدا گیانی خۆیان ببەخشن، بەڵام پاشەڕۆژو سەركەوتن بۆ خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) و خاوەن باوەڕانە لە دنیاو قیامەتدا. موجاهید دەڵێ: ﴿وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا ﴾ واتە: كافران پشتیوانی شەیتان دەكەن‌و دەبنە هاوكاری‌و لەسەر گوناهو خراپەكاری بەردەوامن.

پێغەمبەر (ﷺ) مزگێنیدەرو ترسێنەرە

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ واتە: تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە كە مژدە بدەی بە خاوەن باوەڕان‌و خوانەناسانیش بترسێنیت مزگێنی بدەی بەو كەسانەی كە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا دەكەن بە بەهەشت‌و ئەو كەسانەش بترسێنی كە دژایەتی فەرمانەكانی خوا دەكەن بە سزایەكی توند كە تووشیان دێت. وە خوای گەورە دەفەرموێت:

[1] یس (٧٤-٧٥).

﴿قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ واتە بڵێ: من هیچ پاداشتێکم ناوێ لە ئێوە لەسەر ئەم بانگەوازەو ئەم ئاگادارکردنەوەتان، تەنها لەبەر ڕەزامەندیو خاتری خوا ئەم کارە دەکەم ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ﴾[1]، واتە: بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێت بەڕێی ڕاستدا بڕۆن لە ئێوە. ﴿إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا﴾ واتە: کێ ئارەزووی لێیە با بەرەو پەروەردگاری خۆی ئەو ڕێگەو بەرنامەیە بگرێتە بەرو ئەوەی کە من بۆی هاتووم بیکاتە بەرنامەی ژیانو لە سەری بڕواتو بەردەوام بێت لەسەری.

خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەر(ﷺ) کە هەر خۆ ئەدەست خودا بدەو باسی هەندێك لە سیفەتەکانی خودا خۆی

پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَىِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ﴾ واتە: خۆت بدە دەستی خوداو پشت هەر بە ئەو ببەستە لە هەموو کاروبارێکتدا، ئەو خوایەی کە هەر زیندووەو نامرێت ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾[2]، واتە: ئەوەل ئەوەو دوایش ئەوەو لەبەر چاوەو نادیارەو لە هەموو شت ئاگادارەو پەروەردگارو کاربەدەستو فەرمانڕەوای هەموو شتە، بیکەرە دۆستو پشتیوانو جێی هانای خۆت، چونکە هەر ئەو پشتیوانو جێی هانایە، هەر ئەو بۆتۆ بەسەو باشترین یارمەتیدەرو لایەنگیرە، وەك فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾[3] واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕایگەیەنە (بە خەڵك) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لە لایەن پەروەردگارتەوە، وە ئەگەر وانەکەی ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندووە بەجێت نەهێناوە وە خوا تۆ دەپارێزێت لە خەڵکی (کە بتکوژن). ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ﴾ سوپاسی ئەو خودایە بکەو شوکرانەبژێری بەو تەسبیحاتی بکە، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (سبحانك اللهم ربّنا وبحمدك)[4]، بێگەردی بۆتۆ ئەی خوای خۆشنەویست بە سوپاس و ستایشەوە، خوداش دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا﴾[5] واتە: هەر ئەو خوایەو تەنها بڕوامان بە ئەو هەیەو عیبادەتی بۆ دەکەینو خۆمان دەدەینە دەستی. وەك لە ئایەتێکی تردا

[1] التكوير (٢٨).

[2] الحديد (٣).

[3] المائدة (٦٧).

[4] فتح الباري (٢/٣٢٨).

[5] الملك (٢٩).

فەرموویەتی: ﴿رَّبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا﴾[1]، واتە: ئەو پەروەردگار و دروستکەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە هیچ پەرستراوێکی بە ڕاستی نیە تەنها ئەو نەبێت کەوابوو بیکە بە بریکاری خۆت. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا﴾ هەر ئەو بەسە بۆ ئاگادار بوون لە گوناهی بەندەکانی، بەو هەموو زانیارییەی کە هیچی لێ ون نابێت ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ واتە: ئەو خودایەکە هەر زیندووەو نامرێت ئاسمانەکانو زەمینیشی وەدی هێناوەو پەروەردگارو فەرمانڕەواشیەتیو بەهێزو تواناو دەسەڵاتی خۆی ئەو حەوت ئاسمانەی بەو بەرزیو فراوانیەوە، هەروەها ئەوزەویە بەوحەوت چینو بارستایەوە چووەتە خوارەوەو دروستی کردووە ﴿فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ واتە: لە شەش ڕۆژداو پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوای خۆی دامەزراوەو بە کارەکانیادا ڕادەگاتو هەموو شتێك تەواو دەکاتو دەیبڕێتەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ ٱلرَّحْمَٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا﴾ واتە: هەوڵ بدە لەو کەسەوە کە زۆر زانایە لێیەوە فێربەو شوێنی بکەوەو چاوی لێ بکە، ڕوونو ئاشکرایە کە هیچ کەسێك ئەوەندەی پێغەمبەر (ﷺ) زاناترو ئاگادارتر نیە بە ناسینی خودا کە بەندەو پێغەمبەری خۆیەتی وە گەورەو بەڕێزترین نەوەی ئادەمە لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتداو لە خۆیەوەو بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات بەڵکو نیگایەو لە لایەن خوداوە بۆی هاتووە، هەرچی ئەو فەرمووی هەقەو هەرچی ئەو باسی کردووە لە لایەن خواوە ڕاستە، ئەو پێشەوایەکی زۆر بە توانایە کە هەرچی ناکۆکیەکو دووبەرەکیەك ببێ لە هەر شتێکدا، دەبێت خەڵکی بۆ لای ئەو بگەڕێنەوەو کێشەکانیان لای ئەو چارەسەر بکەن، هەر شتێك ڕێکی کردارو گفتاری ئەو بوو ڕاستەو هەرچیش دژی بوو کاری پێ ناکرێتو وەرناگیرێت با هەر کەسێ کردبێتی یان گوتبێتی، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾[2]، واتە: جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر (ﷺ).وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَىْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾[3]، واتە: وە هەر شتێك کە تیایدا جیاوازبوون ئەوە بڕیارەکەی بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا﴾[4]، واتە: قسەکانی پەروەردگارت

[1] المزمل (٩).

[2] النساء (٥٩).

[3] شوری (١٠).

[4] الانعام (١١٥).

لەهەواڵ داندا ڕاستەوداپەروەرانەیە لە فەرماندان‌و ڕێ پێیەداندا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا﴾ واتە: سا تۆ لەوانەش بپرسە کە زۆر زاناو شارەزان.

باسی خراپی بت پەرستان

پاشان خوای گەورە بەرپەرچی موشریکەکان دەداتەوە کە کڕنوش بۆ غەیری خوا دەبەن لە بت‌و ئەو شتانەی کە عیبادەتی بۆ دەکەن ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُواْ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ واتە: وە کاتێك بەوان بوترێت سوژدە ببەن بۆ خوای میهرەبان دەڵێن ڕەحمان کێیە؟ یانی: ئێمە ڕەحمان‌و ڕەحیم ناناسین‌و نازانین کێیەو چیە. بڕوایان نەبوو بەوە کە خودا بە ڕەحمان ناودەبرێت. وەك لە ڕۆژی حودەیبیەدا ئینکاریان کرد کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە نووسەرەکە (بنوسە بسم الله الرحمن الرحیم) گوتیان: ئێمە ڕەحمان‌و ڕەحیم نازانین، بەڵکو بنووسە وەك چۆن دەنووسی: -بسمك اللهم-.[1] بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارد: ﴿قُلِ ٱدْعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُواْ ٱلرَّحْمَٰنَ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾،[2] واتە: بڵێ نزاو هاوار لە خوا بکەن یان هاوار لە ڕەحمان بکەن (یەکسانە) بە هەر کامیان نزاو هاواری بکەن چونکە هەر بۆ خوایە هەموو ناوە هەرە جوانەکان. واتە: ئەو خودایە ڕەحمانیشە، لەم ئایەتەشدا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُواْ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ واتە: ئێمە نازانین ڕەحمان چیەو دانی پێدا نانێین. ﴿أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا﴾ واتە: تۆ دەتەوێت ئەوەی تۆ فەرمانی پێدەکەی بیناسین، ئێمە سوژدەی بۆ بەرین ﴿وَزَادَهُمْ نُفُورًا﴾ واتە: بەڵکو زیاتر دوور دەکەونەوەو تەرە دەبن، بەڵام ئەو کەسانەی خاوەن باوەڕن خودای مەزن دەپەرستن لە ڕحمان‌و ڕەحیم‌و هاوەڵی بۆ دانانێن‌و کڕنوشی بۆ دەبەن، زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم سوژدەیە لە سورەتی فورقاندا ڕەوایە بۆ ئەو کەسەی دەیخوێنێت یان گوێی لێ بێت سوژدە بەرێت، لەو شوێنەدا (والله سبحانه وتعالى أعلم).

﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾﴾

باسی تواناو مەزنی خودا

خوای گەورە باسی گەورەیی‌و پاکی و بێعەیبی‌و دەسەڵاتی خۆی دەکات لەسەر جوانکاری ئەو بوونەوەرە ڕازاوەیە لە ئاسماندا بەو هەموو ئەستێرە گەورەو هەمەجۆرانە، ئەمە قسەی موجاهیدو ئەبو

---

[1] احمد (٣/٢٦٨) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] الاسراء (١١٠).

صالحو حەسەنو قەتادەیە.[١] وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَـٰبِيحَ﴾،[٢] واتە: سوێند بێت بێگومان ئاسمانی دنیامان ڕازاندووەتەوە بە چرای زۆر (ئەستێرە). بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا﴾ واتە: ئەو خۆرە ڕووناکە وەك چرا وایە لەم بوونەوەرەدا، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾،[٣] واتە: چرای پرشنگدار ﴿وَقَمَرًا مُّنِيرًا﴾ واتە: ئەو مانگەی کە ڕووناك بووەتەوەو تریفەی دێ بە ڕووناکی ترو بە شێوەیەکی تر کە لە تیشکی خۆر ناچێت وەك خودا فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا﴾،[٤] واتە: خوا زاتێکە کە خۆری گێڕاوە بە تیشك مانگیشی گێڕاوە بە ڕووناکی. خوای گەورە باسی نوح دەکات کە گوتی بە هۆزەکەی: ﴿أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَـٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿١٥﴾ وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا﴾[٥]، واتە: ئایا نابینن کە خوا چۆن حەوت ئاسمانی دروست کردووە نهۆم لەسەر نهۆم، وە مانگی گێڕاوە لەناویاندا بە ڕووناكو ڕۆژیشی گێڕاوە بە چرا. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً﴾ واتە: هەر خوایە کە شەو بە دوای ڕۆژداو ڕۆژ بە دوای شەودا دێنێ، بە دوای یەکداو لە یەك ناترازێن، کە ئەو ڕۆیشت ئەوی تر بە دوایدا دێت بە بەردەوامی، وەك فەرموویەتی: ﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾،[٦] واتە: ڕۆژە بە شەو دادەپۆشێت، ڕۆژیش شوێنی شەو دەکەوێتو بە دوایدا دەڕوات، وە فەرموویەتی: ﴿لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ﴾،[٧] واتە: خۆر بۆی نیە بگات بە مانگ. پاشان دەفەرمووێت: ﴿لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا﴾ واتە: بۆ کەسێك بیەوێت بیر بکاتەوە یان سوپاسی خودا بکات، لەو شەو ڕۆژەدا کە بە دوای یەکتردا دێن، وەختی عیبادەتیش دیاری دەکەن بۆ بەندەکانی خودا، ئەو کەسەی کە بە ڕۆژ کارێکی بۆ نەکرا بە شەو پێی هەستێت و ئەو کەسەش بە شەو بۆی نەکرا بە ڕۆژ بیکات، لە

[١] الطبري (٢٨٩/١٩)، البغوي (٣٧٤/٣).
[٢] الملك (٥).
[٣] النبأ (١٣).
[٤] يونس (٥).
[٥] نوح (٥).
[٦] الاعراف (٥٤).
[٧] يس (٤٠).

فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (خوای گەورە بە شەو دەستی درێژ دەکات بۆ ئەوەی لە تاوانباری ڕۆژ خۆش ببێت وە بە ڕۆژ دەستی درێژ دەکات بۆ ئەوەی لە تاوانباری یشە خۆش ببێت)،[1] موجاهیدو قەتادە دەڵێن: ﴿خِلْفَةً﴾ واتە: شەو بە و ڕۆژیش بە ڕۆشنایەکەی[2].

﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٦٦﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟ لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴿٦٧﴾ ﴾

لە سیفەتەكانی عەبدە ڕاستەكانی خوای ڕەحمان

ئەمە سیفەتی بەندە خاوەنباوەڕەكانی خودایە: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴾ واتە: دەڕۆن بە ڕێوە بە ئارامیو زۆر لەسەرخۆ بەبێ ئەوەی فیزیكەنو خۆیان بە زل بزانن. وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا﴾[3]، واتە: بە لوت بەرزی بەڕێوە مەڕۆ، ئەم عەبدە ڕاستانەی خودای میهرەبان –ڕەحمان– دەڕۆن بەسەر زەویداو فیزناكەنو لوتیان بەرز نیەو منەت ناكەن بەسەریدا، مەبەست ئەوە نیە وەك نەخۆش ڕێدەكەنو ڕیا بازیدەكەن! نا! بەڵكو بەڕێزترین نەوەی ئادەم محمد (ﷺ) وەختێ دەڕۆیشت وەك ئەوەی لە بەرزاییەكەوە بێتە خوارەوەو زەمین بۆی بپێچرێتەوە وابوو، بەڵكو مەبەست بە (هَوْنْ): ئارامیو لەسەرخۆییە، وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (وەختێ هاتن بۆ نوێژ بەپەلە مەیەن بۆ نوێژ، بە لەسەرخۆیی بێن بۆ نوێژ، ئەوەی فریای كەوتن بیكەنو ئەوەیش لە دەستتان چوو –فریای نەكەوتن– دوایی تەواوی بكەن)[4]. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا﴾ واتە: هەر كاتێك نەفامان قسەی نابەجێجیان بەرامبەر كردن وەڵامیان نادەنەوە، بەڵكو لێبوردەو دڵ فراوانن، جگە لە قسەی چاك هیچ شتێكی تر ناڵێن، وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەتا نەزانان زیاترو توندتر قسەی بەرامبەر بكەن ئەو لەسەرخۆترە) وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا۟ ٱللَّغْوَ

---

[1] مسلم (٢١١٣/٤).

[2] الطبري (٢٩١/١٩،٢٩٠).

[3] الاسراء (٣٧).

[4] فتح الباري (٤٥٣/٢).

أَعْرَضُواْ عَنْهُ﴾،[1] واتە: وە کاتێ قسەی ناپەسەندو هیچ و پوچ ببیستن پشتی تێدەکەن. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە نوعمانی کوڕی موقرنی موزەنیەوە (نعمان بن مقرن المزني) دەڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (پیاوێك قسەی وت بە پیاوێك لە لای ئەودا، گوتی: ئەو پیاوەی کە قسەی پێ وترا دەیوت: (عليك السلام) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بێگومان فریشتەیەك لە نێوان هەردووکتاندا هەموو بەرگری لە تۆ دەوت، هەر کاتێك ئەو قسە بە تۆ دەوت، فریشتەیەکە پێی ئەوت: نابەڵکوخۆت، وە خۆت شایستەتری بەوقسەیە، وە کاتێ تۆپێت دەوت: -عليك السلام- فریشتەکە ئەیوت: نا بەڵکو خۆت ڕای وە تۆ شایستەتری بەوە) واتە: تۆ شایستەتری بەو سڵاوە و ڕێزە کە لەو پیاوەی دەکەی کاتێك کە قسەت پێ دەڵێت. ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی حەسەنە، بەڵام زانایانی تری فەرموودە ڕیوایەتیان نەکردووە.[2] پاشان خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە(بەندە ڕاستەکانی خوا) شەوەکانیان چاکترین شەوە وەك ئەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا﴾ واتە: ئەو کەسانە، شەو تا بەیان سوژدە دەبەن بۆ خواو وەستاون بە پێوەو عیبادەتی خودا دەکەنو فەرمانەکانی بەجێ دەهێننو شەونوێژ دەکەن، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿كَانُواْ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾[3]، واتە: ئەوانە کەمێك لە شەودا دەخەوتن (ئیتر هەر شەونوێژیان دەکرد) وە لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد. وە فەرموویەتی: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾[4]، واتە: (هاوبەش دانەران چاکترن) یا کەسێك ملکەچو پەرستکارە (بۆ خوا) و کاتەکانی شەو بە سوژدە بردنو ڕاوەستان (لە شەونوێژدا) بەسەر ئەبات و لە(سزای) دواڕۆژ دەترسێتو بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی؟ هەر بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ واتە: ئەوانەی کەدەڵێن ئەی خودایە لامانبدە لەسزای جەهەنەم، چونکەسزای جەهەنەم بەردەوامەو دوایی نایەت، بۆیە حەسەنی بەسری لەم ئایەتەدا ﴿إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ ئەفەرموێ: هەر شتێك توشی نەوەی ئادەم ببێت لە دنیادا دەڕواو نامێنێت ئەوە پێی ناگوترێت غەرام بەڵام ئەو

---

[1] القصص (٥٥).

[2] أحمد (٥/٤٤٥)، ئەم فەرموودەیە پیاوەکانی جێی متمانەن.

[3] الذاريات (١٧-١٨).

[4] الزمر (٩).

غەرامەی کە هەر بەردەوامەو لاناچێت ئەوەیە کە هەتا ئەرزو ئاسمان بمێنێت دەمێنێت.[1] سولەیمانی تەیمیش (سليمان التّيميّ) هەر وای گوتووە.[2] وە فەرموویێت: ﴿ إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴾ واتە: بەڕاستی جێگاو شوێنێکی زۆر خراپو ناخۆشە. خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟ لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە لە کاتی ماڵ بەخشیندا زۆر دەست بڵاو نینو زیاد لە پێویست خەرج ناکەنو زۆریش چاوچنۆك نین کە سامان لە ماڵ و منداڵیان بگێڕنەوە و پێویستیان دەرنەکەن. بەڵکو بە ڕێکوپێکی مامەڵە لەگەڵیان دەکەن، چاکترین کاریش ئەو کارەیە لەو ناوەندەدا بێت. واتە: نە زۆر دەست بڵاوو نە زۆر دەست قوچاو، ﴿ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴾ واتە: بەڵکو مامناوەندیە لەو نێوانەدا. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ﴾.[3] واتە: وە دەستت مەکە کۆت بە گەردنتداو کراوەو بەرەڵاشی مەکە بە تەواوی.

﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا ﴿٧١﴾ ﴾

لە سیفەتەکانی عەبدە ڕاستەکانی ڕەحمان دوورکەوتنەوە لە شیركو کوشتنو بەدڕەوشتی -داوێنپیسی-

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کام گوناه گەورەترە؟ فەرمووی: (هاوەڵ بۆ خوا بڕیاربدەی کە ئەو دروستی کردووی) دەڵێ: پاشان کامە؟ فەرمووی: (داوێنپیسی –زینا– کردن لەگەڵ ژنی دراوسێکەتدا) عەبدوڵا دەڵێ: بۆ پشتگیری ئەم فەرموودەیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارد: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴾ واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی ترناپەرستن و هیچ کەسێك ناکوژن کە خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردبێت بە هەقو ڕەوا نەبێت وە زیناو داوێنپیسی ناکەن وە هەر کەس ئەو تاوانانە بکات توشی

[1] الطبري (١٩/٢٩٧).
[2] عبدالرزاق (٣/٧٢).
[3] الاسراء (٢٩).

تۆڵەکەی دێت،[1] هەر بەم شێوەیە نەسائیش ئەم حەدیسەی ڕیوایەت کردووە[2]. بوخاریو موسلیمیش ڕیوایەتیانکردووە[3]. لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە کە بیستویەتی لە ئیبنو عەباسەوە فەرموویەتی: هەندێ کەس لە موشریکەکان پیاوی زۆریان کوشتبوو هەروەها داوێنپیسی زۆریان کردبوو، پاش ئەوانە هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: ئەوەی تۆ ئیلێیت و بانگی خەڵکی بۆ دەکەیت زۆر چاکە، پێمان بڵێ ئاخۆ ئەوەی کردوومانە کەفارەتی هەیە؟ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ ئەم ئایەتەش هاتە خوارەوە: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا﴾[4]، واتە: بێژە: ئەی بەندەکانی من ئەی ئەوانەی کە بە لادان لە ئەندازە ناهەقیان لە خۆیان کردووە، نابێت ئێوە لە بەزەیی خودا نائومێد بن، چونکە خوا لە هەموو گوناهێ چاوپۆشی دەکات، خودا لێبوردەو دلۆڤانە، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامًا﴾ ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە دەڵێ: ﴿أَثَامًا﴾ شیوێکە لەناو جەهەنەمدا.[5] عیکریمە دەڵێ: ﴿يَلۡقَ أَثَامًا﴾ شیوێکە لەناو جەهەنەمدا داوێنپیسانی تێدا جەزرەبە دەدرێت. هەربەوشێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدەوە[6]. سودی دەڵێ: ﴿يَلۡقَ أَثَامًا﴾ سزای تاوانی خۆی وەردەگرێت، ئەم تەفسیرە دیارو نزیکترە لە ئایەتەکەوە. وەك چۆن ئایەتەکانی دواوە ڕوونیان کردووەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا سزای بۆ چەند بارە دەبێتەوەو بەهێزتر دەکرێت، ﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾ واتە: هەر دەمێنێتەوە لەو سزایەدا بە سوكو ڕیسوایی. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا﴾ واتەك بێجگە لە کەسێك تەوبەی کردبێتو باوەڕی هێنابێت کارو کردەوەی چاکیشی کردبێت. ﴿إِلَّا مَن تَابَ﴾ واتە: مەگین کەسێك لە دنیادا گەڕابێتەوە بۆ لای خواو پەشیمان بوبێتەوە لەو گوناهانەی کە کردوویەتی، بێگومان خوای گەورە لێبوردەیەو لێی خۆش دەبێت، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دروستی

---

[1] احمد (١/٣٨٠).

[2] النسائي في الكبرى (٦/٤٢٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (١٢/١١٦)، مسلم (١/٩٠، ٩١).

[4] الزمر (٥٣).

[5] الطبري (١٩/٣٠٨).

[6] الطبري (١٩/٣٠٨).

تەوبەی پیاوکوژ، وە هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتەی سورەتی (نیساء)دا کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾[1]، واتە: وە هەر کەسێك ئیماندارێك بە دەس ئەنقەس بکوژێت ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە بە هەمیشەیی تیایدا دەبێتو خوا خەشمی لێ گرتووە نەفرینی لێ کردووەو سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە. ئەم ئایەتە هەرچەندە لە مەدینە هاتووە خوارەوە بەڵام ڕەهایەو (مطلقة) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەشیمان نابنەوە –تەوبە ناکەن– چونکە ئەم ئایەتە لێبوردنی بەستووە بە پەشیمان بوونەوەوە لە دنیادا، پاشان خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾[2]، واتە: بە ڕاستی خوا خۆش نابێت لەوەی کە هاوەڵی بۆ دابنرێت بەڵام جگە لەو هەرچی بێت لێی خۆش دەبێت لە هەر کەسێك کە (خوا) بیەوێت. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەشیمان بوونەوەی –تەوبەی– پیاوکوژی بە لاوە دروست بووە، وەك بەسەرهاتی ئەو کەسەی کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردووە کە سەد پیاوی کوشتووە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا –تەوبەی کردووە– خودایش تەوبەکەی لێ قەبووڵ کردووە وە چەند فەرموودەی تریش لەم بارەیەوە هاتووە. ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾، واتە: ئا ئەوانە خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە وە خوا هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە. ئیمامی ئەحمد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو زەڕەوە ڕەزای خوای لێبێت، دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (من ئاگاداری دواین کەسم لە ناو ئاگر دێتە دەر، وە دواین کەسیش لە خەڵکی بەهەشت کە دەچێتە بەهەشت، پیاوێك دەهێنرێت دەفەرموێت: گوناهە گەورەکانی بسڕنەوە پرسیاری لە گوناهە بچووکەکان لێ بکەن، دەڵێ: پێی ئەڵێن: فلانە ڕۆژە ئەوەت کردو ئەوەت کردو ئەوەت کرد وە فلانە ڕۆژیش ئەوەت کردو ئەوەت کردو ئەوەت کرد، پیاوەکەش ئەڵێ: بەڵێ ناتوانم نکوڵی لە هیچ شتێك لەوانە بکەم، پێی دەگوترێت: بێگومان بۆ هەر تاوانێکت لەو تاوانانە چاکەیەکت بۆ هەیە، پیاوەکە ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم هەندێ شتم کردووە لێرەدا چاوم پێی ناکەوێ) ئەبو زەڕ دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێکەنی هەتا دانی پیرۆزی دەرکەوت.[3] موسلیمیش بە تەنها ڕیوایەتی کردووە.[4] ئیبنو ئەبی حاتەم

---

[1] النساء (٩٣).

[2] النساء (١١٦).

[3] أحمد (١٧٠/٥).

[4] مسلم (١٧٧/١).

ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو جابیرەوە کە گوێی لە مەکحول بوو قسەی دەکرد دەڵێ: پیاوێکی گەورەو بە تەمەن کە برۆکانی کەتبوو بەسەر چاویدا هاتو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پیاوێکی ناپاکو بەدکار کە هیچ تاوانو خراپەیەك نەماوە کە دەستی بۆ نەبردبێت، خۆ ئەگەر تاوانەکانی دابەش بکرێت بەسەر خەڵکی هەموو ئاسمانەکانو زەمیندا بەشیان دەکات ئایا پەشیمان بوونەوە –تەوبەی– بۆ هەیە؟ (واتە: تەوبەی لێ قبوڵ دەکرێت؟) پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرموو: (ئایا موسڵمان بوویت –واتا موسڵمان بوونی خۆت ڕاگەیاندووە–؟) پیاوەکە وتی: بە نسیبەت منەوە (أشهد أن لا اله الاّ الله وحده لا شريك له، وأن محمداً عبده ورسوله) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بێگومان خودا خۆش دەبێت لە تۆ، مادام تۆ ئاوایت، خراپەکانیشت دەگۆڕێ بە چاکە) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناپاکیو بەدکاریەکانیشم؟ فەرمووی: (ناپاکیو بەدکاریەکانیشت) پیاکەوە ڕۆیشتو هەر (لا اله الا الله و الله اكبر)ی دەکرد (يُهَلِّل ويُكَبِّر)،[1] پاشان خوای گەورە باسی ڕەحمەتی بێپایانی خۆی دەکات بۆ بەندەکانی، ئەوانەی کە پەشیمان دەبنەوە لە گوناه و لە دنیادا با هەر تاوانێکیان کردبێت، گەورە یان بچووك، زۆر بێت یان کەم. خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا﴾ واتە: هەر کەسێك بە ڕاستی پەشیمان بێتەوەو ئاکاری چاك بکات خودا تەوبەی لێ قەبوڵ دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا بە گەڕانەوەیەکی تەواو، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾[2]، واتە: وە هەر کەس کردەوەیەکی خراپ بکات یان ستەم لە خۆی بکات پاشان داوای لێخۆش بوون لە خوا بکات دەبینێت خوا لێبوردەی میهرەبانە. وە فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾،[3] واتە: ئایا نەیانزانیووە کە بێگومان هەر خوا تەوبەو پەشیمانی لە بەندەکانی وەردەگرێت. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ﴾،[4] واتە: (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە نائومێد مەبن لە میهرەبانیو بەزەیی خودا (واتە: بۆ ئەو کەسانەی کە تەوبە دەکەن).

[1] الدر المنثور (٦/٢٨١).

[2] النساء (١١٠).

[3] التوبة (١٠٤).

[4] الزمر (٥٣).

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ كِرَامٗا ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾﴾

وە هەندێکیتر لە سیفەتەکانی بەندە ڕاستەکانی ڕەحمان

ئەمەیش یەکێکی ترە لە سیفەتە چاکەکانی بەندەکانی ڕەحمان کە هەرگیز شایەتی درۆ نادەنو قسەی ناشیرینو خراپو دوور لە دینو پڕوپوچ بە دەمیاندا نایەت، عەمری کوڕی قەیس دەڵێ: ﴿لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ﴾ واتە: لە شوێنێ قسەی ناشیرینو خراپی تێدا بکرێت دانانیشن، دیسان ئەوەشی وتووە: مەبەست بەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ﴾ ﴿ٱلزُّورَ﴾ واتە: درۆ هەڵبەستن بۆ خەڵکی بە ئارەزوو –بەعەمدی– وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبو بەکرەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئایا هەواڵتان بدەمێ دەربارەی گەورەترین تاوانی ناو تاوانە مەزنەکان؟) سێ جارئەمەی فەرموو، گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! فەرمووی: (بابزانن قسەی درۆ هەڵبەستنو شایەتیدانی درۆیە) بەردەوام دەیگوتەوە هەتا(لەدڵی خۆماندا) گوتمان: خۆزگە بێدەنگ دەبوو[1]. لە ئایەتەکەوە وا دەردەکەوێت کە مەبەست بە ﴿لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ﴾ واتە: ئامادەی شایەتی درۆ نابن، خۆ ئەگەر جارێ ڕێ بکەوێ بەوێدا بڕۆن خۆیانی لێ لادەدەن و خۆیان دەپارێزن، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَرُّواْ كِرَامٗا﴾ واتە: تێپەڕ دەکەن بە ڕێزەوە. دیسان خوای گەورە باسی سیفاتی عەبدە ڕاستەکانی ڕەحمان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا﴾، واتە: وە کەسانێکن کاتێك ئامۆژگاری بکرێن بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان ناکەون بەسەریاندا بە کەڕیو کوێری. وە لە ئایەتێکی تردا خودای مەزن هەر باسی عەبدە ڕاستەکانی خودا دەکاتو دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ﴾،[2] واتە: خاوەن باوەڕان ئەوانەن هەر کە ناوی خوا برا دڵیان ترسی لێ دەنیشێتو کاتێك قورئانیان بەسەردا دەخوێنرێت بڕوایان زیاتر دەبێتو هەر خۆیان بە خوا دەسپێرن، بە پێچەوانەی خوانەناسەوە کە وەختێ گوێیان لە قورئان بوو

[1] فتح الباري (٣٠٩/٥)، مسلم (٩١/١).

[2] الانفال (٢).

هیچ کاریان لێ ناکات‌و نایانگۆڕێت بەڵکو هەر لەسەر خراپی‌و لاساری‌و خوانەناسی‌و گومڕایی خۆیان بەردەوامن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ﴾[1] واتە: وە کاتێك کە سورەتێك بنێردرێتەوە خوارەوە (لە قورئان)، (دووڕووەکان) هی وایان هەیە دەڵێ: کام لە ئێوە بەم (سورەتە) باوەڕی زیادی کرد؟ جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ئەوە ئیمانیان زیاد دەکات (و بەهێزتر دەبێت) وە ئەوان مژدەبەخشن‌و خۆشحاڵن، بەڵام ئەوانەی لەنێو دڵیاندا نەخۆشی (ناپاکی) هەیە ئەوە ئەو سورەتە پیسی و ناپاکی تریان بۆ زیاد دەکات سەرەڕای پیسی‌و ناپاکی خۆیان. واتە: ئەوانەی کە ناو دڵیان نەخۆشە، زیاتر دەست دەدەنە خوانەناسی. لێرەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا﴾ واتە: بە پێچەوانەی خوانەناسەوە کە کاتێ گوێیان لە قورئان بوو کاریان تێناکات، لەسەر بێدینی خۆیان بەردەوامن وەك ئەوەی کەڕو کوێرن هیچ نابیسن‌و نابینن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾، واتە: ئەوانەی کە داوا دەکەن لە خوای گەورە کە لە پشت‌و ڕەچەڵکی ئەوان‌و هاوسەرەکانیان منداڵانێکی وا پەیدا بن کە گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو بکەن‌و تەنها ئەو بپەرستن‌و شەریکی بۆ دانەنێن، ئیبنو عەباس دەڵێ: مەبەستیان ئەوەیە لەو کەسانە بن کە پەیڕەوی فەرمانەکانی خوا دەکەن، وە ببنە مایەی چاوڕۆشنی بۆیان لە دنیاو لە قیامەتدا،[2] ئیمامی ئەحمەد لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: ڕۆژێ لە لای میقدادی کوڕی ئەسوەد دانیشتبووین، پیاوێك بە لایدا تێپەڕی و گوتی: خۆشبەختی بۆ ئەو دوو چاوەی کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی، حەزمان دەکرد ئەوەی تۆ چاوت پێی کەوتووەو بینیوتە ئێمەش چاومان پێی بکەوتایەو لەوێ بووینایە، میقداد توڕە بوو، منیش سەرم سوڕما چونکە ئەو پیاوە غەیری قسەی چاك هیچی تری نەگوت، پاشان میقداد ڕووی کردە پیاوەکەو گوتی: چی وا دەکات لە پیاو کە ئاوات بخوازێت کە ئامادەی شتێك بێت کە خوا پیشانی نەداوە، لەکاتێکدا نازانێ ئەگەر ئامادە بووایە چۆن دەبوو لەو کاتەدا، سوێند بە خوا زۆر هۆز لە کاتی پێغەمبەر (ﷺ)دا هەبوون‌و بڕوایان پێ نەکردو شوێنی نەکەوتن. خوای گەورە بە دەم‌و چاودا ڕایکێشان بەناو جەهەنەمدا، بۆچی سوپاسی خوای گەورە ناکەن لە سکی دایکتان هێنانیە دنیاوە، غەیری خودا کەسی ترتان نەدەناسی‌و بڕواتان بەو

---

[1] التوبة (١٢٤-١٢٥).

[2] الطبري (١٩/٣١٨).

پەیامە بوو کە بۆتان هات لە لایەن پێغەمبەرەکەتانەوەو لەو بەڵایە ڕزگارتان بوو کە خەڵکی تر تووشیان هات؟ خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) ڕەوانە کرد لە کاتێکدا کە هیچ پێغەمبەرێك تووشی ئەو نارەحەتیە نەبووە، لەو چەرخی نەفامیدا کە چاکترین ئاین لە لای ئەوانە عیبادەتی ئەو بتانە بووە کە پەرستوویانە، وەختێ پێغەمبەر (ﷺ) هاتو قورئانی هێنا هەقو ناهەقی بەوقورئانە لێك جیاکردەوە، باوكو کوڕیشی لە یەکتری جیاکردەوە، پیاوی وا هەبوو باوكو کوڕ یان برای خوانەناسی هەبوو، خوای گەورە قفڵی دڵی ئەوی کردووەتەوەو شارەزای کردووە بڕوای هێناوە، دەیزانی ئەگەر پێش بڕوا هێنان بمردایە لەناو ئاگردا دەبوو، خۆ ئەگەر بیزانیایە خۆشەویستەکەی لەناو ئاگردایە نەدەبووە مایەی چاوڕۆشنی، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ ﴾ ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی ڕاستن، بەڵام زانایانی تری فەرموودە نەیان هێناوە.[1] ﴿ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ واتە: بمانکە بە پێشەوای خۆپارێزان، ئیبنو عەباسو حەسەنو سودیو قەتادەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێن: بمانکە بە پێشەوایەك کە خەڵکی شوێنمان بکەوێت لە چاکەدا.[2] ئەوانە شارەزاو ڕێ نیشاندەرنو بانگخوازن بۆ سەر چاکە پێیان خۆشە عیبادەتی خۆیان ببەستن بە عیبادەتی ماڵو منداڵو کەسو کاریانەوەو ئەو خێرو چاکەیانە سوودەکەی بگاتە کەسانی تریش، لەبەر ئەوەی زیاتر تووشی خێرو پاداشت ببن، بۆیە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە –ڕەزای خوای لێ بێت– دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (وەختێ نەوەی ئادەم –منداڵی ئادەم– مرد کرداری دەوەستێت لە سێ شتدا نەبێت: منداڵێکی چاك کە دوعای بۆ بکات یان زانستێ سوودی لێ وەرگیرێت دوای خۆی یان خێرێکی بەردەوامو نەبڕاوە –صدقة جارية–[3].

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ بِمَا صَبَرُواْ وَيُلَقَّوۡنَ فِيهَا تَحِيَّةٗ وَسَلَٰمًا ٧٥ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ حَسُنَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ٧٦ قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡۖ فَقَدۡ كَذَّبۡتُمۡ فَسَوۡفَ يَكُونُ لِزَامَۢا ٧٧ ﴾

پاداشتی عەبدە ڕاستەکانی ڕەحمانو هەڕەشە لە خەڵکی مەککە

وەختێ خوای گەورە باسی سیفاتی عەبدە خاوەنباوەڕەکانی کرد کە چەند سیفەتی جوانو شیرینیان هەیە لە قسەو هەڵسوکەوتو کردارو ڕەفتاریاندا پاشان ئەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ ﴾ واتە: ئەوانەی ئەم خوڕەوشتە جوانانەیان هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا وان لە ناو هۆدەکانی

---

[1] أحمد (٢/٦).

[2] الطبري (٣١٩/١٩).

[3] مسلم (١٢٥٥/٣).

بەهەشتدا ﴿ٱلْغُرْفَةَ﴾ واتە: بەهەشت، ئەبو جەعفەری باقرو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەححاك و سودی دەڵێن: بەهەشت ناوبراوە بە هۆدە (الغرفة) لەبەر بەرزیەکەی ﴿بِمَا صَبَرُواْ﴾ واتە: بەهۆی ئەو خۆڕاگریانەوە کە گەردنگیرن بەو فەرمانانەوە کە خوای گەورە داوای لیٚ کردن، ﴿وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَـٰمًا﴾ واتە: لە ناو بەهەشتدا بە سڵاو ڕێز لێگرتنەوە پێشوازیان لیٚ دەکرێتو قەدرێکی زۆریان لیٚ دەگیرێت، فریشتەکان لە هەموو دەرگاکانەوە دەچنە لایانو پێیان ئەڵێن: سڵاوتان لیٚ بێت بە هۆی ئەو خۆڕاگریەتانەوە، پیرۆزتان بێت ئەم شوێنە چاكو پڕ بەختەوەریە، ﴿خَـٰلِدِينَ فِيهَا﴾ واتە: تا هەتایە تێیدا دەمێننەوەو لێی دەرناچنو ناگوێزرێنەوەو نامرنو لەناو ناچن، خۆشیان نایانەوێ بڕۆنە دەرەوە لێی. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ﴾،[1] واتە: بەڵام ئەوانەی کە بەختەوەر کراون ئەوە لە بەهەشت دان بە هەمیشەیی دەمێننەوە تیایدا تا ئاسمانو زەوی بمێنێت. وە لێرەدا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾ واتە: جیٚو شوێنێکی زۆر خۆشو پاكو دڵڕفێنە، پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ مَا يَعْبَؤُاْ بِكُمْ رَبِّى لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ﴾ واتە: خودا هیچ باکی نییە لێتان و لێتان ناپرسێتەوە، ئەگەر نەیپەرستنو دوعاو نزاتان نەبێت، چونکە خەڵکی بۆ ئەوە دروست کردووە بیپەرستنو شەریکی بۆ بڕیار نەدەنو بەیانیانو ئێواران هەر باسی پەسەنیو پاکیو بیٚ عەیبی ئەو بکەن، ﴿فَقَدْ كَذَّبْتُمْ﴾ واتە: بەبێگومان ئەی خوانەناسەکان ئێوە ئیسلام بەدرۆ ئەزانن، ﴿فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا﴾ واتە: بەم زووانە بەهۆی ئەو بیٚ دینیەتانەوە تووشی سزاو تۆڵەی سەختو قڕبوون دەبن لە دنیاو لە قیامەتدا، لەو سزایانەی کە خوا تووشی خوانەناسانی قوڕەیشی کرد جەنگی بەدر بوو کە زۆرێك لە قوڕەیشیەکان کوژرانو دەست بەسەر کران، وەك عەبدوڵای کوڕی مەسعودو ئوبەیی کوڕی کەعبو موحەمەدی کوڕی کەعبی قورەزیو موجاهیدو زەححاكو قەتادەو سەدیو کەسانی تریش وتوویانەو ئێمەش وا مانایان لێك داوەتەوە.[2]

حەسەنی بەسری دەڵیٚ: ﴿فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا﴾ واتە: توشی سزا دەبن لە ڕۆژی قیامەتدا بە

---

[1] هود (١٠٨).

[2] الطبري (١٩/٣٢٤)، وعبدالرزاق (٣/٧٢).

بەردەوامی.[1] هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەم دوو قسەیەدا نیە، كۆتایی تەفسیری سورەتی (الفرقان) سوپاس‌و ستایش بۆ خوای گەورە.

تەفسیری سورەتی (الشعراء) لە مەككە هاتووەاە خوارەوە

لە تەفسیری (مالك)دا كە ڕیوایەت كراوە لێیەوە ناوبراوە بە سورەتی جامیعە (الجامعة)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢﴾ لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٣﴾ إِن نَّشَأۡ نُنَزِّلۡ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةٗ فَظَلَّتۡ أَعۡنَٰقُهُمۡ لَهَا خَٰضِعِينَ ﴿٤﴾ وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ مُحۡدَثٍ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهُ مُعۡرِضِينَ ﴿٥﴾ فَقَدۡ كَذَّبُواْ فَسَيَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٦﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَمۡ أَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴿٧﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩﴾﴾

قورئان‌و گوێ پێنەدانی خوانەناس پێی‌و خودا مەیلی لێبوایە ملی پێ کەچ دەکردن‌و بڕوایان دەهێنا لە پێشەوە قسەمان لەسەر ئەم پیتانە -ط،س،م- کرد لە سورەتی (البقرة)، پێویست ناكات لێرەدا جارێکی تر باسی بکەینەوە، ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ﴾ واتە: ئەمە ئایەتەکانی قورئانە کە دیارو ڕونن، واتە: زۆر واتاکانی ئاشکراو ڕوونن‌و هەق‌و ناهەق‌و گومڕایی‌و لە شارەزایی جیادەکاتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ): ﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ﴾ واتە: لەوانەیە خۆت لەناو بەری کە ئەوەندە هەوڵ ئەدەی‌و خەفەت دەخۆی‌و دلگران دەبیت، ﴿أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ﴾ واتە: لەبەر ئەوەی ئەوانە بڕوا ناهێنن، ئەمە خۆی دڵ دانەوەیەکی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بۆ ئەوەی زۆر ناڕەحەت نەبێت لەوەی کە ئەو خوانەناسانە بڕوا ناهێنن وەك لە چەند ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍ﴾،[2] واتە: دەی بە خەفەت خواردن لەبەر (ئیمان نەهێنانی) ئەوان خۆت مەفەوتێنە. وە فەرموویەتی: ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا﴾،[3] واتە: جا لەوانەیە خۆت لەناوبەری لەبەر کردەوەی ئەوان ئەگەر ئیمان نەهێنن بەم قورئانە لە داخ‌و خەفەتدا (بمریت). موجاهیدو عیکریمەو قەتادەو عەتیەو زەحاك‌و حەسەن‌و کەسانی تریش گوتوویانە: ﴿لَعَلَّكَ

---

[1] الدر المنثور (٦/٢٨٧).

[2] الفاطر (٨).

[3] الكهف (٦).

بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ﴾ واتە: لەوانەیە خۆت بکوژی.[١] خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِن نَّشَأۡ نُنَزِّلۡ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةٗ فَظَلَّتۡ أَعۡنَٰقُهُمۡ لَهَا خَٰضِعِينَ﴾ واتە: ئێمە ئەگەر مەیلمان لێ بێت بەڵگەیەك لە ئاسمانەوە دەنێرین وایان لێ دەکەین بە زۆر باوەڕی پێ بهێنن، بەڵام ئێمە وا ناکەین، چونکە ئێمە نامانەوێ کەس بە زۆر بڕوا بهێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئارەزووی خۆی بڕوا بێنێت، وەك لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ كُلُّهُمۡ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ﴾[٢]، واتە: وە ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەو(خەڵکەی) وا لە زەویدا هەموو تێکڕا بڕوایان دەهێنا دەی ئایا تۆ (ئەی موحەمەد (ﷺ)) زۆر لە خەڵکی دەکەیت هەتا ببنە بڕوادار. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ﴾[٣]، واتە: گەر پەروەردگارت بیویستایە گشت خەڵکی دەکرد بە(پەیڕەوانی) یەك ئایین بەڵام ئەوان بەردەوام جیاواز دەبن. خوای گەورە بڕیاری خۆی بەجێ هێنا بە کارزانی خۆی وە گەورەترین نیشانەی خۆی پیشانی خەڵکی دا بە ڕەوانەکردنی پێغەمبەرانو ناردنی کتێبەکان بۆیان، پاشان فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ مُحۡدَثٍ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهُ مُعۡرِضِينَ﴾ واتە: هەر کاتێك لە ئاسمانەوە کتێبێکیان بۆ بێت زۆربەی خەڵکی ڕووی لێ وەردەگێڕن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾[٤]، واتە: وە زۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سوور بیت (لەسەر باوەڕهێنانیان) نابنە ئیماندار. وە فەرموویەتی: ﴿يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾[٥]، واتە: پەشیمانی و داخی سەخت بۆ ئەو بەندانەی (کە بێباوەڕن) هەر پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە تەنها گاڵتەیان پێ دەکردو (هیچی تر). وە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَاۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةٗ رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ﴾[٦]، واتە: لە پاشان پێغەمبەرانی خۆمان یەك لە دوای یەك نارد هەر کاتێك ئومەتێك لە خۆیان پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە باوەڕیان پێ نەدەهێنا. بۆیە لێرەدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَقَدۡ كَذَّبُواْ فَسَيَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾ واتە: ئەوانە بڕوایان بەو

---

[١] الطبري (١٩/٣٣٠)، الدر المنثور (٦/٣٦٠).

[٢] یونس (٩٩).

[٣] هود (١١٨).

[٤] یوسف (١٠٣).

[٥] یس (٣٠).

[٦] المؤمنون (٤٤).

هەقە نەهێنا کە بۆیان هات، بەو زووانە هەواڵی ئەو باوەڕ نەکردنەیان‌و گاڵتەو لاقرتەیان پێدەگات‌و دەیزانن، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَىَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ﴾[1]، واتە: وە ئەوانەی ستەمیان کردووە لەمەودوا دەزانن کە چۆن گەڕانەوەیەك دەگەڕێنەوە (بۆ لای خوا دوای مردن). پاشان خوای گەورە باسی مەزنی دەسەڵاتی خۆی دەکات کە چەندە خاوەن تواناو هێزو دەسەڵاتە، وە ئەوانەی چەندە نەترسانە دژایەتی پێغەمبەرەکەی دەکەن‌و بڕوا بە کتێبەکەی ناکەن، ئەو خوایەی کە زاڵە بەسەر هەموو شتێکداو زەوی دروست کردووەو لە هەموو جۆر دروستکراوەکانیدا نێرو مێی وەدی هێناوە لە کشتوکاڵ‌و بەرهەمەکان‌و گشت گیانەوەرەکاندا، سوفیانی سەوری لە پیاوێکەوە ئەگێڕێتەوە و ئەویش لە شەعبیەوە کەدەڵێ: خەڵکی لە ڕووەکی ناو زەمینەوە سەرچاوەی گرتووە و هەر کەسێکیش چووە ناو بەهەشت ئەوە بەڕێزە، ئەو کەسەش چووە ناو ئاگر سووك‌و ڕیسوایە[2]. ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلْأَرْضِ كَمْ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴾ واتە: ئایا سەیری زەوی ناکەن چەندمان ڕواندووە تیایدا لە هەموو جۆرێکی چاکی بە کەڵك. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ واتە: لەمەوە نیشانەی توانای خوا دەردەکەوێت بەسەر هەموو شتێکدا، کە زەمینی ڕاخستووەو ئاسمانی بەو بەرزیە ڕاگرتووەو کەچی زۆربەی خەڵکی هەر بڕوا ناهێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە حاشا دەکەن‌و شوێن پێغەمبەرەکانی‌و کتێبەکانی ناکەون کە بۆی ناردوون‌و دژایەتی فەرمانەکانی دەکەن‌و سنوورەکانی خودا دەبەزێنن، ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ﴾ واتە: هەر پەروەردگارتە دەسەڵات دەدات بە هەموو شتێك‌و بەرزی دەکاتەوەو هەر ئەویشە زاڵە‌و سەردەکەوێ بە سەریدا، واتە: هەموو دەسەڵاتێ هەر بۆ خودایە، ﴿ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: بەخشندە و دلۆڤانە بەرامبەر دروستکراوەکانی پەلە ناکات لەوانە کە لێی یاخی دەبن‌و بەڵکو مۆڵەتیان دەدات‌و تۆڵە لێسەندنیان دوا دەخات، پاشان زۆر بەتوندی جەربەزەیان دەدات، ئەبول عالیەو و قەتادەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەس‌و ئیبنو ئیسحاق دەڵێن: ﴿ٱلْعَزِيزُ﴾ واتە: خاوەن دەسەڵات لە تۆڵە سەندن‌و زاڵ بەسەر ئەوانەی دژایەتی فەرمانەکانی دەکەن‌و غەیری ئەو دەپەرستن.[3] سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: ﴿ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: دلۆڤانە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە بۆ لای‌و تەوبە دەکەن.

---

[1] الشعراء (٢٢٧).

[2] الدر المنثور (٦/٢٨٩).

[3] الطبري (٢٣/٣٠٤/٣/٢٦٠/٥/٥١١).

﴿ وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئْتِ ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ۚ أَلَا يَتَّقُونَ ﴿١١﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ
﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدْرِى وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِى فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ وَلَهُمْ عَلَىَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴿١٤﴾ قَالَ
كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ﴿١٥﴾ فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا
بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٧﴾ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ ٱلَّتِى فَعَلْتَ وَأَنتَ
مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٢٠﴾ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى
مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢١﴾ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ ﴾

لە نێوان موساو فیرعەوندا

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەرو هەڵبژاردەی خۆی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) دەکات کاتێك کە لە لای ڕاستی کێوی تورەوە بانگی کرد و قسەی لەگەڵدا کردو هەڵیبژاردو ڕای سپارد بڕوات بۆ لای فیرعەون و داروودەستەکەی، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئْتِ ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ۚ أَلَا يَتَّقُونَ ﴿١١﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدْرِى وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِى فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ وَلَهُمْ عَلَىَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴾، واتە: ئەو کاتەی پەروەردگارت بانگی موسای کرد کە بڕۆ بۆ لای ئەو گەلە ستەمکارە، کە گەلەکەی فیرعەونە ئایائەوان ناترسن (بێ فەرمانی خوا دەکەن)، موسا وتی ئەی پەروەردگارم! بە ڕاستی من دەترسم بڕوام پێ نەکەن وە دڵم تەنگ ببێت وە دەترسم بە چاکی قسەم بۆ نەکرێ و زمانم بەر نەبێت، کەواتە خوایە جوبرەئیل بنێرە بۆ لای هاروون و بیکە بە پێغەمبەر بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات، وە گەلی فیرعەون تۆڵەی تاوانێکیان لەسەرمە بۆیە دەترسم کە بمکوژن. ئەمانە چەند کۆسپ و تەگەرەیەك بوون لە ڕێی موسادا دەپاڕایەوە لە خوا لای ببات لە ڕێیداو بۆی ئاسان بکات. وەك خوای گەورە لە سورەتی (طه) فەرموویەتی: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ﴿٢٨﴾ وَٱجْعَل لِّى وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِى ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِى ﴿٣٠﴾ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِى ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِىٓ أَمْرِى ﴿٣٢﴾ كَىْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا ﴿٣٣﴾ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴿٣٥﴾ قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴾[1]، ﴿ وَلَهُمْ عَلَىَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴾ موسا وتی: دەترسم بمکوژن چونکە من قیبتیەکم (القبطي) لەوان کوشتووە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە میسر ڕای کردو دەرچوو، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ قَالَ كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ﴾ خوای

[1] طه (٢٥-٣٦).

گەورە فەرمووی بە موسا: نەخێر، لە هیچ شتێك لەوانە مەترسە كەواتە هەردووكتان بە موعجیزەكانمانەوە بڕۆن ئێمە لەگەڵتان ئەبیستین، وەك فەرموویەتی: ﴿فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِآيَاتِنَا أَنتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ﴾[1] واتە: ئەوسا بە هۆی ئایەتەكانی ئێمەوە دەستیان بە ئێوە ناگات تەنها ئێوە (موساو هارون) وە هەر كەس شوێنتان دەكەوێ سەركەوتوودەبێت. ئەم ئایەتە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە كە دەفەرموێت: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَىٰ﴾[2] واتە: من لەگەڵتانم دەتانپارێزمو ئەبیستم و چاوم لێتانەو پشتگیریتان لێ دەكەمو سەرتان دەخەم، ﴿فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾، واتە: دەسا هەردووكتان بڕۆنە لای فیرعەونو هەردووكتان بڵێن بە ڕاستی ئێمە پێغەمبەری پەروەردگاری جیهانیانین. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە كە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ﴾،[3] واتە: هەریەكێ لە ئێمە ڕاسپێراوی پەروەردگاری تۆین، ﴿أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ موسا وتی: نەوەی ئیسرائیل ئازاد بكەو دەست بەسەریان مەكە، ئەوەندە جەریەزەیان مەدەو مەیان چەوسێنەوە، چونكە ئەوانە لە بەندە خاوەنباوەڕو پاكەكانی خودان كە تۆ سزای توندیان دەدەیو سوكایەتیان پێ دەكەی، كاتێك كە موسا ئەم قسانەی كرد، فیرعەون ئەم قسانەی موسای زۆر بە لاوە گران بوو، سەیرێكی موسای كردو بە چاوێكی بێ ڕێزەوە گوتی: ﴿قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا﴾ واتە: ئایا تۆ ئەو كەسە نیت كە بەخێومان كردی لە ماڵی خۆمانداو لەسەر جێی خۆمانو بە خۆراكی خۆمان گەورەمان كردیو لەو ماوەیەدا ئەو هەموو چاكەمان لەگەڵ كردی، ﴿وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ﴾ واتە: وە تۆ چەندساڵێك لە تەمەنت لەناو ئێمەدا نەمایتەوە. پاش ئەم هەموو پیاوەتیە، پاداشتی چاكەكانمان بەم شێوەیە دەدەیتەوە ﴿وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ﴾ واتە: وە ئەو كردەوە خراپەشت كرد كە كردت، كە پیاوێكیشت لێ كوشتین، چاكەكانی ئێمەت هیچ لەبەر چاو نیەو حاشای لێ دەكەی، بۆیە وتی: ﴿وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ واتە: تۆ لەو كەسانەی كە سوپاس گوزار نین –سپڵەن– ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو عبدالرحمن ی كوڕی

---

[1] القصص (٣٥).

[2] طه (٤٦).

[3] طه (٤٧).

زەیدی کوڕی ئەسلەمە و ئیبنو جورەیریش هەر وای گوتووە.[١] ﴿قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا﴾ واتە: وتی: ئەو وەختە من ئەوەم کرد ﴿وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ واتە: گومڕا بووم هێشا نیگام بۆ نەهاتبوو، خوای گەورە ڕێزی لێ گرتم پەیامی خۆی پێدام و کردوومی بە پێغەمبەر ﴿فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾، واتە: ئینجا ڕام کردو هەڵهاتم لە ئێوە کاتێك ترسام لێتان ئەوسا پەروەردگارم حیکمەتی (پێغەمبەرایەتی) پێ بەخشیم منی خستە ڕیزی پێغەمبەرانەوە. واتە: یانی ئەو ژیانەم ڕۆیشتو ژیانێکی ترم دەست پێکردووە، خوای گەورە منی ڕاسپاردووە بۆ لای تۆ، ئەگەر فەرمانی خودا بەجێ بێنی ڕزگارت بووە، خۆ ئەگەر لە فەرمانی دەرچی لەناو دەچی، پاشان موسا فەرمووی: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ واتە: لە باتی ئەو چاکەی کە تۆ لەگەڵ من کردووتەو منت بەخێو کردووە، ئەو هەموو خراپەیە لەگەڵ بەنی ئیسرائیل دەیکەیو کردوتن بە ڕەنجبەری خۆت هەرچی کاری گران هەیە بە ئەوانی دەکەی، واتە ئەوەی تۆ کردووتە لەگەڵ بەنی ئیسرائیل لە چاو ئەو چاکەی لەگەڵ منت کردووە، هەر باس ناکرێتو چاکەو پیاوەتی نیە.

﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ (٢٣) قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ (٢٤) قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُۥٓ أَلَا تَسْتَمِعُونَ (٢٥) قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ (٢٦) قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ ٱلَّذِىٓ أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ (٢٧) قَالَ رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ (٢٨)﴾

خوای گەورە باسی بێدینی فیرعەونو یاخیبوونو لە ئەندازە دەرچوونو حاشاکردنی دەکات لە بوونی خودا وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: فیرعەون وتی: پەروەردگاری جیهانیان کێیە؟ چونکە ئەو دەیگوت بە گەلەکەی وەك خوا دەفەرموێت: ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى﴾[٢]، واتە: وا نازانم جگە لە من خودایەکتان هەبێت، ﴿فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ﴾[٣] واتە: گەلەکەی خەڵەتاندو سەری لێشێواندن ئەوانیش شوێنی کەوتنو بڕوایان بە وەدیهێنەری جیهان نەبوو حاشایان لێ دەکردو وایان دەزانی غەیری فیرعەون هیچ پەروەردگارێکی تریان نییە، کاتێك کە موسا فەرمووی بە فیرعەون: من ڕاسپێراوم لە لایەن پەروەردگاری جیهانەوە، فیرعەون وتی: ئەو کەسە کێیە کە تۆ بە پەروەردگاری جیهانی دەزانی جگە لە من؟ زانایانی پێشینەو

---

[١] الطبري (١٩/٣٤٠).

[٢] القصص (٣٨).

[٣] زخرف (٥٤).

پاشینەش (السلف والخلف) هەر وایان مانا کردووە، بەڵکو سودی دەڵێ: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ﴾[1]، واتە: وتی: پەروەردگاری ئێوە کێیە؟، موسا وتی: پەروەردگاری ئێمە ئەو کەسەیە کە هەرچی وەدی هێناوە پێویستی خۆی بە تەواوی پێداوە، ئەو کەسانەی خۆیان بە ئەهلی مەنتیق دەزانن‌و کەسانی تریش، وا دەزانن ئەم پرسیارە باسی ماهیەتی خوا دەکات. ئەوان لەوەدا هەڵەن نەیانپێکاوە، چونکە فیرعەون هەر دانی بە بوونی خودادا نەناوە هەتا باسی چۆنیەتی ئەو خودایە بپرسێت، بەڵکو هەر حاشای لە بوونی خودا کردووە وەك دەردەکەوێت‌و دیارە، هەرچەندە زۆر نیشانەو بەڵگەی بۆ ڕوون کراوەتەوەو پیشانی دراوە، کاتێك فیرعەون پرسیاری لە موسا کرد کە پەروەردگاری جیهان کامەیە، موسا وتی: ﴿قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَآ﴾ وەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و دەمینەوئەوەش لە نێوانیان دایە، خاوەن و هەڵسوڕێنەریەتی و شەریکی نیە، هەمووی خۆی دروستی کردووە بەو هەموو ئەستێرە وەستاوو گەڕۆك و پڕشنگدارانەوە کە پڕشەیان لێوە دێت، وە ئەو جیهانەی سەر زەوی کە پڕە لە دەریاو دەشت‌و بیابان‌و کێوو گیاندارو ڕووەك‌و هەموو جۆرە میوەیەك‌و کەش‌و هەواو ئەو هەموو گازانە کە تێیدایە، هەموو بە تێکرا کڕنووشی بۆ دەبەن‌و گوێڕایەڵی فەرمانی خودان‌و بەندەی ملکەچی ئەون ﴿إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە دڵنیان. یانی ئەگەر ڕاست دەکەن‌و بڕوایەکی تەواوتان هەیە، ئا لەو کاتەدا فیرعەون سەیرێکی وەزیرو کاربەدەست‌و دارودەستەکانی کرد کە بە دەوریا بوون پێی گوتن: بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی‌و سوکایەتیکردن بە موساو بۆ بە درۆخستنەوەی ﴿قَالَ لِمَنۡ حَوۡلَهُۥٓ أَلَا تَسۡتَمِعُونَ﴾ واتە: وتی بەوانەی دەوروبەری دابوون ئایا گوێتان لێیە؟ یانی ئاخۆ ئەم قسەی موسا دەیکات بە لاتانەوە سەیر نیە، کە دەڵێ جگە لە من ئێوە خودایەکی ترتان هەیە؟ موسا پێی وتن: ﴿قَالَ رَبُّكُمۡ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ وەدی هێنەری ئێوەو باب‌و باپیرانیشتانە کە لە پێش زەمانی فیرعەونەوە هاتوون‌و نەماون. ﴿قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ ٱلَّذِيٓ أُرۡسِلَ إِلَيۡكُمۡ لَمَجۡنُونٞ﴾ واتە: فیرعەون گوتی بە گەلەکەی خۆی ئەو پێغەمبەرەی کە ڕەوانە کراوە بۆ لای ئێوە شێتەو عەقڵی نیەو درۆ دەکات کە ئێژێ جگە لە من پەروەردگاریەکی ترتان هەیە، موسا گوتی بەو کەسانەی کە دەوری فیرعەونیان دابوو، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەداو فریوی ئەدان‌و گومانی لە دڵیاندا دروست کردبوو، ﴿قَالَ رَبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَمَا بَيۡنَهُمَآۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ واتە: موسا وتی

[1] طه (٤٩–٥٠).

پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەو ڕۆژئاوایەو ئەوەی لە نێوانیاندایە ئەگەر ئێوە بیربکەنەوەو ژیر بن. یانی: ئەو خودایەکە خۆرهەڵاتی کردووە بە خۆرهەڵاتو ئەستێرەکانی لێوە هەڵدێتو خۆرئاوایشی کردووە بە خۆرئاوا کە ئەستێرەکانی تێدا ئاوا دەبێت، چ ئەستێرەی گەڕۆك یان وەستاو، لەگەڵ ئەو وردەکاریورێکخستنەی کە ڕایهێناوەو دیاری کردووە. ئەگەر ئەو کەسەی -واتە فیرعەون- وا دەزانێ کە پەروەردگارو خوای ئێوەیەو ڕاست دەکات، با پێچەوانەوە خۆرهەڵات بکات بە خۆرئاواو، خۆرئاوایش بکات بە خۆرهەڵات، وەك خوای خاوەن دەسەڵات لە بارەی ئەو کەسەی کە مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) کردووە فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ﴾ [1]، واتە: ئایا ئاوڕێك نادەیتەوە بە لای ئەو (نەمرود)ەی کە دەمەقاڵێی کرد لەگەڵ ئیبراهیم (پێغەمبەردا (علیه السلام)) دەرهەق بە پەروەردگاری لەبەر ئەوەی خوا پادشایی دابویە کاتێ کە ئیبراهیم (لە وەڵامی نەمروددا) وتی: پەروەردگاری من ئەو زاتەیە ژیان دەداو ژیان دەستێنێ (نەمرود) وتی: منیش ژیان دەدەمو ژیان دەستێنم (دوو زیندان کراوی هێنا یەکێکیانی ئازاد کردو ئەویانی کوشت) ئیبراهیم وتی: بێگومان خوا خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵ دێنێ دە (ئەگەر دەتوانیت) تۆ لە ڕۆژئاواوە هەڵی بێنە ئەنجا دەمکوت بوو ئەو بێبڕوایە. بۆیە کاتێك کە فیرعەون تێکشکاو سەرنەکەوتو هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەما، پەنای بردە بەر دەسەڵاتو هێزو توانای خۆی، وای دەزانی بەکارهێنانی هێز بەسوودترو چاکترین ڕێگایە بۆ ئەوەی موسا ناچار بکات واز بێنێ.

﴿قَالَ لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَـٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَىْءٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾ قَالَ فَأْتِ بِهِۦٓ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِىَ بَيْضَآءُ لِلنَّـٰظِرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُۥٓ إِنَّ هَـٰذَا لَسَـٰحِرٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِۦ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿٣٥﴾ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَـٰشِرِينَ ﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾﴾

کاتێك موسا بەڵگەی تەواوی هێنایەوە بۆ فیرعەون بۆی ڕوون کردەوە کە ئەو خودا نیە، خوای گەورە خاوەنی توانایەکی بێ هاوتایە، فیرعەون دەستی دایە بەکارهێنانی هێز بۆ ئەوەی موسا ناچار بکات چۆك دابداتو واز بێنێت، چونکە هاتە سەر ئەو بڕوایە جگە لە زۆر هیچ شتێکی تر سوودی نیە

[1] البقرة (٢٥٨).

لەگەڵ موسادا، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ﴾ واتە: ئەگەر غەیری من خودایەکی تر بپەرستن لە بەندیخانەت توند دەکەم، بۆیە موسا گوتی: ﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: ئەگەر بەڵگەیەکی تەواوو ئاشکرام بۆ هێنای هەر وازم لێ ناهێنیو بەندم دەکەی، ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾ واتە: کاتێك کە موسا گۆچانەکەی فڕێ دا بوو بە ئەژدیهایەك هەر بە ئاشکرا هەموو کەسێك دەیبینیو زۆر ترسناك بوو دەمێکی پانو چوارپەلێکی گەورەو هەیکەلێکی زلی هەبوو، ﴿وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ﴾ واتە: دەستی لە باخەڵەکانی دەرهێنا بۆ ئەوانەی سەیریان دەکرد، دەستی وەك مانگ تریفەی دەهاتو دەدرەوشایەوە، فیرعەون گورجو بە پەلە دەستی دایە قسەی خراپو لاساریو بە درۆی دەخستەوەو وتی: بە داروودەستەکەی خۆی -کە دەوریان دابوو-: ﴿قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: فیرعەون وتی: بەو خەڵکەی لەو ناوەدا کۆبووبوونەوە بە ڕاستی ئەم موسایە جادوگەرێکی زۆر لێزانو بە توانایە، فیرعەون هەوڵی دەدا ئەو خەڵکە قەناعەت پێ بکات کە موسا جادوگەرە، ئەوەی دەیکاتو چاویان پێی دەکەوێت موعجیزە نیە، هەڵی دەنان کە دژایەتی بکەنو بڕوای پێ نەکەنو دەیگوت وەك خوا فەرموویەتی: ﴿يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ﴾ فیرعەون تی: ئەوسا بزانن موسا دەیەوێ دڵی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بە هۆی ئەو جادوگەرەیەوە، هەتا دۆستو لایەنگرو پشتیوان بۆ خۆی زیاد بکاتو دەوڵەتی ئێوە لەناوبەرێتو داگیری بکات. سا بزانم ئێوە چی دەڵێنو چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم؟ ﴿قَالُوا أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَابْعَثْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ ﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ﴾ واتە: موساو براکەی لێوە ڕاگرە هەتا گشت جادوگەری وڵاتەکەت بۆ کۆ دەکەنەوەو دەیهێننە لات، لەو جادوگەرانەی کە زۆر شارەزاو بە توانان، وەك چۆن موسا جادووی کرد ئەوانیش بیکەن، ئەو کاتە تۆ زاڵ دەبیو سەرکەوتن هەر بۆ تۆ دەبێت خەڵکیش پشتیوانی لە تۆ دەکەن، فیرعەون داواکەی قەبوڵ کردنو ئەم شتەش لە خواوە بوو کە ئەو داوایەیان لە فیرعەون کردو فیرعەونیش قبوولی کرد، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە شوێنێکدا کۆ بکرێتەوە، هەتا گەورەییو تواناو دەسەڵاتی خودا بە ئاشکرا دەرکەوێت بۆیان لە ڕۆژێکی وادا.

﴿فَجُمِعَ السَّحَرَةُ لِمِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ ﴿٣٩﴾ لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إِن كَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ ﴿٤٠﴾ فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالُوا لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ ﴿٤١﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٢﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ ﴿٤٣﴾ فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ

ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿٤٥﴾ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿٤٦﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿٤٨﴾﴾

لەنێوان موساو (سەلامی خوای لیٚ بێت) جادووگەرەکاندا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَجُمِعَ ٱلسَّحَرَةُ لِمِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ﴾، واتە: ئینجا ئەو جادوگەرانە کۆکرانەوە لە کاتو ڕۆژی دیاری کراودا، وە بە خەڵکیش وترا ئێوەش کۆدەبنەوە؟ خوای گەورە باسی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی موساو قیبتیەکان دەکات کاتێك کە کۆبوونەوە لە ڕۆژێکدا بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان موسا ببینن کە تێکدەشکێتو جادووگەرەکانی فیرعەون سەردەکەون وەك خوای گەورە لە سورەتی ئەعرافو تاها و ئەم سورەتەدا باسی کردووە، چونکە فیرعەونو قیبتیەکان دەیانویست ڕووناکی خودا بە دەم بکوژێننەوەو خوایش ناهێڵێت نووری خۆی بکوژێتەوەو ئەو نوورو پەیامەی خۆی دەگەیەنێتو تەواوی دەکات با خوانەناسانیش زۆر پێیان ناخۆش بێتو لە خەمو خەفەتیشدا بمرن، ئەمەیش سونەتو باوی خودایە هەر کاتێك کوفرو ئیمان ڕووبەڕووی یەکتری وەستابن، باوەڕ سەرکەوتووە بەسەر کوفرو بێباوەڕیدا، ﴿بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ﴾[1]، واتە: (واز لەوە بێنە) بەڵکو حەق دەکێشین بەسەر بەتاڵو ناحەقدا بەوهۆیەوە (بەتاڵ) مێشکی دەپڕژێو تێکدەشکێ ئینجا دەست بەجێ بەتاڵ دەفەوتێو لەناو دەچێت، هاوار (سزای بەتین) بۆ ئێوە لەبەر ئەوەی دەیڵێنو ڕەوای دەدەن بۆ خوا (لە هاوسەرو منداڵ). ﴿وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُ ۚ إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾[2]، واتە: وە بڵێ ئایینی ڕاست هات وە ئایینی ناهەقو بەتاڵ نەماو ڕۆیشت بە ڕاستی بەتاڵ هەمیشە لەناوچووە. بۆیە کاتێك کە جادوگەرەکان هاتن، کە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتەوە هێنرابوونو کۆکرابوونەوە، لەو زەمانەدا جادوگەری زۆر باو بوو جادوگەریی لێزانو زۆر بە توانا هەبوو کە لە ژمارە نەدەهاتن، هەر خوا دەزانێ بە ژمارەیان، خەڵکێکی زۆر هاتنو لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوە، دەیانگوت ئەگەر ئەو جادوگەرانە سەرکەوتن ئێمەش شوێن ئەو جادوگەرانە دەکەوین وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ ٱلسَّحَرَةَ إِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَٰلِبِينَ﴾، نەیان وت شوێنی هەق دەکەوین ئیتر کەیفی خۆیەتی جادوگەرەکان لەسەر هەقن یان موسا، سروشتی ژێردەستە هەر وایە زۆربەیان لەسەر ئایینی کاربەدەستن، ﴿فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ﴾ واتە:

---

[1] الانبیاء (١٨).

[2] الاسراء (٨١).

کاتێك کە جادوگەرەکان هاتن بۆ مەجلیسی فیرعەون، کە شوێنێکی چاکیان بۆ ڕازاندبووەوە هەرچی داروودەستەو خزمەتکارو کاربەدەستو وەزیر هەبوو لە دەوروبەری کۆبوونەوە، لەشکرێکی زۆری وڵاتەکەیشی لێ بوو، جادوگەرەکان هەستانو لەبەردەم فیرعەوندا داوای پاداشتو نزیك بوونەوەی خۆیان کرد لە فیرعەون ئەگەر سەرکەوتنو بردیانەوە لە موسا ﴿قَالُوٓاْ لِفِرۡعَوۡنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ﴾ واتە: وتیان بە فیرعەون: ئایا بە ڕاستی پاداشتمان هەیە ئەگەر ئێمە زاڵو سەرکەوتوو بین. ﴿قَالَ نَعَمۡ وَإِنَّكُمۡ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ﴾ فیرعەون وتی: بەڵێ پاداشتی چاکترتان دەدەمەوەو دەتانکەمە نزیکترین کەسو لە لای خۆم دەمێننەوەو لەگەڵ خۆم دادەنیشن، ئەوسا گەڕانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسا (سەلامی خوای لێ بێت)، وە لە ئایەتی تردا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ٦٥ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ﴾[1] واتە: (ساحیرەکان) وتیان: ئەی موسا یا تۆ (جادووەکەت) فڕێدە یان ئێمە لەسەرەتاوە فڕێی دەدەین، (موسا) فەرمووی: نەخێر ئێوە (لە پێشەوە) فڕێی بدەن. لێرەدا بە کورتی هێناویەتی ﴿أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ٤٣ فَأَلۡقَوۡاْ حِبَالَهُمۡ وَعِصِيَّهُمۡ وَقَالُواْ بِعِزَّةِ فِرۡعَوۡنَ إِنَّا لَنَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبُونَ﴾، واتە: بیهاوێژن ئەوەی ئێوە هاوێژەریانن، ئەوانیش گوریسو حەبلو داردەستەکانیان فڕێداو وتیان: سوێند بەگەورەیی فیرعەون بە ڕاستی هەر ئێمە زاڵو سەرکەوتووین. ئەمە وەك ئەوە وایە کە هەرزەو نەزان کە خەڵکی بێئاوەز کاتێ شتێك دەکەن ئەڵێن: ئەم کارە دەکەین لە باتی فلانە شت کە پێمان بدرێت، خوای گەورە لە سورەتی (الاعراف)دا باسی دەکات کە ئەو جادوگەرانە لەبەر چاوی ئەو خەڵکە هەندێ جادوویان کرد ترسیان وەبەرهێنان، وەك فەرموویەتی: ﴿سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ﴾[2] واتە: چاوبەستیان لە خەڵك کردو ترسێکی گەورەیان خستە دڵیانەوە وە جادوویەکی گەورەیان نواند. وە لە سورەتی (طه)یشدا فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ٦٦ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٦٨ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ﴾[3]، واتە: (ئەوانیش فڕێیاندا) جا لە ناکاودا گوریسو داردەستەکانیان وا هاتە پێش چاوی (موسا) بەهۆی جادووەکەیانەوە کە بە ڕاستی دەجوڵێنو دەڕۆن جا موسا لە دڵی خۆیدا کەمێ

[1] طه (٦٥).

[2] الاعراف (١١٦).

[3] طه (٦٦-٦٩).

ترسا، وتمان پێی: مەترسەو بێباك بە، بێگومان هەر تۆ سەرکەوتوو دەبی، ئەوەی لە دەستی ڕاستتدایە (کە گۆچانەکەتە) فڕێی بدە هەرچی (جادوویەك) ئەوان کردوویانە قوتی دەدات و هەڵی دەلوشێ بێگومان ئەوەی ئەوانە کردوویانە تەنها فڕوفێڵی جادو بازانە و جادووبازیش سەرکەوتوو نابێ لە هەر کوێوە هاتبێت (هەرچی بکات). وە لێرەیشدا فەرموویەتی: ﴿فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ﴾ واتە: موسا (سەلامی خوای لێ بێت) گۆچانەکەی خۆی فڕێ داو بە زوویی‌و لە پڕ هەموو جادووی جادوگەرانی هەڵوشی‌و هیچی نەهێشتنەوە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾[1]، واتە: ئیتر ڕاستی دەرکەوت‌و ڕوون بوویەوە ئەوانیش هەرچی (سیحر)یان کردبوو پوچەڵ بوویەوە هەر لەوێدا (فیرعەون‌و شوێنکەوتووانی) ژێرخران‌و دۆڕان‌و بە ڕیسوایی گەڕانەوە، وە جادوگەران هەموویان سوژدەیان برد (بۆ پەروەردگاریان)، (ساحیرەکان) وتیان: ئێمە بڕوامان هێنا بە پەروەردگاری جیهانیان، کە پەروەردگاری موساو هاروونە. ئەم کارەساتە ڕووداوێکی زۆر گرنگ‌و گەورە بوو، بەڵگەیەکی ئەوەندە گەورەو بەهێز بوو هیچ بڕوبیانوویەکی نەهێشتەوە نە بۆ فیرعەون‌و دارودەستەکەی‌و، نە بۆ جادوگەرەکان. چونکە ئەو جادوگەرانەی کە فیرعەون داوای پارمەتی‌و سەرکەوتنی لێدەکردن بۆ زاڵ بوون بەسەر موسادا دۆڕاندیان، بەڵێ دۆڕاندیان‌و ملیان کەچکرد و بڕوایان هێنا بە موساو لەو کاتە چارەنووس سازەدا سوژدەیان برد بۆ پەروەردگاری جیهان، وەك خودای مەزن لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿٤٦﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ واتە: جادووکەرەکان هەموویان سوژدەیان برد بۆ خوا و وتیان: ئەوا باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهانیان، ئەو خودایەی کە موساو هارونی ڕەوانە کرد بەو ڕاستیەو موعجیزەی خۆی پێدان، بەڵێ فیرعەون شکستی هێنا، شکستێکی وا کە لە جیهاندا هیچ کەس چاوی پێی نەکەوتبێت، ئەم فیرعەونە پیاوێکی زۆر پیس‌و خراپ بوو لەعنەتی خواو فریشتەکان‌و هەموو خەڵکی لێ بێت، وازی نەدەهێنا دایە ملهوڕی‌و لاساری‌و قسەی پڕوپوچ‌و هەڕەشەکردن‌و تۆڵەکردنەوە لەو جادوگەرانە کە بڕوایان هێنا بە خوا دەیگوت: ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾[2]، واتە: بێگومان موسا گەورەتانە کە فێری جادووی کردوون. واتە: هەر موسا گەورەتانەو ئەو فێری

---

[1] الاعراف (١١٨-١٢٢).

[2] طه (٧١).

جادوی کردوون. وە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾.[1] واتە: بە ڕاستی ئەمە فێڵو پیلانێکە (ئێوەو موسا) نەخشەتان بۆ کێشاوە لەم شارەدا تا دانیشتوانەکەی لێ دەربکەن جا لە دواییدا دەزانن (چیتان لێ دەکەم).

﴿قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٩﴾ قَالُوا لَا ضَيْرَ إِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا أَن كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٥١﴾﴾

لە نێوان فیرعەون و جادوگەرەکاندا

فیرعەون هەڕەشەی لە جادوگەرەکان دەکرد بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، دەیگوت دەتانکوژمو دەستو قاچتان دەبڕمو هەڵتان دەواسم، ئەوان هەر گوێشیان بۆ نەگرتو باوەڕیان زیاتر پتەو دەبوو بە خوای گەورە، چونکە ئەوان چاك دەیانزانی لە خوانەناسی ڕزگاریان بووە، هەقیان بە تەواوی بۆ دەرکەوتووە بە هۆی ئەو شارەزاییەوە کە بوویانو گەلەگەیان لێی بێئاگا بوون، ئەیانزانی ئەوەی کە موسا هێناویەتی لە لایەن خوداوە لە توانای مرۆڤدا نیە، بەڵکو بە یارمەتیو پشتگیری خودای گەورە، بەو کارە هەڵدەستێ، خوای گەورە کردوویەتی بە بەڵگەو نیشانە لەسەر ڕاستی ئەو پەیامەی کە بۆی هاتووە لە لایەن پەروەردگاریەوە. بۆیە کاتێ فیرعەون پێی گوتن: ﴿قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ﴾ واتە: پێش ئەوەی من ڕێگاتان بدەم، ئێوە بڕواتان بە موسا هێنا؟! دەبوو لە پێشدا بڕیارو فەرمانتان لە من وەربگرتایە، گەر ئیزنم بدانایە بتانکردایەو ئیزنیشم نەدانایە نەتان کردایە، چونکە من خاوەنی دەسەڵاتو بڕیارم نەك ئێوە! ﴿إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ﴾ واتە: فیرعەون وتی: ڕوونو ئاشکرایە کە موسا گەورەتانەو ئەو فێری ئەو جادووەی کردوون، ئەمە قسەیەکی پڕوپوچ بوو بۆ فیرعەون هەموو کەسێك لەوانە دەیزانی کە درۆ دەکاتو خۆی هەڵدەنێ، چونکە ئەو جادوگەرانە هەرگیز لەگەڵ موسادا یەکیان چاوپێ نەکەوتبوو ڕۆژێ بەر لەوە، کەواتە چۆن موسا گەورەکەیانەو فێری جادووی کردوون؟ هیچ پیاوێکی ژیرقسەی وا ناکات، پاشان فیرعەون هیچی بۆ نەمایەوە دەستی دایە هەڕەشەو گوڕەشە گوتی: ﴿فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ واتە: جا بێگومان لەمەودوا دەزانن چیتان لێ دەکەم. دەستو قاچتان بە ڕاستو چەپ دەبڕمو بە دارا هەڵتان دەبەسم، ئەوانیش گوتیان: ﴿قَالُوا لَا ضَيْرَ﴾ واتە: هەرچی دەکەیت بیکە ئێمە هیچ گوێمان لێی نیە ﴿إِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ﴾ واتە: ئێمە هەرچیمان لێ

[1] الاعراف (١٢٣).

بەسەر بێت خودا ئاگای لێمانە بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوەو چاکەی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات و بەو زووانە پاداشتی تەواومان دەداتەوە لەسەر ئەو خراپەیەی تۆ دەیکەی بەرانبەرمان. بۆیە گوتویانە: ﴿إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا﴾ واتە: ئێمە بە تەماین و ئومێد دەکەین خودا لەو تاوانانەمان دەبورێت کە کردوومانە و لەو جادووەش کە تۆ بە زۆر پێت کردین ﴿أَن كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئێمە لەپێش گەلەکەمان کە قیبتیەکانن هەوڵمان داو بڕوامان هێنا بە خودای مەزن، پاشان فیرعەون هەر هەموویانی کوشت.

﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ (٥٢) فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (٥٣) إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (٥٤) وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ (٥٥) وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ (٥٦) فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٥٧) وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٥٨) كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (٥٩)﴾

دەرچوونی ڕۆڵەکانی ئیسرائیل - بەنی ئیسرائیل - لە میسر

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾، واتە: وەحیمان نارد بۆ موسا کە بە شەو بەندە باوەڕدارەکانم ببەو میسر بەجێ بێڵن، بێگومان فیرعەون و کۆمەڵەکەی دواتان دەکەون. ماوەیەکی زۆر موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لە وڵاتی میصردا مایەوە، زۆر بەڵگەو نیشانەی پیشانی فیرعەون و داروودەستەکەی دا، کەچی ئەوان زیاتر ملهوڕیان دەنواندو دژایەتی مووسایان دەکرد، غەیری جەربەزەو لەناوبردن هیچ شتێکی تر شایەنیان نەبوو، بۆیە خوای گەورە فەرمانی دا بە موسا کە بە شەو بەنی ئیسرائیلیەکان لە میسر وەدەرخاو ڕووەو ئەو شوێنە وەڕێکەون کە فەرمانیان پێکراوە، موسایش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمانی خودای بەجێهێناو دوای ئەوەی کە زێڕو زیوێکی زۆریان لە هۆزی فیرعەون خواست. وەك هەندێ لە زانایانی تەفسیر باسیان لێوە کردووە لە وەختێکدا کە مانگ هەڵهات لە شەودا وەڕێ کەوتن، موجاهید دەڵێ: لەو شەوەدا مانگ گیرا.[1] والله أعلم. لەو کاتەدا موسا هەواڵی گۆڕی یوسفی پرسی، پیرەژنێکی بەنی ئیسرائیلی شوێنەکەی پیشانی موسا داو تابلۆکەیشی لەگەڵ هەڵگرتن، گوتراویشە: موسا خۆی تابلۆکەی هەڵگرتووە (سەلامی خوای لێ بێت) یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) وەسیەتی کردبوو کاتێك کە بەنی ئیسرائیلی یەکان لە میصر دەرچوون لەگەڵ خۆیان هەڵی بگرن و ببەن،[2] کاتێك فیرعەون و شوێنکەوتووانی بەیانی هەڵسان هیچ کەسێك لە یانەکەیاندا نەمابوو دەنگی لێوە بێت، فیرعەون زۆر توورە بوو، ئەوەندە توورە بوو لە بەنی

---

[1] الطبري (١٩/٣٥٤).

[2] الطبري (١٩/٣٥٤).

ئیسرائیلیەکان ئۆقرەی نەدەگرت، چونکە خوای گەورە بڕیاری دابوو کە لەناوی ببات، ﴿ فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴾ واتە: فیرعەون پیاوەکانی خۆی نارد، واتە: پیاوکوژو قەمچی وەشێنەکانی خۆی نارد بە شارەکاندا جاڕیان دا گوتیان: بەنی ئیسرائیلیەکان ژمارەیەکی کەمن ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ ﴾ هەموو کاتێك کە هەواڵی خراپی ئەوانمان پێ دەگات و تووڕەمان دەکەن، بەڵام ئێمە هەمیشە وریاین و ئاگامان لە خۆمانە و مۆڵەتیان نادەین و هەموویان دەکوژین و هەموو ماڵ و سامانیان بە تالانی دەبەین بۆ خۆمان ﴿ وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَآئِظُونَ ﴿٥٥﴾ وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ ﴾، واتە: وە بە ڕاستی ئەوانە ڕقی ئێمە هەڵ دەسێنن، بێگومان ئێمە کۆمەڵێکین بێدارین و ئاگادرین بە پیلانەکانیان. فیرعەون خۆی و لەشرەکەیشی پاداشتی خۆیان وەرگرت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴾ واتە: لەو هەموو خۆشیەی کە تێیدا بوون: لە باغ و باغات و کانیاوی سازگار و گەنجینەی زۆر و شوێنی خۆش، دەرمان کردن و بەرەو جەهەنەم بەڕێ کەوتن، هەموو ئەو شتانەیان بەجێ هێشت لە دنیادا، ﴿ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾ واتە: ئا بەو جۆرە نەوەکانی یەعقوبمان لە جێگایان دانا. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا ﴾،[1] واتە: ئیتر (لە جێگای گەلی فیرعەون) ئەو گەلەمان نیشتەجێ کرد کە هەمیشە دەچەوسێنرانەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا کە پیت و بەرەکەتمان تێخستبوو. وە فەرموویەتی: ﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِي ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴾.[2] واتە: وە ئێمە دەمانەوێ (بە چاکەی خۆمان) منەت بکەین بەسەر ئەوانەی کە لاواز و ژێردەست کرابوون لە وڵاتی (میصر)دا وە بیان کەینە پێشەواو بیان کەینە میرات بەر (ی کەلەپوری فیرعەون و شوێنکەوتووانی).

﴿ فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ كَلَّآ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾ وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٤﴾ وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٦٧﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦٨﴾ ﴾

---

[1] الاعراف (١٣٧).

[2] القصص (٥).

ڕاونانی نەوەی ئیسرائیل و خنکانی فیرعەون و هۆزەکەی

هەندێ لە زانایانی تەفسیر باسیان کردووە کە فیرعەون بە کۆمەڵێکی زۆر لە داروودەستەکەی کە بریتی بوون لە هەموو کاربەدەستانی ئەو کاتەی وڵاتی میصر کە ڕاوێژکاری فیرعەون بوون لە کاروباری وڵاتدا. لە سەرکردەو وەزیرو پیاوماقوڵانو لەشکرو سەر لەشکرەکانی ﴿فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ﴾ واتە: شوێنیان کەوتن لە بەرەبەیاندا کاتێك خۆر گزنگ ئەداو لە کەل دێتە دەر، ﴿فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ﴾ واتە: کاتێك کە هەردوو کۆمەڵەکە یەکتریان چاوپێکەوت، ئالەوکاتەدا هاوەڵەکانی موسا وتیان: ﴿قَالَ أَصْحَـٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ﴾ توش بووینو لە دەستیان دەرناچین، چونکە موساو نەوەی ئیسرائیل چوبوونە کەناری دەریاکە کە دەریای قولزوم (بحر القلزم)بوو، بەردەمیان دەریاکە بوو، فیرعەونو لەشکرەکەیشی بە دوایانەوە بوون پێیان گەیشتن بۆیە گوتیان: ﴿إِنَّا لَمُدْرَكُونَ﴾ واتە: ڕزگار بوونمان زۆر ئەستەمە، موساش وەڵامی دانەوە ﴿قَالَ كَلَّآ ۖ إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ﴾ واتە: فەرمووی: شتی وانییە ئەوەی ئێوە لێی دەترسن تووشتان نایە، بەڕاستی خودای مەزن فەرمانی بە من داوە کە ئێوە بەرەو ئێرە بێنم، خودایش بەڵێنی خۆی دەباتە سەرو لێی پاشگەز نابێتەوە. هارون لەپێش خەڵکەکەوە بوو یوشەعی کوڕی نونیشی لەگەڵ بوو کە یەکێك بوو لە خاوەن باوەڕەکانی ئالی فیرعەون، موسایش (سەلامی خوای لێ بێت) لە دوای خەڵکەکەوە بوو، هەندێ لە زانایانی تەفسیر باسیان کردووە کە هەموو ئەو خەڵکە وەستانو نەیاندەزانی چی بکەن، یوشەعی کوڕی نون وتی: بە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ئەی پێغەمبەری خوا پەروەردگارت فەرمانی پێ کردووی کە بەرەو ئێرە بێیت؟ گوتی: بەڵێ، فیرعەونو لەشکرەکەی هەر نزیك دەبوونەوە زۆر کەمیان مابوو پێیان بگەن، ﴿فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ﴾ واتە: نیگامانکرد بۆ موسا: کەبە دارەکەت بکێشە بەئەو دەریایەدا، ئا لەو کاتەدا خوای گەورە فەرمانی دا بە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) داردەستەکەی بکشێنێ بە دەریاکەدا، موساش عەساکەی کێشا بە دەریاکەدا، فەرمووی: بە ئیزنی خودا لەت ببە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ﴾ واتە: دەریاکە قڵیشاو هەر لایەکی وەك کێوێکی گەورە بەرز بووەوە، ئیبنو مەسعودو ئیبنو عەباسو موحەمەدی کوڕی کەعبو زەححاكو قەتادەو کەسانی تریش گوتویانە: ﴿كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ﴾ واتە: چیای گەورە.[1] عەتای خۆراسانی دەڵێ: ﴿كَٱلطَّوْدِ

[1] الطبري (١٩/٣٥٨).

ٱلْعَظِيمِ ﴾ واتە: وەك ڕێگایەك لە نێوان دوو چیادا، ئیبنو عەباس دەڵێ: دەریاكە دوانزە ڕێگای لێ پەیدا بوو هەر هۆزێك ڕێگایەكی خۆی هەبوو،[1] سودی ئەمەیشی بۆ زیاد كردوو دەڵێ: ڕێگاكان دەلاقەیان تێدابوو لەو دەلاقانەوە سەیری یەكتریان دەكرد، ئاوەكە وەك دیوار بە دەوریاندا وەستابوو.[2] خوای گەورە بایەكی هەڵكرد دای بەناو بنی دەریاكەداو وشكی كردەوە وەك سەر زەمین! خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴾،[3] واتە: ڕێیەكی وشكیان بۆ بگرە بەرو هیچ نیگەرانیو ترسێكت نەبێت، خوای گەورە لێرەدا لەم بەسەرهاتەدا فەرموویەتی: ﴿وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْءَاخَرِينَ ﴾ واتە: ئا لێرەدا ئیبنو عەباسو عەتای خۆراسانیو قەتادەو سودی دەڵێن: واتە: فیرعەونو لەشكرەكەیمان هێنایە پاڵ دەریاكەو لێكمان نزیك كردنەوە.[4] ﴿ وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴾ واتە: موساو نەوەی ئیسرائیلمان ڕزگار كرد، ئەوانەی شوێنی ئایینی موسا كەوتبوون، هیچ كەسێك لەوانە نەخنكا، فیرعەونو لەشكرەكەی هەموو خنكان تەنها یەك كەسیان لێ دەرنەچوو. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ واتە: لەو ڕووداوەدا كە باسمان كرد كە پڕ بوو لە شتی گرنگو سەرسوڕهێنەرو یارمەتیو پشتیوانی خاوەن باوەڕان، هەمووی نیشانەو بەڵگەی بەهێزن لە كارزانیو تواناو دەسەڵاتو دڵۆڤانی خودای مەزن بەڵام زۆربەیان باوەڕیان نەهێنا.

﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٧٤﴾ قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٧﴾ ﴾

ئامۆژگاری ئیبراهیم خەلیلی خودا بۆ هۆزەكەی، كە واز لە بتپەرستی بێنن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ ﴾ ئەمە باسی بەندەو خەلیلو پێغەمبەری خودا ئیبراهیمە پێشەوای یەكتاپەرستان (سەلامی خوای لێ بێت) خوای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەكەی موحەمەد (ﷺ) كە بەسەرهاتی ئیبراهیم بگێڕێتەوە بۆ ئوممەتەكەی بۆ ئەوەی چاوی

---

[1] الدر المنثور (٦/٢٩٩).

[2] الطبري (١٩/٣٥٧).

[3] طه (٧٧).

[4] الطبري (١٩/٣٥٩).

لێ بکەن لە دڵسۆزیو پشت بە خوا بەستندا و هەر بەندایەتی ئەو بکەنو شەریکی بۆ دانەنێنو دوور بنو نزیکی بتو بتپەرستان نەبنەوە، خوای گەورە هەر لە پێشەوە ئیبراهیمی شارەزا کردبوو، واتە: هەر لە منداڵیەوە وەك لاوێك کە خۆی ناسیووە بەربەرەکانی هۆزەکەی کردووە لەسەر بتپەرستیو داوای لێ کردوون کە هیچ شتێك نەکەنە شەریکی خوداو نەی پەرستن لەگەڵیدا ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا تَعْبُدُونَ﴾ واتە: گوتی بە باو کەسو کاری خۆی ئەم بتانە چیە ئێوە خەریکن دەیانپەرستنو وازیان لێ ناهێنن ﴿قَالُوا۟ نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ﴾ واتە: ئێمە بتانێك دەپەرستینو هاناشیان بۆ دەبەین بەردەوام هەر خەریك دەبینو هەرگیز وازیان لێ ناهێنین؟ ﴿قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾، واتە: ئیبراهیم وتی ئایا ئەوانە گوێیان لێتانە کاتێ هاوار و نزایان لێ دەکەن، ئایا ئەوان سوود یان زیانتان پێ دەگەیەنن، وتیان نەخێر بەڵکو ئێمە باوباپیرانمان دیوە ئا بەو شێوەی ئێمەیان کردووە. یانی دان دەنێن بەوەدا کە بتەکانیان هیچ شتێك لەوانە ناتوانن بکەن، بەڵکو ئەوان شوێن بابو باپیرانیان کەوتوون، ئەوانە چیان کردووە ئەمانیش هەروا دەکەن، پێو ڕچەی ئەوان دەگرنو لێی لانادەن، ﴿قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ﴾ واتە: وتی ئایا ئێوە دەزانن چی دەپەرستن، ئێوەو باوو باپیرە پێشوەکانتان. ئا لەو کاتەدا ئیبراهیم پێیان ئێژێ: ﴿فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: جا بەڕاستی هەموو ئەوانە دوژمنی منن جگە لە پەروەردگاری جیهانیان. یانی ئەگەر ئەم بتانە شتێکن کە کار لە کەس بکەنو تووشی زیانی بکەن، دەی با من تووشی زیانو گیروگرفت بکەن، چونکە من دوژمنی ئەو بتانەمو بە هیچیشیان نازانمو ڕێزیشیان لێ ناگرم، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە نوح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: ﴿فَأَجْمِعُوٓا۟ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَآءَكُمْ﴾،[1] واتە: ئێوەش کارو بڕیاری خۆتان کۆکەنەوە لەگەڵ هاوبەشەکانتاندا. وە هود پێغەمبەریش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿مِن دُونِهِۦ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُم ۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾،[2] واتە: جگە لە خوا جا هەمووتان پیلانم لێ بگێڕن لە پاشان مۆڵەتیشم مەدەن (و لێم مەوەستن) بە ڕاستی من پشتم بە خوا بەستووە کە پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەیشە هیچ

[1] یونس (٧١).

[2] هود (٥٥-٥٦).

گیانلەبەرێك نیە مەگەر خوا دەسەڵاتدارە بەسەریاندا بە ڕاستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگەیەكی ڕاستە.

هەر بەم شێوەیەش ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) دوورە پەرێزی خۆی دەربڕی و تەبەڕای كرد لەو بتانەو فەرمووی: ﴿ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ ﴾[1] واتە: وە من چۆن دەترسم لەو بتانەی كەچی ئێوە كردووتانە بە هاوبەش بۆ خوا كە ئێوە ناترسن كە بێگومان بتانێكتان كردۆتە هاوبەش بۆخوا. خوای گەورەش دەربارەی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ ﴾[2] واتە: بە ڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێكی جوانو چاك لە ئیبراهیمو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون كە بە گەلەكەی خۆیانیان وت بە ڕاستی ئێمە بێزارو بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەش كە دەیانپەرستن لە جیاتی خو، ئێمە باوەڕمان نیە بە (ئایینی) ئێوە، وە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا دوژمنایەتیو كینە بۆ هەمیشە پەیدا بوو تا كاتێك كە بڕوا بە خوای تەنها دەهێنن. وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾[3] واتە: وە كاتێك ئیبراهیم بە باوكیو گەلەكەی وت بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیپەرستن، جگە لەو زاتەی كە دروستی كردووم چونكە هەر ئەویش ڕێنموونیم دەكات، ئەو (یەكتاپەرستیە)ی لە ناو نەوەكانیدا بەجێ هێشت تا بگەڕێنەوە (سەری). واتە: كارێكی وای كرد كە ئەم وتەی (لا اله الا الله) لە پاش خۆی بۆ نەوەكانی هەر بمێنێتەوە، بەڵكو بگەڕێنەوە.

﴿ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾﴾

ئیبراهیم(سەلامی خوای لێبێت) باسی ڕێزلێنانی خودای مەزنو بەسۆزی دەكات بەرامبەرخۆی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ﴾ واتە: من كەسێك ناپەرستم كە ئەم شتانە نەتوانێ بكات ﴿ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴾ خوای گەورە ئەو وەدیهێنەرەیە كە گشت شتێكی بڕیار داوەو تەواوی كردووە، مەیلی خۆیەتی كێ شارەزا دەكاتو كێش

[1] الانعام (٨١).

[2] الممتحنة (٤).

[3] زخرف (٢٦-٢٨).

گومڕا دەكات، هەموو شتێك بە پێی فەرمانی ئەو دەڕوات، ﴿ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ﴾ وە هەر ئەویش دروستی كردووم‌و بژێوی داوم كە ئەو هەموو هۆكارو شتانەی ڕام و موسەخەر كردووە لە ئاسمان‌و زەمیندا هەوری ناردووەو بارانی باراندووەو زەمینی پێ زیندوو كردووەتەوە، لە هەموو جۆرە بەروبووم‌و میوەجاتێكی تیا ڕوواندووە بۆ ئەوەی بەندەكانی پێی بژین، وە ئاوی پاك‌و سازگارو زولاڵی باراندووە بۆ ئەوەی هەموو خەڵك‌و گیانەوەرەكان لێی بخۆنەوەو سودی لێ وەرگرن ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ واتە: كاتێ نەخۆش كەوتم ئەو شیفام دەدات، نەخۆشكەوتنی ناوەتە سەر خۆی، هەرچەندە بڕیارو فەرمانی خودایەو خودا خۆی بەندەكانی نەخۆش دەخات، بەڵام ئەو شەرمی كردووە و نەخۆشیەكەی داوەتە سەرخۆی، وەك خوای گەورە فەرمانی داوە بە نوێژخوێن كاتێ كە نوێژ دەكات بێژێ: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۞ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾بەهرەدان‌و نیشاندانی داوەتە لای خودای گەورەو تورەیی (الغضب) فاعیلەكەی نەهێناوە وەك ئەدەبێك‌و لاڕێی‌و گومڕابوونیشی خستۆتە سەر عەبدەكانی، وەك جنۆكە وتویانە: ﴿وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴾،[1] واتە: وە بە ڕاستی نازانین ئایا خراپی ویستراوە بۆ ئەوانەی كە لەسەر زەوین یان پەروەردگاریان ڕێنموونی ویستووە بۆیان. هەر بەو شێوەیەش ئیبراهیم فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴾ واتە: هەر كاتێ كە تووشی نەخۆشی بووم، هیچ كەسێك ناتوانێ چاكم بكاتەوە خودا نەبێت، كە مەیلی لێ بێت هۆكارێك دەنێرێت ﴿ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ﴾ واتە: هەر ئەویش دەمرێنێ‌و زیندوویش دەكاتەوە هیچ كەسێك ناتوانێ ئەو نەبێت، دەیهێنێ‌و دەشباتەوە. ﴿ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ﴾ واتە: هیچ كەسێك توانای لێبوردەیی تاوانی نیە غەیری ئەو نەبێت لە دنیاو قیامەتدا. كێیە لە تاوان ببورێت جگە لە خودا؟ هەرچی مەیلی لێبێت دەیكات.

﴿ رَبِّ هَبْ لِى حُكْمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٣﴾ وَٱجْعَل لِّى لِسَانَ صِدْقٍ فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَٱجْعَلْنِى مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَٱغْفِرْ لِأَبِىٓ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخْزِنِى يَوْمَ يُبْعَثُونَ ﴿٨٧﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾

[1] الجن (١٠).

پاڕانەوەی ئیبراهیمی خەلیل بۆ خۆیو باوکی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾ ئەمە داوایەکی ئیبراهیمی خەلیل بوو لە خودای مەزن کە کارزانی پێ ببەخشێت، ئیبنو عەباس گوتی: یانی: زانیاری.[1] ﴿وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾ واتە: هەمیشە لەگەڵ پیاو چاکاندا بم لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا، وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی گیانداندا فەرمووی: (ئەی خودایە بمگەیەنە بە ڕەفیقی ئەعلا) سێ جار ئەم وتەی فەرموو.[2] ﴿وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ﴾ واتە: وام لێ بکە لە پاش خۆم ناوم بە چاکە ببرێتو خەڵکی لە خێرو بێردا چاوم لێبکەن، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٠٨﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾،[3] واتە: وە باسکردن بە چاکەی ئیبراهیممان لەناو گەلانی داهاتوودا هێشتەوە، درودو سەلام لەسەر ئیبراهیم، ئا بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە. ﴿وَاجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ﴾ واتە: بەهرەمەندم بکە بەوەی کە لە دنیادا بە چاکی ناوم ببرێتو لە ڕۆژی دوایشدا لەو کەسانە بم کە دەبنە خاوەنی بەهەشتی پڕ لە خۆشیو شادی. پاشان ئیبراهیمی خەلیل داوای لێبوردن بۆ باوکی دەکات وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَاغْفِرْ لِأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ﴾ واتە: لە باوکم خۆش ببە کە ڕێگەی ون کردبوو، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ﴾،[4] واتە: ئەی پەروەردگارمان لە منو باوکمو دایکم ببوورەو خۆش ببە. ئەمە ئەو داوایە بوو کە ئیبراهیم لێی پەشیمان بووەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾[5]، واتە: وە داوای لێخۆشبوونی ئیبراهیم بۆ باوکی تەنها لەبەر وادەو بەڵێنێك بوو کە بە باوکی دابوو (کە داوای لێبوردنی بۆ بکات) جا کاتێك بۆی ڕوون بوویەوە کە بێگومان باوکی دوژمنی خوایە، خۆی لێ بەری کرد بە ڕاستی ئیبراهیم زۆر لە خوا ترسو لەسەرخۆ بوو. خوای گەورە ڕێگەی بە ئیبراهیم نەدا کە داوای لێخۆش بوون بکات بۆ باوکی کاتێ کە دەرکەوت باوکی ئیبراهیم دوژمنی خوایە، ئیبراهیمیش پەشیمان

---

[1] البغوي (٣/٣٩٠).

[2] فتح الباري (٧/٧٤٣).

[3] الصافات (١٠٨-١١٠).

[4] ابراهيم (٤١).

[5] التوبة (١١٤).

بوویەوەو وازی هێنا لە پاڕانەوە بۆ باوکی، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُواْ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾،[1] واتە: بە ڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێکی جوانو پاك لە ئیبراهیمو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کە بە گەلەکەی خۆیانیان وت بە ڕاستی ئێمە بێزارو بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەش کە دەیانپەرستن لە جیاتی خوا، ئێمە باوەڕمان نیە بە (ئاینی) ئێوەو دوژمنایەتیو کینە پەیدابوو لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بۆ هەمیشە تا کاتێك کە بڕوا بە خوای تەنها دەهێنن جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم کە بە باوکی وت بێگومان داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم وە من هیچم بە دەست نیە لە بەرامبەر خوادا بۆ تۆ. ﴿وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خەجاڵەتم مەکە کاتێ کە هەموو خەڵکی لە ئەوەڵەوە هەتا دوایین کەس زیندوو دەکەیتەوە، بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمووی: (ئیبراهیم باوکی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا چاو پێکەوت تۆزێ مەینەتی بەسەریا بارییبوو، ڕەشایی‌و دوکەڵ چاوی داپۆشیبوو).[2] وە لە ڕیوایەتێکی تر هەر لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئیبراهیم دەگات بە باوکی‌و ئەڵێت: ئەی پەروەردگارم: خۆت بەڵێنت دامێ کە لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا ڕیسوام ناکەی، خوای گەورەش دەفەرموێت: من بەهەشتم حەرام کردووە لەسەر خوانەناسان).[3] وە لەو فەرموودانەی کە باسی پێغەمبەران دەکات (سەلامی خوایان لێ بێت) ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ئیبراهیم لە ڕۆژی قیامەتدا گەیشت بە ئازەری باوکی کە تۆزو دوکەڵ دەمو چاوی داگرتبوو، ئیبراهیم پێی گوت: پێم نەگوتی لە فەرمانی من دەرمەچۆ، باوکی ئەڵێ: ئەمڕۆ بە قسەت دەکەم، ئیبراهیمیش فەرمووی: ئەی خودایە تۆ بەڵێنت پێدام کە ڕیسوام نەکەیت لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا، چ ڕیسواییەك لەوە ڕیسواترە کە باوکم دوورە لە بەزەیی تۆوە، خوای گەورەش دەفەرموێت: من بەهەشتم حەرام کردووە لەسەر خوانەناسان، پاشان ئەوترێت: ئەی ئیبراهیم سەیری ژێرپات بکە، سەیری کرد

---

[1] الممتحنة (٤).

[2] فتح الباري (٨/٣٥٨).

[3] فتح الباري (٨/٣٥٧).

کەمتیارێکی خوێناوی چاو پێکەوت بە چوارپەلی هەلگیرابوو فڕێ ئەدرایە ناو ئاگر).[1] ئەم فەرموودەیە نەسائیش ڕیوایەتی کردووە لە (السنن الكبرى) و لە بەشی تەفسیرەکەیدا،[2] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ﴾ واتە: ڕۆژێ کە ماڵو سامان ناگەنە فریای هیچ کەسێكو لەسزای خودا ڕزگاری ناکەن، با بەئەندازەی نێوان زەمین زێڕیشی هەبێت لە بارتەقایدا بیدات، ﴿وَلَا بَنُونَ﴾ واتە: با هەرچی لەسەر زەمیندا هەیە هەمووی بدات بە ماڵو منداڵ هیچ سوێکی پێ ناگەیەنێت لەو ڕۆژەدا تەنها باوەڕبوون بە خوداو پەرستنی نەبێت بە دڵی پاكو دوورکەوتنەوە لە بتپەرستیو لە ئەو کەسانەی بت پەرستن، ﴿إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ واتە: مەگین کەسێك بێتە خزمەتی خوا دڵی پاك بێت لە شیركو بتپەرستی. ئیبنو سیرین دەڵێ: دڵی پاك ئەوەیە: کە بزانێ خودا هەقەو ڕۆژی قیامەت دێتو گومانی تێدا نیەو ئەوەش لەناو گۆڕدایە خودا زیندووی دەکاتەوە،[3] سەعیدی کوڕی موسەییب دەڵێ: دڵی پاك ئەو دڵەیە کە ساغە،[4] بریتیە لە دڵی خاوەن باوەڕ، چونکە دڵی خوانەناس و دووڕوو نەخۆشە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ ئەبو عوسمانی نەیسابوری دەڵێ: ئەو دڵەیە کە پاکەو دوورە لە بیدعە و دامەزراوە لەسەر پەیڕەوی کردنی سونەت.

﴿وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ (٩٠) وَبُرِّزَتِ الْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ (٩١) وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ (٩٢) مِن دُونِ اللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ (٩٣) فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ (٩٤) وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ (٩٥) قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ (٩٦) تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (٩٧) إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٩٨) وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ (٩٩) فَمَا لَنَا مِن شَافِعِينَ (١٠٠) وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ (١٠١) فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (١٠٢) إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (١٠٣) وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (١٠٤)﴾

---

[1] فتح الباري (٦/٤٤٥). مەبەست ئەوەیە وەك لە حەدیسی تردا هاتووە –باوکی ئیبراهیم مەسخدەکرێت و ئەکرێتە کەمتیارێکی نێر و ئەخرێتە جەهەننم(النهاية في غريب الحديث و الأثر)– وەرگێڕ.

[2] النسائي في الكبرى (٦/٤٢٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] الطبري (١٩/٣٦٦).

[4] الطبري (٣/٣٩٠).

خۆپارێزان و گومڕایان له ڕۆژی قیامەتدا و کێشەی نێوان گومڕایان و داخ و خەفەت خواردنیان له نێوان خۆیاندا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ واته: بەهەشت به جوانیو ڕازاوەیی نزیك خراوەتەوە له خواترسان، ئەو کەسانەی که هەوڵیان بۆ داوەو کاری زۆریان بۆ کردووە له دنیادا ﴿وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴾ واته: جەهەنەم دەهێنرێتو ئامادە دەکرێت بۆ گومڕایان. ملێك لێی دێتە دەرەوە هەناسەیەك دەدات له ترسی ئەو هەناسەیە گیان دێتە قوڕقوڕاگە، دەوترێت بەو خەڵکەی ناو ئاگر: ﴿وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ﴾ واته: کوان ئەو شتانەی ئێوە دەتانپەرستن غەیری خودا له بت یان هەرشتێکیتر، ئەمڕۆ هیچ قازانجێکتان پێ ناگەیەنن، ناشتوانن بەرگری له خۆیان بکەن، ئێوەو ئەوانیش ئەمڕۆ دەبنە سووتەمەنی جەهەنەمو له ناویدا دەمێننەوەو هەرگیز لێی دەرناچن، ﴿فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ﴾ موجاهید دەڵێ: ئەوانیش گومڕاکانیش فڕێ دەدرێن بەسەر یەکدا لەناو جەهەنەمدا.[1] هەندێکی تر دەڵێن: ﴿فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا ﴾ کافەکە -ك- دووبارەیە وەك (صَرْصَر) واتەك بەسەر یەکدا دەخرێنە ناو جەهەنەم له خۆیانو سەرۆکەکانیان ئەوانەی که بانگیان دەکردن بۆ بت پەرستیو هاوەڵ دانان بۆ خوا، ﴿وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ﴾ واته: سەربازانی شەیتانیش هەموو دەچنە ناو جەهەنەم هیچ کەسێکیان ڕزگاری نابێت. ﴿قَالُوا۟ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واته: وەختێ له ناو جەهەنەمدا دەکەونە کێشە لەگەڵ یەکتر، سوێند دەخۆنو دەڵێن ئێمە به ئاشکرا گومڕا بووین که ئێوەمان لەگەڵ خودا وەك یەك دادەنا، ئەدی ئێمە له دنیادا شوێن ئێوە کەوتین، ئایا دەتوانن کەمێ لەم جەربەزەمان لەسەر لابەن؟ پاشان بیردەکەنەوەو سەرزەنشتی خۆیان دەکەنو دەڵێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واته: به ڕاستی ئێمە سەرلێشێواو بووین که وەك کار بۆ خودا بکەین کارمان بۆ ئێوە دەکردو ئێوەمان دەپەرست لەگەڵ خودای گەورەدا. ﴿وَمَآ أَضَلَّنَآ إِلَّا ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ واته: هەرئەو تاوانبارانە ئێمەیان بانگ کردو له ڕێ لایان داین. ﴿فَمَا لَنَا مِن شَـٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ﴾، واته: وە هیچ تکاکارێك بۆ ئێمە نیە، وە هیچ هاوڕێیەکی دڵسۆزمان نیە. وەك خوای گەورە له ئایەتێکی تردا فەرموویەتی

[1] الطبري (١٩/٣٦٧).

ئەوانە ئەڵێن: ﴿فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ﴾[1] واتە: ئاخۆ تکاکارێك هەیە تکامان بۆ بکات یان بمانگێڕنەوە بۆ دنیا هەتا ئەو کارەی کە کردوومانە، نەیکەینەوەو هەر خەریکی خواپەرستی ببین، وە لێرەشدا ئەڵێن وەك خوای گەورە فەرموویەتی ئەڵێن: ﴿فَلَوۡ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ئا لەوێدا ئاواتەخوازن کە بگەڕانایەوە بۆ ژیانی دونیاو هەتا پەروەردگاری خۆیان بپەرستایەو وەك خۆیان دەڵێن خوای گەورە چاکیان دەناسێتو دەزانێ ئەگەر بڕۆنەوە سەر ژیانی دونیاش درۆ دەکەن دەست دەکەنەوە بە خراپەو خوانەناسی. خوای گەورە باسی کێشمەکێشی خەڵکی ناو ئاگر دەکات لە سورەتی (ص)دا پاشان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقّٞ تَخَاصُمُ أَهۡلِ ٱلنَّارِ﴾،[2] واتە: بێگومان ئەوە (کە باسکرا) ئاژاوەو شەڕەقسەی دۆزەخیانە ڕاستەو (دێتەدی). پاشان خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ واتە: ئەو بەڵگەی کە ئیبراهیم بۆی هێنانەوەو پێی سەلماندن کە خوا شەریکی نیەو تاكو تەنهایە نیشانەیەکی ڕوونو ئاشکرایە کە غەیری خودا هیچ خودایەکی تر نیە هەر ئەو خاوەنی دەسەڵاتەو دلۆڤانە بەرامبەر بەندەکانی خۆی بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون. وەك خۆی فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: بە ڕاستی هەر پەروەردگارتان زاڵو میهرەبانە.

﴿كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٠٥﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٠٦﴾ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٠٧﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ
﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١١٠﴾﴾

باسی نوحو (سەلامی خوای لێ بێت) هەڵسانی بە ئامۆژگاری هۆزەکەیو وەڵامدانەوەیان بۆی

ئەمە هەواڵێکە خوای گەورە لە نوح پێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە بۆمان کە یەکەم ڕەسول بووە کە ڕەوانە کراوە بۆ سەر خەڵکی سەر زەمین پاش ئەوەی خەڵك دەستیان دایە بتپەرستیو هاوەڵیان بۆ خودا دادەنا، خوای گەورە ناردیو داوای لێ کردن کە واز لەو بتپەرستیە بێننو ترساندنی لەوەی کە ئەگەر وازنەهێنن تووشی بەڵای گەورە دەبن، هۆزەکەی بڕوایان پێ نەکردو لەسەر بتپەرستی خۆیان بەردەوام بوون، ئەو بتانەیان کردبووە شەریکی خوداو لەگەڵ خودا دەیانپەرستن، خودای مەزن بڕوا نەکردنیان بە نوح وا حیساب دەکات وەك ئەوەی بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی تریش نەبووبێت، بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ واتە: گەلی نوح پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا، ﴿إِذۡ قَالَ

---

[1] الاعراف (٥٣).

[2] ص (٦٤).

﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ﴾ واتە: نوح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی بە هۆزەکەی: ئایا لەخوا ناترسن؟ کە غەیری ئەو دەپەرستن، ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾، واتە: بێگومان من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوە، کەواتە لە خوا بترسن‌و گوێڕایەڵی من بکەن. یانی من پێغەمبەرێکم لە لایەن خوداوە ڕەوانە کراوم بۆ ئێوە ئەوەی خودا پێیدا ناردووم بە تەواوی پێتان دەگەیەنم‌و نە زیادی دەخەمە سەرو نە کەمیشی دەکەمەوە، بڕواتان پێم هەبێت کە ناپاکیتان دەرهەق ناکەم، ﴿وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ واتە: داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم بەرامبەر بە ئەم ئامۆژگاریەی کە دەتانکەم، بەڵکو داوای پاداشتی خۆم لە خوای گەورە دەکەم، پاداشتی خۆم هەڵدەگرم بۆ لای خودا. ئەو خوایەی کە ڕاستی‌و دروستی منی بۆ باس کردوون‌و ڕوونی کردووەتەوە بۆتان، کە جێی متمانەی ئەوم لە هێنانی ئەو پەیامەدا بۆ ئێوە، کەواتە لە خوا بترسن‌و گوێڕایەڵی من بکەن.

﴿قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ ﴿١١١﴾ قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١١٢﴾ إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ ﴿١١٣﴾ وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٤﴾ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ ﴿١١٥﴾﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ﴾ واتە: گوتیان: ئێمەبڕوات پێ ناکەین‌و شوێنت ناکەوین کە لەگەڵ ئەو هەژارو لات‌و لوتەدا وەك یەك سەیر بکرێین‌و حیسابمان بۆ بکرێت، چونکە ئەو کەسانە بڕوایان بە تۆ هێناوەو شوێنی تۆ کەوتوون، هەژارو نەدارو ڕووتەو پووتەن ﴿قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ واتە: فەرمووی: من چی بڵێم‌و دەسەڵاتم چیە کە ئەوانە شوێنی من کەوتوون؟ ئەوانە هەرچیە بوون‌و هەر کارێکیان کردبێت، پێویست ناکات‌و لەسەر من واجب نیە بگەڕێم بە شوێنیانداو بزانم چ کارە بوون، ئەوەی لەسەر منە کە بڕوام پێ دەکەن‌و بە ڕاستم دەزانن منیش وەریان بگرم، ئەوەشی من لێی تێ ناگەم‌و نایزانم لە بارەیانەوە دەگێڕمەوە بۆلای خوا خۆی، ﴿إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ﴾ واتە: پرسینەوەیان تەنها لەسەر پەروەردگارمە ئەگەر ئێوە هەست بکەن. ﴿وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وەك ئەوەی کە داوایان لە نوح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) کردبێت کە ئەو هەژارانە دەرکات و دووریان خاتەوە لە خۆی، لە پاشان ئەوان شوێنی دەکەون، نوحیش (سەلامی خوای لێ بێت) داواکەی قبوڵ نەکردن گوتی: ﴿وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ﴾، واتە: وە من دەرکەری باوەڕداران نیم. ﴿إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ واتە: من تەنها هەر ترسێنەرێکم‌و ڕوونکەرەوەم. هەر کەسێك بە گوێی کردم‌و شوێنم

کەوتو بڕوای پێ کردم ئەوە لە منەو منیش لە ئەوم، ئیتر ئەو کەسە پیاو ماقوڵو خاوەن دەسەڵاتە یان هەژارو نەدارو ڕووتەو پەتەیە، هیچ جیاوازیەکی نیە لە لای من.

﴿قَالُواْ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمَرْجُومِينَ ﴿١١٦﴾ قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِى كَذَّبُونِ ﴿١١٧﴾ فَٱفْتَحْ بَيْنِى وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِى وَمَن مَّعِىَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١١٩﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ ٱلْبَاقِينَ ﴿١٢٠﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٢١﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٢﴾﴾

هەڕەشەکردنی هۆزەکەی لە نوح و نزای نوح لێیان و لەناوچوونیان

ماوەیەکی زۆر نوح (سەلامی خوای لێ بێت) لە ناویاندا مابووەوەو بە شەوو بە ڕۆژ بە نهێنیو بە ئاشکرا بانگی دەکردن بۆ سەر ڕێی ڕاست، هەتا ئەو هەوڵی بدایە لەگەڵیانو خۆی ماندوو بکردایە لەگەڵیان، ئەوان زیاتر بەردەوام دەبوون لە خوانەناسیو دژایەتی کردنی خۆیان بەرامبەر بە نوح (سەلامی خوای لێ بێت)، لە دواییدا هەڕەشەیان لێ کردو وتیان: ﴿لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمَرْجُومِينَ﴾ واتە: ئەگەر کۆڵ نەدەیو وازمان لێ نەهێنی بەرد بارانت دەکەین، ئا لەو کاتەدا نوح دوعای لێکردنو خوداش دوعاکەی قبوڵ کرد وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِى كَذَّبُونِ ﴿١١٧﴾ فَٱفْتَحْ بَيْنِى وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِى وَمَن مَّعِىَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾، واتە: نوح وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم بڕوایان پێ نەکردم، کەواتە لە نێوان منو ئەواندا حوکم بدە بە حوکمدانێکی یەکجاریو منو ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵمدان ڕزگار بکە. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ ﴿١٠﴾ فَفَتَحْنَآ أَبْوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٍ مُّنْهَمِرٍ ﴿١١﴾ وَفَجَّرْنَا ٱلْأَرْضَ عُيُونًا فَٱلْتَقَى ٱلْمَآءُ عَلَىٰٓ أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ ﴿١٢﴾ وَحَمَلْنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَٰحٍ وَدُسُرٍ ﴿١٣﴾ تَجْرِى بِأَعْيُنِنَا جَزَآءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ﴾[1]، واتە: جا (نوح) هاواری کردە پەروەردگاریو (وتی) بە ڕاستی من شکستم خواردووە(بێ دەسەڵاتم) دەی تۆ یارمەتیم بدە، ئێمەش هەموو دەرگای ئاسمانمان کردەوە بە ئاوی بارانی لێزمە، وە کانیاوی زۆرمان لە زەویدا هەڵقوڵاند جا ئاوی ئاسمانو زەوی بە یەك گەیشتن بەو ئەندازەی کە بڕیاری لەسەر درابوو، وە نوحمان (لەگەڵ شوێنکەوتووانی) هەڵگرت لەسەر کەشتیەك کە بە چەند پارچە تەختەو بزمار (دروست کرابوو). وە لێرەشدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١١٩﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ ٱلْبَاقِينَ﴾ واتە: نوح و ئەوانەی لەگەڵی بوون لە گەمیە پڕەکەدا ڕزگارمان کردو ئەوانەی کە مانەوەو نەهاتنە ناوی

[1] القمر (١٠-١٤).

خنكان ﴿ٱلۡمَشۡحُونِ﴾ واتە پڕ لە خواردنو پێویستیو لە هەر گیانەوەرێكیش جووتەیەكی تێدابوو هەموو ڕزگاریان بوو ئەوانەشی كە خوانەناس بوونو سەرپێچی فەرمانی خودایان كرد هەموو خنكان. ئەم دوو ئایەتەی دواوەوە لەبەر ئەوەی دووبارەن پێویست ناكات لەسەری بڕۆین ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ١٢١ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾.

﴿كَذَّبَتۡ عَادٌ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٢٣ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ١٢٤ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ١٢٥ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٢٦ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٢٧ أَتَبۡنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةٗ تَعۡبَثُونَ ١٢٨ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمۡ تَخۡلُدُونَ ١٢٩ وَإِذَا بَطَشۡتُم بَطَشۡتُمۡ جَبَّارِينَ ١٣٠ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٣١ وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِيٓ أَمَدَّكُم بِمَا تَعۡلَمُونَ ١٣٢ أَمَدَّكُم بِأَنۡعَٰمٖ وَبَنِينَ ١٣٣ وَجَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ١٣٤ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ١٣٥﴾

ئامۆژگاری هود (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ هۆزەكەی – هۆزی عاد –

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَتۡ عَادٌ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٢٣ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ١٢٤ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ١٢٥ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٢٦ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە: گەلی عاد پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، كاتێ (هود)ی برایان پێی وتن: ئایا خۆتان ناپارێزن لە سزای خودا، بێگومان من پێغەمبەرێكی ئەمینم بۆ ئێوە، كەواتە لە خوا بترسنو گوێڕایەڵی من بكەن، وە من هیچ كرێیەك لە ئێوە داوا ناكەم لەسەر گەیاندنی ئەم بانگەوازە پاداشتی من تەنها لای پەروەردگاری جیهانیانە. ئەمە هەواڵێكە خوای گەورە لە بارەی عەبدو پێغەمبەری خۆیەوە هود (سەلامی خوای لێ بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە كە بانگی هۆزەكەی خۆی كرد، هۆزی عاد كە لە ئەحقاف ژیانیان بەسەر دەبرد، الاحقاف: بریتیە لەو چیا لماویانەی كە لە نزیك ناوچەی حەزرەمەوتن لە تەنیشت وڵاتی یەمەندا. پاش سەردەمی نوح (سەلامی خوای لێ بێت) هاتوون، وەك خودای گەورە لە سورەتی (الاعراف)دا فەرموویەتی: ﴿وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ قَوۡمِ نُوحٖ وَزَادَكُمۡ فِي ٱلۡخَلۡقِ بَصۜۡطَةٗ﴾،[1] واتە: بیر لەو كاتە بكەنەوە كە خودا لە پاش هۆزی نوح ئێوەی لەجێی ئەوان دامەزراند و بەژنو باڵایەكی چاكیشی پێدان، چونكە ئەوانە زۆر بەهێزو بەتوانا بوونو بەژنو باڵایەكی بەرزو شەستووریان هەبوو. خاوەنی سامانێكی زۆرو بژێوەیەكی چاكو باغو باغاتو جۆبارێكی زۆر بوون.

---

[1] الاعراف (٦٩).

کشتوکاڵو بەروبوومێکی باشیان هەبوو، لەگەڵ وەچەیەکی زۆردا، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو خێروبێرە خودا ڕژاندبووی بەسەریاندا بتیان دەپەرستو دەیانکردە شەریکی خوا، خوای گەورەیش (هود)ی بۆ ناردن کە پیاوێك بوو لە خۆیان بە پێغەمبەرایەتی کە ترسیان وەبەر بێنێ لە سزای خوا و مزگێنیشیان بداتێ بە پاداشتی خوا، هودیش داوای لێکردن کە تەنها عەبدایەتی خودا بکەنو ئەیترساندن لە تووڕەبوونو جەریەزەی خودا، ئەگەر لە فەرمانی دەربچنو غەیری خودا بپەرستن و ئەوەی پێی گوتن: کە نوح بە هۆزەکەیی گوت، هەتا دەگاتە ئەم ئایەتەی کە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ﴾ واتە: ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرزدا خانوویەکی گەورەو بڵند دروست دەکەن، بۆ ئەوەی گاڵتەو گەپی تێدا بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەکتان پێی هەبێتو سوودێکی لێ وەرگرن، تەنها بۆ دەرخستنی هێزو توانایانە. بۆیە هود پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو کارەیان، چونکە کات بەفیڕۆدانو خۆماندوو کردنو سەرقاڵیەك نەبێت، هیچێکی تر نەبوو، نە خێری دنیایان دەست دەکەوت نەخێری قیامەت، بۆیە پێی گوتن وەك خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ﴾ شوێنی قایم دروست دەکەن بەهیوای ئەوەی هەرنەمرن! موجاهید دەڵێ: ﴿مَصَانِعَ﴾ واتە: قەڵای قایمو کۆشکی زۆر بتەوو چاك. ﴿تَخْلُدُونَ﴾ واتە: بۆ ئەوەی تا هەتایە تیایدا بمێننەوەو لێی دەرنەچن، هەرگیز بۆتان ناچێتە سەر و لە دەستتان دەچێ، وەك چۆن لە دەستی ئەوانەی پێش ئێوە چوو. ﴿وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ﴾، واتە: وە هەر کاتێك دەست بوەشێنن ستەمکارانە دەست دەوەشێنن. یانی: بە کۆمەڵێکی زۆردارو بەهێزو ملهوڕ ناویان دەباتو پاشان پێیان دەڵێ: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ واتە: عەبدایەتی پەروەردگارتان بکەنو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەشی بکەن. پاشان دێتە سەر ئەو بەهرانەی کە خودا پێی بەخشیونو فێری کردوون ﴿وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾، واتە: وە لە سزای ئەو خودایە خۆتان بپارێزن کە خۆتان دەزانن چی پێ بە خشیون، ئاژەڵو ماڵاتو منداڵو باخو کانیاوی زۆری پێداون. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ واتە: من لە سزای ئەو ڕۆژە گەورەیە دەترسم توشتان دێت، ئەگەر بڕوام پێ نەکەنو دژایەتیم بکەن، هود(سەلامی خوای لێبێت) بە هەموو شێوەیەك هەوڵیدا لەگەڵیان بە مزگێنی پێدان بە بەهەشتو نازونیعمەتەکانیو بە ترساندنیان لە ئاگری بە کڵپەی جەهەنەم. بەڵام هیچ کاری تێنەکردن.

﴿قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ ﴿١٣٦﴾ إِنْ هَٰذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿١٤٠﴾﴾

وەڵام دانەوەی هۆزی هودو سزادانیان

خوای گەورە باسی وەڵام دانەوەی هود دەکات پاش ئەوەی پێغەمبەر هود (سەلامی خوای لێ بێت) ترسی وەبەر هێنانو ئاگاداری کردنەوەو بە تەواوی ڕاستی بۆ ڕوون کردنەوە ﴿قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ﴾ واتە: وتیان: بە لامانەوە یەکسانە ئامۆژگاریمان بکەی یان نەیکەی، ئێمە پەشیمان نابینەوە لەوەی کە دەیکەینو پێوەی خەریکین ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾،[1] واتە: بۆیە ئێمەش واز لە پەرستراوەکانمان ناهێنین لەبەرقسەی تۆوە ئێمەباوەڕت پێ ناکەین. هەر وەهاش بوو، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾،[2] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی کە بێبڕوا بوون بۆ ئەوان چوونیەکە بیانترسێنیت یان نەیانترسێنیت. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾[3]، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی دەرچووەو چەسپاوە بۆیان بڕیاری پەروەردگارت بڕوا ناهێنن. وە گوتویانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ﴾ هەندێ ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە: ﴿ ان هذا الا خَلْقُ الاولين﴾ (خێ)یەکە یان فەتحە داوەتێو لامەکەیان ساکن کردووە. ئیبنو مەسعودو عەوفی بە عبدالله ی کوڕی عەباسو عەلقەمەو موجاهیدیشەوە دەڵێن: مەبەستیان ئەوە بووە، ئەوەی تۆ بۆت هێناوین ئەی هود هەموو قسەی پڕوپوچی پێشینانە.[4] وەك موشریکەکانی قوڕەیش بە پێغەمبەریان (ﷺ) گوت: ﴿ وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾،[5] واتە: وە (بێ بڕوایان) دەیان وت (ئەم قورئانە) بەسەرهاتو داستانی پێشووەکانە (موحەمەد (ﷺ)) داوای کردووە بۆی بنووسنەوە ئینجا دەخوێندرێتەوە بەسەریدا بە

---

[1] هود (٥٣).

[2] البقرة (٦).

[3] يونس (٩٦).

[4] الطبري (١٩/٣٧٨).

[5] الفرقان (٥).

بەیانیان و ئێواراندا. وە فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ إِفۡكٌ ٱفۡتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيۡهِ قَوۡمٌ ءَاخَرُونَۖ فَقَدۡ جَآءُو ظُلۡمٗا وَزُورٗا ۝٤ وَقَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾،[1] واتە: ئەوانەی کە بێبڕوا بوون دەیانگوت بێگومان ئەم (قورئانە) هیچ نیە جگە لە درۆیەکی گەورە کە موحەمەد (ﷺ) هەڵی بەستووە وە کەسانی تر بۆ ئەو (هەڵبەستە) یارمەتیان داوە، بە ڕاستی ئەوانە ستەم و بوختانێکی گەورەیان کردووە، وە (بێبڕوایان) دەیان وت (ئەم قورئانە) بەسەرهات و داستانی پێشووەکانە. وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡ قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾،[2] واتە: وە کاتێ بەوانە بوترێت ئایا پەروەردگارتان چی ناردۆتە خوارەوە دەڵێن حیکایەتی پڕوپوچی پێشوەکان. وە هەندێکی تر ئەم ئایەتەیان بەم شێوە خوێندۆتەوە: ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ بە زەمی (ضم) (خێ)یەکە واتە: مەبەستیان ئەو ڕێڕەوەیە –دینە– باوەڕیان پێی هەیە کە لە باب و باپیرە پێشینەکانیانەوە بۆیان بەجێ ماوە ﴿وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴾ یانی ئەڵێن: ئێمە شوێنکەوتووی ئەوانین و ڕێگای ئەوان دەگرینە بەرو وەك ئەوان دەژین و دەشمرین، نە زیندووبوونەوە هەیەو نە ڕۆژی قیامەت، بۆیە گوتویانە: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَهۡلَكۡنَٰهُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ واتە: هەر بڕوایان بە هود پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) نەکردو بەردەوام بوون لەسەر بێدینی و دژایەتیکردن و لاساری خۆیان، خودای گەورەش قڕی کردن و هۆی قڕکردنەکەیشی ئەوە بوو کە گەلێکی زۆر بێدین و ستەمکارو ملهوڕ بوون، وەك لە زۆر شوێندا لە قورئاندا باسیان هاتووە کە خودا بایەکی توندی بەردەوامی بۆ ناردن کە زۆر سارد، بەو بایە بوو هەمووی لەناوبردن، شایەنی ئەو بەڵایە بوون چونکە ئەوان زۆر ملهوڕو ستەمکار بوون، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ۝٦ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ﴾[3]، واتە: ئایا نابینن کە پەروەردگاری تۆ چیکرد بە گەلی عاد(ی)، ئیرەم؟خاوەنی پایە (و دەسەلات). ئەمە عادی یەکەم بوون وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّهُۥٓ أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾،[4] واتە: وە بێگومان هەر ئەو خوا گەلی عادی یەکەمی لەناو برد. کە لە بەنی ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نوح بوون، ﴿ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ﴾ واتە: نیشتەجێی خانووی دەواری بە چڵەو هەسون کۆڵەکە دروست کرابوون ئەوەی وا دەزانێ ئیرەم شار بووە بە هەڵەدا چووەو

[1] الفرقان (٤–٥).

[2] النحل (٢٤).

[3] الفجر (٦–٧).

[4] النجم (٥٠).

لە چیرۆکە ئیسرائیلیەکانەوە وەری گرتووە، لە قسەی کەعبو وەهەبەوە گواستوویانەتەوە کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي ٱلْبِلَٰدِ﴾[1] واتە: وێنەی ئەم هۆزە وەدی نەهاتووە لە هێزو توندو تیژیو ملهوڕیدا لەو ولاتانەدا، خۆ ئەگەر مەبەست بەوە شارێك بوایە دەگوترا: لە وێنەی ئەو شارە دروست نەدەکرا، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾[2]، واتە: ئەنجا (گەلی) عاد بە ناڕەوا خۆیان بە گەورە زانی لە زەویدا وە وتیان کێ لە ئێمە بەهێزترە؟ ئایا نەیانزانی بوو بێگومان ئەو خوایەی کە ئەوانی دروست کردووە ئەو لە ئەوان بەهێزترە وە ئەوان دانیان نەدەنا بە بەڵگەکانی ئێمەدا. وە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا۟ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴿٦﴾ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا﴾[3] واتە: وە (گەلی) عادیش لەناوبران بە بایەکی سەختی ساردی بە تینی بە گرمە، (خوا) زاڵی کرد بە سەریاندا حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بەبێووچان (لەناوی بردن). واتە: ماوەی حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بەردەوام ناردیە سەریان ﴿فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ﴾ لەو کاتەدا لاشەیان لەو ناوەدا کەوتبوو دەتگوت کۆتەرەی دارخورمای ناو نزاون، سەریان پێوە نەمابوو، چونکە ئەو بایە کە دەهاتو دەیدا لە هەر پیاوێك لەوانە، هەڵی دەگرتو دەیکرد بە هەوادا و بەسەردا دەیکێشا بە زەویدا سەری پان دەبووەوەو دەماغی دەردەهێنا، وەك کۆتەرەی دارخورمای ڕزاوی لێ دەهات، ئەوانە خۆیان خزاندبووە ناو ئەشکەوتو کونە بەردەکانی ناو چیاکانو چاڵیشیان لەناو زەمیندا لێدابوو بەڵام بێ سوود بوو لە سزای خوا ڕزگاری نەکردن! ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ﴾[4] واتە: بێگومان کاتی سزای خوا دێت دوا ناکەوێت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَٰهُمْ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾.

﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٥﴾﴾

---

[1] الفجر (٨).

[2] فصلت (١٥).

[3] الحاقة (٦–٧).

[4] نوح (٤).

باسی سالّح پێغەمبەر (سەلامی خوای لیٚ بێت) و هۆزەکەی - سەمود -

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی سالّح دەکات (سەلامی خوای لیٚ بێت) کە ڕەوانەی کردووە بۆ سەر هۆزەکەی، هۆزی سەموود، کە عەرەب بوون لە شاری حیجر نیشتەجیٚ بوون، کە کەوتبووە نێوان شیوی قیرا و ولاّتی شامەوە، کە شوێنەکەیان زۆر دیارو بەناو بانگە، لە پێشەوە لە سورەتی (الاعراف)دا باسی ئەو فەموودانەمان کرد کە ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە تێپەڕی بەوێدا کاتیٚ ویستی غەزای شام بکات، گەیشتە تەبووكو پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو غەزایە.[1] ئەم هۆزی سەموودە دوای هۆزی عادو پێش ئیبراهیمی خەلیل هاتوون، پێغەمبەرەکەیان– سالّح – (سەلامی خوای لێبێت) بانگی کردن بۆ لای خوداو داوای لێکردن کە تەنها خودا بپەستن‌و شەریکی بۆ دانەنێن وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بەلاّم ئەوان بڕوایان نەهێناو دژایەتیان کرد، پێغەمبەر سالّحی براشیان (سەلامی خوای لیٚ بێت) پێی وتن: من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناویٚ، پاداشتی خۆم لە خودای مەزن داوا دەکەم، پاشان باسی ئەو بەهرانەی خوای بۆ کردوون کە پێی بەخشیون.

﴿أَتُتۡرَكُونَ فِي مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٖ وَنَخۡلٖ طَلۡعُهَا هَضِيمٞ ﴿١٤٨﴾ وَتَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا فَٰرِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٥٠﴾ وَلَا تُطِيعُوٓاْ أَمۡرَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴿١٥٢﴾﴾

وەبیرخستنەوەی ئەو ژیانەی کە تێیدان‌و بەهرەکانی خودا بەسەریانەوە

پێغەمبەر سالّح (سەلامی خوای لیٚ بێت) ئامۆژگاریان دەکات‌و دەیانترسێنێت لە تووڕەبوونی خودا کە تووشی بەلاّیان بکات‌و ئەو هەموو بەهرەی خودایان وەبیر دێنێتەوە کە پێی بەخشیون لە هەموو خۆراکێکی چاك‌و پڕسوود، دلّنیاشی کردوون لە ترس‌و باغاتیشی پێداون لەگەلّ کانیاوی سازگارو شیریندا کە بە ناویاندا دەڕوات، هەموو جۆرە کشتوکالّ‌و بەرووبوومێك سەوز دەکات بۆیان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَتُتۡرَكُونَ فِي مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ﴾، واتە: وادەزانن وازتان لێدەهێنرێت لە دنیادا بە هێمنی دەژین، لە ناو باخات‌و کانیاوی زۆردا. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَنَخۡلٖ طَلۡعُهَا هَضِيمٞ﴾ واتە: وە لە ناو کشتوکالّی زۆر و دارخورمای مێوە گەییودا. عەوفی دەلّیٚ: لە

[1] فتح الباري (٧/٧٣١).

ئیبنو عەباسەوە ﴿هَضِيمٌ﴾واتە: نەرمو پێگەیشتوو.[1] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە ﴿وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ﴾ واتە: خاوەن شکۆفەو نەرمو نۆڵ. ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خالید دەڵێ: لە عەمری کوڕی ئەبو عەمرەوە کە چاوی بە هاوەڵانی پێغەمبەر کەوتووە (ﷺ) لە ئیبنو عەباسەوە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ﴾ دەڵێ: وەختێ کە تەڕو نەرمە، ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتی کردووەو پاشان دەڵێ: لە ئەبوسالحیشەوە بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە. ﴿وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَرِهِينَ﴾، واتە: وە لە چیاکاندا خانوو دەتاشن زۆر بە لێزانانە. ئیبنو عەباس‌و کەسانی تریش دەڵێن: ﴿فَرِهِينَ﴾ یانی: لێزانن –وەستان–[2]، وە هەر لە ڕیوایەتێکی تر لە ئیبنو عەباسەوە واتە: بە کەیف‌و خۆشیەوە. موجاهیدو کەسانی تریش هەمان ڕایان هەڵبژاردووە.[3] هیچ دژایەتیەك لە نێوان ئەم قسانەدا نیە، چونکە ئەوانە ئەو ماڵانەیان لە کێوەکان دەتاشن بۆ کەیف‌و خۆشی‌و هیچ پێویستیەکیان پێی نەبوو کە تێیدا دانیشن‌و بە کاری بێنن، بەڵکو هەروەك پیشەیەك حەزیان لێی دەکردو زۆر لێزان‌و وەستا بوون لەو بەرد تاشینەدا، وەك دیارو ئاشکرایە بۆکەسێك چاوی بە شوێنەوارەکانیان کەوتبێت. بۆیە وەك خودای مەزن دەفەرموێت پێی وتوون: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ واتە: ڕوو بکەنە ئەو شتەی کە سودی بۆ دنیاو قیامەتتان هەیە، تەنها خودا بپەرستن کە دروستی کردوون‌و ڕۆزی داون هەمیشە خودا بناسن‌و بە پاکی‌و بێعەیبی ئەودا هەڵدەن بە بەیانیان‌و ئێواران ﴿وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ﴾، واتە: وە گوێڕایەڵی زیادەڕەوان مەکەن، ئەوانەی خراپەکاری دەکەن لە زەویدا وە کردەوەی چاك ناکەن. یانی: سەرۆك‌و کاربەدەستەکانیان، ئەوانەی کە بانگیان دەکەن بۆ خوانەناسی‌و شەریك دانان بۆ خوداو دژایەتی هەق.

﴿قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ ﴿١٥٣﴾ مَا أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿١٥٤﴾ قَالَ هَٰذِهِ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ ﴿١٥٧﴾ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٥٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿١٥٩﴾﴾

---

[1] الطبري (١٩/٣٨٠).

[2] الطبري (١٩/٣٨٢).

[3] الطبري (١٩/٣٨٣).

وەڵام دانەوەی هۆزی سەموودو داواکردنی نیشانە (معجزه) و دابەزینی سزا بۆیان

خوای گەورە باسی هۆزی سەموود دەکات کە وەڵامی پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) دەدەنەوە کاتێك کە بانگیان دەکات کە عیبادەتی پەروەردگاریان بکەن کەچی ئەڵێن: ﴿ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴾ واتە: تۆ تەنها یەکێکی لە جادولێکراوان. موجاهیدو قەتادە دەڵێن: مەبەستیان ئەوەیە کە جادووی لێ کراوە.[1] پاشان دەڵێن: ﴿ مَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا ﴾ واتە: تۆ تەنها مرۆڤێکی وەك ئێمە. یانی چۆن نیگا دێت بۆ تۆ بۆ ئێمە نایەت؟ وەك لە ئایەتێکی تردا دەڵێن: ﴿ أَءُلْقِىَ ٱلذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنۢ بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ ﴿٢٥﴾ سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ ٱلْكَذَّابُ ٱلْأَشِرُ ﴾[2]، واتە: چۆن لەناو هەموو ئێمەدا فەرمانی خودا هەر بۆ ئەودێ؟ بەڵکو پیاوێکی درۆزنی خۆپەسەندە -سبەی دەزانن کێ درۆزنو خۆپەسەندە- ﴿ فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴾، واتە: دەی ئایەتو موعجیزەیەکمان بۆ بێنە ئەگەر تۆلە ڕاستگۆیانی. پاشان ڕایان هاتە سەر ئەوە نیشانەیەکی لێ داوا بکەن بۆیان بەجێ بێنێ، بۆ ئەوەی بزانن ڕاستە لە لای خوداوە ڕەوانە کراوە، هەموو کۆبوونەوەو داوایان لێکرد کە هەر ئێستا وشترێکی ئاوس لەم بەردە دەربهێنێت، -ئیشارەتیان کردە لای بەردێك کە لە لایاندا بوو- وە گوتیان لەو شێوەیەو لەو جۆرە بێت، ئا لەو کاتەدا پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) پەیمانی لێ وەرگرتن، ئەگەر ئەوەی ئەوان داوایان کردووە بۆی بەجێ هێنان باوەڕی پێ بکەنو شوێنی بکەون، ئەوانیش پەیمانیان دایە، پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) هەڵساو نوێژی کردو پاشان پاڕایەوە لە خوای گەورە داواکەیان قەبوڵ بکات، خودایش ئەو بەردەی قلیشاند کە ئیشارەتیان بۆ کرد وشترێکی ئاوس بەو شێوەیەو بەو جۆرە کە داوایان کردبوو هاتە دەرەوە لێی. هەندێکیان بڕوایان هێناو زۆربەشیان بڕوایان نەهێنا، ساڵح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) وەك خوای گەورە دەفەرمووێت گوتی: ﴿ قَالَ هَـٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴾ واتە: ئەمە وشترێکی مێینەیە، ڕۆژێك ئاوەکەی ئێوە بۆ ئەوەو ڕۆژێکیش بۆ خۆتانەو بۆتان نیە لە ڕۆژی ئەم وشترەدا بچنە سەر ئەو ئاوە ﴿ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾ واتە: ترساندنیو هەڕەشەی لێکردن کە خوا توشی بەڵایان دەکات ئەگەر زیان بەو وشترە بگەیەنن. وشترەکە ماوەیەك لە نێوانیاندا مایەوەو گیاو گەڵا داری دەخواردو دەچووە سەر ئاوەکەو ئاوی دەخواردەوەو سوودیان لێوەردەگرتو شیرەکەیان دەخوارد، ماوەیەك بەم شێوەیە

[1] الطبري (١٩/٣٨٤، ٣٨٥).

[2] القمر (٢٥-٢٦).

تێپەڕیو نەگبەتیان هاتو دایان لەملی وشترەکەو کوشتیان وەك خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُواْ نَـٰدِمِينَ ﴾، واتە: کەچی سەریان بڕی و یەکسەر پەشیمان بوونەوە. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، واتە: ئینجا سزای تۆڵە ئەوانی گرت بە ڕاستی لەمەدا نیشانەیەکی گەورە هەیە بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون. ئەو زەمینەی کە لەسەری بوون لەرزەیەکی زۆر توندی کرد لەگەڵ دەنگێکی بەهێزو گەورەدا دڵی بچڕینو هەموویان لە شوێنی خۆیاندا کەوتن، بە شێوەیەك خودا لەناوی بردن کە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەدەهات ﴿ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، پەروەردگاری تۆ زۆر بەدەستەلات و بەخشندە و بەسۆزە.

﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٦١﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٦٤﴾﴾

باسی (لوط) پێغەمبەرو (سەلامی خوای لێ بێت) بانگەوازەکەی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٦١﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾
خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی لوت دەکات (سەلامی خوای لێ بێت) کە ناوی لوتی کوڕی هارانی کوڕی ئازەرە، واتە: برازای ئیبراهیمی خەلیلە (سەلامی خوای لێ بێت) هەر لە زەمانی ئەمدا خوای گەورە لوتی نارد بۆ ناو هۆزێکی گەورە کە لە سەدوم نیشتەجێ بوون. کە بەهۆی ئەو بێناموسیانەیانەوە کەهەمووکەس ئەیزانێت خودای مەزن قڕی کردنو شوێنەکەیانی کردە دەریایەکی پیسی بۆگەن کە زۆر بەناوبانگە لە وڵاتی غەور–الغور–دا کە ناوچەیەکە لە تەنیشت چیاکانی قودسی پیرۆز (البیت المقدس) کەوتووەتە نێوان ناوچەی کەرەك و شەوبەکەوە، لوط پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێت) بانگی کردن بۆ لای خوای گەورە داوای لێ کردن کە تەنها ئەو بپەرستنو شەریکی بۆ دانەنێنو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکانی بکەن کە ڕەوانەی کردوون بۆیان، فەرمانیشی پێ کردوون کە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خراپەکاریو واز بێنن لەو بێناموسیەی کە هیچ گەلێ لەپێش ئەوان پێی هەڵنەساوەو توخنی نەکەوتووە. لە باتی ژن سواری پیاو دەبوون. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: ئایا لەناو خەڵکی هەموو جیهانیاندا تەنیائێوە نێربازی دەکەن.

﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾ قَالُواْ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَـٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ ﴿١٦٧﴾ قَالَ إِنِّى لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ﴿١٦٨﴾ رَبِّ نَجِّنِى وَأَهْلِى مِمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٩﴾

﴿فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٧٠﴾ إِلَّا عَجُوزًا فِى ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿١٧١﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٧٥﴾﴾

ناڕەزایی دەربڕینی لووت لەسەر ئەو کارە خراپەی هۆزەکەی، وەڵام دانەوەی ئەوان و سزادانیان

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: ئایا لەناوهەموو خەڵکی گشت جیهانیاندا ئێوە نێربازی دەکەن. ﴿وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ﴾، واتە: وە واز دێنن لەوهاوسەرانەتان کە پەروەردگارتان بۆی دروست کردوون، نەخێر بەڵکو ئێوە کۆمەڵێکی دەرچوون لەسنووری ئارەزوو. کاتێك کە لوت پێغەمبەر (سەلامی خوای لیّ بێت) پێی گوتن کە واز بێنن لە داوێنپیسیو پەلاماری نێر نەدەن لە باتی مێینە، داوای لیّ دەکردن کە بچنە لای ژنەکانیانو ئەوەی خودا بۆی حەڵاڵ کردوون بیکەن، بەڵام ئەوان وەڵامیان ئەوە بوو بۆ لووت (سەلامی خوای لیّ بێت) وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰلُوطُ﴾ واتە: ئەگەر کۆڵنەدەی لەوەی کە باسی دەکەیو بۆت هێناوین ﴿لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ﴾ واتە: لەناو خۆماندا دەرت دەکەین، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوٓا۟ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾[1]، واتە: ئینجا وەڵامی گەلەکەی هیچ نەبوو جگە لەوەی کە وتیان لوتو بنەماڵەکەی (شوێنکەوتووانی) لە شارەکەتان دەرکەن بە ڕاستی ئەوان کەسانێکن خۆیان پاك ڕادەگرن (لەم کردەوەی ئێمە). واتە: دەریان کەن چونکە ئەوانە حەز لە داوێن پاکی دەکەن، کاتیّ کە لوت پێغەمبەر (سەلامی خوای لیّ بێت) بۆی دەرکەوت کە واز ناهێننو لەسەر گومڕایی خۆیان هەر بەردەوامن، ناڕەزایی خۆی دەربڕی لێیان ﴿قَالَ إِنِّى لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ﴾ واتە: گوتی: من زۆر قینم لەم کارەتانە، خۆشیم لیی نایەو پێی ڕازی نیم، هیچ پەیوەندیەکم نیە پێتانەوەو لێتان دوورم، پاشان دوعای لێکردن گوتی: ﴿رَبِّ نَجِّنِى وَأَهْلِى مِمَّا يَعْمَلُونَ﴾، واتە: ئەی پەروەردگارم خۆمو ماڵو خێزانم ڕزگار بکە لە تۆڵەی ئەو کردەوەی ئەوان دەیکەن. خوای گەورەیش فەرمووی: ﴿فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٧٠﴾ إِلَّا عَجُوزًا فِى ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ واتە: هەموو ڕزگاریان بوو جگە لە ژنەکەی، کە ژنێکی زۆر خراپ بوو مایەوەو لەگەڵ ئەوانەی هۆزەکەی لەناو چوو، خودای گەورە لە چەند سورەتی تردا باسی کردووە، وەك لە سورەتی (الاعراف و هود و حجر)دا کە خوا فەرمانی دا بە لوت کە بە شەو خاوخێزانی لەوێ

[1] النمل (٥٦).

دەرچوون جگە لە ژنەکەی کە دەبێت لەناو ئەوانەدا بمێنێتەوە، وە کاتێ گوێیان لە دەنگی گەورە بوو لانەکەنەوەو نەڕوانن بە دوای خۆیاندا چونکە ئەوە بەڵایە دێت بۆ ئەوانەی هۆزەکەی فەرمانی خودایان بەجێ هێناو خۆیان گرتو بەڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ دَمَّرۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم مَّطَرٗاۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلۡمُنذَرِينَ﴾ خوای گەورە سزای سەختی نارد بۆیان‌و هەمووی لەناو بردن‌و پاشان بەردەبارانیشی کردن بە قوڕێ کەوەك بەردی ڕەقی لێ هاتبووئینجاناى چ خراپ بووبارانی ترسێنراوان. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾.

﴿كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٧٦﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ شُعَيۡبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٧٨﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٨٠﴾﴾

شوعەیب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ئامۆژگاری خاوەن دارستانەکان دەکات

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ واتە: خاوەن باخاتە چڕوپڕەکانیش پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا. ئەمانە –واتە خاوەن دارستانەکان– خەڵکی مەدیەن بوون، پێغەمبەر شوعەیبیش (سەلامی خوای لێ بێت) لە کەسی خۆیان بووە، بۆیە لێرەدا نەگوتراوە: برایان شوعەیب چونکە هۆزەکەی دارستانیان دەپەرست. وە گوتراویشە: (أیكة)درەختێکە .لوول ئەخوات وەك جەنگەڵستان ئەچن بەناو یەکدا کەگەلی شوعەیب دەیان پەرست! هەر لەبەر ئەوەیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾، نەیفەرموو (اذ قال لهم أخوهم شعیب) بەڵکو فەرموویەتی: ﴿إِذۡ قَالَ لَهُمۡ شُعَيۡبٌ أَلَا تَتَّقُونَ﴾، واتە: کاتێك شوعەیب (سەلامی خوای لێ بێت) پێی وتن: ئایا خۆتان ناپارێزن‌و لە خوا ناترسن. یانی پەیوەندی خزمایەتی بڕیوە لە نێوانی شوعەیب‌و ئەواندا، بەهۆی ئەو بت پەرستیەی درابووە پاڵیان، هەرچەندە لە ڕەچەڵەکدا یەك بنەماڵە بوون، هەندێ کەس لەم قسەیە تێنەگەیشتووە، وایانزانیووە خاوەن دارستانەکان ﴿أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ﴾ واتە: جگەلە هۆزی شوعەیب.[١] کەسانی تریش جگە لە جوەیبر –جوَیبر– ئەڵێن: خاوەن دارستان‌و مەدیەن هەر یەکێکن.[٢] ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەردوویان یەك هۆزن، لە هەر شوێنێکدا بە شتێ ناوبراون، بۆیە پێغەمبەر شوعەیب ئامۆژگاریان دەکات‌و فەرمانیان پێدەکات لە کێشانەو لە پێوانەدا دادپەروەر بن وەك لە

---

[١] الدر المنثور (٦/٣٨١).

[٢] الطبري (١٩/٣٩٠).

بەسەرهاتی مەدیەندا بە تەواوی باس کراوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەن دارستانو مەدیەن یەك شتە، شوعەیب پێیان ئەفەرموێ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٧٨﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾، من پەیامبەرێکی دەستپاکم بۆ ئێوە، لەخوا بترسن و گوێڕایەڵی بکەن، من هیچ کرێیەك لە ئێوەداوا ناکەم و کرێی من تەنیا لای پەروەرگاری جیهانیانە.

﴿أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ ﴿١٨١﴾ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ﴿١٨٢﴾ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿١٨٣﴾ وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ ﴿١٨٤﴾﴾

فەرمان دان بە دادپەروەری لە کێشانەو پێوانەدا

شوعەیب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) پێی فەرموون: بە ڕێكو پێکی کێشانەو پێوانە بکەن، داوای لێکردن واز لە کەم فرۆشی (ترازووبازی) بێنن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ﴾ واتە: وەختێ شتێکتان فرۆشت بە کەسێك بە تەواوی شتێکی بدەنێو لێی کەم مەکەن وە لە زیانده‌ران مەبن. وەك چۆن خۆتان دەیکڕن بەو شێوەیەش بیفرۆشن، با زیادو کەمی نەبێتو یەکسان بێ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ﴾ (القسطاس) مانای تەرازووە، واتە: کێشانەتان با بەرامبەر و یەکسان بێ. ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ واتە: شتی خەڵکی کەم مەکەن وە لەزەویدا مەبنە خەڵکانی گەندەڵ. ﴿وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ ڕێگەش مەگرن لە خەڵکیو تالانی بکەن، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ﴾،[1] واتە: وە لەسەر هەموو ڕێگایەك مەگرن و هەڕەشە بکەنو بەرهەڵستی ڕێگەی خوا بکەن لە و کەسەی باوەڕی پێ ئەهێنێ. پاشان دەفەرموێت: ﴿وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ﴾ شوعەیب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) دەیانترسێنێت لە تۆڵەی خودا. ئەو خودایەی کە ئەوانیشو گەلە پێشوەکانیشی دروست کردووە. وەك موسا (سەلامی خوای لێ بێت) گوتی بە نەوەی ئیسرائیل ﴿رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ﴾،[2] واتە: پەروەردگاری ئێوەو پەروەردگاری باوكو باپیرە پێشوەکانتانە. ئیبنو عەباسو

---

[1] الاعراف (٨٦).

[2] الشعراء (٢٦).

موجاهیدو سودیو سوفیانی کوڕی عویەینەو عبدالرحمن ی کوڕی زەیدی ئەسلەم ئەڵێن: ﴿وَٱلۡجِبِلَّةَ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ واتە: کۆمەڵانی پێشوشی دروست کرد، پاشان ئیبنو زەید ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًا﴾ واتە: سوێند بە خوا بێگومان (شەیتان) خەڵکێکی زۆری لە ئێوە گومڕا کرد[1].

﴿قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلۡمُسَحَّرِينَ ﴿١٨٥﴾ وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿١٨٦﴾ فَأَسۡقِطۡ عَلَيۡنَا كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٨٧﴾ قَالَ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمِ ٱلظُّلَّةِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٩٠﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٩١﴾﴾

وەڵام دانەوەی هۆزی شوعەیبو بڕوا نەهێنانیان پێی و سزادانیان

خوای گەورە باسی هۆزی شوعەیب دەکات کە وەڵامەکەیان هەروەك وەڵامی هۆزی سەمود وابوو، چونکە خوانەناسان خاوەنی یەك سروشتو دڵن. بۆیە گوتیان: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلۡمُسَحَّرِينَ﴾ واتە: بێگومان تۆ جادووت لێکراوە، وەك لە پێشەوە باسکرا، ﴿وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾ واتە: وە تۆ تەنها مرۆڤێکی وەك ئێمەو بە ڕاستی ئێمە وا گومانت پێ دەبەین لە درۆزنان بیت. یانی قسەی خۆتەو لە خۆتەوە هەڵی دەبەستیو خودا تۆی ڕەوانە نەکردووە بۆ ئێمە، ﴿فَأَسۡقِطۡ عَلَيۡنَا كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ لەتێك لە ئاسمان بخە بەسەرماندا، زەححاك دەڵێ: ﴿كِسَفٗا﴾ واتە: سوچێکی ئاسمان بخە بەسەرماندا.[2] قەتادە دەڵێ: ﴿كِسَفٗا﴾ واتە: چەند پارچەیەکی ئاسمان بەسەرماندا دابارێنە.[3] سودی دەڵێ: سزایەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرە، ئەم قسەی ئەمانە لە قسەی هۆزی قوڕەیش دەچێ، وەك خوای گەورە باسیان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا﴾[4]، واتە: وتیان هەرگیز باوەڕت پێ ناهێنین هەتا لەم زەویەدا کانیاوێکمان بۆ هەڵنەقوڵێنی، یان باغێکت ببێ لە دار خورماو

[1] الطبري (١٩/٣٩٢).

[2] الطبري (١٩/٣٩٣).

[3] الطبري (٢٢/٤٨٥).

[4] الاسراء (٩٠-٩٢).

تریَو چەند ڕووبارێك هەڵقوڵێنێت لە نێوان درەختەكانیدا بە خوڕ بڕوات، یان ئاسمان بڕوخێنی بەسەرماندا بە پارچە پارچەكراوی هەر چۆن لافت لێداو یان خواو فریشتەكان بێنیٚ ڕووبەڕوو (بیان بینین). وە فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[1]، واتە: (بیربكەرەوە) كاتێك (كە بێبڕواكان) دەیان وت: ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەم قورئانە ڕاستەو لە لایەن تۆوە هاتووە دەی بەرد بەسەرماندا ببارێنە لە ئاسمانەوە یان سزایەكی سەختی پڕ ئازارمان بۆ بنێرە. ئەم خوانەناس و نەزانانەی هۆزی شوعەیبیش هەر وایان گوتووە، ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ شوعەیبیش وەڵامی دانەوە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ رَبِّىٓ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: خودا ئاگای لە هەموو كاروبارێكتانەو ئەگەر شایەنی ئەوە بن سزاتان بدات، سزاتان دەداتو ناهەقیتان پیٚ ناكات، هەر بەو شێوەیە خودا تۆڵەی لێسەندن و بەو جۆرەی كە خۆیان داوایان دەكرد تووشی سزا بوون، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ ئەم سزایە لەو جۆرە بوو كە خۆیان داوایان دەكرد، كە چەند پارچەیەك لە ئاسمانەوە بەسەریاندا ببارێت، خوای گەورەیش، ئەو بەڵایەی بەو جۆرە بۆناردن، حەوت ڕۆژ ڕەشەبایەكی گەرمی توند لێی هەڵكردن دەرفەتی نەدەدان و نەیدەهێشت چاو بكەنەوەو هەراسانی كردبوون، پاشان هەورێك هات و سێبەری كرد بەسەریانداو بە پەلە دەرچوون بۆ ئەوەی بچنە سێبەری لەبەر گەرماو فێنكیان بێتەوە كاتیٚ كە هەموو كۆبوونەوە لە ژێر هەورەكەدا، خوای گەورە چەخماخەیەكی ئاگرینی بۆ ناردن كە زۆر بریزكەدارو ڕووناك بوو، زەویش لە ژێریاندا لەرزیو دەنگێكی زۆر مەزنیش هات و گیانی هەموویانی كێشاو لەناوی دان، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ خوای گەورە لە سیٚ شوێندا باسی چۆنیەتی لەناوچوونی هۆزی شوعەیبی كردووە، هەر شوێنێك پڕبەپڕی ئەو باسەیە كە هاتووە لە سورەتی (الاعراف)دا باسی ئەوە دەكات كە زەمین لەرزەیەك لە شوێنی خۆیاندا لێی داون هەموو لەناوچوون، چونكە ئەوانە دەیانگوت بە شوعەیب: ﴿لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾[2]، واتە: ئەی شوعەیب بێگومان تۆو ئەوانەش كە بڕوایان هێناوە لەگەڵ تۆدا لە شارەكەمان دەرتان دەكەین یان دەبێت بگەڕێنەوە سەر ئاینی ئێمە. چونكە ئەمانە جێیان بە شوعەیب و ئەوانەی شوێنی كەوتبوون

---

[1] الانفال (٣٢).

[2] الاعراف (٨٨).

لێژ کردبوو، خودایش زەمینی لەژێریاندا هێنایە لەرزەو لێی تێك دانو لەناوی بردن. وە لە سورەتی (هود)یشدا فەرموویەتی: ﴿وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيْحَةُ﴾[1]، واتە: وە ئەوانەی ستەمیان کردبوو نالەو شریخەکە (نەعرەتەکە)گرتنی. چونکەئەوانە گاڵتەیاندەمات بە قسەی شوعەیب دەیانگوت: ﴿أَصَلَوٰتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلْحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ﴾[2]، واتە: ئایا نوێژەکەت فەرمانت پێ دەدات کە ئێمە واز بێنین لەوەی باوو باپیرانمان پەرستوویانە یان واز بێنین لەوەی بە ویستی خۆمان لە ماڵو سامانماندا دەیکەین بە ڕاستی تۆ پیاوێکی بەحەوسەڵە و لێزان و هۆشمەندیت. ئەو گاڵتەجاڕیەی ئەوان، جێی خۆیەتی کە دەنگێکی توندو بەهێز خامۆشی بکاتو سورتەی بچنێ. وە لێرەشدا گوتیان: ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ واتە: ئەوەندە لاسارو بێدین و کەللەڕەق بوون، جێگای خۆیەتی، ئەوەی ئەوان بە دریان دەزانیو بڕوایان پێی نەبوو بەسەریاندا بێو لەناویان ببات، ﴿فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە یەزیدی باهیلیەوە -یزید الباهلی- دەڵێ: پرسیارم کرد لە ئیبنو عەباس لەم ئایەتە ﴿فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ﴾، (واتە: بەو هۆیەوە سزای ڕۆژی سێبەر گرتنی). گوتی: خوای گەورە هەورە تریشقەو بایەکی توندی گەرمی بۆ ناردن خەریك بوو هەناسەی دەچنین دەچوونە ژووری ماڵەکانیان لەگەڵیان دەچووە ژوورو خەریك بوو گیانیان دەربێنێ، لە ماڵ ڕایان کردە دەرەوە، خوای گەورە هەورێکی بۆ ناردن بەری خۆری گرتو سێبەری بە سەریانەوە کرد، هەستیان بە خۆشیو فێنکی کرد، بانگی یەکتریان دەکرد هەتا هەموو لە ژێر ئەو هەورەدا کۆبوونەوە خوای گەورە ئاگرێکی بۆ ناردن، ئیبنو عەباس دەڵێ: ئەوە ئەو گڕە بایە بوو کە لە ڕۆژی هەوردا لێی هەڵکردن، ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ واتە: بە ڕاستی ئەو سزایە سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە بوو.[3] پاشان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ١٩٠ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾.

---

[1] هود (٩٤).

[2] هود (٨٧).

[3] الطبري (١٩/٣٩٤).

﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾

ئەم قورئانە خوای گەورە ناردوویەتیە خوارەوە

خوای گەورە باسی کتێبی خۆی قورئان دەکات کە ڕەوانەی کردووە بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەمەد(ﷺ)، ﴿وَإِنَّهُۥ﴾ واتە: ئەو قورئانە، کە لە سەرەتای ئەم سوڕەتەدا باسی هاتووە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ مُحْدَثٍ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهُ مُعْرِضِينَ ﴾[1]، واتە: هەر قسەیەکی تازەیان لە لایەن خوداوە بۆ بێت ڕوویانی لێ وەردەگێڕن ﴿لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: خودا بۆی ناردووی‌و نیگای بۆ کردووی، ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴾ واتەك جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێت) هێناویەتیە خوار. زۆرێك لە زانایانی پێشینە –السلف– وایان گوتووە: وەك ئیبنو عەباس‌و موحەمەدی کوڕی کەعب‌و قەتادەو عەتیەی عەوفی‌و سودی‌و زەححاك‌و زوهری‌و ئیبنو جورەیج[2]. ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە هیچ ناکۆکیەکی لەسەر نیە. زوهری دەڵێ: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ ﴾،[3] واتە: (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرەئیل بێت (ئەوە دوژمنی خوایە) چونکە ئەو بە فەرمانی خوا قورئانی هێناوەتە خوارەوە بۆ سەر دڵی تۆ. وە فەرموویەتی: ﴿عَلَىٰ قَلْبِكَ﴾ بۆ سەر دڵی تۆ ئەی موحەمەد (ﷺ) کە زیادو کەمی نیەو دوورە لە هەموو عەیبێك ﴿لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴾ تاببیتە ئاگادریدەر، واتە: بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بڕوایان نیەو دژایەتی ئیسلام دەکەن بترسێنێت لە تۆڵەو سزای خوای گەورە. مزگێنیش بدات بە خاوەن باوەڕان ئەوانەی کە شوێن کەوتووی ئەو پەیامە بوون، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴾ واتە: ئەم قورئانەی کە بۆ تۆمان ناردووە بە زمانێکی عەرەبی ڕێکوپێك‌و ڕەوان، بۆ ئەوەش دیارو ئاشکراو ڕوونە تا بیانوو بڕیێ‌و چاکترین نیشانەش بێ لەسەر ڕاستی‌و بێگەردی ئەم پەیامە پیرۆزە.

---

[1] الشعراء (٥).

[2] الطبري (١٩/٣٩٦).

[3] البقرة (٩٧).

﴿وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٩٧﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ ﴿١٩٨﴾ فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١٩٩﴾﴾

قورئان له كتێبه پێشوەكاندا باسی هەبووه

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ خوای گەورە دەفەرموێت باسی ئەم قورئانەو ئیشارەت پێدانی لە كتێبەكانی پێشوودا هەیە، پێغەمبەرەكانی پێشوو مزگێنیان پێداوە هەر لە دێرزەمانەوە تا پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) وەك بەڵێنو پەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرتووە لەو بارەیەوە، دواین پێغەمبەریان كە عیسای كوڕی مەریەمە، هەڵدەسێ وتارێك دەدات لەناو شوێنكەوتووانیدا مزگێنی هاتنی پێغەمبەریان (ﷺ) پێ دەگەیەنێت وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ﴾[1] واتە: (بیربكەرەوە) كاتێك كە عیسای كوڕی مەریەم وتی ئەی كوڕانی یەعقوب بێگومان من نێردراوی خوام بۆ لای ئێوە ئەو تەوراتەی كە لە پێش مندا هاتووە بە ڕاستی دادەنێم وە مژدەتان دەدەمێ بە پێغەمبەرێك كە لە دوای من دێتو ناوی ئەحمەدە. ﴿زُبُرِ﴾ لێرەدا واتە: كتێبەكان، كە جەمعی زەبوورە –الزبور– كە كتێبی داودە (سەلامی خوای لێ بێت) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكُلُّ شَىْءٍ فَعَلُوهُ فِى ٱلزُّبُرِ﴾[2] واتە: هەرچیان كردووە لە كتێبی فریشتەكاندا لەسەریان نووسراوە، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ واتە: ئایا ئەوە بەس نیە بۆ ئەوان كە زانایانی نەوەی ئیسرائیل شایەتی ڕاستی دەدەن لەسەر ئەوەی كە قورئان باسی هاتووە لەناو كتێبەكانی ئەواندا كە دەیخوێننەوە. مەبەست پێی: ئەو زانایانەی كە بە ئینسافو ڕاستگۆن دانی پێدا دەنێن كە باسی موحەمەد(ﷺ)و سیفەتەكانیو ئومەتەكەیو ڕەوانەكردنی لە كتێبەكانی ئەواندا هاتووە. وەك عبدالله ی كوڕی سەلامو سەلمانی فارسی و هاووێنەی ئەوان كە پێغەمبەریان بینیوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ﴾.[3] واتە: ئەوانەی شوێن پێغەمبەرو نێردراوی

[1] الصف (٦).

[2] القمر (٥٢).

[3] الاعراف (١٥٧).

نەخوێندەوارێ دەكەون (كە لە لایەن پەروەردگارەوە هاتووە) ئەو كەسەی كە (نامەدارەكان) بە نوسراوی لایانە لە تەورات و ئینجیلدا و دەیبینن.

قورەیشیەكان زۆر بێدین بوون

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێمە ئەوەمان بناردایەتە خوارەوە بۆ كەسێكی عەجەمی، ﴿فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئینجا بخوێنرایەتەوە بەسەریاندا باوەڕیان پێ نەدەهێنا. خوای گەورە زۆر باسی بێدینی و لاساری قورەیش دەكات بەرامبەر ئەم قورئانە كە بۆیان هاتووە، ئەوەندە دوور لە خوان ئەگەر ڕەوانە بكرایە بۆعەرەبی نەزانێك – عەجەمیەك– ئەوانەی لەعەرەبی تێناگەن هەر نزیكی نەدەكەوتنەوە و بڕوایان پێ نەدەهێنا، ئەوەتا ئەم قورئانە بەو هەموو ڕێك و پێكی و ڕەوانیەوە و بە زمانی خۆیانە كەچی بڕوای پێ ناهێنن، وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّوا۟ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوٓا۟ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا﴾[1] واتە: ئەگەر دەرگایەكیان لە ئاسمانەوە بۆ بكردنایەتەوە و پیایدا بڕۆشتنایەتە سەرەوە ئەوسا دەیانگوت: بێگومان ئێمە چاوبەستمان لێكراوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾[2] واتە: وە بێگومان ئەگەر ئێمە فریشتەمان بۆ لای ئەو (بێباوەڕ)انە بناردایە و مردووەكان قسەیان لەگەڵ بكردنایە و هەموو شتێكمان بۆ كۆبكردنایەتەوە ڕووبەڕوویان دامان بنایە بڕوایان نەدەهێنا مەگەر خوا بیەوێت. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾[3]. واتە: بە ڕاستی ئەوانەی بڕیاری پەروەردگارت بۆیان دەرچوو بڕوا ناهێنن، (بڕوا ناهێنن) هەرچەندە بۆیان بێت هەموو بەڵگە و نیشانەیەك، تا سزای سەختی ئازاردەر دەبینن (بە چاوی خۆیان).

﴿كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٠٠﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٢٠١﴾ فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٠٢﴾ فَيَقُولُوا۟ هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿٢٠٤﴾ أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ

[1] الحجر (١٤–١٥).

[2] الانعام (١١١).

[3] یونس (٩٦–٩٧).

﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يُمَتَّعُونَ ﴿٢٠٧﴾ وَمَآ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ ﴿٢٠٨﴾ ذِكْرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٠٩﴾﴾

خوانەناسان بڕوا ناهێنن هەتا سزای بە ژان بە چاوی خۆیان دەبینن

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ واتە: هەر بەو شێوەیە بێباوەڕیو سەرپێچیو لاساریمان خستووەتە دڵی تاوانباران ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ بڕوا بە هەق ناهێنن ﴿حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ هەتا سزای بەژان بە چاوی خۆیان دەبینن، ئەو کاتە پەشیمان دەبنەوە بەڵام هیچ بڕوبیانوویەك لە ستەمکاران قبووڵ ناکرێتو سوودێکی نیە بۆ ئەوان، بەر لەعنەتی خودا دەکەونو خراپترین ڕێو شوێنیان هەیە، ﴿فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: لە پڕ سزاو جەزرەبەی خوایان بۆ دێت کە هەر ئاگایشیان لە خۆیان نیەو هەستی پێ ناکەن، ﴿فَيَقُولُواْ هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ﴾ واتە: کاتێك ئەو جەزرەبەیە بە چاوی خۆیان دەبینن، ئاواتەخوازن کە ماوەیەکی کەم مۆڵەت بدرێن هەتا –بە خەیاڵی خۆیان– گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بکەنو دەست بدەنە خواناسی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ ٱلْعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَآ أَخِّرْنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَ ۗ أَوَلَمْ تَكُونُوٓاْ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ﴾[1]، واتە: وە (ئەی موحەمەد(ﷺ)) خەڵکی ئاگادار بکەو بترسێنە لەو ڕۆژەی کە سزایان بۆ دێت ئینجا ئەوانەی کە ستەمیان کردووە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان بۆ ماوەیەکی کەم دوامان بخە تا وەڵامی بانگەوازەکەت بدەینەوەو شوێنی پێغەمبەران بکەوین، ئەی ئەوە ئێوە نەبوون پێشتر سوێندتان خوارد کە هەرگیز لەناو ناچن. هەموو ناهەقیکارو بەدڕەوشتو خراپەکارێك کاتێ کە تووشی جەزرەبەی خۆی هات، زۆر پەشیمانە، ئەوە فیرعەونی ستەمکار کاتێ کە موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) دوعای لێ دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَ ۖ رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا﴾[2] واتە: ئەی پەروەردگارمان بە ڕاستی تۆ بەخشیوتە بە فیرعەونو کۆمەڵەکەی هۆکاری ڕازانەوەو جوانیو ماڵو سامانی زۆر لە ژیانی دنیادا ئەی

[1] ابراهیم (٤٤).

[2] یونس (٨٨–٨٩).

پەروەردگارمان بۆ ئەوەی خەڵك گومڕا بکەن لە ڕێگای تۆ ئەی پەروەردگارمان لەناوی بەرەو مەیهێڵە ماڵو سامانیان و دڵەکانیان ڕەقو ڕەش بکە چونکە بڕوا ناهێنن تائەوکاتەی سزای سەختی ئازاردەر دەبینن، (خوای گەورە) فەرمووی: بێگومان داوای هەردووکتان وەرگیرا. ئەم دوعایە – نزایە – زۆر کاری لە فیرعەون کرد، بڕوای نەهێنا هەتا بە چاوی خۆی ئازاری بەژانی چەشت. ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدۡرَكَهُ ٱلۡغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٩٠﴾ ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾[1]، واتە: هەتا ئەو کاتەی خەریك بوو (فیرعەون) بخنکێ ئەوسا وتی بڕوام هێنا کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە ئەو (خوایە) نەبێت کە نەوەی ئیسرائیل بڕوایان پێهێناوە وە منیش لە موسڵمانانم، ئێستا (باوەڕ دێنیێت؟) کە بێگومان لەوەوپێش سەرپێچیت کردووە تۆ لە خراپەکارانو تێکدەران بوویت. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا﴾[2] واتە: ئەنجا کاتێك سزای بەتینی ئێمەیان بینی وتیان: باوەڕمان بە خوای تاکو تەنها هێناوە بێباوەڕین بەو شتانەی کردبوومانە هاوبەشی خوا، جا باوەڕهێنانەکەیان هیچ سودی نەبوو بۆیان لە کاتێکدا سزای ئێمەیان دی. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَبِعَذَابِنَا يَسۡتَعۡجِلُونَ﴾ واتە: دەی ئایا ئەوان پەلەی سزای ئێمەیانە. ئەمە هەڕەشە لێکردنو ناڕەزایی دەربڕینە، چونکە ئەو خوانەناسانە گاڵتە دەکەن بە پێغەمبەرو (ﷺ) بڕوایان بە قسەی نیەو بە دووری دەزانن توشی بەلا بن، بۆیە ئەڵێن: ﴿ٱئۡتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ﴾[3] واتە: سزای خوامان بۆ بێنە. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَرَءَيۡتَ إِن مَّتَّعۡنَٰهُمۡ سِنِينَ﴾ واتە: خۆ ئەگەر مۆڵەتیان بدەینو ماوەیەك دوایان بخەینو وازیان لێ بێنینو لێیان نەپرسینەوە، هەرچەندە ئەو ماوەیەش زۆر بێت، کاتێك کە خوا تووشی سزای کردن، ئایا ئەو خۆشیو بەهرانە چ سودێکی هەیە بۆیان، ﴿كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا﴾[4] واتە: بێباوەڕەکان کە ئەو ڕۆژە دەبینن وا دەزانن کە نەماونەتەوە ئێوارەیەك یا چێشتەنگاوێکی نەبێ لە دونیادا. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی:

---

[1] یونس (٩٠–٩١).

[2] الغافر (٨٤–٨٥).

[3] العنکبوت (٢٩).

[4] النازعات (٤٦).

﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ﴾[1] واتە: (لەبەر ئەوە) هەر یەکێکیان ئاوات دەخوازێت کە هەزار ساڵ بژیایە وە ئەوتەمەنە(کەبەسەری دەبات) ڕزگاری ناکات لەسزا. ﴿ثُمَّ جَاءَهُم مَّا كَانُوا يُوعَدُونَ﴾ واتە: لەپاشان ئەوسزایە بێت بۆیان. ﴿وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ﴾،[2] واتە: وە سەروەتو سامانەکەی قازانجی پێ ناگەیەنێ کاتێك کە تیادەچێت. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿مَا أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا يُمَتَّعُونَ﴾ واتە: ئەوماڵو سامانو خۆشگوزەرانیەی کاتێ کەمرد هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت. لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە دەفەرمووێت: (خوانەناس دەهێنرێت لەناو ئاگردا نوقم دەکرێت یەك جار، پاشان پێی دەبێژرێت: ئایا هەرگیز خێرت بینیووە؟ خوانەناسەکەش ئەڵێ: نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار. پیاوێکیش دێنن کە تووشی توندترین نارەحەتی –چەرمەسەری– بووە لە دنیادا دەخرێتە ناو بەهەشتەوە بە تێخستنێك پاشان پێی دەبێژرێت: ئایا هەرگیز نارەحەتیت دیوە؟ ئێژێ: نەخێر سوێند بە خودا ئەی پەروەردگار)، واتە: وەك ئەوەی کە هیچی بەسەر نەهاتبێت.[3] پاشان خودای گەورە باسی دادپەروەری خۆی دەکات بەرامبەر بەندەکانی کە هیچ گەلو ئومەتێکی لەناو نەبردووە مەگین ئاگاداری کردوونەتەوەو ترساندوونی بە ناردنی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆیان، هەموو شتێکیان بۆ ڕوون کردوونەتەوەو بیانوویان بڕیون، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ﴾، واتە: هیچ شارێکمان لەناو نەبردووە دڵنیابە ترسێنەرێکی هەبووە. ﴿ذِكْرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾ واتە: بۆ ئەوەی بیربکەنەوە، ئێمە ستەمکار نەبووین لە سزادانیاندا. وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾،[4] واتە: ئێمە هەرگیز سزای (بەندەکان) نادەین تا پێغەمبەر نەنێرین (بۆیان). وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ﴾[5]. واتە: وە پەروەردگارت وێرانکەری هیچ شارێك نەبووە هەتا لە شارە گەورە کە(پایتەختەکە)یاندا پێغەمبەرێکی نەناردبێت کە

---

[1] البقرة (٩٦).

[2] الليل (١١).

[3] أحمد (٢٠٣/٣) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] الاسراء (١٥).

[5] القصص (٥٩).

ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە وە ئێمە وێرانکەری هیچ شارێك نەبووین مەگەر کاتێ خەڵکەکەی ستەمکار بووبن.

﴿وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢١٠﴾ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٢١١﴾ إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ ﴿٢١٢﴾﴾

جوبرەئیل قورئانی هێناوەتە خوارەوە، شەیاتین نەیهێناوە

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ خوای گەورە باسی کتێبە پیرۆزەکەی دەکات کە هیچ شتێکی پڕوپوچی تێکەڵاو نابێت نە لە کاتی هاتنەخوارەوەیداو نە لە دوایشدا، وە هیچ کەسێکیش دەتوانێ دەستکاری بکاتو بیگۆڕێت، چونکە لە لایەن خوای کارزان و سوپاس و ستایشکراوەوە ڕەوانە کراوەو جوبرەئیل هێناویەتی کە جێی متمانەی خودایەو یارمەتی دەریەتی ﴿وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ واتە: شەیاتینەکان قورئانیان نەهێناوە، هەرگیز ناشتوانن، لەبەر سێ هۆکار: یەکەمیان ئەوە کاری ئەوان نیەو لێشیان ناوەشێتەوە. چونکە سروشتیان وایە کە بەردەوام بە شوێن خراپەکاریو چەواشەو گومڕاکردنی بەندەکانی خودادا دەگەڕێن. ئەم کارەیش فەرمان بە چاکەو بەرگری کردنی لە خراپە تێدایەو پڕە لە ڕووناکیو شارەزاییو بەڵگەی مەزن، لە نێوان ئەوو شەیاتینەکاندا دژایەتیو جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ﴾ واتە: ئەگەر لێشیان بهاتایە نەیان دەتوانی بیکەن، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ﴾[1] واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە بۆ سەر کێوێ (وە تێگەیشتنمان بدایەتێ) بە ملکەچیو لەت لەت بوو لە ترسی خوا دەتبینی. پاشان خوای گەورە ڕوونی کردووەتەوەو فەرموویەتی: ئەگەر شایەنی ئەوەش بوونایە نەیاندەتوانی بەجێی بێننو خۆیان بگەیەننە ئەو شوێنە، چونکە ڕێیان پێ نەدراوە گوێ بگرن بۆ قورئان کاتێك کە دێتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ئاسمان پڕ دەبێت لە پاسەوانو ئەستێرە کشاوەکان، هیچێك لەو شەیاتینانە ناتوانن خۆیان دەرباز بکەنو تەنها پیتێك لە قورئان ببیستن، بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لێی تێك نەچێت، ئەمەیش لە دڵۆڤانی خودای مەزنەو بۆ بەندەکانیو پاراستنی پەیامەکەیەتیو پشتگیری کتێبەکەیو پێغەمبەرەکەیی(ﷺ)تێدایە بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ﴾ واتە: بە ڕاستی شەیتانەکان لە گوێگرتن بەرگری کراون. وەك خوای گەورە باسی جنۆکە دەکاتو دەفەرموویێت: ﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا

---

[1] الحشر (٢١).

شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا﴾[1]. واتە: وە ئێمە دەگەڕاین بە شوێن دەنگو باسی ئاسماندا کەچی دیمان پڕ کراوە لە پاسەوانی بەهێزو تیری ئەستێرەکان، وە بێگومان ئێمە جاران دادەنیشتین لە چەند شوێنێك لە ئاسمان بۆ گوێگرتن بەڵام هەر کەسێك لەئێستا بەدواوە گوێ بگرێت تیرێکی ئەستێرە دەبینێ لە بۆسەی دایە، وە بە ڕاستی نازانین ئایا خراپی ویستراوە بۆئەوانەی کە لەسەر زەمین یان پەروەردگاریان ڕێنموونی ویستووە بۆیان.

﴿فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٢٢٠﴾﴾

فەرماندان بە ترساندنی خزمی نزیك

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ خودای گەورە فەرمان دەکات کە هەر خۆی بپەرستن‌و شەریکی بۆ دانەنێن، هەڕەشەی کردووە لەوانەی کە غەیری ئەو دەپەرستن کە ئازار دەدرێن، پاشان فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە خزمە نزیکەکانی خۆی بترسێنێت، ئەوانەی کە زۆر نزیکن لێیەوە، ئاگاداریان بکات کە تەنها بڕوایان بە خودا دەبێتە هۆی ڕزگاربوون‌و فەرمانیشی پێکردووە کە باڵی بەزەیی‌و نەرمونیانی ڕاخات بۆ خاوەنباوەڕان، ئەوانەی شوێنی دەکەون‌و بە دڵی پاك عیبادەتی خودا دەکەن. ئەو کەسانەش سەرپێچی فەرمانی خودا دەکەن وازیان لێ بێنێ و خۆی بەدوور بگرێت لێیان، ئیتر با ئەو کەسە هەرچییەك هەیەو چۆن کەسێکە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: ئینجا ئەگەر سەرپێچیان کردی بڵێ: من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەن. ئەم ترساندنە تایبەتیەی خزمە نزیکەکانی هیچ دژایەتی‌و نکۆڵیەکی نیە لەگەڵ ترساندنی مەردمی جیهاندا چونکە کەس‌و کارەکەی بەشێکە لەو خەڵکە وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ﴾[2] واتە: بۆ ئەوەی گەلێ بترسێنێت (لە سزا) کە باوو باپیرانیان پێشتر نەترسێنراون بۆیە ئەوان بێ ئاگابوون. وە فەرموویەتی:

---

[1] الجن (٨-١٠).

[2] يس (٦).

﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾[١]، واتە: هەروەها بۆئەوەی دانیشتوانی مەککەودەوروبەری ئاگاداربکەیتەوەوبیانترسێنی. وە فەرموویەتی: ﴿وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ﴾[٢] واتە: بەم قورئانە بترسێنە ئەوانەی دەترسن (لەوەی کە) ڕۆژێك دێت کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان. وە فەرموویەتی: ﴿لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا﴾[٣]، واتە: تا مژدەی پێ بدەیت بە پارێزکاران‌و لە خواترسان وە ئەو کەسانەی پێ بترسێنیت کە بە سەختی دژایەتیت دەکەن. وە فەرموویەتی: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[٤] واتە: بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم‌و هەر کەسێکی کەش کە ئەم قورئانەی پێدەگات. وەك لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾[٥]، واتە: وە هەر کەس باوەڕی پێی نەبێت لەو کۆمەڵ‌و تاقمانە (ئەوانەی کۆبوونەوە لەسەر دژایەتی ئیسلام) ئەوە ئاگر جێگایەتی. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: (سوێند بە کەسەی گیانی منی بە دەستە هیچ کەسێك نیە لەم ئومەتە گوێ بۆ من نەگرێت جوولەکە بێت یان گاور –نصرانی– و باوەڕم پێ نەهێنێ مەگین چووەتە ناو ئاگر)،[٦] لە بارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە فەرموودەی زۆر هاتووە هەندێکی باس دەکەین. لەو فەرموودانە: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: کاتێك خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە کێوی سەفاو چووە سەری، پاشان بانگی کرد (یا صَبَاحاه) – وتەیەکە بۆ کارێکی زۆر گرنگ بەکاردەهێنرێت– خەڵکی لێی کۆبوونەوە، پیاوی وا هەبوو خۆی دەهات‌و پیاوی واش هەبوو کەسێکی خۆی دەنارد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی نەوەی عەبدولموتەلیب ئەی نەوەی فیهر ئەی نەوەی لوئەی ئەگەر هەواڵتان بدەمێ کە کۆمەڵێك سوار لەودیوی ئەو چیاوە دەیانەوێ لە ناکاو بدەن بەسەرتاندا بڕواتان پێم هەیە؟) گوتیان: بەڵێ، فەرمووی: (بە ڕاستی من ترسێنەرم بۆ ئێوە دەی دەتانترسێنم لە سزای سەختی خودا)، ئەبو لەهەب وتی: خوا هەر ئەمڕۆ لەناوت ببات – عەمرت نەمێنێ – شتی تر نەبوو بانگمان بکەی بۆی ئەمە نەبێت؟ خوای گەورە

---

[١] الانعام (٩٢).

[٢] الانعام (٥١).

[٣] مريم (٩٧).

[٤] الانعام (١٩).

[٥] هود (١٧).

[٦] مسلم (١/١٣٤).

ئەم سورەتەی نارده خوارەوە: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾[١] تا کۆتایی سورەتەکە. بوخاریو موسلیمو ترمزیو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[٢] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لەعائیشەوە(ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: کاتێك ئەم ئایەتە:﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾ هاتە خوارەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەڵساو فەرمووی: (ئەی فاتیمەی کچی موحەمەد، ئەی سەفیەی کچی عەبدول موتەلیب، ئەی نەوەی عەبدول موتەلیب، توانای هیچ شتێکم نیە بۆتان لە لای خودا، داوای ماڵی خۆمم لێ بکەن بە ئارەزووی خۆتان).[٣] واتە: هەر شتێکتان لە ماڵی خۆم بوێت پێتان دەدەم . تەنها موسلیم ڕیوایەتی کردووە،[٤] جارێکی تریش ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە قوبەیسەی کوڕی موخاریقو زوهەیری کوڕی عەمرەوە دەڵێن: کاتێ ئەم ئایەتە ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾ هاتە خوارەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووە سەر کۆمەڵە بەردێك، لەسەر چیایەك لە بان بەردێ کە لەسەری هەموو بەردەکانەوە بوو بانگی کرد: (ئەی نەوەی عەبدولمەناف، بەڕاستی من ترسێنەرێکم، نموونەی من لەگەڵ ئێوە وەك پیاوێك وایە، دوژمنی دیوە لە شوێنێکی بەرزەوە هاوار دەکات، دەترسێ ئەوانە پێش ئەو بکەونو کارەساتێ ڕوویدات، بۆیە بانگ دەکاتو هاوار دەکات -یا صباحاه-).[٥] موسلیمو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[٦] پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ﴾ واتە: لە هەموو کارو فەرمانێکتدا خۆت بە خودا بسپێرە، چونکە دۆستو پشتیوانو یارمەتی دەرو پارێزەرتەو قسەکانیشت سەردەخات ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ﴾ واتەك چاوی لێتەو گرنگیت پێدەدات، وەك خوای گەورە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا﴾،[٧] واتە: ئارام بگرە بۆ بڕیاری پەروەردگارت ئەوسا بێگومان تۆ لە ژێر چاودێری ئێمەدایت. ئیبنو عەباس دەڵێ: ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ﴾ ئەو خودایە کە تۆ دەبینێ کاتێك هەڵدەستی بۆ نوێژ[٨]. عیکریمە دەڵێ: تۆ دەبینێ لە

---

[١] احمد (١/٣٠٧) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٢] فتح الباري (٨/٦٠٩)، مسلم (١/١٩٣)، تحفة الأحوزي (٩/٢٩٦)، النسائي في الكبرى (٦/٥٢٦).

[٣] احمد (٦/١٨٧) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٤] مسلم (١/١٩٢).

[٥] احمد (٥/٦٠) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٦] مسلم (١/١٩٣)، النسائي في الكبرى (٦/٤٢٣).

[٧] طور (٤٨).

[٨] القرطبي (١٣/١٤٤).

کاتی هەڵسان و ڕکوع و سوجدە بردندا.[1] حەسەن دەڵێ: ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ﴾ واتە: کاتێ کە بە تەنها خۆت نوێژ دەکەی چاوی لێتە. زەحاك دەڵێ: ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ﴾ واتە: لەناو جێگای خەوتن و لە ناو خەڵکدا چاوی لێتە.[2] قەتادە دەڵێ: ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ﴾ واتە: چاوی لێتە لە هەڵسان و دانیشتن لە هەموو هەڵس و کەوتێکتدا.[3] قەتادە دەڵێ: ﴿ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّـٰجِدِينَ﴾ واتە: لە کاتی نوێژدا بە تەنها چاوی لێتە و لەناو کۆمەڵیشدا.[4] عیکریمە و عەتای خۆراسانی و حەسەنی بەسریش هەر وایان گوتووە.[5] ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ واتە: قسەی بەندەکانی دەبیستێ و ئاگای لە هات و چۆیانە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَا تَكُونُ فِى شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ﴾.[6] واتە: وە (ئەی موحەممەد(ﷺ)) تۆ لە هەر مەبەست و کارێکدا بیت وە هەرچی لە قورئان بخوێنی و (ئێوە) هەر کردەوەیەك بکەن بێگومان ئێمە بەسەرتانەوە شایەتین و ئاگادارین کاتێك دەڕۆنە ناویەوە و پێوەی خەریکن.

﴿هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَـٰطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٢٢٢﴾ يُلْقُونَ ٱلسَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَـٰذِبُونَ ﴿٢٢٣﴾ وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلْغَاوُۥنَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِى كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱنتَصَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا۟ ۗ وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَىَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾﴾

وەڵامدانەوەی درۆ و دەلەسەی موشریکەکان

خوای گەورە ڕووی قسەی دەکاتە ئەو موشریکانەی کە وا دەزانن ئەو قورئانەی کە هاتووە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕاست نیە و شتێکە هەر خۆی لە خۆیەوە دروستی کردووە و هەڵی بەستووە. یانی جنۆکە هاتووە بۆ لای و فێری کردووە. خوای گەورەیش پاکی و ڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوون دەکاتەوە بۆیان و درۆ و فیشاڵی ئەوان بەتاڵ دەکاتەوە و ئاگاداریان دەکات کە ئەوە ئەو هێناویەتی هەقە و لە

---

[1] الطبري (١٩/٤١٢).

[2] الدر المنثور (٦/٣٣٠).

[3] عبدالرزاق (٣/٧٧).

[4] الدر المنثور (٦/٣٣١).

[5] الطبري (١٩/٤١٣).

[6] يونس (٦١).

لایەن خوداوە بۆی هاتووە. فەرمانی ئەوەو وەحی بۆ کردووە، فریشتەیەکی بەڕێزو ئەمینو مەزن بۆی هێناوە، لە وێنەی ئەو شەیاتینانە نیە، چونکە شەیاتین شایەنی ئەوە نین کە قورئانی پیرۆزتان پێدا ڕەوانە بکرێتو بۆشیان نیە. بەڵکو شایەنی ئەو فاڵچیە درۆزنانەن کە وەك خۆیانن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ (٢٢١) تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ﴾، واتە: هەواڵتان بدەمێ شەیتانەکان دادەبەزنە سەر کێ؟ دادەبەزنە سەر هەموو کەسێکی درۆزنی تاوانبار. ﴿أَفَّاكٍ﴾ یانی درۆزن، ﴿ أَثِيمٍ ﴾ بەدفەڕ لە کردار، ئەو کەسەیە کە شەیاتین دەچنە لایان لە فاڵچیەکانو ئەوانەشی ڕێڕەوی ئەو درۆزنو بەدخو لادەرانە دەگردنەبەر، چونکە شەیاتینەکان خۆیان درۆزنو لەڕێ لادەرن ﴿يُلْقُونَ السَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَاذِبُونَ﴾ واتە: گوێ دەگرن لە ئاسماندا زۆربەیان درۆزنن و وتەیەك دەبیستن لە شتە نادیارەکانو سەد درۆی پێوە دەلکێنن، پاشان دەیگەیەننە دۆستەکانیان لە مرۆڤ، ئەوانیش باسی دەکەنو خەڵکی بڕوا بە هەموو قسەکانیان دەکەن. بە هۆی ئەو تەنها قسە ڕاستەوە کە وەریان گرتووە لە ئاسمانەوە. فەرموودەی سەحیحیش لەو بارەیەوە هاتووە وەك ئەو فەرموودەی بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: خەڵکی لەبارەی فاڵچیەوە لە پێغەمبەر (ﷺ)یان پرسی ئەویش فەرمووی: (ئەوانە هیچ نین) واتە متمانە بە قسەیان ناکرێت. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شتی وا ئەڵێن ڕاست دەردەچێت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوقسەیە ڕاستە جنۆکە دەیدزێ و دەیدا بە گوێی دۆستەکەیدا وەك ئەو مامرەی –مریشك– گارەگار دەکات –مریشکی تر لە خۆی کۆدەکاتەوە– یان وەك چۆن ئاو دەکرێتە دەفری شوشەو دەنگی دێ، زیاترلە سەد درۆ لەگەڵ ئەو قسە ئاوێتە دەکەن)[1]. دیسان بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (وەختێ خودا فەرمانێکی دا لە ئاسماندا فریشتەکان باڵەکانیان لە یەك دەدەنو سەر دادەنەوێنن. مل کەچ دەکەن –بۆ فەرمایشتەکانی–، وەك ئەوە وایە کە زنجیرێکی ئاسن لە بەردێکی ساف بدەی –کاتێ کە ترسەکە لە دڵیان دەرچوو–، ئەڵێن: پەروەردگارتان چی فەرمووە؟ ئەوانیش ئەڵێن: حەقی فەرمووە، هەرخۆی بڵندو مەزنە، ئەوانەی قسە دەدزن گوێیان لێیە. ئەوانەی کە قسە دەبەن، ئا بەم شێوەیە بەسەر یەکترەوەن –سوفیان دەستی لە تەنیشت یەك داناو پەنجەکانی لە یەکتر ترازاند– ئەم قسەیەك ئەبیستێت دەیگەیەنێتە خواری خۆی، پاشان ئەوی تر دەیگەیەنێتە خواری خۆی، هەتا دەیگەیەننە سەر زمانی ئەو جادوگەرە یان ئەوفاڵچیە. لەوانەیە گڕێك پێی بگات پێش ئەوەی بیگەیەنێ، لەوانەشە قسەکە بگەیەنێ پێش ئەوەی گڕەکە پێی بگات، لەگەڵ

[1] فتح الباري (١٣/٥٤٥).

ئەو قسەیەدا سەد درۆ دەكات. دەوترێت ئایا ئەوەی پێ نەگوتین لە فلانە ڕۆژو فلانە ڕۆژدا، ئاوای نەگوت؟ خەڵكی بەهۆی ئەو قسەیەی كە لە ئاسمان گوێی لێ بووە بڕوای پێدەكەن. تەنها بوخاری ڕیوایەتی كردووە[١]. بوخاری لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕیوایەتی كردووە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: (فریشتەكان لەناو هەوردا لە بارەی شتێكەوە قسە دەكەن لەسەر زەمین ڕوودەدات، شەیاتینەكان ئەو قسەیە دەبیسن، دەیدەن بە گوێی ئەو فاڵچییەدا، وەك چۆن ئاو دەكرێتە ناو دەفرەوە دەنگی دێ، سەد درۆی لەگەڵ هەڵدەبەسن[٢].

وەڵام دانەوەی ئەوانەی كە ئەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) شاعیرە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ﴾ عەلی كوڕی ئەبو تەڵحە دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە یانی: خوانەناسان (شاعیرەكان) تەنها گومڕایانی مرۆڤو جنۆكە شوێنیان دەكەون.[٣] موجاهیدو عەبدوڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەمو كەسانی تریش هەر وایان گوتوە.[٤] عیكریمە دەڵێ: دوو شاعیر قسەی ناشیرینیان بە یەكتری گوتووە -واتە هەجووی یەكتریان كردووە- كۆمەڵێ خەڵكی یارمەتی ئەمیان داوەو كۆمەڵێكی تر یارمەتی ئەویان داوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردووە: ﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ﴾،[٥] پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ﴾، واتە: ئایا نابینی كە ئەوانە بە هەموو دۆڵو شیوێكدا بە سەرلێشێواوی دەڕۆن. عەلی كوڕی ئەبو تەڵحە دەڵێ لە ئیبنو عەباسەوە لە هەموو قسەیەكی بێ هودە دەم دەكوتن -واتە هەرزە بێژی دەكەن-[٦]، زەححاك دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە لە هەموو هونەرێكدا قسە دەكەن.[٧] موجاهیدو كەسانی تریش هەروادەڵێن[٨]. ﴿وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ﴾ واتە: وە بە ڕاستی ئەوانە شتێك دەڵێن كە خۆیان نایكەن. عەوفی دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە: دوو پیاو لە زەمانی پێغەمبەردا (ﷺ) یەكێكیان لە ئەنصاریەكان بوو ئەوی تریان لە هۆزێكی تر بوو، قسەیان بە یەكرتی دەگوت، هەجوی یەكتریان

---

[١] فتح الباري (٨/٣٩٨).
[٢] البغوي (٣٢٨٨).
[٣] الطبري (١٩/٤١٦).
[٤] الطبري (١٩/٤١٩/٤٢٠).
[٥] الدر المنثور (٦/٣٢٣).
[٦] الطبري (١٩/٤١٧).
[٧] الدر المنثور (٦/٣٢٤).
[٨] الطبري (١٩/٤١٧).

دەکرد، هەر یەکێکیان کۆمەڵێك گومڕاو نەفامی هۆزەکەی لەگەڵ بوو، خوای گەورەیش فەرمووی: ﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ﴾[1]، مەبەست بەم ئایەتانە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم قورئانەی بۆ ڕەوانە کراوە نە فاڵچیەو نە شاعیریشە، چونکە ژیان‌و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر جیاوازو نەگونجاوە لە ژیان‌و حاڵی فاڵچی‌و شاعیر لە گشت ڕوویەکەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ﴾[2]، واتە: ئێمە ئەو (موحەمەد(ﷺ)) مان فێری شیعر نەکردووەو شعر وتن شیاوی ئەو نیەو ئەوەی (موحەمەد (ﷺ)) دەیڵێ پەندو ئامۆژگاریی‌و قورئانی ڕوونکەرەوەی (ڕاستی)یە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ﴾[3]. واتە: وە ئەم (قورئانە) قسەی شاعیر نیە زۆر کەم بڕوا دەهێنن (بە قورئان)، وە قسەی فاڵچی نیە زۆر کەم بیردەکەنەوە، (ئەم قورئانە) نێردراوەتە خوارەوە لە پەروەردگاری جیهانیانەوە.

جیاکردنەوەی شاعیرانی ئیسلام

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ موحەمەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: لە یەزیدی کوڕی عبدالله ی کوڕی قوسەیتەوە لە ئەبو حەسەنەوە، سالمی بەڕاد مەولای تەمیمی داری، ئەڵێ: وەختێ ﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ﴾ هاتە خوارەوە حەسسانی کوڕی سابت‌و عبدالله ی کوڕی ڕەواحەو کەعبی کوڕی مالیك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەگریان‌و دەیانووت: کاتێك خودا ئەم ئایەتەی ناردووەتە خوار زانیویەتی ئێمە شاعیرین، پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی تری خوێندەوە: ﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ واتە: جگە لەوانەیان بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە. فەرمووی: (ئەوە ئێوەن) ﴿وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا﴾ واتە: وە یادو زیکری خوایان زۆر کردووە. فەرمووی: (ئەوە ئێوەن) ﴿وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا﴾، واتە: وە تۆڵەی خۆیانیان کردووەتەوە لە پاش ئەوەی ستەمیان لێ کراوە. فەرمووی: (ئەوە ئێوەن). ئیبنو ئەبی حاتەم‌و ئیبنو

[1] الطبري (١٩/٤١٦).

[2] يس (٦٩).

[3] الحاقة (٤١-٤٣).

جەرير ڕیوایەتیان کردووە، لە ڕیوایەتی ئیبنو ئیسحاقەوە.[1] بەڵام ئەم سوڕەتە لە مەککە هاتووە، چۆن دەبێت هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانەی (الشعراء) ئەنساریەکان بن؟ ئەمە جێی تێڕوانینە فەرموودەکەیش لە فەرموودەی مورسەلە (المرسل) پشتی پێ نابەسترێت، والله أعلم. بەڵام ئەم ئیستسنایە –جیاکردنەوەیە– شاعیرە ئەنساریەکانو شاعیرەکانی تریش دەگرێتەوە کە لە چەرخی نەفامیدا قسەیان بە ئیسلامو موسڵمانان گوتووە، پاشان پەشیمان بوونەتەوەو گەڕاونەتەوەو وازیان هێناوە لەو قسانەو ئاکاری چاکیان کردووەو زۆر یادی خودایان کردووە لە باتی ئەو قسە خراپانەی کە کردوویانە، چونکە چاکەکان خراپەکان لادەباتو دەیشواتەوە، پاشان دەستیانکرد بەپیاهەڵدانی ئیسلام و موسڵمانانداندا لە جێی ئەو قسانە کە بەرامبەر موسڵمانان کردبوویان، وەك عبدالله ی کوڕی زەبعەری (الزِّبعری) کاتێ کە موسڵمان بوو وتی:

یا رسول المليك إنّ لِساني | راتِق ما فتقتُ إذ أنا بور
إذ أجاري الشيطان في سن الا | سيّ، ومن مال ميله مثبور

وە هەر بەو شێوەیە ئەبو سوفیانی کوڕی حاریسی کوڕی عبدالمطلب لەو کەسانە بوو کە زۆر دوژمنایەتی پێغەمبەری (ﷺ) دەکرد، کە ئامۆزایشی بوو، زۆر قسەی بەرامبەر پێغەمبەر دەکرد(ﷺ) بەڵام دوای ئەوەی کە موسڵمان بوو، هیچ کەسێك نەبوو خۆشەویستتر بێت لە لای لە پێغەمبەر (ﷺ) وەسفی پێغەمبەری دەکرد (ﷺ) دوای ئەوەی کە قسەی بەرامبەری کردبوو، بوە دۆستو پشتیوانی پاش ئەوەی کە دوژمنایەتی کردبوو. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱنتَصَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێت: وەڵامی ئەو خوانەناسانەیان دەدایەوە کە قسەیان بە خاوەن باوەڕان گوتبوو.[2] موجاهیدو قەتادەو کەسانی تریش هەر وایان گوتووە.[3] وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی بە حەسان: (قسەیان پێ بێژە –عەیبەکانیان هەڵماڵە–) یان فەرموویەتی: (عەیبەکانیان هەڵماڵە جوبرەئیلت لەگەڵ بێت)،[4] ئیمامی ئەحمەد لەکەعبی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی کردووە کە بە پێغەمبەر(ﷺ) وتووە بە ڕاستی ئەوەی کە خودا ناردوویەتی لەبارەی شاعیرەکانەوە ناردوویەتی، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان خاوەن باوەڕ جیهاد دەکات –تێدەکۆشێت– بە شمشێرىو بە زمانی، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ئەوەی

---

[1] الطبري (١٩/٤٢٠).

[2] الطبري (١٩/٤٢٠).

[3] الطبري (١٩/٤١٩، ٤٢٠).

[4] فتح الباري (٦/٣٥١).

ئەوانە –پێیان ئەڵێن– وەك تیرباران وایە).[١] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ ﴾ واتە: وە ئەوانەی ستەمیان کردووە لەمەودوا دەزانن کە چۆن گەڕانەوەیەك دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا دوای مردن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡ ﴾.[٢] واتە: ڕۆژێك پاکانەکردنی بێباوەڕان سوودیان پێ ناگەیەنێ. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەتانترسێنم لە ناهەقی کردن، چونکە ناهەقی کردن تاریکستانە لە ڕۆژی قیامەتدا).[٣] قەتادە دەڵێ: لەم ئایەتەدا: ﴿وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ ﴾ لە ناهەقیکاران شاعیران یان غەیری ئەوان دەگرێتەوە.

تەفسیری سورەتی (النمل)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طسٓۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ ﴿١﴾ هُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ وَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ﴿٥﴾ وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى ٱلۡقُرۡءَانَ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ عَلِيمٍ ﴿٦﴾﴾

ئەم قورئانەڕێنیشاندەرو مزگێنیدەرەبۆخاوەنباوەڕان ولەلایەن خودای مەزنەوە ڕەوانەکراوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿طسٓ﴾ لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا باسی ئەم پیتانەمان کرد، ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ﴾ ئەمانە نیشانەکانی قورئانن‌و کتێبێکی ڕوون‌و ئاشکران، ﴿هُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ واتە: بەهۆی ئەم قورئانەوە ڕێ نیشان دراوەو مژدەیش دراوە بەوانەی کە بڕوایان پێ هێناوەو شوێنی کەوتوون‌و بە ڕاستیان زانیووەو کاریان کردووە بەوەی تیایدا هاتووە، ﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ﴾ واتە: ئەوانەی کە نوێژە فەرزەکان دەکەن‌و ئەو زەکاتەیش لەسەریان واجبە دەیدەن‌و بڕوای تەواویان بە ڕۆژی دوایی‌و زیندووبوونەوە هەیە پاش مردن‌و بە تەمای پاداشتی کردەوەکانیانن لە چاکەو خراپەو باوەڕیشیان بە بەهەشت‌و جەهەنەم هەیە،

---

[١] أحمد (٣٨٧/٦) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٢] الغافر (٥٢).

[٣] أحمد (١٠٦/٢) فەرموودەیەکی سەحیحە.

وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ﴾،[1] واتە: (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بلێ: قورئان بۆ کەسانێ باوەڕیان پێی هێناوە ڕێبەرو چارەسەری گومانە وە ئەوانەی باوەڕی پێ نایەنن لە گوێیاندا گرانیو کەڕی هەیە (لە بیستنی حەق).

وە فەرموویەتی: ﴿بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا﴾،[2] واتە: تا مژدەی پێ بدەین بە پارێزکارانو لە خوا ترسان وە ئەو کەسانەی پێ بترسێنی کە بە سەختی دژایەتی (خوا و پێغەمبەر و دین) دەکەن. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیەو دەزانن ڕوودەدات، ﴿زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ﴾ واتە: ئەو ژیانو هەڵسوکەوتەیانمان لەبەر چاو شیرین کردوونو بۆیان ڕازاندوونەتەوەو مۆڵەتمان داون هەتا لە گومڕاییو سەرلێ شێواوی خۆیاندا بێنو بچن، ئەمەش پاداشتی ئەو بێباوەڕیەیانە لە ڕۆژی دواییدا، وەك خوای گەورە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾،[3] واتە: وە(کاتی هاتنی موعجیزەکان) دڵو چاویان وەردەگێڕینو لادەدەین (لە باوەڕهێنان) هەروەك لە سەرەتاوە بڕوایان بە قورئان نەهێنا. ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمْ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ﴾ واتە: ئەو کەسانە سزای سەخت دەدرێت لە دنیاو لەڕۆژی قیامەتدا، ﴿وَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ هُمُ ٱلْأَخْسَرُونَ﴾ واتە: جگە لەوانە لە ڕۆژی مەحشەردا خەڵکی تر توشی زیانی ماڵیو گیانی نابن –واتە: لە ڕۆژی دواییدا هەرئەوان ڕەنجەڕۆن– خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ﴾ واتە: تۆئەی موحەمەد(ﷺ) فەتادە دەڵێ: ﴿لَتُلَقَّى﴾ واتە: وەردەگری ﴿ٱلْقُرْءَانَ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ﴾ واتە: ئەم قورئانە لە لایەن کارزانێکی زۆر زاناوە، واتە: کارزانە لە ئەمرو نەهیدا زانیاری تەواوی هەیە لە هەموو شتێکدا گەورەو بچووكو دیارو نادیار، هەرچی ئەو فەرمووی هەر ئەوە ڕاستە، هەر بڕیاری ئەویش ڕێكو ڕاستو تەواوە. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ﴾.[4] واتە: وە فەرمانو وتەی پەروەردگارت تەواو بووەو بە ئەنجام گەیشت بە ڕاستیو دروستی کە هیچ کەس ناتوانێ بڕیارو وتەکانی بگۆڕێ.

---

[1] فصلت (٤٤).

[2] مريم (٩٧).

[3] الانعام (١١٠).

[4] الانعام (١١٥).

﴿إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهْلِهِۦٓ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا سَـَٔاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ ءَاتِيكُم بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ ﴿٧﴾ فَلَمَّا جَآءَهَا
نُودِىَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِى ٱلنَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨﴾ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٩﴾ وَأَلْقِ
عَصَاكَ ۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ ۚ يَـٰمُوسَىٰ لَا تَخَفْ إِنِّى لَا يَخَافُ لَدَىَّ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿١٠﴾ إِلَّا مَن ظَلَمَ
ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًۢا بَعْدَ سُوٓءٍ فَإِنِّى غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١﴾ وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ۖ فِى تِسْعِ ءَايَـٰتٍ إِلَىٰ
فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ ﴿١٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ ءَايَـٰتُنَا مُبْصِرَةً قَالُوا۟ هَـٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١٣﴾ وَجَحَدُوا۟ بِهَا
وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾

بەسەرهاتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) وپاشەڕۆژی فیرعەون

خوای گەورە دەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی خۆی موحەمەد(ﷺ) و وەبیری دێنێتەوە کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) چی بەسەرهات کاتێ کە هەڵی بژاردو وتووێژی لەگەڵ کردو ئەو نیشانە مەزنانەشی خەڵات کرد کە زۆر گرنگو دوژمن بەزێن بوو، ناردی بۆ سەر فیرعەونو داروەستەکەی، بەڵام فیرعەونو شوێنکەوتووانی بڕوایان پێ نەکردو سەرپێچییان کرد، خۆیان بەزل دەزانیو شورەییان لێ دەهات کە شوێنی بکەونو ملی بدەنێ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهْلِهِۦٓ﴾ واتە: وەبیری خۆتی بێنەوە ئەی موحەمەد (ﷺ) وەختێ موسا بە خۆییو خێزانەکەیەوە بە شەو کەوتنەڕێو ڕێیان لێ تێك چوو، لە شەوێکی تاریکی نوتەکا، موسا چاوی کەوت بە ئاگرێك لە تەنیشت کێوی تور، واتە: ئاگرێکی بینی شەوقی دەداو بڵێسەی دەهات گوتی بە خێزانی: ﴿إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا سَـَٔاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾ واتە: ئاگرێکم لێ دیارە دەچم بەرەو ئەو ئاگرە بەڵکو هەواڵێکتان بۆ بێنم ﴿أَوْ ءَاتِيكُم بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ﴾ واتە: یان چڵۆسکێکی لێ دێنم خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە، ئەوەی موسا گوتی هەروا دەرچوو هەواڵێکی گرنگو ڕووناکیەکی زۆر مەزنی هێنا، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَهَا نُودِىَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِى ٱلنَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾، واتە: ئینجا کاتێ موسا گەیشتە لای ئاگرەکە بانگی لێکرا: پیرۆز بووە ئەو کەسەی لەناو ئاگرەکەدایەو ئەوەش بە دەوری دایە. یانی کاتێك موسا هاتو نزیك بووەوە ڕووداوێکی زۆر مەزنو گرنگی بینی، بینی ئاگرێك لە درەختێکی سەوزەوە بەرز دەبێتەوە، هەتا بێت ئاگرەگە زیاتر پەرەدەسێنێت، درەختەکەش هەر زیاتر سەوزو جوان دەبێت، پاشان سەری بەرز کردەوە بینی ڕووناکیەکە خۆی گەیاندبووە ئاسمان، ئیبنو عەباسو کەسانی تریش ئەڵێن: ئەوە ئاگر نەبووە بەڵکو ڕووناکیەك بووە دەدرەوشایەوە، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە ئیبنو عەباسەوە

دەڵێ: ڕووناكی پەروەردگاری جیهان بووە.[1] موسا (سەلامی خوای لێ بێت) تێراماو سەری سوڕما لەوەی كە چاوی پێی كەوت ﴿نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ﴾ بانگ كرا ﴿بُورِكَ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێ: پیرۆزە ئەوەی كە لەوێدایە.[2] ﴿وَمَنۡ حَوۡلَهَا﴾ ئیبنو عەباس‌و عیكریمەو سەعیدی كوڕی جوبەیروحەسەن‌و قەتادە دەڵێن: واتە: لە فریشتەكانیش.[3] واتە: ئەو فریشتانەش كە لەو دەورەن هەر پیرۆزن ﴿وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە: پاك‌و بێعەیبی بۆ پەروەردگاری جیهان، كە هەرچی مەیلی لێ بێ دەیكات، هەرچی دروست كراوەكانی هەیە، هیچی لەو ناچێ‌و ناشتوانن پێیدا ڕابگەن، هەر خۆی بڵندو مەزنە، هیچ شتێكی لە وێنەی دروستكراوەكانی ناچێت، ئاسمانەكان‌و زەمینش پێیدا ڕاناگەن، بەڵكو خودایەكی تەنیای جێنیازو بێنیازە پاك‌و بێ عەیبەو هاوێنەی نیە لە بوونەوەردا. ﴿يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ خوای گەورە موسای ئاگادار كرد كە ئەو كەسەی وتووێژی لەگەڵ دەكات پەروەردگاری خۆیەتی، ئەو خودایەی كە بە دەسەڵاتە، توانا دەدات بە هەموو شتێك‌و باڵادەست‌و زاڵیشە بەسەریدا، كارزانە لە كردارو گفتاریدا. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَأَلۡقِ عَصَاكَ﴾ خوای گەورە فەرمانی پێكرد كە عەساكەی لە دەستی فڕێدا پیشانی بدا وەك بەڵگەیەكی ڕوون كە هەر خودا خاوەنی دەسەڵاتی تەواوە بەسەر هەموو شتێكدا. كاتێك موسا گاچۆنەكەی فڕێدا بە دەستی خۆی، لە پڕ بووە مارێكی زۆر گەورەی ترسناك‌و توندو تیژ بەسەر زەویدا دەخشا، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ﴾ واتە: ئینجا كاتێك بینی وەك تیرەمار دەجولێت، ﴿جَآنّٞ﴾ جۆرێكە لە مار، كە زۆر خێرایە و زۆریش دەجولێت، كاتێك موسا ئەوەی بە چاوی خۆی دی، ﴿وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡ﴾ ڕای كردو لای نەكردەوە لە ترسا، ﴿يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ واتە: ئەی موسا لەوە مەترسە كە دەیبینی بێگومان پێغەمبەران لای من ناترسن. من دەمەوێ هەڵتبژێرم‌و بتكەم بە پێغەمبەرێكی ڕێ نیشاندەر. وە دەفەرمووێت: ﴿إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسۡنَۢا بَعۡدَ سُوٓءٖ فَإِنِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ واتە: بێجگە لە كەسێك كە ستەمی كردبێت پاشان خراپەیەكی گۆڕیبێت بە چاكە ئەوە بە ڕاستی من لێبوردەی بە بەزەیم، ئەم ئیستسنای مونقەتیعە (إستثناء منقطع) مزگێنیەكی مەزنی تێدایە بۆ مرۆڤ، ئەگەر كەسێك كارێكی خراپی كردبێت پاشان وازی لێبهێنێت و پەشیمان بێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ لای

[1] الطبري (١٩/٤٢٨).

[2] الطبري (١٩/٤٢٨).

[3] الطبري (١٩/٤٢٩)، والمحرر الوجيز (٤/٢٥٠)، الدر المنثور (٦/٣٤١).

خوای گەورەو تەوبە بکات، خوای گەورە تەوبەی لێ قبوڵ دەکات وەك فەرموویەتی: ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴾[1]، واتە: وە بە ڕاستی من زۆر لێبوردووم لەو کەسەی تەوبەی کردبێتو باوەڕی هێنابێتو کردەوەی چاکی کردبێت پاشان بەردەوام بووبێت لەسەر ئەو ڕێبازە. وە فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾[2]، واتە: وە هەر کەسێك کردەوەیەکی خراپ بکات یان ستەم لە خۆی بکات پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوا بکات دەبینێت خوا لێبوردەی میهرەبانە. ئایەت لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ﴾ ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕوونو نیشانەیەکی ترە لەسەر توانای مەزنی خوای خاوەن دەسەڵات کە مەیلی لە هەر شتێك بێت دەیکاتو ڕاستی ئەو کەسەی کە موعجیزەکەی بۆ وەدی دەهێنێت – چونکە خوای گەورە فەرمانی بە موسا کرد کە دەستی بخاتە ناو باخەڵی کراسەکەی، کاتێك دەستی دەخاتە باخەڵیو دەری دەهێنێت، سپی دەکاتەوەو پرشەی دێ وەك مانگ دەدرەوشێتەوە وەك هەورە بریسکە شەوق دەداتەوە. ﴿فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ﴾ واتە ئەمە دوو بەڵگەیە لە نۆ بەڵگەی کە کردوومە بە نیشانەو پێم داوی، ﴿إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ﴾ بۆ فیرعەونو داروودەستەکەی، کە ئەوانە گەلێکی بێ گوێی نافەرمانن، ئەمە ئەو نۆ بەڵگەیەیە کە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ ﴾[3]، واتە: وە سوێند بە خوا بە ڕاستی بەخشیمان بە موسا نۆ موعجیزەی ڕوون ئاشکرا. کە لە پێشەوە باسی لێکرا لە شوێنی خۆیدا ﴿فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَٰتُنَا مُبۡصِرَةٗ﴾ واتە: کاتێك بەڵگە ڕوونو ئاشکراو دیارەکانی ئێمەیان بۆ هات، ﴿قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ﴾ گوتیان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە مەبەستیان ئەوە بوو کە بە جادووەکانی خۆیان بەرامبەری بوەستن، بەڵام بەسەر خۆیاندا شکایەوە، سەرشۆڕ بوونو تێکشکان، ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ﴾ واتە: گومانیان نەبوو کە لە لایەن خوداوەیەو ڕاستە بەڵام ناهەقیو لوت بەرزیان ڕێگەی پێ نەدەدان دانی پێدا بنێن بۆیە حاشایان لێ دەکرد، ﴿ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ﴾ واتە: سروشتی شەیتانی زاڵ بوو بەسەریاندا ستەمکار بوونو خۆیان بە زل دەزانیو شوێنی هەق نەدەکەوتن بۆیە خوای گەورە

---

[1] طه (٨٢).

[2] النساء (١١٠).

[3] الاسراء (١٠١).

دەفەرموویت: ﴿فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ واتە: ئەی موحەمەد(ﷺ) بڕوانەو سەیری پاشەڕۆژی ئەوان بکە چۆن خودا قڕی کردن‌و هەمووی خنکاندن لە بەرەبەیانێکدا، مەبەست لەم باسە ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموویت ئەی ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن بە موحەمەد(ﷺ) و حاشا دەکەن لەوەی کە بۆی هێناون لە لایەن خوداوە، بترسن ئەوەی کە بەلایەکی لەوە خراپترتان بۆ بێت، چونکە موحەمەد (ﷺ) مەزنترو بەڕێزترە لە موساو (سەلامی خوای لێ بێت) بەڵگەکانیشی بەهێزترە لە بەڵگەکانی موسا (سەلامی خوای لێ بێت)، بە هۆی ئەو بەڵگانەی کە خودا لە بارەیەوە داویەتی کە نیشانەی بوونی خۆیەتی‌و ڕەوشتەکانیەتی‌و ئەو مژدانەش کە پێغەمبەران لە پێشەوە داویانە لە بارەیەوەو وەرگرتنی پەیمان لەسەری بۆی لە لایەن پەروەردگاریەوە.

﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ عِلۡمٗاۖ وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّنۡ عِبَادِهِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٥﴾ وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ
دَاوُۥدَۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمۡنَا مَنطِقَ ٱلطَّيۡرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيۡءٍۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَحُشِرَ
لِسُلَيۡمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ وَٱلطَّيۡرِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكٗا مِّن قَوۡلِهَا وَقَالَ
رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ
فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾

خوای گەورە باسی ئەو هەموو بەهرەیە دەکات کە ڕشتویەتی بەسەر بەندەو پێغەمبەری خۆیدا کە داودو سولەیمانی کوڕیەتی (سەلامی خوایان لێ بێت) ئەو بەهرە چاکو زانیاریە کەم وێنەو ڕەوشتە جوانانەی کە بەختەوەری دنیاو دواڕۆژیشی وەدەست هێنابوو بۆیان، خاوەنی شکۆو دەسەڵاتی تەواو لە دنیاداو پێغەمبەریەتی‌و پەیامیش بۆ ئاین پەروەری‌و ڕەزامەندی خودا لە قیامەتدا بۆیە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ عِلۡمٗاۖ وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّنۡ عِبَادِهِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، واتە: سوێند بە خوا زانستمان بە داودو سولەیمان بەخشی هەردووکیان وتیان: هەموو سوپاس‌و سەنایە بۆ ئەو خوایەی کە ڕێزی داوین بەسەر زۆر لە بەندە باوەڕدارەکانیدا. پاشان دەفەرموویت: ﴿وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ دَاوُۥدَ﴾ واتە: سولەیمان بووە میراتگری داودی باوکی لە دەسەڵات‌و پێغەمبەریشدا، مەبەست پێی میراتگری ماڵ‌و سامان نیە، خۆ ئەگەر وا بووایە ئەم میراتگریە تایبەت نەدەبوو بۆ سولەیمان لە نێوان هەموو کوڕەکانیدا، کە داود سەد خێزانی هەبوو، بەڵکو مەبەست بەو میراتگریە دەسەڵاتی دنیاو پێغەمبەریەتی بوو، چونکە پێغەمبەران ماڵیان بە میرات نابرێت وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئێمە کۆمەڵی پێغەمبەران میراتمان لێ نابرێت ئەوەی بەجێی دەهێڵین

سەدەقەیە)،[1] ﴿وَقَالَ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ﴾، واتە: سولەیمان وتی ئەی خەڵكینە فێری زمانی باڵندەكان كراوین وە لە هەموو شتێكمان پێدراوە. یانی سولەیمان باسی ئەو بەهرانە دەكات كە خودا پێی بەخشیوە، لەو هەموو دەسەلاَتو جێنشینە مەزنە، ئەوەبوو مرۆڤو جنۆكەو باڵندەكان ڕام كرابوون بۆیو بەرفەرمانی بوون، زمانی پەلەوەرو (مەل) و گیانەوەرەكان فێر كرابوو كە ئەمە شتێك بوو بە هیچ كەسێك نەدرابوو، ئەوەی كە ئێمە لێی بە ئاگا بینو خوای گەورە باسی كردبێت بۆ پێغەمبەرەكەی(ﷺ)، خوای پاكو بێعەیب سولەیمانی فێری ئەوە كردبوو لە زمانی باڵندەكانی ئاسمان بگات، وە فێری زمانی گشت گیانەوەری كردبوو بە جیاوازی هەموو جۆرەكانیەوە بۆیە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت ڕایگەیاندووە كە: ﴿عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ﴾ یانی لە ئەو شتانەی كە پێویست بێت بۆ كاری فەرمانڕەوایی ﴿إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ﴾ واتە: ئەمانە هەمووی ڕێزی خودایە بەسەر ئێمەوەو دیارو ئاشكرایە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَـٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ واتە: سولەیمان لەشكرەكەی كۆكردەوە كە پێك هاتبوو لە جنۆكەو مرۆڤو باڵندە بە ڕیز وەستابوونو خۆی لە پێش خەڵكەكەوە بوو بە قەدرو ڕێزێكی زۆرەوە، خەڵكەكە لە پشتیەوە بە ڕیز دەچوونو جنۆكەش بە دوای ئەواندا بە هەمان شێوە باڵندەكانیش لە لای سەریەوە بوون، لە كاتی گەرمادا بە باڵەكانیان سێبەریان بۆ دەكرد، ﴿فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ بە ڕێز دەوەستانو كەس پێشی كەسی تر نەدەكەوتو هەر كەسەو شوێنی خۆی بۆ دیاری كرابوو، موجاهید دەڵێ: لەسەر هەموو ڕیزێك كەسێك دانرابوو سەرپەرشتی دەكرد، هەتا كەس پێشی كەس نەكەوێتو لە ڕیز لانەدەن، وەك چۆن فەرمانڕەوایانی ئەمڕۆ پێی هەڵدەسن.[2] ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ﴾ واتە: وەختێ سولەیمان لەگەڵ لەشكرو سەربازەكانیدا لەبەردەم دۆڵی مێروولەكاندا دەڕۆیشتو تێدەپەڕی ﴿قَالَتْ نَمْلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَـٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: مێرووولەیەك وتی: ئەی مێروولەكان بڕۆنە ناو ماڵەكانی خۆتان (كونەكانتان) با سولەیمانو لەشكرەكەی نەتاجلیقێنن (لە ژێر پێیاندا) لە كاتێكدا ئەوان هەست ناكەن. سولەیمان گوێی لە قسەكانی بوو (سەلامی خوای لێ بێت)، ﴿فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَـٰلِحًا تَرْضَىٰهُ﴾، ئینجا سولەیمان زەردەخەنەیەكی كرد لە قسەی ئەو مێروولەو

---

[1] تحفة الأحوذي (٥/٢٣٤) فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] الطبري (١٩/٥٠٠، ٥٠١).

وتی: ئەی پەروەردگارم وام لیٚ بکە سوپاسی ئەو بەهرانەت بکەم کە پیٚت بەخشیوم لەوانە: فیٚربوونی زمانی باڵندەو گیانەوەران، وە ئەو بەهرانەی کەبە دایكو بابمت بەخشیوە و بە موسڵمانی وەدی هیٚناوەو بڕوایان پیٚ هیٚناوی ﴿وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ﴾ واتە: وابکەئاکاریٚك کەتۆپیٚت خۆشەولیٚی ڕازیت بەجیٚی بهیٚنم، ﴿وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ﴾ واتەك وەختیٚ گیانم دەکیٚشی بمگەیەنی بە عەبدە چاکەکانت ئەوانەی کە دۆستی خۆتن.

﴿وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ ﴿٢١﴾﴾

دیارنەبوونی پەپوسولەیمانە

موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو کەسانی تریش گوتوویانە: لە ئیبنو عەباسو غەیری ئەمیشەوە: پەپوسولەیمانە ئەندازیار بووە –مهندس– ئاوی پیشانی سولەیمان دەدا وەختیٚ لە چۆڵەوانیەکدا بووایە پیٚویستی بە ئاو بوایە، دەگەڕا بۆ ئاو بۆی لە ژیٚر زەمیندا، وەك چۆن کەسیٚك لەسەر زەمیندا شتیٚ دەبینیٚ، دەیزانی ئەو ئاوە چەندیٚ لەسەر زەمینەوە دوورە، شوێنەکەی پیشان دەداو دیاری ئەکرد، سولەیمانیش (سەلامی خوای لیٚ بیٚت) فەرمانی دەدا بە جنۆکەکان ئەو شوێنە هەڵکۆڵن هەتا ئەو ئاوە لە ناویدا دەردەکەویٚت، ڕۆژیٚك سولەیمان لە چۆڵەوانیەکدا بوو، باڵندەکانی بەسەرکردەوە، پەپوسلیٚمانەی بەرچاو نەکەوت. ﴿وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ﴾ واتە: چاوی بە باڵندەکاندا گیٚڕا فەرمووی: چیە پەپوسلیٚمانە نابینم، ئایا خۆی شاردۆتەوە؟ ڕۆژیٚ عبدالله ی کوڕی عەباس لە بارەی پەپوسلیٚمانەوە ئەدوا، لەناو ئەو خەڵکەدا پیاویٚکی خەواریجی –ناوی نافیعی کوڕی ئەزرەق بوو– زۆر ڕەخنەی لە ئیبنو عەباس دەگرت، وتی بە ئیبنو عەباس: بوەستە ئەمڕۆ سەرکەوتوو نەبووی – ژیٚرکەوتوو بووی – گوتی: بۆچی؟ گوتی: تۆ باسی پەپوسلیٚمانە دەکەی کە لە ژیٚر زەمیندا ئاو دەبینیٚ کەچی منداڵ دانەویٚڵە دەکاتە ناو داویٚکەوە و خۆڵی دەکات بەسەرداو پەپوسلیٚمانە دیٚت بۆ ئەوەی دانەویٚڵەکە بخوات دەکەویٚتە داوگەکەوە منداڵەکە دەیگریٚت، ئیبنو عەباس گوتی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە ئەم پیاوە دەڕواو ئەڵیٚ: ڕەخنەم گرت لە ئیبنوعەباس، منیش وەڵامم نەبووە بۆی وەڵامم نەدەدایەوە. پاشان پیٚی گوت: (ويحك إنه إذا نزل القدر عمي البصر و ذهب الحذر) واتە: ئەی هاوار بۆ تۆ، کاتیٚ کە بڕیاری خودا دابەزی چاو کویٚر دەکاتو خۆ لادانیش نامیٚنیٚ، نافیع گوتی: سویٚند بە خوا هەرگیز جاریٚکی تر مشتو مڕت لەگەڵ ناکەم

له هیچ شتێکدا لەبارەی قورئانەوە.[1] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ واتە: سوێند بە خوا سزایەکی بە تینی دەدەم، ئەعمەش دەڵێ: له مینهالی کوڕی عەمرەوە ئەویش له سەعدەوە و ئەویش لە ئیبنوعەباسەوە ئەگێڕێتەوە: سزادانەکە یانی: پەڕەکەی لێ دەکاتەوە[2]. عبدالله ی کوڕی شەداد دەڵێ: دەرهێنانی پەڕەکانیو لەبەرخۆر دانانی.[3] زۆرێك لە زانایانی پێشینەش ئەڵێن: پەڕ لێکردنەوەو لەبەر خۆردانانی تا مێرووڵەی زۆر بچووكو گەورەکانیش بیخۆن، ﴿أَوۡ لَأَاْذۡبَحَنَّهُۥٓ﴾ یان دەیکوژم ﴿أَوۡ لَيَأۡتِيَنِّي بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ﴾ یان نیشانەیەکی دیارو ئاشکرام بۆ بێنێ، سوفیانی کوڕی عویەینەو عبدالله ی کوڕی شەداد، دەڵێن: کاتێك کە پەپوسلێمانە هاتەوە مەلەکان پێیان گوت: چی دوای خستی؟ سولەیمان خوێنی حەڵاڵ کردووی، واتە: دەوکوژێت، پەپوسلێمانە گوتی: ئایا مەرجی دانەناوە، گوتیان: بەڵێ: گوتی: ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوۡ لَأَاْذۡبَحَنَّهُۥٓ أَوۡ لَيَأۡتِيَنِّي بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ﴾ پەپوسلێمانە گوتی: کەواتە ڕزگارم بووە.

﴿ فَمَكَثَ غَيۡرَ بَعِيدٖ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ وَجِئۡتُكَ مِن سَبَإِۭ بِنَبَإٖ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾ وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ ﴿٢٤﴾ أَلَّا يَسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ۩ ﴿٢٦﴾ ﴾

پەپوسلێمانە لەبەر دەست سلێماندا و هەواڵ هێنانی لە بارەی سەبەئەوە خوای گەورە باسی پەپوسلێمانە دەکاتو دەفەرموێت: ﴿ فَمَكَثَ غَيۡرَ بَعِيدٖ﴾ واتە: ماوەیەکی کەم دواکەوتو ئامادە نەبوو کاتێك سلێمان سوپاکەی کۆکردەوە پەپوسلێمانەی بەرچاو نەکەوتو هەڕەشەی لێکرد، پاشان هاتو گوتی: بە سلێمان پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ﴿فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ﴾ واتە: من ئاگاداری هەندێ شتم کە تۆو لەشکرەکەیشت لێی بێ خەبەر بوون، ﴿وَجِئۡتُكَ مِن سَبَإِۭ بِنَبَإٖ يَقِينٍ﴾ واتە: من لە سەبەئەوە هاتووم هەواڵێکی ڕاستو دروستو دڵنیام بۆ هێناوی، (سەبەء) واتە: حیمیریەکان ئەوانەی کە سەرۆکی یەمەن بوون، پاشان پەپوسلێمانە گوتی: ﴿إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ

---

[1] القرطبي (١٣/١٧٧/١٧٨).

[2] الطبري (١٩/٤٤٣).

[3] الطبري (١٩/٤٤٣).

تَمْلِكُهُمْ﴾ من ژنێکم دی پاشایان بوو، حەسەنی بەسری دەڵێ: ئەو ژنە بەلقیسی کچی شەراحیلی پاشای سەبەئە[1]. ﴿وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ﴾ هەموو شتێکی پێدراوە، واتە: پێویستی بە هەر شتێك هەبێت بۆ دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی هەیەتی، ﴿وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ﴾ واتە: ئەو تەختەی کە لەسەری دادەنیشێت زۆر گەورەیەو ڕازاوەیە بە زێڕو زیو هەموو جۆرە خشڵ‌و مرواریەکی گران بەها، زانایانی مێژووناس ئەڵێن: ئەو تەختە لەناو کۆشکێکی زۆر گەورەو بەرزدا بوو، زۆر قایم دروست کرابوو، سێ سەدو شەست پەنجەرەی تێدا بوو لە خۆرهەڵاتەوە بەرامبەری ئەو پەنجەرانە سێ سەدو شەست پەنجەرەی لە خۆرئاواشەوە تێدا بوو، بە شێوەیەك ئەو کۆشکە دروست کرابوو کە خۆر هەموو ڕۆژێك لەو پەنجەرانەوە دەچووە ژوورەوە، لە پەنجەرەکانی بەرامبەرەوە خۆر ئاوا دەبوو لەناو کۆشکەوە دیار بوو، ئێواران‌و بەیانیان سوژدەیان بۆ دەبرد، بۆیە گوتی: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ﴾ واتە: دیم کە خۆی‌و گەلەکەی کڕنووش بۆ خۆر دەبەن لە جیاتی سوژدە بردن بۆ خوا، شەیتان کردارەکانی لەبەرچاو شیرین کردوون‌و لەڕێی ڕاست ترازاندوونی، ﴿فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ﴾ سەری لێ شێواندوون‌و سەردەرناکەن ﴿أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ﴾ واتە: ئەو سوژدە بردنە بۆ خۆر وای لێکردوون کە سوژدە بۆ خوای گەورەو تەنیا نەبەن، شەیتان کردارەکانی لەبەرچاو شیرین کردووون‌و لە ڕێی ڕاست لای داون‌و ناچنە سەری، شارەزای ڕێی ڕاست نابن‌و نازانن کە دەبێت تەنها سوژدە بۆ خوا ببەن‌و وازبێنن لە پەرستنی ئەستێرەکان‌و هەر شتێکی تر. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾[2]، واتە: لە نیشانەکانی (دەسەڵاتی) خوایە شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ سوژدە مەبەن نەبۆ خۆرو نە بۆ مانگ بەڵکو سوژدە بەرن بۆ ئەو خوایەی ئەوانی بەدی هێناوە ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن. ﴿الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ئەو خودایەی کەشاراوەکانی ناو ئاسمانەکان و زەوی ئەخاتەسەر. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە: ئاگاداری هەموو نهێنیەکانی ناو ئاسمانەکان‌و زەمینە[3]. عیکریمەو موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو کەسانی

---

[1] الدر المنثور (٦/٣٥١).

[2] فصلت (٣٧).

[3] الدر المنثور (٦/٣٥٢).

تریش هەر وایان گوتووە[١]. ﴿وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ﴾ واتە: ئاگای لەو شتانەیە کە عەبدەکانی دەیشارنەوە یان بە ئاشکرا دەیکەن لە کردارو گفتاریاندا، وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ سَوَآءٞ مِّنكُم مَّنۡ أَسَرَّ ٱلۡقَوۡلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنۡ هُوَ مُسۡتَخۡفِۭ بِٱلَّيۡلِ وَسَارِبُۢ بِٱلنَّهَارِ﴾[٢]، واتە: یەکسانە (بۆ خوا) ئەوەتان بە نهێنی قسە بکات وە ئەوەتان بە ئاشکرا (قسە) بکاتو وە ئەوەی لە شەودا خۆی دەشارێتەوەو ئەوەی لە ڕۆژدا دەردەکەوێت. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾ واتە: تەنها هەر هانا بۆ خودا دەبرێتو بانگ لەو دەکرێت غەیری ئەو هیچ کەس بۆ پەرستن نابێ و پەروەرێنی تەختی هەرە گەورەیەو لەناو دروستکراوەکانیدا لە هەموو مەزنترە، لەبەر ئەوەی پەپوسلێمانە بانگخواز بوو بۆ چاکەو پەرستنی خودا بە تەنهاو سوژدە بردن بۆی، ئەو دڵسۆزیەی نەیهێشت بکوژرێت، وەك ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو ئیبنوماجەش ڕیوایەتیان کردووە لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لە کوشتنی چوار شت لە گیانەوەران مێرووڵەو هەنگو پەپوسلێمانەوصورەد مەلێکی سەر زلی سنگ سپی پشت سەوزە، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی ڕاستە[٣].

﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ثُمَّ تَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَٱنظُرۡ مَاذَا يَرۡجِعُونَ ﴿٢٨﴾ قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ ﴿٢٩﴾ إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣١﴾﴾

نامەی سولەیمان بۆ بەلقیس

خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە سولەیمان چی گوت بە پەپوسلێمانە کاتێ کە هەواڵی خەڵکی سەبەء پاشاکەیانی بۆ هێنا، ﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾ واتە: ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەین تا بزانین ڕاست بێژی لەم هەواڵەدا هێناوتە، ﴿ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴾ یان تۆش هەر لە درۆزنانی دەتەوێ بەو قسەیە خۆت ڕزگار بکەی لەو بەڵێنەی کە پێم داوی (واتە: لە کوشتن)، ﴿ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ثُمَّ تَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَٱنظُرۡ مَاذَا يَرۡجِعُونَ﴾، واتە: ئەم نامەی منیان بۆ بەرەو فرێی دە بۆیان پاشان دوورکەوەرەوە لێیان ئینجا سەرنج بدە چ وەڵامێك دەگەڕێنەوە. چونکە سلێمان

---

[١] الطبري (١٩/٤٤٥)، عبدالرزاق (٣/٨١)، الدر المنثور (٦/٣٥٢)..

[٢] الرعد (١٠).

[٣] أحمد (١/٣٣٢)، أبو داود (٥/٤١٨)، ابن ماجه (٢/١٠٧٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

نامەیەکی نووسیبوو بۆ بەلقیس و گەلەکەی و نامەکەی دابوو بە پەپوسلێمانە، هەندێ ئەڵێن نامەکەی نابووە ژێر باڵی، هەندێکی تریش ئەڵێن بە دەنووکی هەڵی گرتبوو، بردی بۆ ئەو وڵاتە و چووە کۆشکی بەلقیس، ئەو شوێنەی کە بەلقیس خۆی بە تەنها لەوێ دەمایەوە. لە کلاو ڕۆژنەیەکەوە کە لەوێدا بوو بۆی خستە خوارەوە و نامەکە کەوتە بەردەستی. پاشان پەپوسلێمانە لە لایەکی ترەوە وەك ڕێزلێنانێك بۆ بەلقیس خۆی کەناردا و چاوەڕوانی دەکرد. بەلقیس زۆر سەری سوڕما لەو کارەساتە و ترسی لێ نیشت، پاشان نامەکەی هەڵگرت و کردیەوە و خوێندیەوە ئەمەی تێدا نووسرابوو: ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾ ئەمە لەسولەیمانەوەیە و بەناوی خواوە بڕیار دەردەکات و پێویستە بە موسڵمانی بێنەلام بەلقیس دوای خوێندنەوەی نامەکە وەزیرو کاربەدەست و گەورە پیاوانی کۆکردەوە پێی گوتن: ﴿قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ﴾ ئەی پیاو ماقوڵەکان! نامەیەکیان بۆ هاوێشتووم زۆر گرنگە — مەبەست لە گرنگی نامەکە ئەوە بوو کە زۆر بە لایەوە سەیر بوو کە مەلێك بۆی هێناوە و خستوویەتیە بەردەمی و بەڕێزێکەوە لە دوورەوە چاوەڕوان دەکات، ئەمە کارێکە هیچ پاشایەك لە دەستی نایە کارێکی وا بکات، پاشان نامەکەی بۆ خوێندنەوە: ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾ واتە: ئەم نامەیە لە سلێمانەوەیە و بە ناوی خوای بەخشندە و دلۆڤانەوەیە، خۆتان بە زل مەگرن و بێن و خۆتاە بە دەستەوە بدەن — واتە: موسڵمان ببن — بۆیان دەرکەوت کە ئەو نامەیە لە پێغەمبەر سولەیمانەوە بۆیان هاتووە و ناتوانن بچن بە گژیدا و شەڕی لەگەڵ بکەن. نامەیەکی زۆر کورت و پڕ مانا بوو، بە جوانی و سوك و ئاسانی مەبەستەکەی بۆ باس کردبوون، ﴿أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ﴾ قەتادە دەڵێ: خۆتان بە گەورە تر مەگرن لەمن و ﴿وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾[1] (عبدالرحمن)ی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێ: جوابم مەکەن و خۆتان بە زلتر مەزانن لە من ﴿وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾ وەرن بۆ لام و موسڵمان بن[2].

﴿قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ ﴿٣٢﴾ قَالُواْ نَحۡنُ أُوْلُواْ قُوَّةٖ وَأُوْلُواْ بَأۡسٖ شَدِيدٖ وَٱلۡأَمۡرُ إِلَيۡكِ فَٱنظُرِي مَاذَا تَأۡمُرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٤﴾ وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٣٥﴾﴾

---

[1] الدر المنثور (٦/٣٥٤).

[2] الطبري (١٩/٤٥٣).

ڕاوێژکردنی بەلقیس لەگەڵ دارودەستەکەیدا

کاتێك بەلقیس نامەکەی خوێندەوەو پرس‌و ڕای کرد بە دارودەستەکەی لەو بارەیەوە کە چی بکەن بۆیە گوتی: ﴿قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ أَفْتُونِى فِىٓ أَمْرِى مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ﴾ واتە: بەلقیس وتی: ئەی سەرۆك‌و ئەشرافەکان! دەربارەی ئەم کارە ڕای خۆتانم پێ بڵێن هەتا ئێوە دانەنیشن‌و وتووێژ بکەین من هیچ شتێك ناکەم، ﴿قَالُوا۟ نَحْنُ أُو۟لُوا۟ قُوَّةٍ وَأُو۟لُوا۟ بَأْسٍ شَدِيدٍ﴾ واتە: منەتیان کرد بەسەر بەلقیسداو گوتیان ئێمە خاوەنی هێزێکی زۆرو زۆریش ئازاو بەجەرگین، کارەکەشیان دایە دەستی خۆی کەچی دەکات مەیلی خۆیەتی، ﴿وَٱلْأَمْرُ إِلَيْكِ فَٱنظُرِى مَاذَا تَأْمُرِينَ﴾ واتە: وە فەرمان‌و بڕیاریش بە دەستی تۆیە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیەو بە لامانەوە ئاسانە، دەتەوێ بڕۆی‌و شەڕی لەگەڵ بکەی ئامادەین، ئارەزووی خۆشتە چی دەکەی گوێڕایەڵی فەرمانتین ئیبنو عەباس دەڵێ: بەلقیس گوتی: ﴿قَالَتْ إِنَّ ٱلْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا۟ قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوٓا۟ أَعِزَّةَ أَهْلِهَآ أَذِلَّةً﴾ واتە: وتی: بە ڕاستی پاشایان هەر کاتێك بە زۆر چوونە شارێکەوە خراپ‌و وێرانی دەکەن وە دەسەڵاتدارەکانی ئەو شارە ڕیسواو سەرشۆڕ دەکەن. پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ واتە: وە هەر بەو جۆرە دەکەن،[1] پاشان بەلقیس ڕای هاتە سەر ئەوەی کە ڕێ بکەوێت و بە وتووێژو ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات. بۆیە گوتی: ﴿وَإِنِّى مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِم بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌۢ بِمَ يَرْجِعُ ٱلْمُرْسَلُونَ﴾ واتە: دیاریەکی بۆ دەنێرم کە شایستەی ئەو بێت، تا بزانم وەڵامی چیەو دەیەوێ چی بکات، سا بەڵکو قبوڵی بکات‌و وازمان لێ بێنێ یان باجێکمان لەسەر دابنێت هەموو ساڵێك بۆی بەرین‌و دوانەکەوین، بۆ ئەوەی وازمان لێ بێنێت‌و شەڕمان لەگەڵ نەکات، قەتادە دەڵێ: چەند ئافرەتێکی ژیر بووە لە کاتی موسڵمانیداو لە کاتی موشریکیشدا. دەیزانی کە دیاری ناردن جێی تایبەتی خۆی هەیە لای هەندێ کەس، ئیبنو عەباس‌و کەسانی تریش گوتویانە: بەلقیس گوتی: بە گەلەکەی ئەگەر دیاریەکەی وەرگرت ئەوە پاشایەو شەڕی لەگەڵ بکەن، خۆ ئەگەر قبوڵیشی نەکرد ئەوە پێغەمبەرەو شوێنی کەون.[2]

﴿فَلَمَّا جَآءَ سُلَيْمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ ﴿٣٦﴾ ٱرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَآ أَذِلَّةً وَهُمْ صَٰغِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾

---

[1] الطبري (١٩/٤٥٥).

[2] الطبري (١٩/٤٥٥).

دیاریەکەو وەڵامی سولەیمان پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)

زۆرێك لە زانا پێشینەکانی تەفسیرو کەسانی تریش باسیان کردووە کە بەلقیس دیاریەکی گەورەی لە زێڕو زیوو شتی گرانبەهای تری نارد بۆ سولەیمان. بەڵام ئەو هەر سەیری دیاریەکانیشی نەکردو هیچ گرنگیەکی پێنەداو پێی ناخۆش بوو، بۆیە ناڕەزایی دەربڕی لەسەر ناردنی ئەو دیاریانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَ سُلَيۡمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٖ﴾ واتە: ئینجا کاتێك نێردراوەکە هاتە لای سولەیمان، (سولەیمان) گوتی: ئێوە گەرەکتانە بە ماڵ من ڕازی بکەنو لەسەر بتپەرستیو فەرمانڕەوایی خۆتان بمێننەوەو وازتان لێ بێنم؟ ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم﴾ واتە: ئەوەی کە خوا بە منی داوە لە دەسەڵاتو ماڵو لەشکر زۆر چاکترە لەوەی کە ئێوە هەتانە، ﴿بَلۡ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمۡ تَفۡرَحُونَ﴾ بەڵکو وا دیارە ئێوە زۆر دڵخۆشن بەو دیاریەی خۆتانو حەزتان لە دیاریە، بەڵام من ڕازی نابم لێتان یان دەبێ موسڵمان بن یان شمشێر –واتە جەنگ– بۆیە گوتی: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱرۡجِعۡ إِلَيۡهِمۡ﴾ بە دیاریەکەوە بگەڕێنەوە لایان ﴿فَلَنَأۡتِيَنَّهُم بِجُنُودٖ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا﴾ واتە: بە لەشکرێکەوە بۆیان دەچین کە ئەوان ناتوانن بەرامبەری بوەستنو دژی شەڕ بکەن. ﴿وَلَنُخۡرِجَنَّهُم مِّنۡهَآ أَذِلَّةٗ﴾ واتە: لە وڵاتی خۆشیان دەریان دەنێین بە زەلیلی، ﴿وَهُمۡ صَٰغِرُونَ﴾ واتە: سەرشۆڕو زەلیل دەبن، وەختێ نمایندەکەی بەلقیس بە دیاریەکەوە گەڕایەوە بۆ لای، قسەکانی سولەیمانی بۆ گێڕایەوەو قسەکانی بیست خۆشیو گەلەکەیشی خۆیان دا بە دەستەوەو ڕازی بوون، لەگەڵ لەشکرەکەیدا بەرەو سولەیمان کەوتەڕێو سەری دانەواندو بڕیاری دا موسڵمان بێتو شوێنی سولەیمان بکەوێ، کاتێك سولەیمان بەوەی زانی کە بەڕێوەنو دێن بۆ لای ئەو زۆر کەیفی پێهاتو دڵخۆشی کرد.

﴿قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ وَإِنِّي عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ ﴿٣٩﴾ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ ﴿٤٠﴾﴾

ئامادەکردنی تەختی بەلقیس لە چاوترووکانێکدا

موحەمەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: لە یەزیدی کوڕی ڕومانەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویەتی: کاتێك کە نمایندەکانی بەلقیس گەڕانەوە بۆ لایو قسەکانی سولەیمانیان بۆ باس کرد، گوتی: سوێند بە خوا خۆم زانیم ئەمە پاشا نیەو ناتوانین بەرامبەری بوەستینو هیچ وەختێکیش خۆمان بە زل نازانین بەسەریدا،

ناردوومە بۆ لای کە من دێم بۆ لات بە هەموو سەرکردەکانی هۆزەکەمەوە، تا بزانین فەرمانت چیەو چیمان پێ دەڵێی لە بارەی ئاینەکەتەوە، پاشان فەرمانی دا ئەو تەختەی کە لەسەری دادەنیشت کۆی بکەنەوە کە ئاڵتونی پڕ لە یاقوتو زەبەرجەدو مرواری تێدا بوو، خستیانە حەوت هۆدەوە کە بە دەم یەکەوە بوون دەرگاکانیان قفڵ کردنو پاشان بەو کەسەی ووت کە داینا لەسەر ماڵو کۆشکەکەی، ئاگاداری ئەم شتانەبێت کە لێرەیە بە تەختی پاشاکەیشەوە، هیچ کەسێك نەچێت بە دەوریداو پیشانی کەسی نەدەی تا دێمەوە لات، پاشان بەرەو سولەیمان کەوتەڕێ لەگەڵ دوانزە هەزار سەرۆك لە سەرۆکەکانی یەمەن هەریەکە لەوانە بە هەزارەها سەربازی لە ژێر دەستدا بوو، سولەیمانیش بەردەوام هەموو شەوو ڕۆژێك جنۆکەی دەنارد هەواڵی بەلقیسی بۆ بێنێو گەیشتووەتە کوێ، کاتێك کە نزیك بوونەوە، ئەوەی لای بوون لە مرۆو جنۆکە کە لەبەر دەستیدا بوون پێی گوتن وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾ واتە: سولەیمان وتی ئەی دەستەی ئەشرافەکان کامتان تەختە پادشایەکەیم بۆ دێنن پێش ئەوەی بە ملکەچی بێن بۆ لام.[1] ﴿قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾ موجاهید دەڵێ: زەبەلاحێك -گەورەو بەهێز- لە جنۆکە. ئەبو سالح دەڵێ: بە ئەندازەی کێوێك دەبوو[2]. ووتی: ﴿أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێ: من پێش ئەوەی لە جێی خۆت هەڵسی بۆت دەهێنم.[3] سودیو کەسانی تریش دەڵێن: سولەیمان دادەنیشت وەك قازیەك بۆبەڕاگەیشتنی کاروباری خەڵکیو کاری فەرمانڕەوایی و نانخواردن لە بەیانیەوە هەتا خۆر ئاوا دەبووەوە. ﴿وَإِنِّي عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێ:واتە: گوتی: من زۆر بەهێزم بۆ هەڵگرتنی ئەو کۆشکەو دەست پاکێشمو خەیانەت ناکەم لەو خشڵو زیوەی کە تێیدایە، سولەیمان گوتی: دەمەوێ لەوە پەلەتر -زووتر- بێتو ئامادە بکرێت.[4] لێرەدا وادەردەکەوێت سولەیمان دەیەوێ بە ئامادەکردنی ئەو تەختەی بەلقیس، دەسەڵاتی خۆی نیشان بداو دەربخات، لەو دەسەڵاتەی کە خوا پێی بەخشیوەو لەو لەشکرەی کە بۆی ڕام هێناوە کە لە پێشا بە کەسی نەداوەو لەمەودواش بە کەسی تری نادات، بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگەیەك لەسەر پێغەمبەرێتی خۆی لای بەلقیسو هۆزەکەی. چونکە ئەو کارە موعجیزەیەکی زۆر مەزن بوو کە ئەو تەختەی بەلقیس وەك خۆی چۆن بووە لە وڵاتەکەیدا وا بیهێنێ. پێش ئەوەی بگەنەلای سولەیمان. چونکە بەلقیس دەرگای تەختەکەی گشت داخستبوو پاسەوانیشی

[1] الطبري (٩/٥٢٠).
[2] الدر المنثور (٦/٣٥٩).
[3] البغوي (٣/٤٢٠).
[4] البغوي (٣/٤٢٠).

بە دیارەوە دانابوو، کاتێك سولەیمان گوتی: دەمەوێ زووتر ئەو تەختە بێت، ﴿قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلْمٌ مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ﴾ واتە: ئەوەی زانستی لە کتێبی ئاسمان لابوو وتی. ئیبنو عەباس دەڵێ: ئەو کەسە ئاسەفی (آصَف)ی کاتبی سولەیمان بوو، هەر بەو شێوەیەش موحەمەدی کوڕی ئیسحاق ڕیوایەتی کردووە لە یەزیدی کوڕی ڕومانەوە کە ئەو کەسە ئاسەفی کوڕی برخیا بوو، ئاصەف کوڕی بەرخیا پیاوێکی زۆر ڕاستگۆبووە، ئیسمی ئەعزەمی – ناوە هەرە مەزنەکانی خوای – زانیووە.[1] قەتادە دەڵێ: خاوەن باوەڕێك بووە لە مرۆڤ ناوی ئاسەف بووە. ﴿أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾ واتە: چاو بەرز کەرەوەو تەماشاکە بەو ئەندازەی چاوت بڕ دەکات، چاو داخە ئەو تەختە لەبەر دەمتدایە، پاشان ئاسەف هەڵساو دەست نوێژێکی هەڵگرتو لە خوای گەورە پاڕایەوە. موجاهید دەڵێ: ئاسەف گوتی: (یا ذالجلال والاكرام)،[2] ﴿فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ﴾ واتە: کاتێك سولەیمانو ئەو خەڵکەی لە دەوری بوون بە چاوی خۆیان دیان تەختەکە لە لایانە ﴿قَالَ هَـٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّى﴾ واتە: ئەمەش یەکێکە لە بەهرەکانی خودا بەسەرمەوە، ﴿لِيَبْلُوَنِىٓ﴾ بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە، ﴿ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ﴾ واتە: ئایا شوکری دەکەم یان پێ نەزانو سپڵە دەبم وە هەر کەسێك سوپاسی خوا بکات ئەوە بێگومان سوپاس بۆ خۆی دەکات، وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا﴾،[3] واتە: هەر کەسێك کاری چاکە بکات (قازانجەکەی) بۆ خۆیەتی هەر کەسیش کاری خراپە بکات (زیانەکەی) بۆ خۆیەتی. وە ئەم ئایەتەیش کە فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ﴾،[4] واتە: هەر کەسیش کردەوەی چاکی کردبێت ئەوە شوێن بۆ خۆیان (لە بەهەشتدا) ئامادە دەکەن. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ﴾ واتە: وە هەر کەسیش ناسوپاسی بکات خودا بێنیازە لە بەندەکانیو لە عیبادەت کردنیان بۆی. ﴿كَرِيمٌ﴾ واتە: چونکە خودا خۆی زۆر بەڕێزە با کەسیش عیبادەتی بۆ نەکات، ئەوەندە مەزنە پێویستی بە کەس نیە، موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) گوتی: بە هۆزەکەی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِن

---

[1] البغوي (٣/٤٢٠).

[2] الطبري (١٩/٤٦٦).

[3] فصلت (٤٦).

[4] روم (٤٤).

تَكْفُرُوٓاْ أَنتُمْ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴾،[١] واتە: ئەگەر ئێوە ناسوپاسی (بەهرەکانی) خوا بکەن‌و هەموو ئەو کەسانەش لە زەویدان ئەوە بە ڕاستی خوا بێ نیازی سوپاس کراوە. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: (خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی عەبدەکانم ئەگەر لە یەکەم کەستانەوە تا ئاخیر کەستان لە مرۆو جنۆکە هەموو لەسەر دڵی خوانەناسترین پیاوێك بن لە خۆتان، هیچ شتێك لە موڵکی من کەمی نەکردووە. ئەی عەبدەکانم بێگومان ئاکارەکانی خۆتان بۆ هەڵدەڕێژم –حیساب دەکەم– پاشان پاداشتتان دەدەمەوە پێی، هەرکەسێك چاکەی بینی لەکارنامەکەیدا با سوپاسی خوا بکات، هەر کەسیش چاکەی نەبوو باسەرزەنشتی خۆی نەبێت هی کەسی تر نەکات[٢].

﴿قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِىٓ أَمْ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٤١﴾ فَلَمَّا جَآءَتْ قِيلَ أَهَٰكَذَا عَرْشُكِ قَالَتْ كَأَنَّهُۥ هُوَ وَأُوتِينَا ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ ﴿٤٢﴾ وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٤٣﴾ قِيلَ لَهَا ٱدْخُلِى ٱلصَّرْحَ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا قَالَ إِنَّهُۥ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ قَالَتْ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٤﴾﴾

تاقی کردنەوەی بەلقیس

وەختێ کە تەختەکە هێنرایە لای سولەیمان، فەرمانی دا کە گۆڕانکاریەکی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی زیرەکی‌و وریایی بەلقیس تاقی بکاتەوە، کاتێك کە چاوی بە تەختەکە دەکەوێ ئەڵێ ئەمە تەختەکەی منە یان هی من نیە، بۆیە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِىٓ أَمْ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ﴾ واتە: سولەیمان وتی تەختەکەی بگۆڕن سەرنج دەین دەیناسێتەوە یان نایناسێتەوە. ئیبنو عەباس دەڵێ: هۆدەکانی گۆڕی‌و گەرماوو سەرئاوەکانی لێ جیاکردەوە.[٣] موجاهید دەڵێ: سولەیمان بڕیاری دا کە گۆڕانکاریەك بکات لە تەختەکەدا ئەوەی سوور بووە بیکات بە زەردو ئەوەی زەردە بیکات بە سوورو ئەوەی سەوزە بیکات بە سوور هەموو شێوازێکی بگۆڕن. عیکریمە دەڵێ: هەندێ شوێنی زیاد کردو هەندێ شوێنی کەم کردەوە. قەتادە دەڵێ: خوارەکەی خستە سەرەوەو پێشەوەی خستە دواوەو دواوەشی خستە پێشەوەو هۆدەکانیشی زیاو کەم کرد.[٤] ﴿فَلَمَّا

---

[١] ابراهیم (٨).

[٢] مسلم (٤/١٩٩٤).

[٣] الطبري (١٩/٤٦٩).

[٤] الطبري (١٩/٤٦٩).

جَآءَتْ قِيلَ أَهَـٰكَذَا عَرْشُكِ﴾ واتە: ئینجا کاتێك بەلقیس هات پێی وترا تەختەکەی تۆ وەك ئەمە وابوو. یانی تەختەکەی نیشان درا گۆڕانکاری بەسەردا هێنرابوو هەندێکی لێ زیادو کەم کرابوو، بەلقیس زۆر وریاو لەسەرخۆو ئازاو بە جەرگو زیرەك بوو، خێرا نەیگوت ئەوە تەختەکەی منە چونکە تەختەکەی زۆر دوور بوو لەو شوێنەوەو نەشی گوت ئەو نیە کاتێ کە بینی زۆر شتی لە تەختەکەی ئەو دەچوو هەرچەندە هەندێ شتی گۆڕابوو بەڵکو گوتی: ﴿كَأَنَّهُۥ هُوَ﴾ واتە: زۆر لەو دەچێ وەك ئەو وایە، ئەمەیش وریایی‌و زیرەکی تەواوی بەلقیس دەردەخات. ﴿وَأُوتِينَا ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ﴾ واتە: (سولەیمان) وتی: پێش ئەم (بەلقیسە) زانستمان پێ درابوو وە ئێمە ملکەچ بووین. موجاهید دەڵێ: ئەم قسەیە، قسەی سولەیمانە.[1] ﴿وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَـٰفِرِينَ﴾ ئەمەیش هەر قسەی سولەیمانە، تەواوکەری قسەکەی پێشەوەیەتی. ئەمە ڕای موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) واتە: سولەیمان گوتی: ﴿وَأُوتِينَا ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ ﴿٤٢﴾ وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەوەی کە دەیپەرست جگە لە خودا لەمپەر بوو لە ڕێدا بۆ ئەوەی هەر تەنیا خودا بپەرستێ، ﴿مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَـٰفِرِينَ﴾ ئەمە قسەی موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرە. ئەمەش قسەیەکی چاکە. ئیبنوجەریریش هەر وای وتووە.[2] پاشان ئبنوجەریر دەڵێ: هەڵدەگرێت لەمەدا کەدەفەرمووێت:﴿وَصَدَّهَا﴾ زەمیرێك هەبێت بگەڕێتەوە بۆ سولەیمان یان بۆ خودای مەزن. لەو حاڵەدا ماناکەی وای لێدێ: ﴿مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ واتە: ڕێگای پێ نەدابێت عیبادەتی غەیری خودا بکات، ﴿إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَـٰفِرِينَ﴾ واتە: بێگومان ئەو لە گەلی کافران بوو، منیش ئەڵێم: ئەم ڕایە پشتگیری قسەکەی موجاهید دەکات، چونکە بەلقیس دوای ئەوەی چووە ناو کۆشکەکە موسڵمانی خۆی ئاشکرا کرد، وەك لە دواوە باسەکەی دێت ﴿قِيلَ لَهَا ٱدْخُلِى ٱلصَّرْحَ ۖ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا﴾ پێی گوترا وەرە ناو کۆشکەکەوە کاتێك بینی وای دەزانی ئاوێکی زۆر ڕوونە بۆیە هەردوو لاقی هەڵکرد، چونکە سولەیمان فەرمانی دابوو بە شەیاتینەکان کۆشکێکی زۆر مەزنی بۆ دروست بکەن لە شوشەی ڕوون‌و ساف‌و ئاوێکی زۆرو زەبەندە بە ژێریدا بڕوان ئەوەی ئاگادار نەبێت وابزانێت هەر ئاوە، ئەوە بوو شوشە سافەکە کە لە نێوان ئاوەکەو ئەو کەسانە دابوو بەسەریدا دەڕۆیشتن.

---

[1] الطبري (١٩/٤٧١).

[2] الطبري (١٩/٤٧٢).

گوتی ئەمە کۆشکێکی لە شوشەی ساف دروست کراوە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ إِنَّهُۥ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ﴾ واتە: (سولەیمان) پێی وت ئەوە (تۆ بە دەریای دەزانی) کۆشکێکە. ئەسڵی ﴿ٱلصَّرْحَ﴾ لە زمانی عەرەبیدا واتا کۆشك یان هەموو خانوویەکی بەرز خوای گەورە لە باسی فیرعەوندا (لەعنەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: فیرعەون وتی بەهامانی وەزیر ﴿ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ﴾[1] بچۆ کۆشکێك بۆ من دروست بکە بەڵکو بگەم بەو ئاسۆیانە. ئەو کۆشکەی بەلقیس لە یەمەن بوو، خانوویەکی بەردی لە شوشەی ساف دروست کرابوو، زۆر قایم و مەحکەم بوو، ﴿مِّن قَوَارِيرَ﴾ لە شوشە، -مارد- قەڵایەك بوو لە دەومەتەلو جەندەل، مەبەست لەمەدا ئەوەیە کە سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) کۆشکێکی گەورەی دروست کردبوو بۆ ئەم شاژنە و ڕازاندبوویەوە بە شوشەی ساف بۆ ئەوەی دەری بخات کە چەندە خاوەنی توانا و دەسەڵاتێکی مەزنە، کاتێك بەلقیس ئەو هەموو دەسەڵاتو شکۆیەی سولەیمانی چاو پێکەوتو بۆی ڕوون بووەوە و ملی کەچکرد بۆ فەرمانی خوداو زانی کە سولەیمان پێغەمبەرێکی بەڕێزەو پاشایەکی مەزنە، خۆی دایە دەستی خوای گەورەو موسڵمان بوو، گوتی: ﴿قَالَتْ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى﴾ واتە: بەلقیس وتی: ئەی پەروەردگارم من ناهەقیم لە خۆم کرد کە خوانەناس و موشریك بووم لەگەڵ هۆزەکەم کە عیبادەتی خۆرمان دەکردو عیبادەتی خوامان نەدەکرد، ﴿وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَـٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: شوێنی ئاینی سولەیمان کەوتین کە هەر خودا پەرستیتە بە تەنیا بێ شەریك بۆ دانان، ئەو خودایەی کە هەموو شتێکی دروست کردووەو خاوەنی گشت جیهانیانە.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَـٰلِحًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَـٰقَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبْلَ ٱلْحَسَنَةِ ۖ لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالُوا۟ ٱطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ ۚ قَالَ طَـٰٓئِرُكُمْ عِندَ ٱللَّهِ ۖ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ ﴿٤٧﴾﴾

لە نێوان پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لێ بێت) و سەموودا

خوای گەورە باسی هۆزی سەموود دەکات کە چیان کرد لەگەڵ پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك کە خوای گەورە ڕەوانەی کردە سەریان و بانگی کردن بۆ ئەوەی تەنها خوا بپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَـٰلِحًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ﴾ واتە: سوێند بە خوا ناردمان بۆ گەلی سەموود برایان صالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) (پێی

[1] الغافر (٣٦).

وتن) کە خوا بپەرستن کەچی ئەوان بوونە دوو کۆمەڵی دژیەك. موجاهید دەڵێ: بوونە دوو دەستەی دژ یەك: خاوەن باوەڕو خوانەناس.[1] وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَـٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا بِٱلَّذِىٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَـٰفِرُونَ ﴾[2]، واتە: دەسەڵاتدارە لووت بەرزەکانی گەلەکەی وتیان بەوانەی لاوازو ژێردەستە کرابوون، ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەناویاندا ئایا دەزانن کە صالح ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریەوە؟ وتیان: بێگومان ئێمە بڕوادارین بەوەی صالح پێی ڕەوانەکراوە ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانی وتیان: بە ڕاستی ئێمە بێباوەڕین بەوەی کە ئێوە بڕواتان پێ هێناوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَـٰقَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبْلَ ٱلْحَسَنَةِ ﴾ واتە: بۆچی داوای دابەزینی سزا دەکەن‌و داوای بەزەیی‌و عەفووی خوا ناکەن بۆیە فەرموویەتی: ﴿لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ واتە: بۆچی داوای لێخۆشبوون ناکەن لە خوا تا ڕەحمتان پێ بکرێت. پاشان دەفەرموێت: ﴿قَالُوا۟ ٱطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ﴾ واتە: ئێمە خێروبێرمان لە تۆو دەم‌و چاوی تۆو ئەوانەش شوێنی تۆ کەوتوون نەدیوە، چونکە ئەوانە لە بەدبەختی خۆیان هیچ کاتێك یەکێکیان توشی نارەحەتیەك نەدەبوو، مەگین دەیگوت: ئەوە خەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ صالح‌و هاوەڵەکانی، موجاهید دەڵێ: ڕەشبین بوون پێیان.[3] ئەمە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە باسی هۆزی فیرعەون دەکات: ﴿فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُوا۟ لَنَا هَـٰذِهِۦ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا۟ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ ﴾[4]، واتە: جا کاتێك چاکەیان بۆ بهاتایە (لە سەروەت‌و بەروبووم) دەیانوت: ئەمە هەر هی ئێمەیە (شایستەی ئێمەیە) بەڵام کاتێك توشی بەڵاو خراپە بوونایە (دەیان وت) بەهۆی شوومی موساو شوێنکەوتووانیەوەیە. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَـٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟ هَـٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴾[5]، واتە: وە ئەگەر (ناپاکان) خۆشی‌و چاکە هاتە ڕێیان دەڵێن ئەمە لە لای خواوەیە وە ئەگەر تووشی ناخۆشی خراپەیەك هاتن

---

[1] الطبري (١٩/٤٧٥).
[2] الاعراف (٧٥-٧٦).
[3] الدر المنثور (٦/٣٦٩).
[4] الاعراف (١٣١).
[5] النساء (٧٨).

دەڵێن: ئەمە لە لایەن تۆوەیە (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ: هەمووی لە لایەن خواوەیە. هەمووی بە بڕیارو فەرمانی خوایە، خوای گەورە باسی خەڵکی ئەو شارە دەکات کاتێك کە پێغەمبەرانیان بۆ دەهات، گوتیان: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ قَالُواْ طَـٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ﴾[1] واتە: (خەڵکەکە) وتیان بێگومان ئێمە بەهۆی ئێوەوە دووچاری شوومیو بەدبەختی بووین سوێند بە خوا ئەگەر واز نەهێنن (لەو کارەتان) بەردبارانتان دەکەین و بە ڕاستی لە لایەن ئێمەوە دووچاری سزایەکی پڕئێشو ئازار دەبن، (پێغەمبەران) وتیان شوومی ئێوە بە خۆتانەوەیە. ئەمانیش دەڵێن: ﴿ٱطَّيَّرۡنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَۚ قَالَ طَـٰٓئِرُكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ﴾ واتە: پاشەڕۆژی ئێوە لە لای خوایەو پاداشتتان لەسەر ئەوە دەداتەوە، ﴿بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تُفۡتَنُونَ﴾ واتە: نەخێر بەڵکو ئێوە گەلێکن تاقی دەکرێنەوە. قەتادە دەڵێ: تاقی دەکرێنەوە بە گوێڕایەڵیو –خواپەرستی– بە گوناهکردن[2]. بەڵام وادەردەکەوێت مەبەست بە ﴿تُفۡتَنُونَ﴾ لەم ئایەتەدا واتە: مۆڵەت دەدرێن لەسەر ئەو گومڕاییەی کە ڕۆچوون تێیدا.

﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴿٤٨﴾ قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٠﴾ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٥١﴾ فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٥٢﴾ وَأَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٥٣﴾﴾

کەتنی کۆمەڵێك خراپەکاران و پاشەڕۆژی هۆزی سەموود

خوای گەورە باسی یاخیەکانی سەموودو سەرکردەکانیان دەکات کە بانگی هۆزەکەیان دەکرد بۆ بێ دینیو گومڕاییو بە درۆخستنەوەی پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) هەتا وایان لێهات وشترەکەیان کوشتو ویستیان ساڵحیش بکوژن. بە شەو بدەن بەسەریداو لەناوی بەرنو پاشان بڵێن بە خزمەنزیکەکانی ئەوان هیچ ئاگاداری کوشتنی پێغەمبەر ساڵح نین، ڕاستیش دەکەن، چاویان لێ نەبوو کوژراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ﴾ واتە: لەو شارەی ساڵح دا یانی شاری

---

[1] يس (١٨-١٩).

[2] الدر المنثور (٣٦٩/٦).

سەموود. ﴿تِسۡعَةُ رَهۡطٖ﴾ واتە: نۆ کەس هەبوون. ﴿يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ﴾ واتە: لە زەویدا خراپەکاریان دەکرد بە هیچ جۆر چاکەیان نەدەکرد. یانی ئەوانەی کە خاوەن دەسەڵات بوون دەستیان گرتبوو بەسەر کاروباری سەموودا، عەونی دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە: هەر ئەوانە بوون دایان لە ملی وشترەکەو کوشتیان.[١] واتە: ئەوانەی کە بە پرس‌و ڕای ئەوان ئەو کارە کرا لەعنەتیان لێ بێ‌و خوا ڕوویان ڕەشکات. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَنَادَوۡاْ صَاحِبَهُمۡ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ﴾،[٢] واتە: (گەلەکەی لەم کارە بێزار بوو) جا بانگی هاوڕێ خراپەکەیان کرد (قوداری کوڕی سالیف) ئەویش دەستی دایە شمشێر (وشترەکەی) سەربڕی. وە فەرموویەتی: ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا﴾،[٣] واتە: کاتێك کە خراپترینیان هەستایەوە (بۆ سەربڕینی وشترەکە). عبدالرزاق دەڵێ: یەحیای کوڕی ڕەبیعەی سەنعانی هەواڵی پێ داین گوتی: بیستم لە عەتای کوڕی ئەبو ڕەباحەوە دەیگوت: ﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ﴾ ئەوانەی درهەمیان دەبڕی‌و لەتیان دەکرد –دەیان قرتاند–.[٤] واتە: لێیان لادەبردو مامەڵەیان پێ دەکرد وەك عەرەبەکان چۆن مامەڵەیان پێ دکرد، ئیمامی مالیك دەڵێ لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە ئەگوازێتەوە کە فەرمویەتی: قرتاندنی ئەو زێڕ و زیو لە بەدفەڕی بڵاوکردنەوەیە لەناو زەویدا. مەبەست پێی لێرەدا ئەوانەیە کە سروشتیان بەدفەڕیە لەسەر زەمیندا بە هەر شێوەیەك توانایان هەبێت، وەك ئەو شتانەی کە ئەم زانا بەڕێزانە باسیان کردو چەندەها کاری بەدفەڕی تر، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ﴾ واتە: سوێندتان خوارد کە بە پەنهانی بە شەو بدەن بەسەر پێغەمبەر ساڵحداو (سەلامی خوای لێ بێت) بیکوژن، کەتنی خۆیان کرد –واتە هەوڵی خۆیاندا– بەڵام خوا کەتنەکەی بەسەر خۆیاندا شکاندەوە موجاهید دەڵێ: سوێندیان خواردو پەیمانیان دا بە یەکتری کە پێغەمبەر ساڵح لەناو بەرن، بەڵام دەستیان پێ نەگەیشت تا خۆیان‌و هۆزەکەیانی هەموو قڕکرد،[٥] ﴿ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾ واتە: لە پاشان دەڵێین بە کەس‌و کاری ساڵح ئێمە ئاگامان لە کوشتن‌و تیاچوونی خێزانی ئەو نیەو بێگومان ڕاستیش دەکەین. عبدالرحمن ی کوڕی ئەبو

---

[١] الطبري (١٩/٤٧٧).

[٢] القمر (٢٩).

[٣] الشمس (١٢).

[٤] عبدالرزاق (٣/٨٣).

[٥] الطبري (١٩/٤٧٨).

حاتەم دەڵێ: کاتێ کە دایان لە ملی وشترەکەو کوشتیان پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) پێی گەوتن: ﴿تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ﴾[1] واتە: لە ماڵی خۆتاندا ڕابوێرن سێ ڕۆژ ئەوە بەڵێنی خودایەو درۆنیە، ئەوانیش گوتیان: ساڵح وادەزانێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە کۆڵی دەبینەوەو لەناو دەچین، ئێمە کەمتر لە سێ ڕۆژ خۆیو ماڵو منداڵی لەناو دەبەینو ڕزگار دەبین لە دەستی، پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) مزگەوتێکی هەبوو لە حیجردا لە شیوێکدا لەوێ نوێژی دەکرد ئەوانیش چوون بۆ ئەشکەوتەکە بە شەو گوتیان ئەگەر هات بۆ نوێژ دەیکوژینو پاشان دەگەڕێینەوە، کاتێك ئەومان لەناودا دەچین ماڵو منداڵەکەیشی لەناو دەبەین، خوای گەورە بەردێکی بەرەو ڕوویان خستە خوارەوە بۆیان، ئەوانیش بە پەلە خۆیان کرد بە ئەشکەوتەکەداو بەردەکە بەردەمی ئەشکەوتەکەی لێ گرتن، هۆزەکەیان نەیان دەزانی ئەوان لە کوێنو ئەوانیش نەیان دەزانی هۆزەکەیان چیان بەسەر هاتووە. خوای گەورە سزای ئەمانی لێرەداو سزای ئەوانیشی لەشوێنی خۆیانداو پێغەمبەر ساڵحو ئەوەی لەگەڵی بوون ڕزگار کرد، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند ﴿وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ واتە: ئەوان نەخشەو پیلانیان دانا بە پیلانێکی خراپ (بۆ کوشتنی صالح) ئێمەش نەخشەمان کێشا (بۆ لەناوبردنیان) بە نەخشەکێشان لە کاتێکدا ئەوان هەستیان نەدەکرد، ﴿فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ واتە: ئینجا سەرنج بدە سەر ئەنجامی پیلانی ئەوان چی لێهات بێگومان ئێمە ئەوانو گەلەکەیانمان هەموو پێکەوە لەناو برد، ﴿فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ﴾ واتە: ئینجا ئەوە (جێ) خانووەکانیانە چۆڵو خاڵی یە لەبەر ئەوەی ستەمیان کرد بە ڕاستی لەو بەسەرهاتەدا پەندو بەڵگە هەیە بۆ کۆمەڵێك کەشت دەزانن. ﴿وَأَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ واتە: وە ئەو کەسانەمان ڕزگار کرد کە بڕوایان هێنا و لە خوا دەترسان.

﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ ﴿٥٤﴾ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ﴿٥٥﴾ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوٓاْ ءَالَ لُوطٖ مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٥٦﴾ فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ قَدَّرۡنَٰهَا مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٥٧﴾ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم مَّطَرٗاۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلۡمُنذَرِينَ ﴿٥٨﴾﴾

[1] هود (٦٥).

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی لوت دەکات کە بانگی هۆزەکەی دەکردو دەیترساندن لە غەزەبی خودا لەسەر ئەو کارە خراپەی ـ نێربازییەی ـ دەیان کرد، کە هیچ کەسێك لە تۆرمەی ئادەم لە پێش ئەوانەوە نەیکردووە، لە ژنان وازیان هێنابوو پەلاماری پیاوانیان دەدا، ئەم ئاکارەیشیان بێ ناموسیەکی زۆر گەورە بوو، وەك خوای گەورە لەسەر زمانی لوت پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ﴾ واتە: وە باسی لوت بکە کاتێ وتی بە گەلەکەی ئایا ئێوە ئەو کارە زۆر خراپو ناشیرینە دەکەن کە ئێوە دەبینن‌و دەزانن (چەند پیس‌و ناشیرینە). یانی بە بەرچاوی یەکترەوە کاری داوێن پیسی‌و نارەوا دەکەن. ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ واتە: ئێوە گەلێکی زۆر بێ عەقڵ‌و نەزانن کە ژنان واز لێ دێنن‌و پەلاماری پیاوان دەدەن، لە هیچ شتێك تێناگەن‌و نەفام‌و نەزانن‌و فەرمانی خوداش دەشکێنن، بێ ناموسیەك دەکەن تا ئێستا کەس نەیکردووە. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ﴾،[1] واتە: ئایا لەناو (هەموو خەڵکی) جیهانیاندا ئێوە نێربازی دەکەن، وە واز دێنن لەو هاوسەرانەتان کە پەروەردگارتان بۆی دروست کردوون نەخێر بەڵکو ئێوە کۆمەڵێکن دەرچوو لە سنووری ئارەزوو. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوٓا۟ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ واتە: گوتیان کەس‌و کاری لوت دەرکەن لە ئاواییەکەتان، چونکە ئەوان لەو کارە بێ ناموسیەی ئێوە زۆر نارەحەتن، حەزیان لە داوێن پاکیە لەم وڵاتەی ئێمەدا جێیان نابێتەوە، ویستیان کەس‌و کاری لوت پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) وەدەرنێن، خوای گەورەش قڕی کردن هەر خوانەناسێکی تریش وەك ئەوانە سەرپێچی فەرمانی خودا بکات وەك ئەوانی بەسەردێت، ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَٰهَا مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ واتە: خۆی‌و کەس‌و کاریمان ڕزگار کرد تەنها ژنەکەی نەبێت کە لەگەڵ هۆزەکەی لەناو چوون، چونکە ژنەکەی یارمەتیدەرو پشتگیری کەری ئەوانە بوو، خوای نەدەناسی‌و گوێڕایەڵی ئەوانە بوو، هۆزەکەی ئاگادارکرد کە بێن بۆ لای میوانەکانی پێغەمبەر لوت (سەلامی خوای لێ بێت) لەبەر ڕێزو خاتری پێغەمبەر لوت بووە (سەلامی خوای لێ بێت) توشی خراپە نەبووە نەوەك لەبەر خاتری خۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا﴾ واتە: بارانێکی ئەمان باران، زۆر ترسناك‌و ڕەق‌و توند وەك بەرد خودای مەزن باراندی

[1] الشعراء (١٦٥ـ١٦٦).

بەسەر ئەو ناهەقیکارو دوور لە خودایانە بۆیە خودا فەرموویەتی: ﴿فَسَآءَ مَطَرُ ٱلۡمُنذَرِينَ﴾ واتە: جا چ خراپ بوو بارانی ترسێنراوان. چونکە خودای مەزن پێغەمبەری بۆ ناردن ئاگاداری کردنەوەو داوای لێکردن کە واز لە بێ ناموسی بێنن‌و هەڕەشەی خودای پێ گەیاندن، بەڵام ئەوانە هەر دژایەتی لوت پێغەمبەریان کرد (سەلامی خوای لیٚ بێت)و بڕوایان پیٚ نەکرد، دەیانویست شار بەدەری بکەن.

﴿قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَىٰٓۗ ءَآللَّهُ خَيۡرٌ أَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٥٩﴾ أَمَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتۡنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهۡجَةٖ مَّا كَانَ لَكُمۡ أَن تُنۢبِتُواْ شَجَرَهَآۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٞ يَعۡدِلُونَ ﴿٦٠﴾﴾

فەرمان دان بە سوپاس کردنی خوداو درود ناردن بۆ پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوای لیٚ بێت)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَىٰٓ﴾ خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی موحەمەد(ﷺ) کە بڵێت: سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەو بەهرانەی کە داویەتی بە عەبدەکانی، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن‌و باس ناکرێت، وە سوپاس بۆ ئەو خودایە کە هەرچی وەسفو ستایش بکرێت هەر کەمەو زۆر مەزنە خاوەنی ناوە پیرۆزەکانە، وە فەرمانیشی بە پێغەمبەر(ﷺ) کردووە کە درود ڕەوانە بکات بۆ هەموو پێغەمبەرە بەرێزو هەڵبژێردراوەکانی (سەلامی خوایان لیٚ بێت) عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم‌و کەسانی تریش گوتیان: مەبەست بە عەبدە هەڵبژاردەکانی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لیٚ بێت) وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[1] سەوری (الثوري)و سودی دەڵێن مەبەست پێی: هاوەڵەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) -ڕەزای خودا لە هەموو ئەوانیش بێت- وە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسیشەوە. هیچ دژایەتیەك لە نێوان ئەم دوو ڕایەدا نیە، چونکە ئەگەر هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە عەبدە هەڵبژاردەکانی بن، چاکترو باشتر پێغەمبەران بەری دەکەون‌و شایستەترن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ءَآللَّهُ خَيۡرٌ أَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ ئەمە هەڕەشەیەکی توندە لەو کەسانەی کە شەریك بۆ خودا دادەنێن‌و وەك ئەو ۆدەیپەرستن. واتە: ئاخۆ خودا چاکترە یان ئەوەی دەیکەنە شەریکی؟

[1] الصافات (١٨٠-١٨٢).

چەند بەڵگەیەك لەسەر یەكتاپەرستی (التوحید) خودا

پاشان خوای گەورە ڕوونی دەكاتەوە كە هەر وەدی هێنەرو ڕۆزی دەرو كاربەدەستەو كەسێكی تر نیە غەیری خۆی، بۆیە دەفەرمووێت: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ ئایا زاتێك كە ئاسمانەكان‌و زەوی دروست كردووە، واتە: ئەو ئاسمانانەی بەو شێوەیە لەو بەرزیەوە دروست كردووە كە پڕە لە ئەستێرەی ڕووناك‌و پڕشنگدار كە سوڕ دەخۆن لەو شوێنانەی كە بۆیان دیاری كراوە دێن‌و دەچن، زەمینیشی دروست كردوە بەو تەختەو بەرزی‌و نزمی‌و تۆكمەییە، لە كێوێكی زۆرو دەشتی فراوان‌و دۆڵی قوڵ‌و بیابان‌و چۆڵەوانی دوایی نەهاتوو پێكهاتووە، كە پڕە لە دارو درەخت‌و بەروبووم‌و دانەوێڵەو كشتوكاڵ. ئەو هەموو دەریاو گیاندارو جانەوەرەش هەریەكە لە جۆرێك‌و لە ڕەنگێك‌و لە شكڵێك. وە دەفەرمووێت: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ واتە: لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، بەهۆی ئەو بارانەوە ڕۆزی بەندەكانی داوە،، ﴿فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ﴾ واتە: باخچەی زۆریشی تێدا ڕواندووە، ﴿ذَاتَ بَهْجَةٍ﴾ كە شێوازێكی جوان‌و دڵگیریان هەیە، ﴿مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ﴾ واتە: كە ئێوە نەتاندەتوانی داروودرەخت‌و بەروبوومی ئەو زەویە سەوز بكەن‌و كەڵكی لێ وەربگرن، بەڵكو خودای خاوەن دەسەڵات‌و وەدیهێنەرو بژێوی دەر هەر خۆی كردوویەتی غەیری ئەو كەس ناتوانێ بیكات، وەك بت‌و ئەو شتانەی كردووتانن بە هاوەڵی خوداو دەیان پەرستن، ئەو موشریكانە خۆشیان چاك دەزانن‌و دانی پێدا دەنێن. وەك خوای گەورەش لە چەند ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾[1] واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەین كێ دروستی كردوون بێگومان دەڵێن خوا. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾[2] واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەین كێ لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێ ئەنجا بەو بارانە زەوی مردووی زیندوو كردەوە بێگومان دەڵێن خوا. واتە: ئەوانە دانی پێدا دەنێن كە وەدیهێنەری هەموو ئەمانە تەنها خودا خۆیەتی‌و شەریكی نیە، كەچی لەگەڵ ئەوەیشدا شتی تر دەپەرستن‌و چاكیش دەزانن كە ئەوانە هیچیان بەدەست نیەو ناتوانن ژیان‌و ڕۆزی بە كەس بدەن. بەڵكو ئەو كەسەی كە شایەنی پەرستنە خودایە هەر ئەو وەدی هێنەرو ڕۆزی دەرە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا پەرستراوێكی تر لەگەڵ خودا هەیە؟ نەخێر كەسێكی تر

---

[1] زخرف (٨٧).

[2] العنكبوت (٦٣).

غەیری خودا بۆ پەرستن ناشێت، وەك بۆتان دەركەوت، وە هەموو خاوەن عەقڵێك دان بەو ڕاستیە دادەنێ‌و گومانی نیە كە خوا وەدیهێنەرو ڕۆزی دەرە. پاشان دەفەرموویێت: ﴿بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ واتە: ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن كۆمەڵێكی لە هەق لادەرن.

﴿أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٦١)﴾

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا﴾ واتە: ئەو خودایەی كە زەوی كردووە بە شوێنی حەسانەوە كە ناكشێ‌و لەرزە ناكات‌و بە خەڵكەكەیەوە ناجوڵێ، چونكە گەر وابووایە ژیان بەسەریەوە تاڵ‌و ناخۆش دەبوو، بەڵكو بە دڵۆڤانی‌و ڕێزی خۆی لە بەندەكانی وەك فەرشێكی ڕاخراوی لێ كردوە لەرزەلەرزو جموجۆڵ ناكات وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموویێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً﴾[1]، واتە: خوا زاتێكە كە زەوی بۆ كردوونەتە نیشتەجێ (ئارامگا) وە ئاسمانیشی بۆ كردوون بە سەربان. ﴿وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا﴾ واتە: جۆربارى شیرین‌و زەلاڵی لەناو زەویدا هەڵقولاندووەو بە ناویدا دەڕوات هەندێكیان گەورەو هەندێكی تری بچووك بەرەو ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواو باكوورو باشوور دەچن، بەپێی پێویستی عەبدەكانی لەو وڵات‌و هەرێمانەدا ـ پەرش‌و بڵاوی كردوون لە هەموو بەشەكانی زەویدا ـ ڕۆویان دەدات. ﴿وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ﴾ واتە: كێوی گەورەو بەرزی دروست كردووە وەك مێخ چووە بەناو زەمیندا تا بوەستێ‌و جوڵەجۆڵ نەكات‌و نەڕوات، ﴿وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا﴾ واتە: لە نێوان ئەو دوو دەریایەدا كە یەكێكیان شیرینەو ئەوی تریان تفت‌و تاڵە بەربەستی داناوە، كە ناهێڵێ تێكەڵاوی یەكتری ببن، هەتا بەهۆی یەكتریەوە، پیس‌و خراپ ببن‌و تامیان بگۆڕێت، ئەوەش لە كارزانی خودای مەزنە كە هەردوو دەریاكە وەك خۆیان بمێننەوەو سیفاتی خۆیان لە دەست نەدەن، چونكە ئەو دەریانەی كە ئاویان شیرینە ئاوی ئەو ڕووبارانەیە كە بە ناو زەویدا تێدەپەڕن‌و دەچن خەڵكی دەیخۆنەوەو شیرینەو بەكاری دێنن بۆ ئاودێرانی دارودرەخت‌و كشتوكاڵ‌و مەڕو ماڵات‌و گیانلەبەرەكانی تریش لێی دەخۆنەوە. دەریا تفت‌و تاڵەكانیش ـ خوێیاویەكانیش ـ ئەو دەریایانەیە كە دەوری دونیای داوە لە هەموو لایەكەوە، خودای مەزن وای وەدی هێناوە كە ئاوەكەی تفت‌و تاڵ بێت، هەتا بەهۆی ئەو دەریا گەورانەوە كەش‌و هەوای سەر زەمین پیس نەبێت بە بۆنەكەی وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا

---

[1] الغافر (٦٤).

عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾،[1] واتە: ئەو (زاتە) زاتێکە دووو دەریا (ئاو)ی بەڕەڵا کردو لە پاڵ یەکدا ئەمەیان شیرینو سازگارە (ئاوی ڕووبارو کانیاوە) ئەوی تریان زۆر سوێرو تاڵو تفتە (ئاوی دەریاکانە) وە لە نێوان ئەو دوو (ئاو)ەدا بەربەستێکی داناوەو بەرگریکەرێکی ئەستوور (تا ئەو دوو ئاوە تێکەڵ بەیەك نەبن. بۆیە لێرەدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾؟ واتە: ئاخۆ هیچ خودایەکی تر لەگەڵ خودادا هەیە بتوانێ ئەمە بکات، یا بپەرسترێت؟ نەخێر، کەسێ ناتوانێو کەسیش شایەنی پەرستن نیە غەیری خودا. ئەم دوو قسەیە هەردوویان ڕاستنو لەیەك جیاناکرێتەوە. ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتە: زۆربەی خەڵکی نازانن بۆیەغەیری خودا دەپەرستن.

﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾﴾

خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە هاوار هەر لەو دەکرێت لە کاتی تەنگانەداو پەنا هەر بە ئەو دەبرێت لە کاتی کارەساتو لێ قەوماندا، وەك فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾،[2] واتە: وە کاتێ لە دەریادا تووشی بەڵاو زیان بێن هەموو ئەو (پەرستراوانە)ی هاواریان لێ دەکەن ون دەبن بێجگە لە خوا. وە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ﴾،[3] واتە: پاشان کاتێ دووچاری زیانو ناڕەحەتیەك ببن ئەوە پەناو هاوار هەر بۆ لای ئەو دەبەن. هەر بەو شێوەیەش لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ﴾ واتە: ئەو کەسە کێیە لێقەوماو پەنا بۆ کەس نابات غەیری ئەو، ئەو کەسە کێیە کە زەرەرو زیانو ئێشو ئازار لانابات غەیری ئەو، بێگومان هەر خوای گەورەیە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە پیاوێکی بەلهوجەیمەوە (بَلْهُجَيم) دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوار لە کێ دەکەی؟ فەرمووی: (تەنها لە خودا دەپاڕێمەوە، ئەو خودایەی کە تووشی ئازار ناڕەحەتی بووی کە لێی پاڕایتەوە، ئەو ئازارو ناڕەحەتیەی لەسەر لابردووی، ئەو خودایەی ئەگەر ڕێگات ون کرد لە زەویەکی چۆڵو بیاباندا، پاڕیتەوە وەڵامت دەداتەوە، ئەو خودایەی کە تووشی قاتو قڕی بوویت، لێی پاڕایتەوە ڕوەکت بۆ دەڕوێنێت) پیاوەکە گوتی: گوتم: ئامۆژگاریەکم بکە، فەرمووی: (قسە ـ جوێن ـ بە هیچ کەسێك مەڵێ، لە چاکەکردن مەوەستە ئەگەر

[1] الفرقان (٥٣).

[2] الاسراء (٦٧).

[3] النحل (٥٣).

زەردەخەنەیەکیش بێت کاتێ کە گەیشتی بە برایەکی موسڵمانت، یان: ئەگەر خاڵی کردنی سەڵتە ئاوەکەت بێت لە سەڵتی کەسێك کە پێویستی بە ئاوە، پۆشاکەکەت هەتا نیوەی لاقت شۆڕکەرەوە خۆ ئەگەر نەت توانی با تا پاژنەکانت شۆڕی کەیتەوە، نەکەی پۆشاکەکەت شۆڕکەیتەوە چونکە شۆڕکردنەوەی پۆشاك لە فیزو خۆبەزل زانینەوەیە، بێگومان خودا خۆشی نایە لە خۆبەزلزان.[1]

بەسەرهاتی موجاهیدێك ـ تێکۆشەرێك ـ لە ڕێی خوادا

ئیبنو عەساکیر باسی کردووە لە تەرجومەی (في الترجمة) فاتیمەی کچی حەسەنەوە دایکی ئەحمەدی عیجلیەوە (العجلية) دەڵێ: ڕۆژێك خوانەناسان موسڵمانانیان ڕاونا ـ شکاند ـ لە غەزایەکدا وڵاغێکی ـئەسپ یان ماین ـ چاك کە خاوەنەکەی زۆر لێی ڕازی بوو، کە پیاوێکی دەوڵەمەندو چاك بوو، گوتی: بە وڵاخەکەی چیت بەسەر هاتووە ـ لێ قەومانە ـ؟ هاوار بۆ تۆ! من تۆم بۆ ڕۆژێکی ئاوەها ئامادە کردووە. وڵاخەکە خۆراکێکی ـ ئالیکێکی ـ کەمم پێ دەدا؟ پیاوەکە وتی: پەیمانت دەدەمێ لەم ڕۆژە بە دواوە ئالیکت پێ نادەم لە لای خۆمەوە نەبێت، وڵاخەکە ڕۆیشتو وڵاخەکەی ڕزگار کرد، ئەو پیاوە لە پاش ئەوە ئالیکی نەدەدا بە وڵاخەکەی لە لای خۆیەوە نەبێت، دەنگو باسی ئەم پیاوە لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە، خەڵکی دەچوون بۆ لای هەتا گوێبیستی ئەو قسانەی بن، ئەو هەواڵە گەیشتە ڕۆمەکان، گوتیان: وڵاتێ پیاوی ئاوای تێدابێت هەرگیز داگیر ناکرێت، ویستی بە فێڵێ لەناو وڵاتەکەی خۆیدا بیگرێتو بە دیلی بیبات، پیاوێکی هەڵگەڕاوە لە دینی ـ المرتد ـ ناردە لای، کاتێك کە پیاوەکە چووە لای، خۆی وا نیشان دا کە موسڵمان بووەتەوە بڕیاری داوە کە چاکە بکات لەگەڵ موسڵمانانو گەلەکەی، هەتا وای کرد لە خۆی بووە جێی متمانەی پاشان ڕۆژێك دەرچوون لە کەناری دەریایەکدا دەگەڕان، پیاوە هەڵگەڕاوەکە ـ المرتد ـ لەگەڵ پیاوێکی تردا لە ڕێگای پاشای ڕۆمەوە ئاگادار کرابوو ڕێك کەوتبوون کە هاوکاری یەکتری بکەن، بە دیلی بیگرن، کاتێك کە دەوری پیاوەکەیان داو ویستیان بیگرن، چاوی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی: ئەی خودایە ئەمانە خۆیان وا نیشان دا کە خاوەن باوەڕن فێڵیان لێ کردم، تۆ ئەدەمم بە گژیاندا مەیلی خۆتە چیان بەسەر دێنێ، گوتی: جانەوەرێك ـ دڕندەیەك ـ هاتو هەردوو پیاوەکەی گرت ـ برد ـ، پیاو چاکەکەیش بە سەلامەتی گەڕایەوە[2].

---

[1] أحمد (٥/٦٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تأريخ دمشق المخطوط (١٩/٤٨٩).

باسی جێ نشینی لەم سەر زەمینە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: دەتانکاتە جێنشین لەم سەر زەمینە گەل دوای گەلو دەستە دوای دەستە جێی پێشینەکانی خۆتان دەگرنەوە وەك فەرموویەتی: ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ﴾[1] واتە: ئەگەر بیەوێت لەناوتان دەباتو کێی بوێت دوای ئێوە دەیکاتە جێنشینی(ئێوە) وەك چۆن ئێوەی لە نەوەی کۆمەڵێکی تر بەدی هێنا. وە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ﴾[2] واتە: وە خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینانی زەوی (کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵ دێن) چەند پلە هەندێکتانی بەرزکردووەتەوە بەسەر هەندێکی ترتاندا. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[3] واتە: (بیریان بێنەوە) کاتێ پەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی وت بە ڕاستی من جێنشینێك دروست دەکەم لەسەر زەوی. واتە: کۆمەڵێ جێی کۆمەڵێکی تر دەگرێتەوە، ئەم ئایەتەش کە دەفەرمووێت: ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: گەل دوای گەلو نەوە دوای نەوەو کۆمەڵ دوای کۆمەڵ، خۆ ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە هەمووی لەیەك کاتدا دروست دەکرد وەك چۆن ئادەمی دروست کرد (سەلامی خوای لێ بێت) نەی دەکردنە نەوەی یەکترو بە دوای یەکدا بێن، خۆ ئەگەر مەیلیشی لێ بووایە هەموویانی یەك لە دوای یەك وەدی دەهێناو گیانیشی نەدەکێشان بە یەکەوە نەبێت، واتە هەموویانی پێکەوە گیان دەکێشا، ئەو کاتە دنیایان لەسەر تەنگ دەبوو ڕۆزیان زۆر بە زەحمەت وەدەست دەهێناو ئازاری یەکتریان ئەداو یەکتریان تووشی زیان دەکرد، بەڵام خوای گەورە بە کلرزانیو بڕیارو دەسەڵاتی خۆی وای بڕیاردا کە لە یەك گیان دروستیان بکات پاشان بەو شێوەیە زۆریان بکاتو بڵاویان بکاتەوە بەسەر زەمیندا، کۆمەڵ کۆمەڵو تیرە تیرەو گەل گەل هەریەکەو لە شوێنێکدا بە دوای یەکدا، هەتا ئەو کاتەی کە ماوە تەواو دەبێتو هەموو گیانی دەکێشرێتو سەر زەمین چۆڵ دەبێت، وەك چۆن خوا خۆی بڕیاری داوەو ئەو کاتەی دیاری کردووە، پاشان ڕۆژی قیامەت دێت، هەموو کەسێك پاداشتی کرداری خۆی وەردەگرێت لەو کاتەدا، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ

---

[1] الانعام (١٣٣).

[2] الانعام (١٦٥).

[3] البقرة (٣٠).

﴿وَيَجۡعَلُكُمۡ خُلَفَآءَ ٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئاخۆ خودایەکی تر هەیە لەگەڵ خوادا ئەم دەسەڵاتەی هەبێت؟ یان وەك خوا بپەرسترێت؟ چاکیش زانراوە کە هەر خودا دەتوانێ ئەو کارە بکات کەسی لەگەڵ نیە شەریکی بێت، ﴿قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ واتە: ئەمانە کەم پەند وەردەگرن کاتێ کە ڕێنموونی دەکرێن بۆ سەر هەق‌و ڕێگای ڕاست.

﴿أَمَّن يَهۡدِيكُمۡ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَمَن يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦٓۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٦٣﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمَّن يَهۡدِيكُمۡ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ﴾ واتە: یان ئەو کەسەی چاکترە کە لە تاریکی وشکایی‌و دەریا لەڕێ شارەزاتان دەکات بەهۆی ئەو هەموو نیشانانەوە کە لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا دروستی کردووە وەك لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَعَلَٰمَٰتٖۚ وَبِٱلنَّجۡمِ هُمۡ يَهۡتَدُونَ﴾[1] واتە: هەروەها نیشانەی زۆری داناوە‌و بە ئەستێرەش خەڵکی ڕێ دەردەکەن (لە شەودا). وە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ﴾[2] واتە: وە هەر خوایە کە ئەستێرەی داناوە بۆتان بۆ ئەوەی ڕێیان پێ دەرکەن لە تاریکیەکانی وشکانی‌و دەریادا. وە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦٓ﴾ واتە: هەر ئەوە ئەو بایانە ڕەوانە دەکات کە هەورەکان بەڕێ دەکات کە بارانی پێوەیە‌و دەیبارێنێ بەسەر بەندەکانیدا کە وەختە لە بێ بارانی‌و کەم ئاویدا تووشی نارەحەتی‌و کەم دەرامەتی‌و برسیەتی‌و قات‌و قڕی‌و بێ هیوایی ببن، ﴿رَحۡمَتِهِۦٓۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ واتە: هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خودا هەیە؟ خودا زۆر لەوە بڵندترە کە شەریکی بۆ دادەنێن.

﴿أَمَّن يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٦٤﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمَّن يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ واتە: ئەو خودایە بە دەسەڵات‌و توانای خۆی ئەم بوونەوەرەی وەدی هێناوە‌و هەر خۆشی لە پاشەڕۆژدا لە ناوی دەبات‌و تێکی دەدات وەك لە ئایەتیکی تردا

---

[1] النحل (١٦).

[2] الانعام (٩٧).

فەرموویەتی: ﴿إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ﴾،[1] واتە: بێگومان هەڵمەت بردنی پەروەرندەت زۆر توندەو ئەو هەر خۆی وەدی دەهێنێ‌و دوبارەشی دەکاتەوە، وە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾،[2] واتە: ئەو (خوا) زاتێکە بەدی هێنانی دەست پێکردووە لە پاشان (دوای مردنی) دووبارە دروستی دەکاتەوە ئەم (دروست کردنەوەی دووەم) لای خوا ئاسانترە. وە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: کێ لە ئاسمان‌و زەمینەوە ڕۆزیتان دەدات، بەهۆی باران بارینەوە ڕووەکتان بۆ دەڕوێنێ‌و خێروبێری زەویتان دەداتێ، وەك لە چەند ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجْعِ ﴿١١﴾ وَٱلْأَرْضِ ذَاتِ ٱلصَّدْعِ﴾،[3] واتە: سوێند بە ئاسمانی خاوەن باران، وە بە زەوی خاوەن درزو قلیش، وە فەرموویەتی: ﴿يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا﴾،[4] واتە: (خوا) دەزانێ چی دەچێتا بەناو زەویداو چی دەردەچێت‌و چیٚ دێتە خوارەوە لە ئاسمان‌و چی سەردەکەوێت. خودای پاك‌و بێگەرد ئاوێکی پیرۆز لە ئاسمانەوە دەبارێنێ دەچێتە ناو زەمین‌و بە شێوەی کانی دێتە دەرەوەو دەڕوات بەناو زەمیندا، پاشان بەهۆی ئەو ئاوەوە کشتوکاڵ‌و بەروبووم‌و گوڵی جوان‌و ناسك‌و هەمەڕەنگ دەڕوێت، ﴿كُلُوا۟ وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَٰمَكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِي ٱلنُّهَىٰ﴾،[5] واتە: (ئەی مرۆڤەکان) بخۆن‌و ئاژەڵ‌و ماڵاتەکانیشتان بلەوەڕێنن بە ڕاستی لەوەدا (کە باسکرا) بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ ئەوانەی خاوەنی ژیرین. بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا پەرستراوێکی تر لەگەڵ خودا دەپەرستن ﴿قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ﴾ واتە: بەڵگەکانتان بێنن نیشانی دەن ئەگەر وا دەزانن قسەکەتان ڕاستەو غەیری خودا کەسێکی تر هەیە هاواری لێ بکەن‌و بیپەرستن. وەك فەرموویەتی: ﴿بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن. خودا خۆی ئاگادارە کە هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان بە دەستەوە نیە وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾[6] واتە:

[1] البروج (١٢ـ١٣).

[2] الروم (٢٧).

[3] الطارق (١١ـ١٢).

[4] سبأ (٢).

[5] طه (٥٤).

[6] المؤمنون (١١٧).

هەر کەس بپەرستێ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا کە هیچ بەڵگەیەکی نەبێت لەسەر ئەو (پەرستنە) ئەوە بە ڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی بێگومان کافران ڕزگار نابن.

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ ۚ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا ۖ بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ﴾ واتە: بڵێ کەسانێ کە لە ئاسمانەکانو زەویدان غەیب نازانن. خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی موحەمەد (ﷺ) کە بێژێ بە هەموو خەڵکیو فێریان بکات کە هەرچی لە ئاسمانەکانو زەمیندا هەیە، نازاننو ئاگاداری نهێنیەکان نین، غەیری خودا، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا اللَّهُ﴾ ئەم ڕستەیە ئیستیسنای مونقەتیعە (استثناء منقطع) خودا نەبێ هیچ کەسێك ئاگاداری نهێنیەکان نیە، هەر خۆی دەزانێو شەریکی نیە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ﴾،[1] واتە: وەکیلی هەموو نهێنیەکان هەر لای خوایە کەسی نایانزانێت بێجگە ئەو (خوا). وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[2] واتە: بە ڕاستی تەنها لای خوایە زانیاری (کاتی هاتنی) ڕۆژی دوایی وە هەر خوا باران دەبارێنێ تەنها خوا دەزانێ بەوەی لە منداڵدانی (دایکان) دایەو هیچ کەس نازانێ سبەینێ چی دەکات وە هیچ کەس نازانێ لە چ شوێنو زەویەکدا دەمرێت بە ڕاستی خوا زاناو ئاگادارە. ئایەت لەم بارەوە زۆرە، وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ واتە: ئەوانەی لە ئاسمانەکانو زەمیندان نازانن کەی ڕۆژی قیامەت دێتو زیندوو دەکرێنەوە، وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً﴾[3] واتە: گرانە لەسەر ئەوانەی کە لە ئاسمانەکانو زەمیندان کە بزاننو ئاگادار بن کەی دێت، لە ناکاوێك ئەو ڕۆژە دێتو ڕوتان تێدەکات. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ﴾ واتە: زانیاریان هەر ئەوەندە بڕ دەکاتو ناتوانن کاتەکەی بزانن، هەندێکی تر لە زانایان لەم ئایەتەدا ﴿بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ﴾ واتە: زانیاریان یەکسانە لەو بارەیەوە، وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا- (ﷺ)

---

[1] الانعام (٥٩).

[2] لقمان (٣٤).

[3] الاعراف (١٨٧).

فەرمووی بە جوبرەئیل کە پرسیاری لێ کرد لە بارەی ڕۆژی قیامەتەوە (ئەوەی پرسیاری لێ دەکرێت شارەزاترنیە لەوەی کەپرسیاردەکات).[1] واتە: وەك یەکێ لەبێ دەسەلاتی‌ونەتوانیدا، پرسیارکەرو پرسیار لێکراو. ﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا﴾، ئەو زەمیرە (الضمیر) دەگەڕێتەوە بۆ جنسەکە کە مەبەست پێی خوانەناسەکانە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَعُرِضُوا عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ بَلْ زَعَمْتُمْ أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا﴾[2] واتە: وە هەموو (ئادەمی) لەبەردەم پەروەردگارتدا ڕیز دەکرێن سوێند بە خوا بێگومان هاتنەوە بۆ لامان هەر بەو شێوەیەی کە یەکەم جار دروستمان کردن بەڵام ئێوە گومانتان وابوو کە ئێمە کاتێك دانانێین بۆ (لێپرسینەوە)تان. واتە خوانەناسان لە خۆتان، وە لێرەشدا هەر وای فەرموو، ﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا﴾ واتە: ئەوانە بە گومان‌و دوو دڵن لە بوونی‌و لە هاتنی‌و ڕوودانی، ﴿بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ﴾ واتە: زۆر بێ ئاگاو نەزانن لە کوێر خراپترن لە بارەی هاتنی ڕۆژی قیامەتەوە.

﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَإِذَا كُنَّا تُرَابًا وَآبَاؤُنَا أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ (٦٧) لَقَدْ وُعِدْنَا هَٰذَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَا مِن قَبْلُ إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ (٦٨) قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ (٦٩) وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ (٧٠) ﴾

موشریکەکان هاتنی ڕۆژی قیامەت بە درۆ دەزانن‌و وەڵام دانەوەیان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَإِذَا كُنَّا تُرَابًا وَآبَاؤُنَا أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ ﴾ خوای گەورە باسی ئەو موشریکانە دەکات کە بڕوایان نیە بە ڕۆژی قیامەت‌و زیندووبوونەوەو ئینکاری دەکەن‌و ئێژن: چۆن ئێمە کاتێ بووین بە خۆڵ‌و ئێسکمان ڕزاو پوتورکاو ورد بوو جارێکی تر گیان دەکرێتەوە بە لاشەماندا. پاشان فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ وُعِدْنَا هَٰذَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَا مِن قَبْلُ﴾ واتە: ئەم بەڵێنە بە ئێمەو باب‌و باپیرانیشمان دراوە لە پێشەوە، هەر قسەیەو دەیبیستین، وا نازانین ڕاست بێت‌و ئێژن: ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ ئەمەی کە باس دەکرێت کە زیندوو دەکرێنەوە لە بەسەرهاتی پێشینەکان دەکات. ﴿إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ واتە: گەلەکان لە یەکتریان وەرگرتووە لەو کتێبانەی کە لە پێشینەکانیانەوە بە دەستیان گەیشتووە، هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە، خوای گەورە وەڵامیان

[1] مسلم (٣٦/١).

[2] الكهف (٤٨).

دەداتەوە کە چۆن ئەوانە وا بیردەکەنەوەو بڕوا بە زیندووبوونەوە ناکەن دەفەرموویت: ﴿قُلْ﴾ بڵێ: ئەی موحەمەد (ﷺ) بەو خوانەناسانە: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ﴾ واتە: با بڕۆن بگەڕێن بەسەر زەمیندا بە چاوی خۆیان ببینن کە چۆن خودای مەزن تۆڵەی لەو خوانەناسانەی پێش ئەوان کردووەتەوەو تەفروتونای کردوونو لەناوی بردنو پێغەمبەرانو شوێنکەوتووانی لە خاوەن باوەڕان لەنێوان ئەواندا ڕزگارو سەربەرز کرد، ئەوانە هەموو بەڵگەن لەسەر ڕاستی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) هێناویانەو چاکی ئەو پەیامە. پاشان خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) دەداتەوە دەفەرموویت: ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: بە باوەڕنەهێنانی ئەو موشریکانە دڵتەنگ مەبە، داخو کەسەریان بۆ هەڵمەکێشە، ﴿وَلَا تَكُنْ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ﴾ واتە: لەو فێڵانەی ئەوان دەیکەنو دژی ئەو پەیامە دەوەستن کە تۆ بۆت هێناون دڵتەنگ مەبەو خەفەت مەخۆ، خودا پشتگیرو یارمەتی دەری ئاینەکەتە، سەری دەخات بەسەر ئەوانەدا کە واز ناهێننو دژایەتی دەکەن.

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٧١﴾ قُلْ عَسَىٰ أَنْ يَكُونَ رَدِفَ لَكُمْ بَعْضُ الَّذِي تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٧٢﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٤﴾ وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ ﴿٧٥﴾﴾

خوای گەورە باسی موشریکەکان دەکات کە هاتنی ڕۆژی قیامەت بە درۆ دەزاننو بڕوایان وایە کە هەرگیز ڕوو نادات ئێژن ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستە کەی دێتەدی وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ خوای گەورەیش وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموویت: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەمەد (ﷺ) بێژە: ﴿عَسَىٰ أَنْ يَكُونَ رَدِفَ لَكُمْ بَعْضُ الَّذِي تَسْتَعْجِلُونَ﴾ واتە: لەوانەیە زۆر لێتانەوە نزیك بووبێتەوە هەندێ لەو سزایانەی کە داوای هاتنی دەکەن لابە پەلە. ئیبنو عەباس دەڵێ: لەوانەیە ئەوەی ئێوە پەلەی لێ دەکەن زۆر نزیك بووبێتەوە یان زۆر نزیك بێت لێتانەوە.[1] موجاهیدو زەحاكو عەتای خۆراسانیو قەتادەو سودیش هەر وایان وگوتووە.[2] وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ قُلْ عَسَىٰ أَنْ يَكُونَ قَرِيبًا﴾،[3] واتە: وە دەڵێن ئەوە کەی دەبێت بڵێ

[1] الطبري (١٩/٤٩٢).

[2] الطبري (١٩/٤٩٢)، الدر المنثور (٦/٣٧٥).

[3] الاسراء (٥١).

لەوانەیە ئەو (ڕۆژە هاتنی) نزیك بێت، وە دەفەرمووێت: ﴿ يَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴾[١]، واتە: بە پەلە لە تۆ داوای (هێنانی) سزا دەکەن کە بە ڕاستی دۆزەخ دەوری کافرانی داوە. بۆیە ئەو لامە ـ اللام ـ چووەتە سەر ﴿رَدِفَ لَكُم﴾ چونکە مانای (عَجِلَ لَكُم) زۆر نزیکە دەگەیەتێت، وەك لە موجاهیدەوە ڕیوایەت کراوە ﴿عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم﴾ واتە: لەوانەیە زۆر لێتانەوە نزیك بێت.[٢] پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ واتە: خوای تۆ چاکەی زۆرە بەسەر خەڵکەوە ئەو هەموو بەهرە زۆرەی ڕژاندووە بەسەریاندا کەچی ئەوان هەر ناهەقی لە خۆیان دەکەن، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ﴾ واتە: شوکرانەبژێری ئەو هەموو چاکەیە ناکەن ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت. ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ واتە: خودا چۆن ئاگاداری هەمووشتە ئاشکراکراوەکانیانە هەربەو شێوەیە ئاگاداری گشت شتە شاراوەکانیشیانە. وەك لە چەند ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ﴾،[٣] واتە: یەکسانە (بۆ خوا) ئەوەتان بە نهێنی قسە بکات وە ئەوەتان بە ئاشکرا (قسە) بکات.وە فەرموویەتی: ﴿يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى﴾،[٤] واتە: ئەوە بە ڕاستی ئەو (خوا) نهێنیو لە نهێنی شاراوەتریش دەزانێ. وە دەفەرمووێت: ﴿أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾،[٥] واتە: بێدار بن کاتێك ئەوانە خۆیان دادەپۆشن بە پۆشاکەکانیان (خوا) دەزانێ بەوەی دەیشارنەوەو ئەوەی ئاشکرای دەکەن. پاشان خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە ئاگاداری هەموو نهێنیەکانی ئاسمانەکانو زەمینەو لە دیارو نادیاریش، ئەوەی کە بەندەکانی ئاگاداری نینو نەیان بینیوە، دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِنْ غَآئِبَةٍ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێ: هیچ شتێك نیە لە ئاسمانەکانو زەمیندا،[٦] ﴿إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: هەموو لە کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا نووسراوە، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە

[١] العنكبوت (٥٤).

[٢] الطبري (١٩/٤٩٢).

[٣] الرعد (١٠).

[٤] طه (٧).

[٥] هود (٥).

[٦] الطبري (١٩/٤٩٤).

دەفەرمووێت: ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾[1]، واتە: ئایا نازانی بە ڕاستی خودا دەزانێ بە هەموو ئەو شتانەی لە ئاسمانو زەویدایە بێگومان ئەوەی باسکرا لە کتێبی (لوح المحفوظ) دایە بە ڕاستی ئەم (زانیاریەی باسکرا) بە لای خواوە ئاسانە.

﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ
﴿٧٧﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُم بِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٨﴾ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۖ إِنَّكَ عَلَى ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ ﴿٧٩﴾
إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِى ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن تُسْمِعُ
إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨١﴾﴾

قورئان باسی ناکۆکی نێوان بەنی ئیسرائیل دەکات کە خودا دادوەری دەکات لە نێوانیاندا

خوای گەورە باسی قورئانی پیرۆز دەکاتو دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: ئەم قورئانە لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕە لە ڕێنماییو کتێبێکی ڕوونکەرەوەیەو هەقو ناهەق لە یەکی جیادەکاتەوە، باسی کێشەی نەوەی ئیسرائیلیش دەکات کە هەڵگری کتێبی تەوراتو ئینجیلن. ﴿أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ وەك هەرایان لەسەر عیسا کە زۆر ناکۆکن لەسەریو ڕای جیاوازیان هەیە، جولەکە درۆیان هەڵبەستووەو گاورەکان زیادەڕەویان کردووە لە ڕێزلێگرتنیدا، قورئان بە شێوەیەکی جوانو ڕاست باسی عیسا دەکات کە عەبدێك بووە لە عەبدەکانی خواو پێغەمبەرێکی بەڕێزی خوای گەورەیش بووە (سەلامی خوای لەسەر بێت) وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِى فِيهِ يَمْتَرُونَ﴾[2]، واتە: ئەوە (کە باسکرا) عیسای کوڕی مەریەمە کە وتەیەکی ڕاستە (دەربارەی عیسا) کە ئەوان (گاورو جوولەکەکان) تێیدا دوو دڵن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ڕێنیشاندەرە بۆ دڵی ئەوانەی کە بڕوایان پێی هەیەو ڕەحمەتیشە بۆیان لە گشت کاروبارێکیاندا، پاشان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُم﴾ واتە: پەروەرندەی تۆ دادوەریان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا، ﴿بِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ﴾ واتە: بە بڕیاری خۆی هەر خۆی خاوەن دەسەڵاتەو لە تۆڵە سەندندا، تۆڵەی بە زەبرە ﴿ٱلْعَلِيمُ﴾ زۆر چاك ئاگاری کردارو گفتاری بەندەکانیەتی.

---

[1] الحج (٧٠).

[2] مريم (٣٤).

فەرمان دان بە خۆسپاردن بە خودا لە گەیاندنی بانگەوازدا

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: تۆ خۆت بە خوا بسپێرە لە هەموو ئیش‌و کارێکتداو بانگەوازی پەروەرندەت بە خەڵکی بگەیەنە، ﴿إِنَّكَ عَلَى ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ﴾ واتە: بە ڕاستی لەسەر هەقی ئاشکرای، چونکە ئەو کەسەی دژایەتیت دەکات لەوانەن کە بەدبەخت‌و عاقیبەت شەڕن، خودا مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا، باوەڕناهێنن ئەگەر هەرچی بەڵگەیە بۆیان بێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ واتە: تۆ ناتوانی بە مردووی گۆڕستان ببیسێنی، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی کە خودانەناسن پەردە لەسەر دڵیانەو گوێشیان کەڕەو بێ دینی داگیری کردووە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْاْ مُدْبِرِينَ﴾ واتە: وە تۆ ناتوانی کوێران ڕزگار کەیت لە گومڕاییەکەیان تەنها ئەوانە وەڵامت دەدەنەوە کە خاوەنی بیستن‌و بینینێکی بە سوودو دڵو دەروونێکی وشیارن‌و گەردنکەچی خوداو ئەو پەیامە بن کە لەسەر زمانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆیان هاتووە.

﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾﴾

هاتنە دەرەوەی گیانەوەرێك لەناو زەمیندا (دابة الارض)

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾ واتە: هەر کاتێك بەڵێنی ئێمە هاتەجێ بۆ ئەو خەڵکە، لە ئاخر زەماندا، گیانەوەرێکیان لەم زەمینە بۆ دەردەهێنین قسەیان لەگەڵ دەکات‌و ئێژێ: خەڵکی باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە نەکردو بە ڕاستیان نەدەزانی، ئەم گیانەوەرە ـ دەعبایە ـ لە کۆتایی دنیادا لە زەوی دێتە دەر کاتێك کە خەڵکی دەست دەدەنە بێ ناموسی‌و خراپەکاری‌و پشت دەکەنە فەرمانەکانی خوداو دەستکاری دەکەن‌و دەیگۆڕن، هەندێك ئێژن: لە مەککە لە زەمین دێتە دەر، هەندێکی تر ئێژن: لە مەککە نایەتە دەر لە شوێنی لە زەمین دێتە دەر، وەك لەمەودوا بە یارمەتی خوا بە درێژی باسی دەکەین. کە قسە لەگەڵ خەڵکی دەکات لەو بارەیەوە، وەك ئیبنو عەباس‌و حەسەن‌و قەتادە گوتوویانە، ڕیوایەتیش کراوە لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە لەگەڵیان قسە دەکات، واتە: وتووێژیان لەگەڵ دەکات.[1] لە بارەی ئەم گیانەوەرە (الدابة) قسەوباس زۆرە چەندێکی بتوانین بە یارمەتی خوا باسی دەکەین. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە حوزەیفەی کوڕی ئەسیدی غەفاریەوە دەڵێ: ئێمە باسی ڕۆژی قیامەتمان دەکرد پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ژوورێکەوە ـ

---

[1] الطبري (١٩/٥٠٠).

هۆدەیەکەوە ـ ئاگای لێمان بوو، فەرمووی: (قیامەت هەڵناسێت ـ نایەت ـ هەتا دە نیشانە دەبینن: هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، دوکەڵ ـ الدخان ـ، گیانەوەرێکە ـ الدخان ـ، دەرچوونی یەئجوج و مەئجوج، هاتنی ـ دابەزینی ـ عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوایان لێ بێت)، دەجال، وە سێ ڕۆچوونی زەمینیش: ڕۆچوونێك لە خۆرئاواوە، ڕۆچوونێك لە خۆرهەڵاتەوە، ڕۆچوونێکیش لە دوورگەی عەرەبەوە ـجزیرة العربـ، ئاگرێکیش لەناو یەمەندا (الیمن) سەر هەڵدەدا خەڵکی ڕاپێچ دەکات، یان: کۆیان دەکاتەوە، لەگەڵیانە بۆ هەر لایەك بڕۆن بە شەوو بە ڕۆژ لێیان جیانابێتەوە).[١] هەر بەم شێوەیە موسلیم و ئەهلی سوننەکان لە حوزەیفەوە ڕیوایەتیان کردووەبە مەرفوعی (مرفوعاً) تیرمزی دەڵێ: فەرموودەیەکی چاك و ڕاستە.[٢] موسلیمیش بە تەنها ڕیوایەتی کردووە لە حوزەیفەوە بە مەرفوعی.[٣] والله أعلم، فەرموودەیەکی تر: موسلیمی کوڕی حەججاج ڕیوایەتی کردووە لەعەبدوڵای کوڕی عەمرەوە ـ عمرو ـ دەڵێ: فەرموودەیەکم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لەبەر کردووە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، بیستم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمووی: (یەکەم نیشانەیەك کە دەرکەوت، واتە: لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت هەڵاتنی خۆرە لە خۆرئاواوە، وە دەرکەوتنی گیانەوەرەکەیە (الدابة) لە چێشتەنگادا (الضحی) کە دێتە ناو خەڵکی، هەر یەکێکیان پێش ئەویان هات، ئەوی تریشیان بە دوایدا دێت).[٤] موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی: (لە شەش شت دەستپێشخەری بکەن و کاری چاکەی تێدا بکەن، هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، دوکەڵەکە ـ الدخان ـ، دەجال، دەعباکە (الدابة) مردنی خۆتان، هاتنی ڕۆژی قیامەت) تەنها موسلیم خۆی ڕیوایەتی کردووە.[٥] فەرموودەیەکی تر: ئەبو داودی تەیالیسی (الطیالسي) ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (گیانەوەرەکەی ناو زەمین (دابة الارض) دێتەدەر، گاچۆنەکەی (عصا) موسا و ئەنگوستیلەکەی (خاتم) سولەیمانی لەگەڵ دایە (سەلامی خوایان لێ بێت) بە گاچۆنەکە دەدا لە لوتی خوانەناس (الکافر) وە ڕووی خاوەن باوەڕیش بە ئەنگوستیلەکە ـ بە خاتەمەکەـ دەردەکەوێت و دیاری دەدات، هەتا خەڵکی لەسەر سفرەی نان خواردن ـخوانـ کۆدەبنەوە، خاوەن باوەڕ لە خوانەناس

---

[١] أحمد (٤/٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٢] مسلم (٤/٢٢٢٥)، ابو داود (٤/٤٩١)، تحفة الأحوزي (٦/٤١٣)، النسائي في الكبرى (٦/٤٥٦)، ابن ماجه (٢/١٣٤١).

[٣] مسلم (٤/٢٢٢٧).

[٤] مسلم (٤/٢٢٦٠).

[٥] مسلم (٤/٢٢٦٧).

جیادەکرێتەوەو دەناسرێت).[1] ئیبنو جورەیج دەڵێ: لە ئیبنو زوبەیرەوە (ابن زبیر) کە باسی (وەسفی) گیانەوەرەکەی کردووە گوتوویەتی: سەری وەك سەری گایەو (الثور) چاوی وەك چاوی بەرازەو گوێی وەك گوێی فیلەو شاخی وەك حەیوانی کێویەو ملی وەك ملی نەعامەیەو سنگی وەك سنگی شێرەورەنگی وەك ڕەنگی پڵنگەو کەلەکەی (خاصرة) وەك کەلەکەی پشیلەیەو کلکی (دوگی) وەك کلکی بەران (کبش) وایەو لاقەکانیشی وەك لاقی وشترە، نێوانی هەردوو جومگەیەکی (مُفصلین)دوانزە زیراعە، گۆچانەکەی موساو خاتەمەکەی سولەیمانی لەگەڵدا دەردەکەوێت، هیچ خاوەن باوەڕێ نامێنێ مەگین خاڵێکی سپی دەنرێت بە نێو چاوانیدا بە گاچۆنەکەی موسا، ئەو خاڵە دەگەڕێت هەتا نێوچاوانی سپی دەکاتەوە. وە هیچ کافرێکیش (خوانەناس) نامێنێ مەگین خاڵێکی ڕەش دەنرێت بەنێوچاوانیدا بە خاتەمەکەی سولەیمان، ئەو خاڵە دەگەڕێت هەتا هەموو نێوچاوانی ڕەش دەکات، هەتا خەڵکی کڕینو فرۆش (مامەڵە) دەکەن لەنێو بازاڕدا، کافر ئێژێ بە موسڵمان: ئەمە بە چەند ئەی موسڵمان، موسڵمانیش چێژێت بە کافر: ئەمە بە چەند ئەی کافر؟ هەتا وای لێ دێت خەڵکی ماڵێك لەسەر سفرەی نان خواردن دادەنیشن موسڵمانو کافری تیا جیادەکرێتەوە (دەناسرێت) پاشان دەعباکە (دابة) پێیان ئێژێ: فلانە کەس مژدە بێت تۆ خەڵکی بەهەشتیو ئەی فلانە کەس تۆ خەڵکی ئاگری، بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾،[2] واتە: هەر کاتێك بڕیارمان دەرچوو بۆیان، گیانەوەرێکیان لەم زەمینەدا بۆ دەهێنینە دەرەوە کە وتووێژیان لەگەڵ دەکاتو پێیان ئێژێ: خەڵکی لە ناخی دڵیانەوە بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە نەدەکرد.

﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿٨٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَٰتِى وَلَمْ تُحِيطُوا۟ بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾ وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا۟ فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ ﴿٨٥﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾

کۆکردنەوەی ستەمکاران (زاڵمان) لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە باسی ڕۆژی قیامەت دەکات، کاتێك کە ستەمکاران ئەوانەی کە بڕوایان نەبوو بە نیشانەکانی خوداو پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) کۆ دەکرێنەوە لەبەردەم خودای گەورەدا پرسیاریان لێ دەکرێت لەو کارانەی کە کردوویانە لە ژیانی دنیادا، بۆ ڕیسواکردنو داخ نان بە دڵیانداو

---

[1] مسند الطیاسي (٣٣٤) ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

[2] البغوي (٤٢٩/٣).

سوکایەتی پێکردنیان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا﴾ واتە: لە هەموو گرۆیەك (کۆمەڵێك) لەوانەی کە بێباوەڕ بوون کۆدەکەینەوە، ﴿مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَـٰتِنَا﴾ لەوانەی باوەڕیان نەبوو بە نیشانەکانی ئێمە، وەك خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ٱحْشُرُوا۟ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَأَزْوَٰجَهُمْ﴾،[1] واتە: (خوا بە فریشتەکان دەفەرمووێت) ئەوانەی ستەمیان کرد کۆیان بکەنەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان (هاووێنەکانیان). وە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ﴾،[2] واتە: وە ساتێك کە هەموو گیانێك جووت کرایەوە (لەگەڵ لاشەدا). ﴿فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێ: ڕاپێچ دەکرێن.[3] عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێ: بەڕێ دەکرێن.[4] ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو﴾ واتە: هەر کاتێك دەگەنە بەر بارەگای خوداو دەوەستێنرێنو پرسیاریان لێ دەکرێت، ﴿قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَـٰتِى وَلَمْ تُحِيطُوا۟ بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: دەفەرمووێت ئایا ئێوە ئایەتەکانی منتان بە درۆ دەزانی لە کاتێکدا هیچ زانیاریەکتان دەربارەیا نەبوو یان ئێوە چیتان دەکرد لە دنیادا. یانی پرسیاریان لێ دەکرێت لە بارەی بیروباوەڕو کردارەکانیانەوە، کاتێك کە لە کۆمەڵی بەختەوەران نەبوونو ئاکاری چاکیان نەبووەو نوێژیشیان نەکردووەو خاوەن بڕوایش نەبوون، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴿٣١﴾ وَلَـٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾،[5] واتە: جا (کافر) نە بڕوای هێناو نە نوێژی کرد، بەڵکو ئاینی بە درۆ دەزانیو پشتی تێدەکرد. ئەو کاتە هیچ بڕوبیانوویەکیان بە دەستەوە نامێنێ، هەموو تاوانەکان لەسەریان کەڵەکە دەکاتو کۆ دەبێتەوەو قسەیان نامێنێ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَـٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾،[6] واتە: ئەمڕۆ ڕۆژێکە (بێباوەڕان) ناتوانن قسەی تێدا بکەن، وە مۆڵەت نادرێن کە بڕوبیانوو بهێننەوە، وای بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا. هەر بۆیە لێرەدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا۟ فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ﴾ واتە: وە بڕیاری

---

[1] الصافات (٢٢).

[2] التكوير (٧).

[3] الطبري (١٩/٥٠١).

[4] الطبري (١٩/٤٣٨).

[5] القيامة (٣١ـ٣٢).

[6] المرسلات (٣٥ـ٣٧).

(سزادانیان) بەسەرا دەسەپیٚ بە هۆی ستەمکاریانەوە ئینجا ئەوان هیچ قسە ناکەن. یانی دەمکوت کراون‌و هیچ وەلاٌمێکیان پیٚ نەبوو، چونکە ئەوانە لە ژیانی دنیادا ستەمکاربوون‌و ناهەقیشیان لە خۆیان کرد، گەڕێنرانەوە بۆ لای ئەو خودایەی کە ئاگای لە دیارو نادیارەکانەو هەرگیز هیچی لیٚ ون نابێت. پاشان خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەسەر تواناو دەسەلاٌت‌و مەزنی خۆی کە پێویستە هەموو کاتیٚ فەرمانەکانی بەجیٚ بهێنرێت‌و بپەرسترێت‌وخەلکی شوێنی ئەوپەیامە بکەویٚ کە ڕەوانەی کردووە بۆ پێغەمبەرەکانی، هەر ئەوە هەقەو لێی لانەدەن وەك فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ﴾ واتە: ئایا ئەوانە نەیان دیووە کە شەومان وا لێکردووە کە لە تاریکیەکەیدا پشوبدەن‌و دانیشن‌و دلیان ئارام بگرێت لەو ماندووبوون‌و نارەحەتی ڕۆژە کە تووشیان بووەو بحەسێنەوەو ماندوویيان دەربچێت، ﴿وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾ واتە: ڕۆژیشمان وا لێکردووە کە ڕووناکەو پرشەی لێوە دیٚ بۆ ئەوەی کارو فەرمانی تێدا بکەن‌و بژێوی خۆیانی تیا پەیدا بکەن‌و هاتوچۆ بکەن بۆ بازرگانی‌و هەر شتێکی تر لە پێویستیەکانی ژیانیان، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: لەمەشدا بەلگە زۆرن بۆ ئەوانەی کە باوەڕ دێنن.

﴿وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ (٨٧) وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ ۚ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ۚ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ (٨٨) مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ (٨٩) وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٩٠)﴾

کارەساتە گرانەکانی ڕۆژی قیامەت‌و پاداشتی چاکەو خراپە تێیدا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ﴾ خوای گەورە باسی نارەحەتی‌و سامناکی ڕۆژی قیامەت دەکات، ئەو ڕۆژەی کە فو دەکرێت بە کەلەشاخدا جا هەرچی کەس لە ئاسمانەکان‌و زەویدایە دەترسێت‌و ڕادەچلەکیٚ (هەموو دەمرن)، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (کەلەشاخێکە (قرن) فوی پیا دەکرێت) وە لە فەرموودەکەی سوڕا (الصّور) هاتووە: بە فەرمانی خودای مەزن ئیسرافیل فو دەکات بە کەلەشاخدا، یەکەم جار کە فوی پێدا دەکات، فوە ترسناکەکەیە درێژی دەکاتەوە، ئەمەیش لە کۆتایی (ئاخری) تەمەنی دنیادایە، کاتیٚ کە قیامەت هەلدەسێت‌و دێت بەسەر خراپترین کەسدا لە زیندووەکان، هەر کەسێك لە ئاسمانەکان‌و زەمیندایە ترسیان لیٚ دەنیشێت، ﴿إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ﴾ واتە: مەگین کەسێك خودا مەیلی لیٚ بێت، کە

ئەوانەش شەهیدانن بێگومان ئەوانە زیندوون لە لای پەروەرندەیان بژێویان هەیە.[1] ئیمامی موسلیمی کوڕی حەججاج ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە پیاوێك هاتە لای و گوتی: چیە ئەم فەرموودەیەی تۆ دەیڵێی کە قیامەت تا فڵانە وەخت و فڵانە وەخت هەڵدەستێ؟ عەبدوڵا گوتی: (سبحان الله!) یان گوتی (لا اله الاّ الله). یان قسەیەکی وای گوت، گوتی: نیازم وایە کە لەمەوبەدوا بۆ هیچ کەسێك فەرموودەی وا ڕیوایەت نەکەم. من هەر ئەوەندەم گوتووە کە ئەوەندەی پێ ناچێت ڕووداوێکی ـ ئەمرێکی ـ گەورە ئەبینن، کەعبەی پیرۆز دەسوتێ، ئەوەو ئەوە دەبێت، لە دوایدا گوتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (لەناو ئومەتی مندا دەجال هەڵدەستێ چل ئەوەستێ، نازانم چل ڕۆژ یان چل مانگ یان چل ساڵ، لە پاشان خودا عیسای کوڕی مەریەم دەنێرێت (سەلامی خوای لێ بێت) کە وەك عوروەی کوڕی مەسعود وایە، شوێنی دەکەوێ و دەیکوژێت، لە پاشان حەوت ساڵ خەڵك دەمێننەوە، لە نێوان هیچ دوو کەسێکدا دوژمنایەتی نابێت، لە پاشان بایەکی فێنك دەنێرێت لە شامەوە لەسەر ڕووی زەمیندا هیچ کەسێك نامێنێتەوە لەوانەی کە زەڕەیە باوەڕ یان چاکە لە دڵیدا بێت، هەموویان گیان دەکێشێت، هەتا ئەگەر یەکێك لە ئێوە بچێتە ناوجەرگەی شاخێکەوە ئەو بایە دەچێتە ناو شاخەکە هەتا گیانی بکێشێت، عەبدوڵا دەڵێ: ئەوەم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بیست فەرمووی: (هەر خەڵکی خراپ دەمێننەوە بۆ خراپەکردن، وەك باڵدار وانە ئەوەندە سوك هەڵدەستنە سەر خراپەکردن، لە عەقڵی دڕندەدان نە چاك دەزانن کە بیکەن و نە فەرمانی پێ دەکەن، نە خراپەش دەزانن کە لێی لادەن و یەکێکی تر کردی نەیەڵن بیکات، شەیتان بۆ ئەو کەسانە دەچێتە شێوە مرۆڤەوە پێیان ئێژێت: ئێوە بە گوێم ناکەن؟ ئەوانیش ئێژن: فەرمانت بە چیە؟ فەرمانیان پێ دەکات بە بت پەرستن، ئەو خەڵکە لە بت پەرستندا ڕۆزیان زۆر دەبێت و ژیانیان خۆش دەبێت. لە پاشان فو دەکرێت بە کەڵەشاخدا (الصور) هیچ کەسێك نیە کە بیبیستێت لایەکی ملی لار نەکاتەوە و لایەکی بەرز نەکاتەوە ـبەلادانەبێـ دەڵێ: یەکەم کەس کە دەیبیستێ ئەو پیاوەیە کە حەوزی وشترەکان سواغ دەدات، گوتی: دەمرێت و هەموو خەڵکیش دەمرن، لە دواییدا خوا بارانێك دەبارێنێت وەك پروشە و شەونم، یان وەك سێبەر ـنوعمان کەوتووەتە گومانەوە لە عەبدوڵا چی گوتووەـ بەو بارانە لاشەی خەڵکی دەڕوێتەوە، لە پاشان جارێکی تر فوو دەکرێت بە کەڵەشاخدا (الصور) هەموو ڕاست دەبنەوە و تەماشا دەکەن. لە پاشان فەرمان دەدرێت، ئەی خەڵکینە بێن بۆ لای پەروەرندەی خۆتان، فەرمان دەدرێت ڕایان بگرن و پرسیاریان لێ دەکرێت، لە دوایدا فەرمان دەکرێت ئەوەی دەچێتە ئاگرەوە جیایان بکەنەوە. دەوترێت: لە چەند چەند؟ دەبێژرێت: لە هەر هەزار کەس نۆ سەدو نەوەدو نۆ،

---

[1] الطبراني في الطوال (٣٦)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

دەڵێ: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە منداڵ پیر دەکات، ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە لێپرسینەوە قوڵی لێ هەڵدەکرێت – ناڕەحەتی دەست پێدەکات[1]– وە دەفەرمووێت: (پاشان فوو دەکرێت بە کەڵەشاخدا هیچ کەسێك نیە کە بیبیستێ مەگین لایەکی ملی لار دەکاتەوەو لایەکی بەرز دەکاتەوە)، (اللیت) لا مل، واتە: لار دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئاسمانەوە بیبیستێ، ئەمە خۆی ترساندنە (نفخة الفزع) پاشان (نفخة الصعق) واتە فووی مردن دێتو پاشانیش فووی هەڵستانەوە دێتو بۆ لای پەروەردەی هەموو جیهان. کە هاتنە دەرەوەی هەموو خەڵکە لە گۆڕەکانیان. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ﴾ واتە: هەموو بە زەلیلی دێنە بەر بارەگای خودا ﴿أَتَوْهُ﴾ بە مەدیش خوێنراوەتەوەو بە غەیری مەدیش لەسەر فیعلەکە (الفعل) هەردوو یەك مانایان هەیە، ﴿دَاخِرِينَ﴾ واتە: بە زەلیلیو گوێڕایەڵی هیچ کەسێك لە فەرمانی خودای مەزن دوا ناکەوێت وەك فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ﴾[2] واتە: ئەو ڕۆژەی کە بنگتان دەکەن (لە گۆڕەکانتانەوە) جا ئێوەش دەست بەجێ دێن بە دەم بانگ کردنەکەوە بە سوپاسو سەناکردنەوە. وە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الْأَرْضِ إِذَا أَنْتُمْ تَخْرُجُونَ﴾[3] واتە: پاشان کاتێ (لە ڕۆژی دواییدا) لە زەویەوە بانگتان دەکەن یەکسەر ئێوە (لە گۆڕەکانتان) دێنە دەرەوە. وە لە فەرموودەی کەڵەشاخدا (الصور) هاتووە.[4] لە کاتی فووی سێیەمی ئیسرافیلدا خوای گەورە فەرمان دەکات بە گیانەکان (الارواح) لە بۆشاییەکی (کونێکی) ناو کەڵەشاخەکەدا دادەنرێت پاشان ئیسرافیل فووی پیادەکات، دوای ڕوانەوەی (سەوزبوونەوەی) لاشەکان لەشوێنو گۆڕەکانیاندا، وەختێ فوو کرا بە کەڵەشاخدا گیانەکان دەفڕنو گیانی خاوەن بڕواکان پرشەیان لێوەدێ لە ڕووناکیداو گیانی خوانەناسانیش تاریکە، خوای گەورە دەفەرمووێت: بە گەورەیو دەسەڵاتی خۆم سوێند بێت، هەموو گیانەکان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لاشەکانیان، گیانەکان دەگەڕێنەوە بۆ لاشەکان دەڕواتو دەگەڕێت بەناو لاشەکاندا وەك چۆن ژەهری مار دەگەڕێ بەناو لەشی مارگەستەدا پاشان هەڵدەسنەوەو خۆڵ لە گۆڕەکانیان لادەدەن، واتە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ سِرَاعًا كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ﴾،[5] واتە: ئەو

---

[1] مسلم (٤/٢٢٥٨).

[2] الاسراء (٥٢).

[3] الروم (٢٥).

[4] الطبراني في الطوال (٣٦)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

[5] المعارج (٤٣).

ڕۆژەی کە بە پەلە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە دەڵێی بۆ لای بتەکانیان ڕادەکەن. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِىَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ﴾ واتە: کێوەکان وا دەبینی وەك ئەوەی کە ناجوڵێن‌و وەستاون کەچی وەك هەور دەڕۆن‌و لەجێی خۆیان نامێنن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ مَوْرًا ۝ وَتَسِيرُ ٱلْجِبَالُ سَيْرًا﴾،[1] واتە: ڕۆژێك کە ئاسمان زۆر توند دەکەوێتە جووڵەو هاتوچۆ، وە چیاکان (لە جێی خۆیان) دەجوڵێن‌و توند دەڕۆن. وە فەرموویەتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ۝ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ۝ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا﴾[2]، واتە: (ئەی موحەممەد (ﷺ)) برسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە شاخەکان تۆش بڵێ پەروەردگار لە بێخیان دێنی‌و وردوخاشیان دەکات ئینجا با پرژو بڵاویان دەکاتەوە، ئینجا ڕێك‌و ساف بێ ئاوو گژوگیا دەیهێڵێتەوە، نابینی تێیدا هیچ جۆرە لاری‌و بەرزی‌و نزمیەك. وە فەرموویەتی: ﴿وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ وَتَرَى ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً﴾،[3] واتە: وە (یادیان خەرەوە) ڕۆژێك کە شاخەکان دەخەینەڕێ‌و ڕووی زەوی بە تەختی‌و ڕوونی دەبینی. وە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ واتە: دەستکردی خودایە کە هەموو شتێك بە دەسەڵات‌و توانای مەزنی خۆی وەدی دەهێنێ ﴿ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ واتە: هەموو دروست کراوەکانی زۆر بە چاکی سازداوەو لە جێگای خۆی وەدی هێناوە بەو شێوەیەی کە پێویستە بە کارزانی خۆی، ﴿إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ﴾ واتە: ئەو خودایە ئاگاداری عەبدەکانیەتی کە چی دەکەن لە چاکەو خراپە، بەو زووانە پاداشتی تەواویان دەداتەوە لەسەری. خودای گەورە باسی ژیانی بەختەوەران‌و بەدبەختانی کردووە لەو ڕۆژە فەرموویەتی: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا﴾ قەتادە دەڵێ: هەر کەسێك چاکە بکات بە دڵپاکی.[4] وە خوای گەورە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی یەك بە دە پاداشتی دەداتەوە، ﴿وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ ءَامِنُونَ﴾ واتە: لە ئەو ڕۆژە ئەوانە بێ خەمن. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ﴾،[5] واتە: غەمباریان ناکات

---

[1] الطور (٩ـ١٠).

[2] طه (١٠٥ـ١٠٧).

[3] الكهف (٤٧).

[4] الطبراني (١٩/٥٠٨).

[5] الانبياء (١٠٣).

ترسە هەرە گەورەکە (لە قیامەتدا). وە فەرموویەتی: ﴿أَفَمَن يُلْقَىٰ فِي النَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾،[1] واتە: دەی ئایا کەسێك دەخرێتە ناو ئاگرەوە چاکترە یا ئەو کەسەی لە ڕۆژی قیامەت دابێت ترس دێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ﴾،[2] واتە: ئەوان لە کۆشکە بەرزەکانی (بەهەشتدا) لە ئاسایش دان. وە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ﴾ واتە: کەسێك بچێتە بەر بارەگای خودا بە تاوانباریو چاکەی نەبێت یان کردارە خراپەکانی پارسەنگی هەبێت (قورستر بێت) بەسەر چاکەکانیدا بە ڕوودا دەخرێتە ناو ئاگری جەهەنەم، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئایا زیاتر لە پاداشتی کارەکەیان سزا دەدرێن؟ وە زۆرینەی زانایانی سەلەف گوتویانە: ﴿وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ﴾ واتە: بە بت پەرستیەوە.

﴿إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴿٩١﴾
وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ ۖ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنذِرِينَ ﴿٩٢﴾ وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ
سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾﴾

فەرمان دان بە خوا پەرستیو بانگەوازکردن بە قورئان

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئاگادار دەکاتەوەو فەرمانی پێ دەکاتو دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ﴾ واتە: فەرمانم پێ دراوە کە خوای ئەم شارە کە خودا خۆی ڕێزی لێناوە بپەرستم، هەموو شتێکیش هەر هی ئەوە. وەك فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي شَكٍّ مِّن دِينِي فَلَا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ﴾،[3] واتە: بڵێ ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە لە گوماندان لە (ڕاستی) ئایینەکەم ئەوە من ناپەرستم ئەوانەی کە ئێوە دەیپەرستن بێجگە لە خوا بەڵکو ئەو خودایە دەپەرستم کە ئێوە دەمرێنێ. دانەپاڵی پەروەردەی ئەلای ئەو شارە بۆ ڕێزلێنانو گرنگی پێدانی وەك خودای مەزن لە سورەتی قورەیشدا فەرموویەتی: ﴿فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ ﴿٣﴾ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ﴾[4]، واتە: دەبا خاوەنی

[1] فصلت (٤٠).

[2] سبأ (٣٧).

[3] یونس (١٠٤).

[4] القریش (٣-٤).

ئەم خانە (کەعبە)یە بپەرستن ئەو زاتەی کە لە برسێتیدا (ڕزگاری کردن‌و) خواردەمەنی بۆ ناردن‌و لە ترس‌و بیم (پاراستنی‌و) دڵنیای کردن. وە دەفەرموویێت: ﴿ٱلَّذِي حَرَّمَهَا﴾ واتە: خوای گەورە ڕێزی لێناوە، بۆیە ڕێزی لێ دەگیرێت چونکە خودا فەرمانی داوەو بڕیاری ئەوە. وەك لە هەردووو صەحیحەکەدا هاتووە لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا فەرمووی: (ئەم شارە خودا ڕێزی لێ گرتووە لەو ڕۆژەوە کە ئاسمانەکان‌و زەمینی دروست کردووە، ئەو ڕێزەی هەر لێ دەگیرێت کە خودا لێی گرتووە هەتا ڕۆژی قیامەت، دارودرەختی نابڕێ‌و نێچری ڕاو ناکرێت‌و دۆزراوەی هەڵناگیرێ مەگەر کەسێ کە جاڕی بۆ بدات ـپێناسەی بکات، گیاو گژەشی نابڕێ) هەتا کۆتایی فەرموودەکە.[1] وەك دیارو ڕوونە لە کتێبی ئەحکامدا (کتاب الاحکام) لە شوێنی خۆیدا کە لە کتێبە سەحیح‌و چاکەکان‌و موسنەدەکاندا لە چەند ڕێگاوە لە کەسانێکەوە کە زۆر جێگای بڕوان هاتووەو وەرگیراوە.[2] وە دەفەرموویێت: ﴿وَلَهُۥ كُلُّ شَيْءٍ﴾ لە بابی عەتفی عامە بۆ سەر عەتفی خاس. واتە: ئەو خودایەی کە پەروەرندەی ئەم شارەیەو پەروەرندەی هەموو شتێکەو خاوەنیەتی هیچ پەرستراوێك نیە غەیری ئەو ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ واتە: فەرمانم پێدراوە کە منیش یەکێك بم لە موسڵمانان، واتە: لە یەکتاپەرستی‌و دڵسۆزی‌و گەردنکەچی‌و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خودا. وە دەفەرموویێت: ﴿وَأَنْ أَتْلُوَا۟ ٱلْقُرْءَانَ﴾ واتە: فەرمانم پێدراوە کە قورئان بە خەڵکی ڕابگەیەنم. وەك لە ئایەتی تردا دەفەرموویێت: ﴿ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ ٱلْـَٔايَٰتِ وَٱلذِّكْرِ ٱلْحَكِيمِ﴾،[3] واتە: ئەم بەسەرهاتانەی کە دەیان خوێنینەوە بەسەرتدا (ئەی موحەمەد (ﷺ)) لە ئایەتان‌و قورئانی پڕ حیکمەتن. وە دەفەرموویێت: ﴿نَتْلُوا۟ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾[4] واتە: دەخوێنینەوە بەسەرتدا (ئەی موحەمەد (ﷺ)) هەندێ لە هەواڵی موساو فیرعەون بە ڕاستی‌و دروستی بۆ ئەوانەی بڕوا دێنن. واتە: من مزگێنی دەرو ترسێنەرم. ﴿فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ﴾ واتە: من لەسەر ڕێگەو ڕەوشتی ئەو پێغەمبەرانەم کە لە پێشی منەوە هاتوون‌و گەلەکانیان ئاگادارکردووەتەوەو ترساندوویانن‌و ئەو ئەمانەتەی کە لەسەر شانیان بووە بە چاکی گەیاندوویانە زۆر بە دڵسۆزیەوە، حیسابی ئوممەتەکانیان لە لای خودایە. جا هەر کەس هیدایەتی

---

[1] فتح الباري (٤/٥٦).

[2] مسلم (٢/٩٨٦)، ابو داود (٢/٥١٨)، النسائي (٥/٢٠٣)، ابن ماجه (٢/١٠٣٨)، أحمد (١/٢٥٣).

[3] ال عمران (٥٨).

[4] القصص (٣).

وەرگرت تەنها بۆ خۆی هیدایەت وەردەگرێتو هەر کەسیش گومڕا بێت ژیانی بۆ خۆیەتی، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾[1] واتە: تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕای بگەیەنی، خودا بینایە بە بەندەکانی. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا أَنْتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾[2] واتە: بێگومان تۆ تەنها ترسێنەری‌و خوا بۆ هەموو شتێك سەرپەرشتی کارو چاودێرە. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا﴾ واتە: وە بڵێ هەموو سوپاس بۆ خوایە ئەو خوایەی بە زوویی ئایەتو نیشانەکانی نیشانی ئێوە دەدات ئێوەش دەیانناسن. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾[3] واتە: لەمەودا بەڵگەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین لە ئاسۆی دونیا وە لە خودی خۆیاندا هەتا بۆیان ڕوون بێتەوە بێگومان ئەم (قورئانە) ڕاستە. وە دەفەرمووێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ واتە: پەروەردەت بێ ئاگا نیە لەو کارانەی کە دەیکەن، بەڵکو شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە، لە ئیمامی ئەحمەدەوە ڕیوایەت کراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە ئەم دوو دێڕە شیعرەی گوتووە: شیعری خۆیەتی یان شیعری کەسێکی ترە:

إذا ما خَلَوتَ الدّهرَ يَوماً فلا تَقُل خَلَوتَ ولكن قُل عَليَّ رَقيب

وَلا تَحْسَبَنَّ الله يغفل ســاعةً ولا أن ما يغمني عليه يغيب

واتە: ڕۆژێك خۆت بە تەنها بوویتو کەست لەگەڵ نەبوو، نەڵێیت دەورم چۆڵە، بێژە: خودا چاودێرمەو وا وەبان سەرمەوە. وا نەزانی کە خودای مەزن ساتێ لێت بێ ئاگایە، واش نەزانی هەر شتێ خۆی دەشارێتەوە لە خودا ون دەبێت.

---

[1] ال عمران (٢٠).

[2] هود (١٢).

[3] فصلت (٥٣).

تەفسیری سورەتی (القصص)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

ئیمامی ئەحمەدڕیوایەتی کردووە لە مەعدی یەکریبەوە(معدیکرب) دەڵێ: هاتین بۆلای عبدالله و داوامان لێ کرد کە ﴿طسٓمٓ﴾ المئتین واتە: (تا سین میم)ی دوو سەد بخوێنێتەوە بۆمان، گوتی: لای من نیە، بەڵام بڕۆن بۆ لای ئەو کەسەی کە لە پێغەمبەری خودای (ﷺ) وەرگرتووە، کە خەبابی کوڕی ئەرەت (خبّاب بن الأرت) گوتی: چوویت بۆ لای خەبباب خوێندیەوە بۆمان (ڕەزای خوای لێ بێت)[1].

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ نَتْلُواْ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَآئِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَآءَهُمْ وَيَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤﴾ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَنُرِىَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُواْ يَحْذَرُونَ ﴿٦﴾﴾

باسی موساو فیرعەون و خوای گەورە چی بەسەر گەلەکەیان هێناوە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿طسٓمٓ﴾ لە پێشەوە باسی ئەم پیتانە کراوە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ﴾ واتە: ئەمانە ئەو نیشانە ئاشکراو ڕوونانەن کە باسی ئەو ڕاستیانە دەکات ڕووی داوەو لەمەودواش ڕوودەدات، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿نَتْلُواْ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: باسی موساو فیرعەونت بۆ دەخوێنینەوە بەڕاستی، وەك لەئایەتێکیتردا دەفەرمووێت: ﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ﴾[2] واتە: ئێمە باسی ئەو ڕووداوەت بۆ دەکەین وەك خۆی چۆن بووە، وەك ئەوەی خۆت لەوێ بوویبیت و چاوت پێی کەوتبێت، ﴿لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: بۆ ئەوانەی بڕوا دێنن، پاشان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: فیرعەون خاوەن دەسەڵات بوو لە زەویدا فیزی دەکردو زۆری دەنواندو لەخۆبایی بووبوو، ﴿وَجَعَلَ

---

[1] أحمد (٤١٩)، ئەم فەرموودەیە پیاوەکانی جێی متمانەن.

[2] یوسف (٣).

أَهۡلَهَا شِيَعٗا ﴾ واتە: خەڵکەکەی بەش بەش (دەستە دەستە) کردبوو، بەکاری دەهێنان بۆ کاروباری وڵاتەکەی بە ئارەزووی خۆی، ﴿شِيَعٗا يَسۡتَضۡعِفُ طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ﴾ واتە: کۆمەڵێکیانی لاوازو ژێردەستە دەکرد، واتە: تۆرمەی ئیسرائیل، چونکە نەوەی ئیسرائیل چاکترین خەڵکی زەمانی خۆیان بوون لەو کاتەدا، ئەم فیرعەونە زۆردارە کە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر لاسار بوو، زاڵ بوو بەسەریانداو هەرچی کاری گران‌و خراپ بووایە بەوانی دەکرد، نەیدەهێشت بە شەوو بەڕۆژ پشوو بدەن‌و ماندوویان دەرچێت، خزمەتی خۆی‌و دەوروبەری خۆی پێدەکردن، ﴿يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ لەگەڵ ئەوەیشدا کوڕەکانی دەکوشتن‌و ژنەکانیشی دەهێشتنەوە بۆ سوکایەتی‌و زەلیل کردنیان‌و لە ترسی ئەوەش کە نەوەک ئەو منداڵە پەیدا بێت ببێتە هۆی لەناوچوونی خۆی‌و دەسەڵاتەکەی فیرعەون زۆر لەوە دەترسا، بە ڕاستی فیرعەون لە خراپەکاران بوو. بۆیە فەرمانی دا کوڕەکانی تۆرمەی ئیسرائیل بکوژێ‌و هەمووی لەناو بەرێ، بەڵام ترسان هیچ شتێك لە قەدەر لانادات، چونکە کاتێك کە بڕیاری خودا هات هەرگیز هیچ شتێك ناگێڕێتەوەو دوای ناخات. هەموو بڕیارێکی خودا کاتەکەدەی دیاری کراوە. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ﴾ واتە: وە ئێمە دەمانەوێت (بە چاکەی خۆمان) منەت بنێین بەسەر ئەوانەی کە لاوازو ژێردەست کراو بوون لە وڵاتی میسردا، وە بیانکەینە پێشەواو بیانکەینە میرات بەرانــی کەلەپووری فیرعەون‌و شوێنکەوتووانی، ﴿وَنُمَكِّنَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنُرِيَ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنۡهُم مَّا كَانُواْ يَحۡذَرُونَ﴾ واتە: وە دەسەڵاتداریان بکەین لەو زەویەدا وە نیشانی فیرعەون‌و هامان‌و لەشکری هەردووکیان بدەین لە (ئیسرائیلیەکانەوە) ئەوەی خۆیان لێ دەپاراست. خوای گەورە ئەوەی بڕیاری دابوو بەسەری هێنان، وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَأَوۡرَثۡنَا ٱلۡقَوۡمَ ٱلَّذِينَ كَانُواْ يُسۡتَضۡعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلۡأَرۡضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۖ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلۡحُسۡنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُواْۖ وَدَمَّرۡنَا مَا كَانَ يَصۡنَعُ فِرۡعَوۡنُ وَقَوۡمُهُۥ وَمَا كَانُواْ يَعۡرِشُونَ﴾،[1] واتە: ئیتر (لە جێگای گەلی فیرعەون) ئەو گەلەمان نیشتەجێ کرد کە هەمیشە دەچەوسێنرانەوە لە ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا کە پیت‌و بەرەکەتمان تێ خستبوو بەڵێنی هەرەجوانی پەروەردگارت بە تەوا هاتەدی بۆ نەوەی ئیسرائیل بە هۆی ئارامگریانەوە (لەسەر

[1] الاعراف (١٣٧).

ناڕەحەتیەکان) وە ڕووخاندمانو تێکمان دا ئەو کۆشکو تەلارانەی فیرعەونو گەلەکەی دروستیان کردبوو هەروەها ئەو (مێوەو ڕەزو باخانەی) کە کەپریان بۆ کردبوو. وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾﴾[1] واتە: ئا بەو جۆرە (لەناومان بردن) نەوەکانی یەعقوب (جوولەکە)مان لە جێگایان دانا. فیرعەون بە هەموو هێزو توانایەکیەوە ویستی لە دەستی موسا ڕزگاری بێت، بەڵام ئەو هێزو توانایەی هیچ سوودێکی پێ نەگەیاندو تەیتوانی کە بڕیاری خوای خاوەن دەسەڵاتی مەزن قوتاری بکات، وە هەرگیز هیچ کەسێك ناتوانێ لە بڕیاری ئەو لابدات بەڵکو بڕیاری خودا بەجێ هاتووە، بڕیاریشی دابوو کە فیرعەون بە دەستی موسا لەناو دەچێ، ئەو منداڵەی کە فیرعەون لێی دەترساو بەهۆی ئەوەوە هەزاران کوڕی کوشت، خودا بڕیاری دا کە ئەی فیرعەون دەبێ لە ماڵی تۆدا گەورە ببێو بە خواردنی خۆت بەخێوی بکەیو خۆتو لەشکرەکەیشت بە دەستی موسا لەناو بچێت. بۆ ئەوەی کە بزانی خوای ئاسمانەکانو زەمین هەر ئەو خاوەنی زەبرو دەسەڵاتە، هەرچی ویست دەیکاتو هەرچیشی نەویست نابێت.

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِى وَلَا تَحْزَنِىٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧﴾ فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ۗ إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾ وَقَالَتِ ٱمْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّى وَلَكَ ۖ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾﴾

دایکی موسامان ئاگادار کرد (تێگەیاند) کە چۆن کارەکە ڕێك بخات

دەگێڕنەوە کاتێك فیرعەون ژمارەیەکی زۆری لە نێرینەی (الذکر) نەوەی ئیسرائیل کوشت، قیبتیەکان ترسان لەوەی کە نەوەی ئیسرائیل بنەبڕبنو هیچیان نەمێنێ، پاش ئەوان هەرچی کاری گرانو قورس هەیە هەمووی بکەوێتە سەرشانی ئەوان، گوتیان بە فیرعەون: لەوانەیە ئەگەر ئەم کارە هەروا درێژە بکێشێت کوڕیان هەموو بکوژێو پیاوە پیرەکانیشیان بمرن، لە ئاکامدا ژنەکان ناتوانن ئەو کارانە بکەن کە پیاوەکان دەیکەن، ئەو کاتە دەبێ ئێمە ئەو کارانە ڕاپەڕێنین، پاشان فیرعەون بڕیاری دا کە ساڵێك کوڕەکان بکوژنو ساڵێك وازیان لێ بێنن، هارون (سەلامی خوای لێ بێت) لەو ساڵەدا لە دایك بوو کە بڕیار بوو کوڕەکان نەکوژرێن، بەڵام موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لەو ساڵەدا لە دایك بوو کە کوڕەکانیان تیا دەکوشت. فیرعەون پیاوی تایبەتی خۆی هەبوو کە ئەو کارەیان پێ سپێردرابوو، لەگەڵ مامانی ژنان (قوابل) کە دەگەڕان بەسەر ژناندا، هەر ژنێکی سك پڕیان ببینیایە ناویان تۆمار

[1] الشعراء (٥٩).

دەكرد، وەختی منداڵ بوونیان دەبوو مامانێكی قیبتی (قبط) چاودێری بووایە، خۆ ئەگەر ژنەكە كیژی ببووایە، وازیان لێ دەهێناو دەڕۆیشتن، ئەگەر كوڕیشی ببووایە، جەلادەكانی فیرعەون بە چەقۆكانیان سەریان دەبڕیو دەڕۆیشتن، خوا ڕوویان ڕەش كات. كاتێ دایكی موسا سكی پڕ بوو بە موساوە (سەلامی خوای لێ بێت) سك پڕیەكەی پێوە دیار نەبوو، لەبەر ئەوە مامانەكان هەستیان پێ نەدەكرد، بەڵام كاتێ كە كوڕی بوو زۆر ترساو دنیای لێ هاتەیەك زۆر لێی دەترسا. وە زۆریش خۆشی دەویست، موسا (سەلامی خوای لێ بێت) هەر كەسێك چاوی پێی بكەوتایە خۆشی دەویست، خۆش بەختیش ئەو كەسە بوو لە شەرعو لە سروشتدا كە موسای خۆش دەویست وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي﴾،[1] واتە: خۆشەویستی خۆم خستە سەر تۆ.

موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لەماڵی فیرعەوندا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِى وَلَا تَحْزَنِىٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: بە دایكی موسامان ڕاگەیاند (خستمانە دڵی) كە شیر بدە بە موسا ئینجا هەر كاتێك ترست لێی هەبوو ئەو كاتە بیخەرە ڕووباری نیلەوە مەترسە (لێیو) خەفەتیش مەخۆ (بۆی) بەڕاستی ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ لات وە دەیكەین بە یەكێك لە پێغەمبەران. كاتێ دایكی موسا ترسو خەمی لێ نیشت نیگای بۆ كراو وردوكردی دڵی خۆی كردو بڕیاری خۆی داو خستیە ناو دەریاوە، ماڵی باوكی موسا لە تەنیشتی ڕووباری نیلەوە بوو، تابوتێكی بۆ هێناو شوێنێكی بۆ چاك كردو وەك بێشكەو شیری ئەدایەو، هەر كاتێك كەسێك بهاتایە لێی بترسایە دەچوو دەیخستە تابووتەكەو لەناو نیلدا حەبلێكی (پەتێكی) دەبەست بە تابووتەكەوەو سەرێكی حەبلەكەی (گوریس) لە لای خۆی بوو، ڕۆژێك كەسێكی دی زۆر ترساو موسای خستە ناو تابوتەكەو هۆشی بەخۆیەوە نەبوو پەتەكە بگرێ، ئاوەكە هەڵی گرتو بە تەنیشت ماڵی فیرعەوندا بردی، كەنیزەكانی ماڵی فیرعەون تابووتەكەیان گرتەوەو بەبێ ئەوەی بزانن چی تێدایە، ترسان لەوەی ئەگەر بیكەنەوە سزا بدرێن لە لایەن ژنەكەی فیرعەونەوە، كاتێ كە ژنەكەی فیرعەون تابوتەكەی كردەوە (هەڵی پچڕی)و منداڵێكی تێدا بینی كە لە چاكترو جوانترو شیرینترین خەڵكی خودا بوو، خودای مەزن خۆشەویستی ئەو منداڵەی خستە دڵی ژنەكەی فیرعەونەوە كاتێ كە چاوی پێی كەوت، خوای گەورە بە مەیلی خۆی ڕێزی نا لە ژنەكەی فیرعەونو مێردەكەیشی بەدبەختو چارەڕەش بوو بەهۆی ئەو منداڵەوە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا

[1] طه (٣٩).

وَحَزَنًا﴾ واتە: ئینجا داروده‌ستەی فیرعەون هەڵیانگرتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە دوژمنو هۆی خەفەت بۆیان. موحەمەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش گوتویانە: ئەو لامەی ﴿لِيَكُونَ﴾ لامی عاقیبەتە، لامی (التحليل) نیە، چونکە ئەوان مەبەستیان ئەوە نەبوو ببێتە مەینەتو دوژمن بۆیان، مانای ئایەتەکەیش وەك دیارە هەر ئەوە دەگەیەنێ کە گوتوویانە، بەڵام ئەگەر سەیری شێوازی ئایەتەکە بکرێت دەبینی لامەکە لامی تەعلیلە، بێگومان خودای مەزن وای لێکردوون کە دەری بێنن لەناو دەریاکەدا بۆ ئەوەی ببێتە دوژمنو مەینەتی بۆیان. هەر ئەوە بووە مایەی ئەوە کە هەرچی هەوڵو خۆماندوو کردنیان بوو بەتاڵ بووەوە لە ترسی ئەو منداڵە کە پەیدا دەبێت. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ﴾ واتە: بە ڕاستی فیرعەونو هامانو لەشکرو سەربازەکانیان تاوانبارو هەڵە بوون. وا دیاربوو کاتێ فیرعەون کە چاوی پێی کەوت ویستی بیکوژێت لە ترسی ئەوەی نەك لە تۆرمەی ئیسرائیلیەکان بێ، ژنەکەی ئاسیای کچی موزاحم کەوتە وتووێژ لەگەڵیو هەواڵی دەدا ڕۆخشەویستی بکات لە لای فیرعەونو نەیکوژێت، بۆیە گوتی: ﴿قُرَّتُ عَيْنٍ لِّى وَلَكَ﴾ واتە: ببێتە مایەی چاوڕۆشنی بۆ منو بۆ تۆش، فیرعەون گوتی: بۆ تۆ بەڵێ، بەڵام بۆ من نەخێر، هەرواش دەرچوو، خوای گەورە بە هۆی موساوە ڕێی بە ئاسیا نیشان داو، فیرعەونیشی لەناودا، وەك لە پێشەوە لە سورەتی (طه) بەدرێژی ئەو بەسەرهاتە باسکراوە لە فەرموودەی فیتنەکاندا (الفتون) کە نەسائیو کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردووە لە ئیبنو عەباسەوە ڕیوایەت کراوە بە مەرفوعی.[1] ﴿لَا تَقْتُلُوهُ﴾ واتە: مەیکوژن، ﴿عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ﴾ ئاسیا گوتی: بەڵکو سودی بۆمان هەبێت، خودای گەورەیش لەبەر ئەوە ڕێی نیشان داو خستیە بەهەشت، ﴿أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا﴾ واتە: ویستی بیکاتە کوڕی خۆی، چونکە ئاسیا منداڵی لە فیرعەون نەبوو، وە دەفەرموێت: ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: ئاگایان لەوە نەبوو کە خوای گەورە مەیلی بە چیە لە هەڵگرتنی موسا لە ماڵی فیرعەونداو کە پڕە لە کارزانیو بەڵگەی مەزن لەسەر تواناو دەسەڵاتی خودا.

﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا ۖ إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ ۖ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١١﴾ ۞ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ

[1] الطبري (١٩/٥٢٩).

ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ﴿١٢﴾ فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾﴾

زۆر نیگەرانی دایكی موساو گێڕانەوەی موسا بۆ لای دایكی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا﴾ واتە: جا دڵی دایكی موسا خاڵی بوو (لە هەموو شت جگە لە منداڵەكەی)، خوای گەورە باسی دڵی دایكی موسا دەكات كە هیچ هۆشی بە خۆیەوە نەمابوو كاتێك كە كوڕەكەی لە دەریادا ئاو بردی، واتە: هەموو خەمو خەفەتێكی هەر لە لای موسا بوو ئاگای لە هیچ شتێكی دنیا نەمابوو، ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو موجاهیدو عیكریمەو سەعیدی كوڕی جوبەیرو ئیبنو عوبەیدەو زەحاكو حەسەنی بەسریو قەتادەو كەسانی تریشە.[1] ﴿إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ﴾ واتە: لەوانە بوو ئەو ڕازە لە دڵی دایە ئاشكرای بكات، بڵێ: كوڕێكم بووەو باسی خەمو خەفەتو ناڕەحەتی خۆی بكات بۆ لەدەست دەرچوونی، بەڵام خوای گەورە دڵی پتەو كردو ئارامی پێدا، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئەگەر دڵیمانە نەبەستایەتەوەو پەهێزمان نەكردایە بۆ ئەوەی لە بڕواداران بێت. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ﴾ واتە: فەرمانی دا بە كچەكەی كە بە تەمەن گەورە بوو، لە قسە تێدەگەیی پێی گوت: ﴿قُصِّيهِ﴾ واتە: شوێنی كەوەو گوێ بگرەو بزانە چی بەسەر دێت لە دەوروبەری شاردا، كچەیەكەیش بە گوێی دایكی كردو ڕۆیشت ﴿فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ﴾ وای كرد هەر لە دەرەوە چاوی لێی بوو، ئیبنو عەباس دەڵێ: لە لاوە سەیری دەكرد.[2] موجاهید دەڵێ: لە دوورەوە چاوی لێی بوو، قەتادە دەڵێ: بە شێوەیەك بۆی دەڕوانی وەك ئەوەی هیچ پەیوەندیەكی پێیەوە نیە.[3] بەو شێوەیە هەتا موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لە ماڵی فیرعەوندا جێگیر بوو، ژنەكەی فیرعەون زۆر خۆشی دەویستو لە دەستی فیرعەون ڕزگاری كرد كە بیكوژێت، دایان بەو ژنانەی كە لە ماڵی فیرعەوندا بوون شیری بدەنێ، مەمكی هیچیانی نەگرت، بردیانە ناو بازاڕ بۆ ئەوەی ژنێكیان دەست كەوێ هەتا شیری بداتێ، كاتێك كە خوشكەكەی منداڵەكەی بینی بە دەستیانەوە خۆی نەكردو ئەوانیش پێیان نەزانی، خودای مەزنیش دەفەرمووێت: ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: لە كاتێكدا ئەوان

[1] الطبري (١٩/٥٢٩).
[2] الطبري (١٩/٥٣٢).
[3] الطبري (١٩/٥٣٢).

(فیرعەون‌و کۆمەڵەکەی) مەستیان نەدەکرد، وە فەرموویەتی: ﴿وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ﴾ واتە: لە پێشدا وا بڕیارمان دا کە مەمکی هیچ دایەنێك نەمژێت، ئەوەش بۆ ڕێزلێنان‌و پاراستنی بوو لە لایەن خودای گەورەوەو گەڕانەوەی بۆ لای دایکی بۆ ئەوەی ئەو شیری بداتێ بەبێ هیچ ترسێك پاش ئەو هەموو خەم‌و مەینەتیە، وەختێ خوشکەکەی چاوی لێیان بوو کە سەرگەردان بوون نەیاندەزانی چۆن دایەنێکی بۆ بدۆزنەوە مەمکی بمژێت، ﴿فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ﴾ واتە: ئینجا خوشکەکەی موسا وتی پێیان ئایاماڵێکتان نیشان دەم کە ئەو منداڵە بۆ ئێوە بەخێو بکەن‌و شیری بدەنێ‌و دڵسۆز بن بۆی، ئیبنو عەباس دەڵێ: وەختێ خوشکەکەی موسا ئەمەی گوت: هەڵیان گرت‌و گومانیان هەبوو لە قسەکانی، پێیان گوت: تۆ چۆن دەزانی ئەو ماڵە بەخێوی دەکەن‌و زۆر باشیش پەروەردەی دەکەن‌و ئامۆژگاری چاکیشی دەکەن؟ پێی گوتن: ئامۆژگاری کردن‌و چاك بەخێوکردنی لەبەر خاتری ماڵی پاشاو خۆشی خستنە ناو دڵیان‌و وە بەتەمای سوود وەرگرتنیش لە بەخێوکردنەکەیدا بۆیە ئەمیان ناردووە. وەختێ ئەم قسەی پێ گوتن‌و ڕزگاری بوو لە سزادانیان، لەگەڵی چوون بۆ ماڵیان‌و بردیانە لای دایکی مەمکی دایەو مژی، زۆر کەیف خۆش بوون، مزگێنی درا بە ژنەکەی فیرعەون، ناردی بەشوێن دایکی موسادا (سەلامی خوای لێ بێت) زۆر ڕێزی لێگرت‌و یارمەتیەکی زۆر باشیشی دا، لە ڕاستیدا ئاسیا نەیدەزانی ئەوە دایکیەتی، هەر لەبەر ئەوە یارمەتی دا چونکە منداڵەکە تەنها مەمکی ئەوی مژی، پاشان داوای لێکرد لە ماڵی ئەوان بمێنێتەوەو شیری بداتێ، دایکی موسا قبوڵی نەکرد، گوتی: من مێردێك‌و چەند منداڵی ترم هەیە ناتوانم لە لای تۆ بمێنمەوە بەڵام ئەگەر پێت خۆشە لە ماڵی خۆم شیری دەدەمێ، ژنەکەی فیرعەون ڕازی بوو، یارمەتی باشی بۆ بڕیەوە لەگەڵ جلوبەرگ، بڕیاریشی دا کە زۆر لەگەڵی چاك بێت، دایکی موسا بە منداڵەکەیەوە گەڕایەوە ماڵ، بە ڕەزامەندی‌و دڵخۆشی زۆرەوە، خوای گەورە ترسەکەی نەهێشت‌و بێ خەمی کردو بەسەربەرزی‌و ڕێزێکی زۆرو بژێویەکی چاك هاتەوە ماڵی خۆی، نێوانی ئەو ترس‌و دەروەی کە خودا لە دایکی موسای کردەوە کەم بوو، لە شەوو ڕۆژێك کەمتر یان زیاتر بوو، والله أعلم، پاکی‌و پەسەندی بۆ ئەو خودایەی هەموو شتێك بە دەستی خۆیەتی، مەیلی لێ بوو دەبێ‌و مەیلی لێ نەبوو نابێ، ئەو خودایەی کە دوای هەموو تەنگانەیەك دەرو لەو کەسانە دەکاتەوە کە لێی دەترسن‌و پاش هەموو دانج‌و مەینەتیەك، دەرگای بەزەیی خۆی دەکاتەوە بۆ خاوەن باوەڕان، بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا﴾ واتە: گەڕاندمانەوە لای دایکی هەتا چاوی ڕوون بێتەوە پێی، ﴿وَلَا تَحْزَنَ﴾ واتە: خەفەتی بۆ نەخوات، ﴿وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ واتە: وە چاکیش بزانێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە، کە بڕیاری دابوو بۆی بگەڕێنێتەوەو کردیشی بە پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ

بێت) بەو شێوەیە خوای گەورە بەڵێنەکەی هاتەجێ لەو ژنە پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران هاتە دنیاوە، بە پەروەردەیەکی وا پەروەردەی کرد کە شایستەی بوو، پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ واتە: بڕیاری خوای گەورەو ئاکارو ئاکامە پەسندەکانی کە هەمیشە سوپاسو ستایش دەکرێت لە دنیاو لە قیامەتدا لەسەری، کە لەوانەیە زۆر لەسەر دڵەکان ناخۆشو گران بێت، بەڵام ئاکامەکەی چاکو پەسەندە لە حەقیقەتدا بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی لەم ئایەتانەدا: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡ﴾[1] واتە: وە دەگونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێتو باش بێت بۆتان وە دەگونجێت شتێکتان پێ خۆش بێتو خراپ بێ بۆتان.وە فەرموویەتی: ﴿كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا﴾[2] واتە: چونکە لەوانەیە ئێوە حەز نەکەن لە شتێكو خودا لەودا دابنابێت چاکەیەکی زۆر.

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٤﴾ وَدَخَلَ ٱلۡمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفۡلَةٖ مِّنۡ أَهۡلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيۡنِ يَقۡتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنۡ عَدُوِّهِۦۖ فَٱسۡتَغَٰثَهُ ٱلَّذِي مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِي مِنۡ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيۡهِۖ قَالَ هَٰذَا مِنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ إِنَّهُۥ عَدُوّٞ مُّضِلّٞ مُّبِينٞ ﴿١٥﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي فَٱغۡفِرۡ لِي فَغَفَرَ لَهُۥٓۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ فَلَنۡ أَكُونَ ظَهِيرٗا لِّلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٧﴾﴾

موسا پیاوێکی لە قیبتیەکان (الأقباط) کوشت:

کاتێك کە خودای گەورە باسی سەرەتای کاری موسای کرد (سەلامی خوای لێ بێت) ﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا﴾ واتە: کاتێك کە تەمەنی موسا گەیشتە تافی لاویو بووە پیاوێکی تەواو، زانستو کارزانی فێرکرد، موجاهید دەڵێ: یانی: پێغەمبەریەتی.[3] واتە: کردمانە پێغەمبەر ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ واتە: هەر بەو شێوەیە پاداشتی لە خواترسان دەدەینەوە. پاشان خوای گەورە باسی ئەو بڕیارەی (قەدەرەی) خۆی دەکات کە چۆن موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بۆە پێغەمبەرو

---

[1] البقرة (٢١٦).

[2] النساء (١٩).

[3] الدر المنثور (٥/٢٣١).

چۆن پیاوە قیبتیەکەی کوشت‌و کە بووە هۆی ئەوەی لە وڵاتی میسر دەرچێت‌و بڕوات بۆ وڵاتی مەدیەن (مَدیَن) فەرموویەتی: ﴿وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا﴾ واتە: چووە ناو شارەکە بێ ئەوەی خەڵکەکەی پێی بزانن، ئیبنو جورەیج دەڵێ: لە عەتای خۆراسانیەوە ئەویش لە ئیبنو عەباسەوە: لە نێوا مەغریب‌و عیشادا چووە ناو شارەکە.[1] ئیبنو مونکەدەر (منكدر) دەڵێ لە عەتای کوڕی یەسارەوە (یسار) ئەمیش لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێ: لە نیوەڕۆدا (نصف النهار) چووە ناو شار.[2] سەعیدی کوڕی جوبەیرو عیکریمەو سەدی‌و قەتادەیش هەر وایان گوتووە. ﴿فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ﴾ واتە: دوو پیاوی بینی لە یەکتریان دەداو قاڵەقاڵیان بوو. ﴿هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ﴾ ئەمەیان لە خۆیان بوو ﴿وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ﴾ واتە: ئەوی تریان لە قیبتیەکان بوو.[3] ئیبنو عەباس‌و قەتادەو سەدی‌و موحەمەدی کوڕی ئیسحاقیش هەر وایان گوتووە.[4] ئیسرائیلیەکە هاواری کردە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) کە یارمەتی بدات، موساش (سەلامی خوای لێ بێت) بە فرسەتی زانی لەو کاتەدا ناو شار چۆڵ بوو، پەلاماری قیبتیەکەی دا، ﴿فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ﴾ واتە: ئەوەی هاوڕەگەزی خۆی بوو دژی پیاوە نەیارەکە هانای پێبرد. ﴿فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ﴾ واتە: موسا مستێکی لێ داو کوشتی، موجاهید دەڵێ: ﴿فَوَكَزَهُۥ﴾ واتە: مستێکی لێ دا.[5] ﴿فَقَضَىٰ عَلَيْهِ﴾ بەو گیانی دەرچوو (کوشتی). خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ﴾ واتە: موسا گوتی: ئەمە کاری شەیتان بوو پێی کردم، کە دوژمنێکی ئاشکرای گومڕاکەرە. ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى فَٱغْفِرْ لِى فَغَفَرَ لَهُۥٓ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: گوتی: ئەی پەروەردەی من، ئەمن ناهەقیم لە خۆم کرد، عەفوم بکە. ئیتر خودا فەتای بەخشی، کە ئەو لە خەتا دەبورێت‌و دلۆڤانە. ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ﴾ واتە: گوتی: ئەی پەروەرندەم لە بەرامبەر ئەو بەهرەو دەسەڵات‌و توانایە کە تۆ داوتە بە من ﴿فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا﴾ واتە: هەرگیز نابمە یارمەتی دەری ﴿لِّلْمُجْرِمِينَ﴾ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە تۆ نیەو سەرپێچی فەرمانەکانی تۆ دەکەن.

---

[1] الطبري (١٩/٥٣٨).
[2] الطبري (١٩/٥٣٨).
[3] الطبري (١٩/٥٣٩).
[4] الطبري (١٩/٥٣٩_٥٤٠).
[5] الطبري (١٩/٥٤٠).

﴿فَأَصْبَحَ فِي ٱلْمَدِينَةِ خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا ٱلَّذِي ٱسْتَنصَرَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُۥۚ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾
فَلَمَّآ أَنْ أَرَادَ أَن يَبْطِشَ بِٱلَّذِي هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِي كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًا بِٱلْأَمْسِۖ إِن تُرِيدُ إِلَّآ
أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾

ئاشكرابوونی كوشتنی ئەو كەسەی كە موسا بە پەنهانی كوشتی:

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَأَصْبَحَ فِي ٱلْمَدِينَةِ خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا ٱلَّذِي ٱسْتَنصَرَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُۥۚ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُّبِينٌ﴾ واتە: لەو شارەدا بە ترسەوە شەوی بەڕێكردو چاوەنۆڕ بوو. هەر ئەو كەسەی دوێنی هانای پێ بردبوو، دیسان هاواری بۆ هێنا. موسا گوتی: دیارە تۆ لە ڕێگە دەرچووی. خوای گەورە باسی موسا دەكات كاتێك كە قیبتیەكەی كوشت لەناو ئەو شارەدا بە ترسەوە مابووەوەو چاوەڕوانی دەكرد لەبەر ئەو كارەی كە لە دەستی ڕووی دابوو، ﴿يَتَرَقَّبُ﴾بەم لاولادا سەیری دەكردو لە كاتێكدا كە بە ڕێگادا دەچوو، ئەو كەسەی كە دوێنێ هاواری لێ كرد یارمەتی بدات دژی قیبتیەكە، لەگەڵ یەكێكی تردا شەڕیانە، كاتێ موسا بە لایاندا تێپەڕی هەمیسان داوای یارمەتی لێ كرد، موسا (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: ﴿إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُّبِينٌ﴾ واتە: تۆ پیاوێكی شەڕانیو لەڕێ لادەری، پاشان موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ویستی قیبتیەكەی لە كۆڵ بكاتەوە، ئیسرائیلیەكان وای دەزانی بۆ ئەو دەچێت، چونكە زۆر نەفامو داماوو زەلیل بوو، كاتێك گوێی لە قسەكانی موسا بوو كە پێی گوت: تۆ پیاوێكی شەڕانیو لەڕێ دەرچووی بۆ ئەوەی لە كۆڵی خۆی بكاتەوەو موسا (سەلامی خوای لێ بێت) وازی لێ بێنێت گوتی: وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّآ أَنْ أَرَادَ أَن يَبْطِشَ بِٱلَّذِي هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا﴾ واتە: كاتێك بەرەو ئەو كەسە چوو كە دوژمنی هەردووكیان بوو گوتی: ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِي كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًا بِٱلْأَمْسِ﴾ ئیسرائیلیەكە گوتی: بە موسا دەتەوێ منیش بكوژی وەك چۆن دوێنێ یەكێكی ترت كوشت، ﴿إِن تُرِيدُ إِلَّآ أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِينَ﴾ واتە: تۆ هەر دەتەوێ زۆردارو ملهوڕ بیت لە زەویدا وە ناتەوێ لە پیاوچاكان بیت. چونكە هیچ كەسێك نەیدەزانیو ئاگاداری كوشتنی ئەو پیاوە نەبوو موساو ئەو ئیسرائیلیە نەبێت، كاتێ پیاوە قیبتیەكە گوێی لەو قسەیە بوو كە لە دەمی ئەو پیاوە دەرچوو، ڕۆیشت بۆ بەر دەرگایماڵی فیرعەونو قسەكەی بۆ فیرعەون گێڕایەوە، فیرعەون بەو ڕووداوەی زانی، زیاتر تووڕەی لە موسا هەڵساو بڕیاری دا كە موسا بكوژێت، ناردی بە شوێنیداو داوی كرد بگەڕێن بە دوایداو بۆی بێنن هەتا تۆڵەی لێ بسێنێت.

﴿وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلۡمَلَأَ يَأۡتَمِرُونَ بِكَ لِيَقۡتُلُوكَ فَٱخۡرُجۡ إِنِّي لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢٠﴾﴾

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَجَآءَ رَجُلٌ﴾ واتە: پیاویك هات، ﴿مِّنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ واتە: لەوپەڕی شارەوە بە هەڵەداوان پێی گەیشت: خوای گەورە وەسفی دەكات بە پیاوێكی پیاوانە، چونكە ئەو پیاوە كاتێك زانی بە دوای موسادا دەگەڕێن، بە ڕێگەیەكی نزیكتردا خۆی گەیاندە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لەو ڕێگاوە نەچوو ئەوان دەڕۆیشتن بە دوایدا، پێی گوت: ﴿إِنَّ ٱلۡمَلَأَ يَأۡتَمِرُونَ بِكَ﴾ واتە: كاربەدەستان وتوویژ دەكەن لە بارەی تۆوە، ﴿لِيَقۡتُلُوكَ فَٱخۡرُجۡ﴾ واتە: دەیانەوێ لەناوت بەرن هەڵسە برۆ لەم شارە، ﴿إِنِّي لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ﴾ واتە: من ئەمەت وەك ئامۆژگاریەك پێ دەڵێم.

﴿فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُۖ قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلۡقَآءَ مَدۡيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهۡدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدۡيَنَ وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمۡرَأَتَيۡنِ تَذُودَانِۖ قَالَ مَا خَطۡبُكُمَاۖ قَالَتَا لَا نَسۡقِي حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ وَأَبُونَا شَيۡخٌ كَبِيرٌ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾

موسا لە وڵاتی مەدیەن‌و (مَدْيَن) ئاودانی مەڕەكانی دوو ژنەكە

وەختێ كە پیاوەكە هەواڵی دایە كە كاربەدەستان‌و دەستەزیەستەی فیرعەون خەریكی ڕاوێژن لە بارەی ئەوەوە، بە تەنها خۆی لە وڵاتی میسر دەرچوو، شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو لەسەر دڵی گران بوو، چونكە موسا لە خۆشگوزەرانی‌و دەستەڵات‌و ژیانێكی خۆشدا ژیانی بەسەر بردووە، ﴿فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ﴾ واتە: ئەویش لە شار دەرچوو بە ترسەوە سەیری ئەملاولای خۆی دەكرد، ﴿قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ واتە: ئەی پەروەردەم ڕزگارم بكە لە دەست فیرعەون‌و دەستەو بەستەكەی، دەگێڕنەوە خوای گەورە فریشتەیەكی بەسەر وڵاخێكەوە ـ چارەوێ ـ ئەسپ ـ ناردە لای موساو ڕێگاكەی نیشاندا، والله أعلم. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلۡقَآءَ مَدۡيَنَ﴾ واتە: كە بەرەو مەدیەن ڕۆیشت ڕێگایەكی تەخت‌و ڕێكی گرتەبەر زۆر كەیف خۆش بوو پێی، ﴿قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهۡدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ گوتی: بەڵكو پەروەرندەم ڕاستەڕێم نیشاندا، خوای گەورەش شارەزای كردە سەر ڕاستەڕێ لە دنیاداو لە قیامەتدا، خەڵكیشی شارەزا كرد بۆ سەر ڕێی ڕاست. ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ

مَدْيَنَ ﴾ واتە: کاتێك گەیشتە مەدیەن کە ئاوێکی لێوە نزیك بوو، بیرێك بوو شوانەکان دەچوونە سەری ئاویان لێ هەڵدەگۆزی، ﴿مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ﴾ کۆمەڵێك لە خەڵکی بینی ئاویان هەڵدەگۆزی، ﴿وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ﴾ واتە: وە لە نزیك ئەو خەڵکانەوە دوو ئافرەتی بینی کە پەزەکانی خۆیان لادەداو نەیان دەهێشت لەگەڵ پەزی شوانەکاندا تێکەڵاو ببن هەتا توشی گێروگرفت نەبن، وەختێ موسا (سەلامی خوای لێ بێت) چاوی پێیان کەوت دڵی بۆیان سوتاو بەزەیی هاتەوە پێیاندا، ﴿قَالَ مَا خَطْبُكُمَا﴾ واتە: چیتانە بۆچی ئێوەش وەك ئەو خەڵکە مەڕەکانتان ئاو نادەن؟. ﴿قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ﴾ واتە: ئاومان دەست ناکەوێ هەتا ئەوانە پەزەکانیان ئاو نەدەن، ﴿وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ﴾ واتە: بابمان پیاوێکی بە ساڵاچووەو ئێمەش ئەمە حاڵمانە وەك دەبینی، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾ واتە: ئەوسا ئاوی بۆ هەڵگۆزین، پاشان خۆی گەیاندە سێبەر، گوتی: ئەی پەروەردگاری من! من شایەنی ئەم خێرەم کە بۆم دەنێری. ئیبنو عەباس گوتی: موسا کاتێك چوو بۆ مەدیەن خواردنی تەنیا پاقلەو گەڵای دار بوو، پێشی پەتی بوو چونکە کاتێ گەیشتە مەدیەن نەعلەکانیشی دڕاو لە پێی کەوت، ئەم پیاوە کە هەڵبژاردەی خودا بوو لە ناو خەڵکدا لە ژێر سێبەری درەختێکدا دانیشت ورگی بە پشتیەوە لکابوو لە برساندا‌و هەتا بە لەتە خورمایەکیش ڕازی بوو، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾ ئیبنو عەباس‌و ئیبنو مەسعودو سودی دەڵێن: ﴿إِلَى ٱلظِّلِّ﴾ واتە: دانیشت لەژێر درەختێکدا.[1] عەتای کوڕی سائیب دەڵێ: کاتێك کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) گوتی: ﴿رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾ ژنێکیان گوتی لە قسەکانی موسا بوو (سەلامی خوای لێ بێت)[2].

﴿فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا تَمْشِي عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا ۚ فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ ۖ نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ ﴿٢٦﴾ قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ٱبْنَتَيَّ هَٰتَيْنِ عَلَىٰٓ أَن تَأْجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٍ ۖ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ ۖ وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ ۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ

[1] الطبري (١٩/٥٥٦).

[2] الطبري (١٩/٥٥٧).

ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٢٧﴾ قَالَ ذَٰلِكَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَۖ أَيَّمَا ٱلۡأَجَلَيۡنِ قَضَيۡتُ فَلَا عُدۡوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ ﴿٢٨﴾﴾

موسا لەبەردەم باوكی دوو ژنەكەدا (كچەكەدا)و مارەبڕینی یەكێكیان بە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لەسەر كرێی شوانیەكەی

كاتێك دوو ژنەكە بە پەلە بە پەزەكانیانەوە گەڕانەوە لای بابیان، باوكیان سەری سوڕماو بە لایەوە سەیر بوو كە زوو گەڕانەوە بۆ لای. پرسیاری لێ كردن كە چۆن گەڕانەوە، ئەوانیش باسەكەیان بۆ گێڕایەوە كە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) چۆن مەڕەكانی بۆ ئاوداون، باوكیان یەكێكیانی نارد بە دوای موسادا (سەلامی خوای لێ بێت) تا بانگی بكەن بۆ لای، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ﴾ واتە: یەكێكیان چوو بۆ لای موسا كە زۆر بە شەرمەوە دەچوو بەڕێداو خۆی داپۆشیبوو، وەك ڕیوایەت كراوە لە گەورەی موسڵمانان عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: بە لایەكی كراسەكەی خۆی داپۆشیبوو،[1] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی كردووە ئەمیش لە عەمری (عمرو) كوڕی مەیمونەوە گوتی: عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) گوتی: ﴿تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ﴾ واتە: پۆشاكەكەی دابوو بە ڕووی خۆیدا لەو ژنانە نەبوو كە گرنگی نەدا بە خۆداپۆشینو هەمیشە دەرو ماڵ بكات.[2] ئەم فەرموودەیە سەنەدەكەی ڕاستە، جەوهەری دەڵێ: سەلفەج (السَّلْفَج) لە پیاواندا واتە: پیاوێكی كۆڵنەدەر، لە ژناندا واتە: ژنێك كە زۆر شەرم نەكاتو ڕوودار بێت (الجريئة) وە لە وشتریشدا توندوتیژ ﴿قَالَتۡ إِنَّ أَبِي يَدۡعُوكَ لِيَجۡزِيَكَ أَجۡرَ مَا سَقَيۡتَ لَنَا﴾ ئەم ڕستەیە ئەدەبی تێدایە، بە شێوەیەك بانگی نەكرد كە بڕوا نەكاتو گومانی هەبێت، بەڵكو پێی گوت: باوكم بانگت دەكات بۆ ئەوەی كرێی ئەو ئاو هەڵكێشینەت بداتێ، واتە: پاداشتی ئەو ئاو دەرهێنانەت بداتەوەو شتێكت بداتێ، لە باتی ئاودانی پەزەكانمان ﴿فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيۡهِ ٱلۡقَصَصَ﴾ واتە: ئینجا كاتێك موسا هات بۆ لای باوكی كچەكە ئەو ڕووداوەی كە بەسەری هاتبوو بۆی گێڕایەوەو باسی دەرچوونی خۆی كرد كە لەبەر چی ولاتەكەی بەجێ هێشتووە، ﴿قَالَ لَا تَخَفۡۖ نَجَوۡتَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ پێی گوت: دڵخۆشو چاو ڕوون بە، لە ولاتی ئەوان دەرچوویت ڕزگارت بووە، ئەوان هیچ دەسەڵاتێكیان بەسەر ولاتی ئێمەدانیە، بۆیە گوتی: ﴿نَجَوۡتَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ واتە: ڕزگارت بووە لەو گەلە ستەمكارە، ﴿قَالَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا

---

[1] الطبري (١٩/٥٥٨).

[2] الطبري (١٩/٥٥٩).

﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـْٔجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـْٔجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾ واتە: یەكێك لەو دوو كچە بە باوكی گوت ئەی باوە گیان بە كرێی بگرە (بۆ شوانی) چونكە بە ڕاستی چاكترین كەسە كە بە كرێی بگری بەهێزو ئەمینە (دەستو داوێن پاكە)، واتە: یەكێك لە كچەكانی ئەو پیاوە، هەندێ ئێژن: ئەو كچەی كە چوو بە شوێن موسادا گوتی: بە باوكی ﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـْٔجِرۡهُ﴾ ئەم پیاوە بە كرێ بگرە بۆ شوانی پەزەكان. عومەرو ئیبنو عەباسو شورەیحی قازیو ئەبو مالیكو قەتادەو موحەمەدی كوڕی ئیسحاقو كەسانی تریش گوتوویانە: كاتێك كچەكە گوتی: ﴿إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـْٔجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾ باوكی پێی گوت: تۆ چۆن دەزانی؟ كچەكە گوتی بە باوكی: چونكە ئەم پیاوە ئەو بەردەی بەرز كردەوە كە بە دە پیاو نەبێت ئەو بەردە بەرز نابێتەوە. وە من كاتێك لەگەڵی بووم پێشی كەوتم، پێی گوتم: تۆ لە دوامەوە بڕۆ، هەر كاتێك ڕێگەكەم هەڵەكرد بە بەردێكی بچووك ئاگادارم بكە، بەو بەردەدا من دەزانم چۆن ڕێگەكە بگرمەبەرو بڕۆم،[1] لە عبدالله ی كوڕی مەسعودەوە گوتی: چاو ڕوونترین كەس، واتە (ئەو كەسانەی فرسەتیان هەبوو لە هەموو كەس زیاتر) سێ كەس بوون: ئەبوبەكر كاتێك عومەری دیاری كردووە بۆ جێ نشین، عەزیزی میسر كاتێك كە گوتی: بە ژنەكەی ﴿أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ﴾ ڕێز لە یوسف بگرە، وە ئەو كچەی لەگەڵ موسا هات بۆ لای باوكی كاتێك گوتی: ﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـْٔجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـْٔجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾،[2] ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ﴾ واتە: پیاوە باشە بە تەمەنەكە داوای لێكرد كە ببێتە شوانی مەڕەكانی ئەویش كیژێكی خۆی پێ دەدا لە جیاتی شوانیەكەیدا، ﴿عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَ﴾ واتە: بەو مەرجەی هەشت ساڵ مەڕەكانم بۆ بەخێوكەی (بلەوەڕێنی) خۆ ئەگەر بە ئارەزووی خۆت دە ساڵیشت تەواو كرد پیاوەتی خۆتەو، هەشت ساڵیش بەخێویان كەی كاری خۆت تەواو كردووە. ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أَشُقَّ عَلَيۡكَۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ واتە: نامەوێ نارەحەتت بكەمو ئازارت بدەمو فێڵت لێ بكەم ئەگەر خوا بیەوێت بێگومان دەمبینی لە پیاوچاكان دەبم. خوای گەورە باسی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) دەكات دەفەرمووێت: ﴿قَالَ ذَٰلِكَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَۖ أَيَّمَا ٱلۡأَجَلَيۡنِ قَضَيۡتُ فَلَا عُدۡوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ﴾ واتە: موسا گوتی: بە خەزووری، باشە لەسەر ئەو بڕیارەی تۆ كە من دەبمە ڕەنجبەری ـ شوانی ـ تۆ بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بەڵام ئەگەر دە ساڵیشم تەواو كرد بە ئارەزووی

[1] الطبري (١٩/٥٦٢/٥٦٤).

[2] إبن أبي شيبة (١٤/٥٧٤).

خۆمە، خۆ ئەگەر کەمترم کرد ئەك کاتە من پەیمانەکەم بەجێ نەهێناوەو ئەو مەرجەم جێبەجێ نەکردووە وە خوا لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین شایەتو چاودێرە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَىَّ﴾ واتە: هەر کام لەو دوو ماوەیەم تەواو کرد، نابێت ناهەقیم پێ بکرێت. هەرچەندە تەواوکردنەکە چاکترە رێگای پێدراوە بە بەڵگەی تر وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِى يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾[1] واتە: هەر کەس پەلە بکات لەو دوو ڕۆژەدا (شەیتان ڕەجم بکات) گوناهی ناگات وە هەر کەسیش دوا بکەوێت (سێ ڕۆژ ڕەجم بکات) گوناهی لەسەر نیە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر مەیلت لێ بوو بیگرەو ئەگەر مەیلیشت لێ نەبوو بیشکێنە).[2] دیارە ڕۆژوو گرتنەکە چاکترو ڕاجحترە (بەهێزترە) بە بەڵگەی تر، بەڵگەش هەیە کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) تەواوەکەیانی پەڕاند - بردە سەر - بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێ: جولەکەیەکی خەڵکی حیرە پرسیاری لێ کردم: موسا (سەلامی خوای لێ بێت) کام ماوەیانی تەواو کرد؟ گوتم: نازانم هەتا نەچمە لای زانای عەرەبو پرسیاری لێ نەکەم، ڕۆیشتمە لای ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) پرسیارم لی کرد، گوتی: چاکو زۆرەکەیانی تەواو کردووە - پەڕاندووە - بێگومان پێغەمبەری خوا کاتێك شتێك فەرمووبێتی کردوویەتی. هەر بەم شێوەیە بوخاریش ڕیوایەتی کردووە.[3]

﴿فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِۦٓ ءَانَسَ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ ﴿٢٩﴾ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ مِن شَٰطِئِ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ فِى ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّىٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٠﴾ وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ ۚ يَٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ ۖ إِنَّكَ مِنَ ٱلْـَٔامِنِينَ ﴿٣١﴾ ٱسْلُكْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ وَٱضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهْبِ ۖ فَذَٰنِكَ بُرْهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٣٢﴾﴾

[1] البقرة (٢٠٣).
[2] أحمد (٤٩٣/٣)، النسائي (١٨٥/٤)، فەرموودەیەکی صەحیحە.
[3] فتح الباري (٣٤٢/٥).

گەڕانەوەی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ میسرو ڕێزلێنانی لە لایەن خواوە بە پەیام‌و موعجیزە لە ڕێدا

لە تەفسیری ئایەتی پێش ئەم ئایەتەوە باسکرا کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) هەردوو ماوەکەی تەواو کرد بە شێوەیەکی زۆر چاك، لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە خوای گەورە کاتێك فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلْأَجَلَ﴾ واتە: ئینجا کاتێك موسا ماوە شوانیەکەی تەواو کرد، یانی زۆرەکەیانی تەواو کرد، والله أعلم. ﴿وَسَارَ بِأَهْلِهِۦٓ﴾ خێزانی لەگەڵ خۆی برد. گوتویانە: موسا زۆر حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی‌و کەس‌و کاری ببینێت، بڕیاری دا کە بە پەنهانی سەریان لێ بدا دەترسا لەوەی فیرعەون‌و گەلەکەی پێی بزانن، بۆیە بە شەوێکی زۆر تاریك‌و سارد بارانیش دەباری، لەگەڵ خێزانی‌و ئەو مەڕوماڵاتەیش خەزووری پێی دابوو لە کرێی ئەو ماوەیەی کە شوانی بوو، کەوتەڕێ‌و هەرچەندە هەوڵی دەدا بە چەرخەکەی ـ ئەو شتەی ئاگری دروست دەکرد ـ ئاگر بکاتەوە، بۆی نەدەکراو ئاگری نەدەکردەوە، زۆر بە لایەوە سەیر بوو ئا لەو کاتەدا ﴿ءَانَسَ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ نَارًا﴾ واتە: لە لای کێوی تورەوە (الطور) ئاگرێکی بینی لە دوورەوە دەگڕا ﴿قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا﴾ واتە: ئێوە لێرە بمێنەوە ئاگرێکم بەدی کردووە، ئەچم بۆ لای ئەو ئاگرە ﴿لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾ بەڵکو هەواڵێکتان بۆ بێنم، چونکە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ڕێگاکەی ون کردبوو ﴿أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ واتە: یان چڵۆسکێك لەو ئاگرەتان بۆ بێنم، ﴿لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ﴾ واتە: هەتا خۆتان گەرم کەنەوە لەو سەرمایە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ مِن شَٰطِئِ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ﴾ واتە: کاتێك گەیشتە لای ئاگرەکە لای دەستی ڕاستی دۆڵەکەوە لەبەردەم کێوەکەوە لە ڕووی خۆرئاواوە، بانگ کرا. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِىِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ﴾[1] واتە: تۆ (ئەی موحەمەد (ﷺ)) لە لای خۆرئاوای (شاخی طور) نەبوویت کاتێك کە فەرمانی پێغەمبەرایەتیمان دا بە موسا. ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە موسا بەرەو ئاگرەکە چوو لە ڕووی قیبلەوە کێوی لای خۆرئاوا لە لای ڕاستیەوە بوو، ئاگرەکەی دی دەگڕا لەناو درەختە سەوزەکەدا، لە کێوەکەدا، لە نزیك دۆڵەکەوە، وەستاو نەیدەزانی چی بکات پەروەرندەی بانگی کرد ﴿مِن شَٰطِئِ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ فِى ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ واتە: لە لای دەستی ڕاستی دۆڵەکەوە لەو شوێنە پیرۆزەی نزیك

---

[1] القصص (٤٤).

درەختەکەوە، خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَن يَـٰمُوسَىٰٓ إِنِّيٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: ئەی موسا ئەوەی بانگت دەکاتو قسەت لەگەڵ دەکات هەر ئەوە وەدی هێنەری جیهانەو هەرچی بۆی دەیکات هیچ پەرستراوو پەروەرندەیەك نیە غەیری ئەو، هەر ئەو پاكو پیرۆزەو زۆر بڵندو مەزنەو هاوتای نیەو هیچ کەسێکیش وەك خودا نیە، نە لە زاتیداو نە لە سیفاتیداو نە لە کردارو گفتاریدا، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ﴾ واتە: ئەو گۆچانەی بە دەستەوەیە فرێی بدە، وەك خوای گەورە باسی کردووە فەرموویەتی لە ئایەتی تر: ﴿وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَـٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ قَالَ هِىَ عَصَاىَ أَتَوَكَّؤُا۟ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ﴾،[1] واتە: (خوا فەرمووی) ئەی موسا ئەوە چیە بە دەستی ڕاستەوە، گوتی: ئەوە گاچۆنەکەمە خۆم دەدەمم بەسەریداو گەڵای بۆ پەزەکانم پێ دەوەرێنمو چەند کاری تریشی پێ دەکەم، واتە: موسا هەر ئەوەی دەزانی لە بارەی گاچۆنەکەیەوە – واتە پێناسەی گاچۆنەکەی خۆی کرد–، ﴿قَالَ أَلْقِهَا يَـٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ﴾،[2] واتە: فەرمووی گاچۆنەکەت فرێ دە ـ فرێی دا ـ کاتێك بینی وا مارێکەو هەڵ دەفرێت، ئا لەوێدا زانیو بۆی دەرکەوت ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکاتو ئەی دوێنێ ئەو خودایەیە کە فەرمووی بە هەر شتێك ببە دەبێت وەك لە سورەتی (طه)دا باس کرا لە پێشەوە. لێرەشدا دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ﴾ واتە: ئینجا کاتێك موسا بینی جوڵاو هەڵخلیسکا ﴿كَأَنَّهَا جَآنٌّ﴾ وەك مارێك کە چۆن بە توندی دەڕواتو چەندە گەورەو ئەستوورەو دەم فراوانەو کەڵبەو دانەکانی لە یەك دەداو بە لای هەر بەرێکدا دەڕوات، هەڵی دەلوشێت ـ قوتی دەدا ـ دەنگی لێوە دەهات وەك لە شیوێکەوە بەربێتەوە بکەوێتەخوار ئا لەو کاتەدا ﴿وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ﴾ واتە: ڕای کردو هیچ ئاوڕێکی نەدایەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە لەو شتانە دەترسێت، کاتێك خوای گەورە فەرمووی: ﴿يَـٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ إِنَّكَ مِنَ ٱلْءَامِنِينَ﴾ واتە: ئەی موسا وەرەو مەترسە تۆ پارێزراوی، موسا هاتەوە شوێنی خۆیو وەستا، پاشان خوای گەورە فەرمووی: ﴿ٱسْلُكْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ﴾ واتە: دەستت بخەرە باخەڵی کراسەکەت پاشان دەری بێنە، کاتێك کە دەری دێنی وەك مانگ دەدرەوشێتەوەو تریفەی دێ بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ﴾ واتە: نەخۆشی بەڵەکی نیە ـ برمی ـ وە دەفەرموێت:

---

[1] طه (١٧–١٨).

[2] طه (١٩–٢٠).

﴿وَٱضۡمُمۡ إِلَيۡكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهۡبِ﴾ واتە: بۆ ئەوەش ترست نەمێنێ دەستت بخەرە ژێر باڵت. موجاهید دەڵێ: وەختێ دڵت کەوتە لەرزە. قەتادە دەڵێ: وەختێ کە ترسای دەستت بخەرە ژێر باڵت.[1] واتە: موسا (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمانی پێ کرابوو هەر کاتێك ترسا لە شتێك دەستی بکات بە بالخەڵیدا، هەر کاتێك وای کرد ئەو ترسەی دەڕوات‌و نامێنێ، وە لەوانەیە هەر کەسێك کە ترسا لەو کاتەدا دەستی خستە سەر دڵی وەك چاولێکەرێك لەو، ئەو نارەحەتیەی لەسەر نامێنێ یان سووك دەبێت لەسەری بە یارمەتی خوای گەورە. ﴿فَذَٰنِكَ بُرۡهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ﴾ واتە: فڕێدانی عەساکەی کە وەك مارێك دەجوڵاو دەست خستنە بن باڵی‌و دەرهێنانی بە سپیەتی‌و بێ نەخۆشی هەردووکیان دوو بەڵگەی ڕوون‌و ئاشکران لەسەر توانای ئەو کەسەی ڕێی پێدراوە ئەو کارانە بکات هەر کاتێك بیەوێت‌و ڕاستی پێغەمبەریەتی ئەو کەسەی ئەو موعجیزانە لەسەر دەستی ڕوودەدات، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِیْهِۦٓ﴾ بۆ فیرعەون‌و کاربەدەستانی‌و ڕان‌و دارو دەستەکەی هۆزەکەی. ﴿إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ﴾ واتە: چونکە ئەوانە گەلێکی دەرچووبوون لە فەرمانەکانی خوداو دژایەتی خوداو ئاینەکەیان دەکرد.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلۡتُ مِنۡهُمۡ نَفۡسٗا فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ ﴿٣٣﴾ وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا فَأَرۡسِلۡهُ مَعِيَ رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿٣٤﴾ قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجۡعَلُ لَكُمَا سُلۡطَٰنٗا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيۡكُمَاۚ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿٣٥﴾﴾

داوای موسا کە هارونی برای بێتە پشتگیری، خودایش داواکەی قبوڵ کرد

کاتێك خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە بەرەو لای فیرعەون بڕوات، ئەو فیرعەونەی کە موسا لە ترسی ئەو وڵاتی میسری بەجێهێشت‌و ڕای کرد لەوێ، ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلۡتُ مِنۡهُمۡ نَفۡسٗا﴾ واتە: موسا گوتی: ئەی خودایە من یەکێکم لەوانە کوشتووە، واتە: قیبتیەکم کوشتووە، ﴿فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ﴾ واتە: دەترسم ئەگەر بمبینن بمکوژن، ﴿وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا﴾ گوتی: هارونی برام زمانی لە من ڕەوانترە، چونکە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) زمانی دەیگرت‌و باش قسەی بۆ نەدەکرا بەهۆی ئەو سکڵەی (جَمرَة) کە خستیە سەر زمانی کاتێك کە ڕێی پێدرا لە نێوان سکڵ‌و دارخۆرمادا یان شیردا کامیان هەڵدەبژێرێت، سکڵەکەی هەڵگرت‌و نایە سەر زمانی ئەوە بوو نەیدەتوانی بە ابشی قسە بکات‌و

[1] الطبري (١٩/٥٧٥).

زمانی دەیگرت، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ٢٧ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ٢٨ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ٢٩ هَٰرُونَ أَخِي ٣٠ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ٣١ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي﴾[1] واتە: وە گرێی زمانیشم بەرەڵا بکە بۆ ئەوەی لە قسەکانم تێ بگەن، وە لە خزمو کەسی خۆم کەسێك بکەرە پشتیوانم، کە هاروونی برامە، پشتمی پێ قایم بکەو بەهێز بکە، بیکەرە هاوبەشم لە کارەکەمدا (گەیاندنی پەیامی خودا). ﴿وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا فَأَرۡسِلۡهُ مَعِيَ رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓ﴾ واتە: هارونی برام لە من زمانی ڕەوانترە لەگەڵم بینێرە یارمەتیم بداتو پشتگیریم لێ بکاتو بریکارو خاوکارم بێ لە ئیشەکەمدا، بڕوام پێ بکاتو ئەویشی بگەیەنێ بە خەڵکی، چونکە قسەی دوو کەس بەهێزترەو زیاتر کاردەکاتە سەر دڵی خەڵکی لە یەك کەس بۆیە گوتی: ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ﴾ واتە: دەترسم بڵێن: تۆ درۆزنی. موحەمەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: ﴿رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓ﴾ واتە: ئەو قسانەی من دەیکەم هارون بۆیان ڕوون بکاتەوە چونکە ئەوەی ئەوان لێم تێ ناگەن ئەو باش تێ دەگات.[2] کاتێك موسا ئەو داوایەی لە خودا کرد، خوای گەورە فەرمووی: ﴿قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ﴾ واتە: بەم زووانە کارەکەت بەهێز دەکەینو براکەت دەکەینە پشتگیرت کە داوات کرد بیکەینە پێغەمبەرو هاوکارت بێت، وەك خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿قَالَ قَدۡ أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ﴾[3] واتە: ئەی موسا تۆ هەرچیت داوا کرد پێت درا، وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥ مِن رَّحۡمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيّٗا﴾[4] واتە: وە لە بەزەییو بەخشندەیی خۆمان بەخشیمان بەو (موسا) هارونی برای کە پێغەمبەر بوو. بۆیە هەندێ لە زانایانی پێشینە (السلف) گوتیان: هیچ کەسێك منەتی ئەوەندە گەورەی نیە بەسەر برای خۆیەوە، بە ئەندازەی منەتی موسا بەسەر هاروونەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) چونکە ئەوەندە بۆی پاڕایەوە هەتا خوای گەورە کردی بە پێغەمبەر لەگەڵ موساداو ڕەوانەی کردنە سەر فیرعەونو دارو دەستەکەی. بۆیە خوای گەورە لە بارەی موساوە فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا﴾[5] واتە: (موسا) لای خوا ڕێزو پلەی هەبوو. واتە: موسا لای خودا جێی قەدرو ڕێزە. ﴿وَنَجۡعَلُ لَكُمَا سُلۡطَٰنٗا﴾ واتە: بە بەڵگە بەهێزەکانی خۆمان

---

[1] طه (٢٧-٣٢).

[2] الطبري (١٩/٥٧٧).

[3] طه (٣٦).

[4] مريم (٥٣).

[5] الاحزاب (٦٩).

دەسەڵاتتان دەدەینێ، ﴿فَلَا يَصِلُونَ إِلَيۡكُمَا بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ واتە: ئەو کەسانە بەهۆی ئایەتەکانی ئێمەوە ڕێیان پێ نادرێت کە دەستیان پێتان بگاتو ئازارتان بدەن کاتێك کە ئێوە پەیامی خودایان پێ بگەیەنن، وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتی تردا دەفەرمووێت: ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾[1] واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕایگەیەنە (بە خەڵك) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لە لایەن پەروەردگارتەوە وە ئەگەر وا نەکەی ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندووەو بەجێت نەهێناوە وە خوا تۆ دەپارێزێت لە خەڵکی (کە بتکوژن). وە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا﴾[2] واتە: کەسانێك کە پەیامەکانی خودا ڕادەگەیەنن وە لە (خودا) دەترسنو بێجگە لە خوا لە کەسی تر ناترسن خوا بەسە بە چاودێر. واتە: شوێنکەوتووی ئەوانن لەدنیاو لەڕۆژی دواییدا. وە دەفەرمووێت: ﴿أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلۡغَٰلِبُونَ﴾ واتە: تەنها ئێوە (موساو هارون) وەهەر کەس شوێنتان دەکەوێ سەرکەوتوون. وەك لە ئایەتی تریشدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ﴾[3] واتە: خودا نووسیویەتی کە بێگومان منو پێغەمبەرانم سەردەکەوین بە ڕاستی خودا توانای باڵادەستە.وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾[4] واتە: بە ڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمانو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین لە ژیانی دنیادا وە لەو ڕۆژەی (قیامەت) کە شایەتەکان هەڵدەسنەوە، ڕۆژێك پاکانەکردنی بێ باوەڕیان سوودیان پێ ناگەیەنێت هەموویان نەفرەتیان لێکراوەو خراپترین جێگایان هەیە.

﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا بَيِّنَٰتٖ قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّفۡتَرٗى وَمَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ مِنۡ عِندِهِۦ وَمَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٣٧﴾﴾

---

[1] المائدة (٦٧).

[2] الاحزاب (٣٩).

[3] المجادلة (٢١).

[4] الغافر (٥١-٥٢).

موسا (سەلامی خوای لیٚ بیٚت) لەبەردەم فیرعەون و گەلەکەیدا

خوای گەورە باسی چوونی موساو هارونی برای دەکات (سەلامی خوایان لیٚ بیٚت) بۆ لای فیرعەون‌و دەستەو بەستەکەی‌و نیشاندانی ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگە گەورانە کە خوای گەورە پیٚی داون، ڕاستی ئەوە دەسەلمیٚنن کە لە لایەن خوداوە ڕەوانە کراون کە فیرعەون‌و شویٚنکەوتووەکانی ئاگادار بکەن کە تەنها خودا بپەرستن‌و گویٚڕایەڵی فەرمانی ئەو بن، کاتیٚك فیرعەون‌و شویٚنکەوتووەکانی ئەو ڕاستیەیان بۆ دەرکەوت‌و بە چاوی خۆیان بینیان‌و گومانیان نەما کە لە لایەن خوداوەیە، کەوتنە لاساری‌و ئەوەندە بێ دین بوون دەستیان دایە خراپەکاری‌و مل وڕی ستەمکاری، پیٚیان شوورەیی بوو شویٚنی حەق بکەون، خۆیان زۆر بە زل دەزانی دەیان وت: وەك خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا بَيِّنَٰتٖ قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّفۡتَرٗى﴾ واتە: کاتیٚك کە موسا موعجیزە ڕوونەکانی ئیٚمەی بۆ هیٚنان ئەوان وتیان: ئەمە تۆ هیٚناوتە موسا تەنها جادوویەکی دەست هەڵبەستە، ویستیان بە فیٚڵ‌و فڕ خەڵکی فریو بدەن، بە شویٚن‌و پلەو پایە بیانخەڵەتیٚنن، بەڵام ئەوەیان بۆ نەچووە سەرو سەرکەوتوو نەبوون دەیان گوت: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ واتە: مەبەستیان ئەوە بوو شتی وایان لە باب‌و باپیرانیان نەبیستووە کە بە تەنها خودا بپەرستن‌و شەریکی بۆ دانەنیٚن، کەسیشیان نەدیووە لە باب‌و باپیرانیان تەنها خودایان پەرستبیٚت‌و لەسەر ئەم دینە بووبن، هەر کەسیشمان بینیبیٚ هەر شەریکی بۆ خودا داناوەو لەگەڵی پەرستوویەتی موساش (سەلامی خوای لیٚ بیٚت) وەڵامی دانەوەو پیٚی گوتن: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ مِنۡ عِندِهِۦ﴾ واتە: خودا لە هەموو کەس چاکتر دەزانیٚت کیٚ لە لای ئەوەوە ڕیٚنموونی هیٚناوە، واتە لە منیش‌و لە ئیٚوەش چاکتر دەزانیٚ وە بەم زووانە فەرمانی خۆی دەدا لە نیٚوان من‌و ئیٚوەداو لە یەکتری جیامان دەکاتەوە، بۆیە گوتی: وەك خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿وَمَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ﴾ واتە: کیٚ پاشەڕۆژیٚکی چاك‌و بەختەوەری دەبیٚت‌و سەرکەوتوو زاڵ دەبیٚت‌و پشتگیری دەکریٚت. ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ واتە: بیٚگومان ستەمکاران ڕزگار نابن، واتە: ئەوانەی کە شەریك بۆ خودای مەزن دادەنیٚن.

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ وَٱسۡتَكۡبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ إِلَيۡنَا لَا يُرۡجَعُونَ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذۡنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡيَمِّۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ

كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَا
يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ وَأَتْبَعْنَـٰهُمْ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلْمَقْبُوحِينَ ﴿٤٢﴾﴾

خۆ بەزلزانینی فیرعەون و پاشەڕۆژی

خوای گەورە باسی بێ دینیو سەرکەشیو درۆزنیو نەفس پیسی فیرعەون دەکات کە داوای خوایەتی کردووە لەعنەتی خوای لێ بێت. وەک خوای بالادەست فەرموویەتی: ﴿فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ﴾[1] واتە: داوای لە گەلەکەی کردووە کە بیکەنە خودای خۆیان ئەوانیش قەبوڵیان کردووە چونکە گەلێکی بێ عەقڵو دەبەنگ بوون، بۆیە فیرعەون پێی گوتوون وەک خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى﴾ واتە: فیرعەون وتی: ئەی گەورەو ئەشرافەکان وا نازانم جگە لە خۆم هیچ پەرستراوێکی ترتان هەبێت. وە لە چەند ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ ﴿٢٥﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ﴾،[2] واتە: گەلەکەی خۆی کۆکردەوەو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد من خودای هەرە بەرزی ئێوەم، ئەوانیش گوێ بیستی بوونو شوێنی کەوتن، بۆیە خوای گەورە تۆڵەی لێ سەندو کردیە پەندی زەمانە بۆ خەڵکی تر لە دنیاو لە قیامەتدا. ئەوەندە لەخۆبایی بوو گوتی بە موساش (سەلامی خوای لێ بێت) کە ئەویش قبووڵی بکاتو بیکاتە خودای خۆی. پاشان فیرعەون گوتی: وەک خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَأَوْقِدْ لِى يَـٰهَـٰمَـٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ﴾ واتە: فەرمانی دا بە وەزیرەکەی کە ڕاوێژکارو سەرپەرشتی کەری ژێردەستەکانی بوو کە خشتی قوڕی بۆ سوور بکاتەوەو کۆشکێکی زۆر بەرزو گەورەی بۆ دروست بکات. هەتا لەوێوە سەیری خواکەی موسای پێبکات، وەک خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰهَـٰمَـٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَـٰبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَـٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ﴾[3] واتە: فیرعەون وتی ئەی هامان کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە بەڵکو بگەمە ئەو ڕێگایانە، کە ڕێگاکانی (بەرزبوونەوەن بۆ) ئاسمانەکان بۆ ئەوەی (لەوێوە) سەیری خواکەی موسا بکەم وە بە ڕاستی من وا گومان دەبەم ئەو

---

[1] الزخرف (٥٤).
[2] النازعات (٢٣-٢٦).
[3] الغافر (٣٦-٣٧).

(موسا) درۆزنە ئا بەو جۆرە ڕازێنرایەوە بۆ فیرعەون کردەوەی خراپی وە (بە هۆیەوە) بەرگری کرا لە ڕێگای ڕاست وە هەر فێڵ و پلانێکی فیرعەون هەبوو بە فیڕۆچوو. فیرعەون ئەو کۆشکەی کە دروستی کرد لە دنیادا کۆشکێکی تری وا نەبوو، ویستی بەو شێوەیە دەری بخات بۆ ژێردەستەکانی کە هەر ئەو خودایانەو، موسا بە درۆ بخاتەوە کە دەڵێت خودایەکی تر هەیە غەیری فیرعەون بۆیە گوتی: ﴿وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ واتە: من بە درۆزنی دەزانم کە دەڵێت: بێجگە لە من خودایەکی تر هەیە، لەبەر ئەوە نەبوو کە موسا دەیگوت من پێغەمبەرم فیرعەون بڕوای پێ نەدەکرد، بەڵکو هەر دانی بە خودایەتی خوای گەورەدا نەدەنا کە وەدیهێنەرە، چونکە فیرعەون دەیگوت: ﴿وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾[1] واتە: پەروەردگاری جیهانیان کێیە. وە دەیگوت: ﴿لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ﴾[2] واتە: سوێند بێت ئەگەر پەرستراوێکی تر جگە لە من دابنێیت بێگومان دەتخەمە ڕیزی بەندکراوانەوەو زیندانیت دەکەم. وە دەیگوت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي﴾ ئەمە قسەی ئیبنو جەریرە.[3] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ﴾ واتە: فیرعەون و سەربازەکانی وایان دەزانی ناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە دەستیان دابووە تاوان و خراپەکاری و زۆرداری لەسەر زەمیندا، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴿١٣﴾ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ﴾[4] واتە: خوای گەورە بەر قەمچی ئازاری خۆی دەدان و بێگومان پەروەردگاری تۆ هەمیشە ئاگای لێیانەو چاودێرە بەسەریانەوە، بۆیە لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿فَأَخَذْنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ﴾ واتە: جا تۆڵەمان لە ئەو (فیرعەون)و لەشکرو سەربازەکانی سەندو فڕێمان دانە ناو ئاوی نیلەوە ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ واتە: ئینجا سەرنج بدە (ئەی موحەمەد (ﷺ)) سەرەنجامی ستەمکاران چۆن بوو. وە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا يُنصَرُونَ﴾ واتە: ئەوانمان کردە پێشەوایانێك کە خەڵك بانگ دەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ وە لە ڕۆژی دوایشدا یارمەتی نادرێن، واتە:

---

[1] الشعراء (٢٣).

[2] الشعراء (٢٩).

[3] الطبري (١٩/٥٨٠).

[4] الفجر (١٣-١٤).

سەرشۆڕی دنیاو قیامەتن. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَهْلَكْنَٰهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ﴾[١] پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَتْبَعْنَٰهُمْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً﴾ واتە: لەم دنیایەدا نەفرینمان نار بە دوایاندا، یانی خوای گەورە رێگەی داوە لەعنەت بکرێت لە فیرعەون‌و دارودەستەکەی لەسەر زبانی خاوەن باوەڕان ئەوانەی کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانن. وەك چۆن لەعنەتیان لێ کرا لە لایەن پێغەمبەران‌و شوێنکەوتوانیانەوە. ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلْمَقْبُوحِينَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتیشدا ئەوانە لە بێزراوو دوورخراوەکانن. قەتادە دەڵێ: ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأُتْبِعُوا۟ فِي هَٰذِهِۦ لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ﴾[٢]، [٣] واتە: وە لەم (دنیا)دا نەفرینیان بە شوێندا نێردراوە هەروەها لە ڕۆژی قیامەتیشدا ئایا چەند خراپە ئەو بەخشراوەی پێیان بەخشرا.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٣﴾﴾

باسی بەهرەکانی خودا لەسەر موسا (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای گەورە باسی ئەوبەهرانەدەکات کەدای بەموسا(سەلامی خوای لێ بێت) لە ڕەوانەکردنی تەورات بۆی پاشان لەناوبردنی دارو دەستەی فیرعەون، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ﴾ واتە: پاش ناردنی تەورات بۆ موسا (سەلامی خوای لێ بێت) خودا هیچ گەلێکی بە تەواوی بەرباد ـ قڕ ـ نەکردووە، بەڵکو فەرمانی داوە کە خاوەن باوەڕان بجەنگن دژی موشریك‌و دوژمنانی خودا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوْا۟ رَسُولَ رَبِّهِمْ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً﴾[٤] واتە: (هەر بەو ڕەنگە) فیرعەون‌و گەلانی پێش ئەوو (دانیشتوانی دێهاتە) سەرەو ژێربووەکان هاتن بە گوناهو خراپەوە، بێ فەرمانی پێغەمبەری پەروەردگاریان کرد ئەوسا گرتنی بە گرتنێکی زۆر سەخت. وە دەفەرموێت: ﴿بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ واتە: ببێتە هۆی ئاوڕۆشنی‌و شارەزایی بەزەیی لە کوێری‌و سەر لێشێواوی، واتە:

---

[١] محمد (١٣).

[٢] هود (٩٩).

[٣] الطبري (١٩/٥٨٣).

[٤] الحاقة (٩-١٠).

شارەزاکردنیان بۆ ئاکاری چاك. ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾ واتە: بەڵکو هۆشیان بێتەوە سەر خۆیانو دەست کۆتا کەن لە تاوانو خراپەکاری بەهۆی ئەو کتێبەوە.

﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ وَمَا كُنتَ مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٤٤﴾ وَلَٰكِنَّآ أَنشَأْنَا قُرُونًا
فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ
﴿٤٥﴾ وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَٰكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن
قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوْلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا۟ رَبَّنَا لَوْلَآ
أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾﴾

ئاکاری لەسەر سەلماندنی پێغەمبەریەتی موحەمەد (ﷺ)

خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەسەر ڕاستی پێغەمبەریەتی موحەمەد (ﷺ)و پێمان دەسەلمێنێت کاتێك کە باسی شاراوەکانی ڕابردوومان بۆ دەکات، بە شێوەیەك کە ئەو کەسەی دەیبیستێ وا دەزانێ چاوی لێی بووەو لەو شوێنە بووە کە ئەو ڕووداوە تیایدا ڕوویداوە، ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە پیاوێکی نەخوێندەوار بوو لەناو گەلێکیشدا تەمەنی بەسەر بردووە کە خوێندەواری لەناویاندا نەبووە، لەو شتە نادیارو شاراوانە کە خوای گەورە باسی کردووە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باسی مەریەمو ئەو ڕووداوەی کردووە کە بەسەری هاتووە. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾[1] واتە: تۆ لەوێ نەبووی ئەی موحەمەد (ﷺ) کاتێك کە قەڵەمیان فڕێدا کێ سەرپەرشتی مەریەم بێت، وە لەو کاتەشدا لەناو خۆیاندا کێشەیان بوو تۆ لەوێ نەبووی. بەڵام خوای گەورە تۆی ئاگادر کرد، هەروەها کاتێك کە باسی نوح پێغەمبەری (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ دەکات لەگەڵ هۆزەکەیدا، کە چیان بەسەرهات، وە چۆن نوحو خاوەن باوەڕانی لە خنکان ڕزگارکردو گەلەکەی هەمووی نوقمی ئاوکردو خنکاندنی، پاشان دەفەرمووێت: ﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴾[2] واتە: ئەمانە لەو هەواڵە نادیارانەن کە تۆی لێ ئاگادار دەکەین نە تۆ زانیوتەو نە هۆزەکەشت لەمەوبەر، خۆڕاگر بە پاشەڕۆژ هەر بۆ لە خواترسانە. وە لە کاتی سوڕەتی هودا

---

[1] ال عمران (٤٤).

[2] هود (٤٩).

دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ﴾[1] واتە: ئەمە هەندێ لە دەنگو باسی ئەو شارانەیە کە بۆتی دەگێڕینەوە. وە لێرەشدا دوای ئەوەی کە باسی بەسەرهاتی موسای کرد (سەلامی خوای لێ بێت) لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بەسەرهاتەکەو کە چۆن لە سەرەتاوە ئاگاداری کردو قسەی لەگەڵ کردو دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِىِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ﴾ واتە: ئەی موحەمەد (ﷺ) تۆ لە لای خۆرئاوای کێوەکەوە نەبووی کە خودای مەزن قسەی لەگەڵ موسا کرد لە لای ئەو درەختەوە کە لە خۆرهەڵاتی کەناری ئەو دۆڵەوە بوو ﴿وَمَا كُنتَ مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ واتە: تۆ لەوێ ئامادە نەبووی. بەڵام خوای گەورە ئاگاداری کردی، لە ژیانی ئەو گەلانە کە چۆن لەناو چوون، پاشان خوای گەورە پێغەمبەرانی ئاگادارکردووەو پەیامی بە ئەو پێغەبەرانەدا (سەلامی خوایان لێ بێت) ڕەوانەکردووە بۆیان. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَٰكِنَّآ أَنشَأْنَا قُرُونًا فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ ۚ وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا﴾ واتە: ئێمە خەڵکی زۆرمان وەدی هێناو زۆریش ژیان وە لەناو خەڵکی مەدیەنیش نەبووی کە نیشانەکانی ئێمەیان بۆ بخوێنیتەوە، ئاگاداری پێغەمبەر شوعەیبیش نەبووی (سەلامی خوای لێ بێت) لەناو گەلەکەیدا چی بەسەر هاتو چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. ﴿وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ﴾ واتە: بەڵام ئێمە تۆمان ئاگادار کردو کردمانی بە پێغەمبەرورەوانەمان کردی بۆ سەر خەڵکی. قەتادە دەڵێ: ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا﴾ واتە: تۆ لە نزیکی کێوی تور نەبووی کە موسامان بانگ کرد. ئەم والله أعلم هەر لەم ئایەتە دەچێت کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِىِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ﴾ پاشان لێرەدا بە شێوەیەکی تر باسی کردووە کە تایبەت ترە لەو ئایەتەی پێشوو کە بانگکردنە، وەك لەم ئایەتەی تریشدا باسی کردووەو فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ﴾[2] واتە: (باسی بکە) ئەو کاتەی پەروەردگارت بانگی موسای کرد. وە فەرموویەتی: ﴿إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾[3] واتە: کاتێك پەروەردگاری بانگی کرد لە شیوی پیرۆزی طووا. وە فەرموویەتی: ﴿وَنَٰدَيْنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَٰهُ نَجِيًّا﴾[4] واتە: وە ئێمە ئەومان بانگ کرد لە لای ڕاستی کێوی طورەوە ئەو (موسا)مان نزیك کردەوە تا قسەی لەگەڵ بکەین.

---

[1] هود (١٠٠).

[2] الشعراء (١٠).

[3] النازعات (١٦).

[4] مريم (٥٢).

پاشان خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَٰكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ واتە: ئەمەیش دلۆڤانیە لە لایەن پەروەرندەتەوە بۆ تۆ کە ئەو شتانەت نەدیووە، بەلام خوای گەورە ئاگاداری کردوویتو هەوالی پێداویت، بە بەزەیشەوە بۆ بەندەکانی کە تۆی بۆ ڕەوانەکردن. ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ واتە: بۆ ئەوەی گەلێك بترسێنێت کە پێش تۆ کەسی وا نەبووە بیانترسێنێت بەلکو بیر بکەنەوەو شارەزا ببن بەو پەیامەی کە تۆ بۆت هێناون لە لایەن خوداوە. ﴿وَلَوْلَا أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: لەبەر ئەوە نەبووایە تووشی بەلایەك ببن بە هۆی کرداری خۆتانەوەو پاشان بێژن: ئەی خودایە بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ نەناردووین، بۆیە ئێمە تۆمان ئەی موحەمەد(ﷺ) ڕەوانەکرد بۆیان هەتا هیچ بیانوویەکیان نەمێنێ بەلگە بێت بەسەریانەوە کاتێك کە سزای خوایان بۆ دابەزی بە هۆی ئەو خراپەکاریو دوور لە خواییانە، پاشان بیکەنە بیانوو، بلێن هیچ کەسێك نەهاتووە بمانترسێنێ، نە پێغەمبەرو نە ترسێنەر، بۆ ئەوەی شوێن ئایەتەکانت بکەوتینایە، وە لە بڕواداران بووینایە. وەك خوای گەورە پاش ئەوەی باسی ناردنە خوارەوەی قورئانی کردووە فەرموویەتی: ﴿أَن تَقُولُوا إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ فَقَدْ جَاءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾[1] واتە: لەبەر ئەوەی نەلێن بێگومان کتێب تەنها بۆ سەر دوو کۆمەلی (گاورو جوولەکە) نێردراوەتە خوارەوە لە پێش ئێمەدا کە بەڕاستی ئێمە لە خوێندنەوەو لێکۆلینەوەی کتێبەکانیان بێئاگابوون وە بۆ ئەوەی نەلێن بەڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە بهاتبایە ئەوە ئێمە لەوان ڕێنموون تر دەبووین ئەوە بێگومان بەلگەو نیشانە (قورئان)ی ڕوونتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە ڕێنموونیو میهرەبانیەکی گەورەیە. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾[2] واتە: پێغەمبەران (مان ناردووە) کە مژدەدەرنو ترسێنەرن بۆ ئەوەی بۆ خەلکی نەبێت بەلگە بەسەر خوداوە دوای (ناردنی) پێغەمبەران. وە فەرموویەتی: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ الرُّسُلِ أَن تَقُولُوا مَا جَاءَنَا مِن بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ﴾.[3] واتە: ئەی نامەدارەکان بێگومان

---

[1] الانعام (١٥٦ـ١٥٧).

[2] النساء (١٦٥).

[3] المائدة (١٩).

نێردراوەکەمان هات بۆ ناوتان (بەرنامەی خوا) ڕوون دەکاتەوە بۆتان پاش ماوەیەك لە ناردنی پێغەمبەران لەبەر ئەوەی نەڵێن: نەهات بۆ لامان هیچ مژدەدەرو ترسێنەرێك ئەوەتا بێگومان مژدەدەرو ترسێنەرتان بۆ هاتووە.ئایەت لەم بارەیەوە زۆرە. والله أعلم.

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ لَوْلَآ أُوتِىَ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ مُوسَىٰٓ ۚ أَوَلَمْ يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۖ قَالُوا۟ سِحْرَانِ تَظَٰهَرَا وَقَالُوٓا۟ إِنَّا بِكُلٍّ كَٰفِرُونَ ﴿٤٨﴾ قُلْ فَأْتُوا۟ بِكِتَٰبٍ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَآ أَتَّبِعْهُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٩﴾ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ۞ وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ ٱلْقَوْلَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥١﴾ ﴾

لاساری خوانەناس و وەڵامدانەوەیان

خوای گەورە باسی ئەو گەلانە دەکات ئەو سزای بدانایە پێش ئەوەی بەڵگەی تەواویان بداتێ دەیان کردە بیانو دەیانگوت: ئێمە پێغەمبەرمان بۆ نەهاتووە، کەچی هەر ئەوانە کاتێك بەڵگەی ڕاستیان لە لایەن منەوە بۆ هات لەسەر زمانی موحەمەد (ﷺ) هەر لەسەر لاساریو ڕکیو بێ دینی خۆیان مانەوەو دەیانگوت: وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ لَوْلَآ أُوتِىَ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ مُوسَىٰٓ ۚ أَوَلَمْ يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ﴾ واتە: ئینجا کاتێك ڕاستیان بۆ هات لە لایەن ئێمەوە وتیان بۆچی بەو (موحەمەد) (ﷺ) نەدراوە وێنەی ئەوەی بە موسا دراوە، ئایا ئەوان پێشتر بێ بڕوا نەبوون بەوەی درابوو بە موسا،مەبەستیان لەو موعجیزانەی موسا بوو وەك: عەساکەی دەستیو زریانو لافاوو کوللەو ئەسپێو بۆقو خوێنو کەمی کشتوکاڵو بەروبووم ـ کە تەنگی بە دوژمنانی خوای گەورە هەڵچنیبوو ـ ئەو موعجیزانەی تریش وەك لەتکردنی دەریاو سێبەرکردنی هەورو باراندنیو ناردنی گەزۆو شەلاقەو ڕیشۆڵە ـ المن السلوى ـ چەندین نیشانەی تری گەورەو بەڵگەی بەهێز کە خودای گەورە لەسەر دەستی موسادا (سەلامی خوای لێ بێت) وەدی هێنا. کە کردنیە بەڵگە لەسەر فیرعەونو دارو دەستەکەیونەوەی ئیسرائیل، ئەمانەهەمووی کاری نەکردە سەر فیرعەونو شوێنکەوتووەکانی. بەڵکو هەر لەسەر خوانەناسی خۆیان بەردەوام بوونو بڕوایان بە موساو هاروونی برای نەکرد. پێیان دەگوتن: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ ﴾[1] واتە: وتیان ئایا هاتووی بۆ لامان بۆ ئەوەی

[1] یونس (٧٨).

لامان دەی لەوەی باووباپیرانمان لەسەری بوون تا بۆ هەردووکتان (موساو هارون) بێت گەورەیی (سەرۆکی) لە زەویدا وە ئێمە هەرگیز باوەڕتان پێ ناکەین. وە فەرموویەتی: ﴿فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْلَكِينَ﴾[1] واتە: لەبەر ئەوە باوەڕیان پێ نەهێنان ئەمانیش (وەك گەلانی تر) لەناوبران.

یاخی بووەکان باوەڕ ناهێنن بە موعجیزەکان

بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ﴾ واتە: ئایا ئەو خەڵکە دەستیا نەدایە خوانەناسیو ئەوەی بە موسادا ناردمان لێی دوور دەکەوتنەوە. ﴿قَالُوا۟ سِحْرَانِ تَظَـٰهَرَا﴾ واتە: دەیان وت: (قورئانو تەورات) دوو سیحرو جادوون پشتگیری یەکتر دەکەن ﴿وَقَالُوٓا۟ إِنَّا بِكُلٍّ كَـٰفِرُونَ﴾ واتە: وە دەیان گوت: بێگومان ئێمە بێ بڕواین بە هەموویان (قورئانو تەورات).

درۆ هەڵبەستن بە دەم موساو هارونەوە کە جادووگەرن

موجاهیدی کوڕی جەبر - جبر - دەڵێ: جوولەکەکان گوتیان بە قورەیشیەکان کە بێژن بە موحەمەد (ﷺ) بۆچی ئەوەی بۆ موسا هاتووە بۆ تۆ نەهاتووە، واتە: موسا ئەو هەموو موعجیزەی هەبووە تۆ بۆچی موعجیزەت نیە، خوای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۖ قَالُوا۟ سِحْرَانِ تَظَـٰهَرَا﴾. موجاهید دەڵێ: گوتیان ئەمانە جادووگەرن پشتی یەکتری دەگرنو یارمەتی یەکتر دەدەنو قسەی یەکتری لە زەوی نادەن.[2] سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبو ڕەزین گوتوویانە: ﴿سِحْرَانِ﴾ مەبەستیان موساو هارونە.[3] ئەم قسەیە قسەیەکی چاکو بەهێزە، والله أعلم.

وەڵام دانەوەی بوختانەکەیان

بەڵام ئەوانەی خوێندوویانەتەوە بە: ﴿سِحْرَانِ تَظَـٰهَرَا﴾ عەلی کوڕی ئەبو تەڵحەو ع دەڵێن: لە ئیبنو عەباسەوە: مەبەستیان تەوراتو قورئان بووە.[4] پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ فَأْتُوا۟ بِكِتَـٰبٍ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَآ أَتَّبِعْهُ﴾ واتە: (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ: دەی ئێوە کتێبێك لە لایەن خوداوە بێنن کە ئەو (کتێبە) ڕاستتر بێت لەو دووانە (قورئانو تەورات) من شوێنی دەکەوم. زۆرجار خوای گەورە هاوتاییو نزیکیەکی لە نێوان قورئانو تەوراتدا نیشان داوە. وەك فەرموویەتی:

---

[1] المؤمنون (٤٨).

[2] الطبري (١٩/٥٨٨).

[3] الطبري (١٩/٥٨٩).

[4] الطبري (١٩/٥٩٣).

﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ﴾[1] واتە: ؟؟؟؟؟ ئەم قورئانە ناردوومانەتە خوارەوە پیرۆزو فەڕدارە. وە لە كۆتایی ﴿ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾[2] واتە: لە پاش ئەوە تەوراتمان بەخشی بە موسا بۆ تەواوكردنی چاكەو بەهرەمان بەرامبەر كەسێك كە بە چاكە پێی هەڵساوە وە ڕوونكەرەوەی هەموو شتێك بێت وە ڕێنیشاندەرو ڕێنموونیو میهرەبانی بێت بۆ ئەوەی باوەڕبهێنن بە گەیشتنیان بە حزووری پەروەردگاریان، وە ئەم قورئانە پیرۆزە بە فەرمان ناردۆتە خوارەوە كەواتە ئێوەش شوێنی بكەونو خۆتان بپارێزن (پارێزگار بن) تا ڕەحمتان پێ بكرێت. جنۆكەیش گوتوویانە: ﴿يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾[3] واتە: بە ڕاستی ئێمە گوێ بیستی كتێبێك بووین كە لە پاش موسا نێردراوەتە خوارەوە پەڕاوەكانی پێش خۆی بەڕاست دادەنێت. وەرەقەی كوڕی نەوفەل دەڵێ: ئەمە ئەو ناموسەیە ـ جبریل ـ كە تەوراتی هێنا بۆ موسا. زۆر دیارو ئاشكراشە بۆ كەسێك كە خاوەنی عەقڵو زانست بێت كە خودای گەورە هیچ كتێبێكی لە ئاسمانەوە ڕەوانە نەكردووە لەو كتێبانەی كە ڕەوانەی كردووە بۆ پێغەمبەرەكان (سەلامی خوایان لێ بێت) تەواوترو ڕەوانترو گەورەترو بەڕێزتر لە قورئانی پیرۆز، كە ناردوویەتی بۆ موحەممەد (ﷺ) دوای قورئان بە ڕێزترینو گەورەترین كتێب تەوراتە كە ناردوویەتی بۆ موسای كوڕی عیمران (سەلامی خوای لێ بێت) ئەو كتێبەیە كە خوای گەورە لە بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ﴾[4] واتە: بێگومان ئێمە تەوراتمان ناردە خوارەوە كە ڕێنموونیو ڕووناكی تێدابوو ئەو پێغەمبەرانە حوكمیان پێ دەكرد كە موسڵمانو ملكەچ بوون بۆ ئەوانەی كە جوولەكە بوون هەروەها زانا خواناسەكانو زانا شەرع زانەكان (حوكمیان پێ دەكرد) بە هۆی ئەوەی فەرمانی پارێزگاری كتێبی

---

[1] الانعام (٩٢).

[2] الانعام (١٥٤ـ١٥٥).

[3] الاحقاف (٣٠).

[4] المائدة (٤٤).

خوا (تەورات)یان پێ کرابوو (لە لایەن پێغەمبەرەکانیانەوە) وە شایەتیش بوون لەسەری. ئینجیلیش هاتووەتە خوار بۆ تەواوکردنی تەوراتو حەڵاڵکردنی هەندێك شت کە حەرام بوو لەسەر نەوەی ئیسرائیل، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِّنْ عِندِ اللَّهِ هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ واتە: ئەگەر ڕاست ئێژنو دەتانەوێ یارمەتی ڕاستی پێ بدەنو دژایەتی پڕوپووچی پێ بکەن، کتێبێ لە لایەن خوداوە بێنن لەوانە زیاتر ڕێگا نیشان بدات.

دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کە ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهان

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ﴾ واتە: ئەگەر ئەوەی تۆ پێیان ئێژی بە گوێیان نەکردیو شوێنی ڕاستی نەکەوتن. ﴿فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ﴾ واتە: بزانە ئەوانە شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون، بەبێ هیچ بەڵگەو نیشانەیەك، ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ﴾ واتە: کێ لەو کەسە گومڕاترە کە شوێنی ئارەزووی خۆی دەکەوێت بەبێ هیچ بەڵگەیەك کە لە کتێبی خواوە وەرگیرابێت. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: بێگومان خودا گەلی ستەمکار شارەزا ناکات. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ الْقَوْلَ﴾ واتە: بە بەردەوام ئەو قسانەمان پێ دەگەیاندن، موجاهید دەڵێ: بەردەوام بۆمان شی کردنەوە.[1] سودی دەڵێ: بۆمان ڕوون کردنەوە.[2] قەتادە دەڵێ: خوای گەورە دەفەرموێت: هەواڵی دانێ کە چی بەسەر گەلەکانی تر هێنا. کە ڕابوردن، چۆنی لێ کردن، ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾[3] واتە: بەڵکو پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، موجاهیدو کەسانی تریش دەڵێن: ﴿وَصَّلْنَا لَهُمُ﴾ واتە: قوڕەیشیش.[4] واتە: ئەو قسانەشمان بۆ هۆزی قوڕەیشیش ڕوون کردووەتەوە ـ والله أعلم ـ.

﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِن قَبْلِهِ هُم بِهِ يُؤْمِنُونَ (٥٢) وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ (٥٣) أُولَٰئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (٥٤) وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ (٥٥)﴾

---

[1] الطبري (١٩/٥٩٣).

[2] ابن ابي حاتم (٩/٢٩٨٧).

[3] الطبري (١٩/٥٩٣).

[4] الطبري (١٩/٥٩٤).

خاوەن باوەڕانی ئەهلی کتێب

خوای گەورە باسی زانا خواناسەکان دەکات لە ئەهلی کتێب کە بڕوایان بە قورئان هەیە، وەك دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ﴾[1] واتە: ئەوانە کە نامەمان پێداون بە ڕاستی دەوری دەکەنەوە ئەوانە بڕوا دەهێنن بە ڕێنموونی خوا (کە ئیسلامە). وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَمَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِمۡ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ﴾[2] واتە: بێگومان لەناو نامەدارەکاندا هەیە کەسانێك کە بڕوا دەهێنن بە خواو ئەو نامەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە وە بەو نامەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆیان ملکەچن بۆ خوا. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهِۦٓ إِذَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ يَخِرُّونَ لِلۡأَذۡقَانِ سُجَّدٗا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعۡدُ رَبِّنَا لَمَفۡعُولٗا﴾[3] واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە زانیاریان پێ برخشراوە لە پێش ئەم (قورئانە)دا کاتێك (قورئان) بخوێنرێتەوە بە سەریاندا بە چەسپانی دەکەون بە ڕوودا بە سوژدە بردن، وە دەڵێن پاکو بێگەردی بۆ پەروەردگارمان بە ڕاستی هەمیشە بەڵێنی پەروەردگارمان بەدی دێت. وە دەفەرمووێت: ﴿۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلۡحَقِّۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾[4] واتە: وە سوێند بێت دەبینیت نزیکترینیان لە خۆشەویستی بۆ بڕواداران ئەوانەن کە دەیان وت بێگومان ئێمە گاوریین ئەوەش لەبەر ئەوەیە بێگومان لە ناویاندا قەشەو کۆشەگیرانێك هەن کە بە ڕاستی ئەوان خۆیان بە زلو گەورە دانانێن، هەر کاتێك گوێیان لێ بووایە ئەو قورئانەی کە نێردراوەتەوە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەبینی چاوەکانیان لە فرمێسك (پڕ دەبێتو) دەڕژێت لەبەر ئەو ڕاستیەی کە زانیویانە (و بۆیان دەرکەوتووە) دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئەوا ئێمە باوەڕمان هێنا دە تۆش لەگەڵ شایەت دەران بمان نووسە. سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ ئەم ئایەتە لەسەر حەفتا قەشە ـ قسیس ـ هاتە خوارەوە کاتێك کە نەجاشی ناردنی

[1] البقرة (١٢١).

[2] ال عمران (١٩٩).

[3] الاسراء (١٠٧ـ١٠٨).

[4] المائدة (٨٢ـ٨٣).

بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك گەیشتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) ﴿يسٓ ۝١ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ﴾ی بۆ خوێندن هەتا کۆتایی سورەتەکە قەشەکان گریانو موسڵمان بوونو ئەم ئایەتانە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە کە دەفەرمووێت:[1] ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ئەو کەسانەی لە پێشدا کتێبی ئاسمانیان پێ دابوون ئەوانە بڕوا دێنن بە قورئان. وە پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِۦ مُسْلِمِينَ﴾ واتە: کاتێك بەسەریاندا بخوێنرێتەوە ئێژن: بڕوامان پێی هەبووە کە بێگومان ڕاستەو لە لایەن پەروەردگارمانەوە هاتووە، واتە: ئێمە پێش هاتنی ئەو قورئانە هەر موسڵمان بووینو خودامان بە تەنها ناسیووەو شەریکمان بۆ دانەناوەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بووین، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا۟﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم سیفەتانە بوون کە بڕوایان بووە بە کتێبی یەکەمو پاشانیش بڕوایان هێناوە بە کتێبی دووەمیش (دووجار پاداشت دەدرێنەوە، جارێك لەبەر ئەوەی بڕوایان بووە بە پێغەمبەری یەکەمو جاری دووەمیش کە بڕوایان هێناوە بەم پێغەمبەرە(ﷺ)) بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿بِمَا صَبَرُوا۟﴾ واتە: بە هۆی خۆڕاگریانەوە لەسەر هەق چونکە ئەو خۆڕاگریە ئا بەو شێوەیە زۆر گرانە لەسەر نەفس. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە عامیری شەعبیەوە ـ عامر الشعبي ـ لە ئەبو بوردەوە ئەویش لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (سێ کەس دووجار پاداشتیان دەدرێتەوە: پیاوێك لە ئەهلی کتێب کە بڕوای بووە بە پێغەمبەرەکەیو پاشان بڕوای بە منیش هێناوە، وە عەبدێکی کۆیلە کە هەقی خوداو خاوەنەکەی دابێت، وە پیاوێك: کەنیزەیەکی کۆیلەی لابێتو بە چاکی پەروەردەی کردبێتو پاشان ئازادی کردبێتو دوای ئەوەش مارەی کردبێت).[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو ئومامەوە دەڵێ: من لەبەردەم وشترەکەی پێغەمبەر بووم (ﷺ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا قسەیە زۆر چاكو جوانی فەرموو، لەو قسانە فەرمووی: (هەر کەسێك لە ئەهلی کتێب موسڵمان بوویێت دووجار پاداشتی هەیە، ئەوەی بۆ ئێمە هەیە بۆ ئەویش هەیە، ئەوەش لەسەر ئێمەیە لەسەر ئەویشە، وە ئەو کەسەی موشریکەو موسڵمان بووە پاداشتی خۆی هەیە، ئەوەی بۆ ئێمە هەیە، بۆ ئەویش هەیەو ئەوەش لەسەر ئێمەیە لەسەر ئەویشە).[3] ﴿وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ﴾ واتە: وەڵامی خراپە بە خراپە

---

[1] ابن ابي حاتم (٩/٢٩٨٨).

[2] فتح الباري (١/٢٢٩).

[3] أحمد (٥/٢٥٩)، ئەم فەرموودەیە جمهور بە لاوازیان داناوە.

نادەنەوە بەڵکو چاوپۆشی دەکەن لە خراپەو لێبوردەن ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ واتە: ئەو بژێویەی کە خودا پێی داون لە ماڵی حەڵاڵ لە ڕێی خوادا دەیبەخشن بە خەڵکی هەژارو سەرفی دەکەن بۆ ماڵو منداڵو کەس‌و کاری خۆیان، وەك زەکاتو خێروبێری تر جگە لە ماڵی زەکات. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغْوَ أَعْرَضُواْ عَنْهُ﴾ واتە: هەر کاتێك گوێیان لە قسەی خراپو بێ سوودی خەڵکی بووایە تێکەڵیان نەدەکردنو لێیان دوور دەکەوتنەوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغْوِ مَرُّواْ كِرَامًا﴾[1] واتە: کاتێك تێپەڕ بن بە لای شتی بێ سوود دا (ئەنجام دبرێت لە لایەن نەفامانەوە) تێپەڕ دەکەن بەڕێزەوە (بێ گوێدانە نەفامان). ﴿وَقَالُواْ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِى ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ واتە: کاتێك کەسێکی نەفامو هەرزە قسەیەکی ناشیرینی پێ بگوتنایە، شایەنی ئەوە نەبووایە وەڵامیان نەدەدایەوەو گوێیان پێ نەدەداو بەو شێوەیەی ئەوان بە قسەی ناشیرین وەڵامیان نەدەدانەوە، وتەی شیرین نەبێت بە دەمیاندا نەدەهات، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەو پیاو چاکانە گوتیان: ﴿لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِى ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ واتە: ئێمە نامانەوێ بە ڕێی نەفاماندا بڕۆینو خۆشیمان لێیان نایە.

﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ وَقَالُوٓاْ إِن نَّتَّبِعِ ٱلْهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَآ ۚ أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا ءَامِنًا يُجْبَىٰٓ إِلَيْهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَىْءٍ رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾

خودا مەیلی لە هەر کەسێك بێت شارەزای ڕێگەی دەکات

خوای گەورە دەفەرمووێت بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەی موحەمەد: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ﴾ واتە: تۆ ناتوانی کەسێك شارەزا بکەی کە خۆشت دەوێت، بەڵکو تۆ هەر کەیاندنت لەسەرە خودا مەیلی خۆیەتی کێ شارەزا دەکات، هەر کارێك خودا بیکات پڕە لە نیشانەی گەورەو لە کارزانی وەك دەفەرمووێت: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾[2] واتە: لەسەر تۆ نیە (ئەی موحەمەد (ﷺ)) ڕێنموونیو موسڵمان کردنی خەڵکی بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێ هیدایەتی دەدات. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾[3] واتە: وە زۆربەی خەڵکی

---

[1] الفرقان (٧٢).

[2] البقرة (٢٧٢).

[3] يوسف (١٠٣).

هەرچەندە تۆسووربیت(لەسەر باوەڕهێنانیان) نابنە ئیماندار. ئەم ئایەتە لە هەموو ئایەتەکانی تر تایبەتترە، وەك دەفەرمووێت: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ واتە: بە ڕاستی (ئەی موحەمەد ـ ﷺ ـ) تۆ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشی بوویت ڕێنموونی بکەی بەڵام خوا هەر کەسی بوویت هیدایەتی دەدات وە ئەو (خوایە) زاناترە بەوانەی ڕێنمونی وەردەگرن، وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە ئەم ئایەتە لەسەر ئەبو تالیبی مامی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووەتە خوارکە هەمیشە بە دەوری پێغەمبەرەوە بووە (ﷺ) وە یارمەتی داوەو لە ڕێزی ئەوا بووەو زۆر پێغەمبەری خۆش ویستووە، خۆشەویستی سروشتی خۆی نەك لەبەر خاتری خوا، کاتێك مردنی نزیك بووەوە لە گیاندانا بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای لێ کرد بڕوا بێنێ‌و موسڵمان ببێت، قەدەریش پێش کەوت کەوت‌و لە دەستی فڕاند ئەبو تالیب هەر لەسەر خوانەناسی خۆی بەردەوام بوو، ئیشی خوا پڕە لە حیکمەت. زەهەری ـ الزهری ـ دەڵێ: سەعیدی کوڕی موسەیب بۆی گێڕامەوە لە باوکیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: کاتێك ئەبو تالیب خەریك بوو دەمرد ـ گیانی دەدا ـ پێغەمبەری خوا هاتە لای، لەو کاتەدا ئەبو جەهل‌و عەبدوڵای کوڕی ئەبو ئومەییەی موغیرە لە لای ئەبو تالیب بوون، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی مامە بڵێ ـ لا اله الا الله ـ وتەیەکە هەتا بە هۆی ئەو وتەیەوە بۆت بلاڵێمەوە) ئەبو جەهل‌و عەبدوڵای کوڕی ئومەیە گوتیان: ئەی ئەبو تالیب ئایا پشت لە ئاینی عەبدولموتەلیب ـ عبدالمطلب ـ دەکەی؟ بەردەوام پێغەمبەری خوا داوای لێ دەکردو ئەوانیش ئەو قسەیەی خۆیان بۆ دووبارە دەکردەوە. هەتا ئاخیر قسەی ئەبوتالیب ئەوەبوو گوتی: کە لەسەر ئاینی عەبدولموتەلیبەو نەی گوت: ـ لا اله الا الله ـ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بە خوا هەر داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم هەتا لێم قەدەغە نەکرێت) خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَىٰ﴾[1] واتە: ڕەواو شایستە نیە بۆ پێغەمبەرو باوەڕداران کە داوای لێبوردن بکەن بۆ هاوبەش پەیداکەران با خزمی نزیکیشیان بن. وە لەسەر ئەوب تالیبیش ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾[2] بوخاری‌و موسلیمیش ڕیوایەتیان کردووە لە فەرموودەکەی ـ زوهەریەوە ـ.[3]

---

[1] التوبة (١١٣).

[2] الطبري (١٩/٥٩٩).

[3] فتح الباري (٨/٣٦٥)، مسلم (١/٥٤).

بیانو هێنانەوەی خەڵکی مەککە و وەڵامدانەوەیان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوٓاْ إِن نَّتَّبِعِ ٱلْهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَآ ﴾ خوای گەورە باسی هەندێ لە بڕوبیانووی خوانەناسان دەکات کە دەیان گوت بە پێغەمبەر (ﷺ)، ﴿إِن نَّتَّبِعِ ٱلْهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَآ ﴾ واتە: دەترسن ئەگەر شوێنی تۆ بکەوین، دژایەتی ئەو عەرەبانەی دەوری خۆمان بکەین کە موشریکن تووشی ئازارمان بکەن‌و شەڕمان لەگەڵ بکەن‌و لە هەر لایەکەوە بڕژێن پەلامارمان بدەن‌و بمانکوژن، خوای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا ءَامِنًا ﴾ واتە: ئەوەی ئەوانە دەیکەنە بیانوو درۆیەکی ئاشکرایە، چونکە خوای گەورە لە وڵاتێکی ئارام‌و بێ ترسدا جێگیری کردوون‌و هەر لە دێرزەمانەوە ئەو شوێنە مەزن‌و پیرۆزو پارێزراو بووە، کەواتە چۆن ئەو شوێنە پیرۆزە کاتێك ئەوان موشریك بن دەبێتە شوێنێکی ئارام‌و بێ ترس کە موسڵمان ببن‌و باوەڕ بێنن‌و شوێ‌ی هەق بکەون، ئارام‌و بێ ترس نابێت؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُجْبَىٰٓ إِلَيْهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَىْءٍ﴾ واتە: بەروبوومی هەموو لایەکی بۆ دێت، لە تایف‌و زۆر شوێنی تریشەوە وە ئاڵ‌و وێڵی بازرگانی کە پێیەوە خەریکن، ﴿رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا﴾ واتە: ئەو بژێویەش هەر لە لای ئێمەوەیە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتە: بەڵام زۆربەیان ئەوە نازانن بۆیە ئەو قسانە دەکەن.

﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍۭ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا ۖ فَتِلْكَ مَسَٰكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّنۢ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ وَكُنَّا نَحْنُ
ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥٨﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِىٓ أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا
مُهْلِكِى ٱلْقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَٰلِمُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

ئیشارەتدان بە قڕکردنی زۆر بەڵام هەتا بەڵگەی تەواویان پیشان نەدرابێت قڕ نەکراون

خوای گەورە خەڵکی مەککە ئاگادار دەکاتەوەو دەفەرموێت: ﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍۭ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا ﴾ واتە: چەند شاری قڕکرد کە خەڵکەکەی خەریکی ڕابواردن بوون‌و یاخی بووبوون‌و شوکری بەهرەکانی خودایان نەدەکرد کە پێی دابوون لەو هەموو ڕزق‌و ڕۆزیە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ ﴿١١٢﴾ وَلَقَدْ جَآءَهُمْ

رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴾[١] واتە: خوا نموونەی هێناوەتەوە بە (خەڵکی) شارێك کە هێمن‌و دڵنیا بوون ڕزق‌و ڕۆزی زۆری بۆ دەهات لە هەموو شوێنێکەوە کەچی بەرانبەر چاکەو بەهرەکانی خوا ناسوپاس‌و سپڵە بوون جا خوا بەو هۆیەوە کردی بەبەر (خەڵکەکە)یدا پۆشاکی برسێتی‌و ترس لەبەر ئەو کردەوانەی کە دەیانکرد، سوێند بە خوا بە ڕاستی پێغەمبەرێکیان لە خۆیان بۆ هات کەچی باوەڕیان پێ نەهێنا جا سزا گرتنی لە کاتێکدا ستەمکار بوون. بۆیە خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿فَتِلْكَ مَسَٰكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّنۢ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾ واتە: ئەوە شوێن‌و ماڵەکانیانە هەتا ئێستەش کەس تێیدا نیشتەجێ نەبووە کەمێك لە خەڵکی نەبێت، کاول بووە بەسەر یەکدا تەنها شوێنەوارەکانیان دیارەو ماوەتەوە، ﴿وَكُنَّا نَحْنُ ٱلْوَٰرِثِينَ﴾ واتە: بە چۆڵی ماوەتەوە بۆ خۆمان. پاشان خوای گەورە باسی عەدالەتی خۆی دەکات کە بەڵگەی تەواویان بۆ هاتووەو بڕوایان بە خوا نەهێناوەو دژایەتی پێغەمبەرەکانیان کردووە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِىٓ أُمِّهَا﴾ واتە: پەروەرندەی تۆ هیچ گەلێکی قڕ نەکردووە هەتا پێغەمبەری ڕەوانە نەکردبێتە ناویان. واتە ئەو شوێنە مەککە بووە، ﴿رَسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا﴾ واتە: کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە موحەمەدە(ﷺ) کە ڕەوانەکراوە لە (أم القرى) واتە مەککە پێغەمبەری هەموو شارو ناوچەکانە لە وڵاتی عەرەب‌و عەجەم، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾[٢] واتە: هەروەها بۆ ئەوەی دانیشتوانی مەککەو دەوروبەری ئاگادار کەیتەوەو بیان ترسێنی. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾[٣] واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بڵێ: ئەی خەڵکینە بە ڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان. وە فەرموویەتی: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[٤] واتە: بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم‌و هەر کەسێکی کەش کە پێی دەگات. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾[٥] واتە: وە هەر کەس باوەڕی پێی نەبێت لەو کۆمەڵ‌و تاقمانە (ئەوانەی

---

[١] النحل (١١٢_١١٣).

[٢] الانعام (٩٢).

[٣] الاعراف (١٥٨).

[٤] الانعام (١٩).

[٥] هود (١٧).

کۆبوونەوە لەسەر دژایەتی ئیسلام) ئەوە ئاگر جێگایەتی. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّن قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا﴾[1] واتە: وە (خەڵکی) هیچ شارو دێیەك نیە کە ئێمە لە ناویان ببەین پێش (هاتنی) ڕۆژی دوایی یان سزایان بدەین بە سزایەکی سەخت. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[2] واتە: ئێمە هەرگیز سزای (بەندەکان) نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین (بۆیان). خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) نارد بۆ هەموو خەڵکی لەم سەر زەمینەدا وە مەککەیش سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو وڵاتی ئەم سەر زەمینەیە، هەموو دەبێت ڕوو بکاتە کەعبەی پیرۆز. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەوانە کراوم بۆ سوورو ڕەشیش)[3] بۆیە بە هاتنی ئەو کۆتایی هاتووە بە پێغەمبەرایەتیو پەیامی پێغەمبەران. دوای پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەری تر نایەتو بەڵکو پەیامەکەی هەر بەردەوام دەبێتو دەمێنێتەوە هەتا شەوو ڕۆژ بمێنێ هەتا ڕۆژی قیامەت. وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ﴾ واتە: وە ئێمە وێرانکەری هیچ شارێك نەبووین مەگەر کاتێك خەڵکەکەی ستەمکار بووبن.

﴿وَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (٦٠) أَفَمَن وَعَدْنَاهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَاقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْمُحْضَرِينَ (٦١)﴾

ژیانی دونیا دەڕواتو خەڵکی دونیا وەك خەڵکی قیامەت نیە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾ واتە: خوای گەورە باسی پوچیو بێ نرخی دونیا دەکات بەو هەموو جوانیو ڕازاوەیەوە کە هەمووی دەڕواتو تەواو دەبێت لە چاو ئەوەی کە خودای مەزن دایناوەو ئامادەی کردووە بۆ بەندە چاکەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا لەو هەموو بەهرە گەورە تا هەتاییانە وەك فەرموویەتی: ﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ ۖ وَمَا عِندَ اللَّهِ بَاقٍ﴾[4] واتە: (چونکە) هەرچی لای ئێوەیە تەواو دەبێتو نامێنێت بەڵام ئەوەی لای خوایە هەر

---

[1] الاسراء (٥٨).

[2] الاسراء (١٥).

[3] مسلم (١/٣٧٠).

[4] النحل (٩٦).

دەمێنێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ﴾[1] واتە: وە ئەوەی کە لای خوایە چاکترە بۆ پیاوچاکان. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٞ﴾[2] واتە: لە کاتێکدا ژیانی دونیا هیچ نیە لە چاو ڕۆژی دواییدا بێجگە لە ڕابواردنێکی کەم نەبێت. وە فەرموویەتی: ﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾[3] واتە: بەڵکو ئێوە ژیانی دنیا هەڵبژێرن، کەچی (ژیانی) دواڕۆژ باشترو پایەدارترە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بە خوا ژیانی دونیا لە چاو ژیانی ڕۆژی دواییدا مەگین وەك ئەوە وایە یەکێك لە ئێوە پەنجەی خۆی نوقم بکات لە دەریایەکدا، با سەیری پەنجەی خۆی بکات چەندێ ئاوی هەڵگرتووە بۆی).[4] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾ واتە: ئاخۆ ئەو کەسەی کە دونیا پێش قیامەت دەخات لەوەش تێناگات. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَفَمَن وَعَدۡنَٰهُ وَعۡدًا حَسَنٗا فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعۡنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ واتە: ئاخۆ کەسێك کە خاوەن باوەڕ بووەو بڕوای بەو بەڵێنانەی خوای گەورە بووە کە پێی داوەو لەسەر ئاکارە چاکەکانی بە هیوای ئەو پاداشتە بووە کە وەری دەگرێتو هیچ گومانێکی نەبووە، وەك ئەو خوانەناسە وایە کە بڕوای بە ئامادەبوونی خۆی نەبووە لەبەر بارەگای خوداو گوێی نەداوە بەو بەڵێنو هەڕەشانەی خودا لە چەند ڕۆژێکی کەمدا کە تیایدا ژیاوە؟ ﴿ثُمَّ هُوَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ﴾ موجاهیدو قەتادە دەڵێن: واتە: پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کەسانەیە کە جەزرەبە دەدرێن، پاشانایش گوتراوە: لەسەر حەمزەو عەلیو ئەبو جەهل هاتووەتە خوار.[5] هەردوو ڕیوایەتەکە لە موجاهیدەوەیە.[6] وا دەردەکەوێت کە ئایەتەکە گشتگیرە، وەك ئەو ئایەتە وایە کە باسی ئەو خاوەن باوەڕە دەکات وەختێ ئەو لە پلە بەرزەکاندایە کە سەیری هاوەڵەکەیشی دەکات لە خوارترین پلەی جەهەنەمدایە ئێژێ: ﴿وَلَوۡلَا نِعۡمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ﴾[7] واتە: ئەگەر میهرەبانی پەروەردگارم فریام نەکەوتایە منیش لە ئامادەکراوان

---

[1] ال عمران (١٩٨).

[2] الرعد (٢٦).

[3] الاعلى (١٦_١٧).

[4] أحمد (٢٣٠/٤) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] الطبري (١٩/٦٠٤_٦٠٥).

[6] الطبري (١٩/٦٠٤_٦٠٥).

[7] الصافات (٥٧).

(ی ناو دۆزەخ) دەبووم. وە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا بێگومان جنۆکەکان دەیان زانی کە بە ڕاستی ئەوان ئامادە دەکرێن (لە ڕۆژی دواییدا).

﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٦٢﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَغْوَيْنَآ
أَغْوَيْنَٰهُمْ كَمَا غَوَيْنَا ۖ تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كَانُوٓا۟ إِيَّانَا يَعْبُدُونَ ﴿٦٣﴾ وَقِيلَ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ
وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ۚ لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَهْتَدُونَ ﴿٦٤﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦٥﴾ فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ
ٱلْأَنۢبَآءُ يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿٦٦﴾ فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ
ٱلْمُفْلِحِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾

حاشاکردنی بتپەرستان و شەریکەکانیان لە یەکتری

خوای گەورە کاتێك کە خوانەناسە بتپەرستەکان بانگ دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا بە هەڕەشەو سەرزەنشت کردنیانەوە دەفەرموویت: ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾ واتە: بانگیان دەکات و پێیان ئێژێت: لە کوێن ئەو خودایانەی ئێوە دەتانپەرستن لە ژیانی دونیادا لە بت و ئەو شتانەی کردبووتان بە شەریکی خودا، ئایا یارمەتیتان دەدەن و سەرتان دەخەن؟ ئەمەیش وەك ترساندن و هەڕەشە لێکردن. وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾[2] واتە: سوێند بێت ئێوە بە تەنهاو یەك یەك گەڕانەوە بۆ لامان هەروەکو یەکەمجار دروستمان کردن و ئەوەی پێمان دابوون بەجێتان هێشت لە دوای خۆتان وە نابینین لەگەڵتاندا ئەو تکاکارانەی کە لاتان وابوو هاوبەشی خوان لە تکاکردن بۆتان سوێند بە خوا بێگومان پچڕا پەیوەندی نێوانتان وە ئەوەی بە پشتیوانی خۆتان دادەنا ون بوو لێتان. وە دەفەرموویت: ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾ واتە: ئەوانەی وەبەر بڕیاری ئێمە کەوتوون لە شەیتانەکان و خوانەناسان ئەوانەی بانگی خەڵکی دەکەن بۆ بێ دینی ئێژن: ﴿رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَغْوَيْنَآ أَغْوَيْنَٰهُمْ كَمَا غَوَيْنَا ۖ تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كَانُوٓا۟ إِيَّانَا يَعْبُدُونَ ﴾ واتە: شایەتی دەدەن کە ئەوان سەریان لێ شێواندن و لە ڕێگە لایان دان و شوێنیان کەوتن پاشان حاشایان کرد لێیان لە خزمەت خودای

---

[1] الصافات (١٥٨).

[2] الانعام (٩٤).

مەزندا گوتیان: ئەوانە ئێمەیان نەپەرستووە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُواْ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّاۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا﴾[1] واتە: ئەوانە بێجگە لە خوا بڕیاریان داوە بۆ خۆیان چەند پەرستراوێك بۆ ئەوەی ئەو پەرستراوانە ببنە یارمەتی دەر (و تکاکار) بۆیان، نەخێر (وا نیە) بەڵکو پەرستراوەکان (لە قیامەتدا) ئینکاری پەرستنەکەی ئەوان دەکەنو دەبنە دژیانو بەرپەرچیان دەدەنەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾[2] واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خودا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی‌و ئەو (هاوار لێکراو)انە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان، کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە (لە قیامەت) پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیانو بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن. ئیبراهیمی خەلیل گوتی بە گەلەکەی وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾[3] واتە: بێگومان ئەوەی ئێوە هەڵتان بژاردووە لە جیاتی خوا بتانێکن لەبەر خۆشەویستی نێواتنانندا لە ژیانی دنیادا (دەیانپەرستن) لە پاشان لە ڕۆژی دواییدا هەندێکتان بێزاری دەردەبڕن لە هەندێکی ترتانو نەفرین لە یەکتری دەکەن. وە فەرموویەتی: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُواْ مِنَّاۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾[4] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقِيلَ ٱدْعُواْ شُرَكَآءَكُمْ﴾ واتە: پێیان دەڵێن: شەریکەکانتان بانگ بکەن بۆ ئەوەی ڕزگارتان بکەن لەو ژیانە ناخۆشەی تێیدان، وەك چۆن لە دنیادا بە هیوای ئەوان بوون یارمەتیتان بدەن، ﴿فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُواْ لَهُمْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ﴾ واتە: بانگیان دەکەن بەڵام هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە، چاك دەزانن کە دەچنە ناو ئاگر هیچ چارەیەکیان نەماوە ﴿لَوْ أَنَّهُمْ كَانُواْ يَهْتَدُونَ﴾ واتە: کاتێك کە جەربەزەیان چەشت ئێژن خۆزگە لە شاترەزایان بوینایە. لە ژیانی

[1] مريم (٨١ـ٨٢).

[2] الاحقاف (٥ـ٦).

[3] العنكبوت (٢٥).

[4] البقرة (١٦٦ـ١٦٧).

دونیادا، ﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُواْ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُواْ لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾ وَرَءَا ٱلْمُجْرِمُونَ ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُواْ عَنْهَا مَصْرِفًا ﴾[1] واتە: ڕۆژێك دەبێت كە خوا دەفەرمووێت بانگی ئەو بتانە بكەن كە لاتان وابوو هاوبەشی منن (با یارمەتیتان بدەن) ئەوانیش بانگیان دەكەن بەڵام وەڵامیان نادەنەوە (و نایەن بە هاواریانەوە) وە ئێمە لە نێوانیاندا شیوێكی پڕ ئازارمان داناوە، وە تاوانباران ئاگری دۆزەخ دەبینن‌و هەموو دەزانن‌و دڵنیان كە دەچنە ناوی‌و تێی دەكەون‌و ڕێگەیەكیان دەست ناكەوێت بۆ گەڕانەوە لەو (ئاگرە).

هەڵوێستیان بەرامبەر پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾ واتە: یەكەم بانگێك كە دەكرێت پرسیاری یەكتاپەرستیتان لێ دەكرێت ئایا تەنها خوایان پەرستووە؟ ئەم پرسیارە پێغەمبەریەتی ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) دەسەلمێنێت. واتە: وەڵامی ئەو پێغەمبەرانەتان چۆن دایەوە كە ڕەوانە كران بۆتان؟ وە ئێوە چۆن بەرخوردتان لەگەڵ كردن؟ ئەمە وەك ئەو پرسیارانە وایە وەختێ پرسیار لەعەبدەكانی خودا دەكرێت لەناو گۆڕدا: كێ پەروەردەت بوو؟ چ ئاینێك ئاینت بوو؟ خاوەن باوەڕ شایەتی دەداو ئێژێ: (أشهد أن لا إله الاّ الله وأن محمداً عبدُالله ورسوله). بەڵام خوانەناس ئێژێ: هاه، هاه، نازانم، بۆیە بۆیە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ وەڵامێكی نیەو وسكەی لێوە نایات‌و قسە ناكات. چونكەی ئەو كەسەی لە دنیادا كوێر بووبێت لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەر كوێرەو سەرگەردانەو ڕێ دەرناكات. بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَنۢبَآءُ يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَآءَلُونَ ﴾ واتە: لەو ڕۆژەدا هاوەڵەكانی خۆشیان بیردەچێتەوەو هۆشی ئەوەیان نیە لە یەكتری بپرسن. موجاهید دەڵێ: هیچ شتێكیان لە یاد نەماوەو[2] یەكتری ناناسن تا پرسیار لە یەكتری بكەن. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ واتە: بەڵام ئەوانەی كە خاوەن باوەڕ بوون‌و ئاكاری چاكیان كردووە لە ژیانی دنیادا، ﴿صَٰلِحًا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلْمُفْلِحِينَ ﴾ واتە: ئەوە بێگومان لە ڕزگاربووان دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا. (عسى) لە لایەن خواوە بە مانای قەبوڵ كردنە. واتە: ئەمە بڕیاری خوایەو دێتەجێ‌و گومانی تێدا نیە، ڕێزو منەتێكە لە لایەن پەروەردگارەوە كە لە كۆمەڵی ڕزگاربووەكانن.

---

[1] الكهف (٥٢ـ٥٣).

[2] الطبري (٦٠٧/١٩).

﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٨﴾ وَرَبُّكَ يَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٦٩﴾ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْآخِرَةِ وَلَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٧٠﴾﴾

خوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەر خۆی بە تەنها هەموو شتێك دروست دەکاتو هەڵی دەبژێرێت، هیچ کەس ناتوانێ بەرامبەری بوەستێتو دەست لە کاری خودا بدات وەك فەرموویەتی: ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ﴾ واتە: هەرچی مەیلی لێ بوو دەیکات هەرچیش مەیلی لێ نەبوو نابێت، هەموو شتێك بە دەستی خودایە لە خێرو لە شەڕو هەمووی دەگەڕێتەوە لای خۆی ﴿مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ﴾ ئەو ﴿مَا﴾یە بۆ نەفیە لە ڕاسترین قسەکاندا. واتە: هیچ کەسێك هەقی هەڵبژاردنی نیە خوا خۆی نەبێت، وەك لەم ئایەتەشدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾[1] واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتانێکی باوەڕدار نیە کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا (بۆیان نیە) کە سەرپشك بن لە کارەکەیاندا. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ واتە: خوا پاکەو بەرێزە لەوەی دەیکەنە شەریکی لەو بتو شتانەدا کە توانای دروست کردنی هی شتێکیان نیەو ناتوانن هەڵبژێرن، پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَرَبُّكَ يَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ واتە: ئاگاداری نهێنیەکانی ناو دڵە لەو شتانەی کە تێیدا دەرناکەوێ وەك چۆن ئاگاداری ئەو شتانەیە کە دەردەکەونو دیارو ئاشکران لە گشت دروستکراوەکانیدا. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ﴾[2] واتە: یەکسانە (بۆ خوا) ئەوەتا بە نهێنی قسە بکاتو ئەوەی کە لە شەودا خۆی دەشارێتەوە ئەوەی کە لە ڕۆژدا دەردەکەوێت. وە پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: هەر تەنها خودا شایەنی پەرستنەو غەیری ئەو پەرستراوێکی تر نیە، وەك چۆن هەر خودا پەروەرندەیەو مەیلی لە هەر شتێك بێت دروستی دەکاتو هەڵی دەبژێرێت، ﴿لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْآخِرَةِ﴾ واتە: هەموو سوپاس تەنها بۆ خودا لە دنیاو لە ڕۆژی دواییشدا، یانی هەرچی دەکات هەر لە عەدالەتو لە کارزانی خۆیەتی، ﴿وَلَهُ ٱلْحُكْمُ﴾ واتە:

[1] الاحزاب (٣٦).

[2] الرعد (١٠).

بڕیار هەر بڕیاری خودایە هیچ کەسێك بۆی نیە دەست لە کاری خودا بدات، هەر خودا خاوەنی دەسەلاتوو هێزو کارزانیو دلۆڤانیە. ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەر کەسەو پاداشتی کرداری خۆی وەردەگرێت، لە چاکەو لە خراپەو خودا هیچی لێ ون نابێت لە هەر کارێکدا دەیکەن.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ﴿٧١﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٧٢﴾ وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾﴾

شەوو ڕۆژ لە بەهرەکانی خودانو نیشانەشن لەسەر تەنهایی خودا

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ واتە: (ئەی موحەمەد(ﷺ) پێیان) بڵێ هەواڵم بدەنێ ئەگەر خوا شەوتان بۆ درێژ بکاتەوە (هەر شەو بێت) تا ڕۆژی قیامەت. خوای گەورە منەت دەکات بەسەر بەندەکانیدا لەسەر ئەوەی کە شەوو ڕۆژی بۆ ڕام هێناون خۆ ئەگەر شەوو ڕۆژ نەبێت ناتوانن ژیان بەسەر بەرن لەسەر زەمیندا، وە ئەگەر خوای گەورە شەوتان لێ درێژ بکاتەوە تا ڕۆژی قیامەت گوزەرانتان تێك دەچوو وە لە ژیان بێ هیوا دەبوون. بۆیە دەفەرموویت: ﴿مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ﴾ واتە: چ پەرستراوێکی تربێجگە لەخوا ڕووناکی ڕۆژتان بۆدێنێت. یانی کێ شیاوی پەرستنە کەڕووناکیتان بداتێ، پێی ببینن‌و ژیانی تیابەرنە سەر ﴿أَفَلَا تَسْمَعُونَ﴾ واتە: ئایا نابیسن؟ پاشان خوای گەورە باسی ڕۆژ دەکات ئەگەر ئەوەندە درێژی بکردایەتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت کێ دەتوانێ شەوتان بۆ بێنێ‌و هیچ کەس ناتوانێ شەویان بۆ بێنێت غەیری خودا کە تێیدا دانیشن‌و بحەسێنەوەو تووشی زیان نەبن‌و ناڕەحەتی‌و ماندوو بوونی ڕۆژیان نەمێنێت‌و ئارام بگرن، بۆیە دەفەرموویت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ﴾ واتە: بڵێ پێم بڵێن ئەگەر خوا ڕۆژ بکاتە هەمیشەیی بۆتان تا ڕۆژی قیامەت کێیە پەرستراوی تر بێجگە لە خودا کە شەوتان بۆ دێنێ ئارامی تیا بگرن، یانی بحەسێنەوە لە شەودا هەتا ئەو جموجۆڵ‌و ناڕەحەتیەتان نەمێنێت‌و بڕەوێتەوە، ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ واتە: ئایا نابینن؟ پاشان دەفەرموویت: ﴿وَمِن رَّحْمَتِهِۦ﴾ واتە: لە بەزەیی خودا بۆ ئێوە

﴿جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ کە ئەم شەوو ڕۆژەی بۆ داناون ﴿لِتَسۡكُنُواْ فِيهِ﴾ واتە: بۆ ئەوەی لە شەوەکەیدا ئارام بگرن‌و بحەسێنەوە ﴿وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ﴾ وە لە ڕۆژەکەشیدا بگەڕێن بە دوای ڕزق‌و ڕۆزیداو پەیدای بکەن بە هۆی هاتوچۆو بازرگانی‌و کارو فەرمانی ترەوە، ئەمە لە بابی لەف‌و نەشرە ـ اللف والنشر ـ وەك لە کتێبی ڕەوانبێژیدا ـ البلاغه ـدا هاتووە ﴿وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ واتە: بەڵکو شوکرانەی خوا بکەن بە عیبادەت کردن لە شەوو ڕۆژەکاندا، هەتا ئەوەی کە لە دەستتان چووە لە شەودا بە ڕۆژ بیکەنەوەو ئەوەشی بە ڕۆژ فریای نەکەوتوون لە شەودا بەجێی بێنن، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةٗ لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوۡ أَرَادَ شُكُورٗا﴾[1] واتە: وە ئەو (خوایە) زاتێکە کە شەوو ڕۆژی لەجێی یەکتر داناوە (بە دوای یەکتردا دێن‌و شوێنی یەکتر دەگرنەوە) بۆ ئەو کەسەی بیەوێت بیر بکاتەوە (لە دروستکراوەکانی خوا) یان بیەوێت شوکرانەبژێری خوا بکات. ئایەت لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە.

﴿وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ فَيَقُولُ أَيۡنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ٧٤ وَنَزَعۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةٖ شَهِيدٗا فَقُلۡنَا هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ فَعَلِمُوٓاْ أَنَّ ٱلۡحَقَّ لِلَّهِ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٧٥﴾

هەڕەشە لێکردن‌و سەرکوتانەوەی بتپەرستان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ فَيَقُولُ أَيۡنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ﴾ واتە: وە ڕۆژێك کە خودا بانگیان دەکات ئینجا پێیان دەفەرمووێت: لە کوێن هاوبەشەکانی من ئەوانەی کە ئێوە بە هاوبەشی منتان دادەنان، وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَنَزَعۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةٖ شَهِيدٗا﴾ واتە: لەناو هەموو گەلێکدا یەکێك لە خۆیان دەکەینە شایەت. موجاهید دەڵێ: ﴿شَهِيدٗا﴾ واتە: پێغەمبەرێك.[2] ﴿شَهِيدٗا فَقُلۡنَا هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ﴾ واتە: دەڵێن ەلگەی خۆتان بێنن لەسەر ڕاستی ئەو قسەی دەیکەن کە دەڵێن خودا شەریکی هەیە، ،﴿فَعَلِمُوٓاْ أَنَّ ٱلۡحَقَّ لِلَّهِ﴾ واتە: بۆیان دەرکەوت کە غەیری خودا هیچ خودایەکی تر نیە، ئەو کاتە: قسە ناکەن‌و هیچ وەڵامێکیان بە دەستەوە نیە، ﴿وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾ واتە: هەرچی درۆیان هەڵبەستووە دەردەکەوێت‌و دەڕوات‌و سوودی لێ وەرناگرن.

---

[1] الفرقان (٦٢).

[2] الطبري (٦١٤/١٩).

﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾

باسی قارون و ئامۆژگاری گەلەکەی بۆی

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: بێگومان قارون لە گەلەکەی موسا بوو (جوولەکە بوو) بەڵام دەست درێژیو ستەمی لێ دەکردن، ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: قارون کوڕی مامی موسا بووە (سەلامی خوای لێ بێت).[1] ئیبراهیمی نەخەعیو عەبدوڵای کوڕی حارسی (الحارث) کوڕی نەوفەلو سەماکی کوڕی حەربو قەتادەو مالیکی کوڕی دیناروو ئیبنو جورەیجو کەسانی تریش گوتوویانە: قارون کوڕی موسا بووە (سەلامی خوای لێ بێت).[2] ئیبنو جورەیج دەڵێ: قارون کوڕی یەسهەرە ـ يَصْهَر ـ کوڕی قاهیس –قاهث– وە موسا کوڕی عیمرانی کوڕی قاهیسە[3]. ﴿وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ﴾ واتە: ئەوەندە سامانمان دابوویە، ﴿مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ﴾ واتە: کە بێگومان هەڵگرتنی کلیلەکانی ئەو گەنجو قاسانە بە زەحمەت هەڵدەگیرا بۆ کۆمەڵێکی بەهێز، ئەعمەش دەڵێ: لە خەیسەمەوە (خَيثَمَة) کلیلی گەنجینەکانی قارون لە پێستە ـ جلود ـ بوو هەموو کلیلێکی وەک پەنجە وابوو، هەر کلیلێك هی گەنجینەیەك بوو، کاتێك کە باردەکرا دەخرایە سەر پشتی هێستری ـ بغل ـ قاچو ناو چاو سپی.[4] لەم بارەیەوە شتی تریش گوتراوە ـ والله أعلم ـ. ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ﴾ واتە: پیاو چاکانی هۆزی قارون ئامۆژگاریان دەکردو پێیان دەگوت: لە خۆ مەگۆڕێ بە هۆی ئەوماڵو سامانەوە کە پێت دراوەو خۆ بە زل مەزانە، وەك ئامۆژگاریو ڕێ نیشاندان، چونکە خوا پیاوی لە خۆڕازیو لە ڕێ ترازاوی خۆش ناوێت، ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: ﴿ٱلْفَرِحِينَ﴾ واتە: لەخۆباییان.[5] موجاهید دەڵێ: ئەوانەی کە خۆیان بە زل دەزانن و لە خۆباییینو سوپاسی خودا ناکەن لەسەر ئەو هەموو شتانەی کە

---

[1] ابن أبي حاتم (٩/٣٠٠٥).

[2] الطبري (١٩/٦١٦).

[3] الطبري (١٩/٦١٥).

[4] الطبري (١٩/٦١٧).

[5] الطبري (١٩/٦٢٢).

پێی داون.[1] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ واتە: ئەو سامانە زۆر چاکەی کە خودا پێی بەخشیوی لەگەڵ ئەو هەموو بەهرەیەدا لە ڕەزامەندی خودا ببەخشەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدە خۆت لە خودا نزیك بخەرەوە بە خێروبێر کردن هەتا تووشی پاداشتی خوای گەورە ببیت لە دنیاو لە قیامەتدا، ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَا﴾ واتە: بەشی خۆت لەم دنیایە لەبیر مەکە لەو شتانەی کە خودا بۆی حەڵاڵ کردووی وەك خواردنو خواردنەوەو جلوبەرگو ژن هێنان، وە چاکیش بزانە کە خودا هەقی هەیە بەسەرتەوەو هەقی خۆشو ماڵو منداڵیشی بەسەرەوەیە ئەوانەشی کە دێنو بەسەرت دەکەنەوە. هەقی هەموو خاوەن هەقێك بدەرەوە، ﴿وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ﴾ واتە: چاکە لەگەڵ خەڵکی بکە وەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ تۆ کردووە، ﴿وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ﴾ واتە: لە خۆت مەگۆڕێ وا بزانی کە هەر دنیاو خۆشی دونیا بۆ تۆیە، دەست مەدەرە کاری خراپو بەدفەڕی لەسەر زەمینداو ئازاری بەندەکانی خوا مەدە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ واتە: خودا خۆشی نایە لە پیاوی خراپو بەدفەڕ.

﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةً وَأَكۡثَرُ جَمۡعًاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٧٨﴾﴾

خوای گەورە باسی قارون دەکات کاتێك کە هۆزەکەی ئامۆژگاریان دەکردو دەیانویست ڕێی ڕاستی نیشان بدەن ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾ واتە: گوتی: من هیچ پێویستیەکم بە ئامۆژگاری ئێوە نیە، خودا خۆی دەزانێ کە من شایەنی ئەم هەموو سامانەمو خۆشیشی دەوێت بۆیە پێی داوم، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلۡنَٰهُ نِعۡمَةٗ مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمِۭۚ﴾[2] واتە: ئینجا کاتێك ئادەمی زیانێکی لێ کەوت هاوارمان بۆ دێنێ لە پاشان هەر کاتێك بەهرەیەکمان پێدا دەڵێ: بە ڕاستی ئەم بەهرەیەم پێ دراوە بە هۆی لێزانی خۆمەوە. خوا خۆی دەزانێت کە من شایەنی ئەو چاکەیەم. وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي﴾[3] واتە: وە ئەگەر پێمان بەخشی

---

[1] الطبري (١٩/٦٢٣).

[2] الزمر (٤٩).

[3] فصلت (٥٠).

میهرەبانیەك لە لایەن خۆمانەوە لە پاش زیانێك لێی كەوتووە دەڵێت: ئەمە هی خۆمە. واتە: ئێژن: ئەمە هەقی خۆمانە. عبدالرحمن ی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم زۆر جوان تەفسیری ئەم ئایەتەی كردووە فەرموویەتی لەم ئایەتەدا: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾ واتە: ئەگەر خودا ڕازی نەبووایە لێم‌و ڕێزی لێم نەنایە ئەم سامانەی پێ نەدەبەخشیم. ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرُ جَمۡعٗاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ﴾.[1] هەر بەو شێوەیە ئەوانەی كە زانیاریان كەمە، هەر كاتێك خودا ڕۆزی فراوان كردن لە خۆیان دەگۆڕێن‌و ئێژن: ئەگەر شایەنی ئەم ڕزق‌و ڕۆزیە نەبووینایە خودا پێی نەدەبەخشین. ئاخۆ ئەوانە نەیان زانیووە كە لە پێش ئەوان زۆر چینی قڕ كرد كە لە ئەوان زۆر بەهێزترو خاوەن دەسەلاتتر بوون.

﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٧٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾

قارون چووە ناو هۆزەكەی بە فیزو كەش‌و فشەوەو هۆزەكەی لەناو خۆیاندا باسیان دەكرد

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ﴾ واتە: خوای گەورە باسی قارون دەكات كە ڕۆژێك هاتە ناو هۆزەكەی‌و خۆی ڕازاندبووەوە كەیفی دەكرد بەسەریاندا لەگەڵ دارودەستەكەیدا بە هەموو جۆرە جلوبەرگێكی جوان‌و گران بەهاوە، كاتێك ئەوانەی زۆر حەزیان لە ژیان‌و ڕابواردنی دنیا دەكرد گوتیان: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا﴾ واتە: زاناو پیاو چاكەكانیان گوتیان: هاوار بۆ ئێوە پاداشتی خوای گەورە زۆر چاكترە بۆ بەندە خاوەن باوەڕە چاكەكانی لە ڕۆژی قیامەتدا كە دەیبینن قارون هەیەتی. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (خوای گەورە دەفەرموێت: ((ئامادەم كردووە بۆ بەندە چاكەكانم ئەوەی كە چاو نەیبینیوەو گوێ نەیبیستووەو بە خەیاڵی كەسیشدا نەهاتووە ئەگەر حەزیش دەكەن ئەم ئایەتە بخوێنن: ﴿ فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[2] واتە: ئینجا كەس نازانێ

[1] الطبري (١٩/٦٢٦).

[2] السجدة (١٧).

چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشتدا کە هۆی) گەشبوونی چاوانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە)).[١] ﴿وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ﴾ واتە: ئەمەش هەر بەشی خۆڕاگرانە. سودی دەڵێ: ئەو بەهەشتە هەر جێی خۆڕاگرانە. وەك ئەوەی قسەی ئەو زانا پیاوچاکانەی تەواو کردبێت.[٢] ئیبنو جەریر دەڵێ: ئەم وتەیە ـ خەڵاتە ـ تەنها بەشی خۆڕاگرانە ئەوانەی کە دڵخۆش نەبوون بە ژیانی دونیاو بە هیوای پاداشتی ڕۆژی قیامەتن، وەك ئەوەی ئەم قسەیە قسەی ئەوان بێت‌و تەواویان نەکردبێت خوای گەورە باسی هێناون‌و بۆی تەواو کردوون[٣].

﴿فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْا۟ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾﴾

ڕۆچوونی قارون‌و سامانەکەی بە ناخی زەمیندا

کاتێك خوای گەورە باسی قارونی کرد کە بە عەنعەنەو تەنتەنەوە ـ بە فیزەوە ـ هات بۆ ناو هۆزەکەی‌و خۆی فەرز کردبوو بەسەریاندا ئەوەندەی پێ نەچوو خوای گەورە بە خۆیی‌و ماڵ‌و منداڵ‌و سامانیەوە بە ناخی زەویدا بردنیە خوارەوە، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە بوخاریەوە ئەویش لە سالمەوە کە باوکی بۆی گێڕاوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (کاتێك پیاوێك جلەکانی شۆڕکردبووەوە ـ واتە فیزی پێوە دەکرد ـ لەپڕ چوو بە ناخی زەویدا، هەتا ڕۆژی قیامەت ئەو کەسە ـ بە ناخی زەویدا دەچێت ـ هەر زرمەی دێت) پاشانیش ڕیوایەتی کردووە لە سالمەوە لە ئەبو هورەیرەوە ئەمیش لە پێغەمبەری خواوە هر بەو شێوەیە.[٤] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (وەختێك کە پیاوێك لەپێش ئێوەوە بوو بە دوو بوردەی ـ پۆشاك ـ سەوزەوە هاتووتە دەرەوەو فیزی پێوە کردوون، خودا فەرمانی داوە بە زەمین بردوویەتی ـ گرتوویەتی ـ بە ناخی خۆیدا، زرمەی ـ دەنگی ـ لێوەدێ لەناو زەمیندا هەتا ڕۆژی قیامەت)[٥]. تەنها ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە سەنەدەکەی چاکە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ﴾ واتە:

---

[١] فتح الباري (٨/٣٧٥).

[٢] ابن أبي حاتم (١٩/٣٠١٦).

[٣] الطبري (١٩/١٢٩).

[٤] فتح الباري (١٠/٢٦٩).

[٥] أحمد (٣/٤٠)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

ئینجا ئەو (قارون)و کۆشکەکەیمان برد بە ناخی زەویدا هیچ دەستەیەکیشی نەبوو لە بەرامبەری - سزای - خودا یارمەتی بداتو لەو کەسانەش نەبوو بتوانێت خۆی ڕزگار بکات.

پەندو ئامۆژگاری هۆزەکەی بە ڕۆچوونی قارون بە ناخی زەمیندا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْاْ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ﴾واتە: ئەوانەی دوێنێ قارونیان بینی بەو عەنعەنەو تەنتەنەوە - خۆڕازاندنەوە - وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾[1] واتە: ئەوانەی ژیانیان دەویست وتیان ئای خۆزگە ئەوەندەی بە قارون دراوە ئێمەش بمان بوایە بە ڕاستی ئەو (قارون) خاوەنی بەختێکی گەورەیە. کاتێك ڕۆژوو بە ناخی زەمیندا ئێژن: ﴿وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ﴾ واتە: ماڵو سامان نیشانەی ڕەزامەندی خودا نیە بۆ خاوەنەکەی لە بەندەکانی خودا، چونکە خودای مەزن سامان دەبەخشێتو دەشی گرێتەوەو کەمی دەکاتەوەو زۆریشی دەکات، هەندێ بەرز دەکاتەوەو هەندێکیش دادەبەزێنێت، کارەکانی پڕە لە کارزانیو بەڵگەی تەواو، وەك لەم فەرموودە مەرفووعەدا - المرفوع - هاتووە لە ئیبنو مەسعودەوە: (بێگومان خودا ڕەوشتی ئێوەی دابەش کردووە وەك چۆن ڕۆزی دابەش کردوون، ماڵ دەبەخشێت بەوەی خۆشی دەوێتو بەوەش کە خۆشی ناوێت، وە باوەڕ نادات بە کەسێك مەگەر خۆشی بوێت)،[2] ﴿لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا﴾ واتە: ئەگەر خودا بە سۆزو بەزەییو چاکی خۆی نەبووایە، ڕۆی دەکردین بە ناخی زەمیندا وەك چۆن قارونی بە ناخی زەمیندا برد. چونکە ئێمە حەزمان دەکرد وەك ئەو بین، ﴿وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ واتە: ئای لەم بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرە، بێگومان ڕزگار نابن ئەوانەی شوکرانە بژێری چاکەی خوا نین (کافرن). مەبەستیان ئەوە بوو کە قارون خوانەناس بووە، خوانەناسیش لای خودا ڕزگاری نابێت نە لە دنیاو نە لە ڕۆژی قیامەتدا. زانایانی زمان ڕایان جیاوازە لێرەدا لەسەر وتەی ﴿وَيْكَأَنَّ﴾ واتە: (أَلَمْ تَرَ أَنَّ) ئەمە ڕای قەتادەیە، وە گوتراوە: (وَيْ كَأَنَّ) حەرفەکانی جیاکراونەتەوە، حەرفی - وَيْ - بۆ تەعەجوب یان تەنبیە بەکارهێنراوە، وە - كَأَنَّ - یش بە واتای (أظن وأحْسِبُ) بەکارهێنراوە.

﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾﴾

---

[1] القصص (٧٩).

[2] احمد (٣٨٧/١)، فەرموودەیەکی لاوازە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ﴾ خوای گەورە دەفەرموویت: ئێمە ماڵی دوارۆژمان داناوە، ئەو ماڵە پڕ بەهرە نەبڕاوەیە کە گۆڕانی بەسەردا نایەتو لەناو ناچێتو هەر دەمێنێتەوە بۆ ئەو بەندە خاوەن باوەڕانەی کە خۆیان بە کەم دەزانن‌و فیز ناکەن بەسەر بەندەکانی خواداو ئازاریان نادەن‌و بەدفەڕی لەگەڵیان ناکەن، وەك عیکریمە دەڵێ: (العُلُوا) واتە: زۆرداری ـ خۆرفەرزکردن ـ[1] ئیبنو جورەیج دەڵێ: ﴿لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: نایانەوێ خۆ بەزلترو زۆردارتر بزانن ﴿وَلَا فَسَادًا﴾ واتە: کاری خراپ کردن‌و بەدفەڕی.[2] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە عەلیەوە دەڵێ: پیاو پێی خۆشە سەری نەعلەکانی ـ شراك ـ چاکتر بێت لە قەیتانی نەعلی خەڵکی، بەری ئەم ئایەتە دەکەوێت کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾.[3] ئەوە وەختێك بەری ئەم ئایەتە دەکەوێ کە فیزی پێوە بکاتو خۆی بە زیاتر بزانێت وە ئەمەش کارێکی خراپە، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (نیگام ـ وحی ـ بۆ کراوە ‌کە خۆتان بە کەم بزانن هەتا کەس بەسەر کەسی تردا خۆی بە دل نەزانێتو کەسیش دەست درێژی نەکاتە سەر کەسی تر).[4] بەڵام ئەگەر ئەوەی پێخۆش بوو تەنها لەبەر جوانیەکەی، ئەوە هیچی تیا نیەو خراپ نیە. وە لە فەرموودەدا هاتووە کە پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من حەز دەکەم جلەکانم چاك بێتو نەعلەکانم چاك بێت، ئایا ئەوە لە فیزو زلیەوەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نەخێر خودا جوانەو جوانیشی پێ خۆشە).[5] خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا﴾ واتە: هەر کەسێك کارێکی چاکە بکات خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا بە چەندجار لەسەر ئەو چاکەیە پاداشتی ئەو بەندەیەی خۆی دەداتەوە، ئەم ڕێزەش لە بەزەیی‌و فەزلی خوای گەورەوەیە، پاشان دەفەرموویت: ﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ واتە: هەر کەسیش کاری خراپی کردبێت بە ئەندازەی کارە خراپەکەی سزا دەدرێت. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی:

[1] الطبري (١٩/٦٣٧).

[2] الطبري (١٩/٦٣٧).

[3] الطبري (١٩/٦٣٨).

[4] مسلم (١٤/٢١٩٩).

[5] مسلم (١/٩٣).

﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَكُبَّتۡ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ هَلۡ تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾[1] واتە: وە هەر كەس خراپەی كردبێت (لە ڕۆژدا) بەسەر ڕووو دەمو چاویاندا دەخرێتە ناو ئاگر (ی دۆزەخ) ئایا سزا دەدرێت جگە لەوەی دەتانكرد. ئەمەیش هەر لە ڕێزو فەزڵی خوداوەیە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِي فَرَضَ عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٖۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ مَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ وَمَنۡ هُوَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٨٥﴾ وَمَا كُنتَ تَرۡجُوٓاْ أَن يُلۡقَىٰٓ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبُ إِلَّا رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۖ فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرٗا لِّلۡكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بَعۡدَ إِذۡ أُنزِلَتۡ إِلَيۡكَۖ وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥۚ لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٨٨﴾﴾

فەرماندان بە بانگەوازو یەكتاپەرستی

خوای گەورە فەرمان دەكات بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) كە ئەو پەیامەی پێی دراوە ڕای بگەیەنێت‌و قورئان بخوێنێتەوە بۆ خەڵكی، چونكە خودا پرسیاری لێ دەكات لەسەر ئەو ئەركە گرانەی كە پێغەمبەریەتیە لە ڕۆژی قیامەتدا. وەك دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِي فَرَضَ عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٖ﴾ واتە: ئەو كەسەی ئەو ئەركەی خستووەتە سەر شانت كە بیگەیەنی پرسیارت لێ دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا لەو بارەیەوە. وەك خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾[2] واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی پرسیار دەكەین لەوانەی كە پێغەمبەرانیان بۆ نێردرا (كە چۆن پێشوازیان لێكردن) وە بێگومان پرسیاریش دەكەین لە پێغەمبەران (كە چۆن وەڵام درانەوە). وە دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡ﴾[3] واتە: لە ڕۆژێك (بترسن) خوا هەموو پێغەمبەران كۆدەكاتەوە ئەوسا پێیان دەفەرمووێت چ وەڵامێكتان درایەوە؟ وە دەفەرمووێت: ﴿وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ﴾[4] واتە: وە پێغەمبەران‌و شایەتەكان دەهێنرێن. بزخاری لە تەفسیردا لە سەحیحەكەیدا ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: ﴿لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٖ﴾ واتە: دەتباتەوە بۆ مەككە.[5] نەسائیش لە تەفسیرەكەیدا هەر وای گوتووە.[1] ئیبنو

---

[1] النمل (٩٠).

[2] الاعراف (٦).

[3] المائدة (١٠٩).

[4] الزمر (٦٩).

[5] فتح الباري (٣٦٩/٨).

جەریریش هەر وای گوتووە.[2] عەوفیش ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە: ﴿لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ واتە: دەتباتەوە بۆ مەککە وەك چۆن دەری کردی لە مەککە.[3] موخەمەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: لە موجاهیدەوە: ﴿لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ واتە: بۆ شوێنی لە دایك بوونت لە مەککە.[4] وە ئیبنو عەباس جارێکی تر مانای ﴿لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ کردووە بە مردنو جارێکی تر بە ڕۆژی قیامەت کە دوای مردن دێت، وە جارێکی تریش بە بەهەشت کە شوێنی پاداشتدانەوەی ئەو ئەرکەیە کە گەیاندوویەتی بە مرۆڤو جنۆکە. چونکە پێغەمبەر (ﷺ) تەواوترینو بەڕێزترین خەڵکی خودا هەموویەتی. ﴿قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: بێژە: بەوانەی کە دژایەتیت دەکەنو بڕوات پێ ناکەن لەناو هۆزەکەتدا لەو موشریکانەو ئەو کەسانەش شوێن ئەوان کەوتوون لە دنیاو لە قیامەتدا دەست کێ دەکەوێت. پاشان خوای گەورە بەهرە مەزنەکانی خۆی وەبەر چاوی پێغەمبەرو (ﷺ) بەندەکانی دێنێتەوە کە بۆی ڕەوانەکردوون دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓا۟ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبُ﴾ واتە: تۆ لە پێشەوە وات نەدەزانی کە نیگات بۆ دێت ﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ واتە: بەڵام لە دلۆڤانی خواوەیە بۆ بەندەکانی کە پەیامی بە تۆدا ڕەوانەکردووە بۆیانو ئەو بەهرە مەزنەشی بە تۆ داوە. ﴿فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَـٰفِرِينَ﴾ واتە: سا تۆش پشتیوانی لە خوانەناسان مەکەو دوورکەوەرەوە لێیانو گوێیان پێ مەدەو دژایەتیان بکە. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ﴾ واتە: هیچ دلگران مەبە کە ئەوانە دژایەتیت دەکەنو هەوڵ دەدەن خەڵکی لە تۆ دوور بخەنەوەو لە ڕێگا لایاندەن، گوێی مەدەرێو بێ خەم بە، خوای گەورە قسەی تۆ زاڵ دەکاتو پشتگیری ئایینەکەت دەکاتو ئەو پەیامەی خودا بۆی ناردووی سەری دەخات بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾ واتە: بانگی خەڵك بکە بۆ لای پەروەردگارت، یانی تەنها لە پەروەرندەی خۆت بپاڕێرەوە کە شەریکی نیەو ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ واتە: لەگەڵ بت پەرستان مەبە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ ۘ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: غەیری خودا

---

[1] النسائي في الكبرى (٤٢٥/٦).

[2] الطبري (٦٤١/١٩).

[3] الطبري (٦٤١/١٩).

[4] الطبري (٦٤١/١٩).

هیچ شتێك بۆ پەرستن ناشێت. تەنها هانا هەر بۆ ئەو دەبرێت، ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾ واتە: هەر بووەو هەر دەمێنێتو هەر ئەو هەمیشە زیندووەو بەسەر هەموو شت ڕادەگات. هەموو خەڵكی دەمرێنێو خۆی نامرێت. وەك خوای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦) وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾[1] واتە: هەرچی كەس لەسەر زەویدایە نامێنێتو تیادەچێت، وە هەر پەروەردگارت دەمێنێت كە خاوەن شكۆی ڕێزدارە. لە جیاتی (الذات) وتەی (الوجه) هێناوە وەك لەم ئایەتەیشدا فەرموویەتی: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾ واتە: غەیری ئەو هەموو شتێك لەناو دەچێت. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ڕێگای ئەبو سەلەمەوە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ڕاسترین قسە، قسەی لەبیدی شاعیرە ـ الشاعر لبید ـ كە گوتوویەتی: سا بزانن هەموو شتێك لە غەیری خوا پڕوپوچە ـ باتیلە ـ)[2] ﴿لَهُ الْحُكْمُ﴾ واتە: خاوەنی فەرمانو دەسەڵاتەو هیچ كەسێك ناتوانێت دەست بخاتە كاری. ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتتان دەداتەوە لەسەر كردارەكان چاكە بە چاكەو خراپەیش بە سزادانو تۆڵە لێ سەندن.

تەفسیری سورەتی (العنكبوت)

لە مەككەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿الم (١) أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (٢) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (٣) أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَن يَسْبِقُونَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٤)﴾

تاقی كردنەوەی خاوەن باوەڕان هەتا دەركەوێت كێ ڕاست دەكاتو كێ درۆ دەكات

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الم﴾ باسی ئەم پیتانە لە سورەتی بەقەرەدا كراوە، پێویست ناكات لێرەدا باسی بكەینەوە، ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ﴾ ئەمە ئیستیفهامی ئینكاریە، واتە: هەر دەبێت خوای گەورە بەندە خاوەن باوەڕەكانی خۆی تاقی بكاتەوە، هەر كەسەو

---

[1] الرحمن (٢٦ـ٢٧).

[2] فتح الباري (١٨٣/٧).

بە پێتی ئەو باوەڕەی کە هەیەتی، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (ئەو کەسانەی کە توندتر ـ زیاتر ـ تووشی تاقیکردنەوە دەبن پێغەمبەرانن (سەلامی خوایان لێ بێت) پاش ئەوان پیاو چاکان و پاشان چاکەکان و چاکەکانی تریش، هەر پیاوەو بە پێی دینی خۆی تاقی دەکرێتەوە، خۆ ئەگەر لەسەر ئاینەکەی توندتر بوو زیاتر تاقی دەکرێتەوە ـ توشی بەلا دەبێت ـ)[1] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾[2] واتە: ئایائێوەوا گومانتان دەبرد کە دەچنە بەهەشت لە کاتێکدا هێشتا خوا دەری نەخستووە ئەوانەی تێدەکۆشن لە ئێوەو هێشتا دەری نەخستووە خۆڕاگران. نموونەی ئەم ئایەتە لە سورەتی (البراءة)دا هاتووە. وە لە سورەتی (البقرة)دا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾[3] واتە: بۆیە خوای گەورەلێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ واتە: ئێمە ئەوانەی پێش ئەمانیشمان تاقی کردەوە هەتا دەرکەوێ کێ ڕاستی کردووەو کێش درۆی کردووە لەوانەی کە خۆیان بە خاوەن باوەڕ زانیووە، چونکە خودای مەزن ئاگاداری ئەوەیە کە بووەو ئەوەیش کە دەبێت، ئەوەیشی کە نەبووەو دەبێت و چۆن پەیدا دەبێت، ئەمە ڕای هەموو پێشەوایانی سونەو جەماعەیە لەسەری کۆن. ئیبنوعەباس و کەسانی تریش هەروا دەڵێن لەوێنەی ئەم ئایەتانە ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ﴾ واتە: مەگین بۆ ئەوەی کە بیبینین. چونکە بینینی پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە کە ببێت و دیار بێت. بەلام زانیاری گشتگیرترە لە بینین، پەیوەندی بە بوون و نەبوونیشەوە هەیە.

خراپەکاران لە سزای خوا ڕزگار نابن خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَا ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ واتە: یا ئەو کەسانەی کە بڕوا ناهێنن وا دەزانن ڕزگاریان دەبێ لەو تاقیکردنەوەیە، بێگومان سزاو تۆڵەیە دێتە ڕێیان کە زۆر گران و توندترە لە تاقیکردنەوەیە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَا﴾ واتە: لە دەستمان دەرناچن و جەزرەبەی ئێمە دەچێژن. ﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ واتە: خراپیان لێك داوەتەوەو بە هەڵەداچوون.

---

[1] الترمذي (٣٢٩٨) وأحمد (١/١٧٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] ال عمران (١٤٢).

[3] البقرة (٢١٤).

﴿مَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَـَٔاتٍ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ۝٥ وَمَن جَـٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَـٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٦ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝٧﴾

خوای گەورە هیوای پیاوچاکان دێنێتەدی

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَـَٔاتٍ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ واتە: هەر کەسێك بە هیوای گەیشتن بە خودایە لە ڕۆژی قیامەتداو ئاکاری چاکی کردووەو بە ئومێدی پاداشتی چاکە لە لای خودا، بەو زووانە خوای گەورە ئەو ئاواتەی بۆ وەدی دێنێو پاداشتی تەواوی دەداتەوە بە زیادیشەوە گومانی تێدا نیە چونکە خودا لاڵانەوەی بەندەکانی دەبیستێو چاوی لە هەموویانە. خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن جَـٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَـٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: وە هەر کەس جیهاد بکاتو تێ بکۆشێت ئەوە تەنها بۆ خۆی تێ دەکۆشێت بە ڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێ نیازە. وەك ئەم ئایەتە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿مَّنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ﴾[1] واتە: هەر کەسێك کارێکی چاکە بکات قازانجەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە خوای گەورە بێ نیازە لە کرداری بەندەکانی، هەموو خەڵکی لەسەر دڵی یەك پیاوی لە خواترسترین کەسیان کۆببێتەوە لە موڵکی خوا هیچ زیاد ناکات. پاشان خوای گەورە لەگەڵ ئەوەی کە بێ نیازە لە هەموو خەڵکی، بە سۆزو بەزەیی خۆی پاداشتی ئەوانەی کە خاوەن باوەڕو ئاکار چاك بوون باشترین پاداشتیان دەداتەوە. لە تاوانیشیان دەبوورێتو لە کردارەکانی خۆیان چاکتر پاداشت وەردەگرن. کەمترین چاکە قەبوڵ دەکاتو پاداشتی لەسەر دەداتەوە لە یەك بەدەوە تا یەك بە حەوت سەد، سزای خراپەش بە ئەندازەی خراپەکە دەبێت یان لێی دەبوورێتو چاوپۆشی لێ دەکرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَـٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾[2] واتە: بە ڕاستی خوا قورسایی گەردیلەیەك ستەم ناکاتو ئەگەر چاکەیەك هەبێت هەبێت (خودا) چەندانەی دەکاتەوەو دەیبەخشێت لە لایەن خۆیەوە پاداشتێکی گەورە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ واتە: ئەوانەی خاوەن باوەڕنو ئاکار چاکن، خراپەکانیان دەسڕینەوە، باشتر لەوەی کردوویانە پاداشتیان دەدەینەوە.

---

[1] فصلت (٤٦).

[2] النساء (٤٠).

﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَـٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِى ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٩﴾﴾

فەرماندان بە چاكەكردن لەگەڵ دايكو باوك

خوای گەورە فەرمان دەكات بە بەندەكانی كە چاكە لەگەڵ دايكو باوكيان بكەن پاش ئەوەی كە فەرمانيان پێ دەكات كە تەنها هەر خوا بپەرستن، چونكە بابو دايك هۆی بوونی مرۆڤنو پێويستە زۆر بە چاكی مامەڵەيان لەگەڵ بكرێت، يارمەتی باب بدرێت لە بژێويداو هيچ نكوڵيەكی لێ نەكرێتو بە سۆزيشەوە ڕێز لە دايك بگيرێت. بۆيە خوای گەورە لەم ئايەتانەدا فەرموويەتی: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا﴾[1] واتە: وە پەروەردگارت بڕياری داوە كە هيچ شتێك نەپەرستن بێجگە لە ئەو وە لەگەڵ دايكو باوكتان چاكە بكەن ئەگەر يەكێكيان (باوكتو دايك) يان هەردووكيان لای تۆ پيربوون قسەی ناخۆشيان پێ مەڵێ تەنانەت ئۆفيش وە تێيان مەخوڕەو پێياندا هەڵ مەشاخێ (بەڵكو) وتەی نەرمو شيرينيان (لەگەڵدا) بەكاربێنە، باڵی خۆبەكەم زانينيان بۆ ڕابخە لەبەر بەزەيیو ميهرەبانيت پێيان بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحميان پێ بكە هەر چۆنێك ئەوان منيان پەروەردە كرد بە منداڵی. لەگەڵ ئەوەشدا كە خودا ڕاسپێری كردووەو فەرمانی داوە كە بە سۆزو بەزەيی بنو چاكەيان لەگەڵدا بكەن لەسەر ئەو هەموو چاكەيەی كە كردوويانە لەگەڵ منداڵی خۆياندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَـٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی كە چاكە لەگەڵ دايكو باوكيدا بكات ئەگەر زۆر جەختيان كرد لەسەرت گوتيان دەبێت شوێنيان كەوی لەسەر ئاينی ئەوان بيت ئەگەر بت پەرست بوون بە قسەيان مەكە لەو داوايەياندا، چونكە هەموو دێنەوە بۆ لای من لە ڕۆژی قيامەتدا، لەسەر ئەوەی كە چاكەت كردووە لەگەڵيانو خۆ ڕاگر بوويت لەسەر ئاينەكەت پاداشتت دەدەمەوە، لە ڕێزی پياوچاكان دادەنێم، لە باوكو دايكت دووررت دەخەمەوە، با تۆ نزيكترين كەس بيت بەوان لە دنيادا، چونكە هەموو كەسێك لەگەڵ ئەوانەدا كۆدەكرێنەوە ـ حەشر دەكرێت ـ لە ڕۆژی قيامەتدا كە خۆشی ويستووە، واتە: خۆشەويستی ئاينی. بۆيە خوای گەورە فەرموويەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ

---

[1] الاسراء (٢٣ـ٢٤).

لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِي ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ واتە: وە ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە بێگومان دەیانخەینە ڕیزی پیاو چاکانەوە. تیرمزی ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە سەعدەوە دەڵێ: چوار ئایەت لەسەر من هاتووەتە خوارەوە پاشان بەسەرهاتەکەی خۆی گێڕایەوەو گوتی: دایکم گوتی: -أم سعد- بە سەعد: ئایا خوا فەرمانی پێ نەکردووی بە چاکەکردن؟ واتە: بە چاکەکردن لەگەڵ داكو باب؟ سا سوێند بە خوا نە خواردن و نە خواردنەوە ناخۆمو ناخۆمەوە تا دەمرم یان دەبیتە دوژمنی ئەو ئاینە. گوتی: هەر کاتێك گەر بیانویستایە خواردنی بدەنێ دەمیان دەکردەوە -واتە دەمیان بە زۆر دەکردەوە- لەو کاتەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ﴾[1] ئەم فەرموودەیەئیمامی ئەحمەدو موسلیمو ئەبو داودو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[2] تیرمزی دەڵێ: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە -حسن صحيح-.

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ ۚ أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ ﴿١١﴾﴾

سروشتو خوی دووڕووان و یاسای خودا لە تاقی کردنەوەدا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ﴾ خوای گەورە باسی سیفاتی کۆمەڵێك لە خەڵكی دەكات كە دەم ئێژن: ئێمە خاوەن باوەڕین بەڵام باوەڕ لە دڵیاندا جێگیر نەبووەو درۆ دەکەن کە ئێژن خاوەن باوەڕین، چونکە کاتێك کە تووشی بەڵایەك یان گرفتێك هاتن، پەشیمان دەبنەوە وا گومان دەبەن بە هۆی ئەوەوە تووشی بەڵایەك بوون كە موسڵمان بوون. ئیبنو عەباس دەڵێ: تاقی کردنەوەکەی ئەوەیە لە ئاینەکەی پەشیمان دەبێتەوە ئەگەر لەبەر خوا سزا درا.[3] زانایانی تری پێشینەش (السلف) هەر وایان گوتووە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعْبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍ ۖ فَإِنْ أَصَابَهُۥ خَيْرٌ ٱطْمَأَنَّ بِهِۦ ۖ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ﴾[4] واتـە: لـەناو

---

[1] تحفة الأحوزي (٩/٤٨).

[2] أحمد (١٨١)، مسلم (٤/١٨٧٧)، أبو داود (٣/١٧٧)، النسائي في الكبرى (٦/٣٤٨).

[3] الطبري (٢٠/١٣).

[4] الحج (١١).

خەڵکدا کەسی وا هەیە خوا دەپەرستێت لە قەراغدا (لە نێواندا) جا ئەگەر تووشی خێرو خۆشی بوو دڵخۆش دەبێت پێی (بەردەوام دەبێت لە خواپەرستی دا) وە ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەو بەلا بوو بەرەودوا هەڵدەگەڕێتەوە، پاشگەز دەبێتەوە لە ئایین زەرەرمەندی دنیاو قیامەت بووە تەنها ئەوەیە زیانو خەسارەتمەندی ڕوونو ئاشکرا. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن جَآءَ نَصۡرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمۡ﴾ واتە: ئەگەر یارمەتیەکی نزیکی خودا بێت بۆتان ئەی موحەمەد (ﷺ) ئێژن: ئێمەش لەگەڵتان بووینو برای دینی ئێوەین، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمۡ فَإِن كَانَ لَكُمۡ فَتۡحٌ مِّنَ اللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡ وَإِن كَانَ لِلۡكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓاْ أَلَمۡ نَسۡتَحۡوِذۡ عَلَيۡكُمۡ وَنَمۡنَعۡكُم مِّنَ الۡمُؤۡمِنِينَ﴾[1] واتە: (دووڕووەکان) ئەوانەی چاوەڕوانی (سەرەنجامی) ئێوە دەکەم جا ئەگەر بۆ ئێوە بوو سەرکەوتن لە لای خواوە دەڵێن مەگەر ئێمە لەگەڵ ئێوە نەبووین؟ بەلام ئەگەر بێباوەڕان بەشێکیان (لە سەرکەوتن) هەبوو دەڵێن ئایا ئێمە زاڵمان نەکردن بەسەر ئەواندا؟و ئێوەمان نەپاراست لە ئیمانداران؟ وە فەرموویەتی: ﴿فَعَسَى اللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِالۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٍ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ﴾[2] واتە: دەی نزیکە خوا سەرکەوتنو زاڵکردنی تەواو بنێرێت (بۆ پێغەمبەر ﷺ) یان لە لایەن خۆیەوە کارێکی تر بکات بە هۆی ئەوەوە وایان لێ دێت لەوەی پەنهانیان کردبوو لە دەروونی خۆیاندا پەشیمان دەبنەوە. وە لێرەشدا خوای گەورە باسیان دەکاتو دەفەرمووێت: ﴿وَلَئِن جَآءَ نَصۡرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمۡ﴾ واتە: ئەگەر یارمەتیەکیش لە لایەن خوداوە بێت، ئێژن: ئێمە لەگەڵ ئێوە بووین، پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوَلَيۡسَ اللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە: ئایا خودا ئاگادارتر نیە لەوەی کە لە دڵی ئەوانە دایەو شاردوویانەتەوە؟ هەرچەندە خۆیان وا دەردەخەن کە هاوڕان لەگەڵ ئێوە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَيَعۡلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ الۡمُنَٰفِقِينَ﴾ واتە: خوای بالادەست خەڵکی تاقی دەکاتەوە بە خۆشیو بە ناخۆشی بۆ ئەوەی خاوەن باوەڕان ئەوانەی کە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوونو دووڕووەکانیش ئەوانەی کە بە گوێی هەواو ئارەزووی خۆیان کردووە لە یەکتری جیابکاتەوە. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ

---

[1] النساء (١٤١).

[2] المائدة (٥٢).

حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا تاقیتان دەکەینەوە تا دەری بخەینو دیاربێت موجاهیدانو خۆڕاگرتنتانو تا هەواڵتان چیە ئاشکرای بکەین. خوای گەورە باسی ڕووداوەکەی ئوحود (أحد) دەکاتو ئەوەی کە ڕوویدا تێیدا لەو تاقیکردنەوەو کارەساتە گرانە کە بەسەر پێغەمبەرو (ﷺ) هاوەڵەکانیدا هات، دەفەرمووێت: ﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ﴾[2] واتە: خوا واز لە بڕواداران ناهێنێت لەسەر ئەو بارەی کە ئێوەی لەسەرن (کە جیانەبوونەوەی موسڵمان دووڕووو کافرە).

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبِعُوا۟ سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنْ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَىْءٍ ۖ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٢﴾ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۖ وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿١٣﴾﴾

ئەترسی خوانەناسان لە هەڵگرتنی تاوانی خەڵکی تر بەو بەرجەی بگەڕێنەوە بۆ بێ دینی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبِعُوا۟ سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ﴾ خوای گەورە باسی خوانەناسەکانی قوڕەیش دەکات کە دەیانگوت بە خاوەن باوەڕەکان ئەوانەی شوێن ڕێی ڕاست کەوتبوون، لە ئاینەکەتان پەشیمان ببنەوە بێنەوە سەر ئاینەکەی ئێمەو بە قسەی ئێمە بکەن. ﴿وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ﴾ هەرچی تاوانو خراپەتان هەیە هەموو بە گەردنی ئێمە، وەك کەسێك بە کەسێکی تر ئێژێت: ئەو کارە بکە ئۆباڵی تاوانەکەت بە ئەستۆی من، خوای گەورەش بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرمووێت: ﴿وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنْ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَىْءٍ ۖ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ واتە: ئەوانە کە گوتوویانە تاوانەکانی ئەوانە دەخەنە ئەستۆی خۆیان، بێگومان کەس تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت بە ڕاستی ئەوانە درۆزنن، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَىْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰٓ﴾[3] واتە: وە ئەگەر بارگرانێ (گوناهبارێك) بانگی کەسێ تر بکات بۆ هەڵگرتنی (بارە گوناهەکەی) هیچ لەو (بارە گوناهە) هەڵناگرێت هەرچەندە (داوالێکراوەکە) خزمیشی بێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا ﴿١٠﴾ يُبَصَّرُونَهُمْ﴾[4] واتە: وە هیچ کەسێك ناپرسێتەوە لە

---

[1] محمد (٣١).

[2] ال عمران (١٧٩).

[3] فاطر (١٨).

[4] المعارج (١٠ـ١١).

هیچ کەسێکی خۆشەویستی خۆی، کە نیشانی یەکتری دەدرێن. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۖ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ واتە: سوێند بە خوا بێباوەڕان باری گرانی (کوفرو تاوانی) خۆیان هەڵدەگرنو باری گرانی (خەڵکانی) تریش لەگەڵ باری گرانی خۆیاندا هەڵدەگرنو بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاریان لێ دەکرێت لەو درۆو دەلەسانەی لە دنیادا هەڵیاندەبەست. خوای گەورە باسی ئەو خوانەناسو گومڕایانە دەکات کە بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ بێ دینی، کە لە ڕۆژی قیامەتدا تاوانی خۆیانو تاوانی ئەو کەسانەش وا لە گەردنیاندا کە گومڕایان کردوون بەبێ ئەوەی تاوانی ئەوانیش هیچ کەم بێتەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾[1] واتە: بۆ ئەوەی باری گوناهی خۆیان بە تەواوی هەڵبگرن لە ڕۆژی دوایدا لەگەڵ هەندێ لە باری گوناهی ئەوانەی کە ئەوان گومڕایان دەکردن بەبێ زانیاری بێدارین زۆر بەدە ئەوەی کە هەڵیدەگرن (و دەیگرنە ئەستۆ). لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (هەر کەسێك بانگەواز بکات بۆ سەر ڕێی ڕاست، بە ئەندازەی ئەوانەی کە شوێنی دەکەونو پاداشتی دەست دەکەوێ، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوانە هیچ کەم بکرێتەوە، هەر کەسێك بانگەواز بکات بۆ گومڕایی بە ئەندازەی ئەوانەی تاوانەکە دەکەن سزا دەدرێت، بەبێ ئەوەی لە سزای ئەوانە هیچ کەم بکرێتەوە).[2] هەر لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە دەفەرموێت: (هیچ کەسێك ناکوژێت بە ناهەقی مەگین یەکەم کوڕی ئادەم بەشی هەیە لە خوێنەکەیو تاوانەکەیدا، چونکە یەکەم کەس بوو یاسای کوشتنی داهێنا).[3] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ واتە: پرسیاریان لێ دەکرێت لەسەر ئەو بوختانو دریانە کە کردوویانە. ئیبنوئەبی حاتەم لێرەدا فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردووە لە ئەبو ئومامەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو پەیامەی کە بۆی هاتبوو بە تەواوی گەیاندی، پاشان گوتی: خۆتان لادەن لە ناهەقی (الظلم) چونکە خوای گەورە سوێند دەخوات لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: ((بە گەورەییو دەسەڵاتی خۆم سوێند بێت، چاوپۆشی لە ناهەقیو تاوان ناکەم، پاشان جاڕچیەك جاڕ دەداتو ئێژێ: فڵانی کوڕی فڵان لە کوێیە؟ دێتو بە ئەندازەی کێو چاکە شوێنی دەکەوێت، خەڵکی هەموو سەیری دەکەنو لێی زرد دەبنەوە هەتا لە خزمەت خودای مەزندا دەوەستێت، پاشان فەرمان دەدرێت بە

[1] النحل (٢٥).

[2] مسلم (٢٠٦٠/٤).

[3] فتح الباري (٤١٩/٦).

جارڕدەرەکە، جارڕدەداو ئێژێت: کێ هەقی هەیە لەسەر فلانی کوڕی فلان با بێت، ئەوانیش دێن‌و لە خزمەت خوای گەورەدا کۆدەبنەوەو دەوەستن، خوای گەورە دەفەرمووێت: بە کاری ئەم بەندەی مندا رابگەن‌و حەقی لێ بسێنن، ئەوانیش ئێژن: چۆن بەکاری رابگەین؟ خوای گەورە دەفەرمووێت: لە چاکەکانی هەلگرن بۆ ئەوانە، بەردەوام چاکەکانی هەڵدەگرن هەتا هیچ چاکەی نامێنێ، خاوەن هەقی تر نەماوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: کاری ئەم عەبدەم تەواو بکەن‌و هەقی لێ بستێنن، ئەوانیش ئێژن: هیچ چاکەی نەماوە، دەفەرمووێت: لە خراپەکانی ئەوانە هەلگرن‌و بیخەنە سەری ئەو))، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بەم ئایەتە کۆتایی هێنا: ﴿وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾،[1] ئەم فەرموودەیە نموونەی زۆرە لە کتێبە سەحیحەکاندا لەم بارەیەوە: (پیاوی وا دێت چاکەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا وەك کێوەکان وایە، ناهەقی بەوە کردووەو ماڵی ئەوەی بردووەو قسەی ناشیرینی ئەو گوتووە، فلان لە چاکەکانی دەبات‌و فلانیش لە چاکەکانی دەبات، خۆ ئەگەر چاکەی نەماو تەواو بوو لە خراپەکانی ئەوانە هەڵدەگیرێت‌و دەخرێتە سەری)[2].

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ ﴿١٤﴾ فَأَنجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴿١٥﴾﴾

باسی نوح پێغەمبەرو (سەلامی خوای لێ بێت) گەلەکەی

ئەم ئایەتە لێرەدا دڵدانەوەیە لە خوای گەورەوە بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەمەد (ﷺ) کە باسی نوح پێغەمبەری (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ دەکات کە ئەو ماوە زۆرە لەناو هۆزەکەیدا مایەوە بە شەوو بە ڕۆژ بانگی دەکردن بۆ لای خواو ڕێی ڕاست بە پەنهانی‌و بە ئاشکرا کەچی هەر دوور دەکەوتنەوەو ڕایان دەکرد لە هەق پشتیان تێ دەکردو باوەڕیان پێ نەدەکرد، خەڵکێکی زۆر کەم نەبێت بڕوایان پێ دەکرد، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ﴾ واتە: پاش ئەو هەموو ماوە زۆرە ئەو بانگەوازی نوحە (سەلامی خوای لێ بێت) هیچ کارێکی تێ نەکردن‌و ئامۆژگاریەکانی نوحیان وەرنەگرت، تۆش ئەی موحەمەد (ﷺ) دلگران مەبەو خەم مخۆ بۆ هۆزەکەت کە بڕوات پێ ناکەن، چونکە خودا مەیلی لە هەر کەسێك بێت شارەزای دەکات‌و مەیلیشی لە هەر کەسێك بێت گومڕای دەکات، هەموو شتێك بە دەستی خوایەو هەموو کاروبارێك دێتەوە بۆ لای ئەو. وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ

---

[1] الدر المنثور (٥/٢٧٢).

[2] مسلم (٤/١٩٩٧).

عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ﴾[1] واتـە: بەڕاسـتی ئەوانـەی دەرچـووەو چەسپاوە بۆیان بڕیاری پەروەردگارت بڕوا ناهێنن، (بڕوا ناهێنن) هەرچەندە بۆیان بێت هـەموو بەڵگـەو نیشانەیەك. ئیبنوعەباس دەڵێ: نوح (سەلامی خوای لێ بێت) ڕەوانە کرایە سەر هۆزەکەی تەمـەنی چڵ ساڵ بوو، نۆسەدو پەنجا ساڵ لەناویاندا مایەوە، دوای تۆفان‌و لافاوەکە شەست ساڵ مایەوە تا خەڵکی زۆربـوون‌و بڵاوبوونـەوە.[2] خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَأَنجَيْنَـٰهُ وَأَصْحَـٰبَ ٱلسَّفِينَةِ﴾ واتـە: ئەوانـەی بڕوایان بە نوح هێنـا (سـەلامی خـوای لێ بێـت) ڕزگارمـان کـردن. بە درێـژی لـە پێشەوە لـە سـوڕەتی (هـود)دا باسمـان کـردووە پێویـست ناکـات لێـرەدا جـارێکی تـر باسـی بکەینـەوە. خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَـٰهَآ ءَايَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: ئەو گەمیـەمان وەك نیـشانەیەك هێـشتەوە یـان هـەر گەمیەکە خۆی مایەوە، وەك قەتادە ئێژێ: ئەو گەمیـە مایـەوە هـەتا سـەرەتای ئـاینی ئیسلام لەسـەر جودی، یان شێوەی ئەو گەمیەی هێشتەوە هـەتا ببێتـە بیرەوەریـەك بـۆ ئـەو خەڵکـە کـە چـۆن خـوای گەورە ڕزگاری کردن لـەو لافـاوە.[3] وەك خـوای گەورەفەرموویـەتی: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ ﴿٤٣﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَـٰعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾[4] واتـە: وە بەڵگەیـەکی ئاشـکرای تـر بـۆ ئـەوان ئەمەیـە کـە بێگومـان ئێمـە نەوەکانی ئەوانمان لە کەشتی پڕکراو (لـە خۆیـان‌و کەلوپـەلیان)دا هـەڵگرتووە، وە بە وێنـەی کەشـتی شتانێکی تریشمان بۆ دروست کردون کە سـواری بن، وە ئەگـەر بمانـەوێت نوقمیـان دەکـەین جـا هـیچ کەس نایەت بە هاواریانەوەو ڕزگاریش ناکرێن (لە نوقمبوون)، مەگەر بەزەیی ئێمـە (ڕزگاریـان بکـات)و تا کاتی دیـاریکراو بیانـژێنێت. وە فەرموویـەتی: ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَـٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ ﴿١١﴾ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ﴾[5] واتـە: بەڕاسـتی ئێمـە: کاتێـك کـەئاو(ی تۆفـان) سـەرکەوت (باپیرەکـانی) ئێوەمـان هـەڵگرت لـە کەشـتیدا (ئـەی بێبـاوەڕانی مەککە) تـا ئـەم کردەوەیە بکەینـە بیرهێنـەرەوە بـۆ ئێـوەو گـوێگرێکی تێگەیـشتوو. وە لێرەشـدا فەرموویـەتی: ﴿فَأَنجَيْنَـٰهُ وَأَصْحَـٰبَ ٱلسَّفِينَةِ وَجَعَلْنَـٰهَآ ءَايَةً

---

[1] یونس (٩٦ــ٩٧).

[2] الدر المنثور (٥/٢٧٣).

[3] الطبري (٢٠/١٨).

[4] یس (٤١–٤٤).

[5] الحاقة (١١ــ١٢).

لِلْعَٰلَمِينَ﴾ ئەمەش لەبابی تەدریجە (التدريج) لە شەخصەوە بۆ جنس (من الشخص الى الجنس) وەك ئەم ئایەتە كە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ﴾[1] واتە: سوێند بێت بێگومان ئاسمانی دنیامان ڕازاندۆتەوە بە چرای زۆر (ی ئەستێرە)و گێڕاومانن لە ڕەجمی شەیتانەكان. واتە: لە شێوەو بابەتی ئەوە ڕەجمی شەیتانیشی پێ دەكەینو ڕاوی دەنێین، بە ئەستێرە ڕازاوەكان ڕاویان نانێین، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾﴾[2] واتە: سوێند بە خوا بەڕاستی مرۆڤمان دروست كرد لە خولاسەو پاڵفتەیەك لە قوڕ، لە پاشان ئەومان كردە نوتفەیەك لە ئارامگایەكی قایم (مندااڵدانی دایك)دا.

﴿وَإِبْرَٰهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٦﴾ إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تُكَذِّبُوا۟ فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِّن قَبْلِكُمْ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٨﴾﴾

ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) ئامۆژگاری گەلەكەی دەكات

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەرو خەلیلی خۆیو پێشەوای یەكتاپەرستان ئیبراهیم دەكات (سەلامی خوای لێ بێت) كە بانگی هۆزەكەی كرد كە تەنها خوابناسنو هەر ئەو بپەرستن شەریكی بۆ دانەنێنو بە پاكیو دڵسۆزیەوە لە خوا بترسنو داوای ڕۆزیش هەر لەو بكەن لە كەسی تری داوا مەكەن، چونكە هەر خودا شایانی سوپاس كردنە لەسەر ئەو بەهرانەی كە داویەتی بە بەندەكانی، كەسی تر ناتوانێ بیدا. ﴿إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ﴾ واتە: گوتی بە هۆزەكەی: خوا بپەرستنو لێی بترسنو خۆتانی لێ بپارێزن، ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ واتە: ئەگەر واتان كرد تووشی خێروبێر دەبن لە دنیاو لە قیامەتدا، وە شەڕو خراپەتان لە كۆڵ دەبێتەوە لە دنیاو لە قیامەتدا، ﴿إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: بە ڕاستی ئێوە لە جیاتی خوا بتانێك دەپەرستنو درۆیەكی گەورە هەڵدەبەستن بە ڕاستی ئەوانەی كە ئێوە دەیان پەرستن بێجگە لە

---

[1] الملك (٥).

[2] المؤمنون (١٢ـ١٣).

خوا ناتوانن ڕزق و ڕۆزی ئێوە بدەن کەواتە داوای ڕۆزی لە خوا بکەن و ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکەن تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە (لە ڕۆژی قیامەتدا)، خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی ئەو بتانە دەکات کە دەیپەرستن توانای هیچ قازانج و زەرەرێکیان نیە بە خەڵکی بگەیەنن بەڵکو درۆیەکە خۆیان هەڵیان بەستووە، چەند ناوێکن کە ناوی خودایان لێ ناوە، کە ئەوانیش هەروەك ئەوان دروست کراون، عەوفی هەر بەم شێوەیە لە ئیبنوعەباسەوە ڕیوایەتی کردووە.[1] موجاهیدو سودیش هەر وایان گوتووە، والبیش (الوالبيّ) لە ئیبنو عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە ـ وتصنعون إفكاً ـ واتە: دەیانتاشن و دەیانکەنە بتگەلێ.[2] کە ناتوانن بژێویتان بۆ دابین بکەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ لَكُمۡ رِزۡقٗا﴾ ئەمەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ﴾ بەهێزترو دیارترە لە حەسر (الحصر) وەك دەفەرموێت: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾[3] واتە: (خوایە) تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها لە تۆ داوای یارمەتی دەکەین. وە دەفەرموێت: ﴿رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ﴾[4] واتە: پەروەردگارم بۆم دروست بکە لای خۆتماڵێك لە بەهەشتدا. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱبۡتَغُواْ﴾ واتە: داوا بکەن ﴿عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ﴾ واتە: لە ڕۆزی خودا بخۆن و هەر ئەو بپەرستن و سوپاسیشی بکەن لەسەر ئەو بەهرانەی کە پێی بەخشیون، ﴿إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو دەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو هەموو کەسێك پاداشتی کردەوەکانی وەردەگرێت. پاشان دەفەرموێت: ﴿وَإِن تُكَذِّبُواْ فَقَدۡ كَذَّبَ أُمَمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە باوەڕ نەهێنن، ئەوە ئومەتانی پێش ئێوەش باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەهێنا، هەواڵی دانێ کە چیان بەسەرهات لە جەربەزەو سزای سەخت لەسەر ئەو دژایەتیەی بەرانبەر پێغەمبەران کردیان، ﴿قَبۡلِكُمۡۖ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ واتە: ئەوەی لەسەر پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە خودا فەرمانی پێ کردوون بۆتان، خودا مەیلی خۆیەتی کێ گومڕا دەکات و کێش شارەزا دەکات، کەواتە خۆتان ماندوو بکەن و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی لە بەختەوەران بن، قەتادە دەڵێ: ﴿وَإِن تُكَذِّبُواْ فَقَدۡ كَذَّبَ أُمَمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡ﴾ واتە: خوای گەورە سەرەخۆشی لە

[1] الطبري (٢٠/١٨).

[2] الطبري (٢٠/١٩).

[3] الفاتحة (٥).

[4] التحريم (١١).

پێغەمبەر (ﷺ) دەكات ئەم قسەی قەتادە وا دەگەیەنێت كە قسەی یەكەمجار براوەو ئەم ڕستەیە وەك جومگەیەكی موعتەرزە (معترضة) هاتووەتە نێوان، قەتادە دەگاتە ئەوەی كە دەفەرمووێت: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ﴾ ئیبنو جەریریش بە هەمان دەق گوتوویەتی، بەڵام لە شێوازی ئایەتەكەوە وا دەردەكەوێت ئەم قسانە هەموو قسەی ئیبراهیمی خەلیلە (سەلامی خوای لێ بێت) دەیكاتە بەڵگە لەسەر هۆزەكەی بۆ سەلماندنی ڕۆژی قیامەت پێیان، پاش ئەم قسانە هەمووی: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ﴾ واتە: تەنها وەڵامی هۆزەكەی هەر ئەوە بوو كە بیكوژن یان بیسوتێنن ـ والله أعلم ـ.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ كَيْفَ يُبْدِئُ ٱللَّهُ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥٓ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١٩﴾ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَرْحَمُ مَن يَشَآءُ ۖ وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ ﴿٢١﴾ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ يَئِسُوا۟ مِن رَّحْمَتِى وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٣﴾﴾

بەڵگەكانی ژیانەوە پاش مردن

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ كَيْفَ يُبْدِئُ ٱللَّهُ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥٓ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ واتە: ئایا ئەوانە سەرنجیان نەداوە كە چۆن خودا دروستكراوان بەدی دەهێنێت لە پاش نەمان دەیهێنێتەوە بێگومان ئەو زیندوكردنەوە بۆ خوا ئاسانە. خوای گەورە باسی ئیبراهیم خەلیل دەكات (سەلامی خوای لێ بێت) كە ڕێی ڕاست نیشانی هۆزەكەی دەداتو پێیان دەسەلمێنێت كە ڕۆژی قیامەت هەیەو دێت كە ئەوان وا دەزانن نیەو نایەت، بە چاوی خۆیان دەبینن كە ئەو خەڵكە نەبووەو خودا وەدی هێناونو چاوو گوێی پێداونو پێی دەبیننو دەبیستن، ئەو خودایەی كە لە نەبوون دروستی كردوون دەتوانێ جارێكی تریش بیانهێنێتەوە، ئەوە بە لای خوداوە زۆر سووكو ئاسانە، پاشان دەفەرمووێت: ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ پاشان ڕێیان نیشان دەدات كە سەیری ئەم بوونەوەرە بكەنو ئەو هەموو بەڵگەیە ببینن لە دروستكردنی ئاسمانەكانو ئەو هەموو ئەستێرە ڕووناكو وەستاوو گەڕۆكو زەمینو ئەوەی كە تیایاندایە لە دەشتو كێوو دۆڵو چۆڵو بیابانو دارودرەختو ڕووبارو دەریاو بەرهەمی زۆر ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە دروستكراونو لە خۆیانەوە نەهاتوون، نیشانەشن لەسەر بوونی

وەدیهێنەرێکی خاوەن دەسەڵاتو بە توانا کە مەیلی لە هەر شتێك ببێت فەرمووی ببە دەبێت، بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ وەك ئەم ئایەتەش وایە کە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾[1] واتە: ئەو (خوا) زاتێکە بەدیهێنانی دەست پێکردووە لە پاشان (دوای مردنی) دووبارە دروستی دەکاتەوە ئەم (دروست کردنەوەی دووەم) لای خوا ئاسانترە. وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَيَرْحَمُ مَن يَشَاءُ﴾ واتە: خوا سزای هەر کەسێك دەدات بیەوێ وە ڕەحمیش دەکات بە هەر کەسێك کە بیەوێت. خودا خۆی کاربەدەستەو هەرچی مەیلی لێ بێت دەیکات هیچ کەسێك ناتوانێ دەست وە کاریەوە بدات بێژێت ئەوە بۆ. بەڵام ئەو خەڵکە هەموو پرسینەوەی لێ دەکرێت، کارو فەرمان هی خۆیەتی‌و هەرچی بکات پڕە لە دادپەروەری چونکە خوا خاوەن دەسەڵاتێکی وایە کە بە ئەندازەی گەردیلەیەك (مثقال ذرة) ناهەقی لە بەندەکانی ناکات. وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە هەندێ زانایانی فەرموودە ڕیوایەتیان کردووە: (خوای گەورە ئەگەر بیەوێت سزای خەڵکی ئاسمانەکان‌و زەمینی خۆی بدات، سزای دەداتو ناهەقیشی پێ نەکردوون).[2] بۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ﴾ واتە: ڕۆژی قیامەت دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ﴾ واتە: هیچ کەسێك لەناو ئاسمانەکان‌و زەمیندا ناتوانێت لە دەستی خودا دەرچێت، بەڵکو زاڵە بەسەر بەندەکانیدا، هەموو کەس‌و هەموو شتێك هەر لە خودا دەترسێت‌و موحتاجی ئەوەو خودا لە هەموو کەس‌و هەموو شتێك بێ نیازە، ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ واتە: جگە لە خوا کەس نیە هانای پێ ببەن‌و یارمەتی دەرتان بێت، ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَلِقَائِهِ﴾ واتە: ئەوانەی کە بە نیشانەکانی خوداو دیداری باوەڕیان نیە، ﴿أُولَئِكَ يَئِسُوا مِن رَّحْمَتِي﴾ واتە: بێ ئومێدن لە بەزەیی خواو بێ بەشن، ﴿وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: جەربەزەی بە ژانیان هەیە لە دنیاو لە ڕۆژی دواییدا.

﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا اقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ فَأَنجَاهُ اللَّهُ مِنَ النَّارِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٢٤﴾ وَقَالَ إِنَّمَا اتَّخَذْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

---

[1] الروم (٢٧).

[2] ابوداود (٧٥/٥)، ابن ماجه (٣٠/١)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٥﴾﴾

وەڵامی هۆزی ئیبراهیم بۆ ئیبراهیمو فەرمانی خودا بۆ ئاگر

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ﴾ خوای گەورە باسی هۆزەکەی ئیبراهیم دەکات کە چەندە خوانەناس‌و لاسارو سەربزێون‌و دەیان ویست بەری هەق بە شتی پڕوپووچ بگرن. تەنها وەڵامیان هەر ئەوە بوو کە ئیبراهیم بکوژن یان بیسوتێنن، دوای ئەو هەموو ئامۆژگاریەی ئیبراهیم کە داوای لێ کردن ڕێی ڕاست بگرن‌و لێی‌و لێی لانەدەن، چونکە ئیبراهیم بەڵگەی زۆری بۆ دەهێنانەوەو پێی دەسەلماندن، کەچی ئەوان بە خۆیان‌و ماڵ‌و سامانیاندا دەنازی دەیان گوت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَٰنًا فَأَلْقُوهُ فِى ٱلْجَحِيمِ ﴿٩٧﴾ فَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَسْفَلِينَ﴾[1] واتە: وتیان بینایەکی بەرزی بۆ دروست بکەن (پڕی بکەن لە ئاگر)و فڕێی بدەنە ناو ئاگرەکەوە، ویستیان (بیکوژن) بە پیلان بەڵام ئێمە ئەوانمان ژێرخست. بۆ ئەو مەبەستە خەڵکێکی زۆریان هێناو دارێکی ئیجگار زۆریان پێ کۆکردنەوە کە ماوەیەکی زۆری پێ خایاند، لە دەوری کۆبوونەوەو پاشان ئاگریان تێ بەردا کڵپەی ئاگرەکە بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە، هەرگیز ئاگری وا گەورە نەکرابووەوە، پاشان پەلاماری ئیبراهیمیان داو دەست‌و پێیان بەست‌و خستیانە ناو مەنجەنیق‌و فڕێیان دایە ناو ئاگرەکە. خوای باڵادەستیش ئاگرەکەی ساردو سەلامەت کردەوە، بە ساغ‌و سەلامەتی ئیبراهیم لەناو ئاگرەکە هاتە دەرەوە دوای چەند ڕۆژێك، خوای گەورە ئیبراهیم‌و ئەوانەی وەك ئیبراهیمی کردە پێشەوای خەڵکی، چونکە گیانی خۆی بەخشی بە خوداو لاشەی خۆی خستە ناو ئاگرو کوڕەکەی خۆی کردە قوربانی‌و ماڵەکەی کردە شوێنی حەسانەوەی میوان لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە. بۆیە هەموو ئاینەکان ڕێزی لێ دەنێن‌و خۆشیان دەوێت، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَأَنجَىٰهُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ واتە: خوا لە سوتانی ئاگر نەجاتی داو ئاگرەکەی ساردو سەلامەت کرد بۆی، ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ئەمە بۆ ئەوانەی خاوەن باوەڕن بەڵگەی زۆری تێدایە.

ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) بێ دەسەڵاتی بتەکانی بۆ هۆزەکەی ڕوون کردەوە

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) لۆمەو سەرزەنشتی هۆزەکەی دەکات لەسەر ئەو بتپەرستی‌و کارە

[1] الصافات (٩٧ـ٩٨).

خراپەیان کە عیبادەت بۆ بتەکانیان دەکەن پێیان ئێژێ: ئێوە بۆیە هەموو کۆن لەسەر ئەو بت پەرستیە لەبەر خۆشەویستیو خاتری یەکتری لە ژیانی دنیاداو بۆ پاراستنی ئەو تێکەڵاویو برایەتیە کە نێوانتاندا هەیە ﴿ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو خۆشەویستیو برایەتیە دەگۆڕێتو دەبێتە ڕقو کینە لە یەکتری ﴿يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ﴾ واتە: حاشا لە یەکتری دەکەنو ﴿بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾ واتە: ئەوانەی شوێنکەوتوون نەفرین لەوانە دەکەن کە شوێنیان کەوتو ئەوانیش هەر نەفرین لە شوێنکەوتووانی خۆیان دەکەن. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾[1] واتە: هەر جارێك دەستەیەك دەچنە ناویەوە نەفرین لە هاوبیرانی دەکات. وە دەفەرمووێت: ﴿الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾[2] واتە: دۆستو خۆشەویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن جگە لە پارێزگاران. وە لێرەشدا دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾ واتە: پاشەڕۆژو ئاکامتان دوای وەستان لە ڕۆژی مەحشەردا (قیامەتدا) هەر ناو ئاگرەو هیچ کەسێك نیە بێت بە هاوارتانەوە یارمەتیان بدات هیچ کەسیش ناتوانێت ڕزگارتان بکات لە جەزرەبەی خودای گەورە. ئەمە ژیانو گوزەرانی خوانەناسانە لە قیامەتدا، بەڵام خاوەن باوەڕان بە پێچەوانەی خوانەناسانەوەیە.

﴿فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّي إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٢٦﴾ وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ وَآتَيْنَاهُ أَجْرَهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٢٧﴾﴾

باوەڕهێنانی لووتو کۆچکردنی لەگەڵ ئیبراهیم (سەلامی خوایان لێ بێت)

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّي﴾ خوای گەورە باسی ئیبراهیم دەکات کە لوت بڕوای پێ هێنا (سەلامی خوایان لێ بێت) گوتراوە کە لوت برازای ئیبراهیم بووە، واتە: لوتی کوڕی هارانی کوڕی ئازەر، غەیری لوتو سارەی خێزانی ئیبراهیم نەبێت لە هۆزەکەی هیچ کەس بڕوای پێ نەهێنا، بەڵام گوتراوە: کەواتە چۆن تەوافوق (التوافق) دەخرێتە نێوان ئەم ئایەتەو ئەو فەرموودە سەحیحەی کە دەفەرمووێت: کاتێك ئیبراهیم ڕۆیشت بەلای ئەو پاشا ستەمکارەدا، پرسیاری لێ کرد کە سارە چیتە؟ ئیبراهیم گوتی: خوشکمە، پاشان ئیبراهیم هات بۆ لای سارەو پێی گوت: من

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] الزخرف (٦٧).

گوتومە بەو پاشایە کە تۆ خوشکی منی بە درۆم نەخەیتەوە، چونکە لەسەر زەمیندا غەیری منو تۆ هیچ خاوەن باوەڕ نیە، تۆ خوشکی ئاینی منی، مەبەست لەم قسەیە ـ والله أعلم ـ لەسەر زەمیندا جگە لە منو تۆ کە ژنو مێردی یەکترین تۆ خاوەن باوەڕ بێت. لوتیش کە بڕوای پێ هێناوەلە هۆزەکەی خۆیەتیو کۆچی کردووە لەگەڵی بۆ وڵاتی شام، پاشان ڕەوانە کراوە بۆ ئەهلی سەدومو (سدوم) ئەو ناوچەیەو لەوێ ماوەتەوە.[1] وەك لە پێشەوە باسی لوت کراوە لەمەودوایش باسی دەکەین.

﴿وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓ﴾ واتە: وە (ئیبراهیم) وتی: بێگومان من کۆچ دەکەم بۆ لای پەروەردگارم (لە بابلەوە بۆ شام). دەگونجێت زەمیری ﴿وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓ﴾ بگەڕێتەوە بۆ لوت (سەلامی خوای لێ بێت) چونکە لە نزیکترین باسکراوەکانە، لەوانەشە ئەو زەمیرە بگەڕێتەوە بۆ ئیبراهیم، ئیبنو ئیسحاقو زەحاك دەڵێن: مەبەست بەم ئایەتە: ﴿فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٌۘ﴾ واتە: لە هۆزەکەی. پاشان باسی ئیبراهیم دەکات کە کۆچ کردنی هەڵبژارد لەناو هۆزەکەیداو سەرکەوتنی بە دەست هێنا لەو کۆچکردنەدا، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ واتە: دەسەڵاتو سەرکەوتن هەر بۆ خواو پێغەمبەرەکەیو خاوەن باوەڕانە. ئەو خودایەی کە لە کردارو گوفتاردو فەرمانی شەرعیو قەدەریدا کارزانە. قەتادە دەڵێ: هەموویان کۆچیان کرد لە کوسیەوە (کوثي) لە ناوچەی کوفەوە (الکوفة) بۆ وڵاتی شام.

خوای گەورە ئیسحاقو یەعقوبی دا بە ئیبراهیمو لە ناوەکانیشیدا پێغەمبەری هەڵبژارد

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتە وایە کە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا ٱعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴾[2] واتە: کاتێك کە هۆزەکەی بەجێهێشتو ڕۆیشت خودا چاوی ڕۆشن کردەوە بە کوڕێکی پیاوچاکی پێغەمبەر، ئەویش خودا منداڵێکی پێ بەخشی کە پیاوچاكو پێغەمبەر بوو هەر لە ژیانی باپیریدا، واتە: کوڕو کوڕەزای بوونە پێغەمبەرو ئیبراهیم هەر لە ژیاندا بوو. هەر بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ﴾[3] واتە: وە بەخشیمان بە ئیبراهیم ئیسحاقو (بە ئیسحاقیشی) یەعقوب بە زیاد (لە داواکەی ئیبراهیم کە داوای منداڵێکی کرد). واتە: زیادە بەشێ بێت. وەك خوای گەورە

---

[1] فتح الباري (٦/٤٤٧).

[2] مريم (٤٩).

[3] الانبياء (٧٢).

فەرموویەتی: ﴿فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ﴾[1] واتە: ئێمەش مژدەمان پێ دا بە ئیسحاق (مژدەمان پێدا) بە یەعقوب (کە کوڕی ئیسحاقە). ﴿وَجَعَلۡنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلۡكِتَٰبَ﴾ ئەمەیش ڕێزو قەدرێکی گەورە بوو لەگەڵ ئەو ڕێزەی خوا لە ئیبراهیمی گرتو کردیە خەلیلی خۆیو پێشەوای خەڵکیو لە نەتەوەکەشیدا پێغەمبەری هەڵبژاردو کتێبی بۆ ناردن، هیچ پێغەمبەرێ نەبووە دوای ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) مەگین ئەو پێغەمبەرە لە نەوەی ئیبراهیم بووە. گشت پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل لە بنەماڵەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە کە دواین پێغەمبەری عیسای کوڕی مەریەمە (سەلامی خوایان لێ بێت). وە هەر لە بنەماڵەی ئیبراهیم خودای گەورە مژدەی بە پێغەمبەرێکی عەرەبی قورەیشی هاشمی دا، کە دوایین پێغەمبەرەو دوای ئەو پێغەمبەری تر نایەت هەتا ڕۆژی قیامەتو بە ڕێزترین منداڵی ئادەمە لە دنیاداو لە قیامەتدا، کە خوای گەورە هەڵی بژارد لەناو کوڕۆکی ڕەچەڵەکە عەرەبەکاندا لە بنەماڵەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم (سەلامی خوایان لێ بێت) جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) لە بنەماڵەی ئیسماعیلدا پێغەمبەر نەهاتووە (سەلامی خوایان لێ بێت) خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ أَجۡرَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ واتە: وە لە دنیا پاداشتمان دایەوەو بە ڕاستی ئەو لە ڕۆژی دوایشدا لە پیاوچاکانە، خوای گەورە خۆشبەختی دنیاو قیامەتی بەست بە یەکەوە بۆیو پێی بەخشی، لە نیادا بژێوی چاکی هەبوو، لەگەڵ شوێنی فراوانو ئاوی سازگارو ژنی باشو خواناسو وەسفی جوانو باسی چاك. هەموو کەسێك خۆشی دەوێتو خۆی بە دۆستی ئەو دەزانێت، وەك ئیبنو عەباسو موجاهیدو قەتادەو کەسانی تریش گوتوویانە: لەگەڵ هەڵسانی بە خواناسی لە هەموو ڕوویەکەوە.[2] وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِبۡرَٰهِيمَ ٱلَّذِي وَفَّىٰٓ﴾[3] واتە: ئیبراهیم ئەرکی خۆی بە تەواوی بەجێ هێناو عیبادەتی پەروەردەی خۆی کرد، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ أَجۡرَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وەك لەم ئایەتانەی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرٗا لِّأَنۡعُمِهِۚ ٱجۡتَبَٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ

---

[1] هود (٧١).

[2] الطبري (٢٠/٢٧/٢٨).

[3] النجم (٣٧).

ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئیبراهیم ئومەتێك بوو فەرمانبەردار بۆ خوا لادەریوو لە هەموو ئاینێکی ناهەق‌و هەرگیز لە هاوبەش دانەران نەبووە، شوکرانە بژێوی (خوا) بووە لە بەرامبەر نازونیعمەتەکانیدا ئەویش هەڵی بژاردو ڕێگەی ڕاستی نیشاندا (کە ئیسلامە) وە ئێمە لە دنیادا بەهرەی چاکمان پێ بەخشی‌و بە ڕاستی ئەو لە ڕۆژی دوایشدا لە ڕیزی چاکاندایە.

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٣٠﴾﴾

ئامۆژگاری لوت (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ هۆزەکەی ئەوەی لە نێوان‌و لوت‌و ئەواندا باسی لێکرا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ خوای گەورە باسی پێغەمبەری خۆی لوت دەکات (سەلامی خوای لێ بێت) ناڕەزایی دەردەبڕێت لەسەر ئەو کارە پیس‌و خراپ‌و بێ ناموسیەی کە پێی هەڵدەسان (سواری نێرینە دەبوون) کە هیچ کەسێك لە پێش ئەوانەوە بەو کارە ناشیرینە هەڵنەساوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بڕوایان بە خودا نەبوو، پێغەمبەرەکەشیان بە درۆزن دەزانی‌و دژایەتیان دەکردو ڕێیان لە خەڵکی دەگرت‌و دەیان کوشت‌وماڵیان بە تاڵا، دەبردن، لوت پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) پێی گوتن: وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ﴾ واتە: ئێوە خەریکی بێ ناموسی‌و نێربازین‌و ڕێگرو پیاو کوژن‌و ماڵی مەردم بە ناهەق تاڵان دەکەن‌و لە دیوەخانەکانتاندا زۆر کاری ناشیرین دەکەن‌و بە دەم جرت لێ دەدەن‌و پەلاماری یەکتری دەدەن، کەسێك نیە لە نێوانتاندا ناڕەزایی دەربڕێت بەرانبەر ئەو هەموو بێ ناموسیە، هەندێ ئێژن: سواری یەکتری دەبوون بەبەر چاوی خەڵکەوە. وەك موجاهید دەڵێ.[2] هەندێکی تر ئێژن: دەتڕین‌و بە یەکتری پێ دەکەنین، وەك قاسم‌و عائیشە گوتوویانە (ڕەزای خوای لێ بێت).[3] هەندێکی تر گوتوویانە وەك بەران‌و کەڵەشێر یەکتریان دەبردو دەهێناو شەڕە دەنوکیان بوو. هەرچی کاری خراپە

---

[1] النحل (١٢٠_١٢٢).

[2] الطبري (٢٠/٢٩)، البغوي (٣/٤٦٦).

[3] الطبري (٢٠/٣٠).

بوو دەیانکردو لەوەش خراپتر بوون ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ کەچی وەڵامی گەلەکەی تەنها ئەوە بوو کە وتیان سزای خوامان بۆ بێنە ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی. ئەم وەڵامەشیان هەر لە بێ دینیو لاساریو گاڵتەکردنەوە بوو، بۆیە لوت (سەلامی خوای لێ بێت) دوعای لێ کردنو داوای یارمەتی لە خوا کرد کە تۆڵەیان لێ بسێنێ. ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ واتە: لوت گوتی: ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدەو زاڵم بکە بەسەر ئەو گەلە خراپەکارەدا.

﴿وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَآ إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ قَالُوٓا۟ إِنَّا مُهْلِكُوٓا۟ أَهْلِ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ۖ إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا۟
ظَـٰلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا ۚ قَالُوا۟ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَن فِيهَا ۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ
مِنَ ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَلَمَّآ أَن جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِىٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالُوا۟ لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ ۖ
إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهْلِ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ
رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٣٤﴾ وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَآ ءَايَةًۢ بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٣٥﴾﴾

ناردنی فریشتەکان بۆ لای ئیبراهیمو پاشانیش بۆ لای لوت (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَآ إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ قَالُوٓا۟ إِنَّا مُهْلِكُوٓا۟ أَهْلِ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ۖ إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا۟ ظَـٰلِمِينَ﴾ واتە: کاتێك لوت (سەلامی خوای لێ بێت) داوای یارمەتی لە خوای گەورە کرد بۆ هۆزەکەی کە خەریکی کاری بەدفەڕی بوون، خودا فریشتەی نارد بۆ یارمەتی، فریشتەکان پێش ئەوەی بڕۆن بۆ لای لوت، سەریان دا لە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) لە شێوەی کۆمەڵێك میواندا، ئیبراهیمیش ئەوەی پێویست بوو لە ڕێز لێگرتن بۆ میوان بەجێی هێنا بۆیان، کاتێك ئیبراهیم سەیری کردن گوێ بە خواردن نادەن. نەی دەناسین بۆیە ترسا لێیان فریشتەکان بە خۆشیەوە بە دەمیەوە چوونو مژدەی منداڵێکی چاكو خواناسیان دایە لە سارای خێزانی، سارەش لەوێدا بوو، زۆر بە لایەوە سەیر بوو، وەك لە پێشەوە لە سورەتی (هودو حجر)دا باسکرا. پاش ئەوەی کە مژدەیان دا بە ئیبراهیم پێیان گوت کە ئەوان هاتوون بۆ لەناودانو قڕکردنی هۆزی لوت. ئیبراهیمیش داوای لێ دەکردن، بەڵکو مۆڵەتیان بدەن، شایەد خوا مەزن ڕێیان نیشان دباتو پەشیمان ببنەوە، کاتێك کە گوتیان ئێمە هاتووین خەڵکی ئەو شارە قڕ بکەین ئیبراهیمیش گوتی: وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا ۚ قَالُوا۟ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَن فِيهَا ۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ

كَانَتْ مِنَ ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴾ واتە: ئیبراهیم گوتی: لوت لەوێیە، فریشتەكان گوتیان: ئێمە چاكتر دەزانین كێی لێیە، خۆیی‌و ماڵ‌و منداڵی ڕزگار دەكەین جگە لە ژنەكەی كە ئەو لە بەجێ ماوانەو لەناو دەچێت چونكە ژنەكەی لوت وەك ئەوان خوانەناس بوو هاوكاری دەكردن لەسەر خوانەناسی. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّآ أَن جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِىٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالُوا۟ لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴾ واتە: كاتێك نێردراوەكانمان هاتن بۆ لای لوت پێیان تێكچوو زۆر دڵتەنگ‌و ناڕەحەت بوو وتیان مەترسە خەم مەخۆ چونكە ئێمە بێگومان تۆو خێزانەكەت ڕزگار دەكەین جگە لە ژنەكەت كە ئەو لە تیاچوان دەبێت. واتە جگە لە ژنەكەت ڕزگار دەكرێن، چونكە ژنەكەت وەك ئەوان خوانەناس بووەو یارمەتی دەریشیان بووە لەو تاوان‌و خراپەكاریەدا كە پێی هەڵدەسان. فریشتەكان لە لای ئیبراهیم هەڵسان و چوونە لای لوت (سەلامی خوای لێ بێت) لە وێنەی كۆمەڵێك لاوی جوان‌و پێكەوتوودا، كاتێك كە لوت چاوی پێیان كەوت ﴿سِىٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا﴾ واتە: لوت ناڕەحەت بوو خەم‌و خەفەت دایگرت لەبەر ئەوە ئەوانە میوانی ئەو بوون، ترسا لەوەی ئەگەر میوانداریان نەكات هۆزەكەی تەماحیان تێ بكەن، چونكە ئەو لەو كاتەدا نەیدەزانی ئەوانە فریشتەن‌و بۆ قڕكردنی ئەو خراپەكارانە هاتوون. بۆیە فریشتەكان گوتیان: مەترسەو خەم مەخۆ ئێمە تۆو خێزانەكەت ڕزگار دەكەین جگە لە ژنەكەت لەناو ئەو تاوانبارانەدا دەمێنێتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهْلِ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴾ بۆیە خوای گەورە بەلایەكی لە ئاسمانەوە بەسەردا داباراندن، بە هۆی ئەو لادان‌و خراپەكاریەوە، جوبرەئیل شارەكانی لەبن دەرهێنان لەسەر زەمین‌وپاشان بەرزی كردەوە بەرەو ئاسمان‌و بەسەریاندا هەڵی گێڕایەوەو لە دوایشدا خودای مەزن بەردەبارانی كردن‌و شوێنەكەشی كردنە دەریایەكی پیس‌و بۆگەن‌و لە هەموو كەس سزایان سەختترە لە ڕۆژی قیامەتداو هەموو ناهەقی كارێكیش پاشەڕۆژی هەر ئاوایە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَآ ءَايَةًۢ بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ واتە: سوێند بە خوا بێگومان لەو شارە (وێرانكراوە)دا نیشانەو پەندێكی دیارمان بەجێ هێشت بۆ گەل‌و كۆمەڵێك كە ژیرن. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِٱلَّيْلِ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئێوە (قورەیشیەكان) دەڕۆن بەسەر

---

[1] الصافات (١٣٧ـ١٣٨).

(شوێنەکان)یاندا بە بەیانیاندا (بە ڕۆژ)، وە بە شەودا ئایا ئیتر ژیر نابن. واتە: ئێوە بەیانیان و شەوان بە لایاندا دێن و دەچن چۆن لێی ورد نابنەوە و باش سەیری ناکەن.

﴿ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱرْجُوا۟ ٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٣٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾

باسی شوعەیب و (سەلامی خوای لێ بێت) هۆزەکەی

خوای گەورە باسی پێغەمبەر و بەندەی خۆی شوعەیب دەکات (سەلامی خوای لێ بێت) کە هۆزەکەی ترساند لە خەڵکی مەدیەن، داوای لێکردن کە تەنها هەر خوا بپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن و لە تۆڵە و جەربەزە و تورەیی خودا بترسن لە ڕۆژی قیامەتدا وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱرْجُوا۟ ٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ﴾ واتە: بۆ خەڵکی مەیەنیش شوعەیبی برایانمان نارد وتی ئەی گەلەکەم خوا بپەرستن و بە هیواو ئومێدی ڕۆژی دوایی بن. ئیبنو جەریر دەڵێ: هەندێ گوتوویانە: ﴿وَٱرْجُوا۟ ٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەت بترسن.[1] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ﴾[2] واتە: بۆ کەسێك بە هیوای (پاداشتی) ڕۆژی دوایی یە. ﴿وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ شوعەیب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) پێی دەگوتن کە بەدفەڕی و خراپەکاری لەناو زەویدا بڵاومەکەنەوە و دەستدرێژی مەکەنە سەر خەڵکی چونکە هۆزەکەی خەریکی تەرازووبازی و جەردەیی بوون ڕێیان لە خەڵکی دەگرت و ماڵ و سامانیان بە تالانی دەبردن لەگەڵ ئەوەیشدا بێدین بوون و بڕوایان بە شوعەیبیش نەدەکرد کە خوا بۆی ڕەوانە کردبوون. خوای گەورە بە زەمین لەرزەیەکی گەورە و دەنگێکی بەرز لەناوی بردن و دڵی دەرهێنان، ئەو سزایەش لە ڕۆژێکی هەوردا بوو کە گیانی هەموویانی لەو ڕۆژەدا کێشا. بە ڕاستی لەو ڕۆژەدا ئەو جەزرەبەیە زۆر گەورە بوو. ئەم بەسەرهاتە بە کورتی لە سورەتی (الاعراف) و (هود) و (الشعراء)دا لە پێشەوە باسکرا. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ﴾ واتە: بڕوایان بە شوعەیب نەکرد بە زەمین لەرزە لەناوی دان

---

[1] الطبري (٢٠/٣٤).

[2] الاحزاب (٢١).

لەناو ماڵەكانی خۆیاندا. ﴿فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ﴾قەتادە دەڵێ: مردن.[1] كەسانی تریش گوتوویانە: خزابوون بەسەر یەكتریدا.[2] واتە: مردبوون بەسەر یەكدا كەوتبوون.

﴿وَعَادٗا وَثَمُودَاْ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَٰكِنِهِمۡۖ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَكَانُواْ مُسۡتَبۡصِرِينَ ﴿٣٨﴾ وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ ﴿٣٩﴾ فَكُلًّا أَخَذۡنَا بِذَنۢبِهِۦۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِ حَاصِبٗا وَمِنۡهُم مَّنۡ أَخَذَتۡهُ ٱلصَّيۡحَةُ وَمِنۡهُم مَّنۡ خَسَفۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ وَمِنۡهُم مَّنۡ أَغۡرَقۡنَاۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٤٠﴾﴾

باسی لەناوچوون و قڕبوونی چەند گەلێك كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان نەكرد

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَادٗا وَثَمُودَاْ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَٰكِنِهِمۡۖ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَكَانُواْ مُسۡتَبۡصِرِينَ﴾ خوای گەورە باسی ئەو گەلانە دەكات كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان نەكرد چۆن قڕی كردن و تۆرمەشی نەهێشتن و هەر لەگەو بە جەزرەبەو بەڵایەك لەناوی بردن، عاد كە هۆزی پێغەمبەر هود بوون (سەلامی خوای لێ بێت) كە لە ناوچەیەك دەژیان ئەحقافی پێ دەگوترا، كە لە حەزەرەمەوتەوە (حضرموت) نزیك بوو لە وڵاتی یەمەن. سەمودیش كە هۆزی پێغەمبەر صالح بوو (سەلامی خوای لێ بێت) لە ناوچەیەك بوون پێی دەگوترا حیجر (الحجر) كە لە وادیل قوراوە (وادي القرى) نزیك بوون، عەرەبەكان شوێنەكانیان چاك دەزانین زۆر هاتوچۆیان دەكرد بە لایدا، هەروەها شەیتان كردەوە خراپەكانی بۆ ڕازاندبوونەوە بەهۆی ئەوەوە بەرگری كردن لە ڕێگای ڕاست لە كاتێكدا ئەوان توانای بیركردنەوەیان هەبووو ژیر بوون، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ﴾ واتە: هەروەها قارون و فیرعەون و هامانیشمان لەناو برد سوێند بە خوا موسا بە ڕاستی هات بۆ ناویان بە چەند موعجیزەیەكەوە بەڵام ئەوان خۆیان بە گەورە زانی لە زەویدا نەشیانتوانی لە دەستمان دەرچن. قارون كە خاوەنی ئەو ماڵ و سامان و گشت كلیلە قورس و گرانە بوو، فیرعەونیش كە پاشان میسر بوو لە زەمانی موسادا و هامانیش كە هەردووكیان قیبتی (القبط) بوون، كە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەكەی نەبوو، خوای گەورە

---

[1] الطبري (٢٠/٣٤).

[2] الطبري (٢٠/٣٤).

دەفەرمووێت: ﴿فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ﴾ واتە: هەر کەسەو سزاکەی بە پێی تاوان‌و خراپەکەی وەرگرتووە ﴿فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا﴾ واتە: هەندێ وەك عاد کە دەیان گوت: کێ لە ئێمە بەهێزترو بە تواناترە؟ بایەکی زۆر توندو بەهێز لێی هەڵکردن، ئەوەندە توندو بەهێز بوو هەرچی بەردو زیخ‌و چەوی سەر زەمین بوو هەڵی دەگرت‌و دەیکرد بە سەرو چاویاندا، ئەو خەڵکەی هەڵدەگرت‌و دەیکرد بە ئاسماندا پاشان بەسەردا دەیدا بە زەویداو وردوخاشی دەکردو سەرەکەی لێ دەبووەوەو لاشەکەی بەسەر زەمیندا دەکەوت‌و پان دەبووەوە. وەك ڕیشکی خورمای لە بن هەڵکێشراوی کەوتووی لێ هاتبوو. ﴿وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ﴾ واتە: وە هەندێکی تریان پیاهەڵشاخانێك‌و دەنگێکی گەورە لەناوی بردن. وەك سەمود کە داوای بەڵگەیان کرد لە پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لێ بێت) ئەویش ئەو بەڵگە ئاشکای نیشان دان کە بەردێك دوولەت بوو وشترێکی لێ هاتە دەرەوە لەسەر داوای خۆیان، کەچی هەر بڕوایان نەهێناو هەر بەردەوام بوون لەسەر خوانەناسی‌و خراپەکاری. هەڕەشەیان دەکرد لە سالح‌و شوێنکەوتووەکانی‌و دەیان گوت ئەگەر واز نەهێنن دەریان دەکەن‌و بەردەبارانیان دەکەن. دەنگێکی (مێڕەیەکی) توندیان بۆ هات‌و هەموو لە شوێنی خۆیاندا کپ بوونەوە. دەنگیان لێ بڕا، ﴿وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ﴾ هەندێکیشیان چوون بە ناخی زەویدا. وەك قارون کە لە خۆی بایی بوو دەستی دایە لاساری‌و یاخی بوو سەرپێچی کرد لە فەرمانەکانی خودا، کەیف‌و فیزی دەکرد بەسەر خەڵکیدا، وای دەزانی کە ڕێزدارترە لە خەڵکی‌و منەتی بەسەر زەمیندا دەکرد، خوا خۆی‌و ماڵ‌و سامانی بە ناخی زەمیندا بردە خوارەوە. هەتا ڕۆژی قیامەت بەناو زەمیندا هەر بەرەوە خوار دەچێت. ﴿وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا﴾ وە هەندێکیشیانمان لەئاودا نوقم کردن، وەك فیرعەون‌و هامانی وەزیری‌و لەشکرەکەی هەموو خنکان لە بەرەبەیانێکداو هیچیان لێ دەرنەچوو، ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ خوای گەورە کە خنکاندنی ناهەقی لێ نەکردن. ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ واتە: چونکە خۆیان ناهەقیان لە خۆیان کرد خودایش بەهۆی ئەو بێ دینی‌و ستەمکاریانەوە جەزرەبەی دان‌و سزاکەیان بەرامبەر بوو لەگەڵ ئەو تاناناەی کە کردیان.

﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٤٢﴾ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾

نموونەی خودایانی بت پەرستان وەك ماڵی كاكلەمێشان (جاڵجاڵۆكە) وایە

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾ ئەمە نموونەیەكە خوای گەورە دەیهێنێتەوە بۆ موشریكەكان كە غەیری خودا شتی تریان كردووە بە دۆستی خۆیانو دەیانپەرستنو بە تەمای یارمەتی دانو ڕزقو ڕۆزین لێیانو لە كاتی تەنگانەدا هانایان بۆ دەبەن، ئەو كارەی ئەوانە وەك دەستگرتن بە ماڵی جاڵجاڵۆكەوە وایە كە چەند لاوازو بێهێزە، چونكە ئەو شتانەی ئەو موشریكانە دەستی پێ‌وە دەگرن بە تەمای ئەوەن فریایان بكەون، هیچیان بە دەست نیە بەڵكو وەك ئەوە وایە كەسێك دەست بە خانووی تەنراوی جاڵجاڵۆكەوە بگرێت كە هیچ سودێكی لێ وەرناگیرێت، ئەگەر ئەوەیان بزانیایە جگە لە خودا كەسی تریان نەدەكردە دۆستی خۆیانو نەیان دەپەرست. ئەمە بە پێچەوانەی موسڵمانی خاوەن باوەڕە كە دڵی لەگەڵ خودای مەزنەو كاری چاكیش دەكات لە سنووری شەرعداو دەستی گرتووە بە ئیسلامەوە كە هەرگیز پسانی بەسەردا نایەت، واتە لەناو ناچێت. لەبەر تواناو خۆگری خۆی، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مِن شَيْءٍ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ پاشان خوای گەورە هەڕەشە لەو بتپەرستانە دەكات كە غەیری ئەو دەپەرستن كە خودا خۆی دەزانێ خەریكی چینو چی دەكەنو ئاگای لەوەیە كە ئەوان دەیكەنە شەریكی خوداو دەیپەرستن. بەو زووانە خوای گەورە تۆڵەیان لێ دەسێنێت. لە دوایدا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ﴾ واتە: لێی تێناگاتو لێی ورد نابێتەوە ئەوانە نەبێت كە زۆر زاناو شارەزان لەو بارەیەوە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی كردووە لە عەمری كوڕی موڕە (عمرو بن مُرّة) نەڕۆیشتوومو تێ نەپەڕیووم بە لای هیچ ئایەتێك لە ئایەتەكانی خودای گەورەدا لە قورئانداو لێی تێ نەگەیشتبمو ماناكەیم نەزانیبێت مەگین زۆر دلگرانی كردووم، لەبەر ئەوە كە بیستوومە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ﴾[1].

﴿خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ (٤٤) ٱتْلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ (٤٥)﴾

[1] الدر المنثور (٦/٤٦٤)، ئەم فەرموودەیە لاوازە لەبەر بوونی ئەبو.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾ خوای گەورە باسی دەسەلاتو توانای مەزنی خۆی دەكات كە ئاسمانەكانو زەمینی دروست كردووە بە ڕاستی، بەبیٚ هودە دروستی نەكردووە، بەڵكو بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە، ﴿أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ﴾[1] واتە: بۆ ئەوەی پاداشت بدرێتەوە هەموو كەسێك بە گوێرەی ئەو كردەوەی كە دەیكات. وە دەفەرموویت: ﴿لِيَجْزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَ ٱلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ بِٱلْحُسْنَى﴾[2] واتە: تا سزای ئەوانە بدات كە خراپەیان كردووە بە پێی كردەوەكانیان وە پاداشتی ئەوانە بداتەوە كە چاكەیان كردووە بە چاكەتر (لەوەی كە كردوویانە).

وە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: بەڵگەیەكی ڕوونو ئاشكرایە لەسەر تەنهایی خوداو كە هەر خودا وەدیهێنەرو كاربەدەستوخودایە. غەیری ئەو كەس هیچی بە دەست نیە.

فەرماندان بە بانگەوازو قورئان خوێندنو نوێژكردن

پاشان خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەرو (ﷺ) موسڵمانان كە قورئان بخوێننو خەڵكی بانگ بكەن بۆ سەر ئاینی خوداو فەرموویەتی: ﴿ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ بێگومان نوێژكردن دوو كاریگەری هەیە، یەكەم: وازهێنانە لە كاری ناشیرینو ناڕەوا، واتە: بەردەوام بوون لەسەر نوێژەكان وا دەكات لە مرۆڤ كە واز لە كاری خراپو ناشیرین بێنێت. دووهەم: یادی خودایە، كە لە هەموو شتێك مەزنترو چاكترە، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێ: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: فڵانەكەس شەونوێژ دەكات بەیانیش هەڵسا دزی دەكات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بێگومان ئەو شەونوێژە بەو زوانە وازی پێ دەهێنێ لەوەی كە تۆ دەیڵێی).[3] واتە: وازی پێ دەهێنێ لە دزی كردن. هەروەها نوێژكردن بریتیە لە یادی خواو پاڕانەوە لێی بە دڵێكی پاكو بەندایەتی بۆی، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ واتە: یادی خوا مەزنترە لەوەی یەكەم ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ واتە: ئاگاداری هەموو كردارو گفتارێكتانە، ئەبول عالیە (ابو العالیة) لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾ دەڵێ: ئەم ئایەتە سێ شتی (وەسفی) تێدایە هەر نوێژێك هەندێك لەم شتانەی تێدا نەبوو بە نوێژ دانانرێت: دڵپاكیو ترسان لە

---

[1] طه (١٥).

[2] النجم (٣١).

[3] أحمد (٢/٤٤٧)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

خوداو یادی خوا، چونکە دڵپاکی (الاخلاص) فەرمانی پێ دەکات بە چاکەکردن و ترسانیش لە خودا لە کاری خراپ و ناشیرین دەیگێڕێتەوەو یادی خوداش، واتە: قورئان خوێندن: فەرمانی پێ دەکات بە چاکەو لە خراپ لای دەدات. کوڕی عەوفی ئەنساری (ابن عون الانصاری) دەڵێ: کاتێك کە تۆ لە نوێژ کردندا بووی تۆ لە ناو چاکە دای، ئەو نوێژە تۆی بەندکردووە لە کاری ناشیرین و ناڕەوا، ئەوەیشی کە تۆ پێوەی خەریکی یادی خودایەو لە هەموو شتێك مەزنترە.

﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٤٦﴾

وتووێژکردن لەگەڵ ئەهلی کتێب

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ واتە: دەمەقاڵێ و موجادەلەمەکەن لەگەڵ خاوەن کتێبە ئاسمانیەکاندا بە جوانترین شێوەنەبێت، واتە: هەر کەسێك دەیەوێت ئەهلی کتێب بەرەو ئایین ڕابکێشێت و ڕێیان نیشاندا با زۆر بە نەرم و نیانی و لەسەرخۆ قسەیان لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا، وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ﴾[1] واتە:(خەڵکی) بانگ بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین. وە فەرموویەتی بە موساو هارون(سەلامی خوایان لێ بێت) کاتێك کە ڕەوانەی کردن بۆ لای فیرعەون: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ﴾[2] واتە: جا قسەی لەگەڵ بکەن بە نەرم و نیانی بەڵکو بیر بکاتەوە یان بترسێت(لە سزای خوا). بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ﴾ واتە: بێجگە لەوانەیان کە ستەمیان کرد، واتە: ئەوانەنەبێت کە دژایەتی هەق دەکەن و کوێرن لە ئاستی ڕێی ڕاست و فیز دەکەن و لاسارن ئەو کاتە وتووێژ دەگۆڕێت بۆ هەڕەشەو شەڕیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی واز بێنن و بترسن و کۆڵ بدەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردووە بە بەڵگەو موعجیزەی ڕوونەوە وە کتێبی(ئاسمانی)و

---

[1] النحل(١٢٥).

[2] طه(٤٤).

[3] الحدید(٢٥).

تەرازووی دادمان لەگەڵدا ناردن بۆ ئەوەی خەڵکی بە دادگەری ڕەفتار بکەن(لەناو خۆیاندا) وە ئاسنمان دروست کرد کە ئەوەی هێزی بە تینی جەنگی هەیە تێیدایە و سودێکی زۆری هەیە بۆ خەڵکی وە تا خوا دەری دەخات چ کەسێك یارمەتی(ئاینی) خواو پێغەمبەرانی دەدات کە پەنهانیشە بێگومان خوا بەهێزو دەسەڵاتە. جابیر دەڵێت: فەرمانمان پێکراوە هەر کەسێك دژایەتی کتێبی خودا بکات بە شمشێر لێی بدەین، وە دەفەرموێت: ﴿وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ﴾ واتە: وە بڵێن باوەڕمان هێنا بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێمەو نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە. واتە: کاتێك قسەیەکیان گێڕایەوە نەماندەزانی ڕاستە یان درۆیە، بە درۆیان ناخەینەوە چونکە لەوانەیە ڕاست بێت، بڕواشیان پێ ناکەین، نەکا ڕاست نەبێت، بەڵام بڕوامان هەیە بەوەی کە پێغەمبەرەکەیان بۆی هێناون بە مەرجێك کە دەستکاری نەکرابێتو نەگۆڕدرابێت، ﴿وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ واتە: وە خوای ئێمەو خوای ئێوە یەکێکە وە ئێمە بۆ(ئەو خوا) گەردنکەچین. بوخاری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەهلی کتێب خۆیانیان بە زمانی عیبری دەخوێندەوەو بە عەرەبی مانایان دەکرد بۆ موسڵمانەکان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(بڕوا مەکەن بە ئەهلی کتێبو بە درۆشیان مەخەنەوە بەڵکو بڵێن بڕوامان هەیە بە خواو بەوەی بۆمان ڕەوانەکراوە بەوەیشی بۆ ئێوە ڕەوانەکراوە خوای ئێمەو ئێوە یەك خودایەو ئێمە گەردنکەچین بۆی)، ئەم فەرموودەیە تەنها بوخاری ڕیوایەتی کردووە[1]. هەروەها بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوەدەڵێت: چۆن شتێك لە ئەهلی کتێب دەپرسن کە ئەو کتێبەی بۆ ئێوە ڕەوانەکراوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) تازەترە، دەیخوێنێتەوە بە چاکیو هیچی تێکەڵاو نەبووە، وە بۆتان باسکراوە کە ئەهلی کتێب دەستکاری کتێبی خودایان کردووەو گۆڕیویانەو بە دەستی خۆیان ئەو کتێبەیان نووسیوەو وتوویانە: ئەوە لە لایەن خوداوە هاتووە، بۆ ئەوەی دەستهاتێکی کەمی بۆ خۆیان تیا وەدەست بێنن، ئاخۆ ئەو زانیاریەی کە بۆتان هاتووە داواتان لێ ناکات کە واز بێنن لە پرسیارکردن لێیان؟ بە خودا هەرگیز پیاوێکمان نەدی لەوان کە پرسیار بکات لە ئێوە لە بارەی ئەوەی کە بۆ ئێوە هاتووەتە خوارەوە.[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە حومەیدی کوڕی عەبدوڕڕەحمانەوە کە بیستوویەتی لە موعاویە کە قسەی بۆ کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان دەکرد لە شاری مەدینەو باسی کەعبی ئەحباری کرد وتی: هەرچەندە ئەمە ڕاستگۆترین کەسە لەو کەسانەی کە قسە دەگێڕنەوەو لە

---

[1] فتح الباري(٨/٢٠).

[2] البخاري(٧٦٧٣).

بارەی ئەهلی كتێبەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئێمە قسەی نادروستی لێ دەبینین،[1] منیش دەڵێم: واتە درۆی لێ دەرئەكەوێت بەڵام ئەو بەئەنقەست درۆناكات، چونكە ئەو كە باسی شتێك بكات لەڕووی نووسراوێكەوە باسیدەكات و گومانی باش بەو نوسراوە لەكاتێكدا شتی هەڵبەستراوو درۆی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە ناو ئەو گەلانەی ئەواندا كەسانێك نەبوون بە وردی ئەو دەقانە لەبەریكەن وەك ئەم ئوممەتە مەزنە. لەگەڵ ئەوەیشدا كەچەرخەكەش لە چەرخی پێغەمبەرەوە(ﷺ) نزیك بووە كەچی مەگەر خوای خۆی بزانێ چەندە فەرموودە هەڵبەستراوە لەناو ئەم ئوممەتەدا بە دەم پێغەمبەرەوە(ﷺ)، یەكێكیش لە بەخششەكانی خوا ئەوەیە خەڵكانی زۆریشی فێری زانست كردووە هەر كەسە و بەئەندازەی خۆی، سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۖ وَمِنْ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤْمِنُ بِهِۦ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ۖ إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٤٨﴾ بَلْ هُوَ ءَايَٰتٌۢ بَيِّنَٰتٌ فِى صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٩﴾﴾

قورئان لە لایەن خواوە هاتووەتە خوارەوە بەڵگەش لەسەرئەمە

ئیبنو جەریر دەڵێت: خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەی موحەممەد وەك چۆن كتێبمان ناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەكانی پێش تۆ، هەر بە هەمان شێوە ئەم كتێبەشمان بۆ تۆ ناردە خوارەوە.[2] ئەمەی كە وتوویەتی زۆر باشەو بۆگونجاوی و پەیوەندی بوونی بەئایەتەكەوە زۆرە چاكە، ﴿فَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ واتە: جا ئەو كەسانەی كە كتێبمان پێداون(هەندێكیان) باوەڕ بەو(قورئانە) دێنن. واتە: ئەوانەی كە ئێمە كتێبمان بۆ ناردون وەریانگرتووەو بڕوایان پێ كردووەو زانا هۆشمەندەكانیان وەك عەبدوڵلای كوڕی سەلامو سەلمانی فارسیو هاوێنەیان بە چاكی خوێندوویانەتەوەو دەفەرمووێت: ﴿وَمِنْ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤْمِنُ بِهِۦ﴾ واتە: لەمانەش كەسانێك بڕوای پێ دێنێت. واتە: لە عەرەبەكانی قورەیش یان غەیری قورەیشی، ﴿يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ واتە: تەنها بێباوەڕان داننانێن بە ئایەتەكانی ئێمەدا. یانی: هیچ كەسێك حاشای لێ ناكاتو بێباوەڕ نیە پێی مەگین یەكێك كە ڕاستی بە پڕوپوچ داپۆشێتو بە خەیاڵ بەری

[1] فتح الباري(١٣/٣٤٥).

[2] الطبري(٢٠/٥٠).

تیشکی خۆر بگرێت و هەیهو ئەوەشی بۆ بچێتەسەر پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَـٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ﴾ واتە: وە تۆ پێش ئەم قورئانە هیچ کتێبێکت نەخوێندووەتەوەو بە دەستت نەتنوسیوە. واتە: تۆ ئەی موحەممەد(ﷺ) ماوەیەکی زۆر لەناو هۆزەکەتدا ژیایت، نەتدەزانی کتێب بخوێنیتەوەو شارەزای نوسینیش نەبووی بەڵکو هەموو کەسێك لە هۆزەکەتو غەیری هۆزەکەت دەزانێت کە تۆ پیاوێکی نەخوێندەوار بووی، نە دەزانی بخوێنیتەوەو نە دەزانی بنووسی، وە لە کتێبە پێشووەکاندا هەر بەو شێوەیە وەسف کراوە وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾[1] واتە: ئەوانەی کە شوێن پێغەمبەرو(ﷺ) نێردراوی نەخوێندەوار دەکەون(کە لە لایەن پەروەردگارەوە هاتووە) ئەو کەسەی کە(نامەدارەکان) دەیبینن بە نووسراوی لایانە لە تەوراتو ئینجیلدا کە فەرمانیان پێدەکات بە چاکەو ڕێگریان لێ دەکات لە خراپە. هەر بەو شێوەیە پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام هەتا ڕۆژی قیامەت توانای نووسینی نەبووەو تەنها دێرێك یان پیتێکی بە دەستی نەنووسیووە، بەڵکو نووسەری هەبووە لە خزمەتیدا نیگایان(الوحی) نووسیوەتەوە نامەکانیشیان نووسیووە بۆ هەرێمەکان، وە دەفەرموێت: ﴿إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴾ واتە: (ئەگەر وانەبوایە) ئەو کاتە ناڕاستەکان دەکەوتنە گومانەوە. واتە: خۆ ئەگەر وابووایە هەندێ نەفامو دڵ پیس گومانی وایان دەبرد. وە ئەڵێن: ئەمە لە کتێبەکانی پێشەوە فێربووە کە لە پێغەمبەرەکانی ترەوە بۆی ماوەتەوە، کە خۆیان چاك دەزانن نەخوێندەوار بووەو نازانێت بنووسێت کەچی ئەو قسەیەش دەکەن، ﴿ وَقَالُوٓا۟ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِىَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾[2] واتە: وە(بێباوەڕان) دەیانوت(ئەم قورئانە) بەسەرهاتو داستانی پێشووەکانە(موحەممەد(ﷺ)) داوای کردووە بۆی بنووسن ئینجا دەخوێنرێتەوە بەسەریدا بە بەیانیان و ئێواراندا. وە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾[3] واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ زاتێك ناردوویەتیە خوارەوە کە هەموو نهێنی ئاسمانەکانو زەوی دەزانێت بە ڕاستی ئەو(خوا) لێبوردەی میهرەبانە. لێرەدا دەفەرموێت: ﴿ بَلْ هُوَ

[1] الاعراف(١٥٧).

[2] الفرقان(٥).

[3] الفرقان(٦).

ءَايَـٰتٌۢ بَيِّنَـٰتٌ فِى صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ﴾ واتە: بەڵكو قورئان نیشانەكانی ئاشكران لە دڵو دەروونی كەسانێكدا كە زانستیان پێدراوە. واتە: ئەم قورئانە نیشانەكانی زۆر ئاشكرایەو بەڵگەیە لەسەر ڕاستی هاتنی لە باسكردنی ڕووداوەكانی پێش خۆیو فەرماندان بە چاكەو بەرگریكردن لە خراپە، زانایان دەپارێزن خوای گەورە خوێندنەوەو لەبەركردنو ڕاڤەكردنو تەفسیرەكەی بۆ ئاسان كردوون وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴾[1] واتە: بەدڵنیاییەوە ئێمە قورئانمان ئاسان كردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن جا ئایا پەندوەرگرتنێك هەیە؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرموێ: (هیچ پێغەمبەرێك نیە ئەوەندە موعجیزەی پێنەدرابێت كە بە ئەندازەی ئەوە خەڵكی بڕوای پێ بهێنن، بەڵام ئەوەی من پێم دراوە نیگایە خودا بۆی ناردووم داوام وایە كە من شوێنكەوتووەكانم لەوان زیاتر بێت).[2] وە لە فەرموودەكەی عەیازی كوڕی حیماردا لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە خوای مەزن دەفەرموێت:(من تۆ تاقیدەكەمەوە و خەڵكیش بە تۆتاقیدەكەمەوە، كتێبێكم بۆ تۆ ناردووە كە ئاو نایشۆرێتەوە و بە خەوتوویيو بێدرایش دەیخوێنێتەوە)[3]. یانی: ئەگەر ئەو شوێنەی كە تیایدا نووسراوە ئاو شۆردی ناگاتە ئەو شوێنە، چونكە لە فەرموودەیەكی تردا هاتووە دەفەرموێت:(ئەگەر قورئان لەناو چەرمیشدا بووبێت ئاگرەكە نایسووتێنێت)[4]. چونكە لە سنگەكاندا پارێزراوەو لەسەر زمانەكان ئاسان كراوە، دڵەكانی داگیركردوە و لەڕووی مانای و دەربڕینیشەوە هەر موعجیزەیە لەبەر ئەمەیە لە كتێبە پێشووەكاندا لە وەسفی ئەم ئوممەتەدا هاتووە كە ئەڵێ: (ئینجیلەكانیان لەناو سنگو دڵیاندایە)، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَـٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴾ واتە: تەنها ستەمكاران داننانێن بە نیشانەكانی ئێمەدا. واتە: جگە لە ناهەقیكاران ئەوانەی بڕوای پێ ناكەنو بە كەم سەیری دەكەنو دژی دەوەستن هیچ كەس نیە بڕوای بە نیشانەكانی ئێمە نەبێت، یانی: ئەوانە نەبێت كە فێزیان زلەو ستەمكارن، دەزانن هەقەو خۆیانی لێ دەبوێرن. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِنَّ

---

[1] القمر(١٧).

[2] فتح الباري(٨/٦١٩).

[3] مسلم(٤/٢١٩٧).

[4] أحمد(٤/١٥٥)، فەرموودەیەكی حەسەنە یان لە حەسەن دەچێت. ماناكەی -خوا زاناترە- وەك (إبن أثیر) لە (النهایة في غریب الحدیث)دا ئەفەرموێ ئەوەیە: (قورئان تێكەڵ بە خوێن و گۆشتی هەر كەسێك ببێت ئەوە لەقیامەتدا ئاگر نایسوتێنێت)، هەندێكیش ئەڵێن: ئەوە ڕوداوێك بووە وەك موعجیزە لە سەردەمی پێغەمبەردا ڕوویداوە و خەڵكی بینیویانە.(وەرگێڕ)

ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾[1]

واتە: بە ڕاستی ئەوانەی بڕیاری پەروەردگارت دەرچووە بۆیان بڕوا ناهێنن،(بڕوا ناهێنن) هەرچەند بۆیان بێت هەموو بەڵگەو نیشانەیەك هەتا (بە چاوی خۆیان) سزای سەختی ئازاردەر دەبینن.

﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا ۖ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ وَكَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٥٢﴾﴾

موشریكەكان داوای چەند نیشانەیەك دەكەن و وەڵامدانەوەیان

خوای مەزن باسی لاساری و داوای نابەجێی موشریكەكان دەكات كە دەیانەوێت وەك چۆن پێغەمبەر ساڵح(سەلامی خوای لێ بێت) وشترێكی بە نیشانە بۆ گەلەكەی هێنا پێغەمبەری خودایش موحەممەد(ﷺ) نیشانەیەكی وایان بۆ بێنێت، خودایش دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ واتە: وە وتیان ئەوە بۆ چەند موعجیزەو بەڵگەیەك دانابەزێنرێت بۆ سەری لە لایەن پەروەردگاریەوە، بڵێ: موعجیزەكان تەنها لە لایەن خواوەیە، واتە: ئەوان ئەڵێن بۆچی لە لایەن پەروەردگاریەوە چەند نیشانەیەكی تایبەتی بۆ نایەتە خوار؟ خوای مەزنیش دەفەرمووێت بە پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ: ئەو بڕیارە بە دەستی خوایە چونكە خۆی ئاگادارە ئەگەر ئێوە ڕێی ڕاستتان بگرتایە هەرچیتان داوابكردایە بۆی جێبەجێ دەكردن، ئەویش زۆر سوك و ئاسانە لە لای خودا، بەڵام ئەو دەزانێت كە ئێوە مەبەستتان هەر لاساری و تاقیكردنەوەیە بۆیە داواكانتان وەرناگرێت، وەك لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرْسِلَ بِٱلْءَايَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلْأَوَّلُونَ ۚ وَءَاتَيْنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا۟ بِهَا﴾[2] واتە: وە هیچ شتێك بەرگری ئێمەی نەكردووە كە ئەو موعجیزانە بنێرین جگە لەوەی كە پێشینەكان بە درۆیان دەزانی و بەخشیمان بە(هۆزی) سەمود ئەو حوشترەی كە(موعجیزەیەكی) ئاشكرابوو كەچی(باوەڕیان نەهێناو) ستەمیان لێكرد. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ واتە: بە ڕاستی من تەنها ترسێنەرێكی ئاشكرام. واتە: تەنها من ڕەوانەكراوم كە ئێوە ئاگادار بكەمەوە بتانترسێنم، ئەوەی لەسەر من بێ گەیاندنی پەیامی خودایە بە ئێوەو هیچی

---

[1] یونس(٩٦ـ٩٧).

[2] الاسراء(٥٩).

تــر ﴿مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا﴾[١] واتــە: هــەر كەسـێك خــودا ڕێنموونی بكات تەنها ئەو كەسە ڕێنموونی كراوەو هەر كەسیش گومڕا بكات ئەوە هیچ پشتیوانو ڕێنیشاندەرێكت دەست ناكەوێت بۆی. وە فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾[٢] واتە: لەسەر تۆ نیە(ئەی موحەممەد(ﷺ)) ڕێنموونیو موسڵمانكردنی خەڵكی بەڵكو خوا هەر كەسێكی بوێت هیدایەتی دەدات. پاشان خوای گەورە ڕوونی دەكاتەوە كە چەندە نەزانو بێئاوەزن كە داوای نیشانەی لێ دەكەن، پێیان بسەلمێنێت ئەو پەیامەی بۆی هێناون ڕاستە، كە گەورەترین نیشانە ئەو قورئانەیە كە بۆی هێناون كە لاریو پڕوپوچی تێكەڵاو نابێت نە لەو كاتەداو نە لەوەبەدواش، گەورترین موعجیزەیە، ڕەوانبێژان هەموو بێ دەسەڵاتو دەسەوسان وەستاون بەرامبەری ناتوانن (دە) سورەت وەك قورئان بێنن یان تەنها یەك سورەتیش وەك قورئان بێنن، پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: ئاخۆ ئەوەیان بەس نیە كە ئەم كتێبە مەزنەمان بۆ تۆ ناردووەتە خوارەوە دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا كە هەواڵی پێشینەكانیانی تێدایەو باسی ئەو شتانەی كە لەمەودوا ڕوو دەدات كردووە، فەرمانی خودایشە لە نێوانیاندا، وە تۆش پیاوێكی نەخوێندەواریو نازانی بنووسی و بخوێنیتەوە تێكەڵاوی هیچ كەس لە ئەهلی كتێبیت نەكردووە، هەرچی دەنگو باسی نوسراوە پێشووەكان هەیە بۆت هێناونو باسی ڕاستیو دروستی ئەو شتانەی كە تیایدا ناكۆك بوون ڕاستیەكەت بۆ ڕوون كردوونەتەوەو هیچ گومانێكت تیا نەهێشتووەتەوە بۆیان، وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾[٣] واتە: ئایا ئەمە بەڵگەیەكی ڕوون نەبوو بۆیان(بۆ كافرانی قورەیش) كە زانایانی بەنی ئیسرائیل خۆیان ئەو(دەنگو باسی قورئان)ە دەزانن. وە فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ﴾[٤] واتە:(بێباوەڕان) وتیان(ئەگەر ڕاستە پێغەمبەرە) دەی بۆ بۆمان ناهێنێت بەڵگەو موعجیزەیەك لە لایەن پەروەردگاریەوە ئایا ئەوان بەڵگەی ئاشكرایان بۆ نەهاتووە كە لە پەڕاوە پێشووەكاندا هەبوو(وەك تەوراتو ئینجیل). ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(هیچ پێغەمبەرێك

---

[١] الكهف(١٧).

[٢] البقرة(٢٧٢).

[٣] الشعراء(١٩٧).

[٤] طه(١٣٣).

نەبووە پێغەمبەرەکان چەند موعجیزەیەکی پێنەدرابێت کەبەوهۆیەوە خەڵکی بڕوایان پێ هێنابێت، بەڵام ئەوەی من پێمدراوە نیگایەکە لە لایەن خوداوە بۆم ڕەوانەکراوە، ئومێد ئەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا من شوێنکەوتووانم لەوان زیاتر بێت).[1] بوخاری‌و موسلیمیش هێناویانە.[2] بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: لەم قورئانەدا بەزەیی‌و دلۆڤانی خودا هەیە بۆ خاوەن باوەڕان کە ڕاستی بۆ ڕوون کردوونەتەوەو پڕوپوچی لێ دوورخستوونەتەوە، وە باسی ئەو ڕووداوو سزاو جەزرەبانەش کە تووشی ئەو خوانەناس‌و ستەمکارانە بووە دەکات بۆیان تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُلْ كَفَىٰ بِاللَّهِ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا﴾ واتە: بڵێ خوا بەسە بۆ شایەتیدان لە نێوان من‌و ئێوەدا. واتە: خودا چاکتر دەزانێت کە ئێوە چەند درۆو تۆمەت هەڵبەسن‌و ئاگاداری ئەوەشە کە من دەڵێم ئەو ناردوومی خۆ ئەگەر درۆم بە دەم خواوە بکردایە، تۆڵەی لێ دەسەندم، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ﴾[3] واتە: ئەگەر(موحەممەد(ﷺ)) بە دەم ئێمەوە هەندێ وتەی هەڵببەستایە، بێگومان ئێمە بە دەستی خۆمان تۆڵەمان لێ دەسەند، لە پاشان ڕەگی دڵیمان دەبڕی، وە کەس لە ئێوە نەیدەتوانی بەرگری لێ بکات. بەڵکو من هەرچیم وتووە پێتان لە لایەن خوداوە ڕاستم کردووە، بۆیە یارمەتی داوم بەو موعجیزە ڕوون‌و ئاشکرانە، ﴿يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: ئەوەی لە ئاسمانەکان‌و زەویدایە دەیزانێت. واتە: هیچ شتێکی لێ ون نابێت، ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ واتە: وە کەسانێك کە باوەڕیان هێناوە بە بەتاڵ‌و بێباوەڕبوون بە خوا تەنها ئەوانەن زەرەرمەندان. یانی: لە ڕۆژی قیامەتدا خودا تۆڵەیان لێ دەسەنێت لەسەر ئەو کردارانەی کە کردوویانە لە بڕوانەکردن بە هەق‌و شوێنکەوتنی پڕوپوچ، باوەڕیان نەدەهێنا بە پێغەمبەرەکانی خودا(سەلامی خوایان لێ بێت) لەگەڵ نیشاندانی ئەو هەموو بەڵگەیەدا لەسەر ڕاستی هاتنیان، کەچی بڕوایان دەکرد بەو ستەمکارو بتانە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێت، بێگومان خودا بەو زووانە تۆڵەیان لێ دەسێنێت لەسەر ئەو کردارانەیان، بە ڕاستی خودا لە کارزان‌و زانایە.

---

[1] احمد(٢/٣٢١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري(٨/٦١٩)، مسلم(١/١٣٤).

[3] الحاقة(٤٤-٤٧).

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَوْلَآ أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَآءَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٥٣﴾ يَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٤﴾ يَوْمَ يَغْشَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٥﴾﴾

موشریکەکان داوا دەکەن کە زوو بەڵایان بۆ بێت

خوای گەورە باسی نەفامیو تێنەگەیشتوویی بتپەرستان دەکات کە چەندە پەلەیانە بەڵایان بەسەربێتو خودا سزایان بدات وەك دەفەرموویّت: ﴿ وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾[1] واتە: (بیربکەرەوە) کاتێك(کە بێباوەڕەکان) دەیانوت ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەم قورئانە ڕاستەو لە لایەن تۆوە هاتووە دەی بەرد بەسەرماندا ببارێنە لە ئاسمانەوە یان سزای سەختی پڕ ئازارمان بۆ بنێرە. وە لێرەشدا دەفەرموویّت: ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَوْلَآ أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَآءَهُمُ ٱلْعَذَابُ﴾ واتە: بە پەلە داوای سزات لیّ دەکەن ئەگەر ماوەی دیاریکراو نەبووایە بێگومان سزاکەیان بۆ دەهات. واتە ئەگەر خودا بڕیاری سزای ئەوانی دوا نەخستایە بۆ ڕۆژی قیامەت بەڵاو ئازاری زۆر زوو بۆ دەناردن وەك چۆن خۆیان بە پەلە داوایان دەکرد، ﴿وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً﴾ واتە: لە پڕێکدا تووشی سزا دەهاتن، ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: ئەوان هەر ئاگاشیان لەخۆ نەدەبوو، ﴿ يَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ واتە: زۆر پەلەیانەو داوات لیّ دەکەن کە بەڵایان بۆ بێت کە بە ڕاستی دۆزەخ دەوری کافرانی داوە. گومانی تێدا نیە ئەو سزایەیان هەر تووش دێت لێی دەرباز نابن، پاشان فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ يَغْشَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ ﴾ واتە: لە ڕۆژێکدا سزا دایان دەپۆشێت لەلای سەریانەوەو لە ژێر پێیانەوە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرموویّت: ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ﴾[2] واتە: ئەوانەی لە دۆزەخدا فەرشو ڕاخەریان(لە ئاگرە) وە لە لای سەورشیانەوە لێفەو داپۆشەریان(لە ئاگرە). وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویّت: ﴿ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ﴾[3] واتە: بۆ ئەوان هەیە لە لای سەریانەوە چەند تەبەقێك(وەك هەوری ڕەش) لە ئاگرو لە ژێریشیانەوە چەند تەبەقێك هەیە. وە لە

[1] الانفال(٣٢).

[2] الاعراف(٤١).

[3] الزمر(١٦).

ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَوۡ يَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمۡ﴾[1] واتە: ئەگەر ئەوانەی کە کافرن بیانزانیایە(چ سزایەکی سەخت لەبەردەمیاندایە) کاتێك ناتوانن دووری بخەنەوە بڵێسەی ئاگر لە دەم و چاوو پشتیان. ئەو ئاگرە لە هەموو لاوە دایاندەپۆشێت، ئەمەش ئەوپەڕی سزادانە لە ڕووی فیزیاییەوە، ﴿وَيَقُولُ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ واتە: وە(خوا) دەفەرمووێت: بچەژن تۆڵەی ئەو کردەوانەی کە لە دنیا دەتانکرد. واتە: هەڕەشەو ترساندن و سوکایەتی پێکردنە پێیان، جگە لە سزای بەدەنی سزای دەروونیش دەچێژن، وەك ئەم ئایەتەی کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يُسۡحَبُونَ فِي ٱلنَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ ذُوقُواْ مَسَّ سَقَرَ ۝٤٨ إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ﴾[2] واتە: ئەو ڕۆژەی کە لە ئاگری دۆزەخدا بەسەر ڕووخساریان ڕادەکێشرێن(پێیان دەڵێن) بچەژن ئازاری دۆزەخ، بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە دروست کردووە. وە دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ۝١٣ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ۝١٤ أَفَسِحۡرٌ هَٰذَآ أَمۡ أَنتُمۡ لَا تُبۡصِرُونَ ۝١٥ ٱصۡلَوۡهَا فَٱصۡبِرُوٓاْ أَوۡ لَا تَصۡبِرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡۖ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾[3] واتە: ڕۆژێك پاڵیان پێوە دەنرێت بەرەو ئاگری دۆزەخ چۆن پاڵپێوەنانێك،(پێیان دەوترێت) ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە بە درۆتان دەزانی، ئایا ئەم ئاگرە جادووە یان ئێوە نابینن، بچنە ناویەوە ئینجا ئارام بگرن یان نەیگرن یەکسانە بۆتان بێگومان هەر تۆڵەی ئەو کردەوانەی دەتانکرد لێتان دەسەنرێتەوە.

﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ ۝٥٦ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ۝٥٧ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ۝٥٨ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ۝٥٩ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ۝٦٠﴾

ئاماژە بۆ کۆچکردن و بەڵێندان بە بژێوی و پاداشتی چاك

ئەمە فەرمانی خوایە بۆ بەندە خاوەن باوەڕەکانی کە کۆچ بکەن لەو وڵاتانەی کە ناتوانن خواپەرستی تێدا بکەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێگریان لێ ناکەن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دینداری و

[1] الانبياء(٣٩).

[2] القمر(٤٨ـ٤٩).

[3] الطور(١٣ـ١٦).

خواپەرستی خۆیان بکەن تێیدا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ﴾ واتە: ئەی ئەو بەندانەم کە باوەڕتان هێناوە بێگومان زەوی من پان و فراوانە کەواتە هەر من بپەرستن. بۆیە کاتێك ئەو موسڵمانانەی تەنگیان پێ هەڵچنراو زۆریان پێگەیی لە مەککەدا کۆچیان کرد بۆ وڵاتی حەبەشە هەتا خۆیان و ئایینەکەیان بپارێزن، ڕێیان لە چاکترین شوێن کەوت، لە ژێرسایەی ئەصحەمەی نەجاشیدا کە پاشای حەبەشە بووە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێشوازی لێکردن و یارمەتی دان و پشتگیری لێکردن و بە ئازادی خواپەرستی خۆیان دەکرد لە وڵاتی حەبەشەدا. پاشان دوای ئەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی کە لە مەککە مابوونەوە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینەی پیرۆز(یثرب). پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴾ واتە: لە هەر کوێیەك بن مەرگ یەخەتان دەگرێت، کەواتە هەمیشە لە خواپەرستیدا بن گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بن، هەر ئەوە سودبەخشە بۆ ئێوە، چونکە مردن هەر دێت و ڕزگاربوون نیە لە دەستی، ئاکامەکەی هەر گەڕانەوەیە بۆ لای خودا، هەرکەسێك گوێبیستی فەرمانەکانی خودا بووبێت باشترین و چاکترین پاداشتی دەداتەوە، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ واتە: وە کەسانێك کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە سوێند بە خوا لە کۆشکە بەرزەکانی بەهەشتدا نیشتەجێیان دەکەین کە ڕووبارەکان بە ژێریدا دێن و دەچن. واتە دایاندەنێین لە شوێنێ زۆر بەرزدا لە بەهەشتدا جۆبار بەبەریاندا دەڕوات هەریەکەو بە ڕەنگێك لە ئاوو بادەو شیرو هەنگوێن بە ئارەزووی خۆیان بۆ هەر لایەك بیانەوێت دەیبەن و دەیگێڕن، ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ واتە: دەمێننەوە تێیداو هەرگیز لێی دەرناچن، ﴿نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ﴾ واتە: ئای چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران. ﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ﴾ واتە: ئەوانەی دانیان بەخۆیاندا گرت. واتە ئەوانەی خۆڕاگر بوون لەسەر ئاینەکەیان لەبەر ڕەزامەندی خوا کۆچیان کردو خۆیان نەدا بە دەست دوژمنەوەو خزم و کەس و کاریان بەجێهێشت لەبەر خاتری خواو بە تەمای پاداشتی ئەو بوون لە ڕۆژی قیامەت. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو مەعاویەی ئەشعەریەوە کە ئەبو مالیکی ئەشعەری بۆی باس کردووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆی گێڕاوەتەوە کە لەناو بەهەشتدا ژوورگەلێك هەیە لە دەرەوەی ناوەوەی دەبینرێت وە لە ناوەوەی دەرەوەی دەبینرێت، خوای مەزن ئامادەی کردووە بۆ ئەو کەسانەی خواردنیان بەخشیووەو قسە جوان بوو،

نوێژو ڕۆژوگربوونو شەو هەڵساون بۆ عیبادەت کردن کاتێك کە خەڵکی لەخەودابوون[1]. ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ واتە: تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان ئەبەستن. لە هەموو کاتێکی ژیانیدا خۆیان بە خوا دەسپێرن بۆ کاری دونیاو دینیان، پاشان خوای مەزن ئاگاداریان دەکاتەوە کە بژێوی پەیوەندی نیە بە شوێنێکەوەو پارچە زەویەکەوە، بەڵکو خودا بژێوی هەموو خەڵکی داوەو دیاری کردووە بۆیان لە هەموو کاتێکداو لە هەر شوێنێك بن، بەڵکو بژێوی کۆچەریان کاتێك کۆچیان کرد فراوانترو چاکتر بوو، پاش ماوەیەك بوونە سەرۆکی وڵاتان لە زۆر شوێنو ناوچەدا. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٍ لَّا تَحْمِلُ رِزْقَهَا﴾ واتە: ئەو گیانەوەرانە زۆرن کە ناتوانن ڕۆزی بۆ خۆیان هەڵگرنو پاشەکەوتی بکەن هەتا ڕۆژێکی تر سوودی لێ وەرگرن، ﴿اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ﴾ واتە: خوای گەورە ڕۆزیان بۆ دابین دەکاتو ڕۆزی دەنێرێت بە پێی پێویست بۆ هەموو دروستکراوەکانی لە بچووکترین زیندەوەرەوە لەسەر زەمیندا هەتا باڵندە لە ئاسماندا و ماسی لە دەریادا هیچی بێ بەش ناکات. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾[2] واتە: هیچ گیانەوەرێك نیە لە زەویدا مەگەر لەسەر خوایە ڕزقو ڕۆزیەکەی و(خوا) دەزانێت شوێنی مانەوەیو شوێنی لێ دەرچوونی هەمووی نووسراوە لە کتێبی ڕوونکەرەوە(لوح المحفوظ)دایە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ واتە: وە هەر ئەوە بیسەری زانا. واتە ئەو خودایە بیسەری قسەی بەندەکانیەتیو ئاگاداری هەڵسوکەوتیانە.

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ (٦١) اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٦٢) وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِن بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ (٦٣) ﴾

بەڵگەی یەکخواپەرستی

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾ واتە: سوێند بە خوا ئەگەر پرسیار لەو بێباوەڕانە بکەیت کێ ئاسمانەکانو زەوی دروست کردووەو ڕایهێناوە؟ بێگومان دەڵێن خوا، دەی کەواتە چۆن لە پەرستنی لادراون. واتە خوای

---

[1] الطبراني(٣/٣٠١)، فەرموودەیەکی باشە(جید).

[2] هود(٦).

مەزن دەفەرموویت کە هیچ پەرستراویك نیە تەنها ئەو نەبیت، چونکە ئەو موشریکانەی کە لەگەڵ خوادا شتی تر دەپەرستن، دانی پیدا دەنین کە خودا خۆی ئاسمانەکانو زەمینو خۆرو مانگی دروست کردووەو خۆرو مانگیشی ڕامکردووە، هەر ئەویش ڕۆزیدەرو وەدیهینەری بەندەکانیەتی ماوەی ژیانیشی لە دنیادا بۆ دیاری کردوون هەر کەسەو بە شێوەیەك، یەکێك دەوڵەمەندو یەکێك هەژارو خۆی باش دەزانیت هەر کەسێك چی بۆ دەشێتو چاکە بۆی. وە دەفەرموویت: ﴿ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴾ واتە: خوا ڕۆزی فراوان دەکات بۆ هەر کەس لە بەندەکانی کە بیەوێت یان کەمی دەکات. واتە خودا مەیلی خۆیەتی دەزانیت کێ شایەنی دەوڵەمەندیەو کێش شایەنی هەژاریە، فەرموویەتی کە هەر خۆی وەدیهینەری هەموو شتێکەو خۆشی کاروباریان بەڕێوە دەبات، کەواتە بۆچی کەسی تری لەگەڵ دەپەرستن؟ وە بۆچی پشت بە غەیری ئەو دەبەستن؟ چۆن هەر خۆی وەیدیهێنەرە، دەی با لە پەرستنیشدا هەر ئەو بپەرستن. ﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ مِنۢ بَعۡدِ مَوۡتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ﴾ واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ لە ئاسمانەوە باران دەبارێنیت ئەنجا بەو بارانە زەوی مردووی زیندووکردەوە بێگومان دەڵێن خوا(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ هەموو سوپاس هەر بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان ژیریان بەکار ناهێنن. زۆرجار خوای مەزن تەنهایی خۆی دەسەلمێنیت لە پەرستندا بەوەی کە دان دەنرێت بە تەنیاییدا لە وەدیهێناندا چونکە بتپەرستانو موشریکەکان دان دەنێن بەوەدا کە خودا وەدیهێنەری هەموو شتێکە وەك لە پاڕانەویاندا دەڵێن:(لبَّيكَ لا شريكَ لَكَ، إلاّ شَريكاً هو لك، تملكهُ وما مَلَك).

﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَهۡوٞ وَلَعِبٞۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٦٤﴾ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٦٥﴾ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ وَلِيَتَمَتَّعُواْۖ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَهۡوٞ وَلَعِبٞۚ﴾ واتە: وە ژیانی ئەم دنیایە تەنها ڕابواردنێکی بێ هودەو یاری منداڵانە. خوای مەزن باسی بێنرخیو کەم ئەرزشی دنیا دەکات کە دەڕواتو کۆتایی دێت، هەرچی تیایەتی کاڵتەو کەپەو نامێنیت، ﴿وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ﴾ واتە: ژیانی بەختەوەریو ڕاستەقینە لەو دونیایە کە بەردەوامەو هەرگیز کۆتایی نایەتو تاهەتایە هەر دەمێنیتو لەناو ناچێت، دەفەرموویت: ﴿لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴾ واتە: ئەگەر بزانن‌و گرنگی بدەن بەوەی کە هەر دەمێنیت بەسەر ئەوەدا لەناو دەچێت، پاشان خوای گەورە باسی موشریکەکان دەکات

كاتێك كە تووشی نارەحەتیەك دێنو هیچ پەنایەكیان نامێنێت زۆر بە دڵپاكی لە خودا دەپاڕێنەوە تەنها هەر ئەو دەپەرستنو هاوەڵی بۆ دانانێن، خۆزگە هەموو كاتێك هەر وابوونایە، وە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ واتە: ئەنجا كاتێك ئەو بێباوەڕانە سواری كەشتی دەبن تەنها هاوار لە خوا دەكەن بە دڵسۆزیو گەردنكەچییەوە. ئەم ئایەتە وەك ئەوئایەتە وایە كە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ﴾[1] واتە: وە كاتێك لە دەریادا تووشی بەڵاو زیان بێن هەموو ئەو(پەرستراوانە)ی هاواریان لێ دەكەن ون دەبن بێجگە لە خوا كەچی كاتێك كە(خوا) ڕزگارتان دەكاتو دەگەنە وشكانی ڕوو وەردەگێڕن. وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾ واتە: كەچی كاتێك خوا ڕزگاریان دەكاتو دەگەنە وشكانی كتوپڕ ئەوان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا۟﴾ واتە: با دان نەنێن بەوەی ئێمە پێمان دانو با بەهرەو لەزەت ببەن لە ژیان. ئەو (لام)ە لە لای زۆرینەی زانایانی زمانی عەرەبیو زانایانی تەفسیرو عیلمی ئوسول پێی ئەڵێن لامی عاقیبەت چونكە خوانەناسان مەبەستیان ئەوە نیە، گومانیشی تێدا نیە بە لای ئەوانەوە ئەوشتە هەر وایە بەڵام لەلای خوداو بە پێی بڕیارو فەرمانی خودا شتەكە وا دەردەچێت، بۆیە ئەولامە ئەبێ لامی تەعلیل بێت وەك لە پێشەوە ئەوەمان ڕوون كردووەتەوە لەو ئایەتەدا كە دەفەرموێت: ﴿لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا﴾[2] واتە: بۆ ئەوەی ببێت بە دوژمنو هۆی خەفەت بۆیان. وە پاشان دەفەرموێت: ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: جا لەمەولا دەزانن(ئەنجامی ئەو كردەوە خراپانەیان چی دەبێت).

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ ﴿٦٧﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾﴾

عیبرەت وەرگرتن و دانانان بەوەدا كە مەككە كراوە بە شوێنێكی هێمن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ﴾ واتە: ئایا نەیانزانیووەو سەرەنجیان نەداوە كە ئێمە مەككەمان كردووەتە جێگایەكی ڕێزگیراوی بێ ترسو بیم لە

[1] الاسراء(٦٧).

[2] القصص(٨).

کاتێکدا لە دەوروبەری ئەوان خەڵك دەفڕێنرێت. خوای گەورە منەت دەکات بەسەر قورەیشیەکاندا کە لە مەککەدا نیشتەجێی کردوون و کردوویەتی بە شوێنی هەموو خەڵکی چ دانیشتوو بێت یان کۆچەری، هەر کەسێك چووە ناوی پارێزراوە، ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا﴾[1] واتە: وە هەر کەس چوویێتە ئەو شوێنە بێ ترس بووە(لە زیان و ئازاردان). بەڵام عەرەبەکانی تر بە دەوریدا یەکتر تاڵان دەکەن و دەکوژن وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ۝١ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ۝٢ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ۝٣ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ﴾[2] واتە:(لەشکری ئەبرەهەی لەناو برد) لەبەر هۆگری قورەیش، هۆگریان بە هاتوچۆی زستان و هاوینانەوە(تا لێیان تێك نەچێت)، دەبا خاوەنی ئەو خانە(کەعبە)یە بپەرستن، ئەو زاتەی کە لە برسێتیدا(ڕزگاری کردن و) خواردەمەنی بۆ ناردن و لە ترس و بیم(پاراستنی) و دڵنیایی کردن. وە دەفەرمووێت: ﴿أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ﴾ واتە: دەی ئایا باوەڕ بە بەتاڵ دێنن و دان نانێن بە بەهرە و چاکەکانی خودا. واتە شوکرانەبژێریەکەیان لەسەر ئەو بەهرە مەزنە ئەوەیە کە هاوەڵی بۆ قەرار دەدەن و لەگەڵیدا بت و شتی تر دەپەرستن، ﴿بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ﴾[3] واتە: لە جیاتی (سوپاسی) بەهرە و چاکەی خوا، بێباوەڕ و سپڵەبوون و گەلەکەیان بەرەو هەڵدێر برد. بڕوا ناهێنن بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە دەبوو هەر تەنها خودا بپەرسترایە بە دڵپاکی و هاوەڵیان بۆ دانەنایە، بڕوایان بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بهێنایە و زۆر بە ڕێز و قەدرەوە سەیریان بکردایە، کەچی بڕوایان پێی نەکرد و دژی وەستان و دەریان کرد لەناو خۆیاندا، بۆیە خوای گەورە ئەو بەهرانەی کە پێی دابوون لێی سەندنەوە و ئەوانەشیان کە لە بەردا بوون، کوژران و پاشان ئەو وڵاتە بوو بە جێی فەرمانڕەوایی خوداو پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان، خوای مەزن مەککەی ڕزگار کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لووتی ئەوانی دا بە خۆڵەوە و سەرشۆڕی کردن. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ﴾ واتە: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستێ یا باوەڕ نەهێنێت بە ئایینی ڕاست کاتێك بۆی هات. واتە هیچ کەسێك سزای لەو کەسە توندتر نیە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵبەستێ و بڵێ: نیگام بۆ هاتووە، بۆشی نەهاتبێت و کەسێك بڵێ منیش وێنەی ئەوەی خودا ناردوویەتی دەیهێنم. بەوشێوەیە هیچ کەسێك بە ئەندازەی ئەو کەسە سزای سەخت نیە کە هەقی بۆبێت و بڕوای پێ نەکات، چونکە

---

[1] ال عمران(٩٧).

[2] القريش(١ـ٤).

[3] ابراهيم(٢٨).

یەکەم درۆ هەڵبەسەو دووەمیش بڕوای پێی نیە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَيۡسَ فِي جَهَنَّمَ مَثۡوٗى لِّلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: ئایا بۆ بێدینان جێ لە جەهەنەم نەماوە؟. وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا﴾ واتە: کەسانێك کە لە پێناو ئێمەدا تێکۆشانیان کردووە. واتە پێغەمبەرو(ﷺ) هاوەڵەکانی و ئەوانەی شوێن پێغەمبەر(ﷺ) دەکەون هەتا ڕۆژی قیامەت ﴿لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ﴾ واتە: ڕێگەی خۆمانی نیشان دەدەین لە دنیاو لە ڕۆژی دواییدا. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەباسی هەمدانیەوە ئەبو ئەحمەد(کە خەڵکی عەکایە) لەم ئایەتەدا: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ دەڵێت: ئەوانەی کاردەکەن بەوەی دەیزانن، خودا ڕێیان نیشان دەدات بۆ ئەوەی کە نایزانن. ئەحمەدی کوڕی ئەبولحەواری دەڵێت: ئەم قسەیەم بۆ ئەبو سولەیمانی دارانی گێڕایەوە زۆر بە لایەوە سەیر بوو، فەرمووی: کەسێك خودا شتێکی چاکی فێرکرد بۆی نیە کاری پێ بکات هەتا لە پێشینەکانی نەبیستێ، ئەگەر بیستبووی لە پێشینەکان کاری پێ بکاتو سوپاسی خودا بکات لەسەر ئەوەی کەئەوەی ڕیوایەتکراوە ڕێك کەوتووە لەگەڵ ئەوەی کە خودا خستوویەتیە دڵی ئەم، ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ واتە: بێگومان خوا لەگەڵ چاکاندایە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە شەعبیەوە دەڵێت: عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: چاکەکردن ئەوە نیە کە تۆ چاکە بکەی لەگەڵ کەسێك کە چاکەی لەگەڵ کردووی، بەڵکو چاکەکردن ئەوەیە کە تۆ چاکە بکەی لەگەڵ کەسێك کە خراپەی لەگەڵ کردووی، والله أعلم.

تەفسیری سورەتی(الروم)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٦﴾ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾﴾

ئەم ئایەتانە کاتێك هاتنەخوار سابوری پاشای فارس دەستی گرت بەسەر وڵاتی شامو دەوروبەری دوورگەی عەرەبیو هەندێ لە وڵاتی ڕۆمیشدا، لەبەر ئەوە هیرەقل پاشای ڕۆم بە ناچاری پاشەکشەی

کردو چووە قوستەنتینیە و ماوەیەکی زۆر لەوێ فارسەکان دەوریان گرت، پاشان هیرەقل دەسەڵاتی پەیدا کردووە.

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) لەم ئایەتانەدا: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ﴾ دەڵێت: موشریکەکان حەزیان دەکرد فارسەکان سەرکەون بەسەر ڕۆمەکاندا چونکە ئەوانیش خاوەن بت بوون، موسڵمانەکانیش حەزیان دەکرد ڕۆمەکان سەرکەون بەسەر فارسەکاندا لەبەر ئەوەی کە ئەهلی کتێب بوون، ئەم قسەیە لە لای ئەبو بەکر باس کرا ئەبو بەکریش بۆ پێغەمبەری(ﷺ) باس کرد پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان ئەوانە بەم نزیکانە سەردەکەونەوە) ئەبو بەکر ئەمەی بۆ موشکریکەکان گێڕایەوە، ئەوانیش وتیان: کەواتە ماوەیەك لە نێوان ئێمەو ئێوەدا دیاری بکە، ئەگەر ئێمە سەرکەوتین، فڵانە شتو فڵانە شتمان بدەنێ، خۆ ئەگەر ئێوەش سەرکەوتن ئێمە فڵانە شتو فڵانە شتتان دەدەینێ، پێنج ساڵی دانا بەڵام ڕۆمەکان سەرنەکەوتن، ئەبو بەکر ئەمەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە فەرمووی: (نەکرا کەمترلە، وا دەزانم فەرمووی: دە ساڵت دابنایە) سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت:(البضع) لە دە کەمترە پاشان دوای ئەوە ڕۆمەکان سەرکەوتنەوە، ئەڵێ: ئەمە ئەوەیە کە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾[1] هەر بەم شێوەیە تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: چاكو غەریبە(حسن غريب).[2] فەرموودەیەکی تر: تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە نەییاری کوڕی موکرەمی ئەسلەمی دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَ﴾ فارسەکان ڕۆمەکانیان شکاندبوو، موسڵمانەکان حەزیان دەکرد کە ڕۆمەکان سەرکەون بەسەر فارسەکاندا، چونکە ئەمانو ڕۆمەکان ئەهلی کتێب بوون، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: قورەیشیەکانیش حەزیاندەکرد فارسەکان سەرکەون، چونکە ئەوانو فارسەکان ئەهلی کتێب نەبوون، باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو، کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە،

---

[1] احمد(١/٢٧٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الأحوزي(٩/١٥)، النسائي في الكبرى(٦/٤٢٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

ئەبو بەکر بەناو مەککەدا دەگەڕاو هاواری دەکرد، ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَ﴾ هەندێ لە قورەیشیەکان وتیان بە ئەبو بەکر، دەی با هەردوو لامان چاوەڕوان بین، هاوەڵەکەی ئێوە ئەڵێ ڕۆمەکان سەردەکەون بەسەر فارسەکاندا لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، دەی گرەوئەکەیت لەسەر ئەوە لەگەڵمان؟ ئەبو بەکر وتی: باشە. ئەو گرەوکردنە پێش حەرامکردنی بووە. ئەبو بەکرو موشریکەکان گرەویان کردو دایاننا. وتیان: بە ئەبو بەکریان وت: چەندێ دانێین بۆ ﴿بِضۡعِ سِنِينَ﴾ کەلە سێ ساڵەوە یەتا نۆ ساڵ. با کاتێکی مامناوەندی لە نێوانماندا دابنێین‌و لە سەری ڕێککەوین؟ ئەڵێت: شەش ساڵیان دانا، دەڵێت شەش ساڵ تێپەڕی پێش ئەوەی ڕۆمەکان سەرکەون، موشریکەکان ئەوەی کە ئەبو بەکر داینابوو بۆگرەوەکە هەڵیان گرت‌و بردیان، لە ساڵی حەوتەمدا ڕۆمەکان سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا. موسڵمانەکان ڕەخنەیان لە ئەبو بەکر گرت لەسەر ئەو ماوەی کە داینابوو لەگەڵ موشریکەکان، دەڵێت: چونکە خوای مەزن فەرمووی: ﴿فِي بِضۡعِ سِنِينَ﴾ ڕویەکە دەڵێت: خەڵکێکی زۆر لەو کاتەدا موسڵمان بوو، هەر بەم شێوەیە تریمزیش ڕیوایەتی کردووەو دەڵێت: ئەم فەرموودەیە چاك‌و ڕاستە(حسن صحيح).[1]

ڕۆمەکان کێن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ﴾ واتە: ڕۆم شکێنران‌و ژێرکەوتن. ﴿فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ﴾ واتە: لە نزمترین خاکیان(لە مەککەوە یان لە وڵاتی فارسەوە) وە ڕۆمەکان دوای تێکشکانیان لە داهاتوودا سەردەکەون(بەسەر فارسەکاندا)، ﴿فِي بِضۡعِ سِنِينَ﴾ واتە: لە ماوەی چەند ساڵێکدا(لە نێوان ٣ تا ٩ ساڵ). با هەندێك لەسەر وشەکانی ئەم ئایەتە بدوێین. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ﴾ لە پێشەوە لەسەر ئەم پیتە پچڕپچڕانە قسەمان کرد لە پێشەکی سورەتی(البقرة)، سەبارەت بەڕۆم بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەر بنەماڵەی عەیصی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم(سەلامی خوایان لێ بێت) کە ئامۆزای بەنی ئیسرائیلن پێیشیان ئەوترێت: بەنو ئەصفەر. کە لەسەر ئاینی یۆنانیەکان بوون، یۆنانیەکانیش لە بنەماڵەی یافیسی کوڕی (نوح)ن(سەلامی خوای لێ بێت) کە ئامۆزای تورکەکانن، کە حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکانیان دەپەرست، پێیان دەوت: سەرسامەکان، بەرەو قوتبی باکوور نوێژیان دەکرد هەر ئەوانە بوون کە دیمەشقیان دروست کردو پەرستگای شارەکەشیان دروست کردو لە لای باکوریەوە میحرابیان

---

[1] تحفة الأحوزي(٩/٥٢)، فەرموودەیەکی حەسەنە

بۆ دانا، ڕۆمەکان لەسەر ئەو ئاینەی خۆیان بوون تا پاش هاتنی مەسیحیش(سەلامی خوای لێ بێت) کە ماوەی سێ سەد ساڵێك ئەبوو، هەرکەس لەناویاندا حوکمی شام‌و جەزیرەی بکردایە پێیان دەوت: قەیسەر، یەکەمین کەس کە چووە سەر ئاینی مەسیحی ناوی قوستەنتینی کوڕی قستس بوو کە دایکی ناوی مەریەمی هەیلانی شەدەقانیە کە لەسەر زەمینی حەڕاندا بوو، دایکی پێش ئەوە چووبووە سەر ئاینی مەسیحی‌و داوای لێکرد بچێتە سەر ئەو ئایینە، قوستەنتین فەیلەسوفێك بوو لەناویانداو ئەوەبوو شوێنی دایکی کەوت، ئەڵێن بە(توقیە)[1] شوێنی کەوتووە، گاورەکان بە هۆی ئەوەوە لە دەوری یەك کۆبوونەوەو لە چەرخی ئەودا لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی ئەریوسدا(أریوس) کەوتنە کێشەوە زۆر ناکۆك بوون هەریەکە بۆ خۆی قسەی دەکردو کەس گوێی بۆ کەس نەدەگرت هەتا دوایی لەناو خۆیاندا لەسەر سێ سەدو هەژدە قەشە ڕێکەوتن ئاینێکیان بۆ قوستەنتین دانا کە ناویان لێنا سپاردەی گەورە کە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە خەیانەتە پڕوپوچەکە، هاتن چەند یاسایەکیان دانا و ناویان نا یاساکان و دەستیاندایە حەڵاڵ کردن‌و حەرام کردن‌و چەندەها شتی تر کەپێویستییان پێیبوو، ئایینی مەسیحیان گۆڕی(سەلامی خوای لێ بێت) بە ئارەزووی خۆیان زیادو کەمیان کرد. پاشان نوێژیان بەرەو ڕۆژهەڵات دەکردو شەممەیان گۆڕی بە یەك شەممە، دەستیان دایە سەلیب پەرستن‌و بەرازیان حەڵاڵ کردو چەند جەژنێکیان داهێنا وەك جەژنی سەلیب‌و جەژنی قوداس و غەتاس زۆرێکی تر لە جەژنی یەك شەممەو نوێژی دووهەمی فوسح. پاشان پاپایان بۆ دانا کە گەورەیانە پاشان باتریاك و میتەران و ئوسقف و قسیس و شمسیس (البتاركة والمطارنة والاساقفة والقساقسة والشّمامسَة) پاشان ڕەهبانییەتیان داهێنا. پاشاش کلێسەو پەرستگای بۆدروستکردن و بناغەی ئەو شارەی بە ناوی خۆیەوە دانا کەقوستەنتینییە یە، وتراوە: لە چەرخی ئەودا دوانزە هەزار کلێسە دروستکراوە (بەیت‌و لەحم)ی دروستکرد بە سێ میحرابەوە. ئەمانە پێیان دەوتن پاشاییەکان مەبەست بەو کەسانە بوو کە لەسەر ئایینی پاشابوون. دوای ئەمانە یەعقوبیەکان پەیدابوون، شوێنکەوتووی یەعقوبی ئیسکاف بوون، پاشان نەستوریەکان پەیدابوون کە هاوەڵەکانی نەستورا بوون. کە ئەمانەش لە چەند دەستەو تاقمێکی زۆر پێکهاتبوون، وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(ئەوانە بەش بەش بوون بە حەفتاو دوو بەش) مەبەست ئەوەیە ئەمانە بەردەوام بوون لەسەر نەصرانییەت. هەر کاتێك یەکێکیان بمردایە یەکێکی تریان دەبووە جێنشینی هەتا دوایین کەسیان کە هیرەقل بوو کە یەکێك بوو لە پیاوە هەرە زیرەکانیان‌و زۆر لێبڕاوو خۆنەویست بوو لە نێوان پاشاکاندا، زۆر لەسەرخۆو ڕاپەسەند بوو، زۆر خاوەن دەسەڵات‌و جێی ڕێز بوو، کیسرای پاشای فارس دژایەتی دەکرد کە دەسەڵاتی هەبوو بەسەر

[1] (توقية) يان (تەقيية): یانی لەترساندا شوێنی دایکی کەوتووە تا دەستەڵاتەکەی لەدەست دەرنەچێت (وەرگێڕ).

عێراق و خۆراسان و ڕەیی و هەموو ناوچەکانی عەجەمدا، کە ناوی سابوری چەندشانە(ئەکتاف) بوو، کە وڵاتەکەی زۆر فراوانتر بوو لە وڵاتی قەیسەر، دەستەڵاتی عەجەم و گێلێتی فارسی لەچنگدابوو، هەموشیان ئاگر پەرست بوون.

چۆن قەیسەر سەرکەوت بەسەر کیسرادا

لە پێشەوە عیکریمە باسی کرد کە کیسرا بریکارەکانی لەگەڵ سوپاکەیدا نارد بۆ قەیسەرو شەڕی لەگەڵدا کرد، واش مەشهورە کە کیسرا خۆی پەلاماری قەیسەری داوەو سەرکەوتووە بەسەریداو شکاندوویەتی و وڵاتەکەی داگیرکردووە. هیچی بە دەستەوە نەهێشتووە شاری قوستەنتەنیە نەبێت، کە ماوەیەکی زۆر دەوری داوەو تەنگی پێ هەڵچنیوە. گاورەکان قەیسەریان زیاد لە ئەندازە ڕێز لێناوە، کیسرا نەیتوانی دەست بگرێت بەسەر ئەو شارەدا، بۆیشی نەدەکرا چونکە زۆر قایم دەوری گیرابوو، نیوەی ئەو شارە وشکایی و نیوەکەی تری لەسەر دەریا بوو، لە دەریاوە پێویستی و یارمەتیەکانی پێ دەگەیشت کاتێك کە ماوەکە درێژەی کێشا، قەیسەر بیری کردەوە کە فێڵێك بدۆزێتەوە وای بە چاك زانی داوا بکات لە کیسرا واز بێنێت لە داگیرکردنی وڵاتەکەی هەرچی بوێت لە ماڵ و سامان ئامادەیە بیداتێ، کیسرا داواکەی قەبوڵ کردو داوای ماڵ و سامانێکی وای کرد کە لە توانای هیچ کەسێکدا نەبوو لە دنیادا. لە ئاڵتون و زیوو قوماش و کەنیزەك و خزمەتکارو چەندەها شتی تر. قەیسەر داواکەی نەگێڕایەوەو واشی پێگەیاند کە هەموو ئەو شتانە ئامادە دەکات. زۆر چاك دەیزانی کە هەرچی هەیە کۆی بکاتەوە دەیەکی ئەوە ناکات کە کیسرا داوای کردووە بۆیە داوای لە کیسرا کرد کە ڕێی پێ بدات بڕوات بگەڕێ بە وڵاتەکەیدا هەتا ئەوەی کە داوای کردووە بۆی کۆبکاتەوە. کیسرا ڕێی پێدا. کاتێك قەیسەر ویستی لە شاری قوستەنتەنیە دەربچێت، خەڵکی وڵاتەکەی کۆکردەوەو پێی وتن: من بڕیارم داوە بە چەند سەربازێکەوە کە خۆم دیاریم کردووە لە سوپاکەمدا دەرچین بۆ کارێك، ئەگەر پێش ئەو ماوەیەی کە دیاری دەکەین گەڕامەوە، ئەوا من پاشای ئێوەم، خۆ ئەگەر نەگەڕامەوە پێش ئەو کاتە، ئارەزووی خۆتانە، ئەگەر ویستتان لەسەر بەڵێنی خۆتان بمێنن لەگەڵمدا، وە ئەگەر ڕازیش نەبوون یەکێکی تر بکەنە پاشای خۆتان، وتیان: هەتا تۆ زیندوو بی هەر تۆ پاشامانی، با دە ساڵیش دیار نەبی، کاتێك لە قوستەنتەنیە دەرچوو سوپایەکی مامناوەندی لەگەڵ کەلوپەل و وڵاغێکی سواری زۆرەوە لەگەڵ خۆی برد، کیسرا خێوەتی بە دەوری قوستەنتەنیەدا هەڵدابوو چاوەڕوانی گەڕانەوەی قەیسەری دەکرد، قەیسەر زۆر بە پەلەو بەبێ دواکەوتن ڕۆیشت و نەوەستا هەتا گەیشتە وڵاتی فارس، کوشتارێکی زۆری کردو هەرچی شەڕی لەگەڵ دەکرد هەمووی یەك لە دوای یەك کوشتن و هەتا گەیشتە مەدائین(المدائن) کە پایتەختی وڵاتی کیسرا بوو، هەرچی تێدا بوو کوشتی و هەرچی ماڵ و سامانی هەبوو بردی و کەس و کارەکەشی بە دیل گرتن، بە ژن و ماڵ و منداڵەوە، سەری کوڕەکەشی تاشی و

سواری کەرێکی خۆی کردو هەرچی شتی بە نرخ بوو لەگەڵی باری کردو زۆر بە سوکی‌و سەرشۆڕییەوە ڕەوانەی کرد، پاشان نامەیەکی نووسی بۆ کیسرا وتی: ئەمە ئەو شتانەیە کە تۆ داوات کردو ها وەری گرە، کاتێك ئەم هەواڵ گەیشتە کیسرا ئەوەندە خەفەتی خوارد مەگەر هەر خوا بزانێت. زۆر تووڕە بوو زۆر بە توندی دەوری شارەکەی گرت بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی دا کە داگیری بکات. هەرچەندی کرد نەیتوانی داگیری بکات. کاتێك کە بیَ ئومێد بوو ڕۆیشت بۆئەوەی مەخازەی جەیحونی لێبگرێت کە هیچ ڕێگایەك نەبوو قەیسەر لێیەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو شاری قوستەنتەنیە لەوێوە نەبێت. کاتێك قەیسەر بەوەی زانی، فێڵێکی وای بەکارهێنا کەس بەکاری نەهێنابوو، سەربازو کەس‌و کاری خۆی‌و ئەوەی لەگەڵی بوو ئامادەی کرد لەبەر دەرگای مەخازەدا خۆی‌و هەندیَ لە سوپاکەی ڕۆیشتن فەرمانی دا چەند بارێك لە کاو پشقەڵی وشترو پەین بار بکەن‌و لەگەڵ خۆی بردی، نزیکەی ڕۆژێك لەناو ئاودا ڕۆیشت‌و پاشان فەرمانی دا ئەو بارانە بکەنە ناو ڕووبارەکە، کاتێك ئەو پەین‌و کایە تێپەڕی بە لای کیسرادا خۆی‌و سەربازەکانی وایانزانی کە قەیسەر دەیەوێت ڕەت بێت‌و بڕوات لەو شوێنەوە، سوپاکەی کیسرا سواربوون‌و دوای کەوتن فارسەکان مەخازەیان چۆڵکرد، قەیسەر خۆی گەیاندە ئەویَ فەرمانی دا هەڵسن بڕۆن، بە پەلە ڕۆیشتن‌و لە دەستی کیسراو سوپاکەی ڕزگاریان بوو، چوونەوە ناو قوستەنتەنیە. ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژێکی زۆر گەورە لە لای گاورەکان. کیسراو سوپاکەی سەرگەردان مانەوەو نەیاندەزانی چی بکەن، ولاتی قەیسەریان دەست نەکەوت‌و ولاتی خۆشیان وێران بوو بە دەست ڕۆمەکانەوە. هەرچی ماڵ‌و سامان‌و خێزان‌و کەس‌و کاریان هەیە بە دیل گیراو ڕۆمەکان بردیان.

ئەمە ڕووداوی سەرکەوتنەکەی ڕۆمەکان بوو بەسەر فارسەکاندا، ئەم ڕووداوە دوای نۆ ساڵ ڕوویدا پاش سەرکەوتنی فارسەکان بەسەر ڕۆمەکاندا، ئەم ڕووداوە ڕووی دا وەختێك کە ڕۆمەکان لە نێوان (ئەزەرعات)و (بوسرا)دا و ئەو سەرکەوتنەیان بەسەر فارسەکاندا دەست کەوت. وەك ئیبنو عەباس‌و عیکریمەو کەسانی تریش باسیان کردووە. کە لە ناوچەیەکی شامدایە بەرەو ولاتی حیجاز. موجاهید دەڵێت: ئەوشەڕە لە ولاتی جەزیرەدا بووە، چونکە نزیکترین شوێنە لە ولاتی فارسەوە، والله أعلم.

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُ﴾ واتە: هەموو کارێك کاری خودایە پێش ئەو شکانەو دوای ئەو شکانەش (قبلُ) و (بعدُ) مەبینن لەسەر زەممە چونکە ئیزافەکەیان لابراوەو ئیزافەش لابریَ مەبنی ئەبێت[1] ﴿وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەو ڕۆژە موسڵمانان دڵخۆش دەبن بە سەرکەوتنی قەیسەرو هاوەڵەکانی کە پاشای ڕۆمە بەسەر کیسراو

[1] یانی لەبناغەدا ڕاستەکەیان (من قبل هذه الغلبة و بعد هذه الغلبة) یان (من قبل كل شيء و من بعد كل شيء) وەك قورتوبی ئەفەرموێت. (وەرگێڕ)

ماوەڵەکانیدا لە فارسەکان کە مەجوسن، هەندێ لە زانایان ئەڵێن: ئـەو سـەرکەوتنەی ڕۆمـەکان بەسـەر فارسەکاندا ڕێکەوتی هەمان ڕۆژ دەکات کە موسڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر موشریکەکانی قورەیشدا لە ڕۆژی بەدردا وەك ئیبنو عەباس‌و سەوری‌و سودی‌و کەسانی تـریش وتوویانـە، وە لـەو فـەرموودەی کـە ترمیزی‌و ئیبنو جەریرو ئەبی حاتـەم‌و بـەزار لـە ئـەبو سـەعیدەوە ڕیوایـەتیان کـردووە دەڵێـت: کاتێك جەنگی بەدر ڕوویدا، ئەو ڕۆژەش ڕۆمەکان سـەرکەوتن بەسـەر فارسـەکاندا، موسـڵمانەکان بـە لایانـەوە سـەیر بـوو زۆر پێـی دڵخـۆش بـوون، خـوای مـەزن ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە: ﴿وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾[1] بـە سەرخـستنی خـوا(بـۆ ڕۆمەکان) خوا هەر کەسی بوێت سەری دەخات‌و هەر ئەو زاڵی میهرەبانە. ئیبنو ئەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردووە لـە زوبـەیری کەلابیـەوە دەڵێـت: سـەرکەوتنی فارسـەکانم بینیـوە بەسـەر ڕۆمەکانـدا پاشـان سەرکەوتنی ڕۆمەکانم بینیوە بەسەر فارسەکاندا، پاشانیش سەرکەوتنی موسـڵمانەکانم بینیـوە بەسـەر فارس‌و ڕۆمەکاندا، هەموو ئەمانە لە ماوەی پانزە ساڵدا. خوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ﴾ (عزیز) واتە: لە سەرکەوتن‌و تۆڵەسەندنی دوژمنەکانیدا ﴿الرَّحِيمُ﴾ واتە: دڵۆڤانیـشە بـۆ بەنـدە خـاوەن باوەڕەکـانی. پاشـان دەفـەرمووێت: ﴿وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ﴾ واتـە: ئـەوە بـەڵێنی خودایـە(کـە ڕۆمەکان سەربخات) خوایش پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات. یـانی: ئـەوەی کـە هـەواڵمان پێـدای ئـەی موحەممەد(ﷺ) کە ڕۆمەکان سەردەخەین بەسەر فارسەکاندا بـەڵێنی خوایەو ڕاست‌و هەقـە خـودا لـە بـەڵێنی خـۆی پەشـیمان نابێتـەوە دەبێـت هـەر بێت‌و ڕووبـدات. چـونکە سـوننەتی خـودا وایـە ئـەو دەستەیەی کە لە هەقەوە زیاتر نـزیکترن سـەردەخات‌و پاشـەڕۆژیش هـەر بـۆ ئەوانەیـە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتـە: زۆرینـەی خـەڵکی نـازانن کـە خـودا خـۆی کاربەدەسـتی ئـەم بوونەوەرەیـە، هەرچی مەیلی لێ بێت دەیکات بە پێی کارزانی‌و دادوەری خۆی. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾ واتە: تەنها ڕواڵەتی ئەم ژیانی دنیا دەزانن بەڵام بێئاگـان لە ڕۆژی دوایی. واتە زۆرێك لە خەڵکی تەنها ئاگاداری ژیانی دنیاو ئیش‌و کـاری مـاڵ پەیـداکردن نـەبێت هیچی تر نازانن‌و لێی بێئاگان، زۆر وریاو لێهاتوون بۆ خۆ ژیاندن‌و سامان کۆکردنەوە، بەڵام نازانن چـی بەسوودە بۆ پاشەڕۆژیان لەو دنیادا وەك ئەو کەسـەی خەڵـەفابێت‌و ئاگـای لـە خـۆی نـەبێت نـەتوانێت بیربکاتـەوە. حەسـەنی بەسـری دەڵێـت: سـوێند بـە خـوا هـی وایـان هەیـە ئەوەنـدە لـە دنیـادا

[1] تحفة الأحوذي(٩/٥٠)، الطبري(٢٠/٧٣)، فەرموودەیەکی لاوازە.

چووەتەخوارەوە پەنجایی بە نینۆکی هەڵدەگێڕێتەوە دەزانێت چەند قورسە، کەچی نازانێت بە چاکی نوێژ بکات. ئیبنو عەباس لەم ئایەتەدا: ﴿ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ﴾ ئەڵێ واتە: خوانەناسان دەزانن چۆن دنیا ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام لە کاروباری ئاییندا زۆر بێئاگان[1].

﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ٨ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَأَثَارُواْ ٱلۡأَرۡضَ وَعَمَرُوهَآ أَكۡثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٩ ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ ٱلسُّوٓأَىٰٓ أَن كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ بِهَا يَسۡتَهۡزِءُونَ ١٠ ﴾

بەڵگەکانی یەکخواپەرستی (التوحيد)

خوای گەورە بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە بە خۆیاندا بچنەوەو بیر بکەنەوە لەو دروستکراوانە کە بە چاوی خۆیان دەیبینن کە هەموو بەڵگەن لەسەر بوونو تەنهایی ئەو کە هەر خودا شایەنی پەرستنەو هیچ کەسێك جگەلە ئەو شایەنی پەرستن نیەو هەرئەو پەروەرینی ئەوانیشو هەموو بوونەوەرە. ﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِم ﴾ واتە: ئایا ئەوانە لە دەروونی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە. ﴿ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗى ﴾ واتە: کە خوا ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی لە نێوانیاندایە دروستی کردووە مەگەر بە ڕاستیو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. یانی با بە خۆیاندا بچنەوەو بیر بکەنەوە لە وەدیهاتنی ئەم ئاسمانو زەمینەو ئەوەی کە لە نێوانیاندایە لەو دروستکراوە فرەجۆرو ڕەنگەو ڕەگەزە کە بە گاڵتە دروست نەکراوە بەڵکو بە ڕاستی وەدی هێناونو ماوەشی بۆ دیاری کردوون هەتا ڕۆژی قیامەت دێت، هەموو لەناودەچنو نامێنن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ﴾ واتە: بێگومان زۆرێك لە خەڵك باوەڕیان نیە بە خزمەت پەروەردگاریان بگەن (لە دواڕۆژدا). پاشان ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کە ئەو پێغەمبەرانەی کە ڕەوانەی کردووە بۆیان لە لایەن ئەوەوە ئەو پەیامەیان پێدراوەو پشتگیری کردوون بە چەندەها موعجیزەو نیشانەی ڕوونو ئاشکرا کە بوونەتە هۆی قڕکردنو لەناوچوونی ئەوانەی کە بڕوایان پێ نەکردوونو نەجات بوونی ئەوانەی کە بڕوایان پێ هێناون. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي

[1] الطبري(٢٠/٧٦).

ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: ئاخۆ نەگەڕاون بەسەر ئەم زەمینەدا هەتا سەیر بکەن‌و بیربکەنەوەو عەقڵیان بخەنە کارو گوێ بگرن لە دەنگوباسی پێشینەکانی خۆیان. بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ واتە: بۆ ئەوەی ببینن سەرەنجام ئەو(گەلانەی کافر بوون) لە پێش ئەمان چۆن بوون کە زۆر بەهێزتر بوون لە ئەمان(خەڵکی مەککە)، ﴿وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ واتە:وە زەویان کێڵا(بۆ کشتوکاڵ)و ئاوەدانیان کردەوە زیاتر لەمان‌و پێغەمبەرانیان بۆ هات بە موعجیزە ڕوونەکانەوە بۆیە خوا ستەمی لێ نەکردن(کە لە ناوی بردون). یانی: ئەی ئەو کەسانەی کە موحەممەدتان بۆ ڕەوانە کراوە چاك بزانن کە گەلە پێشووەکانی پێش ئێوە لە ئێوە زیاتر بە تواناو بەهێزبوون‌و سامان‌و ماڵ‌و منداڵیان لە ئێوە زیاتر بوو. دەیەکی ئەوان ئێوە دەسەڵاتتان پێ نەدراوەو ناشتوانن وەك ئەوان سەر زەمین ئاوەدان بکەنەوەو سودی لێ ببینن‌و لێی بحسێنەوە. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەدا بوویان کاتێك کە پێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانەکرا زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە پێیان درابوو، شوێن پێغەمبەرەکان نەکەوتن، خوای گەورە بە هۆی تاوانەکانیانەوە لەناو دان‌و هەمووی قڕ کردن کەسێك نەبوو لە سزای خودا ڕزگاریان بکات. سامان‌و ماڵ‌و منداڵ فریایان نەکەوت‌و لە سزای خودا ڕزگاری نەکردن و بە ئەندازەی گەردیلەیەك سودی پێ نەگەیاندن، خوای مەزن ناهەقی پێ نەکردوون کە تووشی ئەو بەڵایەی کردن‌و جەزرەبەی دان، ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ واتە: خۆیان ئەو بەڵایان بەسەر خۆیان هێناو ناهەقییان بە خۆیان کرد، بڕوایان بە نیشانەکانی خودا نەکردو گاڵتەیان پێکرد، حاشایان لێ دەکرد دەستیان دابووە تاوانکاری. وە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ ٱلسُّوٓأَىٰٓ أَن كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ بِهَا يَسْتَهْزِءُونَ﴾ واتە: پاشان چارەنووسی ئەوانەی کە تاوان‌و خراپەیان کرد سەختترین سزایە لەبەر ئەوەی باوەڕیان نەهێنا بە ئایەتەکانی خواو هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکرد. خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾[1] واتە: وە(کاتی هاتنی موعجیزەکان) دڵ‌و چاویان وەردەگێڕین‌و لا دەدەین(لە باوەڕهێنان) هەروەك لە سەرەتاوە بڕوایان بە قورئان نەهێناوە لێیان دەگەڕێین لەسەرکەشی خۆیاندا هەر سەرگەردان بن. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ

[1] الانعام(١١٠).

قُلُوبَهُمْ﴾[1] واتە: جا کاتێك لایاندا لە هەق خواش دڵی وەرگێڕان. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ﴾[2] واتە: ئینجا ئەگەر ئەوانە ڕوویان وەرگێڕاو سەرپێچیان کرد ئەوە بزانەو دڵنیا بە خوا دەیەوێت بە هۆی هەندێ لە تاوانەکانیانەوە سزایان بداتو تووشی زیانیان بکات. وە وتراوە مانای ئەم ئایەتە: ﴿ ثُمَّ كَانَ عَاقِبَةَ الَّذِينَ أَسَاءُوا السُّوأَىٰ﴾ واتە: ئاکامی خراپەکاری خۆیان بوو، چونکە باوەڕیان بە نیشانەکانی خوا نەکردو گاڵتەو گەپیان لێ دەهات، ئەمە بۆچوونی ئیبنو جەریرە لە ئیبنو عەباسو هەر وا دەردەکەوێت کە دەفەرمووێت: ﴿وَكَانُوا بِهَا يَسْتَهْزِئُونَ ﴾ والله أعلم.

﴿ اللَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُبْلِسُ الْمُجْرِمُونَ ﴿١٢﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَائِهِمْ شُفَعَاءُ وَكَانُوا بِشُرَكَائِهِمْ كَافِرِينَ ﴿١٣﴾ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ ﴿١٥﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الْآخِرَةِ فَأُولَٰئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ ﴿١٦﴾﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ اللَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ﴾ واتە: خوا دروستکردنی ئادەمی دەست پێدەکاتو لە پاش کردن دروستی دەکاتەوە. ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ واتە: پاشانیش هەر بۆ لای ئەوتان دێنینەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەموو کەسێك پاداستی کردەوەی خۆی وەردەگرێت. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُبْلِسُ الْمُجْرِمُونَ ﴾ واتە: ئەو ڕۆژەی قیامەت هەڵدەسێت تاوانباران غەمبارو نائومێد دەبن. ئیبنو عەباس دەڵێت: تاوانباران بێ ئومێد دەبن. موجاهید دەڵێت: تاوانباران ئابڕوویان دەچێت. وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە(يُكْتَئِبُ المُجرِمُون) واتە: تاوانباران دۆژداماون[3]. ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَائِهِمْ شُفَعَاءُ﴾ واتە: بێگومان لە پەرستراوەکانیاندا تکاکارانێك نیە بۆ ئەوان، ﴿وَكَانُوا بِشُرَكَائِهِمْ كَافِرِينَ ﴾ واتە: وە ئەوان بێباوەڕ دەبن بە پەرستراوەکانیان(کە کردوونیان بە هاوبەشی خودا). واتە ئەو شتانەی ئەوان بە هاوەڵی خودایان دەزانینو غەیری خوا دەیانپەرستنو سوژدەیان بۆ دەبردن، تکایان بۆ ناکەن، حاشایان لێ دەکەن، خەیانەتیان لێ کردوون لە کاتێکدا کە زۆر

---

[1] الصف(٥).

[2] المائدة(٤٩).

[3] الطبري(٢٠/٧٩).

پێویستیان بـه یارمـەتی ئەوانـه هەیـە. پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ ﴾ واتە: ئەو ڕۆژەی قیامەت هەڵدەسێت(خـەڵك) لـەو ڕۆژەدا جیادەبنـەوە لـە یـەكتر. قـەتادە دەڵێت: بەڵێ سوێند بە خوا ئەوە جیابوونەوەیە کە هـەرگیز دوای ئـەوە یـەكتر ناگرنـەوە.[1] واتـە: كاتێك ئەوەی بەرەو سەری سـەرەوە ڕۆیشتو ئەوەیشی بـەرەو خـواری خـوارەوە ڕۆیشت، ئـەوە ئـیتر دوایـن بەیەكگەیـشتنە. بۆیـە خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَهُمْ فِى رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ ﴾[2] واتە: ئینجا كەسانێك كە باوەڕیان هێناوەو كردەوە چاكەكانیان كردووە ئـەوان لـە بەهەشتدا دڵخۆش دەكرێن. موجاهیـدو قـەتادە دەڵـێن: خۆشـی دەبەنـە سـەر.[3] پاشـان خـوای مـەزن دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآىِٕ ٱلْءَاخِرَةِ فَأُوْلَٰٓئِكَ فِى ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ ﴾ واتە: بـەڵام ئەوانەی بێباوەڕ بوون بە نیشانەكانی ئێمەو گەیشتن بە ڕۆژی دوایی ئا ئەوانە لە سزا(ی دۆزەخ)دا ئامـادە دەكرێن.

﴿ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴿١٧﴾ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ ﴿١٨﴾ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَيُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١٩﴾ ﴾

فەرماندان بە پێنج نوێژەكە

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴾ واتـە: ئینجـا پـاكو بێگەردی خوا بڵێن كاتێك ئێوارەتان لێ دێتو كاتێك بـەیانیتان لـێ دێت. خـوای مـەزن لێـرەدا باسـی پاكیو بێ عەیبی خۆی دەكاتو بەندەكانیشی فێردەكات كە چۆن باسـی پـاكیو پەسـەنی ئـەو بدەنو سوپاسی بكەن لەو كاتانەی كە لـە دوای یـەكتری دێـنو نیشانەن لەسـەر توانـاو دەسـەڵاتی لـە كـاتی ئێواران كە تاریكی دادێتو لە كاتی بەیانیان كـە دنیـا ڕووناك دەبێت، پاشـان فەرموویـەتی سـوپاسو ستایش جێـی خۆیـەتی بـۆ ئـەو پـاكیو پەسـەنیەی. ﴿ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ ﴾ واتە: وە سوپاس هەر بۆ خوایە لە ئاسمانـەكانو زەویداو(پـاكیو بێگـەردی خـوا بڵـێن) لـە شەوداو كاتێك نیوەڕۆتان لێ دێت.(العشاء) واتـە: تـاریكی شـەو كـە دادێت.(الاظهار) واتـە: ڕووناكی تەواو(نیوەڕۆ). پاكیو بێگەردی بۆ وەدیهێنـەری ئـەمیشو ئـەویش، كـە بەرەبـەیان دێنێتو شەویشی

[1] الطبري(٢٠/٨٠).
[2] الطبري(٢٠/٨١).
[3] الطبري(٢٠/٨٢).

کـردووە بـە هـۆی ئاسـودەیی، وەك فەرموویـەتی: ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ۝٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا﴾[1] واتـە: وە سوێند بە ڕۆژ کاتێك کە خۆر دەردەخات، وە سوێند بە شەو کە خۆر دادەپۆشێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ﴾[2] واتـە: سوێند بـە چێشتەنگاو، وە سوێند بـە شـەو کاتێك کـە ئـارام دەگرێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ۝١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾[3] واتە: سوێد بـە شـەو کاتێك کـە(زەوی) دادەپۆشێت، وە بە ڕۆژ کاتێك ڕووناك دەبێتەوە. ئایەت لەم بارەوە زۆرە. خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ ﴾ واتـە:(خـوا) زینـدوو لـە مـردوو دەردێنێتو مـردوو لـە زیندوو دەردێنێت. ئەوە ئەو شتانەیە کە ئێمە بـە چـاوی خۆمـان دەیبینـینو تێیدا دەژین کـە چـەندە خاوەن تواناو دەسەڵاتە لە دروستکردنی ئەم هەموو شتە لە یەکتری، ئەو ئایەتانەشی کە لەمەودوا دێن هەموو هەر لەم بارەیەوەیە، خوای مەزن باسی وەدیهێنانی ئـەو شـتانە دەکات لەگـەڵ دژەکانیانـدا بـۆ ئەوەی ببنە بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی تەواوی خۆی. لەوانە دەرهێنانی ڕووەك لە دەنکەکەی(تۆوەکەی)و دەرهێنانی تۆو لە ڕووەك، وە هێلکە لە مریشكو مریشك لە هێلکە، مرۆڤ لە تنۆکە ئاوەو تنۆکـە ئـاو لـە مرۆڤ، خاوەن باوەڕ لە خوانەناسو خوانەناس لـە خـاوەن بـاوەڕ، وە دەفـەرمووێت: ﴿وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا﴾ واتە: وە زەوی زیندوو دەکاتەوە لە پاش مردنو وشك بوونی. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتـە وایـە کـە دەفـەرمووێت: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ۝٣٣ وَجَعَلۡنَا فِيهَا جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَٰبٖ وَفَجَّرۡنَا فِيهَا مِنَ ٱلۡعُيُونِ ﴾[4] واتە: وە نیشانەو بەڵگەیـەك بـۆ ئـەوان ئـەم زەویە مردووەیە کە زینـدوومان کـردەوەو دانەوێڵـەمان لـێ دەرهێنـاو لـێ ڕوانـد کـە لێـی دەخـۆن، وە لەو(زەویە)دا چەند باخ لە خورماو ترێمان بەدی هێناو چەند کانیاومان تیایدا هەڵقوڵانـدووە. وە خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ۝٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ۝٦ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ﴾[5] واتـە: وە زەوی دەبینـی(لـە زسـتاندا) خامۆشـەو وشـكو بـێ

---

[1] الشمس(٣ـ٤).

[2] الضحى(١ـ٢).

[3] الليل(١ـ٢).

[4] يس(٣٣ـ٣٤).

[5] الحج(٥ـ٧).

گیانە جا کاتێك بارانمان بەسەردا باراند زەوی(ڕووەکی لێ دەڕوێت) دەجوڵێت زەوی هەڵ دەداتو بەرز دەبێتو(زەوی) دەڕوێنێت لە هەموو جۆرە(گیاو گوڵێکی) جوان، ئەوەی(باس کرا) لەبەر ئەوەیە دڵنیا بن کە خوا حەقو ڕاستەو بێگومان مردووەکان زیندوو دەکاتەوەو بێگومان ئەو(خوایە) توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وە بە ڕاستی قیامەت دێتو بەرپا دەبێت گومانی تێدا نیەو دڵنیاش بن خوا هەموو ئەو کەسانەی لەناو گۆڕەکاندان زیندووی دەکاتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِی یُرۡسِلُ ٱلرِّیَٰحَ بُشۡرَۢا بَیۡنَ یَدَیۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّیِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾[1] واتە: وە ئەو(خوا) زاتێکە بایەکان دەنێرێت بە موژدەدەر پێش(بارانی) ڕەحمەتی پەروەردگار هەتا کاتێك هەوری قورس(ی باراناوی) هەڵدەگرێت دەینێرێت بۆ وڵاتێکی مردوو(وشکی بێ گیا) جا بەو(هەورە) باران دەبارێنین بە هۆی ئەوەوە هەموو جۆرە بەروبوومو میوەیەك(دەڕوێنینو) دەردەهێنین هەر بەو وێنەیە مردووەکان لە زەوی دەردەهێنینو زیندوویان دەکەینەوە تا ئێوە بیربکەنەوە. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ﴾ واتە: وە هەر بەو جۆرە ئێوەش دەردەهێنرێن(لە گۆڕەکانتان).

﴿ وَمِنۡ ءَایَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ تَنتَشِرُونَ ﴿٢٠﴾ وَمِنۡ ءَایَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَیۡهَا وَجَعَلَ بَیۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِی ذَٰلِكَ لَأٓیَٰتٖ لِّقَوۡمٖ یَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾

لە نیشانەکانی خودا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَمِنۡ ءَایَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ﴾ واتە: لە نیشانەکەنی ئەو(خودایە) کە ئێوەی لە خاك دروست کردووە. واتە لە نیشانەو دەسەڵاتی خوای مەزن ئەوەیە کە بابتانی ئادەم دروست کردووە لە خۆڵ، ﴿ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ تَنتَشِرُونَ﴾ واتە: لە پاش(ماوەیەك) کتوپڕ ئێوە ئادەمینو بڵاوبوونەتەوە لە زەویدا. لە بنەڕەتدا لە خۆڵ دروست کراون پاشان لە ئاوێکی بێ نرخو پاشانیش لە خوێنێکی بەستوو پاشان لە پارچە گۆشتو پاشان بوو بە ئێسکو(پێستە) پاشان خوای گەورە گۆشتی دا بەسەر ئێسکەکەدا پاشانیش گیانی کرد بەبەریداو پاشان چاوو گوێی دایە کە ببینێتو ببیستێتو پاشان لە سکی دایکی هاتە دنیاو زۆر لاوازو بێ هێز پاشان هەتا تەمەنی گەورە دەبوو بەهێزو توانا دەبوو هەتا وای لێهات دنیای ئاوەدان کردەوەو شارو دێهاتی دروست کرد لە وڵاتێکەوە دەچوو بۆ وڵاتێکی ترو سواری کەشتی دەبێت بە دەوری زەویدا دەگەڕێت، سامان

---

[1] الاعراف(٥٧).

کۆدەکاتـەوەو بـژێوی ژیـان بـە دەسـت دێنێـت، توانـای بیرکردنـەوەی هەیـەو زۆر لێـزانو وریایـەو ڕاوبۆچوونی خۆی هەیەو ئاگاداری باشی هەیە لە دنیاو قیامەتدا، هەر کەسـەو بە پێی توانـای خۆی. پاکیو پەسـەنی بۆ ئەو خوایـەی کـە ئـەو توانـای داوە بـە مـرۆڤ کـە وای لێکـردووە هـەموو هونـەرێك بەکاربێنێت بۆ خۆژیاندنو کارو کاسپی. وە جیاوازی خستووەتە نێوانیان لە بیروبۆچوونو زانستداو لـە چـاکیو خراپیـداو لـە هـەژاریو دەوڵەمەندیـداو لـە بەختـەوەریو بێـچارەییدا. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ ﴾ واتـە: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو موساوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویـەتی:(خـوا ئـادەمی دروسـت کرد لە مشتێك کە هەڵی گرت لە هەموو زەوی، مرۆڤ لەسـەر ئەنـدازەو شـێوەی زەمـین وەدی هـاتووە، سپیەو سوورەو ڕەشەو لە نێوان ئەو ڕەنگانەدایە، پیسەو پاکەو دڵخـۆشو خـەمگینو لـەو نێوانـەدا).[1] ئەبو داودو تیرمزیش ڕیوایەتیان کردووە، تیرمـزی دەڵێـت: ئەمـە فەرموودەیـەکی چاكو ڕاسـتە(حسن صحيح).[2] پاشان خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾ واتـە: وە لە نیشانەکانی(ئـەوە(خـوا) کـە بـۆی دروسـت کـردوون لـە ڕەگـەزی خۆتـان هاوسـەرانێك. واتـە لـە ڕەگەزی خۆتان مێینەی بۆ دروسـت کـردوون بـۆ ئـەوەی ببنـە هاوسـەرتان، ﴿لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ واتە: بۆ ئەوەی ئارام بگـرن لـە لایانـدا وە خۆشەویستیو بـەزەیی خـستۆتە نێوانتان. واتە لێیان بحەسێنەوە وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ﴾[3] واتە:(خوا) ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کـردووە لە یەك کەس(کـە ئادەمـە) هـەر لـە خـۆی هاوسـەری بـەدیهێنا تـا لـە لای بحەسـێتەوە(ئـارام بگرێـت). مەبەست لێرەدا حەوایە کە خوای مەزن دروستی کرد لـە کورتترین پـەراسـووی لای چـەپی ئـادەم خۆ ئەگەر خوای گەورە تۆرمەی ئادەمی هەموو بە نێرینـە دروست بکردایەو مێینەشـی لـە ڕەگـەزێکی تـر دروسـت بکردایـە، واتـە: جنۆکـە یـان زینـدەوەرێکی تـر. ئـەم نزیکـیو خۆشەویستیە نـەدەبوو بـەڵکو دوورەپەرێزیو دژایەتی پەیدا دەبوو لە نێوانیاندا. ئەوە لە دلۆڤانیی خودای مەزنە کە نـەوەی ئـادەم و هاوسەرەکانی لـە ڕەگـەزی خۆیـان بـۆ وەدی هێنـاونو بـەزەییو خۆشەویستی خـستووەتە نێوانیـانو سۆزیان بۆ یەکتری هەیە، چونکە پیاو کە ژن دەهێنێت لەبەر ئەوەیەکە خۆشی دەوێت یان حەز دەکات

[1] احمد(٤/٤٠١، ٤٠٦)، فەرموودەیەکی باشە(جيد).

[2] أبو داود(٥/٧٦)، تحفة الأحوزي(٨/٢٩٠)، فەرموودەیەکی باشە.

[3] الاعراف(١٨٩).

منـدالّی ببێـت لێـیو سـۆزی بـۆی هەیـە. ژنیش پێویستی بـە پیـاو هەیـە بـۆ دابینکردنـی بـژێویو بـە یەکەوەژیان بە خۆشیو کامەرانی یان لەبەر زۆر شتی تـر. ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ واتـە. ئەمانە هەموو نیشانەن بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئاوەزن.

﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّلۡعَٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱبۡتِغَآؤُكُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّقَوۡمٍ يَسۡمَعُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾

خوای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ ﴾ واتـە: لـە نیشانە مەزنـەکانی خـوای گـەورە، ﴿خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ واتـە: دروسـت کردنـی ئاسمانـەکانو زەمینـە بـەو بـەرزیو فراوانـەیو جـوانیو ناسکیو ڕازاوەیی ئەستێرە گەڕۆكو وەستاوەکانو لەوانە زەمین بەو نزمیو فراوانیە کە پـڕە لـە کێـوو کەژو دۆڵو دەریاو دەشتو بیابانو زیندەوەرو ڕووەكو دارو درەخـت. وە دەفـەرموویێت: ﴿وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ ﴾ واتە: جیاوازی زمان. یەکێك بە زمانی عەرەبیو یەکێك بـە زمـانی تەتـەری و یـەکێك بـە کەرەجی، یەکێك بە ڕۆمی، یـەکێکی تـر بـە فـەرەنجیو ئـەوی تـر بـە بەربـەری و ئـەوە کـوردەو ئـەوە تەکرورەو ئەوە حەبەشیەو ئەوە هیندیەو ئەوە عەجەمـەو ئـەوە سـەقالیبەیە و ئـەوە خـەزەرەو ئـەوە ئەرمەنە چەندەها زمانی تر کە خودا خۆی نەبێت کەس نازانێـت، ﴿وَأَلۡوَٰنِكُمۡ﴾ واتـە: جیـاوازی ڕەنـگو ڕوخسارتان، هەموو خەڵکی سەر زەمین لەو ڕۆژەوە خودا ئادەمی دروست کردووە هـەتا ڕۆژی قیامـەت ئەو جوانیەی پێ بەخشیون لە دەمو چاوو برۆو برژانگو کولمو لووتو تەوێڵو گوێ. هیچ کەسێك لەوی تر ناچێت. خۆ ئەگـەر هەنـدێ لـە جوانو ناشیرینیدا لـە هەنـدێ شـتدا لـە یـەکتری بـچن بێگومـان لـە هەندێکی تردا هەر جیاوازیان هەیە. ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّلۡعَٰلِمِينَ ﴾ واتە: لەم نیشانانەدا بەڵگە زۆرە بـۆ زانایان. ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱبۡتِغَآؤُكُم مِّن فَضۡلِهِۦٓ ﴾ واتە: هەر لـە نیـشانەکانی خودایـە کە لە شەوو ڕۆژدا دەخەونو هەوڵدانتان لە ڕۆژدا بۆ بەهرە وەرگرتن لە بەخشینی ڕۆزی خودا. کـە ئـەو خەوتنـە دەبێتـە هـۆی حەسانەوەو ئـارامی مێشكو لـەشو نەهێشتنی ماندوویـەتیو لابردنـی خـەمو خەفەت، گەڕانو هەوڵدانیشی کردووە بە هۆی وەدەستهێنانی بژێوی ژیانو هاتوچۆ لە ڕۆژدا کە ئەمـە پێـچەوانەی خەوتنـە، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّقَوۡمٍ يَسۡمَعُونَ ﴾ واتـە: ئەمـەیش لـە نیـشانەکانی خودایە بۆ ئەو کەسانەی کە دەبیستنو تێدەگەن.

﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَيُحْىِۦ بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ ﴾ واتە: لەو نیشانانەی کە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی مەزنی خودا، ﴿يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ واتە: بروسکەتان پیشان دەدات بۆ ترساندنو ئومێد کە جارێك دەترسن لەوەی بارانو هەورەتریشقەی زۆری لەگەڵدا بێت کە ڕووداوو کارەساتی لێ بکەوێتەوە، وە پێشتان خۆشەو بە ئومێدی ئەوەن کە بارانێکی باش ببارێتو کە بۆ پێویستیەکانی خۆتان بەکاری بهێنن. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَيُحْىِۦ بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ﴾ واتە: باران دەبارێنێت لە ئاسمانەوە تا زەوی پێ زیندوو بکاتەوە پاش مردنی، کە نە گیاو ڕووەكو هیچ شتێکی تری تیا نەماوە بەڵام کاتێك کە باران باری، ﴿ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ﴾[1] واتە: زەوی(ڕووەکی لێ دەڕوێتو) دەجوڵێت زەوی هەڵدەداتو بەرز دەبێتو(زەوی) دەڕوێنێت لە هەموو جۆرە(گیاو گوڵێکی) جوان. ئا ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئاشکران لەسەر زیندووبوونەوە لە ڕۆژی قیامەتداو پەندو ئامۆژگارین بۆ کەسێك کە خاوەن ئاوەز بێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾ واتە: بە ڕاستی لەوەدا کە باسکرا چەند ڕابەرو نیشانە هەیە بۆ ئەوانەی ژیریان بەکاردێنن. ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ﴾ واتە: لە نیشانەکانی ئەوە کە ئاسمانو زەوی بە فەرمانی ئەو وەستاون. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ﴾[2] واتە: وە ئاسمانی ڕاگیر کردووە تا نەکەوێت بەسەر زەویدا مەگەر بە فەرمانی ئەو. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا﴾[3] واتە: بە ڕاستی خوا ئاسمانەکانو زەوی ڕاگیر دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی خۆیان لانەدەن. عومەری کوڕی خەتاب(ڕەزای خوای لێ بێت) نارەحەت بووایە دەیوت: نەخێر، سوێند بە کەسەی بە فەرمانی ئەو ڕاوەستاون(واتە: بە فەرمانی خودا ئاسمانو زەمین ڕام هاتوونو وەستاون).

---

[1] الحج(٥).

[2] الحج(٦٥).

[3] الفاطر(٤١).

وەختێـك كـە ڕۆژی قیامـەت هـات ئـەم زەمینـە دەبێتـە زەمینێكـی تـرو ئاسمانـەكانیش هـەروەها، مردووەكانیش لە گۆڕەكانیان هاتنەدەر بە فەرمانی خودا بـە زینـدوویی‌و بـانگ دەكرێن بـۆ لای خـوای گەورە. بۆیـە فـەرموویـەتی: ﴿ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الْأَرْضِ إِذَا أَنتُمْ تَخْرُجُونَ﴾ واتـە: پاشـان كاتێـك لـە ڕۆژی دواییدا لە زەوییەوە بانگتان دەكەن یەكسەر ئێوە لە گۆڕەكانتان دێنە دەرەوە. واتە یەكجار بانگ دەكرێن بە پەلـە دێنـە دەرەوە. ئـەم ئایەتـەوەك ئـەو ئایەتانـە وایـە كـە دەفـەرمووێت: ﴿ يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ﴾[1] واتـــە: ئـــەو ڕۆژەی كـــە بانگتـــان دەكـــەن(لـــە گۆڕەكانتانەوە) جا ئێوەش دەست بەجێ دێن بە دەم بانگكردنەكەوە بـە سـوپاس‌و سـەناكردنەوەو وا دەزانن نەماونەتەوە(لە دنیادا) ماوەیەكی كەم نـەبێت. وە فەرموویـەتی: ﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِالسَّاهِرَةِ﴾[2] واتە: بێگومان ئەو زیندووبوونەوەیە هەر یەك نەعرەتەیە، ئیتر كتوپڕ وان لـە دەشـتێكی سـپی كـاكی بـە كاكیـدا. وە فەرموویـەتی: ﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾[3] واتە: تەنها شریخەو دەنگێكی گەورە دێـت ئـیتر كتـوپڕ هـەموویان(بـە كۆمـەڵی) لای ئێمـە ئامادەكراون.

﴿ وَلَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ ﴿٢٦﴾ وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ وَلَهُ الْمَثَلُ الْأَعْلَىٰ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾﴾

دووبـارە هێنانەوەی دروستكراوەكان لە(مەردم) ئاسانترە

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَلَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ ﴾ واتـە: هەرچـی لـە ئاسمانەكان‌و زەمیندایە خوا خاوەنیەتی‌و بەندەی ئەون، گوێڕایەڵ‌و ملكەچی ئـەون پێیـان خـۆش بێـت یـان پێیـان نـاخۆش بێـت. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ واتـە: ئـەو(خـوا) زاتێكـە بـەدیهێنانی دەسـت پێكردووە لـە پاشـان(دوای مردنـی) دووبـارە دروسـتی دەكاتەوە(ئەم دروست كردنەوەی دووەم) لای خـوا ئاسـانترە. ئیبنـو ئـەبی تەلحـە(طلحة) دەڵێت: لـە ئیبنـو عەباسـەوە: ﴿أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ واتـە: ئاسـانترە لای.[4] موجاهیـد دەڵێـت هێنانـەوە ئاسـانترە لـە

---

[1] الاسراء(٥٢).

[2] النازعات(١٣ـ١٤).

[3] يس(٥٣).

[4] الطبري(٢٠/٩٢).

وەدیهێنان، یەکەم جاریش هەر ئاسانە.[1] عیکریمەو کەسانی تریش هەر وایان وتووە.[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:(خـودا فەرموویـەتی بەندەکەم بڕوای پێ نەهێنام بۆ ئەو نەدەبوو وابێت، قسەی پـێ وتم بـۆ ئـەو نـەدەبوو وابێـت، بڕوا پـێ نەهێنانەکەی بە من ئەوەیە کە ئەڵێ: نامهێنێتەوە جارێکی تر وەك چۆن یەکەمجار دروسـتی کـردووم، هەرگیز وەدیهێنانی یەکەمجار ئاسانتر نیە لە لام لە هێنانەوەی(واتە ئاسانو گران لای خـوا نیـە) بـەڵام قسە پێ وتنەکەی پێم ئەوەیە کە ئەڵێ: خوا منداڵی بۆ خۆی داناوە، لەکاتێکدا مـن خودایـەکی تـاكو تەنهاو بێ نیازم کە کەسی لێ نەبووەو لە کەسیش نەبووە، هەرگیز کەسیش نەیتوانیوە هاوتـای بێـت) تەنها بوخـاری هێناویـەتی.[3] ﴿وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتـە: وە هـەر بـۆ ئـەوە سیفەتی هەرە بڵند لە ئاسمانەکانو زەویدا. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾[4] قەتادەیش دەڵێت: نموونـەی خـودا، هـیچ پەرستراوێك نیە غەیری خوداو هیچ پەروەردگارێکیش نیە غەیری ئەو.

﴿ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ ۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ فَمَن يَهْدِى مَنْ أَضَلَّ ٱللَّهُ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٩﴾﴾

نموونەیەك كە بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنهایی خودا

ئەمە نموونەیەکە خوای مەزن دەیهێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە هاوەڵی بۆ دادەنێن و کەسانی تر غـەیری خودا لەگەڵ خوادا دەپەرستنو دەیکەنە شەریکی، زۆر چاکیش دەزانن کە ئەو شەریکانە لە بتو شـتی تر عەبدو موڵکی خودان وەك لە پاڕانەوەکەیاندا ئەڵێن: (لبَّيكَ لا شريكَ لَك، إلا شريكاً هُوَ لَكَ، تملِكه وما ملك) خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ﴾ واتە: نموونەیـەکی لـە خۆتـان بـۆ هێناونەتـەوە کـە لێـی تێدەگـەنو بـە چـاوی خۆتـان دەیبیـنن، ﴿هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ ﴾ واتـە: ئایـا ئێـوە ئەوانـەی کـە غوڵامتـانن دەیکەنـە هاوبەشی خۆتان لەو بژێویەی کە پێمان داون؟ وە ئایا وەك یەك دەبن؟ دیارە هـیچ کەسێك لـە ئێـوە

[1] الطبري(٢٠/٩٢).

[2] الطبري(٢٠/٩٢).

[3] فتح الباري(٨/٦١١/٦١٢).

[4] الشورى(١١).

ڕازی نابێت کە غولامەکەی ببێتە هاوبەشی لە ماڵو سامانیدا. وەك یەك بەش ببەن. ﴿تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ واتە: چۆن لە یەکتری دەترسن هەر بەو شێوەیە لەوانیش دەترسن کە لە ماڵەکانتان لەگەڵدا بەش بکەن. ئەبو میجلەز دەڵێت: تۆ ناترسی کە غولامەکەت ماڵەکەت لەگەڵ بەش بکات، وە بۆشی نیە وا بکات. هەر بەو شێوەیە خودایش هاوەڵی نیە.[1] واتە: هەموو کەسێك لە ئێوە پێی قەبوڵ ناکرێت کە غولامەکەی ماڵەکەی لەگەڵ بەش بکات، کەواتە چۆن ئێوە شەریك بۆ خوا دادەنێن لە دروستکراوەکانی خۆی؟ تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێت: ئەهلی شیرك دەپاڕانەوە دەیانوت:(لبَّيكَ لا شريكَ لَكَ، إلاّ شَريكاً هو لك، تملكهُ وما مَلَك). واتە: ئەی خودایە هاتین بۆ لات، هاتین بۆ لات تۆ شەریکت نیە غەیری شەریکێك نەبێت کە تۆ خاوەنیتی خاوەنی ئەو شتانەشی کە ئەو هەیەتی. خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾[2]، ئەمە ئاگادارکردنەوەیەك بوو لە لایەن خواوە بەو نموونەیەکە هێنایەوە تا تێیان بگەیەنێت، مادام ئەوان بەوە ڕازی نابن کەواتە خوا باشترو چاکتر لەوە ڕازی نابێت، ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ واتە: ئێمە نیشانەکان بە جوانیو پاکی شی دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن ئاوەزن. پاشان خوای مەزن باسی موشریکەکان دەکات کە بە نەفامیو نەزانی غەیری ئەو دەپەرستن بەبێ هیچ بەڵگەیەك بەڵکو هەر لە خۆیانەوە. دەفەرمووێت: ﴿بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ﴾ واتە: بەڵکو ئەوانەی ستەمیان کرد واتە موشریکەکان، ﴿أَهْوَآءَهُم﴾ واتە: شوێن ئارەزووی خۆیان دەکەون لە پەرستنی ئەو بتو شتانەدا ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ واتە: بێ شارەزاییو نەزانانە. هیچ نازانن. ﴿فَمَن يَهْدِى مَنْ أَضَلَّ ٱللَّهُ﴾ واتە: ئینجا کێ ڕێنموونی کەسێك بکات کە خوا گومڕای کردبێت. واتە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێیان نیشان بدات وەختێك خوا ڕێگەیان لێ بگۆڕێتو سەریان لێ بشێوێنێت، ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ واتە: لە کاتێکدا بۆ ئەوان هیچ یارمەتیدەرێك نیە. واتە هیچ کەسێك ناتوانێت لە دەستی خودا ڕزگاریان بکاتو پەنایان بداتو بێت بە هاواریانەوە، چونکە هەرچی خوا ویستی دەبێتو هەرچیش ئەو نەیەوێت نابێت.

---

[1] الطبري(٢٠/٩٦).

[2] الطبراني(١٢/٢٠)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًاۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَاۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٣٠) ۞ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٣٢) ﴾

فەرماندان بە پابەندبوون بە یەکخواپەرستیەوە

خوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًاۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَاۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ ﴾ واتە: کەواتە ڕووی خۆت ڕێك بکەرە ئایینی ئیسلام پـاكو ڕاست بـۆ خوا(شوێن ئایینی) داهێنراوی خوا بکەوە کە خەڵکی لەسەری دروست کردووە داهێنراوی خـوا بـە هـیچ جۆرێك گۆڕانی بۆنیە، یانی خوای مەزن داوا لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکاتو دەفـەرمووێت کـە تـۆ هـەر ڕوو لەم دینە بکەو لەسەری بەردەوام بەو لێی لامەدە، ئەو ئاینەی کە خـودا بـۆی دانـاوی ئـاینێکی هەقـەو ئایینی ئیبراهیم پێغەمبەریش بووە(سەلامی خوای لـێ بێـت) کـە خـودا ڕێگـەی نیـشان داوی بـۆیو بـە چاکترین شێوە بۆی تەواو کردووی تۆش پابەند بە پێیەوە، ئەو ئاینەی لە سروشتدا خوا ئـەو خەڵکـەی لەسەر دروست کردووە، فەرمانی پێداوە کە هەر ئەو بناسنو غەیری ئەو هیچ کەسێك نیـە بپەرسـترێت، وەك لـە پێشەوە لـە ئایەتێکدا فەرموویـەتی: ﴿وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ﴾[1] واتـە: وە کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە(پێی وتن) ئایـا مـن پـەروەردگاری ئێـوە نـیم؟(لـە وەڵامـدا) وتیـان: بەڵێ. وە لەم فەرموودەیەدا هـاتووە:(مـن بەنـدەکانم وەدی هێنـا لەسـەر ڕێکڕاوەسـتان لەسـەر ئـایین، بەڵام شەیتان لە ئاینەکەیان لایدان).[2] وە بەم زووانە ئەو فەرموودانە دێنین کە خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە بەنـدەکانی لەسـەر ئیسلام دروسـت کـردووە پاشـان هەنـدێ لـەو ئاینانـە گـۆڕانی بەسـەردا هاتووەو شتی خراپی تێکەڵ کراوە وەك ئاینی جوولەکەو گاورو مەجوسیەکان خوا دەفـەرمووێت: ﴿لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ﴾ هەندێ وتوویانە: واتە: خەڵکی خودا مەگۆڕنو لەسەر ئەوە سروشـتەی کـە دروسـتی کردوون لایان مەدەن. ئەم ڕستە خەبەرییە بە مانای فەرمانکردن هـاتووە. وەك ئـەم ئایەتـەی کـە خـوا دەفــەرمووێت: ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ﴾[3] واتــە: هــەر کەسـێك چـووبێتە نـاویو پــەنای پـێ بردبێـت

---

[1] الاعراف(١٧٢).

[2] مسلم(٤/٢١٩٧).

[3] ال عمران(٩٧).

نەترساوە. ئەم تێگەیشتنە واتایەکی چاکو ڕاستە. هەندێکی تر وتوویانە: خـوای مـەزن بـە یەکسانیو وەك یەك هەموو بەندەکانی لەسەر ئیسلام وەدیهێناوە هیچ کەس لە دایك نابێت لەسـەر ئـەو سروشـتە نەبێت، هیچ جیاوازیەك لە نیوان خەڵکیدا نیە لەو بارەیەوە. بۆیە ئیبنو عـەباسو ئیبراهیمـی نەخـەعیو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو عیکریمەو قەتادەو ئیبنو زەید دەڵێن: ﴿لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِ﴾ واتە: لە ئاینی خوادا[1]. بوخاری دەڵێت: ﴿لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِ﴾ واتە: لە ئاینی خـوادا، ﴿خُلُقُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾[2] یـانی: ئایینی پێشینان. ئاینی پێشینەکانیش یانی ئیسلام. ڕیوایەت کراوە لە ئەبو هورەیرەوە کە دەڵێت: کـە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(هیچ لە دایکبوویەك نابێت لەسەر سروشت لـە دایـك نـەبێت، بـەڵام دایكو بـابی دەیکەنـە جوولەکـە یـان گـاور یـان ئاگرپەرسـت(مەجوسـی) وەك چـۆن حـەیوان(چـوارپێ) بەچکەی دەبێت بە ڕێكو پێکیو تەواوی ئاخۆ هیچ گوێبڕاویەکی تێدا دەبینن؟) پاشـان دەفـەرموێت: ﴿فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾ موسـلیمیش ڕیوایـەتی کردووە.[3] ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾ واتە: پابەندبوون بە شەریعەتەوەو سروشتی پاك بریتیە لـە ئـاینی هـەقو ڕاسـت، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بـەڵام زۆرینـەی خـەڵکی نـازاننو لێـی لادەدەن، وەك خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾[4] واتـە: وە زۆرینەی خەڵکی هەرچەندە تۆ سووربیت(لەسەر باوەڕهێنانیان) نابنە ئیمانـدار. وە فەرموویـەتی: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾[5] واتـە: وە ئەگـەر تـۆ گوێڕایـەڵی زۆربـەی ئەوانـە بیت لەسەر زەویدان لە ڕێگەی خوا گومڕات دەکەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مُنِيبِينَ إِلَيۡهِ﴾ ئیبنـو زەیدو ئیبنو جورەیج دەڵێن: دەگەڕێنەوە بۆ لای.[6] ﴿وَٱتَّقُوهُ﴾ واتە: لێـی بترسـن، ئاگاتـان لێـی بێـت، ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ واتە: نوێژ بکەن، نوێژ ئەو خودا پەرستیە گەورەیەکە خودا فەرزی کردووە، ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ واتە: لە هاوبەش بڕیاران مەبن. واتە لەو خواناسانە بن کە هەر تەنهاو بە

---

[1] الطبري(٢٠/٩٩).

[2] الشعراء(١٣٧).

[3] فتح الباري(٨/٣٧٢ و ١١/٥١٢)، ومسلم(٤/٢٠٤٧، ٢٠٤٨).

[4] يوسف(١٠٣).

[5] الانعام(١١٦).

[6] الطبري(٢٠/١٠٠).

دڵسۆزیو پاکی بەندایەتی خودا دەکەنو هیچ مەبەستێکی تریان نیە ئەو نەبێت، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە زەیدی کوڕی ئەبو مەریەمەوە دەڵێت: عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) تێپەڕی بە لای مەعازی کوڕی جەبەلدا پێی وت پایەو ڕاگری ئەم ئومەتە کامەیە؟ مەعاز وتی: سێشتە کە مایەی ڕزگارین، دڵسۆزی کە بریتییە لەو سروشت پاکەی کەخوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، نوێژ کە بریتییە لەدین، گوێڕایەڵی کە خۆلادانە لە گوناه. عومەر وتی: ڕاست دەکەی.[1] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ﴾ واتە: تۆ لەو موشریکانە مەبە کە ئاینەکەیان بەش بەش کردو بوون بە چەند بەشەوە هەر کۆمەڵێك بەو(ئاینەی) خۆیان دڵخۆش بوون. واتە: دەستکاریان کردووەو گۆڕیویانە، بڕوایان بە هەندێکی هەیەو حاشا لە هەندێکی تری دەکەن. هەندێ خوێندوویانەتەوە(فارقوا دينهم) واتە: وازیان لێ هێناوەو پشتگوێیان خستووە. ئەوانەش: وەك جوولەکەو گاورو ئاگرپەرستو بتپەرستەکانو باقی ئاینە پڕوپوچەکان جگە لە موسڵمانان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ﴾[2] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کردو بوون بە چەند دەستەو تاقمێکەوە لە هیچ شتێکدا لە ئەوان ناچن، بێگومان کاری ئەوان تەنها بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە. ئەهلی دینەکانی تر پێش ئێمە دەستەدەستە بوون لەناو خۆیاندا لەسەر ڕاوبۆچوونی جیاجیاو ئاینی پڕوپوچ هەریەکێك لەوانە خۆی بە ڕاست دەزانیو ئەم ئومەتەیش بوونە کۆمەڵ کۆمەڵ لەنێوان خۆیاندا، چەندەها ڕاوبۆچوونی جیاواز لە نێوانیاندا پەیدابوو هەمووی گومڕاییو سەرلێتێکچوونە تەنها یەکێکیان نەبێت، کە ئەهلی سونەتو جەماعەتە، ئەوانەی کە پابەند بوون بە قورئانو سونەتی پێغەمبەری خوداو(ﷺ) ڕێبازی پێشینەکان کە هاوەڵەکانی پێغەمبەرو شوێنکەوتووەکانی ئەوانو(التابعين) پێشەوایانی موسڵمانان لە دێرزەمانەوە تا ئێستا دەگرێتەوە. وەك حاکم ڕیوایەتی کردووە لە(مستدرك)ە کەیدا کە پرسیار کراوە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەو دەستەیەی کە ڕزگارئەبن فەرموویەتی: (ما أنا عليه وأصحابي) واتە: لەسەر ئەوەن کە منو هاوەڵەکانمی لەسەرە[3].

﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرّٞ دَعَوۡاْ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم مِّنۡهُ رَحۡمَةً إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٣٣﴾ لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡۚ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٣٤﴾ أَمۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٗا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُواْ بِهِۦ

---

[1] الطبري(٢٠/٩٨).

[2] الانعام(١٥٩).

[3] الحاكم(١/١٢٩)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

يُشۡرِكُونَ ﴿٣٥﴾ وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةٗ فَرِحُواْ بِهَاۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ إِذَا هُمۡ يَقۡنَطُونَ ﴿٣٦﴾

أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٣٧﴾﴾

وەرگەڕانی مرۆڤ لە یەکخواپەرستیەوە بۆ بتپەرستیو لە دڵخۆشیەوە بۆ نائومێدی بە پێی هەل و مەرج

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرّٞ دَعَوۡاْ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم مِّنۡهُ رَحۡمَةً إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ﴾ خوای مەزن باس لە کەسانێك دەکات لە کاتی تەنگانەدا تەنها هاوار لە خـودا دەکەنو لێی دەپاڕێنەوەو هاوەڵی بۆ دانانێن، بەڵام کاتێك خودا بەهرەی زۆری پـێ بەخـشینو کەوتنـە خۆشـیو ترسـیان نـەبوو هـاوەڵی بـۆ دادەنـێنو شـتی تـر لەگـەڵی دەپەرسـتن. پاشـان دەفـەرموێت: ﴿لِيَكۡفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيۡنَٰهُمۡۚ فَتَمَتَّعُواْ﴾ واتە: با دان نەنێن بەو چاکانەدا جا بـا ڕابوێرنو بەهرەمەنـد بـن لـە ژیان، ئەو لامە لامی عاقیبەتە لای هەندێك لەزانایان، لای هەندێکی تر (لامی تەعلیله) بۆیە خوای گەورە خـۆی بڕیـار دەدات لـەو بارەیـەوە بۆیـان پاشـان هەڕەشـەیان لـێ دەکـاتو دەفـەرموێت: ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ﴾ واتە: ئینجا لەمەودوا دەزانن، هەندێك ئـەڵێن: سوێند بـە خـوا ئەگـەر پاسـەوانی کۆڵانێـك هەڕەشەم لێ بکات لێی دەترسم، ئـاخۆ حـاڵ چـۆن دەبێـت ئـەوەی کـە لێـرەدا هەڕەشـە دەکـات ئـەو کەسەیە کە دەفەرموێت بە شتێك ببە یەکسەردەبێت؟ پاشان خوای گەورە ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت دەربارەی ئەو موشریکانە کە ناکۆکیو غەیری خوا دەکەنە هـاوەڵی خـوداو لەگـەڵی دەیپەرسـتن بـەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێت، ﴿أَمۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٗا﴾ واتە: ئایا ئێمە بەڵگەیەکمان بـۆ نـاردوون. ﴿فَهُوَ يَتَكَلَّمُ﴾ کـە قـسە ئـەکات، ﴿بِمَا كَانُواْ بِهِۦ يُشۡرِكُونَ﴾ واتـە:دەربـارەی ئـەوەی ئـەوان کردوویانەتە هاوبەشی خوا. ئەم ڕستەیە ئیستیفهامی ئینکاریە، یانی: لەو بارەیـەوە هـیچ بەڵگەیـەکیان بۆ نەهاتووە. پاشـان خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةٗ فَرِحُواْ بِهَاۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ إِذَا هُمۡ يَقۡنَطُونَ﴾ واتە: وە کاتێك ڕەحمەتو چاکەیەك بـە خـەڵك بـدەین پێـی دڵخـۆش دەبنو ئەگەر زیانێکیان تووش ببێت بەهۆی کردەوەی خراپیانەوە کتـوپڕ بـێ هیـوا دەبـن(لـە بـەزەیی خوا). خـوای گەورە باسی سروشتی مـەردم دەکـات وەك ئـەوەی کـە مرۆڤـە مەگـەر کەسێك کـە خـودا یارمەتی بداتو بیپارێزێت، چونکە مرۆڤ سروشتی وایـە ئەگـەر تووشـی خۆشـگوزەرانیو دەوڵەمەنـدی

بوو له خۆی ده‌گۆڕێت وه‌ك خوای گه‌وره ده‌فـه‌رمووێت: ﴿ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّيٓۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٞ فَخُورٌ﴾[1] واتـه: ئه‌ڵێ: خراپه‌كانم له‌سه‌ر لاچوو زۆر به كه‌یفه‌و خـۆی هه‌ڵده‌نێت به‌سه‌ر خه‌ڵكدا، بـه‌ڵام كاتێك تووشـی لێقه‌مانێك بوو نائومێدو بێ هیوا ده‌بێت لـه‌وه‌ی جارێكی تـر تووشـی خۆشـیو خۆشگوزه‌رانی ببێـت، خوای مـه‌زن فه‌رموویـه‌تی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ﴾[2] واتـه: مه‌گـه‌ر ئه‌وانـه‌ی كـه خـۆڕاگر بـوون لـه كاتێكـدا كـه تووشـی بـه‌ڵا بـوونو ئاكـاری چـاكیان كـردووه لـه كـاتی ده‌وڵه‌مه‌نـدیو خۆشگوزه‌رانیدا، وه‌ك له فه‌رمووده‌ی سه‌حیحدا هاتووه پێغه‌مبه‌ری خـودا(ﷺ) ده‌فـه‌رمووێت:(خـاوه‌ن باوه‌ڕ جێی سه‌رنجه، خودا تووشی هیچ شتێكی نه‌كردووه مه‌گین ئه‌و شته چاكو خێر بووه بۆی، ئه‌گه‌ر تووشی شادی بووبێت خۆڕاگر بووه هه‌ر چاك بووه بـۆی).[3] پاشـان خـوای مـه‌زن فه‌رموویـه‌تی: ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ﴾ واته: ئایا ئه‌وانه نه‌یانزانیوه خوا خۆی هه‌موو شتێك ده‌كاتو ده‌یبات به‌ڕێوه هه‌موو شـتێك بـه پێـی كـارزانیو دادوه‌ری ئـه‌وه‌و مـه‌یلی لـه هـه‌ر كه‌سـێك ببێت ڕۆزی فـراوان ده‌كـات مه‌یلیـشی لـه هـه‌ر كه‌سـێك ببێـت هـه‌ژارو كـه‌م ڕۆزی ده‌كـات، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَـٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ واته: بێگومان له‌وه‌دا(باسكرا) چه‌ندین به‌ڵگه هه‌یه بۆ ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕ دێنن.

﴿ فَـَٔاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلۡمِسۡكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجۡهَ ٱللَّهِۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن رِّبٗا لِّيَرۡبُوَاْ فِيٓ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرۡبُواْ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن زَكَوٰةٖ تُرِيدُونَ وَجۡهَ ٱللَّهِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُضۡعِفُونَ ﴿٣٩﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ ثُمَّ رَزَقَكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۖ هَلۡ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَفۡعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَيۡءٖۚ سُبۡحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾

فه‌رماندان به به‌جێهێنانی په‌یوه‌ندی خزمایه‌تیو قه‌ده‌غه‌كردنی سوخۆری

خوای مه‌زن داوامان لێ ده‌كات كه هه‌قی خزمایه‌تی بده‌ینو ده‌فـه‌رمووێت: ﴿ فَـَٔاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ﴾ واته: چاكه‌یان له‌گه‌ڵ بكه‌نو په‌یوه‌ندی خزمایه‌تی به‌جێ بێنن، ﴿وَٱلۡمِسۡكِينَ﴾ واته: ئـه‌و هـه‌ژاره‌ی كـه هیچی نیه لێی ببه‌خشێت یان هه‌یه‌تی به‌ڵام ئه‌وه‌نده نیه كه بـه تـه‌واوی به‌شـی بكـات، ﴿وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ واته: ئه‌و ڕێبواره‌ی كـه نـه‌داره‌و پێویستی بـه یارمـه‌تی هه‌یـه لـه سـه‌فه‌ره‌كه‌یدا، ﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ﴾

---

[1] هود(١٠).

[2] هود(١١).

[3] مسلم(٤/٢٢٩٥).

يُرِيدُونَ وَجۡهَ ٱللَّهِۖ﴾ واتە: ئـەوە زۆر چـاكە بـۆ ئـەو كەسـانەی بـە تـەمان خـوای خۆيـان ببيـنن لـە ڕۆژی قيامەتدا كە گەورەترين ئارەزووە، ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾ واتە: هەر ئەوانەن ڕزگـاربووان لـە دنيـاو لە قيامەتدا، پاشان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن رِّبٗا لِّيَرۡبُوَاْ فِيٓ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرۡبُواْ عِندَ ٱللَّهِۖ﴾ واتە: كەسێك شـتێك بـدات بـە يـەكێك بيـەوێت زيـاتر لـەوەی كـە پێـی داوە لێـی بسـێنێتو لێـی وەربگرێت ئەوە ئەو كەسە هيچ پاداشتێكی بۆ نيە لە لای خودا. ئيبنـو عـەباسو موجاهيـدو زەحـاكو قەتادەو عيكريمەو موحەممەدی كوڕی كـەعبو شـەعبی بـەو شـێوەيە مانايـان كـردووە.[1] بۆيـە خـوای گـەورە فەرموويـەتی: ﴿وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن زَكَوٰةٖ تُرِيدُونَ وَجۡهَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُضۡعِفُونَ ﴾ واتـە: وە هــەر زەكاتو خێرێك كە داوتانەو مەبەستتان تەنها ڕەزامەندی خوا بووە ئا ئەوانە(پاداشـتيان) دوو چـەندانە دەكەينـەوە. واتـە ئـەوانـە پاداشـتی زۆريـان دەدرێتـەوە. وەك لـە فـەرموودەی سـەحيحدا هـاتووە كـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموويـەتی:(هـيچ كەسـێك نيـە كـە مـاڵی بەخـشيبێت بـە ئەنـدازەی دەنكـە خورمايەك لە ماڵی حەلاڵ خوای بەخشندە لێی وەرنەگرتووبێت بە دەستی ڕاستیو زيادی نەكردبێت بۆ خاوەنەكەی، وەك چۆن يەكێك لە ئێوە ماينو ڕەشەولاغەكانی بەچـكەيان دەبێـتو زيـاد دەكـەن هـەتا وای لێ دێت دەنكە خورمايەك مەزنتر لە(كێوی) ئوحودی لێ دێت)[2].

وەديهێنانو ڕۆزيیو مردنو ژيان بە دەستی خودايە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ ثُمَّ رَزَقَكُمۡ﴾ واتە: خودا وەديهێنەرو ڕۆزی دەرە، بە ڕووتو قووتی مرۆڤ لـە سـكی دايكـی دەردەهێنێـتو زانيـاری نيـەو نابيـسێو نابينێـتو زۆر لاوازو بـێ توانايە پاشـان هـەموو ئـەو شـتانەی دەداتـێ لـە دوايشدا جلوبـەرگو مـاڵو سـامانی دەداتـێو فێـری كاروكاسپی دەبێت. ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ﴾ واتـە: دواتـر دەتانمرێنێت، پـاش ئـەم ژيانـە. ﴿ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۖ﴾ واتە: پاشان زيندووتان دەكاتەوە لە ڕۆژی قيامەتـدا. ﴿هَلۡ مِن شُرَكَآئِكُم﴾ واتـە: ئەوانـەی كـە غـەيری خوا دەتانپەرستن. ﴿مَّن يَفۡعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَيۡءٖۚ﴾ هيچ كەسێك لەوانەی ئێوە دەيكەنـە شـەريكی خـوا ناتوانن ڕۆزی بدەنو خەڵكی بمرێننو زيندووی بكەنەوە. بەڵكو ئەو خودا مەزنە پاكو بێ عەيبەو خۆی وەديهێنەرەو خەڵكی ڕۆزی دەداتو دەيمرێنێت، لە ڕۆژی قيامەتيشدا هەمووی زيندوو دەكاتەوە، بۆيـە خوای مەزن لە دوای ئەوە دەفەرمووێت: ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾ واتە: خوا بـێ عەيبـەو لـەوە

[1] الطبري(٢٠/١٠٤/١٠٥).

[2] مسلم(٢/٧٠٢).

پایەبەرزترە کە بڵێن: شەریکی هەیە، یان کەسێك هەیە وەك ئەو بێت یان باوکی هەیە یان کوڕی هەیە. بەڵکو خودا تاكو تەنهایەو بێ نیازەو جێ نیازەو لە کەس نەبووەو کەسیشی لێ نەبووەو بێ هاوتایە.

﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ قُلْ سِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلُ ۚ كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

شوێنەواری تاوانكاری لە دنیادا

ئیبنو عەباس‌و زەححاك‌و سودی‌و كەسانی تریش دەڵێن: مەبەست بە ﴿ٱلْبَرِّ﴾ چۆڵەوانیەو ﴿وَٱلْبَحْرِ﴾یش شارو لادێكانە.[1] وە لە ڕیوایەتێكی تردا لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێت:(البحر) ئەو شارو لادێیانەیە لە كەناری ڕووبارەكاندان[2]. هەندێكی تر دەڵێن: مەبەست بە ﴿ٱلْبَرِّ﴾ یانی وشكایی‌و(البحر) واتە دەریا. زەیدی كوڕی ڕوفەیع دەڵێت: ﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ﴾ واتە: بڕانی باران لە وشكایی، (بێ بارانی) یەك كە گرانی بە دوایدا بێت، وە مەبەست بە (فساد)ی دەریاش یانی: لەناوچوونی زیندەوەرەكانی، ئیبنو ئەبی حاتەم ئەمەی ڕیوایەت كردووە. پاشان دەڵێت: موحەممەدی كوڕی عەبدوڵلای كوڕی یەزیدی موقریئ بۆی گێڕاینەوە لە سوفیانەوە لە موحەممەدی كوڕی قەیسی ئەعرەجەوە ئەویش لە موجاهیدەوە: ﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ یانی: خراپەكاری لەسەر زەوی بریتییە لە كوشتنی نەوەی ئادەم، خراپەكاری (دەریا)یش بریتییە لە گرتنی كەشتی و دەست بەسەرا گرتنی. لەسەر قسەی یەكەم مانای ئەم ئایەتە: ﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ﴾ واتە: كەمی بەروبووم‌و كشتوكاڵ هۆكارەكەی تاوان‌و گوناهە. ئەبول عالیە دەڵێت: هەر كەسێك سەرپێچی فەرمانی خودا بكات لەسەر زەمیندا ئەوە تاوان‌و خراپەكاری لەسەر زەمیندا بڵاوكردووەتەوە، چونكە بەرقەرار بوونی چاكسازی سەر زەمین‌و ئاسمان بە گوێڕایەڵی خودایەو دەرنەچوونە لە فەرمانەكانی. بۆیە لەو فەرموودەیەدا كە ئەبو داود ڕیوایەتی كردووە هاتووە:(سەندنی تۆڵەیەك بەدڵنیاییەوە لەسەر زەمیندا خۆشەویستترە لە لای خەڵكەكەی لەوەی كە چل (ڕۆژ) بارانیان بەسەردا ببارێت).[3] هۆكەیشی ئەوەیە ئەگەر تۆڵە بسێنرێت لە تاوانبار خەڵكی یان زۆرینەی خەڵك وازدەهێنن لە خراپەكاری‌و ئەو شتانەی كە خودا قەدەغەی كردوون. خۆ ئەگەر وازهێنرا لە گوناهو تاوانكاری ئەو كاتە خێروبێر لە زەوی‌و ئاسمانەوە دەست دەكەوێت‌و دادەبارێت، هەر بۆیە كاتێك

---

[1] الطبري(٢٠/١٠٨).

[2] الطبري(٢٠/١٠٨).

[3] النسائي(٨/٧٥)، فەرموودەیەكی حەسەنە.

عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خوایان لێ بێت) دێتەخوار لە کۆتـایی دنیـادا فـەرمانڕەوایی دەکات بە شەرعی پیرۆزی خودا لەو کاتەدا بەراز دەکوژێتو خاچ دەشکێنێتو سەرانە لادەبات نایهێڵێت، چونکە غەیری ئیسلام هیچ شتێکی تر لەکەس قەبولْ ناکرێت، هەر کەسێك موسڵمان نـەبێت لـە ملـی دەدرێـت، کاتێك کە خودا دەجال و شوێنکەوتووەکانیو یأجوجو مأجوج لەناو دەبات، دەڵێت: بە زەوی: خێـرو بەرەکەت بێنە دەرەوە، کۆمەڵێك خەڵکی زۆر لە یەك هەنار دەخۆن، توێکڵەکـەی دەکەنـە سـێبەرو لـە ژێری دادەنیشنو شیری شیردەرێك بەشی کۆمەڵێك خەڵك دەکات، ئەمانـە هـەموو بـە هـۆی بەرەکـەتی بەجێهێنانی شەریعەتی پێغەمبەری خوداوەیە موحەممـەد(ﷺ)، تـا دادپـەروەری زیـاتر بێـت خێروبێـر زیاتر دەبێت، بۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە:(کاتێك تاوانکارو لـەڕێ لادەر ئـەمرێت بەنـدەکانی خـواو وڵاتو زینـدەوەرو دارو درەخـت دەحەسـێنەوە).[1] ئیمـامی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل ڕیوایـەتی کردووە لە ئەبو قەحزەمەوە کە دەڵێت: پیاوێك لە زەمانی زیاددا یان(کوڕی زیاددا) کیسێکی دۆزییـەوە کە دانەوێڵە یانی: گەنمی تێدابوو لە وێنەی ناوکە خورما یان دەنکە خورما لەسـەر کیسـەکە نوسـرابوو: ئەمـە لـە کاتێکـدا سـەوز بـووەو ڕوواوە کـە بـە دادپـەروەری فـەرمانڕەوایی کـراوە.[2] خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ﴾ واتـە: تووشـی بـەلایان دەکـەین، وەك هـەژاریو مـردنو لەناوچوونی بەروبووم بۆ ئـەوەی تاقییـان بکەینـەوە لەتۆڵـەی ئـەو کردارانـەی کـە کردوویانـە: ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ واتـە: بـەڵکو بگەڕێنـەوە لـە گونـاه. وەك خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾[3] واتـە: وە تاقیمـان کردنـەوە بـە چـەندەها چاکەو خۆشیو بە چەندەها خراپەو ناخۆشی بە ئومێدی ئەوەی بگەڕێنەوە(بۆ لای خوا). پاشان فەرموویەتی: ﴿قُلْ سِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلُ﴾ واتـە:(ئـەی موحەممـەد(ﷺ)) بڵـێ بـە زەویدا بگەڕێن ئینجا سەرنج بدە سەرەنجامی ئەوانەی لە پێش(ئێوەوە) بوون چۆن بـوو. واتـە سـەیری پێشینەکانی خۆتـان بکـەن، ﴿كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ﴾ واتـە: زۆر لەوانـە شـەریکیان بـۆ خـوا دادەنـاو بڕوایان بە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لـێ بێـت) نـەدەکردو شوکرانەبژێر نـەبوون لەسـەر ئـەو هـەموو بەهرەیە، چیان بەسەرهات؟

[1] البخاري(٦٥١٢).

[2] أحمد(٢/٢٩٦).

[3] الاعراف(١٦٨).

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ ﴿٤٣﴾ مَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ ﴿٤٤﴾ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِن فَضْلِهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾

فەرماندان بە ڕاوەستان لەسەر ڕاستەڕێ پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت

خوای گەورە فەرمان دەدات بە بەندەکانی کە زۆر پەلە بکەن بۆ خواناسیو چاکەکردن و لەسەر ڕاستەڕێ لانەدەن، وەك دەفەرموێت: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ ﴾ واتە: کەواتە ڕووی خۆت بکەرە ئایینی ڕاست لە پێش ئەوە ڕۆژێك بێت لە لایەن خواوە کە گێڕانەوەی بۆنییە. واتە: ڕۆژی قیامەت هەرکەی مەیلی لێ بوو بێت دێت، کەس ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت. ﴿يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ ﴾ واتە: لەو ڕۆژەدا بڵاوە دەکەن دەستەیەك دەچن بۆ بەهەشتو دەستەیەکیش ڕەوانە دەکرێت بۆ جەهەنەم. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ ﴾ واتە: هەر کەس بێباوەڕ بوویێت ئەوە(تۆڵەی) بێباوەڕیەکەی لەسەرە هەر کەسیش کردەوەی چاکی کردبێت ئەوە شوێن بۆ خۆیان(لە بەهەشتدا) ئامادە دەکەن. ﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِن فَضْلِهِ ﴾ واتە: بۆ ئەوەی کەسانێك کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە پاداشتیان بداتەوە لە میهرەبانیو چاکەی خۆی. واتە: ئەوانەی خاوەن باوەڕ بوونو ئاکاری چاکیان کردووە خودا پاداشتی چاکیان دەداتەوە هەر چاکەیەك بە دە چاکەو هەتا زیاتر لە حەوت سەد ئەوەندەی چاکەکەیان، بۆ هەر کەسێك مەیلی لێ بێت. ﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴾ واتە: خودا خوانەناسانی خۆش ناوێت لەگەڵ ئەوەیشدا بە دادوەری خۆی مامەڵەیان لەگەڵ دەکاتو ستەمیان لێ ناکات.

﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَن يُرْسِلَ الرِّيَاحَ مُبَشِّرَاتٍ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِ وَلِتَجْرِيَ الْفُلْكُ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

یەکێك لە نیشانەکانی خودا (با)یە

خوای گەورە باسی بەهرەکانی خۆی دەکات لەسەر بەندەکانی کە بای بە مژدە بۆ ناردوون بە میهرەبانی خۆی بەزەیی هاتووەتەوە پیایاندا، بە هۆی (با)وە بارانیان بۆ دەبارێنێت. بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَن يُرْسِلَ الرِّيَاحَ مُبَشِّرَاتٍ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِ ﴾ واتە: وە لە نیشانەکانی

ئەو(خوا) کە چەند بایەکی مژدەدەر(بە بارینی باران) دەنێرێت بۆ ئەوە هەندێ لە(بارانی) بەزەیی خۆیتان پێ بچەژێت. واتە: ئەو بارانەی کە ڕەوانەی دەکات، دەڕوات و دەبارێت بەسەر بەندەکانیدا لەو ولاتانەدا کە تیایدا دەژین، ﴿وَلِتَجْرِيَ ٱلْفُلْكُ بِأَمْرِهِۦ﴾ واتە: کەشتی دێتو دەچێت لە دەریادا بە هۆی باوە. ﴿وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِۦ﴾ واتە: بۆ ئەوەی ڕزقی خۆتان بە دەست بێنن لەناو دەریاکانداو لە هەرێمێکەوە بچن بۆ هەرێمێکو لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: هەتا سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو هەموو بەهرەیەی کە پێی بەخشیون چ دیارو چ نادیار کە لە ژمارە نایەن.

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَٱنتَقَمْنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ﴾ ئەم ئایەتە دڵ دانەوەیەکە لە خوای مەزنەوە بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد(ﷺ) کە هەر ئەو نیە زۆرێك لە هۆزەکەی بڕوای پێ ناهێنن، بەڵکو زۆرێکیش لە گەلە پێشووەکان بڕوایان نەهێناوە بە پێغەمبەرەکانیان کە بۆیان ڕەوانە کراوە، بەو هەموو بەڵگە ئاشکرانەوە کە پیشانیان داون، بەڵام خوای خاوەن دەسەڵات تۆڵەی بە زەبری داون بە هۆی ئەو دژایەتیو بڕوا نەهێنانەیان بە پێغەمبەرەکانیان، خاوەن باوەڕانیشی نەجات داوە بە هۆی ئەو پێغەمبەرانەوە(سەلامی خوایان لێ بێت)، ﴿وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: خوای مەزن بەڵێنی خۆی داوە بە خاوەن باوەڕان کە یارمەتیان دەداتو ئەم سەرخستنەشی واجب کردووە لەسەر خۆی وەك ڕێزلێنانێك بۆیان. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾[1] واتە: پەروەردگارتان بەزەیی‌و میهرەبانی لەسەر خۆی پێویست کردووە.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُۥ فِي ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ يَشَآءُ وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ لَمُبْلِسِينَ ﴿٤٩﴾ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْيِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا لَّظَلُّواْ مِنۢ بَعْدِهِۦ يَكْفُرُونَ ﴿٥١﴾ ﴾

زیندووکردنەوەی زەوی بەڵگەیە لەسەر زیندووبوونەوە

خوای گەورە باسی هەور دەکات کە چۆن وەدی دەهێنێتو بارانی لێ دەبارێنێتو دێتە خوارەوە دەفەرمووێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا﴾ واتە: ئەو خوایەی کە با دەنێرێتو هەور

[1] الانعام(٥٤).

دەجولێنێت ئەو بارانە دەبارێنێت یان لە دەریاوە یان هەر چۆنێك خۆی مـەیلی لێیـەتی. ﴿فَيَبۡسُطُهُۥ فِي ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ يَشَآءُ﴾ واتە: پاشان ئەو هەورە بڵاودەکاتەوە لەناو ئاسماندا کەم کـەم زیاد دەکاتو زۆر دەبێت بەری ئاسمان دەگرێتو بـە چاوی خۆمـان دەیبینین پاشان دەکشێت بەسـەر زەمینـدا، ئـەم هەورە لە ڕووی دەریـاوە دێت قورسـەو پـڕە لـە ئـاو وەك خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾[1] واتـە: وە ئـەو(خـوا) زاتێکـە بایەکان دەنێرێت بە مـوژدەدەر پـێش(بـارانی) ڕەحمـەتی پـەروەردگار هـەتا کاتێـك هـەوری قـورس(ی باراناوی) هەڵدەگرن دەینێرین بۆ وڵاتێکی مردوو(وشکی بێ گیا) جا بـەو(هـەورە) بـاران دەبـارێنین بـە هۆی ئەوەوە هەموو جۆرە بەروبومو میوەیەك(دەڕوێنینو) دەردەهێنین هەر بەو وێنەیە مردووەکان لـە زەوی دەردەهێنین(زیندوویان دەکەینـەوە) تـا ئێـوە بیربکەنـەوە. بۆیـە لێرەشـدا فەرموویـەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَيَبۡسُطُهُۥ فِي ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ يَشَآءُ وَيَجۡعَلُهُۥ كِسَفٗا﴾ موجاهیـدو ئـەبو عـەمری کوڕی عەلاء دەڵێن: ﴿كِسَفٗا﴾ واتـە: پەڵەپەڵـەی باراناوی، قـەتادە دەڵێت: گـەواڵ گـەواڵ.[2] زەحـاك دەڵێت: پەڵە هەوری لەسەر یەك، هەندێکی تر وتوویانە: هەورێك لەزۆری ئەو بارانەی هەڵیگرتووە ڕەش ئەنوێنێ، ئەیبینی زەوی داگیر کـردووە و نزیـك بوەتـەوە لێـی. ﴿فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦ﴾ واتـە: دەبینـی لـەو هەورانـەوە دڵۆپـەی بـاران دێتـە خوارەوە. ﴿فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ﴾ واتە: بەو بارانە زۆر دڵخۆش دەبن لەبەر ئەوەی زۆر پێویستیان بە بـاران بـووە کە بۆیـان ببارێـت، پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيۡهِم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمُبۡلِسِينَ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە ئەم بارانەیان بۆ باری، پـێش ئـەو بـاران بارینـە زۆر نائومێـد بـوون، کاتێـك کە بارانەکە باری بۆیان لە حاڵێکی زۆر نائومێدی و زەبوونیدا بوون، بۆیە زۆر بە لایانەوە گرنگ بوو، یانی: زۆر پێویـستیان بـەو بارانـە هـەبوو، چـونکە زۆر چاوەڕوان بـوونو ماوەیـەکی زۆری بەسـەردا چووبوو بارانیان بۆ نەباریبوو، لە کاتی خۆی تێپەڕیبوو، هەر چاوەڕوانیان دەکرد. باران بارین هەر دوادەکەوت، ئەوانیش ماوەیەك تێپەڕیبوو هەر بە تەما بوون، پاشان دوای ئەم هەموو نائومێدیـە لـە پـڕ بارانیـان بـۆ

[1] الاعراف(٥٧).

[2] الطبري(٢٠/١١٤).

باری. دوای ئەوەی گشت زەوییەکانیان وشك هەلگەڕاو گیانی تێدا نەما، کەم کەم کەوتە جوولەو پاراو بووەوەو گژوگیاو ڕووەکەکان سەوز بوونەوەو پڕبوونەوە. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ ﴾ واتە: سەیری دلۆڤانی خودا بکە کە چۆن بارانی باراند، ﴿كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآ ﴾ واتە: ئەو زەوییە مردووەی زیندوو کردەوە، دوای ئەوە کە هیچ تەڕیەکی تێدا نەمابوو وشك هەلگەڕابوو. ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾ واتە: ئەو کەسەی توانای ئەوەی ببێت چاکتر دەتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾ واتە: وە هەر ئەویش بە دەسەلاتە بەسەر هەموو شتێکدا. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَئِنۡ أَرۡسَلۡنَا رِيحٗا فَرَأَوۡهُ مُصۡفَرّٗا لَّظَلُّواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ يَكۡفُرُونَ﴾ واتە ئەگەر بایەکی وشك بنێرێت بۆ سەر کشتوکالەکەیان کە ناشتویانەو سەوز بووەو لقی لێ داوەو خەریکە بەرهەم دەدات، زەردی بکات، هاواریان لێ بەرزدەبێتەوەو ناشوکری دەکەن‌و هیچ چاکەیەکیان لەبیر نامێنێت کە لەوەوپێش لەگەلیاندا کراوە، وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَحۡرُثُونَ ﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمۡ تَزۡرَعُونَهُۥٓ أَمۡ نَحۡنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ لَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَٰهُ حُطَٰمٗا فَظَلۡتُمۡ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾ إِنَّا لَمُغۡرَمُونَ ﴿٦٦﴾ بَلۡ نَحۡنُ مَحۡرُومُونَ﴾[1] واتە: جا پێم بلێن ئەو تۆوەی کە دەیچێنن، ئایا ئێوە دەیڕوێنن؟ یا ئێمە دەیڕوێنین؟، ئەگەر بمانویستایە ئەو(ڕوواوە)مان دەگێڕا بە پووش‌و کا ئەنجا دەستتان دەکرد بە قسەی بێ کەلك،(دەتانوت) بە ڕاستی زەرەر لێ کەوتوو ئێمەین، بەلکو ئێمە لە ڕزق بێ بەشین.

﴿ فَإِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَلَا تُسۡمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوۡاْ مُدۡبِرِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلۡعُمۡيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمۡۖ إِن تُسۡمِعُ إِلَّا مَن يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسۡلِمُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾

خوانەناسان مردوون، کەڕن و کوێرن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَإِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَلَا تُسۡمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوۡاْ مُدۡبِرِينَ ﴾ خوای مەزن دەفەرمووێت چۆن تۆ ناتوانی کارێك بکەی ئەوانەی وان لەناو گۆڕدا گوێت بۆ بگرن وە هەر چەندە هاوار بکەی ئەوەی کەڕە قسەکانت نابیسێ لەگەلّ ئەوەیشدا پشتت تێدەکەن هەر بەو شێوەیەش تۆ ناتوانی ڕێنمایی کەسێك بکەیت بۆ سەر هەق‌و بیگێڕیتەوە لە گومڕایی کە دلی داخرابێت‌و کوێر بێت لە ڕاستی هەق. بەلکو ئەوە بە دەستی خودای گەورەیە. هەر ئەو دەتوانێ قسەی

[1] الواقعة(٦٣_٦٧).

زیندووەکان بگەیەنێت بە مردووەکان ئەگەر مەیلی لێ بێت، مـەیلی لـە هـەر کەسێك بێت ڕێـی نیشان دەداتو مەیلیشی لە هەر کەسێك بێت گومڕای دەکات. ئەمە بۆ غەیری خوای مەزن بۆ کەسی تر نیە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلۡعُمۡيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمۡۖ إِن تُسۡمِعُ إِلَّا مَن يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسۡلِمُونَ﴾ واتـە: وە تۆ ڕێپیشاندەری نابینایان نیت لە گومڕاییان هەر ئەوانە گوێت بۆ دەگرن کە بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمـە هەیـەو لـە قـسەت دەرناچـن وەڵامـت دەدەنـەوەو فەرمانـەکانت جێبـەجێ دەکـەن. ئەوانـە شوێنکەوتووی هەقن، ئەمە حاڵو ژیانی خاوەن باوەڕە، نموونەی یەکەمیش حاڵو ژیانی خوانەناسـە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی لە ئایـەتێکی تـردا: ﴿إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ﴾[1] واتـە: بـە ڕاسـتی تـەنها ئەوانـە وەڵامـی تـۆ دەدەنـەوە کـە(بـە دڵ) دەبیـسن مردووەکانیش(ئەوانەی باوەڕ ناهێنن) خوا زیندوویان دەکاتەوە پاشان هەر بۆ لای خـۆی دەگەڕێنـەوە.

عائیشەی دایکی موسڵمانان(ڕەزای خوای لـێ بێـت) ئـەم ئایەتـەی: ﴿فَإِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ﴾ بـە بەڵگـە هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی کە عەبدوڵای کوڕی عومەر ڕیوایەتی کردووە، وای زانـی کـە پێغەمبـەر(ﷺ) قسەی لەگەڵ کوژراوەکانی بەدردا کردووەو دوای سێ ڕۆژ لـە چاڵاوێکی بـەدردا، سەرزەنـشتو لۆمـەی دەکردن، هەتا عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا قسە لەگەڵ کۆمەڵێکدا دەکەی کە بۆنیان کردووە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەست، ئەوەی من پێیان ئـەڵێم ئێوە لـەوان چاکتر نابیـسن، بـەڵام وەڵام نادەنـەوە).[2] عائیـشە وا مانـای کـردووە کـە پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویەتی:(ئەوانە ئێستا چاك دەزانن ئەوەی کە من پێم وتـن هـەق بـووە).[3] قـەتادە دەڵێت: خـوای گەورە ئەو بێباوەڕانەی زیندووی کردوونەتەوە بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ)تـا ئـەو قـسانەی ئـەویان بیـستووەو گوێیان لێ بووە بۆ سەرزەنشتکردنیانو زیاتر ناڕەحەت بوونو ئازاردانیان[4].

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعۡفٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضَعۡفٖ قُوَّةٗ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٖ ضَعۡفٗا وَشَيۡبَةٗۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡقَدِيرُ ٥٤﴾

---

[1] الانعام(٣٦).

[2] فتح الباري(٣٥١/٧).

[3] فتح الباري(٣٥١/٧).

[4] فتح الباري(٣٥١/٧).

باسی ئەو گۆڕانکاریە جیاجیایانەی بەسەر مرۆڤدا دێت

خوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً﴾ واتـە: خـوا زاتێکە ئێوەی دروست کردووە لە لاوازی(لاوازی نوتفەو بێچو منداڵی شیرەخۆر...) پاشـان دوای لاوازی بەهێزی کـردوون(بـوون بـە لاو) واتـە خـوای گـەورە مـەردم ئاگـادار دەکاتـەوە لـەو گۆڕانکاریانـەی کـە بەسـەریاندا دێـت لـە پلـە جیاجیاکـانی وەدیهێنانیانـدا، یـەك لـە دوای یـەك، لـە بنەڕەتـدا لـە خـۆڵ دروسـتکراوە پاشـان لـە تنۆکێـك ئـاو پاشـان لـە خـوێنی بەسـتوو و پاشـانیش لـە پارچـە گۆشـتێك، گۆشتەکەیشی دەبێت بـە ئێسك و لـە دوایدا ئێسکەکەشی بە گۆشت دادەپۆشێتو گیانی دەکرێت بەبەرداو پاشان لە سکی دایکی بـەبێ هێـزیو لاوازی دێتـە دەرەوە، پاشـان وردەوردە گـەورە دەبێـت هەتا دەبێتە منداڵێکی بچووك، پاشان پێدەگاتو هەستو نیـازی بـەهێز دەبێـت، دەبێتـە لاوێـك بـەهێز دەبێت دوای لاوازی، پاشان کەم کەم بەرەو لاوازبوون دەچێتەوەو دەڕوات بە ساڵاو پیر دەبێت، گشت ئاواتو جوڵەو دەسەڵاتی کـەم دەبێتـەوە قـژو بـن جـاینی سپی دەبێت، هـەموو شـێوازێکی دەرەوەو ناوەوەی لەش دەگۆڕێت بۆیە خـوای گـەورە فـەرموویەتی: ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ واتە: لە دوای بەهێزکردنتان لاوازیو پـیری بـۆ دانـان، واتـە بـە مـەیلی خـۆی هەرچـی بوێـت دەبێـت هەرچـۆنی بوێـت لەگـەڵ بەندەکانیـدا دەیکـات. ﴿وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ﴾ واتـە: زانـاو توانـا هەرخۆیەتی.

﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَانُوا۟ يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾﴾

تێنەگەیشتوویی و بێئاگایی خوانەناسان لە دنیاو قیامەتدا

خوای گەورە باسی نەفامیو نەزانی خوانەناسان دەکات لـە دونیـاو قیامەتـدا، لـە دنیـادا دەسـتیان داوەتە بتپەرستیو لە ڕۆژی قیامەتیشدا زۆر بێئاگـان، بۆیـە دەفـەرموێت: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ﴾ واتـە: وە ڕۆژی قیامـەت هەڵدەسـێت، (لـەو ڕۆژەدا) تاوانبـاران سـوێند دەخۆن کە ماوەیەکی زۆر کەم نەبێت نەژیاون لە دنیادا، مەبەستیان ئەوەیە کە هـیچ بەڵگەیـەکیان پـێ نەدراوە و بیانوویان هەیە کە کافرن! ئەوانە مۆڵەتیان پێ نادرێت کە بروبیانوو بهێننەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ كَانُوا۟ يُؤْفَكُونَ﴾ واتـە: بـەو شـێوەیە هـەر شـوێنی درۆ کـەوتوون. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ

أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ﴾ واتە: زانا خاوەن باوەڕەکان لە ڕۆژی دواییدا وەڵامیان دەدەنەوە، وەك لە دنیا بەڵگەی زۆریان بۆ هێناونەتەوە، کاتێك کە ئەوان سوێند دەخۆن تەنها کەمێك نەبێت لە دنیادا نەژیاون ئەمانیش پێیان دەڵێن: ﴿لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ﴾ واتە: بەدڵنیاییەوە ئێوە وەك لە کتێبی کردارەکانتاندا خودا نووسیوویەتی مانەوە و ژیان تا ڕۆژی زیندووبوونەوە، ﴿فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ ﴾ واتە: جا ئەمە ئەو ڕۆژی زیندووبوونەوەیە، ﴿وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ واتە: بەڵام ئێوەنەتازانیووە. ﴿فَيَوْمَئِذٍ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا، ﴿لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَعْذِرَتُهُمْ ﴾ واتە: بڕوبیانوویان لێ وەرناگیرێت لەسەر ئەو کردارانەی کە پێی هەڵساون و کردوویانە، ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴾ واتە: وە ئەوانە جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ دونیا کە پەشیمان ببنەوە و داوای لێخۆشبوون بکەن. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِن يَسْتَعْتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴾[1] واتە: داوای لێبوردنیش بکەن هەرگیز لێیان قەبوڵ ناکرێت.

﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِـَٔايَةٍ لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٩﴾ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

هێنانەوەی نموونە لە قورئاندا بۆ خوانەناسان و پەند وەرنەگرتنیان لێی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ﴾ واتە: ئێمە ڕاستیمان ڕوون کردەوە بۆ خەڵکی و ڕێنماییمان کردن و نموونەی زۆریشمان هێنایەوە بۆیان، بۆ ئەوەی ڕێی ڕاست بگرنەبەر و شوێنی بکەون، ﴿وَلَئِن جِئْتَهُم بِـَٔايَةٍ لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴾ واتە: هەر نیشانەیەکیان ببینیایە، بە مەیلی خۆیان بووایە یان بە مەیلی خۆیان نەبووایە، باوەڕیان پێ نەدەهێنا وایاندەزانی جادو و شتی پڕوپوچە، وەك لە لەتبوونی مانگ و چەند نموونەی تری وەك مانگدا دەیانوت. وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی تردت فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴾[2] واتە: بە ڕاستی

---

[1] فصلت(٢٤).

[2] يونس(٩٦_٩٧).

ئەوانەی دەرچووەو چەسپاوە بۆیان بڕیاری پەروەردگارت، بڕوانـاهێنن هەرچەند بۆیـان بێت هـەموو بەڵگەو نیشانەیەك هـەتا دەبینن(بـە چـاوی خۆیـان) سـزای سـەختی ئـازاردەر. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتە: ئا بەو جۆرە خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی كەسانێك كە بێئاگاو نەزانن. ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾ واتە: تۆ خۆڕاگریـە لەسـەر ئـەو دژایەتیو لاساری خوانەناسانە، خوای گەورە بەڵێنی خۆی بەجێ دێنێتو سـەرت دەخـات بەسـەریانداو پاشـەڕۆژیش هـەر بـۆ تـۆو شـوێنكەوتووەكانتە لـە دونیـاو لـە قیامەتـدا. ﴿وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴾ واتە: با ئەوانـەی بێبـاوەڕن لـە ئـاینی ڕاسـت لات نـەدەنو بێـزارت نەكـەن. واتـە ڕاوەسـتە لەسەر ئەو پەیامەی كە خودا بە تۆدا ناردوویـەتی، چـونكە هـەر ئـەوە هەقـەو گومـانی تێـدا نیـە، لێـی لامەدە، غەیری ئەو پەیامـە هـیچ شـتێكی تـر بـۆ ئـەوە ناشـێت كـەس شـوێنی كـەوێ، چـونكە ڕاسـتی هەمووی لەودا كۆبووەتەوە.

ئەو فەرموودەی كە ڕیوایەت كراوە لە بارەی ڕێزی سورەتی(الـروم)و خێـری خوێنـدنی لـە نوێـژی بەیانیدا

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە پیاوێكـەوە لـە هاوەڵـەكانی پێغەمبـەرەوە(ﷺ) كە پێغەمبـەری خودا(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ كردن لە نوێژەكەدا سورەتی(الروم)ی خوێنـدو لێـی تێكچوو، كاتێك كە لـە نوێژەكە بوویەوە فەرمووی:(ئەوەی تووشی هەڵەی كردین لە قورئان خوێندنەكەماندا ئەوەبوو لـە ڕاسـتیدا كۆمەڵێك لە ئێوە نوێژ دەكەن لەگەڵماندا بەڵام باش دەستنوێژ ناگرن. جا با چاك دەستنوێژ بگرن).[1] ئـەم فەرموودەیـە سـەنەدەكانی چاكنو مەتنەكەیـشی هـەر چـاكە، بـە ڕاسـتی نهێنییـەكی سـەیرو هـەواڵێكی گرنگیشی تێیدایـە ئـەویش ئەوەیـە كـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) كەموكوڕیو ناتـەواوی دەسـتنوێژی ئـەو كەسانەی كە لە دواییەوە نوێژیان دەكرد كاری تێكردووە لە نوێژەكەیدا، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی نوێژی ئەو كەسانەی كە لە دوای پێش نوێژەوە نوێژ دەكەن پەیوەستە بە نوێژی پێشنوێژەكەوە.

تەفسیری سورەتی(لقمان)

لە مەككە دا هاتووەتەخوارەوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ﴿١﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ هُدًى وَرَحْمَةً لِّلْمُحْسِنِينَ ﴿٣﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥﴾﴾

---

[1] احمد(٣/٤٧١).

خوای مەزن دەفەرموویّت: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ واتە: ئەم ئایەتانە لە ئایەتەکانی پڕ لە حیکمەتو داناییە، هۆی ڕێنموونیو بەزەیین بۆ چاکەکاران، ئەوانەی کە نوێژ بەجێ دێننو زەکات دەدەن هەروەها باوەڕی بتەویان بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوانە لەسەر ڕێنموونین لە لایەن پەروەردگاریانەوە. لە پێشەوە لە سەرەتای سورەتی(البقرة)دا بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پەیوەندی بەم ئایەتانەوە هەیە باسکراوە، کە خودای مەزن ئەم ئایەتانەی کردووەتە شیفاو ڕێنیشاندەرو بەزەیی بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەکارنو هۆکاری چاکە دەگرنەبەر لە شوێنکەوتنی ئایینو شەریعەتی خوداو نوێژە فەرزەکانیان ئەکەن لە کاتی خۆیداو سوننەتەکانیشی لەگەڵیدا بەجێ دەهێنن، ئەو زەکاتەیشی کە لەسەریان واجب بووە ئەیدەن بەو کەسانەی کە بۆیان شیاوە، پەیوەندی خزمایەتیشیان بە چاکی بەڕێوەدەبەن و نایپچڕن، بە تەمای پاداشتی ڕۆژی دوایین، وە هەر لەبەر ڕەزای خواو پاداشتی ئەو، ئەو کارانە بەجێ ئەهێنن و ڕیاکار نین و بە تەمای هیچ کەسێك نین کە پاداشتیان بداتەوەو سوپاسیان بکات هەر کەسێك بەو شێوەیەی کردبێت، ئەوە لەو کەسانەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ واتە: لە دونیاو قیامەتدا هەر ئەوانە ڕزگارن.

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٦﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٧﴾﴾

هەندێ کەسی بەدبەخت هەن خۆیان خەریك دەکەن بە قسەی بێتامەوەو ڕوویان وەردەگێڕن لە نیشانەکانی خودا

کاتێك خوای گەورە باسی ژیانی خۆشبەختانی کرد، ئەوانەی کە ڕێیان گرتەبەر بەهۆی کتێبی خواوە کە قورئانەو سوودمەندبوون بە گوێگرتن لێی وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾[1] واتە: خوا جوانترین فەرمایشی ناردووەتە خوارەوە قورئانێکە (کە ئایەتەکانی) لەیەکچووی دووپاتکراوەن ئەو کەسانەی لە پەروەردگاریان دەترسن، پێستیان تەزووی پێدادێت(بە بیستنی

[1] الزمر(٢٣).

قورئان) پاشان پێستیان‌و دڵیان نەرم دەبێت بە یادی(قورئانی) خودا. پاشان دێتە سەرباسی ئەو کەسانەی کە بەدبەختن‌و خۆیان لادەدەن‌و گوێ ناگرن‌و بۆ قسەی خواو سودی لێ وەرناگرن، بەڵکو ڕوودەکەنە قسەی خراپ‌و بێتام‌و گۆرانی‌و تەپڵ‌و مۆسیقاو دەیکەنە گاڵتەجاری، وەك ئیبنو مەسعود لەم ئایەتانەدا: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ دەڵێت: سوێند بە خوا مەبەست پێی گۆرانی وتنە.[1] قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ بە خوا لەوانەیە ئەو کەسانە ماڵ نەبەخشن لەو ڕێگایەدا، بەڵام ئارەزوویان بۆ ئەو کارە خراپانە وایان لێدەکات کە قسەی پڕوپوچ هەڵبژێرن‌و قسەی ڕاست واز لێ بێنن‌و ئەوەی زیان بەخشە هەڵی بژێرن‌و ئەوەیشی بەسوودە وازی لێ بێنن.[2] وتراوە: مەبەست بەم ئایەتە: ﴿يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ ﴾ واتە: کڕینی گۆرانی بێژان لە ئافرەتانی لاو. ئیبنو جەریر ڕای وایە ﴿لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ ﴾ هەموو قسەیەکە ببێتە لەمپەر لە ڕێی ئایەتەکانی خوداو شوێنکەوتنی ڕێبازەکەی.[3] ﴿لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ واتە: ئەو کارە لەبەر ئەوە بێت دژایەتی ئیسلام‌و موسڵمانانی پێ بکات، ﴿وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ ﴾ موجاهید دەڵێت: ڕێگەی خودا بکاتە گاڵتەجاڕی‌و سوکایەتی پێ بکات.[4] ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴾ واتە: هەرچۆنێك ئەوانە سوکایەتیان کرد بە ئایەتەکانی خوداو ڕێبازەکەی ئەوانیش لە ڕۆژی قیامەتدا سوکایەتیان پێ دەکرێت‌و لە سزای بەژاندان بەبەردەوامی. پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ ﴾ واتە: ئەو کەسەی کە ڕوودەکاتە گاڵتەو گەپ‌و گۆرانی‌و تەپڵ‌و مۆسیقا، کاتێك کە ئایەتەکانی قورئانی بەسەردا دەخوێنرێت پشتی تێ دەکات‌و پێی ناخۆشەو خۆی دەکاتە کەڕ وەکو هەر گوێی لێ نەبێت وایە، پێی ناخۆشەو حەز لە بیستنی ناکات چونکە سودی لێ وەرناگرێت‌و کاری پێی نیە، ﴿فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾ واتە: مژدەی ئازارێکی ژانای بدە بەو کەسە لە ڕۆژی قیامەتدا وەك چۆن ئەو دڵتەنگ دەبوو بە بیستنی قورئان‌و ئایەتەکانی.

---

[1] الطبري(٢٠/١٢٧).

[2] الطبري(٢٠/١٢٧).

[3] الطبري(٢٠/١٣٠).

[4] الطبري(٢٠/١٣١).

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٩﴾﴾

باسی پاشەڕۆژی چاكی خاوەنباوەڕان

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو كردەوە چاكەكانیان ئەنجام داوە. ئەمە باسی پاشەڕۆژو ئاكامی ئەو كەسە چاكو بەختەوەرانەیە كە بڕوایان هێنا بە خواو پێغەمبەرەكانی خوا(سەلامی خوایان لێ بێت) هەڵسان بە پەیڕەوی كردنو بەجێهێنانی بەرنامەی خودا، ﴿لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلنَّعِيمِ﴾ واتە: بەشی ئەوان باغاتی پڕ خێروبێرە كە تێیدا دەژینو ڕادەبوێرن، لە هیچ شتێك كەمیان نیە لە خواردنو خواردنەوەو هۆكاری سواریو خێزانو بینینو بیستنو زۆر شتی تر كە بە دڵی كەسدا نەهاتووە. بە هەمیشەیی لەو باغانەدا دەمێننەوەو لێی دەرناچنو بەجێی ناهێڵن، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا﴾ واتە: هەتاهەتایە دەمێننەوە تیایدا بەڵێنی خوایەو هەر دێتەدی، خوا لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە، چونكە خودا زۆر گەورەو بەخشندەیەو هەرچی بوێت دەیكاتو توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ﴾ واتە: هەر ئەو دەسەڵاتدارو زاڵە بەسەر هەموو شتێكدا، هەموو كەسێك سەری بۆ ئەوی دەكات. ﴿ٱلْحَكِيمُ﴾ لە كردارو گفتاردا كارزانەو قورئانی كردووەتە ڕێنیشاندەر بۆ خاوەن باوەڕان، وەك لەم ئایەتانەدا فەرموویەتی: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى﴾[1] واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ: قورئان بۆ كەسانێك باوەڕیان پێ هێناوە ڕێبەرو چارەسەری گومانەو ئەوانەی باوەڕی پێ ناهێنن لە گوێیاندا گرانیو كەڕی هەیە(لە بیستنی حەق) هەروەها لە ئاست ئەو قورئانەدا كوێرن. وە فەرموویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[2] واتە: وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی كە هۆی شیفاو میهرەبانیە بۆ بڕواداران بەڵام(هاتنی ئەم قورئانە) بۆ ستەمكاران هیچ زیاد ناكات بۆیان خەسارەتمەندی نەبێت.

---

[1] فصلت(٤٤).

[2] الاسراء(٨٢).

﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿١١﴾ ﴾

بەڵگەکانی یەکخوا پەرستی

خوای گەورە بەم شێوەیە تواناو دەسەلاتی خۆی دەردەخات کە چۆن ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەی تێیاندایەو لە نێوانیاندایە دروستکردووە، فەرموویەتی: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَا ﴾ حەسەنو قەتادە دەڵێن: نە ئەستونی دیارو نە ئەستونی نادیاری تێدا نیە.[1] ﴿وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ ﴾ واتە: کێوەکانی خستە سەر زەمینو قورسی کرد بۆ ئەوەی جووڵە بە ئێوە نەکات لەسەر دەریاو ئاوەکان. بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمۡ ﴾ واتە: بۆ ئەوەی لەرزە بە ئێوە نەکات. ﴿وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ ﴾ واتە: لە هەموو جۆرە گیانەوەرێکی تێدا بڵاوکردووەتەوە کە هیچ کەسێك ژمارەو شێوەو ڕەنگیان نازانێت غەیری ئەو کەسەی کە دروستی کردووە، بۆیە خوای پاكو بێ عەیب کاتێك فەرموویەتی دروستکەرە، ئاگاداریشی کردووین کە هەر خۆیشی ڕۆزی دەرەو دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴾ واتە: لە ئاسمانەوە بارانمان باراندووە بە هۆی ئەو بارانەوە لە زەویدا جوتەی هەموو جۆرە ڕووەکێکی ڕواندووە، شەعبی دەڵێت: مەردمیش هەر لە سەوزبووی زەویە، هەر کەسێك چووە بەهەشت ئەو دیارە بەڕێزبووە، هەر کەسیش چووە ناو ئاگر ئەو دیارە سپڵە بووە. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ ﴾ واتە: ئەوەی خودا باسیکرد لەوەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەمین و لەوەی کە لە نێوانیاندایە خودا دروستی کردوون، بە بڕیاری ئەو بووە، هیچ کەسێك شەریکی نەبووە لە دروستکردنیدا بۆیە دەفەرموێت: ﴿فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾ واتە: نیشانم بدەن غەیری خودا لەو شتانەی دەیانپەرستنو هانایان بۆ دەبەن چیان کردووەو چیان دروست کردووە، ﴿بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ واتە: بتپەرستانو ئەوانەی کە هاوەڵیان داناوە بۆ خوداو لەگەڵیدا پەرستوویانە، ﴿فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾ واتە: لە گومڕاییدانو کوێرو نەفامن، ﴿مُّبِينٖ ﴾ واتە: دیارو ئاشکرایەو ئاشارێتەوە.

[1] الطبري(٢٠/١٣٢).

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ ۚ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿١٢﴾﴾

باسی لوقمان

زانایانی پێشینە دوو ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر لوقمان، ئاخۆ پێغەمبەر بووە یان بەندەیەکی ساڵحو چاك بووەو پێغەمبەر نەبووە؟ زۆربەیان لەسەر ڕای دووەمن کە پێغەمبەر نەبووە، سوفیانی سەوری دەڵێت: لە ئەشعەسەوە لە عیکریمەوە، لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێت: لوقمان بەندەیەکی حەبەشی دارتاش بووە.[1] وە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر دەڵێت: وتم بە جابیری کوڕی عەبدوڵا چی دەزانو بە چی گەیشتوون لە بارەی لوقمانەوە؟ وتی: پیاوێکی کورتەباڵای لوت کوڵ بووە خەڵکی نوبەیە کە ناوچەیەکی فراوانە لە سودان،[2] یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساری دەڵێت: سەعیدی کوڕی موسەیب دەڵێت: لوقمان خەڵکی سودانی میسرە، پێڵوی چاوم قایم بووە خوای گەورە کارزانی داوەتێ، پێغەمبەرێتی نەداوەتێ[3]. ئەوزاعی دەڵێت: عەبدوڕەحمانی کوڕی حەرمەلە بۆی گێڕامەوە وتی: پیاوێکی ڕەش هات بۆ لای سەعیدی کوڕی موسەیب پرسیاری لێ بکات، سەعیدی کوڕی موسەیب پێی وت: غەم مەخۆ لەبەر ئەوەی کە ڕەشی، چونکە لە چاکترین خەڵك سێ کەس بوون لە ڕەشەکان، بیلالو مەهجەعی ڕەنجبەری عومەری کوڕی خەتابو لوقمانی حەکیم کە ڕەش بووەو خەڵکی نوبەیە ناوچەیەکی فراوانە لە سودان و پێڵوی چاویشی گەورە بووە[4]. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە خالیدی کوڕی ڕەبحیەوە دەڵێت: لوقمان عەبدێکی حەبەشی دارتاش بوو، خاوەنەکەی پێی وت: ئەم مەڕەمان بۆ سەربڕە، سەری بڕی، جا پێی ووت: چاکترین پارچە گۆشتی لێدەربهێنە بۆمان، لوقمانیش دڵو زمانەکەی دەرهێنا، پاشان ماوەیەکی بەسەردا ڕۆیشت، پاشان ئەڵێ: خاوەنەکەی وتی: ئەم مەڕەمان بۆ سەربڕە، ئەویش سەری بڕی، وتی: پیسترینو خراپترین پارچە گۆشتی لێدەربهێنە، لوقمان زمان و دڵەکەی دەرهێنا، خاوەنەکەی پێی وت: فەرمانم پێ کردی کە چاکترین پارچە گۆشتی لێدەربهێنە، زمانو دڵەکەت لێدەرهێنا، وە فەرمانم پێکردلا کە پیسترین پارچە گۆشتی لێدەربهێنە، زمانو دڵەکەتت لێدەرهێنا، لوقمان وتی: چونکە هیچ شتێك نیە لەوانە چاکتر بێت ئەگەر چاك بن، وە هیچ شتێك لەوانە پیستر نیە ئەگەر خراپ بن.[5] شوعبە دەڵێت لە حەکەمەوە لە موجاهیدەوە: لوقمان

[1] الطبري(٢٠/١٣٥).

[2] انب أبي حاتم، الدر المنثور(٥/٣١٠).

[3] الطبري(٢٠/١٣٥).

[4] الطبري(٢٠/١٣٥).

[5] الطبري(٢٠/١٣٥).

عەبـدێکی چـاکو سـاڵح بـووە، پێغەمبـەر نـەبووە.[١] ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ واتـە: کـارزانیو تێگەیشتنو زانیاریو ڕەوانبێژیمان دا بە لوقمان، ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ﴾ واتە: پێمان وت: کە سوپاسی خوای مەزن بکات لەسەر ئەو شتانەی کە بە تایبەتی بە ئەومان داوە لەناو هاوڕەگەزو خەڵکی زەمانی خۆیدا، پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ﴾ واتـە: هـەر کەسێك سوپاسـی خـوا بکـات سـودەکەی هـەر بـۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە وەك فەرموویـەتی: ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ﴾[٢] واتە: هـەر کەسیش کردەوەی چاکی کردبێت شوێن بـۆ خۆیـان(لـە بەهەشتدا) ئامادە دەکـەن. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ واتـە: هـەر کەسـیش بیـشارێتەوەو پێـی نەزانێت بێگومان خودا بێنیازەو شایانی سوپاسە. وە هیچ زیانێك بە خودا ناگات ئەگەر هەموو خـەڵکی سەر زەمین حاشا بکەنو پێـی نـەزانن، پێویستی بـە کەسـی نیـە، هـیچ پەرستراوێك نیـە جگەلـە ئـەو عیبادەتی غەیری ئەو ناکەین.

﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ﴾

ئامۆژگاریو وەسیێتی لوقمان بۆ کوڕەکەی

خوای گەورە باسی لوقمان دەکـات کاتێـك کـە ئامۆژگـاری کوڕەکـەی خـۆی دەکـرد(نـاوی لوقمـانی کوڕی عەنقای کوڕی سەدونە کوڕەکەی ناوی ساران بووە)، لەو ڕیوایەتەدا کەسوهەیلی گێڕاویەتیـەوە. خـوای گـەورە وەسـفێکی زۆر جـوانی کـردووە، فەرموویـەتی لەسـەر کـارزانی ڕامـان هێنـاوە، ئـەوەتا ئامۆژگاری ڕۆڵەکەی دەکات کە خۆشەویستترین کەسە لـە لایو فرەبەسـۆزە بـۆی، زۆری پێخۆشـە کـە چاکترین شتێك خودا پێی داوە بەشی ڕۆڵەکەیشی لێ بدات، بۆیە ئەکەمجار ئامۆژگـاری دەکـات کـە لـە دنیا هەر خودا بپەرستێتو شەریکی بۆ دانـەنێت لـە هـیچ شـتێکدا، خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ واتـە: شـەریك بـۆ خوادانـان

---

[١] الطبري(٢٠/١٣٤).

[٢] الروم(٤٤).

گەورەترین ناهەقیە، بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵاوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾[1] واتە: ئەوانەی کە بڕوایان هێناوەو بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم(هاوەڵ دانان) نەکردووە. زۆر گران بوو لەسەر هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەڵێن: ئاخۆ کێ لە ئێمە ناهەقی نەکردووە؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(ئەوە بەو شێوەیە نیە کە ئێوە باسی دەکەن، ئایا گوێ ناگرن بۆ ئامۆژگاریەکەی لوقمان کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە.[2] پاشان لە ئامۆژگاریەکەیدا چاکەکردنی لەگەڵ باب و دایکدا لە پاڵ شەریك دانەنان بۆ خوا داهێناوە وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾[3] واتە: پەروەردگارت بڕیاری داوە کە هیچ شتێك نەپەرستن بێجگە لە ئەو وە لەگەڵ دایك و باوکتان چاکە بکەن. وە لە زۆر شوێندا لە قورئاندا باسی دایك و باوك هاتووە لە پاڵ شەریك دانەنان بۆ خودا، لێرەدا خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ﴾ واتە: وە فەرمانمان داوە (بە چاکی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ) دایك و باوکیدا، دایکی هەڵی دەگرێت بە دووگیانی (پێی لاواز دەبێت) لاوازی لە دوای لاوازی. موجاهید دەڵێت: ناڕەحەتی و گرانی منداڵ بوون[4]. قەتادە دەڵێت: ناڕەحەتی لە دوای ناڕەحەتی.[5] عەتای خۆراسانی دەڵێت: بێهێزی لە دوای بێهێزی، ﴿وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ﴾ واتە: پەروەردەکردن و شیرپێدانی لە ماوەی دووساڵدا، وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾[6] واتە: دایکان شیر دەدەن بە منداڵەکانیان دوو ساڵی تەواو(ئەمە) بۆ کەسێکە کە بیەوێت شیری تەواو بدات. ئا لێرەدا ئیبنو عەباس و هەندێ لە پێشەوایانی ئیسلام وەریان گرتووە، ئەڵێن: کەمترین ماوەی سکپڕی شەش مانگە چونکە خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا﴾[7] واتە: ماوەی دووگیان بوون(ی دایك)

---

[1] الانعام(٨٢).

[2] فتح الباري(٨/٣٧٢).

[3] الاسراء(٢٣).

[4] الطبري(٢٠/١٣٧).

[5] الطبري(٢٠/١٣٧).

[6] البقرة(٢٣٣).

[7] الاحقاف(١٥).

پێیەوەو لە شیرین بڕینەوەی سی مانگە. بۆیە خوای گەورە باسی پەروەردەی منداڵو مەینەتیو گرانیو شەونخونیو ماندووبوونی دایك دەكات، تا ڕۆڵەكەی ئەو چاكانەی لە یاد بێت كە لەگەڵی كردوویەتی، وەك لە شوێنێكی تردا لە قورئاندا خودا فەرموویەتی: ﴿وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا﴾[1] واتە: بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بكە هەرچۆنێك ئەوان منیان پەروەردەكرد بە منالی. بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ﴾ واتە:سوپاسی من بكەو سوپاسی دایكو باوكیشت بكە، لە ئاكامدا هەر دێنەوە بۆ لای من، بەو زووانە پاداشتت دەدەینەوە بە چاكتر. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗا﴾ واتە: ئەگەر زۆر هەوڵیان دا كە شوێن ئایینی ئەوان بكەوی، شوێن ئایینی ئەوان مەكەوەو لێیان قەبوڵ مەكە. بەڵام هەر بە چاكە ڕەفتاریان لەگەڵ بكەو باش بە بۆیان لە دونیادا. ﴿وَٱتَّبِعۡ سَبِيلَ مَنۡ أَنَابَ إِلَيَّ﴾ واتە: شوێن ئەوانە بكەوە كە بەرەو من هاتوون لە خاوەن باوەڕان، ﴿ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ واتە: لە دواڕۆژدا گەڕانەوەتان تەنها بۆ لای منە. پاشان ئاگادارتان دەكەم لەوەی كردووتانە. تەبەرانی ڕیوایەتی كردووە لە (كتاب العشرة)دا كە سەعیدی كوڕی مالك دەڵێت: ئەم ئایەتە لەسەر من هاتە خوارەوە، ﴿جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَا﴾ دەڵێت: من پیاوێكی زۆر گوێڕایەڵو چاك بووم لەگەڵ دایكم كاتێك كە موسڵمان بووم، دایكم وتی: ئەی سەعد ئەمە چیە دەتبینم تازە دەستت داوەتێ، ئەگەر واز نەهێنیتو دەست هەڵنەگری لەو دینە نە خواردن دەخۆم نە ئاو دەخۆمەوە، هەتا دەمرم بۆئەوەی خەڵكی قسەت پێ بڵێن و لۆمەت بكەن لەسەر من، بڵێن: ئەی بكوژی دایكی خۆی، منیش پێم وت: دایكە وا مەكە، چونكە من واز لەم دینە ناهێنم بۆ هیچ شتێك، شەوو ڕۆژێك مایەوە خواردنی نەخوارد، بەیانی هەڵسا زۆر ناڕەحەت بوو، شەوو ڕۆژێكی تریش هەر خواردنی نەخوارد، كە بەیانی لێهات زۆر ناڕەحەت بوو، كاتێك ئەوەم پێوە بینی، وتم: ئەی دایكە ! سوێند بە خوا چاك بزانە ئەگەر سەد گیانت پێ بێت یەكە یەكە هەمووی دەرچێت واز لەو ئاینەم ناهێنم بۆ هیچ شتێك، ئارەزووی خۆتە، خواردن دەخۆی یان خواردن ناخۆی، ئەڵێ: دوای ئەوە دەستیكرد بەخواردن[2].

---

[1] الاسراء(٢٤).

[2] ذكره ابن الأثير فس أسد الغابة

﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِي ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ
ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿١٦﴾ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ
مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٧﴾ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾
وَٱقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾ ﴾

ئەمە چەند ئامۆژگاریەکی زۆر بەسوودە کە خوای مەزن لەسەر زمانی لوقمان باسی دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون و پێی هەڵسن، دەفەرموویت: ﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ ﴾ واتە: ئەی کوڕە شیرینەکەم! تاوان با بەئەندازەی تۆوی خەرتەلەیەکیش بێت، یانی: ئەو ناهەقیە یان ئەو تاوانە بە ئەندازەی دەنکە خەرتەلەیەك بێت، ﴿يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودا دەیهێنێت و ئامادەی دەکات کاتێك کە تەرازووی عەدالەت دادەنرێت، هەموو کەسێك پاداشتی خۆی وەردەگرێت، چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵە لێسەندن، هەندێ لایان وایە کە ئەو زەمیرە لە ﴿إِنَّهَآ﴾ زەمیری شەئنە بۆیە بە لایانەوە دروستە، ﴿مِثْقَالَ﴾ مەرفوع بێت لەباتی ئەوەی منصوب بێت، بەڵام ڕای یەکەم چاکترە کە مەنصوبە، وەك لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ﴾[1] واتە: وە ئێمە تەرازووەکانی دادپەروەری دادەنێین(کە کردەوەی پێ دەکێشرێت) لە ڕۆژی قیامەتدا ئینجا هیچ کەس کەمترین ستەمی لێ ناکرێت. وە فەرموویەتی: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴾[2] واتە: ئینجا هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك چاکەی کردبێت دەیبینێتەوە، وە هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك خراپەی کردبێت دەیبینێتەوە. ﴿فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ واتە: ئیتر با ئەو دەنکە خەرتەلەیە لەناو بەردێکی ڕەقدا بێت و شارابێتەوەو قایم کرابێت، یان چووبێت بەناو ئاسمانەکان و زەمینداو دیار نەبێت، خودا دەیهێنێتەوە، چونکە خودا هیچی لێ بزرنابێت لەناو ئاسمانەکان و زەمیندا با لە ئەندازەی گەردیلەیەك بچوکتریش بێت، بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾ واتە: زانیاری خودا ئەوەندە وردە هیچی لێ ون نابێت با ئەو شتە هەرچەندە وردو زۆر کەمیش بێت، ﴿خَبِيرٌ ﴾ واتە: ئاگای لە تەپەی پێی مێرووڵەیە لە

[1] الانبياء(٤٧).

[2] الزلزلة(٧ـ٨).

شەوی تاریکی نوتەکدا. پاشان فەرموویەتی: ﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ واتە: کوڕی خۆم! نوێژ بکە لە کاتی خۆیدا بەو پێیەی کە لەسەرت فەرزکراوە، ﴿وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ واتە: فەرمان بدە بە چاکەکردن‌و ڕێ بگرە لە خراپە بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆت، ﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ﴾ دیارە فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی ئازار بێت لە لایەن خەڵکەوە، بۆیە داوای لێکردووە کە خۆڕاگر بێت، وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ﴾ واتە: ئەمە لەو کارە گرنگانەیە کە خودا دەیەوێت‌و پێی خۆشە. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ ﴾ واتە: ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی کاتێك قسەت لەگەڵ کردن یان قسەیان بۆ کردی، خۆت بە زل بزانی‌و فیز بکەی بەسەریانداو بە چاوی سووك سەیریان بکەی. بەڵکو زۆر نەرم‌و ڕووخۆش بە لەگەڵیاندا وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(ئەگەر گەیشتی بە برایەکی موسڵمانت با ڕووت خۆش بێت لەگەڵی، نەکەی پۆشاك‌و کراسەکەت بەردەیتەوەو درێژ بکەیتەوە چونکە ئەوە کاری ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە زل دەزانن کەسێکیش خۆی بە زل بزانێت خودا خۆشی ناوێت).[1]

﴿وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًا﴾ واتە: بە فیزو لووت بەرزی‌و لارو لەنجەوە بەڕێدا مەڕۆ، چونکە خودا لێت تووڕە دەبێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ﴾ واتە: خودا ئەوانەی خۆش ناوێت بە لارو لەنجە دەچن بە ڕێداو لە خۆیان ڕازین‌و خەڵکی بە چاوی سوك سەیر دەکەن. وەك لە ئایەتێکی تردا خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا﴾[2] واتە: وە مەڕۆ بە زەویدا بە کەشخەو شانازیەوە(چونکە) بە ڕاستی تۆ نە دەتوانی زەوی کون بکەیت وە نە دەگەیتە شاخەکان لە درێژیدا. لە شوێنی خۆیدا لە پێشەوە لەو بارەیەوە دواین.

فەرماندان بە لەسەرخۆ ڕۆیشتن لە کاتی ڕۆیشتن بە ڕێگادا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ ﴾ واتە: برۆ بە ڕێدا بە ڕۆیشتنێکی مامناوەندی نە زۆر بە هێواشی وتە بە پەلەپەلیش، واتە بە لەسەرخۆیی‌و شێنەیی لەنێوان ئەو دووەدا، ﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَ﴾ واتە: زۆر درێژە مەدە بە قسەکردن‌و دەنگت بەرز مەکەرەوە لە ڕادەی خۆی کە سوودی

---

[1] ابو داود(٣٤٥/٤)، لە پێشەوە پلەی دیاری کراوە.

[2] الاسراء(٣٧).

نەبێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾ موجاهیدو کەسانی تریش ئەڵێن: ناخۆشترین دەنگ دەنگی کەرە. واتە: ئەو کەسەی کە دەنگی بەرز دەکاتەوە، دەنگەکەی لە دەنگی کەر دەچێت، لەگەڵ ئەوەیشدا خودایش خۆشی لێی نایە، ئەم نموونە هێنانەوەیە بە دەنگی کەر، ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگ بەرزکردنەوە حەرامەو زۆر بە خراپ باس کراوە، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(نموونەی خراپ هێنانەوە لای ئێمە نیە، ئەو کەسەی کە پەشیمان دەبێتەوە لەو بەخشینەی کە دەیبەخشێت وەك سەگ وایە کە دەرشێتەوە پاشان دەگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی).[1] واتە ڕشانەوەکەی خۆی دەخواتەوە.

ئامۆژگاریەکی لوقمان

ئەمانە چەندئامۆژگاریەکی زۆر بەسوودن، لە بارەی لوقمانەوە قورئانی پیرۆز باسی کردوون، زۆر پەندو ئامۆژگاری لە لوقمانەوە ڕیوایەت کراوە ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەکی لێ باسدەکەین. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەواڵی داینێ فەرمووی:(لوقمانی حەکیم وتوویەتی: کاتێك خودا شتێکی پێ سپێردرابێت پاراستوویەتی).[2] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لوقمان ئامۆژگاری ڕۆڵەکەی دەکرد، دەیووت: کوڕەکەم نەکەی لوت بەرزانە بێیت و بچیت چونکە ئەوکارە لە شەودا جێی ترسەو لە ڕۆژدا جێی لۆمەو تیروتوانجە).[3] ڕیوایەت کراوە لە سەری کوڕی یەحیاوە دەڵێت: لوقمان وتی بە کوڕەکەی، ڕۆڵەکەم! کارزانیو حیکمەت هەژارانی بردووەتە شوێنی پاشایان[4]. دیسان لە عەونی کوڕی عەبدوڵاوە ڕیوایەت کراوە لوقمان بەکوڕکەی ووت: کوڕی شیرینم! ئەگەر چویتە هەر کۆڕو کومەڵێك ئەوە تیرەکەی ئیسلامیان تێبگرە، یانی سەلامیان لێبکە، پاشان لە تەنیشتیان دانیشە، هیچ قسە مەکە تا دەیانبینی ئەوان چۆن قسە دەکەن، ئەگەر دەستیان کرد بە یادی خوا تۆش تیرەکەی خۆت بە دوایاندا بهاوێژە، خۆ ئەگەر بە شتێکی ترەوە خەریك بوون لایان لاچۆو برۆ بۆ لای کەسانێکی تر[5].

---

[1] تحفة الأحوزي(٤/٥٢٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] احمد(٢/٨٧)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی حەسەنە.

[3] الحاكم(٢/٤١١)، فەرموودەیەکی مورسەلە.

[4] الدر المنثور(٥/٣١٦).

[5] الزهد لابن مبارك(٣٣٢).

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن
يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا
وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ ﴿٢١﴾﴾

وەبیرهێنانەوەی بەهرەو نیعمەتەکان

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ﴾ واتە: ئایا نەتانزانیوە کە بە ڕاستی خوا ڕامی هێناوە بۆتان ئەوەی لە ئاسمانەکانو ئەوەی لە زەویدایە وە نیعمەتەکانی بە فراوانی ڕشتووە بەسەرتاندا چ دیارو ئاشکراو چ پەنهانو نادیارو هەندێ لە ئادەمی موجادەلەو دەمەقالێ دەکات لە بارەی خواوە بەبێ هیچ زانیاریەك یا ڕێنموونیەك یان کتێبێکی ڕوونکەرەوە. خوای گەورە بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوە لەسەر ئەو هەموو بەهرانەی کە پێی بەخشیون لە دنیاو قیامەتدا، ئەوەتا دەیبینن کە ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەمیندایە هەمووی بۆ ڕام هێناونو موسەخەرکردوون وەك ئەستێرەکان کە شەوی تاریکی بۆ ڕۆشن کردوونەتەوە، ڕۆژیش بەو ڕووناکیەو بەفرو بارانو تەرزەیان بۆ دەبارێنێتو ئاسمانی بەبێ هەسون وەستاندووە بەسەریانەوەو سەر زەمینیشی کردووە بە جێی حەوانەوەیانو ئاوو ڕووبارو دارودرەختو میوەو بەروبوومی زۆری تیا دروست کردووە بۆیان، خێروبێری زۆر دیارو نادیاری ڕژاوە بەسەریاندا لە ناردنی پێغەمبەرانو(سەلامی خوایان لێ بێت) ڕەوانەکردنی کتێبو لابردنی گومانو دەردی دەروونی لە دڵیاندا، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگانەدا هەر باوەڕ ناهێننو لاساری دەکەن هەیانە دەمەدەمێ دەکات لە بارەی خوداوەو شەریکی بۆ دادەنێت و بڕوا بە پێغەمبەرانو ئەو کتێبانەی کە بۆیان هێناون ناکات، ئەو کەسانە بەبێ زانیاری هەر قسە دەکەنو هیچ بەڵگەیەکی ڕاستیشیان بە دەستەوە نیە، وە هیچ کتێبێکیش کە جێی بڕوا بێت لایان نیە، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ﴾

پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ واتە: ئەگەر بوترێت بەوانەی کە کێشە دەکەن لەسەر تەنهایی خودا، ﴿اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ یانی: شوێن ئەوە بکەون کە ڕەوانە کراوە بۆ پێغەمبەرەکەی کە بەرنامەو شەریعەتێکی پاکە، ﴿قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ واتە: هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە ئەوەنەبێت کە دەڵێن: نەخێر ئێمە شوێن ڕێی باووباپیرانمان دەکەوین،

خوای گەورەیش دەفەرموێت: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾[1] واتە: ئاخۆ ئێوە چۆن تێدەگەن ئەی ئەو کەسانەی کە کارو کردەوەی باووباپیرانتان کردووەتە بەڵگە کە ئەوان زۆر نەزان‌و گومڕابوون‌و ئێوەش بە شوێن کردارەکانی ئەواندا دەڕۆن‌و بەجێی دێنن، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾ واتە: هەرچەندە شەیتان بانگیان دەکات بۆ سزای ئەو ئاگرە بە کڵپەیە.

﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٢٢﴾ وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُۥٓ ۚ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٣﴾ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٢٤﴾﴾

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ هەرکەسێك ڕووی خۆی بکاتە خوا، باسی ئەو کەسە دەکات کە بە دڵێکی پاك‌و خاوێن ڕوودەکاتە خوداو ئاکاری چاك دەکات‌و شوێنی بەرنامەو شەریعەتی ئەو دەکەوێت بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ واتە: بە کرداریش ئەوەی خودا فەرمانی پێکردووە دەیکات‌و ئەوەیشی ڕێگەی نەداوە وازی لێ دێنێت، ﴿فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ﴾ واتە: ئەوە ئەو کەسەیە پەیمانێکی پتەوی لە خوا وەرگرتووە کە سزای نادات، ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ﴾ واتە: دیارە ئاکامی هەموو شتێکیش بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە. وە پاشان دەفەرموێت: ﴿وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُۥٓ ۚ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟﴾ واتە: هەر کەسێك خوانەناسە با خوانەناسیەکەی دڵی تۆ غەمگین نەکات ئەی موحەممەد(ﷺ) چونکە بڕیاری خودا لە بارەیانەوە دێتەجێ‌و دێنەوە لای ئێمەو ئاگاداریان دەکەین لەو کارانەی کە کردوویانەو پاداشتیان دەدەینەوە. واتە: تۆڵەیان لێ دەسێنین. ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ واتە: خودا هیچی لێ بزر نابێت‌و ئاگای لە دڵانە، پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا﴾ واتە: ماوەیەکی کەمیان دەدەینێ ڕابوێرن لە دنیادا، ﴿ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ﴾ واتە: پاشان ناچاریان دەکەین، ﴿إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ واتە: ئازارێکی زۆر ئابڕوبەرو دژوارو گرانیان دەدەین. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾ مَتَٰعٌ فِى ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا

[1] المائدة(١٠٤).

مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی کە درۆ هەڵدەبەستن بە ناوی خواوە(هەرگیز) ڕزگار نابن،(چونکە) بەهرەو ڕابواردنێکی کەم لە دنیادا(بەسەر دەبەن) پاشان بۆ لای ئێمەیە گەڕانەوەیان ئینجا پێیان دەچێژرێت سزای زۆر توند بە هۆی ئەوەی کە بڕوایان نەهێنا(تا مردن).

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٦﴾﴾

دانپیانانی موشریکەکان بەوەی کە هەر خودا وەدیهێنەرە

خوای گەورە باسی ئەو موشریکانە دەکات کە دان دەنێن بەوەدا کە خودا وەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەمینەو تەنهایەو هاوەڵی نیە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لە پەرستندا شەریکی بۆ دادەنێن، چاکیش دەزانن کە ئەو شەریکانە خودا دروستکەرو خاوەنیانە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ واتە: ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی کێ ئاسمانەکان‌و زەمینی دروست کردووە بەدڵنیاییەوە ئەڵێن: خودا، (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ: سوپاس بۆ خوا(کە دان بەو ڕاستیەدا دەنێن). واتە: ئەو دان پیانانەی خۆتان دەبێتە بەڵگە لەسەرتان هیچ بڕوبیانوویەکتان نامێنێت، ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتە: بەڵام زۆربەیان نازانن. پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەمیندایە هەموو خودا خاوەنیەتی‌و ئەو دروستی کردوون، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ واتە: خودا بێ نیازە لە هەموو شتێک‌و پێویستی بە کەس نیە هەموو نیازیان بەو هەیەو موحتاجی ئەون، شایانی سوپاسە بۆ ئەو هەموو شتەی کە دروستی کردووە لە ئاسمانەکان‌و زەمینداو دایناوە، وە هەمیشەش هەر ئەو سوپاس کراوەو دەکرێت لە هەموو کارەکاندا.

﴿ وَلَوْ أَنَّمَا فِى ٱلْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَٰمٌ وَٱلْبَحْرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٧﴾ مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٨﴾﴾

قسەکانی خودا لە ژمارە نایەت‌و تەواو نابێت

خوای گەورە باسی مەزنی‌و بڵندی دەسەڵاتی خۆی‌و ناوە جوانەکان‌و سیفەتە بەرزەکانی‌و قسەکانی دەکات کە هەرگیز دوایی نایەن و هیچ کەسیش ناتوانێت لێی ئاگادار بێت‌و بزانێت چۆنەو

[1] یونس(٦٩ـ٧٠).

بێژمێرێت وەك مەزنترین کەس‌و دوایین پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:(من ناتوانم سوپاسی تۆ تەواو بکەم وەك چۆن خۆت وەسفی خۆت کردووە).[1] خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ ﴾ واتە: هەموو دارو درەختەکان ببنە پێنووس‌و دەریاکانیش ببنە مورەکەب دەریاکانیش ببنە حەوت دەریا، قسەکانی خوای پێ بنووسرێت کە هەمووی نیشانەی گەورەیی‌و دەسەڵاتی خودان‌و باسی سیفاتە جوانەکانی ئەو بکات پێنووسەکان هەموو دوایی دێن‌و دەشکێن‌و دەریاکان دوایی دێن هێشتا قسەکانی خوا دوایی نایەت. با دەریای تریش وەك ئەوانە لە مورەکەب بە دوایاندا بێت. کە خوای گەورە باسی حەوت دەریا دەکات مەبەست پێی زۆری دەریاکانە، نەك حەوت دەریا، یان وا دەزانرێت کە حەوت دەریا هەیە دەوری دنیای داوە، وەك لە هەندێ ڕیوایەت و ئیسرائیلیەکاندا هاتووە کە بڕوای پێ ناکرێت‌و بە درۆیش ناخرێنەوە، بەڵکو وەك ئەوەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا ﴾[2] واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئەگەر(ئاوی) دەریاکان ببوایە بە مورەکەب بۆ(نووسینی) زانیاری پەروەردگارم بێگومان(ئاوی) دەریاکان تەواو دەبوون پێش ئەوەی زانیاری‌و عیلمی پەروەردگارم تەواو ببێت ئەگەر چەند ئەوەندەی دەریاکانیش بێنین(بیکەین بە مورەکەب عیلمی خوا تەواو نابێت). مەبەست بە(مِثْلِهِ) وەك وێنەی ئەو نیە، بەڵکو مەبەست پێی وەك ئەوو پاشان وەك ئەو پاشانیش وەك ئەو هەتا هەتایە چونکە قسەو نیشانەکانی خودا لە ژمارە نایەت، ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ واتە: خودا خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، زاڵ‌و بە توانایە بەسەریداو تێکی دەشکێنێت، کەس ناتوانێت لەمپەر بێت بۆ هەر شتێك ئەو مەیلی لێ بێت‌و ناتوانێت دەست لە کارو فەرمانی خودا بدات‌و کارزانە لە وەدیهێنان‌و فەرمان‌و گفتارو بەرنامەو شەریعەتیدا وە لە هەموو بڕیارەکانیدا. وە دەفەرموێت: ﴿ مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ ﴾ واتە: دروستکردنی هەموو خەڵکی‌و زیندووکردنەوەیان لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ دەسەڵاتی خوای مەزن وەك یەك کەس وایە، هەموو شتێك لای خودا ئاسانە، ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴾[3] واتە: بە ڕاستی کاری ئەو(خوا)یە ئەمەیە هەر کاتێك بیەوێت شتێك بەدی بێنێت پێی دەڵێت: ببە

[1] مسلم(١/٣٥٢).

[2] الكهف(١٠٩).

[3] يس(٨٢).

دەست بەجێ(ئەو شتە) دەبێت. وە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَمْرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٌ كَلَمْحٍۭ بِٱلْبَصَرِ﴾[1] واتە: وە فەرمانی ئێمە تەنها یەك جارە وەك چاوتروكانێك(وایە لە خێراییدا)، واتە تەنها یەك جار فەرمان دەدات ئیتر ئەو شتە دەبێت، پێویست بە جەختكردنو دووبارەكردنەوە ناكات. ﴿فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾[2] واتە: واتە: بێگومان ئەو زیندووبوونەوەیە هەریەك نەعرەتەیە، ئیتر كتوپڕ وان لە دەشتێكی سپی كاكی بە كاكیدا. ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ﴾ واتە: وەك چۆن قسەكانیان دەبیستێ كردارەكانیشیان دەبینێت هەر بەو شێوەیە توانای هەیە بەسەر هەموو كەسێكدا وەك چۆن توانای هەیە بەسەر یەك نەفەردا. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٠﴾﴾

باسی توانایی و گەورەیی خودا

خوای گەورە باسی ئەوە دەكات كە لە شەو دەخاتە سەر ڕۆژو لە ڕۆژیش دەخاتە سەر شەو. ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾ واتە: لە شەو دەگرێتەوە دەیخاتە سەر ڕۆژ، ڕۆژ درێژ دەبێتەوەو شەو كەم دەكات لە هاویندا، پاشان وردەوردە ڕۆژ كەم دەكاتو شەو درێژ دەبێتەوە لە زستاندا، ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ واتە: خۆرو مانگی ڕام هێناوە هەر یەكە بۆ ماوەیەكی دیاری كراو، هەندێ ئەڵێن هەتا ڕۆژی قیامەت. هەردوو ماناكە ڕاستە، بەڵگە لەسەر ڕای یەكەم ئەو فەرموودەیە كە ئەبو زەڕ(ڕەزای خوای لێ بێت) ڕیوایەتی كردووە، لە هەردوو سەحیحەكەدا هاتووە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(ئەی ئەبو زەڕ ئایا دەزانی ئەم خۆرە بۆ كوێ دەچێت؟) وتم: خوداو پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەزانن، فەرمووی:(ئەم خۆرە دەچێت لە ژێر عەرشدا سوژدە دەبات، پاشان مۆڵەت لە پەروەردگاری وەردەگرێت، نزیكە پێی بوترێت: بگەڕێرەوە بۆ ئەو شوێنەی كە لێوەی هاتووی).[3] ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ واتە: وە بە ڕاستی خوا بەوەی دەیكەن

---

[1] النازعات(١٣ــ١٤).

[2] القمر(٥٠).

[3] البخاري(٤٨٠٣)، مسلم(١٥٩).

خەبەرداره. ئەم ئايەتە وەك ئەو ئايەتە وايە كە خواى گەورە دەفـەرموويْت: ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾[1] واتە: ئايا نازانى بە ڕاستى خوا دەزانێت بـە هـەموو ئـەو شـتانەى لـە ئاسمـان‌و زەويدايە. واتە خواى مەزن وەديهێنەرەو ئاگاى لە هەموو شتێكە، وەك ئـەم ئايەتـە كـە دەفـەرموويْت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ﴾[2] واتە: خوا زاتێكە كە حەوت ئاسمانى دروسـت كـردووەو بە وێنەى ئـەوان زەويشى دروسـت كـردووه. وە فەرموويـەتى: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ﴾ واتە: بۆيە خواى گەورە نيشانەكانى دەردەخات بۆ ئێوە هەتا بيكەنە بەڵگە كە هەر ئـەو ڕاستەو هانا هەر بۆ ئەو دەبرێت بە تەنها، غەيرى خودا كەس هيچى بە دەست نيە، خودا پێويستى بـە كەس نيەو هەموو شتێك موحتـاجى ئـەوە، چونكە هەرچـى لـە ئاسمانـان‌و زەميندايـە هـەمووى خـودا خاوەنێتى‌و ئەو دروستى كردوون و عەبدى ئەون، هيچێك لەوانە تواناى جوڵانى بچوكترين شتى نيە بـە فەرمانى ئەو نەبێت، خۆ ئەگـەر هـەموو خـەڵكى سـەر زەمـين كۆببنـەوە كە مێشێك يـان مێشولەيەك دروست بكەن ناتوانن‌و لێيان نايـەت، بۆيـە خـواى گـەورە فەرموويـەتى: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ﴾ واتـە: ئەوەنـدە پايـە بـەرزە كـە هـيچ كـەس لـەوا پايەبەرزتر نيەو لە هەموو شتێكيش مەزنترە، هەموو شتێك ملكەچ‌و بێ ئەرزشە بەرامبەر خودا.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِنِعْمَتِ ٱللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنْ ءَايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٣١﴾ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ ﴿٣٢﴾﴾

خواى گەورە باسى ئەوە دەكات كە هەر خۆى دەرياى ڕام هێناوە هەتا كەشتيەكان تێدا بێن‌و بچن، بە سۆزو دلۆڤانى خۆى، چونكە ئەگەر خودا ئـەو توانايـەى نەدايە بـە ئـاو نەيدەتوانى ئـەو كەشتيانە هەڵگرێت‌و تێيدا بێن‌و بڕۆن، بۆيـە فەرموويـەتى: ﴿لِيُرِيَكُم مِّنْ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ واتـە: بـۆ ئـەوەى نيشانەكانى دەسەڵاتى خۆيتان پيشان بدات، ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ واتە: ئەمانە هـەموو بەڵگـەن بۆ ئەو كەسانەى كە لە كـاتى لێقـەومان‌و تووشبوونى ئـازاردا خـۆڕاگرن‌و كە كـاتێكيش لـە خۆشـيدان سوپاسى خوداى لەسەر دەكەن. پاشان خواى مەزن فەرموويـەتى: ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ﴾ واتـە:

---

[1] الحج(٧٠).

[2] الطلاق(١٢).

کاتێك كە ئاو وەك كێو یان هەور دەدات بەسەریاندا، ﴿دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ واتە: لەناخی دڵەوە لە خودا دەپاڕێنەوە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾[1] واتە: وە کاتێك لە دەریادا تووشی بەڵاو زیان بێن هەموو ئەو(پەرستراوانە)ی هاواریان لێ دەکەن ون دەبن بێجگە لە خوا. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلْفُلْكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾[2] واتە: ئەنجا کاتێك ئەو(بێباوەڕانە) سواری کەشتی دەبن(و ترسان لە نوقم بوون بۆدروست ئەبێت) تەنها هاوار لە خوا دەکەن بە دڵسۆزیو گەردنکەچیەوە. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ﴾ واتە: کاتێك کە ڕزگاریان ئەکات و ئەیانگەیەنێتە وشکانی هەندێکیان کافر دەبن. موجاهید دەڵێت: ﴿مُّقْتَصِدٌ﴾ یانی: خوانەناس. وەك ئەوەی کە ﴿مُّقْتَصِدٌ﴾ی مانا کردووە بەو کەسەی کە حاشا دەکاتو بێباوەڕ بووە،[3] وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾[4] واتە: کەچی کاتێك خوا ڕزگاریان دەکاتو دەگەنە وشکانی کتوپڕ ئەوان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ﴾ واتە: کەس نکوڵی لە نیشانەکانی ئێمە ناکات جگە لە پەیمانشکێنانی ناشوکر. ﴿خَتَّارٍ﴾ واتە: فێڵبازو فریودەر، ئەمە قسەی موجاهیدو حەسەنو قەتادەو مالیکە، لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە وەرگیراوە.[5] ئەو کەسەیە کە هەر پەیمانێکی دا پەیمانەکە دەشکێنن، واتە: زۆر فێڵبازو فریودەرە. ﴿كَفُورٍ﴾ واتە: حاشا لەو بەهرانە دەکاتو شوکرانەبژێر نیەو لە بیری خۆی دەباتەوەو باسی ناکات.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْاْ يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٣٣﴾﴾

---

[1] الاسراء(٦٧).
[2] العنكبوت(٦٥).
[3] الطبري(١٥٧/٢٠).
[4] العنكبوت(٦٥).
[5] الطبري(١٥٧/٢٠).

فەرماندان بە لە خوا ترسان و ترس و لەرز لە ڕۆژی قیامەت

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْاْ يَوْمًا ﴾ واتە: ئەی ئادەمی خۆ بپارێزن لە(تۆڵەی) پەروەردگارتان لەو ڕۆژەش بترسن، ﴿لَّا يَجْزِى وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾ واتە: هیچ باوکێك تاوانی ڕۆڵەکەی هەڵناگرێت و هیچ ڕۆڵەیەکیش شتێك لە تاوانی باوکی هەڵناگرێت بێگومان بەڵێنی خوا هەق و ڕاستە. خوای مەزن ترس وەبەر خەڵکی دێنێت بە هاتنی ڕۆژی قیامەت، بۆیە فەرمانیان پێدەکات کە بیپەرستن و ترسی ئەویان لە دڵدا بێت و لە ڕۆژی قیامەتیش بترسن بۆیە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿لَّا يَجْزِى وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ ﴾ واتە: ئەگەر باوك بیەوێت گیانی لە باتی کوڕەکەی بدات لێی قەبوڵ ناکرێت، هەروەها ڕۆڵەکەیش بیەوێت گیانی خۆی لە پێناوی باوکیدا ببەخشێن لێی قەبوڵ ناکرێت، پاشان خوای گەورە جارێکی تر ئامۆژگاریان دەکات و دەفەرمووێت: ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ﴾ واتە: نابێت ژیانی دنیاو حەسانەوە تیایدا واتان لێ بکات کە دواڕۆژتان لەبیربچێتەوە، ﴿وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴾ واتە: با شەیتان فریوتان نەدات لەبەر بەخشندەیی و دلۆڤانی خودا، ئەمە قسەی ئیبنو عەباس و موجاهیدو زەححاك و قەتادەیە.[1] چونکە شەیتان بەڵێن دەدات بە فەرزندەکانی ئادەم و ئاوات و شتی زۆر دەخاتە دڵیانەوە، بەڵام هیچ نیە هەر فریودانە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴾[2] واتە:(شەیتان) بەڵێنیان پێ دەدات و ئاوات و ئومێدیان دەخاتە بەر دڵنیا بن شەیتان هیچ بەڵێنێکتان پێ نادات جگە لە خەڵەتاندن نەبێت، وەهەبی کوڕی مونەبیە دەڵێت: عوزەیر(سەلامی خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك بەڵای گەلەکەم بینی زۆر غەمگین بووم و دڵم ناڕەحەت بوو و خەوم نەما، لە پەروەردگارم پاڕامەوەو نوێژم کردو ڕۆژوم گرت، ئا لەو کاتەدا کە من دەپاڕامەوەو دەگریام، کاتێکم زانی فریشتەیەك هاتە لام، پێم وت: ئایا گیانی ڕاستگۆیان تکا دەکەن بۆ ناهەقیکاران یان ڕۆڵەکان تکا دەکەن بۆ باوکەکانیان؟ وتی: لە ڕۆژی قیامەتدا فەرمانی هەڵاوێران و جیاکردنەوە دەست پێدەکات و دەسەڵات و گەورەیی دیارە، مۆڵەتی تێدا نیە هیچ کەس قسە بکات بە ئیزنی خودا نەبێت، باوك لە جیاتی کوڕیدا ناگیرێت و کوڕیش لە جێی باوك گیر ناخوات، نە برایش لە جێی برا گیر دەدرێت و نە بەندەیش لە جێی خاوەنەکەی دەگیرێت، هەر کەسە غەمی خۆیەتی و کەس

---

[1] الطبري(٢٠/١٥٩).

[2] النساء(١٢٠).

نایە بە هاواریەوە، کەسیش بۆکەس غەمگین نیە،کەسیش بەزەیی پێیدا نایەتەوە، هەموو کەسێك تەنها بۆ خۆی بە سۆزە، کەس لە بری کەس گیرۆدە نابێت، نەفسی نەفسیە، هەر کەسەو سەرقاڵی کاری خۆیەتی و هەرکەسەو بۆ داماوی خۆی دەگری، کۆڵی خۆی هەڵگرتووە کەس کۆڵی بۆ هەڵناگرێتو یارمەتی نادات، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴿٣٤﴾ ﴾

زانا بە نادیارەکان هەر خودایە

ئەمە کلیلی نادیارەکانە، خودا خۆی نەبێت کەس لێی ئاگادار نیەو کەسیش نایزانێت کەسێك نەبێت خودا خۆی ئاگاداری بکات، زانینی هاتنی ڕۆژی قیامەت پێغەمبەرانو فریشتە نزیکەکانیش لێی ئاگادار نین، ﴿لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ﴾[1] واتە: هیچ کەس(ناتوانێت) کاتەکەی ئاشکرا بکات جگە لە(پەروەردگار). هەروەها باران بارین هیچ کەس نایزانێت خوا نەبێت، بەڵام کاتێك فەرمانی دا بە بارینی ئەو فریشتانەی ئەو کارەیان پێ سپێردراوە دەیزانن، وە هەر کەسێکی تریش خۆی مەیلی لێ بێت ئاگاداری دەکات. وە هیچ کەسێکیش ئاگای لەوە نیە لە ڕەحمدایە کە خودا دەیەوێت وەدی بهێنێت غەیری خودا خۆی، بەڵام کاتێك فەرمانی دا کە نێر بێت یان مێ، بەختەوەر بێت یان بەدبەخت، ئەو فریشتانەی ئەو کاررەیان پێ سپێردراوە ئاگادار دەبنو هەر کەسێك خودا خۆی مەیلی لێ بێت لە دروستکراوەکانی ئاگاداری دەکات. هەروەها کەسیش نازانێت کاری سبەی ڕۆژی چیە لە دنیاداو دواڕۆژیشیدا. ﴿وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ﴾ ئایا لە وڵاتی خۆیدا دەمرێت یان لە وڵاتێکی تر کەس ئاگاداری لەو بارەیەوە نیە، ئەم ئایەتە لەو ئایەتە دەچێت کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾[2] واتە: وە کلیلی هەموو نهێنیەکان هەر لای خوایە کەس نایانزانێت بێجگە ئەو(خوا). فەرموودە زۆر هاتووە ناوی ئەم پێنجەی هێناوە بە کلیلەکانی نهێنی ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو بورەیدەوە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی:(پێنج شت هەن خوای گەورە نەبێت کەس نایزانێت ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ

[1] الاعراف(١٨٧).

[2] الانعام(٥٩).

مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴾[1]. ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی ڕاستە. فەرموودەی ئیبنو عومەر، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (کلیلەکانی نهێنی پێنجن، هیچ کەسێك نایانزانێت خودا نەبێت ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴾[2]. بە تەنها بوخاری خۆی هێناویەتی لە کتێبی (ئیستیسقا)دا لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە.[3] وە لە تەفسیرەکەیشدا بە شێوەیەکی تر دیسان ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(کلیلەکانی نهێنی پێنجن پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِ﴾) تا کۆتایی ئایەتەکە هەر بوخاری هێناویەتی.[4] فەرموودەی ئەبو هورەیرە، بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆژێك لەناو خەڵکدا بوو، پیاوێك هات و ڕۆیشتە لای و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) باوەڕ چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(باوەڕ ئەوەیە بڕوا بکەی بە خواو بە فریشتەکان و بە کتێبەکانی خوداو بە خزمەت گەیشتنی خوداو پێغەمبەرانی و بە زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی) پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئیسلام چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئیسلام ئەوەیە کە عیبادەتی خوا بکەی و شەریکی بۆ دانەنێیت و نوێژی فەرز بکەی و زەکاتی فەرز بدەیت و ڕۆژوی ڕەمەزان بگریت)، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئیحسان چیە؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(ئیحسان ئەوەیە کە عیبادەتی خودا وا بکەی وەك ئەوەی کە دەیبینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی بێگومان خودا تۆ دەبینێت) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەی قیامەت هەڵدەسێت و دێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(پرسیارلێکراو لەوکەسەی کەپرسیاردەکات زاناتر نیە، بەڵام هەواڵت دەدەمێ لە بارەی نیشانەکانی قیامەتەوە: کاتێك کەنیزەك سەرۆکی خۆی لێ بوو، ئەوە لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەتە، وە کاتێك کە پێخاوس و ڕووت و قووت بوون بە گەورەی خەڵك ئەوە لە نیشانەکانی قیامەتە، لەناو پێنج شتدا لە غەیری خوا کەس نایانزانێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِ﴾، پاشان پیاوەکە ڕۆیشت.

---

[1] احمد(٥/٣٥٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] احمد(٢/٢٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري(٢/٦٠٩).

[4] فتح الباري(٨/٣٧٣).

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (پیاوەکەم بۆ بگێڕنەوە)، چوون بیگێڕنەوە کەسیان نەدی. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەوە جوبرەئیل بوو هات بۆ ئەوەی ئاینەکەتان فێر بکات).[1] بوخاری دیسان ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی ئیماندا، موسلیمیش لە چەند ڕێگاوە ڕیوایەتی کردووە.[2] کە لە ئەوەڵی شەرحی بوخاریدا قسەمان لێ کردو باسی ئەو فەرموودەی گەورەی موسڵمانانمان کرد عومەری کوڕی خەتاب لەو بارەیەوە بە درێژی ڕیوایەتی کردووە، کە موسلیم هێناویەتی. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ﴾ قەتادە دەڵێت: چەند شتێکە خوا تایبەتی کردووە بە خۆیەوە، فریشتە نزیکەکانیشی لێی ئاگادار نەکردووە لەگەڵ پێغەمبەرەکانیشدا (سەلامی خوایان لێ بێت)، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ بە دڵنیاییەوە خوا زاناو ئاگادارە واتە: هیچ کەسێك لە خەڵك نازانێت کەی قیامەت دێت لە چ ساڵێدا یان چ مانگێکدا یان لە چ شەوو ڕۆژێکدا، ﴿وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ﴾ واتە: هیچ کەس نازانێت کەی باران دەبارێت شەو یان ڕۆژ، ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْأَرْحَامِ﴾ واتە: کەسیش نازانێت چی لە ڕەحمدایە ئایا نێرە یان مێ، سورە یان ڕەشە، ئەمە چ شتێکە ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا﴾ واتە: هیچ کەسێك نازانێت سبەی ڕۆژ چ کارێك دەکات چاکە دەکات یان خراپە، ئەی نەوەی ئادەم تۆ نازانی کەی دەمری لەوانەیە سبەی توشی لێقەومانێك ببێت، ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ﴾ یانی: هیچ کەسێك لەخەڵکی نازانێت سبەی لەکوێی ئەم زەویەدا ڕادەکشێ، سبەی بمریو گیانت دەرچێت یان لەوانەیە لە وشکانیدا، لەناو کێودا، یان لەناو دەشتدا.[3] لە فەرموودەیەکدا هاتووە:(خوای گەورە کاتێك بیەوێت گیانی عەبدێکی بکێشێت لەسەر زەمینێکدا پێویستیەکی بۆ وەدی دەهێنێت لەو شوێنەدا).[4] حافیز ئەبول قاسمی تەبەرانی(الحافظ أبو القاسم الطبراني) ڕیوایەتی کردووە لە موعجەمە گەورەکەیدا(المعجم الكبير) لە موسنەدی ئوسامەی کوڕی زەیددا دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(خودا مردنی عەبدێکی بڕیار نەداوە لەسەر زەمینێکدا مەگین پێویستیەکی بۆ وەدی هێناوە لەو سەر زەمینەدا).[5]

---

[1] فتح الباري(٣٧٣/٨).

[2] فتح الباري(١٤٠/١)، مسلم(٣٩/١).

[3] الطبري(١٦٠/٢٠).

[4] الحاكم(٤٢/١).

[5] الطبراني(١٧٨/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

سورەتی(السجدة)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

ڕێزی سورەتی(الف، لام، میم)ی سەجدە

بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی(الجمعة)دا لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەیانی ڕۆژی هەینیدا، ﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ﴾ سەجدەو ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ﴾ دەخوێند،[1] موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە.[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە جابیرەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نەدەخەوت تا ﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ﴾ی سەجدەو ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ﴾ی دەخوێند.[3] تەنها ئیمامی ئەحمەد خۆی هێناویەتی.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۚ بَلۡ هُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٖ مِّن قَبۡلِكَ لَعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ ۝٣﴾

قورئان کتێبی خودایەو هیچ گومانێکی تێدا نیە

لە پێشەوە قسە کرا لەسەر ئەم پیتانە لە سورەتی(البقرة)دا پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ﴾ واتە: ئەم کتێبە ڕەوانە کراوە هیچ گومانێکی تێدا نیە، ﴿مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە: لە لایەن ڕاهێنەری جیهانەوە نێردراوە. پاشان خوای مەزن باسی موشریکەکان دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُ﴾ واتە: بەڵکو دەڵێن: هەڵی بەستووە، واتە: خۆی ئەمەی دروست کردووەو قسەی خۆیەتی، ﴿بَلۡ هُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٖ مِّن قَبۡلِكَ لَعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ﴾ واتە: بەڵکو ئەم قورئانە ڕاستەو لە لایەن پەروەردگارتەوە ڕەوانەکراوە، تا بە هۆی ئەم قورئانەوە ترس وەبەر گەلێ بێنێت، کە لە پێش تۆ کەس نەی ترساندوون، بەڵکو ڕێی ڕاست بگرنەبەر.

[1] فتح الباري(٢/٤٣٨).

[2] مسلم(٢/٥٩٩).

[3] أحمد(٢/٣٤٠)، فەرموودەیەکی لاوازە.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ذَٰلِكَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦﴾ ﴾

هەر خودا وەدیهێنەرو بەڕێوەبەری بوونەوەرە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾ واتە: خوای گەورە باسی ئەوە دەكات كە ئەو وەدیهێنەری هەموو شتێكەو ئاسمانەكانو زەمینو ئەوەی لە نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستی كردووە، پاشان لەسەر تەخت دامەزراوە، لە پێشەوە لەو بارەیەوە دواوین. ﴿مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ﴾ واتە: بەڵكو هەر ئەو خاوەن دەسەڵاتەو هەموو شتێك موڵكی ئەوەو ئەو دروستی كردووەو ئەو بەڕێوەی دەباتو توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، هیچ دۆستو گەورەیەك نیە عەبدەكانی پشتی پێ ببەستنو تكایان بۆ بكات، خۆی نەبێتو بە ئیزنی ئەو نەبێت. ﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ واتە: ئەی ئەو كەسانەی غەیری خوا دەپەرستنو پشت بە غەیری خوا دەبەستن، خودا زۆر پاكو بێ عەیبە دوورە لەوەی كە هاوەڵو هاوێنەی هەبێت، شەریكی نیەو تەنهایە هیچ پەرستراوێك نیە ئەو نەبێتو غەیری ئەو پەروەردگارێكی تر نیە. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ ﴾ واتە: فەرمانی خۆی دادەبەزێنێت لە ئاسمانە هەرەبەرزەكانەوە بۆ نزمترین شوێنی حەوت تەبەقەی زەمین وەك فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ﴾[1] واتە: خوا زاتێكە كە حەوت ئاسمانی دروست كردووەو بە وێنەی ئەوان زەویشی دروست كردووە فەرمانی خوا لە نێوانیاندا دادەبەزێت. كردارەكان بەرز دەكرێتەوە بۆ ئەو بارەگایە لە سەرو ئاسمانی دنیاوە، ماوەی نێوانی ئەو شوێنەو سەر زەمین پێنج سەد ساڵە، بارستایی(سمك) ئەو ئاسمانە پێنج سەد ساڵە، موجاهیدو قەتادەو زەحاك دەڵێن: دابەزینی ئەو فریشتەیە بۆ ماوەی ئەو پێنج سەد ساڵەو بەرزبوونەوەی كە ماوەی پێنج سەد ساڵە، لە چاوتروكانێكدا دەیبڕێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ واتە: لە ڕۆژێكدا(قیامەتدا) كە ئەندازەكەی هەزار ساڵە لەو ساڵانەی ئێوە دەیژمێرن. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ ذَٰلِكَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ واتە: ئەو(خوا)

[1] الطلاق(١٢).

زانایە بە هەموو نهێنیو ئاشکرایەك بە دەسەلاتو میهرەبانە. واتە هەر خودایە کاروباری هەموو شتەکان بەڕێوە دەباتو شایەتە بەسەر کردەوەی عەبدەکانیەوە هەرچیان کردووە گەورەو بچووك دیارو نادیار بەرزدەکرێتەوە بۆ لای ئەو، خاوەن دەسەلاتێکی وایە کە ملی دانەواندووە بە هەموو کەسێكو زاڵ بووە بەسەریداو ملی پێ شۆڕکردووە. خاوەنی سۆزو بەزەییە بۆ باوەڕداران، لە کاتی دەسەلاتیدا هەر بە بەزەییەو لە کاتی دلۆڤانیشدا هەر خاوەن دەسەلاتە، ئاخۆ ئەوەیە کەمالو پاكو بێ عەیبی دەسەلات لەگەڵ بەزەییدا، بەزەیی لەگەڵ دەسەلاتدا، خاوەنی بەزەییەو بێ کەمو کوڕییە.

﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلًا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴿٩﴾ ﴾

گۆڕانکاریەکانی خودا لە وەدیهێنانی مرۆڤدا

خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەر خۆی هەموو شتەکانی بە ڕێکوپێکیو تەواوی دروستی کردووە هیچ کەموکوڕیەکیان تێدا نیە، مالیك دەڵێت: لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥ﴾ واتە: بە ڕێکوپێکی هەموو شتێکی دروست کردووە مرۆڤیشی لە هەوەڵەوەو لە دوایشدا هەر بە ڕێکوپێکی دروستی کردووە، پاش ئەوەی خوای گەورە باسی دروستبوونی ئاسمانەکانو زەمینی کردووە، کە دێتە سەر باسی وەدیهێنانی مرۆڤ فەرموویەتی: ﴿وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٍ﴾ واتە: ئادەمیشی لە سەرەتادا لە قوڕ دروست کردووە، ﴿ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ﴾ واتە: زاوزێ دەکەن بەهۆی ئەو تنۆکە ئاوە کەم بایەخەوە کە دەردەچێت لە پشتی پیاوو سنگی ژنەوە، ﴿ ثُمَّ سَوَّىٰهُ ﴾ واتە: پاشان ئادەمی دروست کرد زۆر بە جوانیو ڕێكو پێکی، ﴿وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ﴾ واتە: لە گیانی تایبەتی خۆی کرد بە بەریداو گوێچکەو چاوو دڵیشی پێدا، ﴿قَلِيلًا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴾ واتە: هەندێکی کەمتان سوپاسی خودا دەکەن لەسەر ئەو توانایەی کە خوای گەورە پێی داون، بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لە خواپەرستیو ڕەزامەندی ئەودا بەکاریان دێنێت.

﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِى ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِى خَلۡقٍ جَدِيدٍۢۚ بَلۡ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ كَٰفِرُونَ ﴿١٠﴾ ۞ قُلۡ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلۡمَوۡتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ﴿١١﴾ ﴾

وەڵامی ئەو کەسانەی کە زیندووبوونەوە بە دوور دەزانن

خوای گەورە باسی موشریکەکان دەکات کە چەندە بە دووری دەزانن زیندوو بکرێنەوە کاتێك ئەڵێن وەك خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: کاتێك لاشەمان پارچە پارچە بوو پژاو تواوە لە ناو زەویداو نەماو ڕۆیشت، ﴿أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ پاش ئەوە جارێکی تر زیندوودەبینەوەو وەك خۆمان لێ دێتەوە، ئەوەیان بە لاوە زۆر دوورو مەحاڵە، بەڵێ ئەوە بە لای لاوازیو بێهێزی ئەوانەوە دوورە بەڵام بە لای تواناو دەسەڵاتی خوداوە کە یەکەم جار وەدی هێناون لە نەبوونەوە کە مەیلی لە هەر شتێك ببێت دەفەرمووێت ببە، دەبێت، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿بَلْ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ كَٰفِرُونَ﴾ واتە: بەڵکو ئەوانە بڕوایان بە ڕووبەڕووبوونەوە نیە لەگەڵ خودا، پاشان فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ﴾ واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ فریشتەی گیان کێشان کە گیان کێشانی ئێوەی پێ سپێردراوە دەتانمرێنێت. لەم ئایەتەوە وا دەردەکەوێت کە فریشتەی گیان کێشان فریشتەیەکی دیاریکراوە لەناو فریشتەکاندا، وەك چۆن دەردەکەوێت لە فەرموودەکەی بەرائدا کە لە پێشەوە باسکرا لە سورەتی(ابراهیم)دا، وەك لە هەندێ قسەی پێشینەکاندا هاتووە بە عیزرائیل ناوبانگی دەرکردووەو فریشتەی تریشی لەگەڵە، وەك قەتادەو کەسانی تریش وتوویانە.[1] وە هەر بەو شێوەیە لە فەرموودەدا هاتووە کە ئەو کۆمەڵەی لەگەڵیەتی گیانەکان لەهەموو بەشەکانی لەشدا دەردەهێنن گیانەکان دەگەنە قوڕقوڕاگە فریشتەی گیان کێشان لەوێدا وەری دەگرێتو دەیبات، موجاهید دەڵێت: زەمینی بۆ کراوەتەوە لەبەر دەستیدایە وەك تەشتێك(تاسەیەك) هەر کاتێك ئارەزوو بکات دەستی دەیگاتێ.[2] ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: پاشان دەبرێنەوە بۆ لای خوا کاتێك کە زیندوو دەکرێنەوەو هەڵدەستن لەناو گۆڕەکانتاندا بۆ پاداشتدانەوە.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُواْ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ ﴿١٢﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾ فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمْ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾﴾

[1] الطبري(٢٠/١٧٥).

[2] الطبري(٢٠/١٧٥).

باسی خراپی گوزەرانی موشریکەکان لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە باسی حاڵو گوزەرانی خراپی بتپەرستان دەکات کاتێك بە چاوی خۆیان زیندووبوونەوە دەبینن‌و لە خزمەتی خودای مەزندا دەوەستن، سەر شۆڕو خەجاڵەتن سەر بەرزناکەنەوە لە شەرماندا وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا﴾ ئەڵێن: ئێستا ئێمە گوێت بۆ دەگرین‌و فەرمانەکانت بەجێ دێنین، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا﴾[1] واتە: ئای کە چەندە بیسەرو بینەرن ڕۆژێك کە دێنەوە بۆ لامان(لە قیامەتدا). بەم شێوەیە دەچنەوە بە خۆیانداو لۆمەی خۆیان دەکەن کاتێك کە چوونە ناو ئاگر ئەڵێن: ﴿لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾[2] واتە: ئەگەر قسەی(پێغەمبەران)مان ببیستایە یان تێبگەیشتینایە ئەمڕۆ لە هاوڕێیانی دۆزەخ نەدەبووین. هەر بەو شێوەیە ئەو کەسانەی کە بتپەرستن ئەڵێن: ﴿رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا﴾ واتە: ئەی خودایە بە چاو بینیمان‌و بە گوێ بیستمان بمانگێڕەوە بۆ ژیانی دنیا، ﴿نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾ واتە: کاری چاك دەکەین چونکە چاك زانیومانەو بۆمان دەرکەوتووە کە بەڵێنی تۆ ڕاستەو هاتن بۆ لات ڕاستە، خوای گەورە خۆی چاکیان دەناسێت‌و ئاگای لێیانە، ئەگەر بیانگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی دنیا دیسان دەچنەوە سەر هەمان‌و کارو وەك خۆیان لێدێتەوەو دەست دەکەنەوە بە خوانەناسی‌و بڕوا بە نیشانەکانی خودا ناکەن‌و دژایەتی پێغەمبەرەکانی دەکەن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی لە ئایەتێکی تردا: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا﴾[3] واتە: وە ئەگەر بیانبینیت کاتێك لەسەر قەراغی دۆزەخ وەستێنراون کە دەڵێن: خۆزگە دەگەڕێنراینەوە بۆ دنیاو بەڵگەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەدەزانی. وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَـَٔاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا﴾ واتە: ئەگەر بمانویستایە ڕێنموونیمان بە هەموو کەسێك دەدا. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَـَٔامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا﴾[4] واتە: وە ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە ئەو(خەڵکەی) وا لە زەویدا هەموو تێکڕا بڕوایان دەهێنا. ﴿وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى

---

[1] مریم(٣٨).

[2] الملك(١٠).

[3] الانعام(٢٧).

[4] یونس(٩٩).

لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ واتـه: لـه هـەردوو دەستـەكە ئـاگر دەوری داون‌و هـیچ پەناو شوێنێك نیە ڕووی تێ بكەن‌و بۆی بچن، پەنا دەگرین بە خـواو نـاوە جوانـەكان‌و مەزنـەكانی لـەو ئاگرە، وە دەفەرمووێت: ﴿فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ﴾ واتە: دەڵێت بە خەڵكی ناو ئـاگر بـە شێوەی سەرزەنشت‌و تانەو تەشەرلێدان دەی ئەو سزایە بچێژن بە هۆی ئەو بێباوەڕی‌و بـەدوور زانـین‌و لەبیركردنی ئەو ڕۆژە وەك ئەوەی كە هەرگیز ڕوونادات. ﴿إِنَّا نَسِينَٰكُمْ﴾ واتە: ئێمەش ئێوە لـەبیر خۆمان دەبەینەوە، خوای گەورە هیچی لەبیر ناچێت‌و لێی ون نابێت بـەڵكو ئەمـە لـە شـێوەی كـرداری مامەڵەی بەرامبەرە وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾[1] واتە: ئـەمڕۆ لە بیرتان دەكەین هەرچۆنێك ئێـوە ئـەم ڕۆژەتـان لـەبیر چـووبوو. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: تا هەتایە سزا بـچێژن بـە هـۆی ئـەو بێبـاوەڕی‌و خوانەناسـیەتانەوە وەك خوای گـەورە لـە ئایـەتێكی تـردا فەرموویـەتی: ﴿لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿٢٥﴾ جَزَآءً وِفَاقًا ﴿٢٦﴾ إِنَّهُمْ كَانُواْ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴿٢٧﴾ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا ﴿٢٨﴾ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا ﴿٢٩﴾ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾[2] واتە: تێیدا ناچەژن نە سـاردی‌و فێنكـی‌و نـە خواردنـەوە، مەگەر ئاوی لە كوڵ‌و كێم‌و زووخاو، پاداشت دەدرێنەوە بە پێی كردەوەكانیان، چونكە بێگومان ئـەوان بە تەمای لێپرسینەوە نەبوون، وە ئایەتەكانی ئێمەیان بە درۆ دەزانی چۆن بە درۆ زانینێك، لە كاتێكدا هەموو شتێكمان ژماردووە(لەسەریان) بە نووسین، ئینجا بچەژن(سزای خۆتان) هیچتان بۆ زیاد ناكـەین سزا نەبێت.

﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِهَا خَرُّواْ سُجَّدًا وَسَبَّحُواْ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾﴾

ژیان و گوزەرانی خاوەن باوەڕو پاداشتیان

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ واتە: ئەی كەسانەی بڕوایان بە نیـشانەكانی ئێمـە هەیەو بە ڕاستی دەزانن، ﴿ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِهَا خَرُّواْ سُجَّدًا﴾ واتە: كاتێـك كـە گـوێی بـۆ دەگـرن بـە

[1] الجاثیة(٣٤).

[2] النبأ(٢٤ـ٣٠).

کردارو گفتار پێی هەڵدەسن و شوێنی دەکەون، ﴿وَسَبَّحُواْ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ واتە: سوپاسی خودا دەکەن و باسی پاک و بێ عەیبی ئەو دەکەن و خۆیان بە زل نازانن و گوێڕایەڵن، بە پێچەوانەی ئەو خۆ بە زلزان و لادەرو خوانەناسانە، وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن کە بمپەرستن لەمەوپاش بە سەرشۆڕی دەچنە دۆزەخەوە. پاشان فەرموویەتی: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ﴾ مەبەست پێی شەونوێژکردن و وازهێنانە لە خەوتن و پاڵکەوتن لەناو جێگەی گەرم و نەرمدا، موجاهیدو حەسەن لەم ئایەتەدا: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ﴾ دەڵێن: مەبەست پێی شەونوێژکردنە.[2] زەحەاك دەڵێت: واتە: نوێژی عیشا بە جەماعەت و نوێژی بەیانی بە جەماعەت. ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ واتە: بە ترس و بە ئومێدەوە لە خوا دەپاڕێنەوەو لە سزای دەترسن و بە تەمای پاداشتی زۆریشن، ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ واتە: لەو سامانەی کە پێمان بەخشیون ئەوەی فەرزە لەسەریان دەیدەن و خێروبێری زۆرتریشی لێ دەکەن، پێشەنگ و مەزن و جێی شانازی هەمووان لە بەخشندەییدا لە دنیاو لە دوارۆژ پێغەمبەری خودایە(ﷺ)، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەردا بووم(ﷺ) لە سەفەرێکدا ڕۆژێك لێیەوە نزیك بووم هەموو بەڕێوە بووین وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاگادارم بکە لە کارێك کە بمخاتە بەهەشت و لە ئاگر دوورم بخاتەوە فەرمووی:(بە ڕاستی تۆ پرسیارت لە شتێکی زۆر مەزن کردووە، بەڵام ئاسانە بۆ کەسێك کە خوا بۆی ئاسان بکات، عیبادەتی خوا بکەو هاوەڵی لە هیچ شتێکدا بۆ دامەنێ، نوێژ بکەو زەکات بدەو ڕۆژو بگرەو حەج بکە، پاشان فەرمووی: ئایا دەروازەکانی چاکەت پیشان بدەم؟ ڕۆژو قەڵغانە، خێرکردن تاوان دەکوژێنێتەوە، وە نوێژی پیاوێك لە شەودا، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ﴾ تا ئەم ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ پاشان فەرمووی: ئایا خەبەرت بدەمێ بە سەرو ئەستون و لوتکەی بەرزی ئەم کارە؟) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(سەری ئەم کارە ئیسلامە ئەستونەکەی نوێژە لوتکەی بەرزیشی جیهادکردنە لە ڕێی خودا، پاشان فەرمووی: ئایا هەواڵت بدەمێ بەسەری ئەمانە هەمووی؟) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، جا پێغەمبەر(ﷺ) زمانی خۆی گرت و

---

[1] الغافر(٦٠).

[2] الطبري(٢٠/١٨٠).

پاشان فەرمووی: (ئەمەی خۆت بگرەو بپارێزە). وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا سزا دەدرێین بەوەی کە بە زمان دەیڵێین؟ فەرمووی: (دایکی خۆت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکا! ئەی مەعاز، ئایا خەڵکی لەناو ئاگردا لەسەر دەمو چاویان ڕادەکێشرێت هەموو بەرهەمی زمانیان نیە؟)[1] تیرمزیو نەسائیو ئیبنو ماجەیش ڕیوایەتیان کردووە، تیرمزی دەڵێت: چاکو ڕاستە(حسن صحيح).[2] خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ واتە: هیچ کەسێك نازانێت مەزنی ئەو شتەی کە خودا بۆی شاردوونەتەوە لەو بەهەشتو بەهرە زۆرە نەبڕاوەو هەتاهەتاییانەو تامو چێژێکی وەها زۆر کەس نەیدیوەو نەیبیستووەو بە دڵیشیدا نەهاتووە، لەبەر ئەوەی ئەوانە کردەوەکانی خۆیان دەشاردنەوە خوایش ئەم بەهەشتو هەموو بەهرەی پێداون لە بەرامبەر ئەو کارانەیاندا، چونکە پاداشت لە شێوەی کردارە، حەسەنی بەسری دەڵێت: کۆمەڵێك کردارەکانیان شاردەوە، خودایش شتێکی بۆ ئەوان شاردەوە چاو نەیدیوەو بە دڵی کەسیشدا نەهاتووە ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. بوخاری دەڵێت خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ پاشان ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی:(خوای مەزن فەرموویەتی: ئامادەم کردووە بۆ بەندە چاکەکانم شتێك کە چاو نەیبینیوەو گوێ نەیبیستووەو بە دڵی کەسیشدا نەهاتووە). ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەگەر حەز دەکەن ئەم ئایەتە بخوێنن: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾.[3] موسلیمو تیرمزیش ڕیوایەتیان کردووە، تیرمزی دەڵێت: فەرموودەیەکی دروستو ڕاستە.[4] وە لە ڕیوایەتێکی تردا لە بوخاریەوە هاتووە:(بە دڵی کەسیشدا نەهاتووە دانراوە(پاشەکەوت کراوە) غەیری ئەوەی ئێوە لێی ئاگادارن).[5] وە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(هەر کەسێك دەچێتە بەهەشت کەیف خۆشەو ڕادەبوێرێتو نائومێد نیەو بێتاقەت نابێت، جلوبەرگی خراپ نابێتو نارزێت گەنجێتیشی لەناو ناچێتو ناڕواتو هەر دەمێنێت، لەناو بەهەشتدا شتی وا هەیە چاو نەیبینیووەو گوێ نەیبیستووەو بە دڵی

---

[1] احمد(٥/٢٣١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الأحوذي(٧/٣٦٢)، النسائي في الكبرى(٦/٤٣٨)، ابن ماجه(٢/١٣١٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] فتح الباري(٨/٣٧٥).

[4] مسلم(٤/٢١٧٤)، تحفة الأحوذي(٩/٥٦).

[5] فتح الباري(٨/٣٧٥).

کەسیشدا نەهاتووە)، موسلیم ڕیوایەتی کردووە.[1] ﴿جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ واتە: ئەم پاداشتە(دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە.

﴿أَفَمَن كَانَ مُؤۡمِنٗا كَمَن كَانَ فَاسِقٗاۚ لَّا يَسۡتَوُۥنَ ١٨ أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلۡمَأۡوَىٰ نُزُلَۢا بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٩ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۖ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا وَقِيلَ لَهُمۡ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ٢٠ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَدۡنَىٰ دُونَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَكۡبَرِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٢١ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعۡرَضَ عَنۡهَآۚ إِنَّا مِنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ٢٢﴾

خاوەنباوەڕو لەڕێ دەرچوو وەك یەك نین

خوای گەورە باسی عەدالەتو ڕێزی خۆی دەکات کە ئەوانەی بڕوایان بووە بە نیشانەکانیو شوێنی پێغەمبەرەکانی کەوتوونو ئەوانەی کە لایان داوەو فەرمانەکانی ئەویان بەجێ نەهێناوەو بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی نەهێناوە وەك یەك نین لە لای خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بەڵکو هەریەکە بە پێی کرداری خۆی لێی دەپرسێت، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾[2] واتە: ئایا ئەوانەی کە کارەخراپەکانیان کردووە وا گومان دەبەن ئێمە ئەوانە وەکو کەسانێك دادەنێین کە بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە وەکو یەك بێت، چ ژیانیان و چ مردنیان، ئای چەند خراپ دادوەری دەکەن. وە دەفەرموێت: ﴿أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ﴾[3] واتە: ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە لەگەڵ خراپەکاران لە زەویدا وەك یەکیان دادەنێین(لە دواڕۆژدا، نەخێر وا نیە) یان پارێزکاران وەك بەدکاران لێ دەکەین. وە لە ئایەتێکی تریشدا فەرموویەتی: ﴿لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ﴾[4] واتە: دۆزەخیانو بەهەشتیان وەك یەك نین. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤۡمِنٗا كَمَن كَانَ

---

[1] الطبري(٢٠/١٨٦)، مسلم(٤/٢١٨١).

[2] الجاثية(٢١).

[3] ص(٢٨).

[4] الحشر(٢٠).

فَاسِقًاۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خاوەن باوەڕو لـە ڕێ لادەر وەك یـەك نـین، عـەتای كـوڕی یەسارو سودیو كەسانی تریش دەڵێن: ئـەم ئایەتـە هاتووەتـەخوار لەسـەر عـەلی كـوڕی ئـەبو تالیـبو عوقبەی كوڕی ئەبو موعیت[1]. بۆیە خوای مەزن حوكمەكەی جیاكردوونەتەوەو فەرموویەتی: ﴿ أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾ واتە: جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو كردەوە چـاكەكانیان كـردووە واتـە بـە دڵ بڕوایان بە نیشانەكانی خودا هێناو بەو پێیەش ئاكاریان چـاك بـووە، ﴿فَلَهُمْ جَنَّـٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ ﴾ واتـە: شوێنی چاكو باغاتی جوانو كۆشكی بەرزیان پێدەدرێت، ﴿نُزُلًۢا﴾ واتە: میوانداریو ڕێزلێنانێكە بۆیان، ﴿بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ یانی: لە پاداشتی ئەو كردەوانەی كـە كردوویانـە، ﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ۖ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا﴾ واتە: ئەوانـەی كـە دەرچـوون لـە فـەرمانی خـودا شـوێنیان نـاو ئاگرە، هەر كاتێك بیانەوێت لێی دەرچن، دەیانخەنەوە ناو ئاگر. وەك ئـەم ئایەتـەی كـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا﴾[2] واتـە: هـەر كاتێـك بیانـەوێت كـە بێنە دەرەوە لەو(دۆزەخ)ە لەبەر زۆر گەرمی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ناوی. فـوزەیلی كـوڕی عـەیاز دەڵێـت: سوێند بـە خـوا دەسـتیان بەسـتراوەو شـەتەك دراوەو قاچیان زنجیر كراوەو بڵێسـەی ئـاگر بـەرزیان دەكاتەوەو فریشتەكان بەرەو خواریان دەكەنەوە بۆ ناو ئاگرەكە. ﴿وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴾ واتـە: پێیـان دەوترێـت بچەژن سزای ئـەو ئـاگرەی كـە ئێـوە باوەڕتـان پـێ نـەدەكرد. واتـە ئـەوەیان پـێ ئـەڵێن بـۆ زیـاتر سـوكایەتی پێكردنو دڵ گـران كردنیـان، خـوای مـەزن دەفـــەرمووێت: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ واتـــە: وە بەڕاستی ئێمە سزای دنیایان پێ دەچێژین جگە لە سزای هەرە گەورە(ی دۆزەخ) تا بگەڕێنەوە بۆ لای خودا. ئیبنو عەباس دەڵێت: واتە: سزاو ئازاری دنیایان دەدات وەك نەخۆشیو بـەلا بـۆ خۆیـانو مـاڵو منداڵو سامانیان بەڵكو بە هۆی ئەو تاقی كردنانـەوە كـە تووشـی بەنـدەكانی خـۆی دەكـات پەشـیمان ببنەوەو تەوبە بكەن.[3] وە هەر بـەو شـێوەیە ڕیوایـەت كراوە لـە ئوبـەیی كـوڕی كـەعبو ئـەبولعالیـە و حەسـەنو ئیبراهیمـی نەخـەعیو زەحـاكو عەلقەمـەو عەتیـە و موجاهیـد و قـەتادەو عەبدولكـەریمی

[1] الطبري(٢٠/١٨٨).

[2] الحج(٢٢).

[3] الطبري(٢٠/١٨٩).

جەزەریو خوسەیف[1]، خوای مەزن دەفەرموویّت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ﴾ واتە: هیچ کەسێك، لەو کەسە ناهەقتر نیە کە خودای مەزن نیشانەکانی خۆی وەبیربێنێتەوەو بۆی ڕوونو ئاشکرا بکات لە دواییدا وازی لیّ بهێنێتو پشتی تیّ بکاتو لە بیری خۆی بباتەوە وەك ئەوەی کە هەر نەیبیستووە، قەتادە دەڵێت: نەکەن پشت هەڵکەن لە نیشانەکانی خودا چونکە لە خۆبایی بوونێکی لە ئەندازە بە دەرەو کوێریو موزمەعیلیەکی تەواوەو لە گەورەترینی گوناهە، بۆیە خوای مەزن هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کەوا دەکەن وەك دەفەرموویّت: ﴿إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ﴾ واتە: بەم زووانە تۆڵەی توندو گران لەو تاوانبارانە دەکەینەوە.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ ۖ وَجَعَلْنَـٰهُ هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٣﴾ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾

کتێبی موساو ڕابەرایەتی نەوەی ئیسرائیل

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی موسا دەکات(سەلامی خوای لیّ بێت) کە کتێبێکی پێداوە کە تەوراتە دەفەرموویّت: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ﴾ واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی ئێمە تەوراتمان دا بە موسا ئینجا گومانت نەبێت(ئەی موحەممەد ـ ﷺ ـ) لە گەیشتنت بە موسا(یان گەیشتنی تەورات بە موسا). قەتادە دەڵێت: مەبەست پێی شەوی ئیسرایە[2]. پاشان ڕیوایەت کراوە لە ئەبول عالیەی ڕیاحیەوە دەڵێت: ئامۆزای پێغەمبەرەکەتان واتە: ئیبنو عەباس دەڵێت پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(موسای کوڕی عیمرانم پیشان درا لەو شەوەدا کە شەوڕەویم پێکرا، پیاوێکی گەنم ڕەنگ بوو و بالا بەرزو قژلوول بوو، لە پیاوانی شەنوئە(شَنوءَة) دەچوو، وە عیسام بینی پیاوێکی نە بالا بەرزو نە کورتەبالا بوو ڕەنگی سوورو سپی بوو، مووی سەری خاو بوو، وە فریشتەیەکم بینی لێپرسراوی ئاگر بوو دەجالیشم بینی)، لەو نیشانانەی کە خودا پیشانی دا. ﴿فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ﴾ بێگومان بینی موسای بوو، هەروەها ئەو شەوەی کە شەوڕەوی پێکرا جارێکیتر موستی بینی[3]. پاشان خوای مەزن دەفەرموویّت: ﴿وَجَعَلْنَـٰهُ﴾ واتە: ئەو کتێبەی کە

---

[1] الطبري(٢٠/١٨٩).

[2] الطبري(٢٠/١٩٣).

[3] الطبري(٢٠/١٩٤).

بۆمان نارد. ﴿هُدًى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ واتە: کردمانە ڕێنموونی کەری نەوەی ئیسرائیل. وەك خوای گەورە لە سورەتی(الاسراء) فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلۡنَٰهُ هُدًى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَلَّا تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلٗا﴾[1] واتە: وە تەوراتیشمان بەخشی بە موساو ئەو(تەوراتە)مان کردە هۆی ڕێنموونی بۆ نەوەی ئیسرائیل(پێمان وتن) کە بێجگە لە من کەس مەکەنە پشتیوانی خۆتان. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلۡنَا مِنۡهُمۡ أَئِمَّةٗ يَهۡدُونَ بِأَمۡرِنَا لَمَّا صَبَرُواْۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ﴾ واتە: لەبەر ئەوەی خۆڕاگر بوون لەسەر ئەو فەرمانانەی خودا دەیدات بەسەریانداو وازیان لەو شتانە هێنا کە خودا قەدەغەی کردبوو، وە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی کردو شوێنی ئەو کتێبە کەوتن کە بۆی هێنابوون، لە نێوان ئەواندا هەبوو ڕێی ڕاستیان نیشانی خەڵکی دەدا بە فەرمانی خوداو بانگیان دەکردن بۆ چاکەو داوایان دەکرد لە خەڵکی کە چاکە بکەنو واز لە خراپە بێنن، دوای ئەوەی کاتێك دەستیان دایە گۆڕینو لابردنی هەندێکیو دانانی شتی تر لە جێی بە ئارەزووی خۆیان، ئەو پلەوپایەیان لێ سەنرایەوەو دڵیان ڕەق بوو فەرموودەی خودایان گۆڕی لە شوێنی خۆی نەیانهێشت، کرداری چاكو بیروباوەڕی ڕاستیان نەما، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلۡنَا مِنۡهُمۡ أَئِمَّةٗ يَهۡدُونَ بِأَمۡرِنَا لَمَّا صَبَرُواْ﴾ قەتادەو سوفیان دەڵێن: یانی: کاتێك خۆیان گرت لەسەر دنیاو دنیا نەیخەڵەتاندن، حەسەنی کوڕی ساڵحیش هەر وای وتووە. سوفیان دەڵێت: ئەو کەسانە ئا بەو شێوەیە بوون، ڕەوا نیە بۆ پیاوێك کە خۆی بە پێشەوا بزانێتو خەڵکی شوێنی بکەونو بڕوای پێ بکەن، خۆی لە دنیا لانەداتو نەپارێزێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦) وَءَاتَيۡنَٰهُم بَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ﴾[2] واتە: سوێند بە خوا بێگومان بە نەوەی ئیسرائیلمان بەخشی پەیامو حوکمڕانیو پێغەمبەرایەتیو ڕۆزیمان دان لە شتە حەڵاڵو پاکەکان ڕێزمان دان بەسەر جیهانیاندا، وە بەڵگە ڕوونەکانمان پێدان لە بارەی شەریعەتەوە.

وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ﴾ واتە: بێگومان پەروەردگارت بڕیار دەدات لە نێوان بەندەکانیدا لە ڕۆژی قیامەتدا لەوەی ئەوان تیایدا جیاواز بوون. واتە لە بیروڕاو کرداردا.

---

[1] الاسراء(٢).

[2] الجاثية(١٦ـ١٧).

﴿ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ ۖ أَفَلَا يَسْمَعُونَ ﴿٢٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَامُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ ۖ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾

پەندو ئامۆژگاری وەرگرن لە پێشینەکان

خوای گەورە دەفەرموێت ئایا ئەو کەسانەی باوەڕ بە پێغەمبەرەکان ناکەن پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن لەو گەلانەی کە قڕکران و لەناوچوون لە پێش خۆیان کە دژایەتی پێغەمبەرەکانیان کردو شوێنی ئەو پەیامانە نەکەوتن کە بۆیان هێنان، لە کوێن و چیان بەسەرهات؟ وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا ﴾[1] واتە: ئایا هەست دەکەیت بە هیچ کەسێك لەوانە مابێت؟ یان هیچ وەرکەو سرتەیەکیان دەبیستی. بۆیە خوای خاوەن دەسەلات فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ ﴾ واتە: ئەو بێباوەڕانەی کە دەگەڕێن بەناو ماڵەکانی بێباوەڕەکانی پێش خۆیاندا، هیچ کەسێك لەوانە لەو شوێنەدا نابینن کە تیایدا ژیاون و ئاوەدانیان کردووەتەوە پێش خۆیان هەموو ڕۆیشتن و تیاچوون. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا ﴾[2] واتە:(تیاچوون) وەك ئەوە هەر لەو ماڵانەدا نەبووبن(و تیایدا نەژیابن). وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا ﴾[3] واتە: ئینجا ئەوە(جێی) خانووەکانیانە چۆڵ و خاڵیە لەبەر ئەوەی ستەمیان کرد. وە لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: ﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَٰكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴾[4] واتە: ئینجا چەندەها شارو دێمان وێران کرد کە(خەڵکەکەی) ستەمکار بوون ئەو(شارانە دیواری خانووەکانی) کەوتبوون بەسەر سەربانەکانیاندا وە چەندەها بیر بێ خاوەن بوون و (لەکارکەوتبوون)و چەندەها کۆشکی بەرزو بڵند(بێ خاوەن بوون)، دەی ئایا ئەوانە بە زەویدا نەگەڕاون تا دڵیان هەبێت بیری پێ بکەنەوە(لەو

---

[1] مريم(٩٨).

[2] الاعراف(٩٢).

[3] النمل(٥٢).

[4] الحج(٤٥_٤٦).

وێران بوونە) یان گوێیان هەبێت گوێی پێ بگرن(بۆ ڕاستی)، لە ڕاستیدا چاوەکان کوێر نابن بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەبن کە لە سینەکاندان. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ﴾ واتە: لەناوچوون‌و قڕبوونی ئەو گەلانە کە بڕوایان نەکرد بە پێغەمبەرەکانیان‌و ئەوانەی کە بڕوایان هێناو ڕزگاریان بوو هەموو پەندو ئامۆژگارین، ﴿أَفَلَا يَسْمَعُونَ﴾ مەگەر ئێوە دەنگو باسی ئەوانەی ڕۆیشتن‌و چیان بەسەرهات نابیستن.

ژیانەوەی زەمین بە ئاو بەڵگەیە لەسەر زیندووبوونەوە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ﴾ خوای گەورە باسی سۆزو بەزەیی‌و چاکەی خۆی دەکات بۆ بەندەکانی کە ئاویان بۆ دەنێرێت لە ئاسمانەوە یان لە چەم‌و ئەمدیودیوی چیاکانەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر ئەو زەویانەی کە پێویستیان بە ئاو هەیە لەو کاتانەدا بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ﴾ واتە: ئەو زەویانەی کە گیاوگژو ڕووەکی تێدا نیەو وشکە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا ﴾[1] واتە زەویەکی وشك‌و برنگ کە هیچی تێدا ناڕوێت، بۆیە خوای گەورەو بە دەسەڵات فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الْأَرْضِ الْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَٰمُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴾ واتە: ئایا نابینن‌و نازانن کە ئێمە ئاو دەنێرین بۆ زەوی وشکی بێ ڕووەك ئینجا بە هۆی ئەو ئاوەوە کشتوکاڵ‌و گژوگیا دەڕوێنین کە ئاژەڵیان لێی دەلەوەڕێت‌و خۆشیان لێی دەخۆن دەی ئایا ئەوانە نابینن. وەك ئەم ئایەتەی کە خودا لە سورەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا﴾[2] واتە: دەبا مرۆڤ سەیری خواردنەکەی خۆی بکات، بە ڕاستی ئێمە لە هەورەوە بارانمان داڕژاند چۆن داڕژاندنێك. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴾ واتە: مەگەر نابینن.

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٨﴾ قُلْ يَوْمَ الْفَتْحِ لَا يَنفَعُ الَّذِينَ كَفَرُوٓا إِيمَٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٢٩﴾ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَانتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴿٣٠﴾﴾

پەلەکردنی خوانەناسان بۆ سزادانیان‌و وەڵامدانەوەیان

خوای گەورە باسی پەلەکردنی خوانەناسان دەکات بۆ دابەزینی سزا بۆیان، کە داوا دەکەن زوو تۆڵەیان لێ بسەنرێت، ئەگەر قسەکانی ڕاستە ، چونکە ئەو خوانەناسانە بڕوایان بە قسەکانی نیەو بە

[1] الکهف(٨).

[2] عبس(٢٤_٢٥).

دووری دەزانن بۆیە ئەڵێن وەك خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا ٱلْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ واتە: دەڵێن: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) کەی سەردەکەوی بەسەرماندا، وەك دەڵێن: ڕۆژێك دێت کە سەردەخرێیت بەسەرمانداو تۆڵەمان لیّ دەسەنرێت لەبەر تۆ، ئەو ڕۆژە کەی دێت؟ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن. ئێمە تۆو هاوەڵەکانت دەبینین خۆتان دەشارنەوەو دەترسن‌و هیچ دەسەلاتێکتان نیە، خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ﴾ واتە: بڵیّ: کاتێك سزاو تورەیی خودا دابەزی بەسەرتاندا لە دنیاو قیامەتدا، ﴿لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَـٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ واتە: باوەڕیان سوود ناگەیەنێت بەوانەی بێباوەڕبوون لە دنیادا. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَرِحُوا۟ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾[1] واتە: جا کاتێك پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگە ڕوونەکانەوە هاتنە لایان دڵخۆش بوون بەو زانینەی هەیانبوو ئەو(سزای) گاڵتەیان پیّ دەکرد چواردەوری دان. وە هەر کەسێك وا دەزانێت کە مەبەست بەم سەرکەوتنە، فەتحی مەککەیە ئەوە نەیپێکاوەو هەڵەیەکی گەورەی کردووە، چونکە ڕۆژی فەتحی مەککە پێغەمبەری خودا(ﷺ) موسڵمان بوونی ئازادکراوەکانی قەبوڵ کرد کە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبوون، خۆ ئەگەر مەبەست فەتحی مەککە بوایە، پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانبوونی ئەوانەی قەبوڵ نەدەکرد لەبەر ئەم ئایەتە کە خوا دەفەرموویّت: ﴿قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَـٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ بەڵکو مەبەست بەو فەتح‌و سەرکەوتنە دەرکردنی بڕیاری خودایەو ڕۆژی جیاکردنەوەیە، وەك خودا فەرموویەتی: ﴿فَٱفْتَحْ بَيْنِى وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا﴾[2] واتە: کەواتە لە نێوان من‌و ئەواندا حوکم بدە بە حوکمدانێکی یەکجاری. وە دەفەرموویّت: ﴿قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ﴾[3] واتە: بڵیّ پەروەردگارمان ئێمەو ئێوە کۆدەکاتەوە لە پاشان بڕیار دەدات لە نێوانماندا بە هەق‌و ڕاستی. وە فەرموویەتی: ﴿وَٱسْتَفْتَحُوا۟ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾[4] واتە: وە(پێغەمبەران) داوای سەرکەوتن‌و زاڵ بوونیان کرد(لە خوا) هەموو ملهوڕو یاخیەکان بیّ هیوا بوون. وە فەرموویەتی: ﴿وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ

---

[1] الغافر(٨٣).

[2] الشعراء(١١٨).

[3] السبأ(٢٦).

[4] ابراهيم(١٥).

كَفَرُوا﴾[1] واته: وه ئەوان(جوولەكەكان) لەوەوپێش داوای زاڵبوونیان دەکرد لە خوا بەسەر ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون. وە فەرموویەتی: ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جَآءَكُمُ الْفَتْحُ ﴾[2] واتە: ئەگەر ئێوە(کافرن) داوای یارمەتیو سەرکەوتن دەکەن ئەوە بە ڕاستی سەرکەوتنتان بۆ هات(گاڵتەیان پێ دەکات). پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَانتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴾ واتە: واز لەو موشریکانە بێنە، ئەوەی لە لای پەروەردگارتەوە بۆت هاتووە بیگەیەنە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿اتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ لَآ إِلَهَ إِلَّا هُوَ﴾[3] واتە: شوێنی ئەوە بکەوە کە لە لایەن پەروەردگارتەوە سروشت کراوە بۆت هیچ شایستەی پەرستن نیە بێجگە لەو(خوا). سا تۆ چاوەڕوان بە بێگومان خودا ئەو بەڵێنەی کە پێی داوی بەم زووانە بۆت جێبەجێ دەکاتو سەرت دەخات بەسەر ئەوانەی کە نەیارن لەگەڵتو دژایەتیت دەکەن چونکە خودا نکۆڵی ناکات لە بەڵێنیدا، ﴿إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴾ واتە: تۆ چاوەڕوانی دەکەیو ئەوانیش چاوەڕوانی دەکەن هەتا ئێوە شتێکتان بەسەر بێت، ﴿أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ الْمَنُونِ﴾[4] واتە: بەڵکو دەڵێن(موحەممەد(ﷺ)) شاعیرە چاوەڕوانی مردنی دەکەین. تۆ ئەی موحەممەد(ﷺ) بەم زووانە ئاکامی ئەو خۆگریەت دەبینی بە هۆی بەجێهێنانی ئەو پەیامەی کە گەیاندت، خودا یاریدەدەرو پشتیوانتە، ئەوانیش تۆڵەو هەقی ئەو چاوەڕوانی خۆیانە وەردەگرن کە بە تەما بوون تۆو هاوەڵەکانت لەناو بچنو نەمێنن، تووشی سزاو تۆڵەی خودا دەبن، خودامان بەسەو چاکترین فریادڕەسە.

---

[1] البقرة(٨٩).

[2] الانفال(١٩).

[3] الانعام(١٠٦).

[4] الطور(٣٠).

تەفسیری سورەتی(الاحزاب)

له مەدینەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١﴾ وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ
إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٢﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا ﴿٣﴾﴾

فەرماندان بە نەبەزی بەرامبەر خوانەناس و دووڕووان و شوێنکەوتنی فەرمانەکانی خوداو خۆسپاردن پێی

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) لە خوا بترسە. ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، گومانی تێدا نیە کاتێك خودای گەورە فەرمان دەدات بە بەندەو پێغەمبەر خۆی کە لە خودا بترسێت کەواتە ئەو فەرمانە زیاترو چاکتر ڕوودەکاتە موسڵمانان و شوێنکەوتووانی. تەلقی کوڕی حەبیب دەڵێت: لە خواترسان(التقوى) واتە: خواناسی بکەی بەپێی ڕووناکیەك لە لایەن خوداوەو بە ئومێدی پاداشتی ئەو، وە وازبێنی لە تاوانکردن بەپێی ڕووناکیەك لە لایەن خواوەو لە ترسی سزای ئەو، ﴿وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ﴾ واتە: گوێ مەگرەو ڕاوێژ مەکە بە خوانەناسان و دووڕووان، ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ واتە: هەر خودا شایەنی ئەوەیە کە فەرمانی بەجێ بێنی و بیپەرستی، چونکە خودا ئاگاداری هەموو کارەکانەو کارزانە لە کردارو گفتاریدا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ واتە: شوێن ئەوە بکەوە کە فەرمانت پێکراوە لە قورئان و سوننەت. ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ واتە: خودا هیچی لێ ون نابێت و ئاگاداری هەموو شتە. ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ واتە: خۆت بە خودا بسپێرە لە هەموو کارێك و لە گشت کاتێکدا. ﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ واتە: خودا بەسە بۆ کەسێك خودا بکاتە وەکیلی خۆی و بگەڕێتەوە بۆلای.

﴿مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ ۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ ۚ وَمَا جَعَلَ
أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ ۖ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ ﴿٤﴾ ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ
هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ ۚ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا
أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥﴾﴾

پوچەڵکردنەوەی کوڕی خەڵکی بە کوڕی خۆکردن

خوای گەورە ئەیەوێت لە پێش مەبەستە نادیارەکەوە، بەشتێکی ماددی دیار ئەومەبەستە بسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە: چۆن خودا بۆ هیچ کەسێك لە سینەیدا دوو دڵی دادەناوە، هەروەها تەنها هەربەوەی پیاوێك بە ژنەکەی بڵێ: تۆ وەك دایکم وای، نابێتە دایکی، بەو شێوەیە کوڕی خەڵکیش نابێتە کوڕی کەسی تر و وەك کوڕی خۆی بانگی بکات! وەك دەفەرموێت: ﴿ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِۦ ۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تُظَٰهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمْ ﴾ واتە: خودا داینەناوە بۆ هیچ پیاوێك دوو دڵ لەناو سنگیدا وە خوا ئەو هاوسەرانەتانی نەکردووەتە دایکتان کە(ظهار)یان لەگەڵ دەکەن. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ۖ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدْنَهُمْ ﴾[1] واتە: ئەوانە دایکی ئێوە نین دایکی ئێوە هەر ئەو ژنانەن کە ئەوانیان لێ بووە. وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَآءَكُمْ أَبْنَآءَكُمْ ﴾ واتە: وە خوا بە کوڕکراوەکانتانی نەکردووە بە کوڕتان. وەك خوای گەورە هەر لەم سورەتەدا لە ئایەتی چلدا فەرموویەتی: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴾ وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَٰهِكُمْ ﴾ واتە: هەر لە خۆتانەوە بە قسە کردووتانن بە کوڕی خۆتان، لە ڕاستیدا ئەوانە کوڕی ئێوە نین، چونکە لە پشتی پیاوێکی تر وەدی هاتوون، ناگونجێت کوڕێك دوو بابی هەبێت، وەك چۆن نابێت پیاوێك دوو دڵی هەبێت، ﴿وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِى ٱلسَّبِيلَ ﴾ واتە: خودا ڕاست ئەڵێ. ﴿وَهُوَ يَهْدِى ٱلسَّبِيلَ ﴾ قەتادە دەڵێت: وە هەر خۆی ڕاستەڕێ نیشان دەدات. ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: حەسەن بۆی گێڕاینەوە، زوبەیر بۆی گێڕاینەوە لە قابوسەوە واتە: کوڕی ئەبو زەبیان دەڵێت: باوکی بۆی گێڕاوەتەوە وتوویەتی: وتم بە ئیبنو عەبباس ئەم ئایەتە چۆن دەبینی کە دەفەرموێت: ﴿ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِۦ ﴾ مەبەست چیە بەوە؟ وتی: ڕۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵسا نوێژ بکات شتێك هات بە دڵیدا دووڕووەکان ئەوانەی کە نوێژیان لەگەڵ دەکرد وتیان: ئاخۆ سەیر ناکەن کە دوو دڵی هەیە دڵێکی لەگەڵ ئێوەیەو دڵێکیشی لەگەڵ ئەوانە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِۦ ﴾[2].هەر بەم شێوەیە تیرمزی ڕیوایەتی کردووە.

---

[1] المجادلة(٢).

[2] أحمد(٢٦٧/١)، نەسائی وتوویەتی فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

پاشان دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی چاکە.[١] هەر بەم شێوەیە ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردووە لە فەرموودەکەی زوهەیرەوە[٢].

کوڕی خەڵکی هەر بەناوی باوکی ڕاستی خۆیەوە بانگ دەکرێت

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾ واتە:(ئەو بە کوڕ کراوانە) بە ناوی باوکیان بانگیان بکەن ئەوە ڕاستترە بە لای خواوە. ئەمە بڕیارێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو دیاردەی کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا باوبوو کوڕی خەڵکی دەکرا بە کوڕی خۆ، خوای گەورە فەرمانی دا کە هەموو کەسێك بە ناوی باوکی ڕاستی خۆیەوە بانگ بکرێت، بێگومان ئەمە کارێکی چاكو ڕاستو دادپەروەرانەیە، بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە دەڵێت: زەیدی کوڕی حارسە مەولای پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) بانگمان نەدەکرد بە زەیدی کوڕی موحەمەد نەبێت، هەتا قورئان هاتە خوارەوە فەرمووی: ﴿ ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾.[٣] موسلیمو تیرمیزیش هێناویانە.[٤] چونکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن لەناو ماڵو منداڵدا وەك کوڕی خۆیان هیچ جیاوازیەکیان نەبوو بە تەنها لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەمانەوە، لەبەر ئەوە سەهلەی کچی سوهەیل ژنی ئەبو حوزەیفە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە سالممان بە کوڕی خۆمان بانگ کردووە، ئەوەتا قورئان لەو بارەیەوە هاتووەتە خوارەوە، کاتێك کە سالم دێتە لای من وا دەبینم حوزەیفە شتێك کەوتبووە دڵی لەو بارەیەوە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(شیری بدەرێ حەرام دەبێت لێی).[٥] بۆیە کاتێك ئەم بڕیارە نەسخ بووەوە خوای گەورە ڕێی والا کرد پێغەمبەری خودا(ﷺ) زەینەبی کچی جەحشی خواست(مارەکرد) کە زەیدی کوڕی حارسە تەڵاقی دابوو، کە بە زەیدی کوڕی موحەممەدیان(ﷺ) بانگ دەکرد. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ﴾[٦] واتە: بۆ ئەوە هیچ نارەحەتی(و تاوانێك) نەبێت لەسەر ئیمانداران لە(مارەکردنی) ژنانی بەکوڕکراوەکانیاندا کاتێك پێویستیان پێیان نەماو تەڵاقیان دان. وە

---

[١] تحفة الأحوزي(٩/٥٨)، نەسائی وتوویەتی فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

[٢] الطبري(٢٠/٢٠٤).

[٣] فتح الباري(٨/٣٧٧).

[٤] مسلم(٤/١٨٨٤)، تحفة الأحوزي(٩/٧٢)، النسائي(٦/٤٢٩).

[٥] مسلم(٢/١٠٧٦).

[٦] الاحزاب(٣٧).

خوای گەورە لە ئایەتی تەحریمدا فەرموویەتی: ﴿وَحَلَـٰٓئِلُ أَبۡنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنۡ أَصۡلَـٰبِكُمۡ﴾[1]
واتە: وە(حەرامە بۆتان) هاوسەرانی کوڕەکانتان(بووك) ئەوانەی کە لە پشتی خۆتانن. بۆ جیاکردنەوەی کوڕی ڕاستی لە کوڕی خەڵکی بەخۆکردن، واتە: ژنانی کوڕی خۆتان، کە بە ڕاستی کوڕتانن، بۆتان ناشێن و لێتان حەرامن، بەڵام کوڕی شیری وەك کوڕی خۆ وایە، لە شەریعەتدا بە پێی ئەم فەرموودەی کە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:(حەرام کراوە بەهۆی شیرپێدانەوە ئەوەی کە حەرام دەکرێت بە نەسەب).[2] واتە: ئەوەی بە نەسەب حەرام دەبێت بە شیرپێدانیش حەرام دەبێت، بەڵام بانگکردنی کەسێك بە کوڕەکەم(یان ڕۆڵە) بۆ ڕێزلێنانو خۆشەویستی ئەوە ئەم ئایەتە نایگرێتەوە، بە پێی ئەو فەرموودەی کە ئیمامی ئەحمەدو خاوەن سونەنەکان ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی نەبێت. لە ئیبنو عەبباسەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کۆمەڵێك لاوی نەوەی عەبدولموتەلیب ڕۆیشتینە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) سواری ولاخ بووین، بۆ شەیتان ڕەجم کردن بەردمان کۆکردبوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) (بۆ خۆشی) ئەیکێشا بەڕانماندا و ئەیفەرموو: (ڕۆڵە بچکۆلەکانم! بەردەکان فڕێ مەدەن هەتا خۆر دەردەکەوێتو هەڵدێت).[3] ئەبو عوبەیدەو کەسانی تریش دەڵێن:(أُبَينيّ) بچووك کراوەی(بنيّ)، ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە، ئەم ڕووداوەش لە حەجیماڵئاواییدا بوو لە ساڵی دەی کۆچیدا، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ ٱدۡعُوهُمۡ لِأٓبَآئِهِمۡ﴾ ئەم ئایەتە لە بارەی زەیدی کوڕی حارسەوە هاتووەتە خوارەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە لە غەزای موئتەدا شەهیدکرا لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا. دیسان لە سەحیحی موسلیمدا ڕیوایەت کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(ئەی کوڕم ـبنيـ).[4] ئەبو داودو تیرمیزیش ڕیوایەتیان کردووە.[5] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡ﴾ واتە: ئینجا ئەگەر باوکیان نەناسن ئەوانە برای ئایینی و دۆستو خۆشەویستانن. خوای گەورە فەرمانی دا بە گەڕانەوەی ئەوانەی کە بە ناوی کوڕی خەڵکی بانگ دەکران بۆ لای باوکی خۆیانو بە ناوی باوکی خۆیان بانگ بکرێن، خۆ ئەگەر بابیشیان نەدەناسرا، برای موسڵمانانو دۆستی ئێوەنو لە جێی باوكو کەسو کاریانن، لەبەر ئەوە پێغەمبەری

---

[1] النساء(٢٣).

[2] فتح الباري(٢/٣٩٢)، مسلم(٢/١٠٦٩).

[3] أحمد(١/٣٣٤)، ابو داود(٢/٤٨٠)، النسائي(٥/٢٧١)، ابن ماجه(٢/١٠٠٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] مسلم(٣/١٦٩٣).

[5] أبو داود(٥/٢٤٧)، تحفة الأحوذي(٨/١٢٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

خودا(ﷺ) لە مەککە دەرچوو بۆ عومرەی قەزا کچەکەی حەمزە شوێنیان کەوت(ڕەزای خوای لێ بێت) هاواری کرد مامە، مامە. عەلی(ڕەزای خوای لێ بێت) هەڵی گرت و وتی بە فاتیمە: ئەوەتا ئەوە کچی مامتە، فاتیمە هەڵی گرت. عەلی و زەیدو جەعفەر بووە کێشەیان لەسەری کە کامیان بەخێوی بکات و لای بێت، هەر کەسەو باسی خۆی دەکردو بەڵگەی دەهێنایەوە، عەلی(ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: من خاوەن هەقترم پێی، ئەو کچی مامەمە. زەید وتی: کچی برامە. جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب وتی: کچی مامەمەو پووریشی خێزانمە. واتە: ژنەکەی کە ئەسمای کچی عەمیس بوو. پێغەمبەری خودا(ﷺ) بڕیاری دا بدرێت بە پورەکەی، پاشان فەرمووی:(پوری لە جێی دایکە)! فەرمووی بە عەلی:(تۆ لە منی و منیش لە تۆم) فەرمووی بە جەعفەر(ڕەزای خوای لێ بێت):(ڕەوشت و شێوەت لە من دەچێت) فەرمووی بە زەیدیش:(تۆ براو دۆستمانی).[1] لەم فەرموودەیەوە بڕیار و حوکمی شتی زۆرمان دێتە دەست چاکترینیان ئەوە بوو کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بڕیاری دا بە هەق و ڕاستی هەموو ئەوانەی کە کێشەیان هەبوو ڕازی کردن، ئەوە بوو فەرمووی بە زەید(ڕەزای خوای لێ بێت):(تۆ براو دۆستمانی) وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِخْوَٰنُكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمْ﴾ پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ﴾ واتە: کاتێك ئێوە بە هەڵە هەندێکتان کوڕی مەردمتان کردبێت بە کوڕی ڕاستی خۆتان بە ئەنقەس نەبووبێت و واتان بە چاك زانیبێت خوای گەورە گوناهتان لەسەر نانووسێت لەسەر ئەو هەڵەیە وەك لە ئایەتێکدا ڕێ نیشانی بەندەکانی دەدات و فەرمانیان پێ دەکات کە بڵێن: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا﴾[2] واتە: ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر کردەوەیەکی پێویستمان لەبیرچوو یان بە هەڵە گوناهێکمان کرد. لە سەحیحی موسلیمیشدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای مەزن فەرموویەتی: بێگومان منیش وامکردووە)[3]. وە لە سەحیحی بوخاریشدا هاتووە لە عەمری کوڕی عاسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(ئەگەر دادوەرو کاربەدەست ئیجتیهادی کردو پێکای دوو پاداشتی هەیە، وە ئەگەر ئیجتیهادی کردو هەڵەی کرد پاداشتێکی هەیە).[4] وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە:(بێگومان خوای مەزن چاوپۆشی کردووە لە ئومەتەکەم لە هەڵەو لەبیرچوون و لە شتێك کە بە

---

[1] فتح الباري(٧/٥٧٠).

[2] البقرة(٢٨٦).

[3] مسلم(١/١١٦).

[4] فتح الباري(١٣/٣٣٠).

نەو پێیان بکرێت).[1] وە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ واتە: بەڵکو کاتێك تاوانە لەسەر ئەو کەسە کە بە ئەنقەس ئەو تاوانە بکات وە خوا لێبوردەی میهرەبانە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾[2] واتە: خوا سوێندی بێ هودە(لە دەم دەرچوون)تان لێ ناگرێت بەڵام سوێندێکتان لێ دەگرێت کە بە دڵ بتانەوێت(ئەو شتە بکەن یان نەیکەن). ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ئەویش لە ئیبنو عومەرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: خوای مەزن موحەمەدی(ﷺ) بە ڕاستی ناردو کتێبیشی لەگەڵدا ڕەوانەکرد، لەو ئایەتانەی کە بۆی هات، ئایەتی بەردەباران بوو(ڕەجم)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕەجمی کرد ئێمەش دوای ئەو ڕەجممان کرد. پاشان وتی: وە ئێمە دەمانخوێندەوە:(ولا تَرغَبوا عن آبائكم فإنه كفر بِكم) یان(إنَّ كفراً بكم أن ترغبوا عن آبائكم) واتە: بێگومان سپڵەیی و لاساریە و لادانە لە ڕێی پێشینەکان(باب و باپیر) چونکە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(زۆر وەسفم مەکەن و بەرزم مەکەنەوە وەك چۆن عیسای کوڕی مەریەم وەسف کرا(سەلامی خوای لێ بێت) بەڵکو من عەبدی خوام. بڵێن: عەبدی خواو پێغەمبەری خودایە -ﷺ-) موعەمەر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:(وەك گاورەکان(مەسیحیەکان) کوڕی مەریەمیان وەسف کرد).[3] وە لە فەرموودەیەکی تردا ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە:(سێ شت لەناو خەڵکیدا خوانەناسی و کوفرە: تانەو تەشەر لە بنەچەی خەڵکی، بە دەنگی بەرز گریان و هاوارکردن بۆ مردوو، داواکردنی باران لە ئەستێرەکان)[4].

﴿ٱلنَّبِىُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ۗ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفْعَلُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِكُم مَّعْرُوفًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا ﴿٦﴾﴾

پێغەمبەر(ﷺ) بۆ موسڵمانان لە خۆیان فەرزترەو ژنەکانیشی دایکی موسڵمانەکانن

خوای مەزن خۆی ئاگاداری پێغەمبەر بووە(ﷺ) کە چەندە بە سۆز بووە بۆ ئومەتەکەی و چەندە خەریکی ئامۆژگاریان بووە. بۆیە خوای گەورە فەرزتری کردووە لە لایان تەنانەت لە گیانی خۆشیان و

[1] تحفة الأحوزي(٦٥٩/١)، فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

[2] البقرة(٢٢٥).

[3] أحمد(٤٧/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] مسلم(٩٣٤)، أحمد(٣٤٢/٥).

فەرمانی پێغەمبەری(ﷺ) پێش فەرمانی ئەوان خستووەو نابێت لە قسەی دەرچن وەك دەفەرموێت:

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾[1] واتە: نەخێر (وانیە کە خۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن) سوێند بە پەروەردگارت بڕوادار نین تا تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر ئاژاوەو دووبەرەکیەکی نێوانیاندا لە پاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا بە هیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی تۆ داوتەو ملکەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو. وە لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە:(سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە باوەڕی تەواو نابێت هیچ کەسێك لە ئێوە تا من خۆشەویستتر نەبم لە لای لە گیانیو لە ماڵو منداڵیو لە هەموو خەڵکیش)[2]. وە لە فەرموودەیەکی سەحیحی تریشدا هاتووە کە عومەری کوڕی خەتاب(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) سوێندبە خوا، تۆ لام خۆشەویستتری لە هەموو شتێك لە گیانی خۆم نەبێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(نابێت ئەی عومەر دەبێت لە گیانی خۆشت خۆشەویستتر بم لە لات)، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) سوێند بە خوا تۆ خۆشەویستتری لە لام لە هەموو شتێكو لە گیانی خۆیشم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئێستا ئەی عومەر).[3] بۆیە خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ﴾ . بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی:(هیچ خاوەن باوەڕێك نیە من لە لای لە خەڵکی لەپێشتر نەبم لە دنیاو لە قیامەتدا)، ئەگەر حەز دەکەن ئەم ئایەتە بخوێنن: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ﴾ (واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لە خودی باوەڕداران لە خۆیان لە پێشترە). جا هەر موسڵمانێك سامانێکی بەجێ هێشت با کەسو کارەکەی هەر کەسێك هەن سامانەکەی بەرن، خۆ ئەگەر قەرزار بوو یان خێزانو منداڵی لێ بەجێ مابوو با بیهێنێت بۆ لای من، خۆم خاوەنیم)، تەنها بوخاری خۆی ڕیوایەتی کردووە. لە باسی قەرزو قوڵەشدا هەر باسی کردووە.[4] ﴿وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ﴾ واتە: ژنەکانیشی دایکی موسڵمانانن لە ڕێزو گەورەییدا و لە بەرز سەیر کردن و (بۆنەشیان)یاندا، بەڵام دروست نیە بە تەنها لەگەڵیان دانیشن، ئەم بۆنەشیانو حەرام بوونە، ناچێت بۆ کچو خوشکەکانیان بەکۆ ڕای هەموو زانایان، ﴿وَأُو۟لُوا۟ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي

---

[1] النساء(٦٥).

[2] فتح الباري(١/٧٥).

[3] فتح الباري(١١/٥٣٢).

[4] فتح الباري(٨/٣٧٦ و ٥/٧٥).

كِتَٰبِ ٱللَّهِ﴾ واتە: خزمو كەسوكار بۆ میرات لە یەكتری بردن شیاوترن لە لای خودا، ﴿مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ﴾ واتە: لە خاوەن باوەڕو كۆچەریەكان، ئەم ئایەتە ئەو میرات بردنەی كە لە نێوان موسڵمانە كۆچەریو ئەنساریەكاندا هەبوو، هەڵوەشاندەوەكە بە هۆی هاوپەیمانیو برایەتی ئیسلامیەوە كە لە نێوانیاندا هەبوو، وەك ئیبنو عەباسو كەسانی تریش وتوویانە: كۆچەریەكان میراتیان لە ئەنساریەكان دەبرد، لە غەیری خزمو كەسو كارەكانی ترشیان بە هۆی ئەو برایەتیەوە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) خستبوویە نێوانیان.[1] هەر بەو شێوەیە سەعیدی كوڕی جوبەیرو كەسانی تریش وتوویانە لە پێشینەكانو پاشینەكانیشی. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّآ أَن تَفْعَلُوٓاْ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِكُم مَّعْرُوفًا﴾ واتە: میراتی لە یەكتری بردن نەما، بەڵكو یارمەتی دانو خێرو چاكە كردن لەگەڵ یەكو پەیوەندیو ئامۆژگاری یەكتری كردن هەر دەمێنێتو شتێكی چاكە. ﴿كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا﴾ واتە: ئەمەیش لەو كتێبەدا نووسراوە، واتە: ئەم بڕیارە لە لای خودا نووسراوە كە خزمو كەسو كار لە پێشترن لە میراتی لە یەكتر بەن، بڕیارێكە دراوەو گۆڕینی بەسەردا نایەتو لانابرێت، ئەمە قسەی موجاهیدو زۆر كەسی تریشە، هەرچەندە خوای مەزن لە ماوەیەكدا ڕێگای دابوو لەبەر كارزانی خۆیو خۆشی زانیویەتی كە نەسخی دەكاتەوە، هەر ئەو بڕیارە كە داویەتی لە ئەزەلدا دەبیٚو بەجێ دەهێنرێت، والله أعلم.

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۖ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾ لِّيَسْـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ ۚ وَأَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٨﴾﴾

بەڵێنو پەیمان وەرگرتن لە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لیٚ بێت)

خوای گەورە باسی پێنج پێغەمبەرە نەبەزەكە(ألوالعزم)و پێغەمبەرەكانی تریش دەكات كە بەڵێنو پەیمانی لیٚ وەرگرتوون ئایین لەسەر زەمیندا جێگیر بكەنو ئەو پەیامەی كە پێی داون بیگەیەننو بڵاوی بكەنەوەو یارمەتیو كۆمەكی یەكتری بكەنو یەك دەنگ بن، وەك لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی:

﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓاْ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾[2] واتە:(بهێنەرەوە یادیان) كاتێك كە خوا پەیمانی وەرگرت لە پێغەمبەران هەرچیم دانیٚ لە

---

[1] البخاري(٢٢٩٢/٤٥٨٠/٦٧٤٧).

[2] ال عمران(٨١).

نامەو حیکمەت(شەریعەت) لە پاشان پێغەمبەرێکتان بۆ هات بە بڕواهێنەر بەو نامەی کە لە لاتانە دەبێت بڕوای پێ بهێننو یارمەتی بدەن خوا فەرمووی: ئایا دانتان نا بەم پەیمانەدا؟ وە لەسەر ئەوە پەیمانی منتان وەرگرت پێغەمبەران وتیان: بەڵێ دانمان پێدا ناو پەیمانمان بەست خوا فەرمووی کەواتە ئێوە بە شاهێد بنو منیش لەگەڵ ئێوە یەکێکم لە شاهیدان. ئەم بەڵێنو پەیمانەی لێ وەرگرتن دوای ئەوەی کە ڕەوانەی کردوونو بە تایبەتی باسی ئەو پێنج پێغەمبەرە نەبەزو لێبڕاوەی کردووە، ئەمەیش لە بابی عەتفی خاسە بۆ سەر عەتفی عام، وە لەم ئایەتەیشدا هەر باسی هێناون دەفەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾[1] واتە: ئەو ئاینەی بۆ داناون کە فەرمانی داوە بە نوحو ئەوەش نیگامان کردووە بۆ تۆو ئەوەش کە فەرمانمان داوە بە ئیبراهیمو موساو عیسا کە لەسەر ئەو ئایینە بن بە ڕێكو ڕاستیو جیاوازی تێدا مەکەن. خوای گەورە باسی پێغەمبەرە نەبەزو لێبڕاوەکانی کردووەو ئەو پێغەمبەرانەشی لە نێوانیاندا هاتووەو باسی دوایین پێغەمبەریشی کردووە، کە هەموویان بەڵێنو پەیمانیان لێ وەرگیراوە کە ئایینی خودا بڵاوبکەنەوەو نکوڵی لێ نەکەن، وەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ﴾ واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ) بیریان بخەرەوە) کاتێك کە پەیمانمان وەرگرت لە پێغەمبەران هەروەها تۆو نوحو ئیبراهیمو موساو عیسای کوڕی مەریەم. لەم ئایەتەدا لە پێغەمبەرەوە موحەممەد(ﷺ) دەستی پێکردووە لەبەر گەورەییو ڕێزی پاشان پێغەمبەرەکانی تریشی(سەلامی خوایان لێ بێت) بە ڕێز هێناوە بە دوای یەکدا لە زەمانی خۆیاندا، ﴿وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا﴾ واتە: وە لە هەموویان پەیمانی پتەوو بەهێزمان وەرگرت ئیبنو عەباس دەڵێت:(المیثاق الغلیظ) واتە: پەیمان.[2] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿لِّيَسۡـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدۡقِهِمۡۚ﴾ موجاهید دەڵێت: هەتا پرسیار بکات لەوانەی کە گەیاندوویانەو پشتگیریان کردووە لە پێغەمبەران.[3] ﴿وَأَعَدَّ لِلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: ئامادەکراوە بۆ ئەو خوانەناسانەی لە ئومەتی ئەو پێغەمبەرانە ﴿عَذَابًا أَلِيمٗا﴾ سزایەکی زۆر بە ژان، ئێمە شایەتی دەدەین کە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت) پەیامەکانی پەروەردگاری خۆیان گەیاندووەو گەلەکەمانیان ئامۆژگاری کردووەو ڕاستیان بۆ ڕۆشن کردوونەتەوە بە شێوەیەکی زۆر

---

[1] الشورى(١٣).

[2] الطبري(٢٠/٢١٣).

[3] الطبري(٢٠/٢١٤).

ئاشکرا کە هیچ گومانێکیان تێدا نەهێشتووەتەوە. هەرچەندە هەندێ نەزانو لاسارو تاوانبارو گومڕا بڕوایان نەهێناوە پێیان. ئەوەی پێغەمبەران پێی هاتوون هەر ئەوە ڕاستە، ئەوانەی دژایەتیان دەکەن خراپەکارو گومڕان. وەك ئەهلی بەهەشت ئەڵێن: ﴿لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾[1].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٩﴾ إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴿١٠﴾ ﴾

باسی شەڕی ئەحزاب

خوای گەورە باسی چاکەو بەهرەو ڕێزی خۆی دەکات لەگەڵ عەبدە خاوەن باوەڕەکانی کە چۆن لایدانو پاراستنی ئەو ساڵەی کە هاودەستەکان هەموو کۆبوونەوەو هاتبوون بدەن بەسەر مەدینەداو پێغەمبەرو موسڵمانان لەناو بەرن، ئەو ساڵە پێی ئەڵێن ساڵی خەندەق لە شەوالی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا بوو کەئەمە ڕایەکی ڕاستو مەشهورە. موسای کوڕی عوقبەو چەند کەسێکی تریش ئەڵێن: لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا بووە.[2] هۆی هاتنی ئەو هاوپەیمانانە هەندێ لە پیاو ماقوڵانی جولەکەی بەنو نەزیر کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە مەدینە دەری کردبوون بۆ خەیبەر لەوانە سەلامی کوڕی ئەبو حەقیقو سەلامی کوڕی موشکیم و کەنانەی کوڕی ڕەبیع، چوون بۆ مەککەو لەگەڵ پیاوماقوڵانی قورەیش کۆبوونەوەو هەڵیاننان بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن(ﷺ) بەڵێنیشیان دانێ کە بە گیانوماڵیان هاوکاریان بکەن، قورەیشیەکان داواکەیان قەبوڵ کردن، پاشان ڕۆیشتن بۆ لای تیرەی غەتەفان ئەوانیش داواکەیان قەبوڵ کردن، پاشانیش قورەیش خۆی کۆکردەوە لەگەڵ ئەو تیرانەی کە لەگەڵی هاتن بە سەرۆکایەتی ئەبو سوفیان سەخری کوڕی حەرب، غەتەفانیش بە سەرۆکایەتی عویەینەی کوڕی حیسنی کوڕی بەدر بوو، ژمارەی هەموویان نزیکەی دە هەزار کەس دەبوو، کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بیستی بەرەو مەدینە دێن، فەرمانی دا بە موسڵمانان کە چاڵ(خەندەق) بە دەوری مەدینەدا هەڵکەنن لە لای خۆرهەڵاتەوە، ئەم خەندەقەیش لەسەر ڕای سەلمانی فارسی بوو(ڕەزای خوای لێ بێت) موسڵمانەکان ئیشیان تێدا کردو زۆر خۆیان ماندوو کرد، پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆی خۆڵی دەگواستەوەو چاڵی هەڵدەکەند، لەو چاڵ هەڵکەندنەی پێغەمبەردا(ﷺ) بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕوون دەرکەوتن و ئاشکرا بوون، موشریکەکان هاتن لە باکووری مەدینەوە چادریان هەڵدا لە نزیکی ئوحود، هەندێکی تریان لە بەرزاییەکانی مەدینە باریان خست و دابەزین وەك

---

[1] الاعراف(٤٣).

[2] فتح الباري(٧/٤٥٣).

خـوای گـەورە دەفـەرموویّت: ﴿ إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ ﴾ پێغەمبـەریش(ﷺ) لەگـەڵ موسڵمانەکاندا کە نزیکەی سێ هەزار کـەس دەبوون چوون بۆیـان‌و خۆیـان ئامادە کـرد، هەنـدێکیش ئەڵێن حەوت سەد کەس بوون، پاڵیان دا بـە کێـوی سـەلحەوە ڕوویـان کـردە دوژمـن، ئـەو خەندەقـەی هەڵیان کەندبوو ئاوی تێدا نـەبوو هـەتا سـوارو پیـادەی دوژمـن نـەتوانن دەسـتیان بگاتـە موسـڵمانان، منداڵ‌و ژنانی موسڵمانان لەناو ماڵەکاندا خۆیان قایم کرد، بەنو قورەیزە کـە گرۆیـەکی جوولەکـە بـوون قەڵایەکیان هەبوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەدینەدا، کە پـەیمانیان لەگـەڵ پێغەمبـەردا(ﷺ) بەسـتبوو، هاوکاری یەکتری بکەن، کە نزیکەی هەشت سـەد جـەنگاوەر دەبـوون حویـەی کـوڕی ئەختـەبی نـەزری چووە لایان وازی لێ نەهێنان تا پەشیمانی کردنەوە لە پەیمانەکە، هاودەستەکان هەموو کۆبوونەوە لـە دژی پێغەمبـەر(ﷺ) کارەسـاتێکی زۆر گـەورەو گـران بـوو تـەنگی بـە پێغەمبـەر(ﷺ)و موسـڵمانان هەڵچنی، موسـڵمانان دڵیـان کەوتـە لـەرزە، وەك خـوای مـەزن دەفـەرموویّت: ﴿ هُنَالِكَ ٱبْتُلِيَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا ﴾[1] واتە: لەوێدا ئیمانـداران تـاقی کرانـەوەو ڕاوەشـێنران بـە ڕاوەشاندنێکی تونـد. کۆمەڵی هاودەستەکان(الاحـزاب) بـۆ مـاوەی نزیکـی مانگێـك دەوری پێغەمبـەر(ﷺ)و هاوڕێکانیـان دا، بەڵام دەستیان نەگەیشت پێیان‌و جـەنگ ڕووی نـەدا، عـەمری کـوڕی عەبـدی عـامری وددی نـەبێت کـە یەکێك بوو لە جەنگاوەرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی نەفامیە، سواری وڵاخەکەی بـوو لەگـەڵ چـەند سوارێکدا خەندەقەکەی شکاندو لە لایەکەوە خۆی گەیاندە ناو موسڵمانەکان، پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) بـانگی موسـڵمانەکانی کـرد کـە پـەلاماریان بـدەن، فـەرمانی دا بـە عـەلی بـەرەو ڕووی ڕۆیشت مـاوەی کاتژمێرێك شەڕیان کـرد لـە پاشـان عـەلی(ڕەزای خـوای لـێ بێـت) عـەمری کوشـت، ئـەو ڕووداوە بـووە نیشانەی سەرکەوتن، پاشان خوای گەورە بە دەسەڵات بایەکی زۆر توندی لێ هەڵکردن هەرچی چادرو ئەو شتانەی پێیان بوو هەمووی تێکدا بەیەکداو ئاگرەکانی کوژاندنەوەو هەراسانی کردن، وایـان لێهـات بە پەلەو بە سەرشۆڕی خۆیان پێچایەوەو گەڕانـەوە، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموویّت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴾ واتـە: ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە بـیر لـە چاکەو بـەهرەی خـوا بکەنـەوە بەسەرتانەوە کاتێك لەشکرێکی زۆرتان بۆ هات(لە جەنگی خەندەقدا) ئینجا ئێمە بایەکی بـەهێزمان بـۆ ناردن‌و لەشکری(فریشتەیش) کە ئێوە نەتانبینین‌و خوا بەوەی ئێوە دەیکەن بینایە. موجاهید دەڵێت: ﴿رِيحًا﴾ واتـە: بـای ڕۆژهـەڵات ئـەم فەرموودەیـەیش پـشتگیری دەکـات کـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ)

[1] الاحزاب(١١).

فەرموویەتی:(یارمەتی درام بە بای ڕۆژهەلات عادیش قڕکرا بە بای ڕۆژئاوا)[1]. ﴿وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا﴾ واتە: ئەو فریشتانەی کە ترس و لەرزیان خستە ناو دڵیانەوە، وایان لێهات هەموو سەرۆك هۆزێك دەیوت ئەی هۆزی فلانە کەس بگەن پێم، لە دەوری کۆدەبوونەوەو پێی دەوتن: فریای خۆتان بکەون، فریای خۆتان بکەون، بە هۆی ئەو ترس و لەرزەوە کە خوای گەورە خستبوویە دڵیان. موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا لە ئیبراهیمی تەمیمیەوە ئەویش لە باوکیەوە دەڵێت: لە لای حوزەیفەی یەمانی بووین(ڕەزای خوای لێ بێت) پیاوێك پێی وت: ئەگەر لە خزمەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوومایە لە خزمەتیدا جەنگم دەکردو دوژمنم تارو مار دەکرد حوزەیفە پێی وت: تۆ ئاوات دەکرد؟ ئەگەر ئێمەت دەبینی لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە شەوی هاودەستەکاندا کە شەوێك بوو زۆر بایەکی توندی نارەحەتی هەبوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(چ پیاوێك هەواڵی ئەو کۆمەڵەم بۆ دێنێت لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵم بێ)، هیچ کەس لە ئێمە وەڵامی نەدایەوە، پاشان دووبارەی کردەوە، پاشان سێهەم جاریش هەمان قسەی فەرموو، دوایی فەرمووی:(حوزەیفە هەڵسە! هەواڵێکی ئەو کۆمەڵەمان بۆ بێنە) هیچ چارەیەکم نەما کە هەڵنەسم کاتێك کە بە ناوی خۆم بانگی کردم. فەرمووی:(هەواڵی ئەو کۆمەڵەم بۆ بێنە، نەکەی بیانشلەژێنی لێم)، وتی: ڕۆیشتم وەك بەناو گەرماودا بڕۆم وابوو، تا گەیشتمە ناویان، لەو کاتەدا ئەبو سوفیان پشتی کردبوو بەئاگرەکە تیرێکم لە کەوانەکەمدا داناو ویستم لێی بدەم پاشان قسەکەی پێغەمبەری خودام(ﷺ) وەبیرهاتەوە کە فەرمووی:(نەیانشلەژێنی لێم) ئەگەر تیرەکەم تێگرتایە لێم دەدا. دەڵێت: گەڕامەوە وەك ئەوەی بەناو گەرماودا دەگەڕێم، هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) پاشان کە گەڕامەوە سەرمام بوو، هەواڵەکەم دا بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) عەبایەکی زیادی لابوو نوێژی لەسەر دەکرد بەو عەبایەم داپۆشیم تا بەیانی خەوتم، کاتێك بەیانی بوویەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرمووی:(هەڵسە ئەی خەوالو).[2] پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ﴾ واتە: هاودەستەکان لە سەرەوە بۆتان هاتن، ﴿وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾واتە:وە لە خوارتانەوە، لە پێشەوە حوزەیفە باسی کرد مەبەست بە خوارەوە بەنو قورەیزەیە، ﴿وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ﴾ واتە: دڵتان کەوتە لەرزەو گیان گەیشتە قوڕقوڕاگە ئەوەندە ترسان، ﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠﴾ واتە: وە گومانی جۆربەجۆرتان بە خوا دەبرد. ئیبنو جەریر دەڵێت: هەندێ کەس کە لەگەڵ پێغەمبەردا بوون(ﷺ)

---

[1] فتح الباري(٢/٦٠٤).

[2] مسلم(٣/١٤١٤).

خەیاڵاتی زۆریان دەکردو وایان دەزانی موسڵمانان لەناو دەچن، خودایش ئەو کارەساتەیان بەسەر دێنێت، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەم ئایەتەدا: ﴿وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠﴾ دەڵێت: خاوەن باوەڕان هەموو خەیاڵێکیان دەکرد، دووڕوویش وەدەرکەوت هەتا موعتەبی کوڕی قوشەیر برای بەنی عەمری کوڕی عەوف وتی: موحەممەد(ﷺ) بەڵێنی پێ دەداین کە گەنجینەکانی کیسراو قەیسەر دەخۆین، کەچی ئێستا هیچ کەسێك لە ئێمە ناتوانێت بچێت بۆ سەرئاو[1].

حەسەن لەم ئایەتەدا: ﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠﴾ دەڵێت: خەیاڵی زۆر دەکرا، دووڕووەکان وا خەیاڵیان دەکرد کە پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵەکانی قڕ دەبن‌و هیچیان نامێنێت، خاوەن باوەڕانیش بڕوایان وابوو کە بەڵێنی خودا ڕاستە، ئاینەکەی سەردەخات بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا، با موشریکەکانیش پێیان ناخۆش بێت.[2] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ڕۆژی خەندەق وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاخۆ شتێك هەیە کە ئێمە بیڵێین، ئەوەتا گیان گەیشتووەتە قوڕقوڕاگەمان؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، بڵێن:(اللهم استر عوراتنا وآمن روعاتنا) واتە: ئەی خوایە عەیبەکانمان داپۆشەو ترس‌و لەرزیشمان مەهێڵە. دەڵێت: خودا بای دا بە ڕووی دوژمنەکانداو بە با شکستی پێهێنان، هەر بەم شێوەیە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو عامری عەقەدیەوە.

﴿هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا ﴿١١﴾ وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢﴾ وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَـٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟ ۚ وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ ۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا ﴿١٣﴾﴾

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا﴾ واتە: لەو شوێنەدا ئەزموونی خاوەن باوەڕان هاتە گۆڕێ‌و بە لەرزینێکی زۆر بەهێز، دڵی هەموان کەوتە لەرزە، خوای گەورە باسی ئەو کارەساتە دەکات کە هاودەستەکان لە دەوری مەدینە دابەزین، موسڵمانەکان زۆر لە ژیانێکی نارەحەت‌و تەنگانەدا بوون‌و دەوریان گیرابوو، پێغەمبەریشیان(ﷺ) لەگەڵدا بوو، لە تاقیکردنەوەیەکی زۆر گراندا بوون، دڵی هەموو کەوتە لەرزە، کاتێکی زۆر ترسناك بوو هەر کەسەو جۆرێ بیری دەکردەوە، خوای گەورە لە بارەی دووڕووەکانەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ

[1] ابن هشام(١/٥٢٢).
[2] الطبري(٢٠/١٢١).

﴿وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا﴾ واتە: کاتێك دووڕووەکان‌و ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندا هەبوو وتیان خواو پێغەمبەرەکەی بێجگە لە تەفرەدان هیچ بەڵێنێکیان پێ نەداین. دووڕووەکان دووڕوویییەکەیان دەرکەوت، ئەوانەش کە دڵیان خۆش‌و گومان لە دڵ بوون خەیاڵی زۆر دەهات بە دڵیانداو دڵەچرکەیان بوو لەبەر کزی‌و لاوازی باوەڕیان‌و گرانی ئەو بەڵاو تەنگانەی کە تووشی هاتوون، هەندێکی تریشیان دەیانوت وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَـٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟﴾ واتە: وە کاتێك دەستەیەك لەو ناپاکانە وتیان ئەی دانیشتوانی مەدینە ئێرە جێی مانەوەتان نیە دەی بگەڕێنەوە. ﴿يَثْرِبَ﴾ واتە: مەدینە. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:(شوێنی کۆچ کردنەکەتانم پێشان درا زەویەك بوو لە نێوان دوو کێودا، وای بۆ دەچووم هەجەرە کەچی یەسریب(یثرب) بوو)[1]. لە وتەیەکی تردا هاتووە ئەفەرموێ: کەچی مەدینە بوو. دەڵێن: ناونانی بە یەسریب بە هۆی پیاوێکەوە بووە کە لەوێ دابەزیووە لە عەمالیقەکان بووە ناوی یەسریبی کوڕی عەبیلی کوڕی مەهلائیلی کوڕی عەوزی کوڕی عیملاقی کوڕی لاوزی کوڕی ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نوح بووە، ئەمە قسەی سوهەیلییە، وە دەڵێت: ڕیوایەت کراوە لە هەندێکیانەوە ئەڵێن: لە تەوراتدا یانزە ناوی هەبووە: مەدینەو تابەو تیبەو میسکینەو جابیرەو مەجبورەو مەحبوبەو قاسم‌و عەزراو مەرحومە، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لَا مُقَامَ لَكُمْ﴾ واتە: ئەی خەڵکی مەدینە ئێرە جێی ئێوە نیە کە بەرامبەر کۆمەڵی ئەحزاب بوەستن لە لای پێغەمبەر(ﷺ)، ﴿فَٱرْجِعُوا۟﴾ واتە: بگەڕێنەوە ناو ماڵ‌و منداڵی خۆتان، ﴿وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ﴾ واتە: وە کۆمەڵێکی تر لەوان مۆڵەتی گەڕانەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەخوازن. عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەوانە لە هۆزی بەنی حارسە بوون داوای ئیزنیان لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد، ﴿يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ﴾ واتە: دەیانوت: ترسمان هەیە لە ماڵەکانمان بۆ دزو پیاو خەراپ.[2] زۆر کەسی تریش هەر وایان وتووە. ئیبنو ئیسحاق دەڵێت: ئەوەی ئەو قسەی کردووە ئەوسی کوڕی قەیزی بووە[3] واتە: بیانوویان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵەکانیان، دەیانوت: کەس نیە ماڵەکانمان بپارێزێت، دەترسین دوژمن بدات بەسەریاندا. خوای گەورەیش دەفەرمووێت: ﴿وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ﴾ ماڵەکانیان ڕووت

---

[1] فتح الباري(١٢/٤٣٩).

[2] الطبري(٢٠/٢٢٦).

[3] الطبري(٢٠/٢٢٥).

نین، واتە: ئەوەی ئەوان دەیڵێن وا نیە لە ترسی ماڵو منداڵ نیە، ﴿إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾ واتە: بەڵکو ئەوانە هەر دەیانەوێت ڕابکەن لە ترسی ئەوەی ئەوەك بدەن بەسەریاندا.

﴿وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لَآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلَّا يَسِيرًا ﴿١٤﴾ وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ ۚ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْئُولًا ﴿١٥﴾ قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٦﴾ قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً ۚ وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧﴾﴾

خوای مەزن باسی ئەوانە دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لَآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلَّا يَسِيرًا﴾ واتە: ئەوانە ئەگەر دوژمن دەوری ماڵەکانیان بدایە لە هەموو لایەکەوە، لەو کاتەدا ئەگەر پێیان بوتنایە واز لە ئاینەکەتان بێنن بە زوویی پەشیمان دەبوونەوە، بە لایانەوە گرنگ نەبوو دەست بەرداری باوەڕەکەیان دەبوونو نەیاندەپاراست لە ترساندا، قەتادەو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدو ئیبنو جەریریش هەر وایان ماناکردووە.[1] ئەمە ئەوپەڕی باسی خراپەی ئەوانەیە، پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ﴾ پاشان خوای گەورە باسیان دەکات کە لە پێش ئەمە پەیمانیان دا بە خودا کە پشت هەڵناکەنو ڕاناکەن لە دوژمن، ﴿وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْئُولًا﴾ واتە: وە پەیمانێك درا بە خوا خاوەنەکەی لێپرسراو دەبێت. واتە خوای گەورە هەر پرسیاریان لێ دەکات لەسەر ئەو پەیمانەی کە دابوویانو شکاندیان، ڕاکردن هیچ دادێکیان ناداتو مردنیان دوا ناخاتو تەمەنیان درێژ ناکات، بەڵکو لەوانەیە خودا زووتر تۆڵەیان لێ بسێنێت، وەك دەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ واتە: ڕاکردن لە مردن یان کوشتن، هیچ دادێکی ئێوە نادات، ئەوساکەش هەر کەمێکی تر لە دنیادا ڕای دەبوێرن، وەك خوای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَىٰ﴾[2] واتە: بڵێ خۆشی و لەزەتی دنیا زۆر کەمەو ڕۆژی دوایی باشترە بۆ کەسێك لە خوا بترسێت. پاشان دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ واتە: بڵێ کێیە ئەو کەسەی ئێوە لە خوا دەپارێزێت ئەگەر

---

[1] الطبري(٢٠/٢٢٧).

[2] النساء(٧٧).

خوازیان و خراپە یان بەزەیی و ڕەحمەتی بۆ ئێوە بوێت، بێجگە لە خوا هیچ پشتیوان و یارمەتی دەرێك بۆ ئەوان نیە. واتە ئەوانیش و غەیری ئەوانیش هیچ کەسێك ناتوانێت پەنایان بدات و بێت بە هاواریانەوە خودا نەبێت.

﴿قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَالْقَائِلِينَ لِإِخْوَانِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا ۖ وَلَا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٨﴾ أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ ۖ فَإِذَا جَاءَ الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ ۖ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ ۚ أُولَٰئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٩﴾﴾

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَالْقَائِلِينَ لِإِخْوَانِهِمْ﴾ واتە: بێگومان خوا دەزانێت بەو کەسانەتان کە ساردکەرەوەو گەڕێنەرەوەی(موسڵمانانن لە جیهاد) کە بە برادەرەکانیان دەڵێن. خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەبوونە گرێ و لەمپەرو بانگی هاوەڵ و براکانی خۆیان دەکرد کە جەنگ نەکەن و واز بێنن و بگەڕێنەوە، دەیانوت: ﴿هَلُمَّ إِلَيْنَا﴾ وەرنە لای ئێمەو دانیشن، ﴿وَلَا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ واتە: زۆر کەمیان لەم شەڕەدا ئامادە دەبن، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ﴾ سودی دەڵێت: لە کاتی دەستکەوتدا زۆر چاوچنۆکن، ﴿فَإِذَا جَاءَ الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ﴾ واتە: لە ترس و دڵەلەرزەدایەو خەریکە گیانی دەردەچێت، ئەمە کارو پیشەی ترسنۆکانە لە جەنگدا، ﴿فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ﴾ واتە: کاتێکیش کە ئاشتی بێت و شەڕ نەبێت زمان درێژ دەکەن، دەست دەکەن بە قسەی لوس و گرمەو گاڵەیان دێت و بە تەمای پلەی بەرزو شوێنی چاکن، خۆیان بە ئازاو دلێر دەدەنە قەڵەم بەلام ئەوانە درۆزن و فریودەرن و ڕاست ناکەن، ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿سَلَقُوكُم﴾ واتە: پێشوازیتان لێ دەکەن.[1] قەتادە دەڵێت: لە کاتی دەستکەوت و تالانیدا زۆر چاوچنۆك و پیسکەن و داوای زۆر دەکەن و ئەڵێن بەشمان بدە! خۆ ئێمەیش لەگەڵتان بووین، بەلام لە کاتی شەڕو تەنگانەدا ترسنۆکترین و بێدەسەلاتترین کەسن لەسەر هەق.[2] ﴿أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ﴾ واتە: کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەخشندە نین و زۆر چاو برسین، هیوای خێریان لێ ناکرێت چونکە ترسنۆك و پیسکەن بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أُولَٰئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ ۚ وَكَانَ

[1] الطبري(٢٠/٢٣٢).

[2] الطبري(٢٠/٢٣٢).

ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: ئا ئەوانە باوەڕیان نەهێنابوو هەموو کارەکانیان لای خودا بە فیڕۆچووەو ئەمەش لای خودا زۆر سووكو ئاسانە.

﴿ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟ ۖ وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ ۖ وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم مَّا قَـٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢٠﴾ ﴾

ئەمەش یەکێکی ترە لە ڕەوشتە ناشیرینو بەدەکانیان، ئەوەندە ترسنۆكو لێ نەهاتوون، ﴿ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟ ﴾ وا دەزانن دوژمنە هاودەستەکان نەڕۆیشتوونو زۆر لێیانەوە نزیکنو جارێکی تر دێنەوە سەریان، ﴿وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ﴾ واتە:پێیان خۆشە کاتێك کە هاودەستەکان هاتن لەوێ نەبوونایە لەگەڵتان لە مەدینە، بەڵکو لەناو عەرەبە چۆڵ نشینەکاندا بوونایە، لە دوورەوە هەواڵی ئێوەیان بپرسیایە، نەك لەگەڵ ئێوەدا لەگەڵ دوژمن بەرامبەر بوەستانایە، ﴿وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم مَّا قَـٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا﴾ واتە: خۆ ئەگەر لە نێوان ئێوەشدا بوونایە، کەمێکیان نەبێت لەو شەڕەدا بەشداریان نەدەکرد، چونکە زۆر ترسنۆكو کەم وورەو باوەڕ لاوازن، خوای پاكو بێ عەیب چاك ئاگای لێیانەو دەیانناسێت.

﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَـٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَـٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾ ﴾

فەرماندان بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر(ﷺ)

ئەم ئایەتە پیرۆزە بنەمایەکی مەزنە بۆ ئەوەی کە خاوەن باوەڕان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکەنە سەرمەشقی خۆیان، لە کردارو گفتارو هەموو هەڵسوکەتێکیدا، لە ژیانیدا، بۆیە خوای گەورە فەرمان دەدات بەو خەڵکە کە پێغەمبەر(ﷺ) لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی ئەحزاب) بکەنە سەرمەشقی خۆیان، لە خۆڕاگریو نەبەزینو ئازایەتیو وەستان بەرامبەر دوژمنو چاوەڕوانی دەروویەك لە لای خودای گەورەوە کە لێیان بکاتەوە، سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت تا ڕۆژی قیامەت، بۆیە خوای خاوەن دەسەڵاتو بە توانا باسی ئەو کەسانە دەکات کە جێ بە خۆیان ناگرنو دڵەتەپەیانەوخەریکن زراویان ئەتۆقێ لەو ڕۆژی هاودەستانەدا وەك دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ بەبێگومان پێشەوایەتی یەکی چاکتان لە پێغەمبەرەوە بۆ دامەزراوە، واتە: خۆزگە چاوتان لە

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکردایەو بتانکردایەتە سەرمەشقی خۆتان لە چاکەدا. بۆیە دەفەرموویت: ﴿لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ بۆ هەر کەسێك بە هیوای ڕۆژی دواییەو یادی خودا دەکات.

هەڵوێستی خاوەن باوەڕان بەرامبەر هاودەستەکان

پاشان خوای گەورە باسی ئەو عەبدە خاوەن باوەڕانەی دەکات کە بڕوایان بە بەڵێنی خودا هەیەو بە ڕاستی دەزانن، وە بە هیوای پاشەڕۆژێکی چاکن لە دنیاو لە قیامەتداو دەفەرموویت: ﴿وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ واتە: وە کاتێك ئیمانداران ئەو کۆمەڵانەیان دی وتیان ئەمە ئەو بەڵێنەیە خواو پێغەمبەرەکەی بە ئێوەیان دابوو. ئیبنو عەباس و قەتادە ئەڵێن: مەبەستیان ئەو ئایەتەیە کە لە سورەتی(البقرة) هاتووە کە دەفەرموویت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾[1] واتە: ئایا واتان زانیوە دەچنە بەهەشت کەچی هێشتا نەهاتووەتە ڕێتان ئەوەی تووشی ئەوانە بوون کە لە پێش ئێوەدا تێپەڕین(کە لە ڕێی خوادا) دووچاری سەختی و زەرەرو زیان بوون و زۆر بە توندی تەکان دران بە ڕەنگێك کە پێغەمبەرو ئەوانەی کە بڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا دەیانوت: سەرکەوتنی خوا کەی دێت؟ ئاگادار بن و بە ڕاستی سەرکەوتنی خوا نزیکە.[2] واتە: ئەمە ئەو بەڵێنە بوو کە خودای مەزن و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) پێیان داین کە بەڵامان بەسەر دێنێت و تاقیمان دەکاتەوە لە پاش ئەو بەڵاو تاقی کردنەوەیە بە ماوەیەکی کەم یارمەتیمان دەدات و سەرمان دەخات، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ واتە: خواو پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرمووە. وە دەفەرموویت: ﴿وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا﴾ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر زیادبوونی باوەڕو بەهێزبوونی بە پێی چۆنیەتی ئەو خەڵکەو ئەو حاڵەتەی تێیدا دەژین، وەك زۆرینەی پێشەوایانی ئیسلام ئەڵێن: کە باوەڕ زیادو کەم دەکات وەك چۆن لە سەرەتای شەرحی بوخاریدا وتمان، سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن. وە مانای ئەم ئایەتەی کە خوای خاوەن دەسەڵات دەفەرموویت: ﴿وَمَا زَادَهُمْ﴾ واتە: ئەو ناڕەحەتی و تەنگانەو ژیانە سەختە هەر زیاتر بڕوایان بەهێزتر

---

[1] البقرة(٢١٤).

[2] الطبري(٢٠/٢٣٦).

دەكات، گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوداو پێغەمبەرەكەی دەبن(ﷺ) هەروەها دەفـەرمووێت: ﴿إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسۡلِيمًا﴾ واتە: تەنها ئیمانو ملكەچیان پێی زیادی كرد.

﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ﴿٢٣﴾ لِّيَجۡزِيَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدۡقِهِمۡ وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ إِن شَآءَ أَوۡ يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٢٤﴾﴾

وەسفی خاوەنباوەڕان لەسەر هەڵوێستیانو دواخستنی سزای دووڕووەكان

كاتێك خـوای گـەورە باسـی دووڕووەكـانی كـرد كـە ئـەو پـەیمانـەی دابوویـان بـە خـودا شـكاندیانو پاشەكشەیان لێی كرد، كە دێتە سەر باسی خاوەنباوەڕانو وەسفیان دەكات كە لەسەر پەیمانی خۆیان بـەردەوام بـوون، دەفـەرمووێت: ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ﴾ واتە: لە ناو باوەڕداراندا پیاوانێك هەن ڕاستیان كرد لەو پەیمانەی كە دابوویان بە خوا ئینجا هەندێكیان نەزرو بەڵێنی خۆیـان بـەجێ هێنـاو(شـەهیدبوون). هەنـدێ ئـەڵێن: تەمـەنی خـۆت بردەسـەر. بوخـاری دەڵێت: پەیمانی خۆی بردە سەر و ئەمەش هـەر بـەو مانایەشـەوە دەگەڕێتـەوە[1]. ﴿وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا﴾ واتە: هەندێكیشیان چاوەڕوان بـوونو پـەیمانو بـەڵێنی خۆیـان نـەگۆڕیو لێیـان لانـەدا، بوخـاری ڕیوایـەتی كـردووە لـە زەیـدی كـوڕی سـابتەوە(ثابـت) دەڵێـت: كاتێـك قورئانمـان نووسـیەوە ئایەتێكم لێ ون بوو لە سورەتی(الاحزاب)دا، لە خزمەت پێغەمبەردا بووم(ﷺ) گوێم لێ بوو دەیخوێنـد، بەڵام لای كەسی تر نەمدەبینی لە لای خوزەیمەی كوڕی سابتی ئەنساری نەبێت (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەو پیاوەی كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) شایەتی ئەوی بە شایەتی دوو پیـاو دادەنـا، ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ﴾[2] تـەنها بوخـاری خـۆی هێناویـەتی موسـلیمی لەگـەڵ نیـە، ئیمـامی ئەحمەدیش لە موسنەدەكەیدا هێناویەتی تیرمیزیو نەسائیش هێناویانە، تیرمزی دەڵێـت: حەدیسێكی چاكو ڕاستە(حسن صحیح).[3] دیسان بوخـاری ڕیوایـەتی كـردووە لـە ئەنەسـی كـوڕی مالیكـەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: وا دەبینین كە ئـەم ئایەتـە لەسـەر ئەنەسـی كـوڕی نـەزر هاتووەتـە خـوارەوە،

---

[1] فتح الباري(٣٧٧/٨).

[2] فتح الباري(٣٧٧/٨).

[3] أحمد(١٨٨)، تحفة الأحوزي(٥٢٠/٨)، النسائي في الكبرى(٤٣٠٠/٦)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ﴾[1] تـەنها بوخـاری هێناویـەتی، وە لـە ڕێگـای تـرەوە نموونەی زۆرە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە دەڵێت: وتی مامم ئەنەسی کوڕی نـەزر (ڕەزای خوای لیّ بێت) ئامـادەی جـەنگی بـەدر نـەبوو لەگـەڵ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) بـەوە نـاوبراوە، چونکە زۆر بە لایانەوە گران بوو کە ئامادە نەبوو، دەڵێت: یەکـەمجار پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) تووشـی جەنگ بوو من لە خزمەتیدا ئامادە نەبووم، ئەگەر خودا لەمەودوا بۆم ڕێك بخـات لـە جـەنگێکی تـر لـە خزمەت پێغەمبەردا بم(ﷺ) مەگەر خودا خۆی بزانێت چی دەکـەم. دەڵێـت: هـەر کەسـێك ئـەم قسەی بکردایە غەیری ئەو دەترسا، لـە جـەنگی ئوحـودا ئامـادە بـوو، لەگـەڵ سـەعدی کوڕی مـەعاز بەیـەك گەیشتن(ڕەزای خوای لیّ بێت) ئەنەس پێی وت: ئەی باوکی عـەمر بـۆ کـوێ؟ سـەرم سـوڕدەمێنێت لـە بۆنی بەهەشت، من بۆنی بەهەشت دەکەم لەبەردەم ئوحوددا دەڵێت: دەستیکردووە شـەڕ کـردن هـەتا شەهیدکرا(ڕەزای خوای لیّ بێت) هەشتاو ئەوەنـدە بـرین بـە لاشـەیەوە بـوو لـە برینـی شمشێرو تـیر، خوشکی ئەنەس(پـورم ڕەبیـع کـچی نـەزر) دەڵێـت: براکـەی خۆم نەدەناسـیەوە بەسـەر پەنجەکانیـدا نـەبێت، دەڵێـت: ئـەوەبوو ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوارەوە: ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا﴾ دەڵێـت: ئـەو خەڵکـە وایـان دەزانـی ئـەم ئایەتـە لەسەر ئەوو هاوەڵـەکانی هاتووەتـەخوارەوە(ڕەزای خوایـان لـیّ بێـت).[2] موسـلیمو تیرمیـزیو نەسـائی ڕیوایەتیان کردووە.[3] ئیبنو جـەریر ڕیوایـەتی کـردووە لـە موسـای کـوڕی تەلحـەوە دەڵێـت: مەعاویـەی کوڕی ئەبو سوفیان هەڵساو وتی: من بیستوومە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)دەیفەرموو:(تەلحـە یـەکێك بوو لەو کەسانەی کە گیانی خۆی بەخشیووە). بۆیە موجاهید لـەم ئایەتـەدا: ﴿فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ﴾ دەڵێت: واتە: پەیمانی خۆی بەجیّ هێنا، ﴿وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ﴾ دەڵێت: هـەر ڕۆژێـك جـەنگ بێـت هەیانـە بەڵێنی خۆی بەجیّ دێنێـتو بـەرەو ڕووی دوژمـن دەوەسـتێت.[4] وە هەشیانە چاوەڕوانە گیانی خـۆی ببەخشێت لە ڕێی خوادا، وە هەشیانە هەر لەسەر پەیمانی خۆیەتی هیچ گـۆڕانێکی بەسـەر نـەهاتووە.[5] قەتادەو ئیبنو زەیدیش هەر وایان وتووە. هەندێك بەردەوامن لەسەر ئەو بەڵێنەی کە بە خودایان داوەو

---

[1] فتح الباري(٨/٣٧٧).

[2] أحمد(٣/١٩٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] مسلم(٣/١٥١٢)، تحفة الأحوذي(٩/٦٠).

[4] الطبري(٢٠/٢٣٨).

[5] الطبري(٢٠/٢٣٩).

پاشگەز نەبوونەتەوە وەك ئەو دووڕووانەی كە دەیاوت: ماڵەكانمان كەس نیە بیپارێزێت، ﴿وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟ ۚ وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ ۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾ واتە: خانووەكانمان بێ پارێزەرو ڕوونو كەلێناویە لە كیاتێكدا واش نەبوو(كە دەیانوت)، ئەوان تەنها مەبەستیان هەڵهاتن بوو، ﴿وَلَقَدْ كَانُوا۟ عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلْأَدْبَٰرَ﴾ واتە: بێگومان ئەوانە لە پێش ئەم(ڕووداوە) پەیمانیان بە خودا دابوو كە(لە غەزادا) پشت هەڵناكەنو ڕاناكەن.[1] پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِّيَجْزِىَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ إِن شَآءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: بۆیە خوای گەورە بەندەكانی تاقی دەكاتەوە بە ترسو دڵە لەرزەو تەنگانە هەتا خراپ لە چاك جیابكاتەوە بە جوانی دەركەوێت چاك كامەیەو خراپ كامەیە، چونكە خوای گەورە خۆی ئاگای لە هەموو شتێك هەیە پێش ئەوەی ڕووبداتو بێتەجێ، بەڵام خودا سزای كەس نادات هەتا ئەو كارە نەكاتو بەجێی نەهێنێت بۆ ئەوەی بە چاكی بزانن كە خوا ئاگاداری هەموو شتێكە كە دەیكەن. وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ﴾[2] واتە: سوێند بە خوا تاقیتان دەكەینەوە تا دەری بخەینو دیار بێت موجاهیدانو خۆڕاگرانتان كامانەن و تا هەواڵتان چییە ئاشكرای بكەن. ئەم ئاگاداربوونە بە شت دوای ڕوودانیەتی هەرچەند خودا ئاگاداری ئەو شتە بووە پێش ڕوودانی، وە هەر بەو شێوەیە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ﴾[3] واتە: خودا هیچ كاتێك باوەڕدارانی لە بارودۆخێكدا(وا ئێوەی تێداهەن) نەهێشتووەتەوە مەگەر لەبەر ئەوەی ناپاكان لە پاكان هەڵاوێرێت، خودا ئێوە لە نادیار ئاگادار ناكات. بۆیە لێرەدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِّيَجْزِىَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ﴾ واتە: تا بە هۆی ئەو خۆگریانەوە لەسەر ئەو پەیمانەی كە بە خودایان داو پێی هەڵسانو پاراستیان خودا پاداشتیان بداتەوە، ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ وە ئەو دووڕووانە كە بەڵێنیان دا بە خوداو شكاندیان دژی فەرمانەكانی خودا وەستان بە هۆی ئەو كردارانەیانەوە تووشی سزاو تۆڵەی خودا دەبن ئەگەر بیەوێت،بەڵام ئەوانە لە ژێر

---

[1] الاحزاب(١٣و ١٥).

[2] محمد(٣١).

[3] ال عمران(١٧٩).

دەسەڵاتی ئەودان و لێی دەرناچن لە دنیادا، خودا مەیلی لێ بێت لەسەر ئەو خراپەکاریە هەر دەچن هەتا دەمردن و ئەو کاتە سزایان دەدات، وە ئەگەر مەیلیشی لێ بێت ﴿أَوۡ يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡ﴾ لێیان خۆش دەبێت و ڕێیان نیشان دەدات هەتا لە دووڕووییەوە بەرەو خواناسی بێن و ئاکاری چاك بکەن پاش ئەو لادان و سەرپێچی کردنە چونکە بەزەیی و سۆزی خودای مەزن بە عەبدەکانی زۆر زیاترە لە توڕەبوونی بۆیە فەرمویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ واتە: بێگومان خوا لێبوردەی میهرەبانە.

﴿وَرَدَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِغَيۡظِهِمۡ لَمۡ يَنَالُواْ خَيۡرٗاۚ وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلۡقِتَالَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزٗا ﴿٢٥﴾﴾

خوا ئەو هاودەستە خوانەناسانەی گەڕاندەوە بەسەرشۆڕی و ڕەنجەساری

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَرَدَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِغَيۡظِهِمۡ لَمۡ يَنَالُواْ خَيۡرٗاۚ وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلۡقِتَالَ﴾ واتە: وە خوا کافرەکانی گەڕاندەوە بە ڕق و مەراقەوە بۆ وڵاتی خۆیان هیچ خێر و ئاواتێکیان دەست نەکەوت خوا ئیماندارانی لە جەنگ پاراست. خوای گەورە باسی هاودەستەکان دەکات کە وەدەرینان لە مەدینە بە هۆی ئەو بایەی کە بۆی ناردن لەگەڵ سەربازەکانی خۆیدا، خۆ ئەگەر خودای مەزن پێغەمبەرەکەی ڕەوانە نەکردایە بە سۆز و بەزەییەوە بۆ هەموو جیهانیان، ئەم بایە زۆر بەهێزتر دەبوو لەو گڕە بایەی کە ناردی بۆ سەر هۆزی عاد، بەڵام خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمۡ وَأَنتَ فِيهِمۡ﴾[1] واتە: وە بە ڕاستی خوا سزایان نادات لە کاتێکدا تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)) لەناویاندا بیت. بۆیە بایەکی بۆ ناردن پەرش و بڵاوی کردن وەك چۆن لەسەر ئارەزوو کۆبووبوونەوە، هەر هۆزە لە لایەکەوە هاتبوون و هەریەکە و هۆکارێك پاڵی پێوەنابوو هاتبوو، خودایش بەو شێوەیە تاروماری کردن و بە سەرشۆڕی و داماوی و زەلیلی و داخ و خەفەتێکی زۆرەوە پاشەکشەی پێکردن لە دنیادا تووشی شکستی کردن و سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و هیچ تاڵانیەکیشیان دەست نەکەوت، وە بە کۆڵێك گوناهەوە بەرەو قیامەتیش ڕۆیشتن بە هۆی دوژمنایەتی کردنی پێغەمبەر(ﷺ) و هەوڵدانیان بۆ کوشتنی پێغەمبەر(ﷺ) و لەناودانی سوپاو لەشکرەکەی، چونکە هەر کەسێك نیازی شتێکی ببێت و بە کرداریش پێی هەڵسێت، وەك ئەو کارەی کردبێت وایە، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلۡقِتَالَ﴾ واتە: خودا لەگەڵ خاوەن باوەڕاندایە، ئەویان بەسە، پێویستیان نەبوو کە بەرەو ڕوویان بڕۆن و جەنگیان لەگەڵ بکەن، بۆ ئەوەی وەدەریان نێن لە وڵاتەکەیاندا، بەڵکو تەنها خودا خۆی بەس بوو یارمەتی عەبدەکەی خۆی داو سەربازەکانی کردە خاوەن دەسەڵات، هەر بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیفەرموو:(هیچ پەرستراوێك نیە تەنها خوا نەبێت، بەڵێنی خۆی بەجێ هێناو

[1] الانفال(٣٣).

عەبدەکەی یارمەتی داو سەربازەکانی دەسەڵاتدار کردو هەر خۆیشی هاودەستەکانی شکست پێهێنا، هیچ شتێك دوای خودا نیە).[1] واتە: هەر خۆی دەمێنێت. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عەبدولای کوڕی ئەبو ئەوفاوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوعای کرد لە هاودەستەکان و فەرمووی:(ئەی خودایە! تۆ کتێبت دەنێری‌و لێپرسینەوەت کتوپڕە، شکست بە هاودەستەکان بێنە، ئەی خودایە تاروماریان بکەو دڵیان بخەرە لەرزە).[2] وە ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ﴾ هێمایە بۆ نەمانی شەڕ لە نێوان موسڵمانەکان‌و قورەیشدا، هەر وایش بوو موشریکەکان نەهاتنە سەر موسڵمانەکان بەڵکو موسڵمانەکان چوونە سەر ئەوان لە ناوچەکانیاندا، وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سولەیمانی کوڕی سوردەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی هاودەستەکاندا فەرمووی:(ئێستا ئێمە دەدەین بەسەر ئەواندا، ئەوان ئیتر نادەن بەسەر ئێمەدا).[3] بوخاریش لە سەحیحەکەیدا هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە.[4] ﴿وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ واتە: خودا خاوەن توانا‌و بەدەسەڵاتە، بەسەرشۆڕی گەڕاندنیەوەو هیچیان دەست نەکەوت، ئیسلام‌و موسڵمانانی کردە خاوەنی دەسەڵات، بەڵێنی خۆی بەجێ هێناو بەندەو پێغەمبەری خۆی(ﷺ) یاریدەدا، سوپاس‌و ستایش هەر بۆ خودایە.

﴿ وَأَنزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا ﴿٢٦﴾ وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَئُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا ﴿٢٧﴾ ﴾

باسی غەزای بەنو قورەیزە

لە پێشەوە باس کرا کە بەنی قورەیزە کاتێك کە هاودەستەکان هاتن‌و دەوری مەدینەیان دا، ئەو پەیمانەی کە لە نێوان ئەوان‌و پێغەمبەردا(ﷺ) بەسترابوو هەڵیان وەشاندەوەو شکاندیان، ئەوەش بە هۆی هاتنی حویەی کوڕی ئەختەبەوە بوو کە چووە ناو قەڵاکەیان وازی نەهێنا لە سەرۆکی بەنی قورەیزە تا ئەو پەیمانەی هەڵوەشاندەوە، لەو قسانەی کە پێی دەوت: ئەی هاوار بۆ تۆ سەربەرزی هەتاهەتاییم بۆ هێناوی، قورەیش‌و هەموو هۆزەکانی دەوروبەری‌و غەتەفان ئەوانەی لەگەڵێنی هەموو هێناوە بۆت دەمێننەوە هەتا موحەممەدو(ﷺ) هاوەڵەکانی بنەبڕ دەکەن، کەعب پێی وت: سا بە خوا

---

[1] فتح الباري(٧/٤٦٩)، مسلم(٣/٢٠٨٩).

[2] فتح الباري(٧/٤٦٩)، مسلم(٣/١٣٦٣).

[3] أحمد(٤/١٦٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري(٧/٤٦٧).

تۆ سەرشۆڕی هەتاهەتاییت بۆ من هێناوە، هاوار بۆ تۆ ئەی حوییەی تۆ زۆر بەوقومی خۆتمان لێ لادەو واز بێنە، کەچی ئەو هەر وازی نەهێنا هەتا خەڵەتاندیو بە گوێی کرد، بەو مەرجەی ئەگەر هاودەستەکان ڕۆیشتنو کشانەوە ئەو لەناو قەڵاکەدا لەگەڵیان دەبێتو بەجێیان ناهێڵێت، کاتێك بەنی قورەیزە پەیمانەکەیان شکاندو هەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵەکانی زۆر دڵگران بوون موسڵمانانیش زۆر بە لایانەوە ناخۆش بوو، کاتێك کە خودای مەزن یارمەتی پێغەمبەر(ﷺ) داو سەری خست دوژمن شکاو بەسەرشۆڕیو ڕەنجخەساری یەوە خودای گەورە گەڕاندنیەوە، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەسەرکەوتوویی‌و سەربەرزی گەڕایەوە ناو مەدینە، خەڵکی چەکەکانیان داناو پێغەمبەری خودایش(ﷺ) خۆی دەشۆردو تەپو تۆزی ئەو ماوەیەی کە لە بەرامبەر دوژمن بوو لە خۆی دەسڕیو لای دەبرد لە ماڵی ئوموسەلەمە(ڕەزای خوای لێ بێت) لەو کاتەدا جوبرەئیل(سەلامی خوای لێ بێت) خۆی نیشانی پێغەمبەر دا(ﷺ) مێزەرەیەکی ئاوریشمی بەسەرەوە بوو سواری ئێسترێك بوو کە پارچە هەوریشمێکی جوانی لەسەر پشت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا چەکت داناوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بەڵێ)، جوبرەئیل فەرمووی: بەڵام فریشتەکان هێشتا چەکیان دانەناوە، وە ئێستا من گەڕاومەتەوە بۆ ئەو گەلە، پاشان فەرمووی: خوای مەزن فەرمانت پێ دەکات کە هەڵسیو بچی بۆ بەنو قورەیزە وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە جوبرەئیل پێی فەرموو: لە شەڕکەرێك لای داویو پزگاری کردووی چەکتان داناوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بەڵێ) جوبرەئیل فەرمووی: هێشتا ئێمە چەکمان دانەناوە. هەڵسە بڕۆ بۆ سەر ئەوانە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بۆ کوێ؟) جوبرەئیل فەرمووی: بۆ بەنی قورەیزە خودای گەورە فەرمانی پێکردووم کە بیانخەمە لەرزە، کتوپڕ پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵساو فەرمانی دا بەو خەڵکە ڕووەو بەنی قورەیزە بەڕێکەون، چەند میلێك لە مەدینەوە دوور بوو، دوای نوێژی نیوەڕۆ بوو، فەرمووی:(هیچ کەسێك لە ئێوە نوێژی عەسر نەکات لە لای بەنی قورەیزە نەبێت)، خەڵکی کەوتنەڕێو کاتی نوێژی عەسر هات لە ڕێدا، هەندێکیان لە ڕێگادا نوێژیان کردو وتیان مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەبوو کە ئێمە پەلە بکەین لە ڕۆیشتنو دوانەکەوین لە ڕێدا، هەندێکی تریان وتیان: نوێژی عەسر ناکەین هەتا نەگەینە بەنی قورەیزە. پێغەمبەر(ﷺ) ناڕەزایی دەرنەبڕی لە هیچێك لەو دوو کۆمەڵە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە دوایاندا کەوتەڕێ، ئیبنو ئوم مەکتومی لەسەر مەدینە داناو ئاڵاکەیشی دایە دەست عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ڕەزای خوای لێ بێت) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرەو ڕوویان بوویەوە.دەوری دان بۆ ماوەی بیستو پێنج(٢٥) ڕۆژ، کاتێك ماوەکە درێژەی کێشا ڕازی بوون بە بڕیاری سەعدی کوڕی مەعاز سەرۆکی هۆزی ئەوس چونکە لە کاتی نەفامیدا هاوپەیمانی ئەوان بوون، وایان دەزانی بە چاکی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لەو بارەیەوە. وەك چۆن عەبدوڵای کوڕی سەلول لەگەڵ بەنی قەینوقاعی دۆستی کردی، کاتێك داوای ئازادکردنی

کردن لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وایان دەزانی کە سەعدی کوڕی مەعازیش هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکات وەك چۆن عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لەگەڵ ئەوانە کردی، نەیاندەزانی کە سەعد(ڕەزای خوای لێ بێت) تیرێك دابووی لە باڵی لە ڕۆژی خەندەقدا، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەمارێکی باڵی داخکرد وە لە قوبەی مزگەوتدا داینا بۆ ئەوەی زوو زوو سەری لێ بدات، سەعد(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەو دوعایەی کردو وتی: ئەی خودایە ئەگەر شەڕ لەگەڵ قورەیش ماوە، منیشی بۆ بهێڵەرەوە، وە ئەگەر شەڕیشت لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەڵگرتووە، ئەوا ئەو برینەم بەردەرەوەو بتەقێنەرەوەو نەم مرێنی هەتا چاوم ڕۆشن دەکەیتەوە لەناو بردنی بەنی قورەیزە. خوای مەزن دوعاکەی قەبوڵ کرد، وای کرد کە ڕازیبن بە بڕیاری سەعد بە ئارەزووی خۆیان‌و خۆیان داوایان کرد، ئا لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) ناردی بە شوێنیدا لە مەدینە بۆ ئەوەی بڕیاریان بۆ بدات، کاتێك کە سەعد بەسواری کەرێك کە بۆیان ئامادە کردبوو گەیشتە ئەوێ، ئەوسیەکان لێی دەپاڕانەوە دەیانوت: ئەی سەعد ئەوانە دۆستی تۆ بوون چاکەیان لەگەڵ بکە. دەیانویست دڵی نەرم بکەن‌و بەزەیی بێتەوە پێیاندا، بەڵام سەعد بێدەنگ بوو وەڵامی نەدانەوە، کاتێك کە زۆریان پێهێنا سەعد(ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: کاتی ئەوەیە کە سەعد لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسێت لە بەرامبەر ڕەزای خوادا، بۆیان دەرکەوت کە سەعد لەناویان دەبات‌و دەیانکوژێت کاتێك کە سەعد لەو چادرەی کە پێغەمبەری خودای(ﷺ) تێدا بوو نزیك کەوتەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(هەڵسن لەبەر گەورەکەتان)، موسڵمانان لەبەری هەڵسان، زۆر بە ڕێزو ئیحتیرامەوە لە شوێنی فەرمانداریەکەیدا دایانبەزاند بۆ ئەوەی بە چاکی بڕیارەکەی بەجێ بێنێت بۆیان، کاتێك کە دانیشت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی پێی:(ئەوانە(ئیشارەتی بۆ کردن) بە بڕیاری تۆ ڕازین، هەر چۆن مەیلت لێیە بڕیاریان بۆ بدە). سەعد وتی: بڕیاری من جێبەجێ دەکرێت لەسەریان؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ)، وتی: بەسەر ئەمانەیشدا کە لەم چادرەدان؟ فەرمووی: (بەڵێ)، وتی: بەسەر ئەمانەیشدا کە ئا لێرەدان؟ ئیشارەتی کرد بۆ ئەو لایەی کە پێغەمبەری(ﷺ) تێدابوو، بەڵام ڕووی نەکردە پێغەمبەر(ﷺ) وەك ڕێزو ئیحتیرامێك بۆی. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بەڵێ)، وتی: من بڕیار دەدەم کە شەڕکەرەکانیان بکوژرێن و ژن‌و منداڵیان بکرێتە دیل‌و سامانەکانیشیان بکرێتە غەنیمەت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان تۆ بە بڕیاری خوای مەزن کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوەیە بڕیارت داوە) وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە:(بێگومان بە بڕیاری خوا گەورە تۆ بڕیارت داوە) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دا کە خەندەق هەڵکەنن، خەندەقیان لە زەوی هەڵکەندو بە دەست بەستراوی لە ملیان درا، ئەوانەی لە ملیان درا لە نێوان

حەوت سەد هەتا هەشت سەد کەسێك دەبوون. ئەوانەی کە موویان دەرنەکردبوو لەگەڵ ژنەکاندا کرانە دیل‌و سامانیشیان بووە غەنیمەت.[1] ئەمە هەمووی بە درێژی هاتووە بە بەڵگەوە فەرموودەکانیشی لەگەڵ باس کراوە. لە پەڕاوی ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ) بە جیا نووسیومانە. سوپاس‌و ستایش بۆ خوای مەزن. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم﴾ واتە: ئەوانەی هاوکاری هاودەستەکانیان کردو یارمەتیان دان بۆ شەڕکردن لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، خودا هێنانیە خوارەوە، ﴿مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ واتە: بەنی قورەیزە کەلە ئەهلی کتێبن و جوولەکەن. کە باب‌و باپیرانیان لە کۆنەوە چووبوونە حیجاز بۆ ئەوەی شوێنی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە بکەون کە لە تەورات‌و ئینجیلدا ناوی نوسراوە. ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦ﴾[2] واتە: کەچی کاتێك ئەو(پێغەمبەر)ەی دەیانناسی بۆیان هات بێباوەڕ بوون پێی. واتە: کاتێك قورئان هات‌و بەوەی پێی ئاگادارکرابوون بڕوایان پێ نەکرد لەعنەتی خوایان لێ بێت. ﴿مِن صَيَاصِيهِمْ﴾ واتە: لە قەڵاکانیاندا. موجاهیدو عیکریمەو عەتاو سودی‌و زۆرێك لە پێشووەکانیش هەر وایان وتووە[3]. ﴿وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ﴾ واتە: ترس‌و لەرزی خستە دڵیانەوە، چونکە ئەوەندە هاوکاری موشریکەکانیان کرد لە شەڕ دژی پێغەمبەر(ﷺ)، دیارە ئەوەی ئاگادارە وەك ئەوە نیە کە ئاگای لێ نیە. موسڵمانەکانیان دەترساندو دەیانویست بیانکوژن بۆ ئەوەی لە دنیادا خۆیان خاوەن دەسەڵات بن، کەچی بە پێچەوانەوە بەسەر خۆیاندا شکایەوە موشریکەکان ڕایان کردو ئەمان سەرشۆڕ بوون‌و دۆڕان، کاتێك ویستیان ببنە خاوەن دەسەڵات بوونە ژێردەستەو دەیانویست موسڵمانەکان ڕیشەکێش بکەن کەچی خۆیان لەناو چوون، با بەدبەختی‌و سزاو ئازاری ڕۆژی قیامەتیش بوەستێت، ویستیان قازانج بکەن بەڵام دۆڕاندیان بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا﴾ واتە: کۆمەڵێکیان دەکوژن‌و کۆمەڵێکیان بە دیل دەگرن. ئەوانەی کوژران شەڕکەر بوون، دیلەکانیش منداڵ‌و ژنەکان بوون. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەتیەی قورەزیەوە دەڵێت: پیشانی پێغەمبەر(ﷺ) درام، گومانیان هەبوو کە منداڵ بم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دا بە سەرمدا کە سەیرم بکەن بزانن ئایا موم لێهاتووە یان نەهاتووە، سەیریان کردم بۆیان دەرکەوت کە موم لێ نەهاتووە، وازیان لێ هێنام‌و

---

[1] الطبري(٢٠/٢٤٧).

[2] البقرة(٨٩).

[3] الطبري(٢٠/٢٤٩).

خستمیانە ناو دیلەکانەوە.[1] زانایانی تری فەرموودەیش هەر بەو شێوەیە ڕیوایەتیان کردووە. تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاکو ڕاستە(حسن صحیح).[2] نەسائیش دیسان ڕیوایەتی کردووە لە عەتیەوە بەو شێوەیەی کە هاتووە.[3] پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَـٰرَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَـُٔوهَا ﴾ دوای تیاچوونی ئەوان خوا زەویو خانوو سامانی ئەوانی دا بە ئێوە، ئەو ئەرزەشی کە پێتان تێی نەنابوو. هەندێ ئەڵێن: خەیبەرە. هەندێکی تر ئەڵێن: وڵاتی فارسە، هەندێکی تریش ئەڵێن: وڵاتی ڕۆمە. ئیبنو جەریر دەڵێت: دەبێت مەبەست پێی گشتیان بێت، ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا ﴾[4] واتە: وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَـٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ ﴾

سەرپشککردنی ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە خێزانەکانت بڵێ ئەگەر ئێوە ژیانی دنیاو ڕازاوەیی ئەوتان دەوێت دەی هەمووتان وەرن موتعەتان پێ بدەم (موتعە پارەو شتومەکێکە دەدرێتە ئافرەتی تەڵاق دراو) و تەڵاقتان بدەم بە تەڵاقدانێکی جوانو بێزیان. ئەمە فەرمانێکە لە لایەن خودای گەورەوە بۆ پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تاژنەکانی سەرپشتك بکات یان لێی جیاببنەوەو بڕۆن بۆ لای کەسێکی تر کە لە دنیادا خۆشگوزەرانیان بکاتو بیانکاتە خاوەن خشڵو زێڕ، یان خۆڕاگر بن لەسەر ئەو ژیانو حاڵە گرانو تەنگەڵانەی ئەو، خۆ ئەگەر خۆڕاگر بن خودای مەزن پاداشتی زۆر گەورەی بۆ داناون. ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ژیانەی لای پێغەمبەریان هەڵبژارد، خوای گەورەیش دوای ئەوە بەختەوەری دنیاو قیامەتی پێ بەخشین. بوخاری ڕیوایەتی کردووەلەعائیشەی خێزانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتەلای کاتێك کە خوای

---

[1] أحمد(٤/٣٨٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] ابو داود(٤/٥٦١)، تحفة الأحوزي(٥/٢٠٧)، النسائي في الكبرى(٥/١٨٥)، ابن ماجه(٢/٨٤٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] النسائي في الكبرى(٥/١٨٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] الطبري(٢٠/٢٥٠).

مەزن فەرمانی پێدا تاخێزانەکانی سەرپشك بکات، ئەڵێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە منەوە دەستی پێکرد، فەرمووی: (من شتێکت بۆ باس دەکەم پێویست ناکات هیچ پەلەیەکی لێ بکەیت، تا پرس بە بابو دایکت دەکەی)، پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی کە بابو دایکم فەرمانم پێناکەن بە جیابوونەوە لێی، عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بە ڕاستی خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ﴾ هەتا کۆتایی هەردوو ئایەتەکە. منیش پێم وت: لەسەر کامە پرس بکەم بە دایكو بابم، کە من خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)و دوارۆژم دەوێت؟[1] وە هەر بەو شێوەیە بوخاری ئەم فەرمودەی تری ڕیوایەت کردووە لە عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت)کە ئەمەیشی لێ زیاد کردووە، (عائیشە دەڵێت: لە پاشان ژنەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) هەر وەکو منیان کرد)[2]، ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەرپشکی کردین، ئێمەش ئەومان هەڵبژارد، وە هیچ شتێکی دانەنا لەسەرمان. واتە: بە تەڵاقدانی حیساب نەکرد.[3] بوخاریو موسلیمیش لە فەرموودەیەکی ئەعمەشەوە (الاعمش)[4]ئەم فەرمودەیان هێناوە. وە دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە جابیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتو داوای ئیزنی کرد بچێتە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) خەڵکی لەبەر دەرگاکەیدا دانیشتبوون، پێغەمبەریش (ﷺ) دانیشتبوو، ڕێگای پێ نەدرا، پاشان عومەریش (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتو داوای ئیزنی کرد ڕێی پێ نەدرا، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) ئیزنی ئەبو بەکرو عومەری دا (ڕەزای خوایان لێ بێت) بچنە ژوورەوە. پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو ژنەکانی بە دەوریدا بوون، پێغەمبەر (ﷺ) قسەی نەدەکرد، عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: ئێستا قسەیەك دەکەم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەڵکو پێبکەنێت، عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر چاوت لەکچەکەی زەید دەبینی(ژنەکەی عومەر) ئەبوو داوای بژێوی لێدەکردم کە کەمێك لەمەوپێش منیش چۆن کێشام بە ملیدا. پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنیو پووکی موبارەکی دەرکەوتو فەرمووی: (ئەمانیش بە دەوری مندان داوای بژێویم لێ دەکەن)، ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) هەڵسا بۆ عائیشە لێی بداو، عومەریش (ڕەزای خوای لێ بێت) هەڵسا بۆ حەفسە، هەردووویان وتیان: داوای شتێك لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن کە نیەتی؟! پێغەمبەر (ﷺ) نەیهێشت لێیان بدەن، ژنەکانی وتیان: سوێند بە خوا لەمەودواو پاش ئەم مەجلیسە داوای شتێك ناکەین کە پێغەمبەر (ﷺ) لە لای

---

[1] فتح الباري (٨/٣٧٩).

[2] فتح الباري (٨/٣٨٠).

[3] احمد (٦/٤٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (٩/٢٨٠)، مسلم (٢/١١٠٤).

نەبێت.(جابر) دەڵێت: خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو سەرپشکی کردن. پێغەمبەر (ﷺ) لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەستی پێکردو فەرمووی: (من شتێکت بۆ باس دەکەم پێم خۆش نیە پەلەی تێدا بکەیت، تا پرس بە بابو دایکت نەکەی)، عائیشە وتی: ئەو شتە چیە؟ دەڵێت: ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ﴾ هەتا کۆتایی هەردوو ئایەتەکە. عائیشە وتی: لە بارەی تۆوە پرسیار لە دایكو باوکم بکەم؟ من خواو پێغەمبەرەکەی هەڵدەبژێرمو داوات لێ دەکەم لای هیچ ژنێك لە خێزانەکانت باسی ئەمەمەکە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (خوای مەزن منی بە توندو تیژی ڕەوانە نەکردوە بەڵکو منی بە مامۆستاو ئاسانکەر ڕەوانەکردووە، بەڵکو هەر ژنێکیان پرسیارم لێ بکات لەوەی هەڵت بژاردووە حەتمەن هەواڵی دەدەمێ)[1]، تەنها موسلیم ڕیوایەتی کردووەو بوخاری لەگەڵ نیە. هەر نەسائیو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە[2]. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡمُحۡسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴾ واتە: ئەگەریش خواو پێغەمبەرو ماڵی دواڕۆژتان دەوێت خودا بۆ کارچاکەکانتان پاداشتی گەورەی داناوە. عیکریمە دەڵێت: لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) نۆ ژنی هەبوو، پێنجیان لە قورەیشیەکان بوون: عائیشەو حەفسەو ئوموحەبیبەو سەودەو ئوموسەلەمە (ڕەزای خوایان لێ بێت). وە سەفیەی کچی حویەی نەزەریەو وە مەیمونەی کچی حارسی هیلالیەو زەینەبی کچی جەحشی ئەسەدیەو جویەیریەی حارسی موستەلەقیە ڕەزای خوای لێ بێتوخوا لە هەموویان خۆش بێت)[3].

﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ﴿٣٠﴾ ۞ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾﴾

هاوسەرانی (ژنانی) پێغەمبەر (ﷺ) وەك ژنانی تر نین

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ﴾ واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر (ﷺ)! هەر کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی ئاشکرای لێ ڕوویدات، دوو سەرە سزای دەدرێت، ئەمەش لای خودا ئاسانە. خوای گەورە ئامۆژگاری هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات ئەوانەی کە خوداو پێغەمبەر (ﷺ)و دواڕۆژیان

[1] أحمد (۳/۳۲۸)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[2] مسلم (۲/۱۱۰٤)، النسائي (٥/۳۸۳).
[3] الطبري (۲۰/۲٥۲).

هەڵبژاردووە لە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ) ماونەتەوە، جێگای خۆیەتی کە ئاگاداریان دەکاتو بە تایبەتی جیایان دەکاتەوە لە ژنانی ترو فەرموویەتی کە هەرکێ لە ئێوە خراپەیەکی ئاشکرای لێ دەرکەوێت زیاتر سزا دەدرێت، ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ﴾ واتە: لوتبەرزی و خراپەکاری.[1] بە هەر مانایەك بێت ئەمەمەرجێکەو ئەو مەرجەیش، پێویست نیە بێتەدی. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾[2] واتە: سوێند بە خوا نیگا کراوە بۆ تۆ وە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆش ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی بە ڕاستی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾[3] واتە: ئەگەر هاوبەشیان ڕەوا بدایە بۆ خوا بێگومان ئەو چاکانەی کردبوویان هەمووی بێ پاداشت دەردەچوو. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْعَٰبِدِينَ﴾[4] واتە: بەڵێ ئەگەر پەروەردگار کوڕی ببوایە ئەوە من یەکەمین کەس بووم دەمپەرست. وە فەرموویەتی: ﴿لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدٗا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُۚ سُبْحَٰنَهُۥۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾[5] واتە: ئەگەر خوا بیویستایە منداڵێك بۆ خۆی بڕیار بدات ئەوە لەناو دروست کراوەکانیدا کامەی بویستایە هەڵی دەبژارد پاکو بێگەردە، هەر ئەوە خوای تەنیای زاڵو بەدەسەڵات. کاتێك کە ئەو هاوسەرانەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە شوێنو پلەیان بەرزە،جێگەی خۆیەتی ئەگەر تاوانێکیان لێوەدەرکەوت سزاکەیان توندتر بێت لەبەر ئەو پلەوپایە بەرزەیان. لەبەر ئەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ﴾ مالیك دەڵێت: لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە. ﴿يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ﴾ واتە: لە دنیاولە ڕۆژی قیامەتیشدا. ئیبنو ئەبی نەجیح ئەڵێ: لە موجاهیدەوە واتە: دوو ئەوەندەی ئەو سزایە سزا دەدرێت. ﴿ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا﴾یانی: هەر کەسێك لە ئێوە گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەری خودا بێتو (ﷺ) بەڵێنی خۆی بباتە سەر. ﴿نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقٗا كَرِيمٗا﴾ واتە: بە زیادەوە بژێوی بۆ ئامادە دەکرێت لە بەهەشتدا چونکە ئەوانە دەچنە ئەو

[1] البغوي (٣/٥٢٧).

[2] الزمر (٦٥).

[3] الانعام (٨٨).

[4] الزخرف (٨١).

[5] الزمر (٤).

شوێنانەی کە پێغەمبەری (ﷺ) تێدایە لە شوێنە هەرە بەرزەکان لە بەهەشتدا. لە سەرووی شوێنەکانی هەموو خەڵکەوە لەو شوێنەی کە پێی دەوترێت (الوسیلة) کە نزیکترین شوێنی بەهەشتە لە(عەرشەوە).

﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴿٣٢﴾ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾

فەرماندان بە چەند ڕەوشتێك كە دایكی موسڵمانان دەبێت پێشەنگ بن تێیدا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا﴾ واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر(ﷺ) ئێوە وەك ژنانی تر نین، ئەگەر خۆتان دەپارێزن، بەناسكی قسە مەكەن نەوەك كەسێك غەرەزێكی لە دڵدا بێت، ئارەزووی خۆش بكات، هەرچۆن پەسەندە بیەیڤن و قسە بكەن. ئەمە چەند ڕەوشتێكە خوای گەورە فەرمان دەكات بە هاوسەرەكانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕەچاوی بكەن، بێگومان ژنانی تری موسڵمانانیش لەسەریانە شوێنی ئەو ڕەوشتانەی ئەوان بكەون، خوای مەزن ڕووی قسەی كردووەتە هاوسەرەكانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: بە هاوسەرەكانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر دەیانەوێت با خۆ بپارێزن بەو شێوەیەی كە خودا فەرمانی پێكردوون، چونكە ئەوان وەك ژنانی تر نین، ژنانی تر لە ڕێزو پلەدا بەوان ناگەن. وەك فەرموویەتی: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ﴾ پاشان فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ﴾ سودی و كەسانی تریش دەڵێن: مەبەست پێی قسە ناسك كردنەوەیە لەگەڵ پیاودا لە كاتی دواندا، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ﴾ واتە: نەكا كەسێك كە دڵی نەخۆشە، بكەوێتە خولیای شتێك ، ﴿وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا﴾ ئیبنو زەید دەڵێت:بەقسەیەكی چاك و بە پەسەندو پڕخێر لەگەڵیاندا بدوێن[1]. واتە نابێت ژنان لەگەڵ كەسێكدا بێگانە بێت (مەحرەم نەبێت) بە ناسكی قسە بكات، وەك ئەوەی كە لەگەڵ هاوسەرەكەی قسە دەكات. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ

[1] الطبري (٢٠/٢٥٨).

ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ﴾ واتە: وە لە ماڵەكانی خۆتاندا بمێننەوەو زینەتو جوانی خۆتـان دەرمەخـەن لـەناو خەڵكی نامەحرەمدا وەكو خۆدەرخستنی ئافرەتانی سـەردەمی نـەفامی یەكـەم (پـێش ئیـسلام)، نوێـژ بكەنو زەكات بدەنو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكەن بە ڕاستی خوا دەیەوێت ئـەی ئـالو بـەیتی پێغەمبـەر (ﷺ) هـەر جـۆرە پیـسیو گوناهێـك لـە ئێـوە دووربخاتـەوەو پـاكو خاوێنتـان بكاتـەوە بـە تەواوی. ﴿وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ واتە: لە ماڵ بمێننەوە مەیەنە دەرەوە بۆ كارێكی پێویـست نـەبێت، لـە پێویستیە شەرعیەكان وەك نوێژ كردن لەناو مزگەوت بەو مەرجانەی بۆی دانراوە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (مەبنـە ڕێگـری ژنـە خواناسـەكان لـە ماڵـەكانی خـوادا، بـا ئـەوانیش بـڕۆن بـەبێ بـۆن لـەخۆدان).[1] وە لـە ڕیوایـەتێكی تـردا هـاتووە: (ماڵـەكانیان چـاكترە بۆیـان)[2]. ﴿وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰ﴾ موجاهیـد دەڵێـت ژنـان دەچـونە دەرەوە لـەناو پیاوانـدا دەگـەڕان، ئـەوە خۆدەرخستنی سەردەمی نەفامی بوو.[3] قـەتادە دەڵێـت: ﴿وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰ﴾ واتـە: كاتێ نەزانی پێشوو كە دەردەچوون لە ماڵەكانیان، بە شێوەیەك دەچوون بە ڕێدا سەرنجی ڕادەكێشا، خوای مەزن ئـەوەی قەدەغـە كـرد.[4] موقـاتیلی كـوڕی حـەییان دەڵێـت: ﴿وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰ﴾، (التبرج) واتە: ئافرەت سەرپۆشی دەدا بەسەریدا نەیدەبەست.[5] گوارەو ملوانكەو ملی هەموو دەردەخستو دەبینرا ئەم خشڵو زێڕو مـل دەرخـستنە تەبـەڕوج بـوو، پاشـان فەرمانەكـە هـەموو ژنـە خاوەن باوەڕەكانی گرتەوە كە خۆیان بەو شێوەیە نیشان نەدەن. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ یەكەم جار داوای لێكردن واز لە خراپە بێـنن پاشـان فەرمانی پێكردن كە چاكە بكەن وەك نوێژكردن كە پەرستنی خودای مەزنە بە تەنها كە شـەریكی نیـە، زەكات دات كە ئەویش چاكەكردنە لەگەڵ خـەڵكی، ﴿وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ ئەمـەیش لـە بـابی عـەتفی عامە لەسەر عەتفی خاس.

---

[1] ابو داود (١/٣٨١).

[2] ابو داود (١/٣٨٢).

[3] الدر المنثور (٦/٦٠٢).

[4] الطبري (٢٠/٢٥٩).

[5] الدر المنثور (٦/٦٠٢).

هاوسەرانی پێغەمبەر(ﷺ) ئالوبەیتن

خـــوای مـــەزن دەفـــەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ ئەم ئایەتە لێرەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)چوونەتە ناو ئەو ماڵە، چونکە ئەوان بوونە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە، هۆی هاتنەخوارەوەکە لەناودەقەکەداو هەموو زانایانیش یەك ڕان لەسەرئەمە، جا یان خۆیان بە تەنهائالوبەیتن یان لەگەڵ غەیری خۆیاندا، بە پێی ڕاسترین قسە. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە عیکریمەوە کە لە ناو بازاڕدا هاواری دەکرد، ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ دەیوت: ئەم ئایەتە تایبەت لەسەر هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووەتەخوارەوە[1]. هەر بەو شێوەیە ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ﴾ دەڵێت: بە تایبەتی لەسەر هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووەتە خوارەوە، عیکریمە دەڵێت: کێ حەز دەکات (موباهەلە)ی لەگەڵ دەکەم کە ئەم ئایەتە لە بارەی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووەتەخوارەوە.[2] لە ڕاستیدا ئەمان بوونە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە نەك کەسانی تر (بەڵام کەسانی تریش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئایەتەکە گشتگیرە جێگای کەسانی تریشی تێدا دەبێتەوە) . ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە سەفیەی کچی شەیبەوە دەڵێت: عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەر لە بەیانیەك لە ماڵ دەرچوو پارچە قوماشێکی دابوو بە خۆیدا لە مووی ڕەش دروستکرابوو، حەسەن هات (ڕەزای خوای لێ بێت) لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە، پاشان حوسەین هات (ڕەزای خوای لێ بێت) لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە، پاشان فاتیمە هات (ڕەزای خوای لێ بێت) لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە، پاشان عەلی هات (ڕەزای خوای لێ بێت) لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە، پاشان فەرمووی: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ موسلیم ڕیوایەتی کردووە.[3] دیسان موسلیم ڕوایەتی کردووە لە زەیدی کوڕی حەییانەوە دەڵێت: منو حوصەینی کوڕی سەبرەو عومەری کوڕی موسلیم ڕۆیشتین بۆ لای زەیدی کوڕی ئەرقەم (ڕەزای خوای لێ بێت) لە لای دانیشتین حوسەین پێی وت: ئەی زەید تۆ تووشی خێری زۆر هاتوویت، پێغەمبەری خودات (ﷺ) چاوپێکەوتووەو فەرموودەکانیت گوێ لێ بووەو

[1] الطبري (٢٠/٢٦٧).

[2] أخرجه ابن ابي حاتم وابن عساكر، الدر المنثور (٥/٣٧٦).

[3] الطبري (٢٠/٢٦١)، مسلم (٢٠٨١).

غەزات کردووە لەگەڵی و نوێژیشت لە دواوە کردووە، بە ڕاستی ئەی زەیدتۆ تووشی خێری زۆر بوویت، ئەی زەید! شتێکمان بۆ بگێڕەوە لەوەی کە بیستووتە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)،زەید وتی: ئەی برازای خۆم: بە خوا تەمەنم گەورە بووەو ماوەیەکی بەسەردا ڕۆیشتووەو زەمانەکەم دوورکەوتووەتەوەو هەندێ لەو فەرموودانەی پێغەمبەری خودام (ﷺ) کە بیستبووم لە بیرم نەماوە، ئەوەی بۆم گێڕانەوە وەری بگرن، ئەوەشی باسم نەکرد زۆرم لێ مەکەن بیگێڕمەوە، پاشان وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژێك هەڵساو خوتبەیەکی دا بۆمان لە لای ئاوێکدا پێیان دەوت خوم (خُمٌ) لە نێوان مەککەو مەدینەدا، سوپاس و ستایشی خوای کردو ئامۆژگاری کردو یادی خوای وەبیرهێنایەوە، پاشان فەرمووی: (أما بعد، ئەوسا ئەی خەڵکینە من مرۆڤم لەوانەیە ڕەوانەکراوی خوا بێتە لام و وەڵامی بدەمەوە وە من دوو شتی سەنگینتان بۆ بەجێ دەهێڵم: یەکەمیان کتێبی خوای گەورەیە کە ڕێ نیشاندان و ڕووناکی تێدایە، کار بە کتێبی خوا بکەن و دەستی پێوە بگرن)، زۆر جەختی کردەوە لەسەر (قورئان)و شوێنکەوتنی، پاشان فەرمووی: (ئەهلوبەیتی) من، خواتان وەبیردێنمەوە لە خەڵکی ماڵەکەم، خواتان وەبیر دێنمەوە لە خەڵکی ماڵەکەم) سێ جار، واتە: ئاگاداری ئەهل و بەیتی من بن خواتان لە بیربێت بەرامبەریان، حوصەین پێی وت: ئاخۆ کێ ئەهل و بەیتی ئەون ئەی زەید؟ ئایا هاوسەرەکانی ئەهل و بەیتی ئەو نین؟ وتی: هاوسەرەکانی لە ئەهل و بەیتی ئەوون. بەڵام ئەهل و بەیتی ئەو، ئەو کەسانەن کە زەکاتیان لێ حەرامە، وتی: سا ئەوانە کێن؟ وتی: ئەوانە ئالی عەلی و ئالی عەقیل و ئالی جەعفەرو ئالی عەباسە (ڕەزای خوایان لێ بێت) وتی: ئایا هەموو ئەوانە زەکاتیان لێ قەدەغەیە دوای خۆی؟ وتی: بەڵێ.[1] ئەمە تەفسیرێکە لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوەونەیداوەتەپاڵ پێغەمبەر(ﷺ).

فەرماندان بە کارکردن بە پێی(قورئان)و (سوننەت)

پاشان ئەوەی کە گومان هەڵنەگرە بۆ ئەو کەسەی کە بە وردی سەرنجی قورئان بدات بۆی دەردەکەوێت کە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوەو مەبەستی ئەوانە، کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ دەقی ئایەتە لەگەڵ ئەوانیەتی، بۆیە خوای گەورە دوای ئەمانە هەموو فەرموویەتی: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ واتە: کار بەوە بکەن کە خوای گەورە ڕەوانەی کردووە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە ماڵەکەی خۆتاندا لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەمە قسەی قەتادەو زۆر کەسی تریشە.[2] وە یادی ئەو بەهرەیە بکەن و کە تایبەتە بە

---

[1] مسلم (١٨٧٣/٤).

[2] الطبري (٢٦٨/٢٠).

ئێوەوە لە نێوانی خەڵکیدا، کە فەرمانی (وحی) خودا لە ماڵی ئێوەدا دێتە خوارەوە لە ماڵی کەسی تردا ئەوە نیە، وە عائیشەی سیدیقەی کچی سیدیق (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە پێشترە بۆ ئەو بەهرەیەو شایستەترەو تایبەتترە بۆ ئەم ڕەحمەتە فراوانە. چونکە لەناو جێگەی هیچ هاوسەرێکی پێغەمبەردا (ﷺ)وەحی نەهاتووەتە خوارەوە لە جێگەی ئەودا نەبێت. وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) خۆی فەرموویەتی، هەندێ لە زانایان دەڵێن: بێجگە لە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خودا (ﷺ) کچی نەخواستووەو هیچ پیاوێك لەگەڵی نەخەوتووە لە جێگەیدا پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت، جێگای خۆیەتی ئەو پلەو پایەی پێ بدرێتو تەنها ئەو خاوەنی ئەو پایە بەرزە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئەهلو بەیتی ئەون،کەواتە خزمەکانی پێغەمبەریش(ﷺ) شایستەترن بەو ناوە، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو جەمیلەوە دەڵێت: حەسەنی کوڕی عەلی (ڕەزای خوایان لێ بێت)بوبەخەلیفە کاتێك عەلی شەهید کرا (ڕەزای خوای لێ بێت). دەڵێت:جاکاتێك حەسەن نوێژی دەکرد، پیاوێك پەلاماری داو خەنجەرێکی لێدا، حوصەین دەڵێت: هەواڵی پێگەیشت ئەو کەسەی کە بریندار کردووە پیاوێکی بنەماڵەی بەنی ئەسەدە، لەو کاتەشداکەلێیدرا حەسەن (ڕەزای خوای لێ بێت) لە سوژدەدا بوو. دەڵێن: خەنجەرەکە لە کولۆکی دابوو، مانگێك بە هۆی ئەو برینەوە نەخۆش کەوتو پاشان چاك بووەوە. دوای ئەوە لەسەر دوانگە دانیشتو وتی: ئەی خەڵکی عێراق! لە خوا بترسن بەرامبەر بە ئێمە، ئێمە سەرۆكو میوانی ئێوەین، وە ئێمە ئەو ئەهلو بەیتەین کە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ حوصەین ئەڵێت:بەردەوام ئەم ئایەتەی ئەووتەوەتا هیچ کەسێك نەما لەو مزگەوتەدا بانگو سەلا لێنەداو نەگری. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ واتە: خودا سۆزی بۆتان هەیە کە ئەو پایە بەرزەی پێداونو خۆی دەزانێت کە ئێوە شایستەی ئەو ڕێزو تایبەتمەندیەن. ئیبنو جەریر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: یادی ئەو بەهرانەی خودای مەزن بکەنەوە کە پێی داون، لە ماڵێکدا داینـاون کە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەری (ﷺ) تێدا دەخوێنرێتەوە. سوپاسو ستایشی خوای لەسەر بکەن. ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ واتە: خودا ڕێزی لێناون لە ماڵێکدا داینـاون کە قورئانو فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) تێدا دەخوێنرێتەوە. ئاگاشی لێتانە کاتێك کە هەڵی بژاردوون ببنە هاوسەری پێغەمبەرەکەی (ﷺ).[1] قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾ دەڵێت: خوای مەزن بەوە منەت

[1] الطبري (٢٠/٢٦٨).

دەکات بەسەریاندا، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە.[1] عەتیەی عەوفی لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ دەڵێت: خوا هیچی لێ ون نابێتو شوێنەکەشی دەزانێت، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. پاشان دەڵێت: هەر بەو شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە لە قەتادەوە.

﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا (٣٥)﴾

باسی هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ واتە: بە ڕاستی پیاوە موسڵمانەکانو ئافرەتە موسڵمانەکانو پیاوە باوەڕدارەکانو ئافرەتە باوەڕدارەکانو پیاوانی هەمیشە گوێڕایەڵو ئافرەتانی هەمیشە گوێڕایەڵو پیاوە ڕاستگۆکانو ئافرەتە ڕاستگۆکانو پیاوانو ئافرەتانی خۆڕاگرو بە ئارامو پیاوانی لەخواترسو ژنانی لەخواترسو پیاوانو ئافرەتانی بەخشندەو پیاوانو ئافرەتانی ڕۆژوەوانو پیاوانو ئافرەتانی داوێن پاك پیاوانێك کە زۆر یادی خوا دەکەنو ئافرەتانێك کە زۆر یادی خوا دەکەن خوا ئامادەی کردووە بۆ هەموویان لێخۆشبوونو پاداشتی گەورە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئوموسەلەمەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێت: وتم بە پێغەمبەر (ﷺ) چیمانە و بۆچی باسی ئێمە لەقورئاندا ناکرێت وەك پیاوان باس دەکرێت؟ جائەڵێ: ڕۆژێك تێنەپەڕی بەسەریدا گوێم لێبوو پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرمینبەرەکەی هاواری ئەکرد لەوکاتەدا من قژم دادەهێنا، قژم پێچایەوەو پاشان ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەم، ژوورەکەی ماڵی خۆم، گوێم خستە سەر چڵی چیخەکەو لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) لە مینبەرەکەدا دەیفەرموو: (ئەی خەڵکینە! خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە).[2] هەر

---

[1] الطبري (٢٠/٢٦٨).

[2] أحمد (٦/٣٠٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

بەو شێوەیە نەسائیو ئیبنو جەریریش ڕیوایەتیان کردووە.[1] ئەم ئایەتەی کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَـٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕ بوون جیایە لە ئیسلام بوون، چونکە باوەڕ تایبەتی ترە لە ئیسلام وەك لەم ئایەتەدا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالَتِ ٱلْأَعْرَابُ ءَامَنَّا ۖ قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا۟ وَلَـٰكِن قُولُوٓا۟ أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ ٱلْإِيمَـٰنُ فِى قُلُوبِكُمْ﴾[2] واتە: عەرەبە دەشتەکیەکان وتیان باوەڕمان هێناوە ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ باوەڕتان نەهێناوە بەڵکو بڵێن موسڵمان بووین چونکە هێشتا باوەڕ نەچووەتە ناو دڵەکانتانەوە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: (داوێنپیس داوێن پیسیناکات، لە کاتی داوێنپیسیەکەدا خاوەنی باوەڕ بێت)[3]. باوەڕەکەی لێ دەردەچێتو جیادەبێتەوە لەو کاتەدا، ئەو کەسە لەسەر ئەو کارەی کافر نابێتو نابێتە خوانەناس بە ئیجماعی موسڵمانان. ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕبوون تایبەتترە لە موسڵمان بوون وەك لە سەرەتای شەرحی بوخاریدا وتمان. ﴿وَٱلْقَـٰنِتِينَ وَٱلْقَـٰنِتَـٰتِ﴾، (القنوت) واتە: بەرفەرمان بوونو گوێڕایەڵی بە دڵێکی ئارامەوە. وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتدا فەرموویەتی: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَـٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾[4] واتە: هاوبەش دانەران چاکترن یان کەسێك ملکەچو پەرستکارە بۆ خوا لە کاتەکانی شەودا بە سوژدە بردنو ڕاوەستان لە شەودا کە لە سزای دواڕۆژ دەترسێتو بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَـٰنِتُونَ﴾[5] واتە: ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەویدایە تەنها هی خوایە هەموویان هەر بۆ ئەو ملکەچن. وە فەرموویەتی: ﴿يَـٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾[6] واتە: ئەی مەریەم فەرمانبەری پەروەردگارت بکەو سوژدەو کڕنوش بەرە لەگەڵ ئەوانەی کە سوژدەو کڕنوش دەبەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَقُومُوا۟ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ﴾[7] واتە: لە نوێژدا بوەستن بۆ خوا بە گەردنکەچی و بێ قسەکردن. دوای پلەی ئیسلام پلەیەکی تر دێت کە بەندەی خوا بۆی دەچێتو بەرز دەبێتەوە بۆی کە

---

[1] النسائي في الكبرى (٦/٤٣١)، الطبري (٢٠/٢٧٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] الحجرات (١٤).

[3] فتح الباري (١٠/٣٣)، مسلم (١/٧٧).

[4] الزمر (٩).

[5] الروم (٢٦).

[6] ال عمران (٤٣).

[7] البقرة (٢٣٨).

ئەویش باوەڕە، پاشان بە هۆی ئەو باوەڕەوە ئارامی دڵ پەیدا دەبێت، ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ﴾ بێگومان ڕاستگۆیی بۆ خۆی ڕەوشتێکی بەرزو جێی ڕێزە، بۆیە هەندێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز درۆیان لێ نەبیستراوە نە لە کاتی نەزانیداو نە لە کاتی ئیسلامەتیشدا، ڕاستگۆیی نیشانەی باوەڕە، وەك چۆن درۆزنی نیشانەی دووڕوویییە، هەر کەسێك ڕاستگۆ بووبێت سەرفراز بووە، وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ڕاستگۆ بن، بێگومان ڕاستگۆیی ڕێ نیشان دەدات بۆ چاکە، بە ڕاستی چاکەیش ڕێ نیشان دەدات بۆ بەهەشت، درۆ مەکەن، بێگومان درۆکردن ڕێ نیشان دەدات بۆ لە دین لادانو خراپەکاری خراپەکاریش ڕێ نیشان دەدات بۆ ناو ئاگر، بەردەوام پیاو قسەی ڕاست دەکاتو دەگەڕێت بە دوای قسەی ڕاستدا هەتا لای خودا بە ڕاستگۆ دەنووسرێت ، وە بەردەوام پیاو درۆ دەکاتو دەگەڕێت بە دوای درۆکردندا هەتا لای خودا بە درۆزن دەنووسرێت)[1]. فەرموودە لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە. ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ﴾ ئەمە ڕەوشتی خەڵکی دامەزراوە کە بریتییە لە خۆڕاگری بەرامبەر لێقەوماوان،وئاگاداربوون لەوەی کەخوا هەرچی بڕیاردابێت بێگومان ڕوو دەدات وپێویستەئەمیش خۆی لەبەرانبەردا ڕابگرێ ونەپسێ، خۆڕاگریش لە سەرەتای نارەحەتی بەسەرهاتەکەدایە، واتە: زۆر گرانیەکەی لە سەرەتاوەیە، پاشان لە دواییدا بەرەو ئاسانی دەڕواتو ئەم ڕەوشتە نیشانەی ڕاستیو نەبەزینە، ﴿وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ﴾، (الخشوع) واتە: ئارامیو لەسەرخۆییو دەربڕینی خۆشەویستیو ڕێزو خۆ بە کەمزانینە، پاڵپێوەنەرەکەشی ترسان لە خواو لە چاودێری خودایە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (عەبدایەتی خوا بکە وەك ئەوەی کە دەیبینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نابینی ئەو تۆ دەبینێت)[2]، ﴿وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ﴾ سەدەقەو خێرکردن بریتییە لە چاکەکردن بەو کەسانەی هەژارو نەدارنو هیچ کاسپیەکیان نیەو توانای کارکردنیشیان نیە، لە زیادەی ماڵی خۆیان دەبەخشن لەبەر ڕەزامەندی خواو چاکەکردن لەگەڵ بەندەکانیدا. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: (حەوت کەس هەن خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لەو ڕۆژەداکە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری ئەو، باسی یەکێك لەو کەسانەی کردووە: کە پیاوێکە چاکەی کردووە بە شێوەیەك ئەو چاکەی کردووە، شاردوویەتیەوە تا لای چەپی نەزانێت لای ڕاستی چی دەبەخشێت).[3] وە لە فەرموودەیەکی تریشدا هاتووە: (خێرکرنو سەدەقە گوناە دەکوژێنێتەوە وەك

---

[1] مسلم (٢٠١٣/٤).

[2] فتح الباري (١٤٠/١).

[3] فتح الباري (١٦٨/٢)، مسلم (٧١٥/٢).

چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە).[١] فەرموودە دەربارەی ماڵبەخشین ئێجگار زۆرە، باسی تایبەتی لەو بارەوە هەیە. ﴿وَٱلصَّـٰٓئِمِينَ وَٱلصَّـٰٓئِمَـٰتِ﴾ لەو فەرموودەیەی کە ئیبنو جامە ڕیوایەتی کردووە هاتووە: (ڕۆژوو زەکاتی لاشەیە).[٢] واتە: پاکو خاوێنو بێگەردی دەکاتەوە لە هەموو شتێك کە سروشتی پاکو شەرع لای پەسەند نیە. وەك سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: کەسێك مانگی ڕەمەزانو سێ ڕۆژی لە هەموو مانگێك گرت، ئەم فەرموودەی خوای گەورە دەیگرێتەوە. ﴿وَٱلصَّـٰٓئِمِينَ وَٱلصَّـٰٓئِمَـٰتِ﴾.[٣] لەبەر ئەوەی کە ڕۆژوو مەزنترین یارمەتیدەرە بۆ شکاندنی ئارەزوو وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەی کۆمەڵی لاوان هەر کەسێك لە ئێوە توانای ژنهێنانی هەیە، با ژن بێنێت، چونکە چاکترین پارێزەرە بۆ چاوو باشترین ڕێگرە بۆ شەرمگە و هەر کەسیش توانای نەبوو با ڕۆژو بگرێت، چونکە بەڕۆژو بوون دەیخەسێنێتو ئارەزووی نامێڵێت).[٤] جێی خۆیەتی دوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلْحَـٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَـٰفِظَـٰتِ﴾ واتە: پیاو ژنێك کە شەرمی خۆیان پاراستووە لە حەرامو گوناهو تاوانو لە حەڵاڵدا نەبێت بە کاریان نەهێناوەو نزیکی نەکەوتوونەتەوە. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَـٰفِظُونَ ۝٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ۝٦ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ﴾[٥] واتە: وە ئەوانەی کە پارێزەری داوێنیانن مەگەر بۆ خێزانی خۆیان یان بۆ کەنیزەکێك کە بووبن بە خاوەنیان ئەوە بەڕاستی ئەوانە سەرزەنشت ناکرێن ئەنجا هەر کەسێك نیازی جگە لەو دوو جۆرە ئافرەتە بکاتو ئارەزووی خۆی تێر بکات، ئەوسا ئەوانە دەستدرێژیکەرن. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلذَّـٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّـٰكِرَٰتِ﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە (خُدری) (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك پیاو ژنەکەی خۆی هەڵساندو لە شەوداو دوو ڕکات نوێژیان کرد لەو شەوەدا بۆیان دەنووسرێت کە لەو کەسانەن زۆر یادی خوا دەکەن)، ئەبو داودو نەسائیو ئیبنو ماجە لە فەرموودەکەی ئەبو سەعیدەوە ئەبو هورەیرەیش

---

[١] تحفة الأحوذي (٣/٢٣٧).

[٢] ابن ماجە (١/٥٥٥)، سەنەدەکانی لاوازە.

[٣] روى ابن ابي حاتم، والدر المنثور (٥/٣٨٠).

[٤] فتح الباري (٩/١٤).

[٥] المؤمنون (٥ـ٧).

(ڕەزای خـوای لێ بێـت) بـەو شـێوەیە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) ڕیوایـەتی کـردووە.[1] ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) بەناو ڕێی مەککەدا دەڕۆیشت، کە گەیشتە جومدان فەرمووی: (ئەمە جومدانە، بڕۆن، بە ڕاستی تاقانەکان پـێش کەوتن)، وتیان: تاقانـەکان کـێن؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: (ئـەو ژنو پیاوانـەی کـە زۆر یادی خـوا دەکەن)، پاشان فـەرمووی: (ئـەی خودایـە لەوانـەی کـە سـەریان تاشیوە خۆش ببـە)، وتیـان: ئـەی ئەوانەی قژیان کـورت کردووەتـەوە؟ فـەرمووی: (ئەوانەشـی کـە کورتیـان کردووەتـەوە) بـەم شـێوەیە ئیمامی ئەحمەد تەنها خۆی ڕیوایەتی کردووە[2]. ئەم فەرموودەیـە موسـلیمیش ڕیوایـەتی کـردووە بـەبێ ئەو زیادەیەی کۆتاییەکەی[3]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًا﴾ هەواڵە لە هەموو ئەوانەی کە باس کران. واتە: بێگومـان خـوای مـەزن لێخۆشـبوونو پاداشـتێکی گـەورەی بـۆ داناون ئەویش بەهەشتە.

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا ٣٦﴾

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا﴾ واتە: ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی فـەرمانیان بـە هەر کاتێك دا، هیچ پیاوێكو هیچ ژنێك کە خاوەن باوەڕ بن ناتوانن پەسەندی نەکـەن، هـەر کەسـێکیش لە فەرمانی خواو پێغەمبەری دەربچێت، ڕێگەی زۆر هەڵە کردووە، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو بەرزەی ئەسلەمیەوە دەڵێت: جولـەیبیب پیاوێـك بـوو دەچـووە لای ژنـانو بـە لایانـدا تێدەپـەڕی قسەی خۆشی لەگەڵدا دەکردن، منیش وتم بە هاوسەرەکەم: با جولەیبیب نەیەتە لاتان ئەگەر بێتەلاتان ئاواوئاوا دەکەم. ئەو ژنەئەڵێت: ئەنساریەکان هەر کاتێك یەکێکیان بێـوەژنێکی ببوایـە هـەتا پرسـی بـە پێغەمبەر (ﷺ) نەکردایە ئایا پێویستیت پێی هەیە یان نا نەیـدەدا بـە شـوو. پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) فەرمووی بە پیاوێکی ئەنساری: (کچەکەتم پـێ بدە بـە شـو)، پیاوەکـە وتـی: بـەڵێ بەسەرچـاو ئـەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) مایەی شانازیەبۆم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (من بۆ خۆمم نـاوێ)، وتـی:ئـەی

---

[1] ابو داود (٧٤/٢)، النسائي في الكبرى (٤٣٣/٦)، ابن ماجه (٤٢٣/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] أحمد (٤١١/٢)، موسلیم ڕیوایەتی کردووە جگە لە کۆتاییەکەی.

[3] مسلم (٩٤٦/٢).

بـۆ كێیـە ئـەی پێغەمبـەری خـودا(ﷺ)؟ پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: (بـۆ جولـەیبیب)، وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) قـسە لەگـەڵ دایكی دەكەم،چوویەوە بۆلای دایكی كـچەكە، پیاوەكە وتـی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای كچەكەت دەكات؟ ژنەكـە وتـی: باشـە بەسەرچاو، وتـی: بـۆ خـۆی داوای ناكات، بەڵكو داوای دەكات بۆ جولەیبیب، ژنەكە وتی: كچی ئێمەو جولەیبیب؟! سا بە خـوا لێـی مـارە ناكەمو نایدەمێ، كاتێك پیاوەكە ویستی هەڵسێتو بچێت بـۆ لای پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) هەواڵەكـەی بداتێ، كە ژنەكەی چی دەڵێت، كچەكەی وتی: كێ داوای من دەكات لە ئێوە؟ دایكی شتەكەی پـێ وت. كچەكە وتی: ئایا ئێوە فەرمانی پێغەمبەری خـودا (ﷺ) دەگێڕنـەوە؟ بمدەنـە دەسـت پێغەمبـەر(ﷺ) دڵنیابن ئەو هەرگیز زایەم ناكاتو نامفەوتێنێت، بـاوكی ڕۆیـشت بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) وتـی: چـی لێ دەكەی مەیلی خۆتە، پێغەمبـەر(ﷺ) كـچەكەی مـارە بـڕی لـە جولـەیبیب جانـەڵێ: پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) چوو بۆ غەزایەك، كاتێك خوای مەزن سامانێكی باشی خستە دەستی لەو غەزایـەدا فـەرمووی بـە هاوەڵـەكانی (ڕەزای خوایـان لێ بێـت): (ئـاخۆ كەسـێك هەیـە دیـار نـەبێت لـە نێوانتانـدا؟) وتیـان: فلانەكەسو فلانە كەسمان دیار نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سەیر بكەنو بڕوانن ئایا كەسێك هەیە دیار نەبێتو ون بووبێت؟) وتیان: نەخێر. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵام من جولـەیبیبم لـە دەسـت چووەو ون كردووە)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لەناو كوژراوەكاندا بۆی بگەڕێن)، گەڕان بـۆی لـە لای حـەوت كەسـدا دیتیانـەوە ئـەو كوشـتبوونی پاشـان ئـەوانیش ئـەویان شـەهید كردبوو، وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) ئـەوەتا لـە لای حـەوت كەسـدایە كـە ئـەو كوشـتوونی پاشـان كوشـتوویانە. پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەڵساو چووە لایو فەرمووی: (حەوت كەسی كوشتو پاشـان كوشـتیان، ئـەو لە منەو منیش لە ئەوم) دووجار هەتا سێ جار ئەمەی فەرموو. پاشان لەسەر باسكەكانی خـۆی دایناو گۆڕیان بۆ هەڵكەند باڵی پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت هیچ لـە ژێریـدا نـەبوو پاشـان خـستیە نـاو گۆڕەكـەی، باسی ئـەوە نـەكراوە كـە شـورابێت، سـابت (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: هـیچ ژنێـك نـەبووە لـەناو ئەنسارییەكاندا بە ئەندازەی ئەو خێروبێركەر بووبێـتو مـاڵ بـەخش بێـت)، ئیـسحاقی كـوڕی عەبـدوڵای كوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت بە سابت ئایا دەزانی پێغەمبەری خـودا (ﷺ)چ دوعایـەكی بـۆ كـرد؟ دەڵێـت: فەرمووی: (ئەی خودا خێروبێر بڕژێنە بەسەریداو لـە ژیانیـدا ناڕەحـەتیو كـەم بـژێوی نـەبینێت). هـەر وایش بوو، لەناو ئەنسارییەكاندا ژنێك نەبوو بە ئەندازەی ئەو خێروبێركەر بێت. ئیمامی ئەحمەدیش هـەر بەو شێوەیە بە درێژی هێناویەتی.[1] موسلیمو نەسائیش لە (فضائل)دا ڕووداوی كوشتنەكەیان ریوایـەت كردووە.[2] حافیز ئەبوعەمەر كوڕی عەبدولبەڕ لە كتێبی (الاستیعاب) باسی ئـەوەی كـردووە، كـە كاتێـك

---

[1] أحمد (٤/٤٢٢)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] مسلم (٢/٢٤)، النسائي في الكبرى (٨٢٤٦).

ئەم کیژە لەژوورەکەی خۆیدا وتی: ئایا فەرمانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕەد دەکەنـەوە؟ ئـەم ئایەتـە ماتـە خـوارەوە: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾.[1]

تاوس (طاوس) دەڵێت: پرسیار کرا لە ئیبنو عەباس دەربارەی دوو ڕەکاتی دوای عەسرئەویش، نـەهی لێکـردو ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾.[2] ئەم ئایەتە گشتگیرە لە هەموو کارو فەرمانێکدا، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك خـوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمانێکیان دا بە شتێك، هیچ کەسێك بۆی نیـە لێـی دەربـچێتو لابـدات، هـیچ کەسێك بۆی نیە لێرەدا بە ئارەزوو هیچ بڵێتو هیچ بکات. وەك خوای مەزن فەرموویـەتی: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾[3] واتە: نەخێر وانیە کە خۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن سوێند بـە پـەروەردگارت بڕوادار نین تا تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر ئاژاوەو دووبەرەکیەکی نێوانیاندا لە پاشـان هەسـت نەکـەن لـە دەروونیاندا بە هیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی تۆ داوتەو مل کەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو. بۆیە زۆر بـە توندی خوای مەزن هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە لاریان لـەوە هەیـەو فەرموویـەتی: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[4] واتە: جا با بترسن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـەن کـە لـە دونیـادا بـەڵاو تـاقی کردنەوەیـەکیان بێتـەڕێ یـان سـزایەکی سەختیان تووش ببێت لە دوارۆژدا.

﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾

تەڵاق و ماوەی پاش تەڵاقدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەکوڕکردن

---

[1] الاستعاب (١/٢٥٩).

[2] عبدالرزاق (٢/٤٣٣).

[3] النساء (٦٥).

[4] النور (٦٣).

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِيٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْاْ مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا﴾ واتە: بیربکەرەوە کاتێك دەتوت بە کەسێك(زەیدی کوڕی حاریسە) کە خـوا بـەهرەی بەسـەردا ڕشتبوو تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بە ئازادکردنیو پەروەردەکردنی) خێزانت (زەینـەب) لای خـۆت ڕاگرەو بیهێڵەوەو لە خوا بترسە لە دڵی خۆتدا شتێك دەشاریتەوە کە خوا ئاشکرای دەکاتو لە قسەی خەڵك دەترسی لە کاتێکدا خوا شیاوترە کە لێی بترسی ئینجا کاتێك زەید پێویستی بەو (زەینـەب) نەماو تەڵاقی دا ئێمە ئەو (زەینەبە)مان لێ مارەکردی بۆ ئەوە هیچ ناڕەحـەتیو تاوانێك نـەبێت لەسـەر ئیمانداران لە مارەکردنی ژنانی بە کوڕکراوەکانیاندا کاتێك پێویستیان پێیان نـەماو تـەڵاقیان دانو فەرمانی خوا بە مارەکردنی زەینەب بۆت دراوەو بڕاوەیە. خـوای گـەورە باسی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکات، کاتێك کە وتی بە زەیدی کوڕی حارسەی خزمەتکاری (ڕەزای خوای لێ بێت) ئـەو زەیدەی کە خوا چاکەی لەگەڵدا کردبوو بووبـووە موسـڵمانو شـوێنی پێغەمبـەر (ﷺ) کـەوتبوو، ﴿أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ﴾ پێغەمبەریش چاکەی لەگەڵ کردبوو ئازادی کرد لە بەندایەتیو بووە پیاوێکی مـەزنو بە ڕێزو خۆشەویستی پێغەمبـەر (ﷺ) پێـی دەوتـرا خۆشەویستو بە کوڕەکەشی دەوتـرا ئوماسـەی خۆشەویـستی کـوڕی خۆشەویـست، عائیـشە ئـەڵێت(ڕەزای خـوای لێ بێـت) : پێغەمبــەر(ﷺ) لەهەرمەفرەزەیەکدا زەیدی تێدا بناردایە ئەیکردە فەرماندەی مەفرەزەکە، ئەگەر پاش پێغەمبەر بمایە دەیکردە جێنشین، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە.[1] پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) کچی پـوری خـۆی لێ مارە کرد کە زەینەبی کچی جەحشی ئەسەدی بـوو (ڕەزای خـوای لێ بێـت) کـە دایکی نـاوی ئومەیـەی کچی عەبدولموتەلیب بوو، دە دیناروشەست درهـەمی کـردە مـارەیی لەگـەڵ سـەرپۆشو پۆشاکێكو درعێکداو پەنجا مشت لە خواردەمەنیو دە مشت لە خورما. ئەمـە قسەی موقـاتیلی کـوڕی حەییانـە، نزیکەی ساڵێك یان زیاتر لەگەڵ زەید مایەوە پاشان نێوانیان تێك چوو، زەید هـات بـۆ لای پێغەمبـەری خودا (ﷺ) ناڕەزایی لە بارەیەوە دەربڕیو پێغەمبەری خودایش (ﷺ) پێی فەرموو: (دەست لـە ژنـی خۆت بەرمەدەو لە خوا بترسە)، خوای مـەزنیش فـەرمووی: ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ﴾ ئیبنـو جـەریر ڕیوایـەتی کـردووە لـە عائیـشەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت)

[1] احمد (٦/٢٢٧/٢٨١)، سەنەدەکانی لاوازە.

دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی بشاردایەتەوە لەو قورئانەی کە بۆی هاتە خوارەوە ئەم ئایەتەی دەشاردەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ﴾.[1] وە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا﴾ واتە: کاتێك زەید کاری هاوسەری لەگەڵ زەینەب تەواو کردو تەڵاقی دا، تۆمان کردە هاوسەری زەینەب، (الوطر) واتە: پێویستی، کاری هاوسەری، واتە: کاتێك وازی لێ هێناو تەڵاقی دا زەینەبمان کردە هاوسەری تۆ، ئەو کەسەی بووە وەلی مارەبڕنی زەینەب بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خودا خۆی بوو(جل جلاله)، بەو مانایە خودا فەرمانی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ)کەبچێتەلای زەینەب بەبێ (ولی) و بەبێ (گرێبەست) و (مارەی)و (شایەت) لەمرۆڤەکان! لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك ماوەی پاش تەڵاقدانی زەینەب (ڕەزای خوای لێ بێت) تەواو بوو، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی بە زەیدی کوڕی حاریسە: (برۆ قسەی لەگەڵ بکە بۆم) زەید ڕۆیشت بۆ لای زەینەب خەریکی هەویر شێلان بوو، زەید وتی: کاتێك چاوم پێی کەوت زۆر لام گەورە بوو نەمتوانی سەیری بکەمو پێی بڵێم کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) باسی کردوویت، بۆیە پشتم هەڵکردو بەرەودوا گەڕامەوەو وتم: ئەی زەینەب! مژدەت لێ بێت پێغەمبەری خودا (ﷺ) ناردوومیو باسی تۆ دەکات، زەینەب وتی: من هیچ شتێك ناکەم هەتا ڕاوێژ (ئیستیخارە) لەگەڵ خودای خۆم نەکەم، هەڵساو ڕۆیشت بۆ مزگەوتەکەی خۆییو قورئان هاتەخوارەوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتو چووە لاییو ئیزنی وەرنەگرت. ئەگەر چاوت لێمان دەبوو کاتێك چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ) نانو گۆشتیان داینیو خواردمان لەو شاییەدا ئەخوارد! خەڵکەکە ڕۆیشتنە دەرەوەو چەند پیاوێك مانەوەو دەمەتەقێیان ئەکرد دوای خواردنەکە لە ماڵدا، پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە ماڵ چووە دەرەوەو منیش شوێنی کەوتم، ئەنەس دەڵێت: دەگەڕا بەسەر ماڵی خێزانەکانیداو سڵاوی لێ دەکردن، ئەوانیش دەیانوت: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆ خێزانەکەت لە لا چۆن بوو؟! نازانم لە بیرم نیە من هەواڵم دایە یان هەواڵیان پێدا کە: ئەو خەڵکە ڕۆیشتوون، پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو ماڵ چوو هەتا ڕۆشتە ژوورەوە، منیش ڕۆیشتم لەگەڵی بچمە ژوورەوە، پەردەی لە نێوان منو ئەودا دادایەوەو ئەوەبوو ئایەتی حیجاب هاتەخوارەوەو ئامۆژگاری ئەو خەڵکە کرا بەو شێوەیەی کە پێویست بوو،کەئەفەرمویٚ: ﴿لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ﴾[2]: هەتا کۆتایی ئایەتەکە. واتە: مەچنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێت. موسلیمو

---

[1] الطبري (٢/٢٧٤).

[2] الاحزاب (٥٣).

نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[1] بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: زەینەبی کچی جەحش (ڕەزای خوای لێ بێت) شانازی دەکرد بەسەر هاوسەرەکانی تری پێغەمبەردا (ﷺ) دەیوت: ئێوە کەس‌و کارتان داونی بە شو، بەلام من خودای مەزن لە سەروی حەوت ئاسمانەوە داومی بە شو.[2] لە پێشەوە لە سورەتی (النور) باسمان کرد لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەحشەوە دەڵێت: زەینەب‌و عائیشە شانازیان بەسەر یەکتردا دەکرد، زەینەب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیوت: من ئەو کەسەم کە لە ئاسمانەوە فەرمانی مارەبڕینم هاتە خوارەوە. عائیشەیش (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیوت: منیش ئەو کەسەم کە لە ئاسمانەوە باسی پاکی من هاتە خوارەوە. زەینەب (ڕەزای خوای لێ بێت) دانی نا بەوەدا بۆی.[3] پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا﴾ واتە: بۆیە پێمان خۆش بوو زەینەب بکەیتە هاوسەری خۆت‌و مارەی بکەی ئەو کارەمان کرد بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لە خاوەن باوەڕان بە لایانەوە گران نەبێت‌و لۆمە نەکرێن کاتێك کە ئەو کەسانەی ئەوان کردوویانە بە کوڕی خۆیان ئەگەر ژنەکانیان تەلاق دا، بیانکەنە هاوسەری خۆیان. چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە پێش پێغەمبەرێتیدا زەیدی کوڕی حارسەی کردبوو بە کوڕی خۆی‌و پێیان دەوت زەیدی کوڕی موحەممەد (ﷺ) کاتێك خوای مەزن ئەو کارەی هەڵوەشاندەوە بەم ئایەتەی کە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ﴾ هەتا دەگاتە ئەوەی کە دەفەرمووێت: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ﴾[4] پاشان خوای مەزن زیاتر جەختی کردەوە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) کە زینەب (ڕەزای خوای لێ بێت) بخوازێت‌و مارە بکات کاتێك کە زەیدی کوڕی حارسە تەلاقی دا، بۆیە خوای مەزن لە ئایەتی (ژنەحەرامکراوەکاندا) فەرموویەتی: ﴿وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ﴾[5] واتە: وە حەرامە بۆتان هاوسەری کوڕەکانتان ئەوانەی کە لە پشتی خۆتانن. بۆ ئەوەی کوڕی نەسەبی جیابکاتەوە لە وانەی بە کوڕی خۆکراون، چونکە ئەوەزۆر لەناویاندا باوبوو. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾ واتە: ئەمەی کە ڕوویداو هاتە پێش لە لای خودا شتێکی بڕاوە بووە دەبوو هەر ببووایەو خودا خۆی زانیویەتی کە زەینەب لە ئاکامدا دەبێتە هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ).

---

[1] أحمد (٣/١٩٥)، مسلم (١٤٢٨)، النسائي (٦/٧٩).

[2] فتح الباري (١٣/٤١٥).

[3] الطبري (١٩/١١٨).

[4] الاحزاب (٤ـ٥).

[5] النساء (٢٣).

﴿ مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥ ۖ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴿٣٨﴾ ﴾

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥ ﴾ واتـە: کاتێـك کـە خـودا حەڵاڵی کردووەو فەرمانی داوە بە پێغەمبەر (ﷺ) کـە زەینـەب بخوازێـت پـاش ئـەوەی زەیـدی کـوڕی حارسە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەر (ﷺ) کردبووی بە کوڕی خۆی، تـەڵاقی دا، ﴿سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ﴾ واتە: ئەمە بڕیاری خوای مەزن بووە، بـۆ پێغەمبـەرەکانی تـریش پـێش پێغەمبـەر (ﷺ) هەر کارێـك خـودا فـەرمانی پێـداون تـاوانێکی تێـدا نـەبووە کاتێـك کـە بـەجێیان هێنـاوە، ئەمـە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو دووڕووانەی کە گومانیـان وابـوو کـە ئەمـە کەموکوڕییـە بـۆ پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) کە ژنی زەیدی کوڕی حارسەی خزمەتکاری خۆی خواستووە، کە لە پێـشدا کردبـووی بـە کـوڕی خـۆی، ﴿وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴾ واتـە: خـودا فـەرمانی بـە هـەر شـتێك دا دەبێـت بکرێـت گـۆڕانی بەسەردا نایەت، مەیلی هەر شتێکی بوو دەبێت، مەیلیشی لە هەر شتێك نەبێت ڕوونادات.

﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَـٰلَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٣٩﴾ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَـٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾

وەسفی ئەو کەسانەی فەرمانی خودا دەگەیەنن

خوای گەورە وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە فەرمانی خودا دەگەیـەنن بـە عەبـدەکانی خـوداو ئـەو ئەمانەتەی لەسەر شانیانە جێبـەجێی دەکـەن، دەفـەرمووێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَـٰلَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ﴾ واتە: کەسانێك کە پەیامەکانی خودا ڕادەگەیەننو لە خوا دەترسنو بێجگە لە خوا لـە کەسـی تـر ناترسـن، ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴾ واتـە: خـودا بەسـەر بـۆ یارمەتیـدەرو پـشتیوان، وە بەڕێزترین مرۆڤ بۆ ئەم پلەوپایە بەرزەو بۆ هەموو کارێك پێغەمبەری خودایـە (ﷺ) چـونکە هەڵـسا بـە گەیاندنو بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە پیرۆزە بۆ گەلانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتو بۆ هـەموو نـەوەکانی ئـادەم لە هەر کوێیەك بن، وە خودای گەورە بڕیاری خۆیەتیو بەرنامەو ئاینەکـەی سەرخـست بەسـەر هـەموو ئایینو بەرنامەکانی تردا، چونکە پێغەمبەرە پێشووەکان تـەنها بـۆ سـەر گەلـەکانیان ڕەوانـە کرابـوون بـەڵام پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) ڕەوانـەکرا بـۆ هـەموو خـەڵکی بـە عـەرەبو عەجەمـەوە، ﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا

ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ﴾[1] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئەی خەڵکینە بە ڕاستی من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە هەمووتان. پاشان ئومەتەکەی بوونەتە میراتبەری ئەو پلەوپایەیە دوای خۆی، هاوەڵەکانی بە چاکی هەڵسان بە گەیاندنیو بەو شێوەیەی کە فەرمانی پێدابوون گەیاندیان لە گشت ڕوویەکەوە لە گفتو گۆو هەڵسوکەوتو لە شەوو ڕۆژیداو لە سەفەرداو لە پەنهانیو ئاشکرایدا. خوای مەزن لێیان ڕازی بێتو پاداشتیان بداتەوە دوای ئەوانیش هەموو پاشینەکان ئەو پەیامەیان لە پێشینەکانی خۆیان وەرگرتووە هەتا ئەم زەمانەی ئێمە، داوامان وایە لە خوای گەورە، ئێمەش بکات بە یەکێك لەوانەی کە دەبنە میراتبەری پێشینەکان.

پێغەمبەر (ﷺ) باوکی هیچ کەسێك لە پیاوانی ئێوە نیە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمۡ ﴾ واتە: موحەممەد (ﷺ) باوکی هیچ کەسێك لە پیاوانی ئێوە نیە، خوای مەزن قەدەغەی کردووە دوای ئەمە بوترێت ئەوە زەیدی کوڕی موحەممەدە (ﷺ) واتە: باوکیشی نەبووە هەرچەندە لە پێش پێغەمبەریەتیدا کردبووی بە کوڕی خۆی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کوڕێکی بۆ نەماوە هەتا گەورە ببێتو بچێتە تەمەنی بلوغەوە، قاسمو تەیبو تاهیری هەبووە لە خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت) بە منداڵی مردوون، وە ئیبراهیمیش کە لە ماریەی قیبتی بووە ئەمیش شیری دەخوارد مرد. وە لە خەدیجە چوار کچی هەبووە: زەینەبو ڕقیەو ئومو کەلسوم و فاتیمە (خوا لە هەموویان ڕازی بێت) سیانیان هەر لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆیدا مردوون، فاتیمە (ڕەزای خوای لێ بێت) مایەوە بە هۆی لە دنیادەرچوونی پێغەمبەرەوە(ﷺ) تووشی نەخۆشی بوو،پاش شەش مانگ ئەویش مرد.

پێغەمبەر (ﷺ) کۆتایی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمًا﴾ واتە: بەڵکو ئەو نێردراوی خواو کۆتاهەمینی پێغەمبەرانەو خوا بە هەموو شتێك زانایە. وەك ئەم ئایەتەیش وەك ئەو ئایەتەوایە کە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ﴾[2] واتە: خوا چاك دەزانێت پەیامو فرستادەی خۆی لە کوێ دادەنێت، ئەم ئایەتە دەقێکە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری تر دوای ئەو نایەت، کاتێك کە پێغەمبەری تر دوای ئەو نایەت، دیارە ڕەسولیش هەر نایەت، چونکە پلەی ڕەسول لە پلەی نەبی تایبەتترە، چونکە هەموو ڕەسولێك نەبیە بەڵام هەموو نەبیەك ڕەسول نیە، لەم بارەیەوە فەرموودەی موتەواتیر زۆرە کە کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەتیان کردووە

---

[1] الاعراف (١٥٨).

[2] الانعام (١٢٤).

(ڕەزای خوایان لێ بێت). ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە ئەویش لە باوکیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (نموونەی من لە ناو پێغەمبەراندا (سەلامی خوایان لێ بێت) وەك نموونەی پیاوێك وایە کە خانوویەکی دروست کردووە تەواو چاکی کردووە تەنها جێگای یەك خشتی هێشتووەتەوە، خەڵکی بە دەوری خانووەکەدا دەگەڕێن زۆر بە لایانەوەسەیرە دەڵێن: ئەگەر شوێنی ئەم خشتەش تەواو بووایە چاکتر دەبوو، من لەناو ئەو پێغەمبەرانەدا شوێنی ئەو خشتەم.[1] تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ە.[2] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: پەیام وپێغەمبەرایەتی بڕاوەتەوەو نەماوە نە سپاردە لەمەودوا دێتو نە پێغەمبەر). دەڵێت: خەڵکی ئەوەیان زۆر بە لاوە قورس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەلام مژدەکان دەمێننو بەردەوام دەبن). وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مژدەکان کامەیە؟ فەرمووی: (خەو بینینی پیاوی موسڵمان، کە بەشێکە لە بەشەکانی پێغەمبەرایەتی).[3] هەر بەم شێوەیە تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن غریب)ە.[4] فەرموودەیەکی تر: ئەبو داودی تەیالیسی ڕیوایەتی کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵاوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (نموونەی منو نموونەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) وەك نموونەی پیاوێك وایە خانوویەکی دروست کردووەو تەواو چاکی کردووەو ڕێکوپێکی کردووە تەنها شوێنی یەك خشت نەبێت، من شوێنی ئەو خشتەم، هەر کەسێك چووەتە ناوی کە سەیری کردووە وتوویەتی: چەندە چاكو جوانە تەنها شوێنی ئەم خشتە نەبێت، بە من کۆتایی ئەو پێغەمبەرانە هاتووە -سەلامی خوایان لێ بێت-).[5] بوخاریو موسلیمو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: ڕاستو غەریبە بەم شێوەیە (صحیح غریب).[6] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (نموونەی منو نموونەی پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت) وەك نموونەی پیاوێك وایە

---

[1] أحمد (١٣٦/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوزي (٨١/١٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] أحمد (٢٦٣/٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] تحفة الأحوزي (٥٥١/٦).

[5] مسند الطيالسي (٢٤٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[6] فتح الباري (٦٤٥/٦)، مسلم (١٧٩١/٤)، تحفة الأحوزي (١٥٨/٨).

خانوویەکی دروست کردبێت تەنها یەك خشتی نەبێت، من هاتم‌و ئەم خشتەم تەواوکرد).[١] تەنها موسلیم خۆی هێناویەتی.[٢] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (بە ڕاستی نموونەی من‌و نموونەی ئەو پێغەمبەرانەی پێش من، وەك نموونەی پیاوێك وایە چەند خانوویەك تەواو بکات، چاك‌و جوانی بکات تەنها شوێنی یەك خشتی نەبێت لە سوچێك لە سوچەکانیدا خەڵکی بە دەوریدا دەگەڕێن‌و سەرنجیان ڕادەکێشێت‌و دەڵێن: خۆزگە خشتێکت ئالێرەدا دادەناو خانووەکەت تەواو دەبوو، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (من ئەو خشتەم).[٣] بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.[٤] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ڕێزم لێگیراوە بەسەر پێغەمبەراندا بە شەش شت: جەوامعی کەلیمەم پێدراوەو یارمەتی درام‌و سەرخرام بە ترس‌و (واتە: لە دڵی دوژمندا)،دەستکەوتی شەڕم بۆ حەڵاڵەو، زەمینم بۆ کراوە بە مزگەوت‌و پاککەرەوەو، ڕەوانەکراوم بۆ گشت خەڵکی‌و پێغەمبەرێتیش بە من کۆتایی هاتووە).[٥] تیرمیزی‌و ئیبنو ماجەیش ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: (حسن صحيح).[٦] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (نموونەی من‌و نموونەی پێغەمبەرانی پێش من وەك نموونەی پیاوێك وایە خانوویەکی دروست کردبێت تەنها جێگای یەك خشت نەبێت، من هاتم‌و ئەو خشتەم تەواو کرد).[٧] موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە.[٨] فەرموودەیەکی تر: لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەیفەرموو: (بە ڕاستی من چەند ناوێکم هەیە من موحەمەدم، من ئەحمەدم، من سڕێنەرەوەم، ئەوەی کە خودا خوانەناسیم پێ دەسڕێتەوەو لەناو دەبات‌و من دواین کەسم، ئەوەی کە دوای ئەو پێغەمبەر نیە).[٩] بوخاری‌و

---

[١] أحمد (٣/٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٢] مسلم (٤/١٧٩١).

[٣] أحمد (٢/٣١٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٤] البخاري (٣٥٣٥)، مسلم (٤/١٧٩٠).

[٥] مسلم (٣٧١).

[٦] تحفة الأحوذي (٥/١٦٠)، ابن ماجه (١/١٨٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٧] أحمد (٣/٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٨] مسلم (٤/١٧٩١).

[٩] أحمد (٤/٨٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

موسلیم ڕیوایەتیان کردووە لە هەردوو سەحیحەکەدا.[1] فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرە. خوای گەورە لە قورئانداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە فەرموودەی موتەواتیردا باسیان کردووە کە دوای ئەو (ﷺ) پێغەمبەری تر نایەت بۆ ئەوەی باش بزانن کە هەر کەسێك دوای پێغەمبەر (ﷺ) وتی من پێغەمبەرم درۆ دەکاتو دەجالەو گومڕایەو سەر لە خەڵکی دەشێوێنێت، با ئەو کەس شتی سەرنج ڕاکێشیش بکاتو هەموو جۆرە جادوویەك بکاتو فاڵ بۆ خەڵکی بگرێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کارانە لە لای خەڵکی خاوەن باوەڕو ئاوەز گومڕاییو سەر لێ شێوان زیاتر هیچی تر نیە، وەك ئەو خراپانەی کە ئەسوەدی عەنسی لە یەمەنو، موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامە کردیان لە قسەی پڕوپوچو کرداری ناپەسەند، کە هەموو خاوەن هۆشو دڵێکی وریا دەیانزانی کە زۆر درۆزنو گومڕان، (لەعنەتی خوایان لێ بێت)، هەر بەو شێوەیە کەسێك لافی ئەوە لێ بدات کە ڕەوانەکراوی خودایەو هەتا ڕۆژی قیامەتو ئەو ڕۆژەی دەجال دێت، درۆزنەو درۆ بە دەمی خوداوە هەڵدەبەستێت، با شتی واش بکات جێی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکیش بێت، زانایانی ئیسلامو خاوەن باوەڕانیش شایەتی دەدەن کە ئەو شتانە هەموو جادوو فالگرتنەوەو درۆیەو دوورە لە ڕاستیەوە، ئەمەیش سۆزو بەزەیی خودای مەزنە بە عەبدەکانی کە ئەو درۆزنانە چاك دەناسن کە فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە ناکەن مەگین لەبەر مەبەستێکی تایبەتی خۆیان و چاوەشە کردنی خەڵکی نەبێت، بەو فێڵو جادووگەریەیان. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ﴾[2] واتە: هەواڵتان بدەمێ شەیتانەکان دادەبەزنە سەر کێ؟ دادەبەزنە سەر هەموو کەسێکی زۆر درۆزنی زۆر تاوانبار. ئەمە بە پێچەوانەی ژیانی پێغەمبەرانەوەیە (سەلامی خوایان لێ بێت) کە لە پۆپەی چاکەخوازیو ڕاستگۆییو ڕێ نیشاندانی خەڵکیو خۆڕاگریو دادپەروەریدا بوون لە کردارو گفتاردا لەوەی کە دەیانگەیاند بە عەبدەکانی خودا لە فەرمان دان بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە، لەگەڵ ئەو هەموو موعجیزەدا کە خوای گەورە لە ژێر دەستیاندا دەیهێنایەدی کە زۆر ئاشکرا بوو (سەلامی خوای گەورەیان لێ بێت هەموو کاتێكو هەتا هەتایە).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ﴿٤٤﴾﴾

---

[1] فتح الباري (٨/٥٠٩)، مسلم (٤/١٧٢٨).

[2] الشعراء (٢٢١_٢٢٢).

گەورەیی یادی خودا زۆرکردن

خوای گەورە فەرمان دەکات بە خاوەن باوەڕان کە زۆر یادی خوا بکەن، ئەو خودایەی ئەو هەموو بەهرەیەی پێ بەخشیون لەگەڵ ئەو هەموو چاکەیەدا، چونکە بە هۆی ئەو یادە زۆرەوە کە دەیکەن پاداشت دەدرێنەوەو بەرەو ئاکامێکی چاك دەڕۆن. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی بوسرەوە دەڵێت: دوو عەرەبی دەوارنشین هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ) یەکێکیان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کام کەسە زۆر چاکە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەو کەسەی کە تەمەنی درێژبووەو ئاکاری چاکی کردووە)، ئەوی تریان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کارو فەرمانەکانی ئیسلام زۆر بووە لەسەرمان، کارێکم پێ بفەرموو کە پێیەوە خەریك بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (با هەمیشە زمانت تەڕ بێت بە یادی خودای مەزنەوە).[1] تیرمیزیو ئیبنو ماجەیش بەشی دووەمی فەرموودەکەیان ڕیوایەت کردووە، تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی(حسن غريب)ە.[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هیچ گەلێك نیە لە شوێنێك دانیشێتو یادی خوای مەزنی تێدا نەکات مەگین لە ڕۆژی قیامەتدا بە داخو خەفەتەوە دەیانبینی).[3] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر یادی خودا بکەن. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا﴾ دەڵێت: خوای مەزن هیچ فەرزێکی لەسەر عەبدەکانی دانەناوە مەگین سنوورێکی بۆ دیاری کردووە، پاشان چاوپۆشی کردووە لەو کەسەی کە ڕێگرێکی بۆ پەیدا بووبێت، غەیری یادی خودا، چونکە خوای گەورە سنوورێکی بۆ یادی خودا دانەناوە کە کۆتایی بهێنرێت، وە چاوپۆشیشی نەکردووە لە کەسێك مەگەر هەر تواناو دەسەڵاتی نەمابێت، پاشان دەڵێت: ﴿فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمْ﴾[4] واتە: ئەوسا یادی خودا بکەن بە پێوەو بە دانیشتنەوەو لەسەر تەنیشتانو بە پالکەوتنەوە. بە شەوو بە ڕۆژ لە وشکانیو دەریادا، لە سەفەرو لە ماڵەوەدا لە کاتی هەژاریو دەوڵەمەندیدا، وە لە نەخۆشیو ساغیداو لە پەنهانیو ئاشکرایشداو لە هەموو کاتێکی ژیاندا. پاشان

---

[1] أحمد (١٩٠/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الأحوذي (٦٣١/٦)، ابن ماجه (١٢٤٦/٢)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] أحمد (٨٠/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] النساء (١٠٣).

خوای مەزن دەفەرموویّت: ﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ واتە: هەر كاتیّك ئیّوە بەیانیانو ئیّواران باسی پاكیو بیّعەیبی خوا بكەن، خوداو فریشتەكانیش سەڵەوات دەدەن لەسەر ئیّوە.[1] ئایەتو فەرموودەو قسەی زانایان لەم بارەیەوە ئیّجگار زۆرە كە جەخت دەكەنەوە لەسەر یادی خوای گەورە، زانایان چەندین كتیّبیان داناوە لە بارەی یادی خوداوە (الاذكار) لە شەوو ڕۆژدا وەك نەسائیو موعەمەری و كەسانی تریش. چاكترین كتیّبیّك لەم بارەیەوە دانرابیّت كتیّبی(الاذكار)ی ئیمامی نەوەویە (ڕەحمەتی خوای لیّ بیّت). وە دەفەرموویّت: ﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ واتە: لە بەیانیانو ئیّواراندا، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴿١٧﴾ وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ ﴾[2] واتە: ئەنجا پاكو بیّگەردی خوا بڵیّن كاتیّك ئیّوارەتان لیّ دیّتو كاتیّك بەیانیتان لیّ دیّتو سوپاس هەر بۆ خودایە لە ئاسمانەكانو زەویداو (پاكی بیّگەردی خوا بڵیّن) لە شەوداو كاتیّك نیوەڕۆتان لیّ دیّت. پاشان خوای مەزن دەفەرموویّت: ﴿ هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۚ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴾ واتە: ئەو زاتیّكە بەزەیی خۆی دەڕژیّنیّت بەسەرتانداو فریشتەكانی داوای لیّبوردنتان بۆ دەكەن بەو هۆیەوە خوا لە تاریكیەكانەوە دەرتان دیّنیّت بەرەو ڕووناكی (ئیمانو ئیسلام) وە خوا بە بەزەییە بۆ ئیمانداران. ئەمە بۆ ئەوەیە مەردم بە پەرۆشەوە یادی خوا بكەن. واتە: خودای مەزن درود دەنیّریّت بۆتان سا ئیّوەش یادی ئەو بكەن وەك ئەم ئایەتە كە دەفەرموویّت: ﴿ كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴿١٥١﴾ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾[3] واتە: وەك ڕەوانەمان كرد لەناوتاندا پیّغەمبەریّك لە خۆتان كە ئایەتەكانی ئیّمەتان بەسەردا بخویّنیّتەوەو پاكتان بكاتەوەو فیّرتان بكات قورئانو دانایی (فەرموودەی خۆی) وە فیّرتان بكات ئەو شتانەی كە نەتاندەزانی، كەواتە یادم بكەن تا منیش لەبیرتان نەكەمو سوپاسم بكەن پیّ نەزانو ناسوپاسمیم مەكەن. پیّغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خوای مەزن دەفەرموویّت هەر كەسیّك لە دڵی خۆیدا یادی من بكات منیش لای خۆم یادی دەكەم، هەر كەسیش لەناو كۆمەڵیّكدا یادم بكات منیش لەناو كۆمەڵیّكی چاكتر لە ئەو یادی دەكەم)، سڵاواتی خوا لەسەر

---

[1] الطبري (٢٠/٢٨٠).

[2] الروم (١٧ـ١٨).

[3] البقرة (١٥١ـ١٥٢).

بەندەکەی، واتە: وەسفکردنی لە لای فریشتەکان، بوخاری لە ئەبولعالیەوە گێڕاویەتیەوە.[1] ئەبو جەعفەری ڕازیش ڕیوایەتی کردووە لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە. کەسانی تریش وتوویانە: (الصلاة) لە لایەن خواوە واتە: بەزەیی خودا، وتراوە: کە هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەم دوو قسەیەدا نیە. والله أعلم. بەڵام درود لە لایەن فریشتەوە واتە: دوعاو داوای لێخۆشبوون بۆ کردن وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾[2] واتە: ئەو فریشتانەی هەڵگری عەرشن‌و ئەوانەش بە دەوری دان بە ستایشی پەروەردگاریان تەسبیحات دەکەن‌و باوەڕیان بەو هەیەو داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەوانەی ئیماندارن، دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان میهرەبانی‌وزانیاریت هەموو شتێکی گرتووەتەوە دەی خۆش ببە لەوانەی تۆبەیان کردووەو شوێنی ڕێگای تۆ کەوتوون‌و بیانپارێزە لە سزای دۆزەخ، ئەی پەروەردگارمان بیشیانخەرە بەهەشتانێکی هەمیشەیی کە بەڵێنت پێ دابوون ئەو کەسانەش چاکەکار بوون لە باوباپیران‌و هاوسەران‌و ڕۆڵەکانیان بە ڕاستی هەر تۆ زاڵی کاردروستی، وە بیانپارێزە لە تۆڵەی تاوانەکان. وە دەفەرمووێت: ﴿لِيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ واتە: بە هۆی بەزەیی خۆیەوە بۆتان‌و پاڕانەوەی فریشتەکان، لە تاریکی‌و نەزانی‌و گومڕایی دەرتان دێنێت‌و بەرەو ڕووناکی‌و ڕێی ڕاست‌و باوەڕ پتەوی دەتانبات، ﴿وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمٗا﴾ واتە: خودا بۆ خاوەن باوەڕان دلۆڤانە لە دنیاو لە قیامەتدا، لە دنیادا ڕێی هەقی نیشان داون کە خەڵکی تر لێی ئاگادار نین، ڕێگایشی بۆ ڕوون کردوونەتەوە کە خەڵکی تر ونیان کردووەو لایان داوە لێی، وەك بانگخوازانی بێ دینی‌و ئەو کەسانەی کە بە ئارەزووی خۆیان ڕێگا بۆ شوێنکەوتووانیان دادەنێن لە ستەمکارو خراپەکاران، لە ڕۆژی قیامەتیشدا خاوەنی بەزەییە بۆ خاوەنباوەڕان ولە ڕۆژە ترسناکە مەزنەکە بێ خەمیان دەکات، فەرمانیش دەکات بە فریشتەکان کە مژدەی بەهەشت‌و سەرکەوتن‌و ڕزگاربوونیان لە ئاگر بدەنێ ئەمەیش هەمووی لەبەر خۆشەویستی‌و دلۆڤانی خودایە بۆ بەندە خاوەن باوەڕەکانی. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە لای چەند هاوەڵێکیدا تێپەڕی(ڕەزای خوایان لێ بێت) منداڵێك لەناو ڕێگەکەدا بوو، کاتێك دایکی ئەو خەڵکەی

---

[1] البخاري/ تفسير الأحزاب/ باب (١٠).

[2] الغافر (٧-٩).

بینی لەوەی کە کوڕەکەی بکەنە ژێر پێوە بە پەلە هاتو دەیوت: کوڕەکەم، کوڕەکەم، ڕێیان بۆ کردەوە کوڕەکەی هەڵگرت، خەڵکەکە وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم ژنە چی دەکات ئەگەر کوڕەکەی فڕێ بدرێتە ناو ئاگر، ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) هێواشی کردنەوەو بێدەنگی کردن، فەرمووی: (نەخێر بە خوا، خودایش خۆشەویستی خۆی ناخاتە ناو ئاگر).[1] سەنەدەکانی لەسەر مەرجی هەردوو سەحیحەکەیە، هیچ کەسێك لە زانایانی شەش کتێبەکە ئەم فەرموودەیان نەهێناوە. بەڵام لە سەحیحی ئیمامی بوخاریدا هاتووە لە گەورەی موسڵمانانەوە عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ژنێکی بینی لە ژنە دیلەکان منداڵێکی هەڵگرتو نای بە سنگیەوەو شیری دایە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ئاخۆ دەبینن ئەم ژنە منداڵی فڕێ بداتە ناو ئاگرو دەتوانێت شتی وا بکات؟) وتیان: نەخێر. پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (سا سوێند بە خوا، خودا بە بەزەیی ترە بۆ عەبدەکانی لەم ژنە بۆ منداڵەکەی)[2]. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ﴾ وا دیارە مەبەست پێی(والله أعلم)، بەخێرهاتنیان لێ دەکرێت لە لایەن خودای مەزنەوە واتە: ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە سەلامیان لێ دەکات. وەك خوای خاوەن دەسەڵات لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿سَلَامٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ﴾[3] واتە: سەلامیان لێ دەکرێت بە وتە لە لایەن پەروەردگاری میهرەبانەوە. قەتادە دەڵێت: مەبەست بەو سەلامە ئەوەیە، لە ناو خۆیاندا خاوەن باوەڕان سەلام لە یەکتری دەکەن، ئەو ڕۆژەی کە دێنە بەر بارەگای خودای مەزن لە ڕۆژی قیامەتدا.[4] وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾[5] واتە: دوعایان تێیدا ئەوەیە کە دەڵێن پاکو بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارمان سڵاوکردن لێیان لەو بەهەشتەدا بە وشەی سەلامەو دواهەمین دوعایان ئەوەیە کە دەڵێن بێگومان سوپاسو ستایش هەر بۆ خودایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە.

پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا﴾ واتە: پاداشتێکی زۆر چاکیان بۆ دانراوە لە بەهەشتدا لەو هەموو خواردنو خواردنەوەو جلوبەرگی جوانو شوێنی خۆشو ژن خواستنو ڕابواردن کە هەرگیز چاو نەیبینیونو گوێ نەیبیستوونو بە دڵی کەسدا نەهاتووە.

---

[1] أحمد (٣/١٠٤)، ئەو پیاوانەی ئەم فەرموودەیان هێناوە جێی متمانەن.

[2] فتح الباري (١٠/٤٤٠).

[3] يس (٥٨).

[4] الطبري (٢٠/٢٨٠).

[5] يونس (١٠).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضۡلٗا كَبِيرٗا ﴿٤٧﴾ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَدَعۡ أَذَىٰهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ
وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿٤٨﴾ ﴾

ڕەوشتەکانی (سیفەتەکانی) پێغەمبەری خوا (ﷺ)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە بۆ خەڵکی بە شایەتو مژدەدەرو ترسێنەر. ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەڵێت: گەیشتم بە عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس (ڕەزای خوای لێ بێت) پێم وت:باسی پێغەمبەری خودام (ﷺ) بۆ بکە کە لە تەوراتدا وەسفەکانی هاتووە. وتی: بەڵێ، بە خودا! هەندێ ڕەوشتو سیفەت لە تەوراتدا هاتووە کە لە قورئانیشدا هاتووە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە تۆمان ناردووە کە شایەتو مزگێنی دەرو ترسێنەرو پارێزەری نەخوێندەوارەکان بیت، تۆ عەبدو ڕەوانەکراوی منی، ناوم نای موتەوەکیل و تۆش توندو تیژو دڵ ڕەق نیت، وە لە بازاڕەکاندا دەنگت نایەتو بە خراپە وەڵام نادەیتەوە بەڵکو دڵ فراوانو لێبوردەو چاوپۆشی لە خەڵك دەکەیت، وە خوا نایمرێنێت (گیانی ناکێشێت) هەتا گەلە لارو وێرەکەی پێ ڕاست دەکاتەوە و دەڵێن: (لا إلـه الاّ الله)، چاوی کوێری پێ دەکاتەوەو گوێی کەڕی پێ واڵا دەکاتو دڵی داخراوی پێ دەکاتەوە).[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە باسی کڕینو فرۆشتنو تەفسیردا (فی البیوع والتفسیر).[2]

وەهەبی کوڕی مونەبیە دەڵێت: خوای مەزن وەحی نارد بۆ لای پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل پێیان دەوت: شەعیاء، هەڵسە بڕۆ بۆ ناو هۆزەکەت، من زمانی تۆم پاراوکردووە بە نیگاو وەحی، نەخوێندەوارێك دەنێرم لە نەخوێندەوارەکان، کە ڕەوانەی دەکەم توندو تیژ نیە، دڵ ڕەق نیە، لەناو بازاڕەکاندا دەنگی نایەت، ئەگەر لە تەنیشت چرایەکەوە بڕوات نایکوژێنێتەوە ئەوەندە لەسەرخۆیە، وە ئەگەر بەسەر قامیشدا بڕوات لە ژێر پێیدا دەنگی نایەت، چاوی کوێرو گوێی کەڕو دڵی داخراوی پێ دەکەمەوە، هەموو کارێکی جوانی بۆ ئاسانو ڕێك دەخەم، هەرچی ڕەوشتی بەرز هەیە پێی دەبەخشم، ئارامیو لەسەرخۆیی دەکەمە پۆشاکیوچاکەکردن ئەکەمەدروشمی لە خواترسان ئەکەمەویردی دڵەکەی، لە گوفتاریدا کارزانە، ڕاستیو بە ئەمەکی سروشتیەتی، لێبوردەیی فەرمان بە چاکە ڕەوشتیەتیو هەق بەرنامەیەتیو دادپەروەری پێشەوایەتی، و ئیسلام ئاینیەتیو ناوی ئەحمەدە، دەیکەمە ڕێ نیشاندەری خەڵکی پاش گومڕایی، بە هۆی ئەوەوە خەڵکی فێری زانیاری دەکەم پاش

---

[1] أحمد (١٧٤/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٤٠٢/٤، ٤٤٩/٨).

نەزانی، بەرزی دەکەمەوە بە ئەو پاش بێ هێزیو بێدەسەلاتی خۆم دەناسێنم بە هۆی ئەوەوە پاش نەناسراویم، شت زۆری دەکەم بە ئەو پاش کەمی، دەوڵەمەندی ئەڕژم بەهۆی ئەوەوە پاش هەژاری، کۆی دەکەمەوە بە ئەو پاش جیابوونەوەو لێك ترازان، بە ئەوتەبایی لەنێوان گەلە پەرتەوازەکانو دڵە جیاوازەکانو ئارەزووە پەرشو بڵاوەکاندا دروست دەکەم، کۆمەڵێك خەڵکی زۆر ڕزگار دەکەم لە تیاچوون بەهۆی ئەوەوە، ئومەتەکەی دەکەمە چاکترین ئوممەت کە هاتبێت بۆ خەڵکی فەرمان دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە، یەکتاپەرستنو خاوەن باوەڕنو دڵسۆزنو باوەڕیان هەیە بەو پەیامەی پێغەمبەرەکانم پێی هاتوون، فێری تەسبیحاتو (الله أکبر و لا إله الاّ الله) و سوپاسو یەکخواپەرستیان ئەکەم لە مزگەوتەکانیاندا، وە لە شوێنی دانیشتنو خەوتنو دەرەوەو ماڵیاندا، نوێژم بۆ دەکەن بە هەڵسانو دانیشتن، شەڕ دەکەن لە ڕێی خوادا ڕیز دوای ڕیز وهەڵمەت دوای هەڵمەت، هەزاران کەسیان لە ماڵی خۆیان دەردەچن لەبەر ڕەزامەندی من، دەمو چاوو دەستو قاچیان پاك دەکەنەوەو (دەیشۆرن)، بۆخزمەتکردن قۆڵی لێهەڵدەماڵن[1]، قوربانیان خوێنی خۆیانە، ئینجیلەکانیان لەناو سنگیاندایە، (واتە: قورئانو فەرموودەیان لەبەرە)، بە شەو راهیب وخواناسنو بە ڕۆژیش شێری مەیدانن، و لەناو ماڵو منداڵی ئەو پێغەمبەرەدا (سابتین) و ڕاستگۆیانو شەهیدانو پیاوچاکان وەدی دەهێنم، ئومەتەکەی دوای خۆی ڕێ نیشاندەر دەبن بۆ سەر هەقو بەوهەقەش هەڵدەستن، هەر کەسێك یارمەتیان بدات دەیکەمە خاوەن دەسەلاتو پشتگیری ئەو کەسەش دەکەم کە بانگەشەیان بۆ دەکەن، ئەو کەسەشی دژایەتیان بکات یان بیەوێت شتێك لە دەستیاندایە لێیان بسێنێت یان دەستدرێژی بکاتە سەریان بازنەی نەگبەتی بەدەوریاندا ئەکێشم. وایان لێ دەکەم ببنە جێنشینی پێغەمبەرەکەیانو بانگخواز هەربۆ لای پەروەردگاریان بکەن، فەرمان دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە، نوێژ دەکەنو زەکات دەدەنو ئەو بەڵێنەی کە دەیدەن بەجێی دێنن، کۆتایی ئەو چاکەیە بەوان دێنم کە لە سەرەتاوە دەستم پێکرد بە یەکەم کەسیان، ئەمە ڕێزی خۆمە ئەیدەم بە هەر کەسێك مەیلم لێ بێت، وە من خاوەن ڕێزی مەزنم.[2] ﴿شَٰهِدًا﴾ واتە: شایەتی بدە کە خودا تەنهایەو هیچ پەرستراوێك نیە غەیری ئەو، وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا شایەتی کرداری خەڵکیە، وەك خوای مەزن دەفەرموێت لە ئایەتێکی تردا: ﴿وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا﴾[3] واتە: تۆیشمان هێنا ئەی موحەممەد (ﷺ) بە

---

[1] دەقەعەرەبیەکەی ئەڵێ (یشدون الثیاب فی الانصاف)، هەڵیش دەگرێ بەواتای (ناوقەدیان بە پەڕۆ ئەبەستن) بدات ،بەلاّم ئەومانایەمان بەنزیکترزانی وەك لەهەندێ کتێبی (لوغە)دا باس کراوە(وەرگێڕ).

[2] فتح الباري (٤/٤٢).

[3] النساء (٤١).

شایەت بەسەر ئاوانەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿لِتَكُونُوا شُهَدَآءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾[1] واتە: تا ببنە چاودێر بەسەر مەردمەوە، وە پێغەمبەریش (ﷺ) چاودێر بێت بەسەر ئێوەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ واتە: مزگێنی دەرە بە خاوەن باوەڕان بە پاداشتی زۆر چاكو ترسێنەریشە بۆ خوانەناسان بە سزای سەخت، وە دەفەرمووێت: ﴿وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ﴾ واتە: بانگی خەڵكی دەكەی بۆ خواپەرستی وەك خوا چۆن فەرمانی پێكردوویی، ﴿وَسِرَاجًا مُّنِيرًا﴾ واتە: وە فەرمانی پێداوی بەوەی كە پێی هاتووی بیگەیەنی كە ئەوەندە ئاشكرایە وەك ڕووناكی خۆر وایە هیچ كەسێك دژی ناوەستێت مەگەر زۆر لاسار بێت، پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا﴾ واتە: وە مژدە بدە بە ئیمانداران كە بێگومان بۆ ئەوان هەیە بەهرەو بەخششێكی گەورە لە لایەن خواوە. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ﴾ واتە: بە گوێی خوانەناسانو دووڕووان مەكە هەرچی دەڵێن، ﴿وَدَعْ أَذَاهُمْ﴾ واتە: چاوپۆشیان لێ بكەو گوێیان مەدەرێ، بیاندەرە دەستی خودا، ئەویان بەسە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ واتە: وە پشت هەر بە خوا ببەستەو خوا بەسە كە پشتیوان بێت.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا ۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٤٩﴾﴾

بەشی ئەوژنەی پێش ئەوەی بچنە لایان تەڵاق ئەدرێن و(عدة)شیان چۆنە.

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا ۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە كاتێك ئافرەتانی ئیماندارتان مارە كرد، پاشان لە پێش ئەوەی بچنە لایان تەڵاقتان دان ئەوە لەسەریان نیە بۆ ئێوە هیچ عیددەیەك هەڵژمێرن كەواتە موتعەیان (پۆشاكو نوێن بۆ دڵخۆشیان) بدەنێو تەڵاقیان بدەن بە تەڵاقدانێكی جوانو پیاوانە. ئەم ئایەتە پیرۆزە بڕیاری زۆری تێدایە، لەو بڕیارانە: ناوهێنانی مارەیی لەسەر پەیمان و گرێبەستی هاوسەرگیری هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نیە ئەوەندەی ئەم ئایەتە بە ڕوونی باسی كردبێت، وە هەروەها بەڵگە لەسەر دروستی

---

[1] البقرة (١٤٣).

تەلاقدانی ژن پێش چوونە لای، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ﴾ ئەم ئایەتە گشتگیرە چونکە جیاوازی نیە لە نێوان ژنی خاوەن باوەڕو ژنی ئەهلی کتێبدا لەو بارەیەوە بە ڕای هەموو زانایان، زۆرێك لە زانایان وەك ئیبنو عەباس و سەعیدی کوڕی موسەیب و حەسەنی بەسری و عەلی کوڕی حوسەینی زەینل عابیدین و کۆمەڵێك لە زانایانی پێشین (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەم ئایەتەیان کردووەتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە تەلاق ناکەوێت ئەگەر لە پێشەوە مارەکردن نەبوبێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ﴾ بە دوای مارەبڕیندا تەلاقدانی هێناوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە لە پێش مارەبڕیندا تەلاق ناکەوێت و نابێت.[1] واتە: ئەگەر کەسێك ژنی نەهێنابێت، وتەی تەلاق بێت بە دەمیدا پێش ئەوەی ژن بێنێ تەلاقی ناکەوێت. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: ئەگەرکەسێك بڵێت: هەموو ژنێك کە مارەی دەکەم تەلاقی کەوتبێت، ئەو تەلاقە هیچ نیە، واتە ناکەوێت، بۆیە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ﴾.[2] ئیبنو عەباس دیسان فەرموویەتی: بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ﴾ ئایا نابینی کە تەلاق پاش مارەکردنە، فەرموودەیەك لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە ئەویش لە بابیەوە بابیشی لە باپیریەوە پێی گەیشتووە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (تەلاق بۆ ئەوەی ئادەم نیە لە شتێکدا خاوەنی نەبێت) ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو تیرمیزی و ئیبنو ماجە ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی چاکەو چاکترین شتە ڕیوایەت کرابێت لەم بارەیەوە.[3] هەر بەم شێوەیە ئیبنو ماجە ڕیوایەتی کردووە لە عەلی و میسوەری کوڕی مەخرەمەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (لە پێش مارە بڕیندا تەلاق نیە).[4] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ واتە: نابێت تا ماوەیەکی دیاریکراو گیریان بدەن، ئەمە بڕیارێکە کۆی دەنگی لەسەرە لە نێوان زانایاندا، کاتێك ژنێك تەلاق درا پێش چوونە لای ماوەی بۆ دیاری ناکرێت، دەڕوات و لەهەر کاتێکدا بیەوێت شوو دەکات، هیچ کەسێك جیاناکرێتەوە لەوە مەگەر کەسێك مێردەکەی بمرێت، ئەو کاتە چوار مانگو دە

---

[1] الطبري (٢٠/٢٨٣).

[2] الدر المنثور (٥/٣٩٢).

[3] أحمد (٢/٢٠٧)، ابو داود (٢/٦٤٠)، تحفة الأحوزي (٤/٣٥٥)، ابن ماجه (١/٦٦٠)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] ابن ماجه (١/٦٦٠)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە

ڕۆژ دەمێنێتەوە بە ڕای هەموو زانایان ئەگەر مێردەکەی نەچووبێتە لایشی. وە دەفەرمووێت: ﴿فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ بەشیپێدان(المتعة) لێرەدا گشتگیرترە لە نیوەی مارەیی ناوبراو یان بەشی تایبەتی ئەگەر دیاری نەکرابوو بۆی. خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾[1] واتە: وە ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا پێش ئەوەی بچنە لایانو مارەییتان بۆ دانابوون ئەوە نیوەی مارەییەکەتان دەکەوێت. وە فەرموویەتی: ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ﴾[2] واتە: گوناهتان لەسەر نیە ئەگەر ژنانێك تەڵاق بدەن کە هێشتا نەچووینە لایان یان مارەییتان بۆ دانەنابنو بەهرەمەندیان بکەن (شتێکیان لەماڵی خۆتان بدەنێ) دەوڵەمەند بە پێی خۆیو هەژار بە پێی خۆی بەهرەو یارمەتی دانێك کە باوو نەریت بێت ئەمە پێویستە لەسەر چاکەکاران. وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە سەهلی کوڕی سەعدو ئەبو ئوسەیدەوە دەڵێن: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئومەیمەی کچی شەراحیلی مارە کرد بردیانە لای دەستی بۆ ڕاکێشا، وەك ئەوەی ئومەیمە پێی ناخۆش بێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە ئوسەید بە ڕێی بکاتو بیگێڕێتەوە دوو پارچە پۆشاکی کەتانی سپی بداتێ.[3] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت)فەرموویەتی: ئەگەر ناوی مارەیی هێنرابێت ئەوە ئەو ژنە جگە لە نیوەی مارەیی زیاتری بۆ نیە، وە ئەگەر ناوی مارەیشی لێ نەبرابێت، ئەوا بەشی ئەدات بە پێی بوونو نەبوونی خۆی، ئەمەیە ئازادکردن بەجوانی[4].

﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾

---

[1] البقرة (٢٣٧).

[2] البقرة (٢٣٦).

[3] فتح الباري (٢٦٩/٩).

[4] الطبري (٢٨٣/٢٠).

باسی ئەو ژنانەی کە حەڵاڵ بوون بۆ پێغەمبەر (ﷺ) مارەیان بکات

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَٰجَكَ ٱلَّـٰتِىٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّـٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّـٰتِى هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِىِّ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِىٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بێگومان ئێمە حەڵاڵمانکرد بۆ تۆ ئەو هاوسەرانەت کە مارەییت پێداون هەروەها ئەو کەنیزەکانەی خوا دەست تۆی خست بەهۆی زاڵ بوونت بەسەر کافراندا و بۆمان حەڵاڵ کردوویت کچانی مامت و کچانی پورت و (خوشکی باوکت) و کچانی خاڵت و کچانی پورت (خوشکی دایکت) ئەوانەی کە کۆچیان کرد لەگەڵت هەروەها ئافرەتێکی ئیماندار ئەگەر خۆی ببەخشێت بە پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ مارەیی (ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ)) ویستی مارەی بکات (ئەمەیان) تەنها بۆ تۆ دروستە بە جیا لە ئیماندارانی تر بە ڕاستی ئێمە دەزانین چیمان پێویست کردووە لەسەر ئیمانداران دەربارەی هاوسەرەکانیان و کەنیزەکەکانیان لەبەر ئەوەی هیچ لە لات زەحمەت و گران نەبێت کە شتانێکت بە جیا لە موسڵمانان بۆ دروستە، وە خوا لێبوردەی میهرەبانە. خوای گەورە ڕووی قسەی دەکاتە پێغەمبەرەکەی و دەفەرمووێت: کە ئەو ژنانەی بۆ ڕەوا بینیوە و حەڵاڵ کردووە لە هاوسەرەکانی کە مارەیی پێداون، مەبەست لێرەدا هەق پێدانە وەك موجاهیدو کەسانی تریش وتوویانە.[1] مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دوانزە ئەوقیە و نەشێك بووە نەشیش نیوەی ئەوقیەیەکە، هەمووی دەکاتە پێنج سەد درهەم، ئومو حەبیبەی کچی ئەبو سوفیان نەبێت کە نەجاشی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەجیاتی پێغەمبەر(ﷺ) مارەیەکی دابوو پێ ی کە چوارسەد دینار بوو، وە سەفیەی کچی حویەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە دیلەکانی خەیبەردا هەڵی بژارد، پاشان ئازادی کرد مارەییەکەی کردە بارتەقای ئازادکردنی، وە جوەیریەی کچی حارسی موستەلقیەش ئەو بڕیارەی نووسرابوو کە بیدات بە سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس پێغەمبەر (ﷺ) بۆی داو مارەی کرد(ڕەزای خوا لە هەموویان). خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ﴾ واتە: ئەوانەشمان بۆ ڕەوا بینیوی کە لە دەستکەوتدا دەستت کەوتوون، سەفیە و جوەیریەی لە دەستکەوتدا بەریکەوت، ئازادی کردن و مارەی کردن لە خۆی، وە هەروەها بووە خاوەنی ڕەیحانەی کچی شەمعونی نەزریە و مارییەی قیبتی دایکی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) کە لە

[1] الطبري (٢٠/٢٨٣).

ئافرەتەدڵخۆشکراوەکان بوون (ڕەزای خوایان لێ بێت)، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ﴾ ئەمەیش دادپەروەریەکی زۆر بەڕێو بەجێیە نە زیادەڕەوییەو نە کەموکوڕیشی تێدایە، چونکە گاورەکان ژنی خزمیان مارە نەدەکرد هەتا حەوت پشت نەکەوتایەتە نێوانیانو زیاتریش دوور نەکەوتایەتەوە، جولەکەیش کچی براو کچی خوشکیان مارە دەکرد، ئەم ئایینە پاکو تەواوە پیرۆزە هات ئەو کەمتەرخەمیەی گاورەکانی ڕووخاندو کچی مامو کچی خوشکی مامو کچی خاڵو کچی خوشکی خاڵی حەلاڵ کرد، وە ئەوزیادەڕەوییەش جوولەکە دەیانکرد، قەدەغەی کرد کە کچی خوشكو کچی برایان مارە دەکرد، کە کارێکی زۆر ناشیرینو بێزراو بوو، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ﴾ وتەی نێرینەی بە تاك هێناوە لەبەر ڕێزی بەڵام مێینەی بە کۆ هێناوە لەبەر کەمو کوڕیان، وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ﴾[1] واتە: بە لای ڕاستو چەپیاندا. وە دەفەرمووێت: ﴿يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾[2] واتە: دەریان دەهێنن لە تاریکستانی بێباوەڕی بۆ ڕووناکی باوەڕو ڕێنموونی. وە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ﴾[3] واتە: وە تاریکیەکانو ڕووناکی داناوە. وێنەی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا زۆرە. وە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ﴾ زەححاك خوێندوویەتیەوە: (واللاتي هاجرن معك).[4] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆت ڕەوایە ژنی خاوەن باوەڕ کە خۆی ببەخشێت پێت مارەی بکەی بەبێ مارەیی ئەگەر مەیلت لێ بێت، ئەم ئایەتە دوو مەرجی تێدایە یەکەم خۆبەخشین لە لایەن ئافرەتەکەوە دووەم ڕەزامەندی پێغەمبەر (ﷺ) وەك ئەم ئایەتەی کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ﴿يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ﴾[5] واتە: ئەی گەلەکەم ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خوا هێناوە ئەوە تەنها پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئێوە فەرمانبەرو ملکەچن. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە کە

---

[1] النحل (٤٨).

[2] البقرة (٢٥٧).

[3] الانعام (١).

[4] الطبري (٢٠/٢٨٥).

[5] يونس (٨٤).

پێغەمبەری خودا (ﷺ) ژنێك هاتە لای و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من خۆمم بەخشی بە تۆ، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کرد، پاشان پیاوێك هەڵساو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) مارەی بکە لە من ئەگەر خۆت پێویستیت پێی نیە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فـەرمووی: (ئایا شـتێکت هەیـە لەسـەری مارەی ببڕی؟) پیاوەکە وتی: ئەم پۆشاکەم نەبێت لە بەرمدایە هیچی ترم نیە، پێغەمبەری خـودا (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر ئەو پۆشاکەی بدەیتیّ خۆت بەبیّ پۆشاك دەمێنی شتێك پەیدا بکـە) پیاوەکە وتـی: هیچ شك نابەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بگەڕیّ با ئەنگوستیلەیەکی ئاسنیش بێت بیکـەرە مـارەیی بۆی؟) گەڕا هیچی دەست نەکەوت، فەرمووی پێی: (ئایا هیچێك لە قورئانـت پێیـەو لەبەرتـە؟) وتـی: بەڵیّ فلان سورەتو فلان سورەتم لەبەرە (ئـەو سـورەتانەی کـە لەبـەری بـوو نـاوی بـردن)، پێغەمبـەر (ﷺ) پێـی فـەرموو: (لـێم مـارە بڕیـت بـەو قورئانـەی لەگەڵتـە).[1] بوخـاریو موسـلیم هێناویانـە لـە فەرموودەکەی مالیکەوە.[2] ئیبنـو ئـەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردووە لـە باوکیـەوە لـە عائیـشەوە (ڕەزای خوای لیّ بێت) ئەو کەسەی کە خۆی بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ) خەولەی کچی حەکیم بوو.[3] بوخـاریش ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لیّ بێت) دەڵێت: زۆر (غیرە)م دەردەبڕی لـەو ژنانـەی کـە خۆیان دەبەخشی بە پێغەمبـەر (ﷺ)و دەمـووت: ئایـا ژن خـۆی دەبەخـشێت؟ کـە ئـەم ئایەتـە هاتـە خـــوارەوە: ﴿تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَۚ﴾ وتم: وا دەبینم پەروەردگاری تۆحەزەکانت خێرا بۆ بەدیئەهێنیّ.[4] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لیّ بێـت) دەڵێـت هـیچ ژنێـك لـە لای پێغەمبـەر (ﷺ) نەماوەتـەوە کـە خـۆی بەخشیبێت پێی. ئیبنو جەریریش ڕیوایەتی کردووە.[5] واتە: هـیچ ژنێـك لەوانـەی کـە خـۆی بەخـشیوە، پێغەمبەر (ﷺ) قەبوڵی نەکردووە لێی، هەرچەندە بۆ ئەو ڕەوا بووەو حەڵاڵ تایبەت بووە بە ئـەوەوەو خۆی سەرپشك بـووە واتـە مـەیلی خـۆی بـوو قـەبوڵی بکـات یـان قـەبوڵی نـەکات. وەك خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا﴾ واتـە: ئەگـەر مـەیلی لیّ بـوو. وە دەفـەرمووێت: ﴿خَالِصَةٗ لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ﴾ عیکریمە دەڵێت: ئەوەی خۆی دەبەخشێت بۆ تۆ نەبێت بۆ کەسی تر نابێـت،

---

[1] أحمد (٣٣٦/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٩٧/٩)، مسلم (١٠٤٠/٢).

[3] البيهقي (٥٥/٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (٣٨٥/٨).

[5] الطبري (٢٨٨/٢٠).

وە ئەگەر ژنێك خۆی ببەخشێت بۆی حەڵاڵ نیە هەتا شتێکی نەداتێ.[1] موجاهیدو شەعبیو کەسانی تریش جگە لەوانە هەر وای وتووە.[2] واتە: کاتێك ژنێك بە ئارەزووی خۆی، خۆی بەخشی بە پیاوێك هەر کاتێك ئەو پیاوە چووە لای مارەیی هاوێنەی خۆی دەبێت بداتێ، وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) بڕیاری دا بۆبەروەعی کچی واشیق کەوەکیلی دانا بۆخۆی مارەیی هاوێنەی خۆی پێبدرێت، کاتێك کە مێردەکەی مردبوو، مردن یان چوونەلا وەك یەکن بۆ بڕیاردانی مارەییو مارەیی هاوێنە، بۆ ژنێك کە خۆی ببەخشێت بە جگەلەپێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام بۆ هەر ژنێك خۆی ببەخشێت بەپێغەمبەر(ﷺ) مارەیی بۆدانانرێ با بچێتە لاشی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هەیە ئەو ژنە مارە بکات بەبێ مارەییو خاوەن (ولي)و شایەت، وەك لە بەسەرهاتی زەینەبی کچی جەحشدا (ڕەزای خوای لێ بێت) پێی هەڵسا، بۆیە قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ دەڵێت: هیچ ژنێك بۆی نیە خۆی ببەخشێت بە پیاوێك بەبێ خاوەن(ولي)و مارەیی، جگە لە پێغەمبەر(ﷺ)[3]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِيٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ﴾ ئوبەیی کوڕی کەعبو موجاهیدو ئیبنو جەریر دەڵێن لەم ئایەتەدا: یانی ئەوانەی کە ڕێیان نەدراوە لە چوار ژنی ئازاد زیاتربخوازن.[4] وە هەرچەندێك لە کەنیزەکەکانیان مارە دەکەن ئارەزووی خۆیانە، بە مەرجی بوونی مارەییو شایەتو خاوەن (الولي) بەڵام ڕێی تۆمان داوەو هیچ شتێکمان لەسەر تۆ دانەناوە، ﴿لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾.

﴿تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ ۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا ﴿٥١﴾﴾

[1] الدر المنثور (٦/٦٣١).

[2] الطبري (٢٠/٢٨٦/٢٨٧).

[3] الطبري (٢٠/٢٨٦).

[4] الطبري (٢٠/٢٩٠).

سەرپشك كردنی پێغەمبەر(ﷺ) لە قەبوڵكردنی ئەو ژنانەی كە خۆیان بەخشی پێی یان قەبوڵ نەكردنیان

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعۡيُنُهُنَّ وَلَا يَحۡزَنَّ وَيَرۡضَيۡنَ بِمَآ ءَاتَيۡتَهُنَّ كُلُّهُنَّۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) سەرەی هەر كێ لە خێزانەكانت ویست دوای بخەو هەركێ لەئەوانت ویست پێشی بخەو بیهێنە بۆ لای خۆت‌و هەر كامت بوێ بێتە لات لەوانەی وازت لێ هێناون هیچ گوناهێكت لەسەر نیە، ئەو سەرپشك كردنە نزیكترە كە چاوو دڵیانی پێ گەش بێتەوەو خەفەت نەخۆن‌و هەموویان ڕازی بن بەوەی كە پێت داون‌و خوا دەزانێت بەوەی كە لە دڵتاندایەو خواو خوا زانای لەسەرخۆیە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) كە لۆمەو توانجی لەو ژنانە دەدا كە خۆیان دەبەخشی بە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەیوت: ئایا ئافرەت شەرم ناكات خۆی دەبەخشێت بەبێ مارەیی؟ خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ڕەوانەكرد: ﴿تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُ﴾ عائیشەش عەرزی پێغەمبەریكرد(ﷺ): من وا دەبینم كە پەروەردگارت پەلەت بۆ دەكات لە بەجێهێنانی ئارەزووەكانتدا.[1] لە پێشەوە باسمان كرد كە بوخاریش ڕیوایەتی كردووە.[2] ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە دەفەرمووێت: ﴿تُرۡجِي﴾ كە دوادەخەی ﴿مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ﴾ لەوانەی كە مەیلت لێیە لە خۆبەخشەكان، ﴿وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُ﴾ مەیلی خۆتە كامیان قەبوڵ دەكەی‌و كامیان قەبوڵ ناكەی. ئەوانەیشی كە قەبوڵیان ناكەی دەتوانی جارێكی تر بانگیان بكەیتەوە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَ﴾ هەندێكی تر وتوویانە مەبەستی بەمە كە فەرموویەتی: ﴿تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ﴾ واتە: لە هاوسەرەكانت، هیچ گوناهێكت نایەتە سەر هەندێكیان واز لێ بێنیت‌و هەندێكیان پێش بخەی هەندێكیان دوا بخەی یان بچیتە لای هەندێكیان‌و نەچیتە لای هەندێكیان كەیفی خۆتە. هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت كراوە لە ئیبنو عەباس‌و موجاهیدو حەسەن‌و قەتادەو ئەبو ڕەزین‌و عەبدوڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم‌و كەسانی تریشەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا پێغەمبەر (ﷺ) هەر مانەوەی لە نێوانیاندا دابەش دەكرد ، بۆیە هەندێ لە زانایانی فیقهی شافیعی‌و كەسانی تریش ڕایان وایە كە ئەو دابەشكردنی كاتە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) واجب

[1] أحمد (٦/١٥٨)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٨/٣٨٥).

نەبووە، ئەم ئایەتە پیرۆزەیان کردووەتە بەڵگە. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەسەرەی هەر ژنێکدا لە ئێمە داوای ئیزنی دەکرد پاش هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە: ﴿تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ ۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ﴾ دەڵێت: وتم بە عائیشە: تۆ چیت بەپێغەمبەر(ﷺ) دەوت؟ ووتی: منیش دەموت: ئەگەر ئەوە بەدەستی منە ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من نامەوێت ڕێزی کەس بدەم بەسەر تۆدا.[1] ئەم فەرموودەیە لە عائیشەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مەبەست پێی واجب نەبوونی ئەو سەرەیە، بەڵام فەرموودەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە بۆ ئەوانەی کە خۆیان بەخشیوە، ئا لێرەدا ئیبنو جەریر وای بۆ دەچێت کە ئەم ئایەتە گشتگیرە بۆ ئەو ژنانەی کە خۆیان بەخشیوەو ئەوانەشی کە هاوسەری پێغەمبەر بوون (ﷺ) کە مەیلی خۆیەتی سەرەیان بۆ دابنێ یان سەرەیان بۆ دانەنێت.[2] ئا ئەوەی کە حەسەن هەڵی بژاردووە زۆر چاکو باشو بەهێزە. نزیکیەک لە نێوان فەرموودەکاندا دروست دەکات. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ﴾ واتە: کاتێک زانیان کە خوای مەزن هیچ گوناهت لەسەر نانوسێت، ئەگەر مەیلت لێ بوو سەرەیان بۆ دادەنێیتو مەیلیشت لێ نەبوو سەرەیان بۆ دانانێت، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەر سەرەیان بۆ دادەنێیت بە ئارەزووی خۆت نەک لەسەرت واجب بێت، کەیف خۆش دەبن بەوە غەم ناخۆنو پێیان خۆشە. ئەو کارە جوانەی تۆ وایان لێ دەکات کە مەمنونت بن بۆ ئەو بەش کردنە لە نێوانیاندا بە یەکسانیو بێ جیاوازیو بەو دادپەروەریەی تۆ بەرامبەریان. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ﴾ واتە: خودا دەزانێت ئێوە چیتان بە دڵدا دێت کە مەیلتان بۆ لای هەندێک هەیەو بۆ لای هەندێ نیە کە ناتوانرێت لابرێت، وەک ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەرەی دادەنا لە نێوان ژنەکانیداو جیاوازی نەدەکردن، پاشان دەیفەرموو: (ئەی خودایە ئەمە کاری منە کە دەسەڵاتم بەسەریدا هەیە، سەرزەنشتو لۆمەم نەکەی لەوەی کە تۆ دەسەڵاتت بەسەریدا هەیەو من دەسەڵاتم نیە بەسەریدا).[3] چوار لە زانایانی فەرموودە ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە، ئەبو داود لە کۆتایی دا ئەمەی لێ زیادکردووە: (سەرزەنشتم نەکەی لەوەی کە تۆ دەسەڵاتت بەسەریدا هەیەو من دەسەڵاتم نیە

---

[1] فتح الباري (٣٨٥/٨).

[2] الطبري (٣٠٤/٢٠).

[3] أحمد (١٤٤/٦)، فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

بەسەریدا) مەبەست پێی دڵە.[1] سەنەدەکانی ڕاستە، پیاوەکانیشی جێی باوەڕن، بۆیە خوای مەزن بەدوای ئەوەدا فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا﴾ واتە: خوا دەزانێت ئێوە چیتان لە دڵدایە لە پەنهانیەکان، ﴿حَلِيمًا﴾ واتە: خودا لەسەرخۆیەو دەبورێت.

﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَٰجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ رَّقِيبًا ﴿٥٢﴾﴾

پاداشتدانەوەی هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرهەڵبژاردنیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ)

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَٰجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ رَّقِيبًا﴾ واتە: دوای ئەمانە کە هاوسەرتن هیچ ئافرەتێکت بۆ حەڵاڵ نیەو ناشتوانی بیانگۆڕی بە هاوسەرانی تر مەگەر وەك کەنیزەك ببیتە خاوەنیو خوا بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرە. زۆرێك لە زانایان باسیان کردووە وەك ئیبنو عەباسو موجاهیدو زەحاكو قەتادەو ئیبنو زەیدو ئیبنو جەریرو کەسانی تریش[2]. کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بۆ پاداشتدانەوەو ڕەزادەربڕین لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەو کارە چاکەیان کە خوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ)و ڕۆژی دواییان هەڵبژارد وەك لە ئایەتەکەی پێشودا باس کرا، کاتێك ئەوان کە پێغەمبەریان (ﷺ) هەڵبژارد پاداشتەکەیان ئەوە بوو، خوای مەزن فەرمانی دا کە ژنانی تر بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ناشێتو بۆشی نیە ئەو ژنانە تەڵاق بداتو ژنانی تر لە جێیان بێنێت، با زۆر جوانو دڵگیریش بن مەگەر ئەوانەی لەدەسکەوت بەری دەکەوێت، بەڵام بۆ ئەوانە هیچی لەسەر نیە، پاشان خوای گەورە ئەوەشی لەسەر لابردو حوکمی ئەو ئایەتەی نەسخ کردەوەو ڕێی پێدا ژن بێنێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ژنی نەهێنا، بۆ ئەوەی ئەو منەتەی بەسەر هاوسەرەکانیەوە هەر بمێنێت. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کۆچی دوایی نەکرد هەتا خوای مەزن ژنی بۆ ڕەوا بینیو حەڵاڵی کرد کە بێنێتی.[3] تیرمیزیو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە لە سونەنەکەیاندا.[4] هەندێکی تر لە زانایان وتوویانە: مەبەست بە مانای ئەم ئایەتە: ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ﴾ ئەوەیە کە پاش ئەوەی کە باسو وەسفی ئەو ژنانەمان کرد کە بۆمان

---

[1] ابوداود(٢/٦٠١)، تحفة ألأحوزي (٤/٢٩٤)، النسائي (٧/٦٣)، ابن ماجه (١/٦٣٣)، فەرموودەیەکی بەهێزنیە.

[2] الطبري (٢٠/٢٩٧/٢٩٩).

[3] أحمد (٦/٤١)، فەرموودەیەکی مەوقوفە.

[4] تحفة ألأحوزي (٩/٧٨)، النسائي (٦/٥٦)، فەرموودەیەکی مەوقوفە.

حەڵاڵ کردی لە ژنەکانت ئەوانەی کە مارەییت پێداونو ئەوانەشی کە بە دەستکەوت بەرت کەوتوونو کچی مامو کچی خوشکی مامو کچی خاڵو کچی خوشکی خاڵو ئەوانەشی کە خۆیان بەخشی پێت، جگە لەمانە ژنی ترت بۆ حەڵاڵ نیە. ئەم بۆچوونە ڕیوایەت کراوە لە ئوبەیی کوڕی کەعبو موجاهیدو کەسانی تریشەوە. تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەهی کردووە لەو جۆرە ژنانە، ئەو ژنە خاوەنباوەڕانە نەبێت کە کۆچیان کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ﴾ خوا ژنە خاوەن باوەڕەکانی حەڵاڵ کردووە لەگەڵ ئەوانەی کە خۆیان بەخشیوە بە پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ئەو ژنانەی کە لەسەر ئایینەکانی ترن حەرامی کردووە جگە لە ئایینی ئیسلام. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ﴾[1] واتە: وە ئەوانەی بێباوەڕ بن بە ئیمانو شەریعەت ئەوە بێگومان کردەوەکانی هەڵدەوەشێتەوە.[2] ئیبنو جەریر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە کە دەڵێت ئەم ئایەتە گشتگیرە بۆ ئەو کۆمەڵە ژنانەی کە باس کرانو ئەو ژنانەی کە هاوسەری پێغەمبەر بوون (ﷺ) کە نۆ ژن بوون. ئەم قسەیەش قسەیەکی چاکەو لەوانەیە ڕای زۆرێك لە زانایانی پێشینەش بێت چونکە زۆرێك لە زانایان ئەم ڕیوایەتەو ئەو ڕیوایەتەشیان لێوەکراوەو هیچ دژایەتیەك نیە لەنێوانیاندا (والله أعلم) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ﴾ خوای مەزن ڕێی نەداوە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر یەکێك لەو ژنانەی تەڵاق دا ژنێکی تر لە جێی بهێنێت، ئەو ژنانە نەبێت کەئەبنە(مەڵی یەمین)ی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ إِن تُبۡدُواْ شَيۡـًٔا أَوۡ تُخۡفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٗا ﴿٥٤﴾﴾

---

[1] المائدة (٥).

[2] تحفة الأحوذي (٩/٧٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

ئاداب و شێوازی چوونە ناو ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمان دان بە پەردە گێڕانەوە

خـوای مـەزن دەفـەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێت بۆ نان خواردنێك بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بکەن بەڵام ئەگەر بانگ کران بۆ نان خواردن ئەوسا بڕۆنە ژوورەوە ئینجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن و مەمێننەوە بۆ قسەکردن چونکە ئەو مانەوەتان ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) دەدات ئەویش شەرم دەکات لێتان کە بێ دەنگە بەڵام خوا لە وتنی هەق شەرم ناکات وە هەر کاتێك داوای شتێکی ناو ماڵتان کرد لە (هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)) ئەوە لە پشتی پەردەوە لێیان داوا بکەن، ئەو شێوە داواکردنەتان خاوێنترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش بە هیچ شێوەیەك بۆ ئێوە دروست نیە ئازاری دڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بدەن وە هەرگیز نابێت خێزانەکانی پاش خۆی مارە بکەن بە ڕاستی ئەو (ئازاردانی دڵ و مارەکردنە)تان بە لای خواوە گوناهێکی زۆر گەورەیە. ئەم ئایەتی پەردە گێڕانەوەیە کە بڕیارو ئادابی شەرعی تێدایە، ئەو ئایەتەیە کە هاتنە خوارەوەکەی هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ قسەی عومەری کوڕی خەتابداو (ڕەزای خوای لێ بێت) وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە عومەر وتی: موافیق و هاوڕا بووم لەگەڵ پەروەردگارمدا لە سێ شتدا: وتم ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر جێی ئیبراهیمت بکردایەتە نوێژگە، خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗىۖ﴾[1] واتە: (پێمان وتن) شوێنی ئیبراهیم بکەنە جێگای نوێژ. وە وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) خێزانەکانت پیاوچاك و پیاوخراپ دەچنە لایان ئەگەر پەردەیەکت بۆ دانانایە، خوای مەزن ئایەتی پەردە گێڕانەوەی (حیجاب) ناردە خوارەوە. وە وتم: بە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)کە بەرامبەری وەستان: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرٗا مِّنكُنَّ﴾[2] واتە: دڵنیا بن ئەگەر ئێوە تەڵاق بدات پەروەردگاری لە جیاتی ئێوە ژنانێکی باشتر لە ئێوەی دەداتێ. هەر بە

---

[1] البقرة (١٢٥).

[2] التحريم (٥).

هەمان شێوە قورئان هاتە خوارەوە.[١] وە لە ڕیوایەتی موسلیمدا کە باسی دیلەکانی بەدری کردووە ئەمەیش ڕووداوی چوارەمە.[٢] وە بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چاکو خراپ دێتە لات، ئەگەر فەرمانت بدایە بە دایکانی موسڵمانان بە پەردە گیرانەوە! خوای مەزن ئایەتی حیجابی ڕەوانە کرد.[٣] دیسان بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) زەینەبی کچی جەحشی هێنا بانگی خەڵکی کرد نانیان خوارد، پاشان دانیشتن قسەیان دەکرد، کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی ئامادە کرد هەڵسێت ئەوان هەڵنەسان، کاتێك ئەوەی بینی هەڵساو ئەوەی هەڵسا هەڵساو سێ کەس هەڵنەسان، پێغەمبەر (ﷺ) هات بچێتە ژوورەوە، خەڵکەکە هەر دانیشتبوون، پاشان خەڵکەکە هەڵسانو ڕۆیشتن. منیش هاتمو هەواڵم دا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە خەڵکەکە ڕۆیشتن هاتو چووە ژوورەوە. منیش ڕۆیشتم بچمە ژوورەوە. پەردەی لە نێوان منو خۆیدا گیرایەوەو خوای مەزن ئەم ئایەتەی ڕەوانە کرد: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتَ ٱلنَّبِىِّ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە.[٤] وە لە شوێنێکی تریشدا ڕیوایەتی کردووە.[٥] موسلیمو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[٦] پاشانیش بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) (زەینەبی گواستەوە) چووە لای زەینەبی کچی جەحش نانو گۆشتی دا بە خەڵك، منیان نارد خەڵکی بانگ بکەم بۆ سەر نان خواردن، کۆمەڵێك دەهاتنو نانیان دەخواردو دەچوونە دەرەوە، کۆمەڵێکی تر پاشان دەهاتنو نانیان دەخواردو دەچوونە دەرەوە، ئەوەندەم بانگ کرد هەتا کەسێك نەما کە بانگی بکەم، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەسێك نەماوە بانگی بکەم، فەرمووی: خواردنەکەتان هەڵگرن سێ کۆمەڵ مابوونەوە لە ماڵدا قسەیاندەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) چووە دەرەوە ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: (السلام عليكم -أهل البيت- ورحمة الله وبركاته) عائیشە وتی: وعليك السلام ورحمة الله، ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەهلەکەت بە لاوە چۆن بوو؟ خودا لێت پیرۆز بکات (بارك الله لك)، پاشان هەموو خێزانەکانی بەسەر کردەوە چی دەوت بە عائیشە بەوانیشی وت، ئەوانیش عائیشە چی بە پێغەمبەر (ﷺ) وت ئەوانیش هەر وایان وت. پاشان

---

[١] فتح الباري (٦٠١/١)، مسلم (١٨٦٥/٤).

[٢] مسلم (١٨٦٥/٤).

[٣] فتح الباري (٣٨٧/٨).

[٤] فتح الباري (٣٨٧/٨).

[٥] فتح الباري (٢٤/١١).

[٦] مسلم (١٠٥٠/٢)، النسائي في الكبرى (٤٣٥/٦).

پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە، ئەو سێ کۆمەڵە هەر قسەیان دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە شەرم بوو، چووە دەرەوەو بەرەو ژوورەکەی عائیشە ڕۆیشت. نازانمو لە یادم نیە من هەواڵم دایە یان هەواڵیان دایە کە ئەو خەڵکە چوونە دەرەوە، گەڕایەوە هەتا پێیەکی خستە سەر کەمەی دەرگاکە بچێتە ژوورەوەو پێکەی تری لە دەرەوە بوو پەردەی داناو شۆڕیکردەوە لە نێوان منو خۆیداو ئایەتی پەردەگێڕانەوە هاتەخوارەوە.[1] تەنها بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە نێوان خاوەنی شەش کتێبەکە جگە لە نەسائی کە ئەویش باسی کردووە.[2] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَدۡخُلُوا۟ بُیُوتَ ٱلنَّبِیِّ﴾ قەدەغەی کرد لەسەر خاوەنباوەڕان کە بچنە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیزنی خۆی نەبێت. وەك ئەو سەردەمەی زەمانی نەفامیو لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا دەچوونە ماڵی یەکتری، خوای مەزن توندی کرد لەسەر ئەم ئومەتەو فەرمانی پێکردن بە پەردە گێڕانەوە. ئەمەش لەبەر ڕێزگرتن بۆ ئەم ئوممەتە. هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (دەتانترسێنم لە چونتان بۆ ناو ژنان).[3] پاشان مەرجی داناوە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِلَّاۤ أَن یُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَیۡرَ نَـٰظِرِینَ إِنَىٰهُ﴾ موجاهیدو قەتادەو کەسانی تریش وتوویانە: چاوەڕوانی نەکەن هەتا دەکوڵێتو پێدەگات.[4] واتە: نەوەستن بە دیار خواردنەکەوە هەتا پێدەگاتو کاتێك ئامادەکرا خۆتان بکەن بە ژووردا، چونکە ئەمە کارێکی خراپەو خودا پێی ناخۆشە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە حەرامە چوون بۆ سەر دەعوەتێك کە بانگ نەکرابێت، خەتیبی بەغدادی لەو بارەیەوە کتێبێکی داناوە باسی خراپی ئەو کەسانەی کردووە بەبێ ئەوەی بانگ بکرێن بۆ سەر دەعوەتێك لە خۆیانەوە دەچن بۆ ئەو دەعوەتە. بە درێژی هەندێ ڕووداوی لەو بارەوە گێڕاوەتەوەو باسی کردووە لە کتێبەکەیدا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَـٰكِنۡ إِذَا دُعِیتُمۡ فَٱدۡخُلُوا۟ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُوا۟﴾ وە لە سەحیحی موسلیمدا لە ئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (کاتێك یەکێکتان برایەکی بانگی کرد بۆ نان خواردن بۆ شایی یان هەر شتێك با قەبوڵی بکات).[5] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا مُسۡتَـْٔنِسِینَ لِحَدِیثٍ﴾ واتە: وەك ئەوەی کە ڕوویدا لەو سێ کەسەو درێژەیان دا بە قسەکردن، خۆیان لەبیرچووەوە هەتا

---

[1] فتح الباري (٣٨٨/٨).

[2] النسائي في الكبرى (٧٥/٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] مسلم (١٧١١/٤).

[4] الطبري (٣٠٦/٢٠).

[5] مسلم (١٠٥٣/٢).

پێغەمبەریان (ﷺ) ناڕەحەت کرد، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ﴾ وتراوە: مەبەست پێی، چوونتانە بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ ئەوەی ئیزنی لێ بخوازن، کە پێی ناخۆش بووەو دڵگرانی کردووە بەڵام حەزی نەکردووە ڕێگریان لێ بکات لەبەر زۆر بە شەرمی خۆی تا خوای گەورە قورئانی ناردە خوارەوەو قەدەغەی کرد لێیان، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْىِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ﴾ واتە: خودا لە قسەی ڕاست وتن شەرم ناکاتو سەرزەنشتی کردنو وازی پێ هێنان. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ واتە: وەك چۆن قەدەغەم کرد لێتان کە بەبێ ئیزن نەچنە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) هەر بە هەمان شێوە هەرگیز سەیری هاوسەرەکانی مەکەن، با یەکێك لە ئێوە کارێکی زۆر گرنگیشی هەبێت، بیەوێت لێیان وەرگرێت، لە پشت پەردەوە نەبێت داوایان لێ نەکات.

قەدەغەکردنی ئازاردانی پێغەمبەر (ﷺ)و باسی ڕێزی تایبەتی هاوسەرەکانی لە لای موسڵمانان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓا۟ أَزْوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا﴾ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾ دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پیاوێك نیازی وابوو دوای پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ لە خێزانەکانی مارە بکات. پیاوێك وتی بە ئەبو سوفیان: ئایا ئەوە عائیشە بوو؟ پیاوەکە وتی: وایان باس کردووە.[1] موقاتیلی کوڕی حەییانو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش هەر وایان وتووە.[2] هەر بەو سەنەدەوە باس کراوە لە سودیەوە کە حەرامەو نابێت بیر لە شتی وا بکەنەوە. بۆیە هەموو زانایان بە کشتی کۆن لەسەر ئەوە کە دوای مردنی پێغەمبەر (ﷺ) حەرامەو کەس بۆی نیە دوای خۆی هاوسەرەکانی مارە بکات. چونکە ئەوانە لە دنیا قیامەتدا هاوسەری پێغەمبەرنو (ﷺ) دایکی موسڵمانانن وەك لە پێشەوە باسمان کرد. خوای گەورە ئەو نیازەی زۆر بە لاوە گەورەو گران بوو، بۆیە بە توندی هەڕەشەی کردووە لەسەری. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِن تُبْدُوا۟ شَيْـًٔا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا﴾ واتە: ئەگەر هەر شتێك ئاشکرا بکەنو بیڵێن یان بیشارنەوە لە دڵتاندا ئەوە بە ڕاستی خوا

---

[1] الدر المنثور (٦/٦٤٣).

[2] الطبري (٢٠/٣١٦).

زانایە بە هەموو شتێك. وەك لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ﴾[1] واتە: خوا دەزانێت بە ناپاكی چاوان‌و هەرچی دڵان دەیشارنەوە.

﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِىٓ ءَابَآئِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآئِهِنَّ وَلَآ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ أَخَوَٰتِهِنَّ وَلَا نِسَآئِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ ۗ وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا ﴿٥٥﴾﴾

ئەو کەسانەی کەواجیب نیە ژن ڕوپۆشی بۆ بکات لە کەس‌و کار

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِىٓ ءَابَآئِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآئِهِنَّ وَلَآ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ أَخَوَٰتِهِنَّ وَلَا نِسَآئِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ ۗ وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا﴾ واتە: (هاوسەرانی پێغەمبەر(ﷺ)) هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە ئەگەر بێ حیجاب بن لای باوکیان‌و کوڕانیان‌و برایان‌و برازاکانیان‌و خوشکەزاکانیان‌و لای ئافرەتانی هاودینیان‌و لای غولام‌و کەنیزانی خۆیان‌و لە خوا بترسن بە ڕاستی خوا چاودێرو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا. کاتێك خودای مەزن فەرمانی بە ڕوپۆشین کرد لە بێگانە پاشان ڕوونی کردووەتەوە کە ئەم کەس‌و کارانە پێویست نیە ڕوپۆشیان بۆ بپۆشن وەك لە سورەتی (النور)دا جیای کردوونەتەوە لەم ئایەتەدا کە خوا دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ﴾[2] واتە: وە جوانی خۆیان دەرنەخەن زیاد لەوەی کە دەردەکەوێت بۆ مێردەکانیان نەبێت یان باوکیان یان باوکی مێردەکانیان یان کوڕەکانیان یان کوڕی مێردەکانیان یان براکانیان یان کوڕی براکانیان یان کوڕی خوشکەکانیان یان ئافرەتانی ئیماندار یان کەنیزەکەکانیان یان ئەو شوێنەکەوتەو پیاوانەی کە بێ نیازن لە ئافرەت (وەك خزمەتکارو پیرو نەخۆش کە ئارەزووی ژن‌و مێردایەتیان نیە)، یان ئەو منداڵە کوڕانەی کە ئاگایان لە لەش (عەورەت)ی ئافرەتان نەبێت‌و باڵغ نەبووبن. ئەم ئایەتەی سورەتی (النور) زیاتری باس کردووە لەم ئایەتەی سورەتی (الاحزاب) لە پێشەوە مانامان کردو لەسەری ڕۆیشتین پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە شەعبی‌و عیکریمەوە لەم ئایەتەدا: ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِىٓ

---

[1] الغافر (١٩).

[2] النور (٣١).

ءَابَآبِهِنَّ﴾ هەندێ لە پێشینەکان وتوویانـە: لەبەرچی مـامو خـاڵ بـاس نـەکراوە؟ شـەعبیو عیکریمـە دەڵێن: چونکە خاڵو مام وەسفیان دەکەن بۆ کوڕەکانیـان، بۆیـە(شـەعبی وعەکریمـە) لایـان مەکروهـە کەژن پۆشاك لەسەر خۆی لابەرێت لـە لای مـامو خاڵدا.[1] وە دەفـەرموێت: ﴿وَلَا نِسَآبِهِنَّ﴾ مەبەست پێی ڕوودانەپۆشینە لـە لای ژنـانی موسـڵمان، ﴿وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ﴾ مەبەست پێـی کەنیزەکـە، سەعیدی کوڕی موسەیب دەڵێت: تەنها مەبەست پێی کەنیزەکە، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کـردووە. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا﴾ واتـە: لـە کـاتی تەنهاییو ئاشکرادا لە خـوا بترسـن چـونکە خـودا شـایەتە لەسـەر هـەموو شتێك، هیچی لێ ون نابێت، چاودێرەو ئاگای لێیانە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾﴾

فەرمان دان بە سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ واتـە: بەڕاسـتی خـواو فریشـتەکانی سـەلاوات دەدەن لەسـەر پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئێوەش سەڵاتو سەلامی زۆری لەسەر بدەن. بوخاری دەڵێت: ئەبولعالیـە دەڵێـت: (صـلاة الله) واتـە پەسـەنیدانی خـودا بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) لـە لای فریـشتەکان. پەسـەنی فریشتەکانی واتە: دوعابۆ کردن، ئیبنو عەباس دەڵێت: ﴿يُصَلُّونَ﴾ واتە: داوای بەرەکەتی بۆ دەکـەن.[2] بوخاریش هەر بەم شێوەیە ڕیوایـەتی کـردووە لێیـان. تیرمیـزی دەڵێـت: ڕیوایـەت کـراوە لـە سـوفیانی سـەوریو هەنـدێ لـە زانایـانی تریـشەوە وتوویانـە: پەسـەنی خـوا، واتـە: بـەزەیی خـودا، پەسـەنی فریشتەیش واتە: داوای لێبـوردن بـۆ کـردن.[3] فـەرموودەی موتـەواتر لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) ڕیوایـەت کراوە کە فەرمانی داوە بە موسڵمانان سڵاواتی لەسـەر بدەنو چۆنیەتی سڵاواتەکەشی فێرکـردوونو ئێمەیش هەرچەندە خوا بۆمان ئاسان بکات بە یارمەتی خـوا بۆتـان بـاس دەکـەین. بوخـاری ڕیوایـەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە کەعبی کوڕی عوجرەوە (عُجْرَة) دەڵێت: وتـرا: ئـەی پێغەمبـەری خودا (ﷺ) لە بـارەی سـەلام کردنـەوە ئاگـاداری بـووین، ئـەی سـەلاوات دان چۆنە؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: (بڵێن: اللهمّ، صَلِّ على محمد وعلى آل محمدٍ كما صليت على آل إبراهيم، إنَّكَ حميدٌ مجيدٌ،

[1] الطبري (٢٠/٣١٨).

[2] فتح الباري (٨/٣٩٢).

[3] تحفة الأحوذي (٢/٦١٠).

اللهمّ، بارِك على محمد وعلى آل محمد كما باركتَ على آل إبراهيم، إنَّكَ حميدٌ مجيدٌ).[١] وە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو لەیلاوە دەڵێت: كەعبی كوڕی عوجرە پێی گەیشتو وتی: ئایا دیاریەكت پێشكەش بكەم؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لامان وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) زانیمان چۆن سەلامت لێ بكەین، ئەی چۆن سەڵاواتت لەسەر بدەین؟ فەرمووی: (بڵێن: اللهمّ، صَلِّ على محمّدٍ وعلى آل محمدٍ كما صليت على آل إبراهيم، إنَّكَ حميدٌ مجيدٌ، اللهمّ، بارِك على محمد وعلى آل محمد كما باركتَ على آل إبراهيم، إنَّكَ حميدٌ مجيدٌ).[٢] ئەم فەرموودەیە زانایانی فەرموودە لە كتێبەكانیاندا هێناویانە بە چەند ڕێگای جۆراوجۆر. فەرموودەیەكی تر: بوخاری ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو سەعیدی خودەریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: وتمان ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەمە شێوەی سەلام كردنە لێت، ئەی چۆن سڵاوات بدەین لەسەرت؟ فەرمووی: (بڵێن: اللهمّ، صَلِّ على محمد عَبدِكَ ورَسولِك، كما صلَّيت على آل إبراهيم، وبارِك على محمد وعلى آل محمد كما باركتَ على آل إبراهيم) ئەبو سالح دەڵێت لە لەیسەوە: (اللهمّ صَلِّ على محمد وعلى آل محمدٍ كما باركتَ على آل إبراهيم). ئیبراهیم بۆی گێڕاینەوە لە حەمزەوە، ئیبنو ئەبی حازمو دەراوەردی بۆیان گێڕاینەوە لە زەیدەوە (واتە ئیبنولهادی) دەڵێت: (كما صليت على إبراهيم، وبارِك على محمد وعلى آل محمد كما باركتَ على إبراهيم آل إبراهيم).[٣] نەسائیو ئیبنو ماجەیش هێناویانە.[٤] فەرموودەیەكی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو حومەیدی ساعیدیەوە كە وتوویانە: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن سڵاواتت لەسەر بدەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بڵێن: ئەی خودایە بەزەیی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد (ﷺ)و هاوسەرەكانیو نەوەكانیدا، وەك چۆن بەزەیی خۆت ڕێژاوە بەسەر ئیبراهیمدا، وە خێروبەرەكەت بڕێژە بەسەر موحەممە (ﷺ)و هاوسەرەكانیو نەوەكانی وەك چۆن خێروبەرەكەتی خۆت ڕێژاوە بەسەر ئالی ئیبراهیمدا، تۆ زۆر سوپاسكراوو بەڕێزی).[٥] زانایانی فەرموودە هەموو هێناویانە جگە لە تیرمیزی.[٦] فەرموودەیەكی تر: موسلیم ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو مەسعودی ئەنساریەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) هات بۆ لامان، ئێمە لە لای سەعدی كوڕی عوبادەدا دانیشتبووین، بەشیری كوڕی سەعد پێی وت: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، خودا فەرمانی پێكردووین

---

[١] فتح الباري (٣٩٢/٨).

[٢] أحمد (٢٤١/٤)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[٣] فتح الباري (٣٩٢/٨).

[٤] النسائي (٤٩/٣)، ابن ماجه (٢٩٢/١)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[٥] أحمد (٤٢٤/٥)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[٦] فتح الباري (١٥٧/١١)، مسلم (٣٠٦/١)، أبو داود (٦٠٠/١)، النسائي (٤٩/٣)، ابن ماجه (٢٩٣/١).

کە سڵاواتت لەسەر لێ بدەین، چۆن سڵاواتت لەسەر بدەین؟ وتی: پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو هەتا ئاواتەخواز بووین کە ئەو پرسیارەی نەکردایە، پاشان پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (بڵێن: اللهمّ صَلِّ على محمد وعلى آل محمدٍ كما صليت على آل إبراهيم، وبارِك على محمد وعلى آل محمد كما باركتَ على آل إبراهيم، في العالمين، إنَّكَ حميدٌ مجيدٌ، والسلام كما قد عُلِّمتُم).[1] واتە: سەلام کردنیش وەك ئەوەیە کە ئەیزانن ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائیو ئیبنو جەریر ڕیوایەتیان کردووە. تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ە[2].

سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) پێش پاڕانەوە

ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو نەسائیو ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حیببان ڕیوایەتیان کردووە لە فەزالەی کوڕی عوبەیدەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) گوێی لێ بوو پیاوێك دەپاڕایەوە لە نوێژەکەیدا سوپاسی خودای نەکردو سڵاواتیشی لەسەر پێغەمبەر نەدا (ﷺ)، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە پەلەی کرد)، پاشان بانگی کردو پێی فەرموو: یان بە غەیری ئەوی فەرموو: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد بابە سوپاسو ستایشی خوا دەست پێ بکات، پاشان سڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدات، پاشان دوای ئەوە چۆن حەز دەکات بپاڕێتەوەو دوعا بکات)[3].

ڕێزی سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

دیسان تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتێك سێیەکی شەو دەڕۆیشت هەڵدەساو ئەیفەرموو: (ئەی خەڵکینە! یادی خوا بکەن، یادی خوا بکەن، زەمین لەرزینەکە هاتو لەرزینەکەی تریشی بەدوادا دێت، مردن هات هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی کە تیایەتی، مردن هات هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی کە تیایەتی). ئوبەی دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من زۆر دوعائەکەم، ئایا چەندێك لەو دوعانەدابنێم بۆ سڵاواتدان لەسەرت:فەرمووی: (چەند مەیلت لێیەتی)، وتم: چواریەك باشە؟ فەرمووی: (چەندە مەیلت لێیەتی، ئەگەر زیاترت کرد، ئەوە باشترە بۆت)، وتم: نیوە باشە؟ فەرمووی: (چەندە مەیلت لێیەتی، ئەگەر زیاترت کرد، ئەوە چاکترە بۆت)، وتم: دوو سێ یەك؟ فەرمووی: (چەندێ مەیلت لێیەتی، ئەگەر زیاترت کرد ئەوە باشترە بۆت) وتم: هەموو دوعاکانم سڵاوات بێت لەسەر تۆ. فەرمووی: (کەواتە غەمباریت لێ دوور ئەخرێتەوەو گوناهەکانیشت بۆ

---

[1] مسلم (١/٣-٥).

[2] أبو داود (١/٦٠٠)، تحفة الأحوذي (٩/٨٤)، النسائي في الكبرى (٦/٤٣٦)، الطبري (٢٠/٣٢١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] أحمد (٦/١٨)، أبو داود (٢/١٦٢)، تحفة الأحوذي (٩/٤٥٠)، النسائي (٣/٤٤)، ابن خزيمة (١/٣٥١)، ابن حبان (٣/٣٠٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

ئەسڕێتەوە)، پاشان تیرمیزی دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی چاکە (حدیث حسن).[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو تەلحەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژێك هاتو خۆشی لە نێوچاوانیدا بەدی دەکرا. وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە خۆشی لەنێو چاوانتدا بەدی دەکەین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە فریشتە هاتە لام وتی: ئەی موحەممەد ئایا ڕازیت دەکات کە پەروەردگاری مەزنت دەفەرموێت بەڕاستی هیچ کەسێك نیە سەڵاوات بدات لەسەرت لە ئومەتەکەت مەگین من (دە) سەڵاواتم داوە لەسەری، وە هیچ کەسێك نیە لە ئومەتەکەت سەلامت لێ بکات مەگین من دە سەلامم لێ کردووە، وتم: بەڵێ).[2] نەسائیش ڕیوایەتی کردووە.[3] ڕێگایەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو تەلحەی ئەنساریەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژێك بەیانی کردەوە دڵی خۆش بوو مزگێنی لەنێو چاوانیدا بەدی دەکرا. وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەمڕۆ بەیانیت کردووەتەوە دڵخۆش‌و مزگێنی لەنێو چاوانتدا بەدی دەکرێت، فەرمووی: (بەڵێ نێردراوێك هات بۆ لام لە لایەن پەروەردگاری مەزنەوە وتی: کەسێك لە ئومەتەکەت یەك سەڵاواتی دابێت لەسەرت، خوا بە ئەو سەڵاواتە (دە) چاکەی بۆ نووسیوەو (دە) خراپەی لەسەر سڕیوەتەوەو (دە) پلەی بۆ بەرزکردووەتەوەو وەك خۆشی وەڵامی داوەتەوە).[4] ئەم فەرموودەیەش سەنەدەکانی چاکە. بەڵام زانایانی تری فەرموودە نەیانهێناوە. فەرموودەیەکی تر: موسلیم‌و ئەبو داودو تیرمیزی‌و نەسائی ڕیوایەتیان کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك یەك سەڵاوات بدات لەسەر من خوای گەورە دە سەڵاوات دەدات لەسەری)، تیرمیزی دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی چاکی ڕاستەو هەر لەم بارەیەوە لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف‌و عامری کوڕی ڕەبیعەو عەممارو ئەبو تەلحەو ئەنەس‌و ئوبەیی کوڕی کەعبەوە ڕیوایەت کراوە.[5] فەرموودەیەکی تر: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە حوسەینی کوڕی عەلیەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ڕژدو بەخیل ئەو کەسەیە کە باسی منی لە لا کرا پاشان سەڵاواتم

[1] تحفة الأحوذي (١٥٢/٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە،ئیبن تەیمیە ئەفەرموێ:مەبەست بە(صلاتی) بریتیەلە(دعائی)چونکەئوبەی دوعایەکی تایبەتی هەبووە بۆخۆیی کردووەو ڕۆژێکیان ئەوپرسیارە ئەکات ..سەیری(جلاوالانهام)ی ئیبنولقەیمی قەتابی بکە(ص٧٩).(وەرگێڕ).

[2] أحمد (٣٠/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] النسائي (٤٤/٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] أحمد (٢٩/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[5] مسلم (٣٠٦/١)، أبو داود (١٨٤/٢)، تحفة الأحوذي (٦/٢-٨)، النسائي (٥٠/٣).

لەسەر نەدات)، ئەبو سەعید دەڵێت: فەرموویەتی: (سڵاواتم لەسەر نەدا).[1] تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە پاشان دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی چاکی غەریبی ڕاستە.[2] فەرموودەیەکی تر: تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (داماو لوتی خۆڵاوی بووە پیاوێك کە یادی منی لە لا بکرێتو سەڵاواتم لەسەر نەدات، زەلیلەو لوتی خۆڵاوی بووە پیاوێك مانگی ڕەمەزانی بەسەردا تێپەڕێتو بڕوات، زەلیلو لوتی بە خۆڵا چووە کەسێك کە باوكو دایکی بە ساڵا چووبنو نەیانخستبێتە بەهەشت). پاشان وتی: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە[3].

کاتەکانی سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

فەرمان دراوە بە سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە زۆر کاتو شوێندا، لەو کاتانە: دوای بانگدان بۆ نوێژ وەك ئەم فەرموودەی کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاسەوە دەڵێت: کە بیستوویەتی لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەیفەرموو: (کاتێك گوێتان لە بانگ بێژێکەوە بوو، ئەوەی ئەو دەیڵێ ئێوەش بیڵێن، پاشان سڵاواتم لەسەر بدەن، وە هەر کەسێك سڵاواتم لەسەر بدات خوای گەورە بەو سڵاواتە دە سڵاواتی لەسەر دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن لە خوا، چونکە وەسیلە شوێنێکە لەناو بەهەشتدا، بۆ هیچ کەس نیە بۆ بەندەیەك نەبێت لە بەندەکانی خوا، داوام وایە کە ئەو کەسە من بم، هەر کەسێك داوای وەسیلەم بۆ بکات لاڵانەوەی منی بۆ خۆی دابین و حەڵاڵ کردووە.[4] موسلیمو ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان کردووە.[5] وە هەر لەو شوێنانەی سڵاواتیان تێدا دەدرێت: چوونە ناو مزگەوتو هاتنە دەرەوە لێی، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتێك کە دەڕۆیشتە ناو مزگەوت سڵاواتی دەدا لەسەر موحەممەدو (ﷺ) سڵاویشی لێ دەکرد، پاشان فەرمووی: (ئەی خودایە لە گوناهەکانم ببوورەو دەرگاکانی بەزەیی خۆتم لێ بکەرەوە، کاتێکیش دەچووە دەرەوە لە مزگەوت سڵاواتی دەدا لەسەر موحەممەدو (ﷺ) سڵاویشی لێ دەکرد) پاشان فەرمووی: (ئەی خودایە لە گوناهەکانم ببوورەو دەرگاکانی ڕێزی خۆتم لێ بکەرەوە).[6] وە لەو شوێنانەی تر کە سڵاواتی تێدا دەدرێت، لە کاتی نوێژی

---

[1] أحمد (٢٠١/١)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] تحفة الأحوذي (٥٣١/٩)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[3] تحفة الأحوذي (٥٣٠/٩)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[4] أحمد (١٦٨/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] مسلم (٢٨٨/١)، أبو داود (٣٥٩/١)، تحفة الأحوذي (٨٣/١)، النسائي (٢٥/٢).

[6] أحمد (٢٨٢/٦)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی سەحیحەو پیاوەکانی جێی متمانەن.

مردوودایە کە لە (الله أکبر)ی یەکەمدا سورەتی فاتیحە دەخوێنرێتو لـە (الله أکـبر)ی دووەمـدا سـڵاوات دەدرێت لەسەر پێغەمبـەر (ﷺ)و لـە (الله أکبر)ی سـێهەمدا دوعـا دەکرێـت بـۆ مردووەکـە، وە لـە (الله أکبر)ی چوارەمدا دەوترێت:ئەی خودایە لە پاداشت بێ بەشمان نەکەی‌و دوای ئـەو تووشـی فیتنـەمان نەکەی. شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)ڕیوایەتی کـردووە لـە ئـەبو ئومامـەی کـوڕی سـەهلی کـوڕی حونەیفەوە کە پیاوێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆی باس کردووەو هەواڵی داوەتـێ کـە سـونەتە کاتێك نوێژ دەکرێت لەسەر مردوو پێشنوێژ (الله أکبر) بکات، پاشـان فاتیحـە بخوێنێـت بـە پـەنهانی لـە دڵی خۆیدا، پاشان سڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) وە بە تایبەتی دوعـا دەکـات بـۆ مردووەکـە، وە لە (الله أکبر)ەکاندا هیچ شتێکی تـر لەوانـە ناخوێنێـت، پاشـان بە پـەنهانی لـە دڵـی خۆیدا سـەلام دەداتـەوە.[1] نەسـائیش ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو ئەمامـە خۆیـەوە کـە دەڵێـت: لـە سـونەتەکانی پێغەمبەرەکە.. پاشان باسی ئەم فەرمودەیەی کردووە.[2] ئـەم فەرموودەیـە لـە هاوەڵەکانـەوە حـوکمی مەرفوعی هەیە، وە هەر لەو شوێنانەی کە سڵاواتی تێدا دەدرێت، کۆتایی دوعاو پاڕانەوە بە سـڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێت دوعا ڕاگیراوەو وەستاوە لە نێوان ئاسمانو زەمیندا هیچی لێ بەرزنابێتەوە هەتاسـڵاوات نـەدەی لەسەر پێغەمبەرەکەت(ﷺ)[3]. مەعازی کوڕی حارس ڕیوایەتی کردووە لـە ئـەبو قـوڕڕەوە لـە سـەعیدی کوڕی موسەیەبەوە لە عومەرەوە بە مەرفوعی.[4] ئەوەی زیاتر جەختی لەسـەر کـردەوە دوعـای قونوتـە کە ئیمامی ئەحمەدو زانایانی فەرموودەو ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حیببانو حاکیم ڕیوایەتیان کردووە لە حەسەنی کـوڕی عەلیـەوە (ڕەزای خوایـان لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) چـەند وتەیـەکی فێرکردم لە قونوتدا دەیڵێم: (خودایە ڕێم نیشان بدە لەگەڵ ئەوانەی کە ڕێت نیشان داون، لەش سـاغ و تەندروستم بکە لەگەڵ ئەوانەی لەش ساغت کردوون، پشتم هەڵکە لەوانەی تۆ لێیان ڕەنجاوی، بیدە بە منیش لەوەی کە بەخشیوتە، لام بدە لەو شەڕانەی کە بڕیارت لەسەر داوە (واتە: لەسەر تاوانباران هەر تۆ خاوەن بڕیاری، بڕیارت بەسەردا نادرێت، بێگومان هەر کەسێك تـۆ پـەنای بـی زەبـوون نابێـت، هـەر کەسێك تۆ دژایەتیت کردبێت خاوەنی دەسەڵات نابێت، پاکیو بێ عـەیبیو مـەزنی هـەر بـۆ تۆیـە ئـەی پەروەردگارمان)، نەسائی لە کتێبەکەیدا ئەمەی زیادکردووە لە کۆتایی دوعاکەدا(سـڵاواتی خـوا لەسـەر

---

[1] مسند الشافعي (٢٠٠)، ئەم فەرموودەیە حاکم بە سەحیحی داناوەو زەهەبیش هاوڕایەتی.

[2] النسائي (٤/٧٥)، ئەم فەرموودەیە حاکم بە سەحیحی داناوەو زەهەبیش هاوڕایەتی.

[3] تحفة الأحوذي (٢/٦٠٠)، فەرموودەیەکی مەوقوفە.

[4] تفریغ الکشاف لابن حجر (١٣٧)،. فەرموودەیەکی مەوقوفە

موحەممەدبێت (ﷺ)).[1] وە هەر لەو کاتانەی کە موستەحەبەو زۆر باشە دوعای تێدا بکرێتو زۆر سڵاواتی تێدا بدرێت ڕۆژی هەینیو شەوی هەینیە، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەوسی سەقەفیەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (لە بەڕێزترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینییە لە هەینیدا ئادەم دروست کرا، وە لە هەینیدا گیانی کێشرا، وە لە هەینیدا فوو دەکرێت بە کەڵەشاخداو لە هەینیشدا نوکەگەورەکەش ڕوودەدات لەو ڕۆژەدا زۆر سڵاواتم لەسەر بدەن چونکە سڵاواتەکانتانم پیشان دەدریو پێم دەگات)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن سڵاواتەکانت پیشان دەدرێت کە تۆ ڕزاوی. واتە: پوکاویتەوەو نەماوی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خوا حەرامی کردووەو قەدەغەی کردووە لەسەر زەوی کە لاشەی پێغەمبەران بخواتو لەناوی بەرێت).[2] ئەبو داودو نەسائیو ئینو ماجە ڕیوایەتیان کردووە، ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حیببانو دارە قوتنی و نەوەوی لە کتێبی(الاذكار)دا بە فەرموودەیەکی ڕاستیان داناوە[3].

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿٥٨﴾﴾

ئەوانەی ئازاری خوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەدان لە دنیاو لە قیامەتیشدا لەعنەتیان لێکراوەو بێ بەش کراون لە بەزەیی خودا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا مُّهِينٗا﴾ واتە: بە ڕاستی کەسانێك کە ئازاری خوداو پێغەمبەرەکەی دەدەن خوا نەفرینی لێ کردوون لە دنیاو لە قیامەتداو سزای ڕیسواکەری بۆ ئامادەکردوون. خوای گەورە هەڕەشە دەکاتو بەڵێنی داوەو دەفەرموێت ئەو کەسانەی کە ئازاری دەدەن، واتە: دژایەتی فەرمانەکانی دەکەنو خەریکی خراپەکارین بە بەردەوامیو ئازاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەدەنو توانجی لێ دەدەنو بە کەم سەیری دەکەن (پەنا بە خوا لەو قسانەیان) کە سزای سەختو گرانیان دەدات. عیکریمە لەم ئایەتەدا: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ دەڵێت: لەسەر وێنەگران هاتووەتەخوارەوە.[4] وە لە هەردوو سەحیحەکەدا

[1] أحمد (١/١٩٩)، أبو داود (٢/١٣٣)، تحفة الأحوذي (٢/٥٦٢)، النسائي (٣/٢٤٨)، ابن ماجه (١/٣٧٢)، ابن خزيمة (٢/١٥١)، ابن حبان (٢/١٤٨)، الحاكم (٣/١٧٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] أحمد (٤/٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] أبو داود (١/٦٣٥)، النسائي (٣/٩١)، ابن ماجه (١/٥٢٤)، ابن خزيمة (٣/١١٨)، ابن حبان (٢/١٣٢)، النووي (٩٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] الطبري (٢٠/٣٢٢).

هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (خوای مەزن دەفەرمووێت: ئەوەی ئادەم ئازارم دەدات قسە دەڵێت بە ڕۆژگار کە من ڕۆژگارم، من شەوو ڕۆژ هەڵدەسوڕێنم).[1] ماناکەی ئەوەیە لە کاتی نەفامیدا دەیانوت: ڕووی زەمانە ڕەش بێت ئاواوئاوای بەسەر هێناین، کردارەکانی خودا دەدەنە پاڵ ڕۆژگارو قسەی پێ دەڵێن. بێگومان ئەوەی کە ڕوودەدات خوای گەورە دەیکاتو نەهی کردووە لەو قسانە کە دەوترێت بە ڕۆژگار. عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا﴾ هاتووەتە خوارەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە لۆمەی پێغەمبەریان (ﷺ) دەکرد لەوەی کە سەفیەی کچی حویەیی کوڕی ئەختەبی مارە کردووە.[2] لەم ئایەتەدا وا دیارە گشتگیرە هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) بدات بە هەر شێوەیەك، هەر کەسێك ئازاری ئەو بدات، ئازاری خودای گەورەی داوە، وەك چۆن کەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکات، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای کردووە.

هەڕەشە لەو کەسانەی کە بوختانو تۆمەت هەڵدەبەستن بۆ خاوەنباوەڕان

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟﴾ واتە: وە کەسانێك ئازاری پیاوانو ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت، ﴿فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ واتە: ئەوە بە ڕاستی ئەوانە بوختانو تاوانێکی ئاشکرایان گرتووەتە ئەستۆ. خوای گەورە دەفەرمووێت لەم ئایەتەدا: شتی وایان پێ دەڵێن کە ئەوان زۆر دوور بوون لێیەوەو خاوەنباوەڕان نەیانکردووەو هەرگیز پێی هەڵنەساون، ئەمە لەو جۆرە بوختانە زۆر گەورەانەیە کە خاوەنباوەڕ چ ژن یان پیاو نەیانکردووە، قسەیان بۆ هەڵدەبەستن بۆ ئەوەی لەناو خەڵکیدا عەیبدارو ناشیرینیان بکەن، ئەو کەسانەی کە بەر ئەم هەڕەشەیە دەکەون بە زۆری ئەو کەسانەن کە بڕوایان بە خوداو بە پێغەمبەرەکەی نیە، پاشان ئەو ڕافیزانەی بە بە سووکی سەیری هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن، تیرو توانجیان لێ دەدەن کە ئەوان زۆر دوورن لەو بوختانانەوە کە ئەو ڕافیزانە بۆیان هەڵدەبەستن، خوای مەزن باسو وەسفی چاکیان دەکاتو لە کۆچەریو ئەنساریەکان ڕازی بووە، کەچی ئەو نەفامو دەبەنگانە قسەیان پێ دەڵێنو بە خراپ باسیان دەکەن، هیچ شتێك لەوانەی کە ئەوان دەیڵێن، هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز نەیانکردووە، سروشتێکی خراپو جیاوازیان هەیە، ئەوەی جێی وەسفە ئەوان بە خراپ باسی دەکەنو ئەوەشی خراپە ئەوان بە چاکی

---

[1] فتح الباري (٨/٤٣٧)، مسلم (٤/١٧٦٢).

[2] الطبري (٢٠/٣٢٣).

دەزانن‌و وەسفی دەکەن. ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە کە وتراوە: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)غەیبەت کردن کامەیە؟ فەرمووی: (باس کردنی برایەکتە بە شتێك کە پێی ناخۆشە)، وترا: ئەی ئەوەی کە دەیڵێن بینیت تێیدا هەبوو؟ فەرمووی: (ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێی تێیدا هەبوو ئەوە غەیبەتت کردووە، خۆ ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێی تێیدا نەبوو، ئەوە بوختیانت بۆ هەڵبەستووە)[1]. هەر بەم شێوەیە تیرمیزی ڕیوایەتی کردووەو پاشان دەڵێت: فەرموودەیەکی چاك‌و ڕاستە[2].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٥٩﴾ ۞ لَّئِن لَّمۡ يَنتَهِ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡمُرۡجِفُونَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ لَنُغۡرِيَنَّكَ بِهِمۡ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٦٠﴾ مَّلۡعُونِينَۖ أَيۡنَمَا ثُقِفُوٓاْ أُخِذُواْ وَقُتِّلُواْ تَقۡتِيلٗا ﴿٦١﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا ﴿٦٢﴾﴾

فەرمان دان بە خۆدا پۆشین

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بە هاوسەرانت‌و بە کچانت‌و بە ئافرەتانی بڕواداران با عاباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا (خۆیان‌و جوانیانی پێ دابپۆشن) ئەوە نزیکترە بناسرێن (بە داوێنپاك) تا بە هۆیەوە ئازار نەدرێن‌و خوا لێخۆشبووی میهرەبانە. خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە فەرمان بکات بە ژنانی خاوەن باوەڕ بە تایبەتی هاوسەرەکانی‌و کچەکانی لەبەر ڕێزو حورمەتیان بە پۆشاکەکانیان خۆیان داپۆشن بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە لە ژنانی کاتی نەفامی‌و کەنیزەکەکان، (جلباب) پۆشاکێکە لەسەر سەرپۆشەوە، ئەمە قسەی ئیبنو مەسعودو عوبەیدەو قەتادەو حەسەنی بەسری‌و سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئیبراهیمی نەخەعی‌و عەتای خۆراسانی‌و کەسانی تریشە لە جێی پۆشاکی (عابای) ئەمڕۆیە. جەوهەری دەڵێت: (الجلباب) واتە: داپۆشەر، عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) خوای گەورە فەرمانی داوە بە ژنانی خاوەن باوەڕان کاتێك لە ماڵ دەرچوون بۆ پێویستیەك با دەم‌و چاویان داپۆشن لەسەر سەریانەوە بە پۆشاکێك کە تەنها چاوێکیان دەربخەن.[3] واتە: بە چاوێکیان بڕوانن، موحەممەدی کوڕی سیرین دەڵێت: پرسیارم کرد لە عوبەیدەی سەلمانی لە بارەی ئەم ئایەتەوە

---

[1] ابو داود (١٩٢/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي (٦٣/٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] الطبري (٣٢٤/٢٠).

کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ دەڵێت: سەرو دەمو چاوی دادەپۆشێت تەنها چاوی چەپی دەردەخات.[1] وە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ واتە: ئەمە باشترە بۆ ئەوان ئەگەر وایان کرد باش دەناسرێنو دەزانرێت کەنیزەك نینو لە ژنانی کاتی نەفامی جیادەکرێنەوە، پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ واتە: خودا لە تاوان خۆش دەبێتو دلۆڤانە لەوەی کە کردوویانە لە کاتی نەفامیداو هیچ شارەزاییەکیان نەبووە لەو بارەیەوە.

ئاگاداریو هەڕەشەکردن لە دوو ڕووە خراپەکارەکان

پاشان خوای گەورە هەڕەشە لە دووڕووەکان دەکات ئەوانەی کە خۆیان بە موسڵمان دەردەخەنو لە دڵدا خوانەناسن دەفەرمووێت: ﴿لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ واتە: بە ڕاستی ئەگەر کۆتایی نەهێنن دووڕووانو کەسانێك لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە، عیکریمەو کەسانی تریش دەڵێن: مەبەست بە ﴿وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ لێرەدا داوێنپیسەکانە.[2] ﴿وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ﴾ پڕوپاگەندەچیەکان لە مەدینەدا، واتە: ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئەوا دوژمن هات،ئەوەجەنگ هەڵگیرسا !ئەوقسانە، درۆنو لە خۆیانەوە هەڵی دەبەستن، ئەگەر واز نەهێنن لەو قسانەو نەگەڕێتەوە بۆ سەر هەق، ﴿لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ﴾ واتە: ئێمە تۆ هان دەدەین بە جەنگ کردن لە دژیان، عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لە ئاکامدا تۆ زاڵ دەکەین بەسەریاندا،[3] قەتادە دەڵێت: لە ئاکامدا تۆ زۆریان پێ بێنیو لەناویان ببەی.[4] سودی دەڵێت: بە تۆ دەرسیان دادەدەین، ﴿ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ﴾ واتە: پاشان لەو شارەدا ناتوانن ببنە هاوسێت، ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ واتە: ماوەیەکی کەم نەبێت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَّلْعُونِينَ ۖ أَيْنَمَا ثُقِفُوٓا۟ أُخِذُوا۟ وَقُتِّلُوا۟ تَقْتِيلًا﴾ واتە: ئەوانە نەفرین لێکراون لە هەرکوێ بەردەست کەوتن بە دیل دەگیرێنو هەر بە کوشتن دەکوژرێت. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ﴾ واتە: شێوەی کاری خودا بۆ دووڕووەکان کاتێك کە یاخی بوونو دەستیان دابێتە خوانەناسیو

---

[1] الطبري (٢٠/٣٢٥).
[2] الطبري (٢٠/٣٢٦).
[3] الطبري (٢٠/٣٢٨).
[4] الطبري (٢٠/٣٢٨).

پەشیمان نەبووبنەوە، خاوەن باوەڕانی زاڵ کردووە بەسەریانداو تەفروتونایان کردوون و لەناویان داون،
﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا﴾ واتە: شێوازی کاروباری خودا گۆڕانی بەسەردا نایەت و هەر بەردەوامە.

﴿يَسۡـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِۚ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمۡ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿٦٥﴾ يَوۡمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ وَٱلۡعَنۡهُمۡ لَعۡنٗا كَبِيرٗا ﴿٦٨﴾﴾

کەس نازانێت ڕۆژی قیامەت کەی دێت خودای مەزن نەبێت

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَسۡـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) خەڵك پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت بڵێ زانینی ئەو ڕۆژە تەنها لای خودایە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی لە سورەتی (الاعراف)دا کە سورەتێکە لە مەککە هاتووەتە خوارەوە، بەڵام ئەم سورەتە لە مەدینە هاتە خوارەوە. بەردەوام پێغەمبەر (ﷺ) هەر بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە کە هەر خودا دەزانێت کەی ڕۆژی قیامەت دێت، بەڵام خوای گەورە هەواڵی داوەتێ کە نزیکەو لەوانەیە بەم زووانە بێت، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾[1] واتە: وە ڕۆژی دوایی نزیك بوویەوەو مانگ لەت بوو، وە فەرموویەتی: ﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ﴾[2] واتە: لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بووەتەوە بەڵام ئەوان لە بێ ئاگایی و غەفڵەتدا پشت تێکەرو ڕوو وەرگێڕن لە ئایینی خوا، وە فەرموویەتی: ﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُ﴾[3] واتە: ئەوا فەرمانی خوا بە سزادانیان هات بۆیە پەلە مەکەن لە هاتنی.

نەفرینکردن لە خوانەناسان و مانەوەیان لەناو ئاگردا تاهەتایەو هاوارو داخ و خەفەتباریان لە دۆزەخدا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: بە ڕاستی خودا نەفرینی لە بێباوەڕان کردووە، ﴿وَأَعَدَّ لَهُمۡ سَعِيرًا﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودا ئاگری بە کڵپەی بۆ ئامادە کردوون، پاشان

---

[1] القمر (١).

[2] الانبياء (١).

[3] النحل (١).

دەفەرمووێت: ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾ واتە: تێیدا دەمێننەوە بە بەردەوامی تاهەتایە، هەرگیز لێی نایەنە دەرەوەو کۆتایش بە ژیانیان نایەت لەناویدا، ﴿لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ واتە: هیچ کەسیش نایەت بە هاواریانەوە یارمەتیان بداتو ڕزگاریان بکات لەو ئازارو ناڕەحەتیەی کە تێیدا دەژین، پاشان دەفەرمووێت: ﴿ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا ﴾ واتە: کاتێك بەسەر دەمو چاویاندا بەناو ئاگردا ڕادەکێشرێنو ئەم دیو ئەودیویان پێدەکرێت، ئا بەو حاڵەوە ئەڵێن: خۆزگە لە دنیادا گوێڕایەڵی خوداو بەرفەرمانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بووینایە. وەك خودای گەورە باسی ژیانیان دەکات کاتێك لە گۆڕەپانی قیامەتدا ئامادە دەکرێنو دەوەستێنرێن دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴾[1] واتە: وە ڕۆژێکە کە ستەمکار قەپ دەکات بە هەردوو دەستی خۆیداو دەڵێت کاشکای لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) ڕێگای ڕاستم بگرتایەتە بەر، ئای تیاچوون بۆمن، خۆزگە فلان کەسم نەکردایە بە هاوەڵو خۆشەویستی خۆم، بە ڕاستی ئەو کەسەی کردم بە هاوەڵ منی لە قورئان وێڵ کرد دوای ئەوەی قورئانم پێ گەیشت باوەڕم پێ نەهێنا وە شەیتان هەمیشە پشت تێکەرو پشت بەردەرە بۆ ئادەمیزاد.ئەم ئایەتەوەك ئەوئایەتەیەکەدەفەرمووێت: ﴿ رُّبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ كَانُوا مُسْلِمِينَ ﴾[2] واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون زۆر جار ئاوات دەخوازن کاشکای موسڵمان بوونایە. هەر بەم شێوەیە لەم ئایەتەدا خوای گەورە باسی کردوون کە خۆزگەیان دەخواست کە لە فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەرنەچوونایە لە ژیانی دنیادا. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالُوا رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا ﴾ واتە: وە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان بە ڕاستی ئێمە بە گوێی سەرانو گەورەکانمان کرد ئیتر لە ڕێگای ڕاست گومڕایان کردین. (تاوس) دەڵێت: ﴿سَادَتَنَا﴾ واتە: پیاوماقولان. ﴿وَكُبَرَآءَنَا﴾ واتە: زانایان، واتە: شوێنی پیاوماقولانو زانایانی خۆمان کەوتینو سەریان لێمان شێواند. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴾ واتە: ئەی پەروەردگارمان! دوو بەرامبەر سزایان بدەو بەر نەفرینی گەورەی خۆتیان بخە. تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو ڕافیعەوەلە باسی ئەوانەی کە لەگەڵ عەلیدا (ڕەزای خوای لێ بێت) بوون لەشەڕەکانیدا کەیەکێکیان حەجاجی کوڕی عەمری کوڕی

---

[1] الفرقان (٢٧ـ٢٩).

[2] الحجر (٢).

غەزییەیە، لەوکاتەی ڕووبەڕوو ئەبوونەوە دەیوت: ئەی کۆمەڵی ئەنساریەکان! دەتانەوێت کاتێك کە چوونە بەر بارەگای خوای گەورە بڵێن: ﴿رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ وَٱلۡعَنۡهُمۡ لَعۡنٗا كَبِيرٗا﴾[1].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ﴿٦٩﴾ ﴾

جوولەکەکان بوختانیان (درۆیان) بۆ مووسا هەڵدەبەست

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە وەك ئەو کەسانە مەبن کە موسایان ئازاردا جا خوا موسای پاك کردەوە لەوەی دەیانوت موسای لای خوا ڕێزو پلەی هەبوو. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە(أحاديث الأنبياء)دا، لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (موسا(سەلامیٰ خوای لێ بێت) پیاوێکی زۆر بە شەرم بوو هەمیشە خۆی دادەپۆشیو هیچ شوێنێك لە لەشی نەدەبینراو دەرنەدەکەوت لەبەر زۆر بە شەرمی خۆی، هەندێ لە جوولەکەکان ئازاریان دەداو دەیانوت: ئەم پیاوە بۆیە ئەوەندە خۆی دادەپۆشێت چونکە پێستی عەیبدارەو ناشیرینە: یان بەڵەکی بە پێستیەوەیە یان قۆڕە یان دەردو نەخۆشیەکی تریەتی، خوای مەزنیش ویستی بۆ خەڵکەکەی دەرخات کە موسا هیچ ناتەواویەکی نیەو دوورە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن: ڕۆژێك موسا خۆی بە تەنها بوو، پۆشاکەکانی لە خۆی کردەوەو لەسەر بەردێك داینان، پاشان دەستی کرد بە خۆشۆردن، کاتێك خۆی شۆرد ڕۆیشت بۆ لای جلەکانی بۆ ئەوەی هەڵی بگرێتو لەبەری بکات بەردەکە جلەکانی بردو ڕفاندی موسا گاچۆنەکەی هەڵگرتو کەوتە شوێن بەردەکەو دەیوت: ئەی بەردەکە جلەکانم، ئەی بەردەکە جلەکانم تا گەیشتە کۆمەڵێك لە جوولەکەکان، چاویان پێکەوت بە ڕووتی کە جوانترین کەسێك بوو کە خودا دروستی کردبوو، خودا پاکانەی بۆ کرد لەوەی کە هەڵیانبەستبوو، بەردەکە ڕاست بووەوەو موسا جلەکانی لێ وەرگرتەوەو بە گاچۆنەکەی کێشای بە بەردەکەدا، بە هۆی ئەو لێدانەی موساوە لە سێ یان چوار یان پێنج شوێن بەردەکە پێیەوە دیار بوو، بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ﴾.[2] ئەم فەرموودەیە بوخاری هێناویەتی موسلیمی لەگەڵ نیە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژێك دەستکەوتێکی دابەش دەکرد، پیاوێکی

---

[1] المعجم الكبير للطبراني (٣/٢٢٣).

[2] فتح الباري (٦/٥٠٢).

ئەنساری وتی: ئەم دابەش کردنە لەبەر خاتری خودا نیە، وتی: پێم وت: ئەی بەندەی خوا ئەوەی کە وتت دەیگەیەنم بە پێغەمبەری خودا (ﷺ)، ئەوەی کە وتی بۆ پێغەمبەرم (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی سوور هەلگەڕاو پاشان فەرمووی: (ڕەحمەتی خوا لە موسا) زیاتر لەمە ئازار دراو ئارامی گرت)، بوخاریو موسلیمیش ڕیوایەتیان کردووە لە سەحیحەکەیاندا.[1] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا﴾ واتە: موساله لای خودا زۆر بەڕێزو قەدرە، حەسەنی بەسری دەڵێت: دوعای لای خودا گیرا بووەو قەبوڵ بووە.[2] هەندێ لە زانایان وتوویانە: لەبەر ئەو ڕێزە مەزنەی تکای کرد بۆ هارونی برای کە خودا لەگەڵی ڕەوانەی بکات، خوای گەورە دوعاکەی قەبوڵ کردو فەرمووی: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥ مِن رَّحْمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيًّا ﴿٥٣﴾﴾[3] واتە: وە لە بەزەییو بەخشندەیی خۆمان بەخشیمان بە(موسا) هارونی برای وەك پێغەمبەرێك.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾.

خوای مەزن فەرمان دەکات بە خاوەن باوەڕان کە لە خوا بترسنو ڕاستگۆ بن

خوای گەورە فەرمان دەکات بە خاوەن باوەڕان کە لێی بترسنو عیبادەتێکی چاكو پاکی بکەن وەك ئەوەی کە دەیبینن دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسنو پارێزگار بنو قسەی ڕاستو دروست بکەن، ئەگەر وایان کرد خودا بەڵێنی داوە پێیان پاداشتی چاکیان دەداتەوەو کار ئاسانیان بۆ دەکات بۆ کاری چاك کردنو لە تاوانە پێشووەکانیشیان خۆش دەبێت، ئەو شتانەشی کە لێیان ڕوو دەدات لەمەودوا یارمەتیان دەدات کە پەشیمان ببنەوەو وازی لێ بێنن. وە دەفەرمووێت: ﴿يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ واتە: کردەوەکانتان چاك دەکاتو لە تاوانەکانتان خۆش دەبێتو هەر کەس گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات ئەوە بە ڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە.

---

[1] أحمد (٣٨٠/١)، البخاري (٣٤٠٥)، مسلم (١٠٦٢).

[2] البغوي (٥٤٥/٣).

[3] مريم (٥٣).

﴿ إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ﴿٧٢﴾ لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ وَيَتُوبَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمَۢا ﴿٧٣﴾ ﴾

خـوای گـەورە دەفـەرموویّت: ﴿ إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ﴾ واتـە: بێگومـان ئێمـە سـپاردەمان نیـشانی ئاسمانەکانو زەوی‌و چیاکاندا هەلگرتنی ئەمانەتی دینداریمان پێشنیار کرد بۆیان بەلام هیچیان ڕازی نەبوون کە هەڵی بگرن‌و ترسان لەو ئەمانەتە کەچی ئادەمی ئەو سپاردەکەی هـەلگرت بە ڕاستی ئەو زۆر ستەمکارو نەزانە. عەوفی دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە مەبەست بە ئەمانەت واتە: بەجێهێنانی فەرمانـەکانی خـوداو وازهێنـان لـە قەدەغـەکراوەکان، ئـەم ئەمانەتـە دەخرایـە بـەردەم ئاسمانـەکان‌و زەمین‌و گشت کێوەکان لە پێش ئادەم(سەلامی خوای لێ بێت) نەیاندەتوانی هەڵی بگرن، فـەرمووی بە ئادەم: من ئەم ئەمانەتەم خستە بـەردەم ئاسمانـەکان‌و زەمـین‌و هـەموو کێوەکـان‌و نـەیانتوانی وەری بگرن ئایا تۆ وەری دەگری بەوەیشەوە کە لە ناویەتی؟ ئـادەم وتـی: ئـەی پـەروەردگارم چـی تێدایە؟ فەرمووی: ئەگەر چاکەت کرد پاداشتەکەی وەردەگری خۆ ئەگەر خراپەیشت کرد تۆڵەت لێ دەسێنرێت، ئادەم وەری گرت‌و خستیە ئەستۆی خۆی، بۆیـە خـوای گـەورە دەفـەرموویّت: ﴿ وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ﴾.[1] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە: ئەمانەت واتە: فـەرزەکان، خوای مەزن خستیە بەر دەست ئاسمانەکان‌و زەمین‌و هەموو کێوەکان ئەگەر جێبەجێیان کرد خوا پاداشتیان دەداتەوە، خۆ ئەگەر فەوتاندیشیان‌و لەناویان دا سزایان دەدات، بە لایانەوە گران بوو، لێی ترسان نەك وەك سەرپێچی کردن، بەڵکو لەبەر زۆر گەورەیی دینی خوا، نەوەك نەتوانن پێی هەڵسن، پاشان خرایە بـەردەم ئـادەم قـەبوڵی کـردو چـووە ژێـری بـەو هـەموو فەرمانـەی کـە تیایـەتی وەك خـوای گـەورە دەفـەرموویّت: ﴿ وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ﴾ واتـە: لەبـەر نـەزانی‌و بێئـەزموونی دەربـارەی فـەرمانی خـودا.[2] موجاهیـدو سـەعیدی کـوڕی جوبـەیرو زەحـاك‌و حەسـەنی بەسـری‌و کەسـانی تـریش وتوویانـە: مەبەسـت بـە ئەمانـەت فەرزەکانـە[3]. هەنـدێکی تـر لـە زانایـان وتوویانـە: ئەمانـەت واتـە: گوێڕایەڵی، ئەعمەش دەڵێت: لە ئەبو زوحاوە لە مەسروقەوە دەڵێت: ئوبەی کوڕی کەعب وتی: بەشێك

[1] الطبري (٢٠/٣٣٨).
[2] الطبري (٢٠/٣٣٧).
[3] الطبري (٢٠/٣٣٧).

له ئەمانەت ئەوەیە کە ژن شەرمگەی بپارێزێت[1]. قەتادە دەڵێت: ئەمانەت بریتیە لە ئاینو فەرزەکانو سنوورەکانی خوا[2]. مالك دەڵێت لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە: ئەمانەت سێ شتە: نوێژ، ڕۆژوو خۆشۆردن لە لەش پیسی، هەموو ئەم قسانە دژایەتی نیە لە نێوانیاندا بەڵکو هەموویان ڕێکنو هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بەجێهێنان و قەبوڵکردنی فەرمانو وازهێنانە لە قەدەغەکراوەکان بە مەرجی خۆی، چونکە ئەگەر هەڵسا بەو فەرمانانە پاداشتی دەدرێتەوە، ئەگەر وازیشی لێ هێنا سزا دەدرێت، مرۆڤ قەبوڵی ئەم ئەمانەتەی کرد لەبەر لاوازی و نەزانی وغەدری لە خۆی کرد، کەسێك نەبێت کە خودا یاریدەدەری بێت و هەر خواش یارمەتی دەرەو جێی پەنایە. وە لەو فەرموودانەی پەیوەندی بە ئەمانەتەوە هەیە، ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە حوزەیفەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوو فەرموودەی بۆ باس کردین، فەرموودەیەکیانم بینیو چاوەڕوانی دووهەمیشیان دەکەم، بۆی گێڕاینەوە کە ئەمانەت لە قوڵایی دڵی مرۆڤدایە، پاشان قورئان هاتو زانیاریان لە قورئان پەیدا کردو لە فەرموودەش ئاگادار بوون، پاشان باسی بەرزبوونەوەو نەمانی ئەمانەتی بۆ کردینو فەرمووی: (مرۆڤ جاری وامەیە دەنوێ ئەمانەت لە دڵی لادەبرێت، جێ شوێنی ئەمانەتەکە خاڵ خاڵ دەبێت، لە پاشان جارێکی تر دەنوێ ئەمانەت لە دڵی دەردەهێنرێت، شوێنی ئەمانەتەکە وەك بلۆقی لێ دێت. وەك چۆن پشکۆیەك لە ئاگر بەسەر پێتدا بتلێتەوەو بلۆق بکات، دەیبینی شوێنی ئاگرەکە بەرز بووەتەوەو هیچی تێدا نیە). دەڵێت: پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بەردێکی بچووکی هەڵگرتو بەسەر پێی موبارەکیدا خلی کردەوەو وتی: ئەوکاتانە خەڵکی وای لێ دێت مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن و ئەمانەت لەناویاندا نامێنێت بە شێوەیەکی وەها کە ئەڵێن: لە فلانە هۆزدا پیاوێکی ئەمین هەیە، تا وای لێ دێت ئەڵێن بە پیاوێك: ئەوپیاوە چەندە ژیرە، چەندە پیاوی چاکە، چەندە ئازایە! کەچی بە ئەندازەی دەنکە خەرتەلەیەك باوەڕ لە دڵیدا نیە! حوزەیفە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: من زەمانێکم بەسەردا هات گوێم لێ نەبوو لەگەڵ کامتان مامەڵە بکەم، ئەگەر موسڵمان بووایە دینەکەی ئەوی دەگێڕایەوە کە ناپاکیم بەرانبەر بکات، خۆ ئەگەر گاورو جوولەکەیش بووایە، بەرپرسیاری ئەو کارە نەیدەهێشت خیانەتم لێ بکات، بەڵام ئەمڕۆ وام لێهاتووە لەگەڵ فلانو فلاندا نەبێت، لەگەڵ کەس مامەڵە ناکەم.[3] لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە فەرموودەکەی ئەعمەشەوە بەو شێوەیە.[4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە

[1] الطبري (٢٠/٣٣٨).

[2] الطبري (٢٠/٣٣٩).

[3] أحمد (٥/٣٨٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (١١/٣٤١)، مسلم (١/١٢٦).

پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر چوار شتت تێدا بێت، لەوەی کە لە دنیا لە دەستت چووە بێخەمبە، پاراستنی ئەمانەتو ڕاستگۆیی‌و ڕەوشت جوانی‌و حەلاڵ خۆری)[1].

سەرئەنجامی لە ئەستۆگرتنی ئەمانەت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ ﴾ واتە: بۆیە ئەوەی ئادەم ئەم ئەمانەتەی خستە ئەستۆی خۆی تا خودا سزای ئەو کەسانە بدات لە دووڕووان، واتە: ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەن باوەڕ دەردەخەن لە ترسی موسڵمانان کەچی لە دڵدا شوێنکەوتووی خوانەناسانن، ﴿وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ﴾ واتە: ئەو کەسانەن کە بە ئاشکراو لە دڵیشدا شەریکیان بۆ خوا داناوەو دژایەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن، ﴿وَيَتُوبَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾ واتە: بۆ ئەوەی ڕەحم بکات بەو خاوەن باوەڕانەی کە بڕوایان هێناوە بە خوداو بە فریشتەکان‌و کتێبەکان‌و پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) وە هەڵدەستن بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا، ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ واتە: خودا لە تاوان خۆش دەبێت‌و دلۆڤانە.

تەفسیری سورەتی (سبأ)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١﴾ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ۚ وَهُوَ ٱلرَّحِيمُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾﴾

سوپاس‌و پەسەنی هەر بۆ خوایەو پەنهانیەکانیش هەر ئەو دەیزانێت

خوای گەورە باسی مەزنی‌و پەسەنی خۆی دەکات، وە هەر خۆی جێی پەسەنی‌و ستایشە لەم دنیاو لەو دنیاش، لەبەر ئەوەی کە هەر خۆی خاوەن چاکەیەو گەورەیە بەسەر هەموو خەڵکی دنیاو قیامەتدا، وە خاوەنی گشت شتێکەو کاربەدەستیانە وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾[2] واتە: وە ئەو خوایە کە هیچ پەرستراوێکی تر نیە جگە لەو، هەموو سوپاس تەنها بۆ خوایە لە دنیاو لە ڕۆژی دوایشدا وە بڕیارو حوکم هەر بۆ ئەوەو هەمووتان بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە. بۆیە لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ

---

[1] أحمد (٢/١٧٧)، فەرموودەیەکی لاوازە سەنەدەکانی حەسەنە.

[2] القصص (٧٠).

ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: هەموو حەمدو سوپاس بۆ خوا کە هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە تەنها هی ئەوە، هەموو شتێك ئـەو خاوەنیـەتیو عەبدی ئـەوەو لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئەودایـەو ملکەچی فەرمانی ئەون، وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّ لَنَا لَلْءَاخِرَةَ وَٱلْأُولَىٰ﴾[1] واتە: وە هـەردوو جیهان هی ئێمەیە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ واتە: هەر ئـەو پەرستراوە تاهەتایـەو ستایش دەکرێت بە بـەردەوامی، ﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ﴾ واتـە: وە هـەر خۆشـی کارزانـە لـە کردارو گفتـارو بەرنامـەو بڕیاریـدا، ﴿ٱلْخَبِيرُ﴾ واتـە: هـیچ شـتێکی لێ ون نابێتو ناشـارێتەوە. مالیـك لـە زوهەریـەوە دەڵێت:ئاگادارە بەسەر دروستکراوەکانیداو کارزانە لە فەرمانەکانیدا. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا﴾ واتە: ئاگاداری بارینی دەنکە دەنکەی دڵۆپەی بارانـە کە دێتـە خوارەوە، دەچێتە ناو زەوییو ئەو دانەوێڵانەشی کە لەناو زەویدانو دێنـە دەرەوەو ژمارەیـان چـەندەو لە چ جۆرێکن. ﴿وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ واتە: وە چی دێتـە خـوارەوە لـە ئاسمـان. ﴿وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا﴾ واتە: لەوەشی کە بەرز دەبێتەوە لە ئاکارە چاکەکانو هەر شـتێکی تـر. ﴿وَهُوَ ٱلرَّحِيمُ ٱلْغَفُورُ﴾ واتـە: دلۆڤانە بەرامبەر بەندەکانی، پەلـە ناکات لـە یاخیو تاوانبارەکـان لـە تۆڵەسـەندن لێیـان، لـە تـاوانو خەتای ئەو کەسانەش دەبورێت کە پەشیمان دەبنەوەو تۆبە دەکەنو کارەکانیان بە خودا دەسپێرن.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَأْتِينَا ٱلسَّاعَةُ ۖ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ ۖ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَآ أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرُ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٣﴾ لِّيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ سَعَوْ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿٥﴾ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾﴾

بێگومان ڕۆژی قیامەت دێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە پێی کرداری خۆی پاداشت بدرێتەوە

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو سێ ئایەتەی کە چوارەمیان نیەو تێیدا خوای مـەزن فـەرمان دەکات بـە پێغەمبەر (ﷺ) کە سوێند بخوات بەپـەروەردگاری گـەورەی لەسـەر ئـەوەی کە ڕۆژی قیامـەت دێـتو ڕوودەدات، کاتێك کە هەندێ لـە بێدینـەکان بڕوایان پـێ نـەدەکردو بـە دووریـان دەزانـی، یـەکێك لـەو ئایەتانـە لـە سـورەتی (یـونس)دایـە (سـەلامی خـوای لێ بێـت) کـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت:

[1] اللیل (١٣).

﴿وَيَسْتَنۢبِـُٔونَكَ أَحَقٌّ هُوَ ۖ قُلْ إِى وَرَبِّىٓ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ ۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾[1] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) لێت دەپرسن ئایا ئەو سزایە ڕاستە وبەدی دێت؟ پێیان بڵێ: بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم بێگومان ئەوە ڕاستەو ئێوە ناتوانن خۆتانی لێ قوتار بکەن. وە ئایەتی دووهەم لە سورەتی (التغابن)دایە کە دەفەرمووێت: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَن لَّن يُبْعَثُوا۟ ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾[2] واتە: بێباوەڕان وایاندەزانی کە لە ڕۆژی دواییدا زیندووناکرێنەوە ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ بەرێ وەڵڵا سوێند بە پەروەردگارم بێگومان زیندوودەکرێنەوە دڵنیا بن پاشان هەواڵتان پێ دەدرێت بەوەی کە کردووتانەو ئەمە بۆ خوا ئاسانە. ئایەتی سێهەمیش ئەمەیە کە دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَأْتِينَا ٱلسَّاعَةُ ۖ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتَأْتِيَنَّكُمْ ﴾ واتە: بێباوەڕان وتیان: ڕۆژی دواییمان بەسەردا نایەت، ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ (وانیە) سوێند بە پەروەردگارم ئەو قیامەتەتان بۆ دێت. پاشان خوا باسی دەسەڵاتی خۆی کردووە کە بەڵگەیە لەسەر هاتن و ڕوودانی ڕۆژی قیامەت و فەرموویەتی: ﴿عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ ۖ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَآ أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرُ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: خوا زانای هەموو پەنهانەکانە لە خوا ون نابێت قورسایی گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و زەویداو بچووکترو گەورەتر لەوە نیە لە کتێبێکی ئاشکراو ڕووندا نەبێت. موجاهیدو قەتادە دەڵێن: ﴿لَا يَعْزُبُ عَنْهُ﴾ واتە: هیچی لێ ون نابێت.[3] هەموو شتێك لە ژێر چاودێری خوای مەزندایەو ئاگای لێیەتی و هیچی لێ ون نابێت، ئەو ئێسکانەی کە وردو خاش دەبن و دەڕزێن و دەپوکێنەوەو بڵاودەبنەوە بەناو زەویدا خوای گەورە دەزانێت بۆ کوێ ڕۆیشتووەو بە چ لایەکدا چووە پاشان وەدی دەهێنێتەوە وەك چۆن وەدی هێناوەو ئاگاداری هەموو شتێکە. پاشان باس لە کارزانی خۆی دەکات لە وەدیهێنانەوەی هەموو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و ڕۆژی قیامەت و دەفەرمووێت: ﴿ لِّيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾ واتە: بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە بداتەوە بۆ ئەوانەهەیە پاداشت و لێبوردن و ڕۆزیەکی چاك. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ سَعَوْ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بۆ ڕێگرتن لە ڕێی خودای گەورەو باوەڕ ناهێنن بە پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) وا دەزانن دەرباز دەبن

---

[1] یونس (٥٣).

[2] التغابن (٧).

[3] الطبري (٢٠/٣٥٠).

لە سزای خودا، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٞ﴾ئەوانەسزایەکی پیسی بەژانیان پێ ئەدرێت، یانی تا ئەوانەی کە بەختەوەرن لە خاوەنباوەڕان بەهرەمەند ببن‌و ئەوانەشی بەدبەختن لە خوانەناسان جەزرەبەی بە ژان بچێژن. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ﴾[1] واتە: دۆزەخیەکان‌و بەهەشتیەکان وەك یەك نین، بەهەشتیەکان ڕزگارو سەرکەوتوون. وە فەرموویەتی: ﴿أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ﴾[2] واتە: ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە لەگەڵ خراپەکاران لە زەویدا وەك یەکیان دادەنێین (لە دوارۆژدا، نەخێر وا نیە) یان پارێزگاران وەك بەدکاران لێ دەکەین. پاشان دەفەرموێت: ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ﴾ ئەمەش کارزانیەکی ترە دەچێتە سەر ئەوەی پێش خۆی، کاتێك کە خاوەن باوەڕان ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا بە پێغەمبەران‌و (سەلامی خوایان لێ بێت) بە چاوی خۆیان ڕۆژی قیامەتیان بینی‌و ئاکارچاکان‌و پیاوخراپان پاداشتی کردەوەی خۆیان وەرگرت کە لە دنیادا لە کتێبی خودا لەسەریان نووسرابوو، ئالەوکاتەیشدا دووبارە ئەڵێن: ﴿لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا بێگومان نێردراوەکانی پەروەردگارمان ڕاستییان هێنا. جارێکی تریش پێیان ئەڵێن: ﴿هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾[4] واتە: ئەمە ئەو بەڵێنەیە خوای میهرەبان پێی داین‌و پێغەمبەرەکانی ڕاستیان کرد، ﴿لَقَدۡ لَبِثۡتُمۡ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡبَعۡثِۖ فَهَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡبَعۡثِ﴾[5] واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی ئێوە لە بەرزەخدا بە پێی بڕیار و نووسراوی خوا تا ڕۆژی زیندووبوونەوە ماونەتەوە ئێنجا ئەمە ڕۆژی زیندووبوونەوەیە. وە لێرەیشدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ﴾ واتە: ئەوانەی زانیاریان پێدراوە دەزانن ئەوەی لە پەروەردگارتەوە هاتووە تەنها ئەوە ڕاستەو ڕێنموونی خەڵك دەکات بۆ ڕێگای خوای زاڵی ستایشکراو، ﴿ٱلۡحَمِيدِ﴾ سوپاس‌و ستایش کراوە لە هەموو گفتارو کردارو بەرنامەو بڕیارێکدا، وە لە

---

[1] الحشر (٢٠).

[2] ص (٢٨).

[3] الاعراف (٤٣).

[4] يس (٥٢).

[5] الروم (٥٦).

هەموو شتێکدا، ﴿ٱلۡعَزِيزِ﴾ واتە: ئەوەندە خاوەن دەسەڵاتە، هیچ شتێك نابێتە ڕێگرو كۆسپ لە ڕێیداو بەڵکو ئەو زاڵ بووە بەسەر هەموو شتێکداو تێکی شکاندووە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ هَلۡ نَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ يُنَبِّئُكُمۡ إِذَا مُزِّقۡتُمۡ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمۡ لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍ ﴿٧﴾ أَفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةُۢۗ بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ فِي ٱلۡعَذَابِ وَٱلضَّلَٰلِ ٱلۡبَعِيدِ ﴿٨﴾ أَفَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ﴿٩﴾ ﴾

بڕوانەکردنی خوانەناسان بە زیندووبوونەوە پاش مردن و وەڵام دانەوەیان

خوای مەزن باسی خوانەناسان وبێدینان دەکات کە هاتنی ڕۆژی قیامەت بە دوور دەزانن و گاڵتە بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن کە باسی ڕۆژی قیامەتیان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ هَلۡ نَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ يُنَبِّئُكُمۡ إِذَا مُزِّقۡتُمۡ كُلَّ مُمَزَّقٍ﴾ واتە: وە ئەوانەی بێباوەڕ بوون دەیانوت: ئایا پیاوێکتان نیشان بدەین کە هەواڵتان پێ دەدات کاتێك مردن و بە تەواوی ڕزین و پارەپارە بوون ﴿إِنَّكُمۡ لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍ﴾ واتە: بە ڕاستی ئێوە دروست دەکرێنەوە بە دروست کردنێکی تازە. ئەم هەواڵە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە: یان درۆی بە ئەنقەسی بە دەم خواوە هەڵبەسیوە، یان بە ئەنقەس نەبووەو لێی شێواوە وەك خەڵەفاوو شێت. بۆیە وتوویانە: ﴿أَفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةُۢۗ﴾ واتە: ئایا ئەو پێغەمبەر (ﷺ) بە دەم خواوە درۆ دەکات یا شێتە، خوای گەورەیش وەڵامیان دەداتەوە دەفەرموێت: ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ فِي ٱلۡعَذَابِ وَٱلضَّلَٰلِ ٱلۡبَعِيدِ﴾ واتە: بەو شێوەیە نیە ئەوانە وا دەزانن و بۆی چوون بەڵکو موحەممەد (ﷺ) زۆر چاك و ڕاستگۆیە و لەسەر هەقە، ئەوانن درۆزنن و نەفام. ﴿فِي ٱلۡعَذَابِ﴾ واتە: ئەو خوانەناسیەیان بووەتە هۆی ئەوەی تووشی سزای خودای گەورە ببن و ﴿وَٱلضَّلَٰلِ ٱلۡبَعِيدِ﴾ واتە: زۆر دوورکەونەوە لە هەق لە دنیادا. پاشان خوای مەزن ئاگاداریان دەکاتەوە لە توانا و دەسەڵاتی خۆی لە وەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ واتە: ئەگەر سەیری بەرودوای خۆیان بکەن بۆ هەر شوێنێك بڕۆن و بڕوانن ئاسمان وا بەسەریانەوەو زەمینیش لە ژێریانەوەیە، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا

دەفـــەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ۝٤٧ وَٱلۡأَرۡضَ فَرَشۡنَٰهَا فَنِعۡمَ ٱلۡمَٰهِدُونَ﴾[1] واتـــە: وە ئاسمانمان بە دەستی خۆمان دروست کردووەو فراوانکەری ئاسمانین، وە زەویمان ڕاخستووە جا چ ڕاخەرێکی چاکین، ﴿إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ واتـە: مـەیلمان لێی بێ بەناو زەمیندا نوقمیان دەکەین‌و زەوی قوتیان بدات یان پارچەیەك لە ئاسمان دەخەینە خوارەوە بەسەریاندا بە هۆی ئەو ناهەقیانەوە کە دەیکەن، تواناشمان هەیە بەسەریاندا بەڵام ئەو سزاو تۆڵەیان بۆ دوا دەخەین چونکە زۆر خۆگرو لێبوردەین. پاشان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ﴾ واتە: بە ڕاستی لەوەدا بەڵگەو پەند هەیە بۆ هەر بەندەیەکی ڕوو لە خوا. موعەمەر دەڵێت لە قەتادەوە ﴿مُّنِيبٖ﴾ واتە: کە پەشیمان بێتەوە.[2] سوفیانیش دەڵێت لە قەتادەوە ﴿مُّنِيبٖ﴾ واتە: بەرەو لای خودا بگەڕێتەوە.[3] واتـە: کە وردبوونـەوە لـە دروستبوونی ئاسمانـەکان‌و زەمـین هـەموو بەڵگەن بە گشت کەسێك کە خاوەن هۆش‌و دڵ کراوە بێت‌و ئاوەز بکات بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، لەسەر تواناو دەسەڵاتی خوای مەزن بۆ زیندووکردنەوەی ئێسك‌و پروسکە ڕزیوەکان لەناو زەویداو هاتنی ڕۆژی قیامەت. چونکە خودایەك توانای ئەوەی هەبێت ئەم ئاسمانە بەو بەرزی‌و فراوانیەو ئەم زەمینە بەو هەموو بەرزی‌و نزمی‌و پانی دووری درێژیەیدا دروست بکات، چاکتر دەتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوەو ئەو ئێسکە ڕزیوانە وەك خۆی لێ بکاتەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوَلَيۡسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۚ بَلَىٰ﴾[4] واتـە: ئایا زاتێك کە ئاسمانـەکان‌و زەمینی بەدی هێناوە ناتوانێت وێنەیان دروست بکات؟ بەڵێ دەتوانێت. وە فەرموویەتی: ﴿لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ خَلۡقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾[5] واتـە: بە ڕاستی بەدیهێنانی ئاسمانـەکان‌و زەوی گەورەترە لە بەدیهێنانی خەڵکی بەڵام زۆرینەی خەڵك ئەمە نازانن.

﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضۡلٗاۖ يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيۡرَۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ ۝١٠ أَنِ ٱعۡمَلۡ سَٰبِغَٰتٖ وَقَدِّرۡ فِي ٱلسَّرۡدِۖ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ۝١١﴾

---

[1] الذاريات (٣٧ـ٤٨).

[2] عبدالرزاق (٣/١٢٦).

[3] الطبري (٢٠/٣٥٦).

[4] يس (٨١).

[5] الغافر (٥٧).

باسی ڕێزگرتنی خودای مەزن لە داود پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا يَـٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ﴾ واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی لە لایەن خۆمانەوە بەهرەیەکی گەورەمان بە داود بەخشیبوو ئەی چیاکانو باڵندەکان لەگەڵ داود زیکرو تەسبیح بڵێنەوە. خوای گەورە باسی عەبدو پێغەمبەری خۆی داود دەکات کە چەندە ڕێزی لێناوە، کردووشیەتی بە فەرمانڕەواو خاوەن دەسەڵاتو لەشکرێکی زۆریشی پێداوە بە هەموو پێویستیەکی جەنگەوە، وە دەنگێکی گەورەو فرەخۆشی پێ بەخشی کە هەر کاتێك تەسبیحاتی بکردایە کێوەکانیش لەگەڵی تەسبیحاتیان دەکرد، باڵندەکان لە ئاسماندا کاتێك هاتوچۆیان دەکرد کە گوێیان لێ دەبوو دەوەستانو لەگەڵ داود پێغەمبەر (ﷺ) بە دەنگەکانی خۆیان ئەوانیش دەیانگوتەوە لەگەڵیدا. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) گوێی لە دەنگی ئەبو موسای ئەشعەری بوو (ڕەزای خوای لێ بێت) لە شەودا قورئانی بە دەنگی بەرز دەخوێند وەستاو گوێی لێ گرتو پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەمە نەغمەیەکی پێدراوە لە نەغمەکانی ئالی داود).[1] ئەبو عوسمانی نەهدی دەڵێت: گوێم نەبووە لە دەنگی هیچ سەرنج و (دوو دەوری خڕە دەدرێت بەیەکدا) عودو کەمانچەیەك خۆشتر بێت لە دەنگی ئەبو موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێت).[2]

﴿أَوِّبِى﴾ واتە: پەسەنیو پاکی خوا بدە، ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو موجاهیدو کەسانی تریشە.[3] (التأويب) لە زمانەوانیدا، واتە: وتنەوە، خودا فەرمانی کرد بە کێوەکانو باڵندەکان لەگەڵ داوددا تەسبیحاتەکان بڵێنەوە بە دەنگی خۆیان. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ﴾ واتە: وە ئاسنمان بۆ نەرم کردبوو، قەتادەو حەسەنی بەسریو کەسانی تریش وتوویانە: پێغەمبەر داود(سەلامی خوای لێ بێت) پێویستی بەوە نەبوو کە ئاسن بخاتە ناو ئاگرو بە چەکوش لێی بدات بەڵکو وەك دەزوو لوولی ئەدا![4] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَنِ ٱعْمَلْ سَـٰبِغَـٰتٍ ﴾ واتە: پۆشاکی ئاسن(زرێپۆش) دروست بکە، ئەمە ڕێڕوونیەکە لەخواوە بۆداود پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ تافێری بکات چۆن زرێپۆش دروست بکات موجاهید ئەڵێت: قەتادە دەڵێت: ئەوە یەکەمجار بووە کە خەڵکی دروستی بکات، چونکە لەپێش ئەودا تەنیاقەڵغان هەبوو.[5] ﴿وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ﴾ واتە: بزمار مەکوتە

---

[1] مسلم (٥٤٦/١).

[2] فضائل الترعان لأبي عبيد (٧٩).

[3] الطبري (٣٥٧/٢٠).

[4] الطبري (٣٥٩/٢٠).

[5] الطبري (٣٥٩/٢٠).

بەزرێپۆشەکەدا تاماتوچۆ بکات، ئەوەندەش قایم دروستی مەکە نەجولێتو بشکێت بەڵکو بە ئەندازەی خۆی.[1] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ﴿ٱلسَّرۡدِ﴾ واتە: بازنەی ئاسن، هەندێکی تر لە زانایان وتوویانە: بازنەی بزماراوی (بە بزمار داکوتراو) شیعری ئەم شاعیرەیان کردووەتە بەڵگە:

وعليهما مَسرودتان قَضاهما   داودُ، أو صَنَعَ السَّوابغ تُبَع

﴿وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًا﴾ واتە: کاری چاك بکەن لە باتی ئەو بەهرانەی کە خودا پێی داون، ﴿إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ واتە: من خۆم کارەکانی ئێوە دەبینمو چاودێرم بەسەرتانەوە ئاگاداری کردارو گفتارتانمو هیچم لێ ون نابێت.

﴿ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِۖ وَمِنَ ٱلۡجِنِّ مَن يَعۡمَلُ بَيۡنَ يَدَيۡهِ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَمَن يَزِغۡ مِنۡهُمۡ عَنۡ أَمۡرِنَا نُذِقۡهُ مِنۡ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾ يَعۡمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٖ كَٱلۡجَوَابِ وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍۚ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾

ڕێزگرتنی خودای مەزن لە سولەیمان پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)

کاتێك خوای گەورە باسی ئەو هەموو بەهرەیەی کرد کە دابووی بە داود دێتە سەر باسی کوڕەکەی سولەیمان(سەلامی خوایان لێ بێت) کە بای بۆ ڕام هێنا کە بەڕەکەی هەڵدەگرت، تەنها سەرلەبەیانی سێ ڕۆژەڕێو سەرلە ئێوارەش سێ ڕۆژەڕێگەی دەبڕی. حەسەنی بەسری دەڵێت: سەر لە بەیانی دەچووە سەر بەڕەکەی لە دیمەشقەوە دەچوو بۆ ئیستەخر لەوێ نانی بەیانی دەخوارد، پاشان لە ئیستەخرەوە دەچوو بۆ کابول و لەوێ دەمایەوە.[2] نێوانی دیمەشقو ئیستەخر بە ئەندازەی ڕۆیشتنی مانگێك ڕێگە بوو بە پەلەو نێوانی ئیستەخرو کابولیش هەروەها. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِۖ﴾ واتە: وە بۆ سولەیمان (با) مان ڕام هێنا بەیانیان تا نیوەڕۆ ڕێگای مانگێنی دەبڕیو نیوەڕوان تا ئێوارانیش مانگێك ڕێگەی دەبڕیو مسمان بۆ تواندەوە وەك کانیاو دەڕۆیی، ئیبنو عەباسو موجاهیدو عیکریمەو عەتای خۆراسانیو قەتادەو سودیو مالیك دەڵێن: لە زەیدی کوڕی ئەسلەمو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریشەوە ﴿ٱلۡقِطۡرِ﴾ واتە: مس.[3] قەتادە دەڵێت: ئەو مسە لە یەمەن بووە.[1] هەر شتێك مەردم دروستی

---

[1] الطبري (٣٦١/٢٠).

[2] الطبري (٣٦٢/٢٠).

[3] الطبري (٣٦٤/٣٦٣/٢٠).

دەكات، خوای گەورە بۆ سولەیمانی دەرهێنا (سەلامی خوای لێ بێت)، وە دەفـەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ﴾ واتە: جنۆكەشمان بۆ ڕام هێنـا كـە لەبـەر دەسـتیدا كاریان دەكرد بـە فەرمانی خودای مەزن، سولەیمان بە ئارەزووی خۆی كۆشـكو هـەر شـتێكی تـری بویستایە پەریـەكان بۆیان دروستی دەكرد. ﴿وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا﴾ واتە: هەر كەسێك لەوانـە خـۆی لادایەو لـە فـەرمانی ئێمە دەرچوونایە، ﴿نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾ واتـە: ئـازاری تونـدی ئاگرمـان پـێ دەچەشت. پاشـان خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ﴾ واتـە: سـولەیمان هەرچـی بویستایە بۆیان دروست دەكرد لـە پەرسـتگاو پەیكـەر. ﴿مَّحَٰرِيبَ﴾ واتـە: كۆشـكو تـەلاری چـاك، كـە باشترین شوێنی كۆشكە لە پێشەوە، ئیبنو زەید دەڵێت: شوێنی حەوانەوەو ئیسراحەت.[2] ﴿وَتَمَٰثِيلَ﴾ عەتیـەی عـەوفیو زەحـحـاكو سـودی دەڵـێن: وێنـەی پەیكـەریی.[3] ﴿وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَٰتٍ﴾(جواب) جەمعی جابیەیە، واتە: حەوزێك كە ئاوی تێدا بێت، چەندین قاپی نان خـواردن وەك حـەوزی گـەورەو چـەند قـازانو مەنجـەڵی دامـەزراو (نـەجوڵاو لەبـەر گـەورەییان)، ﴿ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا﴾ واتە: ئەیماڵو كەسو كاری داود شوكری خودا بكـەن لەسـەر ئـەو بەهرانـەی كـە خـودا پێـی داون لە دنیاو لە قیامەتدا. وشەی (شـكر) چـاوگە (مـصدر) یـان (مـەفعول لـە) لـە هـەردوو شێوەكەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە شوكر بە كردارو بە گفتارو بە دڵیش دەبێت وەك ئەم شاعیرە وتوویەتی:

أفادتْكُمَ النُعماء منّي ثلاثة　　　يدي، ولساني، والضّميرَ المُعجباَ

ئەبو عەبدوڕەحمانی سوللەمی دەڵێت: نوێژ كردن شوكرە، ڕۆژو گرتن شوكرە، هەموو چاكەیەك كە دەیكەی شوكرە، وە مەزنترین شوكریش سوپاسو پەسەنی خودایە. ئیبنو جـەریر ڕیوایـەتی كـردووە.[4] وە لە هەردوو سەحیحەكەدا هاتووە لە پێغەمبەری خـوداوە (ﷺ) فەرموویـەتی: (خۆشەویسترین نوێـژ لەلای خودا نوێژی داودە،[5] چونكە داود نیوەشەو دەخەوت پاشان سێ یەكی هەڵدەساو شەش یـەكیش دەخەوتەوە. وە خۆشەویسترین ڕۆژوش ڕۆژوی داود بو لەلای خودا، لەبـەر ئـەوە ڕۆژێك بـەڕۆژو دەبو

---

[1] الطبري (٢٠/٣٦٣).
[2] الطبري (٢٠/٣٦٥).
[3] الطبري (٢٠/٣٦٦).
[4] الطبري (٢٠/٣٦٧).
[5] الطبري (٢٠/٣٦٩).

ڕۆژێکیش بە ڕۆژوو نەدەبوو، وەکاتێ ڕووبەڕووی دوژمن ببوایەتەوە ڕای نەدەکرد)[1]، ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە فوزەیلەوە لەم ئایەتەدا ﴿ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗا﴾ دەڵێت: داود پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێ) گوتویەتی: ئەی پەروەردگارم چۆن سوپاست بکەم، کە سوپاس کردن بەهرەیەکە لە خۆتەوە؟ خودای مەزنیش فەرموویەتی: ئا ئێستا سوپاسی منت کردوە کاتێ کەزانیوتە بەهرەهەرلەمنەوەیە[2]، ﴿وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ﴾ بەڵام کەمێ لە بەندەکانم (بۆخوا) سوپاس گوزارن ئەمەش هەواڵدانێکە لەو واقیعەی خەڵکی تێدا ئەژی .

﴿ فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ (١٤) ﴾

مردنی سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی چۆنیەتی مردنی سولەیمان دەکات (سەلامی خوای لێ بێت) کە چۆن مردنەکەی لەو جنۆکانە شاردەوە کە لە کاری گراندا بەکاری دەهێنان و نەیاندەتوانی لە فەرمانی دەربچن، چونکە سولەیمان ماوەیەکی زۆر بوو خۆی دابوو بەسەر گاچۆنەکەیدا وەك ئیبنو عەباس و موجاهیدو حەسەن و قەتادەو زۆرێکی تریش لە زانایان وتوویانە.[3] ماوەیەکی زۆر، واتە: نزیکی ساڵێك بەسەر عاساکەیەوە مایەوە، کاتێك کە مۆریانە دای لە عەساکەی و خواردی، ڕزاو کەوتە سەر زەوی، زانیان کە ماوەیەکی زۆرە مردووە، جنۆکەو مەردوم بۆیان دەرکەوت کە جنۆکە ئاگای لە شتی نادیار نیە، وەك خۆیان دەیانوت و خەڵکیشیان وا تێدەگەیان. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ﴾ واتە: ئینجا کاتێك سولەیمانمان مراند هیچ شتێك مردنی ئەوی نیشان نەدان بێجگە لە خۆرەو موریانەی زەوی کە داردەستەکەی (سولەیمان)یان دەخوارد(کە سولەیمان خۆی دابوو بەسەریدا)، ئینجا کاتێك (سولەیمان) کەوت بۆ پەریەکان ڕوون بوویەوە کە ئەگەر غەیبیان بزانیبایە لەو سزا ڕیسواکەرە نەدەمانەوە.

[1] فتح الباري (٦/٥٢٥)، مسلم (٢/٨١٦).

[2] الدر المنثور (٦/٦٨٠).

[3] الطبري (٢٠/٣٧٠).

﴿لَقَدۡ كَانَ لِسَبَإٖ فِي مَسۡكَنِهِمۡ ءَايَةٞۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٖ وَشِمَالٖۖ كُلُواْ مِن رِّزۡقِ رَبِّكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥۚ بَلۡدَةٞ طَيِّبَةٞ وَرَبٌّ غَفُورٞ ١٥ فَأَعۡرَضُواْ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سَيۡلَ ٱلۡعَرِمِ وَبَدَّلۡنَٰهُم بِجَنَّتَيۡهِمۡ جَنَّتَيۡنِ ذَوَاتَيۡ أُكُلٍ خَمۡطٖ وَأَثۡلٖ وَشَيۡءٖ مِّن سِدۡرٖ قَلِيلٖ ١٦ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِمَا كَفَرُواْۖ وَهَلۡ نُجَٰزِيٓ إِلَّا ٱلۡكَفُورَ ١٧﴾

پێ نەزانینی خەڵکی سەبەء بە بەهرەکانی خوداو سزادانیان

خوای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿لَقَدۡ كَانَ لِسَبَإٖ فِي مَسۡكَنِهِمۡ ءَايَةٞۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٖ وَشِمَالٖۖ كُلُواْ مِن رِّزۡقِ رَبِّكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥۚ بَلۡدَةٞ طَيِّبَةٞ وَرَبٌّ غَفُورٞ﴾ واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی بۆ خەڵکی سەبەء لەو شوێنی ژیانیاندا نیشانەیەك لەسەر دەسەڵاتی خودا هەبوو دوو باخات لای ڕاستو لای چەپی شوێنەکەیەوە هەبوو پێیان دەوترا لە ڕۆزی پەروەردگارتان بخۆنو سوپاسی ئەو بکەن وڵاتێکی پاكو خۆشو پەروەردگارێکی لێبوردەیان هەیە. سەبەء وڵاتێکە کەوتووەتە باشووری خۆرئاوای دوورگەی عەرەبیەوە (واتە: یەمەن)، سەبەء ناوێکە بۆ سەرکردەکانو پاشاکانی خەڵکی ئەو هەرێمە (توببەعیەکان)یش هەریەمەنی بوون، بەلقیس کە هاوسەری سولەیمان بوو یەکێك بووە لەو سەرکردانەی سەبەء. ئەو خەڵکەزۆر لە خۆشیو خۆشگوزەرانی بوون لەو وڵاتەدا، کشتوکاڵو باغو باغاتێکی زۆریان هەبوو، بژێویان زۆر چاك بوو، خوای مەزن پێغەمبەرانی بۆ ناردن فەرمانیان پێ کردن کە لە ڕۆزی خودا بخۆنو شوکرانەبژێر بن و بە تەنها خودا بپەرستنو عیبادەتی بۆ بکەن، بەو شێوەیە هەتا ماوەیەکی زۆر مانەوە بە ویستی خودا، پاشان سەرپێچیان کرد لەوەی کە فەرمانیان پێ کرابوو، خودایش سزای دان بە لافاوو زریان لەو هەرێمی سەبەئەدا بڵاوەی پێکردن هەریەکی بە لایەکدا بردنو پەرتەوازە بوون، وەك لە دواوە بە درێژی بەم زووانە باسی دەکەین (بەیارمەتی خوای مەزن). ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە فەروەی کوڕی موسەیکی غەتەفیەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باسی سەبەئم بۆ بکە کامەیە؟ ئایا ناوی زەویەکەیە یان ژنێکە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نە زەویەو نە ژنە، بەڵکو پیاوێك بووە دە کوڕی هەبووە، شەش کوڕیان ڕووەو یەمەن ڕۆیشتنو چوار کوڕیشیان بەرەو شام ڕۆیشتن، ئەوانەی کە بەرەو شام چوون لەخمو جوزامو عامیلەو غەسسان بوون، ئەوانەی بەرەو مەیەن چوون کەندەو ئەشعەریەکانو ئەزدو مەزجیحو حیمیەرو ئەنمار بووە). پیاوێك وتی: ئەنمار کامانەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوانەن کە خەسحەمو بەجیلەش لەوانن).[1] تیرمیزیش ڕیوایەتی کردووە، پاشان دەڵێت: ئەم فەرموودەیە چاكو

[1] الطبري (٢٠/٣٧٥).

غەریبە (حسن غریب)[1]. زانایانی ڕەچەڵەك ناس لەوانە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێت: ناوی سەبەء عەبدوشەمسی کوڕی یەشجوبی کوڕی یەعروبی کوڕی قەحتانە بۆیە ناوی نراوە بە سەبەء چونکە یەکەم کەس بووە لەناو عەرەبدا کە(سەبایا) دیلی گرتووە پێیان وتووە رائیش لەبەر ئەوە کە یەکەم کەس بووە لەناو عەرەبەکاندا تالانی کردووەو دابەشی کردووە بەسەر هۆزەکەیدا،بۆیە پێیوتراوە: (رائش)، عەرەبەکان سامانیان بە (ریشاً ورياشاً) ناو هێناوە. زانایان ڕایان جیاوازە لەسەر قەحتانیەکان، سێ ڕایان هەیە، ڕای یەکەم: کە لە ڕەچەڵەکی ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نوحە، وە ناکۆکیشن لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی ڕەچەڵەکی قەحتان بە ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نوحەوە بەسەر سێ(ڕا) دا. ڕای دووەم: لە ڕەچەڵەکی عابیرن کە هود پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێ بێت) دیسان ڕایان جیاوازە لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی قەحتان بە هودەوە بەسەر سێ(ڕا) دا. ڕای سێهەم: لە ڕەچەڵەکی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلن (سەلامی خوای لێ بێت) وەدیسان ڕایان جیاوازە لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی قەحتان بە ئیسماعیلەوە بەسەر سێ (ڕا) دا. ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبەڕی نەمری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسی کردووە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ألأنباه على ذِكرِ أصولِ القبائل الرواة). مانای ئەم فەرموودەی پێغەمبەریش (ﷺ)کە ئەفەرموێ: (كان رجلاً منَ العرب) واتە: عەرەبی عاریبەن ئەوانەی لە پێش ئیبراهیمی خەلیلەوە(سەلامی خوای لێ بێت) لە ڕەچەڵەکی سامی کوڕی نوح بوون . وە لەسەر ڕای سێهەمیش دەگەڕێنەوە سەر ڕەچەڵەکی ئیبراهیمی خەلیل (سەلامی خوای لێ بێت) بەڵام ئەم ڕایە مەشهور نیە لای زانایان (والله أعلم) بەڵام لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە لای کۆمەڵێك لە ئەسلەمیەکاندا تێپەڕی ڕمبازیان دەکرد، فەرمووی: (تیر بگرن نەوەی ئیسماعیل چونکە باوکیشتان هەر تیر وەشێن بووە)[2]. (ئەسلەم) یش هۆزێکی ئەنساری موسڵمان بوون (ئەنساریەکان بەئەوس و خەزرەجیشەوە لە غەسانیەکان بوون کەلە عەرەبەکانی یەمەنن لە وڵاتی سەبەء) کاتێك کە بڵاوبوونەوە بە وڵاتاندا هاتنە مەدینە لە دوای لافاوەکەی سەبەء کە خوای مەزن بۆی ناردن ئەمان هاتنە مەدینەوجێگیر بوون و، هەندێکیشیان چوونە شام، بۆیە پێیان دەوتن غەسسان بە هۆی ئاوێکەوە بوو کە دابەزین لەسەری. هەندێکیش ئەڵێن:ئەو ئاوە لە یەمەن بووە، هەندێکی تریش ئەڵێن: نزیك بووە لە موشەلەلەوە وەك حەسانی کوڕی سابت دەڵێت:

إمَّا سألتَ فَإنَّا مَعْشَرٌ نُجُبٌ الأزدُ نِسبَتُنا، والماءُ غَسّانُ

---

[1] تحفة ألأحوذي (٩٠/٨٨)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[2] فتح الباري (٦/٦٢١).

وە مانای ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ): (وَلَدَ له عشرة من العَرَب) واتە: لە ڕەچەڵەکی ئـەم دە کوڕە کە سەرچاوەی هۆزەکانی عەرەب دەگەڕێنەوە بۆیان، نەك هەر لە پشتی ئەوانن بـەڵکو لـە نێـوان ئەو هۆزانەی ئەواندا چەند پشتێك (بابێ، بـاپیرێ) لـە نێوانیانـدا هـەبووە وەك لـە کتێبـی ڕەگەزەکانـدا دیارەو دەسنیشان کراوە. وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (فتيامن منهم ستة، وتشاءم منهم أربعة) واتە: دوای ئەوەی کە خوای گەورە لافاوەکەی (سيل العرم) بۆ نـاردن، هەنـدێکیان لـە وڵاتـی خۆیانـدا مانەوە، هەندێکی تریان بڵاوەی کرد بە وڵاتانی تردا.

بەنداوی مەئرەب ولافاوەکەی (عەریم)

بـە هـۆی ئـەو بەنـداوەوە کـە دروسـتیان کردبـوو هەرچـی ئـاوی نێـوان ئـەو دوو کێـوە هـەبوو کۆدەبوویەوەو هەرچی ئـاوی بـارانو لافـاوی دۆڵـەکانی هـەبوو دەهاتـە نـاوی، لەبـەر ئـەوە یـەکێك لـە پاشـاکانی سـەبەء هەڵـسا بـە دروسـتکردنی بەنـداوێکی زۆر مـەزنو قـایم هـەتا وای لێ هـات ئاوەکـەی ئەوەنده سەرکەوت دەگەیشتە هەموو زەویـەکانی دەوروبـەری ئـەو دوو کێـوە بـە ئاسـانی هـەموو ئـەو زەویانەیان چاند بە درختی بەردار پڕبوو لـە هـەموو جـۆرە میوەیـەکی چاكو بەسـوود وەك زۆرێـك لـە زانایانی پێشینە باسیان کردووە، لەوانـە قـەتادە دەڵێـت: ژنـان دەڕۆیـشتن بـە ژێـر ئـەو درەختانـەدا زەمبیلەیان لەسەر سەریان دادەنا، بەبێ ئەوەی دەسـت بـدەن بـە درەختێکـەوەو میـوەی لێ بکەنـەوە میوەکان دەبارینە خوارو دەکەوتنە ناو زەمبیلەکەوە بەسەریانەوەو پڕ دەبوو، ئەوەنده میوەکان گەیو بوونو پێگەیشتبوون.[1] ئەم بەنداوەش لە مەئرەبدا بوو، شارێك بـوو کـە سـێ وچـان لـە سـەنعاوە دوور بوو، ناسرابوو بە بەنداوی مەئرەب، هەندێکی تر وتوویانە: ئەو وڵاتـەی ئـەوان مێشو مێشوولەو کێچو ئەسپێی نەبووە، چونکە ئاوو هەوایەکی سازگارو زۆر خۆشـی هـەبوو، هـەموو لـەش سـاغو تەندروسـت بوونو خودایش یارمەتی دەدان، چونکە خواناسو یەکتاپەرست بوون وەك خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ ءَايَةٌ﴾ پاشـان تەفـسیری دەکـاتو دەفـەرموێت: ﴿جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ﴾ واتە: لە هەردوو لای کێوەکان دوو ڕیز بـاغ کـە شـارەکە لـە نێوانیانـدا بـوو، ﴿كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ﴾ واتە: پەروەردگار لێتان دەبوورێت هەتا ئێوە بەردەوام بن لەسـەر خواناسـیو یەکتاپەرستی. پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَيْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ﴾ واتـە: ئینجـا ڕوویـان وەرگێڕابەو هۆیەوە لافاوی وێرانکارمان بۆ ناردن دووباخـاتی چـاکی بەروبوومـداری ئـەوانمان گـۆڕی بـە

---

[1] الطبري (٢٠/٣٧٦).

دوو باخاتی خراپی خاوەن بەرێکی تفتو تاڵو دار گەزو کەمێك لە داری نەبگ(سیدر)، ﴿ فَأَعۡرَضُواْ ﴾ واتە: نافەرمانی خودایان کرد لە عیبادەتو یەکتاپەرستیداو شوکری ئەو هەموو بەهرەیان نەکرد کە خودا پێی بەخشیبوون، دەستیان دایە خۆر پەرستی وەك پەپوسلیمانەکە وتی بە سولەیمان: ﴿وَجِئۡتُكَ مِن سَبَإِۭ بِنَبَإٖ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾ وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ ﴾[1] واتە: لە وڵاتی سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستەقینەم بۆ هێناوی، بە ڕاستی من دیم ئافرەتێك پادشای ئەوانە (بە ناوی بەلقیس) کە هەموو شتێکی پێدراوەو تەختێکی پادشایەتی زۆر گەورەی هەیە، خۆی وگەلەکەیم دی لە جیاتی خوا سوژدە بۆ ڕۆژ دەبەنو شەیتان کردەوە خراپە کانیانی بۆ ڕازاندبوونەوە بەو هۆیەوە بەرگری کردوون لە ڕێگەی ڕاست بۆیە ئەوان ڕێگەی ڕاست نادۆزنەوە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سَيۡلَ ٱلۡعَرِمِ﴾ مەبەست بە: ﴿ٱلۡعَرِمِ﴾ ناوە. واتە ئیزافەی ناوە بۆ ئاوەڵناوەکەی خۆی (من باب الإضافة الاسم الی صفته)یە وەك (مسجد الجامع) یان (سعیدکرز) ئەم قسە سوهەیلی ئەیگێڕێتەوە. وە زۆر کەسی تر وتوویانە لەوانە ئیبنو عەباسو وەهەبی کوڕی مونەبیە و قەتادەو زەحاك، کاتێك کە خودا ویستی سزایان بدات بە ڕەوانەکردنی لافاو بۆیان، جۆرە گیانەوەرێکی نارد بۆ بەنداوەکە پێیان دەوت جرجە کوێرە بەنداوەکەی کون کون کرد.[2] وەهەبی کوڕی مونەبیە دەڵێت: لە ناو کتێبەکانیاندا بینراوە هۆی ڕووخانو کاول بوونی بەنداوەکەیان جرج بووە ماوەیەکی زۆر پشیلەیان دانابوو لەسەر بەنداوەکە بۆ لەناوبردنی جرجەکان کە بڕیاری خودا هات جرجەکان زاڵ بوون بەسەر پشیلەکانو چوونە ناو بەنداوەکەوەو کونیان تێکردو هەرەسی کردو ڕوخا بەسەریاندا.[3] قەتادەو کەسانی تریش دەڵێ (جرز) یانی: مشکە کوێرە، چوونە ژێری بەنداوەکەو کون کونیان کردو لە کاتی وەرزی باراندا لافاو هەڵی کردو هات بەنداوەکەی هەرەس پێ هێناو ڕووخاندی، ئاوەکە بەو دۆڵو شیوەدا هاتە خوارەوەو بەری هەرچی دەکەوت وێرانی دەکرد لە کۆشكو تەلارو دارو درەختو هەر شتێکی تر.[4] ئاوەکە نەماو وشکی کردو درەختەکان لە تینواندا وشك بوون کە دوو ڕیزە باغ بوون بە لای ڕاستو لای چەپی ئەو شارەدا هەمووی فەوتاو لەناو چوو، لە جێی ئەو درەختە

---

[1] النمل (٢٢_٢٤).

[2] الطبري (٢٠/٣٧٨/٣٨٠).

[3] الطبري (٢٠/٣٨١).

[4] الطبري (٢٠/٣٨١).

جوان‌و پڕ بەرهەمانە درەختی بێ بەرو دڕکاوی سەوز بوو، وەك خوای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَبَدَّلْنَٰهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَىْ أُكُلٍ خَمْطٍ﴾ ئیبنو عەباس‌و موجاهیدو عیکریمەو عەتای خۆراسانی‌و حەسـەن‌و قەتادەو سودی دەڵێن: ﴿خَمْطٍ﴾ دار سیواك‌و وشتر خۆرە (گیایـەكی دڕكاویـە)[1]. ﴿وَأَثْلٍ﴾ عـەوفی دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە: واتە: درەختی تەرفا هەندێكیش وتوویانە: درەختێكە لـە(تـەرفا) دەچێت، وە هەندێكی تریش وتوویانـە: درەختـی مۆزە. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ﴾ واتـە: لـە جێی ئەو هەموو درەختە جوان‌و پڕ بەهرانە درەختی دار سیواك‌و نەبەگمان بۆ هێشتنەوە ﴿وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ﴾یانی: بە هۆی ئەو سەرپێچیانەوە كە كردیان وایان بەسەرهات لە جێـی ئـەو بـاغ‌و باغاتـە جوان‌و پڕ بەرهەم‌و خاوەن سێبەرە زۆرەدا، ئـەو هـەموو ئاوە كە بـە دەوریاندا دەڕۆیشت درەختـی دڕكاوی وەك دار سیواك‌و نەبەگ‌و دار گەزو وشترخۆری دڕكاوی كەم بەرهەممان بۆ هێشتنەوە، تووشـی ئەو سزا گرانە بوون بەهۆی ئەو بێ دینی‌و دژایەتی كردنی هەق‌و بەردەوام بوون لەسەر ڕێگـەی خـراپ‌و پڕوپوچ. بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِمَا كَفَرُوا۟ ۖ وَهَلْ نُجَٰزِىٓ إِلَّا ٱلْكَفُورَ﴾ واتە: ئەوانە سپڵەی پێ نەزان بوون بە هۆی ئەو سپڵەییانەوە سزامان دان. موجاهید دەڵێت: كەسێك سپڵە نـەبێت خودا سزای نادات.[2] حەسەنی بەسری دەڵێت: خوای گەورە ڕاستی فـەرمووە هـیچ كەسێك بـەو وێنەیـە سزا نادات مەگین سپڵە و نەزان نەبێت.

﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ ٱلْقُرَى ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَٰهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ ۖ سِيرُوا۟ فِيهَا لَيَالِىَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴿١٨﴾ فَقَالُوا۟ رَبَّنَا بَٰعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَٰهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿١٩﴾﴾

بازرگانی سەبەء و هاتوچۆیان

خـوای گـەورە باسـی ئـەو هـەموو خۆشـگوزەرانی‌و ژیانـە خۆشـەیان دەكـات كـە چـەند دڵخـۆش‌و بەهرەمەند بوون، هەرێمێكی زۆر فراوان‌و باغ‌و باغات‌و سـەیرانگاو دێهـاتی نزیـك‌و لـە تەنیشت یـەكترو قەرەباڵغ‌و پڕ دارو درەختی بەرهەمدارو كشتوكاڵێكی زۆر كە پێویستیان بەوە نەبوو كە خـواردن‌و ئـاو لەگەڵ خۆیان هەڵگرن. بەڵكو لە هەر شـوێنێك دابـەزیبن خـواردن‌و ئـاوو میـوە هـەبووەو لـە دێیەكـەوە چوونەتە دێیەكی ترو ڕێژیان لێ گـیراوە. ئـەوەی پێویستیان بـووە لـەو گوندانـەدا هـەڵیان گرتـووە بـۆ

[1] الطبري (٢٠/٢٨٢/٢٨٣).

[2] البغوي (٣/٥٥٥).

ڕێگەیان. بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا﴾ واتە: وە لە نێوان ئەوانو ئەو شارانەی پیتو بەرەکەتمان تێ خستبوون لە شام سازاندبوومان، موجاهیدو حەسەنو سەعیدی کوڕی جوبەیرو مالیك لە زەیدی کوڕی ئەسلەمو قەتادەو زەححاكو سودیو ئیبنو زەیدو کەسانی تریش دەڵێن: واتە: گوندەکانی شام، مەبەستیان ئەوەیە کە خەڵکی سەبەء دەچوونو سەفەریان دەکرد لە یەمەنەوە بۆ شام بەناو ئەو گوندانەدا کە نزیك لە پاڵ یەکتر بوون.[1] عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە مەبەست بە ئەو گوندانە کە بەرەکەتی خۆمان تێخستووە: قودسی پیرۆزە.[2] ﴿قُرًى ظَاهِرَةً﴾ واتە: چەند دێیەکی ئاشکراو دیارن لە هەندێکیاندا ئیسراحەت دەکەنو لە هەندێکیاندا دەمێننەوە هیچ کاروانچیەك لێی تێك ناچێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ﴾ واتە: ماوەکەمان دیاری کردووە، کاروانچی دەزانێت چی پێویستە لەگەڵ خۆی هەڵ گرێت، ﴿سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ﴾ واتە: ترسیان نیە بە شەوو بە ڕۆژ لەو گوندانەدا دێنو دەچن. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ﴾ واتە: وتیان: ئەی خوایە سەفەرەکەمان زیاتر بۆ دوور بخەرەوە! کە ناهەقییان لە خۆیان کرد، هەندێ ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە بەم شێوەیە: (بَعِّد بين أسفارنا) چونکە ئەمانە ئەم بەهرەیان بە کەم دەزانی وەك ئیبنو عەباسو موجاهیدو حەسەنو کەسانی تریش وتوویانە. حەزیان لە ڕێگای دوورودرێژو چۆڵیو بیابان دەکرد بۆ ئەوەی توێشووی زۆر لەگەڵ خۆیان هەڵگرنو ماوەیەکی زۆر بە چۆڵەوانیو ترسدا ڕێگە ببڕنو بڕۆن. ﴿فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ﴾ واتە: وامان لێ کردن بوونە جێی قسەی خەڵکی وپەندی زەمانە. بە هۆی ئەو ناشوکریەیانەوە چۆن خوای گەورە لەو هەموو نازو نیعمەتەدا کە تێیدا بوون لە هیچ شتێك کەمیان نەبوو هەرچیان ئارەزوو بکردایە دەستیان دەکەوت، بەڵای بەسەردا هێنانو پەرشو بڵاوی کردنو کردنیە پووشی بنی درك هەر کەسەو بە لایەکدا چوو بە وڵاتاندا، بۆیە عەرەبەکان: کاتێك کە هۆزێك لێی قەوما، پێی ئەڵێن: (تفرَّقوا أيدي سبا، وأيادي سبا، تفرق شَذَرَ مَذَر) واتە: پەرشو بڵاوبوون وەك هێزەکانی سەبەء، تەفروتونا بوون. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ واتە: بە ڕاستی لەو بەسەرهاتەدا چەند نیشانە هەیە بۆ کەسی زۆر خۆگری شوکرانەبژێر، ئەو ڕووداوەو ئەو سزاو ئەو نەمانی هەموو نیعمەتە کە

---

[1] الطبري (٢٠/٣٨٦/٣٨٧).

[2] الطبري (٢٠/٣٨٦).

بەسەر ئەواندا هات گشتی بە هۆی ئەو خوانەناسیو سپڵەییو تاوانەیانەوە بوو کە پێی هەڵسان، پەندو ئامۆژگاریشە بۆ هەموو عەبدێکی خۆڕاگرو سوپاسگوزار لەسەر ئەو بەهرانەی کە خودا پێی داون. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (سەرم سوڕماوە لە بڕیاری قەزای خوا بۆ خاوەنباوەڕ، ئەگەر تووشی چاکەیەك بووبێت سوپاسو ستایشی پەروەردگاری کردووە، وە ئەگەر تووشی بەڵایەکیش بووبێت سوپاسی خودای کردووەو ئارامی گرتووە، خاوەن باوەڕ پاداشتی دەدرێتەوە لەسەر هەموو شتێك هەتا لەسەر تیکەیەك کە هەڵی دەگرێتو دەیکات بە دەم ژنەیەکەیەوە).[1] نەسائیش ڕیوایەتی کردووە لە (اليوم والليلة)دا.[2] نموونەی ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەدا (ڕەزای خوای لێ بێت): (جێی تێڕوانینە فەرمانو کاری خاوەن باوەڕ، خودا هیچ بڕیارێکی بۆ نادات چاکەو خێری ئەوی تێدایە نەبێت، ئەگەر تووشی خۆشی بووبێت سوپاسی خودای کردووە کە زۆر چاك بووە بۆی وە ئەگەر تووشی ئازارێکیش بووبێت خۆی ڕاگرتووە، کە زۆر چاك بووە بۆی، وە ئەمە بۆ هیچ کەسێك نیە بۆ خاوەن باوەڕ نەبێت).[3] لە قەتادەوە: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ دەڵێت: موتەڕیف دەڵێت: عەبدێکی زۆر چاکە بەندەی خۆڕاگری سوپاسگوزار ئەگەر شتێکی پێدرا سوپاسی خوا ئەکات و ئەگەر تووشی بەڵایەکیش بوو خۆی ئەگرێت[4].

﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ ﴿٢١﴾ ﴾

گومانی شەیتان بە ڕاست دەرچوو لەسەر خوانەناسان

پاش ئەوەی کە خوای مەزن باسی بەسەرهاتی گەلی سەبەئی کرد کە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیانو شەیتان کەوتنو چیان بەسەر هات، لێرەشدا هەر دێتەوە سەر باسی ئەوانو ئەوانەشی کە وەك ئەوان شوێنی شەیتان کەوتوونو دژایەتی ڕێی ڕاستو دروست دەکەن دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ ﴾ ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) کەسانی تریش وتوویانە.[5] ئەم ئایەتە

---

[1] أحمد (١٧٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] النسائي في الكبرى (٦/٢٦٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە

[3] فتح الباري (١٠/١٠٧).

[4] مسلم (٤/١٩٩٢).

[5] الطبري (٢٠/٣٩٢).

وەك ئەو ئایەتە وایە کە باسی شەیتان دەکات کاتێك سوژدە نابات بۆ ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) ئەڵێ: وەك خوای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا﴾[1] واتە: (ئیبلیس) وتی: پێم بڵێو هەواڵم بدەرێ لە بارەی ئەمەوە کە ڕێزی ئەوت داوە بەسەر مندا؟! سوێند بە خوا ئەگەر دوام بخەیت تا ڕۆژی دوایی و نەمرم، بە ڕاستی زاڵ دەبم بەسەر نەوەکانیدا بە گومڕاکردنیان تەنیاکەمێك لەوان نەبێت(کە بەندە تایبەتیەکانی خوان)، وە دەفـەرمووێت: ﴿ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَٰكِرِينَ﴾[2] واتە: ئینجا سوێند بێت بێگومان بۆیان دەچم لە پێشیانەوەو لە دوایانەوەو لای ڕاستیانو لای چەپیانەوە ئەوسا نابینی زۆربەیان سوپاسگوزار بن. ئایەت لەم بارەیەوە زۆرن. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ﴾ واتە: وە شەیتان هیچ دەسەڵاتی بەسەر ئیمانداراندا نەبوو، ئیبنو عەباس دەڵێت: واتە: لە بەڵگەیەك. ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْءَاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ﴾ واتە: بەڵکو توانای لەسەریان بۆ ئەوە بوو کە کرداری ئەوانە دەرکەوێت کە بڕوایان هەیە بە لێپرسینەوەو پاداشت لە ڕۆژی قیامەتدا، هەتا بە چاکی عەبدایەتی پەروەردگار یان بکەن لە دنیادا، کێش دوو دڵەو گومانی هەیە لە ڕۆژی قیامەت. ﴿وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ﴾ واتە: وە پەروەردگارت (ئەی موحەممەد(ﷺ)) چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوە . واتە: لەگەڵ چاودێریەکەیشیدا ئەوەی گومڕای کردووە گومڕای کردووە لە شوێنکەوتووانی شەیتان، وە بە چاودێری خۆیشی ئەوانەشی پاراستووە لە خاوەن باوەڕان لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەران.

﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾﴾

ناتەواوی خودایانی بتپەرستان

خوای گەورە ڕوونی کردووەتەوە کە هیچ پەرستراوێك نیە غەیری ئەو نەبێت کە تاكو بێ هاوتایە، هاووێنەو شەریکی نیە، بەڵکو هەر خۆیەتی هەر کارێکی بوێت دەیکاتو کەس ناتوانێت دەست وە کاری وەربداتو بەرامبەری بوەستێت، وەك دەفـەرمووێت: ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن

[1] الاسراء (٦٢).

[2] الاعراف (١٧).

دُونِ ٱللَّهِ﴾ واتەئەوانە بانگ بکەن کەجگە لەخوان، یانی: لەو خودایانەی کە غەیری خودا پەرستوویانە، ﴿لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: توانـاو دەسـەڵاتی مێروولـە وردیلەیەکیان نیە وەدی بهێنن نە لـە ئاسمانو نـە لـە زەویدا، وەك خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ﴾[1] واتـە: وە ئەوانـەی ئێـوە هاواریان لێ دەکەن بێجگە لە خودا خاوەنی توێکڵە سپیەکی نـاوکی خورمـایش نـین. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ﴾ واتە: توانای هیچ شتێکیان نیە نە بە تەنها خۆیانو نە هاوکاری یـەکتریش، ﴿وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ﴾ واتە: خودا پێویستی بە یارمەتی دانی ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن نـەبووە لە هیچ کارێکدا، بەڵکو هەموو دروستکراوەکان پێویستیان بە ئەوەو عەبدی ئەون. پاشان خـوای مـەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ﴾ واتە: لەبەر گـەورەیىو خـاوەن دەسـەڵاتیو بێ هاوتایی هیچ کەس زات ناکات تکای هیچ شتێکی لێ بکات بە ئیزنی خۆی نەبێت، وەك لـە ئایـەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾[2] واتە: کێیە ئەو کەسەی بتوانێت لـەو ڕۆژەدا تکـای لـە لا بکـات مەگـەر بـە ڕێپێـدانی خـۆی، وە دەفـەرمووێت: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ﴾[3] واتە: وە چەنددەها فریشتە کە لە ئاسمانەکانـدا هەن تکاو شەفاعەتیان هیچ سوودی نیە مەگەر دوای ئەوەی کە خوا مۆڵەت بدات بۆ کەسێك کـە خـۆی بیـەوێتو ڕازی بێـت. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ﴾[4] واتە: وە فریشتەکان تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت خوا ڕازی بێت تکای بۆ بکرێت، وە ئەوان لـە تـرس و هەیبـەتی خـوا زۆر دەترسـن. بۆیـە لـە چـەندرێگاوە هـاتووە لـە هـەردوو سـەحیحەکەدا لـە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە ئەو بەڕێزترینی نەوەی ئادەمەو مەزنترین تکاکاریشە لە لای خوای گـەورە کاتێك کە مەقامی مـەحمودی پـێ دەدرێت کـە تکـا بکـات بـۆ هـەموو خـەڵکیو خـوای مـەزن دێـت بـە کارەکاندا دەکاتو دادگایی بەندەکانی دەکات. پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی: (سـوژدە دەبـەم بـۆ خـوای مەزن، هەرچەندێ خوا مەیلی لێ بێت بمهێڵێتـەوە، دەمهێڵێتـەوەو فێـری سـوپاسو ستایـشێکم دەکـات

[1] الفاطر (١٣).

[2] البقرة (٢٥٥).

[3] النجم (٢٦).

[4] الانبياء (٢٨).

ئێستە ناتوانم بیلێم پاشان دەوترێت: ئەی موحەممەد (ﷺ) سەر بەرز بکەرەوە، بلێ گوێت لێ دەگیرێت، داوا بکەیت پێت دەدرێت، تکا بکە، تکات لێ وەردەگیرێت)[1]، هەتا کۆتایی فەرموودەکە، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ﴾ واتە: هەتا کاتێك ترس و بیم لە دڵی تکاکاران لادەبرێت بە هۆی ڕێگەپێدانی شەفاعەت، بە یەکتر دەڵێن: پەروەردگارتان چی بڕیارێکی فەرموو دەڵێن: وتە ڕاستەکەی فەرموو کە ڕێگەدانە بە تکاکردن، ئەمەیش شوێن و مەقامێکی بەرزە لە مەزنیدا، کە خوای گەورە کاتێك قسەی کردووە و فەرمانی داوە، خەڵکی ئاسمانەکان گوێیان لێ بووە، ترس و لەرزیان لێ هاتووە و وەك ئەوەی لە هۆش خۆیان بچن، ئەمە قسەی ئیبنو مەسعودو مەسروق و کەسانی تریشە.[2] ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ﴾ واتە: کاتێك کە ترس لە دڵیان دادەمرکێت، ئیبنو عەباس و ئیبنو عومەرو (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەبو عەبدوڕحمانی سولەمی و شەعبی و ئیبراهیمی نەخەعی و زەحاك و حەسەن و قەتادە دەڵێن لەم ئایەتەدا: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ﴾ واتە: کاتێك کە ترس لە دڵیاندا نەما، پرسیاریان لە یەکتری کرد ئایا پەروەردگاری ئێوە چی وت؟ فریشتەکانی هەڵگری عەرش هەواڵیان دا بە خواری خۆیان، ئەوانیش هەواڵیان دا بە خوارتری خۆیان هەتا هەواڵەکە گەیشتە خەڵکی ئاسمانەکانی دنیا. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ﴾ واتە: هەواڵیان دا بەوەی خوای مەزن فەرموویەتی بەبێ کەم و زیاد. ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ﴾ واتە: هەر خودایە هەرە پایەبەرزی مەزن. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا لە سەحیحەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك خودا لە ئاسمانەکاندا بڕیارێکی دا بە فەرمانێك لە فەرمانەکانی فریشتەکان باڵەکانیان دەدەن لە یەك لە ترساندا، ئەو وتانەی خودا وەك دەنگی ئاسن وایە لە بەردێکی ڕەق بدات، کاتێك کە ترسەکە لە دڵیان دەرچوو، بە یەکتری دەڵێن: پەروەردگاری ئێوە چی وت؟ ئەڵێن بە یەکتری: ڕاستە و هەر ئەویشە هەرە پایەبەرزی مەزن، ئەوانەش کە قسە دەدزن و دەیبیسن وئابەم شێوەیە کەڵەکەئەکەن لەسەریەکتری، سوفیان باسی کرد دەستی بەلا گرت و پەنجەکانی لەسەر یەك بە بڵاوی داناو وتی: بەم شێوەیە بەسەر یەکەوەن، یەکێکیان قسەیەك دەبیستێ دەیدات بە خوارەوەی خۆی، ئەوەی تریش وەری دەگرێت و دەیدات بە خواری خۆی، هەتا دەیگەیەنێتە سەر زمانی جادوگەر یان فاڵچیەك، لەوانەیە بروسکێکی ئاگر لێی بدات و نەتوانێت بیگەیەنێت، وە لەوانەشە بیگەیەنێت پێش

---

[1] فتح الباري (٨/٢٤٨)، مسلم (١/١٨٥).

[2] الطبري (٢٠/٣٩٦).

ئەوەی بروسکەکە لێی بدات، لەگەڵ ئەو قسەیەدا سەد درۆی پێوە دەلکێنێت‌و زیادی دەکات، پاشان دەوترێت: ئاخۆ فلانە ڕۆژو فلانە ڕۆژ وای نەوت؟ بڕوای پێ دەکرێت بەو قسەیە کە بیسرا لە ئاسمانەوە) تەنها بوخاری ڕیوایەتی کردووە موسلیمی لەگەڵ نیە.[1] ئەبو داودو تیرمیزی‌و ئیبنو ماجەیش ڕیوایەتیان کردووە[2].

﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ قُل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٥﴾ قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَهُوَ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ ﴿٢٦﴾ قُلْ أَرُونِيَ الَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِ شُرَكَاءَ ۖ كَلَّا ۚ بَلْ هُوَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾﴾

هیچ کەسێك شەریکی خودا نیە لە هیچ فەرمانێکدا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: بڵێ کێ ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمانەکان‌و زەویدا بڵێ خوا ڕۆزیمان دەدات بێگومان ئێمە یان ئێوە لەسەر ڕێنموونین یان لە گومراییەکی ئاشکرا داین، خوای گەورە باسی بێ هاوتایی خۆی دەکات لە دروستکردن‌و ڕۆزی دانداو لە پەرستن‌و هاوارلێکردن‌و داواکاریشدا، وەك چۆن موشریکەکان دانی پێدا دەنێن کە هیچ کەسێك ڕۆزیان لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا نادات، واتە: کەس بارانیان بۆ نابارێنێت‌و کشتوکاڵیان بۆ ناڕوێنێت تەنها خوا نەبێت. بە هەمان شێوەش دەبێت بزانن کە پەرستراویش هەر خوایە‌و هیچ کەسێکی تر نیە بپەرسترێت جگە لە ئەو. وە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ ئەمە لە (بابی لەف‌و نەشرە) لە ڕەوانبێژیدا واتە: یەکێك لەم دوو دەستەیە لەسەر بەتاڵی‌و ئەوی تریان لەسەر هەقە، چونکە ناگونجێت ئێمە‌و ئێوە هەردوو لەسەر هەق بین یان هەردوو لەسەر بەتاڵ بین، بەڵکو یەکێکمان لەسەر ڕێی ڕاستە‌و ئەوی ترمان لەسەر ڕێی بەتاڵی‌و گومراییە، وە ئێمە سەلماندوومانە‌و بەڵگەمان هێناوەتەوە لەسەر یەکخواپەرستی، ئەوە نیشانەیە لەسەر بەتاڵی پوچەڵ کردنەوەی ئەوەی کە ئێوەی لەسەرن کە هاوەڵتان بۆ خودای گەورە داناوە. بۆیە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ قەتادە دەڵێت: هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بێگومان ئەمەیان بە موشریکەکان وتووە: کە سوێند بە خودا هەردوو لامان لەسەر یەك ڕێگا نین، تەنها یەك دەستەمان لەسەر ڕێیەو

---

[1] فتح الباري (٨/٣٩٨).

[2] ابو داود (٤/٢٨٨)، تحفة الأحوذي (٩/٩٠)، ابن ماجه (١/٦٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

شارەزایە.[1] عیکریمەو زیادی کوڕی ئەبو مەریەم دەڵێن: واتە: ئێمە لەسەر ڕێـینو شـارەزاینو ئێـوە بـە ئاشکرا لەسەر بەتاڵو پڕوپوچن[2]. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ واتـە: بڵـێ پرسـیارتان لێ ناکرێـت لەسـەر تاوانێـك كـە ئێمـە كردوومانـە ئێمـەش پرسیارمان لێ ناکرێت لەوەی کە ئێوە دەیکەن. واتە دوورەپـەرێزبوون لـە خوانەناسـان، واتـە: هـەرگیز ئێمە پەیوەندیمان بە ئێوەوە نیەو ئێوەش هیچ پەیوەندیتان بە ئێمەوە نیە، بـەڵکو ئێمـە بـانگی ئێـوە دەکەین بۆ لای خودای گەورە کە تەنها ئەو بناسنو عیبادەتی ئەو بکەن، ئەگەر بە گوێتان کردین ئـەوا ئێوە لە ئێمەنو ئێمەش لە ئێوەین. خۆ ئەگەر بە گوێتان نەکردینو بڕواتان نەهێنا، ئەوا ئێمە حاشاتان لێ دەکەینو ئێـوەش هـیچ پـەیوەندیـەکتان بـە ئێمـەوە نیـە، وەك خـوای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴾[3] واتـە: ئەگـەر بڕوایـان پێ نەهێنای ئەوە پێیان بڵێ (پاداشتی) کـردەوەی خـۆم بـۆ خـۆمو (پاداشـتی) کـردەوەی خۆتـان بـۆ خۆتان ئێوە بەرینو بەرپرسیار نین لەوەی من دەیکەم منیش بەرپرسیار نیم لەوەی ئێوە دەیکـەن. وە فەرموویـــەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴾[4] واتـــە بڵـــێ: ئـــەی بێباوەڕان، وە ئەو بتانە ناپەرستم کـە ئێـوە دەیپەرسـتن، وە ئێـوەش ئـەو خوایـە ناپەرسـتن کـە مـن دەیپەرستم، وە من ئەو خواپەرستیە ناکەم کە ئێوە دەیکەن، وە ئێوەش ئەو خواپەرستیە ناکـەن کـە من دەیکەم، ئایینی خۆتان بۆ خۆتانو ئایینی خۆم بۆ خۆم. پاشان خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ ﴾ واتە: لـە ڕۆژی قیامەتـدا هـەموو خـەڵکی لـە یـەك شـوێندا بـەبێ جیاوازی کۆدەکاتەوەو بە کاری هەمووانـدا دەگـات هـەر چـۆنێك پێویسـت بکـات. واتـە: فـەرمانڕەوایی دەکات لە نێوانماندا بە دادپەروەری خۆی تـا هـەر کەسـە پاداشـتی خـۆی وەرگرێـت چـاکە بـە چـاکەو خراپەکاریش بە تۆڵەسەندن لێی، وە بـەم زووانـە دەزانـن کـە لـەو ڕۆژەدا کـێ سـەرکەوتووەو خـاوەن دەسـەڵاتو خۆشـبەختی هەتاهەتایـە، وەك خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ

---

[1] الطبري (٢٠/٤٠١).

[2] الطبري (٢٠/٤٠١).

[3] يونس (٤١).

[4] الكافرون (١ـ٦).

يَتَفَرَّقُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَهُمْ فِى رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ ﴿١٥﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآئِ ٱلْـَٔاخِرَةِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ فِى ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ ﴾[1] واتە: ئـەو ڕۆژەی قیامـەت هەڵدەسێت خەڵك لەو ڕۆژەدا جیادەبنەوە لە یەکتر، ئینجا کەسانێك کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ئەوان لە بەهەشتدا دڵخۆش دەکرێن، بەڵام ئەوانەی بێباوەڕ بوون بە نیشانەکانی ئێمەو گەیشتن بە ڕۆژی دوایی ئا ئەوانە لەناو سزای دۆزەخدا ئامادە دەکرێن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلْفَتَّاحُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ واتە: هەر ئەو زاناو کاربەدەستو دادپەروەرەو ئاگاداری ڕاستی هـەموو کارەکانـە. وە پاشـان دەفـەرمووێت: ﴿ قُلْ أَرُونِىَ ٱلَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِۦ شُرَكَآءَ ﴾ واتـە: ئـەم کەسانەم نیشان بدەن کە ئێوە بە خوداتـان دەزانـیو کردبووتـان بـە شـەریکی خـوداو لـە جێـی خـودا دەتانپەرستن، ﴿كَلَّا﴾ واتە: هەرگیز خودا هاوەڵو شـەریكو هاوتـای نـەبووە، بۆیـە فەرموویـەتی: ﴿بَلْ هُوَ ٱللَّهُ﴾ واتـە: بـەڵکو خودایـەکی تـاكو تەنهایـەو شـەریکی نیـە، ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ واتـە: خـاوەنی دەسەڵاتێکی وایە هەموو شتێکی شکست پێ هێنـاوەو زاڵ بووە بەسەریداو لـە کارزانیشە لـە کردارو گفتارو بەرنامەو بڕیاریدا، پاكو بێگەردە لەو شتانەی کە خوانەناسان دەیدەنە پاڵیو زۆر مەزنە.

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ وَيَقُولُونَ
مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لَّا تَسْتَـْٔخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا
تَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوانەکراوە بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی

خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمبـەر (ﷺ) دەداتـەوەو دەفـەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ﴾ واتە: ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە بۆ هەموو خـەڵکی لەوانـەی کـە موکەلـەفنو خاوەنی عـەقڵن، وەك ئـەم ئایەتانـە کـە خـودا دەفـەرمووێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾[2] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئەی خەڵکینە بە ڕاستی من پێغەمبەری خـودام بـۆ ئێـوە هـەمووتان. وە دەفەرمووێت: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾[3] واتە: گەورەو پیرۆزە ئەو

---

[1] الروم (١٤ـ١٦).
[2] الاعراف (١٥٨).
[3] الفرقان (١).

زاتەی کە فورقان (قورئان)ی بۆ سەر بەندەی خۆی ناردووەتـە خـوارەوە تـا ترسـێنەر بێت بۆ هـەموو جیهانیان. ﴿بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾ واتە: مژدە بدە بەوانەی کە گوێڕایـەڵیت دەکـەن بـە بەهەشـت، ئەوانـەش بترسێنە کە سەرپێچیت دەکـەن بـە ئـاگری جەهەنـەم. ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتـە: بەڵام زۆربەی ئادەمی نازانن. وەك ئەم ئایەتانە وایە کە خـودا دەفـەرموێت: ﴿ وَمَآ أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾[1] واتە: وە زۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سووربیت لەسەر باوەڕهێنانیـان نابنـە ئیمانــدار. وە دەفــەرموێت: ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴾[2] واتــە: وە ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت لەسەر زەویدان لە ڕێگەی خودا گومڕات دەکـەن. موحەممـەدی کوڕی کەعب لەم ئایەتەدا: ﴿ أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ﴾ دەڵێت: واتە: بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی. قـەتادە لـەم ئایەتـەدا دەڵێـت: خـوای مـەزن موحەممـەدی (ﷺ) ڕەوانـەکرد بـۆ عـەرەبو عەجـەم، بـەڕێزترینی مـەردم لـە لای خـودا خواناسـترین کەسیانە[3]. وە لـە هـەردوو سـەحیحەکەدا هـاتووە لـە جابیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێن: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فـەرمووی: (پێـنج شـتم پێـدراوە کـە بـە هیچ کەسێك لە پێغەمبەرەکانی پێشم نەدراوە: یارمەتی دراوم بە ترس بە ئەندازەی ڕۆیشتنی مانگێك بـە ڕێدا، وە سەر زەمینم بۆ کراوە بە مزگەوتو پاكو خاوێنە، هەر کەسێك لە ئوممەتەکەم کاتی نوێـژی هـات با نوێژ بکات، دەستکەوتی شەڕیشم بۆ حەڵاڵ کراوە بـۆ هـیچ کەسێکی تـری پـێش مـن حـەڵاڵ نـەکراوە، شەفاعەتیشم پێدراوە، پێغەمبەران کاتێك کە ڕەوانەکراون تـەنها بـۆ گەلەکـەی خۆیـان بـووە، مـن ڕەوانـە کراوم بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی)،[4] وە هەر لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەوانەکراوم بۆ ڕەشو سپی)، موجاهید دەڵێت: واتە: جنۆکەو مرۆڤ.[5] کەسانی تریش جگـە لە موجاهید دەڵێن: واتە: بۆ عەرەبو عەجەم. ئەم مانایانە هەمووی ڕاستە.

پرسیارکردنی خوانەناسان لە کاتی هاتنی قیامەتو وەڵام دانەوەیان

پاشان خوای گەورە باسی ئەو خوانەناسانە دەکات کە ڕۆژی قیامەت بـە دوور دەزانـنو بـڕوای پـێ ناکـەن، دەفــەرموێت: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ واتــە: وە دەڵـێن ئـەم

---

[1] یوسف (١٠٣).

[2] الانعام (١١٦).

[3] الطبري (٢٠/٤٠٥).

[4] فتح الباري (١/٥١٩)، مسلم (١/٣٧٠).

[5] أحمد (٥/١٤٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

بەڵێنی ڕۆژی دواییە کەی دێت ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ﴾[1] واتە: ئەوانەی باوەڕیان پێی نیە پەلەی هاتنی دەکەن بەڵام ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە دەترسن لێی‌و دەزانن ڕۆژی دوایی ڕاستە. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لَّا تَسْتَـْٔخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا تَسْتَقْدِمُونَ ﴾ واتە: کاتو شوێنیان بۆ دیاری کراوە هیچ کەم‌و زیادی نیەو ئامادە کراوە وەختێك هات نە دوا دەخرێن‌و نە زووش دەبرێن. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ ﴾[2] واتە: بێگومان کاتی سزای خوا کە هات دواناکەوێت. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴿١٠٤﴾ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ ﴾[3] واتە: وە ئێمە دوای ناخەین مەگەر بۆ کاتێك دیارو بەرچاو، ئەو ڕۆژە کە دێت هیچ کەس قسە ناکات مەگەر بە مۆڵەتی خوا ئەوسا لەناویاندا هەیە بێ بەخت‌و نەگبەت‌و هەیە بەختەوەرو ئاسوودە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ بِهَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَلَا بِٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّـٰلِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ٱلْقَوْلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لَوْلَآ أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟ أَنَحْنُ صَدَدْنَـٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَـٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾

ڕێکەوتنی خوانەناسان لە دنیادا لەسەر دژایەتی هەق‌و مشت‌و مڕیان لەگەڵ یەکتری لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ بِهَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَلَا بِٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّـٰلِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ واتە: خوای گەورە باسی لاساری‌و سەرکەشی‌و ڕکی‌و بەردەوامبوونی خوانەناسان دەکات کە بڕوا ناهێنن بە قورئانی پیرۆز چ مشت‌و مڕێکیانە لە ڕۆژی

---

[1] الشورى (١٨).

[2] نوح (٤).

[3] هود (١٠٤_١٠٥).

قیامەتداو خوای گەورەش هەڕەشەیان لێ دەکاتو باسی ئەو حاڵەیان بۆ دەکات کە دەوەستێنرێن لەبەر دەمیدا کە چەندە سەرشۆڕو داماون لە کاتی گفتوگۆیاندا لەگەڵ یەکتری، ﴿يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا﴾ واتە: قسەو تاوان ئاراستەی یەکتری دەکەن ئەوانەی کە بێ دەسەڵاتن ئەڵێن: ﴿لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ واتە: بەوانەی کە خاوەن دەسەڵات بوون لە دنیادا لە ئاغاو کاربەدەستەکانیان، ﴿لَوْلَا أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە نەبوونایەتە ڕێگرمان ئێمە شوێنی پێغەمبەران دەکەوتینو بڕوامان دەهێنا بەوەی کە بۆی دەهێنایین، پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَاءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ واتە: کاربەدەستەکانیان ئەڵێن: ئایا ئێمە بووینە ڕێگرتان کە بە ڕێی ڕاستدا بڕۆن، نەخێر نەبووین بەڵکو ئێمە تەنها هەر ئێوەمان بانگ کرد، ئێوەش بەبێ بەڵگە شوێن ئێمە کەوتن، دژایەتی ئەو هەموو بەڵگانەتان کرد کە پێغەمبەران هێنایان لەبەر ئارەزوویەکی دنیایی خۆتان شوێن ئێمە دەکەوتن بۆیە پێیان ئەڵێن: ﴿بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ واتە: ئێوە خۆتان تاوانبارن. پاشان بێ دەسەڵاتان ئەڵێن بە خاوەن دەسەڵاتان وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ واتە: بە شەوو بە ڕۆژ هەر خەریکی فریودانی ئێمە بوونو تەماحتان دەخستە بەر دەمامانو دەتانوت: ئێمە لەسەر ڕێی ڕاستین، کەچی ئەو هەموو بەڵێنانە گشت درۆ بوون بە قسەی پڕوپوچ دەرچوون. قەتادەو ئیبنو زەید لەم ئایەتەدا: ﴿بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ دەڵێن: واتە: بە شەوو بە ڕۆژ هەر وازتان لێ نەدەهێناین فێڵتان لێ دەکردین،[1] مالیك لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە هەر بەو شێوەیە ڕیوایەتی کردووە.[2] ﴿إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا﴾ واتە: فەرمانتان پێ دەکردین کە خوا نەناسینو چەندین هاوەڵی بۆ دابنێین، بە فێڵو تەڵەکەی خۆتان بۆ ئەوەی لە ڕێگە لامان بدەن. ﴿وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ﴾ واتە: خاوەن دەسەڵاتو بێ دەسەڵات هەموو پەشیمان بوون لە دڵدا لەوەی کردوویانە، ﴿وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە: کاتێك کە زنجیر لە ملیان کراو ڕاکێشران بۆ سزادان، ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ واتە: هەر کەسە بە پێی خۆی، خاوەن دەسەڵاتو بێ دەسەڵات، پاداشتی خۆی وەردەگرێت لەسەر ئەو کارانەی کە کردوویانە، ﴿قَالَ

---

[1] الطبري (٢٠/٤٠٨).

[2] الطبري (٢٠/٤٠٨).

لِكُلٍّ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ﴾[1] واتە: (پـەروەردگار) دەفـەرموویێت بـۆ هـەر کامتـان سـزا دوو بەرامبـەرە بەڵام ئێوە نازانن‌و بێ ئاگان. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێن: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویـەتی: (جەهەنـەم کاتێـك خـەڵکی جەهەنـەمی بـۆ ڕەوانـە دەکرێت گڕەکەی دەچێت بە پیریانەوە، پاشان دایاندەپۆشێت بـە داپۆشینێك کـە هەرچـی گۆشـتیان هەیە دەکەوێتە خوارەوە بەسەر ڕەگی پاژنەیاندا)[2].

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٣٤ وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ٣٥ قُلۡ إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٦ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ٣٧ وَٱلَّذِينَ يَسۡعَوۡنَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡعَذَابِ مُحۡضَرُونَ ٣٨ قُلۡ إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥۚ وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٣٩ ﴾

باوەڕنەهێنانی خۆشگوزەرانان بە پێغەمبەران‌و لە خۆبایی بوونیان بە هۆی زۆری ماڵ‌و منداڵەوە

خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەداتەوەو فەرمانی پێ دەکات کە چاو لە پێغەمبـەرە پێشووەکانی خۆی بکات، هەواڵی دەداتێ کە هیچ پێغەمبەرێك لـە پـێش ئـەو ڕەوانـە نـەکراوە بـۆ هـیچ دێیەك مـەگین ژیانخۆشـەکان بڕوایـان پـێ نـەهێناوە، بـەڵکو خـەڵکـە هـەژارو بێدەسـەڵاتەکانی شـوێنی کەوتوون، وەك گەلەکەی نوح (سەلامی خوای لێ بێت) دەیانوت: ﴿أَنُؤۡمِنُ لَكَ وَٱتَّبَعَكَ ٱلۡأَرۡذَلُونَ ﴾[3] واتە: وتیان ئایا چۆن بـاوەڕ بـە تـۆ بێـنین لـە کاتێکدا ئەوانـەی شـوێنت کـەوتوون دامـاوترین کەسـن، یـان دەیـانوت: ﴿وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ ﴾[4] واتـە: وە نـابینین تـۆ هـیچ کەسێك شوێنت کەوتبێت جگە لەوانـەی کـە هـەژارو داماوەکانمـانن بـێ ئـاوەزو سـاویلکەن، وە گـەورە پیاوانی گەلی پێغەمبـەر سـاڵحیش (سـەلامی خـوای لێ بێـت) دەیـانوت بـە بـێ دەسـەڵاتەکان: ﴿لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ أَتَعۡلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] الحلية (٣٦٣/٤)، فەرموودەیەکی زۆر لاوازە.

[3] الشعراء (١١١).

[4] هود (٢٧).

مُؤۡمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾[1] واتە: بەوانەی لاوازو ژێردەستە کرابوون ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لە ناویاندا ئایا دەزانن کە سالح ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریەوە وتیان بێگومان ئێمە بڕوادارین بەوەی کە سالح پێی ڕەوانە کراوە، ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانی وتیان بە ڕاستی ئێمە بێباوەڕین بەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴾[2] واتە: وە بەو جۆرە هەندێکیانمان بە هەندێکی تریان تاقی کردەوە بۆ ئەوەی بڵێن ئایا ئەوانە خوا ڕێزو بەهرەی پێ بەخشیون لەناو ئێمەدا؟ ئایا خودا لە هەموو کەس زاناتر نیە بەوانەی شوکرانەبژێرین؟ وە دەفەرمووێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ ﴾[3] واتە: بەو شێوەیە لە هەموو شارێکدا گەورەترین تاوانبارانمان کرد بە دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی پیلانو فێڵ بکەن لەو شارانەدا، وە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرٗا ﴾[4] واتە: وە کاتێك بمانەوێت دانیشتوانی شارو وڵاتانێك لەناو ببەین فەرمان دەدەین بە دەوڵەمەندە خراپەکارو زۆردارەکانی تاگوێڕایەڵیو کردەوەی چاك بکەن، کەچی ئەوان یاخی دەبنو لە فەرمان دەردەچن جا بڕیاری سزادان پێویست دەبێت بۆ دانیشتوانی ئەو شارانە، ئیتر ئەو شارانە وێران دەکەین بە وێرانکردنێکی تەواو. وە خوای گەورەیش لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ ﴾ واتە: هیچ پێغەمبەرو فرستادەیەکمان ڕەوانە نەکردووەتە سەر هیچ ئاوەدانیەك، ﴿إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ ﴾ واتە: خاوەن بەهرەو دەسەلاتو ساماندارو کاربەدەستانی ئەوشارە، قەتادە دەڵێت: زۆردارو خاوەن دەسەلاتو سەرۆکە خراپەکانیان.[5] وتوویانە: ﴿إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾ واتە: ئەو شتانەی ئێوە پێی ڕەوانە کراون باوەڕمان پێیان نیە. دیسان خوای مەزن باسی ئەو خوانەناسانە دەکات کە لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون فەرموویەتی: ﴿وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴾ واتە: وە وتیان ئێمە سامانو منداڵمان زۆرترە وە ئێمە قەت سزا نادرێین.

---

[1] الاعراف (٧٥-٧٦).

[2] الانعام (٥٣).

[3] الانعام (١٢٣).

[4] الاسراء (١٦).

[5] الطبري (٢٠/٤٠٩).

بتپەرستەکان زۆر شانازیان دەکرد بە زۆری سامانو منداڵەوە وایان دەزانی کە ئەوە نیشانەی خۆشەویستی خودایە بۆیان، چونکەبڕوایان وابووکە خودا ئەوماڵو منداڵەکە پێی داون لەدونیادا بۆ ئەوە پێی نەداون لە ڕۆژی قیامەتدا سزایان بدات پێیان، چەندە ئەم بۆچوونەیان لە ڕاستیەوە دوورە، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴾[1] واتە: ئایا ئەوانە وا دەزانن ئەوەی پێیان دەبەخشین لە سامانو منداڵان بە هۆی شیاویانەوە، چەسپانیمان کردووە بۆیان لە خێرو خۆشەویستیەکاندا بەڵام هەستیپێناکەن. وە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴾[2] واتە: جا سەرنجت ڕانەکێشێتو سەرسامت نەکات، زۆری ماڵو دارایيو منداڵیان، بێگومان خوا دەیەوێت سزایان بدات بە هۆی ئەو ماڵو منداڵەوە لەم ژیانی دنیایەدا وە بە سەختی گیانیان دەربچێت لە کاتێکدا کە ئەوان بێباوەڕن. وە دەفەرموێت: ﴿ ذَرْنِى وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِءَايَٰتِنَا عَنِيدًا ﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴾[3] واتە: واز لە منو ئەو کەسە بێنە کە دروستم کردووە بە تەنها، وە دارایی زۆرو زەوەندم پێداوە، وە کوڕانی ئامادەو بەردەست، وە هۆی ژیانم بۆ ڕاخستووە بە چۆن ڕەخساندنێك، دوای ئەمانەش هێشتا بە تەمایە زیاتری بدەمێ، نەخێر، بە ڕاستی ئەو دەربارەی ئایەتەکانی ئێمە بێباوەڕێکی کەللە ڕەقە، بەم زووانە سزای سەختی پێ دەچەژم. پاشان خوای گەورە باسی خاوەنی دوو باغەکە دەکات کە سامانو منداڵو بەروبوومێکی زۆری پێ بەخشی کە هەر لە دنیادا خودا تۆڵەی لێ سەندو لەناوی دا بۆی پێش سزای ڕۆژی قیامەتی، بۆیە خوای مەزن لێرەدا فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّى يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ﴾ واتە: بڵێ: پەروەردگاری من بە مەیلی خۆیەتی ڕۆزی دەدات بەوەی خۆشی دەوێتو بەوەشی خۆشی لێی نایەت، مەیلی لە هەر کەسێك ببێت هەژاری دەکاتو مەیلیشی لە هەر کەسێك ببێت دەوڵەمەندی دەکات، ئەو کارەی پڕە لە کارزانی، هەر خۆی دەزانێت چۆن بە کارەکانیدا دەکات، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتە: بەڵام زۆرینەی ئەو خەڵکە ئەمە نازانن. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ ﴾ واتە: ماڵو منداڵ

---

[1] المؤمنون (٥٥ـ٥٦).

[2] التوبة (٥٥).

[3] المدثر (١١ـ١٧).

پێدان پێیان نیشانەی خۆشەویستی ئێمەو گرنگیدان نیە بە ئێوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (خودای مەزن سەیری وێنەو سامانتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵەکانتان و کردارەکانتان دەکات).[1] موسلیم و ئیبنو ماجەیش ڕیوایەتیان کردووە.[2] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ واتە:ئەوەی لە ئێمە نزیکتان دەکاتەوە باوەڕو ئاکاری چاکتانە. ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُواْ﴾ واتە: لە جێی ئاکارە چاکەکانیان پاداشت دەدرێنەوە چەندبارە، یەك بە دە تا یەك بە حەوت سەد، ﴿وَهُمْ فِي ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾ واتە: لە شوێنە بەرزو بڵندەکان دەحەسێنەوە بە ئارامی و هیچ ترس و زیان و ئازارو ناڕەحەتیەك نابینن، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (لەناو بەهەشتدا چەند هۆدەو ژوورێك هەیە لە ناوەوەی دەرەوەی دەبینرێت و لە دەرەوەی ناوەوەی دەبینرێت)، عەرەبێکی کۆچەری وتی: ئەوە بۆ کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بۆ کەسێکە گوفتار شیرین و خۆراك بەخش و بەردەوام بووبێت لەسەر ڕۆژوگرتن و شەونوێژی کردبێت کاتێك کە خەڵکی خەوتوون)[3]. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ﴾ واتە: هەوڵ دەدەن ببنە ڕێگر لە ڕێی خوداو شوێنکەوتنی پێغەمبەران و بڕواهێنان بە نیشانەکانی خودا، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ﴾ واتە: وە ئەوانە هەموو پاداشتی کردارەکانیان وەردەگرن و هەر کەسە بە پێی کرداری خۆی لەناو ئاگردا دەتلێتەوە. پاشان دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَهُۥ﴾ واتە: بڵێ: پەروەردگاری من بژێوی بەندەکانی دەدات بە فراوانی بۆ کەسێك مەیلی لێ بێت و کەمی دەکاتەوە بۆ کەسێك کە خۆی مەیلی لێ بێت، ئەوەیش لە کارزانی خۆیەتی و کەسی تر نازانێت و لێی تێناگات، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا﴾[4] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) سەرنج بدە چۆن لە دنیادا باوی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکیاندا و بێگومان پلەکان لە ڕۆژی دواییدا گەورەترە هەروەها باودانەکانیش گەورەترە. وەك لە دنیادا جیاوازن لە ڕۆزیدا یەکێك فەقیرەو یەکێك دەوڵەمەندەو سامانێکی زۆری بەسەردا ڕژاوە، هەر بەو شێوەیە لە ڕۆژی

---

[1] أحمد (٢/٥٣٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٤/١٩٨٧)، ابن ماجە (٢/١٣٨٨).

[3] ابن أبي شيبة (٨/٤٣٧)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

[4] الاسراء (٢١).

دوایشدا هەندێ لە هۆدەی زۆر چاکو بەرزداو هەندێکی تریش وان لە چاڵی زۆر قوڵی بێ بندا، وە چاکترینو بەختەوەرترین کەس لە دنیادا ئەو کەسەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ڕزگار بووە کەسێك کە موسڵمان بوو بێتو بەشی خۆی بژێویو ڕۆزی درابێتو خودا قەناعەتی دابێتێ بەوەی کە پێی داوە)، موسلیم ڕیوایەتی کردووە.[1] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن شَىْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُۥ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ واتە: هەرچەندە ببەخشن لەو شتانەی کە خودا پێی داون فەرمانی داوەو ڕێگای داون لە بەخشینیدا، هەر لە دنیادا پاداشتتان دەداتەوە لەسەریو لە ڕۆژی دوایشدا پاداشتی چاکترتان دەداتەوەو خوا چاکترینی ڕۆزی دەرانە، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (خوای مەزن دەفەرموێت ببەخشە منیش پێت دەبەخشم).[2] وە لە فەرموودەیەکی تری سەحیحدا هاتووە دوو فریشتە هەموو بەیانیەك کە ڕۆژ دەکەنەوە یەکێکیان ئەڵێ: ئەی خودایە ئەوەی دەستی دەگرێتەوەو دەگوشێت لەناوی بدەی بڕی،ئەوی تریان ئەڵێ: ئەی خوایە ببەخشە بەوەی کە ماڵ دەبەخشێت لە باتی ئەوەی کە بەخشیویەتی[3] . پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ماڵ ببەخشە بە زۆری، مەترسە لە خاوەنی(العرش) کەمی بکاتەوە)[4].

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿٤٢﴾﴾

بێزاری دەربڕینی فریشتەکان لە پەرستنیان لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ واتە: خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا موشریکەکان دەهێنێت لەناو ئەو هەموو خەڵکەداو پرسیار لەو فریشتانە دەکات کە موشریکەکان کردبوویانن بە هاوەڵی خوداو وێنەیان کێشابوون لە شێوەی فریشتەکانو وایان دەزانی کە لە خودا نزیکیان دەخەنەوە، خوای گەورەیش دەفەرموێت بە فریشتەکان: ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ﴾ واتە: ئاخۆ ئەمانە ئێوەیان پەرستووە؟ ئایا ئێوە فەرمانتان پێداون کە

[1] مسلم (٢/٧٣٠).

[2] مسلم (١/٦٩١).

[3] مسلم (١/٧٠٠).

[4] الطبراني (١٠/١٩١)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

بتانپەرستن؟ وەك لە سورەتی (الفرقان)دا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَٰؤُلَاءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ ﴾[1] واتە: ئینجا خوا (بە پەرستراوەكان) دەڵێت ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا كرد یان خۆیان ڕێگای ڕاستیان ونكردو گومڕابوون. وەك فەرموویەتی بە عیسا(سەلامی خوای لێ بێت): ﴿ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ﴾[2] واتە: ئایا تۆ وتووتە بە خەڵكی كە منو دایكم بە دوو پەرستراو دابنێن لە جیاتی خوا؟ عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) ئەڵێ: پاكو بێگەردی بۆ تۆ ئەی خودایە نابێتو ناگونجێت بۆ من شتێك بڵێم كە بە هیچ شێوەیەك مافی من نیە. هەر بەو شێوەیەش فریشتەكان ئەڵێن: ﴿سُبْحَانَكَ ﴾ واتە: پاكیو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە ئەی خودایە، هەرگیز تۆ هاوەڵت نەبووە، وەك خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ﴾ واتە: پاكو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە ئەی خودایە، تۆ گەورەمانیو ئێمە عەبدی تۆینو بێزارین لەوانە، ﴿بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ ﴾ واتە: مەبەستیان شەیتانەكانە چونكە ئەو جنۆكانە پەرستنی ئەو بتانەیان لەبەر چاو شیرین كردبوونو گومڕایان كردن، ﴿أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴾ واتە: زۆریان باوەڕیان بەو جنۆكانە هێنابوو، وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا إِنَاثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَّرِيدًا ﴾[3] واتە: جگە لە خوا نزاو هاوار ناكەن تەنها لە چەند (بتێكی ناولێنراوی) مێینە نەبێت وە ناپەرستن جگە لە شەیتانی یاخیو سەركەش نەبێت. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا ﴾ واتە: ئەوانەی كە ئێوە بە تەما بوون سودتان پێ بگەیەنن (لەو بتو هاوەڵانەی كە كردبووتان بە شەریكی خودا) لە ڕۆژی قیامەتدا، دەتانپەرستنو بە فریاڕەستن دانابوو لەم ڕۆژەدا كە ڕۆژی سەختیو ناڕەحەتیە فریاتان بكەوێت، توانای هیچ سوودو زیانێكیان نیە، ﴿وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ﴾ واتە: ئەڵێن بە موشریكەكان، ﴿ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴾ واتە: بچێژن سزای ئاگر كە بڕواتان پێی نەدەكردو بە درۆتان دەزانی بۆ زیاتر ئازاردانیانو سوكایەتی پێ كردنیان لەناو جەهەنەمدا.

---

[1] الفرقان (١٧).

[2] المائدة (١١٦).

[3] النساء (١١٧).

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ وَقَالُوا۟ مَا هَٰذَآ
إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ۚ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٣﴾ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ
يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴿٤٤﴾ وَكَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُوا۟ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ
فَكَذَّبُوا۟ رُسُلِى ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٥﴾ ﴾

قسەی خوانەناسان بەرامبەر پێغەمبەران و وەڵام دانەوەیان

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾ واتە: کاتێك بخوێنرێتەوە بەسەریاندا نیشانە ڕوونەکانی ئێمە، خوای مەزن باسی خوانەناسانی قورەیش دەکات کە حەقی خۆیانە تووشی سزا بن لە لایەن خوداوە جەزرەبەی توندو بە ژانیان بدات چونکە کاتێك بەڵگەی ئاشکرایان بۆ دەخوێنرایەوە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) زۆر بە ڕەوان‌و بە ئاسانی کە گوێیان لێ دەگرت دەیانوت: ﴿قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ﴾ واتە: ئەم پیاوە دەیەوێت ببێتە ڕێگرتان لەوەی کە باب‌و باپیرانتان پەرستوویانە، مەبەستیان ئەوە بوو کە هەر ئاینی باب‌و باپیرانیان ڕاستە، ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هێناون ڕاست نیەو پڕوپوچە! (لەعنەتی خوا لە خۆیان‌و باب‌و باپیرانیان). ﴿وَقَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ﴾ واتە: دەیانوت: ئەمە درۆیەو هەڵبەستراوە، مەبەستیان قورئان بوو، ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ واتە: ئەوانەی کە خودایان نەدەناسی کاتێك ئەم حەقەیان بۆ هات وتیان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە، پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴾ واتە: خوای گەورە هیچ کتێبێکی لە پێش قورئانەوە بۆ عەرەبەکان نەناردووە، وە لە پێش پێغەمبەریش (ﷺ) هیچ پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە نەکردوون، کە زۆر حەزیان دەکرد پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە بکرایە، دەیانوت ئەگەر پێغەمبەرمان بۆ بهاتایەو ترسی وەبەر بهێنایانیە، ئێمە لە خەڵکی چاکتر ڕێی ڕاستمان دەگرت، کاتێك خوای گەورە ئەو ڕێزە مەزنەی لێ گرتن‌و قورئانی بۆ ناردن‌و پێغەمبەری بۆ ڕەوانە کردن، بڕوایان پێ نەکرد دژایەتیان کردو بە ڕوویدا وەستان‌و دەستیان دایە لاساری، پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَكَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ واتە: گەلە پێشووەکانی پێش ئەوانە وەك ئەمانە بێباوەڕ بوون، ﴿وَمَا بَلَغُوا۟ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ ﴾ واتە: کە ئەمان دەیەکی ئەوانەی پێشوویان پێ نەدراوە، لە

دنیادا، ئیبنو عەباس دەڵێت: لە هێزو توانا لـە دنیـادا.[1] قـەتادەو سـودیو ئیبنـو زەیدیش هـەر وایـان وتووە.[2] وەك خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم مِّن شَىْءٍ إِذْ كَانُوا۟ يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا ئـەوەی بـەوان(گـەلی عـاد)مـان دابـوو (لـە سـامانو دەسەڵات) بە ئێوەمان نەدابوو وە گوێو چاوو دڵمان پێدابوون بەڵام هیچ سوودو کەڵکی پێ نەگەیاندن نە گوێو نە چاوو نەدڵیان، چونکە ئەوان باوەڕیان بە نیشانەکانی خوا نەبوو وە دەوری دان ئەو سزای گاڵتەیان پێ دەکرد. وە دەفـەرموێت: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً ﴾[4] واتـە: دەی ئایـا بـە زەویـدا نەگـەڕاون تـا ببیـنن سـەرەنجامی کەسانێك کە بەر لەوان بوون چۆن بووە کە لەمان زۆرتـرو بـەهێزتریش بـوون. واتـە: ئـەو هـەموو هێـزو تواناىانە سزاو جەزرەبەی لێ نەگێڕانەوەو لێی لانـەدان، بـەڵکو خـوای گـەورە قـڕی کـردنو هـەموویانی لەناو برد بە هۆی باوەڕنـەهێنانیان بـە پێغەمبـەرەکانی، بۆیـە فەرموویـەتی: ﴿فَكَذَّبُوا۟ رُسُلِى ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ واتە: چۆن تۆڵەم لێ سەندنو سوكو ڕیسوام کردنو پێغەمبەرانم زاڵ کرد بەسەریاندا.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾﴾

شێوازی بڕیاردان دەربارەی ئەوەی دابویانە پاڵی پێغەمبەر (ﷺ) گوایەکەسیکی شێتە.

خودای گەورە ئەفەرموێت: ئەی موحەمەد (ﷺ) بڵێ بـەو خوانەناسـانەی کـە وادەزانـن تـۆ شـێتی ﴿إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ﴾ واتـە: فـەرمانتان پێدەکـەم بەیـەك شت لەبـەر خـودا ﴿أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ﴾ واتە: هەڵسن یەکەیەکەو دوو دوو پاشان بیربکەنـەوە بەبێ دەمارگیریو هەوەسبازیو پرسیار لە یەکتری بکەن ئاخۆ موحەمەد(ﷺ) شێتەو جنۆکە دەسـتی لێ وەشاندوە؟! باش یەکتری ئاگاداربکەن ﴿ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟﴾ واتە: پاشانیش بچنەوە بە خۆتانداو لـە خەڵکی تریش بپرسن ئەگەر گومانتان هەیە لەوەی کە موحەمەد (ﷺ) شێت بووە، بۆیە خودای گـەورە

---

[1] الطبري (٢٠/٤١٦).

[2] الطبري (٢٠/٤١٦ـ٤١٧).

[3] الاحقاف (٢٦).

[4] الغافر (٨٢).

فەرمویەتی: ﴿أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ﴾ ئەمە ئەو تەفسیرەیە کە موجاهیدو موحەمەدی کوڕی کەعبو سودیو قەتادەو کەسانی تریش باسیان کردوە.[1]

وە ئەم ئایەتەش هەر ئەم مەبەستە دەگەیەنێ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ واتە ئەو (پێغەمبەر (ﷺ)) تەنیا ترسێنەرە بۆ ئێوە لە پێش هاتنی سزای سەختی قیامەت، بوخاری ئەم فەرمودەیەی لە ئیبنوعەباسەوە ریوایەت کردوە(ڕەزای خوای لێبێ) کە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێك چووە سەر سەفا پاشان فەرمووی: (یاصباحاه) قورەیش کۆبونەوەلەلای پێغەمبەرو (ﷺ) گوتیان: چیتە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: چۆنە بەلاتانەوە ئەگەر هەواڵتان بدەمێ دوژمن لە بەیانیاندا یان لە ئێواراندا دەدات بەسەرتاندا ئاخۆ ئێوە بەڕاستم دەزانن؟ گوتیان: بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (من ترس وەبەر هێنەرێکم بۆ ئێوە لە پێش دابەزینی ئەو سزا مەزنە) واتە: ئەگەر بڕوام پێ نەکەن بەم زوانە خودا ئازارێکی توندتان ئەدات ئەبو لەهەب گوتی: عەمرت نەمینێ ئابۆ ئەمەت کۆکردوینەتەوە، خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ﴾[2] واتە: لەناوچێت هەردوو دەستی ئەبو لەهەبو لەناویش چوو، سودی پێ نەگەیاند داراییەکەیو ئەوەی کە کردی لە دوژمنایەتی پێغەمبەردا (ﷺ)، بێگومان لەمەولا دەچێتە ناو ئاگری بڵێسەدار، لەگەڵ ژنەکەیدا، کە هەڵگری دارو چاووگەیە بۆ نانەوەی ئاژاوە، هەمیشە گوریسێکی بادراو لە پەلی خورمای ئاگرین وا لە گەردنیدا. لە پێشەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾[3] باس کرا[4]. واتە: خزمو کەسە زۆر نزیکەکانت بترسێنە.

﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ۝٤٧ قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ۝٤٨ قُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ ٱلْبَٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ ۝٤٩ قُلْ إِن ضَلَلْتُ فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِي ۖ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِيٓ إِلَيَّ رَبِّيٓ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ۝٥٠﴾

---

[1] الطبري (٢٠/٤١٨).

[2] المسد (١ـ٥).

[3] الشعراء (٢١٤).

[4] فتح الباري (٨/٤٠٠).

هیچ پاداشتێکم ناوێ لەسەر ئاگادارکردنەوەتان

خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بڵێ بە موشریکەکان: ﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ﴾ واتە: بڵێ: من هیچ خێرو پاداشتێك لە ئێوە داوا ناکەم لەسەر بەجێهێنان و گەیاندنی ئەم پەیامەی خوای گەورە، بەڵکو ئامۆژگاری و داوام ئەوەیە لە ئێوە کە عەبدایەتی خودا بکەن، ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ﴾ واتە: بەڵکو پاداشتی خۆم لە خوای گەورە داوا دەکەم و لە لای ئەوە، ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ واتە: خودا ئاگاداری هەموو شتەو ئاگاشی لە منەو خۆی ئەم پەیامەی پێم داوە کە بە ئێوەی ڕابگەیەنم و دەزانێ ئێوەش چی دەکەن. وە پاشان ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ﴾ واتە: بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم بەتوندی هەق دەدات بەسەر بەتاڵدا خوا زانایە بە نهێنی و ئاشکراکان. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾[1] واتە: بەفەرمانی خۆی سروش دەنێرێ بۆ هەر کەس لە بەندەکان کە بیبەوێ. واتە فریشتە دەنێرێ بۆ هەر کەسێ لە بەندەکانی لە ناو خەڵکی سەرزەمیندا، خودا خۆی زۆر چاك ئاگاداری هەموو نهێنیەکانە و هیچ شتێکی لە ئاسمانەکان و زەمیندا لێ ون نابێ. وە پاشان ئەفەرموێت: ﴿قُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ واتە: بڵێ: ڕاستی و پەیامی مەزنی خودا هات و پڕوپوچ ڕۆشت ناگەڕێتەوە. وەك ئەم ئایەتەی کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ﴾[2] واتە: (واز لەوە بێنە) بەڵکو حەق ئەکێشن بەسەر بەتاڵ و ناحەقداو بەهۆیەوە مێشکی دەپرژێ و تێکدەشکێ ئینجا دەست بەجێ بەتاڵ دەفەوتێ و لەناو دەچێت. هەر بۆیە کاتێ کە پێغەمبەری خودا ناو کەعبەی پیرۆز لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا، ئەو بتانەی بینی بە چواردەوریدا بوون، بەسەری کەوانەکەی بە بتێکیانیدا کێشاو ئەم ئایەتانەی خوێند ﴿ وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴾[3] واتە: وەبڵێ ئاینی ڕاست هات و ئاینی ناحەق و بەتاڵ نەماو ڕۆشت بەڕاستی بەتاڵ هەمیشە لەناو چوە، ﴿قُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە،

---

[1] الغافر (١٥).

[2] الانبياء (١٨).

[3] الاسراء (٨١).

ئەسائیش خۆی بە تەنیا ڕیوایەتی کردوە، لەسەر ئەم ئایەتە[1]. پاشان خودای مەزن ئەفـەرموێت: ﴿ قُلْ إِن ضَلَلْتُ فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِى ۖ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ ﴾ واتـە: بڵـێ ئەگـەر مـن گـومڕا بم ئـەوە زیانەکەی تەنیا بۆ خۆمە وە ئەگەر ڕێنمون بم ئەوە بـەهۆی ئـەو قورئانـە وەیـە کـە پـەروەردگارم بـۆی ناردوم. واتە: خێروبێر هەموو لەلای خودایەو ئەو پەیامە ڕاستو ڕەوانو ئاشکرایە کە ئـەو ناردویـەتی، چونکە پڕە لە شارەزاییو شتی زۆر ڕوونو ئاشکراو هەر کەسیش گومڕا بـووە خـۆی سـەری لـە خـۆی شێواندوە، وەك عەبدوڵای کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێ) کاتێ پرسیاریان لێ کرد لە بارەی ئـەهلی تەفویزەوە گوتی: من بە بۆچوونی خۆم قسەی تێدا دەکەم، ئەگەر پێکـام ئـەوە بـە یارمـەتی خودایـە، خۆ ئەگەریش هەڵەم کرد، لە خۆمو لە شەیتانەوەیە، خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لێـی دوورنو قـسەی خۆمە[2]. ﴿إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ﴾ واتە: خودا قسەی بەندەکانی دەبیسێو نزیکە لێیانەوە، دەچێ بـەهاواری ئەوکەسانەوە لێی دەپاڕێنەوە نەسائی ئا لێرەدا فەرموودەکـەی ئـەبو مووسـا دەهێنـێ کـە لـە هـەردوو سـەحیحەکەدا ڕیوایـەت کـراوە کـە پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: (ئێـوە هـاوار) لـە کەسـێ ناکـەن کـە نەبیسێ یان ئاگای لێتان نەبێ بەڵکوبانگی کەسێ دەکەن کە دەبیسێو نزیکەو دێت بەدەم هاوارەوە[3].

﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا۟ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۖ وَيَقْذِفُونَ بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ فِى شَكٍّ مُّرِيبٍۭ ﴿٥٤﴾ ﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ ﴾ واتە: خودای گەورە ئەفـەرموێت: ئـەی موحەمەد ئەگەر ئەو خوانەناسانەت دەدی لە ڕۆژی قیامەتدا کە هیچ دەرەتانێکیان نەماوەو نـازانن ڕوو لەکوێ بکەن لە ترساندا ﴿وَأُخِذُوا۟ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴾ واتە: هەر لە یەکەم جـارەوە کـە گریـانو بەنـدکران ناتوانن بۆ هیچ کوێ بـڕۆن، حەسـەنی بەسـری گـوتی، کـاتێ لـە گۆڕەکانیـان هاتنـە دەرەوە[4]. پاشـان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا ئەڵێن بڕوامـان هێنـا بـە خـواو فریشتەکانیو بە کتێبەکانیو بە پێغەمبەرەکانی خودا، وەك خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ

[1] فتح الباري (٨/٢٥٢)، مسلم (٣/١٤٠٩)، تحفة الأحوذي (٨/٥٧٣)، النسائي في الكبرى (٦/٤٨٣).
[2] ابو داود (٣/٥٨٩).
[3] النسائي في الكبرى (٦/٤٣٨)، فتح الباري (٩/١٥٧)، مسلم (٤/٢٠٧٦).
[4] الطبري (٢٠/٤٢٣).

ﭐلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُواْ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾[1] واتە ئەگەر دەبینی کاتێ تاوانباران لە حزوری پەروەردگاریاندا لە خەجاڵەتیدا سەریان داخستوە، دەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە ئەوەی بەڵێنت پێ دابوین دیمانو بیستمان دەی بمانگێڕوە بۆ دنیا تاکردەوەی چاك بکەین بەڕاستی ئێمە دڵنیاین لەقیامەت بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن مَّكَانٍۢ بَعِيدٍ﴾ چۆن ئێستا دەبنە خاوەن باوەڕ کە زۆر دورکەوتوونەتەوە لەو شوێنەی کە دەبوو باوەڕی تێدا بێنن، کە دەرچوون لە دنیاو بەرەو ڕۆژی دوایی ڕۆشتوون کە شوێنی پاداشتی وەرگرتنە، کە شوێنی تاقی کردنەوە لە دونیادابو، خۆ ئەگەر لەژیانی دنیادا بڕوایان بهێنایە، ئێستا لە ڕۆژی قیامەت سودیان لێ وەردەگرت، بەڵام تازە لە دەستیان چوە باوەڕهێنانیان هیچ سودێکی نیە بۆیان، وەك چۆن کەسێ بە هیوای شتێ نیە لە شوێنێکی زۆر دورەوە بگاتە دەستی. موجاهید گوتی: ﴿وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ﴾ کەی تازە ئەوشتە وەدەست دێنن[2]. زوهری گوتی: ﴿ٱلتَّنَاوُشُ﴾ بەهیوای باوەڕهێنان کاتێ کە ئەوان وان لە قیامەتداو دەستیان لە دنیا بڕاوە. حەسەنی بەسری گوتی: داوای شتێکیان کردوە لە شوێنێکدا کە بەدەست نایەت، کەی تازە فریایی ئەو باوەڕهێنانە دەکەون لەو دوورەوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقَدْ كَفَرُواْ بِهِۦ مِن قَبْلُ﴾ واتە: چۆن تازە باوەڕ بەدەست دێنن لە ڕۆژی قیامەتدا، کە لە دنیادا بڕوایان نەهێناوە بەو پەیامە هەقەو پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستۆتەوە. ﴿وَيَقْذِفُونَ بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۢ بَعِيدٍ﴾ واتە: وە بە نەزانی قسەیان لە پەنهنیەکان دەکرد لە شوێنێکی دورەوە(کە دنیایە)، مالك دەڵێت: لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، واتە: هەر بە گومان. منیش ئەڵێم: وەك خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿رَجْمًۢا بِٱلْغَيْبِ﴾[3] واتە: لە نەدیوخەیاڵاتی دەکەن. جارێ ئەڵێن: شاعیرە، جارێ ئەڵێن فاڵچیە، جارێ ئەڵێن جادوگەرەو جارێکی تریش ئەڵێن شێتە، ئا لەم قسە پڕوپوچانە، بڕواناهێنن بەزیندوبونەوەی ڕۆژی مەحشەرو قیامەت. وەئەڵێن: ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾[4] واتە: بەلامانەوە خەیاڵێکی خاوە دڵمان پێی ئاو ناخواتەوە. قەتادەو موجاهید دەڵێن: لە نەدیو بەخەیاڵی خۆیان ئەڵێن نە زیندووبونەوە هەیەو نەبەهەشتو نە ئاگر[5]. پاشان

---

[1] السجدة (١٢).

[2] الدر المنثور (٦/٧١٤).

[3] الكهف (٢٢).

[4] الجاثية (٣٢).

[5] الطبري (٢٠/٤٢٩).

ئەفەرموێت: ﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ﴾ واتە: ئەوان دوور دەخرێنەوە لەوەی کە بەهیوابن، حەسەنی بەسری‌و زەححاك‌و کەسانی تریش ئەڵێن، یانی: لە باوەڕهێنانیان.[1] سودی دەڵێت، یانی: لە تەوبەکردن.[2] ئیبنو جەریریش هەر وای گوتوە، موجاهید گوتی: ﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ﴾ واتە: لەم دنیایەدا دووردەخرێنەوە لە ماڵ‌و کەس‌و کارو ئەو شتانەی کە زۆر لایان خۆشەویستە.[3] وە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعومەرو ئیبنو عەباس‌و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس(ڕەزای خوایان لێ بێ) ئەمە قسەی بوخاری‌و کەسانی تریشە، لە ڕاستیدا هیچ دژایەتیەك لە نێوان ئەم دوو قسەدا نیە، واتەبێ بەش دەبن لە دنیادا لەوەی کە ئارەزووی دەکەن، وەهەروەها لە ئەوەیشی کە لەڕۆژی دواییدا دەیان ویست وەدەستی بێنن،﴿ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ ﴾ ئەوەی بەسەری پێشوەکانیان هات لە پێشەوە، لە گەلەکانی تر کە بڕوایان بە پێغەمەرەکانیان نەهێنا، کاتێ کە سزای خودا دابەزیە سەریان، خۆزگە دەخوازن کە خاوەنباوەڕبوونایە بەڵام لێیان قەبوڵ ناکرێ، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوٓا ءَامَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُۥ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا ۖ سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِى قَدْ خَلَتْ فِى عِبَادِهِۦ ۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَٰفِرُونَ ﴾[4] واتە: ئینجا کاتێ سزای بەتینی ئێمەیان بینی وتیان: باوەڕمان بەخوای تاك‌و تەنیا هێناوە بێباوەڕین بەو شتانەی کردومانە هاوبەشی خودا، جا باوەڕهێنانەکەیان هیچ سودی نەبو بۆیان لە کاتێکدا سزای ئێمەیان دی باوو سوننەتی خوا هەر وابوە پێشتر لە بەندەکانی دا وە لەوێدا بێباوەڕان زەرەرمەندبون. وەئەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا فِى شَكٍّ مُّرِيبٍۭ ﴾ واتە: ئەوان لەدونیادا هەر لەگومان‌و دوو دڵیدا ژیاون، لەبەر ئەوە بڕوا هێنانیان لێ قەبوڵ ناکرێ کاتێ کە تووشی سزا دەبن. قەتادەئەڵێ: نەکەن بەگومان‌و دوو دڵبن، چونکە هەر کەسێ بەگومانەوە بمرێ هەر بەوشێوەیە زیندوو دەکرێتەوە، هەرکەسیش لەسەر بڕواپتەوی بمرێ لەسەر ئەو بڕوا پتەوییە زیندودەکرێتەوە.

---

[1] الطبري (٢٠/٤٣٠).

[2] الدر المنثور (٦/٧١٥).

[3] الطبري (٢٠/٤٣١).

[4] الغافر (٨٥).

تەفسیری سورەتی (فاطر)

لە مەککەدا هاتووەتەخوارەوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾﴾

باسی دەسەڵات و توانای خودا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: هەموو ستایش بۆ خوایەکە بەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێت: من نەمئەزانی ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾مانای چیە هەتا دوو عەرەبی کۆچەری هاتنە لام لەسەر بیرێك کێشەیان هەبوو، یەکێکیان گوتی بەهاوەڵەکەی (أنا فطرتُها) واتە: من یەکەم جار دەستم پێ کردوە[1]، ئیبنو عەباس دیسان دەڵێت: ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: داهێنەرەکانی ئاسمانەکان و زەمین.[2] زەححاك دەڵێت: هەموو شتێ لە قورئاندا هەیە ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: خودا دروستکەری ئاسمانەکان و زەمینە.[3] وە ئەفەرموێ: ﴿جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا﴾ واتە: فریشتەکانی کردۆتە ڕاسپاردە لە نێوان خۆی و پێغەمبەرەکانیدا (سەلامی خوایان لێ بێ). ﴿أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ﴾ واتە: خاوەن باڵن، بەو باڵانە دەفڕن بۆ ئەو شوێنانەی کە فەرمانیان پێ دەکرێت بە پەلە ﴿مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ﴾ واتە: فریشتەی وایان هەیە دوو باڵە، هەیانە سێ باڵە و هەیانە چوار باڵە و هەشیانە باڵی زیاترە. وەك لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) جوبرەئیلی بینیوە(سەلامی خوای لێ بێ) لە شەوی ئیسرادا کە شەش سەد باڵی هەبووە، لە نێوان هەردوو باڵیدا وەك نێوانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا بوە.[4] بۆیە خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: هەرچی چۆنێ مەیلی لێ بێ لێی زیاد دەکات خودا

---

[1] الدر المنثور (٣/٧).

[2] الدر المنثور (٣/٧).

[3] الدر المنثور (٣/٧).

[4] فتح الباري (٣٦١).

توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، سودی دەڵێت: خودا باڵەکانی فریشتە زیادەکاتو بەمەیلی خۆی دروستی دەکات[1].

﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ ﴾

کەس ناتوانێ دەروی خێری خودا بگرێ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ واتە: خوا هەر بەهرەو چاکەیەك بۆ خەڵك بەرەڵا بکاتو بیکاتەوە ئیتر بەرگریکەرێکی بۆ نیە وە خوا لەهەر یەك بگرێتەوە ئیتر لە پاش گرتنەوەی خوا بەرەڵاکەرو نێرەری بۆ نیە وەخوا زاڵی کاردروستە. خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەر شتێ مەیلی لێ بێ دەبێو هەرشتێکیش مەیلی لێ نەبێ نابێت، ئەوەی دەی بەخشێ کەس ناتوانێ ببێتە ڕێگری، وە هیچ کەسیش ناتوانێ ببەخشێ یان نەبەخشێو بیگێڕێتەوە بە مەیلی ئەونەبێ. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە وەڕادی کاتبی موغەیرەی کوڕی شوعبەوە دەڵێت: مەعاویە نامەیەکی نووسی بۆ شوعبە، ئەوەی لە پێغەمبەری خودات (ﷺ) بیستووە بۆم بنووسە، گوتی: موغەیرە منی بانگ کردو بۆم نووسی، موغەیرە گوتی: گوێم لێ بوو لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کاتێ کە لە نوێژ لێ دەبووەوە ئەی فەرموو: (لا إله إلا الله، وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت، ولا ينفع ذا الجد منك الجد) واتە: (هیچ پەرستراوێك نیە جگەلەخودا خۆی نەبێ، شەریکیشی نیە، هەر خۆی خاوەنی دەسەڵاتەو سوپاسی هەر بۆ ئەوە، هەر ئەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەی خودایە، ئەوەی تۆ دەی بەخشی ڕێگری نیە، ئەوەیشی تۆ دەیگێڕیتەوە، کەس توانای بەخشینی نیە، هیچ کەسێ بەکرداری خۆی سودمەند نیە، بەهرەمەندی هەر بەفەزڵی تۆیە) موغیرە دەڵێت: گوێم لێ بو نەهی دەکرد لە قسەهێنانو بردن پرسیار زۆرکردنو ماڵ بەفیڕۆدانو کچ زیندە بەچاڵ کردنو ئازاردانی دایکانو خواردن نەدان بەخەڵکیو ئەنجام نەدانی ئەرکی سەر شانو وەرگرتنی شتی بەناحەق[2] بوخاریو موسلیمیش ڕیوایەتیان کردوە لە چەند ڕێگاوە،[3] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبو سەعدی خودریەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێت: کاتێ کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەری بەرز دەکردەوە لە ڕکوعدا ئەی فەرموو: (سمع الله لمن حمده اللهم ربّنا ولك الحمد، ملءُ السموات والارض، وملء ما شئت من شيء بعد، اللهم أهل الثناء والمجد، أحق ما قال العبد وكلنا

---

[1] الدر المنثور (٤/٧).

[2] أحمد (٢٥٠/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٣٧٨/٢)، (١٣٧/١١، ٥٢١)، ومسلم (٤١٤/١/٤١٥).

لك عبد، اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت، ولا ينفع ذا الجد منك الجد).[1] ئەم ئایەتە وەك ئەوئایەتە وایە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾[2] واتە: وە ئەگەر خودا دوچاری بەلاو زیانێکت بکات ئەوە جگە ئەوکەس نیە بتوانێ لایبات وە ئەگەر خێرو خۆشیەکت پێ بگەیەنێت ئەوە خوا دەسەلاتدارە بەسەر هەمووشتێکدا. لە وێنەی ئەم ئایەتە زۆرە لەقورئاندا.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾

بەلگەی یەكخوا پەرستی

خودای گەورە بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوەو ڕێیان نیشان ئەدات کە چۆن بەتەنیا هەر ئەو بپەرستن و غەیری ئەو نەپەرستن، وەك چۆن خودا خۆی وەدی هێناون و بژێوی داون بەتەنیا، بەو شێوەیەش دەبێ بیپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن و بت پەرستی نەکەن و ئەو چاکانەی خودای مەزنیان لە بیر نەچێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾ واتە: ئەی خەلکینە بیربکەنەوە لە بەهرەی خوا بەسەرتانەوە ئایا بێجگە لە خوا دروستکەرێکی تر هەیە کە ڕۆزیتان بدات لە ئاسمان و زەویدا هیچ پەرسراوێك نیە بێجگە لە خوا، دەی چۆن وا ڕو وەردەگێڕن.

﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ﴾

دلدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی کە پێغەمبەرانی پێشوش زۆربەی خەلکی بڕوایان پێ نەهێناون و وەبیرهێنانەوەی ڕۆژی قیامەت

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ واتە: ئەگەر باوەڕیان پێ نەهێنایت دلگران مەبە چونکە بەڕاستی پێغەمبەرانی پێش تۆش باوەڕیان پێ نەهێنرا. خودای گەورە ئەفەرموێت: خۆ ئەگەر ئەوانەی کە موشریکن ئەی موحەمەد (ﷺ) بڕوا بە تۆ ناکەن و دژایەتیت دەکەن

---

[1] مسلم (١/٣٤٧).

[2] الانعام (١٧).

لەسـەر ئـەو پەیامـەی بـۆت هێنـاون کـە داوایـان لێ دەکـات تـەنیا هـەر خـوا بپەرسـتن، پێغەمبـەرە پێشینەکان، چاکترین نمونەن بۆت، هەروەك تۆ پەیامی ئاشکراو ڕونیان هێنا بۆ گەلەکانیان‌و داوایان لێ کردن کەتەنیا هـەر خـودا بپەرسـتن، بڕوایـان پـێ نـەهێناون‌و دژایـەتیان کـردن ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾ واتە: هەموو کارێ هـەر بـۆلای خـودا دەگەڕێتـەوەو بـەم زوانـە پاداشـتی تـەواویان دەداتـەوە، پاشـان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾ واتە: ئەی خەڵکینە بەڵێنی خودا ڕاستە ڕۆژی قیامەت دێت‌و هیچ گومانێکی تێدا نیـە ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾ واتـە: دنیـا لەچـاو ئـەو شـتانەی خـودا بـۆ دۆسـتەکان‌و ئەوانـەی کـە شـوێنکەوتووی پێغەمبـەرانن زۆر بـێ نرخـە، پاداشـتی قیامـەت زۆر مەزنـە نەکـەن لـە دەسـتی خۆتـانی بـدەن بـەو ژیانـە کەمـە ﴿وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾ ئیبنو عەباس ئەڵێ (الغرور): واتە: شەیتان.[1] یانی: شەیتان هەڵتان نەخەڵەتێنێ‌و لاتان نەدا لە شوێن کەوتنی پێغەمبەران‌و پەیامەکانی خودا، چونکە شەیتان زۆر فریودەرو درۆزنـە ئـەم ئایەتـە وەك ئـەو ئایەتـە وایـە لـە سـورەتی(لقمـان)دا کـە خـوا ئەفـەرموێت: ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾[2] پاشـان خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ واتە: شەیتان دوژمنتانەو هەوڵ ئەدات سەرکەوێت بەسەرتاندا ئێوەش توندتر دوژمنایەتی بکـەن وبچن بەگژیداو بڕوا بەو درۆو فریودانەی مەکـەن ﴿إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ واتـە: دەیـەوێ هەڵتان خەڵەتێنێ‌و گومڕاتان بکات‌و لەگەڵ خۆی بـەرەو نـاو ئـاگر بتانبـات، چـونکە شـەیتان دوژمنێکـی هەرە گەورەو ئاشکرامانە. داواکارین لە خودای خاوەن دەسەڵات کە لـە دوژمنـانی شـەیتان حسابمان بکات‌و بمانکاتە شوێن کەوتوانی قورئانی پـیرۆزو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) چـونکە خـودای مـەزن مـەیلی هەرشتێکی هەبێ دەیکات‌و وە هەر ئەویشە پاڕانەوە قبوڵ دەکات. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّـٰلِمِينَ بَدَلًا ﴾[3] واتـــە: کـــاتێ بەفریشتەکانمان ووت سوژدە بەرن بۆ ئادەم ئەوانیش سوژدەیان برد جگـە لـە ئیبلیس نـەبێت کـە لـە پێڕی پەرییەکان بوو بۆیە لە فەرمانی پەروەردگار دەرچوو دەی ئایـە ئێـوە ئـەوو نـەوەی دەیکـەن بـە

[1] الطبري (٢٠/٤٣٨).
[2] لقمان (٣٣).
[3] الكهف (٥٠).

دۆست و پشتیوانی خۆتان لە جیاتی من لە کاتێکدا کە ئەوان دوژمنی ئێوەن ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران.

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ
عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ۖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا
يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾ ﴾

پاداشتی خوانەناس و باوەڕدار لە ڕۆژی قیامەتدا

خودای گەورە لە پێشەوە باسی شوێن کەوتوانی کرد کە پاشەڕۆژیان هەر ئاگری بەکڵپەیە و پاشانیش ئەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴾ واتە: ئەوانەی خوانەناسن سزای توندیان ئەدرێت، چونکە گوێڕایەڵی شەیتان بون و لە خوا یاخی بون، ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾ واتە: ئەوانەش کە خاوەن باوەڕن و ئاکاری چاکیان کردوە و بڕوایان بەخودای مەزن و پێغەمبەرەکانی هەبوە، هەر تاوانێکیان بووە عەفو دەکرێن و پاداشتی گەورە وەردەگرن لەسەر ئەو کردارە چاکانەیان. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ﴾ واتە: خوانەناس و بەدکاران کاری خراپ دەکەن بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن چاك هەڵساون و لە بەر چاویان جوان کراوە، واتە: ئەوانەی ئا بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە، ئاخۆ هیچ پەیوەندیەکی بەتۆوە هەیە؟ نەخێر هیچ پەیوەندیەکی بەتۆوە نیە، ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾ واتە: بەمەیلی خودا خۆیەتی، هەرچی بڕیاردا هەر ئەوەیە، ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ﴾ واتە: خۆت توشی خەفەت و ناڕەحەتی مەکە و خەمیان مەخۆ، چونکە خودا کارزانە لە بڕیارەکانیدا، هەرکەسێ گومڕا دەکا دەیکا و هەرکەسیش شارەزا دەکات دەیکات، ئەو کارانەی خودا دەیکات پڕە لە حیکمەت و زانیاری تەواوی پێی هەیە. بۆیە فەرمویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ واتە: بەڕاستی خودا بەوەی کە ئەوان دەیکەن ئاگادارە.

﴿ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَـٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَـٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ مَن كَانَ
يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّـٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ ۚ وَٱلَّذِينَ يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ
عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَمَكْرُ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ ﴿١٠﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا ۚ وَمَا تَحْمِلُ

مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١١﴾

بەڵگە لە سەر ژیان پاش مردن

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ﴾ خوا زاتێکە بارانی ناردوە بۆ ئەوەی هەورەکان بگەڕێنێ ئینجا ئەو هەورانە دەنێرێت بۆ سەر وڵاتێکی مردو و بارانی لێ دەبارێ و زەوی پێ زیندو دەکەینەوە لە پاش ووشك بون و مردنی، زیندوکردنەوەی مرۆڤی مردویش هەربەو شێوەیەیە. زۆر جار خودای گەورە بەڵگە بۆ زیندوبونەوەو هاتنی ڕۆژی قیامەت دەهێنێتەوە، بەزیندوکردنەوەی پاش مردنی، وەك لە سەرەتای سورەتی (الحج)دا عەبدەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە بیر لە زیندوبوونەوەی ئەو زەمینە بکەنەوە، تا پەندو ئامۆژگاری وەرگرن لەوەوە بۆ زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت، وەك دەبینن زەمین بەچاوی خۆیان کە زەوی مردوەو وشك هەڵگەڕاوەو هیچ گژوگیایەکی تێدا نیە، کاتێ کە هەور دێتو ئاوی هەڵگرتوەو دەیرژێ بەسەریاندا ﴿وَتَرَى ٱلْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ﴾[1] واتە: ئەم زەمینە دەبینی (بێ هەستو نەستە) کاتێ بارانمان لێ باراند، بەخۆ دادێو گەشە دەکاتو بەرز دەبێتەوەو، ڕووەك لە خۆیدا دەڕوێنێ، هەر بەوشێوەیە لاشەکان کاتێ کە خودا مەیلی لێ بوو زیندوی دەکاتەوە، خودای گەورە بارانێك دەبارێنێ لە ژێر عەرشەوە هەموو زەمین دەگرێتەوە، هەموو لاشەکان دەڕۆێنەوەلە گۆڕەکانیانەوە دێنەدەرەوە، وەك چۆن ڕووەك دەڕوێنەوە لە ناو زەمیندا، بۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (هەموو لەشی ئادەمیزاد دەڕزێ عەجەبوزەنب (عجب الذنب) نەبێت کەمرۆڤ لەوە دروست کراوەو لەوەش پێك دەهێنرێتەوە)[2]، بۆیە حودای گەورە فەرمویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ﴾ واتە: ژیاندنی ڕۆژی قیامەتیش هەروایە. لە فەرمودەکەی ئەبو ڕەزینیشدا هاتوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خودا چۆن مردو زیندوو دەکاتەوە؟ نیشانەی ئەوە چۆنە لە دروستکراوەکانیدا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی ئەبورەزین ئایا تێ نەپەڕیوی بە شیوی هۆزەکەتدا کە وشك هەڵگەڕابێ، پاشان تێ پەڕیی پێیدا سەوز هەڵگەڕابێ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: (ئابەوشێوەیە خودا مردوو زیندودەکاتەوە)[3].

[1] الحج (٥).

[2] مسلم (٢٢٧/٤).

[3] أحمد (١٢/٤)، لە پێشەوە لە سورەتی (الحج)دا پلەی ئەم فەرمودەیە دیاری کراوە.

قەدرو ڕێز لە گوێڕایەڵی خودای مەزندایە لە دنیاو قیامەتدا

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ واتە: هەر کەسێ پێی خۆشە بە قەدرو ڕێزبێ لە دنیاو لە قیامەتدا با هەمیشە پابەند بێت بە گوێڕایەڵی خودای گەورە، چونکە ئەوەی ئارەزووی دەکات دەستی دەکەوێ لە دنیاو لە ڕۆژی دوایدا، هەموو شتێ هەر بەدەستی خودایە هیچ شتێ بەبێ ئیزنی ئەو نەبێ نابێ، وەك فەرموویەتی:﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾[1] واتە ئەوانەی کە بێباوەڕان بەدۆستو خۆشەویستی خۆیان دادەنێن بێجگە لە ئیمانداران ئایا بەتەمان سەربەرزییان لای ئەوان دەست کەوێت؟ (بۆ چونێکی هەڵەیە) چونکە بەڕاستی سەر بەرزیو باڵادەستی هەر بۆ خوایە. وەفەرمویەتی: ﴿ وَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ إِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾[2] واتە: با غەمبارت نەکات وتەی ئەوان، چونکە بەڕاستی هێزو دەسەڵات هەمووی بۆ خوایە. وە فەرمویەتی: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾[3] واتە: ڕێزو گەورەیی تەنها بۆ خواو پێغەمبەری خواو بڕواداران بەڵام دووڕووان نازانن. موجاهیدئەڵێ: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ﴾ هەر کەسێ دەیەوێ ڕێزو قەدری دەست کەوێ بەبتپەرستی دەستی ناکەوێ ﴿فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾[4] قەتادەش ئەڵێ: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ واتە: کەسێ دەیەوێت بەقەدرو ڕێزبێت با هەر شانازی بەپەرستنی خودای مەزنەوە بکات[5].

ئاکاری چاك بەرەو خودا بەرز دەبێتەوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ ﴾ واتە: یادی خواو قورئان خوێندنو دوعاکردن بۆ لای خودا بەرز دەبێتەوە، ئەمە قسەی زۆرێك لە زایانانی سەلەفە ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردوە لە موخاریقی کوڕی سولەیمەوەئەڵێ: عەبدوڵای کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێ) پێی گوتین: ئەگەر قسەیەکتان بۆ بکەین، بۆ ڕاستی قسەکەمان بەڵگەیەك ئەهێنینەوە بۆتان لە قورئاندا، کاتێ عەبدی خاوەنباوەڕئەڵێت: (سبحان الله وبحمده، والحمدلله، ولا إلـه إلاالله، والله أكبر، تبارك الله)

---

[1] النساء (١٣٩).

[2] يونس (٦٥).

[3] المنافقون (٨).

[4] الطبري (٢٠/٤٤٣).

[5] الطبري (٢٠/٤٤٤).

فریشتەیەك هەڵیان دەگرێو دەیخاتە ژێر باڵی پاشان بەرەو ئاسمان بەرزی دەکاتەوە، تێ ناپەڕێ بەلای هیچ کۆمەڵە فریشتەیەکدا مەگین داوای لێ خۆشبوون دەکەن بۆ ئەو کەسەی کە وتویەتی، هەتا دەیانباتە خزمەت خودای مەزن. پاشان عەبدوللا (ڕەزای خوای لێ بێ) ئەم ئایەتەی خوێند ﴿إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥ﴾[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەو کەسانەی یادی خوداو گەورەیی خوداو، سبحان الله والحمدلله ولا إله إلاالله والله أكبر دەکەن، ئەو پاڕانەوەیانە بەدەوری تەختدا عەرشدا دەسوڕێنەوە دەنگێکیان لێوە دێت وەك دەنگی هەنگ وایە، یادی خاوەنەکەیان دەکەن، ئاخۆ کەسێ لە ئێوە پێی خۆش نیە کە بەبەردەوامی لەلای خودا شتێکی هەبێ، یادی بکات)[2]، ئیبنو ماجەش ڕیوایەتی کردوە[3]. وەئەفەرموێت: ﴿وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥ﴾ واتە: وە کردەوەی چاك بەرزی دەکاتەوە، عەلی کوڕی ئەبوتەڵحەئەلێ: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێ): (الكلم الطيب)یانی قسەی چاكو بەسود بریتیەلە یادی خوای مەزن، بەرزئەکرێتەوە بۆلای خوا، ئاکاری چاکیش بەجێ هێنانی فەرزەکانە، هەر کەسێ یادی خودای مەزنی کردبێ لە فەرزەکاندا ئاکارە چاکەکانی ئەو یادە هەڵدەگرێت و بەرزی دەکاتەوە بۆ لای خودای گەورە، بەڵام کەسێ یادی خودای کردبێو فەرزەکانی بەجێ نەهێنابێ، زیکرەکەی ئەدرێتەوەبەسەرکردارەکەیدا، هەرشایستەشە بەئەوە.[4] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَمۡكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی فێڵ بۆ خراپە دەکەن. موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو شەهری کوڕی حەوشەب دەڵێن: ئەوکەسانەن کە ڕیابازی دەکەن بە کردەوەکانیان[5] واتە: فێڵ لە خەڵکی دەکەن خۆیان وا پیشان ئەدەن کە خەریکی خوداپەرستین، ئەو کەسانە خودای گەورە زۆر ڕقی لێیانە چونکە ڕیابازی دەکەن بەکردەوەکانیان بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞۖ وَمَكۡرُ أُوْلَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ﴾ واتە: فێڵەکانیان بەدرۆ دەرئەچێت هەر بەو زووانە لەلای خواناسانو لە خوانزیکان ئاشکرا دەبێت. چونکە هیچ کەسێ نیە کەشتێ پەنهان بکاتو دەری نەخات مەگین خودا لە دەمو چاوو قسە کردنیدا ئاشکرای دەکات، وە هیچ کەسێ نیە کە شتێ بشارێتەوە مەگین خودا پۆشاکەکەی دەکات بەبەریدا ئەگەر چاك بو بەچاکیو

---

[1] الطبري (٢٠/٤٤٤).

[2] أحمد (٤/٢٦٨)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی سەحیحەو پیاوەکانی جێی متمانەن.

[3] ابن ماجه (٢/١٢٥٢)، سەنەدەکانی سەحیحەو پیاوەکانی جێی متمانەن.

[4] الطبري (٢٠/٤٤٥).

[5] الطبري (٢٠/٤٤٧).

ئەگەریش خراپ بوو بەخراپی، چونکە ڕیاباز کارەکەی ڕەواجی نابێ مەگەر لای کەسێ نەبێ کە گێژو حۆل بێ، بەڵام خاوەنباوەڕو لە خوداوەنزیك کاری ئەوانە هیچ نرخێکی نیە لایان، بەڵکو زوو دەردەکەون لەلایانو خودای ئاگادار لە شاراوەکانیش هیچی لێ وون نابێت.

خودا وەدی هێنەرەو ئاگاداری شاراوەو نەدیارەکانە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ واتە: خودای گەورە لە سەرەتاوە ئادەمی بابتانی لە گلێ وەدی هێناوە، پاشان نەوەکانی لە ئاوێکی بێزراو دروست کردوە، ﴿ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا﴾ واتە: پاشانیش کردنیە جوتەی نێرو مێ، ئەوەیش ڕێزو لوتفی بوو لەلایەن خودای مەزنەوە سەبارەت بە عەبدەکانی کەهەر لە خۆیان جوتەی لێ پێك هێنان هەتا لەگەڵی بحەسێنەوە.

وەفەرمویەتی: ﴿وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ﴾ واتە: خودا دەزانێ چی لە ناو سکی مێینە دایەو وەبە ئاگاداری ئەویش نەبێت هیچ مێینەیەکیش منداڵی نابێت، هیچ شتێ لە لای خودا شاراوە نیەو ئاگاداریەتی، بەڵکو ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[1] واتە: وە هەر گەڵایەك بکەوێتە خوارەوە خوا پێی دەزانێو هەر دانەوێڵەیەك لە تاریکیەکانی زەویدا بێتو هەر تەڕو وشکێك هەبێت هەر هەموویان لە کتێبێکی ئاشکرادان، وە لە پێشەوە قسە کرا لەسەر ئەم ئایەتەی خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ﴾[2] واتە خوا دەزانێ هەموو مێینەیەك لە سکیدا چی هەڵگرتوە (کوڕ یان کچ) وە هەروەها دەزانێ منداڵدانەکان چی لێ کەم دەبێتەوەو چی زیاد دەکات وە هەموو شتێ لای ئەو ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، خوا زانایە بە هەموو دیارو نادیارێك گەورەو بەرزە، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ﴾ واتە: ئەوەی کە هەندێ کەس خودا تەمەنی درێژی پێ دەبەخشێ، خۆی دەزانێو لە دەفتەری یەکەمدایە ﴿وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ﴾ ئەم زەمیرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جنسە (ناگەڕێتەوە بۆئەو ناوبراوە بەتەنیا)، چونکە تەمەن درێژی لە دەفتەرەکەداو لەزانیاری خودا دیاری کراوە، ولە تەمەنی کەم نابێتەوە. وە لە ڕێگای عەوفیەوە

---

[1] الانعام (٥٩).

[2] الرعد (٨ـ٩).

ڕیوایەت کراوەلە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوای لێ بێ) لەم ئایەتەدا ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ ئەڵێ: هیچ کەسێ نیە کە بڕیاری تەمەن درێژی بۆ بدرێت ونەو تەمەنە نەباتە سەرو تەواوی نەکات کە بۆی دیاری کراوە، بەڵکو تەمەنی دەگاتە ئەو کاتەی کە لەو دەفتەرەدا نوسراوەو دیاری کراوە لێی زیاد ناکرێ، وە بۆ هیچ کەسێکیش نیە کە بڕیاری تەمەن کورتی بۆ بدرێت ولەسنوری خۆی زیاتر بژیو تەمەن بەسەر بەرێ، بەڵکو دەگاتە ئەو تەمەنەی کە بۆی دیاری کراوە، وەك ئەم ئایەتەی کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ ئیبنو عەباس ئەڵێت: هەموو ئەوانە لە دەفتەرێك دایە لەلای خودا خۆی.[1] زەحاکیش هەروای وتوە. هەندێکی تر لە زانایان وتویانە: ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ﴾ یانی: ئەوەی کە دەنوسرێ ﴿وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ﴾ کەم کەم تەمەنی دەڕوات بەرەو تەواو بون، هەمووی لای خودا زانراوە، ساڵ دوای ساڵو مانگ دوای مانگو هەفتە دوای هەفتەو ڕۆژ دوای ڕۆژو سەعات دوای سەعات، لە لای خودا لە دەفتەرەکەیدا نوسراوە، ئیبنو جەریر لە ئەبو مالیکەو وەری گرتووە.[2] سودیو عەتای خۆراسانیش هەروا ئەڵێن. نەسائی ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەیفەرموو: (کەسێك ئەگەر پێی خۆشە کە بژێوی فراوان بێتو تەمەنیشی درێژ بێت با سەر لە خزمو کەسو کاری بدات)[3]. بوخاریو موسلیمو ئەبو داودیش ڕیوایەتیان کردووە[4]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ واتە: ئەمە بۆ خودا زۆر ئاسانەو ئاگادارە لەمانە هەموویو دەزانێت چیان بەسەر دێت، چونکە زانیاری خودا هەموو شتێك دەگرێتەوەو هیچی لێ ون نابێت.

﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ ۖ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾﴾

---

[1] الطبري (٢٠/٤٤٧).

[2] لطبري (٢٠/٤٤٧).

[3] النسائي في الكبرى (٦/٤٣٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (٤/٥٥٣)، مسلم (٤/١٩٨٢)، ابو داود (٢/٣٢١).

لە بەهرەو نیشانەکانی خوای گەورە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ﴾ واتە: ئەو دوو جۆرە دەریایە وەك یەك نین، ئەمەیان سازگارو شیرینەو خواردنەوەی ئاسانەو خۆشە. خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەسەر تواناو دەسەڵاتی مەزنی خۆی لە وەدیهێنانی زۆر شت، وەك دوو دەریا، یەکێکیان شیرینو تینو شکێنە، کە بریتیە لەو ڕووبارە زۆرانەی بەناو خەڵکدا دەڕوات لە گەورەو لە بچووك، بە پێی پێویستی خەڵکی، لە وڵاتو هەرێمو شارو دێهاتو دەشتو بیابانەکاندا کە ئاوێکی پاكو شیرینو بەسوودە بۆ کەسێك کە بیخواتەوە، ﴿وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ واتە: ئەمەی تریشیان تاڵو تفتو سوێرو لینجەو وەستاوە کەشتیەگەورەکان تێیدا دێنو دەچن، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ واتە: تاڵەو پڕ لە خوێیە. پاشان فەرموویەتی: ﴿وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا﴾ واتە: لەناو هەموویاندا گۆشتی تەڕو ناسکی ماسی دەخۆن، ﴿وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا﴾ واتە: خشڵی لێ دەردەهێننو دەیدەن لە خۆتانو خۆتانی پێ دەڕازێننەوە، وەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾[1] واتە: لەو دوو دەریایە مرواریو مەرجان دەردەهێنن، جا بە کام نیعمەتانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن، پاشان فەرموویەتی: ﴿وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ﴾ واتە: کەشتیەکان دەبینی دەریاکات لەت دەکات کە پێشەکەی لە سنگی باڵندە دەچێت. موجاهید دەڵێت: گەمیەکان هەوا لەت دەکەن، بێگومان گەمیەی گەورە نەبێت هەوا نابڕێتو لەتی ناکات. ﴿لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ﴾ واتە: هەتا ئێوە لەو بەهرانەی خودا داویەتیٚ بژێوی بۆ خۆتان دابین بکەن، لە هاتوچۆکردنتان بۆ بازرگانی لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێكو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێكو لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر. ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: بۆ ئەوەی سوپاسی خوای گەورە بکەن لەسەر ئەو دروستکراوە مەزنەی کە ڕامی هێناوە بۆتان کە دەریایە، بە ئارەزووی خۆتان بەکاری دێنن هەرچۆنێك بتانەوێت، وە بۆ هەر شوێنێك بتانەوێت دەچن، هیچ شتێك نابێتە ڕێگر لە ڕێتاندا، بەڵکو بە تواناو دەسەڵاتی خۆی، خوای مەزن ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەمیندایە بۆی ڕام هێناون بە فەزڵو بەزەیی خۆی.

﴿ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ ۚ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ

[1] الرحمن (٢٢ـ٢٣).

لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾﴾

پەرستراوی موشریکەکان توانای ومدیهێنانی توێکلی تەنکی دەوری دەنکە خورما یەکیان نیە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾ واتە: خوا شەو دەکات بەناو ڕۆژداو ڕۆژ دەکات بەناو شەودا، دیسان خوای گەورە بە تواناو دەسەلاتی خۆی شەوو ڕۆژی ڕام هێناوە، شەو بە تاریکیەکەیی‌و ڕۆژ بە ڕووناکیەکەی، جارێك لە درێژی شەو کەم دەکاتەوەو دەیخاتە سەر ڕۆژ جارێکیش لە درێژی ڕۆژ کەم دەکاتەوەو دەیخاتە سەر شەوو بەرامبەریان دەکات، هەروەها بە پێچەوانەشەوە وەك لە هاوین‌و زستاندا لە یەکتری کەم دەکەنەوە، ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ واتە: خۆرو مانگی ڕام هێناوە. خۆرو مانگ‌و ئەستێرە وەستاوەکان‌و ئەستێرە گەڕۆکەکان‌و ئەستێرەکانی تریش لە ئاسماندا بریسکەیان دێت‌و دنیا ڕووناك دەکەنەوە گشت بە پێی ئەو ئەندازەیەی کە بۆیان دیاری کراوە دێن‌و دەچن لەسەر بەرنامەیەکی زۆر وردو پتەو، بە فەرمانی خوای زاناو خاوەن دەسەلات. ﴿كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ واتە: هەموو دێن‌و دەچن هەتا ڕۆژی قیامەت. ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ﴾ واتە: ئەوەی ئەم کارە دەکات پەروەردگارێکی زۆر مەزنە کە هیچ کەسێك شایانی پەرستن نیە تەنها ئەو شایانی پەرستنە پادشایەتی تەنها بۆ ئەوە. ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ واتە: ئەوەی ئێوە هاواری لێ دەکەن لەو بت‌و ئەو شتانەی کە دەیپەرستن وا دەزانن کە لە شێوەی فریشتە نزیکەکانن ﴿مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ﴾ واتە: توانای توێکلی تەنکی دەنکە خورمایەکیان نیە. ئیبنو عەباس‌و (ڕەزای خوای لێ بێت) موجاهیدو عیکریمەو عەتاو عەتیەو عەوفی‌و حەسەن‌و قەتادەو کەسانی تریش وتوویانە: (القطمير) ئەو توێکلە تەنکەیە کە بەدەوری ناوکی خورماوەیە.[1] واتە: هیچیان بە دەست نیە لەناو ئەم ئاسمان‌و زەمینەدا تەنانەت بە ئەندازەی توێکلی تەنکی دەنکە خورمایەکیش. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ﴾ واتە: ئەوانەی کە پەرستوویانن ئەگەر هاواریان لێ بکەن هاوارەکەتان نابیستن، چونکە ئەوان بێ گیان‌و دارو بەردن، ﴿وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ﴾ واتە: خۆ ئەگەریش ببیستن توانای جێبەجێ کردنی داواکانتانیان نیە، ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ﴾ واتە: وە لە ڕۆژی قیامەتدا لا لە ئێوە ناکەنەوە

[1] الطبري (٢٠/٤٥٣).

هەر ناشتاننناسن، وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ ۝٥ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ ﴾[1] واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی هاوار لە غەیری خوا بکات کە وەلامی نادداتەوە تا ڕۆژی دوایی و ئەو (هاوارلێکراو)انە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان. وە دەفەرموویت: ﴿وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا ۝٨١ كَلَّا ۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴾[2] واتە: ئەوان بێجگە لە خوا بڕیاریان داوە بۆ خۆیان چەند پەرستراوێك بۆ ئەوەی ئەو پەرستراوانە ببنە یارمەتیدەر و تکاکار بۆیان، نەخێر وا نیە بەڵکو پەرستراوەکان لە قیامەتدا ئینکاری پەرستنەکەی ئەوان دەکەنو دەبنە دژیانو بەرپەرچیان دەدەنەوە. ﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾ واتە: هیچ کەسێك وەك خوای مەزن ناتوانێت لە پاشەڕۆژی کارەکان ئاگادارت بکات، بزانێت چارەنووست بە چی دەگات. قەتادە دەڵێت: واتە: خوای مەزن خۆی باسی ئەو ڕووداوانەی کردووە هەر ڕوو دەداتو گومانی تێدا نیە[3].

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ۝١٥ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ۝١٦ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ ۝١٧ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۗ إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ ۚ وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِ ۚ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ۝١٨﴾

هەموو خەڵکی بە تەمای بەزەیی خودانو هەژارنو هەر کەسە توێشووی خۆی بە کۆڵی خۆیەوەیە لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە باسی بێنیازی خۆی دەکات لە گشت دروستکراوەکانی، بەڵکو هەموو دروستکراوەکانی بێ دەسەڵاتو هەژارو ملکەچنو سەر نەوی دەکەن لە خزمەتیدا وە دەفەرموویت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ﴾ واتە: ئەی خەڵکینە هەموو پێویستتان بە خوا هەیە لە هەڵسانو دانیشتندا، ﴿وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴾ واتە: هەر خودایە کە بێنیازەو خاوەنی هەموو شتێکەو تەنهایەو هاوەڵی نیەو زۆر مەزنەو پەسەنی هەر بۆ ئەوە لەوەی کە دەیکاتو دەفەرموویتو بڕیار دەداتو دەیکاتە بەرنامە. وە دەفەرموویت: ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ واتە: ئەگەر خوا مەیلی لێ

---

[1] الاحقاف (٥ـ٦).

[2] مريم (٨١ـ٨٢).

[3] الطبري (٢٠/٤٥٤).

بێت هەمووتان لەناو دەبات‌و خەڵکێکی تر دێنێت‌و لە جێی ئێوە دایدەنێت، ﴿وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ واتە: ئەمەش لای خوا گران نیەو زۆر ئاسانە هیچ لەمپەرێك نیە لە ڕێیدا، ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت، ﴿وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا﴾ واتە: ئەگەر کەسێکی بارگران هاوار بکات کە بێن بە هاواریەوە هیچ کەسێك یارمەتی نادات کە تۆزێك لەو بارەی بۆ هەڵگرێت، ﴿لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰٓ﴾ واتە: با زۆر خزمی نزیکیشی بێت وەك باب‌و دایك‌و منداڵی خۆشی، هەموو سەرگەرمی خۆیەتی‌و نایپەرژێتە سەر کەس. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ واتە: بەڵکو ئەوانەی لە خواترسن‌و خاوەنی دڵێکی ڕووناك‌و چاکن پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن لەو پەیامەی کە بۆت هێناون‌و فەرمانەکانی خودا بەجێ دێنن‌و نوێژەکانیان بە ڕێکی بەجێ دێنن، ﴿وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ﴾ واتە: هەر کەسێك ئاکاری چاك بکات سوودەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ﴾ واتە: هەموو بۆ لای خوا دەگەڕێتەوەو دەچێتەوە بەردەستی ئەو، لێپرسینەوەشی زۆر بە پەلەیەو دوای ناخات، هەموو کەسێك بە پێی کرداری خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەگەر کارەکانی چاك بوو بە چاکە پاداشتی دەداتەوە، خۆ ئەگەر کارەکانیشی خراپ بوو تۆڵەی لێ دەسێنێت لەسەر ئەو کارە خراپانەی.

﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِى
ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾ إِنَّآ
أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ
جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلزُّبُرِ وَبِٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَخَذْتُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٢٦﴾﴾

خواناس‌و خوانەناس وەك یەك نین

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ﴾ واتە: وەك چۆن ئەم شتانە وەك یەك نین‌و زۆر دوورن لە یەکەوە وەك چاو ساغ‌و نابینا کە جیاوازیەکی ئێجگار زۆر لە نێوانیاندایە، وە تاریکی‌و ڕووناکی‌و سێبەرو بەر هەتاو، هەر بەو شێوەیەش گیانلەبەرو بێگیان وەك یەك نین. ئەمە نموونەیەکە خوای مەزن دەیهێنێتەوە بۆ خاوەنباوەڕ کە ئەوان زیندوون‌و خوانەناسان وەك مردوو بێگیان وان، وەك لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى

ٱلظُّلُمَٰتِ لَيۡسَ بِخَارِجٖ مِّنۡهَا ﴾[١] واتە: ئایا کەسێك کە مردو (بێباوەڕ) بێت و ئێمە زیندوومان کردەوەو ڕووناکیەکمان بۆ فەراهەم هێنا (کە قورئانە) بە هۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێت و دەڕوات ئایا وەك ئەوە وایە کە لە ناو تاریکستانێکدا بێت کە بە هیچ جۆرێك دەرچوونی نیە لێی. وە فەرموویەتی: ﴿مَثَلُ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ كَٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡأَصَمِّ وَٱلۡبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِۚ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًا ﴾[٢] واتە: وێنەی ئەو دوو دەستەیە وەك کوێرو کەڕو بیسەرو بینا وان ئایا ئەو دوو دەستەیە یەکسانن. خاوەنباوەڕ دڵی ڕۆشنەو دەبیسێ لەناو ڕووناکیدا دەڕوات بەسەر ڕێی ڕاستدا لە دنیاو لە ڕۆژی دواییشدا دەچێتە ئەو شوێنەی کە بۆی دیاری کراوە لەناو بەهەشتدا کە سێبەری پڕو کانیاوی زۆری شیرین و بە تامی تێدایە. بەڵام خوانەناس کوێرو کەڕەو لەناو تاریکیدا دێت و دەچێت هەرگیز لێی دەرناچێت لە گومڕایی و سەر لێشێواوی خۆیدا نازانێت چی دەکات، هەتا کاتێك دەزانێت بە هیلاکدا دەچێت و بەرەو ئاگری جەهەنەم دەڕوات و دەسوتێت و سزا دەدرێت لەناو تاریکایی ئاگردا سوڕ دەخوات زۆر بێ ڕێزەو ئاوەکوڵی دەرخوارد دەدرێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُسۡمِعُ مَن يَشَآءُ﴾ واتە: خودا مەیلی لە هەر کەسێك بێت ڕێی ڕاستی نیشان دەدات و شوێنی پەیامەکەی دەکەوێت و قەبوڵی دەکات، ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ﴾ واتە: وەك چۆن تۆ ناتوانی ئەوانەی کە خوانەناس بوون و مردوون بانگیان بکەی و کەڵك وەرگرن هەر بە هەمان شێوە ئەم موشریکانەش کە بەدبەختن تۆ ناتوانی سودیان پێ بگەیەنی و ڕێیان نیشان بدەی، پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ إِنۡ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴾ واتە: تۆ تەنها هەر ترساندن و ئاگادارکردنەوەت لەسەرە، خودا مەیلی هەر کەسی بێت ڕێی نیشان دەدات و مەیلی لە هەر کەسێکیش بێت گومڕای دەکات. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ﴾ واتە: ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە بە ڕاستی کە مژدە بدەی بە خاوەن باوەڕان و ترسێنەر بیت بۆ خوانەناسان، ﴿وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ ﴾ واتە: هیچ گەلێك لە پێشەوە نەهاتووە لە تۆرمەی ئادەم خودا ترسێنەری بۆ نەناردبن هیچ بیانوویەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە وەك دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٞۖ وَلِكُلِّ قَوۡمٍ هَادٍ﴾[٣] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆ هەر ترسێنەری و بۆ هەموو گەلێك ڕێنیشاندەرێك هەیە. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ

[١] الانعام (١٢٢).

[٢] هود (٢٤).

[٣] الرعد (٧).

﴿حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا لەناو هەموو گەل‌و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها خوا بپەرستن‌و دوور بکەونەوە لە هەر پەرستراوێکی تر، جا خوا هەندێکی لەو ئوممەتانە ڕێنموونی کردو هەندێکیشیان گومڕایی یەخەی گرتن. ئایەت لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ واتە: ئەگەر ئەمانە باوەڕ بە تۆ ناکەن گەلە پێشووەکانیش پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆزن دەزانی کاتێك بە نیشانەی گەورەوە هاتنە لایان، ﴿وَبِٱلزُّبُرِ﴾ واتە: کتێبی بچووك، ﴿وَبِٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ﴾ واتە: وە بە کتێبی زۆر ڕوون‌و ئاشکراوە، وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ أَخَذْتُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ واتە: لەگەڵ ئەو هەموو نیشانەیەدا کە پێغەمبەرەکانیان بۆیان ڕوون کردنەوە، بڕوایان پێ نەکردن، ئێمەش سزایەکی زۆر گران‌و بە ژانمان دان، ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ واتە: تۆ بە چاوی خۆت دیت کە چۆن سزایەکی گەورەو توندم دان.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾

باسی توانای بێپایان‌و تەواوی خوای گەورە

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا﴾ واتە: خوای گەورە لە توانای بێپایانی خۆی ئاگادارمان دەکات لە وەدیهێنانی ئەو هەموو شتە جۆراوجۆرو جیاوازە لە یەك شتدا، ئەویش ئاوە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت کە چەندەها میوەی جیاواز کە -ڕەنگیان وەك یەك نیە- دەڕوێنێت لە زەردو سەوزو سورو سپی‌و چەندەها ڕەنگی تر لە میوە، وەك بە چاو دەبینرێت لە هەموو ڕەنگ‌و تام‌و بۆنێك، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَفِى ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِى ٱلْأُكُلِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾[2] واتە: وە لە زەویدا چەند پارچەی لە پاڵ یەکتریدا هەن هەروەها باخاتی تری‌و ڕەزو کشتوکاڵ‌و باخاتی دارخورمای دوو قەدی یەك بنج و یەك قەد هەموویان بەیەك ئاو ئاو دەدرێن کەچی باوی هەندێکیمان داوە بەسەر

---

[1] النحل (٣٦).

[2] الرعد (٤).

هەندێکی تریاندا لە خواردندا بە ڕاستی لەوانەدا چەند نیشانەی ڕوون هەیە بۆ ئەوانەی تێدەگەن و بیردەکەنەوە. خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمِنَ ٱلۡجِبَالِ جُدَدُۢ بِيضٌ وَحُمۡرٌ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾ واتە: هەر بەو شێوەیە کێوەکانیشی دروست کردووە لە ڕەنگیان جیاوازە وەك بە چاو دەبینرێن دیسان، کە ڕەنگیان سپیەو سوورەو هەشیانە ڕەشێکی تۆخە، لە هەندێ کێودا چەند ڕێگایەك هەیە:ـ (الجُدَد) جەمعی (جُدَّة) ئیبنو عەبباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: (الجُدَد) واتە: چەند ڕێگا، ئەبو مالیك و حەسەن و قەتادەو سودیش هەر وایان وتووە. ڕێگای وایان هەیە ڕەشە وەك قەلەڕەش. عیکریمە دەڵێت: واتە کێوی درێژی ڕەش، ئەبو مالیك وعەتای خۆراسانی و قەتادەیش هەر وایان وتووە.[1] ئیبنو جەریر دەڵێت: کاتێك کە عەرەبەکان شتێکی زۆر ڕەشیان وەسف کردبێت وتوویانە: (أسود غربيب) واتە: ڕەشێکی قەترانیە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ﴾ واتە: هەر بەو شێوەیە گیانلەبەران لە مرۆڤ و جانەوەر و مەڕو ماڵاتیش هەمەجۆرو هەمەڕەنگن. (الدّواب) واتە: هەرچی بە زەویدا بڕوات بە قاچ، لە بابی عەتفی خاسە لەسەر عەتفی عام هەندێ لە مەردم زۆر ڕەشن وەك بەربەرو تۆتمیەکان کەچی سەقالیبەکان و ڕۆمیەکان زۆر سپین، عەرەبیش لە نێوان سپی و ڕەشدایەو هیندیش لە عەرەب بۆرترن، بۆیە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ﴾[2] واتە: وە جیاوازی زمان و ڕەنگتان بە ڕاستی لەوەدا (باسکرا) بەڵگەی زۆر هەیە بۆ زانایان. هەر بەو شێوەیە جانەوەرو مەڕو ماڵاتیش هەمەڕەنگن بەڵکو لە یەك ڕەگەزدا لە گیانەوەر، چەند ڕەنگی جیاواز هەیە، پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خودایەی کە دروست کراوەکانی لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە. بۆیە خوای مەزن پاش ئەمانە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ واتە: ئەوانەی کە زۆر زانان بە ڕاستی لە خوا دەترسن و باش دەیناسن، واتە: ئەوانەی زۆر شارەزاترن لە گەورەیی و توانا و دەسەڵات و زانیاری ئەو خودایە کە هەرچی سیفەتی تێرو تەواوە تیایەتی و بە ناوە پیرۆزەکانی وەسف کراوە، زۆرترو زیاتر لێی دەترسن. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ دەڵێت: ئەوانەی کە دەزانن خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.[3] وە هەر لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: زانا و شارەزا

---

[1] لطبري (٢٠/٤٦١).

[2] الروم (٢٢).

[3] لطبري (٢٠/٤٦٢).

لە عەبدەكانی خودا ئەوانەن كە هەرگیز شەریكیان بۆ خودا دانەناوەو حەلاڵی خودایان بە حەلاڵ زانیووەو حەرامی خودایان بە حەرام زانیوەو ئامۆژگاریەكانی ئەویان لە گوێ گرتووەو پاراستوویانەو باوەڕی تەواویان بووە كە دەچنەوە لای خوداو پرسیاریان لێ دەكرێت لەسەر كردارەكانیان، سەعیدی كوڕی جوبەیر دەڵێت: ترسان لە خودا ئەو ترسەیە كە دەبێتە ڕێگر لە نێوان تۆو نافەرمانیو بێ گوێیی خودادا. حەسەنی بەسری دەڵێت: زانا ئەو كەسەیە كە لە خوای دلۆڤانی خۆی دەترسێت بەپەنهانیو هەر شتێك خودا پێی خۆش بێت ئەویش پێی خۆشە، وە خۆی دەپارێزێت لەوەی كە خودا پێی ناخۆشە، پاشان حەسەن ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ سوفیانی سەوری دەڵێت لە ئەبو حەیانی تەمیمیەوە لە پیاوێكەوە كە دەڵێت: وتراوە زانایان سێ جۆرن: زانا بە خواو، زانا بە فەرمانی خوا، زانا بە خوا بەڵام زانانیە بە فەرمانی خوا ، وە زانا بە فەرمانی خوا بەڵام زانانیە بە خوا ، زانا بە خوداو فەرمانی خودا ئەوەیە كە لە خودا دەترسێتو ئاگاداری سنورو فەرزەكانیەتی، ئەوەی زانایە بە خواو زانا نیە بە فەرمانی خودا، ئەو كەسەیە كە لە خودا دەترسێت بەڵام شارەزای سنوورو فەرزەكانی نیە. ئەوەی زانایە بە فەرمانەكانی خوداو زانا نیە بە خودا، ئەو كەسەیە كە سنوورو فەرزەكانی خودا دەزانێت بەڵام لە خوای مەزن ناترسێت.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓ إِنَّهُۥ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٠﴾ ﴾

تەنها موسلمان بازرگانی ڕۆژی دواییە

خوای مەزن باسی عەبدە خاوەن باوەڕەكانی دەكاتو دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ واتە: ئەوانەی كە كتێبی خودا دەخوێننەوەو باوەڕیان پێی هەیەو كار بەو فەرمانانە دەكەن كە پێیان ڕادەگەیەنرێت، وەك نوێژو ئەوەی كە خودا پێی داون لە ڕێی خودا دەیبەخشن لە ماڵی حەلاڵ لە جێی خۆیدا بە شەوو بە ڕۆژ بە نهێنیو ئاشكرا، ﴿يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴾ واتە: بە هیوای پاداشتێكن لە لای خودا كە هەرگیز زەرەر ناكات بەرهەمەكەی وەدەست دێنن، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓ ﴾ واتە: پاداشتی چاكەیان دەداتەوە بە چەندجار زیاتر لەوەی خۆیان كە هەر بە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە، ﴿إِنَّهُۥ غَفُورٌ﴾ واتە: لە خەتاكان دەبوورێت، ﴿شَكُورٌ﴾ واتە: بە كردەوەی كەمیشیان دەزانێتو پاداشتیان لەسەری دەداتەوە.

﴿ وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ ﴿٣١﴾ ﴾

ئەم قورئانە ڕاستەو کتێبی خودایە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ﴾ واتە: ئەوەی کە بۆ تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد(ﷺ) لەم کتێبەدا کە قورئانە، ﴿هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ واتە: ڕاستەو کتێبە پێشووەکانیش بە ڕاست دەزانێت و بڕوای پێیانە، ئەو کتێبانەش شایەتیان داوە کە ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگاری جیهانەوە ڕەوانەکراوە، ﴿إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ﴾ واتە: خودا خۆی ئاگادارەو چاودێرە بەسەر عەبدەکانیەوە دەزانێت کێ شایەنی ئەوەیە کە ڕێزدارتر بێت بەسەر ئەوی تردا لە مەردم. هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕێزی پێغەمبەرانی داوە بەسەری هەموو خەڵکدا، وە ڕێزی هەندێ لە پێغەمبەری داوە بەسەر هەندێکی تریدا، پلەی زیاتر بەرز کردوونەتەوە، وە پلەی پێغەمبەری موحەممەد (ﷺ) زیاتر بەرزکردووەتەوە بەسەر هەموو پێغەمبەراندا(درودو سەلامی خوا لەسەر هەموویان).

﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ وَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾ ﴾

میراتگرانی قورئان سێ بەشن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا﴾ واتە: لە پاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بە کەسانێك کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمانبژاردن، پاشان کردوونی بە سێ بەشەوەو فەرموویەتی: ﴿فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ﴾ واتە: هەندێکیاە غەدریان لە خۆیان کردووە لە واجیباتەکاندا بە چاکی بەجێیان نەهێناوەو هەندێ تاوان و کاری دوور لە خوایان کردووە، ﴿وَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ﴾ واتە: هەندێکی تریان واجیباتەکان بەجێ دێنن و کاری حەرام و ناڕەوا ناکەن، وە هەندێ لە کارە چاکەکان واز لێ دێنێت و کاری مەکروهیش دەکات، ﴿وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ واتە: هەندێکیشیان پێشبڕکێ دەکەن لە کاری خێرو واجیبەکان بەجێ دێنن و کاری چاکیش زۆر دەکەن و کاری حەرام و مەکروهیش ناکەن واز لە هەندێ شتی مەباحیش (حەڵاڵیش) دێنن. ﴿ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾ واتە: ئەم (قورئان پێدانە) لە خۆیدا بەهرەیەکی گەورەیە. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا﴾ دەڵێت:

ئەوانـە ئوممـەتی موحەممـەدن (ﷺ) کردوونـی بـە میراتگـری هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـە ناردوویـەتی، دەبوورێت لەوانـەی کـە غـەدریان لـە خـۆ کـردووە، مامناوەندیـەکانیش پرسـیاری کـەمو ئاسـانیان لێ دەکرێت، ئەوانەشی پێشبڕکێیان کردووە بۆ چاکەکردن دەچنە بەهەشت بێ لێپرسینەوە.[1] ئەبو قاسمی تەبـەرانی ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئیبنـو عەباسـەوە ئـەویش لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) کـە ڕۆژێـك فەرموویەتی: (شەفاعەتی من بۆ ئەوانەیە کە گوناهی گەورەیان کردووە لە ئومەتەکەم). ئیبنـو عـەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت ئەوەی پێشبڕکێی کردبێت لـە چاکەکردندا بـەبێ لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، مامناوەنجیش بە ڕەحمی خوا دەچێتە بەهەشت، ستەم لە خۆ کەریش هـاوەڵانی ئـەعرافن و بە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەچنە بەهەشت.[2] وە ڕیوایەت کراوە لـە زۆرێـك لـە زانایـانی پێشینەوە ئەوەی کە ستەمی لە خۆی کردووە لە خەڵکی ئەم ئوممەتە لـەو کەسـانەن کـە هەڵبـژاردەن بـا هەنـدێ کەمو کوڕیو لارو وێریشیان هـەبێت. هەنـدێکی تـر لـە زانایـان وتوویانـە: ئـەوەی کـە غـەدری لـەخۆی کردووە خەڵکیَ ئەم ئوممەتە نیە لە هەڵبژاردەکانیش نیە، کە میراتبـەری ئـەم قورئانـەن، بـەلام ڕاسـت وایە کە ئەمانەش لە خەڵکی ئەم ئوممەتەن.

ڕێزو قەدری زانایان

زانایان دڵخۆشترین کەسن بەم بەهرەیەو شایستەترین کەسـن بـەم ڕەحمەتـە چـونکە ئەمانـە وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە قەیسی کوڕی کەسیرەوە دەڵێت: پیاوێك لە خـەڵکی مەدینـە هـات بۆ لای ئەبو دەرداء (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەبو دەرداء پێی وت: چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە ئەی برای خۆم؟ پیاوەکە وتی: فەرموودەیـەك منـی گەیانـدووە کـە تـۆ وتووتـەو باسـت کـردووە لـە پێغەمبـەری خوداوە (ﷺ) ئەبو دەرداء وتی: بۆ بازرگانی نەهاتووی؟ وتی: نەخێر، وتی: بۆ پێویستیەك نەهاتووی؟ وتی: نەخێر. ئەبو دەرداء وتـی: ئایـا تـەنها بـە دوای ئـەم فەرموودەیـەدا هـاتووی؟ وتـی: بـەڵێ، ئـەبو دەرداء (ڕەزای خوای لێ بێت) وتـی: مـن بیسـتوومە لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) دەیفـەرموو: (هـەر کەسـێك ڕێگایـەك بگرێتـە بـەرو بـە دوای زانیاریەکدا بگـەڕێت، خـوای مـەزن بـە هـۆی ئـەوەوە ڕێگـای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات و فریشتەکان باڵەکانیان دادەنێن بۆ ڕازی کردنـی زانستخواز، وە بێگومـان ئەوانەی لەناو ئاسمانو زەمیندان داوای لێبوردن دەکەن لە خودا بۆکەسی زانا، تـا ماسیەکانیش لـەناو ئاودا، وە ڕێزو قەدری زانا بەسەر خواپەرستدا وەك ڕێزی مانگ وایە بەسـەر ئەسـتێرەکانی تـرەوە. بـە ڕاستی زانایان میراتبەری پێغەمبەرانن (سەلامی خوایان لێ بێـت) پێغەمبـەرانیش دینـارو درهـەمیان بـە

[1] لطبري (٢٠/٤٦٥).

[2] الطبراني (١١/١٨٩).

میرات بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو زانیاریان بەجێهێشتووە. هەر کەسێك دەستی کەوتبێت بەشێکی تەواوی وەرگرتووە).[1] ئەبو داودو تیرمیزیو ئیبنو ماجەیش هێناویانە[2].

﴿ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ﴿٣٣﴾ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِيٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلۡمُقَامَةِ مِن فَضۡلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٞ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٞ ﴿٣٥﴾ ﴾

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا ﴾ واتە: ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتانی جێی مانەوە، خودای گەورە باسی ئەو هەڵبژاردنە دەکات لەو عەبدانەی کە بوونە میراتبەری ئەو کتێبەی کە لە لایەن پەروەردگاری جیهانەوە هاتە خوار کە حاڵیان چۆنە لە ڕۆژی قیامەتدا کە شوێنیان باغاتێکە هەرگیز لەناو ناچێتو تێك ناچێت، واتە: بەهەشتێکی تاهەتایە دەچنە ناوی لەو ڕۆژەداو دەگەنە بەر بارەگای خودای مەزن، ﴿يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ﴾ واتە: خۆیان دەرازێننەوە بە بازنی زێڕو مرواری لەوێدا. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا ڕیوایەت کراوە لە ئەبو هورەیرەوە ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (دەستبەندی خاوەنباوەڕ دەڕوات تا ئەو شوێنەی دەستنوێژ پێی گەیشتووە).[3] ﴿وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ﴾ واتە: پۆشاکیشیان لەناو بەهەشتدا ئاوریشمە، بۆیە لە دنیادا لێیان قەدەغە بووە، لە ڕۆژی دواییدا خودای گەورە بۆیان حەڵاڵ دەکات. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك ئاوریشم لە دنیادا بپۆشێت لە ڕۆژی قیامەتدا نایپۆشێتو لەبەری ناکات).[4] وە فەرموویەتی: (ئەو ئاوریشمە لە دنیادا بۆ ئەوانەو لە ڕۆژی دواییدا بۆ ئێوەیە).[5] پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ شَكُورٌ ﴾ واتە: دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە خەمو خەفەتی لە دڵمان دەرکردو لەو ناڕەحەتیو ترسو گیرو گرفتانەی دنیاو قیامەت ڕزگاری کردین بە ڕاستی پەروەردگارمان لێبوردەی شایانی سوپاسە. ئیبنو عەباسو کەسانی تریش وتوویانە: لە زۆر خەتایان دەبوورێتو بە چاکەکانیشیان دەزانرێت هەرچەندە کەمیش بێت ڕێزیان لێ دەگیرێت. پاشان خوای

[1] أحمد (١٩٦/٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] أبو داود (١٥٧/٤)، تحفة الأحوذي (٤٥٠/٧)، ابن ماجه (٨١/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] مسلم (٢١٩/١).

[4] فتح الباري (٢٩٦/١٠).

[5] فتح الباري (٢٩٦/١٠).

مەزن دەفەرمووێت: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِۦ ﴾ واتە: ئەو خودایەی کە ئەم شوێنەو ئەم پلەیەی پێ بەخشین بە فەزڵو کەرەمو بەزەیی خۆی بووە، کە کردارەکانمان بەرامبەر ئەم پێزە نەبووە. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەسێك لە ئێوە کردارەکانی نایخاتە بەهەشت)، وتیان: نە تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)؟ فەرمووی: (نە منیش تەنها بە فەزڵو کەرەمی ئەو نەبێت).[1] ﴿لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ ﴾ واتە: تووشی ماندووبوونو نارەحەتی نابین. (النَّصَب واللُّغُوب) هەردوو وشەکە بۆ ماندووبوون بەکاردەهێنرێت، وەك ئەوەی کە ڕەنجو ماندووبوون ناچەژنو لاشەو گیانیان نارەحەت نابێت، والله أعلم. چونکە لە دنیادا خۆیان ڕاهێنابوو لەسەر عیبادەت، بە چوونە ناو بەهەشت هەموو تەکلیفێکیان لەسەر نامێنێتو لە ئیسراحەتێکی بەردەوامو تاهەتاییدا ژیان بەسەر دەبەن، وەك خوای مەزن لە ئایەتێکدا فەرموویەتی: ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ ﴾[2] واتە: (پێیان دەوترێت) بخۆنو بخۆنەوە، نۆشتان بێت بە هۆی ئەو چاکانەوە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کردووتانە.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى كُلَّ كَفُورٍ ﴿٣٦﴾ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَـٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ۖ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴿٣٧﴾ ﴾

پاداشتی خوانەناسو ژیانیان لەناو جەهەنەمدا

خوای مەزن باسی ژیانی بەختەوەرانی کرد، دێتە سەر باسی بەدبەختان کە چیان بەسەر دێت لەناو جەهەنەمدا، دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ ﴾ واتە: ئەوانەی خوانەناسن دەچنە ناو ئاگری جەهەنەمو هەر دەمێننەوە تێیداو نامرن، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴾[3] واتە: نە دەمرێت تیایدا تا ڕزگاری بێت وە نە دەژی تیایدا بە ئاسایی، وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوانە کە ئەهلی ناو ئاگرنو خەڵکی ئەوێن، نە دەمرنو نە زیندووشن).[4] وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَنَادَوْا۟ يَـٰمَـٰلِكُ

[1] فتح الباري (١٠/١٣٢).
[2] الحاقة (٢٤).
[3] الاعلى (١٣).
[4] مسلم (١/١٧٢).

لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴾[1] واتـە: وە هـاوار دەكـەن ئـەی مالیك (سەرپەرشتیاری دۆزەخ) بـا پەروەردگارت بمانمرێنێت تا ڕزگار ببین، ئـەویش دەڵێـت: بێگومـان ئێـوە دەمێننـەوە. ئەمانـە ئـا لـەو ژیانەدا بەردەوام دەمێننـەوە حـەز دەكـەن بمرن بۆ ئـەوەی ئیسراحەت بكـەن بـەڵام نـامرن، خـوای گەورەش دەفـەرمووێت: ﴿لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا ﴾ واتـە: بڕیـاری مـردن نادرێت بەسەریاندا تا بمرن هەروەها هەندێ لە سزای (دۆزەخ)یان لێ سوك ناكرێت، وەك خوای مەزن لە چەند ئایەتی تردا فـەرموویـەتی: ﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴾[2] واتە: بە ڕاستی تاوانباران لە سزای دۆزەخدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، سزایان لەسـەر سوك ناكرێـتو ئـەوان لـەناو ئـەو سـزایەدا نائومێدن. وە دەفـەرمووێت: ﴿كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَٰهُمْ سَعِيرًا ﴾[3] واتـە: هـەر جارێـك دۆزەخ بڵێـسەی بنیـشێتەوەو دامركێتـەوە بڵێـسەی ئاگرەكـەیان بـۆ زیـاد دەكـەین. وە دەفـەرمووێت: ﴿فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾[4] واتـە: ئێنجا بـچەژن سـزای خۆتـان هیچتان بۆ زیاد ناكـەین سزا نـەبێت. پاشـان فـەرموویـەتی: ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِى كُلَّ كَفُورٍ ﴾ واتـە: ئەمـە پاداشتی هـەر كەسێكە كە بڕوای بە پەروەردەی نەهێناوەو ئـەم جەهەنەمـەی بـە درۆ زانیـوە. پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا ﴾ واتە: دەگرینو هاوار دەكـەنو لـە خـوا دەپاڕێنـەوە بـە دەنگی بـەرز ئـەڵێن: ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ﴾ واتـە: ئـەی خودایـە لـەناو ئـاگر دەرمان بێنەو بمانگێڕەوە بۆ ناو دنیا، ئەم جارە وەك جاری پێشوو ناكەین، كاری چاك دەكەین، خوای گەورە خۆی چاك دەزانێت ئەگەر جارێكی تریش بگەڕێنەوە سەر دنیا دەچنەوە سەر كارە خراپەكەی خۆیان، چونكە ئەمانە درۆزنن، بۆیە خوای گەورە وەڵامیان ناداتەوە، وەك لەم ئایەتەدا باسیان دەكات كـە ئـەڵێن: ﴿فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ﴾[5] واتە: ئایا ڕێگایەك هەیە لێرە دەرباز بین، خـوای گـەورەش دەفـەرمووێت: ئەمـەتان بۆیـە بەسـەر دێـت، چـونكە هـەر كاتێـك مـەردم تـەنها خودایـان بپەرسـتایە، ئێـوە حاشـاتان دەكـردو

---

[1] الزخرف (٧٧).

[2] الزخرف (٧٤_٧٥).

[3] الاسراء (٩٧).

[4] النبأ (٣٠).

[5] الغافر (١١_١٢).

دووردەکەوتنەوە، بەڵام کاتێك شەریکیان بۆ دادەنا ئێوە بڕواتـان دەهێنـا، بۆیـە لێرەدا خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ﴾ واتە: ئایا تەمەنێکی درێـژمان نەدا بە ئێـوە لـە دنیـادا ئەگـەر ئارەزووتـان لێ بووایـە بـەرەو ڕاسـتی بێنو سـوود لـەو ژیانـە وەرگـرن بەڕادەیەك لەو ماوە درێـژەدا سـودتان لێ وەربگرتایەو ئایا ترسێنەرتان بـۆ نـەهات، ئیمامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) ئـەویش لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) کـە فەرموویەتی: (بێگومان خوای گەورە مۆڵەتی بەندەی خۆی داوە کە گیانی کردووە بە بەریدا هـەتا ئـەو کاتەی کە تەمەنی گەیشتووە بە شەست یان حەفتا ساڵ، خودا ئەوەی کردووە بە مۆڵـەت بـۆی، خـودا ئەوەی کردووە بە مۆڵەت بۆی)[1]. هەر بەم شێوەیە بوخاریش ڕیوایەتی کردووە لە کتێبـی (الرقـائق) لـە سەحیحەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (خودا هیچ بڕوبیانوویەکی نەهێشتووەتەوە بۆ کەسێك کەتەمـەنی پێدابێت، تـا گەیـشتووەتە شەسـت سـاڵ).[2] ئیبنـو جـەریریش ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك خودا تەمەنی درێژ بکات شەسـت سـاڵ ئـەوە خـودا بیانووی بۆ نەهێشتووەتەوە لەو ژیانەیدا کە بەسەری بردووە).[3] ئیمامی ئەحمەدو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە لە (الرقاق)دا.[4] کاتێك کە خوای گەورە ئەم تەمەنەی کردووە بـە مۆڵـەت بـۆ عەبـدەکانیو هـیچ بڕوبیانوویەکی بـۆ نەهێـشتوونەتەوە، ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە تەمـەنی زۆربـەی ئـەم ئوممەتـە لـەو نێوانەدایە، وەك ئەم فەرموودەیە لـەم بارەیـەوە هـاتووە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (تەمەنی مرۆڤی ئوممەتی من لە نێوانی شەسـتو حـەفتا ساڵ دایە، کەمیان لەو تەمەنە تێدەپەڕێت). هـەر بـەم شـێوەیە تیرمیـزیو ئیبنـو ماجـەش ڕیوایـەتیان کردووە لە کتێبی (الزهـد)دا.[5] خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ﴾ واتـە: ترسێنەریـشتان هاتە لا. ڕیوایەت کـراوە لـە ئیبنـو عـەباسو (ڕەزای خـوای لێ بێـت) عیکریمـەو ئـەبو جەعفـەری باقرو قەتادەو سوفیانی کوڕی عویەینەوە، دەڵێن: مەبەست بە(﴿وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ﴾ مـووی سپیە[6]! سـودیو

---

[1] أحمد (٢/٢٧٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١١/٢٤٣).

[3] لطبري (٢٠/٤٧٨).

[4] أحمد (٢/٤١٧)، تحفة ألإشاف (٩/٤٧٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] الترمذي (٣٥٥٠)، ابن ماجه (٤٢٣٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[6] البغوي (٣/٥٧٣).

عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێن: مەبەست پێی پێغەمبەری خودایە (ﷺ)، ئیبنو زەید ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿هَٰذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الْأُولَىٰ﴾[1] واتە: ئەم پێغەمبەرە ترسێنەرێکە لە ترسێنەرەکانی پێشوو.[2] ئەمە شەیبان ڕیوایەتی کردووە لە قەتادەوە کە دەڵێت: خوای گەورە تەمەن‌و پێغەمبەرانی کردووەتە بەڵگە بەسەریانەوە،[3] ئەمە ڕای ئیبنو جەریریشە، کە ئەمەیان ڕۆشنترە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾[4] واتە: وە هاوار دەکەن ئەی مالیك با پەروەردگارت بمانمرێنێت، ئەویش دەڵێت بێگومان ئێوە دەمێننەوە، سوێند بە خوا بە ڕاستی ئاینی هەقمان بۆ هێناون بەڵام زۆربەیان ڕاستیان پێ ناخۆشە. وە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[5] واتە: ئێمە هەرگیز سزای (بەندەکانمان) نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین بۆیان. وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾ قَالُوا بَلَىٰ قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ﴾[6] واتە: هەرچەند دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە لە دنیادا، وتیان: بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بە درۆمان زانی‌و دەمانوت پێی خوا هیچی نەناردووەتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴾ واتە: بچێژن ئەو سزای ئاگرە لە پاداشتی ئەوەی کە دژایەتی پێغەمبەرانتان دەکرد لە هەموو کردارێکدا لە ماوەی ژیانتاندا، هیچ کەسێك نیە بێت بە هاوارتانەوە لەو سزا سەخت‌و زنجیرکراوی‌و بەدبەختیە ڕزگارتان بکات.

[1] النجم (٥٦).

[2] لطبري (٤٧٨/٢٠).

[3] الدر المنثور (٣٢/٧).

[4] الزخرف (٧٧ـ٧٨).

[5] الاسراء (١٥).

[6] الملك (٨ـ٩).

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَـٰلِمُ غَيْبِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٣٨﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَـٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا ۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا ﴿٣٩﴾ ﴾

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَـٰلِمُ غَيْبِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ واتـە: خـودا ئاگـای لـە هەموو نهێنیـەكانی ئاسمـانو زەمـین هەیـەو ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾ واتـە: دەزانێت چی لـەناو دڵاندایەو هیچی لێ ون نابێت لەوەی كە تیایدا شاراوەتەوە. وە پاشان دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَـٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾ واتە: ئەو خودایەی كە ئێوەی لـە جێـی پێشینەكان لەسەر زەمینـدا دانـاوە، گـەل دوای گەلو نەوە دوای نـەوەی كـردووە بـە جێنـشین بـەر لـە خـۆی، وەك خـوای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ﴾[1] واتــە: وە دەتانكاتــە جێنــشینی گــەلانی تــری ســەر زەوی. وە دەفـەرمووێت: ﴿فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ﴾ واتـە: هـەر كەسێك ناشـوكرە، ناشـوكریەكەی دەگەڕێتـەوە بـۆ خۆی، بۆ كەسی تر ناگەڕێتەوە، ﴿وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا﴾ واتە: هەتا بەردەوام بن لەسەر ئەو خوانەناسیە خودا زیاتر لێیـان تـووڕە دەبێت، ﴿وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا﴾ واتـە: وە هەتا بەردەوام بن لەسەر خوانەناسی زیاتر زیان لە خۆیانو كەسو كاریان دەدەن لە ڕۆژی قیامەتدا بە پێچەوانەی خاوەن باوەڕەوە، كە هەتا تەمەنیان درێژ بێتو ئاكاری چاك دەكەن شوێنو پلەیان بەرز دەبێتەوە لەناو بەهەشتداو لە لای خودا خۆشەویست دەبنو پیرۆزباییان لێ دەكات.

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ أَمْ ءَاتَيْنَـٰهُمْ كِتَـٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّـٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴿٤٠﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾ ﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت بە پێغەمبەر (ﷺ) كـە بڵـێ بـە موشـریكەكان: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ أَمْ ءَاتَيْنَـٰهُمْ كِتَـٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّـٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴾ واتــە: ئــەی موحەممــەد (ﷺ) بڵــێ: هــەواڵم بـدەنێ ئـەو هاوبەشانەی لە جیاتی خودا دەتانپەرستنو هاواریتان لێ دەكردن نیشانم بدەن لە زەویدا چیان دروست

[1] النمل (٦٢).

کردووە؟ یان لە بەدیهێنانی ئاسمانەکاندا بەشداری یان کردووە؟ یان کتێبێکمان پێداون جا بەڵگەیان لەو کتێبەدا هەیە کە بتەکان هاوبەشی خودان، نەخێر وانیە، بەڵکو ستەمکاران هیچ بەڵێنێك بە یەکتری نادەن جگە لە فریودانو هەڵخەڵەتاندن، پاشان خوای گەورە باسی مەزنی دەسەڵاتی خۆی دەکات کە بە هۆی ئەو تواناو دەسەڵاتەیەوە ئاسمانەکانو زەمین ڕاوەستاوەو بەو شێوەیە دروستی کردوون کە پێکەوە بنو نەکەون وە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَا﴾ واتە: خوا ئاسمانەکانو زەمینی ڕاگرتووە کە نەلەرزن لە شوێنی خۆیاندا، وەك لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓ﴾[1] واتە: وە ئاسمانی ڕاگیر کردووە تا نەکەوێت بەسەر زەویدا مەگەر بە فەرمانی ئەو، وە فەرموویەتی: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلۡأَرۡضُ بِأَمۡرِهِۦ﴾[2] واتە: لە نیشانەکانی ئەوە کە ئاسمانو زەوی بە فەرمانی ئەو وەستاون. وە پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓ﴾ واتە: ئەگەر کەوتن کەسێکی تر نیە غەیری خودا ڕایان بگرێت، ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾ واتە: لەگەڵ ئەوەیشدا خوای گەورە زۆر بە لەسەرخۆیی کارەکانی دەکاتو خەتا پۆشیشە، واتە: بەندەکانی دەبینێت کە بڕوای پێ ناکەنو لە فەرمانی دەردەچن، پەلەیان لێ ناکاتو دوایان دەخاتو بە شێنەیی لەگەڵیان دەجوڵێتەوەو چاوپۆشیان لێ دەکاتو لە گوناهیان دەبوورێت، بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾.

﴿ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ لَّيَكُونُنَّ أَهۡدَىٰ مِنۡ إِحۡدَى ٱلۡأُمَمِۖ فَلَمَّا جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ مَّا زَادَهُمۡ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤٢﴾ ٱسۡتِكۡبَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَكۡرَ ٱلسَّيِّيِٕۚ وَلَا يَحِيقُ ٱلۡمَكۡرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهۡلِهِۦۚ فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلۡأَوَّلِينَۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا ﴿٤٣﴾ ﴾

خوای گەورە باسی قورەیشو عەرەبەکان دەکات کە بە توندی سوێندیان دەخوارد پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆیان، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ لَّيَكُونُنَّ أَهۡدَىٰ مِنۡ إِحۡدَى ٱلۡأُمَمِ﴾ واتە: بتپەرستان بە سوێندی هەرە گەورەیان دەخوارد بە خوا (دەیانوت) ئەگەر پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ بێت بە ڕاستی ئەوان لە هەر یەك لە ئوممەتانی تر ڕێنموونتر دەبن. زەححاكو کەسانی تریش ئەڵێن: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَن

---

[1] الحج (٦٥).

[2] الروم (٢٥).

تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَا﴾[1] واتە: لەبەر ئەوەی نەڵێن بێگومان کتێب بۆ سەر دوو کۆمەڵی گاورو جوولەکە نێردراوەتە خوارەوە لە پێش ئێمەدا کە بە ڕاستی ئێمە لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی کتێبەکانین بێ ئاگا بووین، وە بۆ ئەوەش نەڵێن بە ڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە بهاتایە ئەوە ئێمە لەوان ڕێنموونی تر دەبووین ئەوە بێگومان بەڵگەو نیشانە (قورئان)ی ڕوونتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە ڕێنموونیو میهرەبانیەکی گەورەیە کەواتە کێ ستەمکارترە لەو کەسەی بێباوەڕ بێت بە ئایەتەکانی خوداو بە درۆی بزانێتو ڕووی لێ وەربگێڕێت. وەك ئەم ئایەتانەش کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِن كَانُواْ لَيَقُولُونَ ﴿١٦٧﴾ لَوۡ أَنَّ عِندَنَا ذِكۡرٗا مِّنَ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٦٨﴾ لَكُنَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿١٦٩﴾ فَكَفَرُواْ بِهِۦۖ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ﴾[2] واتە: بێگومان هەرچەندە بتپەرستان دەیانوت بە ڕاستی ئەگەر کتێبێکی ئاسمانی وەك کتێبی پێشینەکانمان هەبووایە، بە ڕاستی ئێمە لە بەندە پاكو خاوێنەکان دەبووین، ئینجا کە کتێبێکیان بۆ هات باوەڕیان پێ نەهێناو بە زوویی دەزانن (سەرەنجامی بێباوەڕیەکەیان چۆن دەبێت). پاشان دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ﴾ واتە: کاتێك ترسێنەریان بۆ هات کە (پێغەمبەر (ﷺ)یان بۆ هات) لەگەڵ خۆی قورئانی پیرۆزی بۆ هێنان کە هەموو شتێکی تێدا ڕوون کرابووەوە، ﴿مَّا زَادَهُمۡ إِلَّا نُفُورًا﴾ واتە: زیاتر لە خودا دوورکەوتنەوەو دەستیان دایە خوانەناسی! پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱسۡتِكۡبَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ واتە: خۆیان لەوە بە زلتر دەزانی شوێنی نیشانەکانی خودا بکەون لەسەر زەویدا، ﴿وَمَكۡرَ ٱلسَّيِّيِٕ﴾ واتە: وە فێڵیان دەکرد لە خەڵکی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خودا لایان بدەنو بیانترازێنن، ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلۡمَكۡرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهۡلِهِۦ﴾ واتە: ئەو فروفێڵە خراپەیان هەر بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، زیانی بۆ کەسی تر نیە، ﴿فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ واتە: ئایا چاوەڕوانی سزای خودا دەکەن کە بڕوا ناهێنن بە پێغەمبەرەکەیو فەرمانەکانی پشتگوێ دەخەن وەك پێشینەکان، ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا﴾ واتە: هیچ گۆڕانکاریەكو دەستکاریەك بەسەر بڕیارەکانی خودای مەزندا نایەت، بەڵکو جێبەجێ دەکرێت بەسەر هەموو خوانەناسو

---

[1] الانعام (١٥٦ـ١٥٧).

[2] الصافات (١٦٧ـ١٧٠).

خراپەکارێکدا، ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا﴾ واتە: خوا مەیلی لە هەر کەسێك بێت لەناوی دا، هیچ کەسێك ناتوانێت ببێتە ڕێگری، ﴿وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ﴾[1] واتە: وە کاتێك خوا بیەوێت هۆزێك تووشی بەلا بن هیچ بەرگریکی بۆ نیە.

﴿ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَكَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعۡجِزَهُۥ مِن شَيۡءٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمٗا قَدِيرٗا ﴿٤٤﴾ وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرَۢا ﴿٤٥﴾ ﴾

سەرەنجامی خراپەکاری ئەوانەی کە بڕوایان بە پێغەمبەران نەکرد لە یاد مەکەن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَكَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعۡجِزَهُۥ مِن شَيۡءٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ واتە: بلێ بەو خوانەناسانەی کە قورئانت بۆ هێناون، بڕۆن و بگەڕێن بەسەر زەمیندا بڕوانن و بزانن پێشینەکان ئەوانەی کە لە ئێوە بەهێزتر بوون چارەنووسیان بە چی گەیشت، چۆن خودا قڕی کردن، هەموو خوانەناسێك هەر وای بەسەر دێت، ماڵەکانیان چۆڵ بوو، هەرچیان بە دەست هێنابوو لە سامان و ماڵ و منداڵ و توانا و دەسەلات، هیچی فریایان نەکەوت و لە سزای خودا ڕزگاری نەکردن، کاتێك کە خودای مەزن فەرمانی قڕکردنی دان، چونکە هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەر فەرمانی خودا، کاتێك کە بڕیاری دابێ ببێت لە ئاسمانەکان و زەمیندا، ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمٗا قَدِيرٗا ﴾ واتە: ئاگاداری هەموو بوونەوەرە و توانای هەیە بەسەریدا.

(حیکمەت) لە دواخستنی تۆڵە

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ ﴾ واتە: ئەگەرخوا بەهۆی گوناهەکانیانەوە بیگرتنایە و تۆڵەی لێ بسەندنایە هەموو خەڵکی سەر زەمین لەناو دەچوون و هیچ شتێکیشیان بۆ نەدەمایەوە لە ڕۆزی و مەڕو ماڵات. سەعیدی کوڕی جوبەیرو سودی لەم ئایەتەدا: ﴿مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ ﴾ دەڵێن: کاتێك کە بارانیان لە ئاسمانەوە بۆ نەبارییە گشت مەڕوماڵاتیان لەناو دەچوو، ﴿وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾

[1] الرعد (١١).

واتە: بەڵام خوای مەزن مۆڵەتیان دەدات هەتا ڕۆژی قیامەت لەو کاتەدا موحاسەبەیان دەکات، هەر کەسەو پاداشتی کرداری خۆی وەردەگرێت، ئەوەی خواناس بووە پاداشتی چاکەی وەردەگرێتو ئەوەشی خوانەناسو خراپەکار بووە تۆڵەی لێ دەسێنرێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا﴾ واتە: هەر کاتێك ئەو ماوەیە بەسەرچوو خودا خۆی دەزانێت بەندەکانی چیان کردووە.

تەفسیری سورەتی (یس)

لە مەککەدا هاتووەتەخوارەوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يسٓ ﴿١﴾ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣﴾ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤﴾ تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٥﴾ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمْ فَهُمْ غَٰفِلُونَ ﴿٦﴾ لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٧﴾﴾

پێغەمبەر(ﷺ) ڕەوانەکراوە کە خەڵکی بترسێنێتو ئاگاداریان بکاتەوە

﴿يسٓ﴾ باسی ئەم پیتانە لە سەرەتای سورەتی (البقرة)دا کرا، ﴿وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ﴾ سوێند بە قورئان کە سەر لەبەر کارزانیە. ﴿وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ﴾ واتە سوێند بەو قورئانە کە پڕە لە کارزانیو پڕوپوچی هەرگیز تێکەڵاو نابێت نە لەم کاتەداو نە لەمەوداش ﴿إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: تۆ یەك لە پێغەمبەرانی، واتە: تۆ ئەی موحەمەد (ﷺ) یەکێکی لە پێغەمبەران، ﴿عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ واتە: کەوتوویتە سەر ڕاستە ڕێگە، یانی لەسەر بەرنامەو ئاینو ڕێبازێکی ڕێكو ڕاستی، ﴿تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئەم قورئانە هەرە خاوەن دەسەڵاتی دلۆڤان ناردوویەتە خوار، واتە: ئەو ڕێگەو ئاینو بەرنامەی کە تۆ پێی هاتووی لە لایەن خودای خاوەن دەسەڵاتو دلۆڤان بۆ بەندە خاوەن باوەڕەکانی هاتووەتە خوارەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ﴾[1] واتە: وە بە ڕاستی تۆ (خەڵك) ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست، ڕێگەی ئەو خودایەی کە هەرچی لە ئاسمانەکانو هەرچی لە زەویدایە هی ئەوە، بێداربن! هەموو کارەکان هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە. وە دەفەرموێت: ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أُنذِرَ

---

[1] الشورى (٥٢ـ٥٣).

ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ﴾ تا بە هۆی ئەوەوە ترس وەبەر گەلێك بێنێت كە باب و باپیرانی پێشوویان كەس لە خوا نەیترساندوون و بێ ئاگا بوون. واتە: بۆ ئەوەی گەلێك بترسێن كە لە پێشەوە باب و باپیرانی ئەوانە هیچ كەسێك نەیترساندون و بێ ئاگا بوون، مەبەست پێی لێرە عەرەبەكانە. چونكە پێش پێغەمبەر(ﷺ) كەسێك نەهاتووە ئاگاداریان بكاتەوە. وە باسی عەرەبەكان دەكات مانای وا نیە جگە لەوان ناگرێتەوە. هەروەها باسی هەندێ كەس دەكات مانای وا نیە گشتگیر نیە بەڵكو بۆ هەموو خەڵكییە لە پێشەوە باسی ئەو ئایەتو فەرموودە موتەواترانەمان كردووە كە باسی هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) دەكات بۆ خەڵكی بەبێ جیاوازی وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ﴾[1] واتە: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ خەڵكینە بە ڕاستی من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە هەمووتان. وە دەفەرمووێت: ﴿ لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ بەڵێنی خوا زۆرینەیان دەگرێتەوە سا ئەوان بڕوا ناهێنن. واتە: بەڵێن و جەزرەبەی خودا زۆرینەیان دەگرێتەوە كە بڕوا ناهێنن. ئیبنو جەریر دەڵێت: خودا جەزرەبەی خۆی بۆ داناون. وە لە دایكی كتێبەكان (أم الكتاب)دا بڕاوەتەوە كە ئەوانە باوەڕ ناهێنن ﴿فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ واتە: باوەڕ ناهێنن بە خوداو بە پێغەمبەرەكانی (سەلامی خوایان لێ بێت)[2].

﴿إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكۡرَ وَخَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِۖ فَبَشِّرۡهُ بِمَغۡفِرَةٖ وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ﴿١١﴾ إِنَّا نَحۡنُ نُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَنَكۡتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ﴿١٢﴾﴾

ژیانی ئەو كەسانەی كە بە بەدبەخت نووسراون

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ﴾ واتە: ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوە تا چەناگە شەتەكیان دەدەین، كە ناتوانن بۆ هیچ لایەك سەر بجوڵێنن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ئێمە ئەوانەی كە بڕیاری چارەڕەشیان لەسەر دراوەو بەدبەختن وێنەیان بۆ گەیشتن بۆ سەر ڕاستەڕێ وەك ئەو كەسانەیە كە زنجیر لە ملی كراوەو هەردوو دەستی لە گەردنی ئالاوە لە ژێر چەناكەیدا، سەری بەرز كردووەتەوە بە هیچ لایەكدا ناجوڵێتەوە. بۆیە خوای

[1] الاعراف (١٥٨).

[2] الطبري (٢٠/٤٩٢).

مـەزن فەرموویـەتی: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَـٰقِهِمْ أَغْلَـٰلًا فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ﴾، (المقمـح) واتـە: سەری بەرز کردووەتەوە. وەك ئومو زەرع دەڵێت: لە قسەکانیدا (واشرب فأتقمّح).[1] واتـە: دەخۆمـەوەو تینویەتیم دەشكێت‌و سەرم بەرز دەكەمەوە تینویەتیم ئەشكێنێت و تێراو ئەبم. وە هەر باسی زنجیری ملی کردووە باسی زنجیری دەستی نەکردووە هەرچەندە هەدوویان مەبەست بووە. عـەوفی دەڵێت لـە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) لەتەفـسیری ئـەم ئایەتـەدا: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَـٰقِهِمْ أَغْلَـٰلًا فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ﴾ دەڵێت: ئەم ئایەتە وەك ئـەو ئایەتـە وایە کە خـوا دەفـەرمووێت: ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ﴾[2] واتە: وە دەستت مەکە کۆت بە گەردنتدا. واتە: دەستیان بەسـتراوە بـە ملیانەوە ناتوانن بۆ هیچ چاکەیەك بیکەنەوە.[3] موجاهید دەڵێت: ﴿فَهُم مُّقْمَحُونَ﴾ واتە: سـەریان بـەرز کردووەتەوەو دەستیان لەسەر دەمیان داناوە.[4] دەستیان لە هەموو چاکەیەك بەستراوە. خـوای گـەورە دەفـــەرمووێت: ﴿وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَـٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ واتـــە: لەمپەرێکمان لە پێشیانەوە داناوەو لەمپـەرێك لـە پـشتیانەوە، تارمایشمان هاویشتە سـەر گلێنـەیان بۆهیچ نـابینن. ﴿وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا﴾ واتـە: ڕێگرێکمـان لەبـەردەم دانـان لـە ڕاسـتی لایانـدا ﴿وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا﴾ واتە: بەر بەستێکیش لە پشتیشیانەوە، ئیتر هەر ئەمبەر و ئەوبەریانـە[5]. قـەتادە دەڵێت: لە ناو گومڕایی و سەرلێـشێواویدا ئەمبـەر و ئەوبەریانـە[6]. ﴿فَأَغْشَيْنَـٰهُمْ﴾ چاومان کوێر کردن ڕاستییان نەدەبینی ﴿فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ واتە: سود لە چاکە وەرناگرن‌و شوێنی ناکەون. ئیبنـو جـەریر دەڵێـت: ڕیوایـەت کـراوەو لـە ئیبنـو عەباسـەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) ئـەم ئایەتـەی دەخوێنـد: ﴿فَأَغْشَيْنَـٰهُمْ﴾ بە بە عەینی موهمەلە (واتەعەینی بـێ خـاڵ) کە لـە (العشا)وە هـاتووە کە بریتیـە لـە نەخۆشیەك لە چاودا.[7] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: خوای گەورە ئەم دیوارەی

---

[1] البخاري (٥١٨٩)، مسلم (٢٤٤٨).

[2] الاسراء (٢٩).

[3] الطبري (٢٠/٤٩٤).

[4] الطبري (٢٠/٤٩٤).

[5] الطبري (٢٠/٤٩٥).

[6] الطبري (٢٠/٤٩٥).

[7] الطبري (٢٠/٤٩٦).

لە نێوان ئەوانو ئیسلامو باوەڕدا داناوە و ناتوانن زیان بەئیسلام بگەیەنن، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی دەرچووەو چەسپاوە بۆیان بڕیاری پەروەردگارت بڕوا ناهێنن، هەرچەند هەموو بەڵگەو نیشانەیەکیشیان بێت هەتا (بە چاوی خۆیان) سزای سەختی ئازاردەر ئەبینن. پاشان دەڵێت: هەر کەسێك خودا ڕێی نەدات توانای نیە زەرەر لەئیسلام بدات[2]، عیکریمە ووتی: ئەبو جەهل دەڵێت: ئەگەر موحەمەدم بینی وا دەکەمو وا دەکەم. ئەوەبوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ﴾ دەڵێت: پێیان دەوت ئەوە موحەممەدە. دەیوت: لە کوێیە؟ لە کوێیە؟ نەیدەبینی! ئیبنو جەریر ئەمەی ڕیوایەت کردووە.[3]

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَسَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ بۆ ئەوانە چ ترسیان وەبەر بهێنی، چ نەهێنی، وەك یەکە، هەر نابن بە خاوەن باوەڕ. واتە: خوا عاقیبەت شەڕی کردوون و ترساندن و ئاگادارکردنەوە کاریان تێناکات و لە سەرەتای سورەتی (البقرة)دا نمونەی ئەم ئایەتانە هاتووە. وەك خوای مەزن لەم ئایەتانەشدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ﴾[4]، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی دەرچووەو چەسپاوە بۆیان بڕیاری پەروەردگارت بڕوا ناهێنن، هەرچەند هەموو بەڵگەو نیشانەیەکیش بۆیان بێت هەتا (بە چاوی خۆیان) سزای سەختی ئازاردەر دەبینن. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكۡرَ وَخَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِۖ فَبَشِّرۡهُ بِمَغۡفِرَةٖ وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ﴾ واتە: ترس وەبەرهێنانەکەت هەر بۆ کەسێك باوی هەیە. پەیڕەوکەری ئەم قورئانەیەو لە نەدیتە ترسی خودای لە دڵدایە. سا تۆ مزگێنی پێبدە کەچاو پۆشی لێدەکرێتو پاداشتی باشیشی هەیە. ﴿ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكۡرَ ﴾ واتە: ئاگادارکردنەوەکەت تەنها خاوەن باوەڕان کەڵکی لێ وەردەگرن، ئەوانەی کە شوێن ئەم قورئانە پیرۆزە کەوتوون، ﴿وَخَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ﴾ واتە: لە پەنهانیدا ترسی خودای لە دڵدایە لە کاتێکدا کە کەس نایبینێت غەیری خودای گەورە کە ئاگای لێیەتیو هەرچی دەکات ئەو دەیزانێت، ﴿فَبَشِّرۡهُ

---

[1] یونس (٩٦ـ٩٧).

[2] الطبري (٢٠/٤٩٥).

[3] الطبري (٢٠/٤٩٥).

[4] یونس (٩٦ـ٩٧).

بِمَغۡفِرَةٖ وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ﴾ واتە: مژدەی بدەرێ کە لـە گوناهـەکانی دەبووری‌ێتو پاداشـتی زۆر فـراوانو چـاكو باشـی دەدرێتـەوە. وەك خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴾[١] واتە: ئەوانەی لە پەنهانیدا لە خوای خۆیان دەترسن لێخۆشبوونو پاداشتی گـەورەیان بـۆ هەیـە. پاشـان خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَنَكۡتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ﴾ واتـە: ئێمـە خۆمـان مـردووان زینـدوو دەکەینـەوەو هـەر کـارێکی بـە زینـدوویی کردوویانـەو شـوێنەواریان، گـشت دەنووسـین هـەموو شـتمان لـە کتێبێکـی پێـشەنگدا هـەژمارکردووە. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾ واتـە: لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئێمـە خۆمـان مـردووان زینـدوو دەکەینەوە. لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە خودای گەورە مەیلی لێ بێت دڵـی هەنـدێ لـە خوانەناسـان زیندوو دەکاتەوە ئەوانەی کە دڵیان مردووەو گومڕابوون. ڕێیان نیشان دەدات بۆ سەر ڕاستی دوای ئەو گومڕاییە. وەك خوای مەزن دوای باسی ڕەقبوونی دڵەکان فەرموویـەتی: ﴿ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾[٢]، واتە: بێگومان بزانن کە خودا زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردنـی بێگومـان نیـشانەو بەڵگـەکانمان بـۆ ڕوون کردوونەتـەوە تـا بـیر بکەنـەوە. وە دەفـەرموێت: ﴿وَنَكۡتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡ﴾ واتـە: هەرچیان کـردووەو شوێنەوارەکانیـشیان ئـەوەی دوای خۆیـان بەجێیان هێشتووە هەموو دەنووسینو پاداشتیان دەدەینەوە لەسەری ئەگەر چاك بوو بە چاکەو ئەگەر خراپیش بوو بە خراپە وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (هەر کەسێك کارێکی چاكو جـوان بکـات لـە ئیسلامدا پاداشتەکەی وەردەگرێتو پاداشـتی ئـەو کەسـەش وەردەگرێت کە بـەو کـارە جوانـەی ئـەو هەڵدەسێت دوای خۆی بەبێ ئەوەی هـیچ لـە پاداشـتی ئـەو کەسـانە کـەم ببێتـەوە. وە هـەر کەسـیش کارێکی خراپو ناشیرین بکات لە ئیسلامدا تاوانەکـەی دەکەوێتـە سـەر شـانیو تـاوانی ئـەو کەسـانەش هەڵدەگرێت لە دوای خۆی دەیکەنو پێی هەڵدەسن بەبێ ئەوەی لە تاوانی ئەو کەسانە کـەم ببێتـەوە). موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە جەریری کوڕی عبدالله ی بەجەلیـەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) کـە چـیرۆکی ئەو مۆزەرڕێیانەش باس ئەکات ئەو جلوبەرگی خوری تەختەتیان لەبـەردابوو[٣]، ئیبنـو ئـەبی حاتـەمیش ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە بەدرێژی لە جەریری کوڕی عەبدوڵاوە (ڕەزای خوای لێ بێت) پاشان

---

[١] الملك (١٢).

[٢] الحديد (١٧).

[٣] مسلم (٢/٧٠٤).

ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾، موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە لە ڕێگایەکی ترەوە.[1] وەهەروەها ئەو فەرموودەیەی کە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك تۆرمەی ئادەم مرد کردەوەی دەبڕێتەوە مەگین لە سێ شتدا نەبێت: لەزانیاریەکەوە کە سوودی لێ وەربگیرێت، یان لە منداڵێکی چاکەوە کە بۆی بپاڕێتەوەو دوعای بۆبکات، یان لە خێروبێرێکی بەردەوامەوە کە لە دوای خۆی جێی دەهێڵێ)[2]. سوفیانی سەوری دەڵێت: لە ئەبو سەعیدەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە موجاهید لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِ الْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾ دەیوت: ئەو شوێنەوارانەی کە لە کاتی گومڕاییدا کردوویانەو بەجێیان هێشتووە بۆیان ئەنووسین. ئیبنو ئەبی نوجەییح و کەسانی تریش وتوویانە لە موجاهیدەوە ﴿مَا قَدَّمُوا﴾ کردەکانیان کە کردوویانە ﴿وَآثَارَهُمْ﴾ ئەو هەنگاوانەی بە قاچیان ناویانە.[3] حەسەنو قەتادەیش هەر وایان وتووە، ﴿وَآثَارَهُمْ﴾ واتە: هەنگاوەکانیان.[4] قەتادە دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر خودای گەورە شتێکی تۆی لە بیر نەمایە. ئەوەی ڕەشەبا کوێری دەکردەوەو دەیسڕیەوە لە بیری دەکرد لەو شوێنەوارانە.[5] بەڵام خوای گەورە هەمووی ژمارە کردووە لەسەر نەوەی ئادەم لەو شوێنەوارو ئەوانەش کە لە سەرپێچیو تاواندا بە کاری هێناوە. هەر کەسێك پێی خۆشەو حەز دەکات با شوێنەوار لە ڕەزامەندی خودادا بەجێ بهێڵێ. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: زەوی دەوری مزگەوت چەند شوێنی چۆڵ بوو، بەنی (سەلیمە) ویستیان بگوێزنەوەو بچنە پاڵ مزگەوت، ئەو هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی پێیان: (بیستوومە کە ئێوە دەتانەوێت بچنە نزیك مزگەوت؟) وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وامان نیاز بووە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی بەنی سەلیمە لەماڵەکانی خۆتان بمێننەوە با شوێنەوارەکانتان بنووسرێت. لەماڵەکانی خۆتان بمێننەوە با شوێنەوارەکانتان بۆ بنووسرێت).[6] هەر بەو شێوەیە

---

[1] مسلم (٢/٧٠٦).

[2] مسلم (٣/١٢٥٥).

[3] الطبري (٢٠/٤٩٧).

[4] الطبري (٢٠/٤٩٩).

[5] الطبري (٢٠/٤٩٩).

[6] أحمد (٣/٣٣٢).

موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە لە جابیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)[1] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدولای کوڕی عەمرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پیاوێك لەم مەدینە مرد پێغەمبەر(ﷺ)نوێژی لەسەر کردو فەرمووی: (خۆزگە لە شوێنێکدا بمردایە کە تیایدا لە دایك نەبووە)! پیاوێك لەو خەڵکە وتی: لەبەرچی ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (وەختێك پیاو لە شوێنێ کە تێیدا لە دایك نەبووە بمرێت. ئەو ماوەیەی کە لێی لەدایك بووە هەتا ئەو شوێنەوارەی کە تێیدا ئەمرێت، هەمووی بۆحیساب دەکرێت لە بەهەشتدا).[2] نەسائیو ئیبنو ماجەش ڕیوایەتیان کردووە.[3] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە سابتەوە دەڵێت: لەگەڵ ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕۆیشتین، وەختێك نوێژمان تەواو کرد ئەنەس وتی: لەگەڵ زەیدی کوڕی سابت دەچووم بە ڕێدا، بە پەلە دەڕۆیشتم. وتی: ئەی ئەنەس: ئایا ئاگاداری کە شوێنەوار دەنوسرێت؟).[4] ئەم قسەیەو قسەی پێشوو هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوانیاندا. بەڵکو بێدارکردنەوەیەکی زیاترو چاکترە. چونکە کاتێك ئەو کەسە شوێنەوارەکانی دەنووسرێت. کەواتە ئەو کارانەی کە دەیکات لە چاکەو خراپە چاکترو باشتر دەنووسرێت، والله أعلم. هەروەها خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ ﴾ واتە: هەرچی بوونەوەر هەیە هەموومان لە کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا ژماردووەو نووسیوە لە (لوح المحفوظ)دا ، ﴿إِمَامٍ مُبِينٍ ﴾ لێرەدا مەبەست پێی (أم الكتاب)ە ئەمە قسەی موجاهیدو قەتادەو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمە.[5] وە هەر بەو شێوەیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَوْمَ نَدْعُوا كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَامِهِمْ ﴾[6] واتە: لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵك بانگ دەکەین لەگەڵ نامەی کردەوەیان کە دەبێتە شایەت لەسەر کردارەکانیان لە چاکەو خراپە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَوُضِعَ الْكِتَابُ وَجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ وَالشُّهَدَاءِ ﴾[7] واتە: وە نامەی کردەوە لەبەر دەمیاندا دادەنرێتو پێغەمبەرەکانو شایەتەکان دەهێنرێن. وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ

---

[1] مسلم (٤٦٢/١).

[2] احمد (١٧٧/٢)، فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

[3] النسائي (٧/٤)، ابن ماجه (٥١٥/١)، فەرموودەیەکی بەهێز نیە.

[4] الطبري (٤٩٨/٢٠).

[5] الطبري (٤٩٩/٢٠).

[6] الاسراء (٧١).

[7] الزمر (٦٩).

مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴾[1] واته: نامەی کردەوەکان دابەش دەکرێت (دەدرێتە دەستی ڕاستی چاکانو دەستی چەپی تاوانباران) ئینجا تاوانباران دەبینی زۆر دەترسن لەو (هەموو تاوانو خراپە)ی کە تێیدایەو دەڵێن: ئای هاوار بۆئێمە ئەم نامەو دەفتەرە چیە؟ هیچ کردەوەیەکی بچووكو گەورەی بەجێ نەهێشتووەو تۆماری نەکردبێت، هەر کردەوەیەکیان کردبێت(تیایدا) ئامادەیەو پەروەردگارت ستەم لە کەس ناکات.

﴿وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا أَصْحَٰبَ ٱلْقَرْيَةِ إِذْ جَآءَهَا ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿١٣﴾ إِذْ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ
فَقَالُوٓا۟ إِنَّآ إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ ﴿١٤﴾ قَالُوا۟ مَآ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحْمَٰنُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ
﴿١٥﴾ قَالُوا۟ رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّآ إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ ﴿١٦﴾ وَمَا عَلَيْنَآ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٧﴾﴾

بەسەرهاتی خەڵكی نـاو ئاوایيەكـە لەگـەڵ پێغەمبەرەكانیانـدا كـەوا دەگەیـەنێت درۆزنـەكان هەموویان تیاچووین

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا أَصْحَٰبَ ٱلْقَرْيَةِ إِذْ جَآءَهَا ٱلْمُرْسَلُونَ﴾ واتە: بەسەرهاتی خەڵكی ناو ئاوایيەكەیان بۆ نمونە بۆ بگێڕەوە كە پێغەمبەر(ﷺ) چوونە لایان. ﴿وَٱضْرِبْ لَهُم﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بەسەرهاتی خەڵكی ئەو ئاوایيە بگێڕەوە بۆ هۆزەكەی خۆت كە باوەڕت پێ ناكەن، ﴿مَّثَلًا أَصْحَٰبَ ٱلْقَرْيَةِ إِذْ جَآءَهَا ٱلْمُرْسَلُونَ﴾ كە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) دەڕۆیشتنە لایان. ئیبنو ئیسحاق دەڵێت: پێی گەیشتووە لە ئیبنو عەباسو كەعبی ئەحبارو وەهەبی كوڕی مونەبیهەوە كە ئەو ئاوایيە شاری ئەنتاكیە بووە پادشایەكی تێدا بووە ناوی ئەنتخسی كوڕی ئەنتخسی كوڕی ئەنتیخس بووە كە پادشایەكی بتپەرست بووە. خوای گەورە سێ پێغەمبەری (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆ ناردن كە ناویان سادقو سەدوقو شەلوم بووە. باوەڕی پێ نەكردوون.[2] هەروەها ڕیوایەت كراوە لە بورەیدەی كوڕی خوسەیب و عیكریمەو قەتادەو زوهەریشەوە كە ئەو ئاوایيە ئەنتاكیە بووە.[3] هەندێ لە زانایان گومانیان بۆدروست بووە كە ئەو ئاوایيە ئەنتاكیە بووبێت إن شاء الله ئێمەش پاش باسكردنی بەسەرهاتەكە باسی دەكەین. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِذْ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا

---

[1] الكهف (٤٩).

[2] الطبري (٢٠/٥٠٠).

[3] الطبري (٢٠/٥٠٠).

فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ ﴾ واتە: ئەو دەمەی کە دوو کەسمان بۆ بەڕێ کردن. کەسیان بڕوایان پێ نەکردن. پێغەمبەری سێهەمیشمان ناردە لایان. یارمەتی ئەو دووانە بدات. وتیان: ئێمە بێگومان، بۆ لای ئێوە نێردراوین. ﴿إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ ﴾ کاتێك کە دوو پێغەمبەرمان بۆ ناردن باوەڕیان پێ نەکردن، ﴿فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ ﴾ بۆ پشتگیری‌و یارمەتی دانی ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) پێغەمبەری سێهەمیشمان بۆ ڕەوانە کردن. ئیبنو جورەیج دەڵێت: لە وەهەبی کوڕی سولەیمانەوە، لە شوعەیبی جوبەئیەوە وتوویەتی: ناوی ئەو دوو پێغەمبەری پێشوو شەمعون‌و یوحەنا بووە سێهەمیش ناوی بۆڵس بووە. ئاواییەکەیش ئەنتاکیە بووە. ﴿فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ ﴾ وتیان بە خەڵکی ئەو ئاواییە بەدڵنیاییەوە ئێمە لە لایەن خوای گەورەوە ڕەوانە کراوین بۆ لای ئێوە. ئەو خودایەی کە ئێوەی دروست کردووەو فەرمانی پێداون کە تەنها ئەو بپەرستن‌و هاوەڵی بۆ دانەنێن. ئەبولعالیە دەڵێت: قەتادەی کوڕی دیعامە لای وابوو کە ئەوانە سێ نوێنەری عیسای کوڕی مەریەم بوون (سەلامی خوایان لێ بێت) نێردران بۆ لای خەڵکی ئەنتاکیە، ﴿ قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ ﴾ وتیان: ئێوە هەر مرۆڤێکن وەك خۆمان. خودا هیچی نەناردووەتە خوارەوە، ئێوە کارتان درۆکردنە، ﴿ قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا ﴾ واتە: ئێوە هەروەك ئێمە ئادەمین، چۆن کتێب هاتووە بۆ ئێوەو بۆ ئێمەش نەهاتووە کە ئێوە مرۆڤن‌و ئێمەش هەر مرۆڤین. بۆچی نیگاش بۆ ئێمە نایەت وەکو ئێوە. خۆ ئەگەر ئێوە پێغەمبەر بوونایە، دەبوو فریشتە بوونایە. لە وێنەی ئەم قسانە زۆرە لەناو ئەو گەلانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەهێناوە وەك خوای گەورە بۆمان باس دەکات‌و دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا ﴾[1] واتە:ئەو (سزایە) بێگومان بە هۆی ئەوەوە بوو کە پێغەمبەرانیان بۆ هات بە بەڵگەی ئاشکراوە کەچی دەیانوت چۆن دەبێت ئادەمییەك لە خۆمان ڕێنموونیمان بکات. بە لایانەوە جێگای سەرسوڕمان بووەو باوەڕیان پێ نەکردووە. ﴿قَالُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأۡتُونَا بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ﴾[2] واتە: وتیان ئێوەش هەر ئادەمیەکی وەك ئێمەن دەتانەوێت بەرگری ئێمە بکەن‌و لامان بدەن لە (پەرستنی) ئەوەی کە باووباپیرانمان دەیانپەرست دەی نیشانەو بەڵگەیەکی ڕوونمان بۆ بێنن. وە خوای گەورە قسەی ئەوانە دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت:

---

[1] التغابن (٦).

[2] ابراهیم (١٠).

﴿ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ ﴾[1] واته: سوێند به خوا ئەگەر ئێوه گوێڕایەڵی بەشەرێکی وەك خۆتان بکەن بێگومان ئێوه ڕەنجەسار دەبن. وه خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَىٰ إِلَّا أَن قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴾[2] واته: هیچ شتێك بەرگری خەڵکی نەکرد لەوەی که باوەڕ بێنن کاتێك که ڕێنموونی ئایینی حەقیان بۆ هات بێجگه لەوەی دەیانوت: چۆن خوا ئادەمیەك به پێغەمبەر دەنێرێت. بۆیه ئەمانه لێرەدا وتوویانه وەك خوای گەوره فەرموویەتی: ﴿ قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمَٰنُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ ﴿١٥﴾ قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ ﴾ وتیان: پەروەردگاری ئێمه خۆی دەزانێت که بۆ لای ئێوه ڕاسپێردراوین. یانی: هەرسێ پێغەمبەرەکه وەڵامیان دانەوەو وتیان: خوای خۆی دەزانێت که ئێمه ڕاسپێراوی ئەوین بۆ لای ئێوه. خۆ ئەگەر درۆیەك به ناوی ئەوەوه بکەین. خودا خۆی سزامان دەدات و تۆڵەمان لێ دەسێنێت. بەڵام خوای گەوره یارمەتیمان دەدات و سەرمان دەخات بەسەر ئێوەداو بەم زووانه دەزانن که پاشەڕۆژ بۆ کێ دەبێت و کێش شەرمەزار دەبێت. وەك خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ قُلْ كَفَىٰ بِاللَّهِ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا ۖ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۗ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴾[3] واته: بڵێ (پێیان) خوا بەسه بۆ شایەتی دان له نێوان من و ئێوەدا ئەوەی له ئاسمانەکان و زەویدایه دەیزانێت و کەسانێك که باوەڕیان هێناوه به بەتاڵ و بێباوەڕ بوون به خوا تەنها ئەوانەن زەرەرمەندان. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَمَا عَلَيْنَا إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴾ واته: ئێمه هەر ئەوەمان لەسەره، پەیامی ئەو به ئاشکرا به ئێوه بڵێین، نه هیچی تر. دەڵێن: ئەوەی لەسەر ئێمه بێت گەیاندنی پەیامی خودایه که به ئێوه بگەیەنین. خۆ ئەگەر شوێنی کەوتن و به گوێتان کرد له دنیاو قیامەتدا بەختەوەر دەبن. ئەگەر شوێنیشی نەکەوتن بەم زووانه دەزانن و ئاکامەکەی وەردەگرن. والله أعلم.

﴿قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ ۖ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨﴾ قَالُوا طَائِرُكُم مَّعَكُمْ ۚ أَئِن ذُكِّرْتُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿١٩﴾﴾

[1] المؤمنون (٣٤).

[2] الاسراء (٩٤).

[3] العنكبوت (٥٢).

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ واتە: وتیان: پێو قەدەمی ئێوە بۆ ئێمە شوومە، دەست هەڵنەگرن، بەردەبارانتان دەکەینو سەخت جەزرەبەتان دەدەین. وەختێك پێغەمبەرەکان وتیان: ئێمە هەر گەیاندنی ئەو پەیامەمان لەسەرە کە پێتان بگەیەنین. خەڵکی ئاواییەکە وتیان ﴿إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡ﴾ ئێمە هیچ خێروبێرێك بە ناوچاوانی ئێوەوە نابینین کە سودی ببێت بۆ ژیانمان. وە ئەگەر تووشی خراپەیەکیش بووین بەهۆی ئێوەوە بەسەرمان دێت.[1] موجاهید دەڵێت: ئەیانووت: هیچ کەسێکی وەك ئێوە نەچووەتە ئاواییەك مەگین خەڵکەکەی تووشی سزاو ئازار هاتوون، ﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ﴾ ئەگەر واز نەهێنن بەردەبارانتان دەکەین، قەتادە وتوویەتی.[2] ﴿وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ جەزرەبەی سەختتان دەدەین. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡۚ أَئِن ذُكِّرۡتُمۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ﴾ واتە: وتیان: شومیتان لە خۆتانە، ئاخۆ ئەگەر ئامۆژگاری بکرێن (ئاوا دەکەن)؟ بەڵکو ئێوە کۆمەڵێکن لە ئەندازەی خۆتان دەرچوون، ﴿قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ﴾ پێغەمبەرەکانیان (سەلامی خوایان لێ بێت) پێیان وتن: شومی پێو قەدەم شومی لە خۆتانەوەیە. وەك خوای گەورە لە بارەی هۆزی فیرعەونەوە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ﴾[3] واتە: جا کاتێك چاکەیان بۆ بهاتایە (لە سەروەتو بەروبووم) دەیانوت: ئەمە شایستەی ئێمەیە بەڵام کاتێك تووشی بەڵاو خراپە بوونایە (دەیانوت) بە هۆی شومی موساو شوێنکەوتووانیەوەیە! بێدارین! بێگومان ئەو (ناخۆشیانە)ی بە لایانەوە شومو خراپە لە لایەن خواوەیە (نەك موساو ئیمانداران). چارەنووستان لای خودایە، هۆزی پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێ بێت) وتیان وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱطَّيَّرۡنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَۚ قَالَ طَٰٓئِرُكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ﴾[4] واتە: ئێمە تووشی شومیو نەگبەتی بووین بە هۆی تۆو ئەوانەی لەگەڵ تۆدان، (صالح) فەرمووی: هۆی ئەو نەگبەتیەی ئێوە لە لای خودایە (کە بێباوەڕیتانە). لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِن تُصِبۡهُمۡ حَسَنَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِكَۚ قُلۡ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلۡقَوۡمِ لَا

---

[1] الطبري (٢٠/٥٠٢).

[2] الطبري (٢٠/٥٠٢).

[3] الاعراف (١٣١).

[4] النمل (٤٧).

یَكَادُونَ یَفْقَهُونَ حَدِیثًا﴾[1] واتە: وە ئەگەر (ناپاكان) خۆشیو چاكە هاتە ڕێیان دەڵێن ئەمە لە لایەن خواوەیەو ئەگەر تووشی ناخۆشیو خراپەیەك هاتن دەڵێن ئەمە لە لایەن تۆوەیە، (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ: هەمووی لە لایەن خواوەیە ئەوە ئەو خەڵكە چیانە وەكو لە هیچ قسەیەك تێ نەگەن وایە.

وە لێرەدا دەفەرموویێت: ﴿أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾ واتە: لەبەر ئەوەی كە ئێمە ئامۆژگاریمان كردنو داوامان لێكردن كە بە تەنها خودا بپەرستن شتی تری لەگەڵ مەپەرستن كەچی ئێوە ئا بەو شێوەیە وەڵامان دەدەنەوە هەڕەشەمان لێ دەكەنو دەمانترسێنن. قەتادە دەڵێت: واتە: ئەگەر ئامۆژگاریمان بكردنایە كە فەرمانی خودا بەجێ بێنن. ئێوە بە شوم سەیری ئێمەتان دەكرد بەڵكو ئێوە گەلێكی لە ئەندازەی خۆتان دەرچوون[2].

﴿وَجَآءَ مِنْ أَقْصَا ٱلْمَدِینَةِ رَجُلٌ یَسْعَىٰ قَالَ یَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِینَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُوا۟ مَن لَّا یَسْـَٔلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا لِیَ لَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِی فَطَرَنِی وَإِلَیْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن یُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّی شَفَٰعَتُهُمْ شَیْـًٔا وَلَا یُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّیٓ إِذًا لَّفِی ضَلَٰلٍ مُّبِینٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّیٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمْ فَٱسْمَعُونِ ﴿٢٥﴾﴾

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَجَآءَ مِنْ أَقْصَا ٱلْمَدِینَةِ رَجُلٌ یَسْعَىٰ قَالَ یَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِینَ﴾ واتە: پیاوێك لەوسەری شارەوە بە غار دەهات. وتی: كەسەكانم! بكەونە شوێن ئەو كەسانە ڕاسپێردراون. ئیبنو ئیسحاق وەك لە ئیبنو عەباسو كەعبی ئەحبارو وەهەبی كوڕی مونەبیهەوە پێی گەیشتووە دەڵێت: خەڵكی ئەو ئاواییە ویستیان ئەو كەسانە بكوژن كە نێردرابوون بۆ لایان، پیاوێك لە سەری شارەوە بە ڕاكردن هات بۆ لایان، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات نەهێڵێت هۆزەكەی ئازاریان بدەن. وتراوە: ئەو كەسە حەبیب (حبیب) بووە خەریكی دروستكردنی تۆڕی ماسی بووە، كابرایەكی نەخۆش بووە، گولی زۆر بەخێرایی لەشی داگرتووە، زۆر بەخشندە بووە، نیوەی ئەو پارەیەی دەستی دەكەوت لە ڕێی خوادا ئەیبەخشیو پیاوێكی زۆر ڕاستو پاك بووە.[3] شەبیبی كوڕی بیشر دەڵێت: لە عیكریمەوە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ناوی هاوەڵەكەی (یس) حەبیبی نەجاڕ بووە كە هۆزەكەی كوشتیان. ﴿قَالَ یَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِینَ﴾ وتی: خەڵكینە شوێنی ئەوانە بكەون ڕاسپێردراون بۆ

---

[1] النساء (٧٨).

[2] الطبري (٢٠/٥٠٤).

[3] الطبري (٢٠/٥٠٤).

لاتان. داوای کردووە لە هۆزەکەی کە شوێنی ئەو پێغەمبەرانە بکەون کە هـاتوون بـۆ لایان، ﴿ ٱتَّبِعُواْ مَن لَّا يَسۡـَٔلُكُمۡ أَجۡرٗا وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴾ واتـە: پـەیڕەوی ئەمانـە بکـەن کـە بـۆ خۆیـان شـارەزای ڕێگـەی خودانو هیچ پاداشتیان لێتان ناوێت! واتە: شوێنی ئەوانە بکەون کە هیچ پاداشتێکیان لە ئێوە ناوێـت لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەی کـە بۆیـان هێنـاونو شـارەزای ئـەو ڕێگەیـەن کـە ئێـوەی بـۆ بـانگ دەکەن کە بریتیە لە ناسینی خـودای گـەورە بـە تـەنهاو هـاوەڵ دانەنانـە بـۆی. ﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴾ واتە: من بۆ دەبێت ئەو کەسەی دروستی کردووم نەیپەرستم، هـەموومان هـەر بـۆ لای ئـەو دەگەڕێینـەوە! ﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي ﴾ واتـە: مـن بۆچـی بـە تـاكو تـەنها ئـەو خودایەی منی وەدی هێناوەو شەریکی نیە نەپەرستم ﴿وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴾ وە لە ڕۆژی قیامەتدا هـەر بـۆ لای ئەو دەڕۆنەوە پاداشتی کردەوەکانتان دەداتەوە، ئەگەر چاك بوو بە چاکە ئەگەر خراپیش بـوو بـە سـزادان. ﴿ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يُنقِذُونِ ﴾ واتە: چۆن من دەچم (غەیری خودا) ئەو شتانە دەپەرستم هەر کاتێك خودا بیەوێت بەڵایەکم بەسـەر بێـت، تکـای ئـەوان هـیچ بەهرەیـەکم بـۆ نـاداتو نـاتوانن ڕزگـارم بکـەن. ﴿ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ﴾ ئەمە ئیستیفهامێکی ئینکاریە. سەرزەنشتو نـاڕەزایی دەربڕینـە واتـە هـەرگیز کـاری وەهـا ناکەم، ﴿إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يُنقِذُونِ ﴾ واتە: ئەو شتانەی ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لە خودا هیچ دەسەڵاتێکیان نیەو خۆ ئەگـەر خـودا بەڵایەکم بەسـەر بێنێـت خـۆی نەبێت کەس ناتوانێت لەسەرم لابـەرێتو تکام بـۆ بکـاتو ڕزگـارم بکـات. ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ﴾[1] واتە: غەیری خودا کەس لەسەرم لاینابات. ﴿ إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴾ واتە: ئەگەر وابێت، ئەوساکە مـن بە ئاشکرا گومڕا بووم. واتە: ئەگەر غەیری خودا کەسێکی تر بپەرستم من بە ئاشکرا سەرم لێ شێواوە، ﴿ إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ﴾ واتە: من بە پەروەردگاری ئێوە بڕوام هێناوە سـا ئێـوەش گـوێم بۆبگرن. ئیبنو ئیسحاق وەك پێی گەیشتووە لە ئیبنو عەباسو کەعبو وەهەبەوە دەڵێت: بە هۆزەکەی ووت: ﴿ إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ﴾ من بڕوام هێنا بـە پـەروەردگاری ئێـوە دە گـوێ بگـرن لـە قسەکانم.[2] وە هەڵیش دەگرێت ئەو قسانەی لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا کردبێت (سـەلامی خوایـان لێ بێـت)

---

[1] الانعام (١٧).

[2] الطبري (٢٠/٥٠٧).

کە پێی وتوون: ﴿ إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ ﴾ من باوەڕ هێنا بەو خوایەی کە ئێوەی ڕەوانە کردووە ﴿فَٱسۡمَعُونِ ﴾ واتە: ئێوە شایەتیم بۆ بدەن لای خودا. ئیبنو جەریر ئەمەی گێڕاوەتەوەو دەڵێت: کەسانی تریش وتوویانە: ئەو پیاوە بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ پێغەمبەرەکان کردووەو پێیان دەڵێت: گوێتان لە قسەکانم بێت بۆ ئەوەی شایەتیم بۆ بدەن لە لای پەروەردگارم کە من بڕوام بە پەروەردگاری ئێوە هێناوەو شوێنی ئێوە کەوتووم. ئەم قسەیە کە ئیبنو جەریر گێڕاویەتیەوە لەو کەسانەوە ماناکەی ڕوونو ئاشکراترە والله أعلم. ئیبنو ئیسحاق لەوەی کە پێی گەیشتووە لە ئیبنو عەباسو کەعبو وەهەبەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت)دەڵێت: کاتێك پیاوەکە ئەو قسانەی کرد هەموو بە یەکەوە پەلاماریان دایەو کوشتیان. هیچ کەسێکی نەبوو بەرگری لێ بکات.[1] قەتادە دەڵێت: هەموو خەڵکەکە بەردەبارانیان دەکرد ئەویش دەیوت: خوایە ڕێ نیشانی هۆزەکەم بدە چونکە ئەوانە نازانن‌و تێناگەن. بەردەوام لێیان دەداو ئەویش هەر ئەو دوعایەی بۆ دەکردن هەتا کوشتیان خوا لێی ڕازی بێت[2]!

﴿ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ٢٦ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ٢٧ ۞ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ ٢٨ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ ٢٩ ﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ﴾ واتە: وترا: وەرە بەهەشتەوە، وتی: بریا هۆزەکەیشم بیانزانیایە. موحەمەدی کوڕی ئیسحاق گێڕاویەتەوە لە هەندێ لە هاوەڵەکانیەوە ئەوانیش لە ئیبنو مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەوەندەیان لێداو خستیانە ژێر لەقە هەتا ڕیخۆڵەکانی لە دوایەوە هاتنە دەرەوە. خوای گەورە فەرمووی: ﴿ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَ﴾ بڕۆرە بەهەشتەوە. چووە بەهەشتەوەو لەوێ ژیانی هەتاهەتایی دەست پێکردو خوای گەورە ئێش‌و ئازارو دڵگرانی‌و نەخۆشیەکەی دنیای نەهێشت.[3] موجاهید دەڵێت: وترا بە حەبیبی نەجار: وەرە بەهەشتەوە. یانی کاتێك کە شەهیدکرا خوای مەزن خستیە بەهەشتەوە. وەختێك ئەو پاداشتەی بینی وتی: خۆزگە هۆزەکەم ئەمەیان بزانیایە، ﴿قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ﴾.[4] قەتادە دەڵێت: خاوەن

[1] الطبري (٢٠/٥٠٨).
[2] الطبري (٢٠/٥٠٨).
[3] الطبري (٢٠/٥٠١).
[4] الطبري (٢٠/٥٠٩).

باوەڕ هەمیشە دڵسۆزی و ئامۆژگاری لێ چاوەڕوان ئەکرێت، هەرگیز نابینی خەیانەتکار بێت. بۆیە کاتێك بەچاوی خۆی ئەوهەمووە ڕێزەی بینی کە خودا پێی بەخشیوە ﴿قَالَ يَٰلَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ﴾ واتە: وتی: بریا هۆزەکەم بیانزانیبا، کە ئەو کەسەی منی پەروەردە کرد، لێم خۆش بووەو خستوومیەتیە ڕیزی بەڕێزان. ئاواتی دەخواست کە هۆزەکەی ئەمەیان بزانیبا کە خودا چۆن ئاوا ڕێزی لێناوە و لە بەهەشتدا دایناوە[1]. ئیبنو عەباس دەڵێت: لە ژیانیدا ئامۆژگاری هۆزەکەی کردو پێی وتن: ﴿يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ وە پاش مردنیش وتی: ﴿يَٰلَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. سوفیانی سەوری دەڵێت: لە عاسمی ئەحوەلەوە لە ئەبو میجلەزەوە کەمانای: ﴿بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ﴾ ئەوەیە: بە هۆی بڕوابوونم بە خواو بە ڕاست زانینیو شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکانیەوە(سەلامی خوایان لێ بێت)ئەم ڕێزەم دەست کەوتووە، وە مەبەستیشی ئەوەبوو کە ئەگەر هۆزەکەی ئاگاداری ئەو هەموو پاداشتە بوونایە کە خوای گەورە پێی بەخشیووە لە بەهەشتدا بەبێ کۆتایی، هانی دەدان و داوای لێ دەکردن کە شوێنی ئەو پێغەمبەرانە بکەون. بە ڕەحمەت بێت و خوا لێی ڕازی بێت، زۆر هەوڵی دەدا کە هۆزەکەی شوێنی ڕێی ڕاست بکەون. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە (عبدالملك)ەوە واتە: عومەیر کە وتوویەتی: عوروەی کوڕی مەسعودی سەقەفی بە پێغەمبەر(ﷺ)ی ووت: ڕەوانەم بکەو بمنێرە بۆ ناو هۆزەکەم تا بانگیان بکەم بۆ سەر ئیسلام. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (من دەترسم بتکوژن) وتی: ئەگەر چاویان پێم بکەوێت خەوتووم خەبەرم ناکەنەوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: بچۆ، ئەویش ڕۆیشت. بە لای لاتو عوزادا تێپەڕی وتی: مەرجە بەیانی کارێکتان بەسەر بێنم دڵگران بتن. سەقیفیەکان تووڕەبون. عورووە پێی وتن: خەڵکی سەقیف نە لات لاتەو نە عوزایش عوزایە موسڵمان ببن. هەتا پارێزراو و ڕزگار بن. ئەی خەڵکی ئەحلاف نە عوزا عوزایەو نە لاتیش لاتە. موسڵمان ببن هەتا پارێزراو و ڕزگار بن. ئەم قسەی سێ جار وت: پیاوێك بەردێکی گرتە چاوی و دای بەگلێنەکەیدا وکوشتی، ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (نموونەی ئەم پیاوە وەك هاوەڵەکەی یاسینە کە وتی: ﴿قَالَ يَٰلَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ﴾.[2] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنۢ

---

[1] الطبري (٢٠/٥٠٩).

[2] الحاكم (٣/٦١٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ﴾ واتە: دوای ئەو ئێمە هیچ لەشکرمان (لە ئاسماندا) نەنارده سەر هۆزەکەی ئەو، (بەر لەمەش) هەر نەماندەنارد. خوای گەورە باسی تۆڵە سەندنی خۆی دەکات لە هۆزی حەبیبی نەججار دوای ئەوەی کە کوشتیان خوای مەزن لێیان توڕە بوو لەبەر ئەوەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لێ بێت) نەکردو ئەو دۆستەی خودایان کوشت. پاشان دەفەرموێت: بۆ لەناودان و قڕکردنی ئەوانە پێویست بە لەشکری فریشتە نەبووە بۆیان دابەزێت بەڵکو کارەکە زۆر لەوە ئاسانتربوو. ئیبنو ئیسحاق ڕیوایەتی کردووە لە هەندێ لە هاوەڵەکانیەوە لە ئیبنو مەسعودەوە کە لەمانای ئەم ئایەتەدا: ﴿وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ﴾ دەڵێت: واتە: فریشتەی زۆرمان نەنارد بۆیان. کارەکە زۆر لەوە ئاسانتر بوو بە نیسبەت ئێمەوە، ﴿إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ﴾ هەر تەنها نەعرەتەیەك بوو. کە لەناکاو کش دامرکان. دەڵێت پاشان خوای گەورە ئەو پاشا زۆردارەی لەناو بردو خەڵکی ئەنتاکیەشی قڕ تێخستو لەسەر زەمیتدا تۆرمەی نەهێشتن و هیچ کەسیان نەما.[1] وتراوە: ﴿وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ﴾ واتە: ئێمە فریشتەکانمان نەناردووە بۆ سەر ئەو گەلانەی کەئەمانەوێ لەناویان ببەین بەڵکو سزایەکیان بۆ دەنێرێت کە قڕیان بکات. موجاهیدو قەتادە دەڵێن: مانای ئەم ئایەتە: ﴿وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ واتە: پەیامێکی ترمان بۆ ڕەوانە نەکردوون دوای ئەو.[2] قەتادە دەڵێت: نەخێر، سوێند بە خوا، خوای گەورە دوای کوشتنی ئەو ئیتر سەرزەنشتی هۆزەکەی نەکرد، ﴿إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ﴾.[3] بەڵکو هەر تەنها یەك دەنگی بەهێز بوو هەموو لەناکاو دامرکانەوە. ئیبنو جەریر دەڵێت: ڕای یەکەم ڕاستترە چونکە پەیام (رسالة) پێی ناوترێت لەشکر (جند).[4] زانایانی تەفسیر دەڵێن: خوای مەزن جبرائیلی نارد (سەلامی خوای لێ بێت) بەر دەرگای ئاواییەکەیانی (شارەکەیانی) لێ گرتن و بە نەعرەتەیەك هەمووی دامرکاندنەوە و گشتیان لەناوچوون و گیانلەبەرێکیان لێ دەرنەچوو. زۆر لە زانایانی پێشینە وەك لە پێشەوە باسکراوە دەڵێن: ئەو ئاواییە ئەنتاکیە بووە. ئەو سێ ڕاسپێراوە لە لایەن مەسیح عیسای کوڕی مەریەمەوە نێردراون (سەلامی خوایان لێ بێت) وەك

[1] الطبري (٢٠/٥١٠).
[2] الطبري (٢٠/٥١٠/٥١١).
[3] الطبري (٢٠/٥١٠).
[4] الطبري (٢٠/٥١١).

قەتادەو چەند کەسی تریش وتوویانە. وە ئەم قسەیە لە هیچ کەس لە زانایانی پاشینەی تەفسیر باس نەکراوە بێجگە لە ئەوبەلأم لە چەند ڕوویەکەوە تێبینی لەسەر ئەم قسەیەهەیە:

یەکەم: دیارە بەسەرهاتەکە نیشانەیە لەسەر ئەوە کە ئەو کەسانە پێغەمبەری خودا بوون (سەلامی خوایان لێ بێت) نەك لە لایەن عیسای کوڕی مەریەمەوە (سەلامی خوایـان لێ بێـت) ڕاسـپێراون. وەك خـوای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿إِذْ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوٓا۟ إِنَّآ إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ ﴿١٤﴾ قَالُوا۟ مَآ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحْمَٰنُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ ﴿١٥﴾ قَالُوا۟ رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّآ إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ﴾ خۆ ئەگەر ئەوانە لە یارە حەواریەکان بوونایە بە شـێوەیەك دەدوان کـە دەرکەوتایـە لە لایەن عیسای کوڕی مەریەمەوە ڕاسپێراون والله أعلم. وە ئـەگـەر ڕاسـپێراوی ئـەو بوونایـە خەڵکەکە پێیان نەدەوتن: ﴿مَآ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾.

دووهەم: خەڵکی ئەنتاکیە بڕوایان بە ڕاسپێراوەکانی مەسیح هێنا کە چوون بۆ لایـان. وە ئەنتاکیـە یەکەم شار بوو باوەڕیان بە عیسای کوڕی مەریەم کرد (سەلامی خوایان لێ بێـت) لەبـەر ئەوەیـە کـە لـە لای گاورەکان یەکێکە لەو چوار شارەی کە (بە تریاکەکانی) تێدا بووە. ئەو شارانەش بریتیە لە قـودس کە شاری مەسیح خۆیەتیو ئەنتاکیە کە هەموو خەڵکەکەی بڕوایان هێنا بـە مەسـیح کـەس نـەما تێیـدا بڕوای پێ نەهێنێت. ئەسکەندەریەش چونکە لەم شارەدا. زاراوەو پلە ئاینیەکانیا دائـەنا. وەك بـەتریاك و مەتران و ئوسقوف و قەسـیس(کەشـیش) و شـایس و ڕاهیـب و.... هـەروەها شـاری ڕومیـەش لەبـەر ئـەوەی شــاری پاشــا قوســتەنتین بــووە کــە پــشتگیری ئاینەکــەی کــردنو یارمەتیــدان. کاتێــك قوستەنتینیەیان دروستکرد و بەتریاکیان لـە ڕومیـەوە گواسـتەوە ئـەوێ، ئەمـە چـەند کەسـێ باسـیان کردووە لەوانەی کە مێژووی ئەوانی باس کردووە. وەك سەعیدی کوڕی بتریقو کەسانی تریش لە ئەهلی کتێبو لە موسڵمانیش، وە ئەگەر وابێت کـە خـەڵکی ئەنتاکیـە یەکـەم شـارە بـڕوای هێنـاوە. خـۆ ئـەم ئاواییەی کە خوای گەورە باسی کردووە بڕوایان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیو بە فـەرمانی خـوای گـەورە بە نەعرەتەیەك بەرباد بوونو دامرکانەوە و لەناوچوون والله أعلم.

سێهەم: بەسەرهاتی ئەنتاکیـە لەگـەڵ حەواریـەکان و هاوەڵـەکانی مەسـیح دوای هاتنـە خـوارەوەی تەورات بووە. ئەبو سەعیدی خودریو کەسانی تریش لـە پێـشینان وتوویانـە: پـاش هاتنـە خـوارەوەی تەورات خوای مەزن هیچ گەلێکی لە گەلەکان لەناو نەبردووە بە ناردنی سزا بۆیان. بەڵکو فەرمانی داوە بە خاوەن بـاوەڕان کـە بجـەنگنو شـەڕ بکـەن دژی بتپەرسـتانو خوانەناسـان وەك خـوای گـەورە لـەم

ئایەتـــەدا فەرموویــەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ﴾[1] واتـــە: سوێد بە خوا بێگومان تەوراتمان بەخشی بە موسا لە پاش ئەوەی خەڵکی چەرخە پێشووەکانمان لەناو برد. بەم ئایەتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئاوایییەی کە قورئان باسی کردووە ئاوایییەکی تـرەو ئەنتاکیە نیە. وەك هەندێ لە زانایانی پێشین دەڵێن. یان ئەو ئەنتاکیە کە ناوی هاتووە لەو بەسەرهاتەدا. شارێکی ترەو ئەم ئەنتاکیە بەناوبانگو ناسراوە نیە. چونکە ئەو ئەنتاکیە بەناوبانگە هەرگیز نەبیسراوە کە قڕبووبن نە لە کاتی نەسرانیەکانداو نە لە پێش ئەوانیش والله سبحانه وتعالى أعلم.

﴿يَـٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ ۚ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٠﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿٣١﴾ وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٣٢﴾﴾

هاوارو حەیف بۆ بێباوەڕان

خوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿يَـٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ ۚ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ واتە: مەخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هات، هەر گاڵتەو گەپیان پێ کردوون. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لـە ئیبنـو عەباسـەوە کـە خـوای گـەورە دەڵێـت: ﴿يَـٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ﴾ واتـە: هـاوارو مەخابن بۆ ئەو بەندانە.[2] قەتادە دەڵێت: ﴿يَـٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ﴾ واتە: هاوار بۆ ئەو بەندانە کە چیان بە خۆیان کردو چەندە فەرمانی خودایان پشتگوێ خستووەو دوور کەوتوونەتەوە لە خودا. وە لـە هەنـدێ لە خوێندنەوەکاندا بە(یا حسرة العباد علـى أنفسها) ئەخوێنرێتـەوە[3]. واتـە: هـاوار دەکـەنو پەشیمان دەردەبڕنو هەناسـە بۆخۆیـان هەڵدەکێـشن لـە ڕۆژی قیامەتـدا. وەختێـك ئـەو جەزرەبەیـە دەبینـنو دەچەژن. کـە چۆن بڕوایـان نـەکرد بـەو پێغەمبەرانـەی خـودا (سـەلامی خوایـان لێ بێـت) گوێبیستی فەرمانی خودا نەبوون لە ژیانی دنیادا دژایەتیان کردنو بە ڕاستیان نەدەزانین ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ واتە: بڕوایان پێ نەدەکردو گاڵتەیان دەکردو لاریان بوو لـەو ڕاستیەی کە پێـی هاتووەو بۆی ڕەوانە کراوە لە لایەن خوای مەزنەوە.

---

[1] القصص (٤٣).

[2] الطبري (٢٠/٥١٢).

[3] الطبري (٢٠/٥١٢).

وەلامدانەوەی ئەوانەی کە باوەڕیان وایە دوای مردن جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ سەر دنیا (الرد على عقيدة التناسخ)

پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴾ واتە: چۆن ئەمانە نەیاندیووە کە چەندین چینمان لە مرۆڤ (لە پێش ئەمان) قڕکردووەو تازە نایەنەوە لایان؟. واتە: ئاخۆ پەندو ئامۆژگاریان وەرنەگرت لەوانەی پێش خۆیان کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردو قڕمان کردن کە چۆن جارێکی تر نەگەڕانەوە بۆ سەر دنیا. وە پرسەکەش بەو شێوەیەش نیە کە زۆرێك لە نەفامو لە دین لادەرەکانیان گومان دەبەنو دەڵێن: ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا﴾[1] واتە: ژیان نیە تەنها ژیانی ئەم دنیایەمان نەبێت، دەمرینو دەژیینەوە. ئەم بیرو ڕایە بیر و ڕای ئەو کەسانەیە کە بڕوایان بە سوڕانەوەی بەردەوام هەیە لە دنیادا کە دەهریەکانیان پێی ئەوترێت، ئەوان باوەڕیان وایە (بە نەزانی) پاش مردن جارێکیتر دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی دنیا، وەك چۆن یەکەم جار تێیدا ژیاون. خوای گەورەیش وەڵامی ئەو قسە پڕوپوچەیان دەداتەوەو دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴾، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ بێگومان هەموو یەکیشیان، هەر دەهێنینەوە لای خۆمان. واتە: هەموو گەلە پێشووەکان و ئەوەیش لەمەودوا دێت بەم زووانە هەموو لە ڕۆژی قیامەتدا ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە لە خزمەت خوای گەورەداو پاداشتیان دەداتەوە بە پێی کردەوەکانیان، چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵەو جەزرەبەدان. وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَالَهُمْ﴾[2] واتە: بێگومان هەموو (ئەوانەی جیاوازن) پەروەردگارت (پاداشتی) کردەوەکانیان بە تەواوی پێ دەدات.

﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ الْعُيُونِ ﴿٣٤﴾ لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٥﴾ سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾﴾

---

[1] المؤمنون (٣٧).

[2] هود (١١١).

سەلماندنی وەدیهێنەر بۆ بوونەوەرو ژیانیش لە پاش مردن

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ﴾ واتە: هەر لە زەوی ڕامێنن، نیشانەی بۆ ئـەوان تێدایە، کـە بـە مردوویـی ئێمـە زینـدوومان کـردەوەو دەنکمان لێ بەرهەم هێنا، کە خۆراکە بۆ ئەمان.﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ﴾ واتە: هەر لە زەویدا نیشانە هەیە لەسـەر بوونی وەدیهێنەر کە خودایەو لەسـەر توانـای بـێ پایـانیو زیندووکردنـەوەی مـردوو ﴿ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ ﴾ واتە: وەختێك کە زەوی مردووەو گیانی تێدا نیەو هیچ ڕووەکیشی تێـدا نـەڕواوە.. لـەو کاتـەدا خـوای مەزن بارانی بەسەردا دەبارێنێتو زەوی دەجوڵێنێتو نەرم دەبێتەوەو هەموو جۆرە ڕووەکێکی جوانو درەوشاوەی تیا دەڕوێت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ﴿٣٣﴾ وَجَعَلۡنَا فِيهَا جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَٰبٖ وَفَجَّرۡنَا فِيهَا مِنَ ٱلۡعُيُونِ ﴾ هەر لە زەویش چەندین خورمـاو ڕەزی زۆرمان وەدی هێناو چەند کانیاومان لێ هەڵقوڵاند. واتە: هەر لەو زەمینـە بـاغی دارخورمـاو ڕەزو ڕووباری زۆرمان وەدی هێنا بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێیەتی بۆ ئـەوەی بەرهەمـەکانی بخۆن. وەختێك خوای گەورە منەتی خۆی دەکات بەسەر خەڵکدا کـە کشتوکاڵی بـۆ وەدی هێنـاون بـە دوایـدا باسی میوەو جۆرەو شێوەکانیشی کـردووە. وە دەفـەرمووێت: ﴿ لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ﴾ واتە: تاکو لە میوەی خوداو لە دەسڕەنجی خۆیـان بخـۆن، ئـاخۆ هێشتا شوکرانە ناکەن. واتە: هەتا لەو بەرهەمەی کە خودا پێی داون بخۆن، ئەمەش هەموو سۆزو بـەزەیی خودایـە بـۆ بەندەکانی. نەك بە هەوڵو تێکۆشانو ماندووبوونی خۆیان دەستیان دەوتبێـت. ئیبنـو عـەباس (ڕەزای خوای لێ بێت)و قەتادە دەڵێن بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ﴾ واتـە: ئایـا هێـشتا سوپاسی خوا ناکەن لەسەر ئەو هەموو بەهرەیەی کە خودا پێی داونو لە ژمارە نایـەت؟ ئیبنـو جـەریر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە (قەناعەتی بووە بە ڕاکەی خۆی)و لە هیچ کەسیش نەبیستراوە کە (مـا) مانـای تریش هەڵدەگرێت بەگریمان نەبێت، لەم فەرموودەی خـوای گـەورەدا: ﴿وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡ ﴾ بـە مانـای (الذي) هاتووە. بەم شێوەیە واتە: هەتا لە میوەی خـوداو بەرهـەمی دەسـتی خۆیـان بخـۆن واتـە: کـە ناشتوویانەو دایانناوە، دەڵێت: لە خوێندنەوەی ئیبنو مەسعودیشدا بـە هـەمان شـێوە هـاتووە (ڕەزای خـوای لێ بێـت): ﴿ لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ﴾. پاشـان خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ واتە: هەر خودا پاکو بێ عەیبە کە جوتەی لە هەموو شتێك وەدی هێنا، چ لەوانـەی لـەم سـەر زەمینـە

دەڕوێن و چ لە خۆیان و چ لەوانەش کە نایزانن. واتە: پاکی و بێ عەیبی بۆ ئەو خوایەی کە جوتـەی لـە هەموو شتێك دروست کردووە لە کشتوکاڵ و میوەو گژوگیادا ﴿وَمِنْ أَنفُسِهِمْ﴾ لـە خۆشـیان نێـرو مێـی دروست کردووە ﴿وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ وە لە وەدیهێنراوەکـانی تریـشدا کـە ئـەوان نـایزانن. وەك خـوای مەزن فەرموویەتی لە ئایەتێکی تردا: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾[1] واتە: وە لە هـەموو شتێك جووت (نێرو مێ)مان دروست کردووە بۆ ئەوەی بیربکەنەوەو پەندی لێ وەر بگرن.

﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾

هەندێك لە دەسەڵات و نیشانە گەورەکانی خودای گەورە، شەوو ڕۆژو خۆرو مانگە

خوای گەورە دەفـەرمووێت لە نیشانەکانی دەسەڵات و توانای خودا، دروستکردنی شەوو ڕۆژە، شـەو بە تاریکی و ڕۆژیش بە ڕووناکیەکەی. بە شێوەیەك وەدی هێناون کە بـە دوای یەکدا بـێن و شـەو دێـت و ڕۆژ دەڕوات و ڕۆژ دێــت و شــەو دەڕوات. وەك خــوای مــەزن فەرموویــەتی: ﴿يُغْشِي ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾[2] واتە: ڕۆژ بە شەو دادەپۆشێت و ڕۆژیش بە پەلە دەکەوێتـە شـوێنی شـەو. بۆیـە خـوای مـەزن لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ﴾ بۆ ئەوانە، شەویش یەك لە نیـشانانە، ئێمـە ڕۆژی لێ دادەڕنـین و لـە ناکـاو تاریکانیـان بەسـەردادێت. ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ﴾ واتە: لە نیشانەکانی ئێمـە بۆیـان، کـە شـەو ڕۆژی لێ دەکەینـەوەو دەڕوات و لـەناکاو تاریکـایی دایاندەپۆشێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ﴾، وەك لە فـەرموودەی سـەحیحدا هاتووە: وەختێك کە شەو ئالێرەوە هات ڕۆژیش پـشتی هـەڵکرد لێـرەوە و خـۆریش نیشت، ڕۆژوەوان ڕۆژو دەشـکێنێت. وەك لـە ئایەتەکـەوە بـەڕوونی دەردەکـەوێت.[3] پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾ خــۆریش بــەرەو بنــەی خــۆی لــە گەڕانەوەدایە، کە لە خاوەن دەسەڵاتی زاناوەیە، ئـەو فەرمانـەی پێداوە. ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ

[1] الذاريات (٤٩).

[2] الاعراف (٥٤).

[3] فتح الباري (٢٣١/٤).

لَهَا﴾ دوو بۆچوون هەیە: بۆچوونی یەکەم: (ئارامگای مەکانی) مەبەست پێی شوێنو جێگەی ڕۆژە کە تێیدا ئارام دەگرێت. کە لە ژێر عەرشدایە کە زەمینیش دەکەوێتە ئەوێ لەو لایەوە. خۆر بۆ هەر شوێنێك بڕوات هەر لە ژێر عەرشدایەو لێی دەرناچێتو هەموو دروستکراوەکانی تریش هەموو لە ژێر عەرشدان کەئاسمانی سەر هەموو بونەوەرانە. عەرش بازنەیی نییە وەك زۆرێك لەزانایانی گەردوونناسی بڕوایان وایە، بەڵکو عەرش گومەزەیەکە و قاچی هەیە و فریشتە هەڵیدەگرن و لەسەروو بونەوەرو مرۆڤەکانەوەیە،ڕۆژ کەئەچێتە ناوەڕاستی ئەو گومەزەیەوە لەکاتی نیوەڕۆدا نزیکترین شوێنیتی لەعەرشەوە، کە ئەشسوڕێتەوەو ئەگاتە خولگەی چوارەم و بەرانبەر ئەوەستێت لەگەڵ ئەم شوێنەدا کە بریتییە لەنیوەی شەو ئەو شوێنە دوورترین شوێنیەتی لەعەرشەوە، ئالەو کاتەدا خۆر سوژدە بۆ خوا دەبات و مۆڵەتی هەڵاتن وەردەگرێتەوە وەك چۆن فەرموودەی زۆر لەو بارەیەوە هاتووە. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو زەڕەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: من لەگەڵ پێغەمبەردا بووم (ﷺ) لەناو مزگەوتدا لە کاتی ڕۆژئاوابووندا. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی ئەبو زەڕ ئایا دەزانی ڕۆژ لە کوێ ئاوا دەبێت؟) وتم: خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەزانن. فەرمووی: (ئەو دەڕوات هەتا لە ژێر عەرشدا سوژدە دەبات، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾).[1] دیسان لە ئەبو زەڕەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕیوایەت کراوە کە دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا﴾ فەرمووی (ﷺ): (شوێنی ئارامگرتنی خۆر لە ژێر عەرشدایە)[2].

بۆچوونی دووەم: مەبەست بە شوێنو ئارامگای خۆر خاڵی کۆتایی یەتی کەلە ڕۆشتنندا پێی دەگات، کە بریتییە لە ڕۆژی قیامەت، دوای ئەوە ئیتر گەڕانی نامێنێتو لە جووڵە دەکەوێت و دەپێچرێتەوە، ئەم دنیایەش کۆتایی پێ دێت و ئەگاتە خاڵی کۆتایی. ئەمە شوێنو جێ کاتیەکەیە یانی(ئارامگای زەمانی)، قەتادە دەڵێت: ﴿لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا﴾ واتە: بەرەو ئارامگای زەمانی خۆی کە تەمەنی کۆتایی پێدێت و زیاتر ناڕوات[3]! لەوەوە وتراویشە: مەبەست پێی بەردەوام دەگەڕێت لە شوێنی هەڵاتنیەوە لە کاتی هاویندا هەتا ئەو کاتەی بۆی دیاری کراوە و زیاتر ناڕوات. پاشان دەگەڕێت لەو شوێنەی لە کاتی زستاندا کە لێی هەڵدێت هەتا ئەو کاتەی بۆی دیاری کراوە وزیاتر ناڕوات. ئەمە لە عبدالله ی کوڕی

---

[1] فتح الباري (٨/٤٠٢).

[2] فتح الباري (٨/٤٠٢).

[3] الطبري (٢٠/٥١٧).

عەمرەوە ڕیوایەت کراوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئیبنو مەسعودو ئیبنو عەباس ئەم ئایەتەیان بەم شێوەیە خوێندووەتەوە: ﴿وَ الشَّمْسُ تَجْرِي مُسْتَقَرٌّلَها﴾ واتە: ناوەستێ و لە جوڵە ناکەوێت بەڵکو بەردەوام دەگەڕێت بە شەوو بە ڕۆژ و یەکی ناکەوێت و ناوەستێت. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ دَآئِبَيۡنِ ﴾[1] واتە: وە هەروەها ڕامی هێناوە بۆتان ڕۆژو مانگ بە هەمیشەیی. واتە: وەستان و وچانیان نیە هەتا ڕۆژی قیامەت. ﴿ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾ واتە: ئەمە بڕیاری خوای خاوەن دەسەڵاتە کەس ناتوانێت لێی لابدات و ببێتە لەمپەر لە ڕێیدا ﴿ٱلۡعَلِيمِ﴾ ئاگاداری هەموو جموجوڵ و وەستانێکە و بڕیاری داوە و کاتەکەیشی بۆ دیاری کردووە بەشێوەیەك هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت و پێچەوانە نابێتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَالِقُ ٱلۡإِصۡبَاحِ وَجَعَلَ ٱلَّيۡلَ سَكَنٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾[2] واتە: (خوا) بەدیهێنەری شەبەق و ڕووناکی ڕۆژبوونەوەیە و شەوی کردووە بە کات و هۆی ئارامگرتن و خۆرو مانگی کردووەتە هۆی حیساب دیاری کردن و زانینی کات ئەوەش ئەندازەگرتنی خوای بە دەسەڵاتی زانایە. هەر بەم شێوەیە ئایەتی (١٢) حامیمی (حم) سوژدە کۆتایی هاتووە ﴿ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾ پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ﴾ مانگیش ئێمە بۆمان دانا بە چەند قۆناغدا تێپەڕێت، تا وای لێ دێت وەك پەلی وشکەڵی دارخورما، دێتە بەرچاو. ﴿ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ﴾ مانگیشمان وا دانا کە بە چەند قۆناغدا دەڕوات بە شێوەیەکی وا تا مانگەکانی پێ دیاری بکرێت. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَهِلَّةِۖ قُلۡ هِيَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلۡحَجِّ ﴾[3] واتە: پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی نوێبوونەوەی مانگە نوێیەکان بڵێ ئەمانە نیشانەی کاتەکانن بۆ خەڵکی و بۆ حەج. وە دەفەرمووێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلشَّمۡسَ ضِيَآءٗ وَٱلۡقَمَرَ نُورٗا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعۡلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلۡحِسَابَ ﴾[4] واتە: خوا زاتێکە وەهایە خۆری گێڕاوە بە تیشك، مانگیشی گێڕاوە بە ڕووناکی بۆ (گەڕانی) مانگ چەند قۆناغێکی دیاری کردووە بۆ ئەوەی ژمارەی ساڵەکان و حیسابی (مانگ و ڕۆژی

---

[1] ابراهيم (٣٣).

[2] الانعام (٩٦).

[3] البقرة (١٨٩).

[4] يونس (٥).

پـێ بـزانن). وە دەفـەرمووێت: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُواْ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ وَكُلَّ شَىْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا ﴾[1] واتــە: شــەوو ڕۆژمان کرد بە دوو نیشانە ئینجا نیشانەی شەومان تاریك کرد (یان سڕیەوە)و بەڵگەو نیشانەی ڕۆژمان ڕووناك کرد بۆ ئەوەی بە شوێن ڕۆزی پەروەردگارتاندا بگەڕێنو بۆ ئەوەی ژمارەی ساڵەکانو حیسابی (مانگو شەوو ڕۆژەکان) بزانن وە ئێمە هەموو شتێکمان بە ڕوونو ڕەوانی باس کردووە (بۆتان). خوای گەورە ڕۆژی وا وەدی هێناوە کە ڕووناکیـەکی تایبـەتی خـۆی هەیـەو مانگیشی وا وەدی هێناوە کە ڕووناکیەکی تایبەتی خۆی هەیە. جیاوازی لە نێوان ڕۆشتنی ڕۆژ جۆرێکەو هی مانگ جۆرێکی تر. ڕۆژ هەموو ڕۆژێك هەڵدێتو ئاوا دەبێت بە هەمان ڕووناکی. بەڵام لـە هـاوینو زستاندا شوێنی هەڵاتنەکەی دەگۆڕێت. بەو هۆیەوە ڕۆژ درێژ دەبێتو شەو کورت دەبێتەوەو پاشانیش شەو درێژ دەبێتو ڕۆژ کورت دەبێتەوە. بەو شێوەیە خۆر فەرمانەکەی لـە ڕۆژدایـەو ئەستێرەیەکە لـە ڕۆژدا هەڵدێت. بـەڵام مانگ خوای مەزن بۆی داناوە بـە چەند قۆناغێکدا تێپـەڕێت. لەئـەوەڵی هـەموو مانگێکـەوە هەڵدێتو دەردەکەوێت زۆر بە بچووکیو کەم ڕووناکی. پاشان ڕووناکیەکەی زیاد دەکاتو لـە شـەوی دووهەمدا قۆناغەکەشی بـەرزتر دەبێـت، پاشـان هـەتا بـەرز بێتـەوە ڕووناکیەکـەی زیـاد دەکـات. هەرچـەندە ڕۆشناییەکەی لە خۆرەوە وەردەگرێت. هەتا ڕۆشنایەکەی پڕو تەواو دەبێت لـە شـەوی چواردەهەمدا. پاشان دەست دەکاتەوە بە کەم بوونەوە لە کۆتایی مانگدا هەتا وەك پەلی کۆنی وشکەڵاتی دارخورمای لێ دێت. ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ﴾ واتـە: چـڵی هێشوە دارخورما کاتێك وشك دەبێتو دەچەمێتەوە.[2] عەرەبەکان هەموو سێ شەوێکیان لـە مانگدا بـە جۆرێك ناوبردووە لە بارەی مانگەوە سێی یەکەمیان ناوبردووە بە غورەر (غُرَر) سێی دوای ئـەویان نـاوبردووە بە نوقەل (نُفَل) سێی دوای ئەمیشیان ناوبردووە بە توسەع (تُسَع) چونکە کۆتاییەکـەی نۆ یـە. دوای ئەمیش بە عوشەر (عُشَر) چونکە لـە دەوە دەست پێدەکات. وە سێی دوای ئەمـە پێـی دەڵێن سپی (البیض) چونکە ڕووناکی مانگ تیایاندا بە تەواوی دەردەکـەوێت. وە دوای ئەمانـە پێـی دەڵێن دورەع (دُرَع) جەمعی دەرعانە چونکە ئەوەڵەکەی تاریکە لەبـەر ئـەوەی مـانگ درەنـگ هەڵدێت. وەك عـەرەب دەڵێت (الشاة الدَّرعاء) واتە: ئەو مەڕانەی کە سەریان ڕەشە. دوای ئەمانـە سیانەکەی تـر پێـی دەڵێن زولەم (ظُلَم) دوای ئەمانەش پێی دەڵێن حەنادیس سیانی تریش ناویان دەنادینە دواین سێی مانگ پێی دەڵێت حەحاق چونکە مانگ زۆر بە کزیو لاوازی دەبینرێت تیایدا پاشان نامێنێت. ئەبو عوبەید ڕەزای

---

[1] الاسراء (١٢).

[2] الطبري (٢٠/٥١٨).

خوای لێبێت، نکوڵی لە (تِسع، عُشر)ئەکات وەك لە کتێبی (غريب المنصف)دا وتوویەتی. خوای گەورە دەفـــــەرمووێت: ﴿ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ واتە: نە خۆر توانای هێندەی هەیە بگات بە مانگ، نە شەویش پێش ڕۆژ دەکەوێتو سەر لەبەریش لە ئاسمانێك مەلە دەکەن. موجاهید دەڵێت: هەر یەکێك لە مانگو خۆر سنووری خۆی هەیەو نە زیاد دەڕۆنو نە کەم. هەر کاتێك دەسەڵاتی ئەم هات. ئەوی تریان دەڕواتو کاتێك دەسەڵاتی ئەم نەما دەسەڵاتی ئەوی تر دێت.[1] عیکریمە لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ ﴾ ئەڵێت واتە: هەر یەکێك لە خۆرو مانگ سنوورێك بۆ دەستەڵاتی هەیە. خۆر بۆی نیە لە شەودا هەڵبێت. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ﴾ واتە: هەروەها شەو بۆی نیە دووجار بە شەوی بمێنێت هەتا ڕۆژ بە دوایدا نەیەت. دەسەڵاتی خۆر لە ڕۆژدایەو دەسەڵاتی مانگیش لە شەودایە. زەحاك دەڵێت: شەو ناچێت ئا لێرەوە هەتا ڕۆژ نەیەت ئا لێرەوە دەستی ڕاکێشا بۆ ڕۆژهەڵات.[2] موجاهید دەڵێت: ﴿وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ﴾ دەگەڕێن بە دوا یەکداو یەکتری دادەڕنن.[3] مانای ئەمە وا دەگەیەنێت کە وەستان لە نێوان شەوو ڕۆژدا نیە بەڵکو هەریەکەیان بە دوای ئەوی تردا دێت. بەبێ وەستانو دواکەوتن. چونکە هەردووکیان ڕام هێنراون کە بە دوای یەکتریدا بگەڕێن بە بەردەوامیو بێ وچان. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ واتە: شەوو ڕۆژ، مانگو خۆر هەموو بە دوای یەکدا دەسوڕێنەوەو دەگەڕێنو لە ئاسمانێك مەلە دەکەن. ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو عیکریمەو زەحاكو حەسەنو قەتادەو عەتای خۆراسانیە[4]. ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) زۆرێك لە زانایانی سەلەف وتوویانە: لە بازنەیەکدان وەك بازنەی تەشی دەسوڕێنەوە.

﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ (٤١) وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ (٤٢) وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ (٤٣) إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ (٤٤)﴾

---

[1] الطبري (٢٠/٥٢٠).

[2] الطبري (٢٠/٥٢٠).

[3] الطبري (٢٠/٥١٩).

[4] الطبري (٢٠/٥٢٠).

یەکێك لە نیشانەکانی دەستەڵاتی خودا هەڵگرتنی مرۆڤە لە کەشتی جە نجاڵدا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ﴾ ئەمە بۆئەوان نیشانەیە، هاوڕەگەزانی ئەوانمان لە کەشتی پڕکراودا هەڵگرتووە. یانی یەکێکی تر لە نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ڕامهێنانی دەریایە کە گەمیەکانی ناوی هەڵدەگرێت. لەوانە کە یەکەم گەمی گەمیەکەی نوح پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێ بێت) کە خودا لەو گەمیەدا خۆی‌و ئەوانەش کە لەگەڵی بوون ڕزگاری کردن لە خاوەنباوەڕان کە هیچ کەس لەسەر زەمیندا نەما لە نەوەی ئادەم جگەلەئەوان، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ﴾ واتە: یەکێك لە نیشانەکانی ئێمە هەڵگرتنی هاوڕەگەزانی (باب‌و باپیرانی) ئەوان بوو ﴿فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ﴾ واتە: کەشتی پڕ لە شتومەك‌و زیندەوەران کە خودای بەدەستەڵات فەرمانی دا کە لە هەموو توخمێك جوتەیەك هەڵگرن تێیدا. ئیبنو عەباس دەڵێت: ﴿ٱلْمَشْحُونِ﴾ واتە: بارقورس‌و گران.[1] سەعیدی کوڕی جوبەیرو شەعبی‌و قەتادەو سودیش هەر وایان وتووە.[2] زەححاك‌و قەتادەو ئیبنو زەید دەڵێن: واتە: کەشتیەکەی نوح (سەلامی خوای لێ بێت).[3] وە دەفەرمووێت: ﴿وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ﴾ وێنەی ئەویشمان داهێنا. کە دەتوانن سواری بن. عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) مەبەست پێی وشترە. چونکە وشتر کەشتی وشکانیە باری پێ هەڵدەگرن‌و سواری دەبن.[4] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: ئایا تێدەگەن مەبەست لەوە چییە کە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ﴾، وتمان: نەخێر. وتی: ئەو گەمییانەن کە وەك گەمیەکەی نوح دروست کران پاش گەمیەکەی ئەو.[5] هەر بەو شێوەیە ئەبو مالك‌و زەححاك‌و قەتادەو ئەبو سالح‌و سودیش وتوویانە: مەبەست بەم فەرموودەی خودا: ﴿وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ﴾ واتە: کەشتیەکان[6]. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ﴾ واتە: ئەگەر حەزکەین نوقمی بن ئاویان دەکەین‌و ئەوساکە هیچ فریادڕەسێکیان نابێت‌و ڕزگار ناکرێن. ﴿وَإِن

---

[1] الطبري (٢٠/٥٢٠/٥٢٢).

[2] الطبري (٢٠/٥٢٠/٥٢٢).

[3] الطبري (٢٠/٥٢٠/٥٢٢/٥٢٣).

[4] الطبري (٢٠/٥٢٤).

[5] الطبري (٢٠/٥٢٣).

[6] الطبري (٢٠/٥٢٢/٥٢٤).

﴿نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ﴾ واتە: ئەگەر حەز بکەین ئەوانەی کە لەناو گەمیەکەدان نوقمیـان دەکـەین، ﴿فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ﴾ واتە: کەس بە هاواریانەوە نایەت لەو کاتەدا کە نوقم دەبن. ﴿وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ﴾ واتە: ڕزگار ناکرێن لـەوەی کە توشیان بـووە. ﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾ مـەگین بـەزەیی ئێمـەیان بـەفریا بێتو تـا ماوەیـەك بەرخوردار بن. ﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا﴾ واتە: بەڵکو بە سۆزو بەزەیی ئێمە دەتـانگێڕین بـەناو زەوی‌و دەریادا تـا ماوەیـەکی دیـاریکراو دەتانهێڵینـەوە. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَمَتَاعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾ واتـە: تـا ماوەیەکی دیاریکراو لە لای خودای گەورە.

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٥﴾ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤٦﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ أَطْعَمَهُ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٤٧﴾ ﴾

باسی گومڕایی بتپەرستان

خــوای مــەزن دەفــەرموێت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ هــەر کاتێکیش پێیان بوترێت: لەوی کە ڕووبەڕووتانەو لەوەش لە پشتەسەرتانە، خـۆ بپـارێزن، بەشـکو بـەر بەزەیی خودا بکەون، (کەچی ئەوان خۆ دەبوێرن). خوای مەزن باسـی بتپەرسـتان دەکـات کـە چـەندە ڕۆچوون لە خراپـەکاری‌و گومڕاییـدا، وە گـوێ بـەو تـاوان‌و گوناهانـەی خۆیـان نـادەن کـە کردوویانـەو ئـەوەیش کـە تووشیان دێت لـە ڕۆژی قیامەتـداو دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ﴾ واتە: هەر کاتێك پێیان بوترێت خۆتان بپارێزن لە گوناهو لە سزای ڕۆژی قیامـەت. موجاهید دەڵێت: مەبەست: گوناهە. کەسـانی تـریش وتوویانـە: واتـە: بـە چـاکەکردن خۆتـان بپـارێزن. ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بەڵکو بە هۆی خۆپارێزیتانەوە بەر بەزەیی خودا بکەون لە جەزرەبەی ڕزگارتـان بێـت. دەقـی فەرموودەکە وا دەگەیەنێت کە نەك هەر گوێ نادەنە فـەرمانی خـودا بـەڵکو پشتیـشی تێدەکـەن‌و دژی دەوەســتن بۆیــە خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ واتە: هەر نیشانەیەکیان بۆ بێت لە لای پەروەردگاریانەوە ئیلا دەبێت ڕووی تێ نەکـەن. واتـە: هەر بەڵگەیـەکیان بـۆ بێـت لـە لایـەن خـوداوە لەسـەر تـاك‌و تـەنهایی خـوداو بـە ڕاسـتی ڕەوانـەکردنی پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لێ بێـت) ﴿إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ واتـە: تـێ ڕانـامێنن‌و پێـشوازی لێ

ناکەن‌و بەهرەی لێ وەرناگرن. پاشان خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ واتـە: کـاتێکیش پێیان بوترێت: لەو بژێوەی خوا پێی داون خێرێ بکەن. خوانەناسان بە خاوەن بـاوەڕان دەڵـێن: ئـاخۆ ئێمە خۆراك بە کەسێك ببەخشین ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە بژێوی بـۆ دابـین دەکرد؟ ئێـوە هـەر لـە گومڕایی دان. ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ ﴾ وەختێـك فـەرمانیان پـێ بکرێت کـە لـەو سامانەی خودا پێی داون خێرو بێر بکەن‌و لە ڕێی خودا بیدەن بـە هـەژاران‌و لێقـەوماوانی موسـڵمانان ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ خوانەناسان دەڵێن بەو خاوەن باوەڕانـەی کـە فـەرمانیان پـێ دەکـەن خـۆراك ببەخـشن بـەو کەسـانەی کـە خـاوەن بـاوەڕن. وەڵامیـان دەدەنـەوە دەڵـێن: ﴿أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ﴾ واتە: ئەوانەی کە ئێوە پێمان دەڵێن خێریان پێ بکەن. خودا مـەیلی لێ بووایـە دەوڵەمەنـدی دەکردن‌و لە خۆراکی خۆی تێری دەکردن. ئێمەیش هاوڕاین بۆ ئەوەی کە خـودا مـەیلی لێیـەتی. واتـە: کەسێك خودا بژێوی نەدا بۆچی ئێمە بژێوی بدەین ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ ئێوە مەگین سـەرتان لێ شێواوە کە بە ئێمە دەڵێن خێر بکەن بە هەژاران.

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٤٨﴾ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾

خوانەناسان زیندووبوونەوە بە دوور دەزانن

خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ واتە: دەشـڵێن ئەگـەر قـسە ڕاستن ئەو بەڵێنە کەی بەجێ دێت؟ خـوای گـەورە باسـی خوانەناسـان دەکـات کـە باوەڕیـان بـە ڕۆژی قیامەت نیەو بە دووری دەزانن کە بێت‌و دەفەرموویّت: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا ٱلْوَعْدُ﴾ دەڵـێن: ئـەو بەڵێنـە کەی دێتەدی؟ خوای گەورە لە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموویّت: ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ﴾[1] واتە: ئەوانەی باوەڕیان بەو ڕۆژە نیە کە دێت، پەلە لە هـاتنی دەکـەن. خـوای مـەزنیش دەفـەرموویّت: ﴿مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ﴾ واتە: ئەوانە هەر چاوەڕوانی یەك نەعرەتـەن کـە لە کاتێکدا خەریکی هەراو کێشەی خۆیانن دەیانگرێت. واتە: ئەوانە هەر بە تەمای یـەك نەعرەتـەن والله أعلم. ئەمەیش فووە گەورە ترسناکەکەیە، کە فو دەکرێت بە کەڵەشاخدا خەڵکی لە بازاڕدان‌و خـەریکی

---

[1] الشورى (١٨).

کاسپی خۆیانو لە هەراو کێشەن وەك ڕۆژەکانی ڕابوردو. ئا لەو کاتەدا خوای مەزن فەرمان دەدا بە ئیسرافیل کە فوو دەکات بە کەڵەشاخداو درێژەی پێدەدات هەتا کەس نامێنێت لەسەر زەمینداو لە ئاسمانەوە پێی دەگاتو دەیبیستێو دەکێشێت بە لا ملیدا. پاشان ئەو خەڵکە هەموو بەڕێ دەکرێت بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی قیامەت کە ئاگر دەوری داون لە هەموو لایەکەوە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴾ واتە: ناتوانن وەسیەتیش بکەن، ڕێشیان نابێت بچنەوە ناو کەسو کاریان. واتە: ناتوانن وەسیەت بکەن بەودێ کە بە دەستیان هێناوەو هەیانە. کارەکە زۆر لەوە گرنگترە. ﴿وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴾ ناشتوانن بگەڕێنەوە ناو کەسو کاریان. فەرموودەو قسەی زانایان زۆرە لەم بارەیەوە کە باسمان کردووە لە شوێنی تردا. پاشان دوای ئەمە فووی بێهۆش بوونە (نفخة الصعق) هەرچی گیانلەبەرە هەمووی دەمرێت غەیری خوای گەورە. پاشان دوای ئەمەش فووی زیندووبوونەوە دەست پێدەکات.

﴿وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾ قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَـٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٥٣﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٤﴾﴾

فوو (نفخة)ی زیندووبوونەوە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ﴾ واتە: فوش بە کەڵەشاخدا دەکرێت لە ناکاو گشت لە گۆڕەکانەوە دێنە دەرو بەرەو پەروەردگاری خۆیان بە پەلە دەڕۆن. ئەمە فووی دووهەمە بە کەڵەشاخدا دەکرێت کە بریتیە لە فووی زیندووبوونەوەو هەموو لە گۆڕ هەڵدەسنو دێنە دەرەوە. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ﴾، (النّسلان) واتە: ڕۆیشتنی بە پەلە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ سِرَاعًا كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ﴾[1] واتە: ئەو ڕۆژەی کە بە پەلە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە دەڵێی بۆ لای بتەکانیان ڕا دەکەن. ﴿قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَـٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴾ واتە: دەڵێن ئەی هاوار بە ماڵمان! کێ لەناو پێخەفەکەمان (گۆڕەکەمان) ڕای پەراندین؟ ئەمە هەر ئەو بەڵێنەیە خودا دایو پێغەمبەرەکان ڕاستیان وت. ﴿قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن

---

[1] المعارج (٤٣).

مَّرْقَدِنَا﴾ واتە: مەبەست بە (مرقد) ئەو گۆڕانەیە کە لە دنیادا بڕوایان وابوو کە جارێکی تر تێیدا زیندوو ناکرێنەوە. وەختێك کۆکرانەوەو ئەوەی کە بڕوایان پێ نەبوو بە چاوی خۆیان دیان ﴿قَالُواْ يَٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا﴾ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت جەزرەبە نەدراون لە گۆڕدا. چونکە ناو گۆڕ لە چاو ئەو سزایەی لە دواوە دێت وەك ناو پێخەف وایە. ئوبەیی کوڕی کەعب دەڵێت: موجاهیدو حەسەنو قەتادە دەڵێن: پێش زیندووبوونەوە جارێك دەخەون.[1] قەتادە دەڵێت لە نێوان دوو فووەکەدا دەخەون بۆیە دەڵێن کێ لەناو گۆڕەکەمان ڕای پەڕاندین.[2] وەختێك ئەمەیان وت، خاوەنباوەڕان وەڵامیان دەدەنەوە ﴿هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ﴾ ئەمە قسەی زۆرێك لە زانایانی سەلەفە. حەسەن دەڵێت: فریشتەکان وەڵامیان دەدەنەوە. هیچ دژایەتیەك لەنێوان ئەم دوو قسەدا نییەو هەردووکیان دەبێت. خوای مەزنیش خۆی دەزانێت. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ تەنها هەر یەك نەعرەتەیەو لە ناکاو هەموو لای ئێمە کۆدەکرێنەوە. وەك خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾[3] واتە: بێگومان ئەو زیندووبوونەوەیە هەر یەك نەعرەتەیە، ئیتر کوتوپڕ وان لە دەشتێکی سپی کاکی بە کاکیدا. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾[4] واتە: وە هاتنی ڕۆژی دوایش (بە لای خواوە) هەروەکو چاو تروکانێك وایە یان نزیکتر لەوەش. وە دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِۦ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾[5] واتە: ئەو ڕۆژەی کە بانگتان دەکەن (لە گۆڕەکانتانەوە) جا ئێوەش دەستبەجێ دێن بە دەم بانگکردنەکەوە بە سوپاسو سەناکردنەوەو وا دەزانن (لە دنیادا)ماوەیەکی کەم نەبێت نەماونەتەوە. واتە: تەنها جارێکی فەرمانیان پێ دەکرێت هەموو ئامادە دەبن. ﴿فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: ئەو ڕۆژە ناهەقی لە کەس ناکرێتو هەر بەرامبەر بەو کردەوەی کردووتانە سزا دەدرێن. ﴿فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ

[1] الطبري (٢٠/٥٣٣).

[2] الطبري (٢٠/٥٣٢).

[3] النازعات (١٣ــ١٤).

[4] النحل (٧٧).

[5] الاسراء (٥٢).

نَفۡسٞ شَيۡـٔٗا﴾ واتـه: ئـەمڕۆ هـیچ کـەس ناهـەقی لێ ناکرێـت، ﴿وَلَا تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ واتە: تەنها بەرامبەر ئەو کردەوانەی کردووتانە سزا دەدرێن.

﴿إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ﴿٥٨﴾﴾

باسی خۆشگوزەرانی خەڵکی بەهەشت

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ﴾ واتـە: ئەوانـەی ئـەهلی بەهەشتن، ئەو ڕۆژە سەریان گەرمەو لە خۆشیدان. خوای گەورە باسی ئەهلی بەهەشت دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ساحەی مەحشەردا دەڕۆن‌و دەچنە ناو ئەو نازو نیعمەتە لەناو باغەکانی بەهەشتداو سەریان قاڵە هەموو شتێکیان لە یاد دەچێت بە هۆی ئەو هەموو خۆشی‌و بەختەوەریەوە کە تێیدان کە هـەرگیز نابڕێتـەوەو هەتاهەتاییـە سـەرفرازن. حەسـەنی بەسـری‌و ئیسماعیلی کـوڕی خالیـد دەڵـێن: سەرقاڵن‌و ئاگایان لە ئەهلی جەهەنەم نیـە کـە چ جەزرەبەیـەك دەچـێژن. موجاهیـد دەڵێـت: ﴿فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ﴾ واتە: سەرسامن لەو خۆشیەی کە تێیدان.[1] قەتادەیش هەر وای وتووە. ئیبنو عەباس دەڵێت ﴿فَٰكِهُونَ﴾ واتـە: دڵخۆشـن. وە دەفـەرموێت: ﴿هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ﴾ واتـە: خۆیان لەگەڵ ژنەکانیان لەبەر سێبەر، لەسەر تـەخت، پـاڵ کـەوتوون. ﴿هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ﴾ واتـە: خۆیـان‌و خێزانـەکانیان ﴿فِي ظِلَٰلٍ﴾ واتـە: لـە ژێـر سـێبەری درەختەکانـدا.[2] ﴿عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ﴾ ئیبنـو عەعەباس‌و موجاهیـدو عیکریمـەو موحەممـەدی کـوڕی کـەعب‌و حەسـەن‌و قـەتادەو سـودی‌و خەسـیف دەلـێن: ﴿عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ﴾ واتـە: لەسـەر تـەختی ژێـر پـەردە(ی ئامـادەکراو بـۆ بـووك)دا پـاڵ کەوتوون.[3] وە دەفەرموێت: ﴿لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ﴾ واتە: لە بەهەشتدا هەر میوەیەك‌و هـەر شتێك داوای بکەن، ئامادەیە. ﴿لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ﴾ واتە: هەموو جۆرە میوەیەکی تێدایە بۆیـان. ﴿وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ﴾ واتـە: هەرچـی ئـارەزوو بکـەن ئامادەیـە بۆیـان دەسـتیان دەکـەوێت. خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ﴾ واتە: پەروەردگاری دلۆڤـانیش هـەرخوی سـەلام و ئاشـتییە

[1] الطبري (٢٠/٥٣٥).

[2] الطبري (٢٠/٥٣٨).

[3] الطبري (٢٠/٥٣٩/٥٤٠).

بۆیان. ئیبنو جورەیج دەڵێت: ئیبنو عەباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: لەم ئایەتەدا: ﴿ سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ﴾ خودایش سەلامیان لێ دەکات. چونکە خوای گەورە خۆی ئاشتی و سەلامە بۆ ئەهلی بەهەشت. ئەمەی کە ئیبنو عەباس وتی. وەك ئەم ئایەتە وا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَحِيَّتُهُمۡ يَوۡمَ يَلۡقَوۡنَهُۥ سَلَٰمٞ﴾[1] واتە. ڕۆژێکباوەڕداران دەگەنەوە خوا بەخێرهاتنیان بە وشەی سەلامە.

﴿ وَٱمۡتَٰزُواْ ٱلۡيَوۡمَ أَيُّهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦١﴾ وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًاۖ أَفَلَمۡ تَكُونُواْ تَعۡقِلُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾

شوێنی خوانەناسان لە مەحشەردا و هەڕەشەو سەرزەنشت کردنیان

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَٱمۡتَٰزُواْ ٱلۡيَوۡمَ أَيُّهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی تاوانبارن، ئێوەش ئەمڕۆ دەبێت خۆتان جیابکەنەوە. خوای گەورە باسی بەسەرهاتو پاشەڕۆژی خوانەناسانمان بۆ دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا کە چیان بەسەردێنێتو چۆن جیایان دەکاتەوە لە خاوەنباوەڕان وەك دەفەرموێت: ﴿ وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ مَكَانَكُمۡ أَنتُمۡ وَشُرَكَآؤُكُمۡۚ فَزَيَّلۡنَا بَيۡنَهُمۡ ﴾[2] واتە:لەو ڕۆژەدا کە هەموان کۆدەکەینەوە پاشان بەو کەسانە دەڵێین کە شەریکیان بۆ خوا دادەنا ئێوە لەگەڵ شەریکەکانتاندا ڕاوەستن ئەوسا لێکیان جیادەکەینەوە، وە دەفەرموێت: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوۡمَئِذٖ يَتَفَرَّقُونَ ﴾[3] واتە: ڕۆژێ کە قیامەت هاتە ڕوو، ئەو ڕۆژە بەش بەش دەبنەوە، وە دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَئِذٖ يَصَّدَّعُونَ ﴾[4] واتە: لەو ڕۆژەدا بڵاوە دەکەن. واتە: جیادەبنەوەو دەبن بە دوو بەشەوە. وە دەفەرموێت: ﴿ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ﴾[5] واتە: ئەوانە لێك کۆبکەنەوە کە ناهەقی پیشە بوونو هاوجووتی ئەوانو ئەوانەش کە دەیانپەرست (غەیری خودا). ئەوسا ڕێگەی جەهەنەمیان پێ نیشان دەن، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ

[1] الاحزاب (٤٤).

[2] یونس (٢٨).

[3] الروم (١٤).

[4] الروم (٤٣).

[5] الصافات (٢٢ـ٢٣).

أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ واتە: ئاخر ئەی تۆرمەی ئادەم، من لە پێشدا پەیمانم لەگەڵ نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن؟ ئەو ئاشکرا دوژمنتانە. لێرەدا خوای گەورە لۆمەو سەرزەنشتی خوانەناسان دەکات لە نەوەی ئادەم کە شوێن شەیتان کەوتن‌و گوێبیستی بوون کە شەیتان بە ئاشکرا دوژمنیانە کەچی ئەوان تەرە بوون‌وبە فەرمانی ئەو خودایەیان نەکرد کە دروستی کردوون‌و بژێوی داون. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ واتە: هەر تەنها خۆم بپەرستن، کە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە. واتە: لە ژیانی دنیادا فەرمانم پێ کردن کە گوێبیستی شەیتان مەبن. فەرمانم پێدان کە عیبادەتی من بکەن کە ڕێی ڕاست هەر ئەمەیە کەچی ئێوە ڕێیەکی ترتان گرتەبەرو شوێنی شەیتان کەوتن‌و بە قسەی ئەوتان کرد. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ۖ أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ﴾ واتە: کۆمەڵێکی زۆری لە ئێوە لە ڕێ لادا، ئاخۆ هێشتا هەر تێناگەن. ﴿ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا﴾ واتە: خەڵکێکی زۆری لە ئێوە گومڕا کردو لە ڕێ لادا. ئەمە قسەی موجاهیدو قەتادەو سودی‌و سوفیانی کوڕی عویەینە وە دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ﴾ واتە: هێشتا هەر تێناگەن شوێنی شەیتان دەکەون‌و گوێبیستی خودای گەورە نابن کە فەرمانتان پێدەکات کە تەنها عیبادەتی ئەو بکەن کە شەریکی نیە.

﴿ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٦٣﴾ ٱصْلَوْهَا ٱلْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٦٤﴾ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٦٥﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَطَمَسْنَا عَلَىٰٓ أَعْيُنِهِمْ فَٱسْتَبَقُوا۟ ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبْصِرُونَ ﴿٦٦﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَمَسَخْنَٰهُمْ عَلَىٰ مَكَانَتِهِمْ فَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ ﴿٦٧﴾﴾

ڕۆژی قیامەت دەوترێت بەو خوانەناسانەی تۆرمەی ئادەم کاتێك کە جەهەنەم خۆی دەردەخات بۆیان دەیبینن بۆ ترساندن‌و سەرزەنشتکردنیان ﴿ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ واتە: ئەمە ئەو جەهەنەمەیە، کەوا بەڵێنتان پێدەدرا. واتە: ئەمە ئەو جەهەنەمەیە کە پێغەمبەران (سەلامی خوای لێ بێت) ئێوەیان لێ دەترساندو ئاگادار دەکردەوە. کەچی ئێوە بڕواتان پێ نەدەکردن، ﴿ ٱصْلَوْهَا ٱلْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾ واتە: بە هۆی پێ نەزانینەکەتان، ئەمڕۆ دەبێت بچنە ناوی. وەك خوای مەزن لە چەند ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ﴿١٣﴾ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا

تُكَذِّبُونَ ﴿١٤﴾ أَفَسِحْرٌ هَٰذَآ أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ ﴾[1] واتـە: ڕۆژێـك پاڵیـان پێـوە دەنرێـت بـەرەو ئـاگری دۆزەخ چۆن پاڵ پێوەنانێك، (پێیان دەوترێت) ئەمە ئەو ئاگرەیە كە ئێوە بە درۆتان دەزانی، ئایا ئـەم ئاگرە جادووە یان ئێوە نابینن.

مۆر بەسەر دەمی تاوانباراندا ئەنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾ واتە: ئەمڕۆ مۆر دەخەینە سەردەمیان‌و دەستیان لەگـەڵمان (قسە دەكـەن) پاكانیـشیان دەبنە شایەت كـە كردەوەكانیـان چـی بـووە. ئەمـە ژیـان‌و گـوزەرانی بـێ دینـان‌و دووڕووانـە لـە ڕۆژی قیامەتدا كاتێك كە دان نانێن بەو تاوانانـەی كـە لـە دنیـا كردوویانـەو سـوێند دەخـۆن كـە شـتی وایـان نەكردووە. ئا لەو كاتەدا خودا مۆر دەنێت بەسەر دەمیانداو ئەندامەكانی لەشیان قسە دەكەن‌و ئـەوەی كردوویانە ئاشكرای دەكەن. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی كردووە لـە ئەنەسـی كـوڕی مالیكـەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) پێكەنی هـەتا دانی موبـارەكی دەركـەوت فەرمووی: ئەزانن بەچی پێكەنیم؟ ووتمان: خوا و پێغەمبەر ئـەزانن، فـەرمووی: بەموناقەشـەی عەبدێك لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا لـە ڕۆژی قیامەتـدا پێكـەنیم، عەبدەكـە دەڵێـت: ئـەی پـەروەردگارم! ئایا پەیمانت نەداوە ناهەقیم پێنەكرێت؟ دەفەرمووێت: با!. دەڵێت: كەس قـەبوڵ ناكـەم شـایەتیم لێ بـدات مەگین شایەتێك لە نەفسی خۆم. خودایش دەفەرمووێت: ئەمڕۆ نفسی خۆت بەسە كە حیسابت لەسـەر بكات (واتە: تاوانەكانت بژمێری) هەروەها فریشتە خاوەن ڕێزەكانیش كە كردەوەكانیـان بـۆ نوسـیویت وشایەتن لەسەرت. جـا مـۆر دەخرێتـە سـەر دەمـی‌و دەوترێـت بـە ئەندامـەكانی لـەش (قسـۀ بكـەن) و ئەوانیش كردارەكانی باس دەكەن. پاشان ماوە دەدرێت لە نێوان ئەوو ئەندامەكانی لەشیدا تا پێكـەوە قسەبكەن. دەڵێت: دەك دوور بن لە بەزەیی خوداوەو لـەناو بچن خـۆ مـن لەبـەر ئێـوە هـەوڵ دەدەم‌و تێدەكۆشم)، موسلیم‌و نەسائیش ڕیوایەتیان كردووە.[2] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی كردووە لـە ئـەبو موسـای ئەشـعەریەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: لـە ڕۆژی قیامەتـدا خـاوەن بـاوەڕ بـانگ دەكرێـت بـۆ لێپرسینەوە، پەروەردگاری ئەو كردارانەی لە نێوان ئـەوو بەندەكەیدایـە نیشـانی دەدرێـت‌و دانـی پێدا دەنێت دەڵێت: بەڵێ ئەی پـەروەردگارم. كردوومـە، كردوومـە، كردوومـە. دەڵێـت: خـوا لـە تاوانـەكانی دەبوورێـت‌و بـۆی دادەپۆشـێت. هـیچ دروسـتكراوێك لەسـەر زەمینـدا هیـچێك لـەو تاوانانـە نابینێـت. چاكەكانی دەخرێتە ڕوو پێی خۆشە خـەڵكی هـەموو چاكەكانی ببینن. خوانـەناس‌و دووڕوویـش بـانگ

---

[1] الطور (١٣ـ١٥).

[2] مسلم (٤/٢٢٨٠)، النسائي في الكبرى (٦/٥٠٨).

دەکرێن بۆ لێپرسینەوە. پەروەردگاری کردەوەکانی دەخاتە بەر دەستی، ئینکاری دەکات و دەڵێت: ئەی پەروەردگارم سوێند بە گەورەیی تۆ ئەوەی ئەم فریشتەیە نووسیویەتی لەسەرم نەمکردووە! فریشتەکەیش پێی دەڵێت: تۆ ئەوەت لە فلانە ڕۆژو فلانە شوێندا نەکرد؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر سوێند بە گەورەیی تۆ ئەی پەروەردگارم من ئەو کارەم نەکردووە. خۆ ئەگەر ئەو کارەی کردبێت مۆر دەخرێتە سەر دەمی. ئەبو موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: من وادەزانم و وای دادەنێم کە یەکەم شتێك لە مرۆڤدا قسە دەکات ڕانی لای ڕاستە پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾.[1] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوۡ نَشَآءُ لَطَمَسۡنَا عَلَىٰٓ أَعۡيُنِهِمۡ فَٱسۡتَبَقُواْ ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبۡصِرُونَ ﴾ واتە: ئەگەر حەز بکەین، چاوەکانیشیان کوێر دەکەین بەرەو ڕێگا پێشبڕکێ دەکەن سا کوا سۆمای دیتنیان هەیە. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە مانای ئەم ئایەتەدا. ئەگەر حەز بکەین لە ڕێ لایان دەدەین. ئاخۆ چۆن ڕێگا دەردەکەن؟ جارێکیان وتوویەتی: کوێریان دەکەین.[2] حەسەنی بەسری دەڵێت: ئەگەر خودا مەیلی لێ بێت سۆمای دیتنیان ناهێڵێت و کوێریان دەکات و هەر دێن و دەچن. موجاهیدو ئەبو سالح و قەتادەو سودی دەڵێن: ﴿ فَٱسۡتَبَقُواْ ٱلصِّرَٰطَ ﴾ واتە: ڕێگا. ئیبنو زەید دەڵێت: ﴿ ٱلصِّرَٰطَ ﴾ لێرەدا واتە: ڕاستی، ﴿ فَأَنَّىٰ يُبۡصِرُونَ ﴾ واتە: چۆن دەبینن کاتێك کە چاوەکانیان کوێر دەکەین. عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) واتە: ڕاستی نابینن.[3] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوۡ نَشَآءُ لَمَسَخۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ مَكَانَتِهِمۡ فَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ مُضِيًّا وَلَا يَرۡجِعُونَ ﴾ واتە: ئەگەر حەزیشمان کردبووایە هەر لە جێگەکەی خۆیاندا دەمانکردنە شتێکی تر ئەوساکە نەیانتوانیبا بێنە پێش و بەرەو دواش نەگەڕێنەوە. ﴿ وَلَوۡ نَشَآءُ لَمَسَخۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ مَكَانَتِهِمۡ ﴾ عەوفی دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت): ئەگەر مەیلمان لێ بووایە قڕمان دەکردن لە شوێنی خۆیاندا.[4] سودی دەڵێت: واتە: شێوەمان دەگۆڕین. ئەبو سوالح دەڵێت: دەمانکردن بە بەرد. حەسەنی بەسری و قەتادە دەڵێن: واتە: لەسەر پێکانیان دامان دەنیشاندن.[5] بۆیە

---

[1] الطبري (٢٠/٥٤٤).

[2] الطبري (٢٠/٥٤٥).

[3] الطبري (٢٠/٥٤٧).

[4] الطبري (٢٠/٥٤٧).

[5] الطبري (٢٠/٥٤٧).

خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ مُضِيّٗا﴾ واتە: نەیاندەتوانی بڕۆن بۆ پێشەوەو ﴿وَلَا يَرۡجِعُونَ﴾ نەشیاندەتوانی بەرەو دواش بگەڕێنەوە بەڵكو هەر بەو شێوەیە دەمانەوەو نەدەڕۆیشتن بۆ پێشەوە نە بۆ دواوە.

﴿ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ أَفَلَا يَعۡقِلُونَ ٦٨ وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ ٦٩ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيّٗا وَيَحِقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٧٠ ﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ أَفَلَا يَعۡقِلُونَ ﴾ واتە: هەر کەسێکیش تەمەنی زۆر بدەینێ، شێوەو بچمیشی دەگۆڕین. بۆچی نایانەوێت تێبگەن. خوای گەورە باسی ئەوەی ئادەم دەکات هەتا تەمەنی درێژ بێتو بەرەو ژوور بڕوات، زیاتر بەرەو کزیو لاوازی دەچێت، توانای نامێنێتو جموجوڵی کەم دەبێتەوە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعۡفٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضَعۡفٖ قُوَّةٗ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٖ ضَعۡفٗا وَشَيۡبَةٗۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡقَدِيرُ﴾[1] واتە: خوا زاتێکە ئێوەی دروست کردووە لە لاوازی (لاوازی نوتفەو بێچوو منداڵی شیرەخۆر..) پاشان دوای لاوازی بەهێزی کردوون (بوون بە لاو) لە دوای بەهێزکردنتان لاوازیو پیری بۆ دانان خوا هەرچی بوێ دروستی دەکاتو هەر ئەوە زانای بە دەسەلات. ﴿وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗا﴾[2] واتە: وە هەندێکتان دەگەیەنرێنە ئەوپەڕی پیری، بێ کەڵکترینی تەمەن بۆ ئەوەی نەزانێتو لە بیری نەمێنێت هەرچی کە دەیزانێت. مەبەست لەم ئایەتە (والله أعلم) باسی ئەم دنیایە کە شوێنی مانەوەو بەردەوامی ژیان نیەو دەڕواتو نامێنێت و دەبێت هەر بەجێ بهێڵرێتو ژیان کۆتایی بێت تێیدا، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَفَلَا يَعۡقِلُونَ﴾ واتە: بۆچی بیر ناکەنەوە چاك وردنابنەوە کە چۆن وەدی هاتوونو پاشان بوون بە لاو دوایش چۆن ئا بەو شێوەیە کە دەیبینن پیرو کزو لاواز بوون. هەتا تێبگەنو باش بزانن کە بۆ جێگایەکی تر دروست کراون کە هەرگیز کۆتایی نایەتو لێی دەرناچنو هەر دەمێننەوە تێیدا. ئەو جێگایەش ژیانەکەی ترە کە هەرگیز دوایی نایەت.

خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) فێری شیعر نەکردووە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ﴾ واتە: ئێمە ئەومان فێری شیعر نەکردووەو هیچ پێویستیشی پێی نیە، ئەمە تەنها بۆ یاد لە خوا کردنەوەو

---

[1] الروم (٥٤).

[2] الحج (٥).

قورئانێکـه شـێوەی ژیـان نیـشان دەدات. ﴿وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓ﴾ خـوای مـەزن باسـی پێغەمبـەر دەکـات (ﷺ) کـە فێـری شـیعر وتنـی نـەکردووەو ﴿وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓ﴾ واتـە: سروشـتی پێغەمبەر(ﷺ) وابووە کە حەزی لە شیعر نەبووەو خۆشی لێی نەهاتووەو نەیزانیووە شیعر بڵێت‌و بۆی نەهاتووە، بۆیە دەگێڕنەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) توانای شیعر لەبەرکردنی نەبووە لەسەر وەزنێکی تـەواو بەڵکو شیعری کەسێکیشی بووتایە تەواوی نەدەکرد. تێکی دەداو دەیگۆڕی. هەر بەو شێوەیە بەیهەقی لە (الدلائل)دا ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خـودا(ﷺ) فەرموویـەتی بـە عەباسـی کـوڕی مورداسـی سولەمی(ڕەزای خوای لێ بێت) تۆ ئەمەت وتووە: (أنجعل نهبي ونَهْبَ العُبَيد بين الاقرع وعُيينـة) عـەباس وتی: بەڵکو ئەوە (عُيينة والاقـرع). پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: (هـەمووی وەك یـەکن) واتـە: لـە مانـادا یەکن.[1] والله أعلم. چونکە خودای مەزن فێـری قورئـانی کـردووە ئـەو قورئانـەی ﴿لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٌ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾[2] واتە: بە تاڵ ڕووی تێناکات نە لە ئێستاو لە نە دواڕۆژدا (نـە بـە لێ کـەمکردن‌و نـە بـە لێ زیـادکردن) چـونکە نێردراوەتـە خـوارەوە لـە لایـەن (خـوای) کاردروسـتی ستایشکراوەوە. ئەو قورئانە شیعر نیە وەك گرۆیەك لە خوانەناسە نەفامەکانی قورەیش وایان دەزانـی. نە جادووەو نە قسەی فالگرەوەیەو نە دروستکراویشە وەك هەندێ سەرلێشێواوو نـەزان دەڵـێن بـەڵکو تایبەتمەندی خۆی وای لێ کردووە کـە حـەزی لـە شـیعر وتـن نـەبووەو ڕێگاشـی پـێ نـەدراوەو فێـری نەبووە. ﴿إِنۡ هُوَ﴾ واتـە: ئـەوەی کـە فێرمـان کـردووە ﴿إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ﴾ واتـە: ئاشـکراو ڕوون‌و دیارە بۆ کەسێك کە بیری لێ بکاتەوەو وردبێتەوە بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيّٗا وَيَحِقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتـە: تـا ئەوانـەی بـە دڵ زینـدوون لـە خودایـان بترسـێن‌و قـسەی خـودا دەربـارەی خودانەناسـان بـەجێ بکـات. ﴿لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيّٗا﴾ واتـە: بـۆ ئـەوەی ئـەم قورئانـە ڕوون‌و ئاشکرایە ئەوانەی دڵ زیندوون بیانترسـێنێت. وەك لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[3] واتـە: بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم‌و هـەر کەسـێکی کـەش کـە پێـی دەگـات. وە فەرموویـەتی: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ مِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ فَٱلنَّارُ مَوۡعِدُهُۥ﴾[4] واتـە: وە هەر کـەس بـاوەڕی پێـی نـەبێت لـەو کۆمـەڵەو

[1] دلائل النبوة (١٨١/٥)، فەرموودەیەکی مورسەلە.

[2] فصلت (٤٢).

[3] الانعام (١٩).

[4] هود (١٧).

تاقمانە (ئەوانەی کۆبوونەوە لەسەر دژایەتی ئیسلام) ئەوە ئاگر جێگایەتی. کەسێك لەم ترساندنو ئاگادارکردنەوەیە سوود وەردەگرێت کە دڵی زیندوو بێت چاوی دڵی ڕووناك بووبێتەوە. وەك قەتادە دەڵێت: دڵو چاو زیندوو.[1] زەححاك دەڵێت: واتە: ژیر بێت.[2] ﴿وَيَحِقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: ئەم قورئانە ڕەحمەتە بۆ خاوەن باوەڕانو بەڵگەو نیشانەشە بەسەر خوانەناسانەوە....

﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا خَلَقۡنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتۡ أَيۡدِينَآ أَنۡعَٰمٗا فَهُمۡ لَهَا مَٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلۡنَٰهَا لَهُمۡ فَمِنۡهَا رَكُوبُهُمۡ وَمِنۡهَا يَأۡكُلُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَهُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَمَشَارِبُۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ﴿٧٣﴾﴾

مەڕومالاَت نیشانەو بەهرەشە (لەسەر دەسەلاتی خودا)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا خَلَقۡنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتۡ أَيۡدِينَآ أَنۡعَٰمٗا فَهُمۡ لَهَا مَٰلِكُونَ﴾ واتە: ئاخۆ هێشتا نەیاندیوە ئێمە بە دەستی خۆمـان مـەڕومالاتمان بۆ بەرهـەم هێنـان ئـەوان بوونەتـە خاوەنیان؟ خوای مـەزن باسـی ئـەو هـەموو بەهرەیـە دەکـات کـە داویـەتی بـە بەنـدەکانی لـەو هـەموو مەڕومالاتـەی کـە ژێربـاری کـردووە بۆیـان، ﴿فَهُمۡ لَهَا مَٰلِكُونَ﴾ واتـە: کـە ئـەوان بوونەتـە خـاوەنی. قـەتادە دەڵـێت: توانایـان هەیـە بەسـەریانداو بـە کاریـان دێـننو بوونەتـە خزمـەتکارو ژێردەسـتەیانو سەرپێچیان ناکەن، خۆ ئەگەر منداڵێك بێت بۆ لای وشترێك بەسەر چۆکدا دەیخات، خۆ ئەگەر مەیلیشی لێ بێت هەڵی دەسێنێتو لێی دەخوڕێت ئەو وشترەی لەبەر دەستدایەو بۆ کوێ بیانەوێت دەیانبات. وە دەفەرموێت: ﴿وَذَلَّلۡنَٰهَا لَهُمۡ فَمِنۡهَا رَكُوبُهُمۡ وَمِنۡهَا يَأۡكُلُونَ﴾ واتە: وا بۆشمان دەستەمۆ کردوون، کە دەتوانن سـواریان بـبنو لێیـان بخـۆن. واتـە: بـە شـێوەیەك دەسـتەمۆیان کـردوون. هەیانـە کـە لـە سـەفەری درێژخایەندا سواریان دەبنو باریشیان لێ دەنێن بۆ هـەموو شـوێنو ولاتێـك ﴿وَمِنۡهَا يَأۡكُلُونَ﴾ واتـە: هـەر کـاتێکیش ئـارەزوو بکـەن لـە ملیـان دەدەن یـان سـەریان دەبـڕن. ﴿وَلَهُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَمَشَارِبُۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ﴾ واتە: هەر لەوانیش گەلێك جۆرە بەهرە دەبەن، زۆر شتی خواردنەوەشیان لێ وەردەگرن. هێشتا هەر شوکرانە ناکەن. ﴿وَلَهُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ﴾ واتـە: هـەر لـەو مەڕومالاتانـە سـوود لـە خـوریو مـووی توکەکەی وەردەگرن بۆ پێویستی ناو ماڵو زۆر شتی تر هـەتا ماوەیـەك ﴿وَمَشَارِبُ﴾ واتـە: سوود لـە شیرەکەیانو هەتا لـە میـزی وشـترەکانیش وەردەگـرن بـۆ خواردنـەوەو چارەسـەری نەخۆشی، ﴿أَفَلَا

---

[1] الطبري (٢٠/٥٥٠).

[2] الطبري (٢٠/٥٥٠).

يَشْكُرُونَ ﴾ واتە: هێشتا هەر سوپاسی خوا ناكەن و بە تاك و تەنهای نازانن كە ئەو دروستكەر و ڕاهێنەری و دەستەمۆكەری هەموو ئەمانەیە و شەریكی بۆ دادەنێن؟

﴿ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ ءَالِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ (٧٤) لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ (٧٥) فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ (٧٦) ﴾

خودایانی بتپەرستان ناتوانن بە هانای بتپەرستانەوە بێن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ ءَالِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴾ واتە: غەیری خودا شتگەلێكی تریان پەرست، بەڵكو بە هانایانەوە بێن. خوای گەورە ڕەدی ئەو بتپەرستانە دەداتەوە كە غەیری خودا شتی تر دەپەرستن و دەیكەنە شەریكی خودا. بە تەمای ئەوەن كە بە هانایانەوە بێن و بژێویان بدەن و نزیكیان بخەنەوە لە خوداوە، خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴾ واتە: ناشتوانن بە هانایانەوە بێن، بەڵام ئەمان لە خزمەتیاندان، بۆ پێشمەرگەیی ئامادەن. واتە: ئەو كەسانە ناتوانن بێن بە هاواری ئەوانەوە كە دەیانپەرستن. وە زۆر لەوە لاوازترو بێ دەسەڵات و زەبوونترن. بەڵكو ئەوانە ناتوانن بە هانای خۆشیانەوە بێن. ئیتر چۆن دەتوانن زیان بە كەس بگەیەنن یان سودمەندی بكەن. چونكە ئەوانە بێ گیانن نە دەبیسن و نە ئاوەزیشیان هەیە. وە دەفەرموێت: ﴿وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴾ واتە: لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لە لایاندا ئامادەن.[1] واتە: هەموو ئەو كەسانە كە ئەو بتانەیان پەرستووە دەهێنرێن و كۆدەكرێنەوە و ئامادە دەكرێت لە لای بتەكاندا. چونكە ئەوە دەبێتە هۆی زیاتر دڵ گران بوون و بەڵگەی تەواو لەسەریان. قەتادە دەڵێت: ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ﴾ واتە: ئەوانەی كە دەیانپەرستن، ناتوانن بە هانایانەوە بێن. ﴿وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴾ بتپەرستان زۆر تووڕە و دڵگران دەبن كە لە دنیا ئەوانەیان پەرستووە كەچی ناتوانن چاكەیەكیان لەگەڵ بكەن و خراپەیەكیان لێ لادەن. چونكە ئەوانە بتن و بێ [2] هەست و ئاوەزن. حەسەنی بەسریش هەر وای وتووە. قسەیەكی جوانە، ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

[1] الطبري (٢٠/٥٥٠).

دڵدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴾ وتاریـان دڵتـەنگت نەکات، هەر شتێك بشارنەوەو هەر شتێك بیدرکێنن ئێمە لێیان ئاگادارین. خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ ﴾ واتە: دڵگران مەبە کە بڕوات پـێ ناکـەنو خـودا ناناسن. ﴿إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴾ واتە: هەرچی دەکەن ئێمە ئاگامان لێیانە بەم زووانە هـەقیان لێ دەسـتێنینو بـەرخوردیان لەگەڵ دەکەین لەسەر ئەو ناوو ناتۆرانەی کە ئەبنخستە شوێن تـۆ لـەو ڕۆژەدا کـە هەرچـی لـە دنیـادا کردوویانە لێمان برز نابێتو گەورەو بچووك بە ئەرزش یـان بـێ ئـەرزش بـەڵکو هـەموو ئـەو کردارانـەی کردوویانە نیشانیان دەدرێت. زوو کردوویانە یان درەنگ.

﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ ۖ قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾

نکوڵی کردنی زیندووبوونەوە پاش مردنو وەڵامدانەوەیان

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ﴾ واتـە: مرۆڤ چۆن هێندە نازانێت، کـە ئێمـە لـە تنۆکێکمـان ئافرانـدووە، کەچـی ئێستا دوژمنێکی ئاشکرایە. موجاهیدو عیکریمەو عوروەی کوڕی زوبەیرو سودیو قەتادە دەڵێن: ئوبـەی کـوڕی خەلـەف (لەعنـەتی خوای لێ بێت) هـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) ئێسکێکی ڕزیـو بـە دەستیەوە بـوو بـە دەسـتی دەیوڵیو وردی دەکرد فڕێی دەداو بڵاودەبووەوە بـە دەم هـەواوە دەکەوتـە سـەر زەوی دەیـوت: ئـەی موحەممەد ئایا وا دەزانی خودا ئەم ئێسکە ڕزیوە زیندوو دەکاتەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فـەرمووی: (بـەڵێ خوای گەورە دەتمرێنێتو پاشان زیندووت دەکاتەوەو پاشان دەتخاتە ناو ئاگر). پاشان ئەم ئایەتانەی کۆتایی سورەتی (یس) هاتووەتە خوارەوە کە دەفـەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکان.[1] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کـردووە لـە ئیبنـو عەباسـەوە (ڕەزای خوایـان لێ بێت) دەڵێت: عاسی کوڕی وائل لە بەتحا ئێسکێکی هەڵگرتو بە دەست وردی کردو ولێی، پاشان وتـی بە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ): ئایا خـودا ئـەم ئێسکە زینـدوو دەکاتـەوە پـاش ئـەوەی وای لێ دێـت کـە دەیبینم؟ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فـەرمووی: (بـەڵێ خـودا دەتمرێنێـتو پاشـان زینـدووت دەکاتـەوەو

[1] الطبري (٢٠/٥٥٤).

پاشانیش دەتخاتە ناو جەهەنەم). جا ئەڵێ: پاشان ئەم ئایەتانەی کۆتایی (یس) هاتە خوارەوە، ئیبنو جەریریش ئەمەی ڕیوایەت کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە.[1] ئەم ئایەتانە لەسەر ئوبەیی کوڕی سەلول یان عاصی کوڕی وائل هاتبێتە خوارەوە گشتگیرەو وەك یەکە. هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە باوەڕی بە زیندووبوونەوە نیە. ئەلیفو لامەکە (الف واللام) بۆ جنسە لەم ئایەتەدا کە دەفەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَـٰنُ أَنَّا خَلَقْنَـٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ﴾ واتە: ئایا ئەوانەی کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نیە. ئایا دروست بوونیان بەڵگە نیە لەسەر زیندووبوونەوەیان باوەڕی پێ ناکەن. کە خوای مەزن لە تنۆکێك ئاوی بێزلێکراو بێ ئەرزش وەدی هێناون. وەك خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَـٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾[2] واتە: ئایا ئێوەمان دروست نەکردووە لە ئاوێکی بێ نرخ؟، ئینجا خستمانە جێگایەکی پتەوەوە، تا ماوەیەکی دیاری کراو. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ﴾[3] واتە: بە ڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان دروست کرد لە دڵۆپێك ئاوی تێکەڵ لەگەڵ توخم تا تاقی بکەینەوە. واتە: لە تنۆکێکی ئاوێتە کە تاقی دەکەینەوە. ئەو خودایەی کە مرۆڤی دروست کردووە لە تنۆکە ئاوێکی لاواز، ئایا ناتوانێت جارێکی تر دروستی بکاتەوە پاش مردن. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدەکەیدا لە بوسری کوڕی جەحاشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆژێك تفی کردە ناو لەپیەوە پەنجەی پیا دەنا. پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (خوای مەزن فەرموویەتی ئەی نەوەی ئادەم چۆن لە دەستم قوتار دەبیو دەردەچی کە من تۆم وەدی هێناوە لە وێنەی ئەمە هەتا کاتێك ڕێکوپێکم کردی بە جلوبەرگەوە گەڕایت. وە چارەنووسیشت هەر لەناو زەمینەو لەناو دەچی، هەر کۆت کردووەتەوەو خێرت لێ نەکردووە، تا گیانت گەیشتە شادەمارت وتت: خێروبێر دەکەم. ئاخۆ ئێستە کاتی خێرکردنە؟).[4] ئیبنو ماجەش ڕیوایەتی کردووە.[5] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ﴾ واتە: ئەو نموونەیەکی بۆ ئێمە هێنایەوەو ئافراندنی خۆی لەبیر کرد، دەڵێت ئێسك لە پاش پوان، کێ زیندوو دەکاتەوە؟ واتە: ئەو خودا خاوەن دەسەڵاتە مەزنەی کە ئاسمانەکانو زەمینی وەدی هێناوە، بە دووری دەزانن کە ئەو

---

[1] الطبري (٢٠/٥٥٤).

[2] المرسلات (٢٠ـ٢٢).

[3] الانسان (٢).

[4] احمد (٤/٢١٠)، ئەلبانی دەڵێت ئەم فەرموودەیە سەحیحە.

[5] ابن ماجه (٢/٩٠٣)، ئەلبانی دەڵێت ئەم فەرموودەیە سەحیحە.

ئێسکە پواوە (ڕزاوە) زیندوو بکاتەوە جارێکی تر. بە تەواوی خۆی لەبیر کردووە کە خودا لە نەبوون هێناویەتی‌و خودا خۆی چاکتر ئاگاداری ئەوانەیە کە باوەڕ ناکەن‌و ئینکاری دەکەن‌و بە دووری دەزانن. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾ واتە: بڵێ: کەسێك یەکەمجار دروستی کردوون، ئەو زیندوویان دەکاتەوە، بۆ هەموو دروستکردنێك خۆی زانایە. واتە: ئاگاداری ئەو ئێسکانەیە لە هەموو ناوچەکانی سەر زەمینداو لە هەر شوێنێکدا بێت. بۆ کوێ چووەو بە کوێدا پەرش‌و بڵاوبووەتەوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ڕیبعیەوە دەڵێت: عوقبەی کوڕی عەمر وتی بە جوزەیفە (ڕەزای خوایان لێ بێت): ئاخۆ شتێکمان بۆباس ناکەی لەوەی کە لە پێغەمبەری خودات (ﷺ) بیستووە؟ وتی: گوێبیستی پێغەمبەر(ﷺ) بووم دەیفەرموو: (پیاوێك مردن یەخەی گرت، کاتێك بێ هیوا بوو لە ژیان وەسیەتی کرد بۆ کەس‌و کاری‌و وتی: کاتێك مردم دارێکی زۆرو وشکم لەسەر کۆبکەنەوە. پاشان ئاگری تێ بەردەن هەتا گۆشتەکەم دەخوات‌و ئێسکەکەم بە تەواوی دەسوتێت، جا هەڵیگرن‌و بیهاڕن، پاشان فڕێی بدەنە ناو دەریا. ئەوانیش وایانکرد. خوای گەورە لای خۆی کۆی کردەوەو پاشان پێی فەرموو: بۆچی ئەوەت کرد؟ وتی: لە ترسی تۆ؟ لەبەر ئەوە خوای گەورەش لێی خۆش بوو)! عوقبەی کوڕی عەمر دەڵێت: منیش گوێم لە پێغەمبەر بووە (ﷺ) ئەمەی فەرموو (ئەو کابرایە گۆڕی خەڵکی هەڵئەدایەوە)[1]! وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە بە چەند دەستە واژەیتر. یەکێك لەو دەستە واژانە ئەوەیە کابرا فەرمان بە کوڕەکانی دەکات کە بیسوتێنن‌و پاشان بیهاڕن‌و وردی بکەن پاشان نیوەی بوەشێنن بە وشکانیدا نیوەکەی تری بکەنە دەریا لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا، ئەوانیش وایان کرد خوای مەزن فەرمانی دا بە دەریا، هەرچی تیابوو کۆی کردەوە، فەرمانیشیدا بە وشکانی هەرچی تیابوو کۆی کردەوە، پاشان فەرمووی پێی: پەیدا ببە، بووە پیاوێك وەستا بە پێوە، خوای گەورە پێی فەرموو: چی وای لە تۆ کرد، کە ئەوەت بەسەر خۆت هێنا؟ وتی: ترساندن لە تۆ خۆت چاکتر دەزانی. لە ناوی نەداو نەیمراند هەتا لێی خۆش بوو.[2] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ﴾ ئەو کەسێکە لە داری سەوز ئاگری بۆ پەیدا کردوون، ئێوەش هەر لەوە ئاگر دەکەنەوە. واتە: ئەو خودایەی کە ئەم دارەی لە ئەوەڵەوە لە ئاو دروست کردووە هەتا سەوزو جوان بووەو بەرهەمی پێگەیووە، پاشان وای لێکردووە کە بووە بە دارێکی وشك‌و ئاگری پێ هەڵگیرساوە. هەر بە هەمان شێوە هەرچی مەیلی لێ بێت دەیکات.توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکداو هیچ شتێك ڕێی لێ ناگرێت. قەتادە دەڵێت: ئەو

---

[1] احمد (٥/٣٩٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٦/٥٩٤)، مسلم (٤/٢١١٠).

کەسەی ئەم ئاگرەی لەم دارە دەرهێنا. تواناشی هەیە کە زیندووی بکاتەوە. وتراوە: مەبەست پێی داری مەرخو عەفارە کە لەناو زەوی حیجازدا دەڕوێت. کە هەر کەسێك بێت بیەوێت ئاگر بکاتەوە و چەرخی پێ نەبێت دوو شوڵی سەوزی لێ دەکاتەوە و دەیاندات لەیەك، ئاگریان لێ پەیدا دەبێت. هەر وەك چەرخ وایە. ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە پەندی پێشیناندا هاتووە: ئەڵێ: (لكل شجر نار و استمجد المرخ و العفار)، واتە:هەموو دارێك ئاگری هەیە بەڵام مەرخو عەففار ناوبانگیان دەرکردووە. داناکان وتوویانە: لە هەموو دارێکدا ئاگر هەیە تەنیا دارستان نەبێت.

﴿أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ ۚ بَلَىٰ وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ ۚ بَلَىٰ وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ﴾ واتە: ئاخۆ کەسێك توانای هەبێت ئەم ئاسمانانو زەمینەی داهێنابێت، توانای نیە وێنەیان دروست بکاتەوە؟ بەڵێ لە وزەیدا هەیەو وەدیهێنی فرە زانا هەر خۆیەتی. خوای گەورە باسی توانای خۆی دەکاتو ئاگادارمان دەکات کە چەندە خاوەن دەسەڵاتە، ئەم حەوت ئاسمانەی دروست کردووە کە پڕە لە ئەستێرەی گەڕۆكو وەستاو لەگەڵ حەوت زەمین کە پێك هاتووە لە کەژو کێوو خۆڵو لمو دەریاو بیابانی چۆڵو چەندین شتی تریش کە ئەمانە هەمووی ڕێنیشاندەرو بەڵگەن لەسەر زیندووبوونەوەی لاشەکان. وەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ﴾[1] واتە: بە ڕاستی بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوی گەورەترە لە بەدیهێنانی خەڵکی. وە لێرەشدا دەفەرموێت: ﴿أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ﴾ واتە: دەتوانێت وێنەیان دروست بکاتەوە وەك چۆن لە هەوەڵ جارەوە دروستی کردوون. ئیبنو جەریر دەڵێت: ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتانە وایە کە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰ إِنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[2] واتە: ئایا ئەوانەیان زانیوە بە ڕاستی ئەو خودایەی ئاسمانەکانو زەوی دروست کردووەو لە دروستکردنیدا ناتەوانو دەستەپاچە نەبووە بە توانایە مردوانیش زیندوو بکاتەوە بەڵێ بێگومان خوا

---

[1] الغافر (٥٧).

[2] الاحقاف (٣٣).

بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە. وە لێرەشدا دەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ واتـە: هـەر کاتێك هـەر شـتێکی بوێت پەیدا ببێت، بـە فـەرمان پێـی دەڵـێ: ببـە هـەر دەستبەجێ پەیدا دەبێت. واتە: هەر کاتێك خوای گـەورە فـەرمان بـدات بـە شـتێك یـەك جـار فـەرمانی پێدەکات و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات دەستبەجێ پەیدا دەبێت.

إذا ما أرادَ الله أمراً فإنَّما   يقول له (كُن) قولةً فيكونُ

ئیمامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو زەڕەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم! هەمووتان تاوانکارن مەگین کەسێك خۆم بیپارێزم‌و لایدەم داوای لێبوردنم لێ بکەن لێتـان خـۆش دەبم، هـەمووتان هـەژارن مـەگین کەسـێك خـۆم دەوڵەمەنـدی بکـەم. مـن بەخـشندەی بـە دەسـتەڵاتی پەیـدا کـەرم، هـەر شـتێکم ویـستنەیکەم، بەقسەیەك شت ئەبەخشم و بەقسەیەکیش سزا ئەنێرم، کەشتێکم ویست هەرئەوەندە پێـی دەڵێم ببـە، دەستبەجێ پەیدا دەبێت.[1] پاشان خوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ پاکی‌و بێ عەیبی بۆ کەسێك کە هەموو شت لە ژێر فـەرمانی ئەودایـەو هـەر بـۆ لای ئـەو دەگەڕێنرێنەوە. واتـە: پـاکی‌و بـێ عـەیبی هـەر بـۆ خـودای گـەورە کـە هـەموو شـت لـە ژێـر فـەرمان‌و دەسەڵاتی ئەودایە لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا‌و هەموو فەرمانێك دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، دروست کـردن‌و بڕیاردان بە دەستی ئەوەو بەندەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا دێنەوە لای. هەر کەسـەو بـە کـردەوەی خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـات. خودایـەکی عادیـل‌و خـاوەن بـەهرەو بەخـشندەیە. ﴿فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ﴾ ئـەم ئایەتـە وەك ئـەو ئایەتـە وایـە: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ﴾[2] واتـە: گەورەیـە ئـەو زاتەی کە هەرچی دەسەڵات‌و پاشایی هەیە بە دەستی ئەوە. وتـەی (الملك)‌و (الملكوت) یـەك مانایـان هەیە وەك (رَحْمَة)، (رَحَمُوت)، (رَهْبَة)، (رَهَبوت)، (جَبْـر)، (جَبَـروت). هەنـدێ کـەس دەڵـێن ﴿ٱلۡمُلۡكُ﴾ مەبەست پێی عالەمی جەستەیە‌و (ملكوت)یش عالەمی ئەرواحە، ڕای یەکەم ڕاسـتە و کۆمـەڵی زانایـانی تەفسیر‌و کەسانی تریش ڕایان لەسەریەتی. ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووە لـە حوزەیفـەی کـوڕی یەمانـەوە(ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: شـەوێك لەگـەڵ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) هەڵـسام حەوتـە درێژەکەی خوێند (مەبەست حەوت سورەتی ئەوەڵی قورئانە) لە حەوت ڕکاتـدا، کاتێـك پێغەمبـەر(ﷺ) سـەری بـەرزکردەوە لـە ڕکوعـدا فـەرمووی: (سمع الله لمن حمده)، پاشـان فـەرمووی: (الحمد لله ذي

[1] احمد (١٥٤/٥)، لە تەفسیری سورەتی (الانفال)دا پلەکەی دیاری کراوە.

[2] احمد (٣٩٦/٥).

الملكوت والجبروت والكبرياء والعظمة) ركوعەكانی وەك وەستانەكانی وابوو، سوژدەكانیشی وەك رەكوعەكانی وابوو، پاشان لێ بوویەوە وەخت بوو هەردوو پام بشكێت.[1] ئەبو داودیش ڕیوایەتی كردووە لە عەوفی كوڕی مالكی ئەشجەعیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: شەوێك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا هەڵسام (واتە بۆ شەونوێژ) هەڵسا سورەتی (البقرة)ی خوێند تێنەدەپەڕی بە لای ئایەتێكی بەزەییدا (آية الرّحمة) مەگین ئەوەستاو داوای بەزەیی دەكرد. وە تێنەدەپەڕی بە لای ئایەتێكی عەزابدا مەگین پەنای دەگرت بە خوا، ئەڵێ: پاشان ڕەكوعی دەبرد بە ئەندازەی وەستانەكەی لە ڕەعوعەكەیدا دەیفەرموو: (سبحان ذي الجبروت والملكوت والكبرياء والعظمة) پاشان سوژدەیشی دەبرد بە ئەندازەی وەستانەكەی دەمایەوە، پاشان لە سوژدەكەیدا هەروەكو ئەوەی دەوت. پاشان هەڵساو (ال عمران)ی خوێند، پاشان سورەت سورەت دەیخوێند.[2] تیرمیزی ڕیوایەتی كردووە لە كتێبی (الشمائل)دا نەسائیش ڕیوایەتی كردووە[3].

تەفسیری سورەتی (الصافات)

لە مەككەدا هاتووەتەخوارەوە

ڕێزی سورەتی (الصافات)

نەسائی ڕیوایەتی كردووە لە عەبدوڵلای كوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا فەرمانی پێ دەكردین بە ئاسانكاری‌و پێشنوێژی بۆ دەكردین بە (الصافّات) واتە: خوێندنی سورەتی (الصافّات).[4] تەنها نەسائی ڕیوایەتی كردووە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿وَالصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ﴿١﴾ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ﴿٢﴾ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴿٣﴾ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ﴿٤﴾ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ﴿٥﴾﴾

شایەتیدانی فریشتەكان بە تەنهایی خودا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَالصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا﴾ واتە: سوێند بەوانەی بۆ ڕیزبەستن لە لای یەكتر ڕادەوەستن. لە عەبدوڵلای كوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿وَالصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا﴾ واتە:

---

[1] الملك (١).

[2] ابو داود (١/٥٤٤)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[3] شمائل للترمذي (١٦٤)، النسائي (٢/٢٢٣)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[4] النسائي (٢/٩٥)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

فریشتەکان. ئەوانەی بە ڕیز ڕادەوەستن لە تەنیشت یەکتری. ﴿فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا﴾ واتە: سوێند بەوانەی لە نارەوا پێش دەگرن. واتە: فریشتەکان. ﴿فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾ واتە: سوێند بەوانەی قورئان دەخوێنن. واتە: فریشتەکان.[1] قەتادە دەڵێت: فریشتەکان چەندین ڕیزن لە ئاسماندا.[2] موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە حوزەیفەوە (ڕەزای خوای لیٚ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ڕێزمان لەسەر خەڵکی بە سیٚ شتە: ڕیزەکانمان وەك ڕیزی فریشتەکانەو زەمین هەمووی کراوە بە مزگەوت بۆمان‌و خۆڵەکەشی پاککەرەوەیە بۆمان وەختێك ئاومان دەست نەکەوێت).[3] دیسان موسلیم ڕیوایەتی کردووە. ئەبو داودو نەسائی‌و ئیبنو ماجەش ڕیوایەتیان کردووە لە جابیری کوڕی سەمورەوە(ڕەزای خوای لیٚ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ئایا ڕیز نابەستن وەك ئەو فریشتانەی ڕێز دەبەستن لە لای پەروەردگاریان؟ وتمان: فریشتەکان چۆن ڕیز دەبەستن لە لای پەروەردگاریان؟) پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ڕیزەکانی پێشەوە تەواو دەکەن‌و پاڵ ئەدەن بە یەکەوە لە ڕیزدا).[4] سودی‌و کەسانی تریش دەڵێن: مانای ئەم ئایەتە ﴿فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا﴾ واتە: ئەو فریشتانەی کە هەور دەردەکەن ﴿فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾ سودی دەڵێت: ئەو فریشتانەی کتێبەکان‌و قورئان دەهێنن لە لایەن خوداوە بۆئادەمیزاد.

پەرستراوی ڕاست هەر خودایە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ﴾ واتە: خوای ئێوە هەر یەکە. ﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ﴾ واتە: پەروەردگاری ئاسمانەکان‌و زەمینەو هەرچی لەناویاندا هەیەو پەروەرێنی ڕۆژهەڵاتانیشە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ۝٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ یانی: سوێند بەوانە خوای ئێوە هەر یەکێکە. کە پەروەرێنی ئاسمانەکان‌و زەمینە. ﴿وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾ واتە: ئەوانەش لە نێوانیاندا هەیە ﴿وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ﴾ واتە: هەر ئەوە خاوەنی دەسەڵات‌و کاربەدەست‌و وەدیهێنەرو ڕامهێنەری هەموو ئەستێرەکان بە ئەستێرەی گەڕۆك‌و وەستاوەوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەون‌و لە ڕۆژئاواوە ئاوا دەبن. لێرەدا بە باسی ڕۆژهەڵات وازی لە باسی ڕۆژئاوا هێناوە. چونکە

---

[1] الطبري (٢١/٧).

[2] القرطبي (١٥/٦١/٦٢).

[3] مسلم (١/٣٧١).

[4] مسلم (١/٢٢٣)، ابو داود (١/٤٣١)، النسائي (٢/٩٢)، ابو داود (١/٣١٧).

بەڵگە نەویستە بە هاتنی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا بە دوایدا دێت. وەك لە چەند شوێنی تردا لە قورئاندا خوای گەورە بە دوای یەكدا هێناونیو دەفەرمووێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ﴾[1] واتە: جا سوێند بە پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەكانو ڕۆژئاواكان بێگومان ئێمە بە دەسەڵاتین. وە دەفەرمووێت: ﴿رَبُّ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ وَرَبُّ ٱلۡمَغۡرِبَيۡنِ﴾[2] واتە: هەردوو شوێنی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای ڕاهێناوە كەزستانو هاوینە بۆ خۆرومانگ.

﴿إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفۡظٗا مِّن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ مَّارِدٖ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰ وَيُقۡذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٖ ﴿٨﴾ دُحُورٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنۡ خَطِفَ ٱلۡخَطۡفَةَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ ثَاقِبٞ ﴿١٠﴾﴾

ڕازاندنەوەی ئاسمانو پاراستنی لە لایەن خواوە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ﴾ واتە: ئێمە ئاسمانی نزیكمان بە ئەستێران ڕازاندەوە. خوای مەزن باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە خۆی ئاسمانی دنیای ڕازاندووەتەوە بۆ ئەو خەڵكەی سەر زەمین بە ئەستێرە بۆ ئەوەی سەیر بكەنو لێی ورد ببنەوە ﴿بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ﴾ بە ئیزافەو بەدەلیش (بالإضافة والبدل) خوێنراوەتەوە هەردووكیان یەك مانایان هەیە. ئەستێرە گەڕۆكو وەستاوەكان ئاسمان ڕووناك دەكەنەوە بۆ خەڵكی سەر زەمین وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ﴾[3] واتە: سوێد بێت بێگومان ئاسمانی دنیامان ڕازاندووەتەوە بە چرای زۆر (ی ئەستێرە) وە گێڕاومانن بە ڕەجمی شەیتانەكانو ئامادەمان كردووە بۆ ئەوان (لە قیامەتدا) سزای ئاگری هەڵگیرساو. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدۡ جَعَلۡنَا فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٦﴾ وَحَفِظۡنَٰهَا مِن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ ٱسۡتَرَقَ ٱلسَّمۡعَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ مُّبِينٞ﴾[4] واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە دروستمان كردووە چەند بورجێك لە ئاسماندا ئەو (ئاسمانە)مان ڕازاندووەتەوە بۆ سەرنجدەران، وە ەو (ئاسمانە)مان پاراستووە لە هەموو شەیتانێكی دەركراو لە بەزەیی خوا، مەگەر ئەوانەی كە بە دزیەوە گوێ دەگرن یەكسەر گڕو ئاگرێكی دیار دوای

[1] المعارج (٤٠).

[2] الرحمن (١٧).

[3] الملك (٥).

[4] الحجر (١٦ـ١٨).

دەكەوێت‌و ڕاوی دەنێت. لێرەشدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَٰنٍ مَّارِدٍ ﴾ واتە: لە هەموو شەیتانێکی نافەرمانیش پاراستمان. ﴿ وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَٰنٍ مَّارِدٍ ﴾ واتە: پاراستوومانە لە هەموو شەیتانێکی بێ گوێی نافەرمان کە بە پەنهانی گوێ لە قسە دەگرێت گڕێکی ڕووناك‌و تیژ ڕاوی دەنێت‌و دەیسوتێنێت. بۆیە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴾ (ئیتر) لە بالاّنشینان گوێ نەگرن لەوانەی سەرەوە (بالاّنشینان) لە ئاسمانەکانن کە قسە دەکەن لەبارەی ئەو شتانەی کە خودا فەرمانیان پێ دەکات بۆ گەیاندن‌و بەجێهێنانی وەك لە پێشەوە باسکران لەو فەرمودانەدا کە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا هێنامانن کەدەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴾[1] واتە: هەتا کاتێك ترس‌و بیم لە دڵی (تکاکاران) لادەبرێت (بە هۆی ڕێگە پێدانی شەفاعەت) (بە یەکتر) دەڵێن: پەروەردگارتان چی بڕیارێکی فەرموو دەڵێن: وتە ڕاستەکەی فەرموو (کە ڕێگەدانە بە تکاکردن) وە تەنها (خوا) بەرزو بڵندو گەورەیە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيُقْذَفُونَ ﴾ واتە: ڕاودەنرێن ﴿مِن كُلِّ جَانِبٍ﴾ واتە: لە هەر لایەکەوە بیانەوێت بە پەنهانی گوێ لە قسە بگرن لە ئاسماندا. ﴿ دُحُورًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ ﴾ هەتا دووریان بخەنەوەو هەمیشەش ئازارییان هەیە. ﴿ دُحُورًا﴾ واتە: لێیان دەدرێت‌و کرۆ دەکرێن ڕێیان لێ دەگیرێت‌و دوور دەخرێنەوە بۆ ئەوەی نەگەنە ئەو شوێنەی کە بە پەنهانی گوێی تیادەگرن ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ﴾ واتە: لە ڕۆژی دوایشدا سزای بەردەوام‌و نەبڕاوەیان هەیە وەك خوای بالاّدەست دەفەرموێت: ﴿وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ﴾[2] واتە: ئامادەمان کردووە بۆ ئەوان (لە قیامەتدا) سزای ئاگری هەڵگیرساو. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا مَنْ خَطِفَ ٱلْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴾ واتە: مەگین ئەوەی (هەر لە پڕ) شتێك بڕفێنێت ئەویش بڵێسەی گڕێك شوێنی دەکەوێت. ﴿ إِلَّا مَنْ خَطِفَ ٱلْخَطْفَةَ ﴾ واتە: مەگەر ئەوەی لە پڕ شتێك بڕفێنێت لە شەیتانەکان بیدا بەوەی خواری خۆی ئەویش بیدا بە خواتری خۆی ئیتر لەوانەیە پێش ئەوەی ئەو شەیتانە بیدا بە خواری خۆی گڕێك شوێنی کەوێت‌و بیسوتێنێت. یان پێش ئەوەی گڕەکە پێی بگات بە قەدەری خوا بیگەیەنێت بە یەکێکی ترو ئەویش بیدا بەو فالّچییەك وەك لە فەرموودەیەکی تردا لە پێشەوە باسمان کرد. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی:

---

[1] سبأ (٢٣).

[2] الملك (٥).

﴿ إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴾ واتـه: بڵێـسەیەکی ڕووناك دوای دەکەوێت. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: شەیتانەکان لە ئاسماندا چەند شوێنێکیان هەبووە گوێبیستی نیگا بوون و ئەستێرەکان نەگەڕاون بە گڕی ئاگر دوایان کەون لێیان بدرێت، وەختێك گوێیان لە نیگا بووە دابەزیون بۆ سەر زەمین هەر قسەیەك نۆ قسەیان لێ زیاد کردووە کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕەوانە کرا. ئەگەر شەیتانەکان بیانویستایە لە شوێنەکانی خۆیانەوە گوێ بگرن بڵێسەی گڕێك شوێنیان دەکەوت و هەتا نەیسوتاندایە لە کۆڵی نەدەبووەوە. بۆیە چوونە لای شەیتان (لەعنەتی خوای لێ بێت) بۆیان باس کرد ئەویش وتی: حەتمەن شتێك ڕوویداوە، سەربازەکانی نارد، کاتێکیان زانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە پێوە نوێژ دەکات لە نێوان دووچیاکەی (نەخلە)دا و وەکیع ئەڵێ: واتە: ناوشیوی نەخلە. دەستبەجێ گەڕانەوە بۆ لای شەیتان هەواڵەکەیان دایەو شەیتان وتی: ئەمە ئەوەیە کە ڕوویداوە[1].

﴿ فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَا ۚ إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴿١١﴾ بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ذُكِّرُوا لَا يَذْكُرُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ ﴿١٤﴾ وَقَالُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿١٦﴾ أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ ﴿١٧﴾ قُلْ نَعَمْ وَأَنتُمْ دَاخِرُونَ ﴿١٨﴾ فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنظُرُونَ ﴿١٩﴾ ﴾

سەلماندنی ژیان پاش مردن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَا ۚ إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴾ واتە: ساتۆ لەوانە بپرسە: ئاخۆ ئافراندنی ئەوان گرنگترە، یان ئەوانەی ئێمە وەدیمان هێناون؟ ئێمە ماکی ئەوانیشمان لە قوڕێکی (کزری) پێکەوەلکاو داڕژتووە. خوای گەورە دەفەرموێت پرسیار لەوانە بکەن کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نیە، ئایا دروستکردنی ئەوان گرنگترە یان دروستکردنی ئاسمانەکان و زەمین و ئەوانەی لە نێوانیاندایە لە فریشتەکان و شەیتانەکان و دروستکراوە گەورەکانی تر؟ ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) خوێندوویەتیەوە بە (أَمْ مَّنْ عَدَدْنا) لە باتی ﴿أَم مَّنْ خَلَقْنَا﴾ هەموو دانی پیادەنێن و دەڵێن کە ئەم دروستکراوانە گرنگترن لە ئەوان.[2] باشە کە ئاوەهایە بۆچی باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نیە؟ کە بە چاوی خۆیان دەبینن ئەم شتانە گەورەترن لەوەی کە ئەوان بڕوای پێ ناکەن وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ

---

[1] الطبري (١٢/٢١).

[2] الطبري (١٩/٢١).

وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾[1] بە راستی بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوی گەورەترە لە بەدیهێنانی خەڵکی بەڵام زۆربەی مەردوم ئەمە نازانن. پاشان ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوانە وەدی هاتوون لە شتێکی لاوازو دەفەرموێت: ﴿إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴾، موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەححاك دەڵێن: لە قوڕێکی چاکی پێکەوەلکاو.[2] ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێت) و عیکریمە دەڵێن: قوڕێکی باش(ترشاو)، پاشان قەتادە دەڵێت: واتە: قوڕێك کە بە دەستەوە دەلکێت. پاشان دەفەرموێت: ﴿ بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ ﴾ واتە: تۆ لەوەدا سەیر ماوی ئەوان گاڵتەوگەپی خۆ دەکەن. واتە: تۆ ئەی موحەممەد (ﷺ) بە لاتەوە سەیرە کە ئەوانە باوەڕ ناهێننو ئینکاری زیندووبوونەوە دەکەن، تۆش زۆرچاك بڕوات هەیە بەوەی کە خوای گەورە پێی گەیاندووی لەو کارە سەیرە کە زیندووبوونەوەی لاشەیە دوای لەناوچوون، پێچەوانەی ئەوانەی کە بڕوایان پێی نیەو ئەوەندە بێباوەڕن کە گاڵتەو گەپ دەکەن بەوەی کە تۆ بۆیان باس دەکەی لەو بارەیەوە. قەتادە دەڵێت: موحەممەد (ﷺ) سەیر ماوەو هەندێ سەرلێشێواوو گومڕایی نەوەی ئادەم گاڵتەوکەپ دەکەن.[3] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا ذُكِّرُوا۟ لَا يَذْكُرُونَ ﴾ واتە: ئەگەر نەسیحەتیش بکرێن، نەسیحەت لە گوێ ناگرن. واتە: سود لەو نەسیحەتە وەرناگرن، ﴿ وَإِذَا رَأَوْا۟ ءَايَةً يَسْتَسْخِرُونَ ﴾ واتە: هەر نیشانەیەك دەبینن دەخوازن گەمەی پێ بدرێت. ﴿ وَإِذَا رَأَوْا۟ ءَايَةً ﴾ واتە: هەر نیشانەیەکی ئاشکراش بە چاو ببینن ﴿يَسْتَسْخِرُونَ ﴾ موجاهیدو قەتادە دەڵێن: گەمەی پێ دەکەن.[4] ﴿ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ واتە: دەڵێن ئەمە جادووەو هیچی تر نیە. واتە: دەڵێن ئەمەی کە تۆ پێی هاتووی مەگین بە ئاشکرا دیارە جادووە، ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴾ واتە: ئاخۆ ئێمە کە مردینو بووینە خۆڵو چەند پێشەیەك دووبارە زیندوو دەکرێینەوە؟ ﴿ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴾ واتە: وێڕای بابو باپیرانمان. واتە: ئێمەو بابو باپیرانمانشیمان دوای ئەوەی کە مردین دیسان زیندوو دەکرێینەوە؟ بە دووری دەزاننو باوەڕ ناکەن، زیندوو دەکرێنەوە، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ قُلْ نَعَمْ وَأَنتُمْ دَٰخِرُونَ ﴾ واتە: بڵێ: بەڵێو ئێوە ملکەچو زەبوونن. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ: بەڵێ ئێوە زیندوو دەکرێنەوە لە ڕۆژی

---

[1] الغافر (٥٧).

[2] القرطبي (١٥/٦٩)، الطبري (٢١/٢٢).

[3] الطبري (٢١/٢٣).

[4] الطبري (٢١/٢٤).

قیامەتدا دوای ئەوەی کە دەبن بە خۆڵ و ئێسك بـە داماوی و زەبوونی و بێ نرخـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی گەورەو بەهێزی خوای مەزندا، وەك دەفەرموویت: ﴿وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ﴾[1] واتە: وە هـەموو بـە ملکەچـی و سەرشۆڕی دێنـەوە لای خـوا. وە دەفـەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[2] واتە: بە ڕاستی ئەوانـەی خـۆ بـە گـەورە دەزانـن کـە بمپەرسـتن لەمـەودا بەسەرشـۆڕی دەچـنە دۆزەخـەوە. پاشـان خـوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ فَإِذَا هُمۡ يَنظُرُونَ﴾ واتـە: تەنها تێ ڕاخوڕینێکەو ئەوسا هەر خۆیان دەڕوانن. واتە: تەنها یـەك بڕیـارە لـە لایـەن خـوای گـەورەوە جارێك بانگ دەکرێن کە بێنە دەرەوە لەناو زەمیندا، دەستبەجێ هەڵدەسـن و لەبـەردەم خـوای مەزنـدا سەیری ئەو کارەساتە گران و ناڕەحەتەی ڕۆژی قیامەت دەکەن، والله أعلم.

﴿وَقَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا هَٰذَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴿٢٠﴾ هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢١﴾ ۞ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٢٣﴾ وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾ مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ ﴿٢٥﴾ بَلۡ هُمُ ٱلۡيَوۡمَ مُسۡتَسۡلِمُونَ ﴿٢٦﴾﴾

ژیان و گوزەرانی ڕۆژی قیامەت

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا هَٰذَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ﴾ واتـە: دەڵـێن: هـەی مـاڵ وێـران خۆمـان! ئەمە ڕۆژی قیامەتە. خوای مـەزن باسـی خوانەناسـان دەکـات لـە ڕۆژی قیامـەتـدا کاتێـك دەچـنەوە بـە خۆیاندا سەرزەنشت و لۆمەی خۆیان دەکەن و دانی پێدادەنێن کە چەندە ناهەقیان لە خۆیان کردووە لە ژیانی دنیادا. پەشیمانی دەردەبڕن کـە ناڕەحـەتی ڕۆژی قیامـەت دەبیـنن بـەڵام ئـەو پەشـیمانیە هـیچ بەهرەیەکیان پـێ نادات. ﴿وَقَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا هَٰذَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ﴾ واتە: فریشتەکان و خاوەن باوەڕان پێیـان دەڵـێن ﴿هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ واتە: بەڵێ ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پاك و پیس جیادەکرێنـەوە ئێـوە بڕواتـان نـەدەکرد. ئەمـەیان پـێ دەڵـێن بـە تانـەو تەشـەرەوەو خـودایش فـەرمان دەدات بـە فریـشتەکان کـە کۆیـان بکەنـەوەو خوانەناسـان لـە خـاوەن بـاوەڕان جیـا بکەنـەوە بۆیـە خـوای گەورەفەرموویـەتی: ﴿ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ﴾ واتـە: ئەوانـە لێـك کۆبکەنـەوە کـە ناهـەقی پیـشەبوون و جـووتی ئـەوان و ئەوانەشـی کـە دەیانپەرسـت. نوعمـانی کـوڕی بەشـیر دەڵێـت:

---

[1] النمل (٨٧).

[2] الغافر (٦٠).

مەبەست بە ﴿وَأَزۡوَٰجَهُمۡ﴾ هاووێنەو نموونەکانیان.[١] ئیبنو عەباسو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عیکریمەو موجاهیدو سودیو ئەبو سالحو ئەبو عالیەو زەیدی ئەسلەمیش هەر وایان وتووە.[٢] شەریك دەڵێت لە سیماکەوە و ئەویش لە نوعمانەوە دەڵێت: گوێم لە عومەر بوو دەیوت: ﴿ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ﴾ واتە: هاووێنەیان. واتە: زیناکەرلەگەڵ زیناکەردا، سوخۆر لەگەڵ سوخۆرداو عارەق خۆر لەگەڵ عارەق خۆردا. موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێن: لە ئیبنو عەباسەوە ﴿وَأَزۡوَٰجَهُمۡ﴾ واتە: هاوڕێکانیان. ﴿وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ﴾ ئەوانەش کە دەیانپەرست لە بتو شەریك کۆدەکرێنەوە لەگەڵیان لەو شوێنەی ئەواندا. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ﴾ واتە: غەیری خودا ئەوسا ڕێگەی جەهەنەمیان پێ نیشان دەدەن. واتە: بەرەو جەهەنەم بەڕێیان بکەن ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَنَحۡشُرُهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ عُمۡيٗا وَبُكۡمٗا وَصُمّٗاۖ مَّأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا﴾[٣] واتە: وە لە ڕۆژی دواییدا حەشریان دەکەین بەسەر ڕووو دەمو چاویاندا کە کوێرو لاڵو کەڕن شوێنی نیشتەجێیان دۆزەخە هەر جارێك (دۆزەخ) بڵێسەی بنیشێتەوە بڵێسەی ئاگرەکەیان بۆ زیاد دەکەین. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ﴾ واتە: ڕاشیان بگرن! دەبێت پرسیاریان لێ بکرێت. واتە: بیانوەستێنن هەتا پرسیاریان لێ دەکرێت چیان کردووەو چیان وتووە لە ژیانی دنیادا وەك زەححاك وتوویەتی لە ئیبنو عەباسەوە واتە: بیانگرنو بەندیان بکەن دەبێت موحاسەبە بکرێن. عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك دەڵێت: گوێم لە عوسمانی کوڕی زائیدە بوو دەیوت: یەکەم شتێك کە مرۆڤ پرسیاری لێ دەکرێت هاوەڵەکانیەتی، پاشان پێیان دەوترێت: بە شێوەی گاڵتەو سوکایەتی پێکردن: ﴿مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ﴾ واتە: چیتانە، بۆچی بە هانای یەکترەوە نایەن؟ واتە: خۆ ئێوە واتان دەزانی هەموو پێکەوەنو یەکریزنو سەرکەوتوون. ﴿بَلۡ هُمُ ٱلۡيَوۡمَ مُسۡتَسۡلِمُونَ﴾ واتە: ئەمڕۆ هەموو بێدەنگو ملکەچو وێستاون. واتە: کەچی ئێستا گوێڕایەڵی فەرمانی خودانو سەرپێچی ناکەنو سنوورەکانی نابەزێننو لێی دەرناچن، والله أعلم.

---

[١] الطبري (٢١/٢٧).

[٢] الطبري (٢١/٢٧/٢٨).

[٣] الاسراء (٩٧).

﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٢٧﴾ قَالُوا إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ الْيَمِينِ ﴿٢٨﴾ قَالُوا بَل لَّمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٢٩﴾ وَمَا
كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ ۖ بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَاغِينَ ﴿٣٠﴾ فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا ۖ إِنَّا لَذَائِقُونَ ﴿٣١﴾ فَأَغْوَيْنَاكُمْ إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ
﴿٣٢﴾ فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا
اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ﴿٣٦﴾ بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ ﴿٣٧﴾﴾

دژایەتی کردنی بتپەرستان بۆ یەکتری لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾ واتە: هێندێ لەوان ڕوو لە هێنێکیان دەکەن و لێك دەپرسن. خوای مەزن باسی خوانەناسان دەکات کە لە گۆڕەپانی قیامەتدا سەرزەنشتی یەکتری دەکەن و کێشەیانە و یەکتری تاوانبار دەکەن لە قوڵایەکانی ئاگر لە ناو جەهەنەمدا، ﴿فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ﴾[1] واتە: لاوازەکان دەڵێن بەوانەی خۆبەزلزان بوون: بە ڕاستی ئێمە شوێنکەوتووی ئێوە بووین دەی ئایا ئێوە لە جیاتی ئێمە لە ئەستۆی دەگرن بەشێك لەم ئاگرە، ئەوانەی خۆبەزلزان بوون و زۆردار بوون دەڵێن بە ڕاستی هەموومان لە ئاگرداین، بێگومان خودا لە نێوان بەندەکانیدا دادوەری کردووە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لَوْلَا أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَاءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[2] واتە: خۆزگە دەتدی کاتێك ئەو ستەمکارانە ڕادەگیرێن لەبەردەم (دادگای) پەروەردگاریاندا قسەو تاوان ئاراستەی یەکتر دەکەن لاوازو ژێردەستەکراوان دەڵێن بەوانەی خۆیان بە گەورە دەزانی: ئەگەر ئێوە نەبوونایە بێگومان ئێمە باوەڕدار دەبووین، ئەوانەی خۆیان بە گەورە دادەنا دەڵێن بەوانەی ژێردەستەو لاوازکرابوون: ئایا ئێمە بەرگریمان کردن لە ڕێنموونی دوای ئەوە بۆتان هات (نەخێر وا نیە) بەڵکو خۆتان تاوانباربوون، ژێردەستەو چەوساوەکان

---

[1] الغافر (٤٧ـ٤٨).

[2] سبأ (٣١ـ٣٣).

دەڵێن بەوانەی خۆبەزلزان بوون: (نەخێر وانیە) بەڵکو پیلانی (ئێوە) بە شەوو بە ڕۆژ (چەواشەی کردین) کاتێك فەرمانتان پێ دەداین کە بێباوەڕ بین بە خواو وێنەو هاوبەشانی بۆ دابنێین هەموویان پەشیمانی دەشارنەوە کاتێك کە سزای دۆزەخ دەبینن‌و زنجیرو تەوقمان کردە گەردنی بێباوەڕان، ئایا تۆڵەیان لێ دەسەنرێت جگە لەوەی دەیانکرد؟ هەر بەو شێوەیەش لێرەدا پێیان دەڵێن: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَأۡتُونَنَا عَنِ ٱلۡيَمِينِ﴾ واتە: دەڵێن: بە ناوی خێرخوازی، ئێمەتان لە ڕێگە لادا. زەححاك دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە: دەڵێن ئێوە ئێمەتان ئاوا لێکرد بە هۆی ئەو دەسەڵاتەوە کە بووتان بەسەرماندا چونکە ئێمە بێ دەسەڵات‌و لاواز بووین‌و ئێوە خاوەن دەسەڵات‌و زۆردار. قەتادە دەڵێت: مرۆڤەکان دەڵێن بە جنۆکەکان ئێوە بە ناوی خێرخوازیەوە ئێمەتان خەڵەتاند نەتانهێشت‌و هیوادارتان کردین. سودی دەڵێت: دەڵێن: ئێوە بە ناوی چاکەو چاکەخوازیەوە شتی پڕوپوچتان بۆ دەڕازاندینەوە دەبوونە لەمپەرو لە ڕێ لاتان دەداین.[1] ئیبنو زەید دەڵێت: واتە: دەبوونە لەمپەر لە نێوان ئێمەو ڕێی ڕاستداو لە ئیسلام‌و باوەڕ بە خواو کاری چاکەکردن پەشیمانتان دەکردینەوە کە فەرمانمان پێ کرابوو بیکەن.[2] ئەزیدی ڕەشك دەڵێت: واتە: بە ناوی یەکتاپەرستیەوە (لا إله الاّ الله) دەهاتنە لامان. ئەوەش کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَالُواْ بَل لَّمۡ تَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ﴾ واتە: دەڵێن: نەخێر، هەر خۆتان بڕواتان نەبوو. سەرۆکی جنۆکەو مرۆڤەکان دەیانوت بەو کەسانەی کە شوێنیان کەوتبوون، بەو شێوەیە نیە ئێوە دەیلێن بەڵکو دڵتان پێوە نەبوو باوەڕ بێنن حەزتان لە بێ دینی‌و لە ڕێ لادان بوو، ﴿وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنِۭۖ بَلۡ كُنتُمۡ قَوۡمًا طَٰغِينَ﴾ واتە: زۆرێکمان لەسەرتان نەبووە، بەڵکو خۆتان کۆمەڵێکی سەربزێو بوون. ﴿وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنِۭ﴾ واتە: ئێمە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستمان بە دەستەوە نەبوو لەسەر ئەو شتەی کە ئێوەمان بۆ بانگ دەکرد، ﴿بَلۡ كُنتُمۡ قَوۡمًا طَٰغِينَ﴾ بەڵکو ئێوە خۆتان حەزتان لە سەرپێچی‌و لادان لە ڕێی حەق بوو. بۆیە وەڵامتان داینەوەو شوێنمان کەوتن‌و وازتان لە ڕێی ڕاست هێنا. کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) پێی هاتن‌و بەڵگەی زۆرو ڕاستیان هێنایەوە لەسەر ئەو ئاینەی کە بۆیان هێنابوون بە گوێتان نەکردن‌و شوێنیان نەکەوتن، ﴿فَحَقَّ عَلَيۡنَا قَوۡلُ رَبِّنَآۖ إِنَّا لَذَآئِقُونَ﴾ واتە: وا گفتی پەروەردگارمان لەسەر ئێمە وەڕاست گەڕا، دیارە دەبێت بیشی چێژین. ﴿فَأَغۡوَيۡنَٰكُمۡ إِنَّا كُنَّا غَٰوِينَ﴾ واتە: ئێمە ئێوەمان گومڕا کرد خۆشمان هەر ئەوسا گومڕا بووین. خاوەن دەسەڵاتە

---

[1] الطبري (٢١/٣٢).

[2] الطبري (٢١/٣٢).

زۆردارەکان دەڵێن بە ژێردەستەو لاوازەکان خوای مەزن راستی فەرموو کە ئێمە لە بەدبەختانین و دەبێت جەزرەبەیش بچەژن لە رۆژی قیامەتدا ﴿فَأَغْوَيْنَٰكُمْ﴾ واتە: ئێوەمان بانگ کردو گومڕاشمان کردن ﴿إِنَّا كُنَّا غَٰوِينَ﴾ واتە: ئێمە خۆمان گومڕا بووین، بانگی ئێوەشمان کرد بۆ گومڕایی. وەڵامتان داینەوەو شوێنمان کەوتن. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ هەموو ئەمانە (لەو رۆژەدا) بۆ جەزرەبەدان هاوبەشن. واتە: هەموو لەناو ئاگردا بوون هەر کەسەو بە پێی تاوانی خۆی. ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِٱلْمُجْرِمِينَ﴾ واتە: ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین. واتە: هەر لە دنیاشدا تۆڵە لە تاوانباران دەسێنین. ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ﴾ واتە: ئەگەر بەوانە دەوترا غەیری خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێت، خۆیان زۆر بە زل دەزانی. واتە: خۆیان بە زل دەزانی پێیانِ گران بوو وەك خاوەن باوەڕان بڵێن: (لا إله الا الله)، ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (فەرمانم پێکراوە بجەنگم بەگژ ئەو خەڵەدا هەتا دەڵێن: (لا إله إلاّ الله) هەرکەسێ وتی: (لا إله إلاّ الله) لە لای منەوە ماڵ‌وگیانیان پارێزراوە مەگەر بە هەقی خۆی، حیسابیشی لە لای خوای گەورەیە.[1] خوای مەزن لە قورئانە پیرۆزەکەیدا باسی ئەو گەلانەی کردووە کە خۆیان بە زل زانیووە و ئایەتی ناردووەتە خوارەوە دەربارەیان کە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ﴾ دەشیان درکاند: ئێمە بۆ شاعیرێکی شێت چۆن واز دێنین لەوانەی پەرستوومانن. واتە: ئێمە واز لە پەرستنی ئەو خودایانەو خوای باب‌و باپیرانمان دێنین بۆ قسەی ئەم شاعیرە شێتە؟ مەبەستیان پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) خوای گەورەش بۆ وەڵامدانەوەو بە درۆخستنەوەیان فەرموویەتی: ﴿بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: بەڵکو هەرچی ئەو هاوردی، هەمووی ڕاستەو بڕواشی کردووە بە پێغەمبەرانی خودا. ﴿بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرچی هێناوە لە بەرنامەی خودا لە هەواڵ یان داواکاری هەمووی ڕاستەقینەیە، ﴿وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: بڕوای کردووە بەو پێغەمبەرانەی کە باسی ئەو ڕەوشتە چاکانەو ئەو بەرنامە ڕێکوپێکانەی ئەویان کردووەو باسی ئەو بەرنامەو فەرمانەی خواشی کردووە کە پێی سپاردووە وەك چۆن ئەوان

[1] مسلم (١/٥٢).

باسیان کردووە. ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾[1] واتە: ئەوانەی کە بە تۆی دەڵێن، بە پێغەمبەرەکانی پێش تۆش هەر وتراوە.

﴿إِنَّكُمْ لَذَآئِقُوا۟ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ ﴿٤١﴾ فَوَٰكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ ﴿٤٢﴾ فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٤٣﴾ عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٤٤﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿٤٥﴾ بَيْضَآءَ لَذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ ﴿٤٧﴾ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ ﴿٤٩﴾﴾

پاداشتی بتپەرستان و بەندە ڕاست و پاکەکان

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّكُمْ لَذَآئِقُوا۟ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَلِيمِ﴾ واتە: ئێوە بێ شک ئازاری بە ژان دەچێژن. خوای گەورە ڕووی قسەکانی دەکاتە ئادەمیزادو دەفەرمووێت: ﴿إِنَّكُمْ لَذَآئِقُوا۟ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ هەر لە باتی کاری خۆتان سزا دەدرێن. پاشان بەندە چاک و پاکەکانی جیاکردووەتەوە. وەک فەرموویەتی: ﴿وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾[2] واتە: سوێد بە کات، بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندایە، مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێت و کردەوە چاکەکانیان کردبێت. وە دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی ئینسانمان دروست کرد لە جوانترین شێوەدا، لە پاشان (ئەگەر بێباوەڕ بێت) دەیکەین بە پەستترینی هەموو پەستێک، مەگەر ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾[4] واتە: کەس نیە لە ئێوە نەڕوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا (ئەو تێپەڕینە) بڕیارێکی براوەیە لە پەروەردگارتەوە، دواتر ئەوانە ڕزگار دەکەین خواناس و پارێزگار بوون و ستەمکاران بە چۆکاهاتوویی

---

[1] فصلت (٤٣).

[2] العصر (١ـ٣).

[3] التين (٤ـ٦).

[4] المدثر (٣٨ـ٣٩).

لـەناو (دۆزەخ)دا دەهێڵینـەوە. وە فەرموویـەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصْحَٰبَ ٱلْيَمِينِ﴾[1] واتـە: هەموو کەسێك بارمتەی کردەوەی خۆیەتی، مەگەر هاوەڵانی دەستی ڕاست (چاکەکاران). بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ مـەگین عەبـدە ڕاسـتو پاکـەکانی خـودا. واتـە: بەنـدە پـاكو ڕاستەکان ئەو ئازارە بە ژانە ناچەژنو لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا پرسیاریان لێ ناکرێت بەڵکو چاوپۆشی لە تاوانەکانیان دەکرێت ئەگەر تاوانیان هەبوو وە پاداشتی چاکەکانیشیان یەك بـە دە چـاکە وەردەگـرن هەتا یەك بە حەوت سـەد چـاکەو زیـاتریش هـەتا خـودا حـەز لـە زیـادکردنی بکـات. وە دەفـەرمووێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ﴾ بژێوی باش بۆ ئەوان دیـاریکراوە. قـەتادەو سـودی دەڵـێن: واتـە: بەهەشـت.[2] پاشان باسی ژیانیان دەکاتو دەفەرمووێت: ﴿فَوَٰكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ﴾ واتە: میوەجاتـەو زۆریشیان ڕێـز لێ دەگیرێت. واتە: میوەی هەمەڕەنگ لایانەو زۆریش ڕێزیـان لێ دەگیرێـتو خۆشـگوزەرانو ژیـان زۆر بـە خۆشی دەبەنەسەر ﴿فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ واتە: لە باغاتی بـڕ لـە هـەموو خێـرو بێرێـك. ﴿عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ واتە: لە بەرامبەر یەك لەسەر تەختدان دادەنیشن. موجاهید دەڵێت: سەیری پشتملی یـەکتری ناکـەن.[3] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ﴾ لـەو بادەیـەی کـە لـە چـاوەی ڕەوان ڕادێـت پیاڵەیان پێدا دەگێڕن. ﴿بَيْضَآءَ لَذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ﴾ واتە: زۆر سـپیەو بـۆ ئەوانـەی دەیخۆنـەوە بـە لەزەتـە. ﴿لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ﴾ واتـە: هـیچ سەرئێشـەی تێدا نیـەو ئاوەزیشیان لەبـەر مەسـتی لـە دەست نادەن. وەك خوای خاوەن دەسەڵات لـە ئایـەتی تـردا دەفـەرمووێت: ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ﴾[4] واتـــە: تـــازە لاوی هەمیـــشەیی بەسەریاندا دەگەڕێن، پەرداخو سوراحیو گەلاسی پڕ لە شەرابی سەرچاوەی ڕەوان، نـە سـەریان پێـی دێشێت نە سەرخۆش دەبن پێی. خوای مەزن بادەی بەهەشتی پاكو جیاکردووەتـەوە لـە بـادەی دنیـا کە سەرئێشەو ناوسك ئێشەی تیانیەو عەقڵیشیان بە هـۆی سەرخۆشیەوە لـە دەسـت نـادەن بۆیـە ئـا لێرەدا فەرموویەتی: ﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ﴾ واتە: بادەیەك لە چەند ڕووباری بەردەوام ڕۆیشتوو کەترسیان نیە وشك بکات یان تەواو ببێت. مالك لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە دەڵێت: بادەیـەکی سـپی

---

[1] مريم (٧١ـ٧٢).

[2] القرطبي (٢١/٧٧).

[3] الطبري (٢١/٣٨).

[4] الواقعة (١٧ـ١٩).

بە بەردەوام پڕێشتووە ڕەنگێكی درەوشاوەو جوانو دلگیر نەك وەك بادەی (عارەقی) دنیا لە شێوە ناشیرینو پیسو خراپیدا سوورو ڕەشو لێلو زەرد هەلگەڕابێت كە مرۆڤی سروشت پاك بێزی لێ دەكاتەوە. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿لَذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ﴾ واتە: تامی خۆشەو ڕەنگی جوانەو تامی خۆشیش نیشانەیە لەسەر بۆن خۆشی. بە پێچەوانەی بادەی دنیاوە لە هەموو ئەو ڕوانەوە كە باسمانكردن. وە دەفەرموویت: ﴿لَا فِيهَا غَوْلٌ﴾ واتە: نابێتە هۆی (غەول) دروستكردن، واتە: سك ئێشە. ئیبنو عەباسو موجاهیدو قەتادەو ئیبنو زەید وایان وتووە.[1] وەك بادەی دنیا كە پێچ دێنێت بە سكداو بای پێدەكات لەبەر زۆری ئاوەكەی. وە دەفەرموویت: ﴿وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ﴾ موجاهید دەلێت: ئاوەزیان لە دەست نادەن.[2] ئیبنو عەباسو محمدی كوڕی كەعبو حەسەنو عەتای كوڕی ئەبو موسلمی خۆراسانیو سودی و كەسانی تریش هەر وایان وتووە. زەححاك دەلێت: لە ئیبنو عەباسەوە لە بادەدا چوار تایبەتمەندی هەیە مەستیو سەرئێشەو ڕشانەوەو میزكردن.[3] خوای گەورە باسی بادەی بەهەشتی كردووە كە پاكەو ئەم شتانەی تێدا نیە، وەك لە سورەتی(الصافات)دا باسی كردووە. وە دەفەرموویت: ﴿وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ عِينٌ﴾ واتە: ژنگەلێكی چاو گەورەیان لە لا هەیە، لە ڕووی نامۆدا چاو دادەخەن. واتە: ژنانێكی داوێن پاكیان لایە جگە لە مێردەكانیان ناڕوانن بۆ كەسی ترو سەیری ناكەن، ئیبنو عەباسو موجاهیدو زەیدی كوڕی ئەسلەمو قەتادەو سودیو كەسانی تریش هەر وایان وتووە.[4] خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿عِينٌ﴾ واتە: چاوجوانەكان، وتراویشە: واتە: چاو گەورەكان. چاو جوان شیاوترە. وەسف كراون بە چاو جوانو داوێن پاك بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ لووسو پاكژ وەكو هێلكەی ناو هێلانە. وەسفی بەژنو بالای كردوون بە چاكترین شێوە كە زۆر ناسكو دلگیرن. عەلی كوڕی ئەبو تەلحە دەلێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەلێت:: ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ واتە: مرواری ناو سەدەف.[5] حەسەن دەلێت: ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ واتە: پاكو خاوێنو پارێزراو دەستیان لێ نەكەوتووە. سودی دەلێت: وەك هێلكەی ناو هێلانە. سەعیدی كوڕی جوبەیر دەلێت: ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ

[1] الطبري (٢١/٣٥).

[2] الطبري (٢١/٤٠).

[3] القرطبي (٢١/٧٩).

[4] الطبري (٢١/٤١/٤٢).

[5] الطبري (٢١/٤٣).

مَّكْنُونٌ﴾ واتە: وەك ناوی هێلکە. عـەتای خۆراسانی دەڵێت: وەك توێکڵە تەنکەکەی نێوان توێکڵی هێلکەو ناوەکەی. سودی دەڵێت: ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ وەك سپێنەی هێلکە کاتێك کە توێکڵی لێ دەکەیتەوە. ئیبنو جەریریش هەمان مانای کردووە چونکە توێکڵی هێلکە باڵی باڵندەو هێلانەکەی و دەستی بەردەکەوێت بە پێچەوانەی ناوەکەی دەستی بەرناکەوێت، والله أعلم.

﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٥٠) قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ (٥١) يَقُولُ أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ (٥٢)
أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَدِينُونَ (٥٣) قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ (٥٤) فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ (٥٥) قَالَ
تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ (٥٦) وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ (٥٧) أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (٥٨) إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ
وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (٥٩) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٦٠) لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ (٦١)﴾

کۆبوونەوەی خەڵکی بەهەشت و تووێژی یەکێکیان لەگەڵ هاوەڵێکی لە دنیادا کە لە جەهەنەمدایە و ئەم سوپاسی خوا دەکات لەسەر ئەو چاکەیەی لەگەڵی کردووە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾ واتە: بۆ وتووێژ ڕوویان دەکەنە یەکتری. خوای گەورە باسی ئەهلی بەهەشت دەکات کە ڕوو دەکەنە یەکتری باسی ژیانی دنیا دەکەن کە چۆنیان بەسەر بردووەو چیان بەسەرهاتووە چیان خواردووەو خواردووەتەوە کاتێك کە دانیشتوون. ئێستاش لەسەر قەنەفە ڕووبەڕوو دانیشتوون و خزمەتکار لەبەر دەستیاندایەو دێت و دەچێت هەر شتێك چاك و خۆش بێت لە خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگی جوان زۆر شتی تریش کە نە چاو بینیویەتی و نە گوێ بیستوویەتی و نە بە خەیاڵیش بە دڵی کەسدا هاتووە بۆیان دێنن، ئا لەو کاتەدا خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ﴾ واتە: یەکێك لەو ناوەدا دەڵێت: من هاوەڵێکم هەبوو. عەوفی دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەو کەسەی کە دەڵێت من هاوەڵێکم هەبوو پیاوێکی بتپەرستە کە هاوەڵێکی خاوەن باوەڕی هەبووە لە ژیانی دنیادا.[1]

﴿يَقُولُ أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ﴾ واتە: لێی دەپرسیم: تۆش لەوانەی کە باوەڕیان بە خودا هەیە. واتە: ئایا تۆ لەو کەسانەی کە بڕوایان بە زیندووبوونەوەو کۆبوونەوەو لێپرسینەوەو پاداشت هەیە؟ واتە: ئەم قسانە دەکات، بە لایەوە سەیرەو باوەڕی پێی نیەو زۆر بە دووری دەزانێ ئەوەندە بێ دین و کەللە ڕەقە. دەڵێت: ﴿أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَدِينُونَ﴾ واتە: ئاخۆ ئەگەر ئێمە مردین، بووینە خاك و چەند ئێسکێك هەر حیسابمان لەگەڵ دەکەن؟ واتە: ئەگەر ئێمە مردین و بووینە خۆڵ و پێشە ئایا لێمان

[1] الطبري (٢١/٤٥).

دەپرسنەوە؟ موجاهیدو سودی وتوویانە.[١] ئیبنو عەباس‌و موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزی دەڵێن: ئایا تۆڵەمان لێ دەسێنرێت لەسەر کارو کردەوەکانمان.[٢] هەردوو قسەکە ڕاستن. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ﴾ پرسی: ئاخۆ هیچ ئاگایەکتان لێ هەیە؟ واتە: خاوەن باوەڕەکە دەپرسێت لە هاوەڵەکانی لە ئەهلی بەهەشت ئاخۆ ئێوە هیچ هەواڵێکتان لێی هەیە؟ ﴿فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ﴾ واتە: ئەوسا خۆشی چاوی دەگێڕێت و لە ناوەڕاستی جەهەنەمدا دەیبینێ. ئیبنو عەباس‌و (ڕەزای خوای لێ بێت) سەعیدی کوڕی جوبەیرو خولەیدی عەسەری‌و قەتادەو سودی‌و عەتای خۆراسانی دەڵێن: واتە: ناوەڕاستی جەهەنەم.[٣] حەسەنی بەسری دەڵێت: لە ناوەڕاستی جەهەنەمدا وەك چلۆسك دەگڕێ‌و داگیرساوە.[٤] ﴿قَالَ تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ﴾ واتە: وتی: بە خوا هەر وەخت بوو لە بەینم بەری. واتە: خاوەن باوەڕەکە دەڵێت بە خوانەناسەکە: بە خوا ئەگەر بە گوێم بکردیتایە لە ناوت دەدام. ﴿وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ﴾ واتە: ئەگەر چاکەی پەروەردگاری من نەبووایە، ئێستا منیش لە لای تۆ بووم. واتە: ئەگەر سۆزو بەزەیی خودا نەبووایە منیش ئێستا وەك تۆ وابووم‌و لە ناوەڕاستی جەهەنەمدا پێکەوە جەزرەبە دەدراین. بەڵام خوای گەورە چاکەی لەگەڵ کردم‌و بەزەیی پێمدا هاتەوەو ڕێگای نیشاندام‌و خستمیە سەر ڕێی یەکتاپەرستی. وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ﴾[٥] واتە: کە ئێمە هەرگیز ڕێبازی ڕاست شارەزا نەدەبووین ئەگەر خودا ڕێنموونی نەکردینایە. وە دەفەرموویت: ﴿أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ واتە: ئایا وایە کەئێمە هەریەکجاردەمرین کە مردنی یەکەمجارە و هیچ ئازاردانیشمان نیە پاش ئەو مردنە. ئەمە قسەی خاوەن باوەڕەکەیە کە زۆر دڵخۆشە بەوەی کە خودا پێی بەخشیوە لە ژیانی هەتاهەتایی لە بەهەشتدا کە مردن‌و سزای تێدا نیە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ واتە: کە ئەمەش بەختەوەریەکی زۆر مەزنە. حەسەنی بەسری دەڵێت: زانیویەتی کە هەموو خۆشیەك مردن کۆتایی پێ دێنێت‌و دیبڕێت بۆیە دەڵێت ﴿أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (٥٨) إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾

[١] الطبري (٢١/٤٧).
[٢] الطبري (٢١/٤٧).
[٣] الطبري (٢١/٤٨).
[٤] الطبري (٢١/٤٨).
[٥] الاعراف (٤٣).

ئەڵێن: نەخێر، ئەوانیش دەڵێن: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾[1] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِمِثۡلِ هَٰذَا فَلۡيَعۡمَلِ ٱلۡعَٰمِلُونَ﴾ واتە: دەشێت بۆ پاداشت وەها خەبات بکەن، ئەو کەسانەی خەباتکارن. ئیبنو جەریر دەڵێت: ئەمە قسەی خوای گەورەیە، واتە: دەبێت بۆ ئەم بەهرەیەو ئەم بەختەوەریە زۆر مەزنە هەوڵ بدەن ئەو کەسانەی کە تێکۆشەرن لە ژیانی دنیادا هەتا دەگەنە ئەو بەهەشتە لە ڕۆژی دوایدا.[2]

چیرۆکی دوو پیاوەکەی نەوەی ئیسرائیل

باسی ژیانی دوو پیاو لە نەوەی ئیسرائیل کراوە کە لە کاسپیدا (مامەڵەدا) شەریك بوون کە دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەیانگرێتەوە. ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر لە فوراتی کوڕی سەعلەبەی نەهرانیەوە ڕیوایەتی کردووە لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٞ﴾ واتە: من هاوەڵێکم هەبووە. دەڵێت: دوو پیاو شەریك بوونو هەشت هەزار دیناریان کۆکردەوە یەکێکیان خاوەن پیشە بوو، ئەوی تریان هیچ پیشەیەکی نەدەزانی. ئەوەیان کە خاوەن پیشە بوو وتی بە شەریکەکەی تۆ هیچ پیشە نازانی، ناچارم لێت جیا ببمەوەو پارەکە بەش بکەین. بەشی کردو جیابووەوە لێی، پاشان پیاوەکە خانوویەکی کڕی بە هەزار دینار،ماڵی پادشایەك بوو مردبوو هاوەڵەکەی بانگ کرد پێی وت: ئایا ئەمە چۆن خانوویەکە کڕیومە بە هەزار دینار؟ هاوەڵەکەی وتی: چ خانوویەکی چاکە، کاتێك ڕۆیشتەدەرەوە وتی: ئەی خودایە ئەم هاوەڵەم ئەم خانووەی کڕیوە بە هەزار دینارو منیش داوای خانوویەکت لێ دەکەم لە خانووەکانی بەهەشت، جا هەزار دیناری کرد بە خێرو بەخشی، پاش ماوەیەك خودا دەزانێ چەندە مایەوە دوای ئەوە ژنێکی هێنا بە هەزار دینارو بانگی هاوەڵەکەی کردو داوەتێکی بۆ کرد (خواردنێکی بۆ دروست کرد)، کاتێك هات وتی: من ئەم ژنەم مارە کردووە بە هەزار دینار، ئەمیش وتی: چ ئافرەتێکی چاکە، کاتێك کە چووە دەرەوە، وتی: ئەی پەروەردگارم ئەم هاوەڵەم ژنێکی مارە کردووە بە هەزار دینار، من داوای ئافرەتێکت لێ دەکەم لە سپیە چاو جوانەکانی بەهەشت، جا هەزار دیناری کرد بە خێرو بەخشی. پاشان ماوەیەکی تری پێ چوو کە خوا دەزانێ، دوای ئەمانە دوو باغی کڕی بە دوو هەزار دینار دیسان هاوەڵەکەی بانگ کردو نیشانیداو وتی: من ئەم دوو باغەم کڕیووە بە دوو هەزار دینار، هاوەڵەکەی وتی: چەندە باغێکی چاکن، وەختێك کە ڕۆیشت وتی: ئەی پەروەردگارم ئەم هاوەڵەم ئەم دوو باغەی کڕی بە دوو هەزار دینار، من داوای دوو باغت لێ دەکەم لە بەهەشتدا، دوو هەزار دیناری کرد بە خێرو لە ڕێی خودا بەخشی، پاشان فریشتەی گیان کێشان هات بۆیانو گیانی کێشانو پاشان پیاوە خێرخوازەکەیان بردو خستیانە ناو ماڵێکەوە زۆر بە لایەوە سەیر

---

[1] الدر المنثور (٧/٩٥).

[2] الطبري (٢١/٥٢).

بوو هەر لەو کاتـەدا ژنێك خـۆی نیشاندا لـە جوانیـدا بـەژن‌و بـاڵای (هـەموو گیـانی) لـە ژێـر پۆشـامدا دەدرەوشایەوە، پاشان بردیانە ناو دوو باغ و شتی ترێکی تریش کەهەر خوا ئەزانێ چۆنە، لەوێدا وتـی: ئەمە زۆر لە کاری ئەو پیاوە دەچێت کە ئاواو ئاوای کرد. وتی: ئەمە هەر ئەوەیـەو ئـەم ماڵـەیش‌و ئـەم دوو باغەو ئەم ژنەش بۆ تۆیە. پیاوەکە وتی: بە ڕاستی من هاوەڵێکم هەبوو دەیوت: ئایا تۆش لەوانەی کە باوەڕیان بە خودا هەیە؟ پێیان وت: ئەو هاوەڵەت ئێستا لە ناوەڕاستی جەهەنەمدایـە. وتـی: ئـاخۆ ئێوە ئاگاتان لێیەتی؟ ئەمیش چاوی گێڕا لـە ناوەڕاستی جەهەنەمـدا بینـی. ئـا لەوێـدا وتـی: ﴿تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ﴾[1].

﴿أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ ﴿٦٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِّلظَّالِمِينَ ﴿٦٣﴾ إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ ﴿٦٥﴾ فَإِنَّهُمْ لَآكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ ﴿٦٦﴾ ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ ﴿٦٨﴾ إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءَهُمْ ضَالِّينَ ﴿٦٩﴾ فَهُمْ عَلَىٰ آثَارِهِمْ يُهْرَعُونَ ﴿٧٠﴾﴾

باسی داری ژەقنەمووت‌و ئەوانەی لە جێی خواردن بەری ئەوداره دەخۆن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ﴾ واتە: ئاخۆ ئـەم میواندارییـە باشترە ـ یاخۆ دارەکەی ژەقنەمووت؟ خوای گەورە دەفەرمووێت ئایا ئەو بەهرەو چاکانەی بەهەشت باشترە کـە پڕە لە خواردن‌و خواردنەوەو ژیان بردنەسەر بە خۆشی‌و ژنی جوان‌و زۆر شتی تریش لەگەڵ میوانـداری لێکردن‌و ڕێزلێنـان یان ئـەو داری ژەقنەمووتـە کە لـەناو جەهەنەمدایـە، مەبەست بەودرەختـە جـۆری دارێکە کە پێی دەوترێت: ﴿الزَّقُّومِ﴾ وەك خوای مەزن لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ﴾[2] واتە: هەروەها (ڕواندوومانە) جۆرە دارێك (زەیتون) کە لە توری سینا دەڕوێت کە ڕۆن‌و پێخۆرێك دەگرێت بۆ ئەوانـەی دەیخۆن. مەبەسـت بەمـە داری زەیتونـە. وەك ئەم ئایەتـەش کـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَآكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ﴾[3] واتـە: پاشـان ئێـوە ئـەی گومڕایـانی بێبـاوەڕان، بێگومـان لـە (بـەری) درەختـی ژەقنـەمووت (دەخۆن). وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِّلظَّالِمِينَ﴾ واتە: ئەوەمان کردووەتە بەڵایەك، بۆ گـرۆی ناهەقیکاران. قەتادە دەڵێت کە باسی داری ژەقنەمووت ئەو خەڵکە گومڕایە تووشی بەڵاو تاقیکردنـەوە

---

[1] الطبري (٢١/٤٥).

[2] المؤمنون (٢٠).

[3] الواقعة (٥١ـ٥٢).

بوون و دەیانوت: هاوەڵەکەتان هەواڵتان دەداتێ کە لەناو ئاگردا درەخت هەیە، کەچی ئاگر دار دەسوتێنێت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی ڕەوانە کرد کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ﴾ ئەوە دارێکە لە ناوەڕاست و تەختی دۆزەخەوە دێتەدەرێ. خۆراکی لەناو ئاگرەوە وەردەگرێت و لە ئاگریش دروست کراوە.[1] موجاهید دەڵێت: ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً لِّلظَّٰلِمِينَ﴾ ئەبو جەهل لەعنەتی خوای لێ بێت وتی: زەقنەمووت واتە: خورماو زەیت من دەیخۆم.[2] من دەڵێم مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) هەواڵی داری ژەقنەمووتمان دایتێ تاقی کردنەوەیەك بوو خەڵکمان پێ تاقی کردەوە بۆ ئەوەی دەردەکەوێت کێیان باوەڕ دەکاتو کێشیان باوەڕ ناکات. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەیترە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلرُّءْيَا ٱلَّتِىٓ أَرَيْنَٰكَ إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ وَٱلشَّجَرَةَ ٱلْمَلْعُونَةَ فِى ٱلْقُرْءَانِ ۚ وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا طُغْيَٰنًا كَبِيرًا﴾[3] واتە: کاتێك پێیان وتی بە ڕاستی پەروەردگارت دەوری هەموو خەڵکی داوە (دەسەڵاتی هەیە بەسەریاندا) وە ئەو خەو بینینەی کە پێشانی تۆماندا (لەو شەوڕەویەدا) هەر لەبەر تاقی کردنەوەی خەڵکی بوو هەروەها ئەو درەختە نەفرین لێکراوەش لە قورئاندا باسمان کردووەو ئێمە (بەو بەڵگانە) ئەوانە دەترسێنین کەچی ئەو ترساندنە هیچیان بۆ زیاد ناکات جگە لە یاخیبوونو سەرکەشی. واتە: خەونێکیش کە پێمان دیتیو ئەو دارە نەعلەتیە کە لە قورئاندا باس کراوە، هەموو بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکی بوو. وە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ﴾ واتە: لە ناوەڕاستی جەهەنەم ئاگر دەڕوێتو سەوز دەبێت، ﴿طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾ واتە: بەرێك دەدات لە بیچمی کەللە سەرانی شەیتانەکان. لە ناشیرینیو بەدتەشکیو خراپیدا کە باس دەکرێت. خوای گەورەش بۆیە نموونەی بە کەللە سەری شەیتانەکان ﴿رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾ هێناوەتەوە هەرچەندە نەناسراوە لە لای خەڵکی بەڵام لە ئەندێشەی هەموو کەسێکدا ئەوە هەیە کە شەیتان شتێکی ناشیرین و ناحەزە. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهُمْ لَءَاكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ﴾ واتە: دۆزەخیەکان لەو دەخۆنو ورگیانی (پێ پڕ دەکەن). خودای گەورە دەفەرموێت ئەو جەهەنەمیانە سکیان لەو زەژنەمووتە پڕدەکەن کە خواردنی لەوە خراپترو ناشیرینتر نیەو تامو بۆنێکی پیسی هەیەو ناچارن هەر دەبێت لێی بخۆن جگە لەوە هیچ خواردنێکیان دەست

[1] الطبري (٢١/٥٢).

[2] الطبري (٢١/٥٣).

[3] الاسراء (٦٠).

ناکەوێت. خوای گەورە هەر لەم مانایەدا لە ئایەتی تدا فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ۝٦ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ﴾[1] واتە: خۆراکیان هەر دڕکی حوشترخۆر (ی ئاگرین)ە، نە قەڵەوی دەدات نە برسێتی لا دەبات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ﴾ واتە: پاشان لەسەر ئەو خواردنە لیخناوێکی (لێڵاوێکی) هەرە گەرم دەخۆنەوە، ئیبنو عەباس دەڵێت: خواردنەوەی ئاوەکوڵ بەسەر زەقنەمووتدا.[2] وە لە ڕیوایەتێکی تری ئیبنو عەباسدا هاتووە دەڵێت: ﴿لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ﴾ واتە: زەقنەمووتی تێکەڵاو بە ئاوەکوڵەو بە چڵکاو.[3] کەسانی تریش وتوویانە: واتە: لێخناویان بۆ تێکەڵ دەکەن لەگەڵ ئەو کێمو زوخانەی کە لە چاوو شوێنی میزیانەوە دێتە دەرەوە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێت: کاتێك خەڵکی ناو ئاگر برسیان دەبێت، داوای داری زەقنەمووت دەکەن دەستبەجێ پێستی دەمو چاویان دادەڕزێتو دەوەرێت خۆ ئەگەر کەسێك بە لایاندا بڕوات بەو دومەڵانەدا کە کێمی لێ دێت دەیانناسێت، پاشان تینوویان دەبێت داوای ئاو دەکەن، ئاوەکوڵێکیان دەدەنێ ئەوەندە گەرمە کە نزیکی دەکەنەوە لە دەمیان گۆشتی دەمو چاویان دەبرژێنێتو پێستەکەی دەکەوێتە خوارەوە، هەرچیش لەناو سکیاندایە دەتوێتەوە ڕیخۆڵەکانیان دێتە دەرەوە لەگەڵ پێستی دەمو چاویاندا. دەکەونە خوار. بە ئاسن لێیان دەدرێت هەر پارچەیەکی بە لایەکدا دەکەوێت هاوار دەکات کە بمرێتو نەمێنێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ﴾ واتە: پاشان گەڕانەوەیان بۆ ناو دۆزەخە. واتە: چارەنووسیان دوای جیاکردنەوە بۆ ناو ئاگری بڵێسەدارو جەهەنەمی هەڵگیرساو کڵپەدارە. وەك خوای مەزن لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ﴾[4] واتە: هاتوچۆ دەکەن لە نێوان ئەو (دۆزەخە)و ئاوی زۆر گەرمدا. هەر بەم شێوەیە قەتادە کاتێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە ئەم ئایەتەیشی لەگەڵدا خوێندەوە[5]. ئەم تەفسیرە چاكو بەهێزە. سودی دەڵێت: عەبدوڵلا ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندووەتەوە: (ثم إنَّ مقيلَهم لَإلى الجَحيم) یانی لەناو جەهەنەمدا قەیلولە ئەکەن، هەروەها عەبدوڵلا دەڵێت: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ڕۆژ نیوە نابێت لە ڕۆژی قیامەتدا هەتا ئەهلی

---

[1] الغاشية (٦ـ٧).

[2] الطبري (٢١/٥٥).

[3] الطبري (٢١/٥٢).

[4] الرحمن (٤٤).

[5] الطبري (٢١/٥٦).

بەهەشت نەچنە شوێنی خۆیان لە بەهەشتداو ئەهلی جەهەنەمیش نەچنە ئاو ئاگر پاشان ئەم ئایەتـەی خوێنـد: ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ يَوۡمَئِذٍ خَيۡرٞ مُّسۡتَقَرّٗا وَأَحۡسَنُ مَقِيلٗا﴾[1] واتـە: بەهەشـتیەکان لـەو ڕۆژەدا لـە چاکترین جێگادانو لە باشترین شوێنی حەسانەوە (ی نیـوەڕوان) دان.[2] خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّهُمۡ أَلۡفَوۡاْ ءَابَآءَهُمۡ ضَآلِّينَ﴾ واتە: ئەوان دیتیـان کـە بـابو باپیرانیـان گـومڕان. واتـە: بـابو باپیرانیـان گومڕابوون هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە کە شوێنیان بکەونو بە ڕێی ئەواندا بـڕۆن بـەبێ هـیچ بەڵگەیـەك، بۆیە خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿فَهُمۡ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ يُهۡرَعُونَ﴾ واتـە: بۆیـە وا (بـە هەڵـەداوان) بـە شـوێنی ئەوانـدا پەلـە دەبـن. موجاهیـد دەڵێـت ﴿يُهۡرَعُونَ﴾ واتـە: وەك (هەروەلـە) و بـە پەلـە ڕۆیـشتن وایـە[3].

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: ﴿يُهۡرَعُونَ﴾واتە: خۆیان گێل دەکەن.

﴿وَلَقَدۡ ضَلَّ قَبۡلَهُمۡ أَكۡثَرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٧١ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا فِيهِم مُّنذِرِينَ ٧٢ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُنذَرِينَ ٧٣ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ٧٤﴾

خوای گەورە باسی گەلە پێشووەکان دەکـاتو دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ ضَلَّ قَبۡلَهُمۡ أَكۡثَرُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ واتە: بەر لەوانیش زۆربەی زۆری پێشینەکانیان گومڕابـوون. واتـە: ئەوەنـدە سەرلێـشێواو بـوون شـتی تریان لەگەڵ خودا پەرستووەو کردوویانە بە هاوەڵی خودا. پاشان خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کـە زۆرێك لە پێغەمبەرانی بۆ ناردوون (سەلامی خوایـان لێ بێـت) کـە ئـەو کەسـانەی خوایـان نەناسیووەو هاوەڵیـان بـۆ دانـاوە بیانترسێنێت لـە سـزاو تۆڵـەی گرانـی خـودا. دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا فِيهِم مُّنذِرِينَ﴾ واتە: زۆریشمان ترس وەبەرهێن نارده ناویـان. کەچـی ئـەوان هـەر لەسـەر گـومڕایی خۆیـان بەردەوام بوونو شوێنی پێغەمبەرەکانیان نەکـەوتنو باوەڕیـان پـێ نـەهێنان هـەتا خـودا قـڕی کـردنو خاوەن باوەڕانی ڕزگار کردو یارمەتی دانو سەری خستن بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُنذَرِينَ﴾ واتە: دە بڕوانە (لـە دواجـارا) ئەوانـەی ترسـێنران چـیان بەسـەرهات.

﴿إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ واتە: جیا لەوانەی بە دڵپاکی خوایان پەرست.

---

[1] الفرقان (٢٤).

[2] الطبري (٢١/٥٦).

[3] الطبري (٢١/٥٧).

﴿ وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ ٱلْمُجِيبُونَ ﴿٧٥﴾ وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾ وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ
﴿٧٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٧٨﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٍ فِى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٩﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨١﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾

باسی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لیّ بێت) و گەلەکەی

کاتێك خوای گەورە باسی زۆرێك لە گەلە پێشووەکانی کرد کە گومڕا بوون و لە ڕێگەی ڕاست لایاندا لێرەدا باسی ئەو گەلانە دەکات بە درێژی لە پێغەمبەر نوحەوە (سەلامی خوای لیّ بێت) دەست پێدەکات کە تووشی چەند ناڕەحەتی بووە بە دەست گەلەکەیەوەو کەسێکی زۆر کەم نەبێت بڕوایان پیّ نەکردووە، لەگەڵ ئەو ژیانەزۆرەی لەگەڵیاندا گوزەراندی کە بریتیبوو لە نۆسەدو پەنجا ساڵ، کە ئەو ماوە زۆرەی لەگەڵدا بەسەربردن و ئەوان هەر خراپتر دەبوون، پاڕایەوە لە خوا مەزن و فەرمووی من سەرکەوتووە نەبووم خودایە پەنام گرتووە بەتۆ یارمەتیم بدە. کاتێك کە نوح پێغەمبەر(سەلامی خوای لیّ بێت) دلگران و تووڕە بوو لە هۆزەکەی خودایش لێیان تووڕە بوو بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ ٱلْمُجِيبُونَ ﴾ واتە: نوحیش هاواری بۆ هێناین، زۆر باشی فریای کەوتین. یانی: زۆر چاك وەلامان دایەوە، ﴿وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ﴾ واتە: خۆی و کەس و کارەکەیمان لە خەمی گەورە ڕزگار کرد. واتە: لە ئەزیەتدان و باوەڕ پێنەکردنی ڕزگارکرد، ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ﴾ واتە: تەنها بەرەو تۆرمەی ئەومان هێشتەوە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لیّ بێت) دەڵێت: هیچ کەسێك نەما تەنها نەوەو تۆرمەی نوح مایەوە (سەلامی خوای لیّ بێت).[1] سەعیدی کوڕی ئەبو عوروبە دەڵێت: لە قەتادەوە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ﴾ دەڵێت: هەموو خەڵکی لە بەرەو تۆرمەی نوحە (سەلامی خوای لیّ بێت).[2] تیرمزی و ئیبنو جەریرو ئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردووە لە سەمورەوە (ڕەزای خوای لیّ بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەم ئایەتەدا: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ﴾ فەرموویەتی: (بریتین لە)سام و حام و یافیس[3]. ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە لە سەمورەوە (ڕەزای خوای لیّ بێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ)

[1] الطبري (٢١/٥٩).

[2] الطبري (٢١/٥٩).

[3] تحفة الأحوذي (٥/٣٦٥)، الطبري (٢١/٥٩).

فەرموویەتی: (سام باوکی عەرەبەکانەو حام باوکی حەبەشەکانەو یافسیش باوکی ڕۆمەکانە)[١]. تیرمیزیش ڕیوایەتی کردووە.[٢] مەبەست بە ڕۆم لێرەدا، ڕۆمە پێشووەکانە کە بریتیە لە ئەو یۆنانیانەی کە لە نەوەی ڕۆمای کوڕی لیتی کوڕی یۆنانی کوڕی یافسی کوڕی نوح (سەلامی خوای لێ بێت). خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ﴾ واتە: وامان کرد بەرەی دوای ئەویش هەر ناوی بە چاکە بەرن. ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: واتە: بە چاکە ناوی بەرن.[٣] موجاهید دەڵێت: واتە: شایەنی ڕێزو ستایشە لە لای هەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت).[٤] قەتادەو سودی دەڵێن: خوای گەورە وای لێکرد نەوەکانی دوای خۆی هەر ناوی بە چاکە بەرن.[٥] زەححاك دەڵێت: سڵاو لێکردنیان وو ناوبردنیانە بە چاکە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٖ فِي ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە: سڵاو لە نوح لە سەرانسەری دنیادا. واتە: ئەوەندە جێی ڕێزو ستایشە لە سەرانسەری دنیادا هەموو گرۆو تیرەیەك سڵاوی بۆ دەنێرێت، ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ واتە: ئێمە ئاوا پاداشتی کارچاکان دەدەینەوە. واتە: ئا بەو شێوەیە پاداشتی ئەو کەسانە دەدەینەوە کە کاری چاکە دەکەن‌و خەریکی خواناسین، وایان لێ دەکەین کە دوای خۆیان باسیان بە چاکە بکرێت هەر کەسەو بەپێی پلەی خۆی لە خواناسیدا، پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ واتە: ئەو یەکێك بوو لەو عەبدانەم کە بڕوایان پێ هێناوم. واتە: بە ڕاستی بڕوایان پێ هێناوم‌و یەکتاپەرست‌و دڵ دامەزراو بوون. ﴿ثُمَّ أَغۡرَقۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ﴾ واتە: پاشان ئەوانی ترمان وەبن ئاودا. واتە: قڕمان کردن‌و هیچ کەسیان لێ دەرنەچوو کە چاو بتروکێنێت‌و باس‌و خواسیان نەما. ناویشیان نیە مەگەر بەو ڕەوشتە ناشیرینەی کە بوویانە.

﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ لَإِبۡرَٰهِيمَ ﴿٨٣﴾ إِذۡ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلۡبٖ سَلِيمٍ ﴿٨٤﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَاذَا تَعۡبُدُونَ ﴿٨٥﴾ أَئِفۡكًا ءَالِهَةٗ دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ ﴿٨٦﴾ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾﴾

باس‌و سەرگوزشتەی ئیبراهیم‌و گەلەکەی

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ لَإِبۡرَٰهِيمَ﴾ واتە: ئیبراهیم لە شوێنکەوتووانی ئەو بوو. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ

---

[١] أحمد (٩/٥)، حاکم بە سەحیحی داناوەو زەهەبیش قسەکەی ئەسەلمێنێت.

[٢] تحفة الأحوذي (٩٨/٩)، حاکم بە سەحیحی داناوەو زەهەبیش پشتگیری دەکات.

[٣] الطبري (٦٠/٢١).

[٤] الطبري (٦٠/٢١).

[٥] الطبري (٦٠/٢١).

لَإِبْرَٰهِيمَ﴾ دەڵێت: ئیبراهیمیش لەسەر ئایینی ئەوە.[١] موجاهید دەڵێت: واتە: لەسەر بەرنامەو ڕێگای ئەوە.[٢] ﴿إِذْ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ واتە: ئەوسا بە دڵی پاکەوە هاتە لای پەروەردگاری خۆی. ئیبنو عەباس دەڵێت: واتە: شایەتی دانە بە (لا إله إلاّ الله).[٣] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەوفەوە دەڵێت: وتم بە موحەممەدی کوڕی سیرین دڵی پاك کامەیە؟ وتی: کەسێك دەزانێت خودا هەقەو ڕۆژی قیامەتیش دێتو گومانی تێدا نیەو ئەوانەی لەناو گۆڕدان خودا زیندوویان دەکاتەوە.[٤] حەسەن دەڵێت: پاك بێت لە بتپەرستی.[٥] عوروە دەڵێت: نەفرین لە خەڵك ناکات[٦]. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَاذَا تَعْبُدُونَ﴾ واتە: بە بابیو هۆزەکەی خۆی وت: ئەوە چین دەیانپەرستن؟ واتە: نارەزایی دەربڕی بەرامبەریان لەسەر ئەو بتپەرستیو هاوەڵ دانانەیان بۆ خودا. بۆیە خوا دەفەرمووێت: ﴿أَئِفْكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ﴾ واتە: دەتانەوێت لە بری خوا پەرستن، ئەو شتانە بپەرستن؟ ﴿فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: ئاخۆ ئێوە سەبارەت بە پەروەرێنی هەموو دنیا بیروبڕواتان چۆنە؟ قەتادە دەڵێت: واتە: کاتێك کە چوونە بەر بارەگای خودا ڕاتان چۆنە ئەبێ خودا چیتان بەسەر بێنێت کە ئێوە لە دنیادا هاوەڵتان بۆ داناوەو شتی ترتان لەگەڵدا پەرستووە[٧].

﴿فَنَظَرَ نَظْرَةً فِى ٱلنُّجُومِ ﴿٨٨﴾ فَقَالَ إِنِّى سَقِيمٌ ﴿٨٩﴾ فَتَوَلَّوْا۟ عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴿٩٠﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٩١﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ ﴿٩٢﴾ فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًۢا بِٱلْيَمِينِ ﴿٩٣﴾ فَأَقْبَلُوٓا۟ إِلَيْهِ يَزِفُّونَ ﴿٩٤﴾ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَٰنًا فَأَلْقُوهُ فِى ٱلْجَحِيمِ ﴿٩٧﴾ فَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٩٨﴾﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَنَظَرَ نَظْرَةً فِى ٱلنُّجُومِ﴾ واتە: ئەوسا ئیبراهیم چاوی خۆی لە ئەستێرەکان هەڵڕوانی. کاتێك ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) سەیری ئەستێرەکانی کرد وتی بە

---

[١] الطبري (٦١/٢١).
[٢] الطبري (٦١/٢١).
[٣] القرطبي (٩١/١٥).
[٤] القرطبي (٩١/١٥).
[٥] الطبري (٦٢/٢١).
[٦] الطبري (٦٢/٢١).
[٧] الطبري (٦٣/٢١).

هۆزەکەی: من ناتوانم بێم لەگەڵتان، ئەمەشی بۆیەووت بۆ ئەوەی وەختێك ئەوان دەچن بۆ جەژنەکەیان ئەم بمێنێتەوە لە شاردا حەزی دەکرد زووتر بڕۆن هەتا ئەو بە تەنها خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ بتەکانداو بیانشکێنێت. قسەیەکی پێ وتن کە قسەکە خۆی لەبنەڕەتدا ڕاستە، ئەوان وایان دەزانی کە نەخۆشە بە پێی ڕاوبۆچوونی خۆیان، ﴿ فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴾ واتە: سا ئەوان لێی تەکینەوەو پشتیان تێکرد. قەتادە دەڵێت: عەرەب بە کەسێك کە سەیری ئەستێرەکان بکاتو تێ ڕابمێنێتو بیر بکاتەوە دەڵێن (نظرا في النجوم).[1] قەتادە دەڵێت: ئیبراهیم سەیری ئاسمانی کردو بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بیانخلافێنێ، بۆیە وتی: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ یانی: بێهێزم. بەڵام ئەو فەرموودەی کە ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لێرەدا لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئیبراهیم درۆی نەکردووە (سەلامی خوای لێ بێت) تەنها سێ درۆ نەبێت دوانیان لەبەر زاتی خودای گەورەبووە، کەوتی: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ وە وتی: ﴿بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا﴾ وە لە بارەی سارەیشەوە (کە خێزانی بوو) وتی: ئەوە خوشکمە). فەرموودەیەکە لە کتێبە سەحیحەکانو سونەنەکانیشدا هاتووە لە چەند ڕێگاوە.[2] بەڵام ئەم قسانەی ئیبراهیم لەو قسە درۆیانەیەنیە کە هەر کەسێك کردی شایستەی زەمکردن بێت نەخێرو حاشا شتی وا نیە. بەڵکو ئەو بە شێوەیەك ئەو درۆی کردووە کە گوناه نەبێتو درست بێت. بەڵکو ئەو قسەی ئیبراهیمە قسەی بەتوێکڵە واتە مەبەست بەو قسەیە خودی قسەکە نییە بەڵکوقسەیەکی ترە کە مەبەستێکی شەرعیو ئایینی تێدایە. وتراوە: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ واتە: دڵی بێزارو نەخۆشە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئەو بتانە دەپەرستنو دەیکەنە هاوەڵی خودای گەورە. حەسەنی بەسری دەڵێت: هۆزەکەی ئیبراهیم چوونە دەرەوە بۆ جەژنەکەیان ویستیان کە ئیبراهیمیش لەگەڵ خۆیان بەرن ئەمیش لەسەر پشت پاڵکەوتو وتی: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ لەو کاتەدا هەر سەیری ئاسمانی دەکرد کاتێك کە ئەوان چوون، ئیبراهیم ڕۆیشت بۆ ناو بتەکانیانو شکاندنی.[3] ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتی کردووە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴾ واتە: پشتیان تێکردو وازیان لێ هێناو ڕۆیشتن بۆ جەژنەکەیان، ﴿ فَرَاغَ إِلَىٰ آلِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴾ واتە: بە پەنامەکی خۆی گەیاندە بتەکانیان، لێی پرسین، ئێوە بۆ ناخۆن؟ واتە: بە پەنامەکی دوای ئەوان کە ڕۆیشتن بە پەلە خۆی گەیاندە بتەکانو ﴿فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ﴾ چونکە بتپەرستەکان پێش ئەوەی بچن

---

[1] الدر المنثور (٧/١٠٠).

[2] فتح الباري (٦/٤٤٧)، مسلم (٤/١٨٤٠)، أبو داود (٢/٦٥٩)، تحفة الأحوذي (٩/٥)، النسائي في الكبرى (٦/٤٤٠).

[3] الطبري (٢١/٦٣).

خواردنیان دانابوو لەبەردەم بتەکاندا بۆ ئەوەی ببێتە (تەبەرك) زیاتر لێیان نزیك ببنەوە. کاتێك ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) سەیری ئەو خواردنانەی کرد کە لەبەر دەستیاندایە وتی: ﴿أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٩١﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ﴾ چیتانە بۆ قسە ناکەن. ﴿فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ﴾ بە پەنامەکی بە دەستی ڕاست مشتێکی تێسرەواندن. (الفراء) دەڵێت: لێیان ڕاستبویەوە و بە دەستی ڕاست زلەیەکی لێدان. قەتادەو جەوهەری دەڵێن: بەرەو ڕووی بتەکان ڕۆیشت بە دەستی ڕاست مشتێکی تێ سرەواندن.[1] بۆیە بە دەستی ڕاست لێدان چونکە دەستی ڕاست بەهێزترو چاکترە بۆ لێدان، هەموو بتەکانی شکاندو پارچەپارچەی کردن بتە مەزنەکەیان نەبێت بەڵکو بێنەوە بۆ لای، وەك لە سورەتی (الانبیاء)دا لە پێشەوە تەفسیر کرا. لێرەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقْبَلُوٓا۟ إِلَيْهِ يَزِفُّونَ﴾ واتە: هۆزەکەی بە هەڵەداوان لێی کۆبوونەوە. موجاهیدو کەسانی تریش وتوویانە: بە پەلەو هەڵەداوان. ئەم چیرۆکە لێرەدا بە کورتی هاتووە، لە سورەتی (الانبیاء)دا بە درێژی باس کراوە. کاتێك کە گەڕانەوە لە هەوەڵەوە نەیاندەزانی کێ ئەمەی کردووە هەتا پرسیویانەو بۆیان دەرکەوتووە کە ئیبراهیم بووە وای کردووە بە بتەکان کاتێك چوون بۆ لای ئیبراهیم کە پێی بڵێن بۆچی وای کردووەو سەرزەنشتی بکەن ئیبراهیم دەستی کرد بە باسی بتەکانیان کە ئەوانە خوا نین و هیچ تواناو دەسەڵاتیکیان نیە. ﴿قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ﴾ واتە: ئاخۆ ئێوە شتێك دەپەرستن، کە هەر خۆتان دای دەتاشن؟ واتە: بێجگە لە خودا ئەو بتانە دەپەرستن کە بە دەستی خۆتان دەیانتاشن. ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: کە هەر خودایە ئێوەش و کردەوەکانیشی وەدی هێناوە. لەوانەیە ئەو (ما)یە مەسدەریی بێت ئەو کاتە ماناکەی بەم شێوەیەی لێدێت: ئێوەو کردەوەکانتانی وەدی هێناوە. وە لەوانەشە بە مانای (الذي) هاتبێت واتە: خودا ئێوەی دروست کردووەو ئەو شتانەش کە دەیکەن هەر خودا دروستی کردووە، هەردوو ماناکە هەر یەك مانا دەگەیەنێت بەڵام مانای یەکەم شیاوترە کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی (أفعال العباد)دا لە حوزەیفەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) بە مەرفوعی کە فەرموویەتی: (خوای گەورە هەموو دروستکەرو دەستکردەکانیشی وەدی هێناوە).[2] هەندێك ئەم ئایەتەیان: وا خوێندووەتەوە (والله خلقكم وما تعبدون). کاتێك کە ئیبراهیم بەڵگەی بۆ هێناونەوە کە ئەو بتانە هیچ شتێکیان لە دەست نایە.پەلاماریان داو گرتیان و دەستیان دایە سزادانیو وتیان: شوورەو دیوارێکی بۆ هەڵچنن، ئەوسا فڕێی بدەنە ناو ئاگر. وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَٰنًا

---

[1] الطبري (٢١/٦٧).

[2] السنة (١/١٥٨).

﴿فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ﴾ ئەوەبوو خستیانە ناو ئاگر وەك لە سورەتی (الانبیاء)دا لە پێشەوە باس كرا. خوای مەزن ڕزگاری كردو سەركەوتووی كردو نیشانەی گەورەی خۆی نیشان دانو سەری خست بەسەریاندا. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَسْفَلِينَ﴾ واتە: ویستیان گەڕێكی تێ بئاڵێنن، ئێمە پتر ئەوانمان ژێر خست.

﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٩٩﴾ رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠٠﴾ فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ
السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِي إِن
شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ ﴿١٠٢﴾ فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ ﴿١٠٣﴾ وَنَادَيْنَاهُ أَن يَا إِبْرَاهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ
نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ ﴿١٠٦﴾ وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٠٨﴾
سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١١٠﴾ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ ﴿١١١﴾ وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِّنَ
الصَّالِحِينَ ﴿١١٢﴾ وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰ إِسْحَاقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ مُبِينٌ ﴿١١٣﴾﴾

كۆچكردنی ئیبراهیمو تاقیكردنەی بە سەربڕینی ئیسماعیلو ئەو بەهرانەی كە خودا پێی دا لە دواییدا

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ﴾ واتە: وتی: وا من ڕوو دەكەمە پەروەردگارم، بەم زووانە بەرەو خۆی شارەزام دەكات، خوای گەورە باسی ئیبراهیمی خەلیل دەكات (سەلامی خوای لێ بێت) پاش ئەوەی كە خودا سەری خست بەسەر هۆزەكەیداو نائومێد بوو لێیان دوای ئەو هەموو نیشانە گەورانەی كە بینیان، كۆچی كردو بەجێی هێشتن. وتی: من دەڕۆم بۆ لای خوای خۆم بەم زووانە ڕێم نیشان دەداتو دەروویەكم لێ دەكاتەوە پاشان وتی: ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ پەروەردگارم! فەرزندێكی ئاكارچاكم پێ ببەخشە. واتە: داوای كرد لە خوا لە باتی گەلو هۆزەكەی كە بەجێی هێشتن منداڵی ئاكار چاكو گوێڕایەڵی پێ ببەخشێت. خوای گەورەیش فەرمووی: ﴿فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ﴾ واتە: ئەوسا ئێمە بە لاوێكی لەسەرخۆ مژدەمان پێدا. ئەو لاوەیش ئیسماعیل بوو (سەلامی خوای لێ بێت) كە یەكەم منداڵ بوو ئیبراهیم مژدەی پێدرا، ئیسماعیل گەورەتر بوو لە ئیسحاق بە ڕای هەموو موسڵمانانو ئەهلی كتێب كە لە دەقی كتێبەكانیاندا هاتووە كاتێك ئیسماعیل لە دایك بوو ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) لە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵیدا بوو. كاتێكیش كە ئیسحاق لە دایك بوو لە تەمەنی نەوەو نۆ ساڵیدا بوو. وە لە لای ئەهلی كتێبیش هەر بەو شێوەیە بووە كە خوای گەورە فەرمانی كرد بە ئیبراهیم كە ئەو تەنها منداڵەی خۆی سەربڕێت. وە لە نوسخەیەكی تردا

هاتووه تەنها کوڕەکەی کەچی لە هەندێ شوێندا بە نەزانیو بە درۆو قسەی هەڵبەستراو دەڵێن: ئەو سەربڕاوە ئیسحاق بووە ئەم قسەیە هەرگیز ڕاست نیەو پێچەوانەی دەقی کتێبەکانی خۆشیانە. بۆیە وا دەڵێن چونکە ئیسحاق بابی ئەوانەو ئیسماعیلیش بابی عەرەبەکانە. حەسودیان بە عەرەب بردووە جا هاتوون ئەم قسەیان دروست کردووە گوایە مەبەست بە (تەنها منداڵەکەی) واتە: کەسی تری لە لانیە ئیسحاق نەبێت. چونکە لەو کاتەدا ئیبراهیم ئیسماعیلو دایکی بردووە بۆ مەککە! ئەمەش قسەیەکی دروستکراوو چەوتو پڕوپوچە. چونکە بەکەس ناوترێت (تەنها کوڕەکەت) ئەو کەسە نەبێت کە تەنیا یەك منداڵی هەیە. لەبەر ئەوەش یەکەم منداڵ زیاتر گرنگی پێدەدرێت لە چاو منداڵەکانی تردا کە دوای ئەو دێت، بڕیاردان بە سەربڕینی ئەو منالّی یەکەمە تاقی کردنەوەیەکی زۆر گەورەو گرنگترە لە منالەکانیتر. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ واتە: کاتێك گەیشتە تەمەنێك کە لەگەڵی ئەو ئیشو کار بکات، وتی: ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم، خۆت چۆن لێکی دەدەیەوە؟ وتی: بابە! هەر شتێك پێت سپێردراوە بەجێی بێنە. خودا حەز بکات، بەم زووانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم. ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ﴾ واتە: کاتێك کە ئیسماعیل گەورە بوو پێکەیی لەگەڵ باوکیدا دەڕۆیشتو دەگەڕا. باوکیشی هەموو کاتێك ئیسماعیلو دایکی بەسەر دەکردەوە لە وڵاتی (فاران) تا بزانێت چیان پێویستە. وا باسکراوە کە ئیبراهیم(سەلامی خوای لێ بێت) بۆ ئەم سەردانانەی بە سواری بوراق بە پەلەسەردانی دەکردن، والله أعلم. لە ئیبنو عەباسەو (ڕەزای خوای لێ بێت)موجاهیدو عیکریمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عەتای خۆراسانیو زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریشەوە وتوویانە: ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ﴾ واتە: کاتێك کەوتە پێو بووە لاو دەیتوانی ئەو کارانەی کە باوکی دەیکرد بیکاتو پێی هەڵسێت.[1] عوبەیدی کوڕی عومەیر دەڵێت خەونی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) نیگایە (وەحیە) پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰ﴾.[2] ئیبراهیم بۆیە کوڕەکەی ئاگادار کرد لە کارەکە هەتا زۆر گران نەبێت لە لایی و تاقیشی بکاتەوە هەتا چەندێ خۆڕاگرو بە تواناو لێبڕاوە بۆ گوێڕایەڵی فەرمانی خوای مەزنو فەرمانی بابی. ﴿قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُ﴾ واتە: ئەوەی خودا فەرمانی پێداوی بەجێی بێنەو سەرم ببڕە. ﴿سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ واتە: بەو زووانە خوا مەیلی لێ

---

[1] الطبري (٧٣/٧٢/٢١).

[2] الطبري (٧٥/٢١).

بێت بۆت دەردەکەوێت کە منیش لە خۆڕاگرانم‌و بە تەمای پاداشتی خودام لەسەری. ئیسماعیل (سەلامی خوای لێ بێت) ڕاستی کردو پەیمانەکەی بەجێ هێنا. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِسْمَٰعِيلَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا﴾[1] واتە: وە لە قورئاندا باسی ئیسماعیل بکە بێگومان ئەو لە پەیمان‌و بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بوو وە نێرراوو پێغەمبەری خوا بوو، وە هەمیشە فەرمانی دەدا بە خێزان‌و کەس‌و کاری بە نوێژکردن‌و زەکاتدان‌و هەمیشە لای پەروەردگاری جێگەی ڕەزامەندی بوو. پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّآ أَسْلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلْجَبِينِ﴾ واتە:کاتێك هەردوو بڕیاری خۆیان سەلماندو لەسەر تەوێڵ درێژی کرد. واتە: کاتێك شایەتومانیان هێناو یادی خوایان کرد باوکی ویستی سەری بڕێت‌و ئیسماعیلیش ئامادە بوو بۆ مردن. وتراویشە: ﴿أَسْلَمَا﴾ واتە: خۆیان دا بە دەستەوەو گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوون. ئیبراهیم فەرمانی خودای بەجێ هێناو ئیسماعیل بەرفەرمانی خوداو باوکی بوو. ئەمە قسەی موجاهیدو عیکریمەو قەتادەو سودی‌و ئیبنوئیسحاقە.[2] کەسانی تریش وتوویانە: مانای: ﴿وَتَلَّهُۥ لِلْجَبِينِ﴾ بە دەما خستی‌و بۆ ئەوەی لە پشتی ملیەوە سەری بڕێ هەتا لە کاتی سەربڕینیدا دەم‌و چاوی نەبینێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانتر سەری ببڕێ. ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێت) و موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەححاك‌و قەتادە دەڵێن: ﴿وَتَلَّهُۥ لِلْجَبِينِ﴾ واتە: لەسەر تەوێڵ درێژی کرد بەسەر زەویدا.[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك ئیبراهیم فەرمانی پێکرا کە مەناسیکەکانی حەج جێبەجێبکات شەیتان هاتە ڕێی لە کاتی سەعی سەفاو مەروەدا، شەیتان ویستی پێشی لێ بگرێت بەڵام ئیبراهیم پێش کەوت (سەلامی خوای لێ بێت) پاشان جوبرەئیل بردی بۆ لای جەمرەی عەقەبە، شەیتان هاتەڕێی و ئیبراهیم حەوت بەردی تێگرت هەتا ڕۆیشت، پاشان هاتە ڕێی لە جەمرەی ناوەڕاستدا حەوت بەردی تری تێگرت. پاشان ئیسماعیلی بە دەمدا ڕاخست، ئیسماعیل کراسێکی سپی لەبەردا بوو وتی: ئەی بابە هیچ جلوبەرگێکی ترم نیە جگە لەم کراسەی لەبەرم دایە کە بیکەیتە کفنم، بۆیە لەبەرمی داکەنە بۆ ئەوەی بیکەیتە کفنم، ئیبراهیم خەریك بوو کراسەکەی لەبەر لادەبرد لەو کاتەدا لە دوایەوە بانگ کرا: ﴿وَنَٰدَيْنَٰهُ أَن يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ﴾ واتە: ئێمەش بانگمان کرد: ئەی

---

[1] مريم (٥٤ـ٥٥).

[2] الطبري (٢١/٧٧).

[3] الطبري (٢١/٧٧/٧٨).

ئیبراهیم. ﴿قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ واتە: ئەوا خەونەکەوت وەدی هات، ئێمە ئـاوا پاداشتی کارچاکان دەدەین. ئیبراهیم لای کردەوە بەرانێکی سپی شاخداری چاوگەورەی بینـی. ئیبنـو عەباس دەڵێت: گەر ئەتبینین لەبەران کڕیندا هەموومان هەر بەشوێن بەرانی وادا ئەگەڕاین[1]. پاشـان بـە درێژی فەرموودەکەی لە مەناسیکدا (المناسك) باس کردووە. خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ١٠٤ قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآ﴾ واتە: ئەوەی لە خەونەکەتدا بینیت هاتـەدی‌و کوڕەکـەت بـە تەوێڵدا ڕاخست بۆ سەربڕین. (سودی)و کەسانی تریش دەڵێن: چـەقۆکەی دەهێنـا بـە ملیدا هیچی نـەدەبڕی بەڵکو پارچە مسێك (النحاس) بووبووە ڕێگر لە بـەینی چـەقۆکەو ملـی ئیسماعیلدا (سـەلامی خـوای لێ بێت) لەو کاتـەدا ئیـبراهیم (سـەلامی خـوای لێ بێـت) بـانگ کـرا: ﴿قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآ﴾.[2] خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ ئـا بـەو شـێوەیە ئێمـە نارەحـەتی‌و قورسـی لەسـەر ئـەو کەسانە لادەبەین کە گوێڕایەڵمانن ودەرگای خێریان لێ ئاوەڵا دەکەین‌و ڕزگاریـان دەکـەین وەك خـودای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا﴾[3] واتـە: وە هـەر کەسـێك خوانـاس بێـت خـوا دەرووی لێ دەکاتـەوە، وە ڕزق‌و ڕۆزی دەدات لـە شـوێنێکەوە کـە بـە خەیاڵیـدا نەهاتووەو هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێت ئەوە خوای بەسە بە ڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك ئەندازەیەکی دیاری کراوی داناوە. کۆمەڵێك لە زانایانی ئوسول ئەم ئایەتەو چیرۆکەیان کردووە بە بەڵگە لەسەر ڕاستی نەسخ پێش بەجێهێنانی ئـەو کـارە بـە پێچەوانەی ڕای کۆمەڵی موعتەزیلەوە بەڵگەکانیش لێرەدا ئاشکرایە. چونکە خـودای مـەزن فـەرمانی دا بە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) بە سەربڕینی کوڕەکەی، پاشان (نەسخی کردەوە)و قوربانیەکی لە جێی داناو نەیهێشت سـەری بڕێت. مەبەسـتی خـوای گـەورە لـەو کـارەی یەکـەم: ئـەوەبوو پاداشتی ئیبراهیم بداتەوە لەسەر ئەو خۆڕاگریەی لە سەربڕینی کوڕەکەی‌و لێبڕانی ئیـبراهیم لەسـەر بـەجێهێنانی ئـەو کـارە. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ﴾ دیارە ئەمـە ئـەزموونێکی ئاشکرابوو. واتە: ئەمە تاقی کردنەوەیەکی ئاشکراو دیار بوو کاتێك خوای مەزن فەرمانی دا بە ئیبراهیم کە کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت ئەویش بـە پەلـە هەڵسا بـەو کـارەو فـەرمانی خـوای بـەجێهێنا زۆر بـە

---

[1] أحمد (١/٢٩٧).

[2] الطبري (٢١/٧٤).

[3] الطلاق (٢ـ٣).

دڵسۆزیەوە لەبەر ڕەزای خوا. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ ﴾[1] واتە: واتە: ئەو ئیبراهیمەی کە ئەرکی خۆی بە تەواوی بەجێ هێنا. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَفَدَيْنَٰهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴾ واتە: ئێمە ئەومان بە قوربانیەکی هەرە گەورە کڕیەوە. ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بەرانێك بوو کە چل پایز لە بەهەشتدا لەوەڕێنرابوو[2]. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەفیەی کچی شەیبەوە دەڵێت: ئافرەتێکی بەنی سولەیم کە دایکی زۆربەی ئەم ماڵەی ئێمەیە هەواڵی ئەوەی پێدام کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ناردی بۆ لای عوسمانی کوڕی تەلحە، ئەو ژنە جارێکیشیان وتی: کە خۆی پرسیاری کردووە لە عوسمان: بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێنتدا؟. وتی: فەرمووی: (کاتێك هاتمە ئەم ماڵە دوو شاخی بەرانم بینی لە یادم چوو پێت بڵێم، دایپۆشی، دایپۆشە نابێت شتێك لە ماڵدا بێت نوێژ خوێن سەرقاڵ بکات). سوفیان وتی: ئەو دوو شاخی بەرانە هەر لەو ماڵەدا هەڵواسرابوو هەتا ئەو ماڵە سوتا، دوو شاخەکەیشی سوتا.[3] ئەمە بەڵگەیەکی سەربەخۆیە لەسەر ئەوەی کە ئەوکەسە ئیسماعیل بووە(سەلامی خوای لێ بێت) و قورەیشیەکانیش ئەوە پاش ئەوە ئەو دوو شاخی بەرانەیان بۆ مابووەوەو هەڵیان گرتبوو، کە ئیبراهیم کردی بە قوربانی هەتا ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕەوانە کرا، والله أعلم.

باسی ئەو ڕیوایەت و شوێنەوارانەی هاتووە کە ئەیسەلمێنێت ئیسماعیل (سەلامی خوای لێ بێت) کەسە سەربڕاوەکە بووە، کە هەر ئەوەش ڕاستەو دانی پیانراوە

سەعیدی کوڕی جوبەیرو عامری شەعبیو یوسفی کوڕی مەهران و موجاهیدو عەتاو کەسانی تریش دەڵێن: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەو کەسە ئیسماعیل بووە (سەلامی خوای لێ بێت).[4] ئیبنو جەریریش ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە دەڵێت: ئەو قوربانیە ئیسماعیل بووە (سەلامی خوای لێ بێت) جولەکە ئەڵێن: ئەو کەسە ئیسحاق بووە. جوولەکە لەمەدا درۆیان کردووە.[5] ئیبنو عومەر (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: سەربڕاوەکە ئیسماعیلە (سەلامی خوای لێ بێت).[6] ئیبنو ئەبی نەجیح دەڵێت: لە موجاهیدەوە. ئەو کەسە ئیسماعیلە (سەلامی خوای لێ بێت).[7] یوسفی کوڕی

---

[1] النجم (٣٧).

[2] الطبري (٢١/٩٠).

[3] أحمد (٤/٦٨)، پیاوەکانی جێی متمانەن.

[4] الطبري (٢١/٨٣).

[5] الطبري (٢١/٨٣).

[6] الطبري (٢١/٨٢).

[7] الطبري (٢١/٨٤).

مەهرانیش هەر وای وتووە.[١] شەعبی دەڵێت: ئەو کەسە ئیسماعیلە (سەلامی خوای لێ بێت) وە من دوو شاخی ئەو بەرانەم بینیووە لەناو کەعبەدا.[٢] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێت: لە حەسەنی کوڕی دینارو عەمری کوڕی عوبەیدەوە لە حەسەنی بەسریەوە دەڵێت: هیچ گومان نەبووە لەوەدا کە ئەوەی فەرمان دراوە بە سەربڕینی لەو دوو کوڕەی ئیبراهیم ئیسماعیل بووە (سەلامی خوای لێ بێت).[٣] دیسان ئیبنو ئیسحاق دەڵێت: بیستم لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیەوە دەیوت: ئەو کەسەی کە خودا فەرمانی دا بە ئیبراهیم لەو دوو کوڕەی کە سەری بڕێت ئیسماعیل بوو. وە ئێمە ئەوەمان لە کتێبی خوای گەورەدا وەدی کردووە، چونکە خوای مەزن کاتێك کۆتایی بە چیرۆکی سەربڕاوەکە هێناوە لە دوو کوڕەکەی ئیبراهیم فەرموویەتی: ﴿ وَبَشَّرْنَٰهُ بِإِسْحَٰقَ نَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ وە دەفەرموێت: ﴿فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ﴾[٤] واتە: مزگێنیمان پێدا بە ئیسحاقو سەرەڕای ئیسحاق بە یەعقوب. خوا مۆژدەی کوڕو کوڕەزایشی پێدەدات، بۆیە ناکرێ ئەمربکات بەسەربڕینی ئیسحاق کەهێشتا ئەو وادەیەی کەبە ئیبراهیمی داوە نەهاتووەتەدی، کەواتە ئەوەی فەرمانکراوە سەر ببڕێت هەر ئیسماعیلە[٥]. ئیبنو ئیسحاق دەڵێت ئەم قسەیەم زۆرجار لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیەوە بیستووە.[٦] دیسان ئیبنو ئیسحاق دەڵێت: لە بورەیدەی کوڕی سوفیانی کوڕی فەروەی ئەسلەمیەوە لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیەوە کە بۆی باس کردوون کە وتوویەتی بە عومەری کوڕی عبدالعزیز (ڕەزای خوای لێ بێت) کە خەلیفە بووە لەو کاتەدا و لەگەڵی بووە لە شامدا، عومەر پێی وتووە: بەم باسە خۆی بۆ خۆی شتێکە دەمەوێت بزانم چیەو چۆنە، وە منیش هەمان ڕام هەیە کە تۆ بووتە. پاشان ناردی بۆ لای پیاوێك کە لە شام لەگەڵی بوو. جوولەکە بوو و موسڵمان بوویوو و موسڵمانێکی باشیش بوو، بە یەکێك لە زاناکانی ئەوان دەبینرا، عومەری کوڕی عبدالعزیز (ڕەزای خوای لێ بێت) لەو بارەیەوە پر سیاری لێکرد، موحەممەدی کوڕی کەعب وتی من لە لای عومەری کوڕی عبدالعزیز بووم، عومەر پێی وت: کام کوڕی ئیبراهیم فەرمان درا بە سەربڕینی؟ وتی: ئیسماعیل، سوێند بە خوا ئەی گەورەی موسڵمانان جوولەکەکان ئەوە دەزانن، بەڵام حەسوودی بە ئێوەی عەرەب دەبەن کە ئیسماعیل باوکی ئێوەیە کە خودا فەرمانی دا بە سەربڕینیو ئەو ڕێزەی کە خودا پێی بەخشی بە هۆی

---

[١] الطبري (٢١/٨٤).

[٢] الطبري (٢١/٨٤).

[٣] الطبري (٢١/٨٥).

[٤] هود (٧١).

[٥] الطبري (٢١/٨٤).

[٦] الطبري (٢١/٨٥).

ئەو خۆڕاگریەوە بوو لەبەرامبەر فەرمانی خودای مەزندا، ئەوانە نکوڵی لە ئەوە دەکەن دەڵێن ئەو سەبڕاوە ئیسحاقە. لەبەر ئەوەی ئیسحاق بابی ئەوانە. خودا خۆشی دەزانێ کامەیانە. هەموو چاکو پاکو گوێڕایەڵی خوای گەورەش بوون.[1] عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پرسیارم کرد لە بابم لەو سەربڕاوە؟ ئاخۆ ئیسماعیل بووە یان ئیسحاق؟ وتی: ئیسماعیل بووە. عبدالله لە کتێبی زوهددا باسی کردووە.[2] ئیبنو ئەبی حاتەم دەڵێت بیستم لە باوکم دەیوت: ڕاست ئەوەیە کە ئیسماعیل (سەلامی خوای لێ بێت) سەربڕاوەکەیە. دەڵێت: ڕیوایەت کراوە لە عەلیو ئیبنو عومەرو ئەبو هورەیرەوەو ئەبو توفەیل و سەعیدی کوڕی موسەیبو سەعیدی کوڕی جوبەیرو حەسەنو موجاهیدو شەعبیو موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزییو ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلیو ئەبو سالحو (ڕەزای خوایان لێ بێت) هەموو وتوویانە: ئەو سەربڕاوە ئیسماعیلە.[3] بەغەوی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: عەبدوڵلای کوڕی عومەرو سەعیدی کوڕی موسەیبو سودیو حەسەنی بەسریو موجاهیدو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیو کەلبی هەمان ڕاوبۆچوونیان هەبووە.[4] ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە، وە ڕیوایەتیش کراوە لە ئەبو عومەری کوڕی عەلائەوە ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە سونابیحیەوە دەڵێت: ئێمە لە لای موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بووین. باسی سەربڕاوەکە کرا ئیسماعیلە یان ئیسحاق؟ موعاویە وتی: هاتنە لای کەسێك زۆر چاك دەزانێ، وتی: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) پیاوێك هات بۆ لای وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو شتانەم بۆ باس بکە کە خودا پێی بەخشیوی، ئەی کوڕی دوو سەربڕاوەکە (ابن الذبيحين)، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێکەنی، وترا پێی ئەی گەورەی موسڵمانان: ئەو دوو سەربڕاوە کێن؟ وتی: کاتێك عەبدول موتەلیب فەرمانی پێکرا کە بیری زەمزەم هەڵکەنێت نزریکرد گەر خوای گەورە کارەکەی بۆ ئاسان بکات یەکێك لە کوڕەکانی سەربڕێت، پشکیان بۆکردن، پشکەکە کەوتە سەر عبدالله، خاڵەکانی نەیانهێشت سەری بڕێت، وتیان: سەد وشتر لە جێی سەربڕە، عەبدول موتەلیب سەد وشتری لە جێی عبدالله سەربڕی. دووهەمیش ئیسماعیلە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَبَشَّرۡنَٰهُ بِإِسۡحَٰقَ نَبِيّٗا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ کاتێك کە مژدە درا لە پێشەوە بە سەربڕاوەکە کە ئیسماعیلە. پاشان بە دوایدا باسی مژدەی هاتنی براکەشی ئیسحاق هاتووە. کە لە سورەتی (هودو الحجر)دا

---

[1] الطبري (٢١/٩٨٥).

[2] الزهد لعبدالله بن أحمد (٨٠).

[3] الطبري (٢١/٨٢/٨٤).

[4] البغوي (٤/٣٢).

هاتووە. وە دەفەرموویت: ﴿نَبِيًّا﴾ حالیکی موقەدەرە (حال مقدر) واتە: بەم زووانە پێغەمبەرێکی شیاوو لایەقی دەبێت، وە دەفەرموویت: ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ﴾ واتە: وایشمان کرد بەرەی دوای ئەویش هەر ناوی بە چاکە بەرن. ﴿سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ﴾ سلاو لەسەر ئیبراهیم بێت. ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾ ئێمە ئاوا پاداشتی کارچاکان دەدەین. ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ﴾ بە ڕاستی ئەو یەکێك بوو لە عەبدە بڕوادارەکانمان. ﴿وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾ مژدەی ئیسحاقیشمان پێدا کە دەبێتە پێغەمبەرێکی چاکەخواز. ﴿وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰ إِسْحَاقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ مُبِينٌ﴾ واتە: بەرەکەتمان دا بە خۆیو بە ئیسحاقیش لەناو تۆرمەکەیاندا هەندێکیان ئاکار چاك بوونو تێشیاندا بوون بە ئاشکرا غەدریان لە خۆیان دەکرد. وەك ئەم ئایەتەی کە خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٨﴾﴾[1] واتە: وترا ئەی نوح دابەزە (لە کەشتیەکە) بە هێمنیو بێوەی لە لایەن ئێمەوەو بە پیتو فەڕی زۆر بەسەر خۆتەوەو بەسەر گەلانێك کە پەیدا دەبن لەوانەی کە لەگەڵ تۆدان (یان بەسەر ئەو خەڵکانەی لەگەڵ تۆدان) چەند نەتەوەو گەل دواتر دێن خۆشیو نازو نیعمەتیان پێ دەدەین پاشان لە لایەن ئێمەوە سزای سەختی ئازاردەر دووچاریان دەبێت.

﴿وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَارُونَ ﴿١١٤﴾ وَنَجَّيْنَاهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ ﴿١١٥﴾ وَنَصَرْنَاهُمْ فَكَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ ﴿١١٦﴾ وَآتَيْنَاهُمَا الْكِتَابَ الْمُسْتَبِينَ ﴿١١٧﴾ وَهَدَيْنَاهُمَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١١٨﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِي الْآخِرِينَ ﴿١١٩﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَارُونَ ﴿١٢٠﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١٢١﴾ إِنَّهُمَا مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٢﴾﴾

باسی موساو هارون

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَارُونَ﴾ دەربارەی موساو هارونیش چاکەمان کرد. ﴿وَنَجَّيْنَاهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ﴾ واتە: خۆیانو هۆزەکەیانمان لە نارەحەتی گەورە ڕزگار کرد. ﴿وَنَصَرْنَاهُمْ فَكَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ﴾ واتە: بۆ خۆیان یاریدەمان دان کە سەرکەوتن. خوای گەورە باسی ئەو بەهرانە دەکات کە دای بە موساو هارون لە پێغەمبەریەتیو ڕزگارکردنیان بە

[1] هود (٤٨).

خۆیان و ئەو خاوەن باوەڕانەی کە لەگەڵیان بوون لە ستەم و دەستدرێژی فیرعەون کە ئەو هەموو خراپەکاریەی لەگەڵ دەکردن لە کوشتن و بڕینی منداڵەکانیان و هێشتنەوەی ژنەکانیان و بەکارهێنایان لە خراپترین شتدا. دوای ئەو هەموو تاوان و خراپەکاریەی کە فیرعەون کردی لەگەڵیان خوای گەورە یارمەتی دان و سەری خستن بەسەر فیرعەوندا. شادو دڵخۆشی کردن هەرچی سامان و زەوی فیرعەون و دارو دەستەکەی هەبوو هەموویان برد بۆ خۆیان کە لە درێژایی تەمەنیاندا کۆیان کردبووەوە، پاشان خوای گەورە ئەو کتێبە زۆر مەزنە دیارو ئاشکراو ڕوونکەرەوەی ڕەوانەکرد بۆ موسا کە تەوراتی پیرۆزە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً﴾[1] واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی بەخشیمانە موساو هارون تەورات (کە جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵە) و ڕوونکەرەوەو یادخەرەوەشە. وە لێرەشدا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُمَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلْمُسْتَبِينَ﴾ واتە: ئەو کتێبەشمان بەوان دا کە هەموو شت دیاری دەکات. ﴿وَهَدَيْنَٰهُمَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ واتە: ڕێگەی ڕاستیشمان نیشان دان. لە کردارو گفتاردا. ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِى ٱلْءَاخِرِينَ﴾ واتە: وامان کرد لە دواڕۆژیشدا هەر ناویان بە چاکە ببرێت. واتە لە دوای خۆیان ناومان هێشتنەوە هەر بە چاکی باسیان بکرێت و وەسف بکرێن پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ سڵاو لە موساو هارون. ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ئێمە ئاوا چاکەکاران پاداشت دەدەین. ﴿إِنَّهُمَا مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: هەردووکیان لەو عەبدانەم بوون، کە باوەڕیان پێ هێنام.

﴿وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ ٱلْخَٰلِقِينَ
﴿١٢٥﴾ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٢٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٢٨﴾
وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿١٢٩﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ ﴿١٣٠﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣١﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾﴾

باسی ئیلیاس پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: بێگومان کە ئەلیاسیش یەکێك لە پێغەمبەرانە. قەتادەو موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێن: وتراوە: ئەلیاس ئیدریس پێغەمبەرە

[1] الانبياء (٤٨).

(سەلامی خوای لێ بێت).[1] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەلیاس ئیدریس پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێ بێت).[2] زەححاکیش هەروای وتووە.[3] وەهەبی کوڕی مونەبیە دەڵێت: ئەلیاس کوڕی یاسینی کوڕی فیحاسی کوڕی عیزاری کوڕی هارونی کوڕی عیمرانە.[4] خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ سەر نەوەی ئیسرائیل دوای حیزقیل (سەلامی خوای لێ بێت) کە بتێکیان دەپەرست پێیان دەوت: بەعل، ئیلیاس داوای لێکرن کە خودا بپەرستن‌و واز لە پەرستنی غەیری خودا بێنن. پاشاکەیان باوەڕی پێ هێنا. لە دواییدا پەشیمان بووەوە. لەسەر گومڕایی خۆیان بەردەوام بوون‌و هیچ کەس باوەڕی پێ نەهێنا. نزای لێ کردن خوای گەورەش سێ ساڵ دڵۆپێك بارانی بۆ نەباراندن. پاشان داوایان لێ کرد کە بپاڕێتەوە لە خوداو ئەو بێ بارانیەیان لەسەر لاببات، هەموو باوەڕی پێ دێنن ئەلیاسیش لە خودا پاڕایەوە کە بارانیان بۆ ببارێنێت، خودایش بارانی بۆ باراندن کەچی هەر لەسەر خوانەناسی‌و پیسی خۆیان بەردەوام بوون. پاشان داوای کرد لە خوا کە بیباتەوە بۆ لای خۆی، یەسەعی کوڕی ئوختوب (سەلامی خوای لێ بێت) لە ژێر دەستی ئەودا نەشونمای کردو پێگەیشت. فەرمان درا بە ئیلیاس کە بڕوات بۆ فلانە شوێن و فلانەشوێن هەرچی هاتە لای سواری بێت‌و گوێی نەداتێ، ئەسپێك لە ئاگر بەرەو ڕووی هات‌و ئەمیش سواری بوو. خودا نوری کرد بەبەریدا و بە پەڕیش دایپۆشی، لەگەڵ فریشتەکاندا دەفڕی وەك فریشتەیەکی ئادەمی ئاسمانی‌و زەمینی. ئا بەم شێوەیە وەهەبی کوڕی مونەبیە لە ئەهلی کیتابەوە ڕیوایەتی کردووە. خودا خۆی دەزانێ چەندە ڕاستە. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ﴾ واتە: ئەوسا بە هۆزەکەی خۆی وت: بۆچی شەرم لە خوا ناکەن؟ واتە: ئایا لە خوا ناترسن کە غەیری ئەو دەپەرستن؟ ﴿أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾ بەعلی (بت) دەپەرستن، لە چاکترین وەدیهێنەر دەتەکنەوە؟ ئیبنو عەباس‌و (ڕەزای خوای لێ بێت) موجاهیدو عیکریمەو قەتادەو سودی دەڵێن: بەعل واتە: پەروەردگار. عیکریمەو قەتادە دەڵێن: بەعل زمانی خەڵکی یەمەنە. لە ڕیوایەتێکدا لە قەتادەوە هاتووە دەڵێت: زمانی ئەزدشەنوئەتە (أزد شنوءة). عەبدوڕڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: لە باوکیەوە (بەعل) ناوی بتێکە خەڵکی شارێك دەیانپەرست پێی دەوترا: (بعلبك) لە خۆرئاوای دیمەشق. زەححاك دەڵێت: (بەعل) بتێك بووە کە دەیانپەرست. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ

[1] الطبري (٢١/٩٥).

[2] القرطبي (١٥/١١٥).

[3] الطبري (٢١/٩٧).

[4] الطبري (٢١/٩٧).

ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾ واتە: کە خودا پەروەردگارتانەو پەروەردگاری بابەکانی پێشووشتانە. واتـە: هـەر خـودا شایستەی پەرستنە بـە تـەنها کـەهاوەڵی نیـە. خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴾ واتە: سا باوەڕیان پێ نەکردو بێگومان دێنە بەر لێپرسینەوە. واتە: ئامـادە دەکـرێن بـۆ جەزرەبـەدان‌و لێپرسینەوە. ﴿إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴾ واتە: مـەگین عەبـدە ڕاسـت‌و پاکـەکانی خـودا. واتـە: مـەگین ئەوانەی کە یەکتاپەرستەکانیان. ئەمە ئیستیسنای مونقەتیعە لە موسبەتدا وە دەفـەرمووێت: ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ﴾ واتە: وامان کرد لە دواڕۆژیشدا هەر ناوی بە چاکە ببرێت. ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلۡ يَاسِينَ ﴾ واتـە: سڵاوی ئێمە لە ئیلیاس. وەك چۆن وتراوە بە ئیسماعیل، ئیسماعیل کە ئەمە زمانی بەنی ئەسـەدە. وە وتراوە بە میکائیل میکال‌و ئیبراهیم ئیبراهام‌و ئیرائیل ئیرائین‌و طور سیناء طور سینین، هەر یەك شتە‌و هەمووی هاتووە. وە دەفـەرمووێت: ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ واتـە: ئێمـە ئـاوا پاداشـتی کارچـاکان دەدەینەوە. ﴿إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ واتە: ئەو یەکێك بوو لەو عەبدانەم کە باوەڕی پێ هێنام.

﴿ وَإِنَّ لُوطٗا لَّمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٣٣﴾ إِذۡ نَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ أَجۡمَعِينَ ﴿١٣٤﴾ إِلَّا عَجُوزٗا فِي ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿١٣٥﴾ ثُمَّ دَمَّرۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ﴿١٣٦﴾ وَإِنَّكُمۡ لَتَمُرُّونَ عَلَيۡهِم مُّصۡبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِٱلَّيۡلِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾

باسی قڕکردنی هۆزی لوت پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّ لُوطٗا لَّمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴾ واتە: لوتیش لە پێغەمبـەران بـوو. ﴿إِذۡ نَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ أَجۡمَعِينَ ﴾ واتە: خۆی‌و کەس‌و کاریشیمان بە یەکەوە ڕزگار کرد. ﴿إِلَّا عَجُوزٗا فِي ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴾ واتـە: مەگین تەنها پیرەژنێك لە لای بـەجێ ماوەکـان مایـەوە. ﴿ ثُمَّ دَمَّرۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ﴾ واتـە: پاشـان هـەموومان قڕکردن. خوای گەورە باسی عەبدو پێغەمبەری خۆی دەکـات کـە لـوت پێغەمبـەرە (سـەلامی خـوای لێ بێت) کە ناردی بۆ سەر هۆزەکەی، هۆزەکەی باوەڕیان پێ نەکرد، خوایش ڕزگاری کـرد لـە ناویانـدا بـە خۆیی‌و کەس‌و کاریەوە ژنەکەی نەبێت لەگەڵ ئەوانەدا کە قڕبوون ئەویش تیاچوو. خوای گەورە لەناوی بردن بە چەند سزاو جەزرەبە و شوێنەکەی کردن بە دەریایـەکی بـۆن پـیس‌و تـام نـاخۆش‌و شـوێنێکی ترسناك‌و سەرەڕێگەیەکی بەردەوام کە کاروانیان بە شەوو بە ڕۆژ بە لایدا تێپـەڕن. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّكُمۡ لَتَمُرُّونَ عَلَيۡهِم مُّصۡبِحِينَ ﴾ واتە: بێگومـان ئێـوە لای بـەیانی بـە لایانـدا ڕادەبوورن. ﴿ وَبِٱلَّيۡلِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾ واتە: شەوانەش، چۆن لەو ڕووداوە تێناگەن؟ واتە: ئـاخۆ ئێـوە چـۆن پەنـدو

ئامۆژگاری لەو کارەساتە وەرناگرن کە خوای مەزن ئا بەو شێوەیە ئەوانەی قڕ کرد، چاك بزانن کە هەموو خوانەناسێك هەر ئەوە چارەنووسیەتی.

﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٣٩﴾ إِذْ أَبَقَ إِلَى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١٤٠﴾ فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ ٱلْمُدْحَضِينَ ﴿١٤١﴾ فَٱلْتَقَمَهُ
ٱلْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ ﴿١٤٢﴾ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤٤﴾ فَنَبَذْنَٰهُ
بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٌ ﴿١٤٥﴾ وَأَنۢبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ ﴿١٤٦﴾ وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴿١٤٧﴾
فَـَٔامَنُوا۟ فَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿١٤٨﴾﴾

باسی بەسەرهاتی یونس (سەلامی خوای لێ بێت)

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: یونسیش هەر یەکێك بوو لە پێغەمبەران. لە پێشەوە لە سورەتی (الانبياء)دا بەسەرهاتی یونس پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) باس کرا. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەسێك بۆی نیە بلێ من لە یونسی کوڕی (متی) چاکترم).[1] خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِذْ أَبَقَ إِلَى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ﴾ واتە: کە ڕای کردە ناو گەمی پڕ. ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿ٱلْمَشْحُونِ﴾ واتە: قورس و پڕ لە شتومەك. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ ٱلْمُدْحَضِينَ﴾ واتە: لە پشك خستن بەشدار بووو ئەو دۆڕاندی. ﴿فَسَاهَمَ﴾ بەشدار بوو لە پشك خستندا (لە قورعەدا).[2] ﴿فَكَانَ مِنَ ٱلْمُدْحَضِينَ﴾ واتە: لەوانە بوو کە نەیبردەوەو دۆڕاندی. چونکە ئەو گەمییە کەوتە بەر شەپۆلی ئاو لە هەموو لایەکەوە نزیك بوو نوقم ببێت پشکیان خست بڕیاریاندا بەری هەر کەسێك کەوت فڕێی بدەنە ناو دەریا بۆ ئەوەی گەمیەکە باری سوك ببێت، پشکەکەش سێ جار کەوتە سەر یونس (سەلامی خوای لێ بێت) وایان بە چاك دەزانی کە فڕێی بدەنە ناو دەریاکە جلەکانی لەبەر داکەنن بەڵام وایان نەکرد، خودای گەورە فەرمانی دا بە ماسیەکی گەورە لە دەریای سەوزەوە کە دەریاکان ببڕێت و بچێت یونس هەڵلوشێت و قوتی بدات، گۆشتی نەکوتێ و ئێسکیشی نەشکێنێت، ئەو ماسیە ڕۆیشت یونس (سەلامی خوای لێ بێت) خۆی فڕێ دایە ناو دەریاکەو ماسیەکە قوتی داو بردی گەڕانی بە هەموو دەریاکاندا یونس بە تەواوی جێگیر بوو لەناو سکی ماسیەکەدا وای دەزانی مردووە، پاشان سەرو هەردوو پێ و دەستی جوڵاند. سەیری کرد زیندووە لە سکی ماسیەکەدا نوێژی کرد، کە

[1] فتح الباري (٤/١٩٣)، مسلم (٤/١٨٤٦).

[2] الطبري (٢١/١٠٦).

یەكێك لە دوعاكانی ئەوە بوو دەیوت: ئەی خودایە شوێنێكم كردووە بە مزگەوت هیچ كەس لە بەندەكانی تۆ هێشتا نەیتوانیوە بیگاتیّو بیكات بە مزگەوت، ڕای جیاواز زۆرە لە بارەی ئەو ئەندازەی كە یونس لە سكی ماسیەكەدا ماوەتەوە چەند بووە. قەتادە دەڵێت: سێ ڕۆژ بووە. جەعفەری سادق دەڵێت: حەوت ڕۆژ بووە. ئەبو مالك دەڵێت: چل ڕۆژ بووە.[1] موجاهید دەڵێت لە شەعبیەوە چێشتەنگا قوتی داوەو هەڵی لوشیوە، ئێوارە هەڵی هێناوەتەوە. خوای مەزن خۆی دەزانێت ئەو ئەندازەیە چەند بووە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَٱلۡتَقَمَهُ ٱلۡحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٞ﴾ ئەوسا ماسیەكی گەورە، هەڵی لوشیو بۆ خۆی سەركۆنەی خۆی دەكرد. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ﴾ واتە: سا ئەگەر ئەو پاكی خودای نەوتایە. ﴿لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ واتە: تا ڕۆژی قیامەت هەڵدەسا لە ورگیدا دەمایەوە. وتراوە: ئەگەر لە كاتی خۆشیو دەست والاییدا كرداری چاكی نەكردایەو پاكی خودایٚ نەگرتایە دەمایەوە لە ورگی ماسیەكەدا. ئەمە قسەی زەحاكی كوڕی قەیسو ئەبول عالیەو وەهەبی كوڕی مونەببیهە قەتادەو كەسانی تریش ئەمەیان وتووە.[2] ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە.[3] لەو فەرموودەی كە لە دواوە دێت خوا حەز بكات بەم زووانە باسی دەكەین كە بەڵگەیە لەسەر ئەم ڕووداوە، ئەگەر هەواڵەكە ڕاست بێت. وە لە فەرموودەیەكدا لە ئیبنو عەباسەوە هاتووە كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (لە كاتی خۆشیدا خودا بناسە خوایش لە كاتی ناڕەحەتیدا ئاگای لێتە).[4] ئەڵێن: مەبەست بە: ﴿فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ﴾ ئەوەیە كە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾[5] واتە: جا لە تاریكیەكاندا (تاریكی شەوو دەریاو ناو سكی نەهەنگ) هاواری كرد (ئەی خوا) بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە تۆ پاكیو بێگەردی بۆ تۆ بێگومان من لە ستەمكاران بووم، ئێمەش نزاو هاواری ئەومان گیراكردو لەو خەمو خەفەتە ڕزگارمان كرد هەرواش ئیمانداران ڕزگار دەكەین. ئەمە قسەی سەعیدی كوڕی جوبەیرو كەسانی تریشە.[6] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی كردووە لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەشڵێ: من نازانم

---

[1] الطبري (١١١/٢١).

[2] الطبري (١٠٨/٢١-١٠٩).

[3] الطبري (١٠٨/٢١).

[4] أحمد (٣٠٧/١)، لە پێشەوە پلەكەی دیاری كراوە.

[5] الانبیاء (٨٧-٨٨).

[6] الطبري (١١٠/٢١).

ئەنـەس بـەبێگومان ئـەم فـەرموودەی بەرزکردووەتـەوە بـۆ لای پێغەمبـەری خـودا(ﷺ): کـە یـونس پێغەمبـەر(سـەلامی خـوای لێ بێـت) کاتێـك بڕیدەرکـەوت کـە بپاڕێتـەوە بـەم وتانـە کـە لـە ورگـی ماسیەکەدابوو بۆیە ووتی: (اللهم لا إله إلاّ أنت سبحانك إني كنت مـن الظـالمين) واتـە: ئـەی خودایـە لـە غەیری تۆ هیچ پەرستراوێك شك نابەم، پاکیو بێ عەیبی بۆ تۆیە، من لە ڕیزی ناهەقان بووم. دوعاکـەی ڕوویکردە عەرش وبەدەوریدا ئەهات و ئەڕۆیشت فریشتەکان وتیان: ئەی خودایە ئەمە دەنگێکی لاوازی ناسراوە لە ولاتێکی دووری نامۆوە هاتووە، خوای مەزنیش فەرمووی: ئایا ئەوە ناناسن؟ وتیـان: ئـەی پەروەردگارمان ئەوە کێیە؟ خوای مەزن فەرمووی: بەندەی من یونسە، وتیان: ئەو بەنـدەی تـۆ یـونس کـە هـەتا ئێـستاش هـەر کـرداری چـاکی بـەرز دەبێتـەوەو وەردەگیرێـتو دوعـای قـەبوڵ دەکرێـت، فریشتەکان وتیان: ئەی خودایە ئایا ڕەحم ناکەی بەوکەسەی چاکە دەکات لە خۆشیداو لە ناڕەحەتیـدا ڕزگاری بکەی؟ خوای مەزن فەرمووی: بەڵێ. فەرمانی دا بە ماسیەکە لەو چۆڵەوانیەدا فڕێـی دا.[1] بۆیـە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَنَبَذْنَٰهُ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٌ﴾ واتە: فڕێمان دایـە دەشـتێکی چـۆڵو قـاقڕ، نەخۆشـیش بـوو. ﴿فَنَبَذْنَٰهُ﴾ واتـە: فڕێمانـدا ﴿بِٱلْعَرَآءِ﴾ ئیبنـو عـەبباسو (ڕەزای خـوای لێ بێـت) کەسانی تریش دەڵێن: زەویەك دارو درەختو خانووی تێدا نـەبوو، ﴿وَهُوَ سَقِيمٌ﴾ واتـە: لەشـی لاوازو بێهێـز بـوو. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَأَنۢبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ﴾ واتـە: ئەوسـا ڕووەکێکـی کولەکەمان لە لایـدا سـەوز کـرد. ئیبنـو مەسـعودو ئیبنـو عـەباسو (ڕەزای خـوای لێ بێـت) موجاهیـدو عیکریمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو وەهەبی کوڕی مونەبیهو هـیلالی کـوڕی یەسافو عبدالله ی کـوڕی تاوس و سودیو قەتادەو زەحـحاكو عـەتای خۆراسانیو کەسـێانێکی تـری زۆریـش ئـەڵێن: (الـيقطين) واتە: کولەکە.[2] هەندێ وتوویانە: کوولەکە کـەڵکی زۆرە لەوانـە زوو سـەوز دەبێـتو گەڵاکـەی سـێبەری گەورەیەو ناسکیشەو مێشوولە نزیکی ناکەوێتەوەو خواردنیشی زۆر بەسوودو چاکە بە کاڵیو کوڵاویو بـە توێکـڵو ناوکیـشەوە دەخورێـت. لـە فـەرموودەی سـەحیحدا هـاتووە کـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) کوولەکـەی (خـواردنی کولەکـەی) بـە لاوە خـۆش بـووە لـەناو دەفـردا بـۆی دەگـەڕا.[3] خـوای مـەزن دەفەرموێت: ﴿وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِاْئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ﴾ واتە: ناردمانـە نـاو سـەد هـەزاران یـان زێدەتر. دەشێتو بۆی هەیە ئەو خەڵکەی یەکەمجار یونس پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) ڕەوانەکرا بۆ لایـان

---

[1] الطبري (١٠٩/٢١).

[2] الطبري (١١٤/١١٣/٢١)، الدر المنثور (١٣١/١٣٠/٧).

[3] البخاري (٢٠٩٢).

هەر ئەوانە بن کە فەرمان درا جارێکی تر بگەڕێتەوە ناویان دوای هاتنە دەرەوەی لە ورگی ماسیەکە کە سەد هەزار کەس بوون یان زیاتر. خوا دەفەرمووێت: ﴿أَوْ يَزِيدُونَ﴾ مەکحول دەڵێت: سەدو بیست هەزار کەس بوون. ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتی کردووە. ئیبنو جەریر دەڵێت: هەندێ لە زانایانی زمانی عەرەبی لە خەڵکی بەسرە لەو بارەیەوە دەڵێن: واتە: هەتا سەد هەزار کەس بوون، یان ئەوان لەنەزەری ئێوەدا لەوەش زیاتر بوون، ئەڵێ: ئەوەندە بوون لەلای ئێوە[1]. بۆیە ئیبنو جەریر لێرەدا هەمان ڕێگەی گرتووەتە بەر کە لەسەری بووە بۆتەفسیری ئەم ئایەتانە کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾[2] واتە: لە پاشان دڵتان ڕەق بوو دوای ئەم (هەموو) موعجیزانە دڵتان وەك بەردە بەڵكو زۆر ڕەقترە. یان دەفەرمووێت: ﴿إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً﴾[3] واتە: یەکسەر دەستەیەکیان لە خەڵکی دەترسان وەك ترسان لە خودا بگرە زیاتریش دەترسان. یان دەفەرمووێت: ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ﴾[4] واتە: جا بە ئەندازەی دوو کەوان یان کەمتر (ی مابوو لەگەڵ موحەممەددا (ﷺ)). مەبەست لێرەدا واتە: کەمتر نەبوو لەوە بەڵکو زیاتر بوو. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَآمَنُوا فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾ واتە: هەموو بڕوایان پێ هێناو تا ماوەیەك ژیانێکی خۆشمان پێدان. واتە: خەڵکەی کە یونس پێغەمبەر ڕەوانەکرا بۆیان هەموو بڕوایان هێنا، ﴿فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾ هەتا ئەو کاتەی بۆیان دانرابوو. وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾[5] واتە: جا با (خەڵکی) شارێك (لەو شارانەی کە هەڕەشەیان لێکرا) بڕوایان بهێنایەو بڕواکەیان سودی بۆیان هەبووایە بەڵام گەلی یونس (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك هەموو بڕوایان هێنا (پێش هاتنی سزاکە) لامان برد لە سەریان سزای سەرشۆڕیو ڕیسوایی لە ژیانی دنیاداو بەهرەو خۆشیمان پێدان تا ماوەیەك (کاتی مردنیان).

---

[1] الطبري (٢١/١١٦).

[2] البقرة (٧٤).

[3] النساء (٧٧).

[4] النجم (٩).

[5] يونس (٩٨).

﴿ فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ أَلِرَبِّكَ ٱلۡبَنَاتُ وَلَهُمُ ٱلۡبَنُونَ ﴿١٤٩﴾ أَمۡ خَلَقۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِنَٰثٗا وَهُمۡ شَٰهِدُونَ ﴿١٥٠﴾
أَلَآ إِنَّهُم مِّنۡ إِفۡكِهِمۡ لَيَقُولُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَدَ ٱللَّهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٥٢﴾ أَصۡطَفَى ٱلۡبَنَاتِ عَلَى ٱلۡبَنِينَ ﴿١٥٣﴾ مَا لَكُمۡ
كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ﴿١٥٤﴾ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٥﴾ أَمۡ لَكُمۡ سُلۡطَٰنٞ مُّبِينٞ ﴿١٥٦﴾ فَأۡتُواْ بِكِتَٰبِكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٥٧﴾ وَجَعَلُواْ بَيۡنَهُۥ
وَبَيۡنَ ٱلۡجِنَّةِ نَسَبٗاۚ وَلَقَدۡ عَلِمَتِ ٱلۡجِنَّةُ إِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ
ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ ﴾

وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە منداڵ بۆ خودا دادەنێن و فریشتەکانیان بە کچی خودا داناوە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ أَلِرَبِّكَ ٱلۡبَنَاتُ وَلَهُمُ ٱلۡبَنُونَ ﴾ واتە: دەسا تۆ لەوانە بپرسە: تۆ بڵێی پەروەردگاری تۆ کیژی هەبێت و هی ئەوان کوڕ بێت؟ خوای گەورە وەڵامی ئەو بتپەرستانەی داوەتەوە و نکوڵی دەربڕیوە لەوەی ئەوان کیژیان داناوە بۆخوا و خۆشیان حەزیان لەچییە بۆیان بڕیارداوە، واتە: حەز لە کوڕی باش دەکەن بۆ خۆیان. خواش ئەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ﴾[1] واتە: هەر کاتێك یەکێك لەوانە مزگێنی کچی پێ بدرێت ڕووی ڕەش دادەگەڕێت و بۆ خۆی پیش دەخواتەوە. واتە: ئەوەی بۆ خودای داناوە بۆ خۆی پێی ناخۆشە. کوڕ نەبێت بۆ خۆی دانانێت و هەڵی نابژێرێت، خوای مەزنیش دەفەرموێت: ئایا چۆن ئەو بەشەی بۆ خودایان بە ڕەوا داناوە بۆ خۆیانی دانانێن و پێی ڕازی نین، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ ﴾ ئادەی لەوانە بپرسە چۆن قسەی وا دەکەن، ﴿أَلِرَبِّكَ ٱلۡبَنَاتُ وَلَهُمُ ٱلۡبَنُونَ ﴾ باشە بۆنەوەی خوا کچی هەبێت و کەچی خۆیان کوڕیان هەبێت! وەك ئەم ئایەتانەی تریش کە خودا دەفەرموێت: ﴿أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِيزَىٰٓ ﴾[2] واتە: ئایا ڕاستە ئێوە کوڕتان ببێت و خوا کچ؟، ئەگەر وابێت دابەشکردنێکی نادروست دەبێت. وە دەفەرموێت: ﴿ أَمۡ خَلَقۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِنَٰثٗا وَهُمۡ شَٰهِدُونَ ﴾ واتە: یان لەوێ بوون کە ئێمە فریشتەکانمان بە مێ دروست کرد؟ واتە: چۆن بڕیاریان دا فریشتەکان کیژن کە چاویان لێ نەبووە دروست کراون؟ وەك ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًاۚ أَشَهِدُواْ خَلۡقَهُمۡۚ سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ

---

[1] النحل (٥٨).

[2] النجم (٢١ـ٢٢).

وَيُسْتَلُونَ﴾[1] واتە: وە ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای بەخشندەن بە مێینەیان دادەنان ئایا ئەوان بە دیاری دروستکردنیانەوە بوون بێگومان ئەو شایەتیانەی دەنوسرێتو پرسیاریان لێ دەکرێت. واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاری ئەوەیان لێ دەکرێت، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَلَآ إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ﴾ واتە: باش بزانە هەرچی دەیڵێن هەر درۆیان هەڵدەبەست. ﴿وَلَدَ ٱللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ واتە: کە خودا منداڵی بووە، بێگومان درۆزنن. خوای گەورە باسی کردووە کە ئەوانە لە بارەی فریشتەکانەوە سێ درۆی زۆر گەورەیان کردووە، درۆی یەکەم بە کیژی خودایان داناون، دووەم کردوویانن بە منداڵی خودا کە خودا پاکو بێ عەیبە لەو قسانەی ئەوان دەیکەن، پاش ئەوەش کە بە مێ دایان ناون پەرستوویانن، هەریەکی لەمانە بەسە بۆ ئەوەی هەتاهەتایە لەناو ئاگردا بمێنێتەوە، پاشان خوای مەزن نارەزایی دەردەبڕێت لێیان دەفەرمووێت: ﴿أَصْطَفَى ٱلْبَنَاتِ عَلَى ٱلْبَنِينَ﴾ واتە: ئاخۆ ئەو بە جێی کوڕ، کچی هەڵبژاردووە؟ واتە: چی پاڵی پێوە ناوە کە کچ هەڵبژێرێتو کوڕ واز لێ بێنێتو هەڵی نەبژێرێت. وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَفَأَصْفَىٰكُمْ رَبُّكُم بِٱلْبَنِينَ وَٱتَّخَذَ مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنَٰثًا ۚ إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلًا عَظِيمًا﴾[2] واتە: ئایا پەروەردگارتان کوڕانی تایبەت کردووە بە ئێوەوە لە فریشتەکانیشیدا کچانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بە ڕاستی ئێوە وتەیەکی زۆر گەورە (و نابەجێ) دەڵێن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾ واتە: چیتانە، چۆن پێ ڕادەگەن. واتە: ئاوەزتان نیە بیربکەنەوە پێی کەچی دەڵێن، ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ واتە: ئاخۆ هیچ بیرناکەنەوە. ﴿أَمْ لَكُمْ سُلْطَٰنٌ مُّبِينٌ﴾ یان بەڵگەیەکی پتەوتان لەلا هەیە؟ واتە: چ بەڵگەیەکتان بە دەستەوەیە لەسەر ئەو قسانەی دەیکەن، ﴿فَأْتُوا بِكِتَٰبِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ واتە: ئەگەر قسەی ئێوە ڕاستە، سا کتێبی خۆتان بێنن. واتە: بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر ئەو قسەی کە دەیکەن کە پشت ببەستێت بە کتێبێکەوە لە ئاسمانەوە هاتبێتەخوار لە لایەن خواوە. کە ئەوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت کە ئێوە دەیڵێن، چونکە ئەوەی ئێوە دەیڵێن هیچ عەقڵێك نایسەلمێنێتو بڕوای پێ ناکات، وە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلُوا بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ﴾ واتە: جنۆکە لەگەڵ خودا دەکەنە خزم، جنۆکەکانیش باش دەزانن کە ئەوان ئامادە دەکرێن. ﴿وَجَعَلُوا بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًا﴾ واتە:

---

[1] الزخرف (١٩).

[2] الاسراء (٤٠).

موجاهید دەڵێت: بتپەرستان وتیان: فریشتەکان کیژی خوای گەورەن، ئەبو بەکر دەڵێت: کەواتە دایکیان کێیە؟ وتیان: کیژانێکی خانەدانی ناو جنۆکەن[1]! قەتادەو ئیبنو زەیدیش هەر وایان وتووە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ﴾ واتە: ئەوانەی ئەو قسەیان دابووە پاڵ جنۆکەکان ﴿إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ﴾ دەهێنرێن‌و ئامادە دەکرێن بۆ جەزرەبەدان‌و لێپرسینەوە لەسەر ئەو درۆی کە کردوویانەو هەڵیانبەستووە لە خۆیانەوە بەبێ زانیاری. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ واتە: خودا دوورە لەو باسانەی ئەوان دەیکەن. واتە: خوای گەورە پاك‌و بێ عەیبە لەو قسانەی ئەو خوانەناس‌و بێ دین‌و ستەمکارانە دەیکەن‌و دەڵێن: خودا منداڵی بووە. ﴿إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ واتە: مەگین ئەوەی بە دڵپاکی عەبدایەتی خودا دەکەن. ئەمە لێرەدا ئیستیسنای مونقەتیعە لە ڕستەی موسبەتدا دەبێ ئەو زەمیرەی (الضمیر) لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿عَمَّا يَصِفُونَ﴾ بگەڕێتەوە بۆ هەموو خەڵکی، پاشان دڵپاکانی ﴿ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ لێ جیاکرابێتەوە ئەوانەی کە شوێنکەوتووی ئەو هەقەن کە هاتووەتە خوارەوە بۆ هەموو پێغەمبەرێك کە ڕەوانەکراوە.

﴿فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ ﴿١٦١﴾ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦٣﴾ وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ ﴿١٦٤﴾ وَإِنَّا
لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلْمُسَبِّحُونَ ﴿١٦٦﴾ وَإِن كَانُوا۟ لَيَقُولُونَ ﴿١٦٧﴾ لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٦٨﴾ لَكُنَّا عِبَادَ ٱللَّهِ
ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٩﴾ فَكَفَرُوا۟ بِهِۦ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿١٧٠﴾﴾

کەسێك لە خەڵکی بتپەرست گومڕاتر نەبێت بە قسەیان ناکات

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ﴾ واتە: سا وا ئێوەو ئەوانەی دەیانپەرستن. ﴿مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ﴾ واتە: ئێوە ناتوانن لە بەرامبەر خودا گومڕاکەری (کەس) بن. ﴿إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ﴾ واتە: مەگین ئەوەی دەچێتە نێو دۆزەخەوە. واتە: کەسێك شوێن قسەکانتان دەکەوێت‌و باوەڕ بەو سەرلێشێواوی عیبادەتە پڕوپوچەتان دەکات لە خۆتان گومڕاتر بێت‌و بۆ ناو ئاگر دروست کرابێت، ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ﴾[2] واتە: دڵیان هەیە بەڵام پێی تێناگەن (لە ڕاستی)و چاویان هەیە (هەقی) پێ نابینن‌و گوێیان هەیە (هەقی پێ) نابیستن ئەوانە وەك ئاژەڵ‌و (چوارپێ) وان بگرە خراپترو گومڕاترن

---

[1] الطبري (٢١/١٢١).

[2] الاعراف (١٧٩).

(لە ئاژەڵ) هەر ئەوانەن بێ ئاگایان. ئا ئەم کۆمەڵە خەڵکەن کە شوێنی ئایینی بتپەرستو خوانەناسو گومڕایان دەکەون وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّكُمْ لَفِي قَوْلٍ مُّخْتَلِفٍ ﴿٨﴾ يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ﴾[1] واتە: بێگومان ئێوە لە قسەی جیاوازدان، ئەو کەسە لادەدرێت لە ئیمان کە لادراوە (چونکە خۆی گومڕایە).

جێگای فریشتەکانو ڕیزبەستنیان بۆ خواپەرستی

پاشان خوای گەورە باسی فریشتەکان دەکات کە پاكو دوورن لەو قسانەی کە ئەو بتپەرستانە داویانەتە پاڵیانو درۆیان کردووەو وتوویانە فریشتەکان کیژی خودان، دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾ واتە: لەناو ئێمە هەر کامێکمان جێگەی بۆ دیاری کراوە. واتە: هەر یەکێك لە ئێمە شوێنی تایبەتی خۆی بۆ دیاری کراوە لە ئاسمانەکانداو جێگای عیبادەتیشی دیاری کراوە، لێی دەرناچێتو دوورناکەوێتەوە. زەححاك لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾ مەسروق ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ جێگەیەك نیە لە ئاسمانەکانی دنیادا مەگین فریشتەیەك لە سوژدەدایە لەسەری یان وەستاوە). بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت لە زمانی فریشتەکانەوە: ﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾.[2] لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لەناو ئاسمانەکاندا ئاسمانێك هەیە جێگەی بستێك نیە مەگین تەوێڵی یان پێی فریشتەیەکی لەسەرە پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾[3] سەعیدی کوڕی جوبەیریش هەر وای وتووە. ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ﴾ ئێمەین کە بۆ خواپەرستی ڕیز دەبەستین. واتە: بەڕیز وەستاوین بۆ خواپەرستی وەك لە پێشەوە خوای گەورە فەرمووی: ﴿وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا﴾ ئەبو نەزیرە دەڵێت: عومەر کاتێك قامەتی نوێژ دەکرا، ڕووی دەکردە خەڵکەکە پاشان دەیوت: ڕێز بنو ڕێك بوەستن خوای مەزن دەیەوێت فێرتان بکات وەك فریشتەکان بن، پاشان دەیفەرموو: ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ﴾، جا دەیفەرموو: فلانە کەس بێرە پێشو فلانە کەس بچۆ دواوە پاشان (الله أکبر)ی دەکرد (واتە: نوێژی دادەبەست). ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو جەریر ڕیوایەتیان کردووە.[4] وە لە سەحیحی موسلیمدا ڕیوایەت کراوە لە حوزەیفەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[1] الذاريات (٨ـ٩).

[2] الطبري (٢١/١٢٧).

[3] الطبري (٢١/١٢٧).

[4] الطبري (٢١/١٢٨).

فەرموویەتی: (ڕێزمان لێ نراوە بە سێ شت بەسەر خەڵکیدا، ڕیزەکانمان کراوە بە ڕیزی فریشتەکانو زەویشمان بۆ کراوە بە مزگەوتو خۆڵەکەیشی کراوە بە پاککەرەوە بۆمان).[1] ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلْمُسَبِّحُونَ﴾ واتە: ئێمەین هەرگیز لە تاریفی ڕاناوەستین. واتە: ئێمە ڕیز دەبەستینو لە وەسفی خودا ڕاناوەستینو سوپاسی دەکەینو باسی پاکیو بێ عەیبی ئەو دەکەینو عەبدێکی هەژارو گوێڕایەڵی ئەوین.

خۆزگەی قورەیشیەکان کە بریا ئەوانیش لە ناو پێشینانندا کتێبی خۆیان هەبووایە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن كَانُوا۟ لَيَقُولُونَ﴾ واتە: ئەوانیش خۆ هەر دەیانوت. ﴿لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێمەش لە لایەن پێشینانەوە کتێبی خۆمان هەبووایە. ﴿لَكُنَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ ئێستا لە عەبدە دڵپاکەکانی خودا دەبووین. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەوانە ئارەزوومەند بوون پێش ئەوەی تۆ ڕەوانە بکرێیت بۆ لایان کتێبی خۆیان بوایە، باسی فەرمانەکانی خودای بۆ بکردنایەو بەسەرهاتی گەلە پێشووەکانی بگێڕایەتەوە بۆیان. وەك خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِن جَآءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا﴾[2] واتە: (بتپەرستان) بە سوێندی هەرە گەورەیان سوێدیان دەخوارد بە خوا (دەیانوت) ئەگەر پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ بێت بە ڕاستی ئەوان لە هەریەك لە ئوممەتانی تر بەرچاو ڕوونتر دەبن ئێنجا کاتێك پێغەمبەری ترسێنەریان بۆ هات زیاتر دوورکەوتنەوە (لە ڕێگەی ڕاست). وە فەرموویەتی: ﴿أَن تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَـٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَـٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا۟ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَـٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَـٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ﴾[3] واتە: لەبەر ئەوەی نەڵێن بێگومان تەنها بۆ سەر دوو کۆمەڵی (گاورو جوولەکە) نێردراوەتە خوارەوە لە پێش ئێمەدا کە بە ڕاستی ئێمە لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی کتێبەکان بێ ئاگا بووین، وە بۆ ئەوەی نەڵێن بە ڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە بهاتایە ئەوە ئێمە لەوان بەرچاو ڕوونتر دەبووین ئەوە بێگومان بەڵگەو نیشانە (قورئان)ی ڕوونتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە بەرچاو ڕوونیو میهرەبانیەکی گەورەیە کەواتە کێ ستەمکارترە لەو

[1] مسلم (٣٧١).

[2] الفاطر (٤٢).

[3] الانعام (١٥٦_١٥٧).

کەسەی بێباوەڕ بێت بە ئایەتەکانی خواو بە درۆی بزانێت‌و ڕوویان لێ وەرگێڕێت لەمەودوا بە زوویی تۆڵە دەسێنین لەوانەی سەرپێچی دەکەن لە ئایەتەکانی ئێمە بە سزایەکی بەدو سەخت بە هۆی ئەو لادانەوە کە دەیانکرد. بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿فَكَفَرُوا۟ بِهِۦ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: لە کتێبی خوا جاشایان کرد زۆر ناخایەنێت دەزانن. ئەمە بێگومان بەڵێنی خودایەو هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر ئەو بێباوەڕییەیان بە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٤﴾ وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ ﴿١٧٥﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٧٦﴾ فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَآءَ صَبَاحُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٧﴾ وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٨﴾﴾

بەڵێندان بە سەرکەوتن‌و فەرماندان بە وازهێنان لە قورەیشیەکان

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: بێگومان لە پێشیش قسەکانی ئێمە (سەبارەت بە عەبدە ناردراوەکانمان) بە مەردم ڕاگەیەنراوە. واتە: لە کتێبی یەکەمدا لە لای خودا هەموو شتێك براوەتەوە کە پاشەڕۆژ هەر بۆ پێغەمبەران‌و (سەلامی خوایان لێ بێت) شوێنکەوتووەکانیانە لە دنیاو لە ڕۆژی دوایشدا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾[1] واتە: خوا نووسیویەتی کە بێگومان من‌و پێغەمبەرانم سەردەکەوین بە ڕاستی خوا توانای باڵادەستە. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَـٰدُ﴾[2] واتە: بە ڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین لە ژیانی دنیاداو لەو ڕۆژەی (قیامەت)دا کە شایەتەکان هەڵدەسنەوە. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ﴾ کە هەر ئەوان یاریدە دەدرێن. لە دنیاو لە دواڕۆژدا، وەك لە پێشەوە باس کرا کە چۆن سەری خستن بەسەر گەلەکانیاندا ئەوانەی کە بڕوایان پێ نەکردن‌و دژایەتیان دەکردن. چۆنیش خوانەناسانی قڕ کردو عەبدە خاوەن باوەڕەکانی ڕزگار کرد. ﴿وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ﴾ واتە: دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێت. واتە: پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەوانە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ﴾ واتە: سا تۆ وازیان لێ بێنە هەتا ماوەیەك.

---

[1] المجادلة (٢١).

[2] الغافر (٥١).

واتە: خۆت بگرە لەسەر ئەو ئازارەی کە تووشت دەبێت لێیانەوە هەتا ماوەیەك وازیان لێ بێنە ئێمە سەرکەوتنو زاڵبوونو پاشەڕۆژ دەدەین بە تۆ. وە دەفەرموێت: ﴿وَأَبۡصِرۡهُمۡ فَسَوۡفَ يُبۡصِرُونَ﴾ واتە: جا بیانبینە، ئەوانیش خۆ دەبیننەوە. واتە: چاوەڕوانیان بەو سەیریان بکە چۆن تووشی جەزرەبەو مەینەتو ناڕەحەتی دەبن لەسەر دژایەتیو باوەڕ پێ نەکردنت، بۆیە خوای گەورە هەڕەشەیان لێدەکاتو دەفەرموێت: ﴿فَسَوۡفَ يُبۡصِرُونَ﴾، پاشان دەفەرموێت: ﴿أَفَبِعَذَابِنَا يَسۡتَعۡجِلُونَ﴾ واتە: دەیانەوێت زووتر ئازاریان بدەین؟ واتە: ئەوانە بۆیە پەلە دەکەن چونکە بڕوات پێ ناکەنو خوانەناسن خوای گەورەیش تووڕە بووە لێیانو تۆڵەیان زوو لێ دەسێنێتو خۆشیان هەر پەلەیانە کە زوو تۆڵەو سزایان بۆ بێت چونکە ئەوە خوانەناسو بێباوەڕن. خوای مەزنیش فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمۡ فَسَآءَ صَبَاحُ ٱلۡمُنذَرِينَ﴾ واتە: هەر کاتێك بێتەخوارو بەری دەرگایان لێ بگرێت ئەوسا ترسێنراوان چ ڕۆژێکی خراپو تەنگیان دەبێت. واتە: کاتێك سزا دادەبەزێتە سەریانو دەوری گرتن ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی خراپو گرانە کە کاتێك قڕ دەبنو شوێنەواریان نامێنێت. سودی دەڵێت: ﴿فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمۡ﴾ واتە: کاتێك بەرماڵی پێ گرتن، ﴿فَسَآءَ صَبَاحُ ٱلۡمُنذَرِينَ﴾ بەیانیەکی ناخۆش دەبەنە سەر. واتە: ئەو بەیانیە بەیانیەکی زۆر خراپە بۆیان. بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەیانی زوو دای بەسەر خەیبەردا وەختێك کە تەورو بێڵەکانیانەوە چوونە دەرەوە ئەو سوپایان بینی گەڕانەوەو دەیانوت: بە خوا موحەممەد هات موحەممەدو سوپاپێنج قۆڵییەکەی، پێغەمبەر فەرمووی: (الله أكبر خەیبەر وێران بوو ئێمە کاتێك دابەزینە خوار چوینە بەر دەرگای هەر گەلێك بەیانی ترسێنراوان زۆر خراپ دەبێت).[1] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَتَوَلَّ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ حِينٖ﴾ واتە: تۆ هەتا ماوەیەك واز لەوانەش بێنە. ﴿وَأَبۡصِرۡ فَسَوۡفَ يُبۡصِرُونَ﴾ جا ببینە ئەوانیش خۆ دەبیننەوە. تەئکیدکردنەوەی ئەو فەرمانانەیە کە لە پێشەوە باس کرا لەو بارەیەوە والله أعلم.

﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾﴾

خوای مەزن باسی پاکیو بێ عەیبی خۆی دەکات لە هەموو ئەو شتانەی کە خوانەناسانو ناهەقیکارانو بێباوەڕان دەیڵێن لە بارەیەوە کە چەندە دوورە لەو قسانەوە ئەوان دەیکەنو دەفەرموێت: ﴿سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ واتە: پاکی بۆ پەروەردگاری تۆ، هەر خۆی خاوەن دەسەڵاتەو لەو قسانەی ئەوان دەربارەی دەکەن گەلێك دوورە. واتە: خاوەنی دەسەڵاتێکی

---

[1] فتح الباري (٢/١٠٧)، مسلم (٢/١٠٤٣).

دوایی نەهاتووە، ﴿عَمَّا يَصِفُونَ﴾ کەلێك دوورە لەو قسانەی ئەو خوانەناس‌و بێباوەڕو تاوانبارانە دەیکەن. ﴿وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ﴾ واتە: سڵاویش لە پێغەمبەران. واتە: سڵاوی خوای مەزن لە پێغەمبەران لە دنیاو لە قیامەتدا لەبەر ئەوەی کە لە دنیا بە ڕاست‌و ڕێکی باسی پاکی‌و بێ عەیبی خودایان کردووە، ﴿وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: سوپاسیش بۆ ڕاهێنەری هەموو دنیا. واتە: سوپاس بۆ خودا لە دنیاو لە قیامەتداو لە هەموو کاتێکدا لەبەر ئەوەی تەسبیح کردن پاکی‌و بێ عەیبی خودا دەگەیەنێت بۆیە لێرەداو لە زۆر شوێنی تردا لە قورئاندا هاتووە وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾

سەعیدی کوڕی ئەبو عووبە دەڵێت: لە قەتادەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (وەختێك سڵاوتان کرد لە من سڵاویش لە هەموو پێغەمبەران بکەن چونکە منیش یەکێکم لەو پێغەمبەرانۀ(سەلامی خوایان لێ بێت). هەر بەم شێوەیە ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتیان کردووە.[1] ئەبو موحەممەدی بەغەوی ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیرەکەیدا لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: هەر کەسێك پێی خۆشە پێوانەی بۆ بکرێت بە پێوانەی تەواو لە ڕۆژی قیامەتدا با کۆتا قسەی لە دانیشتنیدا بریتی بێت لە﴿ سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾[2]. چەند فەرموودە هاتووە لە بارەی کەفارەتی مەجلیسەوە (لەوانە): (سبحانك اللهم وبحمدك لا إله إلاّ أنت أستغفرك وأتوب إليك) منیش(جزئێکی) سەربەخۆ و تایبەتم نوسیوە لەسەر ئەو فەرموودانە.

تەفسیری سورەتی (ص)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿صٓ وَالْقُرْءَانِ ذِى الذِّكْرِ ﴿١﴾ بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴿٢﴾ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ﴿٣﴾﴾

قسەکردن لەسەر ئەم پیتانە لە پێشەکی سورەتی (البقرة)دا کراوە کە پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بکرێتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿صٓ وَالْقُرْءَانِ ذِى الذِّكْرِ﴾ واتە: صاد، بەم قورئانەی کە

---

[1] الطبري (٢١/١٣٢).

[2] البغوي (٤/١٤٦).

پڕ لە ئامۆژگاریە. (دەبێت پەندی لێ وەربگیرێت). واتە: سوێند بەم قورئانەی کە پڕە لە پەندو ئامۆژگاریو سودمەندە بۆیان لە ژیانی دنیاو ڕۆژی قیامەتدا. زەححاك لەم ئایەتەدا ﴿ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾ دەڵێت: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە: ﴿لَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ كِتَٰبٗا فِيهِ ذِكۡرُكُمۡ﴾[1] واتە: ئێمە کتێبێکمان بۆ ئێوە ناردووەتە خوار باسی ئێوەشی تێدایە یان یادخستنەوەی ئێوەی تێدایە[2]. قەتادەو ئیبنو جەریریش هەر وایان وتووە.[3] ئیبنو عەباسو سەعیدی جوبەیرو ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خالدو ئیبنو عویەینەو ئەبو حوسەینو (حُصين) ئەبو سالحو سودی دەڵێن: ﴿ذِي ٱلذِّكۡرِ﴾ واتە: زۆر بەڕێزە، یانی: خاوەن پلەو ڕێزە.[4] هیچ دژایەتیەك لە نێوان ئەم دوو ڕایەدا نیە. چونکەئەم قورئانە کتێبێکی زۆر بە ڕێزە و پڕیشە لە پەندو ئامۆژگاریو ترساندن، لە وەڵامی ئەم سوێندەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ﴾[5] واتە: هەر هەموویان باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێنا بۆیە سزای منیان بەسەردا چەسپا (و لەناوچوون). قەتادە دەڵێت: وەڵامەکەی ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ﴾[6]. ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە.[7] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ﴾ واتە: بەڵام خوانەناسەکان، خۆیان بە زل دەزانن و هەر خەریکی دژایەتین. واتە: لەناو ئەم قورئانەدا ئامۆژگاری زۆرە بۆ کەسێك کە ئامۆژگاری وەربگرێتو پەندیشە بۆ کەسێك ئەگەر دەرسی لێ وەربگرێت بەڵام خوانەناس هیچ سودێکی لێ وەرناگرێت چونکە ئەوانە ﴿فِي عِزَّةٖ﴾ زۆر خۆیان بە زل دەزانن و نەفامانە بیردەکەنەوە ﴿وَشِقَاقٖ﴾ واتە: دژایەتی دەکەنو لاسارنو دوور دەکەونەوە لێی. پاشان خوای مەزن دەیانترسێنێت بەوەی کە گەلەکانی پێش ئەوان بە هۆی خوانەناسیو دژایەتی پێغەمبەرانو باوەڕنەکردن بەو کتێبانەی کە لە ئاسمانەوە هاتوون لەناوچوون دەفەرموێت: ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ﴾ واتە: پێش ئەمانەش زۆر بەرەمان لەناو بردن، جا ئەوانە کاتێك هاواریانکرد، دەرفەت لە دەست چووبوو. ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم﴾

---

[1] الانبياء (١٠).

[2] الطبري (٢١/١٤٠).

[3] الطبري (٢١/١٤٠).

[4] الطبري (٢١/١٣٩/١٤٠).

[5] ص (١٤).

[6] الطبري (٢١/١٤٠).

[7] الطبري (٢١/١٤١).

واتە: زۆرێك لەو گەلانەی كە بێباوەڕ بوون لەناومانبردن لە پێش ئەمان ﴿فَنَادَواْ﴾ واتە: كاتێك كە سزایان بۆ دێت هاوار دەكەن‌و دەپاڕێنەوە لە خودا كە هیچ سوودێكی لێ وەرناگرن وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ﴾[1] واتە: جا وەختێك (بێباوەڕان) هەستیان كرد بە سزاو تۆڵەی ئێمە دەستبەجێ ئەوان لەو شارانە بە چەسپانی ڕایانكرد، (فریشتەكان بە گاڵتەوە پێیان دەڵێن) ڕامەكەن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو نازو نیعمەتانەی كە ڕۆچوون تێیداو (بگەڕێنەوە) بۆ سەر خانوو ماڵەكانتان بەڵكو پرسیارتان لێ بكرێت (لەوەی بەسەرتان هاتووە). ئەبو داودی تەیالیسی ڕیوایەتی كردووە لە تەمیمیەوە دەڵێت: پرسیارم كرد لە ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) لەمانای ئەم ئایەتە كە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾ دەڵێت: وەختی پاڕانەوەو داواكردن‌و ڕاكردن نیەو كاتی بەسەرچووە. موحەممەدی كوڕی كەعب دەڵێت: ﴿فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾ واتە: كاتێك دنیایان لە دەستچوو هاوار دەكەن‌و شایەتومان دێنن‌و دەپاڕێنەوەو پەشیمان دەبنەوە.[2] قەتادە دەڵێت: كاتێك جەزرەبەیان بینی دەیانەوێت پەشیمان ببنەوەو هاوار دەكەن كە كاتی هاواركردن نەماوە. موجاهید دەڵێت: ﴿فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾ واتە: ئەو كاتە كاتی ڕاكردن‌و ڕۆیشت نیە، خواش(سبحانە وتعالى) یارمەتیدەرە بۆ ڕاست وتن و ڕاست كردن.

﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٤﴾ أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُواْ وَٱصْبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ ﴿٦﴾ مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْءَاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ أَءُنزِلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَا ۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّن ذِكْرِى ۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ﴿٨﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ ٱلْعَزِيزِ ٱلْوَهَّابِ ﴿٩﴾ أَمْ لَهُم مُّلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ فَلْيَرْتَقُواْ فِى ٱلْأَسْبَٰبِ ﴿١٠﴾ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴿١١﴾﴾

سەرسامی بتپەرستان بەم پەیامو قورئان‌و یەكخوا پەرستینە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ﴾ واتە: ئەمەیان پێ سەیر بووە كە پێغەمبەرێكیان لە خۆیان بۆ هاتووەو ترسی خوایان وەبەر دەنێت

[1] الانبياء (١٢-١٣).

[2] الدر المنثور (٧/١٤٥).

خوانەناسەکان وتیان: ببێ نەبێ، ئەم کابرایە جادووگەرێکی درۆزنە. خوای گەورە باسی سەرسوڕمانی بتپەرستەکان دەکات لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە خۆیان کە مژدەدەرو ترسێنەروە بۆیان وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ النَّاسَ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ الْكَافِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ مُّبِينٌ ﴾[1] واتە: ئایا بە لای خەڵکەوە سەیرە کە ئێمە نیگامان کردووە بۆ پیاوێك لە خۆیان (پێمان وتووە) کە ئادەمی بترسێنەو مژدە بدە بەوانەی باوەڕیان هێناوە کە بە بێگومان پلەو پایەی بەرزیان بۆهەیە لای پەروەردگاریان بەڵام بێباوەڕان وتیان بێگومان ئەم (پیاوە) جادوبازێکی ئاشکرایە. وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ﴾ واتە: مرۆڤێك لە خۆیان. خوانەناسەکانی وتیان: ﴿هَٰذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ ﴾ ئەمە جادوگەرێکی درۆزنە. ئاخۆ وادەزانێ کە خودا یەکەو هیچ کەس خودا نیە ئەو نەبێت؟ بتپەرستان نکوڵیان لەو بیرو باوەڕە کردووە –خودا ڕوویان ڕەش بکات–. وە زۆر بە لایانەو سەیر بوو کە واز لە بتپەرستن بێنن، چونکە ئەوان لە بابو باپیرانیانەوە ئەو بتپەرتیەیان بۆ مابووەوە. خۆشەویستی ئەو بتانە لەناو دڵیاندا جێگیر بووبوو. کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) داوای لێ کردن کە واز لەو بتپەرستیە بێننو لە دڵی دەرکەنو تەنها خوا بپەرستن زۆر بە لایانەوە گران بوو سەریان سوڕدەماو دەیانوت: ﴿ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ ﴾ چۆن دەیەوێت لە جێی ئەو هەموو بتانەی دەتانپەرست هەر خودایەك بپەرستن؟ ئەمە زۆر شتێکی سەیرە. ﴿وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ ﴾ کەڵەپیاوانیان کەوتنەڕێ (وتیان پێیان) بڕۆنو لەسەر ئەوانەی تا ئێستا پەرستووتانن، لامەدەنو خۆڕاگر بن، بێگومان ئەمە ویستی ئێوەیە. ﴿الْمَلَأُ مِنْهُمْ﴾ واتە: پیاوماقوڵو سەرۆكو پێشەواو گەورەکانیان دەیانوت: ﴿امْشُوا﴾ واتە: بەردەوام بن لەسەر ئایینی خۆتان، ﴿امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ﴾ وەڵامی ئەو قسانەی موحەممەد مەدەنەوە کە بانگتان دەکات بۆ خواپەرستی بە تەنها، ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ ﴾ ئەمە مەبەستێکی تری لەپشتەوەیە! ئیبنو جەریر دەڵێت: دەڵێن ئەوەی کە موحەممەد بانگمان دەکات بۆی شتێکە دەیەوێت خۆی پێ گەورە بکات بەسەر ئێوەداو ببێتە خاوەن دەسەڵات. هەندێ لە ئێوە شوێنی بکەون. ئێمە هیچ وەختێك لەگەڵی نینو وەڵامیشی نادەینەوە.[2]

---

[1] يونس (٢).

[2] الطبري (٢١/١٥٢).

باسی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە

ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: کاتێك ئەبو تالیب نەخۆش کەوت کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان چوونە لای. ئەبو جەهلیشیان لەگەڵ بوو وتیان: برازاکەت قسە بە خواکانمان دەڵێت وا دەکاتو وا دەکات، وا دەڵێتو وا دەڵێت. خۆ ئەگەر بانگت بکردایەو ئاگادارت بکردایە شتێکی باش بوو. ئەبو تالیب ناردی بە شوێنیدا، پێغەمبەر(ﷺ) هاتو چووە ژوور لە نێوان ئەو خەڵکەو ئەبو تالیبدا شوێنی نەفەرێك چۆڵ بوو، دەڵێت: ئەبو جەهل (نەعلەتی خوای لێ بێت) ترسا لەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لە تەنیشتی ئەبو تالیب دانیشێتو دڵی پێی بسوتێ هەڵسا ڕۆیشت لەو شوێنە دانیشت. پێغەمبەر(ﷺ) شوێنی نەما لە تەنیشك مامی دانیشێت. لە لای دەرگاکە دانیشت. ئەبو تالیب پێی وت: ئەی برازای خۆم! بۆچی ئەم خزمانەت شکاتت لێ دەکەن دەڵێن: تۆ قسە بە خوداکانیان دەڵێی. ئاواوئاوا دەڵێت؟ قورەیشیەکان زۆریان وت لە بارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ)،پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ئەی مامە من تەنها یەك وتەم لەوان دەوێت بیڵێن بەو وتەیە هەموو عەرەب شوێنیان دەکەوێتو هەر بەو وتەیە عەجەمیش سەرانەیان بۆ دێنن). ڕاچڵەکان لەم قسەیەی پێغەمبەر و هەموو وتیان: تەنها یەك وتە. بە گیانی باوکت دە وتەیش هەر باشە. وتیان ئەو وتەیە کامەیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لا إله إلاّ الله) هەڵسان تێکچوونو جلەکانیان دەتەکاندو دەیانوت: ﴿ أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴾ دەڵێت: لەسەر ئەم باسە ئەم ئایەتانە تا: ﴿بَل لَّمَّا يَذُوقُوا۟ عَذَابِ﴾ هاتنە خوارەوە. ئەمە قسەی ئەبو کورەیبە[1]. ئیمامی ئەحمەدو نەسائیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردووە.[2] خوای گەورە دەفەرموێت ئەوانە دەڵێن: ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ﴾ واتە: ئێمە لە دینەکەی تردا شتی وامان نەبیستووە، ئەمە ڕاستی تێدا نیەو هەڵبەستەیە. ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾ واتە: ئەم ئاینەی موحەممەد (ﷺ) ئێمەی بۆ بانگ دەکات کە بە تەنها خودا بپەرستین لە ئاینەکەی تردا نەمانبیستووە. عەوفی دەڵێت لە ئیبنوعەبباسەوە(ڕەزای خوا لەهەردووکیان بێت) ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾ واتە: ئاینی مەسیحی، وتیان: ئەگەر ئەم قورئانە ڕاست بووایە مەسیحیەکان هەواڵیان دەدایني.[3] ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ ﴾

---

[1] الطبري (١٤٩/٢١).

[2] احمد (٣٦٢/١)، النسائي في الكبرى (٤٤٢/٦)، تحفة الأحوذي (٩٩/٩)، ڕێگەی ئەم فەرموودە لاوازە.

[3] الطبري (١٥٢/٢١).

قەتادەو موجاهید دەڵێن: واتە: درۆیە.[1] ئیبنو عەباس دەڵێت: واتە: هەڵبەستراوە.[2] ﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۚ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ﴾ واتـە: چـۆن لـەناو هەمووماندا قورئـان هـەر بـۆ ئـەو هاتووە؟ دوو دڵیشن کە قورئـان مـن ناردبێتم، هێشتا ئازاری ئێمـەیان نەچەشتووە. ئەمانە دەڵێن: ﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا﴾ ئایا لەناو ئێمەدا قورئان هەر بۆ ئەو هاتووە؟ زۆر بە دووری دەزانن کە قورئان تەنها بۆ ئەو بێتە خوارەوە لـەناو ئـەو هـەموو خەڵکـەدا وەك خـوای مـەزن لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ﴾[3] واتـە: وە وتیـان بۆچـی ئـەم قورئانە نەنێردراوەتە خوارەوە بۆ پیاوێکی گـەورەی (نـاودارو دارا) لـەم دوو شـارە (مەککـەو طـائف). خـوایش دەفـەرمووێت: ﴿ أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ﴾[4] واتە: ئایا ئەوان ڕەحمەتی پەروەردگارت دابەش دەکەن لە کاتێکدا ئێمە لە نێوانیاندا دابەشمان کردووە هۆی گوزەرانیان لە ژیانی ئەم دونیایەداو هەندێکیانمان چەند پلـە بـەرز کردووەتەوە بەسەر هەندێکی ترياندا. بۆیە کاتێك کە وا دەڵێن: قسەکەیان بەڵگەیە لەسەر نـەزانیو بـێ ئاوەزیان کە بە لایانەوە دوورە پێغەمبەرێك لەناو خۆیاندا ڕەوانە بکرێت. خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ﴾ واتە: بۆیە ئەو قسانە دەکەن چونکە هەتا ئەو کاتەی کە ئەوقسەیەی تێدا ئەکـەن سزای ئێمەیان نەچەشتووە. بەم زووانە باجی ئـەو قـسانەو ئـەو بێباوەڕیەیان ئـەدەن لـە ڕۆژێکدا کـە هەموو بانگ دەکرێن بۆ ناو ئاگری جەهەنەم. پاشان خوای مەزن ڕوونی دەکاتەوە کە هەر خۆی هـەموو شتێکی بە دەستەو خاوەنیەتی. هەرچی مەیلی لێ بێت دەیکات مەیلی هەر کەس بێت پێی دەبەخشێت مەیلی لێ بێت هەر کەسێك بکاتە خاوەن دەسەڵات دەیکاتو مەیلیشی لە هەر کەسێك بێت سەرشۆڕی بکات دەیکات، مەیلی لێ بێت ڕێگا نیشانی کەسێك بدات دەیداتو هـەر کەسیش گومڕا بکـات گومڕای دەکات، جوبرەئیل بە فەرمانی خۆی بـۆ هـەر کەسـێك مـەیلی لێ بێـت ڕەوانـە دەکـات لـە عەبـدەکانیو مۆریش دەنێت بەسەر دڵی هەر کەسێکدا خۆی مەیلی لێ بێت کەسیش ناتوانێـت لـە پـاش خـودا ڕێـی نیشان بدات. چونکە عەرەبەکان خاوەنی هیچ شتێك نینو هیچیان بـە دەسـت نیـە ئـەو شتەیش هەرچەندە بێ نرخ بێت. وەك پێستی ناوکی خورما یان مێرولە لە هەرە وردیلەکان. بۆیـە خـوای مـەزن

[1] الطبري (٢١/١٥٥).
[2] الطبري (٢١/١٥٤).
[3] الزخرف (٣١).
[4] الزخرف (٣٢).

سەرزەنشتیان دەکات دەفەرمووێت: ﴿أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ﴾ واتە: ئاخۆ ئەوان گەنجینەکانی بەزەیی پەروەردگاری بە دەسەڵاتو بەخشندەی تۆیان لایە؟ ﴿ٱلۡعَزِيزِ﴾ واتە: خاوەن دەسەڵاتی هەتاهەتایی، ﴿ٱلۡوَهَّابِ﴾ زۆر بەخشندە، بۆ هەر کەسێك مەیلی لێ بێت، ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿(٥٢) أَمۡ لَهُمۡ نَصِيبٌ مِّنَ ٱلۡمُلۡكِ فَإِذًا لَّا يُؤۡتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا (٥٣) أَمۡ يَحۡسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۖ فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَءَاتَيۡنَٰهُم مُّلۡكًا عَظِيمًا (٥٤) فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن صَدَّ عَنۡهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا﴾[1] واتە: ئایا ئەوانە (جوولەکەکان) بەشیان هەیە لە دەسەڵاتی پاشایەتی (خاوەنێتی بوونەوەر)؟ (جا ئەگەر بیانبووایە) ئەو کاتە بە خەڵکیان نەدەبەخشی (بە ئەندازەی) توێکڵی دەنکە خورمایەك، یان ئێرەیی دەبەن بە خەڵکی؟ لەسەر ئەوەی خوا پێی بەخشیون (کە پێغەمبەرێتیە) لە فەزڵو بەهرەی خۆی ئەوە بێگومان داومانە بە نەوەی ئیبراهیم کتێبو پێغەمبەرێتی هەروەها پێمان بەخشین دەسەڵاتێکی گەورە، جا لەو خەڵکەدا هەبوو بڕوایان بە (موحەممەد (ﷺ)) هێنا هەشیانبوو بەرگری لێ کردووەو دۆزەخ بەسە (بۆیان) کە ئاگرێکی هەڵگیرساوە. وە دەفەرمووێت: ﴿قُل لَّوۡ أَنتُمۡ تَمۡلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحۡمَةِ رَبِّيٓ إِذًا لَّأَمۡسَكۡتُمۡ خَشۡيَةَ ٱلۡإِنفَاقِۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ قَتُورًا﴾[2] واتە: بڵێ ئەگەر ئێوە خاوەنی خەزنەو نیعمەتەکانی پەروەردگارم بن ئەو کاتە دەتانگرتەوە (لە بەخشین) لە ترسی خەرج بوونو تەواو بوونو ئادەمی هەمیشە ڕژدەو چرووکە. ئەمە دوای ئەو بەسەرهاتەیە لەو خوانەناسانەوە کە بڕوایان نەدەکرد بە ڕەوانەکردنی پێغەمبەر(ﷺ) کە مرۆڤ بێت. وەك خوای مەزن باسی هۆزی پێغەمبەر ساڵحی کردووە (سەلامی خوای لێ بێت)کاتێك وتوویانە: ﴿أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ مِنۢ بَيۡنِنَا بَلۡ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٞ (٢٥) سَيَعۡلَمُونَ غَدًا مَّنِ ٱلۡكَذَّابُ ٱلۡأَشِرُ﴾[3] واتە: ئایا لەناو هەمووماندا سرووش هەر بۆ ئەو کراوە بە تەنها؟ (نەخێر) بەڵکو ئەو (صالح) پیاوێکی زۆر درۆزنی خودپەسەندو لووت بەرزە، سبەی دەزانن کە کێ زۆر درۆزنی خودپەسەندە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ﴾ واتە: ئەگەر گەنجینەکانی بەزەیی خوای تۆیان لایە ﴿أَمۡ لَهُم مُّلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَٰبِ﴾ یان ئاسمانانو زەمینو هەرچی لەناویاندا هەیە لەبەر دەستی ئەواندایە؟ دەسا با پەیژە دانێنو بێنە سەری. واتە: ئەگەر

---

[1] النساء (٥٣ـ٥٥).

[2] الاسراء (١٠٠).

[3] القمر (٢٥ـ٢٦).

ئەوەندە خاوەن دەسەڵاتن با ڕێگاكانی ئاسمان بگرنەبەرو سەركەون. ئیبنو عەباس(ڕەزای خوایان لێ بێت) موجاهیدو سەعیدی كوڕی جوبەیرو قەتادەو كەسانی تریش دەڵێن: واتە: ڕێگاكانی ئاسمان.[1] زەححاك دەڵێت: با سەركەون بۆ ئاسمانی حەوتەم.[2] پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ﴾ واتە: ئەوانە لەشكرێكن لە كۆمەڵەكان كە لەوێ تێكدەشكێن. واتە: ئەو لەشكرە بێباوەڕانە كە زۆر خۆیان بە زل دەزانن‌و دژایەتیان دەكرد بەم زووانە تێكدەشكێن‌و ژێردەكەون وەك ئەوانەی كە پێش ئەوان چارەڕەش بوون لە گەلە بێباوەڕەكانی تر. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە كە دەفەرمووێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿٤٤﴾ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ﴾[3] واتە: یان دەڵێن ئێمە كۆمەڵێكی سەركەوتووین‌و نابەزین، بێگومان كۆمەڵەكەیان دەشكێنرێت‌و هەڵدێن، بەڵكو بەڵێنیان ڕۆژی دواییەو (سزای) ئەو ڕۆژە زۆر سەختترو تاڵترە.

﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ ﴿١٥﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿١٦﴾﴾

یادخستنەوەی ئەو گەلە پێشووانەی كە قڕكران

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ﴾ واتە: بەر لەمانەش هۆزی نوح‌و هۆزی عادو فیرعەونی خاوەن مێخەكان هەر بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا. ﴿وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ﴾ واتە: هۆزی سەمودو هۆزی لوت‌و خەڵكی ناو دارستانەكەش هەر لەو بێباوەڕانە بوون. خوای گەورە باسی ئەو گەلە پێشوانە دەكات كە چی بەسەر هێنان لە سزاو ئازارو جەزرەبەدان لەسەر بێ گوێی كردنی پێغەمبەران‌و دژایەتی كردن‌و باوەڕ پێ نەهێنانیان كە بەسەرهاتەكانیان لە پێشەوە لە زۆر شوێندا باس كراوە، ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ﴾ واتە: ئەوانەش هەر لەو بێباوەڕانە بوون. كە لە ئێوە بە تواناو خاوەن دەسەڵاتتر بوون‌و ماڵ‌و منداڵیان لە ئێوە زۆرتر بوو، ئەو دەسەڵات‌و ماڵ‌و منداڵە هیچ سزایەكی لێ نەگێڕانەوە كاتێك خودا فەرمانی دا بە سزادانیان. بۆیە خوای

---

[1] الطبري (٢١/١٥٦).

[2] الطبري (٢١/١٥٧).

[3] القمر (٤٤ـ٤٦).

گەورە فەرموویەتی: ﴿إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ﴾ واتە: گشت ئەوانە پێغەمبەرەکانی خۆیان بە لاوە درۆزن بووەو شایانی تۆڵەسەندن بوون. خوای مەزن دەفەرمووێت هۆکاری قڕکردنیان باوەڕنەکردنیان بە پێغەمبەرەکانیان بووە، کەوایە با ئەمانیش بترسن لەو تۆڵەیەی کە خودا لەوانی سەند، هەتا وەك ئەوانیان بەسەر نەیەت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ﴾ واتە: ئەوانە هەر چاوەڕوانن تا لە ناکاو قیڕەیەك پەیدا دەبێت، کە تەنانەت بەشی هەنسك دانێکیش وچان نادات، مالك دەڵێت: لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە واتە: هیچ مۆڵەتێکی تێدا نیە.[1] چاوەڕوانن لە ناکاو قیامەت دێتو نیشانەکانی هاتووەو زۆر نزیکە لە ئانو ساتدایە، ئەو (قیڕەیە) فوە ترسناکەکەیە خوای گەورە فەرمان دەدات بە ئیسرافیل کە فوو بکات بە کەڵەشاخدا، هیچ کەس نامێنێت لە خەڵکی ئاسمانانو زەمین ڕانەچڵەکێت مەگەر کەسێك خودا خۆی جیای کردبێتەوە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا۟ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ واتە: هەر دەڵێن: ئەی پەروەرێنمان! بەر لەوە ڕۆژی قیامەت بێت، پسولەی خۆمان بدەرێ. خوای مەزن ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بتپەرستان دەردەبڕێت کاتێك کە نزا لە خۆیان دەکەنو داوا دەکەن کە زوو سزایان بۆ دابەزێت (القط) واتە: نامەی کردار، وتراوە: (القط) واتە: بەش، بەهرە، ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) موجاهیدو زەحهاكو حەسەنو کەسانی تریش دەڵێن: داوایان کردووە زوو سزایان بۆ بێت.[2] قەتادە ئەمەیشی بۆ زیاد کردووە وەك خۆیان وتوویانە: ﴿ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[3] واتە: ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەم قورئانە ڕاستەو لە لایەن تۆوە هاتووە دەی بەرد بەسەرماندا ببارێنە لە ئاسمانەوە یان سزایەکی سەختی پڕ ئازارمان بۆ بنێرە.[4] وتراویشە داوایان کردووە کە زوو بەشی بەهەشتی خۆیان بدرێتێ ئەگەر بەهەشت ڕاستەو هەیە. بۆ ئەوەی لە دنیا بەشی خۆیان دەستکەوێت، ئەم قسەیان بە شێوەیەك کردووە کە بڕوایان پێی نەبووەو بە تەمای نەبوون، ئیبنو جەریر دەڵێت: داوای ئەو شتانەیان کردووە لە دنیادا بیاندرێتێو وەری بگرن لە خێرو لە شەڕ.[5] ئەم قسەیە ئیبنوجەریر دەڵێت قسەیەکی چاکە زەحهاكو

---

[1] عبدالرزاق (٣/١٦١).

[2] الطبري (٢١/١٦٤)، الدر المنثور (٧/١٤٨).

[3] الطبري (٢١/١٦٤).

[4] الانفال (٣٢).

[5] الطبري (٢١/١٦٥).

ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خالدیش هەروا دەڵێن والله أعلم.[1] لەبەر ئەوەی قسەی ئەم خوانەناسانە لە گاڵتەوگەپ دەچوو بە ڕاستیان نەدەزانی کە قیامەت دێت، خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەر(ﷺ) کە خۆڕاگر بێت لەسەر ئازاریان، مژدەیشی دەداتێ کە پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەوەو زاڵو سەرکەوتوو دەبێت. دەفەرموێت: ﴿ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ واتە: تۆ خۆڕاگربە لەسەر ئەوەی دەیڵێن.

﴿ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلْأَيْدِ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾ إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾ وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ ﴿٢٠﴾﴾

باسی داود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت)

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلْأَيْدِ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ واتە: هەرچی دەیڵێن، تۆ هەر خۆڕاگر بەو داود وەبیر خۆت بێنەوە، کە عەبدێکی بە دەسەڵاتی ئێمە بوو، لە هەر کارێك پەشیمانی ڕووی تێدەکرد هەر پەنای بە ئێمە دەهێنا. خوای گەورە باسی عەبدو پێغەمبەری خۆی داود دەکات کە چەند خاوەن دەسەلات بووە ﴿ٱلْأَيْدِ﴾ واتە: بە توانا لە زانستو کرداردا. ئیبنو عەباس‌و سودی‌و ئیبنو زەید دەڵێن: واتە: هێز.[2] موجاهید دەڵێت: ﴿ٱلْأَيْدِ﴾ واتە: هێز لە خواپەرستیدا.[3] قەتادە دەڵێت: داود (سەلامی خوای لێ بێت) هێزی پێ درابوو لە خواناسی‌وتێگەیشتن لە ئیسلامدا.[4] بۆیان باس کردووین کە داود (سەلامی خوای لێ بێت) سێیەکی شەو شەونوێژی دەکرد، نیو ساڵیش لە ساڵدا بەڕۆژوو دەبوو، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە. لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (خۆشەویسترین نوێژ لە لای خوای مەزن نوێژی داود بووە (سەلامی خوای لێ بێت) وە خۆشەویسترین ڕۆژوویش لای خودای مەزن ڕۆژوی داود بووە، کە نیوەی شەو دەنوستو سێیەکی شەو شەونوێژی دەکردو شەش یەکیش دەنووست ڕۆژێك بە ڕۆژو دەبوو ڕۆژێکیش ڕۆژی نەدەگرتو دەیشکاند، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا هەڵنەدەهاتو ڕای نەدەکرد بەردەوام دەگەڕایەوە بۆ لای خودا).[5] هەمیشە لە هەموو کاروبارێکدا دەگەڕایەوە بۆ لای خودا. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ﴾ واتە: کێوانیشمان ڕام هێنابوو کە تەسبیحاتی خوایان

---

[1] الطبري (٢١/١٩٥).

[2] الطبري (٢١/١٦٦/١٦٧).

[3] الطبري (٢١/١٦٦).

[4] الطبري (٢١/١٦٧).

[5] فتح الباري (٣/٢٠)، مسلم (٢/٨١٦).

دەکرد لەگەڵ ئەو (داود) بە ئێواران‌و بە بەیانیاندا. واتە: خوای مەزن کێوەکانی ڕامهێناوە لەگەڵ داود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) تەسبیحاتی خوا دەکەن لە کاتی خۆرهەڵاتن‌و ئێواراندا وەك خوا فەرموویەتی: ﴿يَـٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ﴾[1] واتە: ئەی چیاکان‌و باڵندەکان لەگەڵ داود زیکرو تەسبیح بڵێنەوە. هەروەها باڵندەیش بە تاریفی ئەو ئەوانیش هەر تاریفی خوا دەکەن‌و پەنا هەر بۆ ئەو دەبەن‌و لێی دەپاڕێنەوە. کاتێك کە باڵندەکان لە هەوادا دەگەڕێن گوێیان لە دەنگی داودە زەبور دەخوێنێت‌و دەیلەرێنێتەوە ناتوانن بڕۆن لەگەڵیدا تەسبیحاتی خوا دەکەن‌و کێوەکانیش دەیڵێنەوەو دەپاڕێنەوە بە دوای ئەودا. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی حارسی کوڕی نەوفەلەوە کە ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) نوێژی چێشتەنگای نەدەکرد، بردمە لای ئومو هانیء (ڕەزای خوای لێ بێت) پێم وت: ئەوەی باست کرد بۆ من بۆ ئەمیشی باس بکە، ئومو هانیء وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا هاتە ماڵەکەم، پاشان فەرمانی دا ئاو بکرێتە دەفرێکەوە، پاشان فەرمانی دا پارچە قوماشێکیان لە نێوان من‌و ئەودا گرت‌و خۆی شۆرد پاشان دەرماڵەکەی ئاوڕژێن کرد لە دوایدا هەشت ڕەکات نوێژی کرد. ئەو نوێژە کاتی ئێشتەنگا بوو هەڵسان‌و ڕکوع‌و سوژدەو دانیشتنی وەك یەك بوون‌و نزیك بوون لە یەکەوە. ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) چووە دەرەوە دەیوت: هەرچی لە نێوان هەردوو بەرگەکەدا هەیە هەمووم خوێندووەتەوە و ئێستا نەبێت نەمزانیوە نوێژی چێشتەنگاهەیە، ﴿يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ﴾ وە هەمیشە دەموت: نوێژی هەتاو هەڵاتن کامەیە (صلاة الإشراق) پاشان لە دوای ئەوە دەیوت ئەمەیە نوێژی هەتاو هەڵاتن.[2] بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ واتە: مەلانیش کۆمەڵ دەبوون‌و گشتیان بەرەو ئەو دەهاتن. واتە: باڵندەکان لە هەوادا دەوەستان ﴿كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ هەموو گوێڕایەڵ بوون تاریفی خودایان دەکرد لەگەڵیدا. سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو مالکی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم‌و ئیبنو زەید دەڵێن: گوێڕایەڵ بوون.[3] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ﴾ واتە: ئێمە فەرمانڕەواییمان بۆ پتەو کرد، لە کارزانیدا بەشمان داو بە قسەی ئەو هەموو کێشە کۆتا دەبوون.

﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ﴾ واتە: دەسەڵاتی تەواومان دایە لەوەی فەرمانڕەوا پێویستی پێی بو لە هەموو بارەیەکەوە، ئیبنو ئەبی نەجیح دەڵێت لە موجاهیدەوە: بەهێزترین خەڵکی دنیا بوو لە فەرمانڕەواییدا،

---

[1] سبأ (١٠).

[2] الطبري (٢١/١٦٩).

[3] الطبري (٢١/١٦٩).

﴿وَءَاتَيۡنَـٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ﴾ موجاهید دەڵێت: واتە: لە تێگەیشتن و ئاوەزو زیرەکیدا، قەتادە دەڵێت: لە کتێبی خوداو بەجێهێنانی ئەوەی کە تێیدا بوو. سودی دەڵێت: ﴿ٱلۡحِكۡمَةَ﴾ واتە: پێغەمبەرێتی.[1] ﴿وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ﴾ واتە: شورەیحی قازی و شەعبی دەڵێن: شایەتیدان و سوێندخواردن[2]. قەتادە دەڵێت: ﴿وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ﴾ واتە: دوو شایەت لەسەر داواکەرو سوێند لەسەر داوالێکراو. کەئەوە بریتی یە لە چارەسەرکردنی کێشەکان بە تەواوی[3]. ئەم کارە ئەو کارەیە کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) پێی هەڵدەسان. وە دەڵێت: هەروەها خاوەن باوەڕان و پیاوچاکان ئەمە بڕیارو کاری ئەم ئوممەتەیە هەتا ڕۆژی قیامەت. ئەبو عەبدوڕڕەحمانی سەلەمیش هەر وای وتووە. موجاهیدو سودی دەڵێن: ﴿وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ﴾ بریتیە لە بڕیاری ڕاست و تێگەیشتن و پێکان لەو بڕیارەدا[4]. دیسان موجاهید دەڵێت: (هو الفصل في الكلام و الحكم) یانی: جیاکاری و بڕینەوەیە لە قسەو لە بڕیلرە کاندا. ئەمە هەموو شتێك دەگرێتەوە مەبەستیش هەر ئەوشتەیە، ئیبنو جەریریش هەر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە[5].

﴿وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ ﴿٢١﴾ إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِي لَهُۥ تِسۡعٞ وَتِسۡعُونَ نَعۡجَةٗ وَلِيَ نَعۡجَةٞ وَٰحِدَةٞ فَقَالَ أَكۡفِلۡنِيهَا وَعَزَّنِي فِي ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدۡ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦۖ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡخُلَطَآءِ لَيَبۡغِي بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٞ مَّا هُمۡۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّـٰهُ فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّۤ رَاكِعٗا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرۡنَا لَهُۥ ذَٰلِكَۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴿٢٥﴾﴾.

بەسەرهاتی دوو دادبەرەکە (الخصمين)

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَهَلۡ أَتَىٰكَ نَبَؤُاْ ٱلۡخَصۡمِ إِذۡ تَسَوَّرُواْ ٱلۡمِحۡرَابَ﴾ واتە: ئەتۆ دەنگوباسی ئەو دادبەرانەت بیست، کە لە شوورەی نوێژگەکەیەوە سەرکەوتن؟ ﴿إِذۡ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ خَصۡمَانِ بَغَىٰ بَعۡضُنَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فَٱحۡكُم بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ وَٱهۡدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ﴾ واتە: کە چوونە ژوورەوە بۆ لای داود، لێیان ترساو ئەوانیش وتیان: نیگەرانیت نەبێت، دوو دادبەرین، یەك لە ئێمە

---

[1] الطبري (١٧١/٢١).
[2] الطبري (١٧٣/٢١).
[3] الطبري (١٧٣/٢١).
[4] الطبري (١٧٢/٢١).
[5] الطبري (١٧٣/٢١).

غەدری لەوی تر کردووە، کە چۆن ڕەوایە ئاوا لە نێوانماندا بڕیار بدە و لە دەستووری خودا لامەدەو ڕاستیمان نیشان بدە. زانایانی تەفسیر لێرەدا ڕووداوێکیان باس کردووە کە پڕە لە قسەی جوولەکەکان، هیچ فەرموودەیەك لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەگەیشتووەتە ئێمە لەو بارەیەوە کە پێویست بێ بڕوای پێ بکەین، بەڵام ئیبنو ئەبی حاتەم فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردووە کە سەنەدەکەی بە ڕاست نازانرێت چونکە یەزیدی ڕەقاش ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هەرچەندە یەزید لە پیاوچاکان بووە بەڵام فەرموودەی ئەم یەزیدە لاوازە لە لای زانایانی فەرموودە. باشترین شت ئەوەیە کە تەنها متمانە بکرێتە سەر دەقی قورئان لەم ڕووداوەدا. زانینی ڕاستیەکەی بگێڕینەوە بۆ لای خودا خۆی. چونکە قورئان ڕاستەو ئەوەیشی باسی کردووە هەر ڕاستە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ﴾ کاتێك چوونە لای داود لێیان ترسا. چونکە ئەو میحرابەکەیدا بوو کە بەرزترین شوێن بوو لە ماڵەکەیدا. فەرمانیشی دابوو کە هیچ کەسێك ئەو ڕۆژە نەچێتە لای، ئاگای لە خۆی نەبوو لە ناکاو دوو کەس لە دیواری میحرابەکەیەوە سەرکەوتن و چوونە لای. لە بارەی خۆیانەوە پرسیاریان لێ کرد. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَـٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ﴾ واتە: ئەم برای منە نەوەدو نۆ مەڕی هەیەو من تەنها مەڕێکم هەیە، وتی بە منی بسپێرەو لە کێشەکەدا من دەرەقەتی ئەو نەهاتم. ﴿وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ﴾ لە کێشەکەدا سەرکەوت بەسەرمدا. وتراوە: (عَزَّ يَعِزُّ) کاتێك سەرکەوتو زاڵ بوو. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّـٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ﴾ واتە: وتی: کە مەڕەکەی تۆ دەخاتە ناو مەڕەکانی خۆی غەدر دەکات، بێگومان زۆر لە شەریك و هاوبەشان ستەم لە یەکتری دەکەن مەگین ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هەیەو ئاکار چاکن، ئەویش کەمن. داود زانی تاقی کردواوەتەوە، ئیتر تووشی پەشیمانی هات، سوژدەی بردو لە پەروەردگاری پاڕایەوە کە بیبەخشێت. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ﴿فَتَنَّـٰهُ﴾ واتە: تاقیمان کردووەتەوە.[1] ﴿وَخَرَّ رَاكِعًا﴾ واتە: سوژدەی برد. ﴿وَأَنَابَ﴾ واتە: پاڕایەوە کە بیبەخشێت. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾ واتە: ئێمە لەو هەڵەی

[1] الطبري (٢١/١٨١).

بەخشیمان و ئەولە نزیكانی خۆمانەو گەڕانەوەی چاكی هەیە. واتە: ئەوەی كە داود كردی لەو شتانەیە كە دەوترێت: چاكەی پیاوچاكان گوناهی نزیكەكانی خودایە.

سوژدەی ناو سورەتی صاد (ص)

سوژدەی صاد لە سوژدە پێویستەكان (واجبەكان) نیە، بەڵكو سەژدەی شوكرە، بەڵگەیش لەسەری ئەو فەرموودەیە كە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: سوژدەی (ص) لە سوژدە پێویستەكان نیەو من پێغەمبەری خودام بینیوە سوژدەی تیا دەبرد.[1] بوخاریو ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائی لە تەفسیرەكەیدا ڕیوایەتیان كردووە، تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەكی چاكو ڕاستە.[2] وە دیسان نەسائی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سوژدەی لە (ص)دا بردووەو فەرموویەتی: (داود سوژدەی تیابردووە (سەلامی خوای لێ بێت) داوای لێبوردنی كردووە ئێمەش سوژدەی تیا دەبەین، سوپاسی خودا دەكەین) تەنها نەسائی ڕیوایەتی كردووە.[3] سەنەدەكانی جێی بڕوان. بوخاریش لە تەفسیرەكەیدا ڕیوایەتی كردووە دیسان لە عەووامەوە دەڵێت: پرسیارم كرد لە موجاهید لە سوژدەی (ص) ئەویش وتی: پرسیارم كردووە لە ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) لە كوێدا سوژدەت بردووە. وتی: (ئایا تۆ ئەم ئایەتەت نەخوێندووەتەوە: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ﴾[4] واتە: وە لە نەوەكانی نوحو داودو سولەیمانمان (ڕێنموونی كرد). ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ﴾[5] واتە: ئەوانە (ئەو پێغەمبەرانەی باسكران) كەسانێك بوون خوا ڕێنموونی كردن دەی پەیڕەوی ڕێگاو ڕێبازی ئەوان بكە (ئەی موحەممەد (ﷺ)). داود یەكێك بووە لەو كەسانەی كە فەرمان دراوە بە پێغەمبەرەكەتان (ﷺ) كە شوێن ڕچەی ئەو بكەوێت. داود سوژدەی تیابردووە (سەلامی خوای لێ بێت) پێغەمبەری خودایش (ﷺ) سوژدەی تیابردووە.[6] ئەبو داودیش ڕیوایەتی كردووە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر مینبەر سورەتی صادی خوێند كاتێك گەیشتە سوژدە هاتە خوارو سوژدەی برد خەڵكیش لەگەڵی

[1] أحمد (١/٣٩٥)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٢/٦٤٣)، ابو داود (٢/١٢٣)، تحفة الأحوذي (٣/١٧٦)، النسائي في الكبرى (٦/٣٤٢).

[3] النسائي (٢/١٥٩)، فەرموودەیەكی باشە (جيد).

[4] الانعام (٨٤).

[5] الانعام (٩٠).

[6] فتح الباري (٨/٤٠٥).

سوژدەیانبرد، لە ڕۆژێکی تردا خوێندی کاتێك گەیشتە سوژدە خۆیان بۆسوژدە بردن ئامادەکرد، سوژدە ببەن پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان ئەو سوژدەیە سوژدەی پەشیمانیو گەڕانەوەی پێغەمبەرێکە بەڵام من ئێوەم دی خۆتان ئامادەکرد بۆی). هاتە خوارەوەو سوژدەی برد.[1] تەنها ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە، سەنەدەکەی لەسەر مەرجی هەردوو سەحیحەکەیە. ﴿وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾ واتە: داود لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەندە نزیکەکانی خودایە لەبەر ئەوەی کە زۆر دەگەڕایەوە بۆ لای خوداو دادپەروەریش بوو لەگەڵ ئەوانەی کە لە ژێر دەستیدا بوون پلەی بەرزیشی هەیە لە بەهەشتدا. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (دادپەروەران لەسەر ئەو مینبەرانەن کە لە نورن لە لای ڕاستی خوداوەو هەردوو دەستی پەروەردگاریش هەر ڕاستن ئەو کەسانەی کە دادپەروەرن لەناو کەس و کاریاندا لەناو ئەوانەیشدا کە لە ژێر دەسەڵاتیاندان).[2]

﴿يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾﴾

ئامۆژگاری بۆ کاربەدەستو فەرمانڕەواکان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ﴾ واتە: ئەی داود! جێنشینمان لەسەر زەوی داوە بە تۆ، بە تەرزێکی خودا پەسەند، بە کاری مەردم ڕابگەو شوێن ئارەزووی خۆت مەکەوە، کە لە ڕێی خودا لات بدات. ئەو کەسانەی لە ڕێی خودا لادەدەن، چونکە قیامەتیان لەبیر چووە، جەزرەبەی توندو تیژیان هەیە. ئەمە ئامۆژگاری خودای گەورەیە بۆ کاربەدەستان کە بڕیاری دادپەروەرانە لە نێوان خەڵکیدا بەجێ بێنن. بەو شێوەی کە خودا فەرمانی پێداون لە لایەن خۆیەوە هەرگیز لێی لانەدەن. هەر کەسێك لە ڕێی ئەو لابدات و ڕۆژی قیامەت لەبیر خۆی بباتەوە ئەبێ چاوەڕوانی بەڵێنو سزای توندوتیژی خودا بکات. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبراهیمی ئەبو زورعەوە کە کتێبەکانی خوای خوێندبووەوە. وەلیدی کوڕی عبدالملك پێی وت: تۆ کتێبی سەردەمی پێشووت خوێندووەتەوەو قورئانیشت خوێندووەتەوەو لێی تێگەیشتووی، ئایا خەلیفەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت؟ وتم ئەی گەورەی موسڵمانان بیڵێم؟ وتی: بیڵێ، لە ئەمانی خودادای. وتم: ئەی گەورەی موسڵمانان! تۆ لەلای خودا بەڕێزتری یان داود(سەلامی خوای لێ

---

[1] أبو داود (١٤١٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (١٤٥٨/٣).

بێـت) کـە خـودای مـەزن پێغەمبەرایەتی و فەرمانڕەوایـشی پێکەوەپێدابوو، پاشـان لـە کتێبەکەیـدا هەڕەشەی لێکردووەو فەرموویەتی: ﴿يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾! عیکریمە دەڵێت: ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ﴾ ئەمە پێش و پاش خستنە یانی(لهم عذاب شديد يوم الحساب بما نسوا) واتە:جەزرەبەی توندو تیژ دەدرێن لە ڕۆژی قیامەتیدا بەهۆی ئەو لەبیر کردنەوەیانەوە[1]. سودیش دەڵێت: یانی (لهم عذاب شديد بما تركوا أن يعملوا ليوم الحساب) واتە: جەزرەبەی توندو تیژ دەدرێن لەبەر ئەوەی وازیان هێناو کاریان بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە نەکرد.[2] ئەم قسەیە زیاتر لەگەڵ دەقی ئایەتەکەدا گونجاوە و خوای سبحانە وتعالاش هاوکارە بۆ گەیشتن بەڕاستی یەکان.

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَـٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ إِلَيْكَ مُبَـٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَـٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿٢٩﴾﴾

مەبەست لە وەدیهێنانی دنیا

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَـٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ واتە: ئێمە ئاسمانو زەویمان و ئەوەش کە لە بەینیاندایە بە خۆڕایی دروست نەکرد، ئەو کەسانەی وا بیردەبەن خوانەناسن. هـای بۆئەوانـەی خوانەناسـن، بـۆ ئـەو ئـاگرەی دەچـنە نـاوی. خوای مەزن باسی ئەوە دەکات کە ئەم مەردمـەی بـە خـۆڕایی دروسـت نـەکردووە بـەڵکو بـە تـەنها بـۆ خواناسی دروستی کردوون پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆیان دەکاتەوە پاداشـتی گوێڕایـەڵان دەداتـەوەو سزای خوانەناسانیش دەدات. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَـٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ واتە: ئەوانەی کە چاوەڕوانی زیندووبوونەوەو ئامادەبوونی ڕۆژی قیامەت ناکەنو وا دەزانن هـەر ژیانی دنیایەو بەس. ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ واتە: هاوار بۆ ئەو کەسانە لـە ڕۆژی زیندووبوونـەوەو کۆبوونەوەیان لەوێدا لەو ئاگرەی کە بۆیان سازدراوە پاشان خوای گەورە ڕوونی کردووەتەوە بۆیان کە لە دادوەریو کارزانی خۆیەتی کە وەك یەك سـەیری خوانـاسو خوانـەناس ناکـاتو فەرموویـەتی: ﴿أَمْ

---

[1] الطبري (٢١/١٨٩).

[2] الطبري (٢١/١٨٩).

نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ﴾ واتـە: ئـاخۆ ئێمـە ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکار چاکن، هەروەك ئەوانە دادەنێین کە لەم زەویـەدا بەدفـەڕن، یـاخۆ ئێمـە خۆپارێزان وەك گوناهباران دەژمێردرین؟ واتـە: شـتی وا ناکـاتو لـە لای خـوا وەك یـەك نـین. کەوایـە دەبێت ژیانێکی ترو جێگایەکی تر هەبێت گوێڕایەڵ پاداشتی خۆی وەردەگرێتو بەدکاریش سزا بدرێت.

ئەم ڕوونکردنەوەیە بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانەی کـە خـاوەن ئـاوەزن و سروشـتێکی پاکیـان هەیـە لەسـەر ئەوەی کە دەبێت ڕۆژێك ببێت هەقو ناهەقی تێدا جیابکرێتـەوە. چـونکە ئێمـە سـتەمکارو لاسـاری زۆر دەبینین کە ماڵو منداڵی زۆرو ژیان بە خۆشی لە دنیادا دەباتەسەر لە دوایـشدا دەمرێـت تووشـی هـیچ ئازارێك نابێت. خوانـاسو سـتەم لێکـراویش دەبیـنین بـەو ئـازارەوە سـەردەنێتەوەو دەمرێـت، دەبێـت خوای گەورە و کارزانو زانا بە کارزانی دادوەری خۆی کە بە ئەندازەی مێرولە هەرە وردیلەکان ناهـەقی بە هیچ کەس ناکات ئەم هەقو ناهەقە لە یەك جیا بکاتەوە، خۆ ئەگەر لە دنیا جیای نەکاتـەوە دەبێـت ڕۆژێکی تر جیا بکاتەوە پاداشتی خوانەناس بداتەوەو جەزرەبەی ناهەقیکاریش بدات. لەبەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز ئەو شوێنو ڕێگا ڕاستەمان بۆ دیـاری دەکـاتو داوامـان لێدەکات بـە ئـاوەزەوە بـیر لـە نیشانەکانی بکەینەوەو ئامۆژگـاری لێ وەردەگـرینو خـودای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ واتە: ئەم قورئانە پڕ لە پیتو پیرۆزەمان بە خەڵات بـۆ تـۆ ناردەخوار تا لەسـەر نیشانەکانی ڕابمێـننو خـاوەن دڵان ئامۆژگـاری لێ وەرگـرن. واتـە: خـاوەن دڵان، ﴿ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ کۆی (لُب) واتە: عەقلو ئاوەز.

﴿وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَۚ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ٣٠ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ٣١ فَقَالَ إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ ٣٢ رُدُّوهَا عَلَيَّۖ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ٣٣﴾

باسی سولەیمانی کوڕی داوود (سەلامی خوایان لێ بێت)

خوای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَوَهَبۡنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيۡمَٰنَۚ نِعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ واتـە: سـولەیمانمان بـە خەڵات بەخشی بە داود ئای کە چەند عەبدێکی باش بوو، هەمیـشە ڕووی لـە ئێمـە بـوو. خـوای گـەورە باسی پێغەمبەر داود دەکات کە سولەیمانی بە خەڵات پێ بەخشیو کردی بە پێغەمبەر(سەلامی خوایان لێ بێـت) وەك لـە ئایـەتێکی تریشدا فەرموویـەتی: ﴿وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ دَاوُۥدَ﴾[1] سـولەیمان بـووە میراتگری

[1] النمل (١٦).

داوود، واتە: جێنشینی لە پێغەمبەرێتیدا. چونکە پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لێ بێت) کوڕو کاڵی زۆری تری هەبوو جگە لە سولەیمان لەبەر ئەوەی کە سەد ژنی ئازادی هەبوو. ﴿نِعْمَ ٱلْعَبْدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ سولەیمان عەبدێکی زۆر چاك بوو هەمیشە دەپاڕایەوە لە خوداو عیبادەتی دەکردو ڕوو لە خودا بوو، ﴿إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّـٰفِنَـٰتُ ٱلْجِيَادُ﴾ واتە: سەر لە ئێوارە وەختێك ئەسپانی ڕەسەنیان نیشان دا. واتە: کاتێك بووە سەرۆك و خاوەنی دەسەلاتو ئەسپانی ڕەسەن، سەر لە ئێوارە ئەسپە ڕەسەنەکانیان بە بەرچاویدا تێپەڕاند، موجاهید دەڵێت: ئەو ئەسپانەی کە لەسەر سێ پەل دەوەستن و پەلی چوارەم بەرز دەکەنەوە، ﴿ٱلْجِيَادُ﴾ بە هەڵمەتن و توند غار دەدەن.[1] زۆرێك لە زانایانی پێشینەش هەر وایان وتووە. ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە غەزای تەبوك یان خەیبەر گەڕایەوە پەردەیەك بە تاقی ماڵەکەیانەوە بوو هەوا لێی دا هەندێ لە پەردەکەی لادا بوکڵە یاریەکانی عائیشە دەرکەوتن (ڕەزای خوای لێ بێت)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی عائیشە ئەمانە چیە؟) وتی: بوکڵەکانمە لە نێوانیاندا ئەسپێکی باڵداری بینی لە پارچەیەکدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوە چیە کە لە ناویاندا دەیبینم؟) عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: ئەسپە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەسپێك کە دوو باڵی هەیە؟) عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: (دەی نەتبیستووە کە سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) ئەسپی هەبووە(باڵدار بووە) عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێکەنی (بە زەردەخەنەوە) هەتا من چاوم بە دانەکانی کەوت[2]. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ﴾ واتە: وتی: ئەوینی ڕەوەکەم (کۆمەڵی ئەسپو ماین) یادی خودای لەبیر بردم، هەتا لە چاو ون بوو. زۆرێك لە زانایانی پێشینە باسیان کردووە کە بینینی ئەسپەکان سەرقاڵی کرد تا کاتی نوێژی عەسر بەسەرچوو. گومانی تێدا نیە کە بە ئارەزوو وازی لێ نەهێنا، بەڵکو لە بیری چوو وەك چۆن پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی خەندەقدا لە سەرقاڵیدا نوێژی عەسری لەبیرچوو دوای مەغریب کردی. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە بەچەند شێوەی تر لەوانە. لە جابیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەگێڕێتەوە کە عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) لە ڕۆژی خەندەقدا دوای خۆرئاوا هات و قسەی بە خوانەناسانی قورەیش دەوت. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی عەسرم نەکرد هەتا وای لێ هات خۆر ئاوا بوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بە خوا منیش نوێژم نەکردووە). دەڵێت: چووین بۆ

---

[1] الطبري (٢١/١٩٢/١٩٣).

[2] أبو داود (٥/٢٢٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

بوتحان پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستنوێژی گرت بۆ نوێژو ئێمەش دەستنوێژمان گرت بۆ نوێژ، نوێژی عەسری کرد دوای ئەوەی کە خۆر ئاوا بوو پاش نوێژی عەسر نوێژی مەغریبیشی کرد[1]. ﴿رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ﴾ واتە: بیانگێڕنەوە، ئەوسا بە تیغ، دەستو پێو ملیان پەڕاندن (و کرانە خێر). حەسەنی بەسری دەڵێت: نەخێر ووتی: بە خوا (ئەمانە) سەرقاڵم ناکات لە بەندایەتی خوای خۆم و ئەمە دوایین جارە. پاشان فەرمانی دا دایان لە ملیان.[2] قەتادەیش هەر وای وتووە. سودی دەڵێت: بە شمشێر دای لە ملو دەستو پێیان.[3] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەستی دەهێنا بە باڵو (موی سەر ملی ئەسپو ماین) پشتیاندا لە خۆشەویستیاندا.[4] ئیبنو جەریریش ئەم قسەی هەڵبژاردووەو دەڵێت: نابێت ئەو سزای گیانداران بداتو دەستو پێیان ببڕێتو ماڵی بە فیڕۆ بدات بەبێ هۆکارێك. کاتێك ئەو مەشغوڵ بووەو نوێژی عەسری لەبیرچووە ئەوانە هیچ تاوانێکیان نەبووە.[5] ئەوەی ئیبنو جەریر بە لایەوە پەسەندە جێی تێڕوانینە، لەوانەیە لە شەرعی ئەواندا ئەم کارانە دروست بووبێت بە تایبەتی لە کاتێکدا لەبەر ڕەزامەندی خودا تووڕە بووبێت کە هۆکار بوو بۆ سەرقاڵبوونی هەتا کاتی نوێژەکە بەسەرچووە. بۆیە کاتێك کە ئەوانەی داپاچیوەو کردوونی بە خێر، خودایش پاداشتی داوەتەوە بە چاکتر لەوانە کە (هەوا)ی ژێربار کرد بۆی بە ئاسانی بۆ هەر شوێنی مەیلی لێ بووایە لە فەرمانیدا بوو، بەیانیان بە ئەندازەی مانگێكو ئێوارانیش بە ئەندازەی مانگێك دەڕۆیشت. کە ئەمە چاکترو خێراتر بوو لە ئەسپەکان. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو قەتادەو ئەبو دەهمائەوە کە هەردووکیان زۆر هاتوچۆی بەیتیان دەکرد وتیان: چووینە لای پیاوێکی خەڵکی بادیە. پیاوە لادێییەکە پێی وتین: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی گرتم ئەوەی خودا فێری کردبوو منی لێ فێرکردو فەرمووی: (بێگومان تۆ شتێك واز لێ ناهێنی لە بەر خوای گەورە مەگین خوای گەورەش لەوە چاکتر دەبەخشێت بە تۆ)[6].

﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ
بَعْدِىٓ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾

[1] فتح الباري (٢/٨٢)، مسلم (١/٤٣٨).
[2] الطبري (٢١/١٩٥).
[3] الطبري (٢١/١٩٥).
[4] الطبري (٢١/١٩٦).
[5] الطبري (٢١/١٩٦).
[6] أحمد (٥/٧٨)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی سەحیحە.

وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾﴾

تاقیکردنەوەی سولەیمان و ڕێزلێنانی لە دوایدا

خـوای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴾ واتـە: ئێمـە سولەیمانیشمان تاقی کردەوەو لاشەیەکمان هاوێشتە بان کورسیەکەی‌و دیسان هەر ڕووی کردە ئێمە. خوای گەورە باسی چۆنیەتی ئەو لاشەیەی نەکردووە کە خراوەتە سەر کورسیەکەی سولەیمان نازانین ئەو لاشەیە چیەو چۆن بووە؟ بەلاّم ئێمە باوەڕمان وایە کە خودا تاقی کردەوە بەو لاشەیە کە فڕێ درایە سەر کورسیەکەی. هەرچی لەو بارەیەوە وتراوە هەموو لە جوولەکەکانەوە وەرگیراوە ڕاست‌و درۆیمان بۆ جیاناکرێتەوە خودا خۆی دەزانێت، ﴿ثُمَّ أَنَابَ ﴾ واتە: پاش ئەو تاقی کردنەوەیە هەر ڕووی کردە خواو پاڕایەوەو داوای لێبوردنی لێ کردو پاشان داوای دەسەلاّتێکی لێ کرد کە دوای ئەو نەکەوێتە دەستی هیچ کەسێکی تر ﴿قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴾ واتـە: وتی: ئەی پەروەردگارکەم! عافووم بکەو سامانێکی وام بدەیە کە لـە دوای مـن گیری هیچ کەسی تر نەکەوێت، بەخشندەی هـەرە گـەورە تـۆی. ﴿لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾ واتـە: سولەیمان داوای کرد لە خودا کە دەسەلاّتێکی بداتێ هیچ کەسێك دوای ئەو ئەو دەسەلاّتەی پێ نـەدرێت لـە ئادەمیزاد. دەقی ئایەتەکەش هەر وا دەگەیەنێت‌و فەرموودەی سەحیحیش هـاتووە لەو بارەیـەوە لـە چەند ڕێگاوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) بوخاری ڕیوایەتی کردووە لـە تەفسیری ئـەم ئایەتـەدا لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: عفریتێك لـە جنۆکـە دوێنـی لـە ناکاو هاتە بـەر دەمـم بـۆ ئـەوەی نوێژەکـەم پـێ ببڕێـت. خـوای گـەورە زاڵـی کـردم بەسـەریدا ویستم ببەستمەوە بە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە هەتا بەیانی هەمووتان سـەیری بکـەن قسەکەی برام سولەیمان پێغەمبەرم (سەلامی خوای لێ بێت) هاتەوە یاد کە وتـی: ﴿رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ﴾ (روح)دەڵێـت: بۆیـە پێغەمبـەریش(ﷺ) بەسەرشـۆڕی دەری کـرد.[1] هـەر بـەم شێوەیە موسلیم‌و نەسائی ڕیوایەتیان کردووە.[2] دیسان موسلیم لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو دەردائەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵسا نوێژ بکات گوێمان لێ بـوو

[1] فتح الباري (١/٦٦٠).

[2] مسلم (١/٣٨٤)، النسائي في الكبرى (٦/٤٤٣).

دەیفەرمووی: (پەنا دەگرم بە خودا لە تۆ (پاشان فەرمووی) لەعنەتت لێ دەکەم بەو لەعنەتەی کە خوا لێی کردووی سێ جار، دەستی ڕاکێشا وەك ئەوەی دەست بۆ شتێك بەرێت، کاتێك نوێژەکەی تەواو کرد، وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) گوێمان لێت بوو لە نوێژەکەتدا شتێکت دەفەرموو، لێمان نەبیستبووی لەمەوپێش، وەچاومان لێت بوو دەستت ڕاکێشا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دوژمنی خوا شەیتان بە گڕێك لە ئاگرەوە هات و ویستی بیدا بە ڕومدا منیش وتم: پەنا دەگرم و خۆم دەپارێزم بە خودا لە تۆ. سێ جار. پاشان وتم: لەعنەتت لێ دەکەم بەو لەعنەتە تەواوەی خوا لێی کرد. هەر نەچووە دوا. سێ جار پاشان ویستم بیگرم سوێند بەخوا ئەگەر دوعاکەی برامان سولەیمان نەبووایە دەبووایە بە شەتەکدراوی و بەستراوی بمایەتەوە تابەیانی منداڵانی خەڵکی مەدینە یاریان پێ بکردایە).[1]

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ واتە: ئێمە بامان بۆ ڕام هێنا (بە فەرمانی ئەو) بە نەرمی بۆ هەر کوێیەك بیویستایە دەکەوتەڕێ. حەسەنی بەسری دەڵێت: کاتێك سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) لەبەر خاتری خودا توورە بوو دای لە ملی ئەسپەکان خوای گەورە پاداشتی داوە بە چاکترو تیژتر لەوانە بە (هەوا) کە بەیانیان بە ئەندازەی ڕۆیشتنی مانگێك ئەڕۆیشت و ئێوارانیش هەروەها.[2] ﴿حَيْثُ أَصَابَ﴾ واتە: بۆ هەر کوێ بیویستایە دەڕۆیشت لە وڵاتدا. وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ﴾ واتە: وە هەموو شەیتانەکانمان بۆ ڕام هێنابوو کە بیناسازو مەلەوانی ژێردەریا بوون. واتە: هەندێ لەو شەیتانانەی بەکاردەهێنرا بۆ دروستکردنی کۆشك و تەلارو پەیکەر، دەفری گەورە لە وێنەی حەوزو مەنجەڵی زلی فراوان چەندین کاری تری گران کە لە توانای مرۆڤدا نیە. هەندێکی تریان مەلەوانی ژێردەریا بوون مرواری و شتی بەنرخیان دەردەهێنا لە ژێردەریا نەبووایە دەست نەدەکەوت، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ﴾ واتە: هێندێکی تریش زنجیر لە مل هاتبوونە بەرفەرمانی. واتە: بە زنجیری ئاسن بەسترابوونەوە لەوانەی کە سەرپێیان دەکردو نەیاندەویست کار بکەن، یان بە چاکی کاریان نەدەکرد تەمەڵی دەکرد. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: سامانێکمان پێ بەخشیوی کە لە ژمارە دەرچووە؟ سا تۆ یان چاکەی لێ بکە، یان ڕای بگرە. واتە: ئەوەی کە بە تۆمان بەخشیوە لە سامان و دەسەڵاتی تەواو وەك خۆت داوات لێ کردین بە ئارەزووی خۆت بە کێی دەدەی بیدەو بە کێشی نادەی مەیدە بۆت ڕەوایە و چاکە، لەسەرت نانوسرێت. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کاتێك پێغەمبەری

[1] مسلم (١/٣٨٥).

[2] الطبري (٢١/٢٠١).

خودا(ﷺ) سەرپشك كراو ڕێی پێدرا لە نێوان ئەوەی كە پێغەمبەرێكی فرستادە بێت یان پێغەمبەرێكی خاوەن سامانو دەسەلات بێت، بە مەیلی خۆی ئەوەی خودا پێی داوە بیدا بە هەر كەسێكو نەیدات بە هەر كەسێك. پرسیاری لێ نەكرێتو گوناهیش نەكات. پلەی یەكەمی هەڵبژارد دوای وتوویژ لەگەڵ جوبەرئیلدا (سەلامی خوای لێ بێت) پێی وت: ملكەچ بەو تەوازوعت هەبێت، بۆیە یەكەمی هەڵبژارد چونكە پلەی بەرزتر دەبوو لە لای خودای گەورە. وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا ڕێزدارترە. هەرچەندە ئەو پلەی دووهەمەش هەر پێغەمبەرێتیە لەگەڵ ئەو هەموو دەسەلاتە گەورەیە لە دنیاو لە دواڕۆژیشدا. بۆیە خوای بالادەست كاتێك ئەو دەسەلاتەی داوە بە سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) لە دنیادا فەرمووشیەتی كە لە دواڕۆژدا دیسان خاوەن بەشە، فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلۡفَىٰ وَحُسۡنَ مَـَٔابٖ﴾ سولەیمانیش لە نزیكەكانی خۆمانەو گەڕانەوەی چاكی هەیە. واتە: لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا.

﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴿٤٢﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٤٣﴾ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿٤٤﴾ ﴾

باسی ئەیوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت)

خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) دەكات كە تاقی كردووەتەوەو تووشی ئازارو مەینەتی كرد لە سامانو منداڵو لاشەدا هەتا وای لێ هات بە ئەندازەی سەرە دەرزیەك لە لاشەیدا نەما ساغ بێت تەنها دڵی نەبێت. هیچ شتێكی نەما كە سوودی لێ وەربگرێت لەو نەخۆشیەدا كە تووشی بووە. خێزانەكەی نەبێت هەر خۆشی دەویست چونكە باوەڕی بە خواو پێغەمبەرەكەی بەهێز بوو. دەچوو ئیشی دەكرد بۆ خەڵكی بە كرێ دەیدایە خواردەمەنیو دەرخواردی دەداو خزمەتی دەكرد ماوەی هەژدە ساڵ. ئەیوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) لە پێش ئەم نەخۆشیەدا ماڵو منداڵێكی چاكی هەبوو ژیانی زۆر بە خۆشی لە دنیادا دەبردەسەر. هیچی نەما تا وای لێهات لە شوێنێكدا دوور لە خەڵك مایەوە لەو ماوەیەدا كەس نزیكی نەدەكەوتەوە لە كەسوكاری دوورو نزیك تەنها ژنەكەی نەبێت (ڕەزای خوای لێ بێت) شەوو ڕۆژ لە لای بوو ئەو كاتانە نەبێت كە ئیشی بۆ خەڵكی دەكرد بە پەلە دەگەڕایەوە بۆ لایو هەرگیز لێی دوورنەدەكەوتەوە. ئەم ئازارە درێژەی كێشاو حاڵی زۆر خراپ بوو هەتا ئەم مەینەتو ئازارە بە فەرمانی خودا كۆتایی هات ماوەكەی تەواو بوو، ئەیوب بەكوڵ پاڕایەوە لە خودای هەموو جیهانیانو پەروەردگاری پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ

بێت) ووتی: ﴿أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾[1] واتە: بە ڕاستی من زیانو ئازارو نەخۆشی دووچارم بووەو تۆش میهرەبانترینی میهرەبانانی. لەئایەتێکی پیرۆزی تردا ئەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ﴾ واتە: لە ئەیوبیش کە لە عەبدانی ئێمە بوو بیربکەوە لەو کاتەدا هاواری بۆ پەروەردگاری هێنا: ئەوا شەیتان منی تووشی ئازارو لەش بەباری کرد. وتراوە: (نُصب)بە لەش بەباریو (عذاب)بە ئازار چەشتنو بە لەناوچوونی ماڵو منداڵ. ئا لەو کاتەدا خوای زۆر بە بەزەییو دلۆڤان بە هانایەوە هاتو پاڕانەوەکەی لێ وەرگرت. فەرمانی پێکرد کە لە شوێنەکەی خۆی هەڵسێتو پای خۆی بکوتێ بە زەمیندا، ئەیوب هەڵساو پای خۆی کوتا بە زەویدا. خوای مەزن سەرچاوەیەکی ئاوی لە ژێر پێیدا هەڵقوڵاند فەرمانی پێکرد کە خۆی لەناویدا بشۆرێت هەرچی ئێشو ئازار بوو لە لەشیدا نەماو ڕۆیشت، پاشان داوای لێکرد کە جارێکی تر لە شوێنێکی تردا پێی بدا بە زەمینداو کانیەکی تری هەڵقوڵاند فەرمانی دایە کە لێی بخواتەوە. هەرچی نەخۆشی هەبوو لەناو سکیدا نەماو ڕۆیشتو لەشی لە ڕووی دەرەوەو ناوەوە بە تەواوی چاك بووەوە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ﴾ واتە: پای خۆت بکوتە بە زەمیندا، کە ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ مەلەکردن دەست دەداتو ساردە دەشکرێت لێی بخۆیەوە. ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پێغەمبەری خوا ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) هەژدە ساڵ بەو (تاقی کردنەوەیەوە) مایەوە کەس نزیکی نەدەکەوتەوە لە دوورو نزیك تەنها دوو پیاو نەبێت لە هاوەڵە زۆر چاکەکانی کە هاتوچۆیان دەکرد، یەکێکیان وتی بە هاوەڵەکەی: بە خوا لەوانەیە ئەیوب تاوانێکی وای کردبێت هیچ کەسێك لە جیهاندا تاوانی وای نەکردبێت. هاوەڵەکەی پێی وت: کامەیە ئەو تاوانەی؟ وتی: لە ماوەی هەژدە ساڵدا خوا بەزەیی پێیدا نەهاتووەتەوەو ئەوەی تووشی بووە سارێژی نەکردووەو لەسەری لانەبردووە، ئێوارەیەك هەردووکیان چوونە لای ئەیوب، پیاوەکە خۆی بۆ نەگیراو ڕای هاوەڵەکەیی پێ وت. ئەیوبیش (سەلامی خوای لێ بێت) وتی: هیچ ئاگام لەوە نیە تۆ دەیڵێی ئەوە نەبێت کە خودا خۆی دەزانێ، من (تێئەپەڕیم) بە لای دوو پیاودا کە مشتو مڕیان ئەکرد و ناوی خودایان دەبرد، منیش ئەگەڕامەوە ماڵەوە و لەجیاتی ئەوان کەفارەتی سوێنەکانیانم ئەدا چونکە پێم ناخۆشبوو کە باسی خوا بە ناهەقی بکەن، جا دەڵێ: ئەیوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) دەچوو بۆ پێویستی دەرکردنی خۆی کاتێك تەواوی دەکرد خێزانی دەستی دەگرت هەتا دەیگەیاندە شوێنی

---

[1] الانبیاء (٨٣).

خۆی. ڕۆژێك خێزانی دواکەوت خوای مەزن وەحی نارد بۆ ئەیوب تا پێی بکوتێ بە زەمیندا کە ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ خۆشۆردنو ساردیشەو بۆ خواردنەوەش دەشێت، ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ﴾ خێزانی کە دواکەوت لای کردەوەو سەیری کرد بەرەو ڕووی هات خوای مەزن چاکی کردبووەوە نەخۆشی پێوە دیار نەمابوو، چاکتریش لە یەکەم جاری کاتێك خێزانی چاوی پێکەوت وتی: ئەرێ خودا چاکت بۆ بکات، ئایا ئەو پێغەمبەرەی خودا کە تووشی تاقی کردنەوە بوو نەتبینیوە؟ سوێند بە خوا کەسم نەبینیوە کە وەك تۆ لەو بچێت لە کاتی لەش ساغیدا، ئەیوب وتی: بێگومان من ئەوم. وتی: دوو پەڵەکشتوکاڵی هەبوو یەکێکیان گەنم بوو ئەوی تریان جۆ بوو. خوای گەورە دوو پەڵە هەوری نارد ئەوەندە ئاڵتونی باراند بەسەر مەڵۆ گەنمەکەدا هەتا لافاویکرد. پەڵەهەورەکەی تریش ئەوەندە ئاڵتونی باراند بەسەر جۆیەکەدا هەتا لافاوی هەستا. ئەمە قسەی ئیبنو جەریرە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (کاتێك ئەیوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) خۆی دەشۆرد بە ڕووتی کوللەی لە زێڕ ئەکەوت بەسەریدا ئەویش دەیخستنە ناو جلەکەی، خوای مەزن بانگی کرد: ئەی ئەیوب! ئایا بێ نیازم نەکردی لەو شتانەیکە بە چاوی خۆت دەیبینی؟ ئەیوب وتی: بەڵێ. بەڵام بێ نیاز نیم لە خێرو بێری تۆ). ئەم حەدیسە بوخاری بە تەنها هێناویەتی.[2] هەر بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ واتە: لە بەزەیی خۆمانەوە وردو درشتی خێزانیو هێندەی تریشمان پێ بەخشی، تا ببێتە بیرەوەری بۆ هەموو خاوەن ئاوەزان. حەسەنو قەتادە دەڵێن: خوای گەورە هەموو خێزانەکەی بۆ زیندووکردەوە ئەوەندەی تریشی لەگەڵ ئەوان پێ بەخشی.[3] وە دەفەرمووێت: ﴿رَحۡمَةٗ مِّنَّا﴾ واتە: لە بەزەیی خۆمانەوە بۆ ئەیوب لەسەر ئەو خۆڕاگریو نەپساوییەیو گەڕانەوەو خۆ بە کەم زانینیو پاڕانەوەی لێمان، ﴿وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ وە بۆ ئەوانەش کە خاوەن ئاوەزن هەتا بزانن کە پاشەڕۆژی خۆڕاگری ڕزگاربوونو خۆشی ئازادبوونەوە. خوای بالادەست دەفەرمووێت: ﴿وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ﴾ واتە: چەپکێك شوڵی وردو لقی تازەدەرکردوو بگرە دەستتو پێی لێدە، با سوێندەکەت لێ نەکەوێت. ئێمە ئەومان بە پیاوێکی بە حەوسەڵە هاتە بەرچاو، عەبدی چاك بوو، بە ڕاستی ئەو تۆبەکار

[1] الطبري (٢١/٢١١).

[2] البخاري (٢٧٩/٣٣٩١/٧٤٩٣).

[3] الطبري (٢١/٢١٢).

بوو. چونکە ئەیوب تووڕە بووبوو لە ژنەکەی لەسەر کارێك کە کردبووی، سوێندی خوارد کە خوا شیفای داو چاکی کردەوە سەد داری لێ بدا کاتێك خودای مەزن چاکی کردەوەو شیفای بۆ نارد پاداشتی ئەو ژنەی کە ئەو خزمەتە زۆرەی کردو زۆر بە سۆزو بەزەیی و چاکەخواز بوو لەگەڵی ئەوە نەبوو کە سەد داری لێ بدا. بۆیە خوای مەزن فەرمووی: کە چەپکێك شوڵی وردو ناسك هەڵگرێت بە ئەندازەی سوێندەکەی کە سەد دار بوو لێی بدات بە یەك جار. تا سوێندەکەی نەکەوێت و ڕزگاری ببێت و نەزەرکەیشی بەجێ بێنێت. ئەمەش هۆکاری ڕزگاری و دەروویەکە بۆ ئەو کەسانەی لەخواترس و تۆبەکارن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ خوای گەورە وەسفی دەکات کە بەندەیەکی چاك و هەمیشە گەڕاوە بووە بۆ لای. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا﴾[1] واتە: وە هەر کەسێك خواناس بێت خوا دەرووی لێ دەکاتەوە، وە ڕزق و ڕۆزی دەدات لە لایەکەوە کە بە خەیاڵیدا نەهاتووەو هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێ ئەوە خوای بەسە بە ڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك ئەندازەیەکی دیاری کردووە.

﴿وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ ۝٤٥ إِنَّآ أَخْلَصْنَٰهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى ٱلدَّارِ ۝٤٦ وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ ٱلْمُصْطَفَيْنَ ٱلْأَخْيَارِ ۝٤٧ وَٱذْكُرْ إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ ۝٤٨ هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ۝٤٩﴾

باسی ئەو پێغەمبەرانەی لە هەڵبژاردە چاکەکانن

خوای گەورە باسی چاکەو چاکی پێغەمبەرەکانی دەکات (سەلامی خوایان لێ بێت) دەفەرموێت:

﴿وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ﴾ واتە: عەبدەکانمان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبیش وەبیر بێنەرەوە، کە هەموویان خاوەن دەست و دڵ ڕۆشن بوون. مەبەستی: بەو ئاکارە چاك و زانستە بەسوودەیان هەروەها ئەو هەموو عیبادەتە زۆرو چاوو دڵ ڕۆشنییەیانە. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ﴿أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى﴾ واتە: خاوەن توانا و بە عیبادەت. ﴿وَٱلْأَبْصَٰرِ﴾ واتە: تێگەیشتوو لە دیندا.[2] قەتادەو سوودی دەڵێن: توانایان پێدرا لە

[1] الطلاق (٢-٣).

[2] الطبري (٢١/٢١٥).

خواناسیو دڵ ڕۆشنی لە دیندا. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴾ چونكە هەمیشە قیامەتیان وەبیر خەڵك دەهێنایەوە، بوونە دۆستی تایبەتیمان. موجاهید دەڵێت: واتە: وامان لێ كردن هەمیشە كاریان بۆ ڕۆژی قیامەت دەكردو بیریان لە هیچی تر نەدەكردەوە.[1] سودی دەڵێت: هەمیشە باسی ڕۆژی دواییو كاریان هەر بۆ ڕۆژی دوایی بوو.[2] مالكی كوڕی دینار دەڵێت: خوای مەزن خۆشەویستیو باسی دنیای لە دڵ لابردبوونو تەنها خۆشەویستیو باسی ڕۆژی دوایی لە دڵدا جێگیركردبوو لایان. قەتادە دەڵێت: خەڵكیان ئاگاداردەكردەوە لە ڕۆژی قیامەتو داوایان لێ دەكردن كە كار بۆ قیامەت بكەن.[3] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾ واتە: ئەوان بە لای ئێمەوە لە هەڵبژاردە چاكەكانن. واتە: لە بەندە هەڵبژاردەو دیارو دەستنیشانكراوو چاكەكانی ئێمەن. وە دەفەرموێت: ﴿ وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴾ واتە: ئیسماعیلو ئەلیەسەعو زەلكیفلیشت لەبیر نەچێت. هەموویان لە پیاوچاكانن. باسو بەسەرهاتیان بە تەواوی لە سورەتی (الانبیاء)دا كراوە پێویست ناكات لێرەدا دووبارەی بكەینەوە، ﴿ هَٰذَا ذِكۡرٞۚ وَإِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ لَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ﴾ واتە: ئەمە بۆ بیرەوەریەكەو ئەوانەی لە خواترس بوون لەو دنیا جێگەیان خۆشە. واتە: ئەمە ئامۆژگاریەك بوو بۆ كەسێك دەرسی لێ وەربگرێت. سودی دەڵێت: واتە: ئەم قورئانە پیرۆزە[4].

﴿ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ ﴿٥٠﴾ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ﴿٥١﴾ ۞ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ أَتۡرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ ﴾

باسی پاشەڕۆژی خۆشبەختان

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ ﴾ واتە: باغاتێكە نەمانی بەسەردا نایەتو دەرگایان بۆ كراوەتەوە. خوای مەزن باسی بەندە خاوەن باوەڕو بەختەوەرەكانی دەكات لە ڕۆژی دوایدا چەندە جێگەیان خۆشەو بەختەوەرن دەفەرموێت: ﴿ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ ﴾ بەهەشتێك كە هەتاهەتایە بەردەوامە، ﴿مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ﴾ واتە: ئەم ئەلفو لامە لێرەدا بە مانای ئیزافەیە واتە دەرگاكانی

---

[1] الطبري (٢١/٢١٨).
[2] الطبري (٢١/٢١٨).
[3] الطبري (٢١/٢١٧).
[4] الطبري (٢١/٢٢٠).

بەهەشتیان بۆ کراوەتەوە ، هەر کاتێك هاتن دەرگا لەسەر پشتە بۆیان. ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ﴾ واتە: لەوێ پاڵیان داوەتەوە. هەر کاتێك هـاتن دەرگـای لەسـەر پـشتە بۆیـان، هـەر میوەو خواردنەوەیەك ئارەزوو بکەن و داوای دەکەن. ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا ﴾ واتە: پاڵیان داوەتەوە تیایـدا لـە ژێر پەردەدا. ﴿يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ﴾ واتە: هەرچی ئارەزوو بکەن تیایەتیو ئامادەکراوە بۆیان، ﴿وَشَرَابٖ ﴾ لە هەر جۆرو ڕەنگێك بەردەستو خزمـەتکارەکان بۆیـان دێـنن. ﴿وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ﴾ زۆر ئافرەتی هاوتەمەنیان لە لا هەیە، لە ڕووی نامۆ چاو دادەخەن. بۆ مێردەکانیان نەبێت ناڕوانن‌و لا ناکەنەوە بـەلای کەسـێکی تـردا، ﴿أَتۡرَابٌ ﴾ واتـە: هاوتەمـەنن، ئەمـە مانـای قـسەکەی ئیبنـو عـەباس‌و (ڕەزای خوای لێ بێت) موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موحەمەدی کوڕی کـەعبو سـودیە.[1] ﴿هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴾ ئەمانە هەر ئەو شتانەن کە بەڵێنتان پێدرابوو، ڕۆژی قیامەت دەودەنێ. واتە: ئەمەی کە باسمان کرد لە وەسفی بەهەشت کە خوای مەزن بەڵێنی داوە بـە بەنـدە خۆپارێزەکـانی کـە بچنە ناوی دوای زیندووبوونەوەو هاتنەدەرەوەیان لە گۆڕەکانیان‌و ڕزگاربوونیان لە ئاگر. پاشان خـوای مەزن باسی ئەو بەهەشتە دەکات کە هەرگیز لێی دەرناچن‌و تەواو نابێت‌و هەتاهەتاییە هەر بەردەوامەو دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴾ واتە: ئەمە بژێوی ئێمەیەو هەرگیز وشکایشی نایەت. وەك ئەم ئایەتەی کـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖ ﴾[2] واتـە: هەرچـی لای ئێوەیە تەواو دەبێت‌و نامێنێت بەڵام ئەوەی لای خوایـە هـەر دەمێنێـت. وە دەفـەرمووێت: ﴿عَطَآءً غَيۡرَ مَجۡذُوذٖ﴾[3] واتە: ئەوە بەخشینێکە بێ بڕانەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾[4] واتە: بۆ ئەوان هەیە پاداشتی بێ بڕانەوە. واتە: هەرگیز دوایی نایـەت. وە دەفـەرمووێت: ﴿أُكُلُهَا دَآئِمٞ وَظِلُّهَاۚ تِلۡكَ عُقۡبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْۚ وَّعُقۡبَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ﴾[5] واتـە: میـوەو سـێبەرەکانی (بەهەشـت) هەمیشەین ئـەو

---

[1] الطبري (٢١/٢٢٣).
[2] النحل (٩٦).
[3] هود (١٠٨).
[4] الانشقاق (٢٥).
[5] الرعد (٣٥).

(بەهەشتە) ئاكامی ئەوانەیە كە خۆیان پاراست (لە دنیادا)و ئاكامی بێباوەڕانیش هەر ئاگرە. ئایەت لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە.

﴿ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ ﴿٦٤﴾ ﴾

باسی دواڕۆژی بەدبەختان

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴾ واتە: ئەمە ئاوا، ئەو كەسانەش كە لە ڕێی ئێمە لادەدەن، دێنەوە شوێنی زۆر خراپ. وەختێك خوای بالادەست باسی پاشەڕۆژی ئەو كەسانەی كرد كە بەختەوەرن دەچێتە سەر باسی بەدبەختایش كە چیان بەسەردێتو دەچنە چ شوێنێكی زۆر خراپ كاتێ زیندوودەكرێنەوەو پرسیاریان لێ دەكرێتو فەرموویەتی: ﴿ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴾ ئەوانە كە لە فەرمانی خودا دەرچوونو دژایەتی پێغەمبەرەكانیان كرد (سەلامی خوایان لێ بێت) ﴿لَشَرَّ مَـَٔابٍ﴾ واتە: دەڕۆنە شوێنی زۆر خراپ. پاشان دەفەرموویت: ﴿ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴾ واتە: ناوەڕاستی دۆزەخەو شوێنێكی زۆر نالەبارە. واتە: دەچنە ناو جەهەنەمەوە لە هەموو لایەكەوە دایاندەپۆشێت، ﴿ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴾ واتە: با لەوێدا ئاوەكولّو كێمو زووخاو بخۆنەوە. ﴿حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ﴾ حەمیم واتە: ئاوێك كە لەوە زیاتر گەرم نابێت، غەساقیش بە پێچەوانەوە ئەوەندە ساردە لەبەر ساردی زۆر بە ژانەو ناخورێتەوە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴾ واتە: هەر لەو جۆرە جەزرەبانە، چەندین وێنەی تریش هەیە. واتە: چەندین نموونەی تریش لەمانە كە پێی سزا دەدرێن. حەسەنی بەسری لەمانای ئەم ئایەتەدا: ﴿وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴾ ئەفەرموێ: یانی چەند جۆر لە سزا.[1] كەسانی تریش وتوویانە: وەك زەمهەریرو گرەباو خواردنەوەی

[1] الطبري (٢١/٢٣٠).

ئاوەکولّو خواردنی ژەقنەموتو بەرزبوونەوەو کەوتنەخوارەوە لـەناو جەهەنەمداو چەندەهاشتی تـری دژبەیەك ، هەموو ئەم شتانەش کەرەسەی سزادان وسوکایەتی کردنە پێیان.

کێشمەکێشمی خەڵکی ناو ئاگر

خـوای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ﴾ واتـە: ئـەم گرۆیەش کە هەر بە زۆر لەگەڵ ئێوە دێنە ناوی، ئای بەخێر نەیەن. ئەوانیش دەشێت هەر لـەو ئاگرەدا بن. ئەمە گفتوگۆی خەڵکی ئاگرە لەگەڵ یەکتری خوای گـەورە بۆمـان بـاس دەکـات وەك لـە ئایـەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾[1] واتە:هـەر کاتێـك گروپێـك بچواتـە نـاو ئـاگر دوعـا لـە هاوڕەوشتەکانی دەکات لە باتی سڵاولێکردن. ئەو کۆمەڵـەش پـێش ئەمانـە چـوونەتە نـاو ئـاگر دەڵـێن بەوانەی دوای خۆیان کە گزیرانی (خەزەنەی) جەهەنەم دەیانهێنن بۆ ناو جەهەنەم پێیان دەڵـێن: ئـەی بەخێرنەیەن ئەوانیش دەبێت هەر لەناو ئاگردابن، ئەوانەیش کە دێن بۆ ناو ئاگر دەڵـێن: ﴿قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ واتـە: دەڵـێن: خۆتـان بـەخێر نەیـەن! ئێـوە ئـەم شـوێنە خراپەتان لە پێشدا بۆ ئێمە ڕەچاو کرد جێگەیەکی زۆر خراپە. واتە: ئێمەتان بـانگ کـرد هـەتا ئـا بـەم شێوەیەمان بەسەر هاتو دووچاری ئەم مەینەتیە بووین ﴿فَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ واتـە: شـوێنێکی زۆر خـراپو نالـەبارە. خـوای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ﴾ واتـە: دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان کێ پێشەکی ئەمەی بۆ ئێمە سازداوە، تـۆ دووسـەرە بـە ئـاگر جەزرەبـەی بـدە. وەك خـوای مـەزن لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾[2] واتە: دواییەکانیان (کـە شـوێنکەوتوبوون) دەربارەی پێشووەکانیان (کە پێشەوابوون) دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئەوانە ئێمـەیان گومڕا کـرد دە تۆش لە ئاگردا دووقات سزایان بدە (پـەروەردگار) دەفـەرموویێت بـۆ هـەرکامتان (سـزا) دوو بەرامبـەرە بەڵام ئێوە نازانن و بێ ئاگان. هەموو یەکێك لـە ئێـوە بـە پێـی خـۆی سزای هەیـە. ﴿وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ﴾ واتـە: دەشـڵێن: ئـاخۆ ئـەو پیاوانـەی بـە پیاوخراپمـان دەژمـاردن، بۆچـی نایانبینین؟ ﴿أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ﴾ واتـە: کـە گاڵتـەمان پـێ دەکـردن، یـان چـاو لـە دیتنیان کوێرە. ئەمە باسی ئەو خوانەناسانەیە کە ئەو کەسانە نابینن بە خەیاڵی خۆیان وایاندەزانی کە

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] الاعراف (٣٨).

سەریان لێ شێواوە لە خاوەن باوەڕان. دەڵێن: بۆچی ئەوانە لەگەڵ ئێمەدا لەناو ئاگردا نین‌و چاومان پێیان ناکەوێت. موجاهید دەڵێت: ئەمە قسەی ئەبو جەهلە کە دەڵێت: لەبەرچی من بیلال‌و عەمارو سوهەیب‌و فلان‌و فلان نابینم؟[1] بەڵام ئەمە تەنیا نموونەیەکەو هێنراوەتەوە، ئەگینا هەموو خوانەناسێك هەروا دەڵێت‌و بڕوایان وایە کە خاوەن باوەڕانیش هەر لەناو ئاگردان. بەڵام کاتێك چوونە ناو ئاگرەوەو خاوەن باوەڕانیان نەبینی لەوێ دەڵێن: ﴿مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا﴾ واتە: لە ژیانی دنیادا گاڵتەمان پێئەکردن. ﴿أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ شتی مەحاڵ ئەدەنە پاڵ خۆیان لە خۆیان دەپرسن و دەڵێن: لەوانەیە لەگەڵ ئێمە بن لە جەهەنەمدا بەڵام ئێمە چاومان پێیان نەکەوتووە! ئا لەو کاتەدا بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوانە پلەی بەرزو زۆر بڵندیان هەیەو بەڵێنی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا ۖ قَالُوا۟ نَعَمْ ۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌۢ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ ۚ وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّۢا بِسِيمَىٰهُمْ ۚ وَنَادَوْا۟ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۚ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ ۞ وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُوا۟ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمْ قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٨﴾ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾[2] واتە: وە بەهەشتیەکان بانگ دەکەن لە دۆزەخیەکان بێگومان ئێمە ئەوەی پەروەردگارمان بەڵێنی پێدابوو ڕاست بوو پێی گەیشتین جا ئایا ئێوەش ئەوەی کە پەروەردگارتان بەڵێنی پێدان ڕاست بوو پێی گەیشتن؟ دەڵێن بەڵێ پاشان جارچیەك جاری دا لە نێوانیاندا کە نەفرینی خوا لە ستەمکاران بێت، ئەوانەی بەرهەڵستی لە ڕێی خوا دەکەن‌و دەیانویست ئەو (ڕێگایە) بە خوارو نارێك نیشان بدەن لە کاتێکدا ئەوان بێباوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی، وە لە نێوانیاندا پەردەو جیاکەرەوەیەك هەیە بەسەر ئەعرافەوە (کە بەرزاییەکە لە نێوان بەهەشت‌و دۆزەخدا) پیاوانێك هەن هەریەکە لە بەهەشتی‌و دۆزەخیەکان دەناسنەوە بە هۆی نیشانە (و شێوەی تایبەت)یانەوە جا بەهەشتیەکان بانگ دەکەن‌و دەڵێن: سەلامتان لێ بێت هێشتا نەچوونەتە ناویەوە بەڵام ئومێدیان هەیە و بە تەمان بچنە ناوی، هەر کاتێك ڕوویان لادرێت‌و وەرگێڕدرێت بەرەو لای دۆزەخیەکان دەڵێن ئەی پەروەردگارمان مەمانخەرە

---

[1] الطبري (٢١/٢٣٢).

[2] الاعراف (٤٤ـ٤٩).

ڕیزی ستەمکاران، وە ئەوانەی وان بەسەر ئەعرافەوە پیاوانێك بانگ دەکەن کە بە نیشانەی تایبەتیاندا دەیانناسن دەڵێن کۆمەڵەکەتان سوودی پێ نەگەیاندن هەروەها خۆبەزلزانین‌و لەخۆبایی بونتان بە کەڵکتان نەهات، ئایا ئەوانە (هەژارە باوەڕدارەکان) هەر ئەوانە نین کە ئێوە (لە دنیادا) سوێندتان دەخوارد کە خوا بەر میهرەبانی خۆیان ناخات (خوا بە هەژارە باوەڕدارەکان دەڵێت) بچنە بەهەشت هیچ مەترسیەکتان لەسەر نیەو ئێوە خەم ناخۆن. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ ﴾ واتە: ئەمە کێشەی ئەهلی دۆزەخە ڕاستەو دەشێ هەر وەدی بێت. واتە: ئەمەی کە ئێمە بۆمان باس کردی ئەی موحەممەد (ﷺ) کێشەی خەڵکی ناو ئاگرەکە قسە بە یەکتری دەڵێن‌و دوعای شەڕ لە یەکتری دەکەن ڕاستەو گومانی تێدا نیە.

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٦٦﴾ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ ﴾

پەیامی پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵێکی زۆر گرنگ‌و گەورەیە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾ واتە: بڵێ: من خۆم هەر تەنها ترسێنەرێکم، غەیری خوای تاك‌و تەنهای زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا، هیچ شت بۆ پەرستن ناشێت. خوای مەزن فەرمان دەدات بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بڵێ بە خوانەناسان ئەوانەی کە شەریکی بۆ دادەنێن‌و باوەڕ بە پێغەمبەرەکانی ناکەن (سەلامی خوایان لێ بێت) کە من تەنها ترسێنەرم بۆیان. وە من بەو شێوەیە نیم کە ئێوە وا دەزانن: ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾ واتە: هەر خودا بە تەنها خۆی خاوەن دەسەڵات‌و زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا، ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ﴾ واتە: پەروەرێنی ئاسمانەکان‌و زەمینەو هەرچی لە نێوانیاندایە، کۆڵنەدەرو لێبوردەیە. ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەمین‌و ئەوەی لە نێوانیاندایە پارێزەریشیانە، ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ﴾ لێبوردەیە لەگەڵ ئەو هەموو مەزنی‌و دەسەڵاتەدا. وە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ﴾ واتە: بڵێ: ئەمە خەبەرێکی زۆر گەورە و گرنگە. واتە: ڕەوانەکردنی من بۆ لای ئێوە لە لایەن خوداوە هەواڵێکی زۆر گەورەو گرنگە. ﴿ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ﴾ واتە: کە ئێوە خۆی لێ دەبوێرن. واتە: ئێوە لێی بێ ئاگان خۆتانی لێ لادەدەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ

يَخۡتَصِمُونَ ﴾ واتە: کاتێ باڵانشینەکان کێشەیان لەناو پەیدا بوو، من هیچم لێ نەزانیووە. خۆ ئەگەر (وەحی) نەبووایە لە کوێ من بە کێشەی باڵانشینەکانم دەزانی؟ واتە: کە لە بارەی دروستبوونی ئادەم‌و (سەلامی خوای لێ بێت) ملنەدانی شەیتان کە سوژدەی بۆ بەرێت گفتوگۆی شەیتان لەگەڵ خوای مەزن لەو بارەیەوەو خۆ بەزلزانین‌و لەخۆبایی بوونی. وە دەفەرمووێت: ﴿إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴾ واتە: بۆیە پێم ڕادەگەیەنرێت، چونکە دەبێت ترس وەبەر ئێوە بێنم.

﴿إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿٧٦﴾ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ لَعۡنَتِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿٧٩﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٨٣﴾ قَالَ فَٱلۡحَقُّ وَٱلۡحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٥﴾﴾

بەسەرهاتی ئادەم‌و شەیتان (ئیبلیس)

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ﴾ واتە: کاتێك کە پەروەرێنی تۆ بە فریشتەکانی ڕاگەیاند: وا خەریکم مرۆڤێك لە قوڕ دروست بکەم. ﴿فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ﴾ واتە: هەر کاتێك لەشیم تەواو کردو لە گیانی خۆم فووم پێداکرد هەمووتان سوژدەی بۆ بەرن. ﴿فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ﴾ واتە: ئەوسا فریشتەکان گشتیان سوژدەیان برد. ﴿إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: ئیبلیس نەبێت، خۆی بە زل دی‌و سپڵەیی کرد. ﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ﴾ واتە: وتی: ئەی ئیبلیس! چی نەیهێشت سوژدە بەری بۆ ئەوەی دەستکردی خۆمە؟ ئاخۆ فیزت ڕێگەی نەدای یان لە پایەبەرزانی؟ ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ﴾ واتە: دیارە من خۆم لەو چاکتر دەزانم، من لە ئاگرو ئەوت لە قوڕ وەدی هێنا. ﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ﴾ واتە: وتی: لێرە برۆ دەرێ، لە ئێستەوە دەرکراوی. ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكَ لَعۡنَتِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ واتە: نەفرینی منت لەسەر بێت، تا ڕۆژی قیامەت ڕادەبێت. ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ واتە: ئەی پەروەردگاری من دەرفەتم بدە تا ئەو

ڕۆژەی هەموو زیندوو دەبنەوە. ﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴾ واتە: وتی: تۆ یەکێك لەوانەی کە مەودایان پێدراوە. ﴿ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴾ واتە: هەتا ئەو ڕۆژەو ئەو کاتەی دیاری کراوە. ئەم بەسەرهاتە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة)و سەرەتای سورەتی (الاعراف)و (سورەتی (الحجر)و (سبحان)و (الکهف)و لێرەشدا باسی کردووە کە خوای مەزن بە فریشتەکانی ڕاگەیاند لە پێش دروستکردنی ئادەمدا کە دەمەوێ مرۆڤێك دروست بکەم لە قوڕەڕەشەی ترشاوی وشکەڵاتوو وە داوای لێکردن کاتێك لاشەی تەواو دروست کرد با بۆ ڕێزلێنانو حورمەت سەیرکردنو لەبەر فەرمانو ڕەزامەندی خودا سوژدەی بۆ بەرن. هەموو فریشتەکان فەرمانی خودایان بەجێ هێنا غەیری شەیتان کە لە ڕەگەزی فریشتەکان نەبوو. بەڵکو لە ڕەگەزی جنۆکە بوو. دەینازی بە سروشتو وەدیهاتنی خۆیدا کەچی ئەو زیاتر پێویستی بەوەبوو کە ئەو فەرمانە بەجێ بێنێت. فیزکردن ڕێگای نەدا کە سوژدە ببات بۆ ئادەم. دەستی کردە قسەکردن لەگەڵ خودای گەورەدا. دەیوت کە ئەو چاکترە لە ئادەم چونکە ئەو لە ئاگر وەدی هاتووەو ئادەم لە قوڕ. وایدەزانی ئاگر لە قوڕ چاکترە. قسەیەکی هەڵە و بێ جێی کرد. فەرمانی خودای مەزنی شکاندو سەرپێچی کرد خوای گەورەش: نەفرینی لێکردو لوتی دا بە خۆڵەوە لە بەزەیی خۆی بێ بەشی کردو دووری خستەوە لە خۆیو ناوی نا ئیبلیس (واتە: بێئومێد) و بێ ئومێدی کرد لە بەزەیی خۆی. وە لە ئاسمان دەری کرد بە سەرشۆڕیو داماوی بۆ سەر زەوی. ئیبلیس داوایکرد لە خودا هەتا ڕۆژی زیندووبوونەوە مۆڵەتی بدات. ئەو خودا دەروون گەورەو بێ باکە کە سەرپێچی سەرپێچیکەران پەلەی لێ ناکات مۆڵەتی دایە. کاتێك شەیتان دڵنیا بوو لەوە کە تا ڕۆژی قیامەت مۆڵەت دراوەو ئیتر نامرێت، دەستی دایە لاساری و یاخیبوون. وتی: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾ واتە: وتی: دەسا سوێند بە دەسەڵاتی تۆ. سەر لە بەریان گومڕا دەکەم. ﴿ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾ واتە: مەگین ئەوانەی بە پاکی دەتپەرستن. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴾[1] واتە: (ئیبلیس) وتی پێم بڵێو هەواڵم بدەرێ لە بارەی ئەمەوە کە ڕێزی ئەوت داوە بەسەر مندا؟ سوێند بە خوا ئەگەر دوام بخەیت تا ڕۆژی دوایی و (نەمرم) تۆڵەی خۆم لەنەوەکانی دەکەمەوە و کەمێك لەوان نەبێت (کە بەندە تایبەتیەکانی خوان). بەڵام ئا ئەوانەی کە جیاکراونەتەوە شەیتان زاڵ نابێت بەسەریاندا وەك لە ئایەتێکی تردا خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ

---

[1] الاسراء (٦٢).

وَكِيلًا ﴾[1] واتە: بێگومان بەندەکانی من دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە (و ناتوانی گومڕایان بکەیت)و پەروەردگارت بەسەر پارێزەرو چاودێر بێت. وە دەفەرموێت: ﴿قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ﴾ واتە: وتی: سا ڕاست هەر ئەمەیەو هەرچی من بیڵێم ڕاستە. ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ واتە: دڵنیابە، تۆش و ئەو کەسانەی شوێن تۆ کەوتوون جەهەنەمیان لێ پڕ دەکەم. هەندێ لە زانایان وایان خوێندووەتەوە: بە ڕەفعی (الحَق)ی یەکەم، لەوانە موجاهید بەم شێوەیە لێکی داوەتەوە واتە: (أنا الحَقُّ والحقَ أقول) وە لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە موجاهیدەوە (الحَقُّ مني وأقول الحق)[2] ئەوەی لەمنەوە دەربچێت ڕاسەقینەیە و منیش ڕاستەقینە دەڵێم. هەندێ لە زانایانی تریش بە مەنصوبی هەردوو(الحق)ە کەیان خوێندووەتەوە. سودی دەڵێت: ئەوە سوێندێکە خودا سوێندی پێ خواردووە[3].

منیش دەڵێم: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾[4] واتە:بەڵام بەڵێنی من چەسپاوەو جێگیر بووە کە بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لە پەریو ئادەمی تێکڕا. ئەو ئایەتەش کە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ ٱذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَآءً مَّوْفُورًا ﴿٦٣﴾﴾[5] واتە: (خوا بە شەیتانی) فەرموو برۆ سا هەر کەس لەوان شوێنی تۆ کەوت ئەوە بە ڕاستی تۆڵەی هەمووتان دۆزەخە کە تۆڵەیەکی پڕبەپڕە.

﴿قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾﴾

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ﴾ واتە: بڵێ من هیچ پاداشتێکم لێتان ناوێ، لەوانەش نیم کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن. خوای مەزن دەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەی موحەممەد بڵێ بەو خوانەناسانە من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێ لەباتی ئەو ئامۆژگاریو ڕێ نیشاندرانە پێم بدەن لە ماڵی دنیا، ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ﴾ یانی: من هیچم ناوێ لەپاداشتی ئەوەدا کە خوا ناردویەتییەسەرم و نامەوێ زیادەشی بخەمەسەر، ئەوەیش خوای مەزن منی بۆ ڕەوانە کردووە هەر ئەوە دەگەیەنم هیچی لێ زیاد ناکەمو لێشی کەم ناکەم. بەڵکو هەر بە تەمای

[1] الاسراء (٦٥).
[2] الطبري (٢١/٢٤٢).
[3] الطبري (٢١/٢٤٢).
[4] السجدة (١٣).
[5] الاسراء (٦٣).

ڕەزامەندی خودام لە دنیاو ڕۆژی قیامەتدا. سوفیانی سەوری دەڵێت لە ئەعمەش و مەنسوریش لە ئەبو زوحاوە لە مەسروقەوە دەڵێت: هاتین بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: ئەی خەڵکینە. هەر کەسێك شتێك دەزانێ با بیڵێت، هەر کەسێکیش نازانێ با بڵێ خوا دەزانێ. چونکە ئەوە بەڵگەی زاناییە ئەگەر کەسێك شتێك نەزانێ بڵێ خوا باشتر دەزانێ.[1] چونکە خوای مەزن فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەتان(ﷺ): ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ﴾ موسلیمو بوخاری ڕیوایەتیان کردووە.[2] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: ئەم بیرەوەریو پەندە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە. واتە: ئەم قورئانە پەندو ئامۆژگاریە بۆ هەموو ئەو کەسانەی درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستن لە مرۆڤو جنۆکە، ئەمە قسەی ئیبنو عەباسە (ڕەزای خوای لێ بێت) وە ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانە وایە کە خوا دەفەرمووێت: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[3] واتە: بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنمو هەر کەسێکی کەش کە ئەم قورئانەی پێ دەگات. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾[4] واتە: وە هەر کەس باوەڕی پێی نەبێت لەو کۆمەڵو تاقمانە (ئەوانەی کۆبوونەوە لەسەر دژایەتی ئیسلام) ئەوە ئاگر جێگایەتی. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ﴾ واتە: بێگومان پاش ماوەیەکیتر دەنگوباسی ئەوتان بە لاوە ڕوون دەبێتەوە. ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ﴾ واتە: هەواڵی قیامەتو ڕاستیەکەیتان بۆ دەردەکەوێت، ﴿بَعْدَ حِينٍۭ﴾ واتە: بەم زووانە. قەتادە دەڵێت: واتە: دوای مردن. عیکریمە دەڵێت: واتە: ڕۆژی قیامەت. هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەم دوو قسەیەدا نیە. چونکە هەر کەسێك مرد وەك ئەوە وایە کە ڕۆیشتبێتە قیامەت.

---

[1] القرطبي (١٥/٢٣٠).

[2] فتح الباري (٨/٤٠٩)، مسلم (٢/٢١٥٥).

[3] الانعام (١٩).

[4] هود (١٧).

تەفسیری سورەتی (الزمر)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

ڕێزی سورەتی (الزمر)

نەسائی ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆژوی دەگرت هەتا دەمانوت: نایەوێت ڕۆژو بشکێنێت. ڕۆژوشی نەدەگرت هەتا دەمانوت: نایەوێت ڕۆژوو بگرێت. وە پێغەمبەر(ﷺ) هەموو شەوێك سورەتی بەنی ئیسرائیلو زومەری دەخوێند[1].

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ١ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ٣ لَّوۡ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدٗا لَّٱصۡطَفَىٰ مِمَّا يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ سُبۡحَٰنَهُۥۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ٤﴾

فەرماندان بە یەکتا پەرستیو پوچەڵکردنەوەی بتپەرستی

خوای مەزن هەواڵمان دەداتێ کە ڕەوانەکردنی ئەم کتێبە واتە قورئان لە لایەن خۆیەوە کە ڕاستەو هیچ گومانێکی تێدا نیە وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ﴾[2] واتە: بەڕاستی ئەم قورئانە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانیانە، جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە، بۆ سەر دڵی تۆ بۆ ئەوەی لە ترسێنەران بی، بە زمانێکی عەرەبی ڕوونو ڕەوان. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ ٤١ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ﴾[3] واتە: کە بە ڕاستی کتێبێکی زۆر بەرزو بەرزو جێگەی ڕێزە، بەتاڵ ڕووی تێ ناکات نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژدا (نە بە لێ کەمکردن نە بە لێ زیادکردن) چونکە نێردراوەتەوە خوارەوە لە لایەن (خوای) کاردروستی ستایش کراوەوە. وە لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾ واتە: ئەم کتێبە لە خوای خاوەن دەسەڵاتو لە کارزانەوە هاتووەتە خوار. واتە: پارێزراوەو لەناو ناچێت. ﴿ٱلۡحَكِيمِ﴾ واتە: کارزان لە کردارو گفتارو بڕیارو

[1] النسائي في الكبرى (٦/٤٤٤)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

[2] الشعراء (١٩٢_١٩٥).

[3] فصلت (٤١_٤٢).

بەرنامەیـدا. ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾ ئێمـە ئـەم کتێبـەمان بەڕاستی بۆ تۆ نارد، سا تۆ هەر خوا بپەرستەو بە دڵپاکی هەر لەسەر دینەکەی ئەو بـە. واتـە: هـەر بـە تەنها خوا بپەرستەو خەڵکیش بانگ بکە بۆ پەرستنیو ئاگاداریان بکـە کـە بەندایـەتی تـەنها بـۆ خـوا نەبێت نابێتو هیچ سوودێکی نیە. چونکە خودا هاوەڵو بریکارو یاریدەدەری نیـە. بۆیـە فەرموویـەتی: ﴿أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ كَفَّارٌ﴾ واتە: تۆ بزانـە دینـی پاکژ هەر هی خودایەو ئەو کەسانەی کە بە جێـی ئـەو گەورەگەلێکیان بـۆ خۆیـان دیوەتـەوە، دەڵێن: ئێمە هەر بۆیە دەیانپەرستین، لە خوا نزیکمان بکەنەوە، خوا بەو دووبەرەکایەتیە ڕادەگات، کە لـەناو ئەواندا هەیە. دیارە خودا مرۆڤی درۆزنی سپڵە بەرەو خۆی شارەزا ناکات. واتـە: هـەر کارێـك تـەنها بـۆ خـوا خـۆیو بـە دڵپـاکی نـەبێت وەرناگیرێـت. پاشـان خـوای مـەزن باسـی ئـەو کەسـانە دەکـات لـە موشـریکەکان کـە بـت دەپەرسـتنو دەڵـێن: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ﴾ واتـە: تـا ببنـە تکاکارمانو لە خوداوە نزیکمان بخەنـەوە.[1] بۆیـە ئەوانـە لـە داواو پاڕانەوەکانیانـدا لـە کـاتی نەفامیـدا دەیانوت : (لبيك لا شريك لك إلا شريكا هو لك تملكه وما ملك) ئەم هەڵەیەش هەر لە دێرزەمانەوە هـەتا ئەو کاتە موشریکەکان دووبارەیان دەکردەوەو پێی هەڵدەسان هـەتا پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لێ بێت) ڕەوانە کران بۆیان داوایان لێ کردن کە وازی لێ بێننو خـودای تـاکو تـەنها بپەرسـتن کـە هـاوەڵی نیە. ئەو شتەش بتپەرستان بۆ خۆیان دایانهێنابوو لە ئارەزووی خۆیانو خودا پێی ناخۆش بوو، ڕێگای پێ نەدابوون، بـەڵکو کـارێکی خـراپو قەدەغـە بـوو لـە لای خـودا وەك دەفـەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾[2] واتـە: سـوێند بـە خـوا لـەناو هـەموو گـەلو ئومەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تـەنها خـوا بپەرستنو دوور بکەونـەوە لـە (پەرستنی) هـەر پەرستراوێکی تـر. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ﴾[3] واتە: وە ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك نەناردووە مەگـەر نیگامـان بـۆ نـاردووە (بـەوەی کە) بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە کەواتە تەنها مـن بپەرسـتن. وە فەرموویـەتی کـە هـەموو ئەو فریشتانەی کە لە ئاسمانـدان بـە فریشـتە زۆر نزیکەکانیـشەوە هـەموو عەبدی ملکەچو گوێڕایـەڵی

[1] الطبري (٢١/٢٥١/٢٥٢).

[2] النحل (٣٦).

[3] الانبياء (٢٥).

خودای مەزنن. بە ئیزن و ڕەزامەندی ئەو نەبێت تکا بۆ کەس ناکەن ئەو فریشتانە لە لای خودا وەك کاربەدەست و فەرمانڕەوایانی دنیا نین کە بە ئارەزووی خۆیان تکا بکەن بۆ هەر کەسێك بیانەوێت با سەرۆکەکەیان پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، ﴿فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ﴾[1] واتە: ئێوە مەسەل (نموونە) بۆ خودا مەهێننەوە خودا بەرزو بڵندە زۆر دوورە لەو شتانەوە، ﴿إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ خودا دادوەری دەکات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا، ﴿فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: بەم زووانە خودا کێشەکانیان بۆ یەکلا دەکاتەوە کاتێك کە زیندوو دەکرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا هەر کەسەو پاداشتی کردەوەی خۆی وەردەگرێت. ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَٰؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ ۖ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ﴾[2] واتە: وە ڕۆژێك (خوا) هەموویان کۆدەکاتەوە پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێت ئایا ئەوانە (لە دنیادا) ئێوەیان دەپەرست، (فریشتەکان) دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ تەنها تۆ گەورەی ئێمەی نەك ئەوان بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست زۆربەیان باوەڕیان بەوان (جنۆکە) هەبوو. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ واتە: خودا ڕێی نیشانی کەس نادات کە درۆو بوختان بە دەمیەوە هەڵبەستێت و بە دڵ باوەڕی نەبێت بە نیشانەکانی ئینکاری بکات. پاشان خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە منداڵی نیەو وەك هەندێ لە بتپەرستەکان وا دەزانن کە فریشەکان کیژی خودان و هەندێ لە گاورو جوولەکە لاسارەکانیش وا دەزانن عوزەیرو عیسا پێغەمبەر(سەلامی خوایان لێ بێت) کوڕی خودان. خوای مەزنیش دەفەرموێت: ﴿لَوْ أَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا لَاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ سُبْحَانَهُ ۖ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ واتە: ئەگەر خودا بیویستایە فەرزندێ بۆ خۆی پەیدا بکات، لەو خەڵکەی دروستیان دەکات بە مەیلی خۆی کوڕی لێدەبژاردن، پاکی و بێ عەیبی بۆ ئەوە، هەر ئەوە خوای تاك و تەنهای زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا واتە: ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەوان وا دەزانن بڕیاری دەدا، ئەمە مەرجێکە پێویست ناکات بێتەدی بەڵکو مەحاڵیشەو نابێت. مەبەست لێرەدا نەفامی و بێ ئاوەزی ئەوانە دەردەخات کە چۆن وا بیردەکەنەوەو دەڵێن. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَوْ أَرَدْنَا أَنْ نَتَّخِذَ لَهْوًا لَاتَّخَذْنَاهُ مِنْ لَدُنَّا إِنْ كُنَّا فَاعِلِينَ﴾[3] واتە: ئەگەر

---

[1] النحل (٧٤).

[2] سبأ (٤٠-٤١).

[3] الانبياء (١٧).

بمانویستایه سەرقاڵی بۆ خۆمان هەڵبژێرین (وەك هاوسەرو منداڵ) لە لایەن خۆمانەوە هەڵماندەبژارد. وە دەفەرموویت: ﴿قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ﴾[1] واتە: بڵێ ئەگەر پەروەردگاری ببوایە ئەوە من یەکەمین کەس دەمپەرست. ئەمانە هەموو لە بابی مەرجە (باب الشرط) و دروستیشە مەرج ببەسترێت بە مەحاڵەوە کە نابێت و ڕوونادات لەبەر مەبەستێکی تایبەتی بێژەر (المتکلم) وە دەفەرموویت: ﴿سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ واتە: خودا پاكو بێ عەیبەو دوورە لەوەی کە فەرزندەی هەبێت. چونکە خودا تاكو تەنهایەو هاوەڵی نیە، بێ نیازە لە هەموو شتێك، هەموو شتێك بەندەو دروستکراوی ئەوەو پێویستی بەوە، خودا پێویستی بە کەس نیەو زاڵە بەسەر هەموو شتێکداو هەموو دەستەوخوارو ملکەچو فەرمانبەری ئەون. خوای مەزن پاكو بێ عەیبە لەو شتانەی کە ستەمکارو بێباوەڕان دەیڵێن.

﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴿٥﴾ خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ ۚ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ ۖ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٦﴾﴾

بەڵگەهێنانەوە لەسەر تواناو تەنهایی خودا

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ واتە: ئاسمانەکانو زەمینی بە ڕاست وەدی هێناوەو شەو لە ڕۆژ دەپێچێتو ڕۆژ لە شەو، خۆرو مانگیشی ڕام کرد، هەر کامیان تا کاتی دیایکراو دێنو دەچن، باش بزانن بە دەسەڵاتو خەتاپۆش هەر خۆیەتی. خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەر خۆی وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەی لە نێوانیاندایە لە هەر شتێكو خاوەن دەسەڵاتو کاربەدەستیەتیو شەوو ڕۆژی تیا هەڵدەسوڕێنێت، ﴿يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ﴾ واتە: ڕامی هێناونو بە دوای یەکدا دێن بەبێ وچان (وەستان) هەر یەکەیان بە دوای ئەوی تردا بە پەلە دەچێت وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا﴾[2] واتە: بە (تاریکایی) شەو (ڕۆشنایی) ڕۆژ دادەپۆشێت (بە

---

[1] الزخرف (٨١).

[2] الاعراف (٥٤).

پێچەوانەشەوە)، (ڕۆژ بە شوێن شەوەوەیە بە خێرایی‌و) شەو بە شوێن ڕۆژەوەیە بە خێرایی. ئا بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەباس‌و موجاهیدو قەتادەو سودی‌و کەسانی تریشەوە.[1] وە دەفەرموێت: ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ واتە: دێن‌و دەچن هەتا مەودایەکی دیاریکراو لە لای خودا پاشان کە قیامەت هات کۆتایی دێت‌و نامێنێت، ﴿أَلَا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ﴾ واتە: لەگەڵ ئەو زاڵی خاوەنی دەسەڵات‌و گەورەییەدا هەر خۆی خەتاپۆشە لەگەڵ ئەوانەدا کە بێ فەرمانی دەکەن لە پاشان پەشیمان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە بۆ لای. خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۚ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴾

واتە: ئێوەی هەر لە تاکە کەسێك هێنایەدی‌و ژنەکەش هەر لە ماکی ئەو دروستی کرد، هەشت جوتیشی لە ئاژەڵ بۆ وەدی هێنان. ئێوە ئاوا دروست دەکات. لە سکی دایکتاندا لە سێ قۆناغی تاریکدا، هەڵگێڕو وەرگێڕیان پێدەکات. ئەوە خوا پەروەردگارتان، فەرمان هەر لە دەستی ئەودایەو لە غەیری ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێت. جا کەوایە بەرەو کوێتان وەردەگێڕن. ﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾ واتە: لەگەڵ جیاوازی ڕەگەزو تیرەو زمان‌و ڕەنگدا لە یەك کەس وەدی هێناون ئەویش ئادەمە (سەلامی خوای لێ بێت)، ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ پاشانیش حەوای لە ماکی ئەو دروست کرد (سەلامی خوای لێ بێت). وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[2] واتە: ئەی خەڵکینە خۆتان بپارێزن لە (سزای) پەروەردگارتان ئەوەی کە دروستی کردوون لە یەك کەسەوە (کە ئادەمە) وە هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی دروست کردووە و لەو دووانە پیاوانێکی زۆر و ئافرەتانێکی زۆری خستۆتەوە. وە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ﴾ واتە: لە مەڕو ماڵاتیش هەشت جووتی بۆ دروست کردوون کە لە سورەتی (الانعام)دا باسی هاتووە. هەشت سەر ماڵاتی دروست کردووە مەڕو بەران‌و سابرین و بزن‌و وشتری نێرو مێ‌و گا و مانگا. پاشان دەفەرموێت: ﴿يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ﴾ واتە: ئێوەش بەو شێوەیە لە سکی دایکدا دروست دەکات، ﴿خَلْقًا مِّنۢ

---

[1] القرطبي (١٥/٢٣٥).

[2] النساء (١).

بَعۡدِ خَلۡقٍ﴾ واتە: لە هەوەڵەوە تنۆكێك ئـاو بـوون پاشـان بوونـە خـوێنێكی توندەوەبووی شل پاشـان بوونـە پارچـە گۆشـتێكو پاشـانیش بوونـە گۆشـتو ئێسكو دەمـارو گیـانی كـرا بەبـەرداو كردمانـە دروستكراوێكی تر. ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ﴾[1] واتە: جا گەورەو پیرۆزە ئەو خوایەی كە چاكترینی بەدیهێنەرانە. واتە: دەست ڕەنگینـی هـەر بۆ خودایـە كـە هـیچ وەسـتایەك پێـی ناگـات. ﴿فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖ﴾ واتە: لە سێ قۆناغی تاریكدا، تاریكایی ناو ڕەحمو تاریكـایی مەشیمە، (پەردەیەكـە پـارێزەری منداڵەكەیە) تاریكایی ورگ (سك)، ئیبنو عەباسو موجاهیدو عیكریمەو ئەبو مالكو زەحـاكو قـەتادەو سودیو ئیبنو زەیدیش هەر وایان وتـووە.[2] وە دەفـەرمووێت: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ﴾ واتـە: ئـەو كەسـەی ئاسمانەكانو زەمینو ئەوەی لە نێوانیاندایەو ئێوەشو باوو باپیرانیشتانی دروست كـردووە هـەر ئـەو پەروەردگاریە كە خاوەنی دەسـەڵاتو كاربەدەستە لـە گشت ئەمانـەدا، ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ واتـە: ئـەو خودایەی كە عیبادەت تەنها هەر بۆ ئەو دەكرێتو شەریكی نیە. ﴿فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ﴾ واتە: چۆن كەسێكی تر لەگەڵی دەپەرستن؟ كەواتە بەرەو كوێ دەتانبەنو سەرتان لێ دەشێوێنن؟

﴿ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾ وَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعۡمَةٗ مِّنۡهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدۡعُوٓاْ إِلَيۡهِ مِن قَبۡلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادٗا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦۚ قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًاۖ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴿٨﴾ ﴾

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ واتە: ئەگەر بە چاكە نازانن، خودا لە ئێوە بێ نیـازەو بـەپێی نـەزانی عەبدانی ڕازی نابێت. ئەگەر چاكەو لە چاو دابێت، لێو ڕازیە. كەسیش باری گرانـی كـەس لـە ئەسـتۆ ناگرێت، لەمەولامـەوو لاتان بۆ لای پەروەردگاری خۆتان دەهێننەوەو پێتـان دەڵێـت چیتان دەكـرد. لـە نهێنـی نـاو دڵانـیش ئاگادارە. خوای گەورە باسی خۆی دەكات كە بێ نیازە لە هەموو شتێكو پێویستی بە هیچ كەسێك نیە وەك موسا پێغەمبەر(سـەلامی خـوای لێ بێـت) وتـی: ﴿إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ

[1] المؤمنون (١٤).

[2] الطبري (٢١/٢٥٨/٢٥٩)، الدر المنثور (٧/٢٣٦).

حَمِيدٌ ﴾[1] واتە: ئەگەر ئێوە ناسوپاسی (بەهرەکانی خوا) بکەن‌و هەموو ئەو کەسانەش لە زەویدان ئەوە بە ڕاستی خوا بێ نیازی سوپاسکراوە. وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: (ئەی عەبدەکانم ئەگەر هەوەڵتان‌و دواینتان‌و مرۆڤتان‌و جنۆکەتان گشت لە سەردڵی خراپترین پیاوێك لە خۆتاندا بێت، لە موڵکی من هیچ کەم ناکات).[2] ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ﴾ ڕازی نییە لەوە بەندەکانی کافر و سپڵە بن، واتە: پێی خۆش نیەو فەرمانی پێ ناکات. ﴿وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ واتە: ئەگەر شوکرانەبژێر بن لێتان ڕازیەو پێی خۆشەو زیاترتان دەداتێ، ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ واتە: کەس باری گوناهی کەس هەڵناگرێت بەڵکو هەرکەسەو پرسیاری خۆی لێ دەکرێت، ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ واتە: هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو پێتان دەڵێت چیتان کردووە، بێگومان ئەو ئاگاداری نهێنیەکانی ناودڵانەو هیچی لێ بزرنابێت.

لە سپڵەیی مرۆڤ کاتێك کە تووشی تەنگانەیەك هات لە خودا دەپاڕێتەوە بەڵام کە خۆشیەکی تووش هات شەریکی بۆ دادەنێ لەگەڵ خودا دەیپەرستێت

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾ واتە: ئەم مرۆڤە کە تەنگانێکی دەگاتێ، ڕوو هەر لە خودا دەکات‌و لەبەری دەپاڕێتەوە، هەر کاتێکیش لە خۆیەوە بەهرەیەکی بە ئەو گەیاند، لەبیری دەکات کە لە پێشدا لەبەری پاڕاوەتەوەو شەریکانێك بۆ خودا دەدۆزێتەوە، تا خەڵکی پێ گومڕا بکات. بڵێ: بەو سپڵەییتەوە، کەمێکی تریش ڕابوێرە، بێگومان تۆ لە یارانی ئاگری. ﴿وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ﴾ واتە: لە کاتی پێویستیدا دەپاڕێتەوەو تەنها هاوار لە خودا دەکات لە کەسی تر ناپاڕێتەوە. وەك خوای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا﴾[3] واتە: وە کاتێك لە دەریادا تووشی بەڵاو زیان بێت هەموو ئەو (پەرستراوانە)ی هاواریان لێ دەکەن ون دەبن بێجگە لە خوا کەچی کاتێك کە (خودا) ڕزگارتان دەکات‌و دەگەنە وشکانی ڕوو وەردەگێڕن (چونکە) ئادەمی هەمیشە سپڵەو ناسوپاسە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا

---

[1] ابراهيم (٨).

[2] مسلم (٤/١٩٩٤).

[3] الاسراء (٦٧).

كَانَ يَدْعُوٓاْ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ﴾ یانی: لە کاتی خۆشگوزەرانیدا ئەو هاوارو پاڕانەوەی لە یاد دەچێت وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ ﴾[1] واتە: وە کاتێك ئادەمی زیانێکی لێ بکەوێت بە ڕاکشان یان بە دانیشتن یان بە پێوە لێمان دەپاڕێتەوە ئینجا کاتێك لامان برد زیانەکەیو نەمانهێشت دەڕوات (دەچێتە سەر حاڵی پێشووی) وەك هاوارو دوعای نەکردبێت لێمان بۆ لابردنی زیانێك کە دووچاری بووە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ﴾ واتە: لە کاتی خۆشیو خۆشگوزەرانیدا شەریك بۆ خودا پەیدا دەکاتو لەگەڵی دەیپەرستێت، ﴿قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴾ واتە: بڵێ بەوەی کە ئا ئەوە خوو پیشەیەتیو ڕێگای وەها دەگرێتەبەرو لەسەری دەڕوات. ماوەیەکی تریش ڕابوێرێت بەو لاساریەوە بە ڕاستی تۆ لەو کەسانەی کە دەچنە ناو ئاگر. ئەمە هەڕەشەیەکی توندەو جەختی لەسەر کراوە. ﴿قُلْ تَمَتَّعُواْ فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى ٱلنَّارِ ﴾[2] واتە: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بەوانە ڕابوێرن چونکە بێگومان چارەنوستان دۆزەخ دەبێت. وە دەفەرمووێت: ﴿ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴾[3] واتە: کەمێك نازو نیعمەتیان پێ دەدەین (لە دونیادا) لە پاشان ناچاریان دەکەین کە بڕۆنە ناو سزای سەختەوە.

﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾ ﴾

مەردمی گوێڕایەڵو مەردمی لاسارو بێ گوێ وەك یەك نین

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ واتە: ئاخۆ ئەمە لەگەڵ کەسێکدا کە شەوگاران ڕوو بە خوا ڕاوەستاوەو سوژدە دەباتو بەرفەرمانەو لە ڕۆژی قیامەت دەترسێتو هیوای وایە بەر بەزەیی پەروەردگاری خۆی بکەوێت، وەکو یەکە؟ بڵێ ئاخۆ زاناو نەزان بەرانبەرن؟ هەر ئەوانەی کە بەدڵ زیندون، دەتوانن بیربکەنەوە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ئایا ئەوانەی ئا ئەمە ڕەوشتیانە بە شەو سوژدە بۆ خوا دەبەنو ڕوو دەکەنە بارەگاکەیو لێی دەپاڕێنەوەو لە ڕۆژی قیامەت

---

[1] یونس (١٢).

[2] ابراهیم (٣٠).

[3] لقمان (٢٤).

دەترسن وەك ئەو كەسانە وان كە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن هەرگیز وەك یەك نین، وەك خودا فەرموویەتی: ﴿لَيْسُوا۟ سَوَآءً ۗ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾[1] واتە: هەموو (نامەدارەكان) چوونیەك نین لەناو خاوەن نامەكاندا دەستەیەكی ڕاستو ڕێك هەن ئایەتەكانی خودا دەخوێنن لە (كاتەكانی) شەوداو لە (كاتەكانی) كڕنوش بردنیاندا. لێرەشدا دەفەرمووێت: ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا﴾ واتە: گەردنكەچو لەخواترسان كاتێك ڕوو بە خودا دەوەستنو سوژدەی بۆ دەبەن. ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: (القانت) واتە: گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودان(ﷺ)[2]. ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) حەسەنوسودیو ئیبنو زەید دەڵێن: ﴿ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ﴾ لە كاتی شەودا.[3] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾ واتە: لەو كاتی خوا پەرستیەدا لە خودا دەترسێتو بێ هیواش نیە لە بەزەیی خودا. كە هەردوو حاڵەتەكە پێویستەو هەمیشە دەبێت ترسی خودا لە دڵدا بێت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾ خۆ ئەگەر موسڵمان لە حاڵەتی مردندا بێت دەبێت هیوای بەزەیی زیاتر بێت. وەك ئیمام عەبدی كوڕی حومەید لە موسنەدەكەیدا ڕیوایەتی كردووە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووە لای پیاوێك لە كاتی مردندا پێی وت: (لە چ حاڵەتێكدای؟) وتی: بە هیوای بەزەیی خودامو لێشی دەترسم. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەم دوو شتە كۆنابنەوە لە دڵی هیچ عەبدێكدا ئا لەم كاتەدا مەگین ئەوەی هیوای هەیە پێی خودا پێی دەداتو دڵنیاشی دەكات لەوەی كە لێی دەترسێت).[4] تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان كردووە لە (في اليوم والليلة)دا ئیبنو ماجەش ڕیوایەتی كردووە لە فەرموودەكەی سەیاری (سیّار) كوڕی حاتەمەوە لە جەعفەری كوڕی سولەیمانەوە بەم شێوەیە. تیرمیزی دەڵێت فەرموودەیەكی غەریبە (حديث غريب).[5] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی كردووە لە تەمیمی داریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر كەسێك سەد ئایەت بخوێنێت لە شەوێكدا عیبادەتی شەوێكی بۆ دەنووسرێت) هەر بەم شێوەیە نەسائی ڕیوایەتی كردووە (في اليوم والليلة) خوای مەزن

---

[1] ال عمران (١١٣).

[2] القرطبي (٢٣٩/١٥).

[3] القرطبي (٢٣٩/١٥).

[4] مسند عبد بن حميد (٤٠٤)، فەرموودەیەكی باشە (جيد).

[5] تحفة الأحوذي (٥٧/٧)، النسائي في الكبرى (٢٦٢/٦)، ابن ماجه (١٤٢٣/٢)، فەرموودەیەكی باشە.

دەفەرموویێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ ئاخۆ ئەوانەی خواناسن لەگەڵ ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن بۆ ئەوەی لە ڕێی خودا خەڵکی لابدەن وەك یەکن؟ نەخێر، ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ واتە: بەڵکو کەسێك هەست بەو جیاوازیە دەکات کە دڵی زیندووەو خاوەن هۆشە، والله أعلم.

﴿ قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (١٠) قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ (١١) وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ (١٢) ﴾

فەرماندان بە خۆپاراستن و کۆچکردن لەبەر ڕەزامەندی خودا و خواپەرستی بە دڵی پاك

خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: بێژە: ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانەی خاوەن بڕوان! لە پەروەردگارتان بترسن، بۆ ئەوانەی لە ژیانی ئەم دنیایەدا چاکەیان کرد، چاکە هەیەو زەمینی خودا بەرباڵاوە بێگومان ئەو کەسانەی خۆڕاگرن بە تەواوی و بەبێ حیساب پاداشتی خۆیان وەردەگرن. خوای گەورە فەرمان دەدات بە بەندە خاوەن باوەڕەکانی کە بەردەوام خەریکی بەجێهێنانی فەرمانەکانی خودا بن و لێی بترسن دەفەرموویێت: ﴿ قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ﴾ واتە: بۆ ئەو کەسانەی کە لەم دنیا چاکەیان کرد، بۆ دنیاو بۆ ڕۆژی دواییان ﴿وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ ۗ﴾ موجاهید دەڵێت زەمینی خودا ئاوەڵایە کۆچی تیا بکەن و غەزا بکەن و دوور بکەونەوەو نزیك نەبنەوە لە بتەکان.[1] خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ ئەوزاعی دەڵێت: کێشانە و پێوانەیان بۆ ناکرێت بەڵکو هەربۆیان تێدەکرێت. سودی دەڵێت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: لەناو بەهەشتدا.[2] خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ﴾ واتە: بڵێ من پێم سپێراوە هەریەك خودا بپەرستم و بە پاکژی هەر لەسەر دینەکەی ئەو بم. واتە: فەرمانم پێدراوە کە بە پاکی تەنها هەر خودا بپەرستم و هاوەڵی بۆ دانەنێم، ﴿وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ﴾ واتە: فەرمانیشم پێدراوە کە یەکەمین موسڵمان بم.

---

[1] الطبري (٢١/٢٦٩).

[2] الطبري (٢١/٢٧٠).

﴿قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ
ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ
ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾﴾

ترسان لە جەزرەبەی خودا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ واتە: بڵێ: ئەگەر لە فەرمانی پەروەردگاری خۆم دەربچم، لە جەزرەبەی ڕۆژێکی گەورە دەترسم. خوای گەورە دەفەرمووێت بە پێغەمبەر(ﷺ) تۆ بڵێ من لە سزای ڕۆژێکی گەورە دەترسم ئەگەر لە فەرمانی خودا دەربچم کە ڕۆژی قیامەتە ئەمە شەرتەو مانای وایە بۆ کەسانی تر زیاتر جێی ترسەو چاوەڕوان کراوە، ﴿قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِي﴾ واتە: بڵێ: هەر خودا پەرستمو بە پاکژی لەسەر دینەکەی ئەو دەبم. ﴿فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ﴾ واتە: ئەوسا ئێوەش (غەیری خودا) چیتان پەرست، بە ئارەزووی خۆتان بکەن. تۆ بڵێ: هەر ئەوانە زیانبارن کە لە ڕۆژی قیامەتدا، خۆشیانو کەسو کاریشیان دەدۆڕێنن، دیارە ئەمە زیانێکی ئاشکرایە. ﴿فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ﴾ ئەمە دیسان لێرەدا هەڕەشەیەو خۆوەدوورگرتنە لە بتپەرستان، ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ واتە: بێگومان هەر ئەو دۆڕاوانە بە تەواوی زەرەرمەندن، ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ یانی: جیادەبنەوە لە یەك هەرگیز بە یەك ناگەنەوە با کەسو کاریشیان بڕۆن بۆ بەهەشت، ئەوان دەچن بۆ جەهەنەم یان هەموو دەچن بۆ ناو ئاگر بەڵام پێکەوە کۆنابنەوەو خۆشی نابینن، ﴿أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ﴾ واتە:ئا ئەوەیە زیانی تەواوو ڕەنجەڕۆیی ئاشکرا. پاشان خوای مەزن باسی ژیانو گوزەرانیان دەکات لەناو ئاگرو دەفەرمووێت: ﴿لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾ واتە:توێ لەسەر توێ کڵپەی ئاگر (وێنەی چەتر) لەسەر ئەمان ڕاوەستاوە، لە ژێریشیان هەر بەم تەرزە. خودا بەمە عەبدانی خۆی دەترسێنێت. ئەی عەبدانم! لێم بترسن. ئایەتی: ﴿لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ﴾ وەك ئەم ئایەتەیە کە فەرموویەتی: ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[1] واتە: ئەوانەی لە دۆزەخدا فەرشو ڕاخەریان

---

[1] الاعراف (٤١).

(لە ئاگرە)و لە لای سەروشیانەوە لێفەو داپۆشەریان (لە ئاگرە) ئا بەو جۆرە تۆڵە لە ستەمکاران دەستێنین. وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَ يَغْشَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾[1] واتە: لە ڕۆژێکدا سزا دایاندەپۆشێت لە لای سەریانەوەو لە ژێر پێیانەوەو (خوا) دەفەرموێت: بچەژن تۆڵەی ئەو کردەوانەی کە لە دنیادا دەتانکرد. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ﴾ واتە: خوای گەورە بۆیە لێرەدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات کە گومان نیە لە هاتنی تا عەبدەکانی خۆی بترسێنێت کە واز بێنن لە خراپەو تاوانکردنو دەفەرموێت: ﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾ واتە: بترسن لە سزاو تۆڵەو جەزرەبەو تورەیی من.

﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾﴾

مژدە بۆ پیاوچاکان

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی لە پەرستنی بتەکان تەکیونەتەوەو بەرەو خوا گەڕانەوە، خۆشی لەوان. سا تۆش بە عەبدەکانی من مژدە بدە. عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: لە باوکیەوە: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾ دەڵێت: ئەم ئایەتە هاتەخوار لەسەر زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلو ئەبو زەڕو سەلمانی فارسی (ڕەزای خوایان لێ بێت).[2] بێگومان ئەم ئایەتە گشتگیرەو بۆ ئەوانەو بۆ کەسانی تریشە کە واز لە بتپەرستی دێننو ڕوو دەکەنە خواو هەر خوای خاوەن دەسەلات دەپەرستن، ئا ئەوانە ئەو کەسانەن کە مژدەیان پێدراوە لە دنیاو قیامەتدا، پاشان خوای دلۆڤان فەرموویەتی: ﴿فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی گوێ لە قسان ڕادەدێرنو بە شوێن چاکتریاندا دەچن، ئەوان خودا ڕێی بەرەو خۆی نیشان داون، ئەوانە خاوەن ئاوەزن. واتە: ئەوانە کە گوێ دەگرن بۆ قسەکانو چاکترینیان وەردەگرنو لێی تێدەگەنو کاری پێ دەکەن، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای مەزن فەرموویەتی بە موسا کاتێك تەوراتی بۆ هات: ﴿فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا۟ بِأَحْسَنِهَا﴾[3] واتە:

---

[1] العنكبوت (٥٥).

[2] الطبري (٢١/٢٧٤).

[3] الاعراف (١٤٥).

کەواتە (موسا) بە توندی بیانگرەو ئاگاداریان بەو فەرمان بە گەلەکەت بکە تـا دەست بگرن‌و ڕەفتـار بکەن بە جوانترو چاکترینیان. ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ واتە: ئەوانەی کە ئـەم سیفەتانەیان تێدایە خودا ڕێی نیشان داون لە دنیاو لە ڕۆژی دواییدا. ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ واتـە: خـاوەنی ئـاوەزی تەواون‌و سروشتی ڕاستن.

﴿أَفَمَنۡ حَقَّ عَلَيۡهِ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ ١٩ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ ٢٠﴾

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿أَفَمَنۡ حَقَّ عَلَيۡهِ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ﴾ واتـە: ئـاخۆ کەسێك ئازاری بۆ بڕیار درا، تۆ دەتوانی (کەسێك لەناو ئاگردا بێت) ڕزگاری بکەی. یـانی: ئایا کەسێك کە بەدبەخت بێت تۆ دەتوانی ڕزگاری بکەی لەو گومڕایی‌و سەرلێشێواویە؟ نـەخێر هـەر کەسێك خـودا سەری لێ تێکدا هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێی نیشان بدات. پاشان خـودای گـەورە باسـی عەبـدە خوانـاس بەختـەوەرەکان دەکـات کـە چـەندە بەختـەوەرن‌و وان لـەناو کۆشـکە بەرزەکانـدا لـە بەهەشـتداو دەفـەرمووێت: ﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ﴾ واتە: بەڵام ئەوانەی ترسی پەروەردگاریان لـە دڵدایە وان لـەناو چـەند هۆدەیەکدا، چین لەسەر چین سازکراون، جۆباریان بەبەردەمدا دەڕوات، ئەمە بەڵێنی خودایە، خودا هەر بەڵێنێ بیدا لێی پەشیمان نابێتەوە. واتە: لە خواترسەکان وان لەناو ژووری یەك لەسەر یەکدا زۆر جوان‌و ڕازاوەو قـایم‌و بەرز دروست کراون. عەبدوڵای کوڕی ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کـردووە لـە عالیـەوە (ڕەزای خـوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لەناو بەهەشتدا ژووری زۆری هەیـە کـە لـە دەرەوە ناوی دەبینرێت‌و لە ناوەوەش دەرەوەی دەبینرێت)، عەرەبێکی دەشتەکی وتی: ئەو ژوورانـە بـۆ کێیـە ئەی پێغەمبەری خـودا(ﷺ)؟ فـەرمووی: (بۆ ئەوانەیە قسەی چاکیان کـردووەو خواردنیـان داوە بـە خەڵکی و بە شەو نوێژیان کردووە کاتێ خەڵکی لە خەودا بوون).[1] تیرمیزیش ڕیوایەتی کـردووە دەڵێت فەرموودەیەکی چاك‌و غەریبە (حسن غريب).[2] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کـردووە لـە سـەهلی کـوڕی سـەعدەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویـەتی: (ئـەهلی بەهەشـت یەکتری دەبینن لەناو بەهەشـتدا لـەناو ژووردا وەك چۆن ئەسـتێرەکان دەبیـنن لـە کـەناری ئاسمانـدا) دەڵێـت: باسـم کـرد بـۆ نعمـانی کـوڕی ئـەبو عـەیاش، ئـەویش دەڵێـت: بیـستم لـە ئـەبو سـەعیدی

---

[1] أحمد (١/١٥٥)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[2] تحفة الأحوذي (٢٣١/٧)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

خودریەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (وەك چۆن ئێوە ئەستێرە دەبینن لە کەناری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا).[1] بوخاریو موسلیم لە هەردووسەحیحەکەدا هێناویانە.[2]

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: فەزارە بۆی باس کردین وتیو فولەییج هەواڵی داینێ لە هیلالی کوڕی عالیەوە لە عەتای کوڕی یەسارەوە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (خەڵکی بەهەشت ئەهلی ژوورەکان دەبینن وەك چۆن ئێوە ئەستێرەی تروسکەدار دەبینن کە لە ئاسۆوە ئاوا دەبێتو دەڕواتو هەڵدێت بە پێی بەرزیو نزمی پلەیان) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە پێغەمبەرانن؟ فەرمووی: (بەڵێ سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ئەوان و دەستەیەکیش کە بڕوایان بە خوا هێناوە و پێغەمبەرانیشیان بە ڕاست زانیوە).[3] تیرمزیش ڕیوایەتی کردووەو دەڵێتحسن و صحیحە[4]. خوای بالادەست دەفەرمووێت: ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ جۆبار بەناویدا تێدەپەڕێتو دەڕوات چۆن ئارەزوو بکەن و بۆ کوێیان بوێت ﴿وَعۡدَ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەوەی باسمان کرد بەڵێنی خودایە کە داویەتی بە بەندە خاوەن باوەڕەکانی، ﴿لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ﴾ خودا لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە.

﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ حُطَٰمًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٢١﴾ أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾ ﴾

نموونەی ژیانی دونیا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ حُطَٰمًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾
واتە: ئەدی نەتدی، خودا لەو بڵندایییەوە ئاو دەنێرێتو لە زەمیندا لە سەرچاوەکانەوە ڕەوانەی دەکات کشتوکاڵی هەمەڕەنگەی پێ دەڕوێنێتو پاش ماوەیەك زەردو وشك هەڵدێتو ئەوسا دەیکاتە پوش و پەلا؟ ئەوانەی خاوەن ئاوەزن، دیارە لەمە پەند وەردەگرن. خوای مەزن بۆمان باس دەکات کە

---

[1] احمد (٣٤٠/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٤٢٤/١١)، مسلم (٢١٧٧/٤).

[3] احمد (٣٣٩/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] تحفة الأحوذي (٢٧٢/٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

سەرچاوەی (بنەڕەتی) ئاو لە ئاسمانەوەیە وەك فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا﴾[1] واتە: وە لە ئاسمانەوە باراندومانە ئاوێکی پاکەوەکەر. وەختێك لە ئاسمانەوە ئاو دەهێنرێتە خوارەوە وەك ئەو ئاوانەی کە لەناو زەمیندایە پاشان خوای خاوەن دەسەڵات دەیگێڕێت بەناو هەموو بەشەکانی زەمیندا هەرچۆنێك خۆی مەیلی لێ بێت. لە سەرچاوەکانەوە دەینێرێت بە پێی پێویستی سەرچاوەی وا هەیە زۆری لێ دەردەچێتو هی واش هەیە کەمی لێ دەڕوات. بۆیە خوای بالادەست دەفەرموێت: ﴿فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ﴾ سەعیدی کوڕی جوبەیرو عامیری شەعبی دەڵێن: هەموو ئاوێك لەسەر زەمیندا سەرچاوەکەی لە ئاسمانەوەیە.[2] سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: سەرچاوەی ئاو لە بەفرە، واتە: بەفر کۆمەڵە دەکات لەسەر کێوەکانو دەچێتە ناو زەمینەوە سەرچاوەکانیش لە دامێن کێوەکانەوە دێنە دەرەوە. دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ﴾ واتە: پاشا بە هۆی ئەو باران بارینو ئەو سەرچاوانەوە لە زەمیندا کشتوکاڵی هەمەڕەنگ دەڕوێنێت، هەریەکەو جۆرە تامو ڕەنگو بۆنو شێوەیەکی هەیە و سوودی تایبەتی خۆی هەیە. ﴿ثُمَّ يَهِيجُ﴾ واتە: دوای ئەو جوانیو قەشەنگیە پیر دەبێتو وشكو زەرد هەڵدەگەڕێت و دەپوکێتەوەو دەڕزێت. ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا﴾ واتە: دەبێتە پوشو پەلاش و ورد دەبێت، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ واتە: ئا ئەم باسە پەندو ئامۆژگاریە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن ئاوەزن. چونکە ئەم ژیانەش خۆشو ڕازاوەیە هەروەك ئەو کشتوکاڵە هەمەڕەنگە پاش ماوەیەك پیری دێتو لەشولار تێك دەداتو ئەو لاویەی نامێنێتو دەبێتە پیاوێکی بە ساڵاچووی کەم هێزو تواناو پاش ئەمانەش هەمووی مردنە. بەختەوەر ئەو کەسەیە دوای ئەم ژیانە حاڵی باشەو خودا لێی ڕازیە. زۆرجار خوای گەورە نموونەی ژیانی دنیا بەو بارانە دێنێتەوە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێتە خوارەوە، کە کشتوکاڵو بەروبوم دەڕوێنێتو لە پاشان زەردو وشك دەبێتو دەڕزێتو ورد دەبێت. وەك خوای دلۆڤان فەرموویەتی: ﴿ وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ ۗ وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴾[3] واتە: (ئەی موحەممەد ـ ﷺ ـ)بێنەرەوە بۆ ئەو (بێباوەڕ)انە نموونەی ژیانی دنیا کە وەك بارانێك وایە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین ئەوسا جۆرەها ڕواوی زەوی (پێ دەڕوێتو) دەڕۆن بەناو یەکدا

---

[1] الفرقان (٤٨).

[2] الدر المنثور (٧/٢١٩).

[3] الكهف (٤٥).

ئینجا دەبێتە پوش‌و پەڵاش‌و با پرش‌و بڵاوی دەکاتەوەو خوا هەمیشە بە تواناو دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا.

ئەوانەی هەقن و ئەوانەی گومڕان وەك یەك نین

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَـٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ فَوَيْلٌ لِّلْقَـٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: ئاخۆ کەسێك خودا دڵی بۆ ئیسلام گوشاد کردووەو دیارە بەر تیشکی بەزەیی پەروەردگاری خۆی کەوتووە، کەی دەبێت وەك ئەوانە بێت کە دڵڕەقن؟ هاوار بۆ ئەو کەسانە دڵڕەقن لە یادی خوا، کە ئەمانە بە ئاشکرا ڕێگەی خودایان گوم کردووە. واتە: ئەوانەی کە خودا سینە فراوانی کردوون‌و بەر تیشکی بەزەیی خودا کەوتوون وەك ئەو کەسانە وان کە دوورن لە ڕاستیەوەو دڵڕەقن؟ نەخێر. وەك خودای دلۆڤان دەفەرمووێت: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَـٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾[1] واتە: ئایا کەسێك مردوو (بێباوەڕ) بێت‌و ئێمە زیندوومان کردەوەو ڕووناکیەکمان بۆ فەراهەم هێنا (کە قورئانە) بە هۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێت‌و دەڕوات ئایا وەك ئەوە وایە کە لە ناو تاریکستانێکدا بێت کە بە هیچ جۆرێك دەرچوونی نیە لێی. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَـٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ واتە:هاوار بۆ ئەو دڵڕەقانەی کە دڵیان نەرم نابێت‌و ترسی نایانگرێت‌و بیرناکەنەوەو ئاوەزیان نیە، ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: ئەوانە دیارە سەریان لێ شێواوە.

﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَـٰبًا مُّتَشَـٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾

وەسفی قورئانی پیرۆز

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَـٰبًا مُّتَشَـٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ واتە: خوا چاکترین قسەی ناردووەتە خوارێ: کتێبێك کە (قسەکانی لە جوانیدا) وەکو یەکن‌و هەر دووپاتیش دەکرێنەوە. ئەو کەسانەی ترسی پەروەردگاری خۆیان لە دڵدایە، لە بیستنی موچڕکیان بە لەشدا دێت‌و پاشان دڵ‌و لەشیان (بە یادی خوا) ئۆقرە دەگرێت، ئەمە

[1] الانعام (١٢٢).

ڕێنموونی خودایە، کێی پێ خۆش بێت، بەرەو خۆی شارەزای دەکات، هەر کەسیش خوا گومڕای بکات، کەسی تر شارەزای ناکات. خوای مەزن وەسفی کتێبەکەی خۆی (قورئانی پیرۆز) دەکات کە رەوانەی کردووە بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِيَ﴾ موجاهید دەڵێت: واتە: ئەم قورئانە هەمووی وەك یەكەو لە یەك دەچێتو دووبارەش دەبێتەوە.[1] قەتادە دەڵێت: ئایەت لە ئایەت دەچێتو پیتەکانیش هەر لە یەك دەچنو وەك یەکن.[2] زەححاك دەڵێت: دووپاتکردنەوەی قسەیە بۆ ئەوەی بەندەکان لە پەروەردگاریان تێبگەن. عیکریمەو حەسەن دەڵێن: خوای گەورە بڕیارەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە. حەسەن ئەمەیشی بۆ زیاد کردووە دەڵێت: لە سورەتێکدا ئایەتێك هاتووە لە سورەتێکی تردا دیسان ئایەتێکی تر هاتووە لە یەك دەچن.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: ﴿مَّثَانِيَ﴾ ئەم قورئانە قسەکانی لە یەکتری دەچنو دووپاتیش بوونەتەوە.[3] هەندێ لە زانایانیش هەر وایان وتووە. لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە ڕیوایەت کراوە لە مانای ئەم ئایەتەدا: ﴿مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِيَ﴾ واتە: دەقەکانی ئەم قورئانە هەندێ جار ماناکانیان لە یەك دەچنو هەندێ جاریش باسی شتێك دەکات دژەکەشی بە دوایدا باس دەکات. وەك باسی خاوەن باوەڕ بە دوایدا خوانەناس باسی بەهەشت بە دوایدا باسی دۆزەخ تا لەم نموونانە بە زۆری لە قورئاندا هاتووەو دووبارەبووەتەوە. وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ﴾[4] واتە: بە ڕاستی چاکان لەناو نازو نیعمەت دان، بێگومان بەدکاران لە دۆزەخدان. وە دەفەرموێت: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ﴾[5] واتە: با پەشیمان ببنەوە چونکە بە ڕاستی نامەی تاوانباران لەناو دەفتەرێکی پەستی ڕەشدایە، تۆ چوزانیت ئەو دەفتەرە چییە، دەفتەرێکی نووسراوە، هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ بێباوەڕان، ئەوانەی کە بڕوا ناکەن بە

[1] الطبري (٢١/٢٧٩).
[2] الطبري (٢١/٢٧٩).
[3] الطبري (٢١/٢٧٩).
[4] الانفطار (١٣_١٤).
[5] المطففين (٧_٨).

ڕۆژی پاداشت دانەوە، کەس ئەو ڕۆژە بە درۆ نازانێت مەگەر هەموو ستەمکارێکی گوناهبار، هەر کاتێك کە ئایەتەکانی ئێمەی بۆ بخوێنرێتەوە دەڵێت (ئەمانە) ئەفسانەی پێشینانن، نەخێر وا نیە بەڵکو ژەنگی ئەو (خراپانەی) کە دەیانکرد پەردەی هێناوە بەسەر دڵیاندا، نەخێر بە ڕاستی ئەوان لەو ڕۆژەدا بێ بەشن لە بینینی پەروەردگار لە پاشان بێگومان ئەوان دەچنە دۆزەخەوە، ئینجا پێیان دەوترێت ئەمە ئەوەیە کە بڕواتان پێ نەدەکرد. وە دەفەرمووێت: ﴿ هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ ﴿٤٩﴾ جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ ﴿٥٠﴾ مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴿٥١﴾ ۞ وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ ﴾[1] واتە: ئەم (باسی پێغەمبەرانە) باس و ناوبانگی چاکیانە لە دنیاداو بێگومان پارێزکاران سەرئەنجامێکی چاکیان هەیە (کە بریتیە لە) بەهەشتانی جێی دانیشتنی ئێجگاری کە دەرگاکانی کراوەتەوە بۆیان، لەوێدا (لەسەر کورسی ڕازاوە) پاڵیان داوەتەوە تێیدا داوای میوەهاتی زۆرو جۆرەها خواردنەوە دەکەن، وە حۆریانی هاوتەمەنیان لایە (خێزانیانن) کە چاویان بڕیوەتە مێردەکانیان، ئەمە ئەو (نازو نیعمەتانە)یە کە بەڵێنتان پێدرابوو بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە (ی قیامەت)، بە ڕاستی ئەمە ڕزق و ڕۆزی ئێمەیە هەرگیز تەواوبوونی بۆ نیە، ئا ئەمە (پاداشتی پارێزکارانە)و بێگومان سەرکەشانیش خراپترین پاشەڕۆژیان هەیە. وە چەندە نموونەی تر لەم دەقانە هەموو دووپات بوونەتەوە واتە لە دوو مانادا بە باسی شتێك و دژەکەی. بەڵام ئەگەر دەقەکە هەمووی یەك مانای دەگەیاندو وەك یەك بوون ئەوە پێیان دەڵێن لە یەك دەچن، (المتشابە) بەڵام ئەم لەیەکچوونە وەك ئەو لەیەکچوونانە نیە کە لەم ئایەتەدا باس کراوەو خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ﴾[2] واتە: هەندێکی ئایەتی ڕۆشنن ئەو ئایەتانە بنەڕەتی قورئانن و ئەوانی تر (ئایەتانێکن کە مەبەستەکانیان) ڕۆشن نین. ئەوە شتێکی ترەو مانایەکی تری هەیە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ﴾ واتە: ئەمە سیفەت و ڕەوشتی پیاوچاکانە کاتێك گوێیان لە فەرموودەی خوای خاوەن دەسەڵات و زاڵ و ئاگاداری هەموو شتێکە و زۆر لێبوردەیە. کاتێك تێدەگەن لە مژدەو تۆڵەو بەڵێن و هەڕەشەکانی خوای مەزن تەزوو (موچڕکە) بە لەشیاندا دێت لە ترسی خودا، ﴿ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ﴾

---

[1] ص (٤٩_٥٥).

[2] ال عمران (٧).

واتە: پاشان بە هیوای بەزەیی‌و سۆزی خودان‌و دڵیان ئاسودەو ئۆقرە دەگرێت بە یادی خودا. خواناسان جیاوازیان هەیە لەگەڵ خواناس‌و بەدبەختاندا لە چەند ڕوویەکەوە.

یەکەم: خاوەن باوەڕان گوێ لە قورئان‌و ئایەتەکانی قورئان دەگرن بەڵام خوانەناسان گوێ لە سرودو دەنگی گۆرانی بێژان دەگرن.

دووهەم: خاوەن باوەڕان کاتێك قورئان بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە بە ئەژنۆدا دەکەون‌و سوژدە بۆ خودا دەبەن بە ڕێزەوەو دەترسن‌و دەگرین بە هیوای بەزەیی خودان‌و بە دڵەوە بیری لێ دەکەنەوەو فێری دەبن. وەك خوای دلۆڤان فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَـٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُمْ دَرَجَـٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾[1] واتە: بێگومان بڕواداران تەنها کەسانێکن کە کاتێك باسی خوا کراو ناوی هێنرا دڵیان دەترسێت‌و ترسی لێ دەنیشێت کاتێکیش ئایەتەکانی خوا بخوێنرێتەوە بەسەریاندا بڕوایان زیاد دەبێت‌و هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن، ئەوانەن کە بە ڕاستی نوێژەکانیان بەجێ دەهێنن‌و لەو ڕزق‌و ڕۆزییەی پێمان داون (لە پێناوی خوادا) دەیبەخشن، هەر ئەوانە بڕوادارانی ڕاستەقینەن پلەی بەرزیان بۆ هەیە لای پەروەردگاریان‌و لێخۆشبوونی (تاوانەکانیان)و ڕۆزی پەسەندو چاکیان بۆ هەیە. وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا۟ عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا ﴾[2] واتە: کەسانێکن کاتێك ئامۆژگاری بکرێت بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان ناکەون بەسەریاندا بە کەڕی‌و کوێری. واتە: لە کاتی گوێگرتن بۆ ئایەتەکانی قورئان دڵی بۆ دەکەنەوەو بە هیچ شتێکی ترەوە خۆیان سەرقاڵ ناکەن‌و بیر لە مانای دەکەنەوەو وەری دەگرن‌و سوپاسی خوا دەکەن‌و سوژدەی شوکری بۆ دەبەن‌و دڵیان لایەتی‌و فەرمانەکانی بەجێ دێنن‌و هۆشیان لای هیچ شتێکی تر نیە.

سێهەم: زۆر بە ئەدەب‌و گەردنکەچیەوە گوێ بۆ قورئان دەگرن وەك هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك گوێیان لە قورئان خوێندنی پێغەمبەر(ﷺ) دەگرت موچڕکە دەهات بە لەشیاندا و دڵیان ڕادەچڵەکاو پاشان ئارام دەبووەوە بە یادی خودا. زیادەڕەویان نەدەکرد بەڵکو بە لەسەرخۆیی‌و ئەدەب‌و ترس‌و لەرزەوە لێی دەپاڕانەوەو داوای لێخۆشبوونیان لێ دەکرد، کەس پێیان ناگات لەو بارەیەوە بۆیە خوای مەزن وەسفیان دەکات‌و ڕێزداری کردوون لە دنیاو قیامەتدا. عبدالرزاق دەڵێت: موعەممەر بۆی

---

[1] الانفال (٢ـ٤).

[2] الفرقان (٧٣).

گێڕاینەوە وتی: قەتادە ئەم ئایەتـەی خوێنـد: ﴿تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ وتی: ئەمە وەسفی دۆستەکانی خودایە خـوای دلۆڤـان وەسـفیان دەکـات کـە بـە یادی خودا لەشیان کرژ دەبێتو موچرکەی پیا دێت و ئاو بە چاویاندا دێتە خوارو دڵیان بـە زیکـری خـودا ئارام دەبێتەوەو ئۆقرە دەگرێت، خوای گەورە وەسفی نەکردوون کە لە هۆشی خۆیـان دەچـنو ئـاوەز لـە دەسـت دەدەن. بـەڵکو ئـەو جـۆرە هەڵـسوکەوتە لـە ڕەوشـتی بیدعەچـیەکانەو لـە شـەیتانەوەیە. وە دەفەرموویت: ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ واتە: ئەمە سیفەتی ئەو کەسانەیە کە خودا ڕێی نیشان داون هەر کەسێك بەو شێوەیە نەبێت گومڕا بـووەو ڕێـی ون کـردووە، ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ واتە: هەر کەسێش خودا گومڕای بکات کەسی تر ناتوانێت شارەزای بکات.

﴿ أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٢٤﴾ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٥﴾ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْىَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾

پاشەڕۆژی بێباوەڕان

خـوای مـەزن دەفـەرموویت: ﴿ أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ واتە: دەی ئایا کەسێك بە دەموچاوی خۆی بپارێزێت لـە سـزای سـەختی ڕۆژی دوایـی (وەك کەسێکە لە بەهەشت دابێت)؟ بە ناهەقانیش دەوترێت: دە بـچێژن سـزای کردەوەکـانی خۆتـان! واتە: کەسـێك لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـە دەموچـاوی خـۆی بپارێزێـت لـە سـزا دەبێـت حـاڵی چـۆن بێـت؟ سوکایەتیان پێ دەکرێتو لێیان دەدرێتو بەوانو هاوێنەیان دەوترێـت لـە ناهـەقی کـاران: ﴿ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ دە بچێژن سزای کردەوەکانی خۆتان. ئاخۆ ئەمانـە وەك ئـەو کەسـانە وان کـە لـە ڕۆژی قیامەتدا دێن هیچ ترسێکیان نییە؟ وەك خوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[1] واتە: ئەو کەسەی بڕواتو بە دەمدا بکەوێت باشتر ڕێ دەردەکات؟ یـان یەکێك قنجو قیت بڕوات بەسەر ڕێگایـەکی ڕاسـتو ڕەوانـدا. وە دەفـەرموویت: ﴿يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِى ٱلنَّارِ عَلَىٰ

[1] الملك (٢٢).

وُجُوهِهِمۡ ذُوقُواْ مَسَّ سَقَرَ﴾[1] واتە: ئەو ڕۆژەی لە ئاگری دۆزەخدا لەسەر ڕوخساریان ڕادەكێشرێن (پێیان دەڵێن) بچەژن ئازاری دۆزەخ. وە دەفەرمووێت: ﴿أَفَمَن يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾[2] واتە: دەی ئایا كەسێك دەخرێتە ناو ئاگرەوە چاكترە یان ئەو كەسەی لە ڕۆژی قیامەتدا بێ ترس دێت.

خوای خاوەن دەسەلات دەفەرمووێت: ﴿كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ واتە: پێشینەكانی ئەمانیش بڕوایان بە خودا نەهێنا، لە شوێنێكەوە ئازاریان بۆ داباری كە هەستیشیان پێ نەكرد. واتە: گەلەكانی پێش ئەمان كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان نەكرد خوای مەزن بە هۆی تاوانەكانیانەوە قڕی تێخستن كەسێكیان نەبوو لە سزای خودا بیانپارێزێت، ﴿فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾ واتە: خوا دەردی سوكایەتی لەم دنیادا پێ چەشتن گەر بزانن، دیارە ئازاری ئەو دنیا مەزنترە. واتە: كارێكی وەهای بەسەرهێنان و جەزرەبەیەكی وای دان لە دنیادا موسڵمانی پێ دڵخۆش كرد. دەی با ئەو كەسانەی كە دژایەتی بەڕێزترین پێغەمبەر دەكەن كە دواین پێغەمبەر(ﷺ) و باوەڕیان پێی نیە. ئەو سزایەی كە خودا بۆی ئامادەكردوون زۆر گەورەترە لەوەی كە لە دنیادا تووشیان هاتووە. بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾.

﴿ وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾ إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ﴿٣١﴾﴾

نموونەی هاوەڵ دانان بۆ خودا

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾ واتە: وا ئێمە لەم قورئانەدا بۆ ئەم خەڵكە هەموو جۆرە نموونەیەكمان هێنایەوە، شایەت پەندی لێ وەرگرن. واتە: بێگومان ئێمە نموونەی زۆرمان هێناوەتەوە لە قورئاندا ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بۆئەوەی پەندی لێوەر بگرن چونكە نموونە هێنانەوە باشتر دەچێتە دڵەوە هەتا پەندی لێ وەرگرن. وەك

[1] القمر (٤٨).

[2] فصلت (٤٠).

دەفەرموویت: ﴿ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ ﴾[1] واتە:نموونەیەکی لە خۆتان بۆ هێناونەوە هەتا بزانن. وە دەفەرموویت: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَـٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَـٰلِمُونَ ﴾[2] واتە: ئەو وێنەو نموونانە بۆ خەڵکی دێنینەوە تەنها زانایان لەوانە تێدەگەن. لێرەدا خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِى عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ واتە: قورئانێکە بە عەرەبیو هیچ خوارو خێچی تێدا نیە، بەڵکو لە خوا بترسن. واتە: ئەو قورئانە بە زمانی عەرەبیەو ڕوونو ئاشکرایە هیچ خواروخێچیو ناتەواویەکی تێدا نیە بەڵکو پڕە لە بەڵگەی دیارو بەهێز. بۆیە خوای دلۆڤان بەو شێوەیە ڕەوانەی کردووە، ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ واتە: هەتا بترسن لەو هەڕەشانەی کە تیایەتیو هەوڵیش بدەن بۆ ئەو شتانەش کە خودا بەڵێنی داوە پێتان بدات، پاشان فەرموویەتی: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَـٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتە: خودا دوو نموونە دێنێتەوە: یەکێك بەندەی چەند کەسێکی دژ بە یەکترە ئەوی تریان بەندەی تاکە کەسێکە، ئاخۆ ئەم دووانە وەك یەکن؟ سوپاس بۆ خوایە، بەڵام زۆربەیان نەزانن. واتە: خودا نموونەی پیاوێك دێنێتەوە کە بەندەی چەند کەسێکە لەسەری ناکۆکنو هەریەکە بۆ خۆی بانگی دەکات ﴿وَرَجُلًا سَلَمًا ﴾ واتە: پیاوێکی تریش بەندەی یەك کەسە، هیچ کەسی تر خاوەنی نیە ئەو نەبێت، ﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا﴾ واتە: ئەم دووانە وەك یەك نین. هەر بەو شێوەیە ئەو کەسەی کە موشریکەو چەند شتێك دەپەرستێت لەگەڵ خوادا ئەوەیش خاوەنی باوەڕەو تەنها هەر خودا دەپەرستێت ئەم دووانە هەرگیز وەك یەك نین. ئیبننو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت)و موجاهیدو کەسانی تریش وتوویانە: ئەم ئایەتە هێنراوەتەوە بە نموونە بۆ ئەوانەی تەنها خودا دەپەرستنو ئەوانەی کە شەریکی بۆ دادەنێن.[3] لەبەر ئەوەی کە ئەم نموونە زۆر دیارو ئاشکرایەو ڕوونە. خودای دلۆڤان فەرموویەتی: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ واتە: کەواتە سوپاسو ستایش هەر بۆ خودایە، کە بەڵگەی بۆ هێناونەتەوەو بیانووی نەهێشتوون، ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتە: بەڵام زۆربەیان نازانن بۆیە شەریکی بۆ دادەنێن.

---

[1] الروم (٢٨).

[2] العنكبوت (٤٣).

[3] الطبري (٢١/٢٨٥).

مردنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) و هەڵوێستی قورەیش و کێشمەکێشیان لەبەردەم خوادا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ واتە: تۆش دەمریو ئەوانیش دەمرن. ئەم ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) کردیە بەڵگە لەسەر مردنی پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی مردنیدا. خەڵکی قەناعەتیان کرد کە مردووە لەگەڵ ئەم ئایەتەدا کە خوای بالادەست دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ ۚ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا ۗ وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾[1] واتە: موحەممەد(ﷺ) تەنها پێغەمبەرێکە (نەمر نیە) بێگومان لە پێش ئەو پێغەمبەرانی تر ڕابوردون جا ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان (پاشگەزدەبنەوە) هەر کەس هەڵگەڕێتەوە بۆ دواوەی خۆی (بتپەرستی) ئەوە هەرگیز (ئەو کەسە) هیچ زیانێك ناگەیەنێت بە خواو بە زوویی خودا پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە. یانی: بێگومانە هەموو دەمرن ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵنو بەم زووانە هەموو کۆدەبنەوە لە ڕۆژی دواییداو دێنە بەردەستی خوداو کێشە دەکەن لە نێوان خۆتاندا لەسەر ناسینی خودا بە تەنهاو هاوەڵ بۆ دانانی وەك چۆن لە دنیادا کێشەتان بوو، خوای مەزن فەرمانڕەوایی خۆی دەکات لە نێوانتانداو ڕاستیشتان نیشان دەداتو هەقی هەموو کەسێك دەداتو تۆڵەش لە موشریكو تاوانبار دەسێنێت و موسڵمانە خاوەن باوەڕەکان ئەوانە کە تەنها خودایان پەرستووە ڕزگار دەکاتو جەزرەبەی بێ دینو سپڵەو لاسارو موشریکەکان دەدات ئەوانەی کە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکانی نەدەکرد. ئەم ئایەتە هەرچەندە باسی خاوەن باوەڕو بتپەرستان دەکات لە کێشە دەکەن لە نێوان یەکتریدا لە ڕۆژی قیامەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئایەتە گشتگیرە ئەو خەڵکەش دەگرێتەوە کە لە ژیانی دنیادا دژایەتی یەکتری دەکەن. ئەو کێشەو دژایەتیەیان لە ڕۆژی قیامەتدا جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو زوبەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك ﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ﴾ هاتەخوارەوە. ئیبنو زوبەیر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاخۆ ئەم کێشەیەمان دووبارە دەبێتەوە؟ فەرمووی: (بەڵێ)، ئیبنو زوبەیر وتی: سوێند بە خوا ڕووداوەکە زۆر ناڕەحەتە.[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە زوبەیری کوڕی عەوامەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ): ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ۝٣٠ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ﴾

---

[1] ال عمران (١٤٤).

[2] الدر المنثور (٥).

زوبەیر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاخۆ ئەو گوناهە تایبەتیانەی کە لە نێوانی خۆماندا ڕوویداوە لە دنیادا بۆمان دووبارە دەکرێتەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ بێگومان دووبارە دەکرێتەوە لەسەرتان بۆ ئەوەی هەموو خاوەن هەقێك، هەقی خۆی پێ بدرێتەوە).ئیبنو زوبەیر (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: سا بە خوا ڕووداوەکە زۆر ناڕەحەتو ترسناکە.[1] تیرمیزیش ڕیوایەتی کردووەو دەڵێت چاكو ڕاستە (حسن صحيح).[2] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴾ واتە: ڕاستگۆ کێشەیەتی لەگەڵ درۆزنو ناهەقی پێکراو لەگەڵ ناهەقیکەرو ڕێنیشاندەر لەگەڵ گومڕاو بێدەسەڵات لەگەڵ خۆبەزلزان. ئیبنو مەندە ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی (الروح)دا لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە دەڵێت: خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا کێشەیانە. هەتا گیان لەگەڵ جەستەی خۆیاندا کێشەیانە گیان دەڵێت بە لاشە تۆ ئەوەت کرد، لاشەش دەڵێت بە گیان تۆ فەرمانت داو ڕازاندتەوە خوای مەزن فریشتەیەك دەنێرێت بۆ ئەوەی کێشەکەیان بڕێتەوە لە نێوانیاندا پێیان دەڵێت: نموونەی ئێوە وەك نموونەی پیاوێکی چاوساغو یەکێکی کوێرە چوونەتە باغێك پیاوە چاوساغەکە دەڵێت بە کوێرەکە من لێرەدا میوەی زۆر دەبینم بەڵام دەستم پێی ناگات. پیاوە کوێرەکە پێی وت: هەڵم بگرە دەستم پێی بگات، هەڵی گرتو دەستی پێی گەیشت ئاخۆ کامیان دەستدرێژی کەرن. دەڵێن هەردووکیان. فریشتەکە پێیان دەڵێن: ئێوە خۆتان بڕیارتان (حوکمتان) بەسەر خۆتاندا داوە. واتە: لاشە وەك باربەر (چوارپێ) وایە گیان سواری بووە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ئەویش لە ئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: ئەم ئایەتە هاتە خوار بەڵام نازانین لەسەر چ شتێك هاتە خوارەوە: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴾ دەڵێت: وتمان: لەگەڵ کێ کێشە بکەین؟ لە نێوان ئێمەو ئەهلی کتێبدا کێشەیەکمان نیە کەواتە لەگەڵ کێ کێشە بکەین؟ هەتا کەوتینە سەردەمی فیتنە. ئیبنو عومەر (ڕەزای خوایان لێ بێت) وتی: ئەمە ئەوەیە کە خوای مەزن بەڵێنی پێدان کێشەی لەسەر دەکەین. نەسائیش ڕیوایەتی کردووە[3].

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى اللَّهِ وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ إِذْ جَاءَهُ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾ لَهُم مَّا يَشَاءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَاءُ

[1] أحمد (١٦٤/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي (٢٨٩/٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] النسائي في الكبرى (١١٤٤٧).

ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾ لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾﴾

پاداشتی خەڵکی درۆزن وبوختانچی و پیاوی ڕاستگۆو بائیمان

خوای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴾ واتە: سا کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵببەستێتو ئەم ڕاستەی کە بۆی هاتووە نەیسەلمێنێت؟ ئاخۆ بۆ خوانەناسان لـە دۆزەخدا جێگـە نیـە؟ خـوای گـەورە ڕووی قسـە دەکاتە موشریکەکانو ئەوانەی کە درۆیان بـە دەمـەوە هەڵبەستووەو هاوەڵیـان بـۆ دانـاوەو وتوویانـە فریشتەکان کیژی خودانو فەرزندەیان بۆ ڕەوا بینیوە، خودا پـاكو بێعەیبـەو دوورە لـەو قسانەی ئـەو خوانەناسانە دەیڵێن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بڕوایان نەهێناوە بەو ڕاستەی کە بۆیـان هـاتووە لەسـەر زمانی ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت)، بۆیـە خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ ﴾ واتە: هیچ کەسێك لـەو کەسـە ناهـەقتر نیـە کـە درۆ بـۆ خودا هەڵبەستێتو ڕاستیش نەسەلمێنێت. دووجار تاوانە، جارێك درۆ بۆ خودا هەڵبەستێو جارێکی تـر بڕوا بـە پێغەمبـەر(ﷺ) ناکـات. قسـەی نـاڕەوا بکـاتو دژی ڕاسـتیش بوەسـتێت، بۆیـە خـوای گـەورە هەڕەشـەی لێ کـردوونو فەرموویـەتی: ﴿أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴾ واتـە: ئایـا جێگـە لـە جەهەنەمدا بۆ خوانەناسان نیە؟ واتە جێگـە زۆرە بۆیـان. پاشـان فەرموویـەتی: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ واتە: ئەو کەسەی(بەرنامە) ڕاستەکەی هێناو ڕاستی سـەلماند، ئەوانە لەخواترسن. موجاهیدو قـەتادەو ڕەبیعـی کـوڕی ئەنـەسو ئیبنـو زەیـد دەڵـێن: ئـەوەی ڕاسـتی هێنـاوە پێغەمبـەرە(ﷺ).[1] عەبـدوڕڕەحمانی کـوڕی زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم دەڵێـت: ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ﴾ پێغەمبـەری خودایـە (ﷺ)، ﴿وَصَدَّقَ بِهِۦٓ﴾ موسـڵمانانە.[2] ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ ئیبنو عەباس دەڵێت: لە شیرك خۆتان بپـارێزن.[3] ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ واتە: هەرچی خۆیـان ئـارەزوو بکـەن، پـەروەردگاریان دەیانـداتێ، پاداشـتی هـەموو کارچاکان هـەر وا

[1] الطبري (٢١/٢٨٩)، القرطبي (١٥/٢٥٦).

[2] الطبري (٢١/٢٩٠).

[3] الطبري (٢١/٢٩٢).

دەبێت، ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ واتە: هەرچی لـە بەهەشتدا ئارەزوو بکـەن پێیـان دەدرێت. ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ئەوەیە پاداشتی چاکەخوازان. وە خـوادای مێـژا دەفـەرمووێت: ﴿لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ واتـــە: هـــەتا خـــودا بیانبەخشێت لە خراپترین کارێك کە کردوویانـە و باشتر لـەوەی کـاری چاکیان پێـك هێنـاوە پاداشتی خۆیان بداتێ. وەك خوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا فـەرموویـەتی: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ﴾[1] واتە: ئەوانە کەسانێکن کە ئێمە کردەوە چاکەکانیان لێ وەردەگرین‌و چاوپۆشی دەکەین لە خراپەکانیان لە ڕیزی بەهەشتیەکاندان ئەمە ئەو بەڵێنە ڕاستەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو لە دنیادا.

﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ (٣٦)
وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ (٣٧) وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ
أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ (٣٨) قُلْ يَٰقَوْمِ
ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣٩) مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ
عَذَابٌ مُّقِيمٌ (٤٠) ﴾

خوا بەسە بۆ عەبدەکانی خۆی

خوای مەزن فەرموویـەتی: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴾ تۆ بەوانەی جگە لە خوان دەترسێنن، مەگەر هەر خوا بـەس نیـە کە ئاگای لـە عەبدی خـۆی بێـت؟ هـەر کەسێك خـودا ڕێگـەی لێ بگۆڕێـت، کـەس ناتوانێـت ڕێبـەری بێـت. هەنـدێ خوێندوویانەتەوە بە (عِبادَهُ) واتە: خودا بەسە بۆ ئەوانەی بەرستوویانەو هانایان هەر بۆ ئـەو بـردووەو پـشت ئەسـتوور بـوون پێـی. ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ﴾ واتـە: بتپەرستەکان پێغەمبـەریان دەترساندو هەڕەشەیان لێ دەکرد بەوەی کـە بتـەکانیان (ئەوانـەی کەلـە غـەیری خـودا دەیانپەرستن‌و لێیان دەپارانەوە بـە نـەزانی‌و سەرلێـشێواوی) تۆڵـەی لێ دەسێنن. بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویـەتی:

---

[1] الاحقاف (١٦).

﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ﴾

واتە: هەر كەسێكیش خودا شارەزای كردبێت، كەس ناتوانێت لە ڕێگەی خودا لای بدات، بۆچی نازانن خودا خاوەن دەسەڵاتو تۆڵەسێنە؟ واتە: جێی پەنایە هەر كەسێك خۆی بە خودا بسپێرێتو ڕوو بكاتە قاپی خودا ستەمی لێ ناكرێت. چونكە خاوەنی دەسەڵاتێكە كەس نیەتیو تۆڵەی زۆر بە زەبرە بۆ ئەو كەسانەی كە باوەڕی پێ ناكەنو شەریكی بۆ دادەنێنو لاساری دەكەن بەرانبەر پێغەمبەرەكەی (ﷺ).

دانپیانەنانی بتپەرستەكان كەتەنیا خودا بوونەوەری وەدی هێناوە، چونكەبتەكانی ئەوان توانای شتی وایان نیە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴾ واتە: ئەگەر تۆ لەوانە بپرسی: كێ ئەم ئاسمانانەو زەمینی وەدی هێنا؟ بێگومان هەر دەڵێن خودا. بڵێ: ئێوە ئەو شتانەی (غەیری خودا) دەپەرستن چۆن دەبینن؟ ئەگەر خودا بیەوێت تووشی بەلایەكم بكات، ئاخۆ ئەوان بەلا لەسەر من لادەبەن؟ یان ئەگەر خودا بەر بەزەیی خۆیم بخات، ئەوان پێش لەو بەزەییە دەگرن؟ من هەر خودام بەسەو خۆسپێران، خۆیان هەر بە ئەو دەسپێرن. واتە: موشریكەكان دان دەنێن بەوەدا كە هەر خودا وەدیهێنەری گشت شتێكە لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خودادا شتی تریش دەپەرستن كە ناتوانن سودیان پێ بگەیەنن یان زیانیشیان لێ بدەن بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ﴾ واتە: هیچ كارێكیان لە دەست نایەت. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) بە مەرفوعی: (ئاگات لە خودا بێت[1] خودا تۆ دەپارێزێت[2] خودات لە یاد بێت خودایش هەمیشە لەگەڵتدایە ئاگای لێتەو یارمەتیت دەدات لە هەر شوێنێكدا بیت، خودات لەبیر نەچێت لەكاتی خۆشگوزەرانیدا خودایش تۆی لە یادە لە كاتی ناڕەحەتیدا. كاتێك داوات كرد هەر لە خودا داوا بكە. وە كاتێكیش داوای پشتگیریت كرد هەر لە خودا داوای پشتگیری بكە. وە باش بزانە كەئەگەر هەموو خەڵكی كۆببنەوە بۆ ئەوەی تووشی

[1] واتە: فەرزەكان بەجێ بێنەو قەدەغەكانی مەشكێنەو لە خوا بترسەو دووركەوە لەو شانەی كە خوا پێی ناخۆشە(وەرگێڕ).

[2] ئاگای لە خۆتوماڵو منداڵتە لە دنیاو قیامەتدا (وەرگێڕ).

زیانت بکەن کە خودا لەسەری نەنووسیبی تووشی زیانێکت ناکەن. وە ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوە بۆ ئەوەی سودی شتێکت پێ بگەیەنن کە خودا لەسەری نەنوسیبی سودت پێ ناگەیەنن. پەڕاوەکان وشك بوونەتەوەو پێنووسەکانیش هەڵگیراون کار بکەو شوکرانەبژێری خودا بە بە دڵپاکی.وە بزانە کە خۆڕاگری لەسەر شتێك کە پێت گرانە زۆر خێردارە. بێگومان سەرکەوتن لەگەڵ خۆگریدایەو لە کاتی ناخۆشیو دڵ گرانیدا دەرو دەکرێتەوەو بێگومان لە پاش تەنگانە فەرحانیە).[1] ﴿قُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ﴾ واتە: خودام بەسەو خۆم بە ئەو سپاردووەو خۆسپێرانیش خۆیان هەر بە ئەو دەسپێرن. وەك هود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك بە هۆزەکەی وت: ﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍۗ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓا۟ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[2] واتە: تەنها (ئەوە بە تۆ) دەڵێین هەندێ لە پەرستراوەکانمان تووشی شێتییان کردووی وتی بە ڕاستی من خوا دەکەم بە شایەتو ئێوەش شایەت بن کە بە ڕاستی من بەریمو دوورم لەوەی کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا(جگە لە خودا) جا هەمووتان پیلانم لێ بگێڕن لە پاشان مۆڵەتیشم مەدەن (و لێم مەوەستن)، بە ڕاستی من پشتم بە خودا بەستووە کە پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەیشە هیچ گیانلەبەرێك نیە مەگەر خودا دەسەڵاتدارە بەسەریدا، بە ڕاستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ واتە: بڵێ: گەلەکەم ئێوە کاری خۆتان بکەن، منیش وا کاری خۆم دەکەم، ئا بەم زووانەش تێدەگەن. واتە: ئێوە لەسەر ڕێی خۆتان کاری خۆتان بکەن کە ئەمە هەڕەشەو ترساندنە، ﴿إِنِّى عَٰمِلٌ﴾ واتە: منیش لەسەر ڕێگاو بەرنامەی خۆم کاری خۆم دەکەم، ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ واتە: بەم زووانە ئاگامو بەرهەمی کارەکانتان وەردەگرن، ﴿مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴾ واتە: کێیە تووشی سزای ئابڕووبەرە دێتو جەزرەبەی لە بن نەهاتووی بەسەردادێت. ﴿مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ﴾ واتە: کێ تووشی ئازاری ئابڕووبەر دێت لە دنیادا، ﴿وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴾ واتە: وە کێیەئەوکەسەی تووشی سزای هەتاهەتایی دێت و هەرگیز ڕزگاری نابێت لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە بمانپارێزێت بە بەزەیی خۆی لەو جەزرەبەیە لەو ڕۆژەدا هەیە پەنا دەگرین بە خودا لێی.

[1] احمد (٣٠٧/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] هود (٥٤_٥٦).

﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَلِنَفْسِهِۦ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ (٤١) ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٤٢)﴾

خـوای مـەزن دەفـەرموویّت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَلِنَفْسِهِۦ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ واتە: ئێمەین کە ئەم کتێبەمان بە ڕاستی بۆ تۆ ڕەوانە کردووە، کە مەردم لە سۆنگەی ئەودا شارەزا بن. هـەر کەسێك شـارەزابێت، قـازانجی هـەر بە خۆی دەگاتو هەر کەسێکیش لە ڕێ لا بدات، دژی خۆی جولاوەتەوەو تۆ بریکاری ئـەوان نیت. خـوای مـەزن ڕووی گوفتـار دەکاتـە پێغەمبەرەکـەی موحەممـەدو (ﷺ) دەفـەرموویّت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ واتە:ئەم قورئانە ﴿لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: بۆ هەموو خـەڵکی لـە مـەردمو جنۆکـە ئاگاداریـان دەکاتـەوەو دەیانترسـێنێت پێـی، ﴿فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَلِنَفْسِهِۦ﴾ واتـە: هـەر کەسـێك شـارەزا بێـت قازانجەکەی بۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە، ﴿وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ واتـە: هـەر کەسیش ڕێـی ون بکات ناکامەکەی هەر بۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە، ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ واتـە: تـۆ بریکـاری ئەوانـە نیت کە ڕێیـان نیشان بدەی. وە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموویّت: ﴿إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٌ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ﴾[1] واتە: بێگومان تۆ تەنها ترسێنەریو خوا بۆ هەموو شـتێك سەرپەرشتیکارو چاودێرە. وە دەفـەرموویّت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ﴾[2] واتـە: بێگومـان تـۆ ڕاگەیانـدنت لەسـەرەو لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە.

هەر خودایە خولقاوەکان دەمرێنێتو زیندووشیان دەکاتەوە

پاشان خوای گەورە باسی خۆی دەکات کە هەر ئەوە کشت کارەکانی بە دەستە لـەم بوونـەوەرەدا هەموو شتێك بە مەیلی ئەوە ئەوانەی کە بڕیاری مەرگیان دراوە فریشتەکان دەچن گیانیان دەکێشن کە مردنە گەورەکەیەو ئەوانەش لە کاتی خەونان مردنە بچکۆلەکە دەکەن وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٦٠) وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ

---

[1] هود (١٢).

[2] الرعد (٤٠).

أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾[١] واتــە: وە هــەر ئــەو خودایەیــە کــە دەتانخــەوێنێت (دەتانمرێنێت) لە شـەوداو دەشـزانێت (لـە ڕۆژدا) چ کارێکتـان ئـەنجام داوە پاشـان لـە ڕۆژدا لـە خـەو بێدارتان دەکاتەوە بۆ ئەوەی تەواو ببێت ماوەی دیاریکراو (ی هەموو کەسێك) ئەوسا هەر بۆ لای ئـەوە گەڕانـەوەتان پاشـان هـەواڵتان پـێ دەدات بـە هـەر کردەوەیـەك کـە کردووتانـە، ئـەو (خـودا) زاڵو دەسـەڵاتدارە بەسـەر بەندەکانیـداو فرشـتانێکتان بـۆ دەنێرێـت (کـە چـاودێرو پـارێزەرو نووسـەری کردەوەکانتانن) تـا کـاتی مردنـی یـەکێکتان دێـت نێردراوەکانمـان گیـانی دەکێـشن کـە هـیچ سـستیو کەمتەرخەمیەك ناکەن (لـە کارەکانیانـدا). باسـی هـەردوو مردنەکـەی کـردووە، لێـرەدا باسـی مردنـە بچووکەکەو پاشان گەورەکە دەکات، بەڵام لەم ئایەتەدا گەورەکەی باس کردووە لە پاشان باسی مردنە بچووکەکەی کردووە. بۆیە خوای مەزن لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ واتــە: ئەوانــەی کــە دێنــە مــردن، ئەوانــەش کــە لــە خەوڕاچـوونو نەمردوون،ئەوە خودایە کە گیانیان ڕادەگرێت، جا ئەو گیانانە (وا مەرگی بڕیـار دراون) هـەر ڕادەگرێت ئەوی دیکەش تا وەختێکی دیاریکراو دێڵێتەوە. لەمەدا نیشانە هەن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن. ئـەم ئایەتـە ئەوە دەگەیەنێتو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گیانەکان هەموو کۆدەبنـەوە لـە لای باڵانیـشینان (الملأ الأعلى)وەك لە فەرموودەیەکی مەرفوعدا لـەو بارەیـەوە هـاتووە کـە ئیبنـو مەنـدەی و کەسـانی تـریش ڕیوایەتیان کردووە لە هەردوو سەحیحەکەی بوخاریو موسلیمدا لە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك هەر کەسێکتان چووە ناو جێگەی خـەوتنی، با چمکی ئەو شتەی لە بەریدایە بیتەکێنێت چونکە نازانێت لە دوای خۆی چی چووەتەناویەوە. پاشـان بڵـێ: پـەروەردگارم! بـە نـاوی تـۆوە لام دادەنـێمو پـاڵ دەکـەوم وە هـەر بـە نـاوی تۆشـەوە بـەرزی دەکەمەوە. ئەگـەر گیانمـت ڕاگـرت ڕەحمـم پـێ بکـەو ئەگـەر بەرەڵاشـت کـردەوە (جـارێکی تـر)ئـەوە بیپارێزە بەوەی کە عەبدە چاکەکانتی پـێ دەپارێزیت).[٢] ﴿فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ﴾ واتـە: ئەوانەی کە بڕیار دراوە بمرن ڕادەگرێن و ئەوانـەی تـریش تـا کـاتێکی دیـاریکراو دەهێڵێتـەوە. سـودی دەڵێت: هـەتا ئـەو کاتـەی بـۆی دیـاریکراوە.[٣] ئیبنـو عـەباس (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێت: گیـانی

---

[١] الانعام (٦٠–٦١).

[٢] فتح الباري (١١/١٣٠)، مسلم (٤/٢٠٨٤).

[٣] الطبري (٢١/٢٩٨).

مردووەکان ڕادەگرێتو گیانی زیندووەکانیش بەرەڵا دەکاتو لێی تێك ناچێت، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ واتە: ئا لەمەدا بەڵگەی زۆر هەیە بۆ ئەوانەی کە بیر دەکەنەوە.

﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ (٤٣) قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٤٤) وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (٤٥)﴾

هەموو تکایەك هەر بۆ خودایە، دڵگرانیو بێتاقەت بوونی بتپەرستان بەناوهێنانی خودای تاکو تەنها

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ﴾ واتە: ئاخۆ غەیری خودا تکاکارگەلێکیان بۆ خودا پەیدا کردووە؟ بڵێ گەرچی هیچ شتێکیان بە دەستەوە نیەو تێش ناگەن. خوای گەورە باسی خراپی موشریکەکان دەکات کە جگە لە خوا تکاکاری تریان بۆ خۆیان داناوە کە بریتیە لە بتو چەندەها شتی تر کە بە ئارەزووی خۆیان بەبێ هیچ بەڵگەیەك. خودایش دەفەرموێت ئەو کارەیان ڕاست نیە. چونکە ئەوانە توانای هیچیان نیەو بێ ئاوەزنو نە دەبیستنو نە دەبینن بەڵکو کۆمەڵێك دارو بەردنو بێ گیانن زۆر حاڵیان لە زیندەوەران خراپترە. پاشان دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: بڵێ: تکا (سەر لەبەر) هەر بۆ خودایە، ئاسمانەکانو زەمینیش هەر سەر بەون، لە ئاکامدا هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ بەوانەی کەجگە لەخوایان کردووەبە تکاکار و وا دەزانن لە لای خوداکەڵکیان دەگرن! هەواڵیان بدەرێ کە تکاکردن هیچ سودێك ناگەیەنێت مەگەر بۆ کەسێك کە خودا خۆی پێی خۆش بێت و ئیزنی پێ دابێت، لە دوایدا هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ﴾[1] واتە: کێیە ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێت تکا لە لای خوا بکات مەگەر بە ڕێپێدانی خۆی. ﴿لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ئەو خاوەنو فەرمانڕەوای هەموویەتی، ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودا خۆی دادوەری دەکات لە نێوانتاندا بە عەدالەتی خۆی،پاداشتی هەموو کەسێك دەداتەوە بە پێی کردەوەی. پاشان خوای گەورە دیسان باسی خراپی موشریکەکان دەکات و

[1] البقرة (٢٥٥).

دەفەرموویت: ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴾ واتە: هەر كاتێك ناوی خودای تاقانە بە یاد بكرێت، ئەو كەسانەی باوەڕیان بەو دنیا نیە، دڵیان بەو ناوە دەشێوێت‌و تێك دەچێت، ئەگەر باسی غەیری خودایان لا دەڵێن دەڵخۆش دەبن! واتە: كاتێك بوترێت (لا إلە إلاّ الله) بە تەنها، ﴿ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْآخِرَةِ﴾ موجاهید دەڵێت: ﴿ٱشْمَأَزَّتْ﴾ واتە: دڵیان كرژ دەبێت.[1] وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴾[2] واتە: بە ڕاستی هەر كاتێك بەوانە بوترایە هیچ پەرستراوێك نیە بێجگە لە خوا، خۆیان بە گەورە دەزانی (و ملكەچی نەدەبوون). خۆیان بە زل دەزانن‌و شوێنی ناكەون‌و گوێڕایەڵی ناكەن. چونكە دڵیان هەق‌و چاكە وەرناگرێت هەر كەسیش چاكەی وەرنەگرت. شوێنی خراپە.دەكەوێت بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ﴾ واتە: ئەگەر باسی غەیری خودایان بۆ بكرێت لەو شتانە وەك بت‌و ئەو هاوەڵانە كە بۆ خودایان داناوە، ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴾ واتە: زۆر دڵخۆش دەبن‌و پێیان خۆشە.

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٤٨﴾﴾

شێوازی پاڕانەوە (دوعاكردن)

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾ واتە: تۆ بڵێ ئەی خوای مەزن، ئەی داهێنەری ئاسمانەكان‌و زەمین! زانا بە نادیارو دیاران! تۆ بە كاری عەبدانی خۆت ڕادەگەی‌و ئەو كێشەی كە لە ناویاندا بوو كۆتای دەكەی. خوای گەورە دوای ئەوەی باسی ئەو كەسانەی كرد كە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن‌و باسی خراپیان دەكات كە چەند ئارەزوومەندی پەرستنی غەیری خودان‌و ڕادەكەن لە یەكتاپەرستی. دەفەرموویت: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ واتە: تۆ ئەی

---

[1] الطبري (٢١/٣٠١).

[2] الصافات (٣٥).

موحەممەد(ﷺ) تەنها هاوار لەخوا بکە کەشەریکی نیەوئەو خودایەی کە داهێنەری ئاسمانەکان‌و زەمینە، کە لە پێشدا نەبوون، ﴿عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ واتە: ئاگای لە پەنهانی‌و ئاشکرایە، ﴿أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: تۆ بە کاری عەبدانی خۆت ڕادەگەی لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتیشدا کاتێك زیندوو دەکرێنەوەو لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوەو کۆدەکرێنەوە ئەو کێشانەی لە نێوانیاندا بوو کۆتاییت پێ هێناو هەر کەسەو هەقی خۆیت دایە بە تەواوی. موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕڕەحمانەوە دەڵێت: پرسیارم کرد لە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) بە چی شتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی بە نوێژ دەکرد کاتێك هەڵدەسا بۆ شەونوێژ؟ عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت)فەرموی: کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵدەسا بۆ شەونوێژ. نوێژی بەم پاڕانەوەیە دەست پێدەکرد: (ئەی خودایە ! پەروەردگاری جوبەرەئیل‌و میکائیل‌و ئیسرافیل! داهێنەری ئاسمانەکان‌و زەمین‌و زانا بە نادیارو دیار! . تۆ بە کاری عەبدانی خۆت ڕادەگەی‌و ئەو کێشەی لەناویاندا هەیە کۆتای دەکەی. شارەزام بکە لەوهەقەداکەخەڵکی تێیدا ناکۆکن بە ئیزنی خۆت. بێگومان تۆ بۆ هەر کەسێك مەیلت لێ بێت ڕاستەڕێی نیشان دەدەی)[1].

لە ڕۆژی قیامەتدا (فیدیە) قەبوڵ ناکرێت

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ﴾ واتە: ئەو کەسانەی پیشەیان ناهەقی بووە، ئەگەر هەرچی لەم سەر زەمینەدا هەیەو هێندەی تریش هی ئەوان بێت، دەیکەنە فیدیەی خۆیان،بۆئەوەی لە جەزرەبەی خراپی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریان بکات، ئەوسا شتێکی وەهایان (لە خواوە) دێتەبەرچاو، کە هەرگیز بیریشیان بۆی نەچووە. ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ واتە:ئەگەر ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوە، ﴿مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ﴾ واتە: هەرچی لەسەر زەمیندا هەیە ئەوەندەی تریشان هەبێت، ﴿لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ واتە: ئەیکەنە فیدیەی ئەوەی کەڕزگاریان ببێت لەو جەزرەبەو نارەحەتەی ڕۆژی قیامەت کە خودا بۆی داناون، لێشیان قەبوڵ ناکرێت با پڕی ئەم سەر زەمینەش بێت لە زێڕ، وەك خوای گەورە لەم ئایەتەی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ﴾ پاشان سزاو خراپەیەکی وایان لە لایەن خوداوە بۆ دێت لە ڕۆژی قیامەتدا کە هەرگیز چاوەڕوانیان نەکردووەو بە تەمای نەبوون. ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟

[1] مسلم (٢/٥٣٤).

وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ ئەمەشیان بۆ ئاشکرا بوو کە چەندە خراپەیان کردوە، ئەو شتانەی ئەوان گاڵتەیان پێدەکرد چوار دەوریان دەگرن. ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ﴾ واتە: تۆڵەی ئەو خراپانەی کە لە دنیا کردبوویان بۆیان دەرکەوت، ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ واتە: ئەو جەزرەبەو نارەحەتیەش کە لە دنیا گاڵتەیان پێدەکردو بڕوایان پێی نەبوو دەوری گرتوون.

﴿فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ ۚ وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾﴾

مرۆڤ كاتێك تووشی خۆشیەك دەبێت دوای ناخۆشی لەخۆی دەگۆڕێت

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتە: سا هەر وەختێك مرۆڤ تووشی بەڵایەك دێت، لەبەرمان دەپاڕێتەوە، پاشان ئەگەر بەهرەیەکمان پێکەیاند. دەڵێن: هونەری خۆمانە. هیچ نازانن ئەمە ئەزموونە بۆ ئەوان، بەڵام دیارە زۆربەیان لە نەزانانن. خوای مەزن باسی مرۆڤ دەکات کە کاتێك تووشی بەڵایەك دەبێت لە خودا دەپاڕێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ لایو هاواری لێ دەکات. پاشان ئەگەر بەهرەیەکی پێکەیاند لە خۆباییەو یاخی دەبێتو دەڵێت: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ﴾[1] واتە: بێگومان ئەم سامانەم پێ دراوە بە هۆی زانیاریەکەوە کە هەمە. هونەری خۆمە خودا پێی داومو شایستەی ئەوەمو ئەگەر من شایەنی ئەو بەهرەیە نەبم پێی نەدەدام. قەتادە دەڵێت: ﴿عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ﴾ واتە: لە زانستی خۆمەوەیە.[2] خوای مەزنیش دەفەرموێت: ﴿بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ﴾ واتە: بەو شێوەیە نیە کە ئەوان دەزانن بەڵکو ئێمە ئەو بەهرەیەمان پێ بەخشی تا تاقی بکەینەوە ئایا گوێڕایەڵ دەبێت یان سەرپێچی دەکات. هەرچەندە ئێمە پێشتر دەمانزانی. بەڵام ئەمە بەڵایەکە (ئەزمونێکە) بۆیان. ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ هەرچەندە زۆربەیان حاڵی نابن بۆیە هەر لە خۆیانەوە قسە دەکەنو‌ئەوەهەمووە لافەش لێدەدەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ﴾ ئەوانەی پێش

---

[1] القصص (٧٨).

[2] الطبري (٢١/٣٠١).

ئەوانیش بوون هەر ئەو قسانەیان کرد، بەڵام هەرچی ئەوان کردیان، هیچ بەهرەیەکی پـێ نـەدان. ﴿قَدۡ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ﴾ واتە: زۆرێك لەو کەسانەی پێش ئـەمان ئـەم قـسانەی ئـەمانیان دەکـردو وایـان دەزانیو بە هەمان شێوە بیریان دەکردەوە، لە گەڵـە پێشینەکان، ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾ واتە: قسەکانیان بە ڕاست دەرنەچوو، نە ماڵو نە دەستو پێوەندو کەسو کاریان هیچ بەهرەیەکی پێ نـەدانو فریایـان نەکـەوت. ﴿فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْۚ وَٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ وَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ﴾ واتە: ئەوسا سزای کاری خۆیان دی، ئەو کەسانەش کە لەناو ئەم مەردمـەدا غەدر دەکەن، پاداشـتی خراپـەی خۆیـان دەدرێتـەوەو نـاتوانن خـۆ ڕزگـار بکـەن. واتـە: ئەوانـەش کـە خراپەکارنو ئەو کەسانەش کـە ناهـەقی بـە خـەڵکی دەکـەن پاداشـتی کـردەوەی خۆیـان دەدرێتـەوە، ﴿وَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ﴾ ناتوانن خۆ دەرباز بکەن وەك خوای گەورە باسـی قـارون دەکـات کـە هۆزەکـەی پێیان ووتـوە : ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٧٧﴾ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةً وَأَكۡثَرُ جَمۡعًاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ﴾[1] واتە: وە لەو (گەنجو سامان)ەی خوا پێی داوی ئەو دنیای پـێ بەدەسـت بێنـەو بەشـی خۆیشت لەم دنیایە لەبیر نەچێتو چاکە بکە (لەگـەڵ خەڵکدا) هـەر چۆنێك خـوا چاکەی لەگـەڵ تـۆدا کردووەو لەسەر زەویدا بە شوێن خراپەدا مەگەڕێ ، بـە ڕاسـتی خـوا خراپـەکارانی خـۆش ناوێت،ئـەرێ (قـارون)ئـەوەی نـەیزانیوە کـە بـە ڕاسـتی خـوا لـە چـەرخەکانی پـێش ئەمـدا چـەندین کەسـانی وای لەناوبردووە کە لەو بەهێزتربوون و کۆڕو کۆمەڵیشیان لەو زۆرتر بوو، (کاتێك سزای خـوا هـات) پرسـیار ناکرێت لە تاوانەکانی ئەم تاوانبارانە. وە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾[2] واتە: وە وتیان ئێمە سامانو منداڵمان زۆرترە (لە ئێوە)و ئێمە هەرگیز سزا نادرێین. خوای مەزن و باڵادەست دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ واتـە: چـۆن هێشتا نـەیانزانیوە کـە بـژێوی بـە دەسـت خودایـە، بـە هێندێکیان زۆر دەداتو بە هێندێکیان کەم. زۆر نیشانە لەمەدا هەن بۆ گەلێك کە بـڕوای هـەبێت. واتـە:

[1] القصص (٧٧ـ٧٨).

[2] سبأ (٣٥).

پەندو ئامۆژگاریو بەڵگە زۆرە لەسەر ئەمەی کە هەندێ کەس خودا بـژێوی زۆری پێداوەو هەنـدێکیش بژێوی کەمی پێداوە.

﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓا۟ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَـٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّـٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَـٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾﴾

بانگهێشت بۆ گەڕانەوەو تەوبەکردن پێش هاتنی سزا

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ واتە: بڵێ: ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانەی کە بە لادان لە ئەندازە، ناهەقیتان لە خۆتان کردووە! نابێت ئێوە لە بەزەیی خوا نائومێد بن، چونکە خوا لە هەموو گوناهێك چاو دەپۆشێت، ئەو لێبوردەو دلۆڤانە. ئەم ئایەتە پیرۆزە بانگی گشت یاخیو لادەرەکان دەکات لە خوانەناسو کەسانی تریش کە پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە، هەواڵیان دەداتێ کە خوای مەزن لە هەموو تاوانێك دەبورێت لە هەر کەسێك کە پەشیمان بێتەوەو لە گوناه وازبێنێت جا ئیتر ئەو گوناهو تاوانە هەر چۆنێك بووبێتو هەرچەندە زۆر بێت وەك کەفو خۆڵ وخاشاکی دەریا. ئەم ئایەتە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تەوبە ناکەن. چونکە هاوەڵ دانان بۆ خـودا لێخۆشبوونی نیە بەو مەرجە نەبێت، دەبێت ئەو کەسە تەوبەی لێ بکاتو پەشیمان ببێتەوە. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: خەڵکێکی زۆر لەو کەسانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا دادەنا خەڵکێکی زۆریان کوشت بوو زۆر داوێن پیس بوون هاتن بۆ لای موحەممەد (ﷺ) وتیان: ئەمەی تۆ بانگی بۆ دەکەیتو دەیڵێی شتێکی زۆر چاکە ئەگەر هەواڵمان بدەیتێ کەفارەتی ئەوگوناهانە هەیە!. ئەوەبوو ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ﴾[1] واتە: وە کەسانێکن لەگەڵ خوادا ناپەرستن هیچ پەرستراوێکی ترو ناکوژن هیچ کەسێك کە خوا کوشتنی ئەوی یاساغو حەرام کردووە بە هەقو ڕەوا

[1] الفرقان (٦٨).

نەبێتو زیناو داوێن پیسی ناکەن. ئەم ئایەتەش هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ﴾ هەر بەم شێوەیە موسلیمو ئەبو داودو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[١] مەبەست لە ئایەتی یەکەم، ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا﴾[٢] واتە: مەگین ئەوەی تەوبە دەکاتو باوەڕ دێنێتو ئاکاری چاك ڕەچاو دەکات. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەوبانەوە کە خزمەتچی پێغەمبەر بوو (ﷺ) دەڵێت: بیستم پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیفەرموو: (دنیاو ئەوەی کە تیایەتی بە ئەندازەی ئەم ئایەتە لام خۆشەویستتر نیە کە خودا دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە). پیاوێك وتی: ئەی ئەو کەسەی شەریك بۆ خودا دادەنێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو پاشان فەرمووی: (مەگین ئەو کەسە نەبێت کە شەریکی بۆ خودا داناوە). سێ جار فەرمووی.[٣] تەنها ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە. دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەسمای کچی یەزیدەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ﴾ واتە: ئەو کاری ناپەسەندی هەیە. وە گوێم لێبوو دەیفەرموو: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾.[٤] ئەبو داودو تیرمیزیش ڕیوایەتیان کردووە.[٥] ئەم فەرموودانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوە کە گشت گوناهێك ڕەش دەکرێتەوە، لەگەڵ تەوبەکردن دا هیچ عەبدێك نائومێد نابێت لە بەزەیی خودا با هەرچەندە گوناهەکەی گەورەو زۆریش بێت چونکە دەرگای بەزەییو لێبوردنی خودا زۆر فراوانە، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾[٦] واتە: ئایا نەیانزانیوە کە بێگومان هەر خودا تەوبەو پەشیمانی لە بەندەکانی وەردەگرێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ

---

[١] فتح الباري (٨/٤١١)، مسلم (١/١١٣)، أبو داود (٤/١٦٦)، النسائي في الكبرى (٤٤٦).

[٢] الفرقان (٧).

[٣] أحمد (٥/٢٧٥)، فەرموودەیەکی لاوازە.

[٤] أحمد (٦/٤٥٤)، فەرموودەیەکی لاوازە.

[٥] أبو داود (٤/٢٨٥)، تحفة الأحوذي (٩/١١١)، فەرموودەیەکی لاوازە.

[٦] التوبة (١٠٤).

ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾[1] واتە: وە هەر كەس كردەوەيەكی خراپ بكات يان ستەم لە خۆی بكات پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوا بكات دەبينێت خوا لێبوردەی ميهرەبانە. وە خوای گەورەو بالادەست لە بارەی دووڕووەكانەوە فەرموويەتی: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ ﴾[2] واتە: (با بزانن) بە ڕاستی دووڕووەكان لە خانەو تەبەقەی هەرە ژێرەوەی ئاگردانو هەرگيز ڕزگاركەرێكت بۆ ئەوان دەست ناكەوێت، جگە لەوانەی دەگەڕێنەوەو خۆيان چاك دەكەن. وە دەفەرمووێت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی بێباوەڕ بوون ئەوانەی كە وتيان بێگومان خودا يەكێكە لەو سێ خودا (كە بريتين لە پەروەردگارو عيساو دايكی)، (لە كاتێكدا) هيچ پەرستراوێك نيە بێجگە لە تەنها خودايەكو ئەگەر واز نەهێنن لەو وتە ناڕەواو بەدانە سوێند بە خوا سزايەكی بە ئازارو سەخت دووچاری ئەوانەيان دەبێت كە بێباوەڕ بوون ، پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾[3] واتە: دەی بۆ تەوبە ناكەنو ناگەڕێنەوە بۆ لای خودا؟و داوای لێبوردنی لێ ناكەن؟ لە كاتێكدا خودا لێبوردەی ميهرەبانە. خوای مەزن لە ئايەتێكی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ ﴾[4] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی كە ئازاری پياوو ژنە بڕوادارەكانياندا‌و لە پاشان پەشيمان نەبوونەوە. حەسەنی بەسری دەڵێت: سەيری ئەم هەموو ڕێزو بەخشندەييەی خودا بكەن دۆستی خودايان كوشتووە كەچی خودای گەورە بانگيان دەكات كە تەوبە بكەن هەتا لێيان ببورێت. ئايەت لەم بارەيەوە فرە زۆرە. لە هەردوو سەحيحەكەدا هاتووە لە ئەبو سەعيدەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەويش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە باسی ئەو پياوە كە نەوەدو نۆ (٩٩) كەسی كوشت، پاشان پەشيمان بووەوە پرسياری لە خواناسێكی بەنی ئيسرائيل (جوولەكە) كرد ئايا بۆی هەيە تەوبە بكات، خواناسەكە وتی: نەخێر. ئەويشی كوشت. بەوەوە سەد كەسی تەواو كرد. پاشان پرسياری لە زانايەك لە زاناكانی بەنی ئيسرائيل كرد ئايا بۆی هەيە تەوبە بكات. زاناكە وتی: كێ دەبێتە ڕێگر لە نێوان تۆو تەوبەكردندا. پاشان فەرمانی پێكرد كە بڕوات بۆ

---

[1] النساء (١١٠).

[2] النساء (١٤٥ـ١٤٦).

[3] المائدة (٧٣ـ٧٤).

[4] البروج (١٠).

گوندێك لەو گوندانە خواپەرستی بكات بەرەو گوندەكە كەوتەڕێ لە ڕێگەدا مردن یەخـەی گـرتو گیـانی دەرچوو فریشتەی بەزەیی‌و فریشتەی سزادان بووە كێشەیان لەسەری. خـوای دلۆڤـان فـەرمانی دا كـە نێوانی هەردوو زەویەكە بپێون بۆ هەر كام زەمینیان نزیكتر بوو ئەمە لەوێیە، پێوایان بۆیـان دەركـەوت كە لەو زەمینەوە نزیكە كە كۆچی كردووە بۆی، فریشتەی بـەزەیی هـەڵیگرتو بـردی. ئـەڵێن لـە كـاتی مردندا بە سنگی خۆی نزیك كردووەتەوە. خوای مەزنیش فەرمانی كردووە بەو وڵاتە پڕخێـرە كـە نزیـك بێتەوەو فەرمانیشی دا بەو وڵاتەكەی تر كە دووركەوێتەوە.[1] ئەمە مانـای فەرموودەكەیـە لـە شـوێنێكی تردا وەك خۆی چۆن نووسراوە نوسیومانە. عەلی كوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەم ئایەتـەدا: ﴿قُلْ يَـٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا﴾ هـەتا كۆتـایی ئایەتەكـە. دەڵێـت: خـوای مـەزن داوای كـردووە لـەو كەسـانەی كـە وایانزانیوە (مەسیح عیسا) (سەلامی خوای لێ بێت) خودایە. وە ئەوانەش وایـان زانیـوە خـودا هـەژارە، وە ئەوانەش وایانزانیوە (مەسیح عیسا) كوڕی خودایە، وە ئەو كەسانەش وایان زانیـوە عـوزەیر كـوڕی خودایە. وە ئەوانەش وایانزانیوە كە خودا دەستی بەستراوە. وە ئەوانەش وایانزانیوە كە خودا یەكێكـە لە سێ خوداكە. تا پەشیمان ببنـەوەو بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوداو تەوبـە بكـەن. دەفـەرمووێت پێیـان: ﴿ أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾[2] واتـە: دەی بـۆ تەوبـە ناكـەنو ناگەڕێنەوە بۆ لای خودا؟و داوای لێبوردنی لێ ناكەن؟ لە كاتێكدا خـودا لێبـوردەی میهرەبانـە. پاشـان داوای تەوبە دەكات لەو كەسەی كە قسەكەی زۆر لە قسەی ئەوان گەورترە، ئەو كەسەی كە دەڵێت من خودا هەرە پایەبەرزەكـەی ئێـوەم فەرموویـەتی: ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِي﴾ ئیبنـو عـەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: هەر كەسێك لە عەبدەكانی خودا نائومێد بێت لـە پەشیمانبوونەوە دوای ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە ئەوە ئینكاری كتێبی خودا دەكات. بەڵام عەبد توانای تەوبەكردنی نیە هەتا خودا تەوبەی لێ وەردەگرێتو لێی دەبورێت.[3] تەبەرانی ڕیوایەتی كردووە لە ڕێگەی شەعبیەوە لـە شوتەری كوڕی شەكەلەوە دەڵێت: بیستم لە ئیبنو مەسعودەوە دەیوت: گەورەترین ئایەت لە لە كتێبی خوادا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ﴾[4] واتە: خوا ئەو خوایەیە كە هـیچ پەرسـتراوێكی (ڕاسـت) نیـە بێجگە لەو هەمیشە زیندووی تەدبیركەرو ڕاگر(ی بوونەوەر)ە. وە گشتگیرترین ئایەت بۆ چـاكەو خراپـە

---

[1] فتح الباري (٦/٥٩١).

[2] المائدة (٧٤).

[3] اخرجه ابن جرير وابن المنذر الدر المنثور (٥/٦٢١).

[4] البقرة (٢٥٥).

لە قورئاندا: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَـٰنِ﴾[1] واتە: بە ڕاستی خوا فەرمان دەدات بـە دادگـەریو بـە چاکە(تاکۆتایی ئایەتەکە) . وە زۆرترین ئایەت لە قورئاندا دڵخۆشـکەر بێـت لـە سـورەتی (الزُّمر)دایـە: ﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ﴾ وە بـەهێزترینو تونـدترین ئایـەت لـە کتێبـی خـوادا کـە دەروکەرەوەیـە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾[2] واتە: وە هەر کەسێك خوانـاس بێـت خـوا دەرووی لێ دەکاتـەوە، وە ڕزقو ڕۆزی دەدات لـە لایەکەوە کە کە بە خەیاڵیدا نەهاتووە.مەسروق وتی: ڕاست دەکەی[3].

باسی ئەو فەرموودانەی کە نەفی نائومێدی دەکات

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەیفەرموو: (سوێند بەو کەسەی گیـانی منـی بەدەسـتە ئەگـەر ئەوەنـدە گوناهتـان گردبێـت، گوناهـەکانتان نێـوانی ئاسمـانو زەمـین پـڕ بکـات. پاشـان داوای لێخۆشـبوونتان کردبێت لە خودا، خودا لێتان خۆش بووە. وە سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی(ﷺ) بە دەسـتە ئەگەر گوناهتان نەکردایە خودا گەلێکی دەهێنا گوناهیان بکردایە پاشان داوای لێخۆشبوونیان لە خـودا بکردایە، تا لێیان خۆش بێت).[4] تەنها ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کـردووە. وە دیسان ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو ئـەیوبی ئەنساریەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) لـە کـاتی مردنیـدا دەڵێت: مـن شتێکم لە ئێوە شاردبووەوە کە بیستبووم لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەیفـەرموو: (خـۆ ئەگـەر ئێـوە گوناهتان نەکردایە خودا گەلێکی دروست دەکرد گوناه بکەن هەتا لێیان خۆش بێت). هەر بەم شـێوەیە ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووەو موسـلیم هێناویـەتی لـە سـەحیحەکەیداو تیرمیـزیش ڕیوایـەتی کردووە.[5] پاشان خوای مەزن عەبدەکانی هەڵدەنێ کە پێشبڕکێ بکـەن لـە تەوبەکردنـداو فەرموویـەتی: ﴿وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ واتـە: بگەڕێنـەوە لای پەروەردگاری خۆتانو خۆتان هەر بەو بسپێرن، بەر لەوە ئازارتان بۆ بێتو کەسیش بە هاناتان نەیەت. واتـە: بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوداو خۆتـان بدەنـە دەسـتی ئـەو، ﴿قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا

[1] النحل (٩٠).
[2] الطلاق (٢ـ٣).
[3] الطبراني (١٤٢/٩).
[4] أحمد (٢٣٨/٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[5] أحمد (٤١٤/٥)، مسلم (٢١٠٥/٤)، تحفة الأحوذي (٢٢٣/٩).

تُشۡعُرُونَ ﴾ واتە: پەلە بکەن لە تەوبەکردنداو مەوەستن لـە کـاری چاکەکردن پـێش ئـەوەی تووشی ناڕەحـەتیو مـردن بـبن. پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةً وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴾ واتـە: بکەونـە شـوێن ئـەو دەستوورەی پەروەردگارتان بۆتانی ناردووە لە هەموو شت باشترە، بەر لـەوە ئازارتـان بۆ بێت (لە ناکاوێك) کە هەر هەستیشی پێ ناکەن. واتە: شوێنی قورئانی پیرۆز بکەون کە لە هەموو شتێك باشترە پێش ئەوەی لە کتوپڕێکدا سزاتان بۆ بێت کە نـازانن‌و هەستیـشی پـێ ناکـەن. پاشـان خـوای مـەزن دەفەرمووێت: ﴿أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴾ واتە: نەکا ئەوسا کەسێك بڵێ: ئەی مخابن من لە فەرمانبەری خودا درێغیم کرد، بە ڕاستی من لە گاڵتەچیان بووم. واتە: نەکا ئەوسا کەسێك لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێ بە داخەوە من نکۆڵیم کرد لـە پەشیمان بوونـەوەو زوو نەگەڕامەوەو ئاواتەخوازە کە یەکێك بووایە لە ئاکارچاك‌و دڵپاك‌و گوێڕایەڵانی خوای گەورە. ﴿وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴾ واتە: کارو فەرمانی من گاڵتەکردن‌و لاساری بوو بڕوام نەدەکردو بـە ڕاسـتم نـەدەزانی، ﴿أَوۡ تَقُولَ لَوۡ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾ واتە: یـان بڵـێ ئەگـەر خـودا بـەرەو خـۆی ڕێـی نیشان دابام، منیش لە پارێزگاران دەبووم. ﴿أَوۡ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلۡعَذَابَ لَوۡ أَنَّ لِي كَرَّةٗ فَأَكُونَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ واتـە: یـان وەختێـك کـە ئـازار دەبـینێ بڵـێ بریـا بگەڕامایەتـەوەو بـچوومایەتە ڕیـزی ئاکارچاکانەوە. واتە: خۆزگە جارێکی تر دەگەڕامەوە بۆ نـاو دنیـا هـەتا کرداری چـاکم بکردایـە. عـەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) خوای خاوەن دەسەڵات باسی ئەو عەبدانەمان بۆ دەکات کە چی دەڵێن لە پێش ئەوەی بیڵێن‌وباسـی ئـەو کردارانـەیان دەکـات بۆمـان لـە پێش ئەوەی کە پێی هەڵسن. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ﴾[1] واتە: غەیری خـودا (کە هەموو شتێك دەزانێت) کەس ناتوانێت (لەوانە) ئاگادارت بکات کەڕوو دەدەن بۆ نمونـە ﴿أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوۡ تَقُولَ لَوۡ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوۡ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلۡعَذَابَ لَوۡ أَنَّ لِي كَرَّةٗ فَأَكُونَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾[2].

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەری

---

[1] الفاطر (١٤).

[2] الطبري (٢١/٣١٦).

خودا(ﷺ) فەرمووی: (گشت خەڵکی ناو ئاگر شوێنی خۆی لە بەهەشتدا دەبینێتو دەڵێت: ئەگەر خودا بەرەو خۆی ڕێی نیشان دابام ئاوام بەسەر نەدەهات، (ئەوەدەبێتە داخو خەفەت بۆی). وە فەرمووی گشت خەڵکی بەهەشت شوێنی خۆی لەناو ئاگردانەبینێ و دەڵێت: ئەگەر خودا بەرەو خۆی ڕێی نیشان نەدابام (ئێستا ناو ئاگر جێم بوو) فەرمووی: سوپاسی خوای لەسەر دەکات).[1] نەسائیش ریوایەتی کردووە.[2] کاتێك تاوانکاران ئاوات دەخوازن جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ دنیاو ئاخو داخ دەخۆن کە بۆچی بڕوایان بە نیشانەکانی خودا نەکردو شوێنی پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) نەکەوتن، خوای مەزنیش دەفەرمووێت: ﴿ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ واتە: خۆ گەلێکت لە نیشانەکانی من بۆ هات، باوەڕت پێیان نەهاتو بەهۆی خۆبەزلزانینی خۆتەوە، چوویتە ڕیزی پێ نەزانان. واتە: ئەی ئەو عەبدەی پەشیمانی لەوەی کە بڕوات نەکرد بە نیشانەکانی من لە ژیانی دنیادا ئەو هەموو بەڵگەی منت بینیو بڕوات پێ نەکرد خۆت بە زل زانیو شوێنی نەکەوتی. چویتە پاڵ ئەوانەی کە لاسارو پێ نەزانو بەدنمەك بوون.

﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦١﴾ ﴾

پاشەڕۆژی ئەوانەی کە درۆیان بۆ خودا هەڵدەبەستو پاشەڕۆژی ئەوانەش کە خۆیان لە پاراست

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾ واتە: ڕۆژی قیامەت تۆ دەبینی ئەو کەسانەی درۆیان بۆ خوا هەڵدەبەست ڕوویان ڕەشە، ئاخۆ بۆ خۆ بەزلزانان شوێنێك لە دۆزەخدا نیە؟ خوای گەورە باسی ڕۆژی قیامەت دەکات کە لەو ڕۆژەدا هەندێ ڕووڕەشنو هەندێکیش ڕووسپین. ئەوانەی خەریکی دووبەرەکیو ئاژاوە بوون ڕوویان ڕەشەو ئەهلی سونەو جەماعەش ڕوویان سپیە بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ﴾ واتە: ئەوانەی کە وادەزانن خودا شەریکی هەیەو فەرزندەی بۆ دادەنێن ﴿ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ﴾ڕوویان ڕەش دەبێت بە هۆی ئەو درۆیەی بۆ خوای هەڵدەبەستن خودایش دەفەرمووێت: ﴿ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾ واتە: ئایا جەهەنەم بەس نیە بۆ ئەوانە کە ببێتە بەندیخانەو شوێنیان هەتا ئابڕویان بچێتو سەرشۆڕو داماو بن تێیدا بە هۆی ئەو لوتبەرزیەیانو

[1] أحمد (٥١٢/١)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی حەسەنە.

[2] النسائي في الكبرى (٤٤٧/٦).

مل نەدانەیان بۆ ڕاستی، پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ وَيُنَجِّي ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی خۆیان پاراست (لەبەر ئەوەی بە ڕێگەی ڕزگاریدا چوون) خودا خۆی ڕزگاریان دەکات، نە تووشی ناخۆشی دەبنو نە خەم دەخۆن. ﴿ وَيُنَجِّي ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ بِمَفَازَتِهِمْ ﴾ واتە: ئەوانەی کە بە ڕێگەی بەختەوەریدا چوونو ڕوو سوورو سەرفراز بوون لە لای خودا، ﴿لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ﴾ تووشی ئازار نابن لە ڕۆژی قیامەتدا، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ واتە: لەو ڕۆژە زۆر ترسناکەدا خەم ناخۆن بەڵکو پارێزراون لە هەموو ناخۆشیەكو لە هەموو خراپەیەك دوورنو زۆر بەختەوەرن.

﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٦٣﴾ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّيٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾﴾

خودا خۆی خاوەن دەسەڵاتو وەدیهێنەرەو شەریك دانان بۆی هەموو کردەوەیەك لەناو دەبات

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ واتە: هەرچی هەیە هەموو دەستکاری خودایەو ئاگای لە هەموو شت هەیە. ﴿لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ واتە: کلیلەکانی ئاسمانەکانو زەمین بە دەست ئەوە. هەر ئەوانە زیانبارن کە لە نیشانەکانی خودا حاشایان کرد. خوای گەورە دەفەرمووێت کە هەر خۆی وەدیهێنەری هەموو شتێکەو پەروەرندەو خاوەنو کاربەدەستیەتیو هەموو شتێك لە ژێر فەرمانو دەسەڵاتو چاودێری ئەودایە، ﴿لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ موجاهید دەڵێت: ﴿مَقَالِيدُ﴾ واتە: کلیلەکان بەزمانی فارسی. قەتادەو ئیبنو زەیدو سوفیانی کوڕی عویەینەش (عُیَینة) هەر وایان وتووە.[1] سودی دەڵێت: ﴿لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە: گەنجینەکانی ئاسمانەکانو زەمین بە دەستی ئەوە.[2] ماناکە لە هەردوو حالەتەکەدا وەك یەکن واتە هەموو کارو فەرمانێك بە دەستی خوای گەورەیە. هەر ئەو خاوەن دەسەڵاتو جێی سوپاسەو ئاگای لە هەموو شت هەیە بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی:

---

[1] الدر المنثور (٢٤٣/٧)، الطبري (٣٢١/٢١).

[2] الطبري (٣٢١/٢١).

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِـَٔايَـٰتِ اللَّهِ أُولَـٰٓئِكَ هُمُ الْخَـٰسِرُونَ﴾ واتە: هەر ئەوانە زەرەرمەندن کە بڕوایان بە نیـشانەکانی خـودا نیـە. پاشـان خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَـٰهِلُونَ﴾ واتە: بڵێ: ئاخۆ لە منتان دەوێ غەیری خودا شتێکی تر بپەرستم؟ ئەی نەزانان. لە بارەی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ڕیوایەت کراوە لـە ئـەبو حاتـەمو کەسانی تریشەوە لـە ئیبنـو عەباسـەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێـت: موشـریکەکان لـە نەزانیانـەوە داوایان لـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەکرد کـە عیبادەتی خوداکانی ئەوان بکات ئەوانیش لەگەڵ ئەو عیبادەتی خوداکەی ئەو دەکـەن ، ئـەوەبوو ئـەم ئایەتـە هاتـەخوارەوە: ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَـٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَـٰسِرِينَ﴾ ئێمە بە تۆو ئەوانـەش کە بـەر لـە تـۆ بـوون، ڕامانگەیاند، هەر کەسێکی تر بپەرستی، بێگومان کارەکەت لێ پوچەڵ دەبێتو لـە ڕیـزی زیانبـارانی.[1] ئـەم ئایەتـە وەك ئـەو ئایەتـە وایـە کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[2] واتە: وە ئەگەر هاوبەشیان ڕەوا بدایە بۆ خوا بێگومان ئەو چاکانەی کردبوویان هەمووی بـێ پاداشت دەردەچوو. وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنَ الشَّـٰكِرِينَ﴾ واتە: تـەنها خودا بپەرستەو لەگەڵ شوکرانەبژێران بە. واتە: بە دڵی پاك عیبادەتی خودا بکە بە تەنهاو هـاوەڵی بـۆ دامەنێو خۆشتو ئەوانەش کە بڕوایان پێ کردووەو شوێنت کەوتوون.

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ الْقِيَـٰمَةِ وَالسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾﴾

موشریکەکان وەك پێویست خودایان نەناسیووە

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ الْقِيَـٰمَةِ وَالسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ واتـە: خودایـان (وەکـو پێویـست) نەناسـیووە، ڕۆژی قیامـەت زەمـین هـەموو وا لـەناو مـشتی ئەودایـەو ئاسمانـانیش بـە دەسـتی ئـەو پێچراونەتەوە خودا پاكو بـەڕێزە لـەو شـتانەی ئـەوان دەیکەنـە شـەریکی. ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾ واتە: ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن وەك پێویستە خودایان نەناسیووە کاتێك کە کەسانی تر غەیری

[1] الطبري، تفسير سورة الكافرون.

[2] الانعام (٨٨).

خودا لەگەڵی دەپەرستن. ئەو خودایەی هیچ کەس لەو مەزنتر نیەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو خاوەنی هەموو شتێکەو هەموو شتێك لە ژێر تواناو دەسەڵاتی ئەودایە. موجاهید دەڵێت: ئەم ئایەتە لەسەر قورەیش هاتووەتەخوار. سودی دەڵێت: بەو شێوەیەی کە پێویستە ڕێزیان لە خودا نەگرتووە.[1] موحەممەدی کوڕی کەعب دەڵێت: ئەگەر خودایان وەك پێویستە بناسیایە بێباوەڕ نەدەبوون. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت): ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾ ئەو خوانەناسانە بڕوایان نەدەکرد کە خودا دەسەڵاتی هەیە بەسەریاندا. چونکە هەر کەسێك بڕوای ببێت کە خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وەك ئەوەی کە پێویستە دەیناسن هەر کەسیش باوەڕی وا نەبێت خودای نەناسیووە بەو شێوەیەی کە پێویستە.[2] فەرموودەی زۆر هاتووە کە پەیوەندی بەم ئایەتە پیرۆزەوە هەیە. ڕێگەش بۆ تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەو نموونەی ئەم ئایەتە ڕێگەی زانایانی پێشینە ئەوتەفسیرەش هێنانیان وماناکردنیانە وەك خۆی بەبێ گۆڕینو ئەملاولا پێکردن. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ﴾ لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: یەکێك لە زانایانی جولەکە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئێمە بە لامانەوە وایە کە خودا ئاسمانەکان دەگێڕێت لەسەر پەنجەیەكو زەمین لەسەر پەنجەیەكو ڕووەك لەسەر پەنجەیەكو ئاوو خۆڵیش لەسەر پەنجەیەكو باقی دروستکراوەکانی تریش لەسەر پەنجەیەك ودوای ئەوە دەفەرموێت: من فەرمانڕەوام، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێکەنی هەتا دانی پیرۆزی دەرکەوت. بۆ تەئکیدی ڕاستی قسەی زاناکە پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾،[3] هەمیسان بوخاری ڕیوایەتی کردووە جگە لەم باسەدا لە سەحیحەکەیداو ئیمامی ئەحمەدو موسلیمو تیرمیزیو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[4] وە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)دەیفەرموو: (خوای مەزن زەمین دەگرێتو ئاسمانیش بە ڕاستی دەپێچێتەوە پاشان دەفەرموێت: من فەرمانڕەوام فەرمانڕەواکانی زەمین لە کوێن) بەم شێوەیە تەنها بوخاری

---

[1] الطبري (٢١/٣٢١).

[2] الطبري (٢١/٣٢١).

[3] فتح الباري (٨/٤١٢).

[4] فتح الباري (١٣/٤٠٤)، مسلم (٤/٢١٤٧)، أحمد (١/٤٢٩، تحفة الأحوذي (٩/١١٢/١١٣)، النسائي في الكبرى (٦/٤٤٦).

ڕیوایەتی کردووە. موسلیم بە شێوەیەکی تر ڕیوایەتی کردووە.[1] وە بوخاری لە شوێنێکی تردا ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە- (ﷺ) فەرموویەتی: (خوای مەزن و پایەبەرز لە ڕۆژی قیامەتدا زەمین دەگرێت لەسەر پەنجەیەک و ئاسمانەکانیش بە دەستیەوە، پاشان دەفەرموێت: من فەرمانڕەوام).[2] هەر بوخاری بە شێوەیەکی تریش ڕیوایەتی کردووە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە هەر بەم شێوەیەو درێژتریش لە ئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ئەم ئایەتەی لەسەرمینبەرەکەی خوێند: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیفەرموو: ئا بەو شێوەیە دەستی دەجوڵاند بەملاولادا دەستی هەڵدەگێڕایەوە (پەروەردگار باسی مەزنی خۆی دەکات و دەفەرموێت: من بەسەر هەموو شتێکدا زاڵم، من هیچ شتێك دەرەقەتم نایەت و من فەرمانڕەوام. من خاوەن دەسەڵاتم، من بەخشندەم)، مینبەرەکە لەرزی و جوڵا بە پێغەمبەرەوە. هەتا وتمان لەوانەیە بە پێغەمبەرەوە بکەوێتە خوارەوە)[3]. موسلیم و نەسائی و ئیبنو ماجە ڕیوایەتیان کردووە[4].

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ ۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ وَأَشْرَقَتِ الْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ الْكِتَابُ وَجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ وَالشُّهَدَاءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾﴾

فووکردن بە کەڵەشاخداو داوەریکردن و پاداشتدانەوە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ﴾ واتە: کاتێك فوو کرا بە کەڕەنادا، ئەوسا هەرکێ لە ئاسمانان و زەمین، بێ هۆش دەبێت، مەگین کەسێك خوا نەیەوێت، جارێکی تر فووی پێدا کرا، کەچی لە پڕ هەموویان ڕاست دەبنەوەو بە چاوی خۆیان دەبینن. خوای گەورە باسی ناڕەحەتی و گرانی ڕۆژی قیامەت دەکات و ئەو شتانەی کە تیایدا ڕوو دەدات لە بومەلەرزەی گەورەو بەهێزو مردنی گشت خەڵك و پاشان زیندووکردنەوەیان، کە دەفەرموێت: ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ

---

[1] مسلم (٢١٤٨/٤).

[2] فتح الباري (٤٠٤/١٣).

[3] أحمد (٧٢/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] النسائي في الكبرى (٤٠٠/٤)، إبن ماجه (١٤٢٩/٢)، سەحیحە.

﴿إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەم فووە بە کەڵەشاخدا فووی دووەمە. ئەو فوەیە کە هەموو زیندەوەرێك بە هۆیەوە دەمرێت لە خەڵکی ئاسمانەکانو سەر زەمین مەگین کەسێك خودا خۆی مەیلی لێ بێت نەمرێت. وەك چۆن باسکراوە لە فەرموودە بەناوبانگەکەی (صور)دا. پاشان گیانی ئەوانەش کە ماوە دەکێشرێت، تەنها فریشتەی گیان کێشان دەمێنێت ئەویش دەمرێت. تەنها خوای گەورەنەبێت کە هەرگیز نامرێتو هەبووەو هەر دەشمێنێت دەفەرمووێت: ئەمڕۆ دەسەڵات بۆ کێیە؟ سێ جار دەفەرمووێت. پاشان خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوەو دەفەرمووێت: ﴿لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ﴾[1] واتە: هەر بۆ خوای تاكو تەنهای بەسەر هەموو شتدا زاڵە. من ئەو کەسەم کە هەموو شتێکم تێکشکاندو زاڵ بووم بەسەریداو بڕیاری لەناودانی هەموو شتێکم دا. پاشان یەکەم کەسێك کە زیندووی دەکاتەوە، ئیسرافیلەو فەرمانی پێدەکات جارێکی تر فو بکاتەوە بە کەڵەشاخدا کە فوی سێهەمە واتە فوی زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ﴾ واتە: زیندوو دەبنەوە پاش ئەوەی کە بوونە ئێسكو ڕزان، بە چاوی خۆیان ئەو ناڕەحەتی ڕۆژی قیامەتە دەبینن. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾[2] واتە: بێگومان ئەو زیندووبوونەوەیە هەر یەك نەعرەتەیە، ئیتر کوتوپڕ وان لە دەشتێکی سپی کاکی بەکاکیدا. وە دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يَدۡعُوكُمۡ فَتَسۡتَجِيبُونَ بِحَمۡدِهِۦ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا﴾[3] واتە: ئەو ڕۆژەی کە بانگتان دەکەن (لە گۆڕەکانتانەوە) جا ئێوەش دەست بەجێ دێن بە دەم بانگکردنەکەوە بە سوپاسو سەناکردنەوەو وا دەزانن نەماونەتەوە (لە دنیادا) ماوەیەکی کەم نەبێت. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلۡأَرۡضُ بِأَمۡرِهِۦۚ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمۡ دَعۡوَةٗ مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ إِذَآ أَنتُمۡ تَخۡرُجُونَ﴾[4] واتە: وە لە نیشانەکانی ئەوە کە ئاسمانو زەوی بە فەرمانی ئەو وەستاون پاشان کاتێك (لە ڕۆژی دواییدا) لە زەوییەوە بانگتان دەکەن یەکسەر ئێوە (لە گۆڕەکانتان) دێنە دەرەوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە کە پیاوێك وتی بە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (ڕەزای خوایان لێ بێت) چیە ئەم قسەی تۆ دەیڵێی، کە قیامەت فلانەو فلانە کات هەڵدەسێت؟ عبدالله وتی: نیازم وایە کە لەمەولا هیچ فەرموودەیەك بۆ کەس باس نەکەم. من هەر ئەمەم وتووە کە ئەوەندەی پێ ناچێت

---

[1] الغافر (١٦).

[2] النازعات (١٣ـ١٤).

[3] الاسراء (٥٢).

[4] الروم (٢٥).

کارەساتێکی گەورە دەبینن. لە پاشان وتی: پێغەمبەری خـودا(ﷺ) فـەرمووی: (لـەناو ئوممـەتی منـدا دەججال هەڵدەسێت، چل دەمێنێتەوە، نازانم چل ڕۆژ یان چل ساڵ یان چل مانگ، یـان چـل شـەو، لـە دواییدا خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خـوای لێ بێـت) دەنێرێـت کـە لـە عـورووەی کـوڕی مەسعودی سـەقەفی دەچێت،عیـسادێت و خوادەججـال لـەناو دەبـات لـە دواییـدا خـەڵکی حـەوت سـاڵ دەمێننەوە لـە نێـوان هـیچ دوو کەسـێکدا دوژمنایـەتی نابێـت، لـە پاشـان خـودا بایـەکی فێنـكو سـارد دەنێرێت لە ڕووی شامەوە لەسەر زەمیندا هیچ کەس نامێنێت بە ئەندازەی گەردیلەیەك باوەڕ لـە دڵیـدا بێت، گیانی هەمووی دەکێشێت. هەتا ئەگەر یەکێك لە ئێوە بچێتە ناوجەرگـەی شـاخێکەوە، ئـەو بایـە دەچێتە ناو ئەو شاخە بۆی هەتا گیانی دەکێشێت. عەبدوڵلا دەڵێت: ئەم فەرموودەیەم لـە پێغەمبـەری خودا(ﷺ) بیستووە کە فەرمووی: (هەر خـەڵکی خـراپ دەمێننـەوە ، وەك باڵنـدە وانـە[1]، وە عـەقڵیان وەك عەقڵی دڕندەوایە، نە چاك دەزانن کە بیکەنو نە خراپیش دەزانن کە خۆی لێ لابدەنو یەکێکی تـر کردی نەهێڵێت بیکات، شەیتان دەچێتە شکڵی مرۆڤەوە بۆیان پێیـان دەڵێـت: ئێـوە بـە گـوێم ناکـەن؟ فەرمانیان پێدەکات کە بت بپەرستن، ئـەو خەڵکـە دەسـت دەدەنـە بتپەرسـتنو بـژێویان زۆر دەبێـتو ژیانیان خۆش دەبێت، پاشان فو بە کەڵەشاخدا دەکرێت ، مەردم هەموو گوێی لێیەتی. یەکـەم کەسـێك کە دەیبیستێ پیاوێکە کە حەوزی وشترەکانی سواغ دەدات کە لێی ئاو بدات. لە هۆش خۆی دەچێتو خەڵکیش هەموو لە هۆش دەچنو دەمرن لە دوایدا خوای مەزن بارانێك دەبارێنێت وەك پروشەی شەونم وایە یان وەك سێبەر (نوعمان گومانی هەبوو کە عەبدوڵلا کامیـانی وتـووە). ئـەو بارانـە لەشـی مـەردم دەڕوێنێتەوە، جارێکی تر فوو دەکرێت بە کەڵەشاخدا مەردم هەموو ڕاست دەبنـەوەو تەماشـا دەکـەن، پاشان فەرمان دەدرێت: ئەی خەڵکینـە ! وەرن بـۆ لای پـەروەردگارتان ﴿ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ ﴾[2] ڕایـان بگرن دەبێت پرسیاریان لێ بکرێت، دەڵێت: لـە پاشـان دەڵـێن: ئـەوەی دەچێتـە نـاو ئـاگرەوە جیایـان بکەنەوە دەڵێت: پاشان: دەوترێت: لە چەند چەند؟ دەوترێت لە هـەر هـەزاری نـۆ سـەدو نـەوەدو نـۆ، ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە منداڵ پیر دەکات، ئەوە ئەو ڕۆژەیە کـە بـۆ لێپرسینەوە قاچـی لێ هەڵدەکرێت).[3] تەنها موسلیم ڕیوایەتی کردووە لـە سـەحیحەکەیدا.[4] بوخـاری ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیـەوە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فەرموویـەتی: (نێـوانی هـەردوو فووەکـە چلە) وتیان: ئەی ئەبو هورەیرەوە ئایا چل ڕۆژە؟ ئەبو هورەیرە وتی: نازانم، وتیان: چـل سـاڵ. وتـی:

---

[1] ئەوەندە سوك هەڵدەسنە سەر خراپەکردن(وەرگێڕ)

[2] الصافات (٢٤).

[3] أحمد (٢/١٦٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] مسلم (٤/٢٢٥٨).

نازانم، وتیان: چل مانگە؟ وتی: نازانم، وتی: هەموو شتێك لە مرۆڤدا دەڕزێت کلێنچکی نەبێت[1] ، مەردم لەو ئێسکەوە پێك دێتـەوە.[2] خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾ واتــە: ئـەو زەمینــەش بــە تیـشکی پەروەرێنی خۆی ڕووناکایی تێ دەکەوێت و کتێبی خـوا دێتـە گۆڕو پێغەمبەرو ئاگاداران دێنە بەرێو چۆن ڕاستە، بە کاری هەمووان ڕادەگەن و غەدر لە هیچ کـەس ناکرێت. ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ﴾ واتە: زەمین ڕۆشن دەبێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك خـودا خـۆی نیشانی دروستکراوەکانی دەدات و کاری هەموو تەواو دەکات و جیای دەکاتەوە، ﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ﴾ قەتادە دەڵێت: کتێبـی کردەوەکـان.[3] ﴿وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ ئیبنـو عـەباس (ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەران دەهێنـرێن و شـایەتی لەسەر گەلەکانیان دەدەن کە ئـەوان پـەیامی خودایـان پێگەیانـدوون.[4] ﴿وَٱلشُّهَدَآءِ ﴾ واتـە:شـایەت لـە فریـشتەکان ئەوانـەی کـە کـرداری عەبـدەکانیان پاراسـتووەو هـەڵیان گرتـووە لـە چـاکەو لـە خراپـە، ﴿وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: بە ڕاستی کاری هەمووان تەواو دەکـەن، ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ناهـەقی لـە هـیچ کـەس ناکرێـت. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴾[5] واتــە:وە ئێمــە دادەنــێین تەرازووەکانی دادپەروەری (کە کردەوەی پێ جەکێشرێت) لە ڕۆژی قیامەتدا ئینجا هیچ کـەس کـەمترین ستەمی لێ ناکرێت با قورسی (کردەوەکەی) بە قەدەر تۆوە خەرتەلەیەکیش بێت ئێمە دەیهێنین و بەسە کە ئێمە ژمێریاری (کردەوەی بەنـدەکان) بـین. ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾[6] واتـە: بـە ڕاسـتی خـوا قورسـایی گەردیلەیـەك سـتەم ناکـات وە ئەگـەر چاکەیەك هەبێت (خودا) چەندانەی دەکاتەوەو دەیبەخشێت لە لایەن خۆیەوە پاداشتێکی گەورە. بۆیـە خـوای خـاوەن دەسـەڵات فەرموویـەتی: ﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ واتـە: هـەر

---

[1] ئێسکێکە لە کۆتایی پشتدایە لە خوارەوە

[2] فتح الباري (٨/٤١٤).

[3] الطبري (٢١/٣٣٥).

[4] الطبري (٢١/٣٣٦).

[5] الانبياء (٤٧).

[6] النساء (٤٠).

کەسێك هەرچی کردووە (بە تەواوی) پاداشتی پێ دەکاتەوە. خودا هەر خۆی لە هەموو کردەوەکانیان ئاگادارە.

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾﴾

خوانەناسان ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناو جەهەنەم

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ واتە: ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردووە، بۆ جەهەنەم بە کۆمەڵ ڕاپێچ دەکرێن، هەر کە لێی نزیك بوونەوە، (فریشتە) دەرگاکانی بۆ دەکەنەوە، گزیرەکانی جەهەنەم پێیان دەڵێن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرتان (لە خۆتان) بۆ نەهاتبوو، نیشانانی پەروەرێنتان بۆ بخوێننەوەو ترسی توشبوونی ئەمڕۆتان وەبەربێنێت؟ دەڵێن: بەڵێ، بەڵێنی ئازاردان بۆ ئێمە کە خوانەناسان بووین جێی خۆیەتی. خوای گەورە باسی ژیانی بەدبەختان دەکات لە خوانەناسان کە چۆن ڕاپێچ دەکرێت بۆ ناو ئاگر بە توندی دەیانبەن و هەڕەشەیان لێ دەکرێت و زۆر سووك و ڕیسوان وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا﴾[1] واتە: ڕۆژێك پاڵیان پێوە دەنرێت بەرەو ئاگری دۆزەخ چۆن پاڵ پێوەنانێك. واتە: بە پاڵ دەیاندەنە بەر بۆ ناو ئاگری جەهەنەم زۆر تینوو برسین، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا﴾[2] واتە: باسی ئەو ڕۆژە بکە کە پارێزکاران کۆدەکەینەوە بە شێوەی(شاندێك)بەڕێزەوە لای خوای میهرەبان کۆدەکرێنەوەو تاوانبارانیش دەدەینە بەر بۆ دۆزەخ بە وێنەی گەلە ئاژەڵ. ئا لەو کاتەدا کوێرو کەڕو لاڵن هەیانە بە ڕوودا ڕادەکێشرێت بۆجەهـــەننم ﴿وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا ۖ مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَٰهُمْ سَعِيرًا﴾[3] واتە: وە لە ڕۆژی دواییدا حەشریان دەکەین بەسەرڕوو دەم و چاویاندا کە کوێرو لاڵ و کەڕن

---

[1] الطور (١٣).

[2] مريم (٨٥ـ٨٦).

[3] الاسراء (٩٧).

شوێنی نیشتەجێیان دۆزەخە هەر جارێك دۆزەخ بڵێسەی بنیشێتەوەو دامرکێتەوەجارێکی تر بڵێسەی ئاگرەکەیان بۆ زیاد دەکەین. لێرەدا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا﴾ واتە: کاتێك ڕاپێچ دەکرێت بۆ ناو جەهەنەم هەر بە نزیکبوونەوەیان بە پەلە دەرگاکانیان بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی زوو سزا بدرێن پاشان گزیرەکانی جەهەنەم کە زۆر دڵڕەق و توندو تیژن بۆ زیاتر نارەحەت کردنیان بە شێوەیەکی خراپەو سەرزەنشتکردنیان پێیان دەڵێن: ﴿أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ﴾ ئایالەهاوڕەگەزی خۆتان پێغەمبەرتان بۆ نەهات واتە: لە هاوڕەگەزی خۆتان کە دەتانتوانی قسەیان لەگەڵ بکەن و ئەوەی بۆیان هێنان لێیان وەرگرن، ﴿يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ﴾ واتە:نیشانەکانی پەروەردگارتان بۆ نەخوێندنەوە لەسەر ڕاستی ئەوەی بانگیان دەکردن بۆی، ﴿وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا﴾ واتە: بتانترسێنن لە خراپی ئەم ڕۆژە، خوانەناسانیش دەڵێن: ﴿بَلَىٰ﴾ واتە: بەڵێ پێغەمبەران هاتن بۆ لامان ئاگاداریان کردین و بەڵگەی زۆریان نیشان داین، ﴿وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: بڕوامان پێ نەکردوون و دژیان وەستاین بە هۆی ئەو گومڕایی و بەدبەختیەمانەوە هەقی خۆیەتی کە سزا بدرێین چونکە لە ڕێی ڕاست لاماندا بۆ ڕێی پڕوپوچ. وەك خوای مەزن باسیان دەکات لە چەند ئایەتێکی تردا کە دەفەرمووێت: ﴿كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ ۝٨ قَالُواْ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَنَا نَذِيرٞ فَكَذَّبۡنَا وَقُلۡنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ كَبِيرٖ ۝٩ وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾[1] واتە: هەرچەند دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە، ئەڵێن: بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بە درۆمان دەزانی و دەمانوت (پێی) خوا هیچی نەناردووەتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان، وە وتیان ئەگەر قسەی (پێغەمبەران)مان ببیستایە یان تێبگەیشتینایە ئەمڕۆ لە هاوڕێیانی دۆزەخ نەدەبووین. واتە: ئەچنەوە بە خۆیانداو لۆمەی خۆیانیان دەکەن و پەشیمانی دەردەبڕن، ﴿فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾[2] واتە: ئیتر پێیان نا لە گوناهەکەیان کەوابوو دووری لە میهرەبانی خوا بۆ هاوڕێیانی دۆزەخ. واتە: هەر لە ئارادا نەمێنێت ئەی هاوەڵانی ئاگر. خوای گەورە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ

---

[1] الملك (٨ـ١٠).

[2] الملك (١١).

فِيهَاۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾ واتە: دەڵێن: لە دەرگای جەهەنەم بچنە ژووریو تامەتایە هەر لەوێدا بن، جێگەی ئەوانەی بەفیزن، چەند خراپە. ﴿ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ واتە: هەر کەسێك چاوی پێیان کەوتبێتو شارەزای حاڵیان بووبێت شایەتی دەدات کە جێی خۆیەتی سزا بدرێن. بۆیە ئەم قسەیە نەدراوەتە پاڵ کەسێکی تایبەت. چونکە هەموو بوونەوەر شایەتە لەسەریان کە هەقی خۆیەتی ئاوایان بەسەربێت لەسەر ئەو بڕیارەی کە خودای دادپەروەر داویەتی بەسەریاندا. چونکە زۆر زانایە بەو کارانەی کە کردوویانە. بۆیە خوای باڵادەست فەرموویەتی: ﴿ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ واتە: دەمێننەوە تێیداو هەرگیز لێی دەرناچنو لەناو ناچن لەناو جەهەنەمدا ﴿فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴾ واتە: چ پاشەڕۆژو شوێنێکی خراپە تێی کەوتوون بە هۆی فیزلیتان لە دنیاداو دوورەپەرێزیتان لە شوێنکەوتنی حەق. ئەوەبوو ئاوای لێ کردن کە تووشی ئەم چارەرەشیە بن، کە چەندە ژیانێکی خراپو پاشەڕۆژێکی سەختە.

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾﴾

خاوەن باوەڕان بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە هەر لە پەروەردگاریان ترسیان بووە، دەستەدەستە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێنو دەرگایان بۆ دەکرێتەوەو کاربەدەستانی بەهەشت پێیان دەڵێن: درود لە ئێوە، بەخێرهاتن، بچنە ژووریو هەتاهەتایە لەوێ بن. ئەمە باسی ژیانی موسڵمانە بەختەوەرەکانە کە کاتێك بەرێزەوە دەستەدەستە بەڕێ دەکرێن بەرەو بەهەشت. واتە: کۆمەڵ دوای کۆمەڵ. لە پێشەوە نزیکەکان لە خوداوە، دوای ئەوان ئاکار چاکان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوانو کۆمەڵێکی دوای ئەمانیش. هەموو دەستەیەك لەگەڵ ئەوانەی کە لە یەکەوە نزیکن. پێغەمبەران لەگەڵ یەكو ڕاستگۆیان لەگەڵ هاوشێوەی خۆیانو شەهیدان لەگەڵ هاوەڵەکانیانداو زانایانیش لەگەڵ زانایاندا. هەر کەسەو لەگەڵ دەستەی خۆیو بە پێی نزیکیان لە یەکتری. ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە لە خودا ترساون بەڕێ دەکرێن بەرەو بەهەشت کاتێك گەیشتنە دەرگای بەهەشت دوای تێپەڕبوونیان لەو

ڕێگەیە (پردی سیرات) وەستێنراون‌و بەندکراون لەسەر پردێك لە نێوان بەهەشت‌و جەهەنەمداو ئەو هەقانەی کە هەیانبووە بەسەر یەکتریەوە لە دنیاداجێبەجێ دەکرێت هەتا کاتێك پاك‌و خاوێن بوونەوە ڕێیان پێدەدرێت بچنە ناو بەهەشت. لە فەرموودەی (الصور)دا هاتووە: کاتێك خاوەنباوەڕان گەیشتنە بەر دەرگای بەهەشت لەناو خۆیاندا پرس بە یەکتری دەکەن لە کێ داوا بکەن کە مۆڵەتیان بۆ وەرگرێت کە بچنە ناو بەهەشت. دەچن بۆ لای پێغەمبەران: لە پێشەوە بۆ لای ئادەم‌و پاشان بۆ لای نوح‌و دوایی بۆ لای ئیبراهیم‌و موساو عیسا پێغەمبەر(سەلامی خوایان لێ بێت) هەتا دەگەنە موحەممەد (ﷺ) وەك چۆن لە ڕۆژی حەشردا لە کاتی داواکردنیان بۆ لاڵانەوە بۆیان لە لای خودای دلۆڤان کە بێت‌و دادگاییان بکرێت‌و خوای گەورە بڕیاری خۆی بدات بۆیان لێپرسینەوە دەست پێدەکات‌و هەر کەسە هەقی خۆی وەردەگرێت‌و ڕێزی پێغەمبەر(ﷺ) دەردەکەوێت بۆ گشت مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا کە بووە. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (من یەکەم تکاکەرم لە بەهەشتدا).[1] واتە: بۆ چوونە ناو بەهەشت. وە لە وتەیەکدا لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وە من یەکەم کەسم کە لە دەرگای بەهەشت دەدات).[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (لە ڕۆژی قیامەتدا دێمە بەر دەرگای بەهەشت داوای کردنەوەی دەکەم، (دەرگاوانی) بەهەشت دەڵێت: تۆ کێی؟ منیش دەڵێم: موحەممەدم. دەفەرمووێت: ئەویش دەڵێت: تەنها فەرمانم پێدراوە بۆ تۆی بکەمەوە، بۆ هیچ کەسی تری نەکەمەوە پێش تۆ).[3] موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە.[4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (یەکەم دەستەیەك دەچنە ناو بەهەشت وێنەیان وەك وێنەی مانگی چواردە وایە لە بەهەشتدا نە تفیان هەیەو نە چڵمیان هەیە نە پیسی تیا دەکەن دەفرو شانەکانیان لە زێڕو زیوەو ناو ئاگردانەکانیان داری بۆن خۆشەو ئارەقیان میسکە، هەرکێ لەوانە دوو ژنی هەیە کە مۆخی ناو لاقیان لە ژێر گۆشتەوە دەبینرێت لە جوانیدا، ناکۆکی‌و کینە لە نێوانیاندا نیە. دڵەکانیان لەسەر یەك دڵ دانراوە هەر بە پاکی‌و بێ عەیبی خوادا هەڵدەڵێن‌و تەسبیحاتی خودا دەکەن بەیانیان‌و ئێواران).[5] بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.[1] حافیز ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە لە

---

[1] مسلم (١/١٨٨).

[2] مسلم (١/١٨٨).

[3] أحمد (٣/١٣٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] مسلم (١/١٨٨).

[5] أحمد (٢/٣١٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (یەکەم کۆمەڵێك دەچنە بەهەشت لە وێنەی مانگی چواردە دان، ئەوانەی دوای ئەوان دێن وەك ڕووناکی بەهێزترین ئەستێرە کە تروسکەی بێت لەناو ئاسماندا. میز ناکەن پیسی ناکەن و تف ناکەنەوەو چڵم فڕێ نادەن، شانەکانیان زێڕە،ئارەقیان میسکە، ناو ئاگردانەکانیان داری بۆن خۆشە، ژنەکانیان کیژی سپی چاوگەورەن. ڕەوشتیان لەسەر ڕەوشتی یەك کەسە، لەسەر وێنەی باوکەئادەمیانن (سەلامی خوای لێ بێت) کە شەست باڵە لە ئاسماندا).[2] موسلیم و بوخاریش ڕیوایەتیان کردووە[3]. لەئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: (دەستەیەك لە ئوممەتی من دەچنە بەهەشت کە حەفتا هەزار کەسن ڕوویان دەدرەوشێتەوە وەك ڕووناکی مانگی چواردە)، عوکاشەی کوڕی میحسەن هەڵساو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوعام بۆ بکە لای خودا کە من یەکێك بم لەئەو کەسانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خودایە بە یەکێك لەوانەی دابنێ) پاشان پیاوێك لە ئەنساریەکان هەڵساو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوعام بۆمنیش بکە لای خودا کە من یەکێك بم لەو کەسانە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (عوکاشە پێشت کەوت بەوە)[4]. موسلیم و بوخاری ڕیوایەتیان کردووە.[5] دیسان بوخاری و موسلیم ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە (کە حەفتا هەزار کەس دەچنە بەهەشت بەبێ حیساب) لە ئیبنو عەباس و جابیری کوڕی عەبدوڵلاو عیمرانی کوڕی حوصەین و ئیبنو مەسعودو ڕیفاعەی کوڕی عەرابەی جوهەنی و ئومو قەیسی کچی میحصەنە وە هەر لە بوخاری و موسلیمەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە ئەبو حازمەوە لە سەحلی کوڕی سەعدەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان لە ئوممەتی من حەفتا هەزار (یان حەوت سەد هەزارکەس) دەچنە بەهەشت یەکتریان گرتووە[6]، هەتا ئەوەڵ و ئاخیر کەسیان دەچێتە بەهەشت. ڕوویان لە وێنەی مانگی چواردە دایە).[7] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ﴾ وەلامەکەی لێرەدا باس نەکردووە. وادادەنرێت کاتێك کە بەرەو بەهەشت بەرێ دەکرێن. ئەو شتانەش وەك کردنەوەی دەرگا بۆیان

---

[1] فتح الباري (٣٦٧/٦)، مسلم (٢١٨٠/٤).

[2] مسند أبي يعلى (٤٧٠/١٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٤١٧/٤)، مسلم (٢١٧٩/٤).

[4] واتە: بەو دوعایە. یان بەو داوایە

[5] فتح الباري (٤١٣/١١)، مسلم (١٩٧/١).

[6] واتە دەستیان بە یەکەوەیە

[7] فتح الباري (٤١٣/١١)، مسلم (١٩٧/١).

ڕێزلێنانـەو کاربەدەستانی بەهەشت دێن بۆ لایـان‌و مـژدەیان دەدەنـێ‌و سوپاس‌و بـەخێرهاتنیان لێ دەکەن. نەك وەکو کاربەدەستانی جەهەنەم کە دەگەنە خوانەناسـان گوناهـەکانیان ئەدەنەوەبـەڕووداو هەڕەشەیان لێ دەکەن‌و سەرزەنشتیان دەکەن. ئەو کەسانەی وا دەزانن کـە ئـەو (واوە) لـەم ئایەتـەدا: ﴿وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا﴾ واوی هەشتەو (واو الثمانية) دەیکەنە بەڵگە لەسەر ئەوە کـە دەرگاکـانی بەهەشـت هەشت دەرگان، هەڵەیان کردووەو لایانداوەو نەیانپێکاوە، بەڵکو بۆ زانـینی هەشـت دەرگـای بەهەشـت سود لەو فەرموودانـە وەردەگیرێـت کـە دەڵـێن دەرگـای بەهەشـت هەشـت دەرگایـە. ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فـەرمووی: (هەر کەسێك جووتێك شت (هەرچێی ببێت، کەم یان زۆر) ببەخشێت لە ڕێی خودا لە هەموو قاپیـەکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێت، بەهەشت چەند دەرگای هەیە، هەر کەسێك لە ئەهلی نوێژ بێـت لـە دەرگـای نوێژەوە بانگ دەکرێت، هەر کەسێك لە ئەهلی سەدەقە بێت لە دەرگای سەدەقەوە بـانگ دەکرێـت، وە هەر کەسێك لە ئەهلی جیهاد بێت لە دەرگای جیهادەوە بانگ دەکرێت، وە هەر کەسێك لـە ئـەهلی ڕۆژو بێت لە دەرگای ڕەیانەوە بانگ دەکرێـت)، ئـەبو بـەکر (ڕەزای خـوای لێ بێـت) وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خودا(ﷺ)کەسێك کە لە هەموو دەرگاکانەوە بانگ بکرێت هیچی لەسەرە؟ ئایا کـەس لـە هەموویانـەوە بانگ دەکرێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ ئومێدم هەیە تـۆ لەوانـە بـی).[1] بوخـاری‌و موسـلیمیش بەم شێوەیە ڕیوایـەتیان کـردووە.[2] لـە سـەهلی کـوڕی سـەعدەوە ڕیوایـەتیان کـردووە کـە پێغەمبـەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان لەناو بەهەشتدا هەشت دەرگا هەیە دەرگایەکیان ناودەبرێت بە ڕەییـان ڕۆژەوانان نەبێت کەس لەوێوە ناچێتە ناوی).[3] وە لە سەحیحی موسلیمدا هـاتووە لـە عومـەری کـوڕی خەتتابەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هیچ کەسێك لە ئێوە نیـە کە دەستنوێژێکی ڕێك یـان دەسـتنوێژێکی تەواوچـاك بگرێـت پاشـان بڵـێ: أشـهد أن لا إلـه إلاّ الله وأن محمداً عبده ورسوله، مەگین دەرگاکانی بەهەشت کە هەشت دەرگان هەموویانی بۆ کراوەتەوە لـە هـەر کامیانەوە ئارەزوو بکات دەچێتە ژوورەوە)[4].

---

[1] أحمد (٢/٢٦٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٤/١٣٣)، مسلم (٢/٧١١).

[3] فتح الباري (٦/٣٧٨)، مسلم (٢/٨٠٨).

[4] مسلم (٢٠٩).

باسی فراوانی دەرگاکانی بەهەشت (داواکارین لە خوای گەورە بە دلۆڤانی خۆی بمانخاتە ئەو بەهەشتە)

لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە فەرموودەی (الشفاعة)دا کە فەرموودەیەکی درێژە: (خوای مەزن دەفەرمووێت: ئەی موحەممەد (ﷺ)! ئەو کەسانەی کە حیسابیان لەسەر نیە لە ئوممەتەکەت ببە ژوورەوە لە دەرگای لای ڕاستەوە، کەئەوانە شەریکی خەڵکیشن لە دەرگاکانی تردا، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بە دەستە. نێوان ئەملاولای بەهەشت (نێوان ئەملاولای دەرگای) بە ئەندازەی نێوان مەککەو هەجەرە یان هەجەرو مەککە) وە لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە: (نێوان مەککەو بوسرایە).[1] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە عوتبەی کوڕی غەزوانەوە کە وتارێکی بۆ دان لە وتارەکەدا وتی: بۆمان باسکراوە کە نێوان ئەم لاو لایەکی بەهەشت لە چەندین ئەملاولای، بە ئەندازەی ڕۆیشتنی چل ساڵە، وە ڕۆژێکی وای بەسەردا دێت کە لێوانە لە قەرەباڵغیدا.[2] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ﴾ واتە: کردارو گفتارو هەوڵو تێکۆشانتان لێ پیرۆز بێتو پاداشتیشتان هەر پیرۆز بێت، وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دا لە هەندێ لە غەزاکاندا لە نێوان موسڵماناندا بانگ بکرێت: (کەس ناچێتەبەهەشت خەڵکی موسڵمان نەبێت)و لە ڕیوایەتێکی تردا: (خاوەن باوەڕنەبێت).[3] ﴿فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ﴾ واتە: تاهەتایە تێیدا دەمێنەوەو لێی دەرناچن، ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ﴾ واتە: دەڵێن: شوکرانە بۆ خوا، کە بەڵێنی بە ئێمەدا، وە ڕاست گەڕاو ئەو زەمینەی دا بە ئێمەو لەلەو بەهەشتەدا، کوێ ئارەزوو بکەین لێی دەبین، ئەو پاداشتەی دراوە بە خەباتکاران چەندە باشە. ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ﴾ واتە: کاتێك خاوەن باوەڕان ئەو هەموو پاداشتە زۆرو بەخششە گەورەو بەهەشتە هەتاهەتاییەو سامانە هێندە زۆرە دەبینن دەڵێن: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ﴾ واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەو بەڵێنەی بە ئێمەی دا بە ڕاست دەرچوو لەسەر زمانی پێغەمبەرە بەرێزەکانەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) کە لە دنیادا فەرموویان: ﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ

---

[1] فتح الباري (٨/٢٤٧)، مسلم (١/١٨٤).

[2] مسلم (٤/٢٢٧٨).

[3] فتح الباري (١١/٣٨٥).

ٱلْقِيَٰمَةِۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴾[1] واتـه: ئـەی پـەروەردگارمان پێمـان ببەخـشە (لـە پـاش مـردن) ئـەوەی بەڵێنت پێ داین لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکانتو ڕیسوامان مەکـە لـە ڕۆژی دواییدا بێگومـان تـۆ بـەڵێن ناشـــــکێنیت. ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ﴾[2] واته: وە دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕێنموونی کردین بـۆ ئـەم ڕێگایـە کـە ئێمـە هـەرگیز ڕێبازی ڕاست شارەزا نەدەبووین ئەگەر خودا ڕێنموونی نەکردینایە سوێند بە خـوا بێگومـان نێردراوەکـانی پـەروەردگارمان ڕاسـتیان هێنـا. ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِىٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ ﴾[3] واتـــە: وە ئـــەوان دەڵـــێن هەموو سوپاس بۆ ئەو خوایە کـە خەفـەتی لا بردینو نەیهێشت، بـە ڕاسـتی پـەروەردگارمان لێبـوردەی شایستەی سوپاسە، ئەو (خوایە) کە بە چاکەو بـەهرەی خـۆی نیشتەجێی کـردین لـە مـاڵی هەمیـشەییدا (بەهەشتدا) لەوێدا نە هیچ ماندووبوونێکمان تووش دەبێـتو نـە هـیچ زەحمـەتێکمان دووچـار دەبێت. وە دەفـــەرمووێت: ﴿وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴾ ئەبولعالیـەو ئـــەبو صالحو قەتادەو سودیو ئیبنو زەید دەڵێن: ﴿وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ﴾ واته: زەمینی بەهەشت.[4] ئـەم ئایەتـە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ ٱلْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِىَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴾[5] واته: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە نووسیومانە لـە زەبوردا لـە دوانوسینی لـە (لوح المحفوظ)دا بە ڕاستی سەر زەوی (بەهەشت) بەندە چاكو پاکەکانم دەبنە میراتگری. بۆیە وتوویانـە: ﴿نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ﴾لە هەر کوێ ئارەزوو بکەین لێی دەبین چاکترین پاداشت ئەو پاداشتـەیە کە پێمان دراوە لەسەر کردارەکانمان. لە هـەردوو سـەحیحەکەدا هـاتووە لـە ئەنەسـەوە (ڕەزای خـوای لێ بێت) لە بەسەرهاتی (المعراج)دا کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بردمیانە ناوبەهەشت کە گومـەزی مـرواری تیابووخۆڵەکەشی میسك بوو[6].

---

[1] ال عمران (١٩٤).

[2] الاعراف (٤٣).

[3] الفاطر (٣٤_٣٥).

[4] القرطبي (١٥/٢٨٧).

[5] الانبياء (١٠٥).

[6] فتح الباري (١/٥٤٧)، مسلم (١/١٤٨).

﴿وَتَرَى ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾﴾

خــوای مــەزن دەفــەرمووێت: ﴿وَتَرَى ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: فریشتەکانیش دەبینن، لە دەوری تـەخت خول دەخۆنو پەسەندیو پاکی پەروەردگاری خۆیان دەدەن، هـەر چۆن ڕاستە، وا بـەناویان ڕاگەیشتوونو دەڵێن: سوپاس بۆ پـەروەردگاری گشت جیهـان. کاتێـك خـوای گـەورە باسـی بڕیـاری خـۆی کـرد بـۆ خـەڵکی بەهەشتو جەهەنەمو جیای کردنەوە هەرکەسە شیاوی کامیـان بـوو بـۆی ڕەوانـەکرا، هـەر ئـەو خـودا دادپەروەرە لە بڕیارەکانیداو ناهـەقی بە هـیچ کەسێك ناکات. پاشـان باسـی فریـشتەکان دەکـات کـە دەوری تەختی پیرۆزیان داوەو پەسەنیو پاکی پەروەردگاریان دەدەنو بە پاکیو بێعەیبیو گەورەییو مەزنی خودا هەڵدەدەن کە دوورە لە ستەمەوەو ناهەقی بە کەس ناکات. کارەکانی بـۆ تـەواو کـردوونو فەرمانیان بۆ دەرکراوەو لێبووەتەوە بە ڕێکی بۆیە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ واتـە: خوابڕیاری بەڕاستی داوە لەنێوانیاندا، پاشـان فەرموویەتی: ﴿وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتـە: گشت بوونەوەر بە زمانـدارو بـێ زمانـەوە دەڵێن: سـوپاس بـۆ خـوای مـەزن بـۆ ئـەو بڕیـارەیو بۆئـەو دادپەروەرییەی، بۆیە لێرەدا قورئان ئەم قسەی نەداوەتـە پـاڵ کەسێك بـەڵکو بـەڕەهایی فەرموویـەتی. ئەمەیش نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو دروستکراوەکان شایەتی دەدەن لەسەر دەسـەڵاتی خـوداو سوپاسی دەکەن. قەتادە دەڵێت: دروستکراوەکان بە سوپاسی خودا دەستیان پێکردووە وەك خـوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾[1]. وە لێرەشـدا کۆتاییـان هێناوە بە سوپاس کردنی خودا، وەك دەفەرمووێت: ﴿وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾[2].

---

[1] الانعام (١).

[2] الطبري (٣٤٤/٢١).

تەفسیری سورەتی (الغافر)، (المؤمن)
لە مەککەدا هاتووەتەخوارەوە

ڕێزوگەورەیی حامیمەکان

ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بێگومان هەموو شتێك ناوکرۆکێکی هەیە ناوکرۆکی قورئانیش بنەماڵەی حامیمەکانە (آل حم) یان وتی: (حامیمەکانە).[1] میسعەری کوڕی کیدام دەڵێت: بە حامیمەکان دەوترێت: بوکەکان.[2] ئەمانە هەموو لە پێشەوای زاناو دیار ئەبو عوبەید قاسمی کوڕی سەلام (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕیوایەت کراوە لە کتێبی (فضائل القرآن)دا.[3] وە حومەیدی کوڕی زەنجەویەی ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵاوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: نموونەی قورئان وەك نموونەی پیاوێکە کە زۆر دەگەڕێت تاجێگەیەك بدۆزێتەوەبۆ کەسوکارو ماڵو منداڵی، تێپەڕی بەسەر شوێنێکدا بارانێ باشی لێ باریبوو لەو کاتەدا کە دەچوو بە ناویدا شوێنەکەسەرنجی زۆر ڕاکێشا. لە ناکاو چووە چەند باغێك کە زەمینەکەی زۆر نەرمو لماوی بوو. وتی: من لە بارانی یەکەم سەرسام بووم کەچی ئەمە زیاتر جێی سەرسوڕمانە. پێی وترا: بێگومان نموونەی بارانی یەکەم نموونەی گەورەیی قورئانە. نموونەی ئەو باغە لماویەش وەك ئالی حامیمەکانە لە قورئاندا. بەغەوی هێناویەتی.[4] ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: کاتێك کە ئەچمە سەر ئالی حامیمەکان (آل حم) وا دەزانم کە چوومەتە ناو چەند باخچەیەك کە زۆر بەکەیفم لەناویاندا[5].

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ۝٢ غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ شَدِيدِ ٱلْعِقَابِ ذِى ٱلطَّوْلِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ۝٣﴾

لە پێشەوە قسە لەسەر ئەم پیتانە کراوە لە ئەوەڵی سورەتی (البقرة)دا کە جارێکی تر لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، لەم فەرموودەی کە ئەبو داودو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردووە هاتووە لەو کەسانەی کە لە پێغەمبەریان (ﷺ) بیستووە فەرموویەتی: (ئەگەر ئەمشەو درا بەسەرتاندا

---

[1] الدر المنثور (٧/٢٦٨).
[2] القرطبي (١٥/٢٨٨).
[3] فضائل القران (١٣٧/١٣٨).
[4] البغوي (٤/٩٠).
[5] البغوي (٤/٩٠).

بڵێن:(حم ،لاینصرون)). [1] واتە:حامیم، زاڵ ناکرێن بەسەرتاندا. ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی ڕاستە.

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾ ئەم کتێبە لە لایەن خوای خاوەن دەسەڵاتی داناوە نێردراوە. واتە: ناردنی ئەم کتێبە کە قورئانە لە لایەن خوای خاوەن دەسەڵاتو زاناوەیە، کە ئاگاداری گشت شتێکەو گەردیلەی لێ ون نابێت لە تاریکاییدا، ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾ واتە: کە لە گوناهەکان دەبووریێتو پەشیمانی قەبوڵ دەکاتو لە جەزرەبەدا توندوتیژە، چاکە هەر بە دەستی خۆیەتیو جگە لە خۆی هیچ شت بۆ پەرستن نابێتو هەموو شت دێتەوە لای ئەو. ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ﴾ واتە: لەو گوناهانەی لە پێشینە کراون دەبورێتو پەشیمانیش قەبوڵ دەکات لەمەولا بۆ هەر کەسێك بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ لایو گەردنی کەچ بکات بۆی، ﴿شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ﴾ تۆڵەی زۆر توندوتیژە بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەنو یاخی دەبنو ڕێزی ژیانی دنیا دەدەن بەسەر قیامەتداو لە فەرمانی خودا لادەدەنو ناهەقیکارن، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝٤٩ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ﴾ [2] واتە: هەواڵ بدە بە بەندەکانم کە بە ڕاستی هەر من میهرەبانم ، وە بێگومان هەر سزای منە سزای سەخت. خوای مەزن ئەم دوو سیفەتە دێنێت لە زۆر شوێندا لە قورئانی پیرۆزدت بۆ ئەوەی عەبدەکانی هەمیشە لە نێوان ترسو هیوادا بژین وە دەفەرمووێت: ﴿ذِي ٱلطَّوۡلِ﴾ ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: واتە: خاوەنی چاکەیەو دەوڵەمەندە. [3] واتە: چاکەی زۆرە بەسەر بەندەکانیەوە کە لە ژمارە نایەتو ناتوانن شوکرانەبژێری تەنها چاکەیەکی خودا بن وەك دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ﴾ [4] واتە: خۆ ئەگەر بەهرەو نیعمەتەکانی خوا بژمێرن بۆتان ناژمێردرێن. وە دەفەرمووێت: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ غەیری خۆی هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێت، لە هەموو سیفەتەکانیدا بێ وێنەیەو هەر ئەو پەروەردگاری بەندەکانیەتی، ﴿إِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾ واتە: هەموو شت دێتەوە بۆ لای ئەو پاداشتی هەموو کەسێك

---

[1] ابو داود (٣/٧٤)، تحفة الأحوذي (٥/٣٢٩)، سەنەدەکانی سەحیحە.

[2] الحجر (٤٩ـ٥٠).

[3] الطبري (٢١/٣٥١).

[4] ابراهيم (٣٤).

دەداتەوە بە پێی کردەوەی‌و دوای ناخات وەك دەفەرموویت: ﴿وَهُوَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ﴾[1] واتە: وە ئەو (خوا) لێپرسینەوەی خێرایە.

﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۖ وَهَمَّتۡ كُلُّ أُمَّةِۭ بِرَسُولِهِمۡ لِيَأۡخُذُوهُۖ وَجَٰدَلُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ لِيُدۡحِضُواْ بِهِ ٱلۡحَقَّ فَأَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾﴾

لە ڕەوشتە خراپەکانی خوانەناسان دەمەدەمێکردنیانە دەربارەی سیفەتەکانی خوا، ئاکامی ئەو دەمەدەمێ‌و لاساریەیان ڕوون دەکاتەوە

خـوای مـەزن دەفـەرموویت: ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ واتـە: غـەیری خوانەناسـەکان، هـیچ کەسێك لەسـەر نیشانەکانی خـودا کێشە ناکات، گوڕو خولیان بەولآتاندا، نەکا تۆ هەڵخەڵەتێنن. ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، خوای مەزن دەفەرموویت : خوانەناسـان نـەبێت کـەس کێشەو ململانـێ ناکـات لەسـەر نیشانەکانی خـودا دوای ڕوونکردنـەوەو بەڵگەهێنانەوە، ﴿فَلَا يَغۡرُرۡكَ تَقَلُّبُهُمۡ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ واتە: هاتوچۆو گەڕانیان بـە ولآتانـدا بـە شـوێن سامان‌و خۆشی دنیادا وا نەکات لە تۆ کارت تێ بکات‌و لە خشتەت بەرن وەك خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموویت: ﴿﴿١٩٥﴾ لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ ثُمَّ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾[2] واتـە: لـە خـشتەت نـەبات‌و فریـوت نـەدات هاتوچـۆی ئەوانـەی بێبـاوەڕن (بـە خۆشـی‌و ئاسودەییەوە) لە ولآتدا، (ئەو ئاسودەییەی ئەوان) خۆشیەکی کەمە پاشان جێ‌و شوێنیان دۆزەخـە، ئـای چ شـوێنێکی بـەدە! وە فەرموویـەتی: ﴿نُمَتِّعُهُمۡ قَلِيلٗا ثُمَّ نَضۡطَرُّهُمۡ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٖ﴾[3] واتـە: کەمێك نازو نیعمـەتیان پـێ دەدەیـن (لـە دنیـادا) لـە پاشان ناچاریان دەکـەین کـە بڕۆنـە نـاو سزای سەختەوە. پاشان خوای دڵۆڤان دڵخۆشی پێغەمبـەر(ﷺ) دەداتـەوە کاتێـك کـە بێبـاوەڕان بـڕوای پـێ ناکەن لە هۆزی قورەیش. کە پێغەمبەرە پێشینەکان (سەلامی خوایـان لێ بێـت) نموونـەی باشـن بـۆت، چونکە ئەوانیش گەلەکانیان باوەڕیان پـێ نـەکردن‌و دژیـان وەسـتان چـەند کەسێکی کـەمیان نـەبێت. دەفــەرموویت: ﴿كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۖ وَهَمَّتۡ كُلُّ أُمَّةِۭ بِرَسُولِهِمۡ لِيَأۡخُذُوهُۖ

---

[1] الرعد (٤١).

[2] ال عمران (١٩٦_١٩٧).

[3] لقمان (٢٤).

وَجَٰدَلُواْ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُواْ بِهِ ٱلْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ واتە: هۆزی نوحیش پێش ئەمانەش چەند کۆمەڵێش دوای ئەوان، بڕوایان بە خوا نەهێنا، هەر کۆمەڵێك پەلاماری پێغەمبەرەکەی خۆی داوە تا بیگرن و ئازاری بدەن، بە قسەی هیچیش ویستوویانە جێ بۆ ڕاستی نەهێڵنەوە. ئیتر بە غەزەب گرتوومن. دەسا سزای من چۆن بوو. ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ﴾ واتە: گەلی نوحیش بڕوایان بە خوا نەهێنا پێش ئەمانە. نوح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) یەکەم پێغەمبەر بووە کە خوا ڕەوانەی کردووە، داوای کردووە لە هۆزەکەی واز بێنن لە بتپەرستی، ﴿وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ واتە: کۆمەڵەکانی تریش دوای ئەوان لە هەموو گەلەکان، ﴿وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ﴾ واتە: هەموو گەلێك هەوڵی داوە کە پێغەمبەرەکەی خۆی بکوژێت و لەناو بەرێت بە هەر شێوەیەك بۆی بلوێ، وە هەندێکیان پێغەمبەرەکەی خۆیان کوشتووە، ﴿وَجَٰدَلُواْ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُواْ بِهِ ٱلْحَقَّ﴾ واتە: بە قسەی پڕوپوچ ویستوویانە ببنە لەمپەر لە جێی ڕاستیەك کە لە خۆر ئاشکراتر بووە. ﴿فَأَخَذْتُهُمْ﴾ واتە: لەناوم داون و قڕم کردوون بە هۆی ئەو تاوانە گەورە و خراپانەی کە کردوویانە ﴿فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ واتە: ئایا دەزانی کە جەزرەبەی من چۆن بووە بۆیان و چیم بەسەر هێناون. بێگومان تۆڵەیەکی زۆر توندوتیژو بە ژان و گورچك بڕم لێ سەندوون. قەتادە دەڵێت: سوێند بە خوا زۆر توندوتیژ بووە.[1] پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ واتە: بەڵێنی پەروەردگاری تۆ لەسەر هەموو ئەوانەی خوانەناس بوون، وا هاتەجێ کە ئەوان جەهەنەمین. واتە: وەك چۆن بەڵێنی خوای تۆ هاتەدی، کە سزای ئەو خوانەناسانەی دا کە گەلە پێشووەکان هەر بەو جۆرەش بەڵێنی خوداباشتروچاکتر دێتەدی بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوا بە تۆ ناکەن و دژت ئەوەستن ئەی موحەممەد (ﷺ)! چونکە ئەوەی بڕوا بە تۆ نەکات وریی تێناچێت کە بڕوا بە غەیری تۆبهێنێت (والله أعلم).

﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٩﴾﴾

[1] الطبري (٢١/٣٥٣).

هەڵگرانی (عەرش) سوپاسی خوا دەکەن و داوای لێبوردن بۆ خاوەن باوەڕان دەکەن

خـــوای مـــەزن دەفـــەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی تەختی خوایان هەڵگرتووەو ئەوانەی بە دەوری ئەودان، بە سوپاسی پەروەردگاریان خەریکن و بڕوایان هەر بەو هەیەو داوای لێبوردن بۆ خاوەنباوەڕان دەکەن: ئەی پەروەردگاری هەمووان! دیارە بەزەیی و زانینت هەموو شتی داگرتووە، ئەوانەی دەگەڕێنەوەو پەیڕەوی ڕێگەی تۆ دەبن لە گوناهەکانیان بوورەو لە ئازاری بە ئاگریان بپارێزە. خوای مەزن باسی ئەو چوار فریشتە نزیکانەی خۆی دەکات کە عەرشیان هەڵگرتووەو ئەو فریشتە نزیکانەش بە دەوری تەختدان کە سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن. واتە: تەسبیحات و حەمدوسەنا پێکەوە دەکەن یانی بەپاکی و بێ عەیبی خوای مەزندا هەڵدەدەن و باسی ئەوسیفەتانە ئەکەن کەدورە لە هەموو نوقسانیەك وە ستایشی دەکەن بەو سیفەتانەی کەهەموو وەسفێك هەڵدەگرێت، ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ﴾، پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ﴾ واتە: گوێڕایەڵ و گەردنکەچن لەبەر دەستیدا، ﴿وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ داوای لێبوردن دەکەن بۆ خەڵکی سەر زەمین ئەوانەی بڕوایان بە شتە نادیارەکان هەیە، خوای گەورە فریشتە نزیکەکانی وا دروست کردووە کە لە پاشملە داوای لێبوردن بکەن بۆ خاوەنباوەڕان. کاتێك ئەمە ڕەوشتی فریشتەکان بێت (سەلامی خوایان لێ بێت) بێگومان (ئامین)یش ئەکەن لەسەر ئەودوعایانەی خاوەن باوەڕان کردوویانە بۆ برا موسڵمانەکانیان. وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك موسڵمان دوعا بۆ برای موسڵمانی خۆی دەکات لە پاش ملە، فریشتە دەڵێن: (ئامین) بۆ تۆش هەیە بە ئەندازەی ئەوەی تۆ داوای دەکەی بۆ برا موسڵمانەکەت).[1] شەهری کوڕی حەوشەب دەڵێت: هەڵگرانی(العرش) هەشتن، چواریان دەڵێن: ئەی خودایە پاکی و بێ عەیبی و ستایش بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ لەسەر خۆگریت پاش ئاگاداریت چوارەکەی تریان دەڵێن: ئەی خودایە پاکی و بێ عەیبی و ستایش بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ لەسەر لێبوردنت دوای دەسەڵاتت، بۆیە کاتێك داوای لێبوردن دەکەن بۆ خاوەن باوەڕان، دەڵێن: ﴿وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا﴾ واتـــە: بـەزەیت هـەموو گونـاهو تاوانـەکانی داگرتـووەو

[1] مسلم (٤/٢٠٩٤).

ئاگاداریشت هەیە بەسەر هەموو کردارو گفتارو جموجلێکیاندا، ﴿فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ﴾[1] واتە: ببوورە لەو تاوانبارانەی پەشیمان بوونەتەوەو گەڕاونەتەوەو وازیان هێناوە لەو کارە خراپانەی کە کردوویانەو هەڵساون بەو کارە چاکانەی تۆ فەرمانت پێ کردوونو وازیان هێناوە لە خراپەکاری، ﴿وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ﴾ واتە: لایان بدە لە ئاگری جەهەنەم کە جەزرەبەیەکی پڕ ئێشو ژانە، ﴿رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ واتە: ئەی پەروەردگاری هەموومان! بیشیان نێرە ناو باغاتی هەمیشەیی، کە خۆت بەڵێنت پێداون، ئەو کەسانەش لە باوانو خێزانەکانیانو بەرەو تۆرمەی ئەوانن و (ئاکاری چاکیان بووە لەگەڵ) ئەوان بن، هەر خۆت خاوەن دەسەڵاتو کارزانی. ﴿رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ﴾ واتە: خودایە بیانخەیتە ناو باغاتێك کە هەمیشەیی بێت کە خۆت بەڵێنت پێداونو لەگەڵ کەسوکار وەك باوانو خێزانو نەوەکانیان کۆیان بکەرەوە هەتا چاوو دڵیان پێیان ڕۆشن بێتەوە لە شوێنی نزیك لە یەکتری. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖ﴾[2] واتە: وە ئەوانەی بڕوایان هێناوەو نەوەکانیشیان دوایان کەوتوون بە باوەڕداریتی نەوەکانیان دەگەیەنین پێیان (لە پلەی بەهەشتدا) وە هیچ لە کردەوەی باوکەکانیان کەم ناکەینەوە. واتە: هەموومان وەك یەك لێکردن لە پلەدا بۆ ئەوەی چاویان بە یەکتری ڕوو بێتەوە. پلەی ئەوانە کە بەرزتر بووە کەممان نەکردووەتەوە تا بچنە ڕیزی پلە نزمەکان، بەڵکو پلەی ئەو کەسانەی کە کرداریان کەم بووە بەرزمان کردووەتەوە هەتا وەك یەك بن لەگەڵ پلە بەرزەکاندا بۆ ڕێزلێنانو منەتکردن بەسەریاندا. سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: خاوەن باوەڕ کاتێك دەچێتە بەهەشت هەواڵی بابو کوڕو برای خۆی دەپرسێت کە لە کوێن؟ پێی دەڵێن: ئەوانە نەگەیشتوونەتە پلەی تۆ لە کرداردا، ئەمیش دەڵێت: من بۆ خۆمو ئەوانیش کارم کردووە،بۆیە دەیانگەیەنن بەو کەسە لەو پلەیەدا، پاشان سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾[3] موتەڕڕەفی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی شوخەیر دەڵێت: چاکترین ئامۆژگاریکەر لە

---

[1] البغوي (٤/٩٣).

[2] الطور (٢١).

[3] الطبري (٢١/٣٥٧).

عەبدەكانی خودا بۆ خاوەن باوەڕان، فریشتەكانن، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمْ﴾ وە خەیانەتكارترین بەندەكانی خودا بۆخاوەن باوەڕان شەیتانەكانن.[1] خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ واتە: ئەو كەسەی كە ڕێی لێ ناگیرێتو كەس ناتوانێت بەرەو ڕووی بوەستێت هەرچی مەیلی لێ بێت دەیكاتو هەرچیش مەیلی لێ نەبێت ڕوونادات، لە كارزانی لە گفتارو كردارەكانیداو لە بڕیارو فەرمانەكانیدا، ﴿وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ لە خراپەش بیانپارێزە، هەر كەسێك لە خراپە بپارێزرێت، لەو ڕۆژەدا بەر بەزەیی تۆ دەكەوێت، كە ئەمەش سەركەوتنێكی زۆر مەزنە. ﴿وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ واتە: ئەو كەسانەی كە تووشی خراپە دەبن بیانپارێزە لێی، ﴿وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ﴾ واتە: هەر كەسێك تۆ بیپارێزیت لە ڕۆژی قیامەتدا، ﴿فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ﴾ واتە: بەزەییت پێیدا هاتووەتەوەو ڕزگارت كردووە لە تۆڵەو سزادان. ﴿وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ئەوەش سەركەوتنێكی زۆر گەورەیە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴿١٠﴾ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِيِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾﴾

پەشیمانی دەربڕینی خوانەناسان پاش چوونە ناو ئاگر

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ﴾ واتە: هاوار لەو كەسانە دەكرێت كە خودایان نەناسیووە، بێگومان تووڕەیی خودا لەو ڕقەی خۆتان هەتانە، گەورەترە، چونكە ئێوە كاتێك كە بانگ دەكرێن باوەڕتان بە خودا هەبێت، كەچی ئێوە حاشا دەكەن. خوای گەورە باسی خوانەناسان دەكات، كاتێك لە ڕۆژی قیامەتدا لەناو بڵێسەی ئاگرداو دەست دەكرێت بە جەزرەبەدانیانو هیچ

---

[1] القرطبي (١٥/٢٩٥).

کەسێك نایەت بە هاواریانەوەو نەفرین لە خۆیان دەکەنو زۆر ڕقیان لە خۆیانە لەبەر ئەو کردەوە خراپانەی کە بوونە هۆی ئەوەی بچنە ناو ئاگر. ئا لەو وەختەدا فریشتەکان بانگیان دەکەنو پێیان دەڵێن: بێگومان خودا لە خۆتان زیاتر لێتان توڕەیە. چونکە خوای مەزن کاتێك لە دنیادا داوای لێ دەکردن کە بڕوا بێنن ئێوە حاشاتان دەکردو دووردەکەوتنەوە ئەی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە خۆتان بێزارنو خۆتان تووشی سزا کردووە. قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ﴾ دەڵێت: توڕەیی خودا بۆ خەڵکی گومڕا کاتێك کە داوای بڕواهێنانی لێ کردوون لە دنیاداو حاشایان لێ کردو قەبوڵیان نەکردووە مەزنترە لە توڕەیی خۆیان کاتێك بە چاوی خۆیان جەزرەبەی خودا دەبینن لە ڕۆژی قیامەتدا.[1] حەسەنی بەسریو موجاهیدو سودیو ژوڕیی کوڕی عەبدوڵلای هەمەدانی وعەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو ئیبنو جەریری تەبەریش هەر وایان وتووە (ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت).[2] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ﴾ دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! تۆ دوو جارێمەت مراندو، دوو جاریش ژیانت بەبەردا کردووین، پێ لە گوناهی خۆ دەنێن، ئاخۆ دەرەتانێك هەیە؟ سەوری دەڵێت لە ئەبو ئیسحاقەوە لە ئەبو ئەحوەسەوە لە ئیبنو مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێن: ئەم ئایەتە: ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا الاثنتين﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾[3] واتە: چۆن بێباوەڕ دەبن بە خودا!؟ لە کاتێکدا کە ئێوە بێ گیان بوونو گیانی بەبەردا کردن لە پاشان دەتانمرێنێت دوای ئەوە زیندووتان دەکاتەوە ئینجا بۆ لای خۆی دەگەڕێنرێنەوە.[4] ئیبنو عەباسو زەححاكو قەتادەو ئەبو مالکیش هەر وایان وتووە.[5] ئەمە قسەیەکی ڕاستەو هیچ گومانو دوو دڵی تیا نیە. مەبەست لەمانە هەمووی ئەوەیە کە خوانەناسان داوای گەڕانەوە دەکەن کاتێك لە خزمەت خوای گەورەدا دەوەستێنرێن لە ساحەی مەحشەردا لە ڕۆژی قیامەتدا. وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟

---

[1] الطبري (٢١/٣٥٩).

[2] الطبري (٢١/٣٥٨/٣٥٩).

[3] البقرة (٢٨).

[4] الطبري (٢١/٣٦٠).

[5] الطبري (٢١/٣٦٠).

رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾[1] واتە: ئەگەر دەبینی کاتێك (لە قیامەتدا) تاوانباران لە حوزووری پەروەردگاریاندا (لە خەجاڵەتیدا) سەریان داخستووە (دەڵێن) ئەی پەروەردگاری ئێمە (ئەوەی بەڵێنت پێ دابووین) دیمانو بیستمان دەی بمانگێڕەرەوە (بۆ دنیا تا) کردەوەی باش بکەین، بە ڕاستی ئێمە دڵنیاین (لە قیامەت). وەڵام نادرێنەوە. پاشان کاتێك بە چاوی خۆیان ئاگریان بینی لەسەر کەناری ئاگر وەستانو سەیری ئەو هەموو ئازارو جەزرەبە سەختەیان کرد داوای گەڕانەوە دەکەن زۆر زیاتر لەوەی کە لە پێشتر داوایان دەکرد بەڵام وەڵام نادرێنەوە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾[2] واتە: وە ئەگەر بیانبینیت کاتێك کە لەسەر قەراغی دۆزەخ وەستێنراون کە دەڵێن خۆزگە دەگەڕێنراینەوە بۆ دنیاو بەڵگەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەدەزانی وە لە بڕواداران دەبووین، (نەخێر بە ڕاستیان نیە) بەڵکو ئەوەی کە لەوەو پێش دەیانشاردەوە بۆیان دەرکەوتووەو ئەگەر بگەڕێنرێنەوە (بۆ دنیا) بێگومانئەگەڕێنەوە سەرهەمان شتی پێشویان وئەوانە خەڵکێکی درۆزنن.ئەم بێبڕوانە کاتێك کە چوونە ناو ئاگرو ئەو ئازارو نارەحەتیەی جەهەنەمیان چەشتو زنجیرەی ئاگرین کرایە دەستو قاچیانو زەبوون بوون لەناویدا ئا لەوێدا زیاترو زیاتر داوا دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ دنیا بۆ ئەوەی کاری چاکە بکەن، بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ۖ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴾[3] واتە: وە ئەوانە لە دۆزەخدا هاوار دەکەن (دەڵێن) ئەی پەروەردگارمان (لە دۆزەخ) دەرمان بێنە تا کردەوەی چاك بکەین جیاواز لەوەی دەمانکرد (وەڵام دەدرێنەوە) ئایا تەمەنمان درێژ نەکردن ئەوەندەی ئەوەی دەیەوێت بیربکاتەوە تیایدا بیربکاتەوەو ترسێنەرتان بۆ نەهات دەی (سزا) بچەژن چونکە هیچ یاریدەدەرێك بۆ (بێباوەڕە) ستەمکارەکان نیە. وە دەفەرمووێت: ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ﴾[4] واتە: ئەی پەروەردگارمان لەم (دۆزەخە) دەرمان بێنە جا ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ بێباوەڕی) ئەوە بە ڕاستی ئێمە ستەمکارین، وە

---

[1] السجدة (١٢).

[2] الانعام (٢٧ــ٢٨).

[3] الفاطر (٣٧).

[4] المؤمنون (١٠٧ــ١٠٨).

(خوا) دەفەرمووێت: بەبێ نرخیو ڕیسوایی بمێننەوە لە دۆزەخداو قسەیەکم لەگەڵدا مەکەن. لەم ئایەتەدا زۆر بە ڕێزەوە پرسیار دەکەنو بە پێشەکیەك دەست پێدەکەن پڕە لە دەربڕینی سۆزو خۆبەکەمزانین کە دەڵێن: ﴿رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ﴾ واتە: تۆ زۆر مەزنو خاوەن دەسەڵاتی. وەختێك ئێمە مردووبووین زیندووت کردینەوە دوای ئەوە ئێمەت مراندو پاشانیش زیندووت کردینەوە. تۆ هەرچی مەیلت لێ بێت دەیکەی. وە ئێمە دان بە تاوانی خۆماندا دەنێین کە لە دنیادا ناهەقیمان لە خۆمان کردوە، ﴿رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ﴾ واتە: ئا خۆ تۆ لێمان قەبوڵ دەکەی کە جارێکی تر بمانگێڕیتەوە بۆ ژیانی دنیا، بێگومان تۆ توانای ئەوەت هەیە، بۆ ئەوەی کارێك بکەین پێچەوانەی ئەوەی کردمان لە دنیادا. ئەگەر دەستمان دایەوە بە خراپەکاری جارێکی تر ئێمە تاوانبارو ستەمکارین. وەڵام دەدرێنەوە کە ڕێگا نیە جارێکی تر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ دنیا، پاشان هۆی نەگەڕانەوەیان بۆ دنیا ڕوون دەکاتەوە کە ئێوە سروشتتان وایە ڕاستی قەبوڵ ناکەنو وەری ناگرن بەڵکو دژی هەق دەوەستنو بڕوای پێ ناکەن، بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْۚ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ﴾ واتە: ئەمەتان بۆیە بەسەردێ، چونکە هەر کاتێك مەردم تەنیا خوایان دەپەرستو هیچی تر نا، حاشاتان دەکرد، بەڵام کاتێك شەریکیان بۆ ئەو دادەنا، ئێوە باوەڕتان دەهێنا، فەرمان تەنها بۆ خودای بەرزو مەزنە. واتە: ئێوە هەروا دەبن ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دنیاش. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ﴾ واتە: هەر ئەو فەرمانڕەوایە لەسەر دروستکراوەکانی دادوەرێکی وایە کە ستەم لە هیچ کەس ناکات. بۆ هەر کەسێك مەیلی لێ بێت ڕێی نیشان دەداتو هەر کەسیش مەیلی لێ بێت گومڕای دەکات. بەزەیی دێتەوە بە کەسێکدا کە مەیلی لێ بێتو جەزرەبەی کەسێکیش دەدات کە مەیلی لێ بێت. هیچ پەرستراوێك نیە غەیری ئەو. وە دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقٗاۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾ هەر ئەو نیشانانی خۆیتان بۆ دەنوێنێتو لەو هەوایە بژێوتان بۆ بەڕێ دەکات. تەنها کەسێك لەو ئامۆژگاریە تێدەگات، کە ڕووی هەر بەرەو خودا بێت. واتە: خودا نیشانەکانی دەسەڵاتی خۆی بۆ ئێوە دەردەخات کە بە چاو دەیبینن لە ئاسمانەکانو زەمیندا کە ئەو نیشانە گەورانە هەموو بەڵگەن لەسەر تواناو دەسەڵاتی تەواوی دروستکەرو وەدیهێنەری کە خۆیەتی. ﴿وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقٗا﴾ واتە: بارانتان لە ئاسمانەوە بۆ دەبارێنێت بە هۆی ئەو بارانەوە کشتوکاڵو بەروبوومتان بۆ دەڕوێنن بە چاوی خۆتان دەیبینن کە هەر یەکە تامو بۆنو ڕەنگو شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە گشت بە یەك ئاو دەڕوێنن کەچی بە دەسەڵاتی خودای مەزن هەر

یەکەیان جیاوازترە لەوی تر. ﴿وَمَا يَتَذَكَّرُ﴾ واتە: کەسێك پەندو ئامۆژگاری وەردەگرێت لەم شتانەو بە بەڵگە دەیهێنێتەوە لەسەر گەورەیی وەدیهێنەیان، ﴿إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾ واتە: مەگین ڕووی دڵی بەرەو خودای مەزن بێت.

فەرمان دان بە خاوەن باوەڕان هەر چۆن بووە تەنها عیبادەتی خودا بکەن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَٱدْعُوا ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ واتە: دەسا ئێوە بە دڵپاکی هەر هانا بۆ خودا بەرن‌و دینی پاکژتان بۆ ئەو بێت، جا با خوانەناسانیش پێی تورە بن. واتە: ئێوە تەنها بە دڵپاکی هەر عبادەت بۆ خودا بکەن‌و لێی بپاڕێنەوە بە ڕێگەی موشریکەکاندا مەچن‌و شوێن ڕچەی ئەوان مەکەون. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە کەعەبدوڵلای کوڕی زوبەیر دوای هەموو نوێژێك سەلامی دەدایەوە دەیوت: (لا إله إلاّ الله وحده لا شريك له، ولا نعبد إلا إياه له النعمة وله الفضل وله الثناء الحسن، لا إله إلاّ الله مخلصين له الدين ولو كره الكافرون). دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوای هەموو نوێژێك بە دەنگی بەرز ئەمانەی فەرمووە.[1] موسلیم‌و ئەبو داودو نەسائیش بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردووە.[2] وە لە فەرموودەی سەحیحدا ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوای نوێژە فەرزەکان دەیفەرموو: (لا إله إلاّ الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، لا حول ولا قوة إلاّ بالله، لا إله إلاّ الله، ولا نعبد إلا إياه له النعمة وله الفضل وله الثناء الحسن، لا إله إلاّ الله مخلصين له الدين ولو كره الكافرون).[3]

﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٧﴾﴾

نیگای خودا بۆئەوەیە بەندەکانی لەو ڕۆژە بترسن کە توشیان دێت

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ﴾ واتە: پلەی بەرز هەرلە لای ئەوە، خاوەن تەختە، بە فریشتەی تایبەتیدا وەلامی خۆی بۆ هەر کەسێك لە عەبدانی خۆی حەز بکات، بەڕێ دەکات، تا لە ڕۆژێك (کە تووشیان دێت)

---

[1] احمد (٤/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٤١٦/١)، ابوداود (١٧٣/٢)، النسائي (٧٩/٧٨/٣).

[3] مسلم (٤١٥/١).

بیانترسێنێت. خوای گەورە باسی مەزنیو پایەبەرزی خۆیو بڵندی تەختەکەی دەکات کە بەرزترە بەسەر هەموو دروستکراوەکانیدا وەك بان (السقف)، بۆیە دەفەرموویێت: ﴿مِّنَ ٱللَّهِ ذِى ٱلْمَعَارِجِ ۝٣ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾[1] واتە: فریشتەو جوبرەئیل سەردەکەون بۆ لای خودا لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە. وە بەم زووانە خوا مەیلی لێ بێت باسی ئەو مەودایە دەکەین کە لە نێوان عەرش و زەمینی حەوتەمدایە لەسەر ڕاوبۆچوونی زانایانی پێشینەو پاشینە (السلف والخلف)، زۆرێك لە زانایان وتوویانە کە تەخت یاقوتێکی سوورە فراوانی نێوان تیرەکانی و ماوەی ڕۆیشتن (تێپەڕبوون) بەناویاندا پەنجا هەزار ساڵە. وە بەرزیەکەی لە زەمینی حەوتەمەوە ماوەی ڕۆیشتنی پەنجا هەزار ساڵە، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە کە دەفەرموویێت: ﴿يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ﴾[2] واتە: فریشتە دەنێرێتە خوارەوە بە وەحی بە فەرمانی خۆی بۆ هەر کەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێت بەوەی کە خەڵکی بترسێنن کە بە ڕاستی بێجگە لە من هیچ پەرستراوێکی تر نیە کەواتە هەر لە من بترسن. وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ۝١٩٣ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ﴾[3] واتە: وە بە ڕاستی ئەم (قورئان)ە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانیانە جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە، بۆ سەر دڵی تۆ بۆ ئەوەی لە ترسێنەران بی. بۆیە خوای مەزن لێرەدا فەرموویەتی: ﴿لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ﴾ عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە ﴿يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ﴾ ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت خوای مەزن بەندەکانی لێ ترساندووە.[4] چونکە هەموو کەسێك تووشی کردەوەی خۆی دەبێت لەو ڕۆژەدا لە چاکەو لە خراپە. پاشان خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ ۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ ۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾ ئەو ڕۆژە کە هەموویان دێنەوە دەر هیچ شتێکیان لە خودا نهێنی نیە. لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی بۆ کێیە؟ هەر بۆ خوای تاكو تەنهایەکە بەسەر هەموو شتدا زاڵە. واتە: دەهێنرێنە دەرەوە، هەموو دەردەکەون هیچ شوێنێك نیە خۆیانی تیا بشارنەوەو خۆیانی تیا پەنا بدەن، بۆیە

---

[1] المعارج (٣ـ٤).

[2] النحل (٢).

[3] الشعراء (١٩٢ـ١٩٣).

[4] الطبري (٢١/٣٦٤).

خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ﴾ واتـە: هـەموو لـە لای خـودا یەکسانن‌و ئاگـای لێیانـە. وە دەفـەرمووێت: ﴿لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾ لـە پێـشەوە لـە فەرموودەکەی ئیبنو عومەردا (ڕەزای خوای لێ بێت) باسمان کرد کە خوای گـەورە ئاسمانـەکان‌و زەمـین دەپێچێتەوە بە دەستی خۆی پاشان دەفەرمووێت: من فەرمانڕەوام، من زاڵـم بەسـەر هـەموو شـتێکداو من خۆم بە مەزنتر دەزانم لە هەموو کەسێك فـەرمانڕەواکانی سـەر زەمـین لـە کوێن؟ ئەوانـەی بەسـەر خەڵکدا زاڵ بوون لە کوێن؟ ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانی بەسەر خەڵکدا لە کوێن؟[1] وە لە فـەرموودەی کەڵەشاخدا هاتووە کاتێك خوای مەزن گیانی هەموو خەڵك دەکێشێت کەس نامێنێـت خـۆی نـەبێت کە تاك‌و تەنهایەو هاوەڵی نیە دەفەرمووێت لەم ڕۆژدا فـەرمانڕەوایی بـۆ کێیـە؟ سێ جار، پاشـان وەڵامـی خۆی دەداتەوەو دەفەرمووێت: ﴿لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾.[2] واتە: ئەو کەسەی کە هـەر خـۆی بەسـەر هـەموو شتدا زاڵـەو هەمووشتێکی بەزاندووە. پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْۚ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ لەم ڕۆژەدا هەر کەس هەرچی کردوویـەتی، سزای کاری خۆی دەبینێت، ئەم ڕۆژە هیچ غەدرێك نیە. خـودا بـە پەلـە بـە کاروبـاران دەگـات. خـوای مـەزن باسی دادپەروەری خۆی دەکات لە نێوان مەردمدا کە بە ئەندازەی بچووکترین گەردیلە ناهەقی بە کەس ناکرێت. لە چاکەو لە خراپە. بەڵکو پاداشتی چاکە بە دەقات دەدرێتەوە. پاداشتی خراپەش تـەنها بـە یەك خراپـە حیساب دەکرێت. بۆیـە خـوای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ﴾ وەك لـە سـەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو زەڕەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش لە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) کـە لـە خـوای مەزنـەوە دەیگێڕێتـەوە کـە فەرموویـەتی: (ئـەی عەبدەکانم مـن ناهـەقیم لەسـەر خـۆم حـەرام کردووەو لـەناو ئێوەشـدا هـەر حـەرامم کـردووە ناهـەقی بـە یـەکتری مەکـەن (هـەتا گەیـشتە ئـەوەی فـەرمووی) ئـەی عەبـدەکانم. ئەوسا کردەوەکانتـان لەسـەر دەژمێـرم پاشـان هـەقی کردەوەکانتـان دەدەمێ، هەر کەسێك چاکەی بینی با سوپاسی خودای گەورە بکات، وە هەر کەسیش چاکەی نـەبینی با تەنها سەرزەنشتی خۆی بکات).[3] خوای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ واتـە: لـە هەموو خەڵك دەپرسێتەوە وەك چۆن لە تاکەکەسێك دەپرسێتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا

---

[1] الطبري (٢١/٣٢٧).

[2] الطبراني في الطوال (٢٧٠)، لە پێشەوە پلەکەی دیاری کراوە.

[3] مسلم (٤/١٩٩٤).

بَعۡثُكُمۡ إِلَّا كَنَفۡسٖ وَٰحِدَةٍ ﴾[1] واتە: دروستکردنی هەمووتان (لە سەرەتاوە)و زیندووکردنەوەتان وەك (دروستکردن‌و زیندووکردنەوەی)وەك هی تەنها کەسێك وایە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَمۡرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٞ كَلَمۡحِۭ بِٱلۡبَصَرِ ﴾[2] واتە: وە فەرمانی ئێمە تەنها یەك جارە وەك چاوتروکاندنێك (وایە لە خێراییدا).

﴿ وَأَنذِرۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡأٓزِفَةِ إِذِ ٱلۡقُلُوبُ لَدَى ٱلۡحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ﴾

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَأَنذِرۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡأٓزِفَةِ إِذِ ٱلۡقُلُوبُ لَدَى ٱلۡحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ﴾ واتە: تۆ لەو ڕۆژە بیانترسێنە کە لە ناکاو تووش دەبن، لەو دەمەی کە هەموو دڵێك لە قوڕگ نزیك دەبنەوەو هەموو هەر پێش دەخۆنەوە. ئەوانەی ناهەقیکارن نە هیچ دۆستیان دەست دەکەوێت. نە کەسێك کە تکای وەر بگیرێت. ﴿يَوۡمَ ٱلۡأٓزِفَةِ﴾ ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت. لەبەر نزیکی بەو ناوەوە ناو نراوە وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَزِفَتِ ٱلۡأٓزِفَةُ ﴿٥٧﴾ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ ﴾[3] واتە: ڕۆژی دوایی زۆر نزیك بووەتەوە، بێجگە لە خوای گەورە کەس نیە ئاشکرای بکات. وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴾[4] واتە:ڕۆژی دوایی نزیك بووەوەو مانگ لەت بوو. وە دەفەرموێت: ﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ ﴾[5] واتە: لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بووەتەوە. وە دەفەرموێت: ﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُ ﴾[6] واتە: ئەوا فەرمانی خوا (بە سزادانیان) هات بۆیە پەلە مەکەن (لە هاتنی). وە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا رَأَوۡهُ زُلۡفَةٗ سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾[7] واتە:کاتێك بێباوەڕان ئەو سزایەیان بەدی کرد لە نزیك خۆیانەوە، ڕووخساری ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون

---

[1] لقمان (٢٨).

[2] القمر (٥٠).

[3] النجم (٥٧ـ٥٨).

[4] القمر (١).

[5] الانبياء (١).

[6] النحل (١).

[7] الملك (٢٧).

تاڵ دەبێت. پاشان دەفەرمووێت: ﴿إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ﴾ واتە: قەتادە دەڵێت: کە دڵ لە قوڕگدا وەستا لە ترساندا نە ئەوەیە بێتە دەرەوە نە ئەوەشە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.[1] عیکریمەو سودیو کەسانی تریش هەر وایان وتووە. ﴿كَٰظِمِينَ﴾ واتە: بێدەنگن کەس ناتوانێت قسە بکات بە ئیزنی خودا نەبێت، ﴿يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا﴾[2] واتە: لە ڕۆژێکدا کە جوبرەئیلو فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن کەسیان قسە ناکەن مەگەر کە خوا ڕێی بداتو قسەی بەڕێو جێ بکات. ئیبنو جورەیج دەڵێت: ﴿كَٰظِمِينَ﴾ واتە: دەگرین.[3] وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ﴾ واتە: ئەوانەی کە ناهەقیان لە خۆیان کردووەو هاوەڵیان بۆ خوا داناوە نە دۆستی نزیك هەیە نە تکاکارێك کە بتوانێت تکایان بۆ بکات. بەڵکو دەستیان لە هەموو چاکەیەك براوەو چاریان نەماوە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ﴾ واتە: خودا دەزانێت کێ چاوی غایەنی هەیەو چیان لە دڵدا شاردووەتەوە. خوای مەزن باسی ئەوە دەکات کە ئاگاداری تەواوی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا دیار یان نادیار، گەورە یان بچووك بۆ ئەوەی کە مەردم زۆر ئاگاداری خۆیان بنو بترسن لەوەی کە خودا هەمیشە دەزانێت چی دەکەنو خەریکی چین هەتا شەرمی لێ بکەنو بە ڕاستی لێی بترسنو خۆ بپارێزن. وە بزانن کە خودا دەیانبینێت بۆ ئەوەی خودایان لە یاد نەچێت. چونکە خودا ئەو کەسانەی بە چاوی خیانەت دەڕوانن دەناسێت با خۆشیان وەها نیشان نەدەنو ئاگاداری ئەو شتانەیە کە لە ناو دڵدا شاراوەتەوەو دەرناخرێت. زەححاك دەڵێت: ﴿خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ﴾ واتە: چاوداگرتن (ئیشارەت بە چاوو برۆ)و پیاوێك بڵێ: بینیم کەچی نەیبینێت، یان نەمبینی کەچی بینیویەتی.[4] ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: خودا دەزانێت بەو چاوانە لە کاتی سەیرکردندا ئایا دەیەوێت خەیانەت بکات یان نایەوێت؟[5] موجاهیدو قەتادەش هەر وایان وتووە.[6] ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا تُخْفِى

---

[1] الطبري (٣٦٨/٢١).
[2] النبأ (٣٨).
[3] الدر المنثور (٢٨١/٧).
[4] القرطبي (٣٠٣/١٥).
[5] الطبري (٣٦٩/٢١).
[6] الطبري (٣٧٠/٢١).

ٱلصُّدُورُ﴾ دەڵێت: دەزانێت کە تۆ نیازت هێناوە بە چاوت. ئایا دەتەوێت داوێن پیسی (زینا) بکەی یان ناتەوێت؟[1] سودی دەڵێت: ﴿وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾ ئەوەی لە دڵدا شاراوەتەوە لە وەسوەسە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ خودا بە ڕاستی پێ ڕادەگات، ئەوانەی ئەوان هانایان دەبەنە بەر هیچ کارێکیان لە دەست نایەت، هەر خودایە کە بیسەرو بینایە. ﴿وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّ﴾ واتە: خودا فەرمان دەدات بە دادپەروەری. ئەعمەش دەڵێت: لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت): ﴿وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّ﴾ واتە: خودا توانای هەیە کە پاداشتی چاکە بە چاکە بداتەوەو پاداشتی خراپەش بە تۆڵە لێ سەندن.[2] ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ ئەم ئایەتە ئیبنو عەباس تەفسیری کردووە بەم ئایەتەی کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ بِٱلۡحُسۡنَى﴾[3] واتە: تا سزای ئەوانە بدات کە خراپەیان کردووە بە پێی کردەوەکانیانو پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە چاکەیان کردووە بە چاکتر (لەوەی کە کردوویانە). وە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ ئەو کەسانە پەنا دەبەنە بەر جگە لە خوداو وەك بتو دارو بەردو ئەو شتانەی دەیکەنە هاوەڵ بۆ خودا، ﴿لَا يَقۡضُونَ بِشَيۡءٍ﴾ ناتوانن بڕیاری هیچ شتێك بدەنو توانای هیچ شتێکیان نیە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ واتە: قسەی مەردم ئەبیسێتو دەشیانبینێت. ڕێ نیشانی کەسێك دەدات کە مەیلی لێ بێت، ڕێ ون دەکات لە کەسێك کە مەیلی لێ بێتو هەر خۆی فەرمانڕەوای دادپەورەرە لە هەموو شتێکدا.

﴿أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُواْ هُمۡ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَكَفَرُواْ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢٢﴾﴾

---

[1] الطبري (٢١/٣٦٩).

[2] الطبري (٢١/٣٦٩).

[3] النجم (٣١).

چارەنووسی خراپی خوانەناسان

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ واتە: ئاخۆ ئەوان بە زەمیندا نەگەڕاون، تا بزانن چارەنووسی پێشینەکانی ئەوانە چۆن بووە؟ لەوانە بەهێزتر بوون‌و لەو زەمینە شوێنەواریشیان زۆرترە، لە تۆڵەی گوناهەکانیان خوا گرتنی‌و کەس لە خودای نەپاراستن. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا﴾ واتە: ئەوانەی کە بڕوایان نەکرد بە پەیامەکەت ئەی موحەممەد (ﷺ) ئایا نەگەڕاون؟ ﴿فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ﴾ بەسەر زەمیندا هەتا بە چاوی خۆیان ببینن کە خودا چی بەسەر گەلە پێشووەکان هێناوە‌و چ سزاو ئازارێکی داون، کە ئەوانە زۆر لەمانە بە تواناو بەهێزتر بوون، ﴿وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ﴾ واتە: شوێنەواری وایان لەم سەر زەمینەدا بەجێ هێشتووە لە ڕووەک‌و پاشماوەی زۆر لە کۆشک‌و خانوبەرە کە ئەمانە ناتوانن وەک ئەوان ئاوەدانی بکەنەوە. وەک لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِن مَّكَّنَّاكُمْ فِيهِ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا ئەوەی بەوان (گەلی عاد)مان دابوو (لە سامان‌و دەسەڵات) بە ئێوەمان نەدابوو. وە دەفەرموویت: ﴿وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا﴾[2] واتە: وە زەوییان کێڵا (بۆ کشتوکاڵ)و ئاوەدانیان کردەوە زیاتر لەمان. واتە: لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتە زۆرو زەبەن‌و توندوتیژەدا نواندوویانە بە هۆی گوناهەکانیانەوە‌و باوەڕنەهێنانیان بە پێغەمبەرەکانیان خوای گەورە قڕی کردوون، ﴿وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ واتە: کەس نەیتوانی لە جەزرەبەی خودا ڕزگاریان بکات‌و لایان بدات‌و بیانپارێزێت. پاشان خوای گەورە هۆکاری لەناوبردنەکەیانی باس کردووە‌و فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَكَفَرُوا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ ۚ إِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ کە ئەوانە پێغەمبەریان بە نیشانەی ئاشکراوە بۆ هاتبووبە لام ئەوان بڕوایان پێ نەکردوون، ئینجا خوا قاری لێ گرتن. خوا بە توانایە‌و سزادانی توندوتیژە. واتە: لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەرەکانیان بەڵگەی ڕوون‌و ئاشکرایان بۆ هێناون ئەوان باوەڕیان نەهێناو لە تاوانکاری خۆیان دەستیان هەڵنەگرت، ﴿فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ﴾ خوای خاوەن دەسەڵات قڕی کردن وەک چۆن خوانەناسانی تری قڕ کردووە. ﴿إِنَّهُ

[1] الاحقاف (٢٦).

[2] الروم (٩).

قَوِيٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ واتە: تۆڵەی خودا زۆر توندو تیژو بە ژان‌و سەختە. خوای گەورە بە بەزەیی خۆی بمانپارێزێت لێی.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٧﴾﴾

بەسەرهاتی موساو فیرعەون

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴾ واتە: (لەو بارەوە) بە چەند نیشانەی خۆمان‌و بە بەڵگەیەکی ئاشکراوە، موسامان نارد. خوای گەورە دڵی پێغەمبەر(ﷺ) دەداتەوە لەسەر باوەڕنەهێنانی ئەو کەسانەی لە هۆزەکەی‌و مژدەپێدانی کە سەرکەوتن‌و پاشەڕۆژ لە دنیاو قیامەتدا هەر بۆ ئەوە. وەك چۆن موسای کوڕی عیمرانی (سەلامی خوای لێ بێت) زاڵ‌و سەرکەوتوو کرد. ڕەوانەی کرد بە بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕوون‌و ئاشکراوە بۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴾ مەبەست بە (السلطان) بەڵگەو نیشانەیە. ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾ بۆ لای فیرعەون‌و هامان‌و بۆ لای قارون، هەموو وتیان: جادوگەرێکی درۆزنە. ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ ﴾ کە فەرمانڕەوای قیبتەکان بووە لە وڵاتی میسردا ﴿وَهَـٰمَـٰنَ﴾ وەزیری فیرعەون بووە لەو وڵاتەی فیرعەوندا، ﴿وَقَـٰرُونَ﴾ قارون دەوڵەمەندترین کەس‌و بەناوبانگترین بازرگانی ئەو سەردەمە بووە، ﴿فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴾ واتە: بڕوایان پێ نەکردو وتیان: جادووگەرو شێت‌و درۆزنەو خەڵکی دەخەڵەتێنێت بە ناوی خوداو، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُوا۟ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ﴿٥٢﴾ أَتَوَاصَوْا۟ بِهِۦ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ﴾[1] واتە: بەم شێوەیە بۆ لای ئوممەتانی پێش ئەمان هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە مەگەر وتوویانە (بەو پێغەمبەرە) جادوگەر یان شێت، ئایا (ئەمان‌و ئەوان) ڕاسپاردەیان بۆ یەکتری کردووە؟

[1] الذاريات (٥٢_٥٣).

(نەخێر) بەڵکو ئەمان هەموو گەلێکی سەرکەش‌و یاخین. خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ مِنۡ عِندِنَا قَالُواْ ٱقۡتُلُوٓاْ أَبۡنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ وَٱسۡتَحۡيُواْ نِسَآءَهُمۡۚ وَمَا كَيۡدُ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ ﴾ وەختێك لە لایەن ئێمەوە دینی ڕاستی بۆ دەرخستن، وتیان: ئەوانەی لەگەڵ ئەو بڕوایان هێناوەکوڕەکانیان لەناوبەرن‌و ژنەکانیان بە زیندوویی بهێڵنەوە، بەلام فێڵی خوانەناسان هەرگیز سەری نەگرتووە. ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ مِنۡ عِندِنَا ﴾ واتە: کاتێك لە لایەن ئێمەوە بە بەڵگەی ڕوون‌و ئاشکراوە پێغەمبەران ڕەوانەکران بۆ لایان، ﴿قَالُواْ ٱقۡتُلُوٓاْ أَبۡنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ وَٱسۡتَحۡيُواْ نِسَآءَهُمۡ﴾ ئەوە بڕیاری دووهەمی فیرعەونە کە کوڕانی نەوەی ئیسرائیل بکوژن. بڕیاری یەکەم لەبەر ئەوەی کە ڕزگاری بێت لە موساو لەناوی بەرێت یان ئەو گەلە سەرشۆڕو کزۆڵ بکات‌و ژمارەیان کەم بێتەوە یان بۆ هەردوو مەبەستەکە بوو. بەلام بڕیاری دووهەم بۆ سوك‌و ڕیسواکردنی ئەو گەلە بوو هەتا گەلەکەی شومیەکە بدەنە پاڵ موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بۆیە وتیان: ﴿أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ﴾[1] واتە: پێش هاتنی تۆ بۆ ناومان ئازار دراین هەروەها پاش هاتنی تۆ بۆ ناومان (بە پێغەمبەرایەتی)، (موسا) فەرمووی: بەڵکو پەروەردگارتان دوژمنەکەتان لەناو بەرێت‌و ئێوە بکات بە جێنشین (ی دوژمنەکانتان) لەسەر زەوی جا تەماشا دەکات ئێوە چۆن کار دەکەن. قەتادە دەڵێت: ئەمە بڕیارێکی ترە دوایی بڕیارێکی تر.[2] خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَيۡدُ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ ﴾ واتە: ئەم فێڵ‌و نیازە خراپەیان هەر بۆ کەمکردنەوەی بەنی ئیسرائیل بووە تا بەنی ئیسرائیل زاڵ نەبن بەلام فێڵ‌و تەڵەکەی خوانەناسان هەرگیز سەری نەگرتووەو بەسەر خۆیاندا شکاوەتەوەو خۆیان لەناوچوون. ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ﴾ فیرعەون وتی: لێم گەڕێن موسا بکوژم، با ئەو هاوار بۆ پەروەردگاری خۆی بەرێت، من دەترسم دینەکەتان بگۆڕێت‌و (ئاژاوە) لەم سەر زەمینە بنێتەوە. ئەمە نیازی فیرعەون بوو (لەعنەتی خوای لێ بێت) کە موسا بکوژێت (سەلامی خوای لێ بێت) وتی: لێم گەڕێن با من موسا بکوژم ﴿وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓ﴾ واتە: گوێم لێ نیە با موسا هانا بۆ خودای خۆی ببات. ئەمە بە

---

[1] الاعراف (١٢٩).

[2] الطبري (٢١/٣٧٣).

تەواوی بێدینیو گومڕاییو لاساری فیرعەون دەگەیەنێت کە دەڵێت: ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ﴾ واتە: فیرعەون دەترسێت کە موسا خەڵکی گومڕا بکاتو دابو نەریتی ئەو خەڵکە بگۆڕێت. ئەمە وەك ئەو نوکتەیە وایە کە باوە بۆ پیاوی خراپ بەکار دەهێنرێت (فیرعەون وای لێ هاتووە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات) واتە: بووەتە ئامۆژگاریکەری مەردمو بەزەیی پیایاندا دێتەوە نەوەك موسا گیرۆدەیان بکات! زۆرێك ئەم ئایەتەیان وا خوێندووەتەوە: (أن يبدل دينكم وأن يُظهر في الارض الفساد) هەندێکی تریش خوێندوویانەتەوە: ﴿ان يبدل دينكم أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ﴾ وە هەندێکی تریش خوێندوویانەتەوە: (يَظهَرُ في الأرض الفساد) بە(بۆر)دانان لەسەر(يظهرُ))، خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ موسا وتی: هانا دەبەمە بەر کەسێك (کە منیشو ئێوەشی خولقاندووە) بمپارێزێت لە هەموو خۆبەزلزانێك کە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نیە. واتە: کاتێك موسا ئەو هەواڵەی فیرعەونی پێگەیشت کە فیرعەون وتوویەتی: ﴿ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ﴾، موسا وتی: من پەنا دەگرم بە خوای مەزن لە شەڕی فیرعەونو وێنەی فیرعەون بۆیە وتی ئەی خەڵکینە، ﴿إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ﴾ واتە: لە هەموو خۆبەزلزانێکی تاوانبار، ﴿لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ بۆیە لە فەرموودەیەکدا هاتووە لە ئەبو موساوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کاتێك لەشەڕوناپاکی قەومێك ترسابێت فەرموویەتی: (ئەی خودایە هانات پێ دەبەم لە خراپەیان)، وە ترسی بووبێت لە کۆمەڵێك (گەلێك) فەرموویەتی: (ئەی خودایە هانات پێ دەهێنم لە خراپەکارییانو تۆ ئەدەم بە گژیاندا بۆ لەناودانو قڕکردنیان)[1].

﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم
بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ
بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾﴾

[1] النسائي في الكبرى (١٨٨/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

پشتیوانیکردن لەموسالەلایەن کەسێکەوە کەلەبنەماڵەی فیرعەونە،قسەکانی ئەوپیاوەش

وا مەشهورە ئەو پیاوە خاوەن باوەڕە قیبتی بووەو خزمی فیرعەونیش بووە، سودی دەڵێت: کوڕی مامی فیرعەون بووە. وە وتراویشە: ئەو کەسە بوو کە لەگەڵ موسا ڕزگاری بوو (سەلامی خوای لێ بێت).[1] ئیبنو جورەیج دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت): هیچ کەس بڕوای نەهێنا لە کەسوکاری فیرعەون جگە لەو پیاوە، وتی: ﴿يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلۡمَلَأَ يَأۡتَمِرُونَ بِكَ لِيَقۡتُلُوكَ﴾[2] واتە: ئەی موسا (ئاگادار بە) سەرگەورەکان کۆبوونەتەوە لە بارەی تۆوە (قسە دەکەن) بۆ ئەوەی بتکوژن. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە.[3] ئەم پیاوە باوەڕەکەی ئاشکرا نەدەکرد لە لای گەلەکەی کە قیبتیەکان بوو بۆ ئەو ڕۆژە نەبێت کە فیرعەون وتی: ﴿ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ﴾[4] واتە: لێم گەڕێن با موسا بکوژم.ئەوساتەوەختە زۆر تووڕە بوو لەبەر ڕەزامەندی خودا ئاشکرایشەکە گەورەترین جیهادکردنی قسەی هەقە لە لای خاوەن دەسەڵاتێکی زۆردار ، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە.[5] وە لەو قسەیش کە ئەو پیاوە لای فیرعەون کری:قسەیەکی گەورەتر نیەکە وتی: ﴿أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ﴾کەسێك دەکوژن هەرلەبەرئەوەی ئەڵێ پەروەردگاری من خوایە مەگین ئەوقسەیی کە بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: وتم بە عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاس (ڕەزای خوایان لێ بێت) هەواڵم بدەرێ بە توندو تیژترین کارێك کە موشریکەکان کردوویانە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: کاتێك کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە تەنیشت کەعبەدا نوێژی دەکرد عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت هاتو دەستەیەخەی پێغەمبەر بوو (ﷺ) جلەکانی لە ملی پێغەمبەر(ﷺ) پێچاو زۆر بە توندی لە ملی توندکردو تاسانی لەو کاتەدا ئەبو بەکر دەستەیەخەی بوو لە پێغەمبەری (ﷺ) دوورخستەوەو وتی: ﴿أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمۡ﴾ تەنها بوخاری ڕیوایەتی کردووە.[6] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَجُلٞ مُّؤۡمِنٞ مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَكۡتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن

---

[1] الطبري (٢١/٣٧٥).

[2] القصص (٢٠).

[3] القرطبي (١٥/٣٠٦).

[4] الغافر (٢٦).

[5] تحفة الأحوذي (٦/٣٩٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[6] فتح الباري (٨/٤١٦).

رَّبِّكُمْۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ پیاوێك لە خزمانی فیرعەون کە باوەڕی بە خودا هەبوو، بەڵام باوەڕەکەی خۆی دەشاردەوەو وتی: ئێوە چۆن پیاوێکی وەها دەکوژن، دەڵێت: خودا پەروەردگارمەو لە پەروەردگاری خۆشیەوە چەندە نیشانەی زۆر ئاشکرای بۆ هێناوون؟، ئەگەر دەڵێن: درۆ دەکات ئۆبالی درۆی بە ئەستۆی خۆی. ئەگەریش قسەی ڕاست دەکات، لەوانەی ئەو پێتان دەڵێت هێندێکیانتان هەر بەسەر دێت، چونکە خودا مرۆڤی لە ڕادە لادەری درۆزن شارەزا ناکات. ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْۖ﴾ واتە: چۆن پیاوێك دەکوژن هەر لەبەر ئەوەی دەڵێت پەروەردگاری من خودایەو بەڵگەی زۆریشی بۆ هاوردوونەتەوە لەسەر ڕاستی قسەکەی؟ پاشان کەوتووەتە گفتوگۆ لەگەڵیان و پێی وتوون: ﴿وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ﴾ یانی: ئەگەر ڕاستی ئەو پەیامەتان بۆ دەرنەکەوت کە ئەو بۆی هێناون چاکتر وایە وازی لێ بێنن و ئازاری مەدەن خۆیی و خوای خۆی ئەگەر ڕاستی نەکرد خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوە لەسەر ئەو درۆی کە کردوویەتی لە دنیاو قیامەتدا. خۆ ئەگەر ڕاستیشی کرد ئێوە ئازاری بدەن لەسەر ئەوەی کە وتی و دژایەتی بکەن لە دنیاو قیامەتدا خودا تۆڵەی لە ئێوە دەسێنێت. خۆ ئەگەر ڕاستشیی کرد بە لای ئێوەشەوە ڕەوایەو پێویستە نەبنە لەمپەر لە ڕێیدا بەڵکو وازی لێ بێنن چی دەکات لەگەڵ هۆزەکەی بیکات، با ئەو بانگیان بکاتو ئەوانیش شوێنی بکەون. هەر بەو شێوەیە خوای گەورەباسی فیرعەونمان بۆ دەکات کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) داوای کردووە لە فیرعەونو هۆزەکەی کە وازی لێ بێنن وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ ٱللَّهِۖ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٨﴾ وَأَن لَّا تَعْلُوا۟ عَلَى ٱللَّهِۖ إِنِّىٓ ءَاتِيكُم بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿١٩﴾ وَإِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ ﴿٢٠﴾ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا۟ لِى فَٱعْتَزِلُونِ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی لە پێش ئەمان گەلی فیرعەونمان تاقی کردەوە پێغەمبەرێکی بەڕێزیان بۆ هات، (پێی وتن) کە بەندەکانی خودا (بەنی ئیسرائیل) بە من بسپێرن چونکە بە ڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمینو باوەڕپێکراوم بۆ ناو ئێوەو خۆتان بە بەرزو گەورە مەزانن لە بەرامبەر خوادا بێگومان من بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکرام بۆ هێناون، وە بێگومان من پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خۆمو پەروەردگاری ئێوە لەوەی کە ئێوە بەردبارانم بکەن، وە ئەگەر باوەڕم پێ ناهێنن ئەوە وازم لێ بێنن (و خراپەم دەربارە مەکەن) پێغەمبەری خودایش حەزرەتی محمد(ﷺ)

---

[1] الدخان (١٧-٢١).

هەر وای فەرموو بە قورەیشیەکان کە وازی لێ بێنن با عەبدەکانی خودا بانگ بکات‌و ئازاری نەدەن‌و ئەو خزمایەتیەی کە لە نێوانیاندایە با بمێنێت دەست درێژی نەکەنە سەری. خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾[1] واتە: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بلێ داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم لەسەری مەگەر خۆشویستنی خزمایەتی. واتە: ئازارم مەدەن ئەو خزمایەتیە با لە نێوانماندا بمێنێت من لەگەڵ خەڵکی تردا خۆم خەریك دەکەم‌و بانگی خەڵکی تر دەکەم. هەر لەسەر ئەو مەبەستە ئاشتینامەی ڕۆژی حودەیبیە ڕوویداو هاتە کایەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەو بەرچاوە ڕوویدا. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ﴾ واتە:بەدڵنیاییەوە خوانەوکەسە ناخاتە سەر ڕێگەی هیدایەت کە زیادەڕۆو درۆزنە،یانی: ئەوەی وای دەزانی کە ئەو کەسەی خودا ڕەوانەی کردووە درۆزنەو ئێوەش هەر وا دەڵێن. لە قسەو هەڵسوکەوتیدا بۆ هەموو کەسێك دەردەکەوت، قسەی بێ ڕێوجێ‌و کرداری ناڕەوای دەکرد. کەچی بە چاوی خۆمان دەبینین قسەکانی زۆر چاکەو بەرنامەکەی ڕێکوپێکە خۆ ئەگەر مرۆڤێکی خراپ‌و لە ڕادە لادەرو درۆزن بووایە خودا ڕێی نیشان نەدەداو شارەزای نەدەکردو ئەو کردارو گفتارە جوانانەی لێ نەدەوەشایەوە. پاشان پیاوە خاوەن باوەڕەکە هۆزەکەی دەترسێنێت لەوەی کە خودا ئەو هەموو نازو نیعمەتەی کە پێی داون لێیان بسێنێتەوەو وەری بگرێتەوە، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَاۚ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ واتە: کەسەکانم ! ئەمڕۆش فەرمانڕەوایی بۆ ئێوە، لەم زەویەشدا ئێوە زاڵن، ئەگەر خودا بە گژماندا بێت، ئەوسا کێ هاریکاریمان دەکات؟ فیرعەون وتی: چی خۆم بە چاکی دەبینم، هەر ئەوەتان پیشان دەدەم، هەر ئەو ڕێگەی کە من نیشانتانی دەدەم ڕاستەڕێیە. ﴿يَٰقَوۡمِ لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ واتە: خودا ئەم هەموو نازو نیعمەتەی پێ داون‌و زاڵی کردوون‌و قسەتان ڕەوایەو خاوەنی دەسەڵاتی مەزنن لە یادی مەکەن‌و شوکرانەبژێری خودا بن‌و بڕوا بهێنن بە پێغەمبەرەکەی‌و بترسن لە خودا کە تۆڵەتان لێ بسێنێت ئەگەر بڕوا بە پێغەمبەرەکەی نەکەن، ﴿فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا﴾ واتە: ئەو هەموو لەشکرە ناگاتە فریادمان لە تۆڵەی خودا ڕزگارمان ناکات ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ سزامان بدات. فیرعەون بەرپەرچی قسەکانی ئەو پیاوەڕەشیدو چاك وچاکەکارەی دایەوە، ئەو پیاوەی کەئەو شایەنتر بوو لە فیرعەون بۆ فەرمانڕەوایی. وتی: ﴿مَآ أُرِيكُمۡ

---

[1] الشورى (٢٣).

﴿إِلَّا مَآ أَرَىٰ﴾ واتە: ئەوەی كە من پێتان دەڵێم ، زۆر بە باشی دەزانم بۆ خۆم‌و ئێوەش، فیرعەون درۆی دەكرد چونكە ئەو زۆر چاك دەیزانی موسا ڕاست دەكات (سەلامی خوای لێ بێت) لەو پەیامەیدا كە هێناویەتی. ﴿قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ﴾[1] واتە :(موسا –سەلامی خوای لێ بێت–) فەرمووی سوێند بە خوا بێگومان تۆ دەزانی هیچ كەس ئەم موعجیزانەی نەناردووەتە خوارەوە بێجگە لە پەروەردگاری ئاسمانەكان‌و زەوی كە ڕوونكەرەوەن. خوای مەزن فەرمووی: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾[2] واتە: لەبەر ستەمكاری‌و خۆبەزلزانین (یان)دانیان نەئەنابە ئەو موعجیزانەدا لەكاتێكدا كە لە دڵی خۆیاندا ئەو (موعجیزانە)یان بە ڕاست دەزانی. وە دەفەرموێت: ﴿مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ﴾ واتە: چی خۆم بە چاكی دەزانم هەر ئەوەتان پێ دەڵێم. فیرعەون درۆی كرد كە وای وت‌و خەیانەتی لە خوداو پێغەمبەری خودا كردو خەیانەتی لەو كەسانەش كرد كە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەودا بوون، خێری ئەوانی نەویست. وە ئەم قسەیش كە خوای گەورە دەفەرموێت هەر هەمان قسەیە، ﴿وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ واتە: ئەم ڕێگەی كە من نیشانی ئێوەی دەدەم‌و ئێوەی بۆ بانگ دەكەم زۆر هەق‌و چاكەو ڕاستەڕێیە. وە دیسان فیرعەون لەوەشدا درۆی كردووە هەرچەندە گەلەكەیش شوێنی كەوتبوون‌و لە قسەی دەرنەدەچوون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱتَّبَعُوٓاْ أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾[3] واتە: بەڵام ئەوان شوێن فەرمانی فیرعەون كەوتن لە كاتێكدا فەرمانی فیرعەون ڕاست‌و ڕەوا نەبوو. وە دەفەرموێت: ﴿وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ﴾[4] واتە: فیرعەون گەلەكەی خۆی گومڕا كردو ڕێنموونی نەكردن. وە لە فەرموودەیەكی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە كە دەفەرموێت: (هیچ پێشەوایەك نیە كە دەمرێت، ئەو ڕۆژەی كە دەمرێت خەیانەتی لە ژێردەستەكانی كردبێت بۆنی بەهەشت بكات، كە بۆنی بەهەشت لە مەودای ڕۆیشتنی پێنج سەد ساڵ ڕێدا دەكرێت)[5].

---

[1] الاسراء (١٠٢).

[2] النمل (١٤).

[3] هود (٩٧).

[4] طه (٧٩).

[5] فتح الباري (١٣/١٣٦).

﴿وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴿٣٠﴾ مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ
مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ ﴿٣١﴾ وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ
ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدۡ جَآءَكُمۡ يُوسُفُ مِن قَبۡلُ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلۡتُمۡ فِي شَكّٖ
مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلۡتُمۡ لَن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِهِۦ رَسُولٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنۡ هُوَ
مُسۡرِفٞ مُّرۡتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡۖ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلۡبِ مُتَكَبِّرٖ جَبَّارٖ ﴿٣٥﴾﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ﴾ واتە: کابرای خاوەن باوەڕ وتی: کەسەکانم! من لەوە نیگەرانم ئەو بەڵایەی بەسەر خەڵکی تر هاتووە، بەسەرئێوەشدا بێت. لێرەدا خوای گەورە باسی ئەو پیاوچاکە خاوەن باوەڕە دەکات لە خزمەکانی فیرعەون کە هۆزەکەی ترساندووە لە تۆڵەو سزای خودا لە دونیاو قیامەتدا، پێی ووتن _وەك خوای مەزن دەفەرمووێت_ ﴿يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ﴾یانی: ئەو گەلانەی کە بروایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکرد چیان بەسەرهات خودا چۆن سزای دان وەك گەلی نوح و عادو سەمودو ئەوانەی دوای ئەوانیش لەو گەلانە کە چۆن خودا قڕی کردن، هیچ کەسێك نەیتوانی بڕوات بە هانایانەوەو بەرگریان لێ بکات، ﴿مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ﴾ وەك ڕووداوی هۆزی نوح و عادو سەمودو ئەوانەی پاش ئەوان هاتن، خودا نایەوێت ناهەقی لە عەبدەکانی بکات. واتە: خودا قڕی کردوون لەبەر ئەوەی بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی خودا نەدەهێناو خەریکی تاوان کردن بوون گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەرەکانیان نەبوون. پاشان دەڵێت: ﴿وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ﴾ کەسەکانم! لێتان نیگەرانم لەو ڕۆژەدا لێتان بقەومێ کە دەبێتە هاوارهاوار. واتە: (ڕۆژی قیامەت)، ﴿يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ﴾ ئەو ڕۆژەی کە هەمووتان بەرەو پاش دەگەڕێنەوەو هەر ڕا دەکەن، کەس ناتوانێت لە خودا ڕزگارتان بکات، هەر کەسێکیش خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێت، هیچ کەس نایخاتەوە سەر ڕێ. ﴿يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ﴾ واتە: دەڕۆن و ڕادەکەن ﴿كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمُسۡتَقَرُّ﴾[1] واتە: نەخێر هیچ پەناگەیەك نیە، لەو ڕۆژەدا ئارامگا

[1] القيامة (١١_١٢).

هەر لای پەروەردگاری تۆیە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ﴾ واتە: هیچ شتێك نابێتە ڕێگر لە تۆڵەو سزای خودا ڕزگارتان بكات، ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ واتە: هەر كەسێك خودا گومڕای كرد غەیری خودا هیچ كەسێك ناتوانێت ڕێی نیشان بدات. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ﴾

لەمەوپێشیش یوسف بە چەندین بەڵگەوە هاتە ناوتان، كەچی ئێوە لە بەڵگەكانی دوو دڵ بوون، باوەڕتان پێ نەهێنا. وەختێك كە مرد، وتتان: ئیتر پاش ئەو خودا هیچ پێغەمبەرێك نانێرێت، دەسا ئاوا هەر كەسێك دوو دڵی بكاتو لە ئەندازەی خۆی دەربچێت، خودا ڕێگەی لێ دەگۆڕێت. ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ واتە: ئەی خەڵكی میسر لە پێش موسا، خوای مەزن پێغەمبەرێكی بۆ ڕەوانەكردن كە یوسف بوو، كە عەزیزی خەڵكی میسر بوو بانگی دەكردن بۆ خواناسیو دادپەروەری، لەبەر ئەوەی بە گوێیان دەكرد خاوەنی دەسەڵاتو پلەوپایەی دنیایی بوو. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا﴾ واتە: دوو دڵو بێ هیوا بوون كە جارێكی تر پێغەمبەرتان بۆ بێت وتتان: ﴿لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا﴾ هەرگیز خواپێغەمبەرمان بۆ نانێرێ دوای ئەو واتە: ئەوەندە خوانەناسو بێباوەڕ بوون، ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ﴾ واتە: هەر كەسێك وەك ئێوە دوودڵی بكاتو لە ئەندازە دەربچێت ڕێگەی لێ دەگۆڕێتو گومڕا دەبێت. پاشان خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ﴾ واتە: ئەو كەسانەی كە بێ ئەوەی بەڵگەیەكیان بۆ هاتبێت، لەمەڕ نیشانەكانی خودا كێشە دەكەن، لە لای خوداو باوەڕداران كاری زۆر نابەجێ دەكەن. خودا دڵی هەر خۆبەزلزانێكی زۆردار ئاوەها مۆر دەكات. ﴿ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ﴾ واتە: ئەو كەسانەی كە بەرگری دەكەن لە هەق بە شتی پڕوپوچ بەبێ ئەوەی كە بەڵگەیەكیان بە دەستەوە بێو كێشە دەكەن. خوای مەزن زۆر لێیان تووڕەیە لەسەر ئەو كردارەیان، بۆیە فەرموویەتی: ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ واتە: خاوەن باوەڕانیش ئەو كەسانەیان خۆش ناوێ كە ئەوە ڕەوشتیانە چونكە ئەو كەسانەی سیفەتو ڕەوشتیان وایە خودا مۆر دەنێت بەسەر دڵیاندا، ئەو

کاتە نە دەزانێت چاکی چیەو خراپە چیە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلۡبِ مُتَكَبِّرٖ جَبَّارٖ﴾ واتە: خودا دڵی هەموو خۆبەزلزانێکی زۆردار کە شوێن هەق ناکەوێت ئا بەو شێوەیە مۆر دەکات.

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبۡنِ لِي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗاۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِۚ وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ ﴿٣٧﴾﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبۡنِ لِي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ﴾ واتە: فیرعەون وتی: ئەی هامان! بچۆ قەڵایەك ساز بکە، بەشکو بگەم بەو ئاسۆ دووردەستانە. خودای گەورە باسی فیرعەون دەکات، کە چەندە لاسارو سەرکەشو درۆهەڵبەست بووەو بڕوای بە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) نەدەکرد، بۆیە فەرمانی دا بە هامانی وەزیری کە شوێنێکی بەرزی بۆ دروست بکات، وەك کۆشکی زۆر بەرزو گەورە کە لە گەچ دروست دەکرێت (واتە خۆڵی سورەوەکراو) وەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا﴾[1] واتە: جا (بۆ زیاتر دڵنیابوون) ئەی هامان! کورەی ئاگر تاودەو خشتی سوورەوەکراوی لێ دروست بکە بۆم ئینجا (لەو خشتە) کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە. وە دەفەرمووێت: ﴿لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗاۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِۚ وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ﴾تابگەمە ئاسۆکانی ئاسمانەکان، بڕوانمە خوداکەی موسا، من دەڵێم ئەو درۆ دەکات، ئا بەم جۆرە فیرعەون کاری گەندەی خۆی بە جوان دەزانیو بوویە لەمپەری سەر ڕێگەی، هەر فێڵێکی فیرعەون بۆ خۆی دۆزیەوە بە فیڕۆچوو. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە. سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبو سالح دەڵێن: دەرگاکانی ئاسمان.[2] وترایشە: ڕێگاکانی ئاسمانەکان، ﴿فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗا﴾ ئەمەیش هەر لە بێدینیو یاخیبوونیەوەیە کە بڕوا بە موسا ناکات کە خودا ڕەوانەی کردووە بۆیان، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ واتە: بە هۆی ئەو کارەی کە

---

[1] القصص (٣٨).

[2] القرطبي (١٥/٣١٤).

دەیویست بیکات ژێردەستەکانی هەڵخەڵەتێنێت پێی، کە دەیەوێت شتێك دروست بکات بە هۆی ئەو شتەوە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بە درۆ بخاتەوە. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ﴾ ئیبنو عەباسو موجاهید دەڵێن : (الافی تباب)یانی(الافی خسار)واتە مەگین بە خەسار چوو هەموو فێڵەکانی فیرعەون.[1]

﴿وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٤٠﴾﴾

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ واتە: ئەو کەسەی خاوەن بڕوا بوو وتی: کەسەکانم! شوێنم بکەون، من ڕاستەڕێتان نیشان دەدەم. خاوەن باوەڕەکە بەو گەلە یاخیو سەربزێوو دنیاویستەی وت کە خودای مەزنو خاوەن دەسەڵاتیان لە یاد کرد، ﴿يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ واتە: من ڕێگەی ڕاست نیشانی ئێوە دەدەم. بە پێچەوانەی قسەکەی فیرعەون وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ پاشان پیاوە خواناسەکە داوایان لێ دەکات کە زۆر بە ژیانی دنیاوە خۆ خەریك نەکەن ڕێزی نەدەن بەسەر ڕۆژی دواییدا وایان لێ بێت ببنە لەمپەر لە ڕێی خوداو بڕوا بە موسا پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) نەکەن. پاشان دەڵێت: وەك خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ﴾ کەسەکانم ئەو ژیانی دنیایە هەر کەمێکەو دەبڕێتەوەو بەم زووانەدەپوکێتەوە، ﴿وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ﴾ واتە: ڕۆژی دوایی هەرگیز نابڕێتەوەو جێگۆڕکێی تیا ناکرێتو هیچ ئەملاولاکردنی تیا نیە ، یان خۆشیو خۆشگوزەرانیە یان دۆزەخو ئاگرە. بۆیە خوای مەزنی خاوەن دەسەلات دەفەرمووێت: ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ هەر کەسێك خراپە بکات، هەر بە ئەندازەی خراپەی سزا دەدرێت. هەر کەسیش ئاکاری چاك بن (چ نێر چ مێ)و باوەڕی بە خودا هەبێت، ئەوانە دەچنە بەهەشتو بێ ژمارە هەموو بژێویکیان هەیە. ﴿مَنْ عَمِلَ

[1] الطبري (٣٨٨/٢١).

سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا﴾ واتە: تەنها گوناهێكی بۆ دەنووسرێت. ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: تەنها پاداشت نادرێتەوە بەڵكو خودای مەزن پاداشتی زۆری دەداتەوە كە هەر لە ژمارە نایەت‌و تەواو نابێت.

﴿وَيَٰقَوْمِ مَا لِىٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدْعُونَنِى لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾﴾

كۆتایی قسەی پیاوچاكەكەو پاشەڕۆژی هەردوو دەستەكە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَيَٰقَوْمِ مَا لِىٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ واتە: كەسەكانم چیە من دەمەوێت ڕزگارتان بكەم، ئێوە دەتانەوێت من بچمە ئاگر. پیاوە خاوەن باوەڕەكە وتی: بە لامەوە سەیرە من بانگی ئێوە دەكەم بۆ ڕزگاری‌و سەرفرازی كە بریتیە لە خواناسی بە تەنهاو هاوەڵی بۆ دامەنێن‌و بڕواهێنان بەو پێغەمبەرەی كە ڕەوانەی كردووە بۆتان، ﴿وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ كەچی ئێوە دەتانەوێت بڕۆمە ناو ئاگر هەر بە نەزانی‌و بەبێ ئەوەی بەڵگەیەكتان بە دەستەوە بێت، ﴿تَدْعُونَنِى لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ﴾ دەتانەوێت لە خودا حاشا بكەم‌و شتی وا بپەرستم‌و بیانكەم بە شەریكی خودا، كە هیچ زانینم پێ نیە، كەچی من دەمەوێت ئێوە ڕوو بكەنە لای هەرە بە دەسەڵاتی گوناه بەخش. واتە: ئەو خودایەی كە لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵات‌و مەزنیەدا خۆش دەبێت لە گوناهی ئەو كەسانەی كە دەگەڕێنەوە بۆ لای ﴿لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ بێگومان ئێوە دەخوازن من شتێك بپەرستم كە لە دنیاو قیامەتدا هیچ كارێكی لە دەست نایەت. هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ لای خوداو ئەوانەی لە ئەندازەوە دەردەچن، هەر تووشی جەهەنەم دەبن. پیاوە خاوەن باوەڕەكە دەڵێت: بێگومان. سودی‌و ئیبنو جەریر دەڵێن: ﴿لَا جَرَمَ﴾یانی: لە ڕاستیدا. زەحاك دەڵێت:یانی: درۆ نیە. عەلی كوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنو

عەباسەوە ﴿لَا جَرَمَ﴾ واتە: بەڵێ ئەوەی کە ئێوە منی بۆ بانگ دەکەن لە بتو دارو بەردپەرستی، ﴿لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ موجاهد دەڵێت: ئەو بتانە هیچ شتێکیان لە دەست نایەت.[1] قەتادە دەڵێت: ئەو بتانە نە زیان دەدەن لە کەسو نە قازانجیش دەگەیەنن. سودی دەڵێت: نایەن بە مانای کەسەوە نە لە دنیاو نە لە قیامەتدا.[2] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ۝٥ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾[3] واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خودا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی‌و ئەو (هاوارلێکراو)انە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان، کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە (لە قیامەت) پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان‌و (پەرستراوەکان) بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن. ﴿إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ﴾[4] واتە: (بتەکان) ئەگەر نزاو هاواریان لێ بکەن هاوارەکەتان نابیستن‌و ئەگەر بیشی بیستن وەڵامتان نادەنەوە. وە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا لە ڕۆژی دواییدا هەر کەسەو پاداشتی کردەوەی خۆی وەردەگرێت. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ واتە: ئەوانەی لە ئەندازە دەردەچن لەناو ئاگردا هەر دەمێننەوەو لێی دەرناچن بە هۆی ئەو شەریك دانانەیان بۆ خودا. ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾جا ئەو دەمە ئائەم قسانەی منتان دێتەوە بیرو منیش کاری خۆم بە خودا دەسپێرم، خودا چاوی لە عەبدانی خۆی هەیە. واتە: بەم زووانە ڕاستی قسەکانی منتان بۆ دەردەکەوێت کە داوام لێ دەکردن تەنها خودا بپەرستن‌و دوورکەونەوە لەو شتانەی کە خودا پێی ناخۆشە، ئامۆژگاریم کردن‌و زۆر شتم بۆ ڕوون کردنەوە، دێتەوە بیرتان‌و پەشیمان دەبنەوە، کە پەشیمانی لەوێدا هیچ سوودێکی نیە. ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: خۆم بە خودا دەسپێرم هانا هەر بەو دەبەم دوورم لە ئێوەو هیچ پەیوەندیەکم پێتانەوە نیە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ واتە: خودا چاوی لە بەندەکانیەتی هەر کەسێك شایەنی ئەوە بێت ڕێی نیشان بدرێت خودا ڕێی نیشان دەداتو هەر کەسیش شایەنی ئەوە بێت

---

[1] الطبري (٣٩٢/٢١).

[2] الطبري (٣٩٢/٢١).

[3] الاحقاف (٥ـ٦).

[4] الفاطر (١٤).

گومڕا بکرێت، سەری لێ دەشێوێت. خوای گەورە لە هەموو شتێکدا زۆر کارزانە، هەرچی دەکات لە جێی خۆیدایەو فەرمانی ڕەوایە. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴾ خودا ئەو پیاوەی لە ئاکامی خراپی ئەو فێڵەی دەیانکرد ڕزگار کردو هەرچی سەر بە فیرعەون بوون سزای سەخت هات و گرتنیەوە. واتە: خودا پاراستی لەو هەموو فێڵەی کە دەیانکرد لەگەڵی لە دنیاو لە قیامەتدا. لە دنیادا لەگەڵ موسا خودا ڕزگاری کردن و لە قیامەتیشدا خستنیە بەهەشت.

سەلماندنی سزای ناو گۆڕ

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۚ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾ هەموو سپێدەو ئێواران دەیانبەنە سەر ئاگروکە ڕۆژی قیامەتیش ڕادەبێ (فەرمان دەدرێت): سا دەستەو بەستەی فیرعەون، زۆر بە توندی ئازار بدەن. ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ﴾ واتە: نوقم بوون لە ئازارو ژاندا پاشان ئەگوازرێنەوە بۆ ناو جەهەنەم. شوێنکەوتووانی فیرعەون بەیانیان و ئێواران گیانیان دەخرێتە سەر ئاگر هەتا ڕۆژی قیامەت. وەختێك ڕۆژی قیامەتیش هات گیان و لاشەیان یەك دەگرێتەوە لەناو ئاگردا بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾ واتە: ئازارێکی زۆر توندو زۆر گران، ئەم ئایەتە بەلگەیەکی گەورەو زۆر بەهێزە لە لای ئەهلی سونەو جەماعە کە دەیکەنە بەلگە لەسەر سزای ناو گۆڕ لە بەرزەخدا کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗا﴾ بەلام لێرەدا پرسیارێك دروست ئەبێت ئەویش ئەوەیە گومانی تێدا نیە کە ئەم ئایەتە لە مەککەدا هاتووە کە کردوویانە بە بەلگە لەسەر سزای ناو گۆڕ لە بەرزەخدا.ئەی ئەم حەدیسەچیەکە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە ژنێکی جوولەکە (یهودیە) خزمەتی دەکرد، عائیشە هەر کارێکی چاکەی لەگەڵدا بکردایە. ئافرەتە جوولەکەکە پێی دەوت: خودا لە سزای گۆڕ بتپارێزێت، عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لام وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ناو گۆڕ سزای هەیە پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نەخێر کێ وادەڵێت؟) وتی: ئەو ئافرەتە جوولەکەیە هەر چاکەیەکی لەگەڵدا ناکەم مەگین دەڵێت: خودا لە سزای گۆڕ بتپارێزێت. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (جوولەکە درۆیان کردوو لەوە داو ئەوان بە ناوی خوداوە درۆی زیاتریش دەکەن، غەیری ڕۆژی قیامەت سزا نیە). پاشان ماوەیەکی بەسەردا ڕۆیشت ئەوەندەی کە خودا مەیلی لی بێت، ڕۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە نیوەڕۆدا دەرچوو خۆی پێچابووەوە بە

لباسەکانی و چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو بە دەنگی بەرز بانگی دەکرد دەیفەرموو: (گۆڕ وەك پارچەیەك لە شەوێکی تاریك وایە ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیبا زۆر دەگریانو کەم پێدەکەنین، ئەی خەڵکینە هانا بەرن بۆ خودا لە سزای گۆڕ. چونکە سزای گۆڕ هەقەو هەیە).[1] ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی ڕاستە لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم، بەلام ئەوان نەیانهێناوە، ئەوتریٚ : باشە کەواتە چۆن ئەم فەرموودەیەو ئەم ئایەتە یەك بخەین کە لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە کە بووەتە بەڵگە لەسەر سزای گۆڕ؟ ئەمە وەلامەکەیەتی، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر سزادانی گیان (الروح) بە ئاگر لە بەیانیانو ئێواراندا لە بەرزەخدا، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە لاشەی لەگەڵدایە لە ئازاری ناو گۆڕدا. لەوانەیە ئەو ئازارە هەر پەیوەندی بە گیانەوە بێت (الروح)، بەلام سزای ناو گۆڕ بە لاشە لە بەرزەخدا هیچ بەڵگەیەك نیە لە قورئاندا لەسەری، لەو فەرموودانەی پێغەمبەردا نەبێت (ﷺ) کە لە دواوە باسی دەکەین. وتراویشە: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر سزای خوانەناس لە گۆڕداو لە بەرزەخدا، نابێتە بەڵگە لەسەر سزای خاوەن باوەڕ لە ناو گۆڕدا لەسەر گوناه. بەڵگە لەسەر سزای ناو گۆڕ ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووە لای عائیشە ئافرەتێکی جولەکە لە لای بوو وتی بە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئایا دەزانی کە ئێوە تاقی دەکرێنەوەو سزا دەدرێن لەناو گۆڕەکانتاندا. پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕاچڵەکی و فەرمووی: (بێگومان جولەکە تاقی دەکرێنەوە) عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: چەند شەوێکمان بەسەر تێپەڕی. پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هۆشیار بن بێگومان ئێوە ئەکەونە بەر تاقیکردنەوە لەنێو گۆڕەکانتاندا). عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوای ئەوە بەردەوام هانای دەبرد بۆ خودا لە تاو سزای گۆڕ.[2] موسلیمیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە.[3] هەندێکی تریش دەڵێن: کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر سزای گیان لە بەرزەخداو مەرج نیە ئەو سزایە تووشی لاشەکانیش ببێت لە گۆڕەکانیاندا. بەلام کاتێك کە نیگا (وەحی) هات بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەو بارەیەوە، پەنای دەبرد بۆ خودا لە سزای گۆڕ (والله أعلم). فەرموودە لە بارەی سزای گۆڕەوە ئێجگار زۆرە. قەتادە دەڵێت: ﴿غُدُوًّا وَعَشِيًّا﴾ واتە: بەیانیانو ئێواران هەتا دنیا بەردەوامەو دەمێنێت دەوترێت بە ئالی فیرعەون ئەمە شوێنتانە بۆ سوکایەتی پێکردنو خەفەت پێدانو زیاتر جەزرەبەدانیان.[4] ئیبنو زەید دەڵێت: ئەوانە ئەمڕۆ لەناو

---

[1] أحمد (٦/٨١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] أحمد (٦/٢٤٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] مسلم (١/٤١٠).

[4] الطبري (٢١/٣٩٦).

سزادان بە بەیانیان‌و ئێواران دەبرێنە سەر ئاگر هەتا ڕۆژی قیامەت دێت، ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ﴾ ئالی فیرعەون وەك وشتری بەرەڵا لەناو جەهەننەمدا لەدارو بەرد هەڵدەکەون وعەقڵیان بەوە ناشکێ خۆیانی لێ لابدەن! ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێك لە ئێوە مرد شوێنی خۆی نیشان دەدرێت لە کاتی بەیانی‌و ئێوارە، ئەگەر لە ئەهلی بەهەشت بووبێت، ئەوا ئەهلی بەهەشتە، وە ئەگەر لە ئەهلی جەهەنەمیش بووبێت، ئەوا لە ئەهلی جەهەنەم، پێی دەڵێن: ئەمە شوێنی تۆیە هەتا ڕۆژی قیامەت خودا زیندووت دەکاتەوە بۆ لای خۆی.[1] بوخاری‌و موسلیم لە هەردوو سەحیحەکەدا هێناویانە[2].

﴿ وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَٰٓؤُا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوٓا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوٓا إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَٰتِ قَالُوا بَلَىٰ قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَٰٓؤُا الْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾ ﴾

کێشەی خەڵکی ناو ئاگر

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَٰٓؤُا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوٓا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ﴾ واتە: کە ئەو کەسانە لەناو ئاگردا کێشە لەگەڵ یەکتر دەکەن. بێهێزەکان بە خاوەنهێزەکان دەڵێن: ئێمە شوێن ئێوە کەوتبووین ئاخۆ ئێوە پێتان دەکرێت لە جێی ئێمە لەو ئاگرە، بەشێك بۆ خۆتان هەڵگرن؟ خوای گەورە باسی کێشەی خەڵکی ناو ئاگرو مشتومڕییان دەکات. فیرعەون‌و هۆزەکەی یەکێکن لەوانە، بێهێزەکان کە شوێنکەوتووی بەهێزەکان بوون، دەڵێن پێیان: ﴿إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا﴾ واتە: ئێمە کوێرایەڵو شوێنکەوتووی ئێوە بووین‌و لە قسەی ئێوە دەرنەدەچووین بۆ هەر شتێك داواتان بکردایە لێمان لە خوانەناسی‌و خراپەکاریدنەمانکرد ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ﴾ واتە: هەندێ لەو

---

[1] أحمد (١١٣/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٢٨٦/٣)، مسلم (٢١٩٩/٤).

ئاگرە لە باتی ئێمە هەڵگرن و لە کۆڵی ئێمەی بکەنەوە. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ ٱلْعِبَادِ﴾ بەهێزە لەخۆباییەکان دەڵێن: هەموو لە ئاگرداین. خودا بە کاری عەبدانی ڕادەکات. ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ﴾ واتە: سزا لە نێوانماندا دابەش کراوە هەر کەسەو بە پێی تاوانی خۆی سزا دەدرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾[1] واتە: بۆ هەر کامتان (سزا) دوو بەرامبەرە بەڵام ئێوە نازانن و بێئاگان. وە دەفـــــەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ﴾ واتە: ئەو کەسانەش کە چوونە ناو ئاگرەوە، لە گزیرەکانی ناو ئاگر داوا دەکەن، لەبەر پەروەردگاری خۆتان بۆمان بپاڕێنەوە، ڕۆژێکمان لەو ئازارە بۆ کەم بکاتەوە. واتە کاتێك بۆیان دەرکەوت کە وەڵام نادرێنەوەو کەس گوێ بۆ قسەیان ناگرێت، بەڵکو خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ﴾[2] واتە: بەبێ نرخی و ڕیسوایی بمێننەوە لە دۆزەخداو هیچ قسەیەکم لەگەڵدا مەکەن. واتە: قسە نەکەن و فزەتان لێوە نەیەت. پاشان دەڵێن بە پاسەوانەکانی جەهەنەم کە داوایان بۆ بکەن لە لای خودا کە هەندێ ئازاریان لەسەر کەم بکاتەوە. پاسەوانەکانی جەهەنەمیش وەڵامیان دەدەنەوە دەڵێن: ﴿قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۚ قَالُوا۟ فَٱدْعُوا۟ ۗ وَمَا دُعَٰٓؤُا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ﴾ واتە: دەڵێن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرانتان بە نیشانەی ئاشکراوە نەهاتە لا؟ دەڵێن: بەڵێ. دەڵێن: دەی خۆتان بپاڕێنەوە دیارە نزای خوانەناسان بەشی هەر بەفیڕۆچوونە. ﴿قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ واتە: ئایا نیشانەو بەڵگەی ئاشکراتان لە لایەن پێغەمبەرەکانەوە بۆ نەهات لە دنیادا، ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ ۚ قَالُوا۟ فَٱدْعُوا۟﴾ واتە: خۆتان بۆ خۆتان بپاڕێنەوە، ئێمە کارمان بەسەرتانەوە نیەو گوێشتان بۆ ناگرین، هیچ دەسەڵاتێکمان نیە ناتوانین ڕزگارتان بکەین، ئەوسا پێتان دەڵێین: هاوار بکەن یان هاوار نەکەن وەڵام نادرێنەوەو ئازاریشتان لەسەر سووك ناکرێت، ﴿وَمَا دُعَٰٓؤُا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ﴾ واتە: هەرچی بڵێن سودی نیەو بەفیڕۆ دەچێت لێتان وەرناگیرێت و وەڵام نادرێنەوە.

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] المؤمنون (١٠٨).

﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ
مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْهُدَىٰ وَأَوْرَثْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
ٱلْكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدًى وَذِكْرَىٰ لِأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٥٤﴾ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ
وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ
أَتَىٰهُمْ إِن فِي صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلْبَصِيرُ ﴿٥٦﴾﴾

یاریدەدانی پێغەمبەران و (سەلامی خوایان لێ بێت) خاوەن باوەڕان

خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ﴾ بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەو کەسانەی کەوا بڕوایان هێناوە لە ژیانی ئەم دنیایەداو لەو ڕۆژەشدا کە شایەتەکان ڕاست دەبنەوە،سەریان دەخەین. ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ سودی دەڵێت: خوای مەزن هەرگیز پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە بۆ ناو گەلێك کاتێك کە شەڕیان لەگەڵ کردووە یان کوشتوویانە یان گەلێکی خاوەن باوەڕ بانگی خەڵکی کردبێت شەڕیان لەگەڵدا کرابێت و کوژرابن ئەو چەرخە کۆتایی نەهاتووەو تەواو نەبووە هەتا خوای خاوەن دەسەڵات کۆمەڵێکی ناردووە یارمەتی داون و داوای خوێنی ئەو کەسانەیان کردووە لەوانەی کە کوشتونیان هەر لە دنیاداخوای هەقی بۆ کردوونەتەوە، سودی دەڵێت: ئەو پێغەمبەرو خاوەن باوەڕانەی کە شەڕیان لەگەڵدا کراوەو کوژران هەر لە دنیادا یارمەتی دراون.[1] وە هەر بەو شێوەیەش خوای مەزن یاریدەی پێغەمبەرەکەی موحەممەدو(ﷺ) هاوەڵەکانی داوە بەسەر ئەوانەی کە دژایەتیان کردووەو بڕوایان نەهێناوەو شەڕیان لەگەڵدا کردووە. خوای گەورە قسەی خۆی بەرزو بڵند ڕاگرتووەو سەری خستووە بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا. وە فەرمانی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە کۆچ بکات لە نێوان هۆزەکەیداو بچێت بۆ (مەدینە) واتە شاری پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێدا یارمەتیدەرو پشتیوانی بۆ پەیدا کرد، پاشان زاڵی کرد بەسەر خوانەناساندا لە ڕۆژی (بەدر)داو سەری خست بەسەریانداو سەرشۆڕی کردن و پیاوە ستەمکارو ملهوڕەکانی کوشتن و پیاوە ناودارەکانی بە دیل گرتن و بە دەست و پێ بەستراوی بردنی، پاشان منەتی کرد بەسەیاندا فیدیەی لێ وەرگرتن و ئازادی کردن، پاش ماوەیەکی کەم مەککەیشی بۆ ڕزگار کرا، چاوی ڕووناك بووەوە بە شارەکەی خۆی. کە ئەو شارە مەزن و ڕێزلێگیراوو پارێزراوەیە کە

[1] الطبري (٢١/٤٠١).

خودا ڕزگاری کرد بە هۆی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەو شیرکو بێدینیە کە تێیدا دەکرا. وڵاتی یەمەنی خستە ژێر دەستیو هەموو خەڵکی دورگەی عەرەبی خۆیان دا بە دەستەوەو پۆل پۆل دەچوونە ناو ئایینی ئیسلام. پاشان خوای گەورە بردیەوە بۆ لای خۆی، بەو هەموو ڕێزو حورمەتەوە کە لە لای خودا هەیبوو. پاشان خوای گەورە هاوەڵەکانی داناو کردنیە خەلیفەو جێنشینی دوای پێغەمبەر(ﷺ) لە باتی پێغەمبەر(ﷺ) دەستیان کرد بە گەیاندنی ئایینی خوداو بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ لای خودا. زۆر وڵاتو ناوچەو شارو دێهاتو دڵانی ڕزگار کرد هەتا وای لێهات ئەم بانگی خودایە کە موحەممەد (ﷺ) هێنای بە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا بڵاوەی کرد، ئەوەتا ئەم ئاینە تائێستاش هەر بە بەردەوامی ماوەتەوەو سەرکەوتوو بەردەوامیش دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ﴾ یانی:لە ڕۆژی قیامەتیشدا. سەرکەوتنەکە زیاترو گەورەترە. موجاهید دەڵێت ﴿ٱلۡأَشۡهَٰدُ﴾ واتە: فریشتەکان.[1] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾ ئەو ڕۆژەی کە ناهەقان پاکانەکان یان سوودێکیان پێ ناگەیەنێتو گشتیان بە لەعنەت کراونو نالەبارترینماڵیان هەیە. ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡ﴾ بەدەلە لەم ئایەتەی کە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ﴾[2]، هەندێ خوێندوویانەتەوە (یومُ) بە ڕەفعە وەك ئەوەی ماناکەی بەو سیفەتە تەفسیر کردبێت، ﴿وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ۝٥١ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ واتە: موشریکەکان ﴿مَعۡذِرَتُهُمۡ﴾ واتە: پاکانەو فیدیەیان لێ وەرناگیرێت، ﴿وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾ واتە: لەعنەتیان لێ کراوەو دەرکراونو دوورخراونەتەوە لە بەزەیی خودا. شوێنیان ناو ئاگرە، سودی ئەمەدەڵێت،ئای چەندە شوێنو جێگایەکی خراپە!

خوای مەزن ئاماژە بۆ سەرکەوتنی پێغەمبەرو موسڵمانان دمکات بەوەی کە چۆن موساو ئەوەی ئیسرائیلی سەرکەوتوو کرد هەر بەو شێوەیە ئەوانیش سەرکەوتوو دمکات

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ واتە: ئێمە هۆی ڕێنموونیمان دا بە موساو کارێکمان کرد کتێبەکە (بە کەلەپور) لەناو تۆرمەی ئیسرائیلدا بمێنێتەوە. ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ﴾ واتە: ئەوەی ئێمە ڕەوانەمان کرد بۆ موسا لە ڕێنمایی‌و

---

[1] الطبري (٢١/٤٠٢).

[2] یانی ئەوڕۆژەی کەفریشتەکان شایەتی ئەدەن لەسەرخەڵکی،پاکانەکردنی زاڵمەکان هیچ سودێکی نابێ بۆیان(وەرگێر).

ڕووناکی ﴿وَأَوْرَثْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ یانی: دواڕۆژێکی خۆش‌و کەلەپورێکی چاکمان دانیّ، لە وڵات‌و سامان‌و هەموو دەسهاتێك کە فیرعەون لە وڵاتدا بە دەستی هێنابوو. بە هۆی خۆڕاگری‌و گوێڕایەڵیان بۆ خوداو شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی موسا (سەلامی خوای لیّ بێت) پێڕەویکردن لەو کتێبەی بۆی هاتبوو کە تەوراتە، ﴿هُدًى وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ کە ڕێگەنیشاندەرو بیرەوەریە بۆ کەسانی خاوەن ئاوەز.(اولوالاباب) یانی: خاوەن ئاوەزی ڕاست‌و ساغ، ﴿فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ﴾ خۆڕاگر بە، بەڵێنی خودا دێتەجیّ، بۆ گوناهت داوای لێبوردن بکەو هەموو بەیانی‌و ئێواران (بە شوکرەوە) هەر پەسەندیدەی پاکی پەروەرندەی خۆت بە. ﴿فَٱصْبِرْ﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) خۆڕاگر بە، ﴿إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ واتە: بەڵێنمان پێدای کە قسەی تۆ بەم زووانە بەرز دەکەینەوەو پاشەڕۆژ هەر بۆ تۆو شوێنکەوتووانتە، خوا بەڵێنی خۆی بەجیّ دێنێت‌و ئەو هەواڵەش کە پێمان گەیاندووی ڕاستەو هیچ گومانی تێدا نیە، ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ﴾ داوای لێبوردن بکە لە گوناهەکانت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئوممەتەکەی بە پەلەو بیّ وەستان داوای لێبوردنی گوناهیان بکەن لەخودای گەورەو دلۆڤان. ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِىِّ﴾ واتە: لە کۆتایی ڕۆژو هەوەڵی شەودا هەر باسی پاکی‌و بیّ عەیبی خودا بکە، ﴿وَٱلْإِبْكَٰرِ﴾ واتە: لە هەوەڵی ڕۆژو کۆتایی شەویشدا هەر پەسەنی پەروەردگاری خۆت بدە. پاشان خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۙ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ ۚ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ ئەو کەسانەی لە مەڕ نیشانەکانی خوادا کێشە دەکەن بەبیّ ئەوەی هیچ بەڵگەیان بۆ هاتبێت جگە لە فیزکردن، هیچ شتێکیان لە دڵدا نیەو هەرگیز بەو ئارەزووە ناگەن. سا تۆ: پەنا بە خوا ببە، هەر خۆی بیسەرو بینایە. واتە: ئەوانەی کە پاڵ بە حەقەوە دەنێن بە شتی پڕوپوچ‌و دژی نیشانەکانی خودا دەوەستن بە بەڵگەی خراپ‌و ناپەسەند بەبیّ ئەوەی هیچ شتێکیان بە دەستەوە بێت لە لایەن خوداوە، ﴿إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ﴾ یانی: هەر فیزو خۆبەزلزانینە وای لیّ کردوون کە شوێنی هەق نەکەون‌و ئەو کەسەی کە بۆیان ڕەوانە کراوە بەو پەیامەوە کە بۆی هێناون بە سوك سەیری بکەن‌و ئەوەی کە نیازیانەو وا لە دڵیاندا نایەتەدی بۆیان هەق لەناو ناچێت‌و پڕوپوچیش هەرگیز سەرناکەوێت هەموو کاتێك کە ئا بەو شێوەیە بیردەکەنەوە، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ واتە: خودا بیسەرو

بینایە بۆ تاوانی ئەو کەسانەی کە دەمەدەمێ دەکەن دەربارەی نیشانەکانی خودا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێت.

﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

ژیانی پاش مردن

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ واتە: داهێنانی ئەم ئاسمانو زەمینە، لە وەدیهێنانی مەردم گرنگترە، بەڵام مەردم زۆربەیان ئەمە نازانن. خوای مەزن مەردم ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم خەڵکە زیندوونەکاتەوە جارێکی تر لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمە لە لای خودا زۆر سوکو ئاسانە، چونکە ئەو خودایە ئاسمانەکانو زەمینی وەدیهێناوە کە دروستکردنی ئەوان زۆر گرنگترە لە دروستکردنی مەردم لە هەوەڵەوەو لە دوایشدا، خودایەك کە توانای دروست کردنی ئاسمانەکانو زەمینی هەبێت بە تواناترە بۆ شتەکانی تر. وەك خۆی فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰٓ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾[1] واتە: ئایا ئەوانە نەیانزانیووە بە ڕاستی ئەو خوایەی ئاسمانەکانو زەوی دروست کردووەو لە دروست کردنیاندا ناتەوانو دەستەپاچە نەبووە بە توانایە مردوانیش زیندوو بکاتەوە، بەڵێ بێگومان خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە. وە لێرەشدا دەفەرمووێت: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ هەر لەبەر ئەوەیە کە بیر ناکەنەوە لەو نیشانانەو تێرانامێنن وەك چۆن زۆرێك لە عەرەبەکان دانیان پێدا ناوە کە خودا داهێنەری ئاسمانەکانو زەمینە کەچی بڕوایان بە زیندووبوونەوە نەبووەو بە دووریان زانیووە بە هۆی لاساریو بێ دینیانەوە. پاشان خوای مەزن ئەفەرموێ: ﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴾ کوێرو چاوساغ وەك یەك نین، ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕو ئاکار چاکن، لەگەڵ خراپەکاراندا نابن بە یەك، زۆر کەم بیر دەکەنەوە. واتە: وەك چۆن کوێرێك کە هیچ نابینێتو چاوساغێك کە چاوی بڕ

[1] الاحقاف (٣٣).

بکات وببینێت وەك یەك نین، بەڵکو جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، هەر بەو شێوەیەش خاوەن باوەڕی ئاکار چاك لەگەڵ خوانەناسی لە ئەندازە دەرچوویش وەك یەك نین، ﴿قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ﴾ یانی: دەسا بۆچی ئەو خەڵکە کەمێك بیر ناکەنەوە، پاشان خوای مەزن ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَـَٔاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ هاتنی ڕۆژی قیامەت هیچ گومانی تێدا نیە، بەلام زۆرینەی ئەم خەڵکە بڕوا ناکەن. ﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَـَٔاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا﴾ واتە: ڕۆژی قیامەت هەر دێتو هیچ گومانی تێدا نیە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: بەلام زۆربەی ئەم مەردمە بە ڕاستی نازانن‌و بڕوای پێ ناکەن‌و نکولی لێ دەکەن.

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾﴾

فەرماندان بە پاڕانەوە

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ واتە: پەروەردگارتان وتوویەتی: لە بەرم بپاڕێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم، ئەو کەسانەی (هەر لەبەر خۆبەزلزانین) نایانەوێت بمپەرستن، بە زەبوونی دەچنە ناو جەهەنەمەوە. ئەمە لە ڕێزو کەرەمی خوای مەزنەوەیە کە فەرمان دەکات بە بەندەکانی کە لێی بپاڕێنەوە، بەڵێنیشی پێداون کە وەلامیان بداتەوە وەك سوفیانی سەوری دەڵێت: ئەی ئەو کەسەی کە زۆر پێی خۆشە عەبدەکانی زۆر داوای لێ بکەن‌و لێی بپاڕێنەوە، وە ئەی ئەو کەسەی کە زۆر توورەی لەو عەبدانەی کە داوای لێ ناکەن‌و لێی ناپاڕێنەوە.کەس ئەمەی لێ ناوەشێتەوە غەیری تۆ ئەی پەروەردگار!، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. وە هەر لەم واتایەدا ئەم شاعیرە دەڵێت:

الله يغضبُ إن تركت سُؤالَهُ   وبُنيُ آدم حين يُسال يَغضَبُ

واتە: خودا توورە دەبێت ئەگەر داوای لێ نەکەی، کەچی نەوەی ئادەم کاتێك پرسیاری لێ دەکرێت توورە دەبێت! قەتادە دەڵێت: کەعبی ئەحبار دەڵێت: سێ شت دەبەخشرێت بەئەم ئوممەتە کە نەدراوە بە هیچ گەل‌و پێغەمبەرێك لە پێشتردا: کاتێك کە پێغەمبەرێك ڕەوانە بکرایە پێی دەوترا تۆ شایەتی لەسەر ئوممەتەکەت.کەچی خوا ئێوەی کردووە بە شایەت بەسەرهەموو خەڵکیەوە! وەبەو پێغەمبەرەی ئەوت: هیچ گرانیەکت لەسەردانانرێ لە ئاینەکەتدا، کەچی خوا بە ئەم ئوممەتە

ئەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ﴾[1] واتە: وە لە ئاییندا هیچ کارێکی قورس و گرانی لەسەر دانەناون. وە وتراوە بەو پێغەمبەرە بپاڕێرەوە هەتا وەڵامت بدەمەوە. کەچی بەم ئومەتە وتراوە: ﴿ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ﴾ ! ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە.[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان پاڕانەوە خواناسیو عیبادەتە) پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾.[3] هەر بەم شێوەیە زانایانی فەرموودە وەك تیرمیزیو نەسائیو ئیبنو ماجەو ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو جەریر ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە (حسن صحيح).[4] وە دیسان ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائیو ئیبنو جەریرئەم حەدیسەیان ڕیوایەت کردووە لە ڕێگایەکی ترەوە.[5] خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي﴾ واتە: ئەوانەی خۆ بە زل دەگرن لە پاڕانەوەو ناسینی من بە تەنها، ﴿سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ واتە: بەم زووانە دەخرێنە ناو جەهەنەم بەسەرشۆڕیو زەبوونی وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە ئەویش لە بابیەوەوئەویش لە باپیریەوەوئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمووی: (خۆ بەزل زانان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆدەکرێنەوە وەك مێروو لەو لە شکلی مەردمدا، هەموو شتێك دەکەوێتە سەریانەوە ئەمان لەخوار هەموو شتێکەوەن بەهۆی ڕیسواییانەوە تا دەچنە ناو بەنداخانەیەك لە جەهەنەمدا پێی دەوترێت (بولس) بڵێسەی ئاگر بەسەریاندا بەرز دەبێتەوە، ئاویان دەدرێتێ لە قوڕاوی پیس کە کێمو زوخی (تواوەی لەش)ی خەڵکی ناو ئاگرە)[6].

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ

---

[1] الحج (٧٨).

[2] القرطبي (٣٢٧/١٥).

[3] أحمد (٢٦١/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] تحفة الأحوذي (٣٠٨/٨)، النسائي في الكبرى (٤٠٥/٦)، ابن ماجه (١٢٥٨/٢)، الطبري (٤٠٦/٢١-٤٠٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] أبو داود (١٦١/٢)، تحفة الأحوذي (١٢١/٩)، النسائي في الكبرى (٤٥٠/٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[6] أحمد (١٧٩/٢)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی حەسەنە.

(٦٢) كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ (٦٣) ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا
وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ فَتَبَارَكَ
ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ (٦٤) هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ
ٱلْعَـٰلَمِينَ (٦٥)﴾

نیشانگکانی خودا لەسەر توانا و تاك و تەنهایی خۆی

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ هەر خودایە شەوی بۆ ئێوە پەیداکردووە کە تێیدا بحەسێنەوەو ڕۆژیشی بۆ دیتن داناوە، خودا چاکەی دەربارەی مەردم کردووە کە شەوی بۆ ڕام کردوون کە تێیدا ئارام بگرن و بحەسێنەوە لەسەر ئەو هاتوچۆو ماندووبوونەیان کە بە ڕۆژدا تووشی دەبن بە هۆی پەیداکردنی بژێویەوە، وە ڕۆژیشی بۆ ڕووناك کردوونەتەوە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێن بە وڵاتاندا هەتا پێویستی خۆیان بە دەست بێنن و فێری جۆرەها پیشەسازی ببن و بەکاری بێنن بۆ پێویستی خۆیان، ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ ئەو خودایە ئێوەی پەروەردە کردووەو وەدیهێنی هەموو شتە لە غەیری ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێت، دەی چۆن لە هەق لادەدرێن؟ واتە: ئەو خودایەی ئەو هەموو شتەی کردووە، خودایەکی تاك و تەنهایە، وە هەر خۆی وەدیهێنەری هەموو ئەو شتانەیە غەیری ئەو هیچ خودایەك نیە، ﴿فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ واتە: کەوایە چۆن ئێوە بت دەپەرستن کە توانای هیچ شتێکی نیە، بەڵکو ئەو بتە خۆی تاشراوەو دروست کراوە. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾ هەر بەو تەرزە ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی خودا حاشا دەکەن، لەوەی ڕاستە کلا دەکرێن، واتە: وەك چۆن ئەمانە لە ڕێ لادەدەن و گومڕا بوون و غەیری خودا دەپەرستن هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش غەیری خودایان پەرستووە بەبێ هیچ بەڵگەیەك بەڵکو هەر بە ئارەزوو نەفامی خۆیان پەرستوویانن، ئینکاری و دژایەتی نیشانەکانی خودایان کردووە، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ ئەو خودایە سەر زەمینی بۆ ئێوە کردە نیشتەجێ، ئاسمانیشی لەسەر بەرز کردوونەتەوە. ئەو بیچمەی بە

ئێوەی داوە، لە هەموو بیچمێك جوانترە. بژێوی باشی پێداون، هەر ئەوە خوای پەروەردگارتان. بەرزیو پیرۆزی بۆ خودا، کە پەروەردگاری دنیایە. ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا﴾ واتە: ئەو خودای کە سەر زەمینی کردووە بە شوێنی نیشتەجێتانو پانو بەرینی کردووە بۆ ئەوەی لەسەری بژینو بچنو بێنو بگەڕێن بە ناویداو کێوەکانی بۆ داکوتاون لەناو زەمیندا هەتا نەڕواتو بوەستێت، ﴿وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً﴾ واتە: ئاسمانیشی بەرزکردووەتەوەو پارێزراوە بەسەرتانەوە، ﴿وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ﴾ واتە: خودا بە جوانترینو ڕێکترین شێوە ئێوەی وەدی هێناوەو جیای کردوونەتەوە لە هەموو دروستکراوەکانی تر لە وێنەو بەژنو بالادا، ﴿وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ واتە: بژێوی چاکیشی پێداون لە خواردنو خواردنەوە لە دنیادا، خوای مەزن باسی کردووە کە خۆی مرۆڤەکانی نیشتەجێ کردووەو بژێوی پێ داون، کەواتە هەر خۆی وەدیهێنەرو بژێوی دەرە وەك لە سورەتی (البقرة)دا فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾[1] واتە: ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست کردووە بەڵکو بەو پەرستشە خۆتان بپارێزن، ئەو (خوایەی) کە زەوی بۆ ڕاخستوونو ئاسمانی بۆ کردوون بە کۆشك (ئاسمانی بۆ گێڕاون بە گومەزی)و ئاوی (بارانی) لە ئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە ئینجا بەو ئاوە هەموو جۆرە میوەو بەرێکی بۆ ڕۆزی ئێوەدەری هێناوە کەواتە هاوتا بۆ خودا پەیدا مەکەن کە ئێوە خۆتان دەزانن (بێ هاوتایە). وە لێرەشدا پاش دروست کردنی ئەم شتانە فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: پاکیو بێ عەیبیو بەرزیو پیرۆزی بۆ خودا، کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، پاشان خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ هەر زیندووەو لە غەیری ئەو هیچ پەرستراوێکی تر نیە. دەسا ئێوە بە دڵپاکی هەر هانا بۆ خودا بەرنو دینی پاکژتان بۆ ئەو بێت، سوپاس بۆ خودای ڕاهێنەری هەموو جیهان. ﴿هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: هەر ئەو زیندووە لە ئەوەڵو لە دوایدا لە ئێستاشداو بەردەوامیشە هەتاهەتایە. لەبەر چاوەو نادیارەو لە هەموو شت ئاگادارە. ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: لە وێنەی نیەو هیچ کەسیش لە ئەو ناکات،

---

[1] البقرة (٢١_٢٢).

﴿فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ﴾ واتە: خاوەن باوەڕان بە دڵپاکی دانی پێدا دەنێن کە هیچ خودایەك نیە غەیری ئەوو سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەرینی هەموو جیهان. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لە دوای هەموو نوێژێك کە سەلامی دەدایەوە دەیوت: (لا إله إلاّ الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، لا حول ولا قوة إلاّ بالله، لا إله إلاّ الله، ولا نعبد إلا إياه له النعمة وله الفضل وله الثناء الحسن، لا إله إلاّ الله مخلصين له الدين ولو كره الكافرون). دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوای هەموو نوێژێك بە دەنگی بەرز ئەمانەی دەفەرموون.[1] موسلیم‌و ئەبو داودو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە[2].

﴿قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ ٱلۡبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرۡتُ أَنۡ أُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦٦ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ يُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡ ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخٗاۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبۡلُۖ وَلِتَبۡلُغُوٓاْ أَجَلٗا مُّسَمّٗى وَلَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٦٧ هُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٦٨﴾

نەهی کردن لە هاوەڵ دانان بۆ خوداو فەرماندان بە یەکخواپەرستی و بەڵگەهێنانەوە لەسەری

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ ٱلۡبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرۡتُ أَنۡ أُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بڵێ: من پاش ئەو بەڵگانەی لە لایەن پەروەردگارمەوە بۆم هاتووە، ڕێم نەدراوە ئەو شتانە بپەرستم کە (خوا نین‌و) ئێوە هانایان پێ دەبەن، هەر فەرمانم پێدراوە خۆم بسپێرم بە ڕاهێنەری گشت جیهان. خودای مەزن دەفەرموێت ئەی موحەممەد (ﷺ)! بڵێ بەو کەسانەی کە شەریك بۆ خودا دادەنێن، خودای گەورە ڕێی نەداوە کەسێکی تر بپەرستێت غەیری ئەو. لە بت‌و دارو بەردو مرۆڤ. وە ڕوون‌و ئاشکرایە کە هیچ کەس شایەنی پەرستن نیە، ئەو خودا خاوەن دەسەڵات‌و مەزنە نەبێت. وە دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ يُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡ ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخٗاۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبۡلُۖ وَلِتَبۡلُغُوٓاْ أَجَلٗا مُّسَمّٗى وَلَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ هەر ئەوە ئێوەی دروست کرد لە قوڕێك‌و پاشان لە تنۆکێك‌و پاشان لە خوێنێکی بەستوو پاشان دەتانهێنێتەدەر بە ساوایی‌و پاشان بە خۆدا دێن هەتادەبن بە لاوێکی بەهێزو پاشان بە پیری دەگەن‌و هێندێکیشتان بەر لەوە پیر ببن دەمرن. هەتا دەگەن بە ئەو کاتەی بۆتان

---

[1] أحمد (٤/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٤١٥/١/٤١٦)، ابو داود (١٧٣/٢/١٧٤)، النسائي (٦٩/٧٠).

دیاری کراوە، شایەت (لە خۆتـان) ڕامێـنن. واتـە: هـەر ئـەو خودایـە کـە بـەم هـەموو پلـەو قۆناغانـەدا دەتانبات‌و تێتان دەپەڕێنێت کە شەریکی نیەو هەر بە فـەرمان‌و بڕیارو بەرنامـەی ئـەو هـەموو شتێك دەبێت، ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ﴾ واتە: هەندێکتان پـێش ئـەوەی لـە دایك ببێـت‌و بێتـە سـەر ئـەم دنیایە دەمرێت‌و لە باری دایکی دەچێت، وە هەنـدێکیش بـە منـداڵی‌و بـە لاوی دەبێتـە پیـاوێکی تـەواو دەمرێت‌و هەندێکیش بـە پـیری دەمرێـت وەك خـوای باڵادەست دەفـەرمووێت: ﴿لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ۚ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾[1] واتـە: بـۆ ئـەوەی ڕوونـی بکەینـەوە بـۆ ئێـوەو لـە منداڵانـدا دەیهێڵینەوە (ڕایدەگرین) ئەو (بێچو)ەی بمانەوێت (لەبارنەچێت) تا کـاتێکی دیـاریکراو. خـوای گـەورە لێـرەدا دەفـەرمووێت: ﴿وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ ئیبنـو جـورەیج دەڵێـت: بەشـکو قیامـەتتان وەبیربێتـەوە! پاشـان خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ ۖ فَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾ هەر خۆیەتی ژین دەدات‌و دەشمرێنێت. هەر کارێکی بوێت، هـەر پێـی بڵـێ: ببە دەبێت، ﴿هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ واتە: هەر ئەوە دەژێنێت‌و دەمرێنێت کەسی تر توانـای ئـەوەی نیـە تـەنها خـودا نـەبێت، ﴿فَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾ واتـە: هـەر فـەرمانێك بدا کـەس ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت بەڵکو مەیلی لە هەر شتێك بێت مەگین دەبێت.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٧٠﴾ إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُو مِن قَبْلُ شَيْئًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ ﴿٧٤﴾ ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٦﴾﴾

پاشەڕۆژی ئەو خوانەناسانەی چەنەبازی دەکەن

خوای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ﴾ ئـاخۆ ئەوانـەت نـەدیوە کـە لـە نیـشانەکانی خـودا دەمـەدەمێ دەکـەن، چـۆن ڕێ لـە خـۆ دەگـۆڕن؟ خـوای گـەورە دەفـەرموێت بـە پێغەمبـەر(ﷺ) ئـاخۆ ئـەی موحەممـەد تـۆ بـە لاتـەوە سـەیر نیـە ئـەو کەسانەی کە خوانەناسن دەمەدەمێ دەکەن دەربارەی نیشانەکانی خودا، دەیانەوێت بە قسەی پڕوپـوچ بـەرەنگاری

[1] الحج (٥).

حەق ببنەوە، چەندە سەرلێ شێواون و ڕێ لێتێکچوون و لە ڕێی ڕاست ترازاون، ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِٱلْكِتَـٰبِ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ ئەو کەسانەی کە هەر بڕوایان نەهێنا بەم قورئانەو بەو شتانەی پێغەمبەرانمان بۆ ناردوون، زۆر ناخایەنێت تێدەگەن. ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِٱلْكِتَـٰبِ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ﴾ واتە: ئەوانەی بڕوایان بە قورئان نەهێناو بەو ئامۆژگاری و ڕێ نیشاندان و ڕوونکردنەوانەی کە بە پێغەمبەرەکاندا بۆمان ناردن، ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ بەم زووانە تێدەگەن. ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو بەڵێنێکی جەخت لەسەر کراوە لە لایەن خودای خاوەن دەسەڵاتەوە بۆ ئەوانە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾[1] واتە: وای بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ إِذِ ٱلْأَغْلَـٰلُ فِىٓ أَعْنَـٰقِهِمْ وَٱلسَّلَـٰسِلُ يُسْحَبُونَ ﴾ ئەوساکە هەر یەك چەند تەوقی لە ملدایەو بە زنجیر ڕایاندەکێشن. واتە: وان بە دەستی(زەبانیە)کانی جەهەنەمەوە ڕایاندەکێشن بە ڕوودا و جارێك لە ئاوەکوڵیان هەڵدەکێشن و پاشان لەناو جەهەنەمدا دەیانسوتێنن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ فِى ٱلْحَمِيمِ ثُمَّ فِى ٱلنَّارِ يُسْجَرُونَ ﴾ بۆ ناو ئاوێکی زۆر گەرم و لە دوای ئەوە لەناو ئاگردا گڕدەدرێن. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَـٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى يُكَذِّبُ بِهَا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٤٣﴾ يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ ءَانٍ﴾[2] واتە: ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە تاوانباران بە درۆیان دەزانی، هاتوچۆ دەکەن لە نێوان ئەو (دۆزەخە)و ئاوی زۆر گەرمدا. دوای ئەوەی خوای مەزن باسی خواردن و خواردنەوەکانی کردن کە زەقنەموت و ئاوەکوڵە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ﴾[3] واتە: بێگومان دواتر گەڕانەوەیان بۆ دۆزەخە. وە لە چەند ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَأَصْحَـٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصْحَـٰبُ ٱلشِّمَالِ ﴿٤١﴾ فِى سَمُومٍ وَحَمِيمٍ ﴿٤٢﴾ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ ﴿٤٥﴾ وَكَانُوا۟ يُصِرُّونَ عَلَى ٱلْحِنثِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٤٦﴾ وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٤٧﴾ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٤٨﴾ قُلْ إِنَّ ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْـَٔاخِرِينَ ﴿٤٩﴾ لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَـٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٥٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلْمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَـَٔاكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿٥٢﴾ فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٥٣﴾

---

[1] المرسلات (١٥).

[2] الرحمن (٤٣ـ٤٤).

[3] الصافات (٦٨).

﴿ فَشَـٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَـٰرِبُونَ شُرْبَ ٱلْهِيمِ ﴿٥٥﴾ هَـٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴾[1] واتە: وە هاوڕێیانی دەستە چەپ، کام هاوڕێیانی لای چەپ؟، لە ناو گڕی دۆزەخ‌و ئاوی لە کوڵ دان، وە لە سێبەری چڕەدوکەڵی ڕەش دان، نەفێنکەو نە کەڵکیشی هەیە، پاشان ئێوە ئەی گومڕایانی بێباوەڕان، بێگومان لە (بەری) درەختی ژەقنەمووت (دەخۆن) جا ورگی خۆتانی لێ پڕ دەکەن، ئەنجا کوڵاوی بەسەردا دەخۆنەوە، دەی خۆنەوە وەکو خواردنەوەی (حوشترانی) تینوو، ئەمە میوانداری ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا. وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَـٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ ﴾[2] واتە: بێگومان درەختی ژەقنەمووت، خۆراکی تاوانبارە (کافرە)، وەکو خڵتەی ڕۆن‌و زەیتون لەناو سکەکاندا دەکوڵێت، هەروەکو کوڵانی ئاوی یەکجار گەرم،ئا (ئەو کافرە) بگرن‌و بە توندی ڕایکێشن تا (دەیبەنە) ناوەڕاستی دۆزەخ، پاشان بیڕژن بەسەر سەریدا هەندێ لە ئاگرو ئاوی زۆر گەرم، (پێی دەوترێت) بیچێژە چونکە بە ڕاستی تۆ بە دەسەڵات‌و بەڕێزی (گاڵتەی پێ دەکرێت)، بێگومان ئەمە ئەو سزایەیە ئێوە گومانتان لێی هەبوو. واتە: ئەم قسانەیان پێ دەوترێت بۆ سوکایەتی پێکردن و کەم سەیرکردن‌و گاڵتەپێکردن‌و سەرزەنشتکردنیان، ﴿ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾ ئەم جارە لێیان دەپرسن: کوان ئەوانە دەتانوت: شەریکی خودان. واتە پێیان دەڵێن: کوان ئەو بتانەی کە ئێوە دەتانپەرستن غەیری خودا. ئاخۆ ئەمڕۆ فریاتان دەکەون؟ ﴿ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾ دەڵێن: لەبەر چاومان ونن، خۆ ئێمە لەسەر دنیاش بووین، غەیری خودامان نەدەپەرست. خودا ئاوا خوانەناسان گومڕا دەکات. ﴿ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا ﴾ واتە: ڕۆیشتن‌و هیچ سودێکیان بە ئێمە نەگەیاند، ﴿ بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ﴾ واتە: ئینکاری دەکەن کە هەرگیز غەیری خودایان پەرستبێت، وەك خوای گەورە لە سورەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾[3]. بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾ واتە: ئا بەو شێوەیە خودا خوانەناسان گومڕا دەکات، ﴿ ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ

---

[1] الواقعة (٤١ـ٥٦).

[2] الدخان (٤٣ـ٥٠).

[3] الانعام (٢٣).

تَمْرَحُونَ ﴾ سا ئەمە کڵپەی گیانتان بێت! چونکە ئێوە لەسەر زەمین لە ناڕەوا کەیفتان دەکرد، بادیی هەواییتان دەنواند. واتە: فریشتەکان پێیان دەڵێن: ئەوەی ئێستا بەسەرتان دێت بە هۆی ئەوەوەیە کە ئێوە لە دنیادا لە خۆتان بایی بووبوونو هۆشتان بە خۆتانەوە نەمابوو بە ناهەق فیزتان دەکردو خۆتان بەزل دەزانی، ﴿ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾ لە دەرگاکانی جەهەنەم بچنە ئەودیوو تاهەتایە لەوێدا بمێننەوە، جێگەی خۆبەزلزانەکان چەند ناخۆشەو پڕە لە جەزرەبەی توندو تیژو سوکایەتی پێکردن لەبەر ئەوەی کە بڕوایان بە نیشانەکانی خودا نەدەکردو گاڵتەیان پێدەهاتو فیزیان دەکرد. والله أعلم.

﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ﴿٧٧﴾ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قُضِيَ بِٱلۡحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٧٨﴾ ﴾

فەرماندان بە خۆڕاگریو مژدەدان بە سەرکەوتن

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ﴾ سا بوەستە، چونکە بەڵێنی خودا ڕاستە، یان هێندێکت لەو بەڵێنەی پێیان دەدەین، نیشان دەدەین، یان مەرگت بەسەردا دەێنین (هەرچۆنێك بێت) هەموو لایەك هەر دەهێنینەوە لای خۆمان. خوای گەورە فەرمان دەدان بە پێغەمبەر(ﷺ) کە خۆڕاگرێت لەسەر باوەڕنەهێنانی ئەوانەی کە بڕوای پێ ناکەن لە هۆزەکەیـن چونکە گومانی تێدا نیە کە خودا ئەو بەڵێنەی کە پێی داوی بۆت جێبەجێ دەکات لە یارمەتیدانو سەرکەوتن بەسەریانداو پەشەڕۆژ هەر بۆ تۆو ئەو کەسانەیە کە شوێنی تۆ کەوتوون لە دنیاو لە قیامەتدا، ﴿فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ﴾ واتە: ڕاوەستە هەندێ لەو بەڵێنانەی کە پێیان دەدەین نیشانی تۆش دەدرێت هەر لە دنیادا، هەر واش بوو خوای هێژا چاوی پێغەمبەرو (ﷺ) خاوەن باوەڕانی ڕۆشن کردەوەو دڵخۆشی کردن بە لەناودانی ئەوانەی خۆیان بە گەورەو پیاو ماقوڵانی ئەوان دەزانی لە جەنگی بەدرداو پاشان خوای مەزن مەککەو دورگەی عەرەبیشی بۆ ڕزگارکردن لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ). وە دەفەرموێت: ﴿أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ﴾ واتە: یان دەیانمرێنینو سزای توندو تیژیان پی دەچێژین لە ڕۆژی قیامەتدا، پاشان خوای مەزن دڵی پێغەمبەر(ﷺ) خۆش دەکات دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قُضِيَ

بِٱلۡحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴾ لەپێش تۆشداگەلێ پێغەمبەرمان ناردن،بەسەرهاتی هێندێکیانمان بۆ باس کردووی، هەیشن کە باسمان نەکردوون. هیچ پێغەمبەرێك ناتوانێ هەتا خودا ئیزنی نەدات، هیچ بەڵگەیەك نیشان بدات. هەر کاتێك فەرمانی خودا هات. دەبێت ڕاستی بە کاری مەردم ڕابگاتو هەرکێ لەسەر پڕوپوچن تێدا دەچن. ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ﴾ وەك خوای گەورە لە سورەتی (النساء)دا فەرموویەتی: ﴿وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ﴾[1] واتە: وە پێغەمبەرانێك بێگومان بەسەرهاتەکانیانمان گێڕاوەتەوە بۆت لەمەوپێشو پێغەمبەرانێك بەسەرهاتەکانیانمان نەگێڕاوەتەوە بۆتو خوا قسەی کرد لەگەڵ موسا بە قسەکردن. واتە: هەندێ لەو پێغەمبەرانەمان بۆ باس کردووی کە گەلەکانیان چۆن بڕوایان پێ نەهێناون، پاشان سەرکەوتنو پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەو پێغەمبەرانە بوو (سەلامی خوایان لێ بێت)، ﴿وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَ ﴾ کە زۆر زۆرتر بوون لەو پێغەمبەرانەی (سەلامی خوایان لێ بێت) کە بۆمان باس کردووی. وەك لە سورەتی (النساء)دا کە لە پێشەوە باسمان کردو ڕوونمان کردەوە، ﴿وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾ واتە: هەرگیز هیچ پێغەمبەرێك نەبووە کە موعجیزەیەکی هێنابێت بۆ گەلەکەی مەگین خودای گەورە ئیزنی داوە کە ئەو موعجیزەیە بەکاربێنێتو بیکاتە بەڵگە لەسەر ڕاستی ئەو پەیامەی کە بۆی هێناون، ﴿فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ﴾ هەر وەختێك کە سزاو جەزرەبەی خوا دەوری خوانەناسانی دا، ﴿قُضِيَ بِٱلۡحَقِّ﴾ خودا فەرمانی خۆی بەجێ دەهێنێ و خاوەن باوەڕان ڕزگار دەکاتو خوانەناسانیش لەناو دەبات بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴾ واتە: ئەوانەی خەریکی شتی پڕوپوچن لەناو دەچن.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمَ لِتَرۡكَبُواْ مِنۡهَا وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبۡلُغُواْ عَلَيۡهَا حَاجَةٗ فِي صُدُورِكُمۡ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَأَيَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾﴾

ئاژەڵ (مەڕومالات)یش دیسان لە بەهرەو نیشانەکانی خودایە

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمَ لِتَرۡكَبُواْ مِنۡهَا وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴾ هەر خودایە ماڵاتی بۆ پەیداکردن، هەتا ئێوە سواریان بنو لێیان بخۆن. خوای گەورە منەت دەکات بەسەر

[1] النساء (١٦٤).

عەبدەكانیدا كە ئەو هەموو گیانەوەرەی بۆ دروست كردوون وەك وشترو ڕەشەوڵاغو بزنو مەڕو هەندێ ئەوانە بۆ سواری بەكاریان دێننو هەندێكیشیان لێیان دەخۆن بۆ نموونە وشتر گۆشتەكەی دەخورێتو بۆ سواریو بار لێنان بەكار دەهێنرێت. لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر با زۆر دووریش بێت ڕەشەوڵاغیش گۆشتی دەخورێتو شیریشی دەخورێتەوەو زەمینی پێ دەكێڵرێت. مەڕو بزن گۆشتیان دەخورێتو شیریان دەخورێتەوە. ئەمانە هەموویان موو خوریەكەیان لێ دەكرێتەوەو بەكاردەهێنرێت بۆ پێویستی ناوماڵو جلوبەرگ، وەك چۆن بە درێژی لە سورەتی (الانعام)و (النحل)دا باسكراوەو ڕوون كراوەتەوەو لە چەند شوێنی تریشدا لە قورئاندا باسیان هاتووە. بۆیە خوای مەزن لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾ وە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾ گەلێك بەهرەی تریشیان بۆ ئێوە هەیە، ئەو نیازەی لە دڵتاندایە، لەسەریان پێكی دەهێننو لەسەر كەشتیش هەڵدەگیرێن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنْكِرُونَ ﴾ زۆرێك لە نیشانانی خۆی، دەخاتە بەر چاوی ئێوە، ئێوە حاشا لە كام نیشانەی خودا دەكەن. ﴿وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ﴾ نیشانەكانی خۆی لە بوونەوەرو لە گیانی خۆتاندا، دەخاتە بەر چاوتان، ﴿فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنْكِرُونَ ﴾ واتە: ناتوانن ئینكاری هیچ بەڵگەیەكی خودا بكەن مەگەر بە لاساریو خۆبەزلزانین.

﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً
وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (٨٢) فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا
عِنْدَهُمْ مِنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (٨٣) فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ
وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ (٨٤) فَلَمْ يَكُ يَنْفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا ۖ سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي
عِبَادِهِ ۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ (٨٥) ﴾

پەندوەرگرتن لە ژیانی پێشینەكان

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ ئاخۆ هەرگیز بە زەمیندا نەگەڕاون كە بزانن ئاكامی پێشینەكانیان بە كوێ گەیشت؟ كە لەمانە زۆرترو بەهێزتریش بوون، شوێنەواریشیان لە زەویدا پتر ماوە. سا هەرچی كۆیان كردەوە، هیچ بەهرەیەكی بۆ نەدان. خوای گەورە باسی گەلە پێشینەكانمان بۆ دەكات كە لە دێرزەمانەوە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان

نەکردووە، چیان بەسەر هاتووە لە سزاو جەزرەبەی توندی خودا لەگەڵ ئەو هەموو هێزو توانایەدا کە بوویانەو ئەو هەموو سامانەی کە کۆیان کردبووەوەو لەسەر زەمیندا مایەوەو بەجێیان هێشت. هیچی فریایان نەکەوت و بە ئەندازەی قورسی گەردیلەیەك سودی پێی نەگەیاندن و لە سزای خوا لای نەدان، لەبەر ئەوەی کاتێك کە پێغەمبەرانیان بۆ هات (سەلامی خوایان لێ بێت) بە پەیامی ڕوون و نیشانەی ئاشکراو بەڵگەی بەهێزەوە، لایان لێ نەکردنەوەو ڕوویان تێ نەکردن، خۆیان بێنیاز کردبوو لەوەی کە ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆیان هێنابوون، وایان دەزانی ئەمان لەوان شارەزاترن. موجاهید دەڵێت: وتیان ئێمە لەوانە زاناترین و هەرگیز پێغەمبەرمان بۆ ڕەوانە ناکرێت و سزایش نادرێین.[1] سودی دەڵێت: دڵخۆش بوون بەو زانیاریەی کە بوویان بە هۆی نەفامیانەوە.[2] سزایەکی وایان بۆ هات لە لایەن خوداوە کە نەیانتوانی خۆیانی لەبەردا بگرن و شوێن نەبوو ڕووی تێبکەن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾ کە پێغەمبەرانی ئێمە بە نیشانەی ئاشکراوە چوونە لایان بەو هۆیە گوایە زۆر دەزانن دڵیان خۆش بوو، کەچی ئەوەی ئەوان گەمەیان پێدەکرد، دەوری لێدان. ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ واتە: دەوری لێدان، ﴿مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾ واتە: بڕوایان نەدەکردو بە دووریان دەزانی شتی وا ڕووبدات هەتا ئەو سزایە دەوری دان، ﴿فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ﴾ کاتێك دیتیان بەڵای ئێمەیان دێتەسەر، وتیان: ئیتر خوای تاقانە دەناسین و لەو شتانەی کەدەمانوت:ئەمانە شەریکی خودان،ئێستا حاشا دەکەین. ﴿فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا﴾ کاتێك بۆیان دەرکەوت کە سزای خودا هاتووەو دەرباز نابن. ﴿قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ﴾ واتە: دەیانوت: خودا تاك و تەنهایەو حاشایان دەکرد لەو شتانەی کە دەیانپەرست، بەڵام لە کاتێکدا کە جێی پەشیمانی نیەو بڕوبیانوو هیچ سوودێکی نیە. وەك ئەوەی کە فیرعەون کاتێك زانی ئیتر ڕزگاری نابێت و خەریکە دەخنکێت و ئاو دایدەپۆشێت، وتی: ﴿ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾[3] واتە: بڕوام هێنا کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە ئەو (خوایە) نەبێت کە نەوەی ئیسرائیل بڕوایان پێ هێناوە وە منیش لە موسڵمانانم. خوای مەزنیش فەرموویەتی: ﴿ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ

---

[1] الطبري (٢١/٤٢٢).

[2] الطبري (٢١/٤٢٢).

[3] يونس (٩٠).

﴿وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾[1] واتە: ئێستا (باوەڕدێنێت؟) کە بێگومان لەوەپێش سەرپێچیت کردو تۆ لە خراپەکاران‌و تێکدەران بوویت. واتە: خودا پەشیمانیەکەی لێ قەبوڵ نەکرد، چونکە خودا دوعاکەی موسای قەبوڵ کردبوو کە کردبووی لە فیرعەون وەختێك فەرمووی: ﴿وَٱشۡدُدۡ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ﴾[2] واتە: دڵەکانیان ڕەق‌و ڕەش بکە چونکە بڕوا ناهێنن هەتا دەبینن سزای سەختی ئازاردەر. وە هەر بەم شێوەیە خوای مەزن لێرەدا فەرموویەتی: ﴿فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ پاش دیتنی سزای ئێمە، بڕواهێنان قازانجی نەگەیاند ئەمە ڕێ‌و شوێنی خودایە، دەربارەی هەموو عەبدانی هەر وا بووە، لەو کاتەدا هەر ئەوانەی خوانەناس بوون، زەرەریان کرد. واتە: ئەمە بڕیاری خودایە بۆ هەر کەسێك کاتێك سزا دەبینێت‌و چاری نامێنێت‌و پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێت (خوایە پەشیمانم) لێی وەرناگیرێت. بۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای مەزن پەشیمانی (تەوبەی) عەبدی وەردەگرێت هەتا نەگاتە غەرغەرە).[3] واتە: هەتا ئەو کاتەی کە گیان دەگاتە قوڕقوڕاگەو هیچ چارێکی نامێنێت، خەریکە گیانی دەردەچێت‌و لە ناڵەی مردندایەو فریشتەی گیان کێشان ئامادەی گیان کێشانیەتی ئا لەو کاتەدا پەشیمانی وەرناگیرێت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ واتە: لەو کاتەدا ئەوانەی خوانەناسن، زەرەریان کردووە.

---

[1] یونس (٩١).

[2] یونس (٨٨).

[3] ابن ماجه (١٤٢٠/٢)، لە پێشەوە پلەکەی دیاری کراوە.

تەفسیری سورەتی (فصلت)

لە مەككەدا هاتووەتە خوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرٗا
وَنَذِيرٗا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٤﴾ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡرٞ
وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٞ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾﴾

سیفەتی قورئان و (پەیڤینی) نەیارەكانی

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿حمٓ﴾ حا، میم. ﴿تَنزِيلٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾(ئەم قورئانە) هاتووەتەخوار لەو كەسەوە كە بەسۆزی دلۆڤانە. واتە: ئەو قورئانەی كە هاتووەتەخوار لە خوای بەسۆزی دلۆڤانەوە. وەك ئەم ئایەتەی كە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ ﴾[1] واتە: بڵێ جوبرەئیل دای بەزاندووە لە لایەن پەروەردگارتەوە بە ڕاستی. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ﴾[2] واتە: وە بە ڕاستی ئەم (قورئان)ە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانیانە، جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە، بۆ سەر دڵی تۆ بۆ ئەوەی لە ترسێنەران بی. پاشان دەفەرمووێت: ﴿كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴾ كتێبێكە نیشانەكانی بە ڕوونی شی كراوەتەوە، بە زمانی عەرەبیە، بۆ خەڵكانێك كەشت دەزانن. ﴿كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ﴾ واتە: كتێبێكە ماناكانی شی كراوەتەوەو بەرنامەكانیش زۆر بەرێكی دامەزراوە ﴿قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا﴾ واتە: قورئانێكە بە زمانی عەرەبی هاتووەو ماناكانی ڕوون و ئاشكرایەو بە جوانی شی كراوەتەوە، ڕشتەكانیشی دیارەو هیچ گیروگرفتێكی تێدا نیە. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾[3] واتە: ئەمە كتێبێكە ئایەتەكانی داڕێژراوە پاشان ڕوون كراوەتەوە لە لایەن (خوای) كاردروستی زاناوە. واتە: ئەم قورئانە لەڕووی دەستە واژەكانیەوەولەڕووی ماناكانشیەوە موعجیزەیە، ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ

---

[1] النحل (١٠٢).

[2] الشعراء (١٩٢ـ١٩٤

[3] هود (١).

وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾[1] واتە: بەتاڵ ڕووی تێ ناکات نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژدا (نە بە لێ کەم کردن نە بە لێ زیادکردن) چونکە نێردراوەتە خوارەوە لە لایەن (خوای) کاردروستی ستایش کراوەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ مژدەدەرو ترسێنەرەوکەچی زۆربەیان خۆیان لێ بواردووەو ئامادە نین کە ببیسن. ﴿بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ واتە: جارێك مژدە دەدات بە خاوەن باوەڕانو جارێکیش خوانەناسان دەترسێنێت، ﴿فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ واتە: زۆرێك لە قورەیشیەکان لێی تێناگەنو خۆیانی لێ لادەدەن لەگەڵ ئەو هەموو ڕوونیو ئاشکراییەی قورئاندا، ﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَـٰمِلُونَ﴾ وتیان: لەوەی کە تۆ بۆ ئەومان بانگ دەکەی، دڵمان پەردە پۆشە لە ڕوویدا و گوێمان کەڕەو پەردەیەك هەیە لە نێوان ئێمەو تۆدا. ﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ﴾ واتە: دڵمان داپۆشراوەو سەری گیراوە، ﴿مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ﴾یانی:گوێمان کەڕە لە بەرانبەر ئەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی ،(فاعمل انناعاملون)یانی: تۆ خەریکی کاری خۆت بەوئێمەکارمان بەسەرتەوە نیەو ئێمەش خەریکی کاری خۆمان دەبین وتۆکارت بەسەرمانەوەنەبێ.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴿٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٨﴾﴾

بانگکردن بۆ یەکخوا پەرستی

خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ﴾ بڵێ منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە، خودا فەرمانم پێ دەدا پێتان بڵێم: تەنها خودایەکتان هەیە، ڕووتان هەر بەرەو ئەو بکەن، داوای لێبوردنی لێ بکەن، واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی خودا بە تەنیا نازانن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! (ﷺ) بڵێ بەو خوانەناسو موشریکانە: ﴿إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ واتە: منیش مرۆڤێکم وەك ئێوە خودا نیگای بۆ کردووم پێتان بڵێم: کە خودای ئێوە تەنیایە، وەك ئەو بتانە نیە کە ئێوە

---

[1] فصلت (٤٢).

دەپەرستن‌و زۆر جیاوازن لە دارو بەردو شتی تر، بەڵكو خودا، خودایەكی تاك‌و تەنهایە، ﴿فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ﴾ بەدڵپاكی عیبادەتی بۆ بكەن بەو شێوەی كە فەرمانی پێكردن لەسەر زمانی پێغەمبەرەكان (سەلامی خوایان لێ بێت)، ﴿وَوَيۡلٞ لِّلۡمُشۡرِكِينَ﴾ هاوار بۆ ئەو كەسانە كە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن، لەناو بچن‌و نەمێنن، ﴿ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ﴾ ئەوانە نە زەكات دەدەن‌و نە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیە. ﴿ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ عەلی كوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنو عەباسەوە واتە: ئەوانەی كە شایەتی نادەن كە هیچ پەرستراوێك نیە غەیری خودا.[1] عیكریمەش هەر وای وتووە.[2] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە كە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا﴾[3] واتە: (سوێند بە هەموو ئەوانە) بە ڕاستی ڕزگاری بوو ئەو كەسەی كە نەفسی خۆی پاك كردەوە، بێگومان نائومێد بوو ئەو كەسەی كە نەفسی خۆی (بە گوناه) ونو تاوانبار كرد. وەك ئەم ئایەتەش كە دەفەرمووێت: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۝١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ﴾[4] واتە: بە ڕاستی سەرفراز بوو ئەوەی كە خۆی پاك ڕاگرت، وە ناوی پەروەردگاری خۆی دەبات‌و ئەكەوێتە نوێژكردن (پاڕانەوە). وە دەفەرمووێت: ﴿فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ﴾[5] واتە: وە پێی بڵێ: ئایا دەتەوێت پاك ببیتەوە (لە گوناه). مەبەست لە زەكات لێرەدا پاك ڕاگرتنی گیانە لە ڕەوشتی ناپەسەند، گرنگترینیان پاككردنەوەی گیانە لە شیرك‌و بتپەرستی. زەكاتی ماڵیش بۆیە ناونراوە بە زەكات چونكە ئەو ماڵە پاك دەكاتەوە لە حەرام‌و شتی ناڕەواو دەبێتە هۆی زۆربوون‌و زیادكردنی ئەو ماڵەو زیاتر سوود لێ وەرگرتنی‌و یارمەتی خاوەنەكەی دەدات بۆ بەكارهێنانی لە ڕەزامەندی خوای مەزندا. قەتادە دەڵێت: ئەوانەی كە زەكاتی ماڵیان نادەن. ئەم ڕایە باو ئاشكراترە لە لای زۆرینەی زانایانی تەفسیر، ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە.[6] بەڵام ئەم ڕایە قسەی لەسەرە، چونكە زەكات لەساڵی دووهەمی كۆچیدا فەرز كراوە لەمەدینەدا وەك زۆر كەس باسیان كردووە، ئەم ئایەتە لە مەككەدا هاتووتەخوارەوە. (اللهم) مەگەر بڵێین: دوور نیە ئەصلی خێركردن و زەكات هەر لەسەرەتای هاتنی

[1] الطبري (٢١/٤٣٠).
[2] الطبري (٢١/٤٣٠).
[3] الشمس (٩ـ١٠).
[4] الاعلى (١٤ـ١٥).
[5] النازعات (١٨).
[6] الطبري (٢١/٤٣١).

پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمانی پێ کرابێت وپاشان ڕێژەکانی دیاری کرابێت. وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾[1] واتە: وە لە ڕۆژی درویێنەو چنیندا مافەکەی (زەکاتەکەی) لێ بدەن. کەچی لەپاشاندا و لەمەدینەدا (نیصاب) و (ڕێژەی زەکات) دیاری کراوە. بەئەم شێوەیە دەبێت هەردوو قسەکە یەك بخرێن. وەك چۆن ئەسلی نوێژ یەکەمجار کە واجب بوو لە پێش گزنگی خۆرو پێش ئاوابوونیدا واجب بوو،پاشان لە کاتی شەوڕەویەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) پێش کۆچکردنی بۆ مەدینە بە ساڵو نیوێك خوای گەورە پێنج نوێژی فەرز کرد لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)ودرێژەی مەرجو پایەکانی نوێژو ئەو شتانەی پەیوەندی بە نوێژەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ڕوون کردەوە. والله أعلم. پاش ئەوە خوای مەزن فەرمووی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ ئەوانەی خاوەن باوەڕنو ئاکار چاکن، پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە. موجاهیدو کەسانی تریش دەڵێن: ﴿غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ واتە: نەبڕاوەو دوایی نەهاتوو، وەك ئەم ئایەتە کە خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ مَّٰكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا ﴾[2] واتە: لەو (بەهەشتە)دا بێ بڕانەوە دەمێننەوە. وە دەفەرموویێت: ﴿عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ﴾[3] واتە: ئەوە بەخشینێکە بێ بڕانەوە.

﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿١٢﴾﴾

باسی بەدیهێنانی ئەم بوونەوەرە کەمێك بە درێژی

خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی کە بە دوو ڕۆژ ئەم زەمینەی وەدی هێنا، حاشا دەکەنو هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەموو جیهانە. ئەمە نارەزایی دەربڕینی خودایە لە موشریکەکان ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێنو عەبدایەتی غەیری خودا دەکەن، ئەو خودایەی دروستکەری

---

[1] الانعام (١٤١).

[2] الكهف (٣).

[3] هود (١٠٨).

هەموو شتەو زاڵە بەسەر هەموو شتداو توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە. ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا﴾ واتە: هاوتاو هاوێنەی بۆ دادەنێن لەگەڵ خوا دا دەیپەرستن، ﴿ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: وەدیهێنەری ئەو شتانە هەر پەروەرینی جیهانە. وە لێرەدا جێی خۆیەتی کەمێك بە درێژی برۆینە سەر باسەکە وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾[1] واتە: ئاسمانەکانو زەویی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە. لەوێدا ئەوەی پەیوەندی بە زەمینەوە هەیە جیای کردووەتەوەو ئەوەیشی پەیوەندی بە ئاسمانەکانەوە هەیە هەر جیای کردووەتەوە. یەکەمجار باسی زەمینە کە دروست کراوە، چونکە بناغەیە، وە دەبێت هەر لە بناغەوە دەست پێ بکرێت پاشان دوای ئەوە بان دروست بکرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰٓ إِلَى السَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ﴾[2] واتە: خوا ئەو خوایەیە کە هەرچی لە زەویدایە دروستی کردووە بۆ ئێوە لە پاشان ڕووی کردە ئاسمان ئینجا ڕێکی خستن بە حەوت ئاسمان. بەڵام ئەو ئایەتەی کە خودا دەفەرموێت: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَآءُ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَالْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ﴾[3] واتە: ئایا دروستکردنی ئێوە گرانترە یان ئاسمان؟ کە دروستی کرد، باڵای بەرزکردەوەو ڕێکی خستو شەوی ئەوێی تارییك کردو دەری خست (ڕووناکی ڕۆژی)، لە پاشان زەوی ڕاخست، لێی دەرهێنا ئاویو لەوەڕی، وە شاخەکانی پتەو دامەزراند، بۆ بەهرەمەندی خۆتانو ئاژەڵتان. لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە تلاندنەوەو پان بوونەوەی زەمین دوای دروستبوونی ئاسمان بووە. بەڵام دروستکردنی زەمین پێش دروستبوونی ئاسمان بووە. ئیبنو عەباسیش هەر بەو شێوەیە وەڵامی داوەتەوە وەك بوخاری باسی دەکات لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە سەحیحەکەیدا کە ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێت: پیاوێك وتی بە ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) من هەندێ شت لە قورئاندا دەبینم لێی حاڵی نابمو لێی تێناگەم، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ﴾[4] واتە: لەو ڕۆژەدا هیچ خزمایەتیەك

---

[1] الاعراف (٥٤).

[2] البقرة (٢٩).

[3] النازعات (٢٧-٣٣).

[4] المؤمنون (١٠١).

نامێنێت لە نێوانیانداو پرسیاری یەکتری ناکەن (کەس لە کەس ناپرسێت).لەولاشەوە ئەفەرموێ: ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾[1] واتە: وە (لەو ڕۆژەدا) ڕوو دەکەنە یەکترو پرسیار لە یەکتر دەکەن. وە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ اللَّهَ حَدِيثًا﴾[2] واتە: وە (لەو ڕۆژەدا) هیچ قسەو باسێك لە خودا ناشارنەوە.کەچی لەولاوە ئەفەرموێ: ﴿وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾[3] واتە: سوێند بە خوای پەروەردگارمان ئێمە بە هیچ جۆر هاوبەش دانەر نەبووین بۆ خودا.ئەوەتا لەم ئایەتەدا قسەکانیان دەشارنەوە. وە دەفەرموێت: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ ۚ بَنَاهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا ﴿٢٩﴾ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا﴾[4] واتە: ئایا دروستکردنی ئێوە گرانترە یان ئاسمان؟ بالای بەرزکردەوەو ڕێکی خستو شەوی ئەوی تاریك کردو دەری خست (ڕووناکی) ڕۆژی، لە پاشان زەوی ڕاخست، لێی دەرهێنا ئاوی‌و لەوەڕی، وە شاخەکانی پتەو دامەزراند، بۆ بەهرەمەندی خۆتان‌و ئاژەڵتان. لێرەدا باسی دروستکردنی ئاسمانی کردووە لە پێش دروستکردنی زەمین کەچی لێرەدا فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ ئەوەتالێرەدا باسی دروست بوونی زەمین دەکات لە پێش دروست بوونی ئاسمان.هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾، ﴿عَزِيزًا حَكِيمًا﴾، ﴿سَمِيعًا بَصِيرًا﴾، وەك ئەوەی ئەمانەڕووی دابێت‌و بەسەر چووبێت‌و تێپەڕیبێت، ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت)فەرموی: ﴿فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ﴾ لە فوکردنی یەکەمدا بە کەڵەشاخدایە پاشان فو دەکرێت بە کەڵەشاخدا، ﴿فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ﴾[5] واتە:یەکسەر هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان‌و زەویدان دەمرن مەگەر کەسانێك خوا بیەوێت (نەمرن). ئا لەوێدا خزمایەتی لە نێواندا نامێنێت‌و کەس لە کەس ناپرسێت. پاشان لە فوەکەی

---

[1] الصافات (٢٧).

[2] النساء (٤٢).

[3] الانعام (٢٣).

[4] النازعات (٢٧ـ٣٠).

[5] الزمر (٦٨).

تردایەکە، ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ﴾ وە ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾، ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ اللَّهَ حَدِيثًا﴾، خوای مەزن دەبووریێت لەوانەی کە بە دلْپاکی خودایان پەرستووە. خوانەناسان (ئەوانەی شەریکیان بۆ خودا دادەنا) دەڵێن: وەرن با ئێمەش بڵێین ئێمە موشریك نەبووین، خوای مەزن مۆر دەنێت بە دەمیانداو دەستیان دێتە وەڵامدانەوە. ئا لەوێدا دەزانرێت هیچ قسەیەك لەخودا ناشاررێتەوەوخوای گەورە هەمووی ئاشكرا دەكات. ئا لەوێدا: ﴿وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ﴾[1] واتە: بێباوەڕان دەست ئەكەنە ئاوات خواستن. خوای مەزن لە دوو ڕۆژدا زەمینی دروست کردووە پاشان ئاسمانی دروست کردووە، پاشان ڕووی نا لە ئاسمانەکانو ڕێکی کردن لە دوو ڕۆژی تردا پاشان زەوی ڕاخست وڕاخستنی زەویش یانی ئەوە کە ئاوو لەوەڕگاو شاخ وزیخ و بێگیان و تەپۆڵکەی تێدا دروست کردو هەموو ئەوانەشی دروست کرد کەلەنێوان زەوی وئاسمانەکاندا هەیە ئەمەیە مانای﴿دَحَىٰهَآ﴾کەخوا ئەیفەرموێت..،کەئەشفەرموێت: ﴿خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ﴾ زەمینو ئەو هەموو شتەی کە تێیدایە لە چوار ڕۆژدا دروستی کردو ئاسمانەکانیشی بە دوو ڕۆژ دروست کرد ئەوەش کە خوا ئەفەرمویٚ : ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ خودا ناوی خۆی هێناوە بە لێبوردەو دلۆڤان. واتە: هەتاهەتایە هەر لێبوردەو دلۆڤانە. خوای گەورە هیچ شتێکی نەفەرمووە مەگین، هەر وایەو گومانی تێدا نیە هەروا دێتە دی ،ئیتربا لێت تێك نەچێت چونکە هەموو قورئان لە لایەن خوداوە ڕەوانە کراوە(چ ئەمانەو چ ئەوانەش). بوخاری ڕیوایەتی کردووە.[2] وە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَـٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ﴾ کەزۆ کۆشی لە زەمین بەرزکردەوەو پیتی تێخست، هەر لە ماوەی چوار ڕۆژاندا، بۆ هەرکیٚ بژێوی دەوێت (بە یەکسانی) بژێوی بۆ دابین کردن). ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَـٰرَكَ فِيهَا﴾ واتە: چیای لەسەر داناو پیتو بەرەکەتی خستە سەری،و تۆو بەروبوومی تیا ڕواندو بژێوی تەواو تێدا دابین کرد بۆ خەڵکی هەتا بە چاکی تێیدا بژینو تۆو بەروبوومی تێدا بچێننو ڕۆزی خۆیان بە دەست بێنن واتە: لە ڕۆژی سیٚ شەمەو چوارشەمەدا. لەگەڵ دوو ڕۆژەکەی پێشوودا دەکاتە چوار ڕۆژ. بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ﴾ واتە: بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت پرسیار بکەن لەو بارەیەوە هەتا بیزانن. عیکریمەو

---

[1] النساء (١٠٢).

[2] فتح الباري (٨/٤١٨).

موجاهید دەڵێن: لەم ئایەتەدا: ﴿وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا﴾ واتە: لە هەر سەر زەمینێکدا شتێکی بۆ دانان‌و ڕاهاتن لەگەڵی کە بۆ ئەو شوێنە نەبێت نەدەشیاو نەدەگونجا، لەوانە مێزەرە بۆ یەمەنیەکان‌و پۆشاکی ناسك‌و جوان بۆ سابووریەکان کلێتەو کڵاویش کە لە ناوچەی ڕەی دا بەکار ئەهێنرا.[1] ئیبنو عەباس‌و قەتادەو سودی لەم ئایەتەدا: ﴿سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ﴾ دەڵێن: واتە: بۆ هەر کەسێك دەیەوێت پرسیار بکات لەو بارەیەوە.[2] ئیبنو زەید دەڵێت: واتە بژێوی تیا دابین کراوە لە چوار ڕۆژ بۆ هەر کەسێك بیەوێت واتە: چۆن بیەوێت بە پێی پێویستی هەر کەسێك خوای مەزن ژیانی بۆ دابین کردووەو ڕۆزی بۆ دیاری کردووە.[3] ئەم قسەیە لەو ئایەتە دەچێت کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلۡتُمُوهُ﴾[4] واتە: وە لە هەموو ئەو شتانەی کە داواتان کردووە پێی داون. والله أعلم. پاشان خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ﴾ واتە: پاشان ڕووی نا لە بەرزایی ئاسمان، کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوان‌و بە زەمینی وت:بە خۆشی یان ناخۆشی، دەبێت بێنە بەر فەرمانم. وتیان: وا بە خۆشی هاتین. ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ﴾ واتە: پاشان ڕووی کردە سەرەوەو ئاسمان کە هەر هەڵمی ئاو بوو کە بەرز بووبووەوە لێی لەو کاتەی کە زەمین دروست کرا، ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا﴾ فەرمانم بەجێ بێنن چیتان پێ دەڵێم بەجێی بێنن پێتان خۆشە یان پێتان ناخۆشە، ﴿قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ﴾ واتە: وتیان: بە گوێت دەکەین هەرچی خۆت مەیلت لێیە دروست بکرێت لە فریشتەو جنۆکەو مرۆڤ ئێمە ئامادەین‌و گوێڕایەڵو بەرفەرمانتین، ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾ ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا وەدی هێنا، هەر ئاسمانەو فەرمانی کاری خۆی بۆ نارد. نزیکترین ئاسمانیشمان بە چرا ڕازاندەوەو پاراستمان. خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە. ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ﴾ واتە: لێ بووەوە لە ڕێککردنی حەوت ئاسمانەکە لە دوو ڕۆژی تردا کە ڕۆژی پێنج شەممەو هەینی بوو، ﴿وَأَوۡحَىٰ

[1] الطبري (٢١/٤٣٦).
[2] الطبري (٢١/٤٣٨).
[3] الطبري (٢١/٤٣٨).
[4] ابراهيم (٣٤).

﴿فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ﴾ واتە: هەر ئاسمانەو فەرمانی کاری خۆی پێدرا. بە پێی پێویستی لە فریشتەو لەو شتانەی کە خودا خۆی نەبێت کەس نایزانێتو سەری لەبەر دەرناکات. ﴿وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾ کە بریتیە لەو ئەستێرە پرشنگدارو ڕووناکانە بۆ خەڵکی سەر زەمین. ﴿وَحِفۡظٗاۚ﴾ واتە: بۆ پاراستنو چاودێری لە شەیتانەکان هەتا گوێ نەگرن لە کۆمەڵی پایەبەرزان، (الملأ الأعلى)، ﴿ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾ واتە: ئەوە بڕیاری خودای خاوەن دەسەڵاتە ئەو خودایەی خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکداو زاڵو ملی پێدانەخاتو زانایە بە جوڵەو هەڵسوکەوتی هەموو وەدیهێنراوەکانی.

﴿فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذۡ جَآءَتۡهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ
خَلۡفِهِمۡ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ قَالُواْ لَوۡ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٞ
فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةًۖ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۖ
وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ
صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٧﴾ وَنَجَّيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾﴾

ئاگادارکردنەوەی بێباوەڕان و وەبیرهێنانەوەی بەسەرهاتی عادو سەموود بۆیان

خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ﴾ ئەگەر هەر قەبوڵیان نەکرد، بڵێ: بەو هەورەتریشقەیە دەتانترسێنم کە دای لە هۆزەکەی عادو سەمود. خوای مەزن دەفەرمووێت ئەی موحەممەد بڵێ بەو موشریكو خوانەناسانە ئەگەر ئەو حەقەی کە بۆتان هاتووە قەبوڵی نەکەن کە من بۆم هێناون لە لایەن خوداوە دەتانترسێنم بە بەڵایەك کە تووشی گەلە پێشووەکان هات ئەوانەی کە بڕوایان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیان، ﴿صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ﴾ بە وێنەی ئەو هەورەتریشقەی دای لە گەلی عادو سەمود، ﴿إِذۡ جَآءَتۡهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ قَالُواْ لَوۡ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ ئەوساکە پێغەمبەرەکان (چ ڕووبەڕوو چ پاشملە) لێیان نزیك دەبوونەوە کە غەیری خودا مەپەرستن، وتیان: ئەگەر پەروەردگارمان مەیلی لێ بووایە فریشتەی دادەبەزاند. ئێمە لەوەی کە ئێوەی پێی ناردراون حاشا دەکەین. ﴿إِذۡ جَآءَتۡهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە کە خوای مەزن

دەفـەرمووێت: ﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ ﴾[1] واتـە: (ئەی موحەممەد -ﷺ- !)یادی برای گەلی عـاد کـەوە کاتێك گەلەکـەی ترسـاند لـە (وڵاتـی) ئـەحقاف بێگومان پێغەمبەرانی زۆر ڕابوردون لە پێش‌و دوای ئەویشەوە. واتە: برای عاد بخـە بـیر خـۆت کـە لـەو دێیەی دەوروبەر وڵاتی ئەوان هۆزەکەی خۆی ترساند کە خوا پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کـردن، داوایـان لێ کردن کە تەنها خودا بپەرستن‌و هاوەڵی بۆ دانـەنێن، مـژدەیان دەدانـێ‌و دەیانترسـاندن لـەو بەڵایانـەی خودای گەورە تووشی ئەو خوانەناسانەی کرد، وە ئەو هـەموو بەهرەیـەی کـە خـودا دای بـە دۆسـتانی خۆی. دوای ئەو هەموو ئامۆژگاریە، بڕوایان نـەهێناو دژایـەتیان دەکـردو لەسـەر گومڕایی خۆیـان هـەر بەردەوام بوون‌و دەیانوت: ﴿لَوۡ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ﴾ واتە: ئەگەر خودا پێغەمبـەری ڕەوانـە بکردایـە فریشتەی لە لایەن خۆیەوە ڕەوانە دەکرد، ﴿فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ﴾ یانی :ئەی ئێوەی مرۆڤ ، ﴿كَٰفِرُونَ﴾ واتە: بڕواتـان پـێ ناکـەین چونکە ئێـوەش وەك ئێمـە مـرۆڤن. خـوای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿فَأَمَّا عَادٞ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةًۖ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ﴾ واتـە: جا هـۆزی عـاد لـە نـاڕەوا خۆیـان لـەو سـەر زەمینـەدا بـە زل زانـی. دەیانوت: کوا؟ کێ لە ئێمە بەهێزترە؟ هەر وا بە نیشانەکانمان بێباوەڕ بوون. ﴿فَأَمَّا عَادٞ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾ واتە: هۆزی عاد خۆیـان بـە زل دەزانـی لەسـەر زەمینـداو سەرپێچی‌و لاساریان دەکردو یاخی بوون بەبێ هیچ مافێك، ﴿وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةًۖ﴾ واتـە: بـە بـەهێزی خۆیانـدا دەنـازین و وایان دەزانی ئـەو بەهێزییـەیان لـە تۆڵـەی خـوا دەیانپارێزێـت. ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۖ﴾ واتە: ئاخۆ بیر ناکەنەوەو نـابینن ئـەوەی ئـەوان لـە ڕوویـدا دەوەسـتن، ئـەو خـودا گـەورەو خـاوەن دەسـەڵاتەیە کـە هـەموو شـتی دروسـت کـردووەو توانـای هێـزی تیـا وەدی هێنـاوە، بێگومـان هەڵمەت‌و تۆڵەی خودا زۆر توندو بەهێزە. وەك خوای مەزن لـە ئایـەتێکی تـردا فـەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾[2] واتە: ئاسمانمـان بـە دەسـتی خۆمـان دروسـت کـردووەو ئێمـە فراوانکـەری (ئاسمانین). واتە: ئەمانە دژایەتی خودایان کردو بڕوایـان بـە نیشـانەکانی نـەکردو سەرپێچی فـەرمانی پێغەمبەرەکەیان کرد، بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ

---

[1] الاحقاف (٢١).

[2] الذاريات (٤٧).

عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ ۖ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴾ ئەوسا ئێمە ڕەشەبایەکی بەهێزمان (لەو ڕۆژانەدا کە شوومن) ناردە سەریان، تا ئازاری ئابڕووبەریان (لە ژیانی ئەم دنیایەدا) پێ بچێژن. بێگومان سوکایەتیو ئازاری ئەولاش زۆرترەو کەسیش بە هانایانەوە نایەت. ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا ﴾ واتە: ڕەشەبایەکی زۆر توندمان بۆ ناردن. هەندێ دەڵێن: زۆر بەهێز، هەندێکی تر دەڵێن: زۆر سارد. وتراوە (بای صەرصەر) ئەو بایەیە کە دەنگی لێوە دێت. لە ڕاستیدا هەموو ئەو سیفەتانەی تێدا بووە. چونکە ئەوان زۆر بە هێزو توانای خۆیاندا دەنازین. دیارە سزاکەشیان لەو شێوەیە کە بۆ ئەوان بشێت. بۆیە ئەو ڕەشەبایە ئەوەندە توندو ساردو بەهێز بوو لەسەریان، ئەوەتا خوای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴾[1] واتە: بە بایەکی سەختی ساردی بە تینی گرمە. واتە: ڕەشەبایەکی زۆر ساردو خاوەن دەنگێکی هەراسانکەر، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕووبارێکی بەناوبانگ لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا ناونراوە سەرسەر (صرصر) چونکە لەکاتی ڕۆشتنیدا دەنگێکی بەهێزی لێوە دێت. ﴿ فِي أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ ﴾ واتە: لە چەند ڕۆژێکی بەردەوامی شومدا، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا ﴾[2] واتە: حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بەبێ وچان (لەناوی بردن). وە دەفەرموێت: ﴿ فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ ﴾[3] واتە: لە ڕۆژێکی سەختدا بە بەردەوامی. واتە: سزا کە دەستی پێکرد لەسەریان لە ڕۆژێکی شومی بەردەوامدا، ئەو شومییەش بەردەوام بوو لەسەریان تا ﴿ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا ﴾ هەتا بنەبڕی کردنو هەمووی لەناو بردنو ئابڕووی بردن لە دنیاداو سزای قیامەتیش توندترو ئابڕووبەرترە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ ﴾ واتە: سزای ڕۆژی دوایی زۆر ئابڕووبەرترە. ﴿ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴾ واتە: کەس لە ڕۆژی قیامەتدا نایەت بە دەمیانەوەو فریایان ناکەوێت وەك چۆن لە دنیادا بە هانایانەوە نەهات، وە کەسیش لە لای خوداوە نایانپارێزێت لەو سزایەو لێیان دوور ناخاتەوە. خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾ ئێمە ڕێگەی بەرەو خۆمان نیشانی هۆزی سەمودیش دا. لە باتی شارەزابوونێك حەزیان کرد هەر کوێرو نابینا بن، ئەوسا لە سۆنگەی ئەو کارەی کە

---

[1] الحاقة (٦).

[2] الحاقة (٧).

[3] القمر (١٩).

دەیانکرد، هەورەتریشقە گرتنیو ئازاری ئابڕوبەریان لێ هاتەدی. ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ ئێمە هۆزی سەمودمان شارەزا کرد، بەڵام لە باتی شارەزایی حەزیان کرد هەر نابینا بن. ﴿فَهَدَيْنَٰهُمْ﴾ ئیبنو عەباسو (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەبولعالیەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو سودیو ئیبنو زەید دەڵێن: بۆمان ڕوون کردنەوە.[1] سەوری دەڵێت: بانگمان کردن. واتە: هۆزی سەمودیش ڕێنمایمان کردنو ڕێگای ڕاستمان بۆ ڕۆشن کردنەوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیان (ساڵح) (سەلامی خوای لێ بێت) بڕوایان پێ نەکردو دژایەتیان کردو وشترەکەی خودایان سەربڕی کە خوای مەزن کردبووی بە نیشانەیەکی زۆر دیارو ئاشکرا لەسەر ڕاستی پێغەمبەرەکەیان، ﴿فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ﴾ واتە: خوای گەورە دەنگو لەرزەیەکی وای بۆ ناردن کە سەرشۆڕو زەبوونی کردنو سزایەکی زۆر توندوتیژی دان، ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ واتە: بە هۆی ئەو بێ دینیو لاساریو سەرپێچیانەوە کە دەیانکرد، ﴿وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ﴾ ئەو کەسانەشمان ڕزگار کرد کە بووبوونە خوانەناسو لە گوناه خۆیان دەپاراست. ﴿وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ واتە: ئەوانەی خاوەن باوەڕ بوون لە نێوانیاندا تووشی هیچ ناخۆشیو زیانێک نەبوون لەو بارەیەوە. بەڵکو خوای مەزن ڕزگارو سەرفرازی کردن لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا کە ساڵح بوو (سەلامی خوای لێ بێت).

﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾

لە ڕۆژی قیامەتدا ئەندامەکانی لەشی تاوانباران شایەتن لەسەر خۆیان.

خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴾ لەو ڕۆژەدا کە نەیارەکانی خوا بەرەو ئاگر هەموویان کۆدەکرێنەوەو دەستەدەستە بەڕێ دەکرێن. واتە: بۆ ئەو موشریکانەی باس بکە ڕۆژێك دێت کە گشت خوانەناسان پۆل پۆل بەڕێ دەکرێن بۆ جەهەنەم واتە: گزیرەکانی جەهەنەم هەر لە ئەوەڵەوە هەتا دوایین کەس تاوانباران کۆدەکەنەوە. وەك خوای مەزن لە

[1] الطبري (٢١/٤٤٨).

ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا﴾[1] واتە: تاوانبـاریش دەدەینـە بـەر بـۆ دۆزەخ بە تینوویەتی (بە وێنـەی گەلـە ئـاژەڵ). وە دەفـەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾کاتێك دەگەنە لای ئاگر، لە هەر کارێك کردوویانە، گوێچکەو چاوو هەموو پێستی لەشیان، لە دژیان شایەتی دەدەن. واتە: هەرچی کارێك کردوویانە گشت باس دەکەن و یەك پیتـی لێ ناشـارنەوە، ﴿وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ (بە گلەییەوە) پێستی خۆیان دەدوێنن: چـۆن دژمـان شـایەتیتان دا؟ دەڵێن: خوا بە زمانی هێناین کە دەتـوانێ هـەموو شـت بێنێتـە قـسە، هـەر ئـەویش هـەوەڵجار ئێـوەی دروسـت کـرد، دەشـتانگەڕێننەوە لای خـۆی. ﴿وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا﴾ واتـە: گلـەیی لـە ئەندامەکانی لەش‌و پێستتان دەکەن کاتێك شایەتیان لێ دەدەن، ئا لەوێدا ئەندامەکانی لـەش وەڵامیـان دەدەنەوە دەڵێن: ﴿قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾یانی: ئەو خودایە یەکەم جـار دروسـتی کـردوون دژایـەتی‌و ڕێگـری لێ ناکرێـت‌و بـۆ لای ئـەویش دەگەڕێنرێنـەوە.

حافیز ئەبو بەکری بەزار ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێـت) دەڵێـت: ڕۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێکەنی (بە زەردە خەنەوە) فەرمووی: (ئایا ناپرسن لێم لەبـەر چ شـتێك پێکەنیم؟) وتیان: ئەی پێغەمبەری خـودا(ﷺ) لەبـەر چ شـتێك پێکـەنیت؟ پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: (سەرم سوڕما لە دەمەدەمێ ی عەبدێك لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا لە ڕۆژی قیامەتدا، عەبدەکە دەڵێت: ئەی پەروەردگارم تۆ بەڵێنت پـێ نـەدام کـە ناهـەقیم لەگـەڵ نەکـەی؟! ئـەویش دەفـەرموێت: بـەڵێ، دەڵێت: کەوایە من شایەت قەبوڵ ناکەم لە خۆم نەبێت. خـوای مـەزنیش دەفـەرموێت: ئایـا مـن‌و ئـەو فریشتە بەڕێزانە بۆشایەتی بەس نین کـە کردەوەکـانی تۆیـان نوسـیوە. دەڵێـت: چـەند جارێـك خـوای گەورە ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە) دەڵێت: پاشان مۆر دەنرێت بەسەر دەمیـداو ئەندامـەکانی لـەش دێنە قسە لەسەر ئەو کردارانەی کە کردوویەتی. ئەمیش دەڵێت: خـوا خراپتـان بـۆ بکـات‌و لـەناوتان دا لەسەر ئێوە من ئەم هەموو دەمەدەمێیـە دەکـەم).[2] دیـسان ئەنـەس‌و ئیبنـو ئـەبی حاتـەم ڕیوایـەتیان کردووە.[3] موسلیم‌و نەسائیش هێناویانە.[4] وە ئیبنو ئەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبو بـوردەوە

---

[1] مریم (٨٦).

[2] الحاکم (٦٠١/٤)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی حەسەنە پیاوەکانی جێی متمانەن.

[3] الطبري (٤٥٢/٢١).

[4] مسلم (٢٢٨٠/٤)، النسائي في الکبری (٥٠٨/٦).

دەڵێت: ئەبو موسا دەڵێت: خوانەناس و دووڕوو بانگ دەكرێن بۆ لێپرسینەوە. پەروەردگار كردەوەكانیی نیشان دەدات ئەونكولی لێ دەكات و دەڵێت: پەروەردگارم سوێند بە گەورەیی تۆ ئەوەی ئەو فریشتەیە لەسەری نووسیم من نەمكردووە، فریشتەكە دەڵێت: ئەوەت نەكرد لە فلانە ڕۆژداو لە فلانە شوێندا؟ ئەمیش دەڵێت: نەخێر، سوێند بە گەورەیی تۆ ئەی پەروەردگارم ئەوەم نەكردووە. دەڵێت: وەختێك ئەمەدەكات، مۆر دەنرێت بەسەر دەمیدا. ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: من وا دەزانم یەكەم شتێك كە دێتە زمان لێی ڕانی ڕاستیەتی. خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾یانی لەو بارەیەوە كە گوێ و چاوو گشت پێست و ئەندامەكانتان شایەتیان لەسەر بدەن، هیچ خۆتان حاشار نەدەدا، بەڵام ئێوە پێتان وابوو خوا لە زۆرێك لەو كارانەی ئێوە دەیكەن، بێ ئاگایە. ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ﴾ واتە: كاتێك ئەوان گلەیی دەكەن لە ئەندامەكانی لەش و پێستتان كە شایەتیان لەسەر دەدەن، ئەوانیش پێیان دەڵێن ئێوە هیچێك لەو كارانەتان لە ئێمە نەدەشاردەوە كە دەتانكرد، بەڵكو ئێوە بە ئاشكرا خوانەناس و بێ فەرمانی خوداتان دەكردو هیچ بایەخێكتان پێ نەدەدا، چونكە بە لاتانەوە وابوو كە خودا ئاگاداری لە هەموو كردارەكانتان نیە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾، وە دەفەرمووێت: ﴿وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ئەو ئەوگومانە بوو كەبەپەروەردگاری خۆتانتان بردو بویە مایەی ماڵوێرانی وڕەنجخەساریتان.یانی: ئەو بۆچوونە خراپەتان بوو، كە واتان دەزانی خودای گەورە ئاگای لە زۆرێك لە ئەو كارانەتان نیە كە دەیكەن. هەر ئەوە بووە هۆی لەناوچوون و پەرتەوازەبوون و ماڵ وێرانیتان. ﴿فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا خۆتان و كەس و كارتان تووشی زیان كرد، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە عەبدوڵلاوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: من خۆم داپۆشیبوو بە پەردەكانی كابە (الكعبة) وخۆم شاردبوویەوە. سێ پیاوی قورەیشی هاتن. بەزی ورگیان زۆر زۆر بوو، تێگەیشتنی دڵیان زۆر كەم بوو هەندێ قسەیان كرد باش گوێم لێ نەبوو، یەكێكیان وتی: ئایا دەزانن كە خودا قسەكانمان دەبیستێ؟ یەكێكی تریان وتی: كاتێك كە دەنگ بەرز بكەینەوە دەیبیسێت، وەختێك بەرزی نەكەینەوە نایبیستێ، ئەمی كەشیان وتی: ئەگەر شتێكی لێ ببیستێ، هەمووشی بیستووە، (دەڵێت) ئەوەم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) باس كرد، خوای مەزن ئەم ئایەتەی ڕەوانە كرد: ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ

عَلَيۡكُمۡ سَمۡعُكُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُكُمۡ وَلَا جُلُودُكُمۡ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾.[1] هەر بەم شێوەیە تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە.[2] ئەحمەدو موسلیمو تیرمیزی دیسان هێناویانە بەو شێوەیە.[3] بوخاریو موسلیمیش ڕیوایەتیان کردووە.[4] خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَإِن يَصۡبِرُواْ فَٱلنَّارُ مَثۡوًى لَّهُمۡۖ وَإِن يَسۡتَعۡتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلۡمُعۡتَبِينَ ﴾ ئەگەر ئەوان خۆڕاگرن، ئەو ئاگر جێگەیانە، ئەگەر داوای لێبوردنیش بکەن، هەرگیز لێیان قەبوڵ ناکرێت. وەك یەکە بۆیان، خۆڕاگرن یاخود خۆ ڕانەگرن، ئەوان لەناو ئاگران، ڕێی دەرچوونیان نیە تێیدا، شوێنیش نیە ڕووی تێ بکەن، وە ئەگەر داواش بکەن کە بیانووی خۆیان باس بکەن ڕێیان پێ نادرێتو هیچیان لێ قەبوڵ ناکرێت. ئیبنو جەریر دەڵێت: مانای ئەم ئایەتە کە خودا دەفەرمووێت: ﴿وَإِن يَسۡتَعۡتِبُواْ ﴾ئەگەر داوابکەن بگەڕێنەوە بۆدونیا،هیچ وەڵامێکیان نادرێتەوە ،جا ئیبن جەریر ئەفەرموێ : ئەمە وەك ئەو ئایەتەی ترە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡهَا فَإِنۡ عُدۡنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخۡسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴾[5] واتە: (لە وەڵامدا) دەڵێن ئەی پەروەردگاری ئێمە بەدیو خراپی خۆمان زاڵ بووبوو بەسەرمانداو ئێمە کەسانێکی گومڕابووین، ئەی پەروەردگارمان لەم (دۆزەخە) دەرمان بێنە جا ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ بێباوەڕی) ئەوە بەڕاستی ئێمە ستەمکارین، وە (خوا) دەفەرمووێت: بەبێ نرخیو ڕیسوایی بمێننەوە لە دۆزەخداو هیچ قسەیەکم لەگەڵ مەکەن.[6]

﴿وَقَيَّضۡنَا لَهُمۡ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُواْ لَهُم مَّا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ﴿٢٦﴾ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابٗا شَدِيدٗا وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعۡدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُۖ لَهُمۡ فِيهَا دَارُ ٱلۡخُلۡدِ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ﴿٢٩﴾﴾

---

[1] أحمد (١/٣٨١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي (٩/١٢٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] أحمد (١/٤٠٨)، مسلم (٤/٢١٤٢)، تحفة الأحوذي (٩/١٢٤).

[4] فتح الباري (٨/٤٢٤/٤٢٥)، مسلم (٤/٢١٤٢:٢١٤١).

[5] المؤمنون (١٠٦ــ١٠٨).

[6] الطبري (٢١/٤٦٢).

دۆستانی موشریکەکان کردارە خراپەکانیان بۆ دەڕازێننەوە

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ دۆستی واشمان (لە دنیا) بۆ پەیدا کردن، کاری ئێستەو ئایندەیان بۆ خەملاندن. بۆ ئەمانو ئەو جنۆکەو مرۆڤانەی بەر لەوان بوونو بەڵێنی خودا هاتە جێ،ئەوانە خەڵکانێکی ڕەنجەخەساربوون. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە خۆی موشریکەکانی گومڕا کرد. ئەوەیش بە مەیلو دەسەڵاتی خۆیەتی، چونکە خودا کارزانە لە کردارەکانیدا،ودێت هاوەڵیان بۆ دادەنێ لە شەیاتینی مرۆڤو جنۆکە ﴿فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ واتە: کردارەکانیان لەبەرچاو شیرین کردونو ڕازاندۆتەوە بۆیان لە ڕابوردوداو وادەزانن لە داهاتووشدا هەر لە چاکە خوازانن وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾[1] واتە: وە هەر کەس پشت لە یادی خوا هەڵکات شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەن کە هەمیشە لە گەڵی بێو لێی جیا نەبێتەوە، وەبێگومان ئەوانە (شەیتانەکان) لە ڕێگای ڕاست بەرگرییان دەکەن واش دەزانن بێگومان هەر ئەوانن ڕێنووێن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾ واتە: بەڵێنی خودا هاتە جێو سزا دران وەك گەلەکانی پێش ئەمان چۆن سزادران لە مرۆڤو جنۆکە ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ واتە: ئەمانو ئەوانیش توشی زیانو لە ناوچون هاتن.

خوانەناسان یەك ئەوەی تریان ئاگادار دەکات کە گوێ بۆ قورئان نەگرن ،سزای ئەو کارەشیان ئەبێ چی بێت ؟

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ خوانەناسەکان گوتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن، بەشکوو بەسەریدا سەر دەکەون یانی: دنەی یەکتریان دا گوێڕایەڵی قورئان نەکەنو شوێنی نەکەونو فەرمانەکانی بەجێ نەهێنن، ﴿وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ﴾ واتە: کاتێ خوێنرا گوێی بۆ نەگرن، وەك موجاهید دەڵێت: ﴿وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ﴾ واتە: دەست بکەن بە قیڕەقیڕو فیکەلێدانو هاوهو کردن کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) ، قورئانی ئەخوێنێت، ئەمە کاری قورەیشیەکان بوو، ﴿لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ ئەمە حاڵو ڕەوشتی ئەو نەفامو

---

[1] الزخرف (٣٦_٣٧).

خوانەناسانە بوو وە هەر کەسیش ڕێو پێی ئەوانی گرتووە لە کاتی گوێگرتنی بۆ قورئان، بۆیە خـودای مەزن فەرمانی داوە کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە خاوەن باوەڕان کاتێ قورئان خوێنرا گوێ بیستی بـنو بێدەنگ بـن وەك فەرمویـەتی: ﴿ وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾[1] واتـە: وە کاتێك کە قورئان خوێندرا دەبێ گوێی لێ بگرنو بێ دەنگیش بن بۆ ئەوەی خوا میهرەبانیتان لەگەڵ دا بکات. پاشان خودای گەورە پشتگیری لە قورئان کردووەو تۆڵەش لەو کەسانە دەسێنێ کە دژایـەتی دەکەن لـە گـرۆی خوانەناسـان دەفـەرمووێت: ﴿فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ سا مەرج بێ ئەو کەسانەی خوانەناس بوون، لە ئێمەوە جەزرەبەی دژوار بچێژن، لەوەی دەیانکرد، خراپتر ئازاریان دەدەین، ﴿فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَذَابًا شَدِيدًا﴾یانی: لە باتی ئەو کارەی کە دەربارەی قورئان کردیان لـە کـاتی بیستندا ﴿وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ واتـە: سـزای تونـدو تیژی دەدرێ بە هۆی ئـەو هەڵسوکەوتە خـراپو ناپەسـندانەیانەوە. ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ سزای دوژمنانی خودا هەر ئەمەیە، لە سۆنگەی حاشـاکردنیان لـە نیشانەکانی ئێمە، ئاگری لە بن نەهاتوو شـوێنیانە، ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴾ خوانەناسـەکان وتیـان: ئـەی پـەروەردگاری هەمووممان! ئەو دوو کەسەمان نیشان بدە لە جنۆکـەو مرۆڤـە. کـە ڕێیـان لـە ئێمـە گـۆڕی، تـاژێر پـای خۆمانیان بدەین تا لە ژێری ژێرەوە بن.سوفیان لـە عـەلی یـەوە (ڕەزای خـوای لێ بێـت)ئەگێڕێتـەوە لـە تەفـسیری ﴿ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا﴾دا فەرمویـەتی:ئەودوانـە شـەیتانو کوڕەکـەی ئـادەمن کـە براکـەی خـۆی کوشـت.[2] سـودی دەڵێـت: لـە عەلیـەوە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) چـونکە هـەموو بتپەرستێ بـە هـۆی شەیتانەوە بۆتە بتپەرست وە هەموو تاوانکارێکی گەورەش ئەو کوڕەی ئادەم بۆتە سـەر مەشق بـۆی. لەبەر ئەوە شەیتان سەرچاوەیە بۆ هەموو خراپەیەك لە شەریك دانانەوە بۆ خودا هەتا دوایـی.هـەروەها یەکەم کوڕی ئادەمیش[3] وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە (هیچ کەسێ بەناهەقی نـاکوژرێ مـەگین یەکەم کوڕی ئادەم بەشێکی هەیە لە خوێنەکەیدا. چونکە یەکەم کەس بووە کـە کوشـتنی داهێنـاوە).[4]

---

[1] الاعراف (٢٠٤).

[2] الطبري (٢٢/٤٦٢).

[3] الطبري (٢٢/٤٦٢).

[4] فتح الباري (٦/٤١٩).

﴿نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا﴾ واتە: لە خواری ئێمەوە بن لە جەزرەبەدا بۆ ئەوەی لە ئێمە زیاتر سزا بچێژن. بۆیە گوتویانە ﴿لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ﴾ واتە: با لە ژێری ژێرەوە بن لەناو ئاگردا وەك لە سورەتی (الاعراف) لە پێشەوە باسی کرا کە شوێنکەوتووانی ستەمکاران داوا دەکەن لە خودای مەزن کە سزای سەرکردەکانیان زۆر توندترو زیاتربێ لەوان ﴿قَالَ لِكُلٍّ ضِعۡفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ﴾[1] واتە: بۆ هەر کامتان (سزا) دوو بەرامبەرە بەڵام ئێوە نازانن‌و بێ ئاگان. واتە: بێ گومان خودای مەزن هەر کەس شایستەی چ سزایەك بێ بەو پێیە سزای دەدات‌و تۆڵەی لێ دەستێنێ وەك لە ئایەتێکی تردا فەرمویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابًا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ﴾[2] واتە: ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون‌و بەرگری خەڵکیشیان کردووە لە ڕێگەی خوا جگە لە سزاکەی خۆیان سزای تریان بۆ زیاد دەکەین لەبەر ئەوەی کە خراپەکاریان دەکرد.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنۡ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾

مژدە بۆ یەکخوا پەرستان ئەوانەی کە لە بەڵێنی خۆیان لایان نەداوە

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ﴾ ئەوانەش کە وتوویانە: پەروەردگارمان خودایەو لە گفتیان لایان نەداوە، فریشتە دێنە لایان‌و پێیان ئەڵێن: نە بترسن، نە خەم بخۆن، مژدەتان بێ گەیشتوونەتە ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پێدراوە، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ﴾یانی: ئەوانەی کە گوتویانە پەروەرندەمان خودایە بە دڵپاکی کاردەکەن‌و ئەوەی خودا فەرمانی پێکردون پێی هەڵدەسن، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردوە لە سەعیدی کوڕی عیمرانەوە وتی: لەلای ئەبو بەکری سدیقدا (ڕەزای خوای لێبێت) ئەم ئایەتەم خوێند: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ﴾ وتی: ئەو کەسانەن کە لە هیچ شتێکدا هاوەڵیان بۆ خودا دانەناوە.[3] هەروەها ڕیوایەتی

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] النحل (٨٨).

[3] الطبري (٢١/٤٦٤).

کردوه له فەرموودەکەی ئەسوەدی کوڕی هیلالدا ئەڵێ : ئـەبو بـەکری سـیدیق (ڕەزای خـوای لێبێـت) وتی: ئێوه چی ئەڵێن لەمانای ئەم ئایەتەدا ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾ دەڵێـت: وتیـان: ﴿قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾ له گوناه کردن وازیان هێنا. ئەبو بکر (ڕەزای خوای لێبێت) وتـی: بـەو شێوەیه مانایـەکتان لـێ دەرهێنـاوه کـه ئایەتەکـه هـەڵیناگرێت ، ئەوانـه ئـەڵێن : پـەروەردگاری ئێمـه تەنیاهەرخوایه ئیتر دوای خـوا ڕوویـان لـه هـیچ پەرسـتراوێك نـەکردوه.[١] هـەر بـەو شـێوەیه موجاهیـدو عیکرمەو سودیو کەسانی تـریش وتویانـه.[٢] ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردوه لـه سـوفیانی کـوڕی عبـدالله ی سەقەفییەوه دەڵێت: (وتم) ئـەی پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) باسـی شـتێکم بـۆ بکـه کـه هانـای پـێ ببـەم (دەستی پێوه بگرم) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بڵێ خودا پەروەردگاری منەو له قسەی خۆت لامەدە) وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) له چ شتێ زیاتر لێم دەترسی؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەسـتی گـرت بەلایەکی زمانی خۆیەوه پاشان فەرمووی: (ئەمه)[٣] هەر بەم شێوەیه تیرمیزیو ئیبنو ماجـه ڕیوایـەتیان کـردوه، تیرمیـزی دەڵێـت: فەرمودەیـەکی(حـسن صـحیح)ە[٤]، موسـلم لـه صـەحیحەکەیدا هێناویـەتی نەسائیش له سوفیانی کوڕی عبدالله ی سـەقەفییەوه ڕیوایـەتی کـردوه دەڵێـت: وتم: ئـەی پێغەمبـەری خودا(ﷺ) قسەیەکم پێ بڵێ له بارەی ئیسلامەوه، دوای تـۆ پرسـیار لـه کـەس نەکـەم لـەو بارەیـەوه، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (قل أمنت بالله ثم استقم) پاشـان تـەواوی فەرمودەکـەی بـاس کـرد.[٥]

﴿تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ﴾ موجاهیدو سودیو زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێن: واتـه لـەکاتی مردنـدا دێنـه سـەری ئـەڵێن: ﴿أَلَّا تَخَافُواْ﴾[٦] نـه بترسـن. موجاهیـدو عیکریمـەو زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم دەڵێن:مەبەست ئەوەیه مەترسن له ئەوەی کـه دەچـنو پێـی دەگـەن لـه ڕوداوەکانی ڕۆژی قیامـەت.[٧]

﴿وَلَا تَحْزَنُواْ﴾ دڵگرانیش مەبن لەوەی که بەجێتان هێشتووه له کاروباری دنیا له ماڵو منداڵو کەسو کارو قەرزاری، ئێمه جێتان پڕدەکەینەوه تیایدا، ﴿وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ مـژدەیان دەدەنێ به نەمانی خراپەو وەدەسهێنانی چاکه ،ئەمـه وەك لـه فەرمودەکـەی بەرائـدا هـاتووه (ڕەزای

---

[١] الطبري (٢١/٤٦٤).

[٢] الطبري (٢١/٤٦٥).

[٣] أحمد (٣/٤١٣)، فەرموودەیەکی سەحیحه.

[٤] تحفة الأحوذي (٧/٩١)، ابن ماجه (٢/١٣١٤)، فەرموودەیەکی سەحیحه.

[٥] مسلم (١/٦٥).

[٦] الطبري (٢١/٤٦٦)، القرطبي (١٥/٣٥٨).

[٧] الطبري (٢١/٤٦٧).

خوای لێبێت) فەرمویەتی: (فریشتەکان بە گیانی خاوەن باوەڕ ئەڵێن: ئەی گیانە پاکەکە بێرە دەرەوە لەو لاشە پاکە کە تۆ ئاوەدانت کردووە دەرچۆ بۆ شوێنی حەوانەوەو ئارامیو بۆ لای پەروەردگارێك کە تورە نیە)[1]. ئەڵێن: فریشتەکان ڕۆژی دەرچونیان لە گۆڕەکان دێنە لایان. زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: فریشتەکان مژدەی دەدەنێ لە کاتی مردنداو لە ناو گۆڕەکەیداو لە کاتی زیندوبونەوەشدا. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە، ئەم ڕایە هەموو ڕاکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوەو قسەیەکی زۆر چاکەو لە جێی خۆیدایە. خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾ ئێمە (لە دنیاو لە قیامەت) دۆستی ئێوەین، لە بەهەشتدا هەر شتێ ئارەزووی بکەنو چی بخوازن، ئامادەیە. ﴿ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾ واتە: فریشتەکان ئەڵێن بە خاوەن باوەڕەکان لە کاتی مردندا ئێمە دۆستی ئێوە بوین لە ژیانی دنیادا یارمەتیمان دەدانو ڕاستەڕێمان نیشان دەدانو دەمانپاراستنو کار ئاسانیمان بۆ دەکردن بە فەرمانی خودا. هەر بەهەمان شێوە لە گەڵتان دەبین، سامناکی گۆڕتان لا سوك دەکەینو لە کاتی فوکردن بە کەڵەشاخیشداو لە کاتی زیندوبونەوەو وەستان لە قیامەتیشدا دەتانپارێزینو بەسەر پردی سیراتیشدا دەتانپەڕێنینەوەو دەتانگەیەنینە بەهەشتو خۆشی. ﴿وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ﴾ واتە: لە بەهەشتدا لەو هەموو شتەی کە بەئارەزووی خۆتان داوای دەکەن دەبینن ئامادەیە بۆتان ﴿وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾ واتە: هەر شتێ داوابکەن بۆتان ئامادە دەکرێ وا لەبەر دەستاندا بە ئارەزووی خۆتان. ﴿ نُزُلٗا مِّنۡ غَفُورٖ رَّحِيمٖ ﴾ واتە: ڕێزلێنانە لە لایەن لێبوردەی دلۆڤانەوە میوانداریو بەخششو بەهرەیەکە لەو خودایەی کە خۆش بووە لە گوناهەکانتانو دلۆڤانو بەسۆزە بۆتان. وەك چۆن لە دنیادا تاوانەکانی پۆشیونو بە سۆزو بەزەیی بووە لەگەڵتان.

﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾

---

[1] احمد (٢٨٧/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

پلەی بانگ کردن بۆلای خوا

خـــوای مـــەزن دەفـــەرموویت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ کێ لەو کەسە قسەی بەڕێو جێ ترە، کە بەرەو خوا بانگەواز دەکاتو خۆشی ئاکاری پەسەندەو دەڵێ: منیش یەکێ لە موسڵمانانم؟ ﴿دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: بانگی بەندەکانی خـودا بکـات بـۆ لای خودا ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾یانی: ئەو کەسە خۆی بۆ خـۆی ڕێـی نیشاندراوە، چونکە ئەوەی دەیڵێت سودی بۆ خۆیو خەڵکی تـریش هەیە، خـۆی سـودمەندەو خـەڵکیش سـودمەند دەکات، ئەو کەسە لەو پیاوانە نیە کە فەرمان دەدا بەچاکەکردن خۆی پێـی هەڵناسـێ، بـەڵکو فـەرمان دەکات بەچاکەو دوور دەکەوێتەوە لە خراپە، بانگی خەڵکی دەکات بۆ لای خودا کە وەدی هێنەریـەتی، ئـەم ئایەتـە بـۆ هـەموو کەسێکە کـە بـانگی خـەڵکی بکـات بـۆ چاکەو چاکەخوازی هـەموو کەسـێ دەگرێتەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هـەموو کەسـێ لـە پێـشترە بـەو بانگەوازە وەك محمدی کـوڕی سیرینو سودیو عبدالرحمنی کوڕی زەیدی کـوڕی ئەسـلەم وتویانـە:[1] وتـراوە: مەبەسـت بـەم کەسـانە ئەوبانگ وێژە بۆخوا سوڵحاوانەیە کەبانگ ئەدەن. وەك لـە سـەحیحی موسـلیمدا هـاتووە (بـانگ وێـژان گەردن بەرزترینی کەسن لە ڕۆژی قیامەتدا)[2] وە لەسوننەکاندا بەمـەرفوعی هـاتووە: (پێـشەوا کەفیلـەو بانگوێژتیش جێی بڕوایە خودای گەورە ڕێنمایی پێشەوایانی کردوەو لە بانگ وێـژانیش خـۆش بـووە)[3] ڕاستتر وایە کە ئەم ئایەتە گشتگیرە بانگ وێژو غـەیری بـانگ وێـژیش دەگرێتـەوە، لەبەرئـەوەی کـاتی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـە بـانگ نـەدەدرا، چـونکە ئـەم ئایەتـە لـە مەککـەدا هاتووەتـەخوارەوەو بانگدانیش لە مەدینە فەرمانی لە سـەر دراوە دوای کـۆچ کردنـی پێغەمبـەر(ﷺ) (کـاتێ عبـدالله کـوڕی عبدڕەبەی ئەنساری (ڕەزای خوای لێبێت) لە خەویدا بانگدانی نیـشان درا، بـۆ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەری (ﷺ) فـەرمانی پێکـرد، بـیلال فێـر بکـات (ڕەزای خـوای لێبێـت) چـونکە بـیلال دەنگی چاکترەو بەرزترە، کەوایە ڕاستتر ئەوەیە کە بانگەواز بـۆ لای خـودا گـشتگیرە، وەك عبـدالرزاق دەڵێت لە موعەمەرەوە لە حەسەنی بەسریەوە کە ئـەم ئایەتـەی خوێنـد: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ دەڵێـت:ئـەم کەسـە خۆشەویـستی خودایـە، ئـەوە خۆشەویستترینی خەڵکی سەر زەمینە لەلای خوا، چووە بەدەم بانگەوازی خواوە کـاتێ بـانگی دەکات

[1] القرطبي (١٥/٣٦٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (١/٢٩٠).

[3] ابو داود (١/٣٥٦)، تحفة الأحوذي (١/٦١٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

وبانگی خەڵکیشی کردوە بۆ سەر ئەو بانگەوازە، ئاکاری پەسەندیشی کردووە لەم وەڵامدانەوەیەدا و ئەڵێ منیش یەکێ لە موسوڵمانانم، ئەوە خەلیفەی خودایە.[1]

کارزانی لە بانگەوازو شتی تریشدا

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ چاکەو خراپە بەرانبەر نین، تۆ هەمیشە وەڵامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ﴾ جیاوازێکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان چاکەو خراپەدا ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ واتە هەر کەسێ خراپەی لەگەڵ کردی تۆ بەچاکە وەڵامی بدەرەوە، وەك عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) وتی:تۆ تۆڵەت نەسەندەوە لە کەسێك کە سەرپێچی خودای کردبێ بەرانبەرت، بە ئەندازەی ئەوەی کەتۆ فەرمانی خودا بەجێ دێنیت لەبەرانبەر ئەودا ، ﴿فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ وەختێ چاکە دەکەی لەگەڵ کەسێکدا کە خراپەی لەگەڵ کردووی، ئەو چاکە پاڵی پێوە دەنێ کە ببێتە دۆستی نزیکتو تۆی خۆش بوێو دڵی هەمیشە لە لات بێ، هەتا وای لێ دێ کە دەبێتە برای گیانی بە گیانی بۆت، زۆر نزیك دەبێت لێتەوەو هەوڵ دەدات چاکەت لەگەڵ بکات، پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ ئەو کارەش هەر تووشی کەسانێك دەبێ کە ئەتوانێ خۆڕاگربێ، هەر کەسیش ئەو ئاکارەی تووش بێ، دیارە فرە بەختەوەرە واتە: ئەم ئامۆژگاریەش کەسێ وەری دەگرێو کاری پێدەکات کە توانای خۆڕاگرتنی هەیە لەسەری، چونکە وەڵامدانەوەی خراپە بە چاکە زۆر لەسەر دڵ گرانە، ﴿وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ هەر کەسێکیش بتوانێ وا بکات دیارە خاوەنی بەشێکی زۆرە، زۆر بەختەوەرە لەدنیاو لە قیامەتدا، عەلی کوڕی ئەبو تەلحەئەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: خودای مەزن فەرمان دەکات بە خاوەن باوەڕان خۆڕاگرین لە کاتی توڕەبووندا، لەسەرخۆ بن لە کاتی هەڵە کردندا، لێبوردە بن لە کاتی خراپەکردندا بەرامبەریان، ئەگەر وایان کرد خودا لە شەیتان دەیانپارێزێ، دوژمنانیان بەر فەرمانیان دەبن وەك دۆستی نزیك،[2] خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ هەر وەختێ لە شەیتانەوە دوچاری خەیاڵاتێك بووی. گورج پەنا بە خوا

---

[1] عبدالرزاق (٢/١٨٧).

[2] فتح الباري (٨/٤١٨).

بەرە، کە خۆی بیسەرو زانایە واتە: شەیتانی مرۆڤ لەوانەیە هەڵخەڵەتێ بە چاکەکردن لەگەڵیدا، بەڵام شەیتانی جنۆکە کاتێ دڵی کرمین کرد چاری نیە مەگین بە هانابردنە لای ئەو خودایەی کە زاڵی کردووە بەسەرتدا، کاتێ هانات برد بۆ خوداو خۆت دایە دەستی خودا، لە کۆڵتی دەکاتەوەو لێت دووردەخاتەوە، هەر کاتێ پێغەمبەر هەڵسایە بۆنوێژ دەیفەرموو: (هانا دەبەم بۆ خودای بیسەرو زانا لە شەیتانی دورخراوە لە بەزەیی خودا، لە دڵە ڕاوکەو دنەدان و فوتێکردنی شەیتان)[1] لە پێشەوە باسمان کرد کە ئەم پلەیە وێنەی نیە لە قورئاندا مەگین لە سورەتی (الاعراف)دا کە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾[2] واتە: دەست بگرە بە لێبوردەییەوە و(چاوپۆشی بکە) فەرمانیش بدە بە چاکەو چاکە کردنو ڕوو وەرگێڕە لە نەفامانو نەزانان وە ئەگەر خەتەرو خەیاڵو وەسوەسەیەکت بۆ هات لە لایەنی شەیتانەوە. یەکسەر پەنا بگرە بە خوا ،بە ڕاستی هەر ئەو بیسەری زانایە، وە لەسورەتی (المؤمنون)دا: ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴾[3] واتە: بە جوانترینو چاکترین شێوە بەرگری بکە لە خراپە ئێمە ئاگادارترین لەوەی ئەوان دەیڵێن (بە خۆتو ئاینەکەت) وەبڵێ ئەی پەروەردگارم پەنا دەگرم بە تۆ لە خەتەر (وپاڵنەر)و وەسوەسەی شەیتانەکان، وە پەنات پێدەگرم لەوەی (شەیتانەکان) ئامادە بن لام (سەرم لێ بشێوێنن).

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾

لە نیشانەکانی خودای مەزن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ شەو ڕۆژو خۆرو مانگیش لە

---

[1] احمد (٢٥٣/٥)، لە پێشەوە پقلەکەی دیاری کراوە.

[2] الاعراف (١٩٩_٢٠٠).

[3] المؤمنون (٩٦_٩٨).

نیشانەکانی ئەون، نە بەرەو خۆر سوژدە بەرن، نە بەرەو مانگ، سوژدە بۆ خودایەك بەرن کە ئەوانی وەدی هێنا، ئەگەر هەر ئەو دەپەرستن خودای گەورە بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوە لەسەر دەسەلاتی خۆی کە بێ وێنەیەو توانای هەیە بەسەر هەر شتێکدا مەیلی لێبێ، ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ﴾ واتە: وەدی هێنەری شەوو تاریکایەکەیەتی وەدی هێنەری ڕۆژو ڕوناکیەکەیەتی، کە هەردووکیان بە دوای یەکتردا دێن‌و جیا نابنەوە لە یەك، خۆرو ڕوناکی‌و پەرشەی‌و مانگ‌و تروسکەکەی، هەریەکە لە بازنەی خۆیاندا، دێن‌و دەچن لە ئاسماندا.، مانگ بەجۆرێ، خۆر بەجۆرێ، بۆ ئەوەی بەو گۆڕانکاریەی مانگ‌و خۆر ئەندازەی شەو ڕۆژو (جومعەکان) مانگ‌و سالٚ بزانرێ، سالانەی ئەو حەقانەی خودا دایناوەو کاتی عەبدەکان‌و کڕین‌و فرۆشەکان دیاری بکرێ و دەرکەوێ، پاشان لەبەر ئەوەی خۆرو مانگ دیارترین ئەستێرەن لە جیهانی سەرەوەو خوارەوە کە دەبینرێت، خودای گەورە ئاگاداری داوە کە هەردووکیان دروستکراوو بەندەی ئەون لە ژێر دەسەلاتی ئەودان‌و ژێربارن، بۆیە ئەفەرموێت: ﴿لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ﴾ واتە: هاوەلٚ بۆ خودا دامەنێن، چونکە ئەو عیبادەتەی دەیکەن بۆ خودا لەگەلٚ ئەوانەی دەیکەن بە شەریکی خودا هیچ قازانجێکتان پێ ناگەیەنێ، بێگومان خودا خۆش نابێ لە هاوەلٚ دانان بۆی، بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَإِنِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ﴾ ئەگەر ئەوان فیزیان نواند، ئەوانەی لای پەروەردگارتن (بە شەوو ڕۆژ) هەر پەسندی ئەو دەدەن‌و (بێزار) نابن، ﴿فَإِنِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ﴾ یانی ئەگەر: فیزیان نواندو هەر هاوەلٚیان بۆ خودا داناو بە تەنیا نەیانپەرست، ﴿فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ﴾ یانی: فریشتەکان ﴿يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ﴾ وەك ئەم ئایەتەی خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾[1] واتە: جا ئەگەر ئەوانە (قورەیش) بڕوای پێ نەهێنن ئەوە بێگومان بە دەستەیەکی ترمان سپاردوە (چاودێری بکەن‌و) بێ بڕواش نابن پێی. وە دەفەرموێت: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلۡأَرۡضَ خَٰشِعَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡۚ إِنَّ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاهَا لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰٓۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾ لە نیشانەکانی ئەوە زەوی دەبینی مات بووەو هەستی لەبەردا نەماوە، هەر کاتێ بارانمان لێ باراند، (کیف دەکات) دەبوژێتەوە، گیان بەبەر مردوشدا دەکات، خودا توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە

[1] الانعام (٨٩).

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ واتە: لە نیشانەکانی دەستەڵاتی خودا لەسەر زیندووکردنەوەی مردو ﴿أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً﴾ واتە: تۆ زەمین دەبینی مات بووەو تواناى نەماوە، گیاو گژەی تێدا نەماوەو مردوە ﴿فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾ کەبارانمان باراند بەسەریدا ئەکەوێتەجووڵەو کیف دەکات یانی: هەموو جۆرە ڕووەكو کشتوکاڵو بەروبومێك لێی دێتەدەرو دەڕوێت ﴿إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: ئەوەی زەوی زیندو دەکاتەوە، مردوویش زیندو دەکاتەوەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾ ﴾

سزای خوانەناسان و وەسفی قورئان

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ ئەوانەی کە سەبارەت بە نیشانانمان لەڕێگە لائەدەن ،ناتوانن خۆیان لە ئێمە بشارنەوە. ئاخۆ کێ لە کێ چاکترە؟ ئەو کەسەی دەخرێتە ئاگر، یان ئەو کەسەی ڕۆژی قیامەت بێ ترس دێ؟ چی خۆتان حەز دەکەن بیکەن، ئەو لە هەرچی ئێوە دەیکەن چاوەدێرە ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا﴾ ئیبنوعەباس دەڵێت: (الالحاد) (بێ دینی) یانی: دانانی قسەیەك کە جێی خۆیدا نەبێ،[1] قەتادەو کەسانی تریش دەڵێن: (ئیلحاد) واتە: بێ دینیو کەللەڕەقی ﴿لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ﴾ هەڕەشەو بەڵێنی توندی تێدایە. واتە: خودای گەورە ئاگای لەو کەسانەیە کە بڕوا بە نیشانەکانو ناوەکانو سیفەتەکانی خودا ناکەنو خۆیانی لێ لادەدەن، سزایان دەدات لەسەر ئەو خوانەناسیە زۆر بەتوندی، بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ یانی: ئاخۆ ئەم دوو کەسە وەك یەکن؟ نەخێر وەك یەك نین، پاشان خودای گەورە هەڕەشەی توند لە خوانەناسان دەکاتو دەفەرمووێت: ﴿ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ﴾ چی حەز لێدەکەن بیکەن! موجاهیدو زەححاکو

---

[1] الطبري (٢١/٤٧٨).

عەتای خۆراسانی دەڵێن: ﴿اَعْمَلُواْ مَا شِئْتُمْ﴾ هەڕەشەیە.[1] واتە: هەرچی دەکەن لە چاکەو خراپە خودا ئاگای لێتانەو چاودێرە بەسەرتانەوە. بۆیە فەرمویەتی: ﴿إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ پاشان خودای مەزن ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ﴾ ئەو کەسانەی ئەو کاتە قورئانیان بۆ هات، دژی وەستانو بڕوایان پێ نەهێنا، کتێبێکی زۆر بەرزو جێگەی ڕێزە زەححاكو سودیو قەتادە ئەڵێن:یانی قورئان.[2] ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ﴾ واتە: پارێزراوە هیچ کەس ناتوانێ وێنەی قورئان بێنێ، ﴿لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ پڕوپوچ لە ڕووی ناوەستێ، (چ ڕووبەڕو، چ پاشملە) ئەمە کارزانێك ناردوویە کە هەر دەبێ پەسنی بدرێ یانی : پڕوپوچ ڕێی نیە ڕووی تێبکات، چونکە لەلایەنی پەروەردگاری جیهانەوە ڕەوانەکراوە، بۆیە خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ واتە: کارزانە لە کردارو گفتاریداو سوپاس کراوە لە گشت ئەوانەی کە فەرمانی پێ دەکاتو قەدەغەی دەکات. پاشان دەفەرمووێت: ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەوانەی کە بە تۆی ئەڵێن: بە پێغەمبەرانی پێش تۆش هەر وتراوە. پەروەدگارت بێگومانە کە دەتوانێ گوناهکاران عافوو بکاتو بۆشی هەیە ئازاری بەژانیان بدات ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾ قەتادەو سودیو کەسانی تریش وتویانە: واتە: ئەوەی کە بە تۆ دەوترێ بە پێغەمبەرەکانی پێش تۆش وتراوە، وەك چۆن بڕوا بە تۆ ناکەن بڕوایان بەوانیش نەکردووە، کەواتە چۆن ئەوان خۆڕاگر بوون بەرانبەر گەلەکەیان تۆش خۆڕاگربە لەسەر ئازاردانی هۆزەکەت بۆت.[3] ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ﴾ واتە: پەروەردگارت لێبوردەیە بۆ ئەوانەی کە پەشیمان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە ﴿وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ﴾ واتە: تۆڵەش دەسێنێ لەوانەی کە بەردەوامن لەسەر خوانەناسیو سەر پێچیو لاساریو دژایەتی خوادەکەن.

﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَا۬عْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدًى وَشِفَآءٌ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ وَلَقَدْ

[1] الطبري (٢١/٤٧٨).

[2] الطبري (٢١/٤٧٩).

[3] الطبري (٢١/٤٨١).

ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾ ﴾

نكولی كردنی قورئان لاساریو سەرەڕۆییە

خودای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾ گەر ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردایە، دەیانگوت: چۆن ئایەتەكانی ڕوون نەكراوەتەوە؟ خۆی عەرەبەو نیشانەكانی عەجەمین؟ بڵێ ئەمە بۆ كەسانێكە باوەڕیان پێ هێناوە، ڕێبەرو چارەی دەردەكانە. ئەوانەی بڕواشی پێ ناكەن، گوێ گرانن لە بیستنو چاویان لە دیتنی كوێرە، هەر ئەڵێی لە جێی دورەوە بانگ دەكرێن. كاتێ كە خودای گەورە باسی ڕەوانبێژیو جوانی ووتەو ماناو بڕیارەكانی قورئانی كرد بۆیان، موشریكەكان بڕوایان پێ نەكرد، خودای مەزن پێغەمبەرو موسوڵمانان ئاگادار دەكاتەوە كە بێ دینی ئەمانە بەهۆی لاسارییو بێ گوێیەوەیە، وەك خودای مەزن لە ئایەتێكی ترا فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ ﴿١٩٨﴾ فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾ [1] هەر بەو شێوەیە گەر هەموو قورئان بە زمانی عەجەمی ڕەوانە بكرایە هەر بەلاسارییو بێ گوێی دەیانوت: ﴿لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ﴾ واتە: دەیانوت: خۆزگە بە شیكراوەیی بە زمانی عەرەبی ڕەوانەبكرایە، جەختیان لەسەر ئەو قسە دەكردەوەو دەیانوت: خۆی عەرەبەو ئەوەی هێناویەتی عەجەمیە؟ واتە: چۆن دەبێ قورئانێكی عەجەمی ڕەوانە بكرێ بۆ كەسێكی عەرەب كە لێی تێناگات؟ ئەم مانایە هەر بەو شێوەیە لە ئیبنو عەباسو موجاهیدو عیكریمەو سەعیدی كوڕی جوبەیرو سودییو كەسانی تریشەوە ڕیوایەت كراوە.[2] پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەم قەرئانە بۆ ئەوانەی كە باوەڕیان پێ هێناوە ڕێ نیشاندەرو دەوای دەردانە بۆ دڵان لە گومانو دڵە ڕاوكێ، ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ﴾ واتە: ئەوانەشی كە تێی ناگەن گوێیان كەڕە(﴿وهوعليهم عمى﴾ واتە: چاویان كوێرەو ڕێ دەرناكەن تا لەسەر ڕووناكی قورئان بڕۆن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ

---

[1] الشعراء (١٩٨ـ١٩٩).

[2] الطبري (٢١/٤٨٢).

ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[1] واته: وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە هۆی شیفاو میهرەبانیە بۆ بڕواداران بەڵام (هاتنی ئەم قورئانە) بۆ ستەمکاران هیچ زیاد ناکات بۆیان بێجگە لە خەسارەتمەندی. ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ﴾ موجاهید دەڵێت:ئەم قورئانە لە دڵیانەوە دوورە.[2] ئیبنو جەریر دەڵێت: واتە: وەك ئەوەوایە ئەو کەسانە یەکێ قسەیان لەگەڵ دەکات لە شوێنێکی زۆر دوورەوەکە تێ ناگەن لەوشتانەی بۆیان باس دەکرێ.[3] منیش دەڵێم ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءٗ وَنِدَآءٗۚ صُمُّۢ بُكْمٌ عُمْيٞ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾[4] واتە: وە نموونەی ئەو بێبڕوایانە وەك یەکێك وایە کە هاوار لە ئاژەڵێك بکات تەنها دەنگو هاوارەکە نەبێ هیچ نابیستێ ئەمانە کەڕنو لاڵن (لە وتنی قسەی دروست)و کوێرن (لە بینینی ڕێی ڕاست) بۆیە تێ ناگەنو ژیر نین.

(ئامارژەکردن بۆچاو کردن لەموسا)

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْۚ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكّٖ مِّنْهُ مُرِيبٖ﴾ کتێبیشمان دابە موسا، کە لەسەری کێشە کرا. خۆ ئەگەر پەروەردگاری تۆ پێشتر گفتی نەدابا، بە کاریان ڕادەگەیشت بێگومان ئەوانە لێی دوو دڵنو بەدگومانن ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ﴾یانی: ئەو ڕاستیەشمان ڕەوانە کرد بۆ موسا کەچی خەڵکی بڕوایان پێ نەکردودەستیان دایە ئازاردانی ﴿فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾[5] واتە: کەواتە خۆگریە ئەی محمد (ﷺ) هەروەکو پێغەمبەرانی خۆڕاگری بەهێز دانیان بەخۆدا گرت. ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ ﴾ واتە: ئەگەر پەروەرینی تۆ پێشتر بڕیاری نەدایە، لێ پرسینەوەیان دوا بخات بۆ ڕۆژی قیامەت ئەوە سزای دەدانو لە ناوی دەبردن ﴿لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾یانی: زۆر بەزوویی تۆڵەی لێ دەسەندن بەڵام خودای گەورە کاتێکی بۆ دیاری کردوونو دەربازبوونیان نیەو ڕزگار نابن ﴿وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكّٖ مِّنْهُ مُرِيبٖ﴾ واتە: ئەو بێباوەڕیەیان لە شارەزاییەوە نەبو بەڵکو دوو

[1] الاسراء (٨٢).
[2] الطبري (٤٨٥/٢١).
[3] الطبري (٤٨٤/٢١).
[4] البقرة (١٧١).
[5] الاحقاف (٣٥).

دڵو بەدگومان بوون هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نەبو لەسەر ئەوەی کە دەیانوت: ئیبنو جەریریش هەر وای وتووەو رایەکی گونجاوە.[1] والله اعلم.

هەر کەسەو بە پێی کردەوەی خۆی پرسیاری لێ دەکرێتو پاداشت دەدرێتەوە

خـوای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾ هەر کەسێ کاری چاك دەکات بۆ خۆی دەکاتو، کەسێکیش خراپە دەکات، لە دژی خۆی کردوویەتی پەروەرنـدەت غـەدر لـە عەبـدانی ناکـات، ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ﴾ هـەر کەسـێ چـاکە دەکـات قازانجەکـەی بـۆ خـۆی دەگەرێتـەوە، ﴿وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ﴾ هـەر کەسـیش خراپـە دەکـات زیـانی ئـەو خراپەیە بۆ خۆیەتی، ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾ واتە: خودا ناهەقی لە بەندەکانی ناکات، تۆڵـەش لـە کەس ناسێنێ لەسەر گوناهی خۆی نەبێ، سزای کەسیش نادا هەتا بەڵگەی روونی نەداتێو پێغەمبـەری بۆ رەوانە نەکات.

﴿ ۞ إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴿٤٧﴾ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾ ﴾

تەنیا خودا دەزانێ رۆژی قیامەت کەی دێت

خـودای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴾ رۆژی قیامـەت کەی دەبێ، ئەو دەیزانێ، بەروبومی هەموو رووەکێك کە لە شکۆفە دێتە دەرو هـەر مێینەیـەك ئاوسـەو چی لەسکیداو چی لێ دەبێ،هەر ئەو دەیزانی، ئەو رۆژەی کە خودا بانگیان لێ دەکات و(دەفـەرموێ)، شەریکەکانی من لە کوێن؟ دەڵێن هەواڵمان پێداوی و لای تـۆ دەی درکێـنن، کـەسمان ئاگامـان لێ نیـە.

پاشان خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ﴾ واتە: هیچ کەس نـازانێ رۆژی قیامـەت کـەی دێت غەیری خودا وەك پێغەمبەر کە بەرێزترینی مرۆڤە (ﷺ) فەرمووی بە جوبرەئیل (سـەلامی خـوای لێبێ) کە لە فریشتە بەرێزەکانە کاتێ کە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) لە بارەی هاتنی قیامەتـەوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (مـن لێپرسـراو نـیم لـەو بارەیـەوە، شـارەزاتر نـیم لـەو کەسـەی کە

[1] الطبري (٢١/٤٨٧).

پرسیارەکە دەکات).[1] وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَاهَآ﴾[2] واتە: زانینی ئەوە هەر لای پەروەردگارتە.وە دەفەرمووێت: ﴿لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ﴾[3] واتە: هیچ کەس ناتوانێ کاتەکەی ئاشکرا بکات جگە لەو. ﴿وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ﴾یانی: هەموو شتێ بە ئاگاداری خودایە لە زەمین‌و ئاسماندا بە ئەندازەی قورسی گەردیلەیەك لە خودا ون نابێ وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا﴾[4] واتە: وە هەر گەلایەك بکەوێتە خوارەوە خوا پێی دەزانێ. وە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ﴾[5] واتە: خوا دەزانێ مێینەیەك (لە منداڵدانیدا) چی هەڵگرتووە(کوڕ یان کچ) وە هەروەها دەزانێ منداڵدان چی لێ کەم دەبێتەوەو چی زیاد دەکات وە هەموو شتێ لای ئەو (خوا) ئەندازەی (دیاری کراوی) هەیە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾[6] واتە: وە هیچ تەمەن درێژکراوێ تەمەنی درێژ ناکرێ وە لە تەمەنی کەم ناکرێ مەگەر لە کتێبێکدا نوسراوە بە ڕاستی ئەم کارە بۆ خوا ئاسانە. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە موشریکەکان بانگ دەکات لەبەر چاو ئەو هەموو خەڵکە پێیان ئەڵێ کوان ئەوانەی کە ئێوە لەگەڵ من دەتان پەرستن؟ ﴿قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ﴾ واتە: دەڵێن هەواڵمان پێداوی ﴿مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ﴾ واتە: هیچ کەسێ لە ئێمە شایەتی نادا کە تۆ شەریکت هەیە. ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾ ئەو شتانەی لە پێشوودا جێگەی هاناو هاواریان بوون، لێیان گوم بوون‌و تێگەیشتون کە هیچ دەرەتانیان نیە ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ﴾ واتە: ئەوانەی کە بەتەمایان بوون بە هانایانەوە بێن، ڕۆشتن‌و قازانجیان پێ نەگەیاندن ﴿وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾ واتە: چاك تێ گەیشتن لە ڕۆژی قیامەت ﴿مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾

---

[1] فتح الباري (١/١٤٠).

٢ النازعات (٤٤).

[3] الاعراف (١٨٧).

[4] الانعام (٥٩).

[5] الرعد (٨).

[6] الفاطر (١١).

واتە هیچ پەنایەکیان نیە لە سزای خودا لایان بدات.﴿ وَرَءَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمۡ يَجِدُواْ عَنۡهَا مَصۡرِفٗا ﴾[1] واتە: وە تاوانباران ئاگری دۆزەخ دەبینن‌و هەموو دەزانن‌و دڵنیادەبن کە دەچنە ناوی وتێی دەکەون وە ڕێگایەکیان دەست ناکەوێ بۆ گەڕانەوە لەو (ئاگرە).

﴿لَّا يَسۡـَٔمُ ٱلۡإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلۡخَيۡرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٞ قَنُوطٞ ﴿٤٩﴾ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّجِعۡتُ إِلَىٰ رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلۡحُسۡنَىٰۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنۡ عَذَابٍ غَلِيظٖ ﴿٥٠﴾ وَإِذَآ أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٖ ﴿٥١﴾﴾

لە خۆگۆڕانی مرۆڤ وەختێ توشی خۆشیەك دەبێ دوای ناخۆشی

خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿لَّا يَسۡـَٔمُ ٱلۡإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلۡخَيۡرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٞ قَنُوطٞ ﴾ مرۆڤ هەرچەندە نزا بۆ شتی باش بکات، وەڕز نابێ، هەر کاتێ خراپەش تووشی هات، هیچ ئاواتێکی نامێنێ‌و نائومێدئەبێ، خودای گەورە باسی مرۆڤ دەکات کە ماندو نابێ لە پاڕانەوە لێی بۆ داواکردنی سامانی زۆرو لەش ساغی‌و منداڵی زۆرو شتی تریش، بەڵام کاتێ توشی بەڵایەك هات وەك هەژاری یا نەخۆشی، ﴿فَيَـُٔوسٞ قَنُوطٞ ﴾ واتە: بێ هیوا دەبن‌و وادەزانن هەرگیز لەو بەلاو نەخۆشی‌و لێ قەومانە ڕزگاریان نابێ ﴿ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّجِعۡتُ إِلَىٰ رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلۡحُسۡنَىٰۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنۡ عَذَابٍ غَلِيظٖ ﴾ ئەگەر لە پاش دەردو مەینەتیەك کە تووشی دێ، تامی خۆشیمان پێ چەشت، دەڵێ ئەمە لە خۆمەوەیەو باوەڕ ناکەم قیامەت رهەڵبسێت، خۆ ئەگەر بشمبەنەوە بۆ نزیك پەروەرندەی خۆم، سوور دەزانم پتر چاکەم لەگەڵ دەکات. جا ئەوانەی کافروبەدنەمەکن، لە هەر کارێ کردویانە خۆمان ئاگاداریان دەکەین‌و جەزرەبەی زۆر دژواریان پێ دەچەژین، ﴿ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي ﴾ واتە کاتێ توشی خۆشی‌و دەوڵەمەندی بوو دوای ئەو ناڕەحەتیەی کە تووشی هات، دەڵێ: ئەمە لە لێهاتووی خۆمەوەیەو مـن شایستەی ئەوەم کە خودا پێی داوم، ﴿وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ ﴾یانی: بڕوای بە ڕۆژی قیامەت نیە، لەبەر ئەوەی کە ڕێی پێدراوەو ئازادە لەناو ئەو هەموو نازو نیعمەتەدا فیزی خۆی زل دەکات‌و ماڵ بەبێ هودە سەرف دەکات‌و بێ دینی خۆی ئاشکرا دەکات، وەك

[1] الكهف (٥٣).

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴾[1] واتە: بە ڕاستی مرۆڤ یاخی ئەبێ، کە خۆی ببینێ وا دەوڵەمەند بووە. ﴿وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ﴾ واتە: خۆ ئەگەر قیامەتیش هەبوو، ئەوا لای خودا زیاتر چاکەم بۆدانراوە !، بە هیوایە لەگەڵ ئەم هەموو کردارە خراپەو بەدگومانییەی لە هاتنی ڕۆژی قیامەت، هەر خودا چاکەی لەگەڵ بکات. خودای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴾ خودای گەورە هەڕەشە دەکات لەو کەسەی ئا بەو شێوەیە کار دەکاتوبەو شێوەیە بیر دەکاتەوە لە سزای توندی خودا. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت ﴿ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾ وەختێ لەگەڵ مرۆڤ چاکە دەکەین، پێی نازانێو فیز دەنوێنێو منیەتی، هەر کاتێکیش خراپەی تووش ببێ، ئەوە نزاو هاواری زۆر دەکات ﴿ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ ﴾یانی: فیز لێ دەداتو گوێڕایەڵی فەرمانی خودا ناکاتو لە خۆی بایی دەبێ. وەك ئەم ئایەتەی ترکە دەفەرمووێت: ﴿ فَتَوَلَّىٰ بِرُكْنِهِۦ ﴾[2] واتە: فیرعەونیش ڕووی وەرگێڕاو سەرپێچی کرد بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە. ﴿وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ ﴾ واتە: کاتێکیش نارەحەت بوو ﴿فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾ واتە: زۆر دەپاڕێتەوەو لەسەر شتی دەڕواتو هەر نابڕێتەوەو (الكلام العريض) ئەوقسەیە کەلەفزەکانی زۆر بن و ماناکانی کەم بن ، (الكلام الوجيز) یش بەپێچەوانەوەیە ،وەك ئەوترێ (ماقلّ ودلّ) واتە: قسە هەزارە دووانی بەکارە. خودای مەزنیش فەرمویەتی: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ ﴾[3] واتە: وە کاتێ ئادەمی زیانێکی لێ بکەوێت بە ڕاکشاوی یان بەدانیشتن یان بەپێوە لێمان دەپاڕێتەوە ئینجا کاتێ لامان برد زیانەکەیو نەمانهێشت دەڕوات (دەچێتە سەر حاڵی پێشوی) وەك هاوارو دوعای نەکردبێ لێمان بۆ لابردنی زیانێ کە دووچاری بووە.

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾
سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴿٥٤﴾ ﴾

---

[1] العلق (٦ـ٧).

[2] الذاريات (٣٩).

[3] يونس (١٢).

قورئان و نیشانەکانی ڕاستی ئەم قورئانە

خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴾ ئێوه بەس بڵێن، ئەگەر ئەمە لەخواوە بێ و ئێوە باوەڕی پێ نەکەن، دەی کێ لەوە گومڕاترە کە لاساری سەرکەشی بکات، خودای گەورە دەفەرموویێت پێغەمبەر(ﷺ) بڵێ بەو موشریکانەی کە بڕوایان بە قورئان نییە ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ ﴾ ئەم قورئانە ﴿مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ ﴾ لەلایەن خوداوە ڕەوانە کرابێ بۆ پێغەمبەرەکەی کەچی ئێوە پێی کافربن چی ئەڵێن و چۆن بیردەکەنەوە؟ بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴾ واتە: کێ لەو کەسە سەرلێشێواو ترەو وێڵترە کە هەر لەسەر بێ دینی و لاساری و دژایەتی هەق بڕواو لە ڕێی ڕاست دوورکەوێتەوە. پاشان خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ هاکا وامان کرد ئەوانە لە ئاسۆکانی زەمین و ئاسماندا و لەناخی خۆشیاندا نیشانەکانمان ببینن، هەتا لێیان ڕوون بێتەوە کە ئەم قورئانە ڕاستە، ئاخۆ هێندە بەس نیە، پەروەردگارت لە هەمووشتێك ئاگادارە؟ ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ واتە: بەم زوانە نیشانەو بەڵگەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین کەبەڵگەبن لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە لەلایەن خواوەهاتووەتە سەر پێغەمبەر(ﷺ) . ﴿فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ وەك ئەو سەرکەوتنانەی کە بە دەستی دێنن هەروەها ئەو بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامە بە هەموو لایەکداو زاڵبونی بەسەر ئاینەکانی ترا، موجاهیدو حەسەنی بەسری ئەڵێن: (نیشانەکان لەناو خۆیاندا) بریتیە لە ڕووداوی بەدرو (فتح)ی مەککەو چەند ڕووداوی تر کە هات بەسەریاندا خودای گەورە پێغەمبەرو (ﷺ) هاوەڵەکانی سەر خست و ناهەقی و پڕوپوچ و شوێنکەوتووانی سەرشۆڕکرد، وە لەوانەشە مەبەست پێی مرۆڤ خۆی بێ کە لەچی پێك هاتووەو چۆن لە هەموو ڕوویەکەوە وەك لە زانستی تەشریحدا بەفراوانی باسی کراوە کە پڕ لە بەڵگەی کارزانی وەدی هێنەرە کە خودای گەورەو خاوەن دەسەڵاتە، وە ئەو سروشتەی کە مرۆڤی لەسەر وەدی هاتووە کەهەر یەکەی جۆرێکە لەچاکی یان خراپیدا. وە ئەو شتانەی کە ڕێی پێدراوە بەئارەزووی خۆی بیکات بەڵام بەو پێیەی کە خودای گەورە بڕیاری داوە نەك بەهێزو تواناو دەسەڵاتی خۆی هەرچی بوێ بیکات و لە بەری بڕوا ﴿أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ واتە: ئاخۆ ئەوەندەیان بەس نیە کە خودای مەزن ئاگاداری کردارو گرفتاریانە، خودا خۆی شایەتی دەدا کە موحەممەد (ﷺ) ڕاست دەکات لەوەی کە بۆی هێناون وەك فەرموویەتی:

﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشْهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ﴾[1] واته بەڵام خوا شایەتی دەدات بۆ (ڕاستی) ئەو قورئانەی ناردویەتیە خوارەوە بۆت لەڕووی زانینی خۆیەوە ناردوویەتیە خوارەوە. خودای مەزن ئەفەموێت: ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ﴾، باش بزانە کە ئەوانە لە دیداری پەروەردگاریان دوودڵن، باش بزانە خۆی دەوری لە هەموو شتێ داوە ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ﴾ واتە: ئەوانە گومانیان هەیە لە هاتنی ڕۆژی قیامەت، هەر بیریشی لێ ناکەنەوەو کاری بۆ ناکەن‌و لێشی ناترسن، بڕوایان پێی نیەو بەربای گوێیان ناکەوێ. کە گومانی تێدا نیە هەر دێت‌و ڕوودەدات، خودای مەزن کە ئاگاداری هەموو شتێکەو دەوری هەموو شتێکی داوە، هاتنی ڕۆژی قیامەت لە لای ئەو زۆر ئاسانە ﴿أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ﴾ واتە: خاوەنی دەسەڵاتە بەسەر هەموو دروسکراوەکانیدا هەمووی لە ژێر تواناو دەسەڵاتی ئەودایەو ئاگای لێیەتی، بە مەیلی خۆی بە کاری هەموویان دەگات هەرچی ویست دەبێ ببێت، هەرچیشی نەویست نابێ بێت، هیچ پەرستراوێك نیە غەیری ئەو .

تەفسیری سورەتی(الشوری)

لە مەککە هاتووەتە خوارەوە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ ۝٢ كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٣ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ۝٤ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝٥ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ۝٦﴾

نیگاو گەورەیی خوا

﴿حمٓ﴾ حا، میم، ﴿عٓسٓقٓ﴾ عەین، سین، قاف. لە پێشەوە و لەسەرەتای سورەتی البقرە دا قسە لەسەر ئەم پیتانە کرا، ﴿كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ خوای گەورەی بەدەسەڵاتی زانا لە کار، فەرمانی خۆی ئاوا بۆ تۆو پێغەمبەرانی بەر لە تۆش بەڕێ دەکات. واتە: وەك چۆن ئەم قورئانەی بۆ تۆ نارد هەر بەو شێوەیەش کتێب‌و نووسراوی لە پێش تووە ڕەوانە کردووە بۆ

---

[1] النساء (١٦٦).

پێغەمبەرەکان ﴿ٱلۡعَزِيزُ﴾ خاوەنی دەسەڵاتە لە تۆڵەسەندندا ﴿ٱلۡحَكِيمُ﴾ کاربزانە لە کردارو گفتاردا. ئیمامی مالك ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: حارس(الحارث) کوڕی هیشام پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) کە چۆن نیگات(وەحیت) بۆ دێت؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(زۆرجار وەك دەنگی جەرەس ئەم شێوە نیگایە لە هەموو شێوەکانی تری نیگا گرانترو بەهێزترە لەسەر من لە دواییدا ئەو ناڕەحەتیو گرانیەم لەسەر لادەچێت. نیگایەکەچۆنی گوتووە بە تەواوی هاتووەتە بەرم. جاری واش هەیە فریشتەی نیگا دەچێتە شێوەی پیاوێكو قسەم لەگەڵ دەکات. ئەوەی بیڵێ لەبەری دەکەم). عائیشە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لە ڕۆژی زۆر ساردو سەرمادا پێغەمبەری خودام(ﷺ) دەبینی کاتێ نیگای بۆ دەهاتە خوارەوە کە گرانیو ناڕەحەتی نیگاکەی لەسەر لادەچوو نێوچەوانی عارەقی پیا دەهاتە خوارەوە.[1] بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە وتەکە هی بوخاریە.[2] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾ هەرچی لەناو ئاسمانەکانو هەرچی لە زەمیندا هەیە، گشت بۆ ئەوەو هەر خۆی جێ بەرزو مەزنە. واتە: هەموو بەندەی ئەوەو بەرفەرمانی ئەونو لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایەو ئەو هەڵی دەسوڕێنێت، ئایەتی: ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە کە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ﴾[3] واتە: گەورەو بەرزە. مەزنو بەرزە. ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ﴾[4] واتە: وە تەنها(خودا) بەرزو بڵندو گەورەیە. ئایەت لەم شێوەیە زۆرە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ لەوانەیە ئاسمانەکان درز بەرنو بەسەر یەکداخرمە بکەن فریشتانیش بە سوپاسەوە پەسەنی پەروەردگاریان دەدەن، داوای بەخشین بۆ خەڵکی سەر زەمین دەکەن. باش بزانن ئەوەکە لە گوناه دەبوورێتو دلۆڤانە. ﴿تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ﴾ ئیبنو عەباسو زەححاكو سودیو قەتادەو کەعبی ئەحبار وتوویانە: واتە: لەوانەیە ئاسمانەکان پارچە پارچە ببێت لە ترساندا لەبەر مەزنی خودا.[5] ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە کە

[1] موطأ(١/٢٠٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري(١/٢٥)، مسلم(٤/١٨١٦).

[3] الرعد(٩).

[4] سبأ(٢٣).

[5] الطبري(٢١/٥٠١).

دەفــەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا﴾[1] واتە: ئەو کەسانەی هەڵگری عەرشنو ئەوانەش بە دەوری دان بە ستایشی پەروەردگاریان تەسبیحات دەکەنو باوەڕیان بەو هەیەو داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەوانەی ئیماندارن(دەڵێن:) ئەی پەروەردگارمان میهرەبانیو زانیاریت هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ ئاگادارکردنەوەیە بەوەی کە خودا لە گوناه دەبوورێتو دلۆڤانە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ﴾ ئەو کەسانەی ئەو شتانەی کەغەیری ئەون، بە دۆستی خۆیان زانیونو خەریکی پەرستنیانن، خودا ئاگای لە کاریان هەیەو ئۆباڵیان لە ئەستۆی تۆ نیە. ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ﴾ واتە: بتپەرستان. ﴿ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ خودا شایەتە لەسەر کردارەکانیان یەکەیەکە لەسەریان دەنووسێتو زۆر بە باشی پاداشتیان دەداتەوە. ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ﴾ یانی تۆبریکاری ئەوانە نیت تەنها تۆ ئاگادارکردنەوەت لەسەرە خوای گەورە لە هەموو شتێك دەپرسێتەوەو بریکاری هەموو شتە.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ ۝٧ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ۝٨﴾

قورئان هاتووە بۆ ترس وەبەر خەڵکی هێنانەوە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ﴾هەروەها قورئانێکی عەرەبیمان بۆ تۆ نارد، هەتا تۆ بەوقورئانە ترس وەبەر خەڵکی مەککەو دەوروبەری بێنیو لە ڕۆژی کۆبوونەوەشیان بترسێنی. کە بێگومان هەر وەدی دێت، ئەوسا بەشێك بەهەشتینو بەشێکیان دەچنە جەهەنەم. واتە: وەك چۆن کتێبمان بۆ ئەوان نارد، ﴿أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا﴾ قورئانێکی عەرەبی ڕەوانو ئاشکراو دیارمان بۆ تۆش نارد، ﴿لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ﴾ هەتا خەڵکی مەککە(کە دایکی شارەکانە) بترسێنی، ﴿وَمَنۡ حَوۡلَهَا﴾

---

[1] الغافر(٧).

دەورویەریشی لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوایەوە. بۆیە مەککە ناوبراوە بە دایکی شارەکان، چونکە بەڕێزتربووە لەو شارو وڵاتانەی کە لەو ناوەدا بوون لەبەر زۆر بەڵگە کە لە شوێنی خۆیدا باس کراوە. کورتترینو بەهێزترین بەڵگە ئەو فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی عەدی حەمرائی زەهریەوە کە بیستوویەتی لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە وەستابوو لە شوێنێکدا لە بازاڕی مەککەدا دەیفەرموو:(سوێند بە خوا تۆ(یانی مەککە) چاکترین زەمینی خودای وە خۆشەویستترین زەمینی خودای لای خودا. وە ئەگەر من دەرنەکرامایە لە تۆ هەرگیزلێت دەرنەدەچووم).[1] هەر بەم شێوەیە تیرمیزیو نەسائیو ئیبنو ماجە ڕیوایەتیان کردووە، ترمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە(حسن صحيح).[2] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ﴾ ڕۆژی قیامەت کە خوای گەورە پێشینانو پاشینان هەموو کۆدەکاتەوە لە یەك شوێندا ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ گومان نیە لە هاتنیداو هەر دێت، ئەم ئایەتە: ﴿فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ﴾ وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودا دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ﴾[3] واتە:(پاداشتتان دەداتەوە) لە ڕۆژێکدا کە کۆتان دەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆکردنەوە ئەو ڕۆژە ڕۆژی زیانبارییە. واتە خەڵکی بەهەشت خۆیان لا دەدەن لە خەڵکی ناو ئاگر. وەك ئەم ئایەتەیش وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ﴿١٠٣﴾ وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴿١٠٤﴾ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ﴾[4] واتە: بە ڕاستی لەوەدا(باس کرا) پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسێك بترسێت لە سزای دواڕۆژ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمی بۆ کۆدەکرێتەوەو ئەوە ڕۆژێکی دیارو بەرچاوە(هەمووان ئامادەن تێیدا)، وە ئێمە دوای ناخەین مەگەر بۆ کاتێکی دیارو بەرچاو، ئەو ڕۆژە کە دێت هیچ کەس قسە ناکات مەگەر بە مۆڵەتی خودا ئەوسا لەناویاندا هەیە بێ بەختو نەگبەتو هەیە بەختەوەرو ئاسودە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر هاتە دەرەوە بۆ لامان دوو نامەی بە دەستەوە بوو فەرمووی:(ئایا دەزانن ئەم دوو نامەیە چیە؟) وتمان نەخێر مەگەر تۆ هەواڵمان بدەیتێ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، فەرمووی بەوەی کە بە دەستی ڕاستیەوە بوو:(ئەمە

---

[1] احمد(٣٠٥/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي(٤٢٦/١٠)، النسائي(٤٧٩/٢)، ابن ماجە(١٠٣٧/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] التغابن(٩).

[4] هود(١٠٣_١٠٥).

نامەیەکە لە لایەن پەروەردگاری جیهانەوە کە ناوەکانی خەڵکی بەهەشتو بابو باپیرانو هۆزەکانیانە(پاشان هەمووی کۆکردەوە) هەرگیز کەسی لێ زیاد ناکرێتو کەسیشی لێ کەم ناکرێت(پاشان فەرمووی بەوەی کە لە لای چەپیەوە بوو، ئەمە نامەی خەڵکی ناو ئاگرە بە ناوی خۆیانو ناوی بابو باپیرانیانو هۆزەکانیان(پاشان هەمووی کۆکردەوە) هەرگیز کەسی لێ زیاد ناکرێتو کەسیشی لێ کەم ناکرێتەوە). هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتیان: ئیتر لەسەر چ شتێك ئێمە کار بکەین، ئەگەر ئەمە بڕیارێکە و دراوەو تەواو بووە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(لەسەر ڕێ ڕاوەستنو خۆتان نزیك بخەنەوە(واتە لە خواوە) چونکە خەڵکی بەهەشت کۆتایی پێ دەهێنرێت بە کرداری خەڵکی بەهەشت با بە هەر کردارێك کاری کردبێتو خەڵکی جەهەنەمیش کرداری کۆتایی پێ دەهێنرێت بۆی بە کرداری خەڵکی جەهەنەم با بە هەر کردارێك کاری کردبێت)، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) دەستی ڕاداو(قوچای) پاشان فەرمووی:(پەروەردگارتان لێ بووەتەوە لە بەندەکانی پاشان دەستی ڕاستی ڕاداو فڕێی دا، فەرمووی: دەستەیەك بۆ بەهەشت. بە چەپیشی فڕێی داو هەمیسان فەرمووی: دەستەیەکیش لە ئاگری بە کڵپەدایە).[1] هەر بەم شێوەیە تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان کردووە. تیرمیزی دەڵێت: چاكو غەریبە(حسن غريب).[2]ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو نەزرەوە دەڵێت: پیاوێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان دەوت ئەبو عەبدوڵڵا، هاوەڵەکانی چوونە لای سەیریانکرد دەگری. پێیان وت: چی دەتگرێنێ؟ ئایا پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی نەوتی:(خُذ من شاربك ثم أقره حتى تلقاني)بەرسمێڵت بکە و لەسەرشایەتومان بەردەوامبە تا پێمدەگەی. وتی: بەڵێ. بەڵام بیستم لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەیفەرموو:(خوای گەورە مشتێکی بە ڕاستی گرتو ئەو مشتەکەیشی بە دەستەکەی تری پاشان فەرمووی ئەمە بۆ ئەوێو ئەمەیش بۆ ئەوێ بە لامەوە گرنگ نیە). جامن نازانم کام مشتەیانم[3]. فەرموودە لە باسی قەدەردا(القدر) لە کتێبە سەحیحەکانو سونەنو موسنەدەکاندا ئێجگار زۆرە لەوانە فەرموودەی عەلیو ئیبنو مەسعودو عائیشەو کۆمەڵێکی زۆری تر(ڕەزای خوا لە هەموویان بێت). خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە، گشتی دەکردە بەرەیەك لە ئاییندا، بەڵام هەر کەسێك خۆی حەز بکات، وەبەر بەزەیی دەخات، ناهەقانیش دۆستو یاریکاریان نیە. ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ ئەگەر خوا مەیلی لێ بوایە یان هەمووی

---

[1] أحمد(٢/١٦٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي(٦/٣٥٠)، النسائي في الكبرى(٦/٤٥٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] أحمد(٤/١٧٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

دەخستە سەر ڕاستەڕێ یان هەمووی دەخستە سەر ڕێی گومڕایی. بەڵام خوای گەورە جیاوازی کردووە لە نێوانیاندا. ئەوەی مەیلی لێ بووبێت ڕێی نیشان داوە بۆ سەر هەق و ئەوەیشی مەیلی لێ نەبووبێت ڕێی لێ ون کردووە لە خۆی. لە کارزانی خۆیەتی. هەر خۆشی باشتر دەزانێ، بۆیە فەرموویەتی: ﴿يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحْمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ بەڵام هەر کەسێك خۆی حەز بکات، وەبەر بەزەیی خۆی دەخات، ناهەقانیش دۆست و یاریکاریان نیە. واتە کەس نایەت بە هانایانەوە.

﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٖ قَدِيرٞ ﴿٩﴾ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن
شَيْءٖ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ جَعَلَ
لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجٗا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجٗاۖ يَذْرَؤُكُمْ فِيهِۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ
﴿١١﴾ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٞ ﴿١٢﴾﴾

هەر خوای گەورە دۆست و فەرمانڕەوا و وەدیهێنەرە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٖ قَدِيرٞ﴾ ئاخۆ کەسیان غەیری خودا دیوەتەوە کە دۆستیان بێت؟ دۆستی ڕاستی هەر خۆیەتی و ئەو دەتوانێت مردووان زیندوو بکاتەوە و توانای هەموو شتی هەیە. خوای گەورە ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بتپەرستان کە لە غەیری خودا کەسێکی تر بکەن بە خودای خۆیان دەفەرموێت کە هەر ئەو دۆستی ڕاستی بەندەکانیەتی و نابێت بەندایەتی هیچ کەسێك بکرێت ئەو نەبێت بە تەنها، چونکە هەر ئەو دەتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٖ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ لەسەر هەرچی پێك نەهاتن، بڕیارلێدانی بەدەنەدەست خوا، ئەو خودایە منی پەروەردە کردووە، من خۆم هەر بەو سپاردووە و هەر ڕوو دەکەمە لای ئەو. یانی: لە هەر شتێکدا ڕێك نەکەوتن. ئەم ئایەتە گشتگیرە و هەموو شتێك دەگرێتەوە، ﴿فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: خودا بڕیاری تێدا دەدات لەڕێگەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِي شَيْءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾[1] واتە: جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر(ﷺ). ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي﴾ واتە پەروەرندەی من فەرمانڕەوایە لە هەموو

[1] النساء(٥٩).

شتێکدا. ﴿عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ﴾ هەر دەگەڕێمەوە لای ئەو لە هەموو کارو فەرمانێکداو خۆم بە ئەو سپاردووە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِۚ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ وەدیهێنەی ئاسمانەکانو زەمینەو هەر لە خۆتان جووتەی لێ بەرهەم هێنانو لە ماڵاتیش جووتی یەکتری دروست کرد تا زۆرتر پەرەتان پێ بدات، هیچ شتێك وێنەی ئەو نیە، هەر خۆی بیسەرو بینایە. ﴿فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەمینە ئەوانەش کە لە نێوانیاندایە، ﴿جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا﴾ لە ڕەگەزو وێنەی خۆتان نێرو مێی دروست کردووە وەك ڕێزێك لێتان، ﴿وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا﴾ وە لە ماڵاتیش هەشت جووتەی دروست کردووە، ﴿يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِ﴾ بەو شێوەیە دروستی کردوونو زیاتری کردوون واتە: بەو وێنەیەو بەو سیفەتە بەردەوام بە نێرو مێو نەوە پاش نەوەو بنەماڵە پاش بنەماڵەو یەك لە دوای یەك بە مرۆڤو ماڵاتەوە، وەدی هێناون. ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾ هیچ شتێك وەك وەدیهێنەری جووتەکان نیەو چونکە ئەو تەنهاو بێ نیازەو جێی نیازەو وێنەی ئەو نیە، ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ بیسەرو بینایە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکانو ئەم زەمینە لە لای ئەوە، ڕۆزیش هەر بە مەیلی ئەوە بۆ یەکێك فرە دەنێرێتو بۆ یەکێك کەم. ئاگای لە هەموو شت هەیە. لە پێشەوە لە سورەتی(الزمر)دا مانای کراوە، کورتەکەی ئەوەیە واتە: کاربەدەستو خاوەن دەسەڵاتی ئاسمانەکانو زەمین هەر خودایە، ﴿يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ﴾ واتە: ڕۆزی فراوان دەکات بۆکەسێك مەیلی لێ بێتو تەنگو کەمی دەکات بۆ کەسێکیتر مەیلی لێبێت. خودا خۆی کارزانەو دادپەروەری بێ هاوتایە، ﴿إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾ ئاگای لە هەموو شت هەیە.

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا تَفَرَّقُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى لَّقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ﴿١٤﴾﴾

ئایینی پێغەمبەران یەکە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ﴾ واتە: ڕێگەیەکی لە دینداری بۆ ئێوە کێشا، کە ئەپساردی نوحیش هەر لەو ڕێگە بڕوات، هەر ئەمەشمان بە فەرمان بە تۆ ڕاگەیاند، ئیبراهیمو موساو عیساشمان ڕاسپارد، کە هەر لەسەر ئەو دینە بن‌و مەشیکەن بە چەند بەرەکێ. ئەوەی ئێوە بە خەڵکی ڕادەگەیەنن، بۆ ئەوانەی شەریك بۆ خودا پەیدا دەکەن، زۆر دژوارە، خودا هەرکێ خۆی بخوازێت لەناو خەڵکدا هەڵی دەبژێرێت‌و هەر کەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە بەرەو خۆی شارەزای دەکات. خوای گەورە دەفەرمووێت بەم ئوممەتە: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾ باسی یەکەم پێغەمبەری کردووە دوای ئادەم(سەلامی خوای لێ بێت) کە نوح پێغەمبەرە(سەلامی خوای لێ بێت) دواین پێغەمبەر کە موحەممەدە(ﷺ) پاشان لە نێوان پێغەمبەرەکاندا باسی پێغەمبەرە لێبڕاوو نەبەزەکان(ألوالعزم) دەکات، ئەوانەیش ئیبراهیم‌و موساو عیسای کوڕی مەریەم من(سەلامی خوایان لێ بێت) ئەم ئایەتەس باسی هەر پێنج پێغەمبەرە لێبڕاوو نەبەزەکەی کرد وەك چۆن ئایەتێك لە سورەتی(الاحزاب) باسی کردووە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا﴾[1] واتە: (ئەی موحەممەد (ﷺ) بیریان بخەرەوە) کاتێك کە پەیمانمان وەرگرت لە پێغەمبەران هەروەها لە تۆو نوح‌و ئیبراهیم‌و موساو عیسای کوڕی مەریەم. ئەو ئایەتەی کە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت) پێی هاتوون هەموویان پەرستنی خودایە بە تەنها بەبێ هاوەڵ وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾[2] واتە: وە ئێمە نەماننادرووە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان بۆ ناردووە(بەوەی کە) بێگومان جگە لەمن هیچ پەرستراوێك نیە کەواتە تەنها من بپەرستن. لە فەرموودەیەکدا هاتووە واتە: (ئێمە کۆمەڵی پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت) مندالانی پیاوان‌و زنانین‌و ئاینمان یەکە)[3]. واتە: ئەوەی کەتیایدا هاوبەشن بەندایەتی‌و خواپەرستیە بە تەنها بۆ خوداو هاوەڵ دانەنان بۆی. با پرۆگرام‌و بەرنامەشیان جیا بێت. وەك خوای

[1] الاحزاب(٧).

[2] الانبياء(٢٥).

[3] فتح الباري(٦/٥٥٠).

گەورە دەفەرمووێت: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾[1] واتە: دامانناوە بۆ هەر ئوممەتێك لە ئێوە شەریعەت‌و ڕێگەیەکی ڕوون. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾ واتە: خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لێ بێت) ڕاسپاردووە کە پێکەوە بن‌و یەك بن‌و قەدەغەی کردووە لێیان کە جیاواز و ناکۆك بن، ﴿كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾ بۆ ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن زۆر گران‌و دژوارە تۆ بانگیان دەکەی (ئەی موحەممەد) بۆ یەك خوا پەرستی پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ واتە: هەر ئەوە ڕێگای شارەزایی نیشانی کەسێك دەدات کە شایەنی بێت‌و گومڕایش دەنوسێت بۆ کەسێك کە گومڕایی هەڵدەبژێرێت بەسەر ڕاستەڕێدا شوێنی ڕێی ڕاست ناکەوێت.

شێوازی ناکۆکی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾

نەشببوونە دەستەدەستە، مەگین وەختێك باسی ئەم دینەیان زانی، ئیرەیی لەناو خۆیاندا لەبەر یەکی هەڵوەشاندن. خۆ ئەگەر پەروەردگاری تۆ زووتر ماوەی بۆ دیاری نەکردنایە، دەمێك بوو کاریان تەواوکرابوو. ئەوانەی کتێبەکەشیان لە پاش ئەوان بۆ بەجێ ما، لێی کەوتنە بێباوەڕی‌و گومانەوە.

بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ﴾ واتە: کاتێك باسی ئەم ئاینەیان زانی بوونە کۆمەڵ کۆمەڵ‌و لایانداو دەستیان دایە لاساری‌و لە یەك جیابوونەوە پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾ ئەگەر خوای گەورە پێشتر کاتی بۆ دیاری نەکردنایە‌و بەندەکانی دوانەخستایە بۆ لێپرسینەوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەمێك بوو سزا درابوون لە دنیادا، پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ﴾ ئەو نەوەیەش لە دوای ئەوان کتێبەکەیان بۆمایەوە دوای چەرخی یەکەم باوەڕیان پێ نەکرد، ﴿لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ واتە: باوەڕیان بەکارەکەیان نەبووگومانیان هەبووشوێنی باب‌و باپیرانیاندەکەوتن بەبێ هیچ بەڵگەیەك و سەریان لێ شێوابوو نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ بکەن بە هۆی ئەو دوور لە خوایی‌و بێ دینیانەوە.

[1] المائدة(٤٨).

﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُۖ وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡۖ وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖۖ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡۖ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡۖ لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾﴾

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُۖ وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡۖ وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖۖ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡۖ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡۖ لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾ سا بۆ ئەمە بانگی مەردم بکەو هەر وەك فەرمانت پێدراوە، هەر سوور بە لەسەر ئەم کارەو شوێن ئارەزوویان مەکەوە. بڵێ من بە یەکسانی بە کاروباریان ڕا بکەم، ئێمەو ئێوە خودا پەروەردگارمانە، کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان، کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، لە نێوان ئێمەو ئێوەدا جێ بۆ بەهانە نەماوە، خودا هەموومان لە یەکتر کۆدەکاتەوەو چارەنووسیش هەر لای ئەوە. ئەم ئایەتە پیرۆزە پێکهاتووە لە(دە) وتەی سەربەخۆ هەر وتەیەك جیاوازە لەوەی پێش خۆی بڕیارێکی تایبەتیە بۆ خۆی. بۆیە وتوویانە: هیچ ئایەتێکی تر وەك نموونەی ئەم ئایەتە نیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُ﴾ سا بۆئەمەتۆبانگی خەڵکی بکە. واتە: بۆئەم ئایینەی کە بەهەموو پێغەمبەرانمان(سەلامی خوایان لێ بێت) ڕامانسپاردووە لە پێش تۆوە. خاوەن شەریعەتە گەورەکان ئەوانەی شوێنی پێغەمبەرە لێبڕاوو نەبەزەکان کەوتنو غەیری ئەوانیش بانگی خەڵکی بکە بۆی. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ﴾ واتە: ڕاوەستاوو سوور بن خۆتو ئەوانەی شوێنت کەوتوون لەسەر خواناسی بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی پێداوی، ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ واتە: شوێنی ئارەزووی بتپەرستان مەکەوە لەوەی کە جیاوازن لەناو خۆیاندا کە بە درۆوە بتیان داناوەو دەیپەرستن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖ﴾ واتە: بڵێ: من باوەڕم هەیە بە هەموو ئەو کتێبانەی کە لە ئاسمانەوە نێراوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکان(سەلامی خوایان لێ بێت) جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کەسێکیاندا، ﴿وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُ﴾ واتە: فەرمانیشم پێکراوە لە بڕیاردانیشدا دادپەروەر بم لە نێوانتاندا، ﴿ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡ﴾ خودا پەروەردگاری ئێمەو ئێوەیشە. واتە: هەر ئەو دەپەرسترێتو هیچ خودایەك نیە ئەو نەبێت ئێمە دان بەوەدا دەنێین بە ئارەزووی خۆمان بەڵام ئێوە بە ئارەزووی خۆتان دانی پێدا نانێن، ئەوەی لە بوونەوەردایە هەموو سوژدە دەبات بۆ خودا بە خۆشحاڵیو ئارەزووی خۆی، ﴿لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ

أَعۡمَٰلُكُمۡ﴾ کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان‌و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان. ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان بە ئێوەوە نیە وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمۡ عَمَلُكُمۡۖ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعۡمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ﴾[1] واتە: ئەگەر بڕوایان پێ نەهێنای ئەوە پێیان بڵێ(پاداشتی) کردەوەی خۆم بۆ خۆم‌و(پاداشتی) کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان ئێوە بەرین(بەرپرسیار نین) لەوەی من دەیکەم منیش بەریم(بەرپرسیار نیم) لەوەی ئێوە دەیکەن. وە دەفەرمووێت:: ﴿لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ﴾ موجاهید دەڵێت: واتە: هیچ دژایەتیەك لە نێوانماندا نیە.[2] سودی دەڵێت: ئەمە پێش هاتنەخوارەوەی ئایەتی شمشێر بووە ئەمەیش ڕێی تێ دەچێت چونکە ئەم ئایەتە لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە. ئایەتی شمشێریش دوای کۆچکردن هاتووەتە خوارەوە. ﴿ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ﴾ واتە: ڕۆژی قیامەت. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفۡتَحُ بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَهُوَ ٱلۡفَتَّاحُ ٱلۡعَلِيمُ﴾[3] واتە: بڵێ پەروەردگارمان ئێمەو ئێوە کۆدەکاتەوە لە پاشان بڕیار دەدات لە نێوانماندا بە هەق‌و ڕاستی‌و هەر ئەوە دادوەری زانا. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾ واتە: گەڕانەوەو پاشەڕۆژو چارەنووس هەر بۆ لای ئەوە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا.

﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ
شَدِيدٌ ﴿١٦﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ﴿١٧﴾ يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا
ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهَاۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي
ٱلسَّاعَةِ لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ ﴿١٨﴾﴾

ئاگادارکردنەوەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە مشتومڕ دەکەن لە بارەی ئاینەوە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ﴾ ئەوانەی لە بارەی خوداوە بڕو بەهانەیان هەیە، لە پاش ئەوە کە بە دەنگیشیەوە هاتوون، هەموو بڕوبەهانەیان لە لایەن پەروەردگاریان بێ بایەخەو بەر تووڕەیی کەوتوون‌و بە توندی جەزرەبە دەدرێن. خوای گەورە هەڕەشە دەکات لەو کەسانە کە دەبنە

---

[1] یونس(٤١).

[2] الطبري(٢١/٥١٨).

[3] سبأ(٢٦).

لەمپەر لە ڕێی خوادا بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە خودا هێناوە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ﴾ واتە: کشتومڕ دەکەن لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کە هاتوون بە دەنگی بانگی خوداو پێغەمبەرەکەیەوە(ﷺ) دەبنە ڕێگری ئەو ڕێگە ڕاستەی کە موسڵمانان گرتوویانەتەبەر، ﴿حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ﴾ بڕوبیانوویان بەتاڵەو هیچ بایەخێکی نیە لە لای پەروەردگاریان، ﴿وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٌ﴾ خودا تووڕەیە لێیان، ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ جەزرەبەی توند دەدرێن، لە ڕۆژی قیامەتدا. ئیبنو عەباس‌و موجاهید دەڵێن: ئەوانەی مشتومڕیان کردووە لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کە وەڵامی بانگی خوداو پێغەمبەریان(ﷺ) داوەتەوە، هەوڵ دەدەن لە ڕاستەڕێ لایاندەن بە تەمای ئەوەن کە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نەفامی[1]. قەتادە دەڵێت: ئەوانەی گاورو جوولەکەکان بوون دەیانوت بە موسڵمانەکان: ئایینی ئێمە لە ئاینی ئێوە چاکترەو پێغەمبەری ئێمە لە پێش پێغەمبەری ئێوە هاتووەو خۆشمان لە ئێوە چاکترین‌و لەپێشترین لای خودا لە ئێوە.[2] ئەوانە هەموو درۆ بوو دەیانوت. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَـٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ﴾ ئەو خودایەی ئەم کتێبەی بۆ ڕاستی ناردووەتە خوارەوە، تەرازووش لەگەڵ نارد تۆ چووزانی؟ لەوانەیە هاتنی قیامەت نزیک بێت. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَـٰبَ بِٱلۡحَقِّ﴾ واتە: ئەو خودایەی ئەم کتێبەی ناردوویەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی بەڕاستی﴿وَٱلۡمِيزَانَ﴾ تەرازووشی لەگەڵدا ناردووە بۆ دادپەروەری‌و هەق‌و ناهەق جیاکردنەوە موجاهیدو قەتادە دەڵێن: واتە: هەق‌و دادپەروەری.[3] ئەمە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودا دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَـٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَـٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ﴾[4] واتە: سوێند بەخوا بە ڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردووە بە بەڵگەو موعجیزەی ڕوونەوە وە کتێبی(ئاسمانی)و تەرازووی دادمان لەگەڵدا ناردن بۆ ئەوەی خەڵکی بە دادگەری ڕەفتار بکەن(لەناو خۆیاندا). وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ﴿٧﴾ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِى ٱلۡمِيزَانِ ﴿٨﴾ وَأَقِيمُواْ

---

[1] الطبري(٢١/٥١٨/٥١٩).

[2] الطبري(٢١/٥١٩).

[3] الطبري(٢١/٥٢٠).

[4] الحديد(٢٥).

ٱلْوَزْنَ بِٱلْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا ٱلْمِيزَانَ ﴾[1] واتـه: وه ئاسمـانی بڵنـدو بـەرز کردووەتـەوەو تـەرازوو(ی عەدالەتی) داناوه،(وه فەرمانی داوه) کە هەرگیز زیادەڕەوی لە تـەرازوودا نەکەن، وه کێشانەتان ڕێك بکێشن لە تەرازوودا کەم و کوڕی مەکەن. پاشان دەفـەرمووێت: ﴿وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴾ ئـەم ئایەتە هەڕەشەی تێدایەو هـەڵنان و زۆر گرنگی نـەدانی بە دنیا تێدایە. خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ لَفِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴾ ئەوانەی باوەڕیان نیە ئەو ڕۆژە دێت، پەلە لە هـاتنی دەکـەن. ئەو کەسانەش کە باوەڕیان هێناوە، لێی دەترسن، دەشزانن کە ئەوە ڕاستە، بـاش بـزانن ئەوانـەی کـە گومانیان هەیە لە ڕۆژی دوایی ئەوە بە ڕاستی لـە گومڕاییـەکی زۆر دووردان. ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ﴾ دەڵێن کوا ئەو بەڵێنـه ئـەگـەر ئێوە ڕاست دەکـەن. ئـەو قـسەیەش کـە دەیکـەن لەبـەر ئەوەیە کە بە ڕاستی نـازانن و باوەڕیـان نیـە کـە ڕوودەدات چـونکە بـێ دین و لاژگن، ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا ﴾ بـاوەڕدارانیش دەترسـن و دڵەلەرزەیانـە لـە هـاتنی ئـەو ڕۆژە، ﴿وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ﴾ بەڕاستی دەزانن و گومانیـان نیـە کـە دێت بۆیـە خۆیـان ئامـادە کـردووەو هـەوڵ و کۆشـش دەکـەن لـە پێناویدا. ڕیوایەت کـراوە لـە چـەند ڕێگـاوە کـە گەیشتووەتە پلـەی تـەواتور لـە کتێبـە سـەحیحەکان و موسانیدەکاندا و موسنەدەکانداو لە هەندێ لە وتەکانیاندا کە پیاوێك پرسیاری لـە پێغەمبـەری خـودا کرد(ﷺ) بە دەنگێکی بەرز کاتێك کە پێغەمبەر(ﷺ) لە سەفەرێك لە سەفەرەکانیدا بـوو. بـانگی کـردو وتی: ئـەی موحەممـەد(ﷺ) وەرە ! پێغەمبـەریش وەك خـۆی وەلامیدایـەوە و فـەرموویی: هائەمـەتام. پیاوەکـە پێـی وت: کـەی قیامـەت دێـت؟ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فـەرمووی:(هـاوار بـۆ تـۆ قیامـەت بەدڵنیاییەوە دێت، چیت بۆ ئامادە کردووە؟ پیاوەکە وتی: خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (تۆ لەگەڵ ئەو کەسەی کە خۆشت ویستووە)[2]. وە لـە فەرموودەیـەکی تـردا فەرموویەتی:(هەر مرۆڤێك لەگەڵ ئەو کەسەدایە کـە خۆشـی ویستووە).[3] ئەمـە موتـەواتیرە و گومـانی تێدا نیە.مەبەست ئەوەیە وەلامی ئەوەی نەداوە کەی قیامەت دێـت. بـەڵکو فـەرمانی پێکرد کـە خـۆی ئامادە بکات بـۆ ئـەو ڕۆژە. خـودا دەفـەرمووێت: ﴿أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ ﴾ واتـه: بـا بـزانن

---

[1] الرحمن(٧ـ٩).

[2] فتح الباري(١٠/٥٧٣)، مسلم(٤/٢٠٣٣).

[3] ميلم(٤/٢٠٣٤).

ئەوانەی کە دوو دڵن و مشتومڕ دەکەن لەسەر ڕۆژی قیامەت و بڕوایان بە هاتنی نیە، ﴿لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ﴾ واتە: زۆر تێنەگەیشتوون و فامیان نیە. چونکە ئەوەی ئاسمانەکان و زەمینی بەدی هێناوە چاکتر دەتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە زۆر ئاسانترە لە لای، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهۡوَنُ عَلَيۡهِ﴾[1] واتە: ئەو(خوا) زاتێکە بەدیهێنانی دەست پێکردووە لە پاشان(دوای مردن) دووبارە دروستی دەکاتەوە.

﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ١٩ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ٢٠ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢١ تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ٢٢﴾

بژێوی دان و بەخشندەیی خودا لە دنیا و دواڕۆژدا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ﴾ خودا دەربارەی عەبدانی میهرەبانە بە هەر کەس خۆی مەیلی لێ بێت بژێوی دەدات خاوەن هێزو بە دەسەڵاتیش هەرئەوە. خوای گەورە باسی میهرەبانی خۆی دەکات بەرانبەر بە دروستکراوەکانی کە بژێوی هەمووی دەدات و کەسی لەبیر ناچێت. لە بژێوی پێداندا هەموو یەکسانە، چاك و خراپ و خواناس و خوانەناس وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ كُلّٞ فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ﴾[2] واتە: هیچ گیانلەبەرێك نیە لە زەویدا مەگەر لەسەر خودایە ڕزق و ڕۆزیەکەی وە(خوا) دەزانێ شوێنی مانەوەی و شوێنی لێ دەرچوونی هەمووی نووسراوە لە کتێبی ڕوونکەرەوە(لوح المحفوظ)دایە. نموونەی ئەم ئایەتە زۆرە لە قورئاندا، ﴿يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ﴾ واتە: بۆ هەر کەسێك خۆی ئارەزوو بکات بژێوی بۆ فراوان دەکات، ﴿وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ﴾ هیچ شتێکی لا گران نیە و هەر ئەو خاوەنی هێزو دەسەڵاتە. پاشان فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ

[1] الروم(٢٧).

[2] هود(٦).

ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾ هەر کەسێکی داهاتی دواڕۆژی بوێت، داهاتی پتر دەدەینێ، کێش داهاتی لەم دنیادا بوێ، لەم دنیا بەشی دەدەین‌و لەودنیا بەشێکی نیە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ﴾ کەسێك بەش‌و کاری دواڕۆژی بوێت ﴿نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦ﴾ واتە: بەهێزی دەکەین‌و یارمەتی دەدەین لەسەر ئەوەی کە پێوەی خەریکەو بەرەکەت دەخەینە کارەکەیەوەو پاداشتی دەدەینەوە بە دە قات لەوەی خۆی‌و هەتا حەوت سەد قات بۆ کەسێك کە خودا مەیلی لێ بێت، ﴿وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾ واتە: وە هەر کەسێکیش هەموو هەوڵ‌و توانایەکی هەر بۆ دنیاو دەستکەوتی دنیا بوێ لە دواڕۆژ هیچی نیەو بێ بەشەو خودا حەرامی دەکات لێی. ئەگەر مەیلی لێ بێت لە دنیا بەشی دەدات‌و ئەگەر مەیلیشی لێ نەبێت لە دنیاش‌و دواڕۆژیشدا بێ بەشی دەکات. بۆیە ئەو کەسە بەو نیەتەی خۆی تووشی ئەو هەموو خەسارو ڕەنجەڕۆیە دەکات لە دنیاو لە دواڕۆژیشدا. بەڵگەیش لێرەدا ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتەی سورەتی سوبحانەی(الاسراء) یەکە پەیوەندی بەم ئایەتەوەهەیە کە باسمان کرد کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومٗا مَّدۡحُورٗا ﴿١٨﴾ وَمَنۡ أَرَادَ ٱلۡأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعۡيَهَا وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعۡيُهُم مَّشۡكُورٗا ﴿١٩﴾ كُلّٗا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ وَلَلۡأٓخِرَةُ أَكۡبَرُ دَرَجَٰتٖ وَأَكۡبَرُ تَفۡضِيلٗا﴾[1] واتە: هەر کەسێك تەنها ژیانی دنیای بوێت لەم(دنیا)دا زوو پێی دەدەین ئەوەی بمانەوێت بۆ هەر کەسێك لە پاشان دۆزەخمان بۆ سازداوە دەچێتە ناوی بە لۆمەکراوی‌و دەرکراوی لە میهرەبانی خودا، هەر کەسێکیش مەبەستی ڕۆژی دوایی بووبێت‌و هەوڵی بۆ بدات بەو جۆرەی شایستەی ئەوەو باوەڕداریش بێت ئا ئەوانە کردەوەو تێکۆشانیان وەرگیراوە، دەبەخشین بە هەمووان ئەوانەی(کە هەر دنیایان دەوێت)و ئەوانەی(ڕۆژی دواییان دەوێت) لە بەخششی پەروەردگارت(لەم دنیایەدا) بێگومان ڕۆزی‌و بەخشراوی پەروەردگارت هەرگیز قەدەغەکراو نەبووە،(ئەی موحەممەد(ﷺ)) سەرنج بدە چۆن(لە دنیادا) باوی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکیانداو بێگومان پلەکان لە ڕۆژی دواییدا گەورەترە هەروەها باودانەکانیش گەورەترە. لە ثوبەی کوڕی کەعبەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[1] الاسراء(١٨_٢١).

فەرمووی:(مژدە بدە بەم ئوممەتە بە پایەبەرزیی و بڵندی و سەرکەوتن و دامەزران لەسەر زەمیندا. هەر کەسێك لەوانە کارێکی دوارۆژی کردبێت لەبەر دنیا ئەوە ئەو کەسە لە دوارۆژدا بەشی نیە)[1].

دانانی بەرنامەی مرۆڤ لە جێی بەرنامەو ئاینی خودا شەریك دانانە بۆ خودا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَـٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ئاخۆ ئەوان شتانی وا بە شەریکی خودا دەزانن، کە دینێکی وەهایان بۆ داهێنابن و خودا ئیجازەی نەدابن؟ ئەگەر بڕیاری یەکجاری دەرنەچووبا، کارەکەیان دەبڕایەوە. ناهەقەکان جەزرەبەی بە ژانیان دەبێت. ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَـٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ﴾ واتە: ئەوانە شوێنی ئەو بەرنامەو ئاینە ڕاستە ناکەون کە خودا بۆ تۆدا ناردوویەتی. بەڵکو شوێنی ئەو ڕێگایە دەکەون کە شەیتانەکانیان لە مرۆڤو جنۆکە بۆیان داناون لەو شتانەی کە حەرامیان کردووە بۆیان وەك(بەحیرەو سائیبەو حامو وەصیلە). وە حەڵاڵکردنی گۆشتی مردارەوەبوو خوێن و قومارو لە نموونەی ئەمانە کەشتی پڕوپوچ و بێ سوودە کە لە کاتی نەفامیدا خۆیان بە هۆی نەزانی و کەم ئاوەزییەوە دایانهێنابوو لە حەڵاڵ کردن و حەرام کردن و عیبادەتی نابەجێ و پڕوپوچ و قسەی خراپ و لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(عەمری کوڕی لوحەیی کوڕی (قەمەعەم) بینی ڕیخۆڵەی خۆی لەناو ئاگردا ڕادەکێشا)[2]. چونکە یەکەم کەس بوو کە سائیبەی داهێنا. ئەم پیاوە یەکێك بوو لە پاشاکانی خوزاعە یەکەم کەسیش بووە ئەم شتانەی داهێناوە لەناو قورەیشیەکانداو وای لێ کردن کە دەست بکەن بە بتپەرستی. لەعنەتی خوای لێ بێت و خوا ڕووی ڕەش بکات. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡ﴾ واتە: ئەگەر بڕیار نەدرایە کەسزایان دوابخرێت بۆ ڕۆژی قیامەت بە زوویی سزا دەدران، ﴿وَإِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ واتە: ناهەقیکاران جەزرەبەی بە ژانیان دەبێت لە جەهەنەمداو چارەنووسێکی زۆر خراپ.

ترسانی بتپەرستان لە گۆڕەپانی مەحشەرداو خۆشی و خۆشگوزەرانی بڕواداران لە بەهەشتدا

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿تَرَى ٱلظَّـٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ

[1] احمد(٥/١٣٤)، ئەم فەرموودەیە حاکم بە سەحیحی داناوەو زەهەبیش هاوڕایەتی.

[2] فتح الباري(٦/٦٣٣).

ﭐلۡفَضۡلُ ﭐلۡكَبِيرُ ﴾ ئەو ناهەقانە دەبینن. لە ئاکامی کردەوەی خۆیان دەترسن، دیارە هەر تووشیشیان دەبێت. ئەو کەسانەش بوونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاك بوون لە سەیرانگای باخەکانداو چی خۆیان ئارەزوو بکەن، لە لایەن پەروەردگاریانەوە پێیان دەگات، ئەمەش بەخششێکی مەزنە. ﴿ تَرَى ﭐلظَّٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ ﴾ واتە: ئەو ناهەقیکارانە دەبینی لە ئەنجامی کردارەکانی خۆیان دەترسن لە گۆڕەپانی قیامەتدا، ﴿وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ ﴾ واتە: ئەوەی لێی دەترسان تووشیان بووەو دەربازبوونیان نیە. ئەمە ژیانیانە لەو ڕۆژەدا بەو ترسو بەدگوزەرانیەو ژیان بەسەر دەبەن. ﴿وَﭐلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ﭐلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ﭐلۡجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ﴾ ئەم ژیانە لە کوێو ئەو ژیانە لە کوێ؟ واتە: ئەوانە کە لە ساحەی مەحشەردا بە سەرشۆڕیو داماوی ترسێکی زیادو بێ ئەندازەدا کات بەسەر بەدەنو تووشی ئاکامی کردەوەی خراپی خۆیان دەبن. ئەوانەیش کە خاوەن باوەڕو ئاکارچاك بوون وان لە سەیرانگاو باخەکانداو هەرچی ئارەزوو بکەن لە خواردنو خواردنەوەو شوێنی خۆشیو جلوبەرگی جوانو خێزانی جوانو ڕازاوەو ڕابواردن کە نە چاو بینیویەتیو نە گوێ بیستوویەتیو نە بە دڵی کەسیشدا هاتووە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ﭐلۡفَضۡلُ ﭐلۡكَبِيرُ ﴾ واتە: ئا ئەوەیە بەخششی گەورەو بەهرەی تەواوو نەبڕاوە بۆ بڕواداران.

﴿ذَٰلِكَ ﭐلَّذِي يُبَشِّرُ ﭐللَّهُ عِبَادَهُ ﭐلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ﭐلصَّٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ﭐلۡمَوَدَّةَ فِي ﭐلۡقُرۡبَىٰۗ وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةً نَّزِدۡ لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًاۚ إِنَّ ﭐللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ (٢٣) أَمۡ يَقُولُونَ ﭐفۡتَرَىٰ عَلَى ﭐللَّهِ كَذِبٗاۖ فَإِن يَشَإِ ﭐللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَۗ وَيَمۡحُ ﭐللَّهُ ﭐلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ﭐلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ﭐلصُّدُورِ (٢٤)﴾

مژدەدان بە بەهرەکانی بەهەشت بە خاوەنباوەڕان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ ﭐلَّذِي يُبَشِّرُ ﭐللَّهُ عِبَادَهُ ﭐلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ﭐلصَّٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ﭐلۡمَوَدَّةَ فِي ﭐلۡقُرۡبَىٰۗ وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةً نَّزِدۡ لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًاۚ إِنَّ ﭐللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ﴾ بەمە خودا مژدە بەو عەبدانەی دەدات، کە بوونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاك بوون. بێژە من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت. مەگین خۆشویستنی خزمە نزیکەکان. هەر کەسیش چاکەیەك بکات، پتر چاکەی لەگەڵ دەکەین، خودا لە گوناه دەبوورێت بە چاکەی عەبدان دەزانێت. کاتێك خوای گەورە باسی سەیرانگاو باخاتی کرد کە ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن پاشان دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ ﭐلَّذِي يُبَشِّرُ ﭐللَّهُ عِبَادَهُ ﭐلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ﭐلصَّٰلِحَٰتِ﴾ واتە: ئەمە ئەو مژدە بوو کە خوای گەورە دای بە بەندە خاوەن

باوەڕەکانی کە دێتەدیو هیچ گومانی تێدا نیە. وە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: بەو بتپەرستانە لە خوانەناسەکانی قورەیش داوای هیچ شتێکیان لێ ناکەم لە ماڵو سامان بەڵکو داواتان لێ دەکەم کە وازم لێ بێننو شەڕی خۆتانم لێ لادەن هەتا ئەم پەیامەی خودای خۆم بگەیەنم. خۆ ئەگەر یارمەتیم نادەن ئازاریشم مەدەن با خزمایەتیەکەمان بمێنێت. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پرسیار کرا لەم ئایەتە: ﴿إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ سەعیدی کوڕی جوبەیرفەرمووی: واتە: خزمەنزیکەکانی بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ)، ئیبنو عەباس دەڵێت: پەلەت کرد. هیچ بنەماڵەیەك نیە لەناو قورەیشدا کە خزمایەتی نەبێت لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ)، دەڵێت: مەبەست ئەوەیە کە پەیوەندیو خزمایەتی لە نێوان منو ئێوەدا با بمێنێتو هیچی ترم ناوێت. تەنها بوخاری بەم شێوەیە هێناویەتی.[1] ئیمامی ئەحمەدیش لە ڕێگایەکی ترەوە ڕیوایەتی کردووە.[2] وە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةٗ نَّزِدۡ لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًا﴾ واتە: هەر کەسێك چاکەیەك بکات چاکەکەی بۆ زیاد دەکەین، واتە: پاداشتی چاکتری دەدەینەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا﴾[3] واتە: بە ڕاستی خوا قورسایی گەردیلەیەك ستەم ناکات وە ئەگەر چاکەیەك هەبێت(خودا) چەندانەی دەکاتەوەو دەیبەخشێت لە لایەن خۆیەوە پاداشتێکی گەورە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ﴾ واتە: لە زۆر تاوانو گوناه خۆش دەبێتو زۆر لە چاکەکانیش زیاد دەکاتو دەبووڕێت لە گوناهو ئاشکرای ناکاتو زیادیشی دەکاتو ستایشی بەندەکانی دەکات لەسەر چاکەکردن.

دەڵێن پێغەمبەر(ﷺ) خۆی قورئانی هەڵبەستووە بە دەمی خوداوەو وەڵام دانەوەی خودا بۆئەمە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗاۖ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَۗ وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ یان دەڵێن درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستێت. ئەگەر خودا مەیلی لێ بێت، مۆر بەسەر دڵتەوە دەنێت. خودا(هەر بە فەرمانی خۆی) پووچ لە ئارادا ناهێڵێتو ڕاستی لە جێداجیگیر دەکات، ئەو ئاگادارە لە هەرچی بەناو دڵاندا دەبووڕێت. ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا﴾

---

[1] فتح الباري(٤٢٦/٨).

[2] احمد(٢٢٩/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] النساء(٤٠).

واتە: ئەگەر بەناوی خوداوە درۆت هەڵبەستایە وەك ئەو نەفامانە دەڵێن، ﴿فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَ﴾ ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە مۆری دەنا بەسەر دڵتداو گرفتاری دەكردیو قورئانیشت بۆ نەدەهات. وەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ﴾[1] واتە: ئەگەر(موحەممەد(ﷺ)) بە دەم ئێمەوە هەندێ قسەی هەڵببەستایە، بێگومان بە دەستی خۆمان تۆڵەمان لێ دەسەند، لە پاشان ڕەگی دڵیمان دەبڕیو كەس لە ئێوە نەیدەتوانی بەرگری لێ بكات. واتە: بە توندترین شێوە تۆڵەمان لێ دەسەند، هەرگیز كەس ناتوانێت لە دەستی خودا دەربچێتو یاخی ببێت، خودا دەفەرموویێت: ﴿وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓ﴾ هەق جێگیر دەكاتو ڕوونو ئاشكرای دەكات بە بەڵگەی دیارو بەهێز، ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ واتە: ئاگادارە بەوەی كە لەناو دڵدا دێتو دەچێتو شاراوەیەو دیار نیە لە خەڵكەوە.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢٥﴾ وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۚ وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞ ﴿٢٦﴾ ۞ وَلَوۡ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزۡقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٖ مَّا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ﴿٢٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٢٨﴾﴾

خوای گەورە پەشیمان بوونەوە وەردەگرێتو نزایش قەبوڵ دەكات

خوای گەورە منەت دەكات بەسەر بەندەكانیدا بەوەی كە پەشیمان بوونەوە وتۆبەیان لێ قەبوڵ دەكات كاتێك بگەڕێنەوە بۆ لایو واز لە خراپە بێنن لە بەخشندەییو لێبوردەیی خۆیەتی كە لە گوناهی بەندەكانی خۆش دەبێتو چاوپۆشیان لێ دەكاتو دایدەپۆشێت بۆیان. وەك ئەم ئایەتەی كە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴾[2] واتە: وە هەر كەس كردەوەیەكی خراپ بكات یان ستەم لە خۆی بكات پاشان داوای لێخۆشبوون لە خوا بكات دەبینێت خوا لێبوردەی میهرەبانە. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(خوای گەورە پەشیمان بوونەوەی بەندەی خۆی پێ خۆشترە كاتێك دەگەڕێتەوە بۆ لای لە یەكێك لە ئێوە كە وڵاغەكەی لە چۆڵەوانیەكدا لە دەستی دەبچێتو هەرچی خواردنو خواردنەوەی

---

[1] الحاقة(٤٤_٤٧).

[2] النساء(١١٠).

هەیە بەو وڵاغەمە بێت، بێ هیوا بێت لێی هاتبێتە بن دارێكو لە ژێر سێبەرەكەیدا پاڵ كەوتبێتو هیچ هیوایەكی نەمابێت بە وڵاغەكەی. وەختێك ئەو كەسە بەو حاڵەوەیە، كاتێك دەزانێت وڵاغەكە بە بارەكەوە لە لایەتی. دەستی گرتووە بە ڕەشۆكەیەوە، پاشان ئەوەندە دڵی خۆشە لە خۆشیاندا وتی: ئەی خوایە تۆ بەندەی منیو من خوای تۆم ئەوەندە دڵی خۆشە لە خۆشیاندا هەڵە دەكات)[1]. وەدیسان لە سەحیحی موسلیمدا لە ڕیوایەتی عەبدوڵلای كوڕی مەسعوددا بەو شێوەیە هاتووە(ڕەزای خوای لێ بێت)[2]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ هەر ئەویشە پەشیمانی لە عەبدەكانی قەبوڵ دەكاتو لە كارە خراپەكانیان چاو دەپۆشێتو لە هەموو كردەوەكانیان ئاگادارە. زوهری لەم فەرموودەی خوای گەورەدا: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾ دەڵێت: ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خوا زیاتر پەشیمانی بەندەی خۆی پێ خۆشترە لە یەكێك لە ئێوە كە ونبوەكەی دەدۆزێتەوە لەو شوێنەی كە دەترسێت تینوویەتی بیكوژێت تێیدا)[3]. هەممامی كوڕی حارس دەڵێت: پرسیار لە ئیبنو مەسعود كرا كە پیاوێك كاری خراپە لەگەڵ ژنێك بكاتو لە دوایدا مارەی بكات؟ دەڵێت: هیچی تێدا نیەو قەیناكات و ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾.[4] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ واتە: لەدوای تاوان خوای گەورە پەشیمانی قەبوڵ دەكاتو لە گوناهی ڕابردوویش خۆش دەبێت، ﴿وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ واتە: خودا ئاگادارە لە هەموو ئەو شتانەی كردووتانەو پێی هەڵساونو وتووتانە لەگەڵ ئەوەیشدا دەبوورێت لە هەر كەسێك بگەڕێتەوە بۆ لایو پەشیمان بێتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۚ وَٱلْكَـٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ ئەوانەی خاوەن باوەڕنو ئاكار چاكن نزایان لێ قەبوڵ دەكاتو لە چاكەی خۆی بەشی زۆریان دەداتێ. بۆ خوانەناسەكانیش جەزرەبەی زۆر دژوار هەیە. ﴿وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ﴾ سودی دەڵێت: واتە: نزایان لێ قەبوڵ دەكات، ئیبنو جەریریش هەر وای وتووە. واتە:

---

[1] مسلم(٤/٢١٠٤).

[2] مسلم(٤/٢١٠٣).

[3] عبدالرزاق(٣/١٩١)، فەرموودەیەكی لاوازە.

[4] الطبري(٢١/٥٣٣).

نزایان لێ قەبوڵ دەكات بۆ خۆیان و براكانیان و هاوەڵەكانیان.[1] ﴿وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ﴾ واتە: دوعاكانیان بە زیادیشەوە لێ قـەبوڵ دەكـات. قـەتادەو ئیبراهیمـی نەخـەعی دەڵـێن: لـەم ئایەتـەدا: ﴿وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ یانی خوا تكایان وەردەگرێت بـۆ براكانیـان ﴿وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ﴾ تكاشیان بـۆ بـرای براكانیـان هـەروەردەگرێت[2] خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ كاتێـك خوای گەورە باسی خاوەن باوەڕان و چارەنووسیانی كرد لە پاداشتدانەوەی زۆر لـە هـەموو ڕوویەكـەوە باسی بێدینان و چارەنووسی خراپیان دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا لە جەزرەبەی زۆر بە ژان و پـڕ ئـازار لـە كاتی زیندووبوونەوەو لێپرسینەوەیاندا.

لە كارزانی خوداوەندا كە بژێوی بێ سەروبەری نەداوە

خوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ﴾ ئەگەر خودا(بێ سەروبەر) بـژێوی بـۆ عەبدانی خـۆی بناردایە لـە زەمینـدا یـاخی دەبوون. بەڵام هەر بە مەیلی خۆی و بە ئەندازە بەڕێی دەكات، كە خودا لە عەبـدەكانی خـۆی ئاگـادارو چـاودێرە. ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ واتـە: ئەگـەر زیـاد لـە ئەنـدازەی پێویـستیان خـودا بـژێوی بەنـدەكانی بدایـە وایـان لێ دەهـات كـە دەسـتدرێژی بكەنـە سـەریەك و دەسـت بكەنـە تاوانكردن و خراپەكاری لەسەر زەمینـدا. ﴿وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ﴾ واتـە: بـەڵام بە مەیلی خۆی بە شێوەیەك بـژێوی داون كـە خێروبێـری باشـی تێدا بێـت بۆیـان. خـودا خـۆی چاكتر دەزانێـت چـی باشـە بۆیـان. كـێ دەوڵەمەنـدی بـۆ چاكەو كـێش هـەژاری بـۆ چـاكە. خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ۚ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ هەر ئـەویش پـاش نائومێـد بـوون لـە بـاران، بـاران دادەبارێنێـت و دڵۆڤـانی خۆشـی بڵاودەكاتـەوە. هـەر ئـەوە بـۆ مەزنایەتی دەشێ بەردەوام پەسـەندی بـدرێت. ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟﴾ واتـە: دوای ئەوەی كەبێ ئومێد بوون لە باران بارین. بارانیـان بـۆ دەبارێنێـت لـە كاتێكدا كـە زۆر پێویـستیان بـەو بارانە هەیە. وەك ئەم ئایەتانەی كە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ لَمُبْلِسِينَ﴾[3] واتە: ئەگەرچی پێش ئەوەی باران بەسەریاندا ببارێت بێ هیواو نائومێـد بـوون. وە

---

[1] الطبري(٢١/٥٣٤).

[2] الطبري(٢١/٥٣٤).

[3] الروم(٤٩).

دەفەرموویت: ﴿وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥ﴾ واتە: بەزەیی خۆی بڵاودەکاتەوە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتو ناوچەیەدا. قەتادە دەڵێت: بۆیان گێڕاینەوە کە پیاوێك وتی بە عومەری کوڕی خەتاب(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەی گەورەی موسڵمانان! باران نابارێتو خەڵکی نائومێد بوون، عومەر وتی: دەی بۆتان ئەباری! پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ﴾.[1] واتە: هەر خودایە کاروباری دروستکراوەکانی دەبات بەڕێوە بۆ ئەوەی سودی لێ ببینن لە دنیاو لە دوارۆژیانداو هەر ئەوە دەشێت پەسەندی بدرێت لە هەموو شتێکدا کە دایدەنێتو دەیکات.

﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ ﴿٢٩﴾ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴿٣٠﴾ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴿٣١﴾﴾

وەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەمین لە نیشانەکانی خودان

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ﴾ هەر لە نیشانەکانی ئەون: داهێنانی ئەم ئاسمانانەو زەمینەو ئەو هەموو جانەوەرانەی(کە لە نێوان ئەو دووانەدا) بڵاوی کردوونەتەوە. هەر کاتێکیش بۆ خۆی مەیلی لێ بێت توانای هەیە هەموویان کۆ بکاتەوە، ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾ واتە: لەو نیشانانەی کە بەڵگەن لەسەر مەزنایی‌و توانای گەورەو دەسەڵاتی بەهێزی خوای گەورە، ﴿خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا﴾ واتە: ئەو هەموو گیانەوەرانەی کە لە نێوان ئاسمانەکانو زەمیندا بڵاوی کردووەتەوە، ﴿مِن دَآبَّةٖ﴾ ئەمە فریشتەکانو مرۆڤو جنۆکەو هەموو گیانەوەرەکانی تریش دەگرێتەوە بە هەموو جۆرو شێوەو ڕەنگو زمانو ڕەگەزو شێوازی ژیانیانەوە. کە بڵاوی کردوونەتەوە لە هەموو ناوچەو بەشەکانی ئاسمانەکانو زەمیندا، ﴿وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ﴾ لەگەڵ ئەمانەدا هەمووی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەڵو ئاخری کۆدەکاتەوە لە تەك هەموو دروستکراوەکانی تردا لە یەك شوێندا دەنگی بانگکەر دەبیستنو دەبینرێنو بڕیاریان بۆ دەدرێت. بە بڕیاری خودا خۆی، بڕیارێکی هەقو دادپەروەرانە.

[1] الطبري(٢١/٥٣٧).

هۆكاری گرفتاریەكان بێ گوێیی و یاخی بوونە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾ هەر كاتێك تووشی بەڵایەك بوون. بە هۆی كردەوەی خۆتان، لە زۆر گوناهەكانیشتان چاو دەپۆشێت. واتە: هەرچی بەڵاو گرفتێكتان بێتەڕێ ئەی خەڵكینە بە هۆی ئەو كردەوە خراپەی خۆتانەوەیە كە لە پێشەوە كردووتانە، ﴿وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ﴾ خوای گەورە لە زۆریشیان دەبووریێت و چاوپۆشی دەكات و تۆڵەتان لێ ناسێنێت لەسەری. وەك خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ ﴾[1] واتە: وە ئەگەر خودا قار بگرێت لە خەلكی(تۆڵەیان لێ بسێنێت) لەبەر ئەو(خراپانەی) كە كردوویانە هیچ گیاندارێكی بەسەر زەویەوە نەدەهێشت. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمووێت: (سوێند بەو كەسەی گیانی منی بە دەستە، هیچ خاوەن باوەڕێك تووشی ناڕەحەتیی و نەخۆشیی و خەم و خەفەتێك نابێت مەگین خودا دەیكاتە كەفارەتی گوناهەكانی تەنانەت دڕكێك كە دەچێت بە پێیدا).[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیانەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیفەرموو:(هیچ شتێك نیە كە تووشی خاوەن باوەڕ ببێت لە جەستەیداو ئازاری بدا مەگین خودا دەیكاتە كەفارەتی تاوان و گوناهەكانی)[3]. دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (كاتێك گوناهی عەبد زۆر بوو چاكەی نەبوو ببێتە كەفارەتی خوای گەورە تووشی دڵگرانیی و خەم و خەفەتی دەكات، بۆ ئەوەی بیكاتە كەفارەتی).[4] پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴾ ناشتوانن لەم سەر زەمینەدا خۆ لە خودا بدزنەوە غەیری خوداش نە هیچ گەورەیەكتان هەیە. نە كەسیش بە هاناتانەوە دێت.

---

[1] الفاطر(٤٥).

[2] احمد(٢/٣٠٣)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[3] احمد(٤/٩٨)، فەرموودەیەكی حەسەنە.

[4] احمد(٦/١٥٧)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەكانی لاوازە.

﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلۡجَوَارِ فِي ٱلۡبَحۡرِ كَٱلۡأَعۡلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ ﴿٣٣﴾ أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ ﴿٣٤﴾ وَيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ ﴿٣٥﴾﴾

کەشتی یەکێکە لە نیشانەکانی خودا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلۡجَوَارِ فِي ٱلۡبَحۡرِ كَٱلۡأَعۡلَٰمِ﴾ هەر لە نیشانەکانی ئەون: ئەو کەشتیانەی(کە چیا ئاسا) لە ناو دەریا دێنو دەچن. واتە لەو نیشانانەی کە بەڵگەن لەسەر توانای بێپایانو دەسەڵاتی خودای مەزن ڕامهێنانی دەریاکانە کە گەمیەکان بە فەرمانی ئەو دێنو دەچن وەك چیا، موجاهیدو حەسەنو سودیو زەححاك دەڵێن: ئەم گەمیانە لەناو دەریا وەك چیا وان لە وشکانیدا.[1] وە دەفەرموێت: ﴿إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ﴾ ئەگەرحەز بکات با ڕادەگرێتو لەسەردەریا بەقەتیس دەمێنێتەوە. کە لەمەدا بۆ ئەوانەی خۆڕاگرو سوپاسکارن بەڵگە زۆرن. ﴿إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓ﴾ واتە: ئەگەرخودا مەیلی لێ بێت ئەو بایەی کە بەسەر دەریاکاندا دەڕوات دەیوەستێنێت و گەمیەکان ناجوڵێنێتو لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە نە دەڕۆنو نە دێن. لەسەر دەریا دەوەستن. ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ﴾ ئەمە بۆ ئەوانەی کە خۆڕاگرن لەکاتی لێقەومانو ناڕەحەتیدا بەڵگەیەکی چاکە ﴿شَكُورٍ﴾ واتە زۆر سوپاسی خودا دەکەن بۆ ڕامهێنانی دەریاو جوڵانی هەوا بە پێی پێویست بۆ هاتوچۆیان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەخشندەییو بەهرەی خودا بۆ ئەو کەسانەی کە خۆڕاگرن لە کاتی ناڕەحەتیداو سوپاسکارن لە کاتی خۆشیدا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ﴾ یان لە سزای کردەوەیان تووشی نوقمبوونیان بکات. لە زۆرێك لە گوناهانیشیان دەبوورێت. ﴿أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ﴾ واتە: ئەگەر خودا مەیلی لێ بێت کەشتیەکە لەناودەباتو نوقمی دەکات بە هۆی گوناهی خەڵکەکەیەوە کە لەناویدان. ﴿وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ﴾ واتە: لە زۆرێك لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت، خۆ ئەگەر هەقی هەموو تاوانەکانیان لێ بسێنێت ئەوانەی کە هەموو لەناو گەمێن لە دەریا لەناو دەچن. هەندێ لە زانایانی تەفسیر لە مانای ئەم ئایەتەدا وتوویانە: ﴿أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ﴾ واتە: ئەگەر خودا مەیلی لێ بێت ڕەشەبایەکی زۆر توندی بۆ دەناردن گەمێکەی دەدا بەملاولاداو لە ڕێگای

[1] الطبري (٢١/٥٤١).

خۆی دەیترازاندو نوقمی دەکردو نەدەگەیشتە شوێنی خۆی. واتە گەمیەکەو خۆشیان تیادەچوون. ئەم مانایە گونجاوە لەگەڵ ئایەتی پێشوودا کە خوای گەورە فەرمووی ئەگەر مەیلی لێ بێت بایەکە دەوەستێنێت و ناجولێت، لێرەشدا دەفەرموێت لەبەر توندی بایەکە دەکەوتن بەملاولاداو نوقم دەبوون و لەناو دەچوون. بەڵام لە سۆزو بەزەیی خودایە کە هەوا دەنێرێت بە پێی پێویست. وەك چۆن باران دەبارێنێت بە ئەندازەی پێویست. خۆ ئەگەر بە زۆری باران ببارێنێت خانووەکان نوقم دەکات و دەیڕوخێنێت و ئەگەر کەمیش ببارێت گیاوگژەو دارو درەختەکان سەوز دەکات. هەتا ئەوەتا ئاو دەنێرێت بۆ ولاتی میسر بە شێوەی ڕووبار لەسەر زەمینێکی تەڕەوە چونکە ئەوان پێویستیان بە باران نیە. ئەگەر بارانی زۆر ببارێت بەسەریاندا دیواری خانووەکانیان بەرگە ناگرێت و خانووەکانیان دەڕووخێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ﴾ ئا ئەوانەش دەربارەی نیشانەکانمان کێشە دەکەن. کە هیچ دەرەتانێکیان نیە. واتە: هیچ شتێك نیە بیکەنە پەنا بۆ خۆیان کە بیانپارێزێت لە سزاو تۆڵەمان و بەزیوو داماوو زەبوون بەرامبەر توانای ئێمەدا.

﴿فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾﴾

سیفاتی ئەو کەسانەی شایانی پاداشتن لە لای خودا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ﴾ هەرچی بە ئێوە دراوە هۆی ژیانە لە دنیادا، ئەو شتەش کە لە لای خودایە، بۆ ئەو خاوەن باوەڕانەی هەر بە پەروەردگاری خۆیان پشت ئەستوورن، باشترەو بەپێزترشە. خوای گەورە کەباسی سوکی و بێنرخی ژیانی دنیادەکات و باسی جوانیەکانی و ئەو خۆشی و خۆشگوزەرانیەی کە ماوەیەکی زۆر کەمەو نامێنێت دەکات، دەفەرموێت: ﴿فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ واتە: هەرچیتان وەدەست هێناو کۆتان کردەوە لە خۆبایی مەبن پێی. ئەوە هۆی ژیان و گوزەرانتانەو ماڵێکی کەم نرخ و دواکۆتایەو مەگین لە دەستتان دەردەچێت، ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ﴾ واتە: پاداشتی خودا چاکترە لە دنیا. چونکە پاداشتی خودا هەتاهەتایەو دەمێنێتەوە. ئەوەی نامێنێت پێشی مەخەن بەسەر ئەوەدا کە هەر دەمێنێتەوە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ واتە: بۆ ئەو خاوەنباوەڕانەی خۆڕاگر بوون لەسەر وازهێنان لە خۆشی و ئارەزووەکانی دنیا، ﴿وَعَلَىٰ

رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ واتە: پشت ئەستوور بوون بە خوای خۆیان کە یارمەتیان بدات لەسەر خۆڕاگری لە بەجێهێنانی واجبو فەرزەکانداو وازهێنان لە بەزاندنی سنوورەکانیدا. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ﴾ ئەوانەش لە تاوانی گەورە دوورن لە کردەوەی شورەیی دووری دەگرن(لە گەرمەی توڕەبوونیاندا عەفو دەکەن). پاشان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ﴾ لە پێشەوە لە سورەتی(الاعراف)دا باسی تاوانی گەورەو کردەوەی شورەیمان کرد ﴿الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ﴾ وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ﴾ سروشتو سیفەتیان وایە ئەو خاوەن باوەڕانە دڵ فراوانو لێبوردەن بەرانبەر بە خەڵکی نەك تۆڵەسەندن لێیان لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرگیز لەبەر خۆی تۆڵەی نەسەندووە مەگەر کاتێك کە سنووری خودای تێدا شکێنرابێتو بەزێنرابێت.[1] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ ئەو کەسانەش کە بە دەنگی پەروەردگاریانەوە چوونو نوێژ دەکەنو کارەکانیان بە ڕاوێژەو لەو بژێوەی پێمان بەخشیون دەبەخشن. ﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ﴾ واتە: شوێنی پێغەمبەرەکەی دەکەونو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەنو دووردەکەونەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە لێیان. ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ نوێژ دەکەن کە گەورەترین عیبادەتە بۆ خوای گەورە. ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ واتە: کارەکانیان بە ڕاوێژ دەکەن. هیچ کارێك ناکەن هەتا ڕاوێژ نەکەن لە نێوان خۆیاندا لەسەری بۆ ئەوەی سوود وەرگرن لە ڕاوبۆچوونی یەکتری لە کاروباری جەنگەکانداو لەو شتانەی تر کە پێویستی بە ڕاوێژکردن هەیە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾[2] واتە: وە ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا. بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕاوێژی دەکرد بە هاوەڵەکانی لە کاروباری جەنگەکانو ئەو شتانەی کە پێویستی بە ڕاوێژکردن بووبێت بۆ ئەوەی دڵەکانیان زیاتر پابەند بکات بە ئیسلامەوەو ئایینیان لە لا زیاتر شیرین بکات. هەر بەو شێوەیە عومەری کوڕی خەتاب کاتێك مردنی نزیك بووەوە پاش ئەوەی کە بریندار کرا. بڕیاری دا کە ڕاوێژ بکرێت لە نێوان شەش کەسدا کە بریتی بوون لە عوسمانی کوڕی عەفانو عەلیو تەلحەو زوبەیرو سەعدو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف(ڕەزای خوایان لێ بێت) ڕای هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) هەموو هاتەسەرئەوە عوسمان هەڵبژێرنو پێشیان خست بەسەرئەوانی

---

[1] فتح الباري(١٠/٥٤١).

[2] ال عمران(١٥٩).

تردا(ڕەزای خوایان لێ بێت)، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ واتە: لەو ڕۆزیەی پێمان داون دەبەخشنو دەیدەن بە خەڵکی خودا بە پێی دوورو نزیکی لێیانەوە. وە دەفەرموویت:

﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنتَصِرُونَ﴾ ئەو کەسانەش ئەگەر زۆریکیان لێ بکرێت، تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. واتە توانای تۆڵە سەندنیان هەیە لەو کەسانەی کە ناهەقیان پێ دەکاتو دەستدرێژی دەکاتە سەریان. بێ دەسەلات نینو سەرشۆڕ ناکەن بەڵکو توانای سەندنەوەی حەقی خۆیان هەیە لەو کەسانەی کە دەستدرێژیان دەکەنە سەرو ناهەقیان پێ دەکەن. وە لە کاتی دەسەلاتیشدا خاوەنی لێبوردنن. وەك یوسف وتی بە براکانی: ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ﴾[1] واتە: ئەمڕۆ هیچ سەرزەنشتو تەشەرێکتان لەسەر نیە(لە لایەن منەوە) خوا لێتان خۆش بێت. لە کاتێکدا دەیتوانی سزایان بداتو هەقیان لێ بسێنێت لەسەر ئەو کردارە خراپەی لەگەڵیان کرد. یان وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە ئەوانەی عەفو کرد کە هەشتا کەس بوون کە ویستیان پەلاماری پێغەمبەر(ﷺ) بدەن لە چیای تەنعیمەوە لە ساڵی حودەیبیەدا هاتنە خوارەوە لە چیاکەوە. کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی گرت بەسەریاندا عەفوی کردن کە دەشی توانی تۆڵەیان لێ بسێنێت وە هەر بەو شێوەیە عەفوکردنی غەورەس کوڕی حارس کە ویستی پێغەمبەر(ﷺ) بکوژێت کاتێك شمشێری ڕاکێشا پێغەمبەر(ﷺ) لە خەودا بوو ویستی لێی بدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) هاواری کرد بەسەریداو شمشێرەکەی لە دەست کەوتو پێغەمبەری خودا(ﷺ) شمشێرەکەی گرت بە دەستیەوەو هاوەڵەکانی بانگ کردو ئاگاداری کردن لەوەی کە ڕوویدا لە نێوان خۆیو ئەو پیاوەداو پاشان عەفوی کرد. فەرموودەو ڕووداو زۆرە لەو بارەیەوە، والله سبحانه وتعالى أعلم.

﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٤٠ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ ۝٤١ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظْلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٤٢ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ۝٤٣﴾

چاوپۆشی کردن یان تۆڵەسەندن لە ناهەقی کار

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ سزا بۆ هەر خراپەیەك، خراپەیەکی وەك ئەوە، کێش لە تۆڵە چاو بپۆشێتو کۆشش بۆ ئاشتی بکات، پاداشتی لەسەر خودایە، بێگومان خودا ناهەقی کارانی خۆش ناوێت. ئەم ئایەتە وەك

---

[1] یوسف(٩٢).

ئەو ئایەتە وایە کە خودا دەفـەرمووێت: ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾[1] واتـە: جـا هـەر کەسـێك دەسـتدرێژی کـردە سـەرتان ئێـوەش دەسـتدرێژی بکەنـە سـەری بـە وێنـەی دەستدرێژکردنەکەی ئەو بۆ ئێوە. ئەم ئایەتـەش هـەر وایـە کـە دەفـەرمووێت: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ﴾[2] واتە: وە ئەگەر تۆڵـەتان سـەندەوە ئـەوە بـە ئەنـدازەی ئـەو ستەمەی دژتـان کراوە تۆڵە بکەنەوە. خوای گەورە دادی داناوە کە تۆڵەسەندنە لـە تاوانبـاران بـەڵام ئـەوەباش و چاکتر لێبوردنـە، بۆیـە خـوای گـەورە لێـرەدا فەرموویـەتی: ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾ واتـە: ئـەوەی لێبوردن بکات و چاکەبکات ئەوە پاداشـتەکەی ئەکەوێتـە لای خـوا، ئـانی ئـەو لێبوردنـە لای خـودا ون نابێـت وەك لـە فـەرموودەی سـەحیحدا هـاتووە دەفـەرمووێت:(خـوای گـەورە بەنـدەی خـۆی بـە هـۆی لێبوردن لە خەڵکی زیاتر دەسەڵاتدارتر دەکات).[3] وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: خودا دەستدرێژیکەری خۆش ناوێت ئەوەی کە دەست پێشخەری دەکات لە تـاوان کردنـدا. پاشـان خـوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَٰئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ﴾ ئەو کەسانەی لە پاش ناهـەقی لێکردن. تۆڵەی خۆیان دەسێننەوە خـەتابار نـین. واتـە: ئـەو کەسـانە هـیچ تاوانێکیـان نیـە کـە تۆڵـە دەسێنن لـەو کەسـانەی کـە ناهـەقیان پـێ کـردوون. خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ ۚ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ خەتا هـەر لـەو کەسانەیە ناهـەقی لە مەردم دەکەن و ئاکاریان لە وڵاتدا بـە ملهوڕیـە، ئەوانـە ئـازارێکی بـە ژانیـان دەبێـت. ﴿إِنَّمَا السَّبِيلُ﴾ واتە: خەتاو تاوان. ﴿عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ لەسـەر ئەوانەیـە کـە دەست پێشخەری دەکەن و ناهەقی بە خەڵکی دەکەن لەسەر زەمیندا وەك لـەم فـەرموودە سـەحیحەدا هـاتووە دەفەرمووێت:(دوو کەس قسەیان بـە یـەکتری وتبێـت، تاوانەکـەی لەسـەر ئـەو کەسـەیە کـە یەکـەمجار قـسەی کـردووە ئەگـەر سـتەم لێکـراو دەسـتدرێژی نـەکردبێت).[4] ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوانـە ئازاری توندو بە ژانیان دەبێت. لە موحەمەدی کوڕی واسعەوە دەڵێت: چوومە مەککە کاتێك چوومە سـەر ئـەو چاڵە کـە پردێکـی لەسـەر کرابـوو گـیرام و بردمیـان بـۆ لای مـەروانی کـوڕی موهەلـلەب کـە

[1] البقرة(١٩٤).

[2] النحل(١٢٦).

[3] مسلم(٤/٢٠٠١).

[4] مسلم(٤/٢٠٠٠).

کاربەدەستی شاری بەسرە بوو وتی: چ پێویستیەکت هەیە ئەی باوکی عبدالله؟ وتی: پێویستی من ئەوەیە ئەگەر بۆت کرا، ئەوەم دەوێ کە برای بەنی عەدی وتی. مەروان وتی: کامەیە برای بەنی عەدی؟ وتی: عەلای کوڕی زیاد جارێك داوای لە هاوەڵێکی کرد کارێکی بۆ بکات، نامەیەکی بۆ نووسی وتی: أما بعد. ئەگەر بۆت کرا کە لە ماڵەوە مایتەوە با بارت سووك بێت و سکت خاڵی بێت و دەستت پاك بێت و پیس نەبوو بێت بە خوێن و ماڵی موسڵمانان. وەختێك تۆ ئەوەت کرد هیچ خەتاو تاوانێکت لەسەر نیە، ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ مەروان وتی: بە خوا ڕاست دەکات و ئامۆژگاریەکی چاکی کردووە. پاشان وتی: پێویستیەکەت چیە ئەی ئەبو عەبدوڵلا. وتم: پێویستی من ئەوەیە ڕەوانەم بکەی بۆ ناو ماڵ و منداڵم وتی: بەڵێ باشە[1]. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. دوای ئەوەی خوای گەورە باسی خراپیی و ناهەقی ئەو کەسانەی ناهەقیکارن کرد، تۆڵەی دانا بۆ خراپەکار، داوا دەکات لە مەردم کە لێبوردەو سنگ فراوان بن لەگەڵ خەڵکی دەفەرموێت: ﴿وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ﴾ بۆ کەسێك خۆڕاگر بێت و لە تۆڵە چاوپۆشی بکات. ئەمە یەکێك لە کارە پەسەندەکانە. واتە: خۆڕاگربێت لەسەر ناهەقی و ئازارو چاوپۆشی بکات لە مەردم، ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ﴾ سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: لەو کارە چاك و هەقانەیە کە خوای گەورە فەرمانی پێدەکات. واتە: لەو کارانەیە بەرز نرخێنراوو سوپاسکراوە. چونکە هەموو کارێکی چاك و پەسەند پاداشتی باش و ڕێزی تایبەتی هەیە.

﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِيّٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ يَقُولُونَ هَلۡ إِلَىٰ مَرَدّٖ مِّن سَبِيلٖ ﴿٤٤﴾ وَتَرَىٰهُمۡ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرۡفٍ خَفِيّٖۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِي عَذَابٖ مُّقِيمٖ ﴿٤٥﴾ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنۡ أَوۡلِيَآءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ ﴿٤٦﴾﴾

ژیانی ناهەقیکاران لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِيّٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ يَقُولُونَ هَلۡ إِلَىٰ مَرَدّٖ مِّن سَبِيلٖ﴾ هەرکەسێك خوا لێی گۆڕیبێت، ئیترکەس بە شوێن ئەودا نابێت بە دۆست. تۆ دەبینی ئەوانەی ناهەقیکارن کاتێك جەزرەبە دەبینن. دەڵێن: ئاخۆ هیچ دەرەتانێکمان هەیە؟ خوای گەورە باسی خۆی دەکات کە مەیلی لە هەر شتێك ببێت دەبێت و کەس نابێتە ڕێگری و

[1] ابن أبي شيبة(١٤/٦٣).

هەر شتێکیش مەیلی لێ نەبێت نابێت‌و کەس ناتوانێت بیکات. وە هەر کەسێك ئەو ڕێگەی نیشان بدات کەس ناتوانێت لێی بگۆڕێت‌و هەر کەسیش خودا ڕێی لێ گۆڕی کەس ناتوانێت ڕێی نیشان بدات. وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا﴾[1] واتە: وە هەر کەسیش گومڕا بکات ئەوە دەستت ناکەوێت بۆی هیچ پشتیوان‌و ڕێ نیشاندەرێك. پاشان خوای گەورە باسی ناهەقیکاران دەکات ئەوانەی بتپەرستن‌و هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن دەفەرموێت: ﴿لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ کاتێك سزا دەبینن لە ڕۆژی قیامەتدا ئاواتەخوازن جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ دنیا. ﴿يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ﴾ ئاخۆ هیچ ڕێگایەکمان هەیە خۆمان دەرباز بکەین، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾[2] واتە: وە ئەگەر بیانبینیت کاتێك کە لەسەر قەراخی دۆزەخ وەستێنراون کە دەڵێن: خۆزگە دەگەڕێنراینەوە بۆ دنیاو بەڵگەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەدەزانی‌و لە بڕواداران دەبووین،(نەخێر بە ڕاستیان نیە) بەڵکو ئەوەی کە لەوەوپێش دەیانشاردەوە بۆیان دەرکەوتووەو ئەگەر بگەڕێنرێنەوە(بۆ دنیا) بێگومان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کارانەی کە لێیان قەدەغەکرابوو وە بە ڕاستی ئەوانە درۆزنن. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِىٍّ ۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ﴾ کە دەیانبەنە سەر ئاگر، دەیانبینی زۆر بەسەرکزی‌و داماوی و لە بنەوە چاوەچاویانە. خاوەن باوەڕانیش دەڵێن: زیانباران ئەو کەسانەن کە خۆیان‌و کەس‌و کاریان ڕۆژی قیامەت دۆڕاندووە. باش بزانن کەئەوناهەقیکەرانە، هەتاسەر هەرلەئازاردان. ﴿وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا﴾ دەیانبینی کەدەیانبەنە سەر ئاگر. ﴿خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ﴾ لە ترساندا دەلەرزن بە هۆی ئەو کارە خراپانەی کە لە ڕابردوودا کردوویانەو لە فەرمانی خودا دەرچووبوون، ﴿يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِىٍّ﴾ موجاهید دەڵێت: واتە: بەسەرشۆڕی.[3] واتە: لە ژێرەوە بە دزیەوە دەڕوانن بۆ ئەو ئاگرە. ئەوەی کە لێی دەترسان تووشی هاتوون‌و هەرگیز ڕزگاریان نابێت. زۆر گەورەو گرانە لەسەر دڵیان خوای گەورە بمانپارێزێت لەو ئاگرە. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ خاوەن

---

[1] الكهف(١٧).

[2] الانعام(٢٧ـ٢٨).

[3] الطبري(٥٥٣).

باوەڕان لە ڕۆژی قیامەتدا دەڵێن: ﴿إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئەوانەی کە زۆر زیانبارن، ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ ئەو کەسانەن کە خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان تووشی زیان کرد لە ڕۆژی قیامەتدا خۆشیان‌و ئەوانیشیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ ناو ئاگر هەرچی خۆشی هەبوو لە دەستیان داو جیاش دەکرێنەوە لەگەڵ دۆست‌و هاوڕێ‌و براو خزم‌و کەس‌و کاریشدا، پاش ئەوەی ئەوانیشیان تووشی زیان کرد. ﴿أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ﴾ واتە: ئەو ستەمکارانە باش بزانن کە بە بەردەوامی وان لە سزاو ئازارو هەرگیز ڕزگار نابن‌و ڕێگاشیان نیە بۆ هیچ لایەك دەرباز بن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَآءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ﴾ غەیری خودا هیچ کەسێك بە هانایان نایەت، هەر کەس خودا گومڕای بکات هیچ ڕێیەکی بۆ نامێنێت. واتە: هیچ کەس نیە غەیری خودا ڕزگاریان بکات لە سزاو جەزرەبە، ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ﴾ هەر کەسێك خودا سەری لێ تێك بدات ڕزگاربوونی نیە.

﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾﴾

هەڵنان بۆ خواناسی لە پێش ئەوەی کە قیامەت بێت

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ﴾ بەر لەوە ڕۆژێك بێت کە لە لای خوداوە هیچ گەڕانەوەی بۆ نیە، بە فەرمانی پەروەردەی خۆتان بکەن، ئەو ڕۆژە هیچ پەناتان دەست ناکەوێت‌و هیچ حاشاتان پێناکرێت. وەختێك خودای گەورە باسی ئەو گرانی‌و هەموو نارەحەتیە گەورەی ڕۆژی قیامەتی کردو ئاگاداری مەردمی کرد لێی‌و فەرمانی دا بۆ خۆئامادەکردن بۆی پاشان فەرموویەتی: ﴿ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ واتە: بەر لەوەی ڕۆژێك بێت کاتێك خودا فەرمانی دا بێت بە چاوتروکانێك دێت. کەس نیە بەری بگرێت‌و نەهێڵێت بێت. دەفەرمووێت: ﴿مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ﴾ واتە :هیچ کۆشك و قەڵاو شوێنێك نیە پەنای پێ بەرن‌و خۆتانی تیا بزر بکەن‌و لەبەرچاوی خودا خۆتان بشارنەوە تێیدا. بەڵکو خوای گەورە بە تواناو دەسەڵاتی دەوری داون‌و چاوی لێتانە‌و ئاگای لە هەموو شتێکتانە‌و هیچ پەنایەك نیە لای ئەو نەبێت. ﴿يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴿١٠﴾ كَلَّا

لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ﴾[1] واتە: ئەو کاتە مرۆڤ دەڵێت: دەربازگە لە کوێوەیە، نەخێر هیچ پەناگەیەك نیە، لەو ڕۆژەدا ئارامگاهەرلای پەروەردگاری تۆیە.خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ الْإِنسَانَ كَفُورٌ﴾ سائەگەرهەرخۆیان بوارد. ئێمە تۆمان بۆئەوە نەنارد لەسەر ئەوانە پاسدار بی. تەنها ئەوەندەت لەسەرە مەبەستەکە ڕابگەیەنی. ئێمە هەر کاتێك کارێك دەکەین مرۆڤ تامی بەزەیی ئێمە بچێژێت. خۆشیان لێ دێتو ئەگەر بە هۆی کردەوە خراپەکانیان دەکەونە چۆرتمێکەوە. هەر دەزانن پێنەزان بن. واتە: ئەگەر بتپەرستان دژایەتیان کردو خۆیان بوارد ﴿فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ واتە: ئێمە تۆمان نەکردووە بە چاودێر بەسەریانەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت لە ئایەتێکی تردا: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾[2] واتە: لەسەر تۆ نیە(ئەی موحەممەد(ﷺ)) ڕێنموونیو موسڵمان کردنی خەڵکی بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات. وە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ﴾[3] واتە: بێگومان تۆ هەر گەیاندنت لەسەرەو لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە. لێرەدا دەفەرموێت: ﴿إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ واتە: ئێمە تۆمان ڕاسپاردووە کە تەنهاپەیامی خودایان پێ بگەیەنی.پاشان خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا﴾ واتە: کاتێك تووشی خۆشیو خۆشگوزەرانیان دەکەین زۆر دڵخۆش دەبن، ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ﴾ واتە: کاتێکیش تووشی کەم بارانیو نەبوونیو بەڵایەکیان دەکەین، ﴿فَإِنَّ الْإِنسَانَ كَفُورٌ﴾ واتە: ئەو بەزەییو چاکانەی هەموو لە یاد دەچێتو ئینکاری دەکات تەنها هەر ئەو کاتەی لە یادە کە تیایەتی. واتە: لە کاتی خۆشیو خۆشگوزەرانیدا لەخۆی بایی دەبێتو لە کاتی نەبوونیشدا بێ هیواو دەستەئەژنۆ دادەنیشێت. وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(ئەی ژنگەلینە خێروبێر بکەن، من ئێوەم بینیوە زۆرینەی خەڵکی ئاگر بوون). ژنێك وتی: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (چونکە ئێوە زۆر نارازینو هاوڕێیەتیتان لەبەرچاو نیە ئەگەر بە درێژایی ساڵ چاکە لەگەڵ یەکێکتان بکرێت پاشان

---

[1] القيامة(١٠ـ١٢).

[2] البقرة(٢٧٢).

[3] الرعد(٤٠).

ڕۆژێك نەكرا، دەڵێت: هەرگیز چاكەم لە تۆ نەبینیوە).[1] ئەمە حاڵو كردەوەی زۆری ژنانە مەگەر كەسێك خودا ڕێی نیشان دابێتو شارەزای كردبێت، ئەوانەش ئەو كەسانەن كە لە خاوەن باوەڕانو ئاكارچاكانن. وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر تووشی خۆشی بووە سوپاسگوزار بووە، كە ئەوە خێر بووە بۆی. وە ئەگەر تووشی ناخۆشیش بووە ئارامی گرتووە هەر خێر بووە بۆی. ئەمەش بۆ هیچ كەسێك نیە بۆ خاوەن باوەڕ نەبێت).[2]

﴿لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾﴾

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ﴾ لەو ئاسمانانو زەمینە فەرمانڕەوا هەر خودایەو چی بخوازێت دروستی دەكات، بە یەكێك كچ دەبەخشێتو بە یەكێك كوڕ. ئیتر بە مەیلی خۆیەتی. خوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە خۆی ئاسمانەكانو زەمینی بەدی هێناوەو خۆی خاوەنو هەڵسوڕێنەریەتیو دەیبات بەڕێوە، هەرچی مەیلی لێ بێت دەیكاتو هەرچیش مەیلی لێ نەبێت نایكات. دەبەخشێت بە هەر كەسێك حەز بكاتو دەیگرێتەوە لە هەر كەسێكیش حەز بكات. كەس ناتوانێت بەری بەخشیشی بگرێتو ناشتوانێت ببەخشێت بە فەرمانی ئەو نەبێت. هەرچی بخوازێت دروستی دەكات، ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا﴾ بە مەیلی خۆی بە یەكێك تەنها كچ دەدات. بەغەوی دەڵێت: لەو كەسانەی كە هەر كچی پێداون پێغەمبەر لووت(لوط)(سەلامی خوای لێ بێت).[3] ﴿وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ﴾ وە هەر بە مەیلی خۆی بە یەكێكی تر تەنها كوڕ دەدات. بەغەوی دەڵێت: وەك پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیل(سەلامی خوای لێ بێت) كە هەر كوڕی بووو كچی نەبوو.[4] وە دەفەرموێت: ﴿أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ دوو(كوڕو كچانیان) دەداتیو بە مەیلی خۆی، هێندێكیانیش نەزۆك دەكات. هەر خۆی زانایەو بەتوانایە. واتە: وە بۆ هەر كەسێكیش مەیلی لێ بێت كچیشو كوڕیشی

---

[1] مسلم(٨٦/١).

[2] مسلم(٢٢٩٥/٤).

[3] البغوي(١٣٢/٤).

[4] البغوي(١٣٢/٤).

دەداتێ. بەغەوی دەڵێت: وەك پێغەمبەر موحەممەد(ﷺ)[1]. ﴿وَيَجۡعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا﴾ وە بۆ هەر کەسێکیش بخوازێت هەر منداڵی نابێت، بەغەوی دەڵێت: وەك پێغەمبەر عیساو یەحیا(سەلامی خوایان لێ بێت).[2] خوای گەورە مرۆڤی کردووە بە چوار بەشەوە هەندێکی هەر کوڕی پێداوەو هەندێکی هەر کچی پێداوەو هەندێکی کوڕو کچی پێداوەو هەندێکیشی نەزۆك نە کوڕی دەبێتو نە کچ ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ واتە: خۆی دەزانێ کێ شیاوی هەر یەکێك لەو بەشانەیە، دەتوانێت بەو شێوەیە جیایان بکاتەوە. ئەم ئایەتە لێرەدا لەو ئایەتە دەچێت کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةً لِّلنَّاسِ﴾[3] واتە: وە بۆ ئەوەی بیکەن بە موعجیزەو نیشانەیەك بۆ خەڵکی. واتە: ئەمانە هەموو نیشانەی دەسەڵاتو توانایی خودای گەورەن کە خەڵکی دروست کردووە، بە چوار شێواز هەر جارەی بە شێوەیەك. پێغەمبەر ئادەمی(سەلامی خوای لێ بێت) لە خۆڵ(تراب) دروست کردووەو نە لە نێر بووە نە لە مێیە. حەوایشی لە نێرینە وەدی هێناوە بەبێ مێیە، خەڵکەکەی تریش غەیری عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) لە نێرو مێ دروست کردووە، عیسا پێغەمبەریش(سەلامی خوای لێ بێت) لە مێینە وەدی هێناوە بەبێ نێرینە. بە دروست کردنی عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خوایان لێ بێت) نیشانەکان هاتەدی وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةً لِّلنَّاسِ﴾[4] واتە:: وە بۆ ئەوەی بیکەن بە موعجیزەو نیشانەیەك بۆ خەڵکی. ئەمە لێرەدا لە بارەی باوکانەوەو لە شوێنی یەکەمیشدا لە بارەی فەرزەندانەوە بووەو هەر یەکێك لەم دووانە بوون بە چوار بەشەوە،بێگەردی بۆ خوای بەرزی بەتوانا.

﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ ﴿٥١﴾ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلۡنَٰهُ نُورٗا نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَاۚ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ ﴿٥٣﴾﴾

---

[1] البغوي(٤/١٣٢).

[2] البغوي(٤/١٣٢).

[3] مريم(٢١).

[4] مريم(٢١).

باسی شێوازی هاتنەخوارەوەی نیگا (الوحي)

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَآءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾ هەرگیز خودا هیچ کەسێکی ڕووبەڕوو نەدواندووە، یان فەرمانی لە ڕای دڵیەوە ناردووە، یان لە پشت پەردەوە یان قاسیدێکی ناردووەو ئیزنی داوە چی دەخوازێت بە دڵی ڕابگەیەنێت. هەر ئەو جێ بەرزو کارزانە. ئەمە جۆرو پلەکانی نیگایە لە لایەن خوای گەورەوە. جاری وا هەبووە خوای گەورە شتێکی خستووەتە ناو دڵی پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە هیچ گومانی نەبووە کە ئەو شتە لە لایەن خوداوە بوە. وەك لە سەحیحی ئیبنو حەیبباندا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی:(گیانی پیرۆز(روح القدس) نایە دڵمەوە هیچ گیانلەبەرێك نامرێت هەتا ڕۆزیو کاتی خۆی تەواو نەکات. سا لە خودا بترسنو بە جوانی بگەڕێن بە دوای ڕۆزیدا)[1].

﴿أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ﴾ یان لە پشت پەردەوە وەك چۆن قسەی کرد لەگەڵ موسادا(سەلامی خوای لێ بێت) پاشان موسا داوای بینینی خودای کرد، ڕێگای پێنەدرا. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە جابیری کوڕی عەبدوڵلا(ڕەزای خوایان لێ بێت):(خودا قسەی لەگەڵ هیچ کەسێك نەکردووە مەگین لە پشت پەردەوە نەبێت، ئەو خودایە ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ باوکتدا کردووە).[2] وەك لە فەرموودەدا هاتووە کە لە جەنگی ڕۆژی ئوحوددا شەهید کرا. بەڵام ئەمە لە عالەمی بەرزەخدا بووە هەرچەندە ئایەتەکە لەم دنیادا هاتووەتەخوارەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَآءُ﴾ وەك چۆن جوبرەئیل یان غەیری ئەو فریشتەیەکی تر دێتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت)، ﴿إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾ ئەو خودایە جێ بەرزو زاناو ئاگادارو کارزانە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَٰبُ وَلَا الْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ هەر بەم جۆرەش. ئێمە لە فەرمانی خۆمان، گیانێکمان ناردە لای دڵت، تۆ لە پێشدا نەتدەتوانی بزانی کتێب کامەیەو بڕوا چیە؟ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێك کە عەبدانمان(ئەوانەی خۆمان بخوازین) بەوە دەخەینە سەر ڕێگا. تۆش بە ڕاستەڕێ ڕێبەری. ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا﴾ واتە: قورئان. ﴿مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَٰبُ وَلَا الْإِيمَٰنُ﴾ واتە: تۆ ئاگات لێ نەبوو کتێبو بڕوا چیە بەو شێوەی کە لە

---

[1] مسند الشهاب(٢/١٨٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] تحفة الأحوذي(٨/٣٦٠)، لە سورەتی(ال عمران)دا پلەکەی دیاری کراوە.

قورئاندا بە درێژی بۆت باس کراوە. ﴿وَلَٰكِن جَعَلۡنَٰهُ﴾ قورئانمان کردە ﴿نُورٗا نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَا﴾ مەشخەڵێك بۆ عەبدەکانمان ئەوانەی خۆمان مەیلمان لێ بێت بەوە دەخەینە سەر ڕێگا. وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٞ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى﴾[1] واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ: قورئان بۆ کەسانێك باوەڕیان پێی هێناوە ڕێبەرو چارەسەری گومانەو ئەوانەی باوەڕی پێ ناهێنن لە گوێیاندا گرانیو کەڕی هەیە(لە بیستنی هەق) هەروەها لە ئاست ئەم قورئانەدا کوێرن. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّكَ﴾ واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ﴿لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾ تۆش لەسەر ڕاستەڕێی کە بریتیە لە خوڕەوشتی چاكو جوانو ڕاست. پاشان خوای گەورە مانای دەکات دەفەرمووێت: ﴿صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ﴾ ڕێگە بەرەو ئەو خودایەی، هەرچی لە ئاسمانەکانو هەرچی لە زەمینیشدایە هەر بۆ ئەوە. باش بزانن! هەموو کارێك هەر بۆ لای ئەو دەچێتەوە. ﴿صِرَٰطِ ٱللَّهِ﴾ ئەو بەرنامەیەی کە ئەو فەرمانی پێداوە، ﴿ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ واتە: خودا پەروەردەیانەو خاوەنیانەو هەڵیان دەسوڕێنێتو دەیانبات بەڕێوەو دەیانپارێزێت، ئەو کاربەدەستەیە کە هیچ کەس ناتوانێت دەست وەکاریەوە بدات. ﴿أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ﴾ واتە: هەموو کارێك دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو جیای دەکاتەوەو فەرمانی بۆ دەردەکاتو پەسەندی پاکی هەر بۆ خودایە لەوەی کە ناهەقیکارانو خوانەناسان دەیڵێن بەرانبەر بە خودای بەرزو مەزن.

[1] فصلت(٤٤).

تەفسیری سورەتی (الزخرف)

لە مەککەدا هاتووەتەخوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ (١) وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ (٢) إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٣) وَإِنَّهُۥ فِيٓ أُمِّ ٱلۡكِتَٰبِ
لَدَيۡنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ (٤) أَفَنَضۡرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكۡرَ صَفۡحًا أَن كُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّسۡرِفِينَ (٥) وَكَمۡ
أَرۡسَلۡنَا مِن نَّبِيّٖ فِي ٱلۡأَوَّلِينَ (٦) وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ (٧) فَأَهۡلَكۡنَآ أَشَدَّ مِنۡهُم بَطۡشٗا
وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٨)﴾

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿حمٓ﴾ حا، میم. ﴿وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ﴾ بەم کتێبە کە هەمووشت نیشان دەدات. واتە: ئەم کتێبە ڕوونەو ئاشکرایەو ماناو وتەکانیشی دیارە چونکە بە زمانی عەرەبی هاتووەتەخوارەوە کە ڕەوانترین زمانە بۆ قسەکردن لە نێوان مەردمدا بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ بڕیارمان دا ئەم قورئانە عەرەبی بێت، بەشکو بتوانن تێبگەن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ﴾ واتە: ناردوومانەتە خوارەوە، ﴿قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا﴾ واتە: بە زمانی عەرەبی کە ڕوون و ڕەوانە، ﴿لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ واتە: شاید لێی تێبگەن و لێی ورد ببنەوە، وەك ئەم ئایەتەی کە خودا فەرموویەتی: ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ﴾[1] واتە: بە زمانێکی عەرەبی ڕوون و ڕەوان. وە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّهُۥ فِيٓ أُمِّ ٱلۡكِتَٰبِ لَدَيۡنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾ ئەمەش لە ماڵی کتێبدا کە (لوح المحفوظ)ە (لای ئێمە) گەلێك پایە بەرزەو پڕە لە کارزانی. واتە: خوای گەورە باسی ڕێزو گەورەیی ئەم قورئانەی کردووە لە لای کۆمەڵی پایەبەرزان (الملأ الأعلى) بۆ ئەوەی خەڵکی سەر زەمین زۆر ڕێزی لێ بگرن و بە مەزنی سەیری بکەن و بەرفەرمانی بن. خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّهُۥ﴾ واتە: ئەم قورئانە، ﴿فِيٓ أُمِّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ واتە: لە (لوح المحفوظ) دایە، ئیبنو عەباس و موجاهید وتوویانە.[2] ﴿لَدَيۡنَا﴾ واتە: لای ئێمە. قەتادەو کەسانی تریش وتوویانە.[3] ﴿لَعَلِيٌّ﴾

---

[1] الشعراء(١٩٥).

[2] الرازي(١٦٧/٢٧).

[3] البغوي(١٣٣/٤).

واتە: خاوەنی ڕێزو پایەبەرزیو مەزنیە. قەتادە دەڵێت.[1] ﴿حَكِيمٌ﴾ پڕە لە کارزانیو دوورە لە لاریو ناڕێکیەکەوە. ئەمە هەمووی بۆ ئاگاداربوونە لە ڕێزو مەزنی ئەم قورئانە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ﴿٧٧﴾ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ﴿٧٨﴾ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[2] واتە: کە بێگومان ئەمە قورئانێکی گەورەو بەڕێزە، لەناو کتێبێکی شاراوەدایەکە(لوح المحفوظـه) جگە لە(فریشتە) پاکەکان کەس دەستی لێ نادات، نێردراوەتە خوارەوە لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە. وە دەفەرموێت: ﴿كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِي صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ ﴿١٣﴾ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ ﴿١٤﴾ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ﴿١٥﴾ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ﴾[3] واتە: وا مەکە! بێگومان ئەو ڕێنموونیانەی (کە بۆت هاتووە) بێدارکەرەوەی (ئادەمی)یە، ئینجا ئەو کەسەی بیەوێت یادی خودا دەکات،(کە ئەو ڕێنموونیانەش نووسراوەتەوە) لە چەند پەڕەیەکی گەورەی پایەبڵندی پاکدا، کە بە دەست نوێنەرانی، بەڕێزی خێرخـواوەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَنَضۡرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكۡرَ صَفۡحًا أَن كُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّسۡرِفِينَ﴾ هەرچەند ئێوە کۆمەڵێ لاساریش بن، ئاخۆ ئێمە لەو بیرەوەریە واز دێنین. واتە: ئێوە وا دەزانن ئێمە واز لە ئێوە دێنینو جەزرەبەتان نادەین کاتێك کە فەرمانتان پێ دەکەین بە کارێك و نایکەنو پێی هەڵناسن. ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو ئەبو سالحو موجاهیدو سودیەو ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە.[4] قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿أَفَنَضۡرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكۡرَ صَفۡحًا﴾ دەڵێت: سوێند بە خودا ئەگەر ئەم قورئانە بەرزکرایەتەوە کاتێك ئەوەڵی ئەم ئوممەتە باوەڕیان پێ نەکردو گەڕاندیانەوە ئەوە هەموو قڕ دەبوون و هەموویان لەناو دەچوون. بەڵام خوای گەورە بە سۆزو کەرەمی خۆی هەر بەردەوام بوولە باسکردنو ناردنە خوارەوەی بۆماوەی بیست ساڵ یان هەر هەرچەندێ خۆی مەیلی لێی بوو.[5] ئەم قسەی قەتادەزۆر جوانو پڕ مانایە. کورتەکەی ئەوەیە لەم مانایەدا دەڵێت: لەبەرسۆزیو دلۆڤانی خودایە بەرامبەر بە دروستکراوەکانی کە لە بانگکردنیان بۆ چاکەو بەم قورئانە پڕ لە کارزانیە وازیان لێ ناهێنن. هەرچەندە ئەوانە کۆمەڵێکی زۆر لاساریش بن بەڵکو فەرمانی بەوە

---

[1] الطبري(٢١/٥٦٧).

[2] الواقعة(٧٧ـ٨٠).

[3] العبس(١١ـ١٦).

[4] الطبري(٢١/٥٦٧/٥٦٨).

[5] الطبري(٢١/٥٦٨).

داوه ڕێگا نیشانی ئەو کەسانە بدرێت کە بڕیار دراوە شارەزا بن و ببێتە بەڵگەیش لەسەر ئەوانەی کە بە بەدبەخت نوسراون.

دڵدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر باوەڕنەهێنانی قورەیشیەکان پێی

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئێمە فرە پێغەمبەرمان ناردووەتە لای کۆمەڵانێك بەر لە ئێوە. پاشان خوای گەورە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر باوەڕنەهێنانی قورەیشیەکان پێی و گاڵتەپێکردنی داوا دەکات لە پێغەمبەر(ﷺ) کە ئارام بگرێت لەسەر ئەو ئازاردانەو دەفەرموویت: ﴿وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئێمە پێغەمبەری زۆرمان(سەلامی خوایان لێ بێت) ناردلەپێش تۆوە.﴿وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ هەر کەسیشمان بە پێغەمبەری بۆ ناردن هەر گاڵتەیان پێکردووە. واتە: باوەڕیان پێ نەکردووەو گاڵتەیان پێکردووە. ﴿فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئێمە زۆردارترلەوانمان قڕکردووە، نموونەی(پێشینەکان ڕابوردووە. واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیان (سەلامی خوایان لێ بێت) لە ئەمان زۆردارتر بوون کە باوەڕ بە تۆ ناهێنن ئەی موحەممەد(ﷺ) وەك ئەم ئایەتەیش کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً﴾[1] واتە: دەی ئایا بە زەویدا نەگەڕاون تا ببینن سەرەنجامی کەسانێك کە بەر لەوان بوون چۆن بووە کە لەمان زۆرترو بەهێزتریش بوون. ئایەت لەم بارەیەوە فرە زۆرە. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ موجاهید دەڵێت: ڕەفتاریان.[2] قەتادە دەڵێت: سزاکانیان.[3] کەسانی تریش غەیری ئەمان وتوویانە: پەندو ئامۆژگاری، واتە: ئەوانمان کردە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن ئەوەی تووشی ئەوانە بووە تووشی ئەمانیش دەبێت ئەگەر بەو حاڵە بمێننەوە. وەك خوای گەورەو بەدەسەڵات لەم ئایەتەدا دەفەرموویت: ﴿سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ فِى عِبَادِهِۦ﴾[4] وە لەئایەتێکی تردا دەفەرموویت: ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا﴾[1] وە لە ئایەتی (٥٦)ی ئەم سورەتەدا دەفەرموویت: ﴿فَجَعَلْنَٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْءَاخِرِينَ﴾[2].

---

[1] الغافر(٨٢).

[2] الطبري(٥٧١).

[3] الطبري(٥٧١).

[4] الغافر(٨٥).

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴿٩﴾ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ
الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠﴾ وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا
بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾ وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ
﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُوا عَلَىٰ ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا
كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾﴾

دانپیانانی بتپەرستان کە دروستکراوەکان هەموو خودا وەدی هێناون، بەڵگەی زۆرتریش لەسەری

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ﴾ ئەگەر تۆ لەوان بپرسی: کێ ئاسمانو زەمینی وەدی هێنا؟ دەڵێن بێ شک خودای خاوەن دەسەڵاتی زانا دروستی کردوون. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئەگەر تۆ لەو بتپەرستە خوانەناسو هاوەڵ دانەرانە بۆ خودا بپرسی: ﴿مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ﴾ کێ ئەم ئاسمانانەو زەوی خولقاندووە؟ بەدڵنیاییەکەوە دەڵێن: خودای بەدەسەڵاتی زانا، یانی: ئەوانە دانی پێدا دەنێن کە وەدیهێنەری ئەوانە هەمووی تەنها خودای بێ شەریکە کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا غەیری خودا دەپەرستنو دەیکەنە هاوەڵی خودا وەك ئەو بتانەو شتی تریش. وە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ ئەو کەسێکە ئەم زەمینەی بۆ ئێوە کردە ڕایەخو ڕێگەی بۆ پێداکێشاون، بۆئەوەی شارەزابن. ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا﴾ واتە: ئەو خودایە زەمینی وەك ڕایەخ بۆ تەخت کردوونو کردوویەتیە شوێنی نیشتەجێتانو لەسەری دەچنو دێنو هەڵدەسنو دەخەونو دەڕۆن کە زەمینیش دروستکراوێکە وەك ئاو چۆن دروست کراوە بەڵام خودا بە چیاکان دایکوتاوە بۆ ئەوەی بەملاولادا نەچێت، ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾ ڕێگایشی لە نێوان چیاو شیوەکاندا هێشتووەتەوە تاپیایدا تێپەڕن، ﴿لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ شایەدشارەزا ببن کاتێك دەچن بۆ سەفەر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر. وە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ هەر ئەویشە کە ئەندازە ئاوی ناردەخوار، سەرزەمینی مردوومان پێ بوژاندەوە، ئێوەش وا دەخرێنە دەرێ. ﴿وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ

---

[1] الاحزاب(٦٢).

[2] الزخرف(٥٦).

ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ﴾ هەر خودایە بە پێی پێویستو بە ئەندازە ئاوی بۆ ناردوون بـۆ خۆتـانو کشتوکاڵو خواردنـەوەو بـاخو باخـاتو مـەڕومالات. وە دەفـەرمووێت: ﴿فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا﴾ واتـە: زەمینـی مردووی بێ گیانی پێ زیندوو دەکەینـەوەو دەبوژێنینـەوە. کاتێـك ئـاو دەچێت بەسـەریدا دەجوڵێتو نەرم دەبێتەوەو هەموو جۆرە گیاوگژەو دارو درەختێك زینـدوو دەکاتـەوەو دەڕوێنێت. پاشـان خـوای گەورە بە زیندووکردنەوەی زەمین مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە کە چۆن زەمینی زیندووکردووەتەوە هەر بـەو شـێوەیە لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئێـوەیش پـاش مـردن زیندوودەکاتـەوە، ﴿كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ ئێـوەش وا دەخرێنە دەرێ. پاشان خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ﴾ هەر ئەویشە ئەم هەموو جووتـەی دروسـت کـردووە، گـەمیو ئـاژەڵی وەهاشـی بـۆ ئێوە وەدی هێناوە، سواریان دەبن. ﴿وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا﴾ ئەو خودایەی کە جووتەی لە هەموو شتێکدا دروست کردووە لەوەی کە لە زەمیندا دەڕوێت لە هەموو جۆرەکانی ڕووەكو غەیری ڕووەکیش وە لە زیندەوەریشدا بە هـەموو جـۆرو ڕەگەزیانـەوە، ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ﴾ واتـە: گـەمیو ئـاژەڵو مـالاتی بـۆ ڕام هێنـاون ژێربـاری کـردووە بۆتـان شیر و گۆشـتی مالاتـەکان دەخۆنو سواریـشیان دەبـن، بۆیـە خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ﴾ دەبـێ هـەر کاتێـك لەسـەر پـشتیان حەسـانەوە. ئەوسـا چاکەی پـەروەردگارتان لـەبیر نەچێتو بڵێن: پـاکیو بێعـەیبی بـۆ ئـەو کەسەیە کە ئەمەی ڕامی ئێمە کرد. دەنا بۆمان ڕام نەدەبوون. ﴿لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ﴾ واتە: هەر کاتێك سـوار بـوونو چـاك لەسـەری جـێگیر بـوون، ﴿ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ﴾ دوای ئـەوە چاکەو بـەهرەی پەروەردگارتان لـە یـاد نەچێت لـەو شتانەی کـە بـۆی ڕام کـردوون ﴿إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ﴾ واتە: کاتێك بە تەواوی جێگیر بوون لەسـەری بڵێن: پـاکیو بێگەردی بۆ ئەو کەسەی کە ئەمەی بۆ ڕام هێناین. ئێمە نەماندەتوانی ڕامـی بهێـنینو توانامـان نـەبوو بەسەریدا ئەگەر خوای گەورە ڕامی نەهێنایە. ئیبنـو عـەباسو قـەتادەو سودیو ئیبنـو زەیـد دەڵێن: ﴿مُقْرِنِينَ﴾ واتـە: توانامـان نـەدەبوو بەسـەریدا.[1] ﴿وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ﴾ ئێمـەش گـشتمان بـەرەو پەروەرندەی خۆمـان دەچینەوە. واتـە: هـەموومان دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـودا پـاش مراندنمان. ئـەم

---

[1] الطبري(٢١/٥٧٦/٥٧٧).

ئاگاداریە یانی چۆن لە دنیا لە سەفەر دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان. هەر بەو شێوەیەش کە مردن لە قیامەتدا زیندوو دەکرێنەوەو دەچنەوە لای پەروەرندەتان وەك چۆن ئاگاداری داوە کە چۆن بۆدنیا خەریکن. توێشوویش ئامادەکەن کە خۆپاراستنە لە گوناە بۆ ڕۆژی قیامەت. ﴿وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى﴾[1] واتە: وە توێشوو(ی پارێزگاری) هەڵبگرن کە باشترین توێشوو لەخواترسانە. وە چۆن خۆتان دادەپۆشن بە جلوبەرگ لە دنیادا جلوبەرگی خۆپاراستنیش لە گوناە بپۆشن ئەوە زۆر چاکترەبۆتان.

﴿ وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَاكُم بِالْبَنِينَ ﴿١٦﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَٰنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَاهُم مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾

وەڵامدانەوەی بتپەرستان لەسەر ئەوەی دەڵێن خودا منداڵی هەیە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴾ فرزەندەیان لە بەندەکانی خوادا بۆ دانا! بە ڕاستی مرۆڤ بە ئاشکرا پێ نەزانە. کە هەندێ ئاژەڵو ماڵاتیان داناوە بۆ بتەکانیانو هەندێکیش بۆ خودا وەك خودای گەورە لە سورەتی (الانعام) باسی کردووە بۆمان: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالْأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُوا هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَائِنَا فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى اللَّهِ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَائِهِمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾[2] واتە: وە بڕیاریاندا بۆ خوا لەوەی کە(خودا) دروستی کردو دای هێنا بەشێك لە کشتوکاڵو ئاژەڵو ماڵات جا بە گومانی خۆیان وتیان ئەمە بۆ خودایەو ئەوەش بۆ هاوبەشەکانمان(بتەکانمان) جا ئەوەی بۆ هاوبەشەکانیانە ئەوە بە خوا ناگاتو ئەوەش بۆ خودایە دەگات بە هاوبەشەکانیان(واتە: خوا نایەوێتو دەیداتەوە بەسەریاندا) چ خراپە ئەوەی بڕیاری دەدەن. وە هەر بەو شێوەیە کە کوڕو کچ ئەوەی خۆیان پێی ڕازی نین بە عەیبو عاری دادەنێن بۆ

[1] البقرة(١٩٧).

[2] الانعام(١٣٦).

خۆیان بۆ خوای دادەنێن کە کیژە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰ﴾[1] واتە: ئایا ڕاستە ئێوە کوڕتان ببێتو خودا کچ، ئەگەر وابێت دابەشکردنێکی نادروست دەبێت. وە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلُوا۟ لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ۚ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ﴾. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم بِٱلْبَنِينَ﴾ ئاخۆ لەناو ئەوانەدا(کە هەر خۆی دروستیان دەکات) کچانی داوە بە خۆیو کوڕانیشی کردووەتە تایبەتی ئێوە؟ واتە: ئەمەی کە خودا خۆی کوڕو کچی دروست کردووەو کچی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بە قسەی ئەو بتپەرستانە ئەمە قسەیەکی پڕوپوچەو خوای گەورە زۆر نارازیە پێیو ڕەدیان دەداتەوە بە توندیو دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ کەچی هەر کاتێك یەکێك لەوان مژدەی ئەوەی پێ بدرێت بەوەی وا خۆی پێی وایە بۆ خودایە، ڕوخساری ڕەش دادەگیرێتو لە ڕقان پیش دەخواتەوە. واتە هەر کاتێك یەکێك لەوانە هەواڵی بدرێتێ لەو کیژانەی کە خۆی بۆ خودای داناوە زۆر پێی گرانەو بە ڕادەیەك دەمو چاوی ڕەش هەڵدەگەڕێتو لە خەڵکی دەشارێتەوە بەعەیبو عاری دەزانێ ڕووی نیە باسی بکات. خوای گەورەیش دەفەرموێت باشە شتێك خۆتان پێی ڕازی نین بە عەیبو عاری دادەنێن بۆ خۆتان چۆن دایدەنێن بۆ خودا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ﴾ ئاخۆ کەسێك بەخێو کرابێتو لە شەڕیشدا نادیار بێت(بۆ خودا دەبێت). واتە: ئایا ئافرەت خۆی ناتەواوەو بەو هەموو ناتەواویەوە خشڵ دەپۆشێت هەر لە کاتی منداڵیەوەو ئەگەر شەڕو هەراش بوو خۆی دەشارێتەوەو دیار نیەو توانای بەرگری نیە ئاخۆ دەبێت ئەوە بۆ خوا بێت بکرێتە کچی خودا. مێینە لە جەستەدا کەم توانایەو لە کاتی شەڕیشدا ناتوانێت بەرگری بکات. بەڵام جەستەی بە پۆشاکی جوان دەڕازێنێتەوەو ناتەواوی جەستەی تەواو دەکاتو دەرناکەوێت بەڵام لە کاتی جەنگدا توانای نیەو بەرگری پێ ناکرێت. نە بە زمان نە بە کردار. وەك هەندێ لە عەرەبەکان وتوویانە: وەختێك مژدە بە کچ درابێت: کچ وەك نیعمەتی کوڕ نییە، هەموو هەڵمەتێکی بریتییە لەگریان و هەموو چاکەیەکیشی بریتییە لەدزی کردن! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَٰدُ ٱلرَّحْمَٰنِ إِنَٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ﴾ ئەو فریشتانەی هەموویان بەندەی خودان بە مێینەیان داناون. دەبێت خۆیان لەوێ بووبن کاتێك کە ئێمە وەدیمان هێنان! شایەتیەکەیان دەنووسرێتو لێیان دەپرسرێتەوە.

---

[1] النجم(٢١ـ٢٢).

﴿ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ﴾ واتە: وایاندەزانی کە فریشتەکان کە بەندەی خودان مێینەن خوای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرمووێت: ﴿ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ﴾ واتە: ئایا ئەوان چاویان پێیان کەوت کە دروستمان کردن مێینە بوون، ﴿سَتُكْتَبُ شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ﴾ واتە: شایەتیەکەیان دەنووسرێت لەو بارەیەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لێیان ئەپێچێتەوە. ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو بەلێنێکی ڕاستە دێتەدی. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴾ دەڵێن: ئەگەر خودا حەزی بکردایە ئێمە نەماندەپەرستن، لەمەشدا دوورە زانستن، هەر درۆ هەڵدەبەستن. واتە: ئەمانە دەڵێن: ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە نەیدەهێشت ئێمە ئەم بتانە بپەرستین کە لە شێوەی فریشتەدا بوون ئێمە ئەوانمان بە کچانی خودا دەزانی خودا وای لێ کردووین کە بڕوامان وابێت. ئەمانە کۆمەڵێك هەڵەی زۆریان پێکەوە کۆ کردۆتەوە. یەکەم: منداڵیان بۆ خودا داناوە. خودای گەورەیش پاكو بێعەیبە و دوورە لەوەوە و زۆر پایە بڵندو مەزنە. دووەم: دەڵێن خودا کچانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە لە باتی کوڕان‌و فریشتەکانیش کە بەندەی خودان بە مێینەیان داناون. سێیەم: عیبادەتیشیان بۆ ئەو بتانە لە خۆیانەوە بووە، هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان بە دەستەوە نیەو خودایش ڕێی پێ نەداون بیانپەرستن. بەڵکو تەنها شوێن ئارەزووو ئەو باوو نەریتانەی بابو باپیرانیان کەوتوون‌و لەناو پاشماوەی نەفامێداوێڵ و سەرگەردان بوون. چوارەم: ئەوە دەکەنە بەڵگە کە ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە نەیاندەپەرستن. خودای گەورەیش بە درۆیان دەخاتەوە زۆر بە توندی ئینکاری ئەو قسانەیان دەکات. هەر لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەرانەوە(سەلامی خوایان لێ بێت)و ناردنی کتێبەکانەوە فەرمانی داوە بە بەندەکانی کە تەنها ئەو بپەرستن‌و هاوەڵی بۆ دانەنێن. ڕێگای نەداوە خودا خۆی نەبێت هیچ کەسێکی تر بپەرسترێت. دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَـٰلَةُ ۚ فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا لەناو هەموو گەل‌و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها خودا بپەرستن‌و دوورکەونەوە لە(پەرستنی) هەر پەرستراوێکی تر، جا خودا هەندێکی لەو(ئوممەت)انە ڕێنموونی کردو هەندێکیشیان(لەبەر خراپیان) گومڕایی یەخەی گرتن دەی بە زەویدا بگەڕێن‌و تەماشا بکەن سەرەنجامی بێباوەڕان چۆن بوو. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن

[1] النحل(٣٦).

قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ﴾[1] واتە: تۆ پرسیار بکە لەو پێغەمبەرانەی پێش تۆ ناردوومانن ئایا بێجگە لە خوای میهرەبان بڕیارمان داوە پەرستراوانێك بپەرسترێن. خوای گەورە لەم ئایەتەدا دوای ئەوەی باسی ئەو بەڵگانەی کردن دەفەرمووێت: ﴿مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ﴾ واتە: هیچ شتێکی ڕاستیان بە دەستەوە نیە لەسەر ئەو قسانەی کە کردوویانەو دەیکەنە بەڵگە، ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ واتە: هەر درۆ دەکەن‌و هەڵی دەبەستن لە خۆیانەوە. موجاهید لەم ئایەتەدا: ﴿مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ دەڵێت: واتە: ئاگاداری توانای خودا نین لەو بارەیەوە[2].

﴿ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴿٢١﴾ بَلْ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ قَٰلَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ ءَابَآءَكُمْ ۖ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾﴾

باسی ئەوەی کە بتپەرستان هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴾ ئاخۆ ئێمە(بەر لە قورئان) کتێبێکمان بەوان داوە کە ئێستا بیکەنە بەڵگە؟ خوای گەورە نارەزایی زۆر دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو بتپەرستانە کە عیبادەتی غەیری خودا دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێت دەفەرمووێت: ﴿ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ ﴾ واتە: لە پێش ئەو بتپەرستانەدا ئایا ئێمە کتێبێکمان بۆ ڕەوانە کردوون، ﴿فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ﴾ دەستی پێوە بگرن‌و بیکەنە بەڵگەو لەسەری بڕۆن؟ واتە: نەخێر بڕیاری وا نەبووە. وەك ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا۟ بِهِۦ يُشْرِكُونَ ﴾[3] واتە: ئایا بەڵگەیەکمان بۆ ناردوون کە دەربارەی ئەوەی ئەوان کردوویانەتە هاوبەشی خودا بدوێت؟ واتە: هەرگیز شتی وا نەبووە. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ بَلْ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾ بەڵکو دەڵێن باب‌و باپیرانمان لەسەر ئاینێك ڕۆیشتوون. ئێمە پەیڕەوی ئەوانین. واتە: هیچ بەڵگەیەك نیە بە دەستیانەوە

---

[1] الزخرف(٤٥).

[2] الطبري(٢١/٥٨٣).

[3] الروم(٣٥).

لەسەر ئەو بتپەرستیەی کە دەیکەن جگە لە شوێنکەوتنو پەیڕەوی کردنی ئەو شتانەی کە بابو باپیرانیان بۆیان بەجێ هێشتوون. بە ئایینی دەزانن. خودا دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئا ئەمەیە ئایینی ئێوە کە یەك ئایینە(ئایینی هەموو پێغەمبەران).

ئەوانیش دەڵێن: ﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ﴾ ئێمە لەسەر ڕێگای ئەوان دەڕۆین بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێت. ئەم قسەی ئەمانە دەیکەن گەلەکانی پێش ئەمانیش هەمان قسەیان کردووە دڵەکانیان لەیەك دەچنو هەر قسەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە کە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردووە. ﴿كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُواْ سَاحِرٌ أَوۡ مَجۡنُونٌ ﴿٥٢﴾ أَتَوَاصَوۡاْ بِهِۦۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ طَاغُونَ﴾[2] واتە: بەم شێوەیە بۆ لای ئوممەتانی پێش ئەمان هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە مەگەر وتوویانە(بەو پێغەمبەرە) جادووگەر یان شێت، ئایا(ئەمانو ئەوان) ڕاسپاردەیان بۆ یەکتری کردووە؟(نەخێر) بەڵکو ئەمان هەموو گەلێکی سەرکەشو یاخین. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ﴾ هەر بەم تەرزە بەر لە تۆش هەر پێغەمبەرێکمان ناردووەتە هەر ئاوەدانیەك کە لە ئێمەوە ترسیان وەبەر بنێت. هەموو خۆشگوزەرانەکانی ئەوانە وتوویانە: بابو باپیرانمان لەسەر ئاینێك ڕۆیشتوون. ئێمە پەیڕەوی ئەوانین. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ وتوویەتی: ئەدی ئەگەر من ڕێیەکتان نیشان بدەم کە لە ڕێی بابو باپیرانتان دروستتر بێت؟ وتوویانە: ئێمە ئەوەی ئێوەی بۆ بەڕێ کراوە، باوەڕ ناکەین. واتە: خۆ ئەگەر زۆر چاكو تەواویش بزانن ئەوەی کە تۆ بۆت هێناون ڕاستە هەرگیز شوێنی ناکەون. چونکە نیەتیان پیسەو زۆر خۆ بەزل دەزانن بەرانبەر بە هەقو ئەوانەی شوێنی هەق کەوتوون. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾ ئەوسا ئێمە تۆڵەمان لێ کردوونەتەوە سا بڕوانە ئاکامی بێباوەڕەکان بە کوێ گەیشت. واتە: بڕوانە خودا چۆن قڕی کردنو لەناوی دانو چۆنیش خاوەن باوەڕانیشی ڕزگارکرد.

---

[1] الانبیاء(٩٢).

[2] الذاریات(٥٢ـ٥٣).

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا
كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿٢٩﴾ وَلَمَّا
جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٠﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾
أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ
لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً
لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا
عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا ۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْءَاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ
لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾

ئیبراهیم(خلیل الله) وتەی یەك خوا پەرستی(لا إله إلا الله) ئاشكرا دەكات

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴾ ئیبراهیم بە باب‌و هۆزەكەی خۆی وت: من بێزارم لەوەی ئێوە دەیپەرستن. خوای گەورە باسی بەندەو پێغەمبەرو خەلیلی خۆی ئیبراهیم دەكات(سەلامی خوای لێ بێت) كە پێشەوای دڵپاكان‌و خواناسان‌و باوكی هەموو ئەو پێغەمبەرانەیە كە دوای خۆی هاتوون كە قورەیشیش یەكێكە لەو گەلانەی كە خۆشیان‌و ئاینەكەشیان لەسەر ڕێڕەوی ئەو بوون لە دواییدا بوونە بتپەرست. ئیبراهیم بێزاری خۆی دەربڕی لە باوكی‌و هۆزەكەی لەسەر ئەو بتانەی كە دەیانپەرست. دەیوت: وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ﴾ من بێزارم لەوەی كە ئێوە دەیپەرستن. ﴿إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ﴾ مەگین لە كەسێك منی دروست كردووە، كە خۆی ڕێگەم نیشان دەدات. ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ كارێكی كرد كە ئەم وتارەی لە پاشە خۆی بۆ نەتەوەكەی هەر بمێنێت(بگەڕێنەوە). واتە: ئەم وتارەی كە بریتیە لە عیبادەتی خودا بە تەنهاو كە شەریكی نیەو بێهاوتایەو فرێدان‌و لابردنی غەیری خودا لە پەرستراوەكانی تر كە بریتیە لە وتەی(لا إله إلا الله) كە بەجێی هێشتووە بۆ نەتەوەكەی كە هەر لەناویاندا بمێنێتەوەو پەیرەوی بكەن لەو كەسانەی كە خوای گەورە ڕێگەی نیشان داون لە نەوەی ئیبراهیم(سەلامی خوای لێ بێت) ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێگەیە. عیكریمەو موجاهیدو زەححاك‌و قەتادەو سودی‌و كەسانی تریش لەم ئایەتەدا: ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ﴾

وتوویانه: واته :(لا إله إلا الله) بەردەوام کەسانێك هەن له نەتەوەکەیدا هەر دەیڵێن.[١] هەر بەم شێوەیە لە ئیبنو عەباسەوە ڕیوایەت کراوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) ئیبنو زەیدیش وتوویەتی: واتە: (کلمة الإسلام).[٢] ئەمیش هەر ئەو قسەیە دەکات کە ئەوان لە پێشەوە وتیان.

خەڵکی مەککە دژایەتی پێغەمبەریان دەکردو(ﷺ) ڕەخنەشیان لێ دەگرت، وەڵامدانەوەی ڕەخنەکەیان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰؤُلَاءِ وَآبَاءَهُمْ حَتَّىٰ جَاءَهُمُ الْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴾ ئەوانیش‌و باب‌و باپیرانی ئەوانیشم لە ژیان هەر بەهرەوەر کرد. تا ئەم هەقەو پێغەمبەری ڕێنیشاندەریان هاتەلا. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰؤُلَاءِ ﴾ واتە: بتپەرستانمان بەهرەوەر کرد لە دنیادا، ﴿وَآبَاءَهُمْ﴾ مۆڵەتی باب‌و باپیرانیشمان دان ژیانیان لە گومڕاییدا بەسەر برد. ﴿حَتَّىٰ جَاءَهُمُ الْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ﴾ هەتا ئەم ڕاستییەو پێغەمبەری ڕێنیشاندەریان هاتەلا. ﴿وَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِ كَافِرُونَ ﴾ کاتێك ڕاستەکەیان بۆ هات. وتیان: ئەمە جادوویەکە ئێمە بڕوامان پێی نیە. واتە: خۆیان بە زل گرت‌و لاساریان دەکردو بە دڵیان نەبوو حەسادەتیان پێ دەبردو باوەڕیان پێ نەدەکردو سەریان نەوی نەدەکرد. ﴿ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾ بۆچی ئەم قورئانە بۆ پیاوێکی مەزنی ناودارو ناسراو لەم دوو شارەدا نەهاتەخوار؟ مەبەستیان مەککەو تایف(طائف) بوو. ئەمە قسەی ئیبنو عەباس‌و عیکریمەو موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزی‌و قەتادەو سودی‌و ئیبنو زەیدە.[٣] زۆر کەسیش وتوویانە: مەبەستی بتپەرستەکان پیاوێکی گەورە بووە لە یەکێك لەو دوو شارە وەك وەلیدی کوڕی موغیرەو عورووەی کوڕی مەسعودی سەقەفی. خوای گەورە لەسەر ئەم ڕەخنەیە وەڵامی داونەتەوەو فەرموویەتی: ﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴾ ئاخۆ ئەوان بەزەیی پەروەردەی تۆ دابەش دەکەن؟ ئێمە بژێوی ئەوانمان لەسەر دنیا بۆ بەش کردوون هێندێکمان لە چاو هێندێکیان پایەبەرزتر کردووە تا هێندێکیان خزمەت بە هێندێکیان بکەن، بەزەیی پەروەردەی تۆ لەو شتەی کۆی دەکەنەوە گەورەترە. ﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ﴾ واتە: ئایا ئەوان ڕەحمەتی خودا

---

[١] الطبري(٢١/٥٨٩)، القرطبي(١٦/٧٧).

[٢] القرطبي(١٦/٧٧).

[٣] الطبري(٢١/٥٩٢/٥٩٣).

دابەش دەکەن. ئەو کارە پەیوەندی بە ئەوانەوە نیە. بەڵکو خودا خۆی دەزانێت پەیامەکانی لە کوێو بە کێ ڕادەگەیەنێت. ڕەوانەی ناکات بۆ کەسێك نەبێت کە زۆر دڵو گیان پاك نەبێتو خاوەنی بەڕێزترین بنەماڵەو پاکترین ڕەگەز نەبێت. پاشان خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە مەیلی خۆیەتی کە جیاوازی خستووەتە نێوان دروستکراوەکانی لەوەی کە پێی بەخشیون لە ڕۆزیو سامانو عەقڵو تێگەیشتنو چەندەها شتی تریش لەو توانا دیارو نادیارانەو فەرموویەتی: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ﴾ ئێمە بژێوی ئەوانمان لەسەر زەمیندا بۆ دابەش کردوون، ﴿لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾ وتراوە: واتە: بۆ ئەوەی هێندێکیان خزمەتی هێندێکیان بکەنو کارو پێویستی یەکتری تەواو بکەن، سودیو کەسانی تریش وتوویانە.[1] پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ﴾ واتە: بەزەیی پەروەرندەی تۆ زۆر چاکترە لەوەی کە ئەوان کۆی دەکەنەوە لەو سامانو خۆشگوزەرانی دنیایە.

هەرگیز سامان نیشانەی ڕەزامەندی خودا نیە بۆ کەس

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ﴾ خۆ ئەگەر بڕیار وا نەبووایە. نابێت مەردم یەك تیرە بن(بەرەو خوانەناسی بچن) وامان دەکرد سەقفو پلەکانی ماڵەکانی ئەوانەی خوانەناسن، لە زێڕ بووایەو بە ڕێزە پلەکانانەدا سەریان کەون. ﴿وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ واتە: ئەگەر زۆرینەی ئەو کەسانەی کە نەفامو تێنەگەیشتوون وایان نەزانیایە کە ئەو کەسانەی ئێمە دەوڵەمەندی دەکەینو سامانی زۆری دەدەینێ نیشانەی ئەوەیە کە خۆشمان دەوێن هەموو دەبوونە خوانەناس لەبەر خاتری ماڵو سامان ئەمە قسەی ئیبنو عەباسو حەسەنو قەتادەو سودیو کەسانی تریشە[2].

﴿لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ﴾ واتە: ئەوانەی کە خوانەناسن، بنمیچو بانو پلەکانی ماڵەکانیانمان دەکردە زیو. ئیبنو عەباسو موجاهیدو قەتادەو سودیو ئیبنو زەیدو کەسانی تریش وایان وتووە[3]. ﴿عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ﴾ واتە: پیایدا سەردەکەوتن، ﴿وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ﴾ واتە: هەموو قاپیو هەرچی تریش لە ماڵەکانیاندایە دەمانکردە زیو بۆیان. وە

[1] الطبري(٢١/٥٩٥).

[2] الطبري(٢١/٥٩٧).

[3] الطبري(٢١/٦٠٠).

دەفـەرموێت: ﴿ وَزُخْرُفًا وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْءَاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ شـتی تری هەمەڕەنگەش، گشت ئەمانە هەر بۆ خۆشگوزەرانی ژینی ئەم دنیـان. مـاڵی ئـەولاش پەروەرنـدەت هەر بۆ ئەوانەی داناوە کە لـە خـوای خۆیـان دەترسـن. ﴿ وَزُخْرُفًا ﴾ هەمەڕەنگـە لـە ئـاڵتوون. ئیبنـو عـەباس‌و قـەتادەو سـودی‌و ئیبنـو زەیـد وتوویانـە.[1] ﴿وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾ واتـە: ئەمانە هەموو بۆ خۆشگوزەرانی ئەم ژیانی دنیایە کە زۆر بێ بایەخە لە لای خوداو دەچێت‌و نامێنێت. واتە: بە هۆی ئەو چاکانەوە کە لە دنیا کردوویانە بۆ خۆشـگوزەرانی‌و خـواردن‌و خواردنـەوەی باشـیان پێ دەدرێت لە باتی ڕۆژی دوایی. وە لە لای خودا هیچ چاکەیەکیان نامێنێت هـەتا پاداشـتیان بداتـەوە وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هـاتووە.[2] وە لـە فەرموودەیـەکی تـردا هـاتووە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) دەفـەرموێت:(ئەگـەر دنیـا بـە ئەنـدازەی کێـشی بـاڵی مێـشوولەیەك نرخـی ببووایـە لای خـودا هـیچ خوانەناسیك لە دنیا جارێك ئاوی لێ نەدەخواردەوە)[3]. بەغەوی ڕیوایەتی کردووە.[4] پاشان خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَٱلْءَاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ ڕۆژی دوایـش خـوای گـەورە داینـاوە بـۆ ئەوانـەی لـە خـودای خۆیـان دەترسـن، واتـە: تـەنها بـۆ ئەوانـەو کـەس نابێتـە هاوبەشـیان. بۆیـە عومـەری کـوڕی خەتتاب(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك چووە لای لەو حاڵەی کە بـووی بە دەست خێزانەکانیەوە لەسەر حەسیرێك بوو کە جێگـای خـەتی حەسیرەکە لـە جەسـتەیدا دیـاربوو دەیبینی‌و گریاو چاوەکانی ئاوی پیـا هاتـەخوارەوەو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) ئـەوە ژیـانی کیسراو قەیسەرە کە تێیدان‌و تۆش هەڵبژاردەی بەندەکانی خودای ئەمە ژیانتە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پـاڵی دابـووەوە دانیـشت‌و فـەرمووی:(ئـاخۆ تـۆ گومانـت هەیـە ئـەی کـوڕی خـەتاب؟) پاشـان فـەرمووی:(ئەوانـە خـەڵکێك بـوون خۆشـگوزەرانیەکەیان بـۆ پێـشخراوە لـە ژیـانی دنیـادا).[5] وە لـە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە:(ئایا ڕازی نـابن کـە دنیـا بـۆ ئـەوان بێـت‌و ڕۆژی دوایـی‌ش بـۆ ئێمـە بێـت؟).[6] وەهـەروەها لـە هـەردوو سـەحیحەکەداو لـە شـوێنی تریـشدا هـاتووە کـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویەتی:(لە دەفری زێڕو زیودا مەخۆنەوەو لە تەشتی زێڕو زیویشدا خواردن مەخۆن چونکە ئـەوە

---

[1] الطبري(٢١/٦٠١/٦٠٢).

[2] مسلم(٤/٢١٦٢).

[3] الترمذي(٦/٦١١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] البغوي(٤/١٣٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] مسلم(٢/١١٣).

[6] مسلم(٢/١١٠).

لە دنیا بۆئەوانەو لە ڕۆژی دواییشدا بۆ ئێمەیە).[1] بۆیە خوای گەورە سەرپشكو ئازادی كردوون لـە دنیـا لەبەر سووكیو بێنرخی دنیا وەك تیرمیزیو ئیبنو ماجە ڕیوایەتیان كردووە لە ڕێگای ئەبو حازمەوە لـە سەهلی كوڕی سەعدەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویـەتی:(ئەگـەر دنیـا بـە قورسـایی بـاڵی مێشوولەیەك بەهاو نرخی ببوایە لە لای خودا هەرگیز خودا قومێك ئـاوی بـە بێـدین نـەدەدا). تیرمیـزی دەڵێت: فەرموودەیەكی چاكو ڕاستە(حسن صحيح).

﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴿٣٨﴾ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٩﴾ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٠﴾ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴿٤١﴾ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴿٤٢﴾ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾

شەیتان هاودەمی ئەو كەسانەیە كە حەز لە یادی خودا ناكەن

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾ هەر كەسێك لە ئاست یادی خـودا حـەز دەكـات كوێرایی دابێـت هەمـدەمێكی شـەیتانی لێ پـەیدا دەكـەین. ﴿ وَمَن يَعْشُ ﴾ هەر كەسێك چاو بقوچێتو خـۆی بـێ ئاگـا بكـاتو لادات لـە یـادیو كـوێرایی داهاتبێـت، واتـە: نەتوانێت باش سەیر بكاتو چاوی كز بێت مەبەسـت لێـرەدا كـوێرایی داهـاتنی دڵـە، ﴿نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ﴾ واتـە: هـاوەڵێكی شـەیتانی بـۆ ئامـادە دەكـەین. وەك ئـەم ئایەتـە كـە خـوای گـەورە دەفـــــەرمووێت: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ ﴾[2] واتە: وە هەر كەسێك دژایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بكات پاش ئەوەی كـە ڕێبـازی ڕاسـتی بـۆ ڕوون بوویەوەو شوێنی ڕێگایەكی تـر بكـەوێت بێجگـە لـە ڕێگـای خـوا. وەك ئـەم ئایەتـەش: ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾[3] واتە: وە چەند دۆستو هاودەممان لە دنیادا بۆ داناون كە

---

[1] فتح الباري(٩/٤٦٥)، مسلم(٣/١٦٣٧).

[2] النساء(١١٥).

[3] فصلت(٢٥).

خراپەکردنی دنیـاو(بیبـاوەڕی) ڕۆژی دوایـی بۆ ڕازاندنـەوە. بۆیـە خـوای گـەورە لێرەدا فەرموویـەتی: ﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴾ ئیتر ئەو هاودەمانە لە ڕێگە هەڵـەیان دەکـەن، لاشـیان وایــە ڕاســتەڕێیان دیوەتــەوە. ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴾ تا ئەو کاتەی دێنە لامان، دەڵێت: خۆزگە مەودای نێوان منو ئەو بە قـەد نێـوان خۆرهـەڵاتو خۆرنشین لە یەکتر دوور بووایە، چەند هاودەمێکی نالەبار بووی. ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا ﴾ واتە: ئـەو کەسـەی کە خۆی گێل کردو ڕاستەڕێی نەگرت هاودەمێکی بۆ پەیدا دەکەین کـە سـەری لێ بـشێوێنێتو گومڕای بکاتو بەرەو ڕێگای جەهەنەم بیبـات. کاتێـك خـوای گـەورە هـەقی خـۆی دایـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا زۆر قــەڵسو نارەحەتــە لــەو شــەیتانەی کــە هاودەمیــەتی، ﴿قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴾ دەڵێت: خۆزگە نێوانی منو تۆ بە ئەنـدازەی خۆرهـەڵاتو خۆرئـاوا بووایـە چـەند هـاودەمێکی خراپ بووی، هەنـدێکیان وایـان خوێندووەتـەوە: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَانَا ﴾ واتـە: ئـەو کەسـەو هاودەمەکـەی. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴾ ئـیتر ئەمڕۆ(ئەم قسانە) دادتان نادات، چونکە ئێوە غەدرتان لـە خۆتـان کـردووە دەشـێت گشتتان پێکـەوە جەزرەبە بدرێن. واتە: کۆبوونەوەتان لەناو ئاگرداو قسەکردنتان هیچ سوودێکی نیەو جەزرەبەدانیشتان بە یەکەوە بارتان سوك ناکات.

کەسێك لە سکی دایکیدا چارەڕەش بووبێت ڕێ دەرناکات

خوای خاوەن دەسەڵات دەفـەرموێت: ﴿أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ ئاخۆ دەتەوێت گوێ کـپان لێت ببیستن؟ یـاخود کـوێرانو ئەوانـەی ئاشکرا لـە گومڕاییـدان شارەزای ڕاستەڕێ بکەی؟ واتە: تۆ دەتەوێت ئەوانەی کەڕو کوێرو گومڕان بـە ئاشـکرا شـارەزای ڕێـی ڕاست بکەی ئەوە کاری تۆ نیە تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە شارەزاکردنی ئـەوان لەسـەر تـۆ نیـە. خـودا مەیلی لە هەر کەسێك بێت شارەزای دەکاتو مەیلیشی لە هەر کەسێك بێت گومڕای دەکات هـەر خـۆی دادوەری ڕێكو ڕاستە لەوەدا.

تۆڵەی خودا لە دوژمنانی پێغەمبەر(ﷺ) دێتەدی

پاشـان خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴾ ئەگـەر تـۆ لـەم نـاوە لابەین، ئێمە دیارە تۆڵـەیان لێ دەکەینـەوە. واتـە: بێگومـان تۆڵـە لەوانـە دەسـێنینو سزایان دەدەین ئەگەر تۆ ڕۆیـشتی. ﴿ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴾ یـان ئـەو شـتەی بـەڵێنمان بەوانـە

داوە. وا دەکەین بۆ خۆت ببیینی. ئێمە باشیان لەسەر زاڵین. واتە: ئێمە توانای ئەوەیش و ئەمەیشمان هەیە، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی(ﷺ) نامرێنێت هەتا چاوی ڕوون دەکاتەوە بە لەناوچوونی دوژمنەکانی و دادوەری دەکات لە نێوانیانداو لەو سامانەی کە پشتیان پێ قایم کردووە ئەمە مانای قسەی سودیە و ئیبنو جەریریش هەمان ڕای هەڵبژاردووە.[1]

هانەدان بۆ دەستگرتن بە قورئانەوە

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ لەسەر ئەوەی بە تۆ ڕاگەیەنراوە پێ دابگرە. تۆ لەسەر ڕێگەی ڕاستی. واتە: دەست بگرە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر دڵت هەر ئەو ڕاستەو یاریدەدەرە بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێی ڕاست و دەبێتە هۆی چوونە ناو باغاتی خۆش و خێری تەواوو بەردەوام. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ ﴾ ئەم قورئانە بۆ تۆش و بۆ هۆزەکەشت دەبێتە هۆی بیرەوەری و لە پاشانیش دەربارەی ئەمە، لێت دەپرسن. وتراوە: ئەم قورئانە ڕێزلێنانێکە بۆ خۆت و هۆزەکەت، ئەمە قسەی ئیبو عەباس و موجاهیدو قەتادەو سودی و ئیبنو زەیدە.[2] واتە: ئەمە ڕێزێکە بۆیان چونکە لەسەر زمانی ئەوان هاتووەتەخوارەوە. لەبەر ئەوەی ئەوان لە هەموو کەس زیاتر بە فەرمانەکانی هەڵسن و جێبەجێی بکەن. وەك چۆن چاکترین و پاکترین و باڵفەترین کەسیان لەو کۆچەریانەی کە لە پێشەوە هاتن و موسڵمان بوون و ئەو کەسانەیش کە وەك ئەوان بوون و شوێنی ئەوان کەوتن و پێی هەڵسن و بەجێیان هێنا. وە وتراویشە:﴿ وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ ﴾ واتە: بیرەوەریەکە بۆ تۆش و بۆ هۆزەکەشت. باسکردنی ئەمان بە تایبەتی مانای ئەوە نیە کەسی ترو هۆزی تر ناگرێتەوە. وەك ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا ناردوومانەتە خوارەوە کتێبێك بۆتێوە کە سەریەرزی و ناوبانگی ئێوەی تێیدایە دەی ئایا بۆ بیرناکەنەوە. وە ئەم ئایەتەش کەدەفەرموێت:﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾[4] واتە: خزم و کەسە زۆر نزیکەکانت بترسێنە. ﴿وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ ﴾ واتە: لە پاشان پرسیارتان لێ دەکرێت لە بارەی ئەم قورئانەوە کە ئێوە چۆن بوون لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیداو چۆن چوون بە دەمیەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَسْأَلْ مَنْ

---

[1] الطبري(٢١/٦٠٩).

[2] الطبري(٢١/٦١٠/٦١١).

[3] الانبياء(١٠).

[4] الشعراء(٢١٤).

أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلۡنَا مِن دُونِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ءَالِهَةً يُعۡبَدُونَ ﴾ لەو پێغەمبەرانەش بپرسە کە بەر لە تـۆ نـاردراون: ئـاخۆ ئێمـە بڕیارمـان داوە(غـەیری خـودا) هـیچ شـتـی تـر بپەرسـترێت؟ واتـە: هـەموو پێغەمبەران بانگیان بۆ ئەوە کردووە کە تۆ بانگی بۆ دەکەی کە خـوا بپەرسـتن بـە تـەنهاو هـاوەڵی بـۆ دانەنێن‌و داوایان کردووە لە خەڵکی کە بت‌و شتانی تریش نەکەنـەهاوەڵی خـوداو بیپەرسـتن. وەك ئـەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾[1] واتە: سوێند بە خوا لەناو هەموو گەل‌و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمـەی تـەنها خوا بپەرستن‌و دووركەونەوە لە(پەرستنی) هەر پەرستراوێکی تـر. موجاهیـد دەڵێـت: لـە خوێندنـەوەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوددا هاتووە(ڕەزای خوای لێ بێت):(واسأل الذين أرسلنا إليهم قبلك من رسلنا).[2] هەر بەم شێوەیە قەتادەو زەححاك‌و سودی گێڕاویانەتەوە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت).[3] ئەم ڕیوایەتە وەك تەفسیر وایە نەك قورئان خوێندن والله أعلم.

﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٦﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ
إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا نُرِيهِم مِّنۡ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكۡبَرُ مِنۡ أُخۡتِهَاۖ وَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
﴿٤٨﴾ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهۡتَدُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِذَا
هُمۡ يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾

موسا(سەلامی خوای لێ بێت) ڕەوانەکراوە بۆ لای فیرعەون‌و دارودەستەکەی کە بانگیـان بکـات بـۆ پەرستنی خوا بەتاکو تەنهایی

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ موساشمان لەگەڵ نیشانەکانمان هەنارده لای فیرعەون‌و پیـاوە کاربەدەسـتەکانی، وتـی: من لە ڕاهێنەری گشت دنیاوە نێردراوم. خـوای گـەورە باسـی بەنـدەو پێغەمبـەری خـۆی موسـامان بـۆ دەکات(سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك ڕەوانـەی کـرد بـۆ لای فیرعـەون‌و وەزیـرە کاربەدەسـتەکانی لـە گەورە پیاوان‌و خەڵکی ئەو ناوچەو هەرێمە لە قیبتی‌و نەوەی ئیسرائیل داوای لێکـردن کـە تـەنها خـودا بپەرستن‌و هاوەڵی بۆ دانەنێن داوای لێ کردن غەیری خـودا هـیچ کـەس نەپەرسـتن. وە چـەند نیشانەی

[1] النحل(٣٦).
[2] الطبري(٦١١/٢١).
[3] الطبري(٦١٢/٦١١/٢١).

گەورەشی لەگەڵ نارد وەك دەستی‌و گاچۆنەکەی. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴾ کاتێك نیشانەکانی ئێمەی نیشان دان، لە پڕ هەموو لە تریقەی پێکەنینیان دا. پاشان چەند نیشانەی تریشمان لەگەڵ نارد لە لافاوو کوللەو ئەسپێ‌و بۆق‌و خوێن، ماڵ‌و کشتوکاڵ‌و بەروبوومان کەم کردنەوە لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگانەدا دەمار زلیان نواندو شوێنی نەکەوتن‌و ملیان نەداو گاڵتەیان پێ دەهات‌و پێکەنینیان دەهات بەو شتانەی کە بۆی هێنابوون. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا نُرِيهِم مِّنۡ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكۡبَرُ مِنۡ أُخۡتِهَاۖ وَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾ هەر نیشانەیەکی خۆمان نیشانی ئەوان دەدا، لە نیشانەکانی پێشەوە گرنگتر بوو، تووشی ئازاریشمان کردن، بەشکو بگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو گومڕایی‌و سەرلێ شێواوی‌و نەفامی‌و دێوانەیە وازیان نەدەهێنا. هەر کاتێك نیشانەیەك لەو نیشانانەیان بۆ بهاتایە دەچوون بۆ لای موساو دەپاڕانەوە لێی لەسەرخۆو بە هێواشی قسەیان لەگەڵ دەکرد دەیانوت: ئەی جادوگەر، ﴿يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ﴾ واتە: ئەی زانا، ئەمە قسەی ئیبنو جەریرە.[1] چونکە زانایانی ئەو زەمانە بریتی بوو لە جادووگەر. جادوگەریش لە لای ئەوان لەو کاتەدا پیشەیەکی ناشیرین نەبوو. کاتێك ئەو قسەیان دەوت مەبەستیان کەم سەیرکردن نەبوو چونکە ئەو حاڵەی ئەوانە تێیدا دەژیان زۆر ناخۆش بوو پێویست بوو داوا لە موسا بکەن(سەلامی خوای لێ بێت) ئەم بە کەم سەیرکردنەیش لەوێدا جێگای خۆی نیە. بەڵکو ئەو قسەیە بە بڕوای خۆیان مەبەستیان ڕێزلێنان بووە. هەموو جارێك دەهاتن بۆ لای موسا(سەلامی خوای لێ بێت) بەڵێنیان پێ دەدا ئەگەر ئەو شتەیان لەسەر لابەرێت باوەڕی پێ دەهێنن‌و نەوەی ئیسرائیلی لەگەڵ دەنێرن هەموو جارێکیش ئەو پەیمانەیان دەشکاند کە دەیاندا. ئەمە وەك ئەوە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا مُّجۡرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيۡهِمُ ٱلرِّجۡزُ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَۖ لَئِن كَشَفۡتَ عَنَّا ٱلرِّجۡزَ لَنُؤۡمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرۡسِلَنَّ مَعَكَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلرِّجۡزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَٰلِغُوهُ إِذَا هُمۡ يَنكُثُونَ ﴾[2] واتە: ئەوسا ئێمەش ناردمانە سەریان لافاوو کوولەو ئەسپێ‌و جۆرەها بۆق‌و خوێن کە چەند بەڵگەو موعجیزەیەکی ڕوون بوون کەچی خۆیان بە گەورە زانی(لەوەی کە بڕوا بهێنن) بێگومان ئەوانە گەلێکی تاوانبار بوون، کاتێکیش ئەو سزاو بەڵایان بەسەرداهات وتیان: ئەی موسا لە

---

[1] الطبري(٢١/٦١٥).

[2] الاعراف(١٣٣_١٣٥).

پەروەردگارت بپارێرەوە بۆمان وەك بەڵێنی بە تۆ داوە سوێند بێت ئەگەر ئەم بەڵاو سزایەمان لەسەر لابەرێت بێگومان باوەڕت پێ دێنینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین، بەڵام کاتێك سزاکەمان لەسەریان لابرد تا گەیشتنە ماوەی دیاریکراو(بۆ تیاچوونیان) دەستبەجێ پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە. لێرەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴾ وتیان: ئەی کاکی جادووگەر لە پەروەرندەت بخوازە. ئەو پەیمانەی بە تۆی داوە پێکی بێنێت، ئەوسا باوەڕت پێ دێنین. وە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴾ لە پاش ئەوەی بەڵامان لەسەر لابردن، ئەوان پەیمان شکێنیان کرد.

﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِى قَوْمِهِۦ قَالَ يَـٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ وَهَـٰذِهِ ٱلْأَنْهَـٰرُ تَجْرِى مِن تَحْتِىٓ أَفَلَا تُبْصِرُونَ
(٥١) أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَـٰذَا ٱلَّذِى هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ (٥٢) فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ
ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ (٥٣) فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ (٥٤) فَلَمَّآ
ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَـٰهُمْ أَجْمَعِينَ (٥٥) فَجَعَلْنَـٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْـَٔاخِرِينَ (٥٦)﴾

قسەکردنی فیرعەون بۆ گەل و ژێردەستەکانی و تۆڵەسەندنی خودا لێی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِى قَوْمِهِۦ قَالَ يَـٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ وَهَـٰذِهِ ٱلْأَنْهَـٰرُ تَجْرِى مِن تَحْتِىٓ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴾ فیرعەون بۆ ژێردەستەکانی جاڕی کێشاو وتی: کەسەکانم ئاخۆ هەموو زەوی میسرو ئەو چۆمانەی بە بەر مندا فرکەیانە موڵکی من نین؟ ئێوە خۆتان نەتاندیوە؟ خوای گەورە باسی فیرعەونو یاخی بوونیو ڕکیو بێ دینیو سەرسەختی دەکات کە گەلەکەی کۆکردووەتەوەو شانازی بە سامانو موڵکی میسرو دەسەڵاتی خۆیەوە دەکات لەبەر چاویانو ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِى قَوْمِهِۦ قَالَ يَـٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ وَهَـٰذِهِ ٱلْأَنْهَـٰرُ تَجْرِى مِن تَحْتِىٓ﴾ قەتادە دەڵێت: باغاتو ڕووباری زۆریان هەبوو.[1] ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴾ واتە: بە چاوی خۆتان ئەم هەموو موڵكو سامانو دەسەڵاتەی من نابینن. واتە: موساو شوێنکەوتووەکانی هەژارو لاوازو بێ دەسەڵاتن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودا دەفەرموێت: ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ (٢٣) فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ (٢٤) فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ﴾[2] واتە: ئینجا(جادوگەرانی) کۆکردەوەو بانگی کردنو وتی: من پەروەردگاری هەرە گەورەتانم،

---

[1] الطبري(٢١/٦١٦).

[2] النازعات(٢٣_٢٥).

ئینجا خوا گرفتاری کرد بە سزای هەردوو جیهان. خودای هێژا دەفەرموێت: ﴿ أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴾ من چاکتر نیم لەو کابرایە کە هیچ ڕێزێکی نیە باش نازانێ قسەش بە ڕەوانی بکات. سودی دەڵێت: فیرعەون دەڵێت: بەڵکو من چاکترم لەو کەسەی کە هیچ نموونێکی جوانی پێوە دیار نیە.[1] هەندێ لە زانایانی زمانی عەرەبی بەسرە(نحاة البصرة) دەڵێن: ﴿ أَمْ ﴾ لێرەدا بە مانای (بل) هاتووە.[2] ئەم قسە دەبێتە پشتگیری ئەو قسەی فەڕاء کە گێڕاویەتیەوە لە هەندێ لەو قورئان خوێنانەی ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە: ﴿ أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ﴾.[3] ئیبنو جەریر دەڵێت: ئەگەر ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە ڕاست بێت ئەوا ماناکەی ڕاستو ڕوونە. بەڵام جیاوازی نێوان قورئان خوێنەکان لە شارەکاندا ئەوە بوو کە ﴿ أَمْ ﴾یان بە مانای ئیستیفهام خوێندووەتەوە لەم ئایەتەدا.[4] منیش دەڵێم: بە هەموو مانایەك ئەم قسەی فیرعەونە لەعنەتی خوای لێ بێت مەبەستی ئەوەبووە کە ئەو چاکترە لە موسا(سەلامی خوای لێ بێت) کە لەو قەسەیەیدا درۆی کردووە درۆیەکی دیارو ئاشکرا هەی نەفرەتی خوای لێ بێت بە بەردەوامی هەتا ڕۆژی قیامەت. مەبەستی فیرعەون بە وتەی ﴿مَهِينٌ﴾ واتە: بێ بایەخ وەك سوفیان وتوویەتی. قەتادەو سودی دەڵێن: واتە: جیاوازو(بێ دەسەڵات) ئیبنو جەریر دەڵێت: واتە: نە خاوەن مولکەو نە خاوەن دەسەڵاتو سامان. ﴿وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴾ واتە: ناتوانێت بە ڕەوانی قسە بکات لاڵەو زمانی ناتەواوە. ئەمە قسەی فیرعەونە کە دەڵێت: ﴿مَهِينٌ﴾ واتە: موسا هیچ نموونێکی نیە. درۆیەکی ئاشکرایە بەڵکو خۆی بەدفەساڵو نموونو بەدخوو بێ دینەو موسا خاوەن بنەماڵەو شەریفو ڕاستگۆو پیاوی باشو لەسەر ڕاستیە. هەمیسان فیرعەون دەڵێت: وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴾ئەم قسەش هەر درۆیە. هەرچەندە لە کاتی منداڵیدا ئەو سکڵەی(جمرة) کەمێك لە زمانی سوتاند بەڵام موسا داوای لە خودا کرد کە زمانی بکاتەوەو ڕەوانی بکات بۆ ئەوەی لە قسەکانی تێبگەن خوای گەورەیش داواکەی وەرگرت فەرمووی: ﴿قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَا مُوسَىٰ ﴾[5] واتە: بە ڕاستی ئەوەی داوات کرد پێت درا ئەی موسا. واتە: هەرچی تۆ ویستت پێ درا.

---

[1] الطبري(٢١/٦١٦).

[2] الطبري(٢١/٦١٨).

[3] الطبري(٢١/٦١٨).

[4] الطبري(٢١/٦١٨).

[5] طه(٣٦).

واتە: هەندێ لە پاشماوەی ئەو سوتانە لە قسەکردنی موسادا مایەوە موسا داوای ئەوەی لە خودا نەکردووە کە نەمێنێت وەك حەسەنی بەسری دەڵێت: بەڵکو داوای کردووە لە خوا کە زمانی وەها لێ بکات کە خەڵکی ئاگادار بکاتو تێیان بگەیەنێت. ئەو شتانەی کە خودا دەیکاتو دەیدات بەسەر بەندەکانیدا هیچ شورەیی‌و خراپ نیەو بەندە هیچ دەسەڵاتێکی تێیدا نیە. فیرعەون چاك ئەوەی دەزانی‌و تێ دەگەیشت بەڵام مەبەستی ئەوە بوو کە ژێردەستەو شوێنکەوتووەکانی ئەوانەی کە بێ ئاگاو نەزان بوون هەڵخەڵەتێنێتو بڕوای پێ بکەن دەیوت وەك خودا دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ﴾ ئەدی بۆچی بازنی زێڕی لە حەواوە بەسەردا فڕێ نەدراوە، یان فریشتە بە گەل لەگەڵی نەهاتوون. ﴿أَسْوِرَةٌ﴾ ئەو شتەیە(بازن) کە دەکرێتە دەست لە خشڵو زێڕ، ئیبنوعەبباسو قەتادەو کەسانی تریش وتوویانە[١]. ﴿أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ﴾ یان فریشتە بە کۆمەڵ لەگەڵی نەهاتوون لە دەوری بنو شایەتی بۆ بدەن. فیرعەون تەنها سەیری ڕوواڵەتو شێوازی دەرەوەی کردووە. لە شتە مەعنەویە نادیارەکان ئاگادار نەبووەو تێنەگەیشتووە کە لە شتە ئاشکراکان ڕوونترە کە دەیبینی ئەگەر ئارەزووی ببوایە. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ﴾ سا بەم قسانە گەلەکەی هەڵخەڵەتانو ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد بێگومان ئەوان هەمیشە گەلێکی لە سنوور دەرچوو بوون. واتە: زانی ژێردەستەکانی تێنەگەیشتوون بانگی کردن بۆ گومڕایی ئەوانیش هەموو بە گوێیان کرد، ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ﴾ ئەوان گەلێکی لەڕێ لادەر بوون. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ کە هەر ڕقی ئێمەیان هەستاند، تۆڵەی خۆمان لێ کردنەوەو سەرلەبەرمان بە خنکان دان. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە لە ئیبنو عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: ﴿ءَاسَفُونَا﴾ واتە: کاتێك ڕقی ئێمەیان هەستاند.[٢] زەححاك دەڵێت: تووڕەیان کردین. ئیبنو عەباسو موجاهدی‌و عیکریمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزی‌و(کعب القرظي) قەتادەو سودی‌و زۆرێکی تر لە موفەسیرەکان هەر وایان وتووە.[٣] ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عوقبەی کوڕی عامرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[١] الطبري(٢١/٦١٩).

[٢] الطبري(٢١/٦٢٢).

[٣] الطبري(٢١/٦٢٢)، الدر المنثور(٧/٣٨٣).

فەرموویەتی:(کاتێك بینیت خوای گەورە بەندە چی ویست خودا پێی دا ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر بێ گوێیی خودا. ئەوە مۆڵەتدانێکە لە خوداوە بۆ ئەو کەسە). پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾.[1] لە تاریقی(طارق) کوڕی شەهابەوە دەڵێت:لە لای عەبدوڵلا بووم(ڕەزای خوای لێ بێت) باسی مردنی کتوپڕی لە لا کرا وتی: سوك کردنێکە لەسەر خاوەن باوەڕو نەهامەتیو بەدبەختیە لەسەر خوانەناس، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾.[2] عومەری کوڕی عەبدولعەزیز(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: وا دەبینم تۆڵەی خودا لەگەڵ بێ ئاگایدایە واتە: وەك ئەم ئایەتەی کە خودا دەفەرمووێت: ﴿فَجَعَلۡنَٰهُمۡ سَلَفٗا وَمَثَلٗا لِّلۡأٓخِرِينَ ﴾ کارێکمان کرد ببنە چیرۆك بۆ ئەوانەی لە دوایی دێن. ئەبو مجلەز(مجلز) دەڵێت: ببنە چیرۆك بۆ ئەو کەسانەی کە کاری وەك ئەوان دەکەن.[3] ئەبو میجلەزو موجاهید دەڵێن: ﴿وَمَثَلٗا ﴾ واتە: پەندو ئامۆژگاریە بۆ دوای ئەوان.[4] هەر خودا خۆشی دەزانێتو ڕاستی فەرمووە هەموو شتێکیش دەچێتەوە لای ئەو.

﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوۡمُكَ مِنۡهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ
إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلٗا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ وَلَوۡ نَشَآءُ
لَجَعَلۡنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ ﴿٦٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ
مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦١﴾ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٦٢﴾ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالَ قَدۡ جِئۡتُكُم
بِٱلۡحِكۡمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا
صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦٤﴾ فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَيۡنِهِمۡۖ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾﴾

پێکەنینی قورەیش بە عیسای کوڕی مەریەمو پلەی عیسا(سەلامی خوای لێبێت) لەلای خودا

خوای گەورە باسی ڕۆچوونی قورەیشیەکان دەکات لە بێ دنیاو وەبە ئاوەزو دژایەتیان دەکردو شەڕیان دەفرۆشت بە پێغەمبەرو(ﷺ) هاوەڵەکانیو دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا

---

[1] أحمد(١٤٥/٤)، باختلاف يسير، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

[2] الدر المنثور(٣٨٤/٧).

[3] القرطبي(١٠٢/١٦).

[4] الطبري(٦٢٤/٢١)، القرطبي(١٠٢/١٦).

قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴾ ئەو کاتەش کە بەسەرهاتی کوڕی مەریەم هاتە گۆڕێ هۆزەکەی تۆ لە خۆشیان کردیان بە هەرا. چەند کەس لە ئیبنو عەباس و(ڕەزای خوایان لێ بێت) موجاهیدو عیکریمەو سودیو زەححاکەوە باسیان کردووە کە وتوویانە: واتە: پێکەنینو سەریان سوڕما بەو قسەیە.[1] قەتادە دەڵێت: پێیان ناخۆش بوو پێکەنینیان دەهات.[2] ئیبراهیمی نەخەعی دەڵێت: ناڕەزایی دەردەبڕن.[3] هۆکەیشی ئەوە بوو وەك موحەممەدی کوڕی ئیسحاق باسی کردووە لە سیرەتەکەیداو وتوویەتی: وەك پێم گەیشتووە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆژێك لە مزگەوتدا دانیشتبوو لەگەڵ وەلیدی کوڕی موغیرەدا نەزری کوڕی حارس(نضر بن حارث) هاتو لایان دانیشت. خەڵکێکی زۆر لە پیاوانی قورەیش لەوێ بوون. پێغەمبەری خودا(ﷺ) قسەی دەکرد نەزری کوڕی حارس دژی دەوەستاو وەڵامی دەدایەوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) قسەی لەگەڵدا کرد هەتا دەم کوتی کردو بێدەنگ بوو پاشان ئەم ئایەتەی بەسەر ئەوو قورەیشیەکاندا خوێندەوە: ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾[4] واتە: بە ڕاستی ئێوەو ئەوانەش دەتانپەرستن جگە لە خودا(دەبنە) سوتەمەنیو هەڵگیرسێنەری دۆزەخ ئێوە(و ئەوان) دەچنە ناویەوە. پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵساو عەبدوڵلای کوڕی زیبەعری تەمیمی(الزِّبَعْري التَّميمي) هاتو دانیشت. وەلیدی کوڕی موغیرە پێی وت: بە خودا نەزری کوڕی حارس لەبەر کوڕی عەبدولموتەلیب(عبدالمطلب) هەڵنەساو دانەنیشت. موحەممەد دەڵێت: ئێمەو ئەوەی دەیپەرستین لە خوداکانمان دەبینە سوتەمەنی جەهەنەم. عەبدوڵلای کوڕی زیبەعری وتی: سا بە خوا بمدیایە دژی دەوەستامو وەڵامم دەدایەوە پرسیار بکەن لە موحەممەد. ئاخۆ هەرچی دەپەرسترێت بێجگە لە خودا لەگەڵ ئەوەی دەپەرسترێت لە جەهەنەمدایە. خۆ ئێمە فریشتەکان دەپەرستین جوولەکەیش عوزەیر دەپەرستنو گاوریش عیسای مەسیح دەپەرستن. وەلیدو ئەوانەی کە لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوون سەریان سوڕماو قسەکەی عەبدوڵلای کوڕی زیبەعریان پێ خۆش بوو. وایان دەزانی کە عەبدوڵلای کوڕی زیبەعری بەڵگەکەی بەهێزترەو سەرکەوتوو زاڵە. ئەو قسەیە لای پێغەمبەر(ﷺ) باسکرا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(هەر کەسێك پێی خۆش بێت بپەرسترێت بێجگە لە خودا ئەوە لەگەڵ ئەوە کەسەیە کە دەیپەرستێت. لە ڕاستیدا ئەوان شەیتان دەپەرستنو ئەوانەش کە فەرمانیان پێدەکەن بە پەرستنی شەیتان) خوای گەورە ئەم ئایەتەی

[1] القرطبي(١٦/١٠٣).
[2] الطبري(٢١/٦٢٧).
[3] القرطبي(١٦/١٠٣).
[4] الانبياء(٩٨).

ناردە خوارەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ﴾[1] واتە: بێگومان ئەوانەی لە لایەن ئێمەوە پێشتر بڕیار دراوە بۆیان بەختەوەری(چاکە هێنانەڕێیان) ئەوانە لە دۆزەخ دوور دەخرێنەوە. واتە ئەو کەسانەی لە پێشوو بڕیارمان دا کە چاکەیان لەگەڵ دەکەین، ئەوان لە دۆزەخ بە دوورن. واتە: عیساو عوزەیرو ئەوانەیش کە لەگەڵ ئەوان پەرستراون لە زانایانی گاورو جوولەکە(الاحبار والرّهبان) کە تەنها خودایان پەرستووەو بەردەوام بوون لەسەر خواپەرستی. پاشان ئەوانەی پاش خۆیان لە خەڵکی گومڕاو سەرلێشێواو کردوویانن بە شەریکی خوداو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر ئەوەی کە دەیانوت: کە ئەوان فریشتەکان دەپەرستن کە کیژی خودان: ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ﴾[2] واتە:(وە بێباوەڕان) وتیان خوای میهرەبان منداڵی بۆ خۆی بڕیار داوە(کە فریشتەکانن) پاکو بێگەردە خوا(لەم شتانە) بەڵکو ئەوانە(فریشتە) بەندەی ڕێزگیراوی(خودان).وە ئایەت هاتە خوارەوە لە بارەی عیساوە کە باس دەکرا کە پەرستراوە بێجگە لە خودا. وەلیدو ئەوانەی کە ئامادە بوون ئەو گێچەڵو دەمەقاڵەی عەبدوڵڵای کوڕی زیبەعریان پێ چاک بوو. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوۡمُكَ مِنۡهُ يَصِدُّونَ﴾ واتە: ئەو قسەیە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی دژایەتیت بکەنو ببنە لەمپەر لە ڕێتدا. پاشان خوای گەورە باسی عیسای کردووە(سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلٗا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ۝٥٩ وَلَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ ۝٦٠ وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ﴾ واتە: یەکێك لە نیشانەکانی قیامەت ئەو شتانە بوو کە لەسەر دەستی عیسادا(سەلامی خوای لێ بێت) ڕوویدا لە زیندووکردنەوەی مردوو چاککردنەوەی نەخۆش بەسە کە ببێتە بەڵگە لەسەر هاتنی قیامەت وە دەفەرمووێت: ﴿فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ﴾[3] واتە: کەواتە دەربارەی قیامەت هیچ گومانتان نەبێت ڕاستەو شوێنی من بکەون ئەمە ڕێگای ڕاستە.[4] ئیبنو جەریر باسی کردووە لە ڕیوایەتی عەوفی یەوە لە ئیبنو عەباسەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوۡمُكَ مِنۡهُ يَصِدُّونَ﴾ واتە: قورەیش، کاتێك پێیان وترا: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ

---

[1] الانبياء(١٠١).

[2] الانبياء(٢٦).

[3] الزخرف(٦١).

[4] ابن هشام(١/٣٩٦/٣٩٨)، فەرموودەیەکی موعەزەلە(معضل).

ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ﴾[1] واتە: بە ڕاستی ئێوەو ئەوانەش دەتانپەرستن جگە لە خودا(دەبنە) سوتەمەنیو هەڵگیرسێنەری دۆزەخ ئێوە(و ئەوان) دەچنە ناویەوە. تا کۆتایی ئایەتەکان. قورەیشیەکان دەیانوت بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەی عیسای کوڕی مەریەم چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەو بەندەو پێغەمبەری خودایە). پاشان وتیان: بە خوا تەنها ئەوەی دەوێت کە بیکەین بە خودا وەك چۆن گاورەکان عیسایان کردە خودای خۆیان. خودای مەزنیش فەرمووی: ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ﴾[2]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ﴾ وتیان: ئاخۆ ئەوانەی پەرستوومانن لەو چاکتر نین؟ ئەمەیان هەر بۆ گێچەڵێك هێنایە پێش، چونکە ئەمانە کۆمەڵێکن شەڕ دەفرۆشن. قەتادە دەڵێت: واتە: خواکانی ئێمە لەو چاکترن. قەتادە دەڵێت: ئیبنو مەسعود ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە کە قورەیشیەکان وتوویانە: ئاخۆ خواکانی ئێمە چاکتر نیە لەمە؟ مەبەستیان موحەممەد(ﷺ).خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ﴾ واتە: بۆ قسە دروستکردن ئەم باسەیان هێناوەتە پێش، خۆشیان چاك دەزانن ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندیەکی بەو قسانەی ئەوانەوە نیە، چونکە ئەم ئایەتە بۆ بێ ئاوەزە وەك ئەم ئایەتە وایە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ﴾[3] واتە: بە ڕاستی ئێوەو ئەوانەش دەتانپەرستن جگە لە خودا دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ. پاشان ئەم قسەیە لەگەڵ قورەیشیەکان کە ئەوان بتیان دەپەرستو دەیانکردە هاوەڵی خوداو عیسایان نەدەپەرست هەتا بخرێنە ناوی، دیارە قسەکانیان تەنها گێچەڵ نانەوە بووە خۆشیان بڕوایان بەو قسەیە نەبووە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو ئومامە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(هیچ گەلێك گومڕا نەبووە دوای شارەزابوون لەسەر ئەو ڕێگای کە لەسەری بوون مەگین دەستیان داوەتە گێچەڵ نانەوە). پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ﴾.[4] تیرمیزیو ئیبنو ماجەو ئیبنو جەریر ڕیوایەتیان کردووە پاشان تیرمیزی دەڵێت: چاکو ڕاستە(حسن صحيح)، ئاگامان لێی نیە مەگین لەو فەرموودەی ئەبو ئومامەوە

---

[1] الانبياء(٩٨).

[2] الطبري(٢١/٦٢٥).

[3] الانبياء(٩٨).

[4] احمد(٥/٢٥٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

نەبێت.[1] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ ئەو هیچ نەبوو عەبدێك نەبێت، ئێمە چاكەمان لەگەڵ كردو كردمان بە نموونەیەك بۆ وەچەو بەرەی ئیسرائیل. واتە: عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) تەنها بەندەیەك بووە لە بەندەكانی خوداو چاكەمان لەگەڵ كردووە كردوومانە بە پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت)، ﴿وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ واتە: كردمان بە نموونەو نیشانەو بەڵگە لەسەر توانای خۆمان بۆ هەر شتێك مەیلمان لێ بێت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ﴾ خۆ ئەگەر مەیلمان لێ بووایە، چەند فریشتەیەكمان لە ئێوە وەدی دەهێناو دەمانكردن بە جێنشین لەسەر زەمین. ﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَا مِنكُم﴾ واتە: ئەگەر حەزمان بكردایە لە جێی ئێوە. ﴿مَّلَٰٓئِكَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ يَخۡلُفُونَ﴾ سودی دەڵێت: بە فریشتەكان دروستمان دەكردن لەسەر زەمیندا.[2] قەتادەو ئیبنو عەباس دەڵێن: دەمانكردنە جێنشینی یەكتری وەك چۆن ئێوەمان كردووە بە جێنشینی یەكتری.[3] ئەم قسەیە تەواوكەری قسەی یەكەمە. موجاهید دەڵێت: سەر زەمینمان ئاوەدان دەكردەوە وەك ئێوە.[4] خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ﴾ ئەو یەكێكە لە نیشانەكانی قیامەت. شكت لە هاتنی نەبێتو پەیڕەوی هەر لە من بكەن، ئەمە ڕێگەیەكی ڕاستە. قسەی ڕاست ئەوەیە مەبەست بەوە هاتنەخوارەوەی عیسای كوڕی مەریەمە (سەلامی خوایان لێ بێت) پێش هاتنی قیامەت. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا﴾[5] واتە: وە هیچ كەسێك نیە لە نامەدارەكان مەگەر بڕوای پێ دێنێت (بە عیسا) پێش مردنیو لە ڕۆژی دوایشدا عیسا دەبێت بە شایەت بەسەریانەوە. ئەو خوێندنەوەی ترە پشتگیری ئەم مانایە دەكات: ﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ﴾ واتە: نیشانەو بەڵگەیە لەسەر هاتنی ڕۆژی قیامەت. موجاهید دەڵێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ﴾ واتە: نیشانە بۆ هاتنی ڕۆژی قیامەت. هاتنی عیسای كوڕی مەریەم(سەلامی

---

[1] تحفة الأحوذي(٩/١٣٠)، ابن ماجه(١/١٩)، الطبري(٢١/٦٢٩)، فەرموودەیەكی حەسەنە.

[2] الطبري(٢١/٦٣١).

[3] الطبري(٢١/٦٣٠).

[4] الطبري(٢١/٦٣٠).

[5] النساء(١٥٩).

خوای لێ بێت) پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت.[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئەبو هورەیرەو ئیبنو عەباس‌و ئەبول عالیەو ئەبو مالك‌و عیکریمەو حەسەن‌و قەتادەو زەحجاك و کەسانی تریشەوە.[2] فەرموودەکە گەیشتووەتە پلەی تەواتر لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە هەواڵی داوە بە هاتنەخوارەوەی عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) پێش ڕۆژی قیامەت کە پێشەوایەکی دادپەروەرو ناوبژیوانێکی ڕاست وێژە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا﴾ واتە: گومانتان لە هاتنی نەبێت ئەوە هەر ڕوودەدات، ﴿وَاتَّبِعُونِ﴾ پەیڕەوی هەر لە من بکەن لەوەی کە بۆتان باس دەکەم، ﴿هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ شەیتانیش ڕێگاتان لێ نەگرێت، ئەو ئاشکرا دوژمنتانە. واتە: شەیتان دەبێتە لەمپەر لە ڕێتانداو نامیلێت شوێنی هەق بکەون. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا جَاءَ عِيسَىٰ بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ ئەوساش عیسا بە چەند بەڵگەی دیاری دەرەوە هاتبوو، وتی: من وا ڕێگەو شوێنی کارزانیم بۆ هێناون، تا برێکیش لەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە لەسەری کێشەتانە. سا لە خوا ترستان هەبێت‌و شوێنی من بکەون. ﴿بِالْحِكْمَةِ﴾ واتە: بە پێغەمبەریەتی. ﴿الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾ ئیبنو جەریر دەڵێت: لەو شتانەی کە پەیوەندی بە کاروباری ئاینەوەیە نەك ئەو شتانەی کە پەیوەندن بە کاروباری دنیاوە.[3] ئەمەی کە ئیبنو جەریر دەڵێت: قسەیەکی جوان‌و چاکە. ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ واتە: لە خوا بترسن لەوەی کە فەرمانتان پێ دەکات. ﴿وَأَطِيعُونِ﴾ شوێنی من بکەون لەوەی کە بۆم هێناون. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ ۚ هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ پەروەردگاری من‌و ئێوە هەر خودایە، بیپەرستن ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە. واتە: من‌و ئێوەش بەندەی خوداین‌و پێویستیمان بەو هەیەو هەموومان هاوبەشین لە پەرستنیدا کە بە تەنها بیپەرستین‌و هاوەڵی بۆ دانەنێنین، ﴿هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ واتە: ئەوەی کە من پێی هاتووم‌و بۆم هێناون ڕێگەیەکی ڕاستە، کە پەرستنی خودایە بە تاك‌و تەنها. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ ۖ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾ جا کۆمەڵان

---

[1] الطبري(٢١/٦٣٢).

[2] الطبري(٢١/٦٣٢)، القرطبي(١٦/١٠٦).

[3] الطبري(٢١/٦٣٥).

کێشەیان لەناو پەیدا بوو، بۆ ئەوانەی غەدرێ دەکەن واوەیلایە لە ئازاری ڕۆژێکی تووش. واتە: کۆمەڵەکان کەوتنە کێشە لەناو یەکداو بوونە چەند دەستەیەك، هەندێکیان دەیوت: بەندەو پێغەمبەری خودایەو ڕاست دەکات، هەندێکی تر دەیانوت: کوڕی خودایەو هەندێکی تریشیان دەیانوت: عیسا(سەلامی خوای لێ بێت) خۆی خودایە. خوای گەورە زۆر مەزنە و دوورە لەو قسانە کە ئەوانە دەیکەن بۆیە خوای بێ هاوتا فەرموویەتی: ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾.

﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ
عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا
وَكَانُوا مُسْلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ ﴿٧٠﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ
وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٧١﴾ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي
أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٣﴾﴾

لە ناکاو ڕۆژی قیامەت دێت و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دۆستانی دنیا لە خوانەناسان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾ ئاخۆ غەیری ڕۆژی قیامەت چاوەڕوانی چی تر دەکەن، کە لە پڕ لێتان ڕوودەدات و پێش نازانن؟ واتە: ئاخۆ ئەو کەسانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوەو باوەڕیان بە پێغەمبەرەکان نەکردووە غەیری هاتنی ڕۆژی قیامەت بە تەمای چین، ﴿إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾ کە گومانی تێدا نیە دێت و ڕوودەدات و ئاگایان لێی نیەو خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە. کاتێك دێت ئەوان هەستی پێ ناکەن. ئا لەو کاتەدا زۆر پەشیمان دەبنەوە کە پەشیمانی لەو کاتەدا هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێت و ڕزگاریان ناکات. وە دەفەرموێت: ﴿ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴾ ئەو ڕۆژە یاران هەموو دەبنە نەیاری یەکتری، جا مەگین خۆپارێزەکان. واتە: هەموو برایەتی و دۆستایەتیەك کە لەبەر خودا نەبووبێت لە ڕۆژی قیامەتدا دەگۆڕێت دەبێتە دوژمنایەتی بەڵام ئەو برایەتی و دۆستایەتیەی کە لەبەر خودا بووبێت هەر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت. ئەمە وەك ئەوەیە کە ئیبراهیم(سەلامی خوای لێ بێت) بە هۆزەکەی وت: ﴿إِنَّمَا اتَّخَذْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن

نَّـٰصِرِينَ ﴾[1] واتە: بێگومان ئەوەی ئێوە هەڵتانبژاردووە لە جیاتی خودا بتانێکن لەبەر خۆشەویستی نێوانتان لە ژیانی دنیادا(دەیانپەرستن) لە پاشان لە ڕۆژی دوایدا هەندێکتان بێزاری دەردەبڕن لە هەندێکی ترتان(دان نانێن بە یەکتریدا) وە نەفرین لە یەکتری دەکەن جێگاشتان ئاگری دۆزەخەو هیچ یارمەتیدەرێکیشتان نیە.

دڵخۆشی لەخواترسان لە ڕۆژی قیامەتدا و چوونە ناو بەهەشتیان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴾ ئەی ئەوانەی کە هەر خۆمتان پەرستووە ئەو ڕۆژە نە ترسێکتان لەسەر هەیەو نە خەم دەخۆن. پاشان مژدەی پێداون و فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە نیشانەکانی ئێمەو هەر بەرفەرمانی خۆمان بوون. واتە: ئەوانەی لەناو دڵیانەوە بڕوایان هێناوەو بە کرداریش پابەندن بە شەرعی خوداوە. موعتەمیری کوڕی سولەیمان دەڵێت: لە باوکیەوە: کاتێك ڕۆژی قیامەت دێت و خەڵکی زیندوودەکرێنەوە هیچ کەسێك نیە مەگین ڕادەچڵەکێت و دەترسێت، بانگکەرێك بانگ دەکات: ﴿ يَـٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴾ بەندەکانم! کەستان ترستان نەبێت و خەفەتیش مەخۆن، لەوێدا هەموو خەڵك ئومێدیان بۆدروست ئەبێت پاشان لە دوایدا ئەوترێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾ ئەو بەندانەی کە بڕوایان بەبەڵگەکانی ئێمەهەبووە و تەسلیمی بوون، دەڵێت: لەوێدا هەموو خەڵکی بێ ئومێد دەبن غەیری خاوەن باوەڕان.[2] ﴿ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ تُحْبَرُونَ ﴾ بچنە بەهەشت کە ئێوەو هاوسەرانتان خۆش ڕابوێرن. واتە: پێیان دەوترێت بڕۆنە بەهەشت، ﴿أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ﴾ خۆتان و ئەوانەیش وەك ئێوەن، ﴿تُحْبَرُونَ﴾ واتە: خۆش دەبەنە سەرو دڵخۆش دەبن، لە سورەتی(الروم)دا لە پێشەوە تەفسیر کراوە، ﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ۖ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ۖ وَأَنتُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴾ بە سینی و پەرداخی زێڕین لە دەوریاندا دێن و دەچن. هەرچی دڵ ئارەزووی دەکات و چاو لەزەتی لێ دەبینێت، تێیدا هەیەو ئێوەش لەوێدا نامرن. واتە: چاکترین و بەنرخترین سینی و دەفری زێڕین کە خواردنی لەسەر دەخورێت، ﴿وَأَكْوَابٍ﴾ واتە: پەرداخی لە زێڕ کە لوتی نیەو بێ عەیبە، ﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ﴾ وە هەندێك

---

[1] العنكبوت(٢٥).

[2] الطبري(٦٣٩/٢١).

لەزانایان وا خوێندوویانەتەوە: ﴿تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ﴾، ﴿وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ﴾ واتە: ئەوەی چاو لەزەتی لێ دەبینێت لە خواردنی چاکو بۆنی خۆشو وێنەی جوان. ﴿وَأَنتُمْ فِيهَا﴾ واتە: لەناو بەهەشتدا، ﴿خَٰلِدُونَ﴾ واتە: دەرناچن لێیو ناتانەوێت بچنە شوێنێکی تر. پاشان بۆ ڕێزلێنان پێیان دەوترێت: ﴿وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەمە هەر ئەو بەهەشتەیە کە بە هۆی کردەوەکانتان وا بۆ ئێوە ماوەتەوە. واتە: کردەوە چاکەکانتان بووە هۆی ئەوەی کە بەر بەزەیی خودا بکەون. چونکە هیچ کەسێك کردەوەکانی نایباتە بەهەشت. بەڵکو بە سۆزو بەزەیی خودا دەچنە بەهەشت. بەڵام پلەکانی بەهەشت جیاوازیان هەیە بە پێی کردارە چاکەکان وەردەگیرێت. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ میوەی زۆری تێدا هەیەو بۆ ئێوەیەو لێیان دەخۆن. واتە: هەموو جۆرە میوەیەکی تێدایە بە ئارەزووی خۆتان هەڵی دەبژێرن. کاتێك خوای گەورە کە باسی خواردنو خواردنەوەی کردووە دوای ئەوە باسی میوەشی کردووە بۆ ئەوەی بەهرەکەی زیاتر تەواوتر بێت.

﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾ وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ
كَٰرِهُونَ ﴿٧٨﴾ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴿٧٩﴾ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ
يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾﴾

پاشەڕۆی خراپی تاوانباران

کاتێك خوای گەورە باسی ژیانی بەختەوەرانی کرد دێتە سەر باسی بەدبەختانو تاوانبارانو دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ﴾ تاوانبارانیش هەتا سەر لە ئازاری جەهەنەم دانو دەرناچن. ﴿لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ﴾ هەرگیز وچانیان پێ نادرێتو هەر لەوێدا بە نائومێدی داماون. ﴿لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ﴾هیچ مۆڵەتێکیان پێ نادرێت با بۆ کاتژمێرێکیش بێت. ﴿وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ﴾ نائومێدن لە هەموو چاکەیەك لەگەڵیان بکرێت. ﴿وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ هیچ غەدرێکیان لێ نەکردن بەڵام خۆیان غەدریان لە خۆیان کرد. واتە: ناهەقیان لە خۆیان کرد بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەی خۆیانەوە پاش ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانەی کە بۆیان هاتو ناردنی پێغەمبەران بۆیان کە باوەڕیان نەکرد پێیانو بە گوێیان نەکردن. بۆیە خوای گەورە سزای دان لەسەر ئەو کارە خراپەیانو

خودا ناهەقی ناکات لەگەڵ بەندەکانی خۆی. ﴿وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ﴾ هانا دەبەن بۆ گزیری جەهەنەم: داوا بکە پەروەردگارت ئەم ژینە چەرمەسەرەمان بۆ نەهێڵێت. دەڵێت: ئێوەهەر لێرە دەمێنن. ﴿وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ﴾ کە کاربەدەستی ئاگرە. بوخاری دەڵێت: حەجاجی کوڕی مینهال بۆی گێڕاینەوە سوفیانی کوڕی عویەینە بۆی گێڕاینەوە لە عەمری کوڕی عەتاوە لە سەفوانی کوڕی یەعلاوە(یَعلی) ئەویش لە باوکیەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر مینبەر ﴿وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ﴾ی دەخوێند.[1] واتە: ئەم ژیانەمان نەهێڵێ‌و گیانمان بکێشی هەتا ڕزگارمان ببێت لەم حاڵە. ئەمانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا﴾[2] واتە: بڕیاری مردن نادرێت بەسەریاندا تا بمرن هەروەها هەندێ لە سزای(دۆزەخ)یان لێ سوك ناکرێت. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلْأَشْقَى ﴿١١﴾ ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿١٢﴾ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ﴾[3] واتە: وە ئەوەی زۆر خراپیش بێت خۆی لێ دوور دەخاتەوە، ئەوەی دەچێتە ناو ئاگری هەرە گەورەوە، لە پاشان نە دەمرێت تیایدا(تا ڕزگاری بێت) وە نە دەژی(تێیدا بە ئاسایی). کاتێك کە داوایان کرد کە بمرن‌و نەمێنن مالك وەڵامی دانەوە: ﴿قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ﴾ وتی: ئێوە دەمێنن‌و نامرن‌و دەرناچن‌و هیچ دەرەتانێکتان نیە بۆی بڕۆن. پاشان باسی هۆی بەدبەختیان دەکات کە لە ڕێی ڕاست لایان داوەو دژایەتیان کردووە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: ڕاستیمان بۆ هێنان‌و باش بۆمان دەرخستن‌و ڕوونمان کردەوە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ واتە: بەڵام سروشتی زۆرێك لە ئێوە ئەم ڕاستیەی زۆر پێ ناخۆش بوو ڕووی تێ نەدەکردو نەیدەویست بەڵکو شوێنی پڕوپوچ دەکەوت‌و ڕێزی لێ دەگرت. دەبووە لەمپەر لەڕێی ڕاستداو پشتی تێ دەکردو چاوی بە شوێنکەوتووانی هەقدا نەدەهات. کەوابوو سەرزەنشتی خۆتان بکەن‌و هەر پەشیمانی دەربڕن کە لێرەدا هیچ سوودێکی نیە. ﴿لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ ئێمە ڕاستیمان بۆ هێنان، بەڵام زۆربەی زۆر لە ئێوە ڕاستیتان پێ ناخۆش بوو. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْ أَبْرَمُوٓاْ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ﴾ ئەگەر ئەوان لەسەر کاری خۆیان

---

[1] فتح الباري(٨/٤٣١).

[2] الفاطر(٣٦).

[3] الأعلى(١١ـ١٣).

سوور بوون، ئەوا ئێمەش لەسەر کاری خۆمان سوورین. موجاهید دەڵێت: دەیانویست کاری خراپ بکەن بە فێڵبازی، ئێمەش کەتنی خۆمان پێ کردن. ئەمە ئەو قسەیە کە موجاهید وتوویەتی.[1] وەك خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾[2] واتە: ئەوان نەخشەو پیلانێکیان دانا بە پیلانێکی خراپ(بۆ کوشتنی صالح) ئێمەش نەخشەمان کێشا(بۆ لەناوبریدنیان) بە نەخشەکێشان لە کاتێکدا ئەوان هەستیان نەدەکرد. چونکە بتپەرستەکان هەمیشە خەریکی کەتن گێڕانو فێڵبازی بوون بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستی بە قسەی پڕوپوچو بێ مانا. خوای گەورەیش کەتنەکەی بەتاڵ کردنەوەو ئەو فێڵەیان بە زیان دەگەڕایەوە بۆ خۆیان. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّا لَا نَسۡمَعُ سِرَّهُمۡ وَنَجۡوَىٰهُمۚ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيۡهِمۡ يَكۡتُبُونَ﴾ ئاخۆ ئەوان پێیان وابوو ئێمە نهێنیو سرتەیان لێ نابیسن؟ دەیبیسینو چەندێکیشمان ڕاسپاردوون وان لایانو دەنووسن. واتە: وا دەزانن ئێمە ئاگاداری نهێنیو ئاشکرایان نین. ﴿بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيۡهِمۡ يَكۡتُبُونَ﴾ واتە: ئێمە دەزانین خەریکی چینو فریشتەکانیش هەر دەزانن هەرچی دەکەن لە گەورەو بچووك هەمووی دەنووسن.

﴿قُلۡ إِن كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡعَٰبِدِينَ ﴿٨١﴾ سُبۡحَٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٨٢﴾
فَذَرۡهُمۡ يَخُوضُواْ وَيَلۡعَبُواْ حَتَّىٰ يُلَٰقُواْ يَوۡمَهُمُ ٱلَّذِي يُوعَدُونَ ﴿٨٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَٰهٞۚ وَهُوَ
ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ
﴿٨٥﴾ وَلَا يَمۡلِكُ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلۡحَقِّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٨٦﴾ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ
خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٨٧﴾ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿٨٨﴾ فَٱصۡفَحۡ عَنۡهُمۡ وَقُلۡ سَلَٰمٞۚ
فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ﴿٨٩﴾﴾

خودا فەرزندی نییە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِن كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡعَٰبِدِينَ﴾ بلێ: ئەگەر خودا فەرزندی بێت، ئەوە من یەکەم کەسم کە دەیپەرستم. ﴿قُلۡ﴾ واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ)، ﴿إِن كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡعَٰبِدِينَ﴾ واتە: بلێ: ئەگەر واش بێت من هەر یەکەمین کەسم دەیپەرستم. چونکە من عەبدێکم لە عەبدەکانی گوێڕایەڵم بۆ هەموو کارێك کە فەرمانم پێ بکات لوت بەرزیو بێ فەرمانی ناکەم لە.

[1] الطبري(٢١/١٤٦).

[2] النمل(٥٠).

پەرستنیدا. خۆ ئەو فەرزندەی هەبێت من هەر دەیپەرستم. بەلاَم شتی وا بۆ خودا مومکین نیەو نابێتو شەرتیش بە پێویست نەگیراوە بێتەجیْو هەروەها جەوازیش. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾[١] واتە: ئەگەر خودا بیویستایە منداڵێك بۆ خۆی بڕیار بدات ئەوە لەناو دروستکراوەکانیدا کامەی بویستایە هەڵی دەبژارد پاكو بێگەردە هەر ئەوە خودای تەنهای زاڵو بە دەسەلاَت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ سُبْحَـٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾ پەروەرینی ئاسمانانو زەمینو عەرش. هیچ کەمیەکی نیەو بە دوورە لەو تۆمەتانەی ئەوانە بۆی هەڵدەبەستن. واتە: خوای گەورە پاكو بێگەردەو دوورە لە هەموو کەمیەکەوە. وەدیهێنەری هەموو شتەکانە. ئەو خودا مەزنەو کوڕی نیەو تاكو تەنهایەو جێی نیازەو بێ نیازە لە هەموو شتێك. بێ وێنەو بێ هاوتایەو فەرزندیشی نیە. وە دەفەرموێت: ﴿ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟ حَتَّىٰ يُلَـٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى يُوعَدُونَ ﴾ لێیان گەڕێ با هەر پڕوپوچ بڵێنو خەریکی گاڵتەکردن بن، هەتا تووشی ئەو ڕۆژە دێن کە بەڵێنیان پێدراوە. ﴿ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ ﴾ واتە: وازیان لێ بێنە لەو نەفامیو سەرلێشێواویەدا، ﴿ وَيَلْعَبُوا۟ ﴾ هەرخەریکی گاڵتەکردن بن لە ژیانی دنیایاندا، ﴿ حَتَّىٰ يُلَـٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى يُوعَدُونَ ﴾ هەتا تووشی ئەو ڕۆژە دەبن کە ڕۆژی قیامەتە. واتە: بەم زووانە دەزاننو تێدەگەن پاشەڕۆژو ئاکامو ژیانیان لەو ڕۆژەدا چۆن دەبێت.

باسی تاكو تەنهایی پەروەردگار

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَـٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَـٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ هەر ئەویشە لە ئاسماندا خودایەو لە زەمینیشدا خودایەو هەر ئەویشە لە کارزانەو زۆر زانایە. واتە: هەر خودایە لە ئاسمانو لەسەر زەمین بەندەکانی دەیپەرستن هەموو خۆ بە کەم دەزاننو ملکەچو زەبوون لەبەر دەستیدا. ﴿ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ ۖ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴾[٢] واتە: وە تەنها ئەو خودایە(بالادەستو پەرستراوە) لە ئاسمانەکانو لە زەویدا نهێنیو ئاشکراتان دەزانێتو بە هەموو کردەوەیەکیش کە دەیکەن ئاگادارە. واتە: هەر ئەو بانگ کراوە بە خودا(الله) لە ئاسمانانو زەمیندا،

---

[١] الزمر(٤).

[٢] الانعام(٣).

﴿وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ پاکیو گەورەیی بۆ کەسێك کە ئاسمانەکانو زەمینو چی لەناو ئەم دووانەدایە، گشتی بۆ ئەوە، ئەو دەزانێت چ کاتێك قیامەت ڕادەبێتو دەتانهێننەوە بۆ لای ئەو. واتە: ئەو وەدیهێنەرو خاوەنی ئاسمانانو زەمینو ئەوەی کە تیایاندایە هەرچی بوێت دەیکات کەس ناتوانێت ببێتە لەمپەرو بەرگریکەرو پاكو بێعەیبەو فەرزندەی نیە. چونکە خودایەکی پایەبەرزو مەزنو خاوەنی هەموو شتێکەو هەموو شتێك بە مەیلی خۆیەتی ببێت یان نەبێت، ﴿وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ﴾ ئەو دەزانێت کەی قیامەت دێت، غەیری ئەو نازانێت، ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ دەتانگێڕێتەوە بۆ لای خۆی. واتە: پاداشتی هەموو کەس بە پێی کردەوەی دەداتەوە چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵە لێسەندنو سزادان.

بتەکان ناتوانن ببنە تکاکار

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ ئەوشتانەی غەیری خودانو ئەوانە دەیانپەرستن، ناتوانن ببنە تکاکار مەگەر کەسانێك کەبەڕاستیو زانینەوە شایەتی بدەن. ﴿وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ﴾ واتە: ئەو شتانەی غەیری خودان لە بتو دارو بەردو شتی تر، ﴿ٱلشَّفَٰعَةَ﴾ ناتوانن تکایان بۆ بکەن، ﴿إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ ئەمە ئیستیسنای مونقەتیعە واتە: بەلام کەسێك بە ڕاستیو زانینەوە شایەتی بدات،ئەوەئەوکەسەتکاکەی لەلای خودا سودی دەبێت بەئیزنی خۆی.

دان پیانانی بتپەرستان کە تەنها خودا وەدیهێنەرە

پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ ئەگەر لە خۆیان بپرسن، کێ ئەوانی وەدی هێنا دەڵێن: خودا. دەی چۆن لە هەق کەلا دەبن. واتە: ئەگەر پرسیار بکەی لەو بتپەرستانە کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوە لەگەڵ خودا دەیپەرستن: ﴿مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ دان پێدا دەنێن کە خودا وەدی هێنەری هەموو شتەکانە هیچ کەس هاوەڵی نەبووە لە دروستکردنیاندا. کەچی غەیری خودا دەپەرستن لەگەڵ خودا کە هیچیان بە دەست نیەو توانای هیچ شتێکیشیان نیە. ئەوانە زۆر نەفامو کەم ئاوەزو بێ عەقڵن بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ دەی چۆن لە ڕاستی لا دەدەنو شوێنی ناکەون.

نزاو پاڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە لای خودا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ لَّا يُؤۡمِنُونَ﴾ نزای ئەویش کە: ئەی پەروەرندەی من! ئەمانە دەستە خەڵکێکن ئامادە نین بڕوا بێنن. واتە: پێغەمبەر فەرمووی:(قِيلِهِ) واتە: شکاتیت کرد لای خودا لە گەلەکەی ئەوانەی کە بڕوایان پێ نەدەکرد فەرمووی: ئەی خودایە ئەمانە خەڵکێکن باوەڕ ناهێنن. وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ مَهۡجُورٗا﴾[1] واتە: وە پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پەروەردگارم! بە ڕاستی قەومەکەم(قورەیش) ئەم قورئانەیان واز لێ هێناوەو گوێی پێ نادەن. ئەمەی کە وتمان قسەی ئیبنو مەسعودو موجاهیدو قەتادەیەو ئیبنو جەریریش هەر بەو شێوەیە تەفسیری کردووە.[2] بوخاری دەڵێت عەبدوڵلای کوڕی مەسعود– (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندووەتەوە:(وقال الرّسول يا ربّ).[3] موجاهید لەم ئایەتەدا: ﴿وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ لَّا يُؤۡمِنُونَ﴾ دەڵێت: خوای گەورە قسەی پێغەمبەر ئەگێڕێتەوە[4]. قەتادە دەڵێت: ئەمە نزای پێغەمبەرە(ﷺ) لە هۆزەکەی لای خودا.[5] ﴿فَٱصۡفَحۡ عَنۡهُمۡ﴾ واتە: واز لەو بتپەرستانە بێنە، ﴿وَقُلۡ سَلَٰمٞ﴾ واتە: تۆ وەك ئەوانە کە قسەی خراپت لەگەڵ دەکەن. وەڵامیان مەدەرەوە. گوزەران بکە لەگەڵیان بڵێ ئێستە هیچ ترسێکتان نەبێت و ئەمین بن، ﴿فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ﴾ واتە: بەم زووانە دەزانن. ئەمە هەڕەشەیەك بوو لە لایەن خوداوە بۆیان. بۆیە خوای گەورە سزای دان و ئایینی خۆی سەرخست و فەرمانی دا بە موسڵمانان کە جیهاد بکەن و بچن بە گژ دوژمندا هەتا وای لێهات خەڵکی دەستەدەستە دەهاتن موسڵمان دەبوون و ئایینی ئیسلام بڵاوەی کرد بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. والله أعلم.

[1] الفرقان(٣٠).

[2] الطبري(٦٥٦/٢١).

[3] فتح الباري(٤٣١/٨).

[4] الطبري(٦٥٦/٢١).

[5] الطبري(٦٥٦/٢١).

تەفسیری سورەتی(الدخان)

لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە

ڕێزی سورەتی(الدخان)

لە موسنەدی بەزاردا لە ڕیوایەتی ئەبی توفەیلدا عامری کوڕی واسلە و لە زەیدی کوڕی حاریسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە ئیبنو صەیاد: (من شتێکم بۆ لە دڵ گرتووی ئەو شتە چیە؟) پێغەمبەری خودا(ﷺ) سورەتی(الدخان) لێ بەدڵ گرتبوو، ئیبنو صەیاد وتی:(هو الدخ) واتە: ئەوە دووکەڵە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(إخسأ ماشاء الله كان) واتە: چفە! ئەوەی خودا مەیلی لێ بووبێت بووە). پاشان ڕۆیشت[1].

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴿٤﴾ أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴿٥﴾ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦﴾ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٧﴾ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨﴾﴾

هاتنەخوارەوەی قورئان لە شەوی قەدردا

خوای گەورە باسی قورئان دەکات کە لە شەوێکی پیرۆزدا ڕەوانەی کردووە کە ئەو شەوەیش، شەوی قەدرە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ﴾[2] واتە: بێگومان ئێمە قورئانمان ناردە خوارەوە لە شەوی بەفەڕو بەڕێزدا. وە لێرەشدا دەفەرموێت: ﴿حمٓ﴾ حا، میم، ﴿وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ﴾ بەم کتێبەی هەموو شت ڕوون دەکاتەوە. ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ﴾ لە شەوێکی پڕ لە پیتو پیرۆزیدا ئێمە ناردوومانەتە– خوار ئێمە ویستمان ترس وەبەر مەردم بێنین. وە ئەم هاتنەخوارەوەش لە مانگی ڕەمەزاندا بوو وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ﴾[3] واتە: مانگی ڕەمەزان مانگێکە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە. ئەو فەرموودانەی کە لە بارەیەوە هاتبوو باسمان کرد لە سورەتی(البقرة)دا پێویست ناکات

---

[1] الطبري(٥/٨٨).

[2] القدر(١).

[3] البقرة(١٨٥).

لێرەدا دووبارەی بکەینەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ﴾ واتە: مەردممان ئاگاگار کردەوە کە چی بە سوودە بۆیان چیش خراپە بۆیان بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەو نیشانەی خودا لەسەر بەندەکانی.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ﴾ هەر لەوێشدا هەر کارێکی سەبارەت بە کارزانی لێك جیاکرایەوە. واتە: لە شەوی قەدردا لە(لوح المحفوظ) هەر کارێك کە پەیوەندە بە فەرمانی ئەو ساڵە جیا دەکرێتەوە دەدرێتە ئەو فریشتانەی کە نووسینی ئەو کارانەیان پێ سپێردراوە. لە تەواوبوونی ژیان و بژێوی و هەتا دوایی. هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عومەرو موجاهیدو ئەبو مالك و زەححاك و کەسانی تریشەوە لە پێشینەکان[1]. ﴿حَكِيمٍ﴾ واتە: زۆر پتەو کە ناگۆڕێت و لانابرێت. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ﴾ فەرمانەو لە لایەن ئێمەوەیە ئێمە ڕاسپاردە دەنێرین. واتە: هەرچی دەبێت خودا دەیکات و ئەوەیشی کەڕەوانەی دەکات بە فەرمان و ئیزنی ئەوە و ئاگای لێییەتی، ﴿إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ﴾ واتە: ئێمە ڕاسپاردە دەنێرین بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی ئایەتەکانی خوا بخوێنیتەوە بۆیان بە ڕوونی و ئاشکرا. چونکە ئەمە زۆر پێویست بوو بۆ مەردم. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بەزەییەکە لە لایەن پەروەردگارتەوە، هەر خۆی بیسەرو زانایە. ﴿رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ﴾ پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینەو هەرچی لەناویاندایە، ئەگەر باوەڕتان هەیە. واتە: ئەو کەسەی کە قورئانی ناردە خوارەوە. هەر ئەویش پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینەو وەدیهێنەرو خاوەنیانەو خاوەنی ئەوەیشە کە لەناویاندایە. ﴿إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ﴾ ئەگەر بەڕاستی بڕواتان هەیە. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ لە غەیری ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێت، گیان وەبەر بوونەوەر دێنێت و دەشمرێنێت. ئەو ئێوەی پەروەردە کردو پەروەرندەی باوانی پێشینەشتانە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ﴾[2] واتە:(ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ: ئەی خەڵکینە ! بە ڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان ئەو(خوایەی) کە تەنها بۆ ئەوە موڵکایەتی هەموو ئاسمانەکان و زەوی و هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو دەژێنێت و دەمرێنێت.

---

[1] الطبري(٢٢/٩).

[2] الاعراف(١٥٨).

﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴿٩﴾ فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّى لَهُمُ الذِّكْرَى وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُبِينٌ ﴿١٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَجْنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَائِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ ﴿١٦﴾﴾

ترساندنی بتپەرستان لەو ڕۆژەی کە ئاسمان دووکەڵێکی لێ پەیدا دەبێت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ يَلْعَبُونَ﴾ کەچی هێشتا هەر لەناو دوو دڵیدان و گەمە دەکەن. واتە: ئەو بتپەرستانە هەر لە گومان و دوو دڵیدا بوون کاتێك کە ڕاستیان بۆ هات هەر باوەڕیان پێ نەدەکرد پاشان خودای مەزن هەڕەشەیان لێ دەکات و دەیانترسێنێت و دەفەرموێت: ﴿فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ﴾ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بە ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدا دەبێت. مەسروق دەڵێت: ڕۆیشتینە مزگەوت. واتە؛ مزگەوتی کوفە لە لای دەرگاکانی کیندەوە لەو کاتەدا پیاوێك باسی ئەم ئایەتەی دەکرد بۆ هاوەڵەکانی: ﴿فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ﴾ دەیوت: دەزانن ئەم دوکەڵە چیە؟ ئەو دوکەڵەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت کە دەچێتە گوێ و چاوی دووڕووەکانەوە و خاوەن باوەڕانیش تووشی دەبن وەك هەڵامەت. دەڵێت: چوینە لای ئیبنو مەسعودو ئەو باسەمان بۆ گێڕایەوە. پاڵی دابووەوە ڕاچڵەکی و ناڕەحەت بوو پاشان دانیشت و وتی: خوای گەورە فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەتان(ﷺ): ﴿قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ﴾[1] واتە:(ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێکم لەسەر گەیاندنی ئەم ئایینە لە ئێوە داوا ناکەم و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم. واتە: من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێ و لەوانەیش نیم کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن. ئەوە لە زانینەوەیە کاتێك پیاوێك شتێك نازانێت بڵێ خودا دەزانێت. ئێستا ئەو باسەتان بۆ دەگێڕمەوە. کاتێك قورەیشیەکان باوەڕیان نەدەهێناو بە گوێی پێغەمبەریان(ﷺ) نەدەکردو سەرپێچیان دەکرد. پێغەمبەر(ﷺ) دوعای لێ کردن کە قات و قڕی و برسیەتی بێنێت بەسەریاندا وەك ئەو قات و قڕیەی زەمانی یوسف پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) تووشی گرانی و برسیەتی بوون. هەتا وایان لێ هات، مردارەوەبووو ئێسقانیان دەخوارد، لە برساندا وایان لێ هاتبوو سەریان بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان دوکەڵ نەبێت هیچیان نەدەبینی.[2] وە لە

---

[1] ص(٨٦).

[2] مسلم(٢١٥٥/٤).

ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: وایان لێ هاتبوو کە کەسێکیان سەیری ئاسمانی دەکرد لە نێوان خۆی‌و ئاسمان وەك دوکەڵ ببینێت وابوو لە برسیەتی‌و ناڕەحەتیدا.[1] خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ۝١٠ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ئازارێکی زۆر بە ژانەو هەموو خەڵکی دادەپۆشێت. هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای باران بارین بکە لە خودا بۆ موزەڕ ئەوەتا لەناو چوون. پێغەمبەر(ﷺ) داوای لە خودا کرد بۆیان کە بارانیان بۆ ببارێنێت. بارانیان بۆ باری‌و ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلۡعَذَابِ قَلِيلًاۚ إِنَّكُمۡ عَآئِدُونَ﴾ ئیبنو مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو جەزرەبەیان لەسەر لادەچێت. ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا. کاتێك کە تووشی خۆشگوزەرانی بوون گەڕانەوە سەر لاساریەکەی خۆیان‌و خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ﴾[2] ئیبنو مەسعود دەڵێت: پێنج نیشانە تێپەڕیون: دوکەڵ‌و ڕۆژی بەدرو ڕۆم‌و کوشتاری بەدرو لەتبوونی مانگ، ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە.[3] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدەکەیدا وە لە لای تیرمیزی‌و نەسائیش بەو مانایە هێناویانە. ئیبنو جەریر و ئیبنو ئەبی حاتەم لە چەند ڕێگاوە لایانە.[4] ئیبنو مەسعود هاوڕایە لەگەڵ کۆمەڵێك لە زانا پێشینەکان وەك موجاهیدو ئەبول عالیەو ئیبراهیمی نەخەعی‌و زەحاك و عەتیەی عەوفی کە ئەو دوکەڵە ڕابوردووەو نەماوە.[5] ئیبنو جەریریش هەمان بۆچوونی هەیە. وە لە فەرموودەی ئەبو سورەیمەوە حوزەیفەی کوڕی ئەسیدی غەفاریەی(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(قیامەت هەڵناسێت هەتا دە نیشانە دەبینن: دەرکەوتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوەو دوکەڵ‌و گیاندارەکەو(الدّابة) دەرچوونی یەئجوج‌و مەئجوج‌و دەرکەوتنی عیسای کوڕی مەریەم‌و دەججال‌و سێ ڕۆچوونی زەمین کە ڕۆچوونێکی لە ڕۆژهەڵات‌و ڕۆچوونێکی لە ڕۆژئاواو ڕۆچوونێکی تریش لە نیوەدوورگەی عەرەب‌و ئاگرێك کە دەردەکەوێت لەناو یەمەن کۆچ دەکات بە خەڵکەکەی کۆیان دەکاتەوە لە هەر شوێنێك بن لەگەڵیانەو بۆ هەر شوێنێك بڕۆن لەگەڵیان دەچێت). تەنها موسلیم لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی.[6] وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە

[1] مسلم(٤/٢١٥٦).

[2] فتح الباري(٨/٤٣٤).

[3] فتح الباري(٨/٤٣٤).

[4] احمد(١/٣٨٠)، تحفة الأحوذي(٩/١٣٣)، النسائي في الكبرى(٦/٤٥٥)، الطبري(٢٢/١٣/١٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] الطبري(٢٢/١٦).

[6] مسلم(٤/٢٢٢٥).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە ئیبنو صەیاد: (من شتێکم بۆ لەدڵ گرتووی) وتی:(هو الدخ) ئەوە دوخە واتە: دوکەڵ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(چڤە سا ئیتر بێدەنگ بەو قسە مەکە و لەسەری مەچۆ)، دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ): ﴿فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ﴾ی لە دڵ گرتبوو بۆی.[1] ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراوە کە ڕوویداوە. ئیبنو صەیادیش لە ڕێگای فالگرەکانەوە لەسەر زمانی جنۆکە ئەوەی وەرگرتبوو کە قسە تەواو ناکەن و لێی دەبڕن لەبەر ئەوە ئیبنو سەیاد وتی(ئەوە دوخە) واتە: ئەوە دوکەڵە ئا لەوێدی پێغەمبەری خودا(ﷺ) باش ناسی کە مادەیەکی شەیتانیە بۆیە فەرمووی:(إخسأ فلن تعدو قدرتك) واتە: چڤە، ئیتر بێدەنگ بەو قسە مەکەو زیاد لەسەری مەڕۆ. فەرموودەی زۆر ڕیوایەت کراوە لە فەرموودەی مەرفوعو مەوقوف لە سەحیحەکانو غەیری ئەوانیشدا کە دڵنیامان دەکاتو بەڵگەی بەهێزیش هەیە کە دوکەڵ لەو نیشانانەیە کە چاوەڕوان دەکرێت، وەك دیارە قورئانیش هەر وا دەفەرموێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ﴾ واتە دیارو ئاشکرا دەبێت کە هەموو کەسێك چاوی پێی دەکەوێت. ئەمە وەڵامە بۆ ئەو تەفسیرەی کە ئیبنو مەسعود کردوویەتی کە ئەوە خەڵکانێك بووە کە دوکەڵیان بینیوە لەبەر زۆر ناڕەحەت بوون لە برساندا و هەلاك بوونیان بەو شێوەیان بەسەرهاتووە. خوای گەورەیش دەفەرموێت: ﴿يَغۡشَى ٱلنَّاسَ﴾ واتە: خەڵکی دادەپۆشێتو داگیریان دەکات. خۆ ئەگەر ئەو ڕوانینە خەیاڵی بووایەو تایبەت بووایە بە بتپەرستەکانی خەڵکی مەککە نەدەوترا: ﴿يَغۡشَى ٱلنَّاسَ﴾، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ئەمە ئازارێکی زۆر بە ژانە. واتە ئەوەیان پێ دەوترێت بۆ سەرزەنشتو دڵگران کردنیان. وەك ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ١٣ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾[2] واتە: ڕۆژێك پاڵیان پێوە دەنرێت بەرەو ئاگری دۆزەخ چۆن پاڵ پێوەنانێك، (پێیان دەوترێت) ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە بە درۆتان دەزانی. یان بە یەکتر دەڵێن: ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە بڕواتان پێ نەدەکرد. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ﴾ ئەی پەروەردگاری هەموومان ئەو سزایەمان لەسەر لابە، ئێمە باوەڕمان هێنا. واتە: خوانەناسان کاتێك بە چاوی خۆیان ئەو ئازارە بە ژانە دەبینن و دەچنە ناوی داوا دەکەن لە خودا کە لەسەریان لا ببات، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای

---

[1] فتح الباري(٣/٢٥٨)، مسلم(٤/٢٢٤٠).

[2] الطور(١٣ـ١٤).

خاوەن تواڵە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾[1] واتە: وە ئەگەر بیانبینیت کاتێك کە لەسەر قەراغی دۆزەخ وەستێنراون کە دەڵێن خۆزگە دەگەڕێنرابینەوە بۆ دنیاو بەڵگەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەدەزانی و لە بڕواداران دەبووین. ئەم ئایەتەش کە خودا دەفەرمووێت: ﴿وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ ٱلْعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رَبَّنَآ أَخِّرْنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَ ۗ أَوَلَمْ تَكُونُوٓا۟ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ﴾[2] واتە: وە(ئەی موحەممەد (ﷺ)) خەڵکی ئاگادار بکەو بترسێنە لەو ڕۆژەی کە سزایان بۆ دێت ئینجا ئەوانەی کە ستەمیان کردووە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان بۆ ماوەیەکی کەم دوامان بخە تا وەڵامی بانگەوازەکەت بدەینەوەو شوێنی پێغەمبەران بکەوین، ئەی ئێوە نەبوون پێشتر سوێندتان خوارد کە هەرگیز لەناو ناچن. وە هەر بەو شێوەیە خوای گەورە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ﴾ کوا ئەوانە گوێ لە ئامۆژگاری دەگرن؟ پێغەمبەرێك هاتە لایان، هەموو شتی تێگەیاندن. ﴿ثُمَّ تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ﴾ پاشان ڕوویان لێ وەرگێڕاو وتیان: فێرکراوو شێتە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەوانە چۆن گوێ لە ئامۆژگاری دەگرن. ئێمە پێغەمبەرمان بۆ ناردن و پەیامی ئێمەی بۆ ڕوون کردنەوەو هەڕەشەی لێ کردن ئەگەر بە گوێی نەکەن کەچی پشتیان تێکردو شوێنی نەکەوتن و باوەڕیان پێ نەکردو وتیان فێرکراوەو شێتە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودا دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَـٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ﴾[3] واتە: لەو ڕۆژەدا ئینسان(کردەوەی خۆی) بیر دەکەوێتەوە بەڵام ئەو بیرکەوتنەوەیە چ سودێك بەو دەگەیەنێت. ئەم ئایەتەش کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا۟ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾[4] واتە:(ئەی موحەممەد(ﷺ))ئەگەر دەبینی کاتێك(بێباوەڕان) زۆر دەترسن ئینجا بە هیچ جۆرێك ڕزگاربوونیان نیەو لە شوێنێکی نزیك(دۆزەخەوە) دەبرێن بۆ ناوی، لەو کاتەدا دەڵێن باوەڕمان هێنا بەو(قورئانە) چۆن(باوەڕیان) دەست دەکەوێت لە شوێنێکی دوورەوە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ﴾ ئێمە تا ماوەیەکی کەم، ئەم سزایە وەلا

---

[1] الانعام(٢٧).

[2] ابراهیم(٤٤).

[3] الفجر(٢٣).

[4] سبأ(٥١_٥٢).

دەنێین، ئێوە دەگەڕێنەوە سەر ڕێی پێشووتان. واتە: ئەگەر ئەو سزاتان لەسەر لابەین و بتانبەینەوە بۆ سەر دنیا، دەگەڕێنەوە سەر ڕێی پێشووتان و دەست دەکەنەوە بە بێ دینی و باوەڕ نەهێنان. وە ئەم ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ رَحِمْنَاهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّوا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾[1] واتە: وە ئەگەر ڕەحم بەوان (بتپەرستانی قورەیش) بکەین و ئەو ناخۆشی و بەڵایەی لەسەریان بوو لایبەین و هەڵیگرین(کە بریتی بوو لە برسێتی بۆ ماوەی حەوت ساڵ) (نەك بیر ناکەنەوە)، بەڵکو بێگومان لە سەرکەشی خۆیان ڕۆدەچن و بە سەرگەردانی دەمێننەوە. وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾[2] واتە: وە ئەگەر بگەڕێنرێنەوە(بۆ دنیا) بێگومان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کارانەی کە لێیان قەدەغەکرابوو وە بە ڕاستی ئەوانە درۆزنن.

مانای هەڵمەتە گەورەکە(البطشة الكبرى)

خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ إِنَّا مُنتَقِمُونَ﴾ ئەو ڕۆژە هەڵمەتە گەورەکە دەکەین، ئێمە تۆڵە دەکەینەوە. ئیبنو مەسعود مانای ﴿الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ﴾ی بە ڕۆژی بەدر تەفسیر کردووە.[3] ئەمە قسەی کۆمەڵێك زانایشە کە لەسەر ڕاکەی ئیبنو مەسعودن لەسەر ئەو تەفسیرە کە بۆ(الدخان) کردی لە پێشەوە. هەمیسان ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە لە ڕیوایەتی عەوفیەوە لە ئیبنو مەسعودەوە.[4] وە لە ئوبەی کوڕی کەعبیشەوە[5]. کە هەڵیش دەگرێت وابێ. بەڵام ڕوونترو دیارتر ئەوەیە کە هەڵمەتە گەورەکە ڕۆژی قیامەتە، هەرچەندە ڕۆژی (بەدر)یش ڕۆژی هەڵمەتە گەورەکەیە. ئیبنو جەریر دەڵێت: یەعقوب بۆی گێڕامەوە، ئیبنو عولەییە بۆی گێڕامەوە کە خالیدی حەزاء بۆی گێڕاینەوە لە عیکریمەوە دەڵێت: ئیبنو عەباس دەڵێت: ئیبنو مەسعود دەڵێت: ﴿الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ﴾ ڕۆژی بەدرەو منیش دەڵێم: ئەو ڕۆژە ڕۆژی قیامەتە. ئەمە سەنەدەکانی ڕاستە لە ئیبنو عەباسەوە. حەسەنی بەسری و عیکریمەیش هەر وا دەڵێن لە ڕاسترین ئەو ڕیوایەتانە لە ئیبنو عەباسەوە، والله أعلم.

﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَاءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ
﴿١٨﴾ وَأَن لَّا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ إِنِّي آتِيكُم بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٩﴾ وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ ﴿٢٠﴾ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي

---

[1] المؤمنون(٧٥).

[2] الانعام(٢٨).

[3] الطبري(٢٢/٢٢).

[4] الطبري(٢٢/٢٢).

[5] الطبري(٢٢/٢٣).

فَٱعۡتَزِلُونِ ﴿٢١﴾ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ﴿٢٢﴾ فَأَسۡرِ بِعِبَادِي لَيۡلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٢٣﴾ وَٱتۡرُكِ ٱلۡبَحۡرَ
رَهۡوًاۖ إِنَّهُمۡ جُندٞ مُّغۡرَقُونَ ﴿٢٤﴾ كَمۡ تَرَكُواْ مِن جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٖ وَمَقَامٖ كَرِيمٖ ﴿٢٦﴾ وَنَعۡمَةٖ كَانُواْ فِيهَا
فَٰكِهِينَ ﴿٢٧﴾ كَذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَٰهَا قَوۡمًا ءَاخَرِينَ ﴿٢٨﴾ فَمَا بَكَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَا كَانُواْ مُنظَرِينَ ﴿٢٩﴾
وَلَقَدۡ نَجَّيۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ﴿٣٠﴾ مِن فِرۡعَوۡنَۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيٗا مِّنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٣١﴾ وَلَقَدِ
ٱخۡتَرۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ عِلۡمٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٣٢﴾ وَءَاتَيۡنَٰهُم مِّنَ ٱلۡأٓيَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٞاْ مُّبِينٞ ﴿٣٣﴾﴾

باسی موساو فیرعەون و ڕزگاربوونی نەوەی ئیسرائیل

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدۡ فَتَنَّا قَبۡلَهُمۡ قَوۡمَ فِرۡعَوۡنَ وَجَآءَهُمۡ رَسُولٞ كَرِيمٌ﴾ ئێمە هۆزی فیرعەونیشمان بەر لەمان تاقی کردەوەو پێغەمبەرێکی بەڕێزمان هاتە لایان. واتە: پێش ئەم بتپەرستانە ئێمە هۆزی فیرعەونمان تاقی کردەوە کە قیبتیەکان بوون لە میسر، ﴿وَجَآءَهُمۡ رَسُولٞ كَرِيمٌ﴾ پێغەمبەرێکی بەڕێزمان هاتە لایان کە موسا بوو(سەلامی خوای لێ بێت). وە دەفەرموویت: ﴿أَنۡ أَدُّوٓاْ إِلَيَّ عِبَادَ ٱللَّهِۖ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ بەندەکانی خودا بە من بسپێرن، من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی جێ باوەڕم. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ﴾[1] واتە: وە نەوەی ئیسرائیل بەرەلا بکە(با بێن) لەگەڵ ئێمەداو ئازارو سزایان مەدە بە ڕاستی ئێمە لە لایەن پەروەردگارتەوە بەڵگەو موعجیزەمان بۆ هێناوی سڵاویش لەسەر کەسێك بێت کە شوێن ڕێگای ڕاستی دەکەویت. وە دەفەرموویت: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ من پێغەمبەرێکم لەوەی بۆتان باس دەکەم جێی متمانەم. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَأَن لَّا تَعۡلُواْ عَلَى ٱللَّهِۖ إِنِّيٓ ءَاتِيكُم بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ﴾ لە بەرامبەر خودا خۆتان بە زلتر مەبینن، من بۆ ئێوە نیشانەیەکی ئاشکرام. واتە: خۆتان بە گەورەتر مەزانن لە بەرامبەر ئایەتەکانی خوداو باوەڕهێنان بە بەڵگە ئاشکراکانی. وەك لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[2] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی خۆ بەزل دەزانن کە بمپەرستن لەمەوپاش بەسەرشۆڕی دەچنە دۆزەخەوە. ﴿إِنِّيٓ ءَاتِيكُم بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ﴾ واتە: بە

---

[1] طه(٤٧).

[2] الغافر(٦٠).

نیشانەی دیارو ئاشکرا کە خوای گەورە ناردوویەتی. وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ﴾ من بە پەروەرێنی خۆمو ئێوە پەنا دەبەم لەوە بمکوژن. ئیبنو عەباسو ئەبو سالح دەڵێن: لێدان بە زمان کە قسە پێ وتنو جوێن دانە.[1] قەتادە دەڵێت: لێدانو بەردباران کردنە. واتە: پەنا دەبەم بەو خودایەی کە منو ئێوەی دروست کردووە کە بە خراپە لەگەڵم مامەڵە بکەن بە قسە یان بە کردار.[2] ﴿وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ﴾ ئەگەر باوەڕیشم پێ ناکەن، خۆتانم لێ دوور بخەنەوە. واتە: پەلامارم مەدەنو وازم لێ بێنن با ئێمەو ئێوە ئاشتی بکەین تا خودای گەورە بڕیارێکمان بۆ دەدات. کاتێك کە موسا ماوەیەکی زۆر لەناویاندا مایەوەو زۆر لە نیشانەکانی خودای نیشان دان لە باتی ئەوەی باوەڕ بێنن زیاتر بەرەو بێدینیو لاساری دەڕۆیشتن. بۆیە موسا داوای کرد لە خودا کە سزایان بدات وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالًا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا عَن سَبِيلِكَ ۖ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَىٰ أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا حَتَّىٰ يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا﴾[3] واتە: وە موسا وتی: ئەی پەروەردگارمان! بە ڕاستی تۆ بەخشیوتە بە فیرعەونو کۆمەڵەکەی هۆکاری ڕازانەوەو جوانیوماڵو سامانی زۆر لە ژیانی دنیادا، ئەی پەروەردگارمان! بۆ ئەوەی خەڵك گومڕا بکەن لە ڕێگای تۆ ئەی پەروەردگارمان! لە ناویان بەرەو مەهێڵە ماڵو سامانیان دڵەکانیان ڕەش بکات چونکە بڕوا ناهێنن هەتا دەبینن سزای ئازاردەر،(خوای گەورە) فەرمووی بێگومان داوای هەردووکتان وەرگیرا جا خۆڕاگرو بەردەوام بن(لەسەر ئایینی خودا). هەر بەم شێوەیەش خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿فَدَعَا رَبَّهُ أَنَّ هَٰؤُلَاءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ﴾ دواجار هانای بۆ پەروەرندەی خۆی هێنا. کە ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارن. ئا لەو کاتەدا خودا فەرمانی دا بە موسا کە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل لەناو ئەوا تا دەرچنو بڕۆن. هیچ پرسو ڕایەك بە فیرعەون نەکەنو گوێی پێ نەدەن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾ سا تۆ لەگەڵ ئەم عەبدانەی من بە شەو بڕۆ چونکە ئەوان بە دواتان دەکەون. وەك خودا لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي فَاضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِي الْبَحْرِ يَبَسًا لَّا

---

[1] الطبري(٢٢/٢٦).

[2] الطبري(٢٢/٢٧).

[3] يونس(٨٨_٨٩).

تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴾[1] واتە: بە ڕاستی نیگامان نارد بۆ موسا کە بەندەکانم بە شەو ببە(و لە میصر دەرچن) ڕێگەیەکی وشکیان لە دەریادا(ئاوی نیل)دا بۆ بکەرەوە مەترسە(فیرعەون) پێت بگاتو مەترسە(لە خنکان لە دەریادا). وە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱتْرُكِ ٱلْبَحْرَ رَهْوًاۖ إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ ﴾ بە ئارامی لە دەریاکە بپەڕەوە، کە ئەو لەشکرە خنکان. چونکە کاتێك موسا(سەلامی خوای لێ بێت) لە دەریاکە پەڕیەوە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل. موسا ویستی بە گاچۆنەکەی بکێشێت بە دەریاکەدا تا وەك خۆی لێ بێتەوە. بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگر لە نێوان ئەوانو فیرعەونَدا هەتا نەتوانن بگەن پێیان. خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە وازی لێ بێنێت وەك خۆی چۆنە بمێنێتەوە. مژدەی بە موسا دا کە ئەو لەشکرە لەو دەریادا خنکاون. نە نیگەران بەو نە بترسە. ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿ وَٱتْرُكِ ٱلْبَحْرَ رَهْوًا ﴾ واتە: وازی لێ بێنە چۆن وەستاوە با وابێت.[2] موجاهید دەڵێت: ڕێیەکی وشكو برنگیان بۆ ڕەچاو بکە. واتە فەرمان مەدە ئاوەکە بچێتەوە شوێنی خۆی. وازی لێ بێنە هەتا هەموو دێنە ناوی.[3] عیکریمەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو زەححاكو قەتادەو ئیبنو زەیدو کەعبی ئەحبارو سەماکی کوڕی حەربو کەسانی تریش هەر وایان وتووە.[4] پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴾ گەلێك کانیو باغاتیان لێ بەجێ مان. واتە: باغو باغات و ڕووبارو چاوانەی زۆریان بەجێ هێشت. ﴿ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴾ فرە کێڵگەو کۆشكو سەرسەرای بەنرخیش. واتە: زۆر زەمینی کشتوکاڵیو کۆشكو تەلاری چاکیان بەجێ هێشت. موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێن: ﴿وَمَقَامٍ كَرِيمٍ﴾ واتە: دوانگەکان(شوێنی بەرز بۆ قسەکردن).[5] ﴿ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴾ خێروبێرێکیش کە تێیدا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان. واتە: ژیانێك کە زۆر خۆش بوو تێیدا دەژیان بە ئارەزووی خۆیان حەزیان لە هەر خواردنێك بکردایەو هەر جلوبەرگێکی جوان لەبەریان دەکرد لەگەڵ ئەو هەموو سامانو دەسەڵاتەی کە لە وڵاتدا بوویان. هەمووی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە دەستیان داو دنیایان بەجێ هێشتو بەرەو جەهەنەم بەڕێکەوتن کە چ جێگاو پاشەڕۆژێکی خراپە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَذَٰلِكَۖ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾ ئا بەم جۆرە دامان بە گەلێکی دیکە. واتە: دامان بە

[1] طه(٧٧).

[2] الدر المنثور(٧/٤١٠).

[3] الطبري(٢٢/٣٠).

[4] الطبري(٢٢/٣٠).

[5] الطبري(٢٢/٣٢).

نەوەی ئیسرائیل. وە دەفەرموویێت: ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ﴾ نە ئاسمان شینی بۆ گێڕان، نە زەمینیش، هەر مۆڵەتیشیان پێ نەدرا. واتە: کردەوەی چاکیشیان نەبوو هەتا بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوەو تا دڵگران بێت بۆ نەمانیان‌و بۆیان بگری لەسەر زەمینیشدا پارچە زەمینێك نەبوو کە خواپەرستی تێدا بکەن هەتا زەمینیش شینیان بۆ بکات. بۆیە شایەنی ئەوە نەبوون کە مۆڵەت بدرێن لەبەر بێدینی‌و لاساری‌و ملهوڕیان. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێت: پیاوێك هاتە لای ئیبنو عەباس(ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: ئەی ئەبو عەباس ئەم ئایەتەت بینیوە کە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ﴾ ئاخۆ ئاسمان‌و زەمین بۆ کەس دەگرین؟ ئیبنو عەباس وتی: بەڵێ. هیچ دروستکراوێك نیە مەگین دەرگایەکی لە ئاسماندا هەیە لەو دەرگاوە ڕۆزی بۆ دادەبەزێت‌و کردەوەکانیشی لەو دەرگاوە سەردەکەوێت. کاتێك خاوەن باوەڕ دەمرێت دەرگاکەی دادەخرێت(دەگیرێت) لەو ئاسمانەی کە کردەوەکانی لێ سەردەکەوت‌و ڕۆزی لێوە دادەبەزی. کاتێك کە دەمرێت‌و لە دەستی دەچێت دەگری بۆی. وە کاتێك شوێنی نوێژەکەی لەسەر زەمیندا چۆڵ دەبێت‌و جێی دەهێڵێت کە نوێژی تیا دەکردو یادی خودای تیا دەکرد بۆی دەگری. هۆزی فیرعەونیش هیچ پاشماوەیەکی چاکیان لەسەر زەمیندا نەبووەو هیچ چاکەیەکیشیان بەرز نەبووەتەوە بۆ لای خودا. نە ئاسمان بۆیان دەگری‌و نە زەمینیش شینیان بۆ دەکات.[1] عەوفی ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە بەم شێوەیە.[2] خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾ تۆرمەی ئیسرائیلیشمان لەو ئازاری پڕ سووکایەتی ڕزگار کرد. ﴿مِن فِرْعَوْنَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ لە فیرعەونێك کە خۆی زۆر بە زل دەزانی‌و لەوانە بوو کە لە ئەندازە دەردەچن. خوای گەورە منەت دەکات بەسەر تۆرمەی ئیسرائیلدا کە ڕزگاری کردن لەو داماوی‌و سەرشۆڕیەی تێیدا دەژیان بە دەست فیرعەونەوەو کردبوونی بە خزمەتکارو هەموو کارێکی گرانی پێ دەکردن بە سوك سەیری دەکردن. وە دەفەرموویێت: ﴿مِن فِرْعَوْنَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ واتە: خۆی زۆر بە زل‌و خاوەن هێزو دەسەلات دەزانی. وەك ئەم ئایەتەی کە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾[3] واتە: بەڕاستی فیرعەون بەرزو زاڵ بوو لە

---

[1] الطبري(٢٢/٣٤).

[2] الطبري(٢٢/٣٥).

[3] القصص(٤).

زەوی(میصر)دا. وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿فَٱسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا عَالِينَ﴾[1] واتە: بەلام خۆیان بە گەورە دانا(باوەڕیان نەهێنا)و ئەوان گەلێکی دەسەلاتدار بوون بەسەر خەلکیادا. واتە: لەوانە بوو کە لە ئەندازە دەردەچن. واتە: لە ئەندازە دەردەچوو لە فەرماندانیدا. ئەوەندە خراپ بوو بۆ خۆشی نەدەژیا. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئەوانیشمان لە چاو هەموو خەلکی دنیادا بەڕێزتر گرت. موجاهید دەلێت: ﴿وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ واتە: ئەوانمان هەلبژارد لەناو هەموو خەلکیدا. قەتادە دەلێت: هەلبژێردران بەسەر خەلکی ئەو زەمانەی خۆیاندا. وە وتراوە: بۆ هەموو چەرخێك زانایەك(هەلبژاردەیەك) هەیە. وەك ئەم ئایەتە کە خوا دەفەرمووێت: ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّى ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾[2] واتە:(پەروەردگار) فەرمووی: ئەی موسا بێگومان من تۆم هەلبژاردووە بەسەر هەموو خەلکیدا. واتە: لە خەلکی ئەو زەمانە(چەرخە) ئەمە وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرمووێت لە بارەی مەریەمەوە(سەلامی خوای لێ بێت): ﴿وَٱصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾[3] واتە: وەڕێزی دایت بەسەر هەموو ژنانی جیهاندا. واتە: لە زەمانی خۆیدا. خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) یان بەڕێزترە لەو یان وەك ئەو وایە لە ڕێزدا. هەروەها ئاسیەی کچی موزاحم خێزانی فیرعەون. وە ڕێزی عائیشە لەسەر ژنانی تر وەك ڕێزی گۆشتاو وایە لەسەر خواردنەکانی تر. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُم مِّنَ ٱلْءَايَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ﴾ هێندەشمان نیشانە دانێ کە ئاشکرا، ببن بە مایەی ئەزمون. واتە: بەلگەی زۆرو چەندین موعجیزەی گەورە، ﴿مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ﴾ واتە: تاقیکردنەوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بوو بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێگای پێ دەرکردووە.

﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ (٣٤) إِنْ هِىَ إِلَّا مَوْتَتُنَا ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ (٣٥) فَأْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٣٦) أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ أَهْلَكْنَٰهُمْ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ (٣٧)﴾

وەلامدانەوەی ئەو کەسانە کە بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت نیە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ﴾ وا ئێستا ئەمانە دەلێن. ﴿إِنْ هِىَ إِلَّا مَوْتَتُنَا ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ﴾ هەر بۆ یەکەمجار کە دەمرین، تازە زیندوو نابینەوە. خوای گەورە وەلامی

---

[1] المؤمنون(٤٦).

[2] الاعراف(١٤٤).

[3] ال عمران(٤٢).

بتپەرستان دەداتەوە کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی‌و زیندووبوونەوە نەبووە وتوویانە: ژیان تەنها ژیانی دنیایەو پاش مردن ژیانێکی تر نیەو خەڵکی نە زیندوو دەکرێتەوەو نە کۆدەکرێتەوە، بەڵگەیش بە باب‌و باپیرانیان دێننەوە کە لە پێش ئەوانەوە مردوون‌و ڕۆیشتوون‌و نەگەڕاونەتەوە.ئەڵێن: ئەگەر زیندووبوونەوە ڕاستە. ﴿فَأْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ ئەگەر بە ڕاستیتانە باوانەکانمان بۆ بێنن. ئەمە بەڵگەیەکی پڕوپوچ‌و گومانێکی خراپ بوو، چونکە زیندووبوونەوەو کۆبوونەوە لە ڕۆژی قیامەتدایە نەوەك لە ژیانی دنیا بەڵکو پاش نەمانی دنیاو تێکچوونی‌و کاولبوونی دێت. پاشان خوای گەورە جارێکی ترو بە شێوەیەکی تازە خەڵکی دروست دەکاتەوە. ناهەقکرەکان بەرەو جەهەنەم دەبرێن‌و دەبنە سوتەمەنی جەهەنەم. ڕۆژێکە دەبنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە. پێغەمبەریش(ﷺ) دەبێتە شایەت بەسەر ئەوانەوە(بەسەر ئومەتەکەیەوە) پاشان خوای گەورە هەڕەشە لەو بتپەرستانە دەکات‌و دەیانترسێنێت لە تۆڵەی خۆی ئەو تۆڵەیەی کە گەڕانەوەی نیە وەك چۆن سزای ئەو گەلانەی دا کە وەك ئەوان بوون‌و باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نەبوو وەك هۆزی توببەع کە لە سەبەء بوون کە لەو کاتەدا خودا قڕی کردن‌و وڵاتەکەی کاول کردن بە هەموو لایەکدا بڵاوەیان کردو تەفروتونا بوون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ أَهْلَكْنَـٰهُمْ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ﴾ئاخۆ ئەمانە باشترن یاخود گەلی توببەع‌و پێشینەکانیان؟ کە قڕمان تێخستوون، چونکە تاوانبار بوون. وەك لە پێشەوە لە سورەتی(سبأ)دا هاتووە کە خوانەناسەکان نکوڵی یان لە زیندووبوونەوە کردووە بۆیە خودا لێرەدا بە نموونەی ئەمانە وەك ئەو هۆزی توببەعە باسی دەکات‌و دێنێتەوە چونکە هۆزی توببەع لە عەرەبە قەحتانیەکان بوون‌و ئەمانیش لە عەرەبی عەدنانیەکانن. حومەیر سەبەئە. هەر کاتێك کەسێك بووبێت بە کاربەدەستیان بە توببەع ناویان بردووە. وەك بە پاشای فارس وتراوە کیسراو بە پاشای ڕۆم وتراوە قەیسەرو بە پاشای بێدینی میسر وتراوە فیرعەون‌و بە پاشای حەبەشە وتراوە نەجاشی چەند هاوشێوەی تریش لەم ناوانە. بەڵام وا دەردەکەوێت کە هەندێ لەوانە لە یەمەن دەرچووبن بە وڵاتاندا بڵاوەیان کردبێت هەتا گەیشتوونەتە سەمەرقەندو لەوێ دەسەڵاتیان پەیدا کردبێت‌و بووبنە کاربەدەست‌و سوپایان پێکەوەنابێت و وڵاتەکەیان فراوان کردبێت‌و خەڵکێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووبێت‌و لەو وەختەدا ئەو کاربەدەستە حیرەی کردبێت بە شوێنی فەرمانڕەوایی خۆی. وا ڕێککەوتووە بە لای شاری مەدینەدا چووبێت لە زەمانی نەفامیدا شەڕی لەگەڵ خەڵکەکەی کردووە ئەوانیش بەرگریان کردووەو شەڕیان کردووە بە ڕۆژ بە شەویش میوانداریان کردوون. ئەم پیاوەش شەرم گرتوویەتی‌و وازی لێ هێناون. ئەم پیاوە دوو زانای جوولەکەی لەگەڵ بوو کە ئامۆژگاریان دەکرد کە هیچ ناکرێت لەگەڵ ئەم شارەدا چونکە شوێنی پێغەمبەرێکە لە ئاخرزەماندا پەیدا دەبێت. وازی هێناو

دوو زانا جوولەکەکەی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ وڵاتـی یەمـەن. کاتێك کە دای بـە لای مەککـەدا ویستی کەعبە بڕوخێنێت هەمیسان نەیانهێشت بیڕوخێنێتو باسی مەزنیو پیرۆزی کەعبـەیان بـۆ کـردو وتیـان ئەم خانووە ئیبراهیمی خەلیل دروستی کردووە(سەلامی خوای لێ بێت) ڕێـزو پلەیـەکی بـەرزو پـیرۆزی دەبێت لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرەی کە لە ئاخرزەماندا دێت. ئەو پیاوە زۆر ڕێـزی لێگـرتو تـەوافی کرد بە دەوریداو قوماشی یەمەنی جوانو ناسکی دا بەسەر کەعبەدا. پاشان گەڕایەوە بۆ یەمەنو داوای کرد لە خەڵکەکەی لەگەڵیدا ببنە جوولەکەو ئەو ئاینە وەربگرن. لەو کاتەدا ئایینی موسا بـوو(سـەلامی خوای لێ بێت) کە لەسەر ڕێگای ڕاست بوون پێش هاتنی عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خوای لێ بێـت) هەموو خەڵکی یەمەن بوونە جوولەکەو ئایینی موسایان وەرگرت. عبدالرزاق ڕیوایەتی کـردووە لـە ئـەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خـودا(ﷺ) فـەرمووی:(نـازانم توببـەع پێغەمبـەر بووە یان پێغەمبەر نەبووە).[1] وە ڕیوایـەت کراوەلـە تـەمیمی کـوڕی عەبدوڕەحمانـەوە دەڵێت: عـەتای کوڕی ئەبی ڕیاح دەڵێت: قسە مەڵێن بە توببەع چونکە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەیهێشتووە قـسەی پـێ بوترێت.[2] والله تعالى أعلم.

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾﴾

ئەم دنیایە بۆ حیکمەتێك ساز دراوە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ﴾ ئێمە ئەم ئاسمانانـەو ئەم زەمینەو هەرچی لەناو ئەو دووانەدایە بۆ گەمـەمان ساز نـەداوە. ﴿مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ هەر بۆ ڕاستی هەمووومان وەدی هێنـاون بـەڵام زۆربـەیان نـازانن. خـوای گـەورە باسی عەدالەتو پاکیو بێ عەیبی خۆی دەکات کە ئـەم ئاسمـانو زەمینـەی بـۆ گەمـەو بێهـودە وەدی نەهێناوە وەك ئەم ئایەتە کە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾[3] واتە: ئێمە ئاسمـانو زەویو ئـەوەی لـە نێوانیاندایـە بـەبێهودە دروستمان نەکردووە ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێباوەڕ بوون سا هـاوار بـۆ ئەوانـەی کـە بێبـاوەڕ لـە ئـاگری

---

[1] البغوي(٤/١٥٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] عبدالرزاق(٣/٢٠٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] ص(٢٧).

دۆزەخ. وە دەفــــــەرموویت: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾[1] واتە: ئایا ئێوە گومانتـان وابووە کە بێگومـان ئێوەمان بەبێ هودە دروست کردووەو بێگومان ئێـوە ناگەڕێنـەوە بۆ لای ئێمـە، جا بـەرزو بڵنـدی بۆ خوای پاشای ڕاستو ڕەوا هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو پەروەردگاری عەرشی بەڕێزو بەرزە. پاشـان فەرموویـەتی: ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ژوانـی هـەموویان ڕۆژی هەڵاواردنـە. ئـەو ڕۆژەش ڕۆژی قیامەتـە کـە خـوای گـەورە هـەموو خـەڵکی لـە یـەك جیادەکاتـەوەو سـزای خوانـەناس دەداتو پاداشـتی خـاوەن بـاوەڕیش دەداتـەوە. ﴿مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ واتـە: هـەمووی کۆدەکاتـەوە هـەر لـە ئـەوەل کەسـەوە هـەتا دوایـین کـەس، ﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ ئـەو ڕۆژە دۆست لە مەڕ دۆستی هیچ کارێکی لە دەست نایەتو کەسیش بە هانایان نایەت. هیچ دۆستـو نزیکێك سود بە ئەوی تر ناگەیەنێت وەك خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا دەفـەرموویت: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ﴾[2] واتە: ئینجا کاتێك فوو دەکرێت بە شـەیپوردا لـەو ڕۆژەدا هـیچ خزمایەتیەك نامێنێت لە نێوانیانداو پرسیاری یەکتری ناکەن(کـەس لـە کـەس ناپرسـێت). وەك خـوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفـەرموویت: ﴿وَلَا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا ﴿١٠﴾ يُبَصَّرُونَهُمْ﴾[3] واتـە: وە هـیچ کەسێك ناپرسێتەوە لە هیچ کەسێکی خۆشەویستی خۆی، کە نیشانی یەکتر دەدرێن. واتە: برا لـە برای خـۆی ناپرسێتەوە کاتێك چاوی پێی دەکەوێت. ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ واتە: هیچ کەسێکی نزیـك ناچێت بـە هاواری کەسێکی خۆیەوە لە هـیچ شوێنێکیـشەوە یارمـەتی بۆ نایـەت. پاشـان فەرموویـەتی: ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾ مەگین کەسێك وەبـەر بـەزەیی خـودا بکـەوێت، کـە هـەر خـۆی بـە دەسەڵاتو دڵۆڤانە. واتە: بەزەیی خودا نەبێت هـیچ شـتێك فریـادی ناکـەوێت لـەو ڕۆژەدا چـونکە هـەر خودا خاوەنی دەسەڵاتو بەزەیی فراوانە.

---

[1] المؤمنون(١١٥ـ١١٦).
[2] المؤمنون(١٠١).
[3] المعارج(١٠ـ١١).

﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾
خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ ﴿٥٠﴾﴾

گوزەرانی بتپەرستو جەزرەبەیان لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە باسی شێوازی ئەو سزایە دەکات کە خوانەناسانی پێ سزا دەدرێت ئەوانەی کە باوەڕیان نەبوو کە دەگەڕێنەوە لای دەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾ بەری دارەکەی ژەقنەبووت. ﴿طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾ خواردنی گوناهبارانە. واتە: گوناهبار لە قسەو لە کرداریدا کە خوا نەناسە. زۆر کەس وتوویانە مەبەست بەوتاوانبارە ئەبو جەهلە. گومانی تێدا نیە کە ئەم ئایەتە ئەبوجەهل دەگرێتەوە بەڵام تایبەت نیە بە ئەوە، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو دەردائەوە کە ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾ی خوێندەوە بۆ پیاوێك پیاوەکە وتی: ﴿طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾ واتە: خواردنی هەتیوە. ئەبو دەرداء وتی: بەڵێ: خواردنی ژەقنەبووت خواردنی خەڵکی بەرەڵایە[1]. موجاهید دەڵێت: هیچ خواردنێکی بۆ نیە بیخوات جگە لەوە. ئەگەر دڵۆپەیەکی بکەوێتە سەر زەمین ژیانی هەموو خەڵکی سەر زەمین تێك دەداتو خراپی دەکات.[2] هەر بەم مانایە ڕیوایەتی تریش هاتووە. ﴿كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ﴾ لە چەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتوون، لەناو سکیاندا دێتە کوڵ. وتراوە: وەك خڵتەی ڕۆن زەیتون. ﴿يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ ٱلْحَمِيمِ﴾ وەك کوڵینی ئاوی گەرم. لە زۆر گەرمیو خراپیدا. وە دەفەرموێت: ﴿خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ﴾ بیگرنو ڕایکێشن بۆ ناوەڕاستی جەهەنەم. واتە: خوانەناس بگرن. هاتووە کە وەختێك خوای گەورە فەرمان دەدات بە (زبانية)ی جەهەنەم کە بیبەن حەفتا هەزار پەلاماری دەدەن، ﴿فَٱعْتِلُوهُ﴾ واتە: ڕایکێشنو بە پاڵ بیبەن. موجاهید دەڵێت: ﴿خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ﴾ واتە: بیگرنو بە پاڵ بیبەن. ﴿إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ﴾ واتە: بۆ ناوەڕاستی جەهەنەم. ﴿ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ﴾ ئەوساکەش هەر بۆ ئازاردان ئاوەکوڵی بەسەردا بکەن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُصَبُّ مِن

---

[1] الطبري(٢٢/٤٣).

[2] الطبري(٢٢/٤٣).

﴿فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِى بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ﴾[1] واتە: بەسەریاندا دەڕژێنرێت ئاوی زۆر گەرم، دەتوێنرێتەوەو بەو(ئاوە گەرمە) ئەوەی لە ناو سكیاندایەو پێستەكانیش(یان). فریشتەكان بە ئاسن لێیان دەدەنو مێشكیان دەكرێتەوە پاشان ئاوەكوڵ دەكرێت بەسەریاندا بەناو جەستەیاندا دەچێتە خوارەوە پاشان ناو سكی دەتوێتەوە لە ڕیخۆڵەیەوە دەڕواتە خوار تا لە قولەپێیەوە وەك كیماو دەردەچێت. خوای گەورە بمانپارێزێت لەو سزایە. وە دەفەرموێت: ﴿ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ﴾ دە بچێژە تۆیەك كە لە دنیادا هێزای خاوەن دەسەڵات بووی. واتە: ئەم قسەی پێ بڵێن بۆ سوكایەتی پێكردنو زیاتر ڕسواكردنی. زەححاك دەڵێت لە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) واتە: تۆ نە مەزنیو نە خاوەن دەسەڵاتیشی. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ﴾ ئەوە ئەو شتە هاتەدی كە ئێوە لێی بە گومان بوون. وەك ئەم ئایەتە كە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ﴿١٣﴾ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٤﴾ أَفَسِحْرٌ هَٰذَآ أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ﴾[2] واتە: ڕۆژێك پاڵیان پێوە دەنرێت بەرەو ئاگری دۆزەخ چۆن پاڵپێوەنانێك،(پێیان دەوترێت) ئەمە ئەو ئاگرەیە كە ئێوە بە درۆتان دەزانی، ئایا ئەم ئاگرە جادووە یان ئێوە نابینن. بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ﴾.

﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٥٤﴾ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ فَٱرْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴿٥٩﴾﴾

ژیانی لەخواترسانو ڕابواردنیان لە بەهەشتدا

كاتێك كەخوای گەورە باسی بەدبەختان دەكات بەدوایدا باسی بەختەوەرانیش دەكات، هەر بۆیە قورئان ناو دەبرێت بە(مثاني) خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ﴾ ئەوا خۆپارێزەكانیش وان لە شوێنێكی هێمندا. ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ واتە: ئەوانەی كە خۆپارێزن لەبەر خودا لە دنیادا، ﴿فِى مَقَامٍ أَمِينٍ﴾ واتە: لە ڕۆژی دوایدا لە بەهەشتان. ترسیان لە مردن نیە تێیداو دڵیان تەختە

---

[1] الحج(١٩ـ٢٠).

[2] الطور(١٣ـ١٥).

کە لێی دەرناچن‌و لە هەموو خەم‌و خەفەت‌و ماندووبوون‌و ناڕەحەتیەك ڕزگاریان بووەو لە شەیتان‌و فڕوفێڵەکانی شەیتانیش ڕزگاریان بووەو جارێکی تریش تووشی بەلاو کۆسکەوتن نابن. ﴿فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ﴾ لە نێوان کانیاوان‌و باغاندان. ئەمە لە بەرانبەری ئەوانەی کە بەری داری زەقنەبووت دەخۆن لەگەڵ ئاوی کوڵاو. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ پارچەی ناسك‌و ئەستووری ئاوریشم دەپۆشن(هەموو بەرامبەر یەکن). واتە: لە هەوریشمی چاك لەبەر دەکەن وەك کراس‌و شێوەی کراس، ﴿وَإِسۡتَبۡرَقٖ﴾ واتە: ئەو شتانەی کە بەسەر قوماشدا دەردەکەوێت دەپۆشن، ﴿مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ واتە: لەسەر قەنەفەیە کە هیچ کەسێك لەمانە پشت لەیەك ناکەن. وە دەفەرمووێت: ﴿كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ﴾ زۆر کیژی چاو کەژاڵی سپی‌و شۆڵمان بۆ هاوسەری پێ بەخشیون. واتە: ئەمانەمان پێ بەخشیون بۆ هاوسەریەتی لەگەڵ ئەو خێزانە چاك‌و بە شەوکەتانەی کە پێمان داون. ئەو کیژە چاو کەژاڵ‌و سپی‌و ناسکانەی کە﴿لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنّٞ﴾[1] واتە: پێش ئەوان دەستی لێ نەکەوتووە نە لە ئادەمی‌و نە لە جنۆکە. ﴿كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ﴾[2] واتە: ئەو(حۆریانە) وەك یاقوت‌و مەرجان وان. ﴿هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ﴾[3] واتە: ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نیە؟ خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ﴾ لەوێدا هەر میوەیەکی بە دڵیانە بە ئاسودەیی (دەخوازن) واتە: داوای هەرچەندە میوە بکەن بۆیان ئامادە دەکرێت. بێ ترسن لەوەی کە لێیان ببڕێت یان نەیاندرێتێ. بەڵکو هەر کاتێك داوای بکەن ئامادە کراوە بۆیان. وە دەفەرمووێت: ﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلۡمَوۡتَ إِلَّا ٱلۡمَوۡتَةَ ٱلۡأُولَىٰ﴾ جگە لە مەرگی هەوەڵی، لەو شوێنەدا تامی مردنێك ناچەژن‌و ﴿وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ﴾ لە ئازاری دۆزەخیشی پاراستوون. ئەمە ئیستیسنای تەئکیدی نەفیە کە دەکات ئیستیسنای مونقەتیع واتە: هەرگیز ئەو مردنە ئیتر ناچەژن. وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (مردن دەهێنرێت لە وێنەی بەرانێکی سپی کەمێك خوریەکەی ڕەشی تێکەڵە لە نێوان بەهەشت‌و ئاگردا دەوەستێنرێت پاشان سەردەبڕێت، پاشان دەوترێت: ئەی خەڵکی بەهەشت! هەر

---

[1] الرحمن(٧٤).

[2] الرحمن(٥٨).

[3] الرحمن(٦٠).

دەمێننەوەو مردن نیە. وە ئەی خەڵکی ناو ئاگر! هەر دەمێننەوەو مردن نیە).[1] ئەم فەرموودەیە لە سورەتی(مریم)دا باسکراوە. عبدالرزاق ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدو ئەبوهورەیرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێن: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(دەوترێت بە خەڵکی بەهەشت، ئێوە هەمیشە لەش ساغ دەبنو هەرگیز نەخۆش ناکەونو ئێوە هەر دەمێننو هەرگیز نامرن. وە ئێوە هەمیشە لە خۆشیو کامەرانیدان هەرگیز نارەحەت نابنو هەمیشە لاون هەرگیز پیر نابن). موسلیم ڕیوایەتی کردووە.[2] وە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(هەر کەسێك لە خودا ترسابێت چووەتە بەهەشت لەناو بەهەشتدا بە خۆشی دەبیاتە سەرو تووشی نارەحەتی نابێت. وە دەژی لە بەهەشتدا و هەرگیز نامرێت. جلوبەرگی نارزێتو خراپ نابێت. گەنجیشی ناڕوات).[3] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ﴾ واتە: لەگەڵ ئەو هەموو بەهرە گەورە نەبڕاوەیە خودا پاراستوونیو ڕزگاری کردوونو لای داون لەو جەزرەبە بەژانە لەناو جەهەنەمدا ئەوەی داوایان کردووە دەستیان کەوتووەو ئەوەیش لێی ترساون ڕزگاریان بووە لێی. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ چاکەیەو پەروەرندەی تۆ کردوویەتی، ئەمەیش بەختەوەریەکی زۆر گرینگە. واتە: ئەمە ڕێزو چاکەیەکی خودایە بۆ بەندە چاکەکانی وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی:(کار بکەنو ڕاست بنو نزیك ببنەوە، بشزانن کە هیچ کەسێك کردارەکانی نایباتە بەهەشت). وتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (تەنانەت منیش، مەگەر خودا بە بەزەییو چاکەی خۆی داپۆشێت).[4] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرۡنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾ هەر بۆیە وا بە ئاسانی بە زمانی تۆمان بەڕێ کرد. کە شایەت بیر بکەنەوە. واتە: ئەم قورئانەمان ئاسان کردو ناردمانە خوارەوە لەسەر زمانی تۆ بە ئاسانو ڕەوانو ئاشکراو ڕوون کە ڕەوانترینو چاکترینو دیارترین زمانە ﴿لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾ واتە: بەڵکو تێبگەنو بزانن. پاشان لەگەڵ ئەم هەموو ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە هەندێ خەڵکی هەر باوەڕیان نەدەهێناو لارەملیان دەکردو دژی دەوەستان خودای مەزنیش دڵی پێغەمبەری(ﷺ) دەدایەوەو بەڵێنی سەرکەوتنی دەدایەو هەڕەشەی دەکرد لەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ نەدەکرد بە لەناوبردنو قڕتێخستنیان.

---

[1] فتح الباري(٢٨٢/٨)، مسلم(٢١٨٨/٤).

[2] مسلم(٢١٨٢/٤).

[3] الطبراني –الاوسط–(٤٨٩٥)، فەرموودەیەکی باشە(جید)، موسلیمیش پشتگیری لێ دەکات.

[4] فتح الباري(٣٠٠/١١)، مسلم(٢١٧٠/٤).

﴿ فَٱرۡتَقِبۡ ﴾ چاوەڕوان بە، ﴿إِنَّهُم مُّرۡتَقِبُونَ ﴾ واتە: بەم زووانە تێدەگەن‌و دەزانن سەرکەوتن بۆ کێیەو قسەی کێ لە دنیاو لە قیامەتدا بەرزو زۆر بڵندە. ئەی موحەممەد سەرکەوتن‌و پایەبڵندی بۆ تۆو براکانتە لە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێت)و ئەو خاوەن باوەڕانەی کە شوێنی ئێوە کەوتوون وەك خودا فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓ﴾[1] واتە: خوا نووسیویەتی کە بێگومان من‌و پێغەمبەرانم سەر دەکەوین. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾[2] واتە: بە ڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمان‌و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین لە ژیانی دنیاداو لەو ڕۆژەی(قیامەت) شایەتەکان هەڵدەسنەوە، ڕۆژێك پاکانەکردنی بێباوەڕیان سودیان پێ ناگەیەنێت هەموویان نەفرەتیان لێ کراوەو خراپترین جێگایان هەیە.

تەفسیری سورەتی(الجاثیة)

لە مەککەدا هاتووەتەخوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ٢ إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٣ وَفِي خَلۡقِكُمۡ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٤ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزۡقٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٥﴾

ڕێ نیشاندان بۆ تێڕامان لە نیشانەکانی خودا

﴿حمٓ﴾ حامیم، ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾ئەم کتێبە خاوەن دەسەڵاتی کارزان ناردوویەتی. ﴿إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ لە ئاسمانان‌و زەمیندا بەڵگە زۆرن بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ. ﴿وَفِي خَلۡقِكُمۡ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ﴾ لە دروستکردنی خۆتان‌و بڵاوبوونی جانەوەران، چەند بەڵگە هەن، بۆ ئەوانەی لە بڕوادا بێگومانن. خوای گەورە بەندەکانی ڕێنموونی دەکات بۆ تێڕامان لە بەهرەو نیشانەکانی‌و ئەو دەسەڵاتە مەزنەی کە ئاسمانەکان‌و زەمینی پێی وەدی هێناوەو ئەو هەموو مەخلوقاتانەی تیا دروست کردوون بە هەموو ڕەگەزو جۆرەکانیەوە لە فریشتەو جنۆکەو مرۆڤو گیانەوەرو بە هەموو جۆرەکانیەوە وەك باڵندەو گیاندارە کەژیەکان‌و مارو مێروو ئەو زیندەوەرانەش

[1] المجادلة(٢١).

[2] الغافر(٥١_٥٢).

کە لەناو دەریادان لە هەموو چەشنەکانیو هاتوچۆی شەوو ڕۆژ بە دوای یەکدا بە بەردەوامیو بەبێ وەستانو ئەو هەورو بارانەی کە لە کاتی پێویستدا ڕەوانەی دەکاتو دەیبارێنێت کە خوای گەورە ناوی بردووە بە ڕۆزی. چونکە بە هۆی بارانەوە ڕۆزی پەیدا دەکات بۆ گیانەوەر لە نێوانیاندا مرۆڤ.

وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزۡقٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾ لە هاتوچۆی شەوو ڕۆژو لەو ڕۆزیەی کە خودا لەو حەوایەوە بەڕێی دەکاتو زەوی مردووی بەو هۆیەوە زیندوو کردەوەو لە هەڵکردنی بایەکان. نیشانە هەن بۆ ئەو کەسانەی کە تێدەگەن. ﴿فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا﴾ واتە: دوای ئەوەی کە ئەو زەمینە گیانی تێدا نەبوو مردبوو هیچ ڕووەكو گژوگیایەکی تێدا نەبووە زیندووی کردووەتەوە. ﴿وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ﴾ بە هۆی هەڵکردنی بایەکانەوە بەرەو باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو لە وشکانیو لەناو دەریاکانداو بە شەوو بە ڕۆژ هەندێ لەو بایانە بۆ باران بارینو هەندێکی بۆ تۆرمەکردنی درەختو گیاو گژەو هەندێکی بۆ گەشەو نماکردنی گیانەکانو هەندێکیشی بێ بەرهەم وەك لە ئەوەلەوە فەرمویەتی ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ پاشان فەرموویەتی: ﴿يُوقِنُونَ﴾ دوایش فەرموویەتی: ﴿يَعۡقِلُونَ﴾ ئەمەبەرزبوونەوەیە لە حاڵێکی چاکەوە بۆ حاڵێکی چاکتروبەرزتر لەوی تر. ئەم ئایەتانە لەو ئایەتە دەچێت کە لە سورەتی(البقرة)دا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾[1] واتە: بە ڕاستی هەیە لە دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویو جیاوازی شەوو ڕۆژ(بە کورتیو بە درێژی)و ئەو کەشتیانەی کە دێنو دەچن لە دەریادا بەو شتانە کە قازانج دەگەیەنن بە خەڵکیو ئەوەی کە خودا لە ئاسمانەوە باراندی لە ئاو(باران) پاشان زەوی پێ زیندوو کردەوە پاش مردنیو بڵاوی کردەوە تیایدا لە هەموو جۆرە زیندەوەرێك وەهەڵسوڕاندنی بایەکان(بە هەموو لایەکدا)و ئەو هەورانەی ڕام کراون لە ناوەندی ئاسمانو زەویدا ئەمانەچەند بەڵگەیەکن بۆ کەسانێك کە تێبگەن.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤۡمِنُونَ ٦ وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ ٧ يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ٨ وَإِذَا عَلِمَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا شَيۡـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ

[1] البقرة(١٦٤).

لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٩ مِّن وَرَآئِهِمۡ جَهَنَّمُۖ وَلَا يُغۡنِي عَنۡهُم مَّا كَسَبُواْ شَيۡـٔٗا وَلَا مَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَۖ وَلَهُمۡ

عَذَابٌ عَظِيمٌ ١٠ هَٰذَا هُدٗىۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٌ ١١﴾

سیفاتو نیشانەی بوختانكەرو تاوانبار

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤۡمِنُونَ﴾ ئەمانە نیشانەی خـودان كە بـۆتی دەخوێنینـەوەو هـەمووی ڕاستە دەی سا لـە پـاش باسـی خـوداو نیشانەكانی ئەو، بە كـام قـسە بڕوا دەكـەن. ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ﴾ واتـە: قورئـان كە ئـەو هـەموو بەڵگـەو ئاگاداریانـەی كـە تیایـەتی. ﴿نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّ﴾ واتـە: كـە بـۆتی دەخوێنینـەوە ڕاستـەو لـە لایـەن خوداوەیـەو كاتێـك ئـەوان بڕوایـان پـێ نـەدەكردو شـوێنی نەدەكـەوتن. باشـە دوای باسـی خـوداو نیشانەكانی بە چ قسەیەكی تر بڕوا دەكـەن؟ پاشـان خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ﴾ های لەی كەسەی بوختانكەرو تاوانبارە. واتە: هاوار بـۆ ئـەو كەسـەی درۆ هەڵدەبەستێت بـۆ خـەڵكی، كەكەسێكی درۆزن و سوێندخۆرو تاوانبارو ڕیسوایە لە كـاتی قـسەكردندا و لـەكاتی كـار و كردەوەشـدا دەروون پیسەو باوەڕی بە نیشانەكانی خودا نیە. بۆیە خوای گـەورە ئەفـەرمووێت: ﴿يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ﴾ هـەر كاتێـك نیـشانەكانی خـودای بەسـەردا دەخوێنرێتەوە، خۆی دەیبیستێ، كەچی دوایی بەهۆی لەخۆبایی بوون پێ دادەگرێتوەك ئەوەیكە هەر نەشی بیستووە. سا تۆ مزگێنـی پـێ بدە كە ئـازارێكی بـە ژانـی بـەر دەكـەوێت. ﴿يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ﴾ واتە: كاتێك قورئانی بەسەردا دەخوێنرێتەوە، ﴿ثُمَّ يُصِرُّ﴾ بەردەوامە لەسەر بێ دینی خۆیو نۆد لەخۆباییو لاسارو كەللە ڕەقە، ﴿كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا﴾ واتە: وەك ئـەوەی كە هـەر گوێی لێ نـەبووە، ﴿فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ﴾ واتە: هەواڵی بدەنێ كە لای خـودا لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئـازاری بـە ئـێشو ژانـی بـۆ ئامادە كراوە. وە دەفـەرمووێت: ﴿وَإِذَا عَلِمَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا شَيۡـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾ ئەگـەر شتێكیش لە نیشانەكانی ئێمە فێر ببێت گاڵتەی پێ دەكات. ئازارێك بەشـی ئەمانە كە تـەواو ئابڕوویـان دەبات. واتە: ئەگـەر شتێك لـە قورئـان لەبـەر بكـەنو بزانن بـاوەڕی پـێ ناكـەنو گاڵتـەی پـێ دەكـەنو پێـی پێدەكەنن، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾ واتە: لەبەر ئـەوەی كە ئـەو كەسـانە ئـا بـەو شـێوەیە گاڵتـە بـە قورئان دەكـەن. سزاو تۆڵـەیـەك بەشیانە كە بـە تـەواوی ڕیسوایان دەكـاتو ئابڕوویـان دەبات. بۆیـە موسلیم ڕیوایەتی كردووە لە كتێبە سەحیحەكەیدا لە ئیبنو عومەرەوە(ڕەزای خوایـان لێ بێـت) دەڵێت:

پێغەمبەری خودا(ﷺ) قەدەغەی(نەهی) کردووە لەو کەسەی کە دەچێتە سەر زەمینی دوژمن قورئان لەگەڵ خۆی ببات لە ترسی ئەوەی دوژمن دەستی بۆ بەرێت[1]. پاشان ئەو جەزرەبە بە ژانە کە تووشیان دەبێت باس دەکات. کاتێك زیندوو دەکرێنەوەو دەفەرموێت: ﴿مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُوا شَيْـًٔا وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَآءَ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ دۆزەخیشیان وا بە دواوە نە ئەو شتەی لە دنیادا گیریان هێنا، نە دۆستانێك(غەیری خودا) هەڵیانبژارد، بەهرەیان پێ دەگەیەنن، ئازارێکی زۆر سەختیش چاوەڕوانیانە. ﴿مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ﴾ واتە: هەر کەسێك ئەو ڕەوشتانەی هەبێت لە ڕۆژی دوایدا دەچێتە ناو جەهەنەم، ﴿وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُوا شَيْـًٔا﴾ نە ماڵو نە منداڵ ناگاتە فریای، ﴿وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَآءَ﴾ ئەو بتانەو ئەو کەسانەش کە کردبوویان بە هاوەڵی خودا هیچ سودێکیان پێ ناگەیەننو نایەن بە هانایانەوە(کە غەیری خودا پەرستوویانن)، ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ جەزرەبەی زۆر گرانیش دەدرێن. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَٰذَا هُدًى وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ ئەمە ڕێ نیشاندەرێکە ئەو کەسانەش حاشا لە نیشانەکانی پەروەردەی خۆیان دەکەن ئازارێکی زۆر دژوارو بە ژانیان هەیە. ﴿هَٰذَا هُدًى﴾ واتە: ئەم قورئانەبەرچاوڕوونییە، ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە نیشانەکانی خودای خۆیان نیە سزایەکی زۆر گرانو بەژان دەدرێن، والله أعلم.

﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١٥﴾﴾

ڕامهێنانی دەریاو ئەو شتانەش کە خودا دروستی کردووە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی خودان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ خودا ئەو خوایەیە دەریای بۆ ئێوە ڕام کرد کە لە گوێرەی فەرمانی ئەو، گەمی لەناودا بگەڕێتو بۆ چاکەی ئەو تێبکۆشن. بەشکو شوکرانەبژێر بن. خوای گەورە باسی چاکەکانی خۆی

[1] مسلم(٣/١٤٩١).

دەکات لەسەر بەندەکانی لەو شتانەی کە لە دەریادایەو دەریاشی ڕام هێناوە ﴿لِتَجۡرِيَ ٱلۡفُلۡكُ﴾ کەشتی لەناودا هاتوچۆ بکات، ﴿فِيهِ بِأَمۡرِهِۦ﴾ بە فەرمانی ئەو. چونکە خودایە کە فەرمانی داوە بە دەریا کە مەڵی بگرێت. ﴿وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی کە بەکاری بێنن بۆ بازرگانیو کارو پێویستی تر کە خودا پێی بەخشیون. ﴿وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ بەشکو لەسەر ئەو دەستکەوتانەی بە دەستی دێنن لەو کیشوەرو وڵاتە دوورانە شوکرانەبژێر بن. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾ هەرچی لەناو ئاسمانەکانو زەمینـدان، هەمووی هی ئەون، ئەو بۆ ئێوەی ڕام کردوون. کە لەمەدا نیشانە زۆرن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن. واتە: هەرچی لە ئاسمانەکانو زەمیندایە لە ئەستێرەکانو چیاو دەریاو ڕووبارەکانو هەر شتێك ئێوە بەهرەی لێ وەردەگرن. هەمووی چاکەو بەهرە بەخشیش خودایە بۆیە فەرموویەتی: ﴿جَمِيعٗا مِّنۡهُ﴾ گشت هی ئەون، شەریکی نیە لەو شتانەدا کە دروستی کردوون. وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ﴾[1] واتە: وە هەر چاکەو بەهرەیەکتان هەبێت ئەوە هەمووی لە خوداوەیە پاشان کاتێك دووچاری زیانو ناڕەحەتیەك بېن ئەوە پەناو هاوار هەر بۆ لای ئەو دەبەن. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ڕێگای عەوفیەوە لە ئیبنو عەباسەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) لەم ئایەتەدا: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُ﴾ هەموو شتێك هەر لە لای خوداوەیە،(الله) ئەم ناوە یەکێکە لە ناوەکانی خودا، هەموو هی ئەون. ئەو کەسانەی کە لە ململانێدانلەناو خۆیاندا ناتوانن بەرامبەر خودا هیچ بڵێنو هیچ بکەن باش بزانە کە هەر وایشە.[2] ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾ لەمانەشدا بەڵگە زۆرن بۆ ئەو کەسانەی کە ڕادەمێنن.

فەرمان دان بە خۆڕاگری لەسەر ئازاری بتپەرستان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَغۡفِرُواْ لِلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجۡزِيَ قَوۡمَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾ تۆ بە باوەڕداران بڵێ: با ئەو کەسانە ببەخشن کە بۆ ڕۆژەکانی خودا بە هیوا نین، تا بە هەر گرۆیەك(بەپێی کردەوەیان) پاداشت بدات. واتە: چاوپۆشیان لێ بکەنو خۆڕاگر بن لە بەرامبەر ئازارو ئەشکەنجەیان، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە تازە ئیسلام هاتبوو خوای گەورە فەرمانی پێکردن کە

---

[1] النحل(٥٣).

[2] الطبري(٢٢/٦٥).

خۆڕاگرو بە ئارام بن بەرامبەر ئێش و ئازاری خوانەناسان و ئەو کەسانەی کە خاوەن کتێبن بۆ ئەوەی کە لێیان نزیك ببنەوەو سودیان پێ بگەیەنن. بەڵام پاش ئەو هەموو لاساری و خراپەکاریەیان بەرامبەر خاوەن باوەڕان خودای مەزن فەرمانی جیهادو بەرهەڵستی کردنی بتپەرست و خوانەناسانی دا. هەر بەم شێوەیە ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەباس و قەتادەوە.[1] موجاهید دەڵێت: ﴿لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ﴾ بەهرەی خودا وەدەست ناهێنن.[2] دە فەرمووێت: ﴿لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ واتە: کاتێك ئەوان لە دنیادا چاوپۆشیان لە خوانەناسان کرد. خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا هەقیان لێ دەسێنێت بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەیانەوە کە کردوویانە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ هەر کەسێك کارێکی باش دەکات، بۆ خۆیەتی، هەر کەسیش خراپە دەکات، دژی خۆی کردوویەتی، پاشان ئێوە هەر بۆ لای پەروەردگارتان دەبرێنەوە. واتە: دەچنەوە لای خودای مەزن کردەوەکانتان پیشانی خودا دەدرێت و پاداشتتان دەدرێتەوە چاکە بە چاکەو خراپەش بە سزادان و تۆڵە لێ سەندن. والله أعلم.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ وَءَاتَيْنَٰهُم بَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ ۖ فَمَا ٱخْتَلَفُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۖ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٢٠﴾﴾

ڕێزلێنانی خودا لە نەوەی ئیسرائیل و کێشە پەیدابوون لە نێوانیاندا پاش ئەوە

خوای گەورە باسی ئەو چاکانە دەکات کە کردی لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل لەناردنی کتێب بۆیان و ڕەوانەکردنی پێغەمبەران لە ناویانداو کردیە فەرمانڕەوا لەناویاندا بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئێمە کتێب و کارزانی و پلەی پێغەمبەرایەتیمان دا بە تۆرمەی ئیسرائیل، بژێوی چاك و چاکیشمان پێ گەیاندن. لە چاو هەموو خەڵکی دنیاش سەرمان خستن. ﴿وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ لە دنیاشدا ڕێزمان دان

[1] الطبري(٢٢/٦٦/٦٧).

[2] الطبري(٢٢/٦٧).

بەسەر خەڵکی ئەو زەمانەشدا ، وە دەفەرموویّت: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُم بَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَمَا ٱخْتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾ سەبارەت بە دینەکەشیان زۆر نیشانەی دیاری دەرمان پیّ سپاردن لەناو خۆشیان گرفتاری کیّشە نەبوون. مەگین کاتیّك کە لەم دینە ئاگادار بوون، ئەویش هەر لەبەر ئێریەی نێوان خۆیان. پەروەرندەت ڕۆژی قیامەت بەو کارانەیاندا ڕادەگات. کە لەسەری پیّك نەهاتوون. واتە: بەڵگەو نیشانەی تەواومان بۆ ناردن، کاتیّك ئاگاداری ئەو بەڵگەو نیشانانە بوون لە نێوان خۆیاندا ناکۆك بوون لەبەر حەسودی بەیەك بردن، ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ ئەی موحەممەد پەروەرندەی تۆ، ﴿يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودا هەموو ئەو ناکۆکیەیان بۆ شی دەکاتەوەو بە بڕیاری دادپەروەری خۆی.

ترساندنی ئەم ئوممەتە ئەگەر لەسەر ڕێ‌و ڕچەی تۆرمەی ئیسرائیل بڕۆن بەڕێوە

خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ دواجار تۆمان خستە سەر ڕێگەو شویّنیّك لەم ئاینە، شویّنی بکەوەو شویّنی ئارەزووی ئەو نەزانانە مەکەوە. ئەمە هەڕەشەو ترساندنی تیایە بۆ ئەم ئوممەتە کە شویّنی جولەکەو ڕێبازی جولەکە بکەون‌و لێی نزیك ببنەوە بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا﴾ واتە: شویّنی ئەو فەرمانە بکەوە کە لە لایەن خوداوە بۆت هاتووە کە خودا تەنهایەو هاوەڵی نیەو پشت بکەرە ئەو کەسانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن. وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُواْ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ ئەوان ناتوانن لە خودات بیّ نیاز بکەن، ناهەقان دۆستی یەکترن. خوداش دۆستی خۆپارێزانە. واتە: شویّنی هەواو ئارەزووی ئەوانە مەکەوە. چ بەهرەو قازانجیّکیان وەدەست هیّناوە بۆ یەکتری جگە لە ماڵ ویّرانی‌و زەرەرو زیان‌و لەناوچوون. ﴿وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ هەر خودا دۆستی خۆپارێزانە کە لە تاریکی دەری هیّناون بەرەو ڕووناکی. دۆستی خوانەناسانیش تاغوتە لە ڕۆشنایی دەریان دەخەن بەرەو ڕووی تاریکستانیان بەڕیّ دەکەن. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ ئەم قورئانە سۆمای چاوە بۆ مەردم‌و بەزەیی‌و ڕیّ نیشاندەرە بۆ ئەوانەی لە بڕوادا بیّگومانن.

﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾﴾

مردن و ژیانی خاوەن باوەڕو خوانەناسان وەك یەك نیە

ئەو كەسانەی خواناسن لەگەڵ ئەوانەی كە خوانەناسن وەك یەك نین وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَا يَسْتَوِىٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۚ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾[1] واتە: دۆزەخیەكانو بەهەشتیەكان وەك یەك نین بەهەشتیەكان ڕزگارو سەركەوتوون. خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ ئاخۆ ئەوانەی بەدكارن، وا دەزانن ئێمە لە ژیانو مەرگیاندا وەك ئەوانەیان دادەنێین كە بوونە خاوەن باوەڕو ئاكار چاك بوون، زۆر خراپ تێگەیشتوون. ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ واتە: ئاخۆ ئەوانەی كاری خراپیان كردووە، ﴿أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ﴾ وا تێدەگەن كە لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەوانەی كە خاوەن باوەڕ بوون وەك یەك سەیریان دەكەین! ﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ واتە: بە ڕاستی خراپ لە ئێمەو دادپەروەری ئێمە تێگەیشتوون كە وا دەزانن جیاوازی ناكەین لە نێوان پیاوچاكو بەدكاردا لەم ژیانی دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا. تەبەرانی ڕیوایەتی كردووە لە مەسروقەوە كە تەمیمی داری شەوێك هەڵسا هەتا بەیانی ئەم ئایەتەی دەوتەوە: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾[2].

بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ خوا بە ڕاستی ئەم ئاسمانانەو زەمینی وەدی هێنا، تا هەر كەسێك چی كردووە، پاداشتی وەرگرێتەوەو ناهەقیشیان لێ ناكرێت. ﴿وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: خودا ئەم ئاسمانانو زەمینەی بە ڕاستی دروست

[1] الحشر(٢٠).

[2] الطبري(٢/٥٠).

کـردووه. ﴿وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۢ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾ هـەتا هـەر کەسێك چـی کـردووه پاداشتەکەی وەربگرێتەوەو ستەمیشیان لێ ناکرێت. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةٗ فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ئاخۆ تۆ ئەو کەسەت دیوه که ئارەزووی خۆی دەپەرست؟ خـودا(کـه ئاگـای لێ بـوو) ڕێـی لێ گۆڕی و گوێچکەو دڵیشی مۆر کردو لێڵایی خسته سەر چاوی. سا کێ هەیه له پاش خـودا، ڕێـی نیـشان بدات؟ دەی بۆچی بیر ناکەنەوه؟ واته: ئارەزووی خـۆی کـردووه بـه خـوای خـۆی، هەرچـی ئـارەزووی حەزی لێ بکات و به چـاکی بزانێـت وا دەکـات و هەرچـیش ئـارەزووی حـەزی لێ نـەکات وازی لێ دێنێـت، ﴿وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ﴾ خودایش ڕێگای لێ گۆڕی چونکه دەزانێت ئەو کەسە شایەنی ئەوەیه. یـان ڕێـی لێ دەگۆڕێت پاش ئەوەی که ئاگادار کراو بەڵگەی تـەواوی بـۆ ڕوون کرایـەوه. واتـه: هـەتا خـوای گـەوره خـەڵکی ئاگـادار نـەکات ڕێـی لێ ناگۆڕێـت، ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةٗ﴾ واتـه: مـۆر دەنێت بەسەر گوێ و دڵیداو چاوی کوێر دەکات هیچ شتێك نابیستێ که سوودی لێ وەربگرێت و لـه هـیچ شتێك تێناگات تا ڕێی پێ دەرکات و هیچ نیشانه و ڕووناکیەك وەدی ناکات تا لەسەری بڕوات بۆیه خوای گەوره فەرموویەتی: ﴿فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ واته: هیچ کەسێك لـه پـاش خـودا نیه ڕێـی نیشان بدات وەك ئەم ئایەتـه کـه خـوای گـەوره دەفـەرموێت: ﴿مَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُۥۚ وَيَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ﴾[1] واته: هەر کەس خوا گومڕای بکات(به تاوانی کردەوەی خراپی) ئەوه هـیچ ڕێبـەرێکی بۆ نیه(خودا) وازیان لێ دێنێت له گومڕایی و یاخی بوونی خۆیاندا گێژ بخۆن.

﴿وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱئۡتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُحۡيِيكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يَجۡمَعُكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾﴾

بیروبڕوای خوانەناس و بڕوپیانووهێنانەوەو وڵامدانەوەیان

خوای گـەوره باسـی قـسەی سروشـت پـەرستەکان دەکـات لـه خوانەناسـان و ئـەو عەرەبانـەش کـه هاوڕابوون لەگەڵیان له موشریکەکان که باوەڕیان نەبوو بـه زیندووبوونـەوه دەفـەرموێت: ﴿وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ هەر وا وتیان: بێجگه له

[1] الاعراف(١٨٦).

ژیانی دنیامان چیتر نیە، هەر دەمرین‌و دەژینەوەو هەر سروشت دەمان مرێنێت. هیچ شتێك لەمەش نازانن، هەر لە خۆوە گومان دەبەن. ﴿وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا﴾ واتە: ئەو سروشت پەرستانە دەڵێن: ژیانێکی تر نیە جگە لەم ژیانی دنیایە کۆمەڵێك دەمرێت‌و کۆمەڵێکی تر لە جێیان دەژی نە زیندووبوونەوە هەیەو نە ڕۆژی قیامەت. ئەم قسەیە بتپەرستانی عەرەبیش هەر وتوویانە، ئەوانەی کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوەو ڕۆژی دوایی نەبووەو هەندێ لە فەیلەسوفە ئیلاهیەکانیش هەمان قسەیان دەکرد کە باوەڕیان بە وەدیهێنانی یەکەمجارو جارێکی تر گەڕانەوەو زیندووبوونەوە نەبوو. هەروەها ئەو فەیلەسوفانەی کە باوەڕیان بە سروشت‌و سوڕانەوەی گەردوون هەبوو، باوەڕیان بە وەدیهێنەری ئەم بوونەوەرە نەبوو، بڕوایان وابوو کە هەر سی‌و شەش هەزار(٣٦٠٠٠) ساڵی جارێك هەموو شتێك چۆن بووە وەك خۆی لێ دێتەوە، وایان دەزانی کە ئەم ڕووداوە چەند جار دووبارە بووەتەوەو هەتا هەتایشە هەر وا دەبێت. دژایەتی ژیرییان دەکردو باوەڕیشیان بە کتێبە ئاسمانیەکان نەدەکرد، بۆیە دەیانوت وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ﴾ واتە: هەر سروشت دەمانمرێنێت. خوای گەورەیش دەفەرمووێت: ﴿وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ واتە: لەم بارەیەوە هیچ شتێك نازانن بەڵکو هەر لە خۆیانەوە قسە دەکەن. بەڵام ئەو فەرموودەی کە بوخاری‌و موسلیم‌و ئەبو داودو نەسائی ڕیوایەتیان کردووە لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(خوای گەورە فەرموویەتی نەوەکانی ئادەم ئازارم دەدەن قسە دەڵێن بە سروشت(الدهر) من خۆم سروشتم، فەرمان بە دەستی خۆمە شەوو ڕۆژ هەڵدەسوڕێنم)[1]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە:(قسە مەڵێن بە(الدهر) چونکە خوا خۆی دەهرە).[2] شافعی‌و ئەبو عوبەیدەو کەسانێ تریش لە پێشەوایان وتوویانە لە مانای ئەم فەرموودەیەدا:(قسە مەڵێن بە(الدهر) چونکە خوا خۆی دەهرە)، عەرەبەکان لە کاتی نەفامیدا ئەگەر تووشی ناڕەحەتیەك ببوونایە یان بەڵاو گرفتێك بەسەریاندا بهاتایە دەیانوت ئەی زەمانە(الدهر) تۆ بەسەرت هێناین. ئەو شتانەیان دەخستە سەر سروشت(الدهر)و قسەیان پێ دەوت. کەچی ئەو شتانە هەموو بە دەستی خودایەو وەك ئەوەیە کە قسە بە خودا بڵێن. چونکە لە ڕاستیدا خودا ئەو شتانە دەکات. بۆیە نەهی کراوە کە قسە بە(الدهر) بوترێت بەو شێوەیە چونکە خوا خۆی ئەو دەهرەیە کە ئەوان مەبەستیانەو ئەو شتانە دەخەنە سەری. ئەمە چاکترین تەفسیرە بۆ(الدهر) کە کراوەو مەبەستیش هەر ئەمەیە والله أعلم. ئیبنو حەزم‌و ئەوانەی کە هاوڕای ئەون لە زاهیرەکان بە هەڵەداچوون کە(الدهر)یان بە یەکێك لە ناوەکانی خودا داناوە، بە پشت بەستن

---

[1] فتح الباري(٨/٤٣٧)، مسلم(٤/١٧٦٢)، ابو داود(٥/٤٢٣)، النسائي في الكبرى(٦/٤٥٧).

[2] مسلم(٤/١٧٦٣).

بەم فەرموودەیە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا ٱئْتُوا بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ هەر کاتێکیش نیشانە ئاشکراکانی ئێمەیان بۆ دەخوێننەوە بروبیانوو دەهێننەوەو دەڵێن: ئەگەر قسەتان ڕاستە بابو باپیرانمان بۆ بێننەوە. ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾ واتە: کاتێك بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوەو ڕاستیان بۆ ڕوون بکرێتەوە کە خوای گەورە توانای هەیە کە لەشە ڕزاوەکان پاش ئەوەی کە لەناو دەچنو نامێنن جارێکی تر دروستیان بکاتەوە، ﴿مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا ٱئْتُوا بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ بروبیانوو دێننەوەو دەڵێن بابو باپیرانمان بۆ بێننەوە ئەگەر ڕاست دەڵێن. خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بڵێ: خودا ژیانتان پێ دەداتو لە پاشان دەتانمرێنێتو پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا (کە بێگومان هەر دادێ) هەمووتان کۆدەکاتەوە. بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە ئاگای لێ نیە. ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ﴾ بڵێ: خودا دەتانژێنێت و پاشان دەتانمرێنێت وەك بە چاوی خۆتان دەیبینن لە نەبوونەوە دەتانهێنێتە بوون وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾[1] واتە: چۆن بێباوەڕ دەبن بە خودا!؟ لە کاتێکدا کە ئێوە بێ گیان بوونو گیانی بەبەردا کردن لە پاشان دەتانمرێنێت دوای ئەوە زیندووتان دەکاتەوە. واتە: ئەو کەسەی کە توانای وەدیهێنانی هەبێت چاکترو باشتر دەتوانێت جارێکی تر دروستی بکاتەوە، ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾[2] واتە: ئەو(خوا) زاتێکە بەدیهێنانی دەست پێکردووە لە پاشان(دوای مردنی) دووبارە دروستی دەکاتەوە. ﴿ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هەمووتان کۆدەکاتەوە نەك لەدونیادا هەتا بڵێن، ﴿ٱئْتُوا بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾. وەك خودا دەفەرمووێت: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِ﴾[3] واتە: (پاداشتتان دەداتەوە) لە ڕۆژێکدا کە کۆتان دەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆکردنەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿لِأَىِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ ﴿١٢﴾ لِيَوْمِ ٱلْفَصْلِ﴾[4] واتە: بۆ چ ڕۆژێك دواخراوە؟ بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ

---

[1] البقرة(٢٨).

[2] الروم(٢٧).

[3] التغابن(٩).

[4] المرسلات(١٢-١٣).

إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ﴾[1] واتە: وەئێمەدوای ناخەین مەگەر بۆ کاتێکی دیارو بەرچاو. لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومانی تیدا نیە. ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واتە: زۆربەی ئەم خەڵکە ئاگای لێ نیە بۆیە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نیەو بە دووری دەزانن. ﴿إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا ۝٦ وَنَرَاهُ قَرِيبًا﴾[2] واتە: بەڕاستی ئەو بێباوەڕانە ئەو ڕۆژە بە دوور دەبینن، ئێمەش زۆر بە نزیکی دەبینین. واتە: خوانەناسان بەدووری دەزانن بەڵام خاوەنباوەڕان زۆر بە ئاسان‌و نزیکی دەزانن.

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ ۝٢٧ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰ إِلَىٰ كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٢٨ هَٰذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٢٩﴾

هەندێ لە ڕووداوە زۆر گران‌و ترسێنەرەکانی ڕۆژی قیامەت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ﴾ دەسەڵاتی ئەم ئاسمانان‌و زەمینە هەر بۆ خودایە، ڕۆژێ کە قیامەت ڕادەبێت، ئەم تەرزە هەرزە وێژانە زەرەر دەکەن. خوای گەورە باسی خۆی دەکات کە هەر ئەو خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەمینەو فەرمانڕەوایەتی لە دنیاش‌و لە قیامەتیشدا. بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ﴾ واتە: کاتێك کە قیامەت هەڵدەسێت هەر ئەو نەزاندوانەی کە خوانەناسن‌و باوەڕیان بەو کتێب‌و نیشانە ئاشکراو ڕوونانە نیە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرانی خودا زەرەرمەندن. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰ إِلَىٰ كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ دەشبینی هەموو تیرەیەك بەڕیز بەسەر چۆکدا هاتووە، هەر تیرەیەکیش بانگ دەکرێت، بۆ دیتنی کردەوەکەی خۆی. ئەوا ئەمڕۆ پاداشتی کردەوەکانتان دەدرێتەوە، ﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً﴾ واتە: هەموو دەستەیەك دەبینی بەسەر چۆکدا(ئەژنۆ) کەوتوون لە گرانی‌و سامناکی ئەو ڕۆژە. وتراوە: کاتێك کە جەهەنەم دەهێنرێت‌و هەناسەیەك دەدات هیچ کەس نیە خۆی بۆ ڕاگیرێت هەموو بەسەر چۆکدا دەکەوێت. هەتا ئیبراهیمی خەلیلیش(سەلامی خوای لێ بێت) کە لەو کاتەدا دەڵێت: ئەی خودایە خۆم خۆم خۆم جگە لە خۆم ئەمڕۆ داوای هیچی ترت لێ ناکەم. وە عیسای کوڕی مەریەمیش(سەلامی خوای لێ بێت) دەڵێت: جگە لە خۆم ئەی خودا ئەمڕۆ داوای هیچت لێ ناکەم. داوات لێ ناکەم بۆ مەریەم کە منی بووە. خوای

---

[1] هود(١٠٤).

[2] المعارج(٦ـ٧).

گەورە دەفەرمووێت: ﴿كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا﴾ واتە: بۆ سەیرکردنی نامەکانیان کە چی تێدا نووسراوەو چیان کردووە. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّۦنَ وَٱلشُّهَدَآءِ﴾[1] واتە: وە نامەی کردەوە لەبەردەمیان دادەنرێتو زەوی لەو ڕۆژەدا بە نووری پەروەردگاری ڕووناك دەبێتەوە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەوا ئەمڕۆ پاداشتی کردەوەکانتان دەدرێتەوە چاکە بە چاکەو تاوانو خراپەش بەسزای سەختو گران. وەك خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴿١٣﴾ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ﴾[2] واتە: لەوڕۆژەدا ئادەمی هەواڵی پێ دەدرێت لەوەی کە پێشی خستووەو دوای خستووە(لە چاکەو خراپە)، بەڵکو ئادەمی ئاگادارە بە حاڵی خۆی، با بروبیانووی زۆریش بێنێتەوە. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ئەمە کتێبی ئێمەیە کە بە ڕاستی لەسەر ئێوە دەدوێت، هەرچی کردەوەی ئێوەش بوو، ئێمە هەموومان دەنووسی. ﴿هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ﴾ واتە: ئەمە کتێبی ئێمەیە بە ڕاستی باسی ئێوە دەکاتو هەموو کردەوەکانتان ئامادە کراوە بەبێ کەمو زیاد. وەك خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾[3] واتە: نامەی کردەوەکان دابەش دەکرێت(دەدرێتە دەستی ڕاستی چاکانو دەستی چەپی تاوانباران) ئینجا تاوانباران دەبینی زۆر دەترسن لەو(هەموو تاوانو خراپە)ی کە تێیدایەو دەڵێن ئای هاوار بۆ ئێمە ئەم نامەو دەفتەرە چیە؟ هیچ کردەوەیەکی بچووكو گەورەی بەجێ نەهێشتووەو تۆماری کردووە هەر کردەوەیەکیان کردبێت(تیایدا) ئامادەیەو پەروەردگارت ستەم لە کەس ناکات. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ واتە: ئێمە فەرمانمان داوە بەو فریشتانەی کە چاودێرن بەسەرتانەوە کردەوەکانتان بنوسن. ئیبنو عەباسو کەسانی تریش وتوویانە: فریشتەکان کردەوەی هەموو بەندەکانی خودا دەنووسنو بەرزی دەکەنەوە بەرەو ئاسمان پاشان ئەو فریشتانەی کە لە بارەگای کردەوەکانن. ئەوەی کە فریشتەکان هێناویانە بەراوردی دەکەن لەگەڵ ئەوەی کە لە(لوح المحفوظ) دایە خوای گەورە بڕیاری داوەو نووسیویەتی لەسەر بەندەکانی پێش دروست کردنیان

---

[1] الزمر(٦٩).

[2] القیامة(١٣ـ١٥).

[3] الکهف(٤٩).

نە پتێکی لێ زیاد دەکرێتو نە لێشی کەم دەکرێت. پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾.

﴿فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ ﴿٣٠﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا
أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَاسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا
نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ
يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٣٣﴾ وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ ﴿٣٤﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ
اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٣٥﴾ فَلِلَّهِ الْحَمْدُ رَبِّ السَّمَاوَاتِ
وَرَبِّ الْأَرْضِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٣٦﴾ وَلَهُ الْكِبْرِيَاءُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٣٧﴾﴾

خوای گەورە باسی بڕیاری خۆی دەکات بەسەر خەڵکیدا لە ڕۆژی قیامەتداو دەفەرمووێت: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴾ سا ئەوانەی بە باوەڕو ئاکار چاك بوون، پەروەرینیان دەیانخاتە بەر بەزەیی، کە ئەمە بەختەوەریەکی زۆر گرینگە. واتە: ئەوانەی خاوەن باوەڕن بە دڵو بە ئەندامەکانی لەشیان ئاکاری چاك دەکەن تەنها لەبەر ڕەزامەندی خواو لە شەرع لانادەن، ﴿فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ﴾ دەیانخاتە بەر بەزەیی خۆی کە بەهەشتە وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرمووێت بە بەهەشت تۆڕەحمەتی منی، بەتۆڕەم دەکەم بەهەرکەسێك مەیلم لێ بێت.[1] ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴾ ئا ئەوەیە سەرکەوتنی دیارو ئاشکرا. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَاسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ بەڵام خوانەناسەکان(پێیان دەوترێت) ئاخۆ نیشانەکانی منتان بۆ نەخوێنرایەوە کە خۆتان بە زل دەزانیو کۆمەڵێکی تاوانبار بوون؟ واتە: خوانەناسەکان پێیان دەوترێت ئایا بەڵگەکانی منتان بەسەردا نەخوێنرایەوە؟ ئەمە بۆ سەرزەنشتکردنو لوت شکاندنە، خۆتان بە زل دەزانیو شوێنی نەدەکەوتنو گوێتان بۆ نەدەگرت. ﴿وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ ئێوە گرۆیەکی تاوانکار نەبوون بە کردارو دڵیشتان پەنگی خواردبووەوەلە بێ دینیدا. ﴿وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾ هەر کاتێکیش وترا کە بەڵێنی خودا ڕاستەو قیامەت دێتو

---

[1] فتح الباري(٨/٤٦٠).

هیچ گومانی تێدا نیە. ئێوە وتتان: هەر نازانین قیامەت چیە؟ لامان خەیاڵێکی خاوەو دڵمان بڕوای پێ نیە. ﴿وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا﴾ واتە: کاتێك خاوەن باوەڕەکان پێیان بڵێن: کە بەڵێنی خودا ڕاستەو ڕۆژی دوایی دێت، ﴿قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ﴾ ئێوە وتتان: نازانین قیامەتیش چیە؟ ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا﴾ گومانمان هەیەو خەیاڵە بە لامانەوە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾ واتە: بە ڕاستی نازانین‌و دڵمان ئاو ناخواتەوە. خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ هەر کارێکی خراپیان لە دەست هاتبوو، ئاشکرا نیشانیان دراو ئەو شتانەش گاڵتەیان پێ دەکرد دەوری لێیان دا. ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا﴾ واتە: تۆڵەی کردەوە خراپەکانی خۆیان بۆ دەرکەوت، ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ واتە: دەوری لێدان، ﴿مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ واتە: ئەو سزاو جەزرەبەیەی کە بە گاڵتەیان دەزانی. وە دەفەرموێت: ﴿وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾ پێیان وترا ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین، هەر وەك ئێوە تووش هاتنی ئەمڕۆتان نەدەهاتەبیر. جێتان لەناو ئاگردایە، هیچ کەسیش یارمەتیتان ناکات. ﴿وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ﴾ واتە: پێیان وترا: ئێمە مامەڵەی خەڵکێکی لەبیرچووتان لەگەڵ دەکەین لەناو ئاگری جەهەنەمدا، ﴿كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾ واتە: هەروەك چۆن ئێوە ئەمڕۆتان لەبیرچووبوو. چونکە ئێوە بڕواتان پێی نەبوو. ﴿وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾ جێتان ئاگری جەهەنەمەو کەسیش نایەت بە هاوارتانەوە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت بە هەندێ لە بەندەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا: ئایا هاوسەرم پێ نەدایت؟ ئایا ڕێزم لێ نەگرتی؟ ئایا وڵاغی سواری‌و(ماین‌و ئەسپ)و وشترم بۆ ڕام نەهێناوی بەکاریان بهێنی‌و سودیان لێ وەربگریت؟ دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەردگارم، دەفەرموێت: ئایا دەتزانی دێیتەلام؟ دەڵێت: نەخێر. خوای گەورە دەفەرموێت: ئەمڕۆ منیش تۆ لەبیر دەبەمەوە وەك چۆن تۆ منت نەدەهاتە بیر.[1] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ۚ فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ چونکە ئێوە نیشانەکانی ئێمەتان کردبووە جێ گەمەی خۆتان. ژینی دنیا ئێوە هەڵخەڵەتاندبوو ئیتر ئەمڕۆ لە ئاگر دەریان ناخەن‌و ڕێگە نیە داوای لێبووردنیش بکەن. ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا﴾ بۆیە ئێمە بەم شێوەیە تۆڵەتان لێ

[1] مسلم(٤/٢٢٧٩).

دەسێنین چونکە ئێوە گاڵتەجاڕیتان لێ دەهات بەو نیشانانەی ئێمە پێدەکەنین. ﴿وَغَرَّتْكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ هەڵخەڵەتان بە ژیانی دنیاو پاڵتان لێ دایەوە تیایدا، تا ئا بەم ئێوەیە ڕەنجەڕۆ بوون. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا﴾ لە ئاگر ناچنە دەرەوە. ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ هیچ بڕوبیانوویەکتان لێ وەرناگیرێت بەڵکو بەبەردەوامی جەزرەبە دەدرێن. وەك چۆن دەستەیەك لە خاوەن باوەڕان دەچنە بەهەشت بەبێ حیساب‌و جەزرەبەدان. دوای ئەوەی کە خوای گەورە باسی بڕیاری خۆی کرد بەسەر خاوەن باوەڕان‌و خوانەناساندا دەفەرموێت: ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ واتە: سا سوپاس هەر بۆ خودایە، ڕاهێنەری ئاسمانەکان‌و زەمین‌و هەموو خەڵکی جیهانیشە. ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: سوپاس بۆ خودا کە خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەمین‌و ئەوەیش کە تێیاندایە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ﴾ واتە: خەڵکی جیهانیشە. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ لە ئاسمانان‌و زەمینیش، شکۆو گەورەیی بۆ ئەوەو هەر خۆی خاوەن دەسەڵاتی لەکارزانە. ﴿وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ موجاهید دەڵێت: لە ئاسمانان‌و لە زەمین هەر خۆی خاوەن شکۆو دەسەڵاتی بێ پایانە کە هەموو شتی پێیەتی‌و ملکەچی ئەوە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە:(خوای گەورە دەفەرموێت: خاوەن شکۆیی پۆشاکی منە گەورەیش هەر جلوبەرگی خۆمە، هەر کەسێك ململانێم لەگەڵ بکات تێیاندا لە ئاگری خۆمدا دامناوە).[1] موسلیمیش بە هەمان شێوە ڕیوایەتی کردووە.[2] وە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ﴾ کەس دەرەقەتی نایەت‌و ڕێی لێ ناگرێت. ﴿ٱلْحَكِيمُ﴾ واتە: لە کارزانە لە گفتارو لە کردارو لە بەرنامەو بڕیارو پیرۆزەو هیچ خودایەك نیە تەنها ئەو نەبێت.

---

[1] ابو داود(٤/٣٥٠)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم(٤/٢٠٢٣).

پێــرســت